2015

# ئامارنامە – وەشانی 1

## تایبەتە بە لیستی ئەو ئامار و ڕاپرسییانەی کە ماڵپەڕی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە.

ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان، بەیارمەتیی کوردیپێدیا

ڕێکخراوی کوردیپێدیا
http://www.kurdipedia.org
09-09-2015

# چەند وتەیەک

ئەمەی بەردەستتان، لیستەیەکی ڕێکخراوی تایبەتە بە لیستی ئەو ئامار و ڕاپرسییانەی کە ماڵپەڕی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە..
لەم لیستەیەدا ڕەچاوی ڕیزبەندیی ئەلفوبێی ناوەکان کراوە، پاشان زمان و شێوەزمانەکان.
تۆمارەکان بەپێی توانا و دەستکەوتنی زانیاری، پێناسیان نووسراوە، وێنە ئەگەر دەستمان کەوتبێت خراوەتە پاڵ تۆمارەکەیەوە. هەروەها هەر مێتاداتایەکی تری پێویستیش وەک پاشکۆ لەگەڵ تۆمارەکاندا دانراون.
لەگەڵ هەر تۆمارێک لینکێک هەیە، ئەو لینکە گریدراوە بە تۆمارەکەوە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا، بابەتەکان هەندێکجار گۆڕانکارییان بەسەردادێت و باشتر دەکرێن، مێتاداتا و وێنەیان دەخریتەسەر، بۆ ئەوەی لە دوا ڤێرشنی ئەو تۆمارە ئاگاداربیت، کلیک لە بابەتەکە بکە و لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا بیکەرەوە.
لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، وێنەی کویک ریسپۆنس هەیە، یەم وێنەیە کە سکێن دکرێت، یەکسەر دەتباتە سەر بابەتەکە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا.
هەندێک بابەت پەیوەستکراوە بە بابەتی ترەوە، بۆ نموونە نووسەر بە پەڕتووکەکانییەوە، یان هەندێک بابەت فایلی پەیوەندیداری لەگەڵە، ئەوانە لێرەدە پیشان نەدراون و بۆ بینینیان دەبێت لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا سەیریان بکەیت.

تێبینی: وەشانی یەکەمی ئەم کوردیپێدیانامانە، تاقیکردنەوەن!
ئەم پەڕتووکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەریی تایبەت بە دەزگای کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
بەهیوای ئەوەی ئەم لیستەیە زۆرتر و پاکژتری بکەین و بەزووترین کات وەشانێکی تر بخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز..

ڕێکخراوی کوردیپێدیا
http://www.kurdipedia.org
http://www.kurdipedia.info
contact@kurdipedia.org
09-09-2015

## لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردیپێدیا

| ناوی پەڕتووک | ژمارەی وەشان | ژمارەی لاپەڕە - A4 | ژمارەی تۆمار | ڕۆژی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 325 | 719 | 08-09-2015 |
| پەڕتووکنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 5207 | 11223 | 08-09-2015 |
| گەپنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 190 | 476 | 07-09-2015 |
| ناونامە - وەشانی 2ەم | 2 | 1347 | 4294 | 07-09-2015 |
| پەندنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 1579 | 5613 | 07-09-2015 |
| زیندانینامە - وەشانی 2ەم | 2 | 2849 | 7015 | 07-09-2015 |
| پاسۆکنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 89 | 117 | 18-03-2015 |
| داعشنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 58 | 92 | 14-03-2015 |
| کۆبانێنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 136 | 191 | 01-02-2015 |
| شوێنەوارنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 135 | 226 | 24-01-2015 |
| شوێننامە - وەشانی 2ەم | 2 | 1347 | 2957 | 22-01-2015 |
| پێشمەرگەنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 353 | 536 | 21-01-2015 |
| وەرزشنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 75 | 113 | 19-01-2015 |
| جاشنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 140 | 287 | 18-01-2015 |
| ژنکوژینامە - وەشانی 2ەم | 2 | 30 | 41 | 18-01-2015 |
| ڕێکخراونامە - وەشانی 2ەم | 2 | 510 | 960 | 16-01-2015 |
| هاوڕێنامە - وەشانی 4ەم | 4 | 1859 | 5035 | 15-01-2015 |
| براکوژینامە - وەشانی 2ەم | 2 | 172 | 285 | 11-01-2015 |
| ئەنفالنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 165 | 359 | 10-01-2015 |
| شەهیدنامە - وەشانی 2ەم | 2 | 3935 | 7345 | 04-01-2015 |
| 2014نامە - وەشانی 1 | 1 | 166 | 344 | 01-01-2015 |
| کۆبانێنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 118 | 130 | 23-11-2014 |
| گەپنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 236 | 428 | 23-11-2014 |
| داعشنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 26 | 27 | 16-11-2014 |
| پێشمەرگەنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 403 | 514 | 10-06-2014 |
| هاوڕێنامە - وەشانی 3ەم | 3 | 1653 | 4811 | 03-06-2014 |
| وێنەنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 722 | 1419 | 03-06-2014 |
| وەرزشنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 78 | 101 | 02-06-2014 |
| چالاکوانینامە - وەشانی 1ەم | 1 | 1284 | 1778 | 02-06-2014 |
| هونەرنامە - وەشانی 1ەم | 1 | 1204 | 1695 | 01-06-2014 |
| ژنکوژینامە - وەشانی 1ەم | 1 | 31 | 33 | 01-06-2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 01-06-2014 | 282 | 219 | 1 | پراکوژینامە - وەشانی 1ەم |
| 01-06-2014 | 3172 | 1812 | 1 | زیندانینامە - وەشانی 1ەم |
| 01-06-2014 | 3259 | 1238 | 1 | ناونامە - وەشانی 1ەم |
| 31-05-2014 | 937 | 546 | 1 | ڕێکخراونامە - وەشانی 1ەم |
| 31-05-2014 | 171 | 100 | 1 | شوێنەوارنامە - وەشانی 1ەم |
| 31-05-2014 | 2887 | 1396 | 1 | شوێننامە - وەشانی 1ەم |
| 31-05-2014 | 756 | 435 | 1 | بڵاوکراوەنامە - وەشانی 1ەم |
| 31-05-2014 | 404 | 110 | 1 | پەندنامە - وەشانی 1ەم |
| 30-05-2014 | 285 | 163 | 1 | جاشنامە - وەشانی 1ەم |
| 28-05-2014 | 3289 | 2291 | 1 | نووسەرنامە - وەشانی 1ەم |
| 28-05-2014 | 358 | 188 | 1 | ئەنفالنامە - وەشانی 1ەم |
| 27-05-2014 | 6140 | 2753 | 1 | شەهیدنامە - وەشانی 1ەم |
| 25-05-2014 | 12747 | 3562 | 1 | پەرتووکنامە - وەشانی 1ەم |

# دەربارەی کوردیپێدیا

کوردیپێدیا، پرۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟! و چی، چییە؟...!

کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات.

سەرچاوەکانی کوردیپێدیا بریتییە لە:

ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چڕوپڕیدەکاتەوە و هەندێکجاریش هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دروست تۆماریدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا تۆماردەکرێت.
ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆماندەنێرن و لەڕێی فۆرمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەر کەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا بێت با ئاگادارمانبکاتەوە.
ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.
ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەیدەکات و چڕوپڕیدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.
ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بەمەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، ڕێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.
تەواوی بابەتەکانی پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو لە داتابەیسی هاوڕێنامەوە وەرگیراوە، پڕوانە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999 .

هەر تۆمارێک بێتە نێو کوریدپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێڕوانینەوە هەندێکجار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییەکی ناکوردە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.

کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پرۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە.

تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا بێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەربگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارناهێنێت.

کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دروست، تکایە لە هەڵە و کەموکورتییەکانمان ببوورن.
هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەیی و ناوی کوردپێدیای لەسەر بنووسرێت.

ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت C# - و SQL و لە هەندێک لاپەڕەشدا بە گووگڵ API ئامادەکراوە کە بەشێکی زۆر کەمی Adobe Flash Player بەکاردێنێت. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکو پارێزراوبن لەهەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بەبێ کێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد)ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی ١١-١١-٢٠١٣ بووە ڕێکراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.
بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بکەینە پرزانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کورد!
لەگەڵ ڕێزی هاوکارانی کوردیپێدیا:

**مانو بەرزنجی، کەژاڵ هەڵەدنی، ڕۆژهات سەعید، هەڤاڵ نەژاد، شکۆ حەمەد شێخانی، هاوبیر قادر ڕەسوڵ، بەختیار شەمەیی، سەریاس ئەحمەد، داناز عەبدولڕەحمان بابان، ڕێناس نەورۆزی، ڕەوەز جەلال ئەمین، دلێر ڕەفیق، کاروان دوراندیش، ئامانج حاجی نوری، حیکمەت ڕەسوڵ، شیلا، شوان مامساڵ، مەڵبەند غازی، ئوسامە گوڵپی، داستان ئاسۆ، چالاک محەمەد، سامۆەیس، دانا تەیب مەنمی، شاهۆ حوسێنی، خالد بلباس ، دیلمان محەمەد کەریم، پەشێو، زانا سەرگەتی، کامەران ئیبراهیم، قادر دووردار، رزگاری...**

دامەزرێنەری کوردیپێدیا: هاوڕێ باخەوان
Tel.: +31 (6) 54710293
2008 - 2015

**ژمارەی تۆمارەکان: 1191**
**رۆژی ئامادەکردن: 2015/09/09 20:40:19**

## ناوەڕۆک


چەند وتەیەک ........................................................................................................ 1
لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردیپێدیا.................................................................... 2
دەربارەی کوردیپێدیا ................................................................................................ 4
ژمارەی تۆمارەکان: 1191............................................................................................ 6
رۆژی ئامادەکردن: 20:40:19 2015/09/09..................................................................... 6
63%ی باڵەخانەکان مەرجەکانی سەلامەتی و بەرگری شارستانیان تێدا نییە................. 43
10منداڵ بەرِوداوی هاتوچۆ لە گەرمیان گیانیان لەدەستداوە........................................ 43
10هەزار گەشتیار ڕوویان لەهەڵەبجە کردووە............................................................ 44
100هەزار فەرمانبەری بندیوار لە هەرێمی کوردستان هەن ........................................ 44
1035سەربازی تورک لە ماوەی 12 ساڵدا خۆیان کوشتووە ....................................... 46
105هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان ...................................................... 46
106هەزار ئافرەت لە کوردستان مۆڵەتی شۆفێرییان هەیە ......................................... 47
107لیست و هاوپەیمانێتی بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن.................... 48
107هەزار و 500 ئۆتۆمبێل هاتوونەتە هەرێم............................................................... 49
1099کەس کاندیدن بۆ 100 کورسی پەرلەمان............................................................ 49
11گەنج لە شەڕە ئاوەکەی سلێمانی دەستگیر دەکرێن ................................................ 50
12هەزار خوێندکار خۆیانیان ناونوسکردووە بۆ خوێندنی زمانی کوردی، تورکیا مامۆستایان بۆ دانامەزرێنێت........................................................................................................ 51
13تۆمەتبار دەستگیرکران .......................................................................................... 51
13هاوڵاتی دەستگیر دەکرێن....................................................................................... 52
13هەزار منداڵی ئاوارەی رۆژئاوا دەکوترێن ................................................................ 53
14ملیۆن موشەک و 7 هەزار پارچە چەک رادەستی عیراق کرا..................................... 53
14کرێکار لە هەولێر گیانیان لەدەستداوە..................................................................... 54
15کەس بوونەتە قوربانی مین و تەقەمەنی ................................................................. 55
151ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستان تیرۆرکراون.......... 55
16، 556دەرچووی زانکۆو پەیمانگا فۆرمی بیمەی بێکارییان پرکردوەتەوە......................... 56
1639سعودی چونەتە ناو داعشەوەو نەگەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکەیان................................ 56
17ساڵی تر سلێمانی لە مین پاکدەکرێتەوە.................................................................. 57
19%ی دانیشتوانی ئێستای کوردستان عەرەبن ........................................................... 58
2هەزار و 328 سزادراو لەهەرێمدا هەیە و خەرجی هەریەکێکیان مانگانە نزیکەی 1800$..... 59
2کرێکار لەهەولێر گیانیان لەدەستداو ژمارەی قوربانیان لە و شارە گەیشتە 15 کرێکار ......... 61
20تاقانەی هەڵەبجە لە بەرەکانی شەڕن....................................................................... 61
25حاڵەتی پێشێلکاری بەرانبەر رۆژنامەنوسان کراوە.................................................... 62
25هەزار قوتابی ئاوارە لە هەرێمی کوردستانن.............................................................. 62
250گەنجی هەرێم لەناو چەتەکانی داعشدا دەکوژرێن.................................................... 63

260نەخۆشی دەروونی لەگەرمیان لەماوەی یەک مانگدا چارەسەر دەکرێن........................ 64
27کێڵگەی پاکراوە لە مین رادەستی خاوەنەکانیان کرانەوە................................................ 64
27کەس لە هەولێر خۆیان دەکوژن ............................................................................ 65
300هەزار ئاوارەی عەرەب نیشتەجێی کەرکووکن ........................................................ 66
300هەزار کارمەند لەکەرتی تایبەت ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە ...................................... 68
33هەزار حاڵەتی تەڵاقدان لە هەرێمی کوردستان تۆمار دەکرێت........................................ 68
33هەزار خێزانی ئاوارە رو لەکەرکوک دەکەن .......................................................... 69
34ملیۆن و نیو بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا کراوە .................... 70
341تۆن بەرهەمی خواردەمەنی و کشتوکاڵی دەستیان بەسەرداگیراوە .................................. 71
347ژن گیانیان لە دەستداوە ..................................................................................... 71
370هەزار دەفتەر دۆلاری پرۆژەکان دیارنامێنێت ......................................................... 72
391خێزانی کوردی باشوور ساڵی رابردوو لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە..................................... 73
4کورد لەناو 10 کاندیدە یەکەمەکەی عێراقدان لەژمارەی دەنگدا ........................................... 73
40ملیار دیناری پێشمەرگە دیار نامێنێت ....................................................................... 74
420شوێنی گەشتیاری لە هەرێمدا هەیە .......................................................................... 75
45%ی خوێندکارانی زانکۆ کتێب ناخوێننەوە ................................................................ 76
5هەزا و 654 خیزانی شارەکانی عیراق ئاوارەی سلێمانی بون ........................................... 77
50بەرکەوتوی کیمیایی ژیانیان لەمەترسیدایە و 6 ساڵە نەخۆشخانەی بریندارانی چەکی کیمیایی تەواونەکراوە.............................................................................. 77
50هەزار خوێندکار وازیان لە خوێندن هێناوە ................................................................. 78
50%ی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەمئەندامن............................................................... 78
500مەزار و گۆڕی گەورە پیاوان و شوێنی ئاینی لە هەرێمی کوردستان هەن......................... 80
500هەزار عەرەب هاتووەتە کەرکوک........................................................................ 80
51تەن مەوادای جوانکاری و برنج و خواردنەوە کحولییەکان لەناوبراوە ............................. 81
516کەس لە موسڵ کوژراون ...................................................................................... 81
610حاڵەتی پێوەدانی مار و دووپشک لە رانیە و قەڵادزێ تۆمارکراوە.................................. 82
63کەس بە هۆی سوتانەوە گیانیان لە دەستداوە .............................................................. 82
67%هاوڵاتیان پێیان باشە لایەنەکانی پێشوی ئۆپۆزیسیۆن بەشداری حکومەت بکەن.......... 83
7هەزار خێزان لەماوەی 8 ساڵی رابردوودا لەترسی ئەو هەڕەشانە موسڵیان جێهێشتووە ... 84
70هەزار نەخۆش لە کفری چارەسەریان بۆکراوە، لەکەلاریش برینداری فیشەک زۆربووە ...... 84
74%ی بەشداربوانی راپرسییەک پێیانوایە دەستوەردان هەیە لەکەیسی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی................................................................................................ 85
77%ی پەرلەمانتاران فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەتو سامانیان پرکردوەتەوە ........................ 86
80%ی حاجیانی ئەمساڵ، تەمەنیان سەروو 50 ساڵە.......................................................... 86
800حاڵەتی توشبوون بە نەخۆشی تالاسیما تۆمارکراوە................................................... 87
85%ئەوانەی چونەتە ناو داعش لەحوجرەو پەیمانگا ئیسلامییەکان خوێندویانە.................. 88

87سزادراو پروانامەی دەرچوون لەخوێندن وەردەگرن .......................................................... 88
9هەزار خێزانی ئاوارەی عێراقی رویان لە کەرکوک کردووە................................................... 89
90%کۆمپیوتەری کوردستان کێشەی ڤایرۆسیان هەیە.................................................... 90
91هەزار دۆنم پۆش و پاوان لەهەرێم دەسوتێت ............................................................ 90
959کەناڵی راگەیاندنی نوسراو و بیستراو و بینراو لە هەرێمی کوردستاندا متمانەیان پێدراوە ................................................................................................................................ 91
96کوردی شەبەک لەلایەن داعشەوە رفێنراون............................................................... 93
ئابوریی عێراق و کوردستان لەبەردەم ئەگەری داتەپین دان.................................................... 93
ئاستی سەرپێچییەکان لەسنوری سلێمانی کەمیکردوە ........................................................ 94
ئاستی هەناردەی نەوت بۆ یەک ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرز دەبێتەوە................... 95
ئاشتی هەورامی: تەنها دوو مانگی ترمان دەوێ ........................................................... 96
ئاشتی هەورامی: لەم هەفتەیەدا هەناردەی نەوت بۆ ئەم پرە بەرز دەکەینەوە.................. 96
ئاشتی هەورامی، لەبارەی یەدەگی نەوتی هەرێمەوە دەدوێت............................................ 97
ئاماری 10 مانگی رابردووی رووداوی هاتوچۆ لە هەولێر ...................................................... 98
ئاماری 4 مانگی جەنگی کۆبانێ.............................................................................. 98
ئاماری 6 ساڵی رابردوی تەڵاق لەهەرێمی کوردستان ....................................................... 99
ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی عەزیز قادر.......................................................................... 100
ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی عەسکەر ........................................................................... 100
ئاماری ئەو ئاوارە سوننانە بەفڕۆکە رەوانەی هەرێمی کوردستان کراون.................................. 101
ئاماری ئەو توندوتیژیانەی لەمساڵدا بەرامبەر ژنان ئەنجامدراوە ........................................ 102
ئاماری بیرە هەڵکەندراوەکانی ساڵی 2013 .................................................................. 103
ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانی ....................................................................... 103
ئاماری پێنج مانگی تووندوتیژی دژی ئافرەتان ساڵی 2015 .............................................. 104
ئاماری پێوەدانی مارو دوپشک لە گەرمیان....................................................................... 104
ئاماری تالاسیمیا لە هەرێم....................................................................................... 105
ئاماری توندوتیژییەکانی مانگی ئابی 2013ی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم ........................ 106
ئاماری تووشبووان بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە 2014 دا..................................................... 106
ئاماری حەوت مانگی رابردووی هاوسەرگیری لە سلێمانی راگەیەندرا...................................... 107
ئاماری دانیشتوانی سلێمانی..................................................................................... 108
ئاماری دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە 2013دا.................................................................. 109
ئاماری دوو مانگی رابردووی کوژراوانی داعش لە سوریا....................................................... 109
ئاماری رزگاربوانی کوردانی ئێزدی لەدەست داعش ئاشکرا دەکرێت.......................................... 110
ئاماری رووداوەکانی رۆژانی جەژن لە سلێمانی بخوێنەرەوە.................................................. 110
ئاماری رووداوەکانی شکانی سەر و دەست و قاچ لەماوەی سێ رۆژدا.................................... 111
ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆی رۆژانی جەژنی سلێمانی و هەولێر ........................................... 112
ئاماری رووداوەکانی رۆژانی نەورۆز لە راپەڕین.................................................................. 113

ئاماری ڕووداوەکانی سلێمانی لە مانگی ڕەمەزاندا ڕاگەیەندرا ............................................ 113
ئاماری ساڵی 2013ی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی کەلار.............................. 114
ئاماری سزادراوانی هەرێمی کوردستان........................................................................ 115
ئاماری سەرپێچی ئاو لە مانگی ئابدا .......................................................................... 116
ئاماری سەرپێچی ئە و ماڵانەی لە سلێمانی ئاویان بە فیڕۆداوە .......................................... 116
ئاماری شەش مانگی ڕابردوی نەخۆشخانەی گشتی دەربەندیخان.................................... 117
ئاماری شەش مانگی ڕووداوەکانی قەزای سۆران.............................................................. 117
ئاماری شەهید و برینددرەکانی هەڵەبجە و شارەزوور لەوەتەی شەڕی داعش دەستیپێکردووە
.......................................................................................................................... 118
ئاماری شەهیدانی گەریلا لە باشور ............................................................................ 118
ئاماری شەڕەکانی خۆرئاوای کوردستان لە سێ ڕۆژی ڕابردوی جەژندا ............................... 119
ئاماری قوربانی ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردووی پارێزگای هەولێر ئاشکرا دەکرێت ............... 120
ئاماری قوربانیانی پێکهاتە ئایینیەکانی عیراق ئاشکرا دەکرێت............................................ 120
ئاماری قوربانیانی دەستی داعش لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا.................................... 121
ئاماری قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتوچۆی ئەمڕۆ گەیشتە چواردە کەس................................. 122
ئاماری قوربانییانی مانگی ڕابردووی عیراق........................................................................ 122
ئاماری لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی............................................................. 122
ئاماری لە سێدارە دراوان لە ئێران.................................................................................. 123
ئاماری مانگی تەمموز: لە کوبانێ (685) ئەندامی چەتەکانی داعش کوژراون.......................... 124
ئاماری مانگی تەمووزی شەڕوپێکدادانەکانی سوریا بڵاودەکرێتەوە...................................... 125
ئاماری مردن و لەدایکبوونی (13) ساڵی ڕابردووی گەرمیان................................................ 126
ئاماری نەخۆشیی شێرپەنجە بۆ ساڵی 2013.................................................................. 126
ئاماری هاتنی گەشتیاران - جەژنی قوربان 2014............................................................. 127
ئاماری هاتنی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیاریەکانی کۆیە................................................... 128
ئاماری هەرێم ڕێژەی هەژاری و بێکاری ڕادەگەیەنێت........................................................ 128
ئاماری هەندێک لە پڕۆژەکانی کەرکوک........................................................................... 129
ئاماری ڕێژەی سوتان لە سۆران ئاشکرادەکرێت................................................................. 129
ئاماری کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ ساڵی 2013...................................... 130
ئاماری کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ ساڵی 2014...................................... 131
ئاماری کوژراو و برینداری تیرۆریستانی داعش لە کەرکوک ............................................... 131
ئاماری کوژراوانی مانگی ڕابردووی پارێزگای نەینەوا.......................................................... 132
ئاماری کوژراوو بریندارانی ڕووداوی هاتوچۆ لە سنوری ڕاپەرین........................................... 132
ئاماری کوژراوو بریندارانی عیراق ساڵی 2013................................................................ 133
ئاماری کوژراوو بریندارانی عیراق لەمانگی ڕابردوودا ........................................................ 134
ئاماری ڕووداوەکانی سێ ڕۆژی جەژنی نەورۆز لە گەرمیان، دەخرێتەڕوو.............................. 134
ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆی سلێمانی........................................................................ 135

ئاماری ڕووداوەکانی کوشتن لە مانگی ئازاردا لە نەینەوا ئاشکرا دەکرێت ............................ 135
ئاماری زیانەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە.................................................................... 136
ئاماری شەش مانگی ڕووداوەکانی ئاگر کەوتنەوە لە کۆیە ............................................ 137
ئاماری شەش مانگی ڕوداوکانی قەزای بەردەرەش ....................................................... 138
ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی کوبانێ لە ماوەی مانگێکدا................................................ 138
ئاماری شەڕی 40 ڕۆژەی کۆبانێ.......................................................................... 139
ئاماری شەڕی مانگی تەموزی 2015 لە ڕۆژئاوای کوردستان.......................................... 140
ئاماری قوربانیانی ئەمڕۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ 06-03-2015 ........................................ 141
ئاماری گیان لەدەستدانی کرێکاران بڵاودەکرێتەوە ...................................................... 142
ئاماری هاوردە و هەناردەکردنی کاڵاکان لە هەرێمی کوردستان خرایەڕوو........................... 142
ئاماری کوژراوانی داعش لە کانوونی دووەمی 2015 ..................................................... 143
ئامارێک ؛ سلێمانی لە دەستدرێژی سێکسی دا یەکەمە.................................................. 144
ئامارێک ژمارەی سەرجەم ئەو ئاوارانە دەخاتەڕوو کە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە. 144
ئامارێکی ترسناک لەبارەی کچان و ژنانی عێراقەوە بڵاودەکرێتەوە................................... 146
ئامارێکی تری مەترسیدار لە کوژراو و بریندارانی عیراق................................................ 146
ئامارێکی دادگای کەرکوک................................................................................... 147
ئامارێکی رێژەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێم خرایەڕوو ............................... 147
ئامارێکی نافەرمیی ژمارەی کورد لە کوردستان و دەرەوە ............................................. 148
ئامارەکانی دزییکردن لە سلێمانی ......................................................................... 149
ئامارەکانی گرتووخانەی شاری کامیارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ..................................... 150
ئاوارەکانی کەرکوک 400 هەزار کەسی تێپەڕاند.......................................................... 152
ئاوی سەرچاوەی زەڵم زیادی کردووە...................................................................... 153
ئاوێنەنیوز ئاماری روداوەکانی هاتوچۆی گەرمیان بڵاودەکاتەوە....................................... 153
ئاوێنەنیوز زیانە ئابورییەکانی کۆبانێ بڵاودەکاتەوە..................................................... 154
ئاڵوگۆری بازرگانی حاجی ئۆمەران نزیکەی یەک ملیۆن تەن بووە .................................... 155
ئاڵوگۆری نێوان ئێران و هەرێم کەمیکردووە.............................................................. 156
ئایدز و شێرپەنجە هەڕەشە لە پارێزگای سنە دەکەن................................................... 157
ئاین لە نێوان هاوڵاتیبوون و پەراوێزکردندا.............................................................. 157
ئۆتۆمبێل 375 کەس لە گەرمیان دەکوژێت............................................................... 158
ئیبراهیم زەریفی : 75% ئاژەڵە کێوییەکان بە تایبەت ئاسک کوژراون................................. 158
ئیلام: قەیرانی دارایی 200 پیشەگەری بێکار کردووە.................................................... 159
ئێران ساڵانە 5 تۆن زێڕی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبات.................................................. 159
ئەمریکا: لە ماوەی نۆ مانگدا 10 هەزار چەکداری داعش کوژراون .................................... 160
ئەمساڵ 28 کرێکار لە سلێمانی گیانیان لە دەستداوە ................................................... 161
ئەمساڵ چەند بەنداوێک تەواو دەبن ....................................................................... 162

ئەمساڵ چەند پرۆژە بەر پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کەوتووە؟ ........................... 162
ئەمساڵ چەند حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر پیاوان کراوە .................................................. 164
ئەمساڵ زۆرترین قوتابی لە زانکۆ ئەهلییەکان وەردەگیرێن.............................................. 165
ئەمساڵ هەورامان گوێزی کەمبوو............................................................................. 166
ئەمساڵ 1203 حاڵەتی شێرپەنجە لە کەرکوک تۆمار کراوە .............................................. 168
ئەنجامی بەرایی تاقیکردنەوەی دەرەکی سنوری پەروەردەی کەلار - 2015......................... 168
ئەنجامی دەنگی لایەن و کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان - 2014 .......... 169
ئەنجامی دەنگەکانی پارێزگای هەولێر و کاندیدە دەرچووەکان........................................... 169
ئەنجامی راپرسی خەندان لەسەر سەربەخۆیی کوردستان ............................................... 170
ئەنجامی راپرسی رووداو لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان - 2014 ................. 170
ئەنجامی راپرسییەک لەسەر ئەدای حکومەتی هەرێم خرایەڕوو ........................................ 171
ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئامەد ...................................................... 172
ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزەران: لە 42 نوێنەر پارتی 29یان دەباتەوە.............................. 172
ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 12 شارەوانی کانتۆنی جەزیرە................................................ 173
ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2009 ............................................................................... 174
ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2010 ............................................................................... 174
ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2013 ............................................................................... 174
ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان - 2014 ................................................ 175
ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی .................................................... 175
ئەنجومەنی دادوەری ئاماری شەش مانگی کارو چالاکییەکانی راگەیاند............................ 176
ئەو چەکدارانەی داعش کە لەماوەی مانگێکدا لە کۆبانی کوژراون.................................... 177
ئەو شوێنانەی ئاوارەیان تێدایە لە رانیە......................................................................... 178
بارانبارینی چەند رۆژی رابردوو تا چەند سودی بۆ بەنداوەکان هەبووە 13-02-2015 ............ 178
بارزانی ژمارەی پەنابەرە سوری و عیراقییەکان ئاشکرا دەکات......................................... 179
بازاڕی قوماش بەڕێژەی 90% وەستاوە........................................................................ 180
باشماخ: رۆژانە 150 ترێلە کاڵای هەمەجۆر هاوردەی هەرێم دەکرێت، بەڵام ترێلەیەک هەناردەناکرێت............................................................................................................ 181
بانگەوازێک لە (گرووپی ئاشتی ژنانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان)ەوە.......................... 182
بانکی خوێن لە مانگ و نیوێکدا نزیکەی 7000 بوتڵ خوێنی وەرگرتوە.................................. 183
بزووتنەوەی گۆڕان تێچووی کۆنگرەکەی راگەیاند.......................................................... 184
بودجەی (2014)ی عێراق، دەگاتە (130) ملیار دۆلار ...................................................... 184
بودجەی 2014ی عێراق: 5 ترلیۆن بۆ خۆراکی مانگانە و 16 ترلیۆنیش بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری ................................................................................................................ 185
بودجەی حزبەکان................................................................................................... 185
بودجەی ساڵی داهاتوو 174 ترلیۆن دینارە و 21 ترلیۆنی بەر هەرێم دەکەوێت .................... 186
بودجەی ساڵی داهاتووی هەرێم بۆ 16 ترلیۆن دینار زیاد دەکات ..................................... 186

بودجەی عێراق لە174 ترلیۆنەوە بۆ 161 ترلیۆن دینار کەم دەکات ........................................ 187
بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2015 دەگاتە نزیکەی 108 ترلیۆن دینار........................................ 188
بوشرا عوبێدی: 3583 کەسی ئێزدی ڕفێندراون و لەوانە 1597 یان کچ و ژنن.......................... 188
پری موچەی یەک مانگی 111 پەرلەمانتاری کوردستان............................................................. 189
پری هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ مانگی تەمموز راگەیەندرا ........................................................ 189
پری ئەو نەوتە ئاشکرادەکرێت کە لەرێی تانکەرەوە هەناردەکراوە.................................................. 190
پری نەوتی هەرێمی کوردستان.............................................................................................. 190
پرە پارەی کوردستان لای بەغدا ئاشکرا دەکرێت ..................................................................... 192
بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە، چەند کەس مافی دەنگدانی هەیەو هەر پارێزگایەکیش چەند کورسی بەردەکەوێت........................................................................................................................ 192
بۆ کەمکردنەوەی رووداوەکانی هاتوچۆ تەنیا کامێرای چاودێری بەس نیە ............................. 193
بۆ یادێکی هەڵەبجە 55 هەزار دۆلار دراوە بە تەوالێت و سێو .................................................. 194
بۆ یەکەمجارە لە ماوەی چوار مانگدا ژن لە کەرکوک نەکوژراوە................................................ 195
بۆردومانەکانی تورکیا 5 قوتابخانە و 3 بنکەی تەندروستی شارەدێی سەنگەسەر دەڕوخێنێت ........................................................................................................................ 196
بێکاربوونی فەرمانبەرانی کۆمپانیاکان ڕو لەهەڵکشانە ............................................................. 196
بە تەنها نەوتی یەدەگی گەرمیان نزیکە لە نەوتی یەدەگی وڵاتی قەتەرەوە ............................. 196
بە دەستی ئەنقەست بەرهەمی جوتیاران دەسوتێنرێت................................................................ 197
بە زیاتر لە 38 ملیار دینار، کۆیە قەرەبوو دەکرێتەوە.................................................................. 198
بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی تاوەکو ئێستا لە باشووری 17 حاڵەتی ئایدز تۆمارکراوون و 4 حاڵەتی مردنیش بە هەمان نەخۆشیی تۆمار کراون.............................................................. 199
بەپێی ئامارێکی پۆلیس، مانگانە دوو پیاو لە گەرمیان دەکوژرێن.............................................. 199
بەپێی توێژینەوەیەک: لە 88% ئەوانەی لەسەر ماددەی هۆشبەر لەسلێمانی دەستگیرکراون کوردن ................................................................................................................................ 200
بەپێی راپرسیەک لە 68% بەشداربووان داوە دەکەن هەڤاڵ ئەبوبەکر بکرێتە پارێزگاری سلێمانی......................................................................................................................... 201
بەراوردی دەنگی لایەنەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان 2010 - 2014............................ 202
بەراوردێک لەنێوان دەنگەکانی پارتی و یەکێتی و گۆران لەسەر ئاستی هەرێم ................... 203
بەردەڕەش، کۆمپانیایەکی نەوتی بەریتانی بێ هیوا دەکات.................................................... 204
بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات.......................... 205
بەرهەمهێنانی کارەبا لە ماوەی سێ مانگدا بەم جۆرە بووە ...................................................... 205
بەرهەمی (شوتی) ئەمساڵ بەرێژەی لە90% دابەزیوە بەبەراورد بەساڵانی پێشوو ........... 206
بەرهەمی ئەمساڵی گوێز لە باڵەکایەتی کەمی کردوە ............................................................ 207
بەرهەمی میوەی جوتیارانی رانیە کەمیکردووە......................................................................... 208
بەرهەمی هەنگوینی ناوخۆ بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کەمیکردووە .................................. 208
بەرکەوتوویەکی جەکی کیمیاوی گیانی لەدەستداو 5 تریش ژیانیان لە مەترسیدایە.......... 209
بەڕێوبەرایەتی بەرگری شارەستانی ڕاپەرین ئاماری شەش مانگی ڕاگەیاند ........................ 210

بەژمارە.. ئاماری کوشتوبڕی 47 مانگی شەڕ لە سوریا ........................................................ 210
بەشێکی زۆری بەرهەمی سێوی پارێزگای ورمێ هێشتا نەفرۆشراوە - 2015 .................. 211
بەشە بودجەی هەرێم زیاد دەکات ........................................................................................ 212
بەغدا 11 تریلیۆن دیناری پێشمەرگەی لەلایە .................................................................... 213
بەغدا چۆن دەیدات بەکوردستان و لێرەش چی لێدەکرێت؟.................................................. 214
بەغدا لەچوار مانگی 2015دا تەنها ئەم پرە پارەیەی بۆ هەرێم ناردوە.................................. 215
بەفیڕۆدانی سەدان ملیار لیتر ئاو لە کوردستان ................................................................ 216
بەفەرمی ئاماری کوژراو و رفێنراو و ئاوارە ئێزدییەکان رادەگەیەنرێ................................... 218
بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە لە سنووری ئیبراهیم خەلیل 10 کەس گیانیان لەدەست داوە ......... 218
بەهۆی ئاڵۆزییەکانی تورکیاوە نزیکەی 200 کەس برینداربوە و زیاتر لەهەزارو 700 کەسیش دەستگیرکراون ....................................................................................................................... 219
بەهۆی بۆردومانی تورکیاوە 88 گوندنشینی بناری قەندیل گیانیان لەدەستداوە.................. 219
بەهۆی پێشمەرگەوە لە 70% خێزانەکانی جەلەولا گەڕاونەتەوە........................................... 220
بەهۆی سەرپێچیکردن لەڕێنماییەکاندا، مانگی رابردوودا 84 شوێنکارو 4 بەنزینخانە لە گەرمیان سزادراون........................................................................................................................ 220
بەهۆی قەیرانی داراییەوە 100 هەزار کەس لەکوردستان بێکار دەبێت ................................ 221
بەهۆی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە 50 ئۆتۆمۆبێل دەستی بەسەردا دەگیرێت......................... 221
بەهۆی بەکار هێنان و بازرگانی کردن بەماددەی هۆشبەرەوە 50 کەس دەستگیر کراون ...... 222
بەهۆی خواردنی شیرەوە 18 خوێندکار نەخۆش کەوتن......................................................... 222
بەهێزترین سوپاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ........................................................................ 223
بەرێژەیەکی بەرچاو توندوتیژی دژی ژنان زیادی کردووە....................................................... 224
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، داهاتی غەرامەی سەرپێچی ئاوی مانگی رابردووی راگەیاند ............................................................................................................................................ 225
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری مین ئامارێکی نوێ ئاشکرا دەکات.................................... 225
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ئاماری شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2015 دەخاتە روو.................................................................................................................................. 226
بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتن: لە شەش مانگدا 2743 کەسمان بە تۆمەتی جیاجیا دەستگیر کردووە ................................................................................................................................ 227
بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند کە ڕێژەی چارەسەرکردن بۆ نەخۆشی سیل لە شارەکە گەیشتۆتە (97(% .......................................................................................... 228
بەڕێوەبەری کارەبای سلێمانی: یەک محاویلەشمان نیە بۆ گەڕەکانی دابنێین.................... 229
بەکارهێنانی چەکی کیمیایی (ژمارەی کوژراوان بەخەمڵێنراوی( ........................................... 230
بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان روو لە زیاد بوونە ............................................................. 230
بەڵێندەران ناتوانن دەست بە پرۆژەکانیان بکەنەوە............................................................. 230
پاراستن و زانیاری: 160 گەنج لە هەرێمەوە بۆ جیهاد چوونەتە سوریا................................. 231
پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەباشوری کوردستاندا زیاتر لە 730 شەهیدی هەیە ........ 232
پارتی: دەنگەکانمان 12% زیادیکردووە .................................................................................. 232

پارێزگاری دهۆک: کارەساتێکی گەورە بەسەر ئاوارەکاندا هاتووە ........................................ 233
پارێزگاری سلێمانی: کێشەی سەرەکی ئێمە بۆ ئاوارەکان خوێندنە ........................................ 233
پارێزگای ورمێ لە بەرهەمهێنانی زێڕ یەکەمە ........................................ 234
پارێزگای هەڵەبجە.. هاتنی گەشتیار سەدا 80 کەمی کردوە ........................................ 234
پارەی چەکی گەنمی جوتیارانی سنووری پارێزگای سلێمانی ........................................ 235
پرۆژەکانی گەشەپێدانی ساڵی 2012 ........................................ 235
پرۆژەکانی گەشەپێدانی ساڵی 2013 ........................................ 236
پشدەر.. 375 حاڵەتی سوتان تۆمارکراوە ........................................ 236
پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2015ـی عێراق ........................................ 237
پوختەی ئاماری پەروەردەیی لە ماوەی سالانی خوێندنی 1990-1991 تاکو 2010-2011 ..... 238
پوختەی خەمڵاندنەکانی ساڵی 2011 ی هەرێمی کوردستان ........................................ 238
پرۆژە و چالاکیەکانی گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان لەماوەی پێنج ساڵدا ........................................ 238
پۆلیس تاوانەکانی دوو مانگی رابردووی هەولێری راگەیاند ........................................ 239
پۆلیسی ئێران: لە رووداوەکانی مەهاباد 40 پۆلیس برینداربوون ........................................ 240
پۆلیسی دارستان و ژینگەی راپەڕین ئاماری ساڵی 2014ی راگەیاند ........................................ 241
پۆلیسی دهۆک: پیلانی رۆژانی جەژنی نەورۆز 100% سەرکەوتووبووە ........................................ 242
پۆلیسی راپەرین ئاماری روداوەکانی 2013ی راگەیاند ........................................ 242
پۆلیسی سلێمانی ئاماری رووداوەکانی جەژن رادەگەیەنێت ........................................ 243
پۆلیسی سلێمانی: جەژنی رەمەزان جەژنێکی ئارام بوو ........................................ 243
پۆلیسی سۆران: رووداوەکانی 2013 زۆرتربوون ........................................ 244
پۆلیسی سۆران: لە 9 مانگدا 14 کەس کوژراون ........................................ 244
پۆلیسی گەرمیان ئاماری شەش مانگی ڕابردووی ڕاگەیاند ........................................ 245
پۆلیسی هەولێر 7 تاوانی دوو مانگی رابردووی ئاشکراکرد ........................................ 246
پۆلیسی هەولێر ئاماری چوار مانگی رووداوەکانی کوشتن و دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی راگەیاند ........................................ 246
پۆلیسی هەولێر: لە پێنج مانگدا 3601 کەس دەستگیر کراون ........................................ 247
پۆلیسی دارستان 77 هاوڵاتی دەستگیر دەکات ........................................ 248
پێت باشە بارزانی بۆ جارێکی دیکە بێتەوە بە سەرۆکی هەرێم؟ راپرسییNRT ........................................ 248
پێشبینی پارتی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ........................................ 249
پێشبینی دەکرێت نەوتی هەرێم یەک ملیۆن بەرمیل تێپەڕێنێت ........................................ 249
پێشمەرگە 727 شەهید و 3564 بریندار و 34 بێسەروشوێنی هەیە ........................................ 250
پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ........................................ 250
پێنج لەو کەسانەی توشی ئایدز بوون لە رەگەزی مێن ........................................ 251
پێنج هەزار خۆبەخش ناویان بۆ چوونە ناو هێزەکانی پێشمەرگە تۆمار کردووە ........................................ 253
پێنج هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکرێت ........................................ 254
پێنجوێن؛ شاخێک لەئاڵتون و یۆرانیۆم و ئاسن ........................................ 255

پەرلەمانتارێک: 640 ملیۆن دیناری سندوقی هاوکاری کەسوکاری شەهیدان دیار نییە ........ 256
پەرلەمانتارێک: پەرلەمانتارانی ئێستاو خولەکانی پێشو خاوەن زیاتر لە 14 هەزار حیمایەن... 257
پەرلەمانتارێکی گۆڕان ناوی 404 ژن ئاشکرا دەکات کە بەشێوەیەکی نایاسایی خانەنشین کراون ........ 258
پەرلەمانی ئەوروپا: داعش 5000-7000 ئافرەتی لەناوچەی شەنگال رفاندووە........ 258
پەروێزخان: تەنها لە تەمموزی رابردو دەستبەسەر زیاتر لە 580 تەن خۆراکی نەشیاودا دەگیرێت ........ 259
پەروەردەی گەرمیان یەکەمی سەرئاستی هەرێمی کوردستانە........ 260
تا ئێستا 400 بۆمبی چێنراو لە جەلەولا پوچەڵ کراونەتەوە ........ 261
تا ئێستا 412 کوردی رۆژهەڵاتی ئەندامی رێکخراوە تەکفیرییەکان کوژراون........ 261
تا ئێستا 896 سزادراو بەیاسای لێبوردنی گشتی ئازادکراوون........ 262
تا ئێستا لە سووریا زیاتر لە 13 هەزار ژن و کچ کوژراون........ 263
تا ئێستا نزیکەی 50 کچ خۆیان بۆ شاجوانی کوردستان کاندید کردووە........ 263
تائێسا 900 ژن و کچی ئێزدی رزگارکراون........ 263
تائێستا 1922 چەکداری داعش لە سوریا کوژراون ........ 264
تائێستا 320 سکاڵای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان رەتکراوەتەوە ........ 265
تائێستا 85 هەزار کارمەند لەکەرتی تایبەت رەوانەیماڵەوە کراونەتەوە........ 265
تائێستا 999 پێشمەرگە شەهید بوون ........ 266
تائێستا زیاتر لە 520 گۆڕی بەکۆمەڵ لە عیراقدا دۆزراونەتەوە ........ 266
تائێستا لە خورماتوو 120 کورد شەهید کراون ........ 267
تانەر یڵدز: کوردستان 32.2 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەی بازاڕەکان کردووە........ 267
ترلیۆنێیک دینار بۆ خەرجی کۆمپانیاکانی نەوتی هەرێم تەرخانکرا ........ 268
تورکیا.. 62 رۆژنامەنووسی کورد لە زیندانەکاندان ........ 268
تورکیا... قەدەغەی سەر کتێبەکانی ئۆجالان و نازم حیکمەت هەڵگیرا........ 269
تورکیا، هێزە ئەمنیەکان دەستدرێژیان کردۆتە سەر 360 ژن و منداڵی کورد........ 270
توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە سنووری راپەڕین لە بەرزبوونەوەدایە ........ 271
توندوتیژی بەرامبەر ژنان نزیکەی پێنج ئەوەندەی ساڵی رابردوو زیادی کردووە ........ 271
تووشبوون بە نەخۆشی سیل لە هەرێم لە ژێر پێوەرە جیهانیەکانە........ 272
تۆڕی (عەین) ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکانی ڕاگەیاند ........ 273
تۆڕی (عەین) راپرسی دەنگدانی پێنج کاتژمێری یەکەم ئاشکرا دەکات ........ 274
تیرۆری سپی لەگەرمیان ئەمساڵ 238 قوربانی لێکەوتۆتەوە........ 275
تەقەی لایەنگرانی یەکێتی و پارتی لەکەرکوک 19 بریندارى لێدەکەوێتەوە ........ 276
تەمموز خوێناویترین مانگ بوو بۆ کەرکوکیەکان........ 277
تەندروستی سلێمانی ئاماری ساڵی 2013 ی نەخۆشو نەخۆشخانەکان دەخاتەڕوو........ 277
تەندروستی کەلار: لەمانگێکدا 36 شوێن سزادراون و 7 شوێنیش داخراون ........ 278
تەنها لە دوومانگی رابردوودا 7 کرێکار لەشوێنی کاردا گیانیان لەدەستداوە........ 279

تەنها لە مانگی 8دا زیاتر لە 7 هەزار هاوڵاتی لەڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانیەوە چوونەتە تورکیا ........ 279
تەنها لە مانگی حوزەیرانی 2014 لە موسڵ 420 کەس کوژراون ........ 280
تەنها لە یەکەم ڕۆژی جەژندا 56 هەزار کەس سەردانی چاڤی لاندیان کردووە ........ 280
تەنها لەماوەی شەش ڕۆژی ڕابردودا، 11 حاڵەتی پێوەدانی دوپشک لەسنووری قەزای پشدەر تۆمارکراوە ........ 281
تەنها لەمساڵدا بەپری زیاتر لە 2 ملیار و 383 ملیۆن دینار ئۆتۆمبیل بۆ بەرپرسانی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی ناوخۆ کڕدراوە ........ 281
تەنیا سەدا 30ی جوتیاران پارەی گەنمەکانیان وەرگرتووە........ 284
جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان روو لەزیاد بوونە........ 284
جوتیارانی دەڤەری راپەڕین زیاتر لە 335 ملیۆن دینار زیانیان بەرکەوتووە........ 285
جیابوونەوەی هاوسەران زیادیکردووە و 75 حاڵەتی ژنهێنانی دووەمیش تۆمارکراوە........ 286
جیاوازی بارانبارین لە نێوان ساڵانی 2014 و 2015........ 286
جیاوازی بارانبارینی ساڵانی 2013 و 2014........ 287
جیاوازی دەنگی قەوارەکان لە هەڵبژاردنی 2010 و 2013دا........ 287
جیاوازی دەنگی پارتی و یەکێتی و گۆران لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا........ 288
جینۆسایدی شەنگال و ئێزدییەکان........ 288
جەبار یاوەر: بەغدا 15 ترلیۆن دینار بودجەی پێشمەرگە قەرزارە........ 294
جەبار یاوەر: حەوت پێشمەرگە شەهید و 36ی تریش بریندداربون........ 297
جەبار یاوەر: ژمارەی پێشمەرگە دەگاتە 200 هەزار کەس........ 297
جەنگی عیراق 1.7 تریلیۆن دۆلاری تێچووە........ 298
جەنەڕاڵێکی سوپای تورکیا: لە چەلێ 90 هەزار مینمان داناوە........ 299
چارەکێکی دانیشتوانی عیراق و هەرێم تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان بوون........ 299
چالاکوانێک: تەنها لەم مانگەدا 4 دەستدریژی سێکسی لە جەلەولا تۆمارکراوە........ 301
چوار ملیار دینار دراوەتە کرێی وانەبێژی........ 302
چەمچەماڵ.. 14 کەس بە رووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە........ 302
چەمچەماڵ: ساڵی پار 22 کەس بەروداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە........ 303
چەمچەماڵ: لەسێ رۆژی جەژندا (1567) نەخۆش چارەسەرکراون........ 303
چەمچەماڵ: لەماوەی شەش مانگدا (2159) منداڵ لەدایکبوون........ 304
چەند هەزار کەس سەردانی شوێنە گەشتیاریەکانی ناوچەی سۆران و دەوروبەریان کردوە. 304
حاجیانی هەرێم نزیکەی 250 تەن دیاری و کەلوپەل بەپری 3 ملیۆن دۆلار بۆ کوردستان دەبەنەوە........ 305
حکومەت لە چوار مانگدا 37 ملیۆن دۆلار دەداتە کارەبای بەرهەم نەهاتوو........ 306
حکومەتی عیراق بەشە بودجەی هەرێم کەمدەکاتەوە ........ 308
حکومەتی هەرێم ساڵانە ملیارێک و 758 ملیۆن دینار دەدات بەکرێی خانوو بۆ فەرمانگەو وەزارەتەکان ........ 308
خانەقین: جیابونەوە 75%زیاترە لەهاوسەرگیری........ 309

خانەقین: ژمارەی باخە سووتاوەکان گەیشتە (150) باخ ............................................................ 309
خنکان لەروباری سیروان کەمیکردووە............................................................................................ 310
خورماتوو.. میلیشیا شیعەکان لە مانگی 6ی ئەمساڵەوە 32 هاوڵاتی سوننەیان رفاندووە... 310
خۆرئاوای کوردستان، 60% خەڵکی گەڕاونەتەوە شارۆچکەی تل کۆچەر ............................ 311
خەبات: زیاتر لە هەزار خوێندکار بەشدارییان لە تاقیکردنەوەی وەرزی دووەمی پۆلی 12دا کرد
............................................................................................................................................... 312
خەرجی هەر حاجیەکی ئەمساڵی هەرێم 4 ملیۆن و 200 هەزار دینارە ................................ 312
خەرجییەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم ......................................................................................... 313
خەلیفان... زیاتر لە 33 هەزار نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە ............................ 313
خەندان ئاماری ڕووداوەکانی نەورۆز لە سلێمانی بڵاودەکاتەوە............................................ 314
خەندان ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بڵاو دەکاتەوە............................................. 314
خەندان، ئاماری کوژراو و بریندارەکانی داعش لە شەڕەکەی سلێمان بەگ بڵاودەکاتەوە...... 315
خەندان، پری دەرمانی هاتوو لەبەغداوە بۆ هەرێم ئاشکرا دەکات ...................................... 315
خەندان، ژمارەی نۆ ساڵی قوربانییەکان و کردەوە تیرۆریستییەکان لە عیراق دەخاتەڕوو....... 316
داعش جموجوڵی بازرگانی لەدەروازەی حاجی ئۆمەران لاوازدەکات....................................... 317
داعش هۆکاری کورتهێنانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەم خاڵە سنوورییەی هەرێمە..................... 317
داعش کاریگەری بۆسەر مزگەوتەکانی هەرێم هەبووە............................................................ 318
داعش کاریگەری دەکاتە سەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی مەرزی پەروێزخان .................................. 319
داعش.. ژمارە و رەگەزیان........................................................................................................ 319
دانیشتوانی هەرێم بەرێژەی 28% زیادیکردووە.......................................................................... 321
داهاتی 6 مانگی رابردوی هاتوچۆی هەرێم 50 ملیار دینار بوە ............................................. 321
داهاتی بەڕێوەبەرایەتی ئاو لە مانگێکدا.................................................................................... 322
داهاتی ساڵانەی رۆژئاوای کوردستان 10 ملیار و 800 ملیۆن دۆلارە..................................... 323
داهاتی ساڵێکی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی زیاتر لە 66 ملیار دینار بووە .............. 324
داهاتی هەرێمی سەربەخۆی کورد لە سوریا ............................................................................ 326
داهاتی هاتوچۆی سلێمانی 60% بۆ 70% کەمیکردوە ............................................................... 327
دهۆک لە رێژەی هەژاری یەکەمی کوردستانە.......................................................................... 328
دهۆک.. 60 هەزار کوردی ئێزدی لە شنگالەوە هاتوونەتە دهۆک ........................................... 329
دهۆک.. ئاماری لە دایکبوون و رووداوە جۆراو جۆرەکان لە نەورۆزدا بخوێنەرەوە .................... 330
دهۆک.. بەهۆی رووداوەکانی هاتووچۆ 183 کەس گیانیان لە دەستداوە ............................... 330
دهۆک.. زیاتر لە 55 هەزار گەشتیار رویان لە شوێنە گەشتیارییەکان کردوە .......................... 331
دهۆک.. ژمارەی کامپەکان زیاد دەکرێن .................................................................................. 331
دهۆک.. ژمارەی ئاوارەکان لەدانیشتوانی شارەکە زیاترن.......................................................... 332
دهۆک.. لە رەمەزاندا 16 کەس بە رووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە ............................ 333
دهۆک..27 حاڵەتی سووتان روویداوە کە دوانیان پیاو بوون ................................................... 333
دهۆک: شەش رووداوی هاتوچۆ لە رۆژانی جەژنی نەورۆز روویاندا....................................... 334

دهۆک: لە جەژندا 32 کەس بونە قوربانی روداوی هاتوچۆ ........................................... 334
دهۆک: لە هەشت مانگی رابردوودا 831 روداوی هاتووچۆ روویداوە ........................................... 335
دهۆک، ئاماری رووداوەکانی هاتووچۆ لە مانگی رەمەزاندا راگەیەندرا ........................................... 335
دوا ئاماری تەندروستی سلێمانی سێ رۆژی جەژنی نەورۆز ........................................... 336
دوا ئاماری تووشبوانی شێرپەنجە لە هەرێم راگەیەندرا ........................................... 336
دواین ئامارو زانیاری تەقینەوەکانی شاری کەرکوک - 23-08-2014 ........................................... 337
دواین ئاماری تەقینەوە و پێکدادانەکانی رۆژی 04-12-2013 کەرکوک ........................................... 338
دواین ئاماری رەسمی زیندانیانی هەرێم ........................................... 338
دواین ئاماری گیراوان و رزگاربوانی ئێزدی لە دەستی داعش خرایەڕوو ........................................... 339
دواین ریزبەندی زانکۆکانی جیهان راگەیانرا ........................................... 340
دوایین ئاماری ئەو کوردە ئێزدیانەی لە دەستی داعشدان ........................................... 342
دوایین ئاماری بێوەژن لە هەرێمی کوردستان ........................................... 342
دوایین ئاماری سزادراوانی گرتووخانەکانی هەرێم راگەیەندرا ........................................... 343
دوایین ئاماری پێشمەرگە شەهیدەکان لە شەڕی دژ بە داعش ........................................... 344
دوایین ئاماری قوربانییەکانی شەنگال ئاشکرا کرا ........................................... 345
دوایین ریزبەندیی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عیراق و جیهان ........................................... 345
دوو هەزار و 617 بەندکراو لە گرتووخانەکانی هەرێمدان ........................................... 348
دوو کۆمپانیای بواری نەوت لە هەرێم دەکشێنەوە ........................................... 349
دووپشک 21 کەسی لە بارزان رەوانەی نەخۆشخانە کردوە ........................................... 350
دیالە چوار ملیۆن درەخت لەدەستدەدات ........................................... 350
دەرئەنجام و راسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەزیادبونی رێژەی دانیشتوانی هەرێم ........................................... 351
دەربەندیخان بەدەریاچەیەکەوە، (2%)ی سەوزاییە ........................................... 352
دەریایەک لەنەوت لەهەرێمی کوردستان دەدۆزرێتەوە ........................................... 353
دەزگای گشتی کاروباری مین ئاماری قوربانیەکان ساڵی 2013 ئاشکرادەکات ........................................... 354
دەزگای مین: تائێستا لە کۆی 778 کم چوار گۆشە 150 کم زەوی لە مین پاککراوەتەوە ........................................... 355
دەست بەسەر 200 تۆن خۆراکی خراپدا دەگیرێت ........................................... 355
دەستەی دەستپاکی: 96%ی بەرپرسان سامانەکانیان ئاشکراکردووە ........................................... 356
دەستەی ژینگە ژمارەی پاڵاوگە نایاسابیەکانی هەرێم ئاشکرادەکات ........................................... 356
دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم چاوەڕوانی هاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار ناکات ........................................... 357
دەنگ و رێژەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی ........................................... 358
دەنگی کورد لە ناوچە دابڕاوەکان 50% کەمی کردووە ........................................... 358
دەنگەکانی بەدەپە لە نێوان هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 2009 و 2014 ........................................... 360
دەنگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەکەرکوک ........................................... 361
راپرسی ئاوێنە نیوز: 60%ی دەنگدەران بەشداری هەڵبژاردن دەکەن ........................................... 362
راپرسی دەربارەی دیاردەی تیرۆر ........................................... 362

راپرسیی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان - ماڵپەڕی رووداو.......... 362
راپرسییەک: 58% ئەمریکییەکان پشتگیری پڕچەککردنی پێشمەرگە دەکەن .................... 363
راپرسییەک: هەدەپە زیاتر لە 11%ی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت............................ 363
راپرسییەکی گۆڤاری لڤین دەربارەی تەندروستیی جەلال تاڵەبانی ............................ 364
راپرسییەکەی کەناڵی جەزیرە: 81%ی بەشداربوان پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەن.................................................................................................. 364
راپرسیەکی ئاوێنەنیوز: 71% هاوڵاتیان پێیان باشە ئۆپۆزسیۆن بەشداری کابینەی هەشتەم بکەن......................................................................................................... 364
راپۆرتی شیکردنەوەی پرۆژەیاسای بودجەی 2013ی هەرێمی کوردستان........................... 365
راپۆرتێک لەسەر ئاستی خوێندنەوە لە کتێبخانەکانی پارێزگا ی سلێمانی ........................ 365
راپۆرتێکی ئاماریی 1 ساڵ پێشێلکاریی مافی ژنان لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران............ 367
راپەڕین.. 54 کەس بە رووداوەکانی چەک بوونەتە قوربانی............................................ 369
راپەڕین.. دوو هەزار و 651 رووداوی جۆراو جۆر تۆمار کراون .......................................... 370
راپەڕین: 160 رووداوی هاتوچۆ روویانداوە.................................................................. 372
راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا ............................................................................... 372
رانیە.. لەمساڵدا چوار کرێکار لەشوێنی کارەکانیان گیانیان لەدەستداوە.......................... 373
روفاتی 56 ئەنفالی کورد دۆزرانەوە ............................................................................... 374
رووانگەی سوری: 215 هەزار کوژراو لە سوریادا لە ماوەی 4 ساڵدا تۆمارکرا..................... 374
رووپێوی چالاکی قاوەخانەکانی ئەنتەرنێت بۆ ساڵی 2010.............................................. 375
رووداوە گیانیەکانی رۆژانی نەورۆز لە گەرمیان ............................................................... 375
رووداوەکانی رۆژانی جەژنی نەورۆزی 2013 لە رانیە ........................................................ 376
رووداوەکانی هاتوچۆی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم لە مانگێکدا .................................... 376
رووداوەکانی هاتووچۆ و رێژەی گیان لەدەستدان کەمیان کردووە .................................. 377
روونکردنەوەی وەزارەتی دارایی لەسەر مووچەی فەرمانبەران ......................................... 377
روونکردنەوەیەک لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە سەبارەت بە کۆبونەوەی 2013/6/30 ی پەرلەمان......................................................................................................... 378
رۆژانە پێنج هەزار کەس لە سوریاوە ئاوارە دەبن ............................................................. 379
رۆژانە نزیکەی 120 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم رەوانە دەکرێت....................................... 380
رۆژنیوز ئامارێکی مەترسیدار لەسەر رەوشی ژنانی سۆران ئاشکرادەکات............................ 381
رۆیتەرز: هەرێمی کوردستان ئەم برە نەوتەی لە دەرەوەی سۆمۆ فرۆشتووە ...................... 383
رێژە و ژمارەی پێکهاتەکانی جەلەولا و سەعدیە............................................................. 383
رێژەی ئاگرکەوتنەوە لە هەرێم کەمی کردوە.................................................................. 384
رێژەی بارانبارینی 24 کاتژمێری رابردووی هەرێمی کوردستان.......................................... 384
رێژەی بەشداربون لەدەنگدانی تایبەت زیاتر لە80% بوە ................................................ 385
رێژەی بەشداری کردنی هاوڵاتیان لە هەندێک لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان............. 385
رێژەی دەرچوونی زانستی و وێژەیی - 2014................................................................... 386

ڕێژەی دەنگ و کورسییەکانی هەدەپە لە سەرجەم شارەکانی باکووری کوردستان ............ 387
ڕێژەی دەنگدان زیاتر لە 73% بووە.................................................................... 388
ڕێژەی دەنگدانی تایبەت لەناوچەکوردییەکانی نەینەوا 85% بووە ........................... 388
ڕێژەی دەنگدانی شارەکانی هەرێم ..................................................................... 389
ڕێژەی دەنگی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی 1992، 2009 و 2013............................. 389
ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانی نوێی تورکیا............................................................... 390
ڕێژەی سووتاندنی دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتە (96) حاڵەت............. 390
ڕێژەی سەرپێچی کردنی شوێنە گەشتیارییەکان بۆ نیوە کەمی کردوە ....................... 391
ڕێژەی هەژاریی لە عیراق بۆ ئەم ئاستە بەرزبۆتەوە............................................. 392
ڕێژەی کوتانی منداڵان لە گەرمیان 108% بووە.................................................... 392
ڕێژەی ئاوارەکان لە هەرێم ئاشکرا دەکرێت .......................................................... 393
ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدان لە خانەقین و سەعدییە و جەلەولا و قەرەتەپە .................. 393
ڕێژەی جیابوونەوە لە سلێمانی زۆر زیادیکردووە.................................................. 394
ڕێژەی دەنگدانی تایبەت لە پارێزگاکانی هەرێم....................................................... 394
ڕێژەی مارەکردن کەمی کردووە و تەڵاق لەزیادبووندایە.......................................... 395
ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان ................................................................ 396
ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سووریا: زیاتر لە 101 هەزار کەس کوژراون......................... 396
ڕێکخراوی دۆر: بەرهەمی نەوتی هەرێم بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.................. 397
ڕەشەبا زیانی 90 هەزار دۆلاری بە جوتیارانی پشدەر گەیاند ................................... 398
ڕەوشی کەشوهەوا و پلەی گەرمای شارەکانی هەرێم.............................................. 399
زانکۆی سلێمانی لە ریزبەندی 8555ی جیهاندایە .................................................. 399
زانیاری لەسەر بودجەی چوار ساڵی رابردووی پارێزگای سلێمانی ئاشکرا دەبێت .............. 399
زانیاری نوێ لە سەر میلاکی دامەزراندن............................................................. 401
زانیاری ورد لە بارەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی تورکیاوە..................................... 402
زانیاریو ئامار لەبارەی ئاسایشی کوردستانی رۆژاڤاوە ........................................... 407
زۆربوونی ژمارەی دەنگدەر لە باشووری کوردستان ............................................... 410
زۆرینە دەڵێن بەرهەم ساڵح.............................................................................. 410
زۆرینەی بەشداربووانی راپرسییەکەی رووداو متمانەیان بە ئیسرائیلە ........................ 411
زۆرینەی کاندیدەکان بۆ پرکردنەوەی کورسی پەرلەمانی داهاتو رۆژنامەنوس و نوسەر و شاعیر و چالاکوانانی مەدەنین.............................................................................. 411
زۆرینەی ژنە قوربانیەکانی توندوتیژی خوێندەوارن و لەنێوان 20 بۆ 40 ساڵیدان .................. 412
زیاتر لە 100 کۆمپانیای بەریتانیا لەهەرێم سەرمایەگوزاریی دەکەن............................ 414
زیاتر لە 20 گەنجی کورد لەنێو حەشدی شەعبیدا بوونەتە قوربانی ............................ 414
زیاتر لە 25 هەزار لە کوردانی خۆرئاوا لە باشورەوە گەڕانەوە زێدی خۆیان ................... 415
زیاتر لە 30 هەزار فەرمانبەری سێ وەزارەت پروانامەیان نییە.................................. 416
زیاتر لە 300 شوێنی گەشتیاری و میلی موڵەتی کارکاردنیان پێدراوە بۆ مانگی رەمەزان...... 416

زیاتر لە 300 کێڵگەی مینی هەولێر نیشانە دەکرێن.......................................................... 417
زیاتر لە 34 هەزار کرێکاری بیانی هێندراونەتە هەرێمی کوردستان........................................ 418
زیاتر لە 35 هەزار دەنگی کورد لەکەرکوک فەوتا........................................................... 419
زیاتر لە 450 کەس ناوی خۆیان لە عەرەبیی و فارسیەوە بە ناوی کوردی گۆڕیووە .............. 419
زیاتر لە 50 جار بۆرییەکانی نەوتی کەرکوک- جەیهان کراونەتە ئامانج ............................... 420
زیاتر لە 600 سواڵکەر دەستگیر کراون ......................................................................... 420
زیاتر لە 750 کەس گیانی لەدەستداوە .......................................................................... 421
زیاتر لە 80 هەزار گەشتیار سەردانی پارێزگای هەولێریان کردوە....................................... 422
زیاتر لە 80 هەزار کرێنشین لەکوردستاندا هەیە............................................................ 422
زیاتر لە 82 هەزار کادری حزبی خانەشین کراون ............................................................ 423
زیاتر لە 900 چەکداری داعش کوژران و دەیانی تر ژەهراویی بوون ..................................... 424
زیاتر لە نیوەی پارەی هەرێم بۆ ئە و کارمەندانەیە کە موچەکانیان زیاترە لە ملیۆن و نیوێک... 425
زیاتر لەدوو هەزار کۆمپانیای بیانی لەکوردستانن ........................................................... 425
زیاترلە 2200 خێزان لە ئەنبارەوە هاتونەتە کەرکوک....................................................... 426
زیاترلە 300 سکاڵا لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان گەیشتووەتە کۆمسیۆن............................ 427
زیاد لە 100 هەزار هاوڵاتی مردووی هەرێم لەتۆماری دەنگدەراندا نەسڕدراونەتەوە ............ 427
زیادبون و کەمکردنی دەنگی لیستەکان......................................................................... 428
زیانی هەرێم لەدابەزینی نرخی نەوت لەیەک مانگدا 852 ملیۆن دۆلار بووە ......................... 428
زیانە گیانی و مادەیەکانی بۆردومانی فرۆکەکانی تورک بۆ سەر بناری قەندیل ...................... 429
زیانەکانی داعش لە سەرەتای بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانەوە ....................................... 431
زیانەکانی مادییەکانی سوریا گەیشتە (7.5) ملیار دۆلار.................................................... 431
ژمارەی ئاوارەکان سێ ملیۆنی تێپەڕاندووە.................................................................... 432
ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان دوو ملیۆن کەسی تێپەڕاند.................................. 432
ژمارەی ئاوارەکانی سۆران لە 16 هەزار تێپەڕدەکات....................................................... 433
ژمارەی ئاوارەکانی هەرێم دوو ملیۆنی تێپەڕاند............................................................... 433
ژمارەی ئاوارەکانی کۆبانێ گەیشتووەتە 173 هەزار کەس ................................................ 434
ژمارەی ئەو ئاوارانەی روویان لە سلێمانی کردوە ئاشکرا کرا ............................................ 434
ژمارەی ئەو خۆکوژانەی خۆیان تەقاندووەتەوە ئاشکرابوو............................................... 435
ژمارەی ئەو خێزانە ئاوارانەی ئەنبارو فەلوجە کە لە بانی مەقانەوە رویان لەهەرێمی کوردستان کردووە ................................................................................................................. 436
ژمارەی ئەو گەشتیارانەی رویان لەشاری سلێمانی کردووە ............................................... 436
ژمارەی ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون................................ 437
ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی خۆڵبارینەوە چونەتە نەخۆشخانە راگەیەندرا......................... 438
ژمارەی پاسەوانەکانی هەرێم......................................................................................... 438
ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان ............................................ 439
ژمارەی توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێم ئاشکرا کرا .......................................................... 439

ژمارەی حوکمدراوانی چاکسازییەکانی هەرێم ڕاگەیەندرا.................................................... 440
ژمارەی خوێندکارانی پۆلی نۆی بنەڕەتی کە بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کردووە لە ساڵی 2013 .......................................................................................................... 441
ژمارەی دانیشتووانی باشووری کوردستان ........................................................... 441
ژمارەی دانیشتووانی عیراق، چەند دەبێت؟........................................................... 442
ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێم دوو هەزاری تێپەڕاندووە ................................... 442
ژمارەی سەربازو چەکەکانی تورکیا لەناو خاکی هەرێم ................................................ 443
ژمارەی عومرەکارانی هەرێم 30 هەزار کەسی تێپەڕاند .................................................. 445
ژمارەی قەوارە و پاڵێوراوانی بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئاشکرا کرا ............................................................................................................. 446
ژمارەی مامۆستا و خوێندنگا وخوێندکارانی هەرێم..................................................... 447
ژمارەی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان پێنج هەزار تێپەردەکات...................................... 447
ژمارەی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان لە 4880 مزگەوت تێپەڕیکرد ................................. 448
ژمارەی کادرانی مووچەخۆری حزبەکان لە حکومەتدا.................................................. 448
ژمارەی کوردە جوولەکەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .................................................. 449
ژمارەی کورسی لایەنەکان و کاندیدە دەرچووەکانی هەرێم............................................. 449
ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی ......................... 450
ژمارەی کوژراوانی جەنگی سوریا گەیشتە 130433 کەس.............................................. 451
ژمارەی کۆتایی پێشێلکاریەکانی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ئاشکرا کرا ......................... 451
ژمارەی ئەو ئێزدیانەی لەدەست چەکدارانی داعش رزگاریان بووە زیادیکردووە....................... 452
ژمارەی گەنجە کوژراوەکانی هەرێم لە سوریا گەشتە 33 کەس ........................................ 453
ژمارەی کورسی لایەنە کوردییەکان لە پارێزگای نەینەوا.............................................. 453
ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک ........................................... 454
ژمارەی کورسییەکانی هەر پارێزگایەک بۆ پەرلەمانی عیراق و ئامارەکانی هەڵبژاردن ......... 455
سامانە سروشتیەکان پری بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و پاڵاوتنی نەوتی لە 2003 ەوە تاکو 2013 ڕاگەیاند......................................................................................................... 456
ساڵ بەساڵ ڕێژەی توشبون بەنەخۆشی شێرپەنجە زیاد دەکات........................................ 457
ساڵانە 20 ملیۆن مریشک لەسلێمانی بەرهەم دەهێنرێت................................................ 458
ساڵانە 2000 حاڵەتی نوێی شێرپەنجە لەیەک نەخۆشخانە تۆمار دەکرێت ............................ 459
ساڵانە بەرێژەی 6.5% شمەک و خۆراک لەکوردستان گران دەبێت .................................. 460
ساڵانە حکومەتی هەرێم شەش ملیار دۆلاری لە مەرزەکان دەستدەکەوێت.......................... 461
ساڵانە لە کوردستان 110 هەزار تۆن مریشک دەخورێت ............................................... 462
ساڵانە ملیارێک دینار دەدرێت بەکرێی بینای 45 فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان .......... 463
ساڵی 2008 بەرزترین ڕێژەی گەشەکردنی گەشتیارانی تیا تۆمارکراوە .............................. 464
ساڵی 2012 حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشیی ئایدز لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە ...... 465
ساڵی 2012، 57 کرێکار لەکاتی کارکردندا گیانیان لەدەستداوە......................................... 465

ساڵی 2013، 186 هەزار گەشتیار هاتۆتە هەرێمی کوردستان........................................... 466
ساڵی 2014 زیاتر لە 32 هەزار کەس لەسوریا کوژراون ..................................................... 466
ساڵی 2014 نزیکەی 800 پێشمەرگە شەهید بووە ........................................................ 467
ساڵی 2020 داهاتی نەوتی کوردستان دەگاتە چەند؟..................................................... 467
ساڵی رابردوو 17 هەزار ماڵ و دوکان ئاویان بە فیڕۆداوە...................................................... 468
ساڵی رابردوو 50 ئافرەت لەهەرێمی کوردستان کوژراون ....................................................... 468
ساڵی رابردوو لە دادی پزیشکی سۆران پشکنین بۆ 49 مردوو کراوە................................. 470
ساڵێک لە ئەزموونی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بێوێنە لە شاری پزیشکیی فاروقFMC .. 470
سلێمانی ... ساڵی رابردوو (11) قوربانی مین هەبووە.......................................................... 472
سلێمانی پلەی یەکەمی لەهاتنی گەشتیاراندا بەدەستهێنا................................................... 473
سلێمانی زۆرترین بارانی لێباریوە........................................................................................ 473
سلێمانی: تێچوی نەورۆزی ئەمساڵ 500 ملیۆن دینارە ...................................................... 474
سلێمانی: رێژەی بەشداری دەنگدانی تایبەت93%ە............................................................. 474
سلێمانی: لە 2014 زیاتر لە 1000 کەس حوکمدراون ............................................................ 475
سلێمانی: لە 3 رۆژی پێش جەژندا زیاتر لە 6 هەزار سەر ئاژەل سەرپردراوە.......................... 476
سلێمانی، 40 هەزار پەنابەر لە سلێمانی نیشتەجێن ........................................................... 476
سلێمانی.. 10 حاڵەتی توندوتیژی سێکسی تۆمارکراوە........................................................ 477
سلێمانی.. 10 کافتریاو یانەی شەوانە داخراون ................................................................... 478
سلێمانی.. 16 شوێن و دوکان داخراون................................................................................. 479
سلێمانی.. 26 شوێن بەهۆی سەرپێچییەوە داخراون............................................................ 479
سلێمانی.. 360 هاوڵاتی بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج بەڕێدەکەون ................................. 480
سلێمانی.. سەدا 61 ی باڵەخانەکان مەرجی سەلامەتیان تێدایە ........................................ 481
سلێمانی.. هەر خێزانێک لە یەکساڵدا 430 لیتر نەوت وەردەگرێت ..................................... 481
سلێمانی.. هەزار و 500 ئاوارەی مەسیحی نیشتەجێن ....................................................... 482
سلێمانی: 2554 منداڵ لەدایکبوە و 1014 کەسیش مردون ................................................ 483
سلێمانی: 39% باڵەخانەکان مەرجی سەلامەتیان تێدا نییە................................................. 483
سلێمانی: 75% کارگەکانی کەرەستەی بیناسازی پابەندن بە رێنماییەکانەوە ..................... 484
سلێمانی: بەهۆی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە 20 کەس برینداربون......................................... 485
سلێمانی: بەهۆی تەزوی کارەباوە کرێکارێک گیان لەدەستدەدات....................................... 485
سلێمانی: پێنج کورەی خەڵوز و دوو کارگە داخراون ........................................................... 486
سلێمانی: تا ئێستا حەوت هەزار کەس فۆرمی زیندانی سیاسیان پرکردوەتەوە و تەنها 1500 کەسیش پشت راستکراونەتەوە.................................................................................. 486
سلێمانی: دەستبەسەر زیاد لە 580 تەن خۆراکی خراپ و نەشیاو دا دەگیرێت....................... 487
سلێمانی: رۆژانە پێوستی بەزیاتر لە 90 تەن گۆشت هەیە.................................................. 488
سلێمانی: رێژەی توشبوان بەنەخۆشی شەکرە بەرەو زیادبون چووە.................................... 488
سلێمانی: زیاتر لە سێ تەن دەرمان و مادەی هۆشبەر لەناو بران ...................................... 489

سلێمانی: لەشەش مانگی رابردو 10 حاڵەتی لەدایکبونی منداڵی سیانە تۆمارکراوە.......... 489
سلێمانی: لەشەش مانگی رابردودا 107 کەس بەروداوی ئوتومبیل گیانیان لەدەستداوە..... 490
سلێمانی: لەم مانگەدا رێژەی خوێن بەخشین کەمیکردوە..................................... 490
سلێمانی: لەمانگی رابردودا 171 ماڵ ئاوی خواردنەوەیان پڕاوە ................................ 491
سلێمانی: لەماوەی 2 مانگدا 7 کرێکار گیانیان لەدەستداوە ..................................... 492
سلێمانی: هاتنی گەشتیاران روی لەزیادبون کردوە ............................................ 492
سلێمانی، لەسەرەتای رەمەزانەوە تاوەکو ئەمڕۆ 125 تۆمەتبار دەستگیرکراون ................ 493
سوریا.. لەسەرەتای ئەمساڵەوە 1917 زیندانی لەژێر ئەشکەنجەدا مردون ....................... 493
سوید.. ئەنجامی دەنگەکانی گۆران و یەکێتی و پارتی............................................ 495
سکای نیوز: نرخی خانوبەرە لە کوردستان 50% دادەبەزێت ..................................... 496
سۆران : ئەمساڵ 268 کەس دەچنەماڵی خوا .................................................... 496
سۆران: لەماوەی شەش مانگدا روداوەکانی هاتوچۆ 135 هاوڵاتی کردوەتە قوربانی........... 497
سۆران، زیاتر لە 200 کور و کچی شەهید دیاریی هاوسەر گیریان وەرگرتوە ...................... 497
سی ئای ئەی ژمارەی چەکدارانی داعش ئاشکرا دەکات............................................ 498
سێ هەزار خوێندکاری ئەنبار لە کوردستان دەخوێنن.............................................. 498
سێ کرێکاری تر لە هەولێر گیانیان لەدەست دا..................................................... 499
سێیەم حاجی هەرێم لە سعودیە کۆچی دوایی کرد................................................. 500
سەدا 90ی پێنجوێن لە مین و تەقەمەنی پاک نەکراوەتەوە........................................ 500
سەرۆکایەتی پەرلەمان لەساڵی 2013 زیاد لە 36 ملیار دیناری خەرجکردووە.................. 501
سەرۆکی شارەوانی سوری ئامەد ئاشکرای دەکات تائێستا 38 سەرۆک شارەوانی کورد لەزیندانەکانی تورکیادا ماونەتەوە ........................................................................ 501
سەرۆکی دەستەی دەسپاکی: لەحەوت مانگدا 100 سکاڵامان لەسەر گەندەڵی بۆ هاتوە. 502
سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە ئاماری کاروچالاکیەکانی دەخاتەڕوو .............................. 503
سەرەڕای بارانی زۆر، ئاوی بەنداوی دوکان کەمی کردووە ........................................ 503
سەعدییە و جەلەولا... تەرمی 12 پێشمەرگە دۆزراونەتەوە........................................ 504
سەعدیە؛ تەنها ئەم مانگە 100 خێزان ئاوارەبوون ................................................. 505
سەنتەری میترۆ ئاماری پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنانووسان رادەگەیەنێت........................... 506
سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەروونی کەلار، پێشوازی کردووە لە 540 نەخۆش ........... 507
سەندیکای رۆژنامەنووسان راپۆرتی شەش مانگی پێشێلکارییەکانی بڵاو دەکاتەوە............. 508
سەندیکای رۆژنامەنووسان: لە 10 رۆژدا لە هەولێر 3 حاڵەتی هەڕەشە و توندوتیژی ئەنجام دراوە ............................................................................................................. 509
سەندیکای رۆژنامەنووسان ئاماری پێشێلکارییەکان بڵاودەکاتەوە................................ 509
سەیرانی ئەمساڵ هەزارانە دەبێت....................................................................... 510
شاری کرماشان 3500 حاڵەتی ئایدزی تێدایە....................................................... 512
شارەزوور، پرۆژەکانی ساڵی ئایندەی راگەیاند....................................................... 513
شارەزوور، لەمساڵدا 21 تەن خواردن و خواردنەوە سوتێنراوە ................................... 513

شارەوانی سلێمانی: زیانی شەڕە ئاوەکە 500 ملیۆن دینارە ........................................... 514
شۆڕشی سێکسی هەڕەشە لەعەرشی حوکمی ئاینی دەکات ........................................ 514
شەقڵاوە؛ لە شەو و رۆژێکدا حەوت کەس بونە قوربانی............................................. 516
شەهیدانی گوندی قاڕنێ............................................................................. 516
عیراق زۆرترین خەرجی سەربازیی لەناوچەکەدا تۆمارکردووە ........................................... 517
عیراق لە ململانێی نەوتدا لەگەڵ هەرێم 16 ملیار دۆلار زیانی پێگەیشتووە ........................... 518
عیراق.. 30 هەزار قوربانی لەسەرەتای ئەمساڵەوە ........................................................ 519
عیراق: مانگی رابردوو 2032 کەس کوژراو و برینداربوون ................................................. 520
عیماد ئەحمەد : لە سلێمانی 225 پرۆژەی جۆراوجۆر بە پری 10 ملیار دۆلار جێبەجێکراون ... 520
فاروقی مەلا مستەفا: ژمارەی بەشداربووانمان گەیشتۆتە زیاتر لە یانزە ملێۆن.................... 521
فرۆشی کارگەکانی چیمەنتۆ بۆ 75% دابەزیوە ............................................................ 522
فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ئاماری 2013ی خستەڕوو............................................. 523
قایمقامی هەڵەبجە: 30 تا 40 گەنجی سنوری هەڵەبجە چونەتە سوریا............................. 524
قایمقامییەتی سلێمانی داهاتی غەرامەی مانگی شوباتی 2015ی راگەیاند .......................... 525
قایمقامیەتی سلێمانی ئاماری کار و چالاکییەکانی بڵاودەکاتەوە ....................................... 525
قوربانیان و ئاوارەکانی شۆڕشەکەی سوریا 4 ملیۆنی تێپەڕاند ......................................... 526
قوربانیانی روداوەکانی مین کەمیکردوە ..................................................................... 527
قوربانییانی رووداوەکانی هاتوچۆ لە کۆیە دوو هێندە زیادیکردوە ....................................... 528
قەرەتەپە.. 700 خێزان ئاوارە دەبن وشارۆچکەی سەعدیەش چۆڵ بوو.............................. 528
قەرەهەنجیر.. لە سێ مانگدا 105 کەس بەهۆی راوکردنەوە دەستگیرکراون........................ 529
قەڵادزێ، لەهەشت مانگی رابردو 176 حاڵەتی پێوەدانی مار و دووپشک تۆمارکراوە .......... 529
قەیرانی دارایی ئەم پرۆژانەی شارەوانی سلێمانی وەستاندووە.......................................... 530
گرنگترین ئاماری هاتوچۆی سلێمانی بۆ ساڵی 2013 ................................................. 530
گروپی ژیان: ژمارەی ئەو ژنانەی لە 23 ساڵی رابردوودا کوژراون، سێ ئەوەندەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەیە.................................................................................. 531
گواستنەوەی گشتی لەسلێمانی چۆنە؟.................................................................... 531
گوزەرانی نزیکەی نێوەی منداڵانی باکووری کوردستان لە دژوارترین ئاستدایە ..................... 532
گۆران شەش هێندەی جاران بودجەکەی زیادکرا........................................................ 532
گۆران لە چاو هەڵبژاردنی رابردودا چەندە زیادیکردوە............................................... 534
گۆران: لەسێ سەعاتدا زیاتر لە 45 هەزار بەرمیل نەوت دەنێردرێت بۆ ئێران..................... 534
گیان لەدەستدان و برینداربوون بە رووداوەکانی هاتوچۆ زیادی کردووە ............................ 535
گیرانی 72 سواڵکەر ........................................................................................ 535
گەرمیان ئاماری رووداوی هاتوچۆ و قوربانیانی نۆ مانگی بڵاو کردەوە.............................. 536
گەرمیان. 572 پرۆژەی خزمەتگوزاری لەماوەی چوارساڵدا جێبەجێکراوە ............................ 536
گەرمیان.. رێژەی گیان لەدەستدان و بریندار بوونی 2014 دەخرێتەڕوو............................ 537
گەرمیان... لە 2014 زیاتر لە 500 کەس بوونەتە قوربانی رووداوی هاتوچۆ......................... 538

گەرمیان: 2014 زیاتر لە300 فرۆشیار سزادراون .......... 539
گەرمیان: 457 راوچی دەستگیردەکرێت .......... 539
گەرمیان: 96 کەس بەمادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراون .......... 540
گەرمیان: تا دێت سەرپێچیکردن کەمدەبێتەوە .......... 541
گەرمیان: زۆرینەی ئەومندالانەی لەمسالدا لە دایکبوون کورن .......... 541
گەرمیان: لە یەک سالدا 32 حالەتی کوشتن و خۆکۆشتن تۆمار کراوە .......... 542
گەرمیان: هاتنی گەشتیاران بەرێژەی 50% کەمیکردوە .......... 542
گەرمیان: هەزار و 303 حالەتی نەخۆشی شەکرە هەیە .......... 543
گەرمیان، 46% ی هاولاتیان هێزە ئەمنیەکان بە هێزی نیشتیمانی نازانن .......... 544
گەرمیان، ئاماری کوشتن و خۆکوشتن وسووتانی ژنان بلاو دەکرێتەوە .......... 545
گەرمیان، دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنان پەرەی سەندووە .......... 545
گەشت و گوزاری سلێمانی ئاماری 7 سالی گەشتیارانی راگەیاند .......... 546
گەورەترین کارگەی ئاسنی رۆژهەلاتی ناوەراست لە سلێمانی دەکەوێتە کار .......... 546
گەورەترین کانگای زێری ئاسیای ناوەراست لەرۆژهەلاتی کوردستان کرایەوە .......... 547
لافاو زیانی 150 ملیۆن دینار لە هەلەبجە دەدات .......... 548
لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسان، نهێنیەکانیان ئاشکرادەکات .......... 549
لە 60% ژنانی کورد لە کەرکوک نەخوێندەوارن .......... 550
لە کەوتنی موسلەوە تائێستا، عیراق نزیکەی 75 هەزار قوربانی داوە .......... 551
لە 20%ی بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر پۆلیسی فریاکەوتنن .......... 552
لە هەرێمی کوردستان 5 پەیمانگای زانستی ئیسلامی هەن کە یەکیان ئێوارانە، زیاتر لە سێ هەزار و 616 قوتابی تێیدا دەخوێنن .......... 552
لە هەرێمی کوردستان دەنگدانی گشتی بۆ پرکردنەوەی 111 کورسی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکرد .......... 552
لیژنەی ئەمنی سلێمانی: بەهۆی داپۆشینی تابلۆکانیان 40 ئۆتۆمبێل و 20 ماتۆرسکیل دەستبەسەرکراون .......... 553
لیستی بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان .......... 554
لە (24) کاتژمێری رابردوو لە کوبانێ (72) چەتەی داعش کوژران .......... 555
لە 10 رۆژدا زیاتر لە 6 هەزار کەس دەگەرێنەوە بۆ کۆبانێ .......... 555
لە 10 سالی رابردوودا نرخی زەوی لە هەولێر 45 بەرابەر بووە .......... 556
لە 2 مانگ و نیوودا 32 هەزار کەس هەرێمی کوردستانیان جێهێشتوە .......... 558
لە 2007ەوە تا 2013 لە خانەقین 129 باخ لە سنووری شارەکەدا سووتاوە .......... 559
لە 2007ەوە عیراق حەوت تریلیۆن دینار قەرزاری پێشمەرگەیە .......... 559
لە 2013دا 60 هەزار کەس لەکوردستان سەفەری عومرە دەکەن .......... 560
لە 2013دا زیاتر لە 26 هەزار کەس لەعێراقدا کوژراون و برینداربون .......... 560
لە 2013ـەدا لە چۆمان بە گوژمەی 50 ملیار دینار پرۆژە خزمەتگوزارییەکان خراونەتە واری جێبەجێ کردن .......... 561

لە 24 کاتژمێری رابردوودا داعش 100 خانووی کاکەییەکانی تەقاندۆتەوە ............................ 562
لە 250 گەنجی کورد، تائێستا کەمتر لە 100 گەنجی هەرێم لەناو ریزەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، ماون ........................................................................................ 562
لە 3 مانگی یەکەمی 2013 نزیکەی 16 هەزار پێناس و نزیکەی 22 هەزار رەگەزنامە دەرهێنراون ........................................................................................................................ 563
لە 4 ساڵی رابردودا هێندەی 40 ساڵ ئۆتۆمبێل هاوردەی هەرێم کراوە ............................. 564
لە 40 رۆژدا 14 حاڵەتی کوشتن و خۆکوشتن لە راپەڕین تۆمارکراوە................................. 564
لە 6 ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵیی هەرێم، ملیۆن و نیوێکی زیادەڕەویی کراوەتە سەر ....... 565
لە 72 کاتژمێری رابردوودا لە سنووری سۆران 7 رووداوی ئاگرکەتنەوە تۆمار کراون ............... 566
لە 73%ی زەوییە مینڕێژکراوەکانی سلێمانی هێشتا پاک نەکراونەتەوە................................ 567
لە 8 مانگدا زیاتر لە 12 هەزار کەس لە کوردستانەوە چونەتە ئەوروپا .................................. 568
لە 89% دانیشتوانی کوردستان: گەندەڵی بۆتە دیاردە ....................................................... 568
لە 9 ساڵدا کورد 75 ملیار دۆلاری لە بەغداد وەرگرتووە....................................................... 569
لە 9 مانگدا زیاتر لە 5 هەزار توندوتیژی بەرامبەر ژنان ئەنجامدراوە................................... 569
لە ئامێدی نزیکەی نیومەتر بەفر باریوە............................................................................. 570
لە ئامەد 600 هەزار ئیمزا بۆ ئازادی ئۆجەلان کۆکراوەتەوە ................................................. 570
لە ئێستادا دوو هەزار و 300 رێکخراوی ناوخۆیی و بیانی و عیراقی لە هەرێمی کوردستان هەن ........................................................................................................................ 571
لە ئێستادا زیاتر لە 22 هەزار کارگەی پیشەسازی لە شار و ناوچە جیاجیاکانی هەرێمدا بەپێی مۆڵەتی رەسمی کاردەکەن ............................................................................................... 572
لە بۆنەکاندا کەمترین گەشتیاری بیانی روو لە پشدەر و بیتوێن دەکەن................................. 572
لە پشووەکانی نەورۆزی 2013دا 31 سەرپێچیکار دەستگیرکراون و هەشت کەس-یش لە خنکان رزگارکراون ...................................................................................................... 573
لە پێنج مانگی رابردوودا داهاتی فرۆشتنی چیمەنتۆ زیاتر لەچوار ملیار دینار بووە ................ 574
لە پێنجوێن و قەرەداغ 28 کەس دەستگیر دەکرێن ............................................................ 575
لە تەقتەق 2 هەزار و 55 تۆن بەروبومی خۆماڵی بەرهەم هاتووە ........................................ 576
لە چوار مانگی رابردوودا داهاتی پۆلیسی هاتووچۆی سلێمانی بەمشێوەیە بووە ............... 576
لە چەمچەماڵ 16 کەس بەهۆکاری جیاواز کوژراون............................................................. 577
لە چەمچەماڵ لە یەک مانگدا چوار کەس بە فیشەک کوژراون............................................ 578
لە حەوت مانگدا 48 کرێکار گیانیان لەدەستداوە............................................................... 578
لە دهۆک 19 کرێکار لە سەر کار گیانیان لە دەست داوە ...................................................... 579
لە دهۆک 258 هەزار منداڵ دەکوترێن ............................................................................... 579
لە دهۆک 31 هەزار خوێندکار بێبەشبوون لە خوێندن .......................................................... 580
لە دوای سلێمانی هەڵەبجە زۆرترین جیابوونەوەی هاوسەرگیریی بەخۆوە بینیووە.............. 580
لە دوایین شەپۆلی ئاوارەبووندا، زیاترلە 850 هەزار کەس هاتوونەتە کوردستان.............. 581
لە دوو رۆژدا 44 کەس دەستگیرکراون ................................................................................ 582
لە دوو مانگدا زیاتر لەحەوت هەزار هاوبەشی نوێ کارەبا لەسلێمانی وەردەگرن ............ 583

له دوو مانگی یەکەمی 2013دا 11 کرێکار کەمئەندام بوون ........................................................ 584
له دوو هەفتەدا 15 راوچی لە چیاکانی باڵەکایەتی دەستگیرکراون ........................................ 584
له دوو هەفتەدا بەپری زیاتر لە 8 ملیۆن دینار غەرامەی سەرپێچیکار کراوە ............................ 585
له دیاربەکر 13 هەزار و 23 قوتابی بۆ ساڵی نوێی خوێندن وانەی کوردییان هەڵبژارد .......... 586
له دەربەندیخان لە ماوەی 11 مانگدا حاڵەتی کوشتنی ژنان و خۆسوتاندن روینەداوە .......... 586
له دەڤەری راپەرین دەست بەسەر 113 ماتۆرسکیلدا دەگیرێت ............................................ 587
له دەڤەری سۆران 22 ئۆتۆمبێل و بەنزینخانەیەک سوتاون ............................................. 588
له رانیە 19 حاڵەتی پەلاماردانی پۆلیسی هاتوچۆ تۆمارکراوە ................................................ 589
له رۆژانی جەژن 316 هەزار گەشتیار سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە .................... 589
له رۆژانی جەژن 5 روداوی هاتوچۆ لەکەرکوک رویداوە .................................................... 590
له رۆژانی نەورۆزی 2013، 200 هەزار گەشتیار روویان لە هەرێم کردووە ............................. 590
له رۆژی دەستپێکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردنەوە پێشێلکاری بەرامبەر بە 40 رۆژنامەنوس کراوە ........................................................................................................ 591
له ساڵی 2008 تا کۆتایی 2013 لە سنووری سۆران 11 هەزار و 170 هاووڵاتی پێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتووە ........................................................................................ 595
له ساڵی 2012دا 89 ژن لە هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە و 357ی دیکەش سوتاون ........................................................................................................ 595
له ساڵی 2013 لە کۆشتارگەی سۆران 11 هەزار و 936 ئاژەڵ سەر براون ............................ 595
له ساڵی 2013ـەدا لە سنووری قەزاکانی سۆران 10 پیاو کوژراون ...................................... 596
له ساڵی 2014 کەمترین رێژەی توشبوون بە نەخۆشی سیل لە هەرێم تۆمارکراوە ............ 596
له ساڵی رابردوو بە پری زیاتر لە 8 ملیار دینار لە ناحیەی دیانا چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری خراونەتە واری جێبەجێ کردن ............................................................................ 597
له ساڵی رابردوو بە گۆژمەی زیاتر لە 10 ملیار دینار پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە خەلیفان خراونەتە واری جێبەجێ کردن ............................................................................ 597
له ساڵی رابردوو زیاتر لە 485 هەزار گەشتیار سەرەدانی شوێنە گەشت و گوزارییەکانی سۆرانیان کردووە .......................................................................................... 598
له سلێمانی 2 روداوی خۆخنکاندن تۆمارکراوە .................................................................. 598
له سلێمانی 67 مەلەوانگە سزادراون ............................................................................... 599
له سلێمانی تا ئێستا 143 تەن گەنم وەرگیراوە ................................................................ 599
له سلێمانی زیاتر لە 450 کۆمپانیای بیانی هەن ................................................................ 600
له سلێمانی لە ماوەی دوو مانگدا نزیکەی 14 هەزار تابلۆی ئۆتۆمبێل بە هاوڵاتیان دراوە ...... 601
له سلێمانی 34 هەزار کرێکاری دەستەبەرکراو هەن ............................................................ 601
له سنوری ڕاپەڕین ڕێژەی توندوتیژی خێزانی و خۆسووتاندنی ژنان زیادیکردووە ................ 602
له سنووری ئیدارەی راپەڕین نزیکەی 10 تەن لە گەنمی وەرگیراوی جوتیاران لە ناوەندی وەرگرتنی گەنم و جۆ لە ناحیەی چوارقورنە تەڕ دەبێت ................................................... 603
له سنووری هەرچوار قەزای سۆران 360 مزگەوت و 300 وتاربێژ بوونیان هەیە ................... 604
له سێ رۆژدا 12 رووداوی هاتووچۆ لە دهۆک روویداوە ...................................................... 604

لە سێ مانگدا 28 گەریلا و 66 سەربازی تورکیا کوژراون ........................................................ 605
لە سێ مانگی رابردوو هەشت هەزار پەنابەری خۆرئاوا روویان لە هەرێم کردووە............... 605
لە سەرپێچیدا سلێمانی لە ریزی پێشەوەی پارێزگاکانی دیکەیە.......................................... 606
لە شارەزوور 29 کەس بە مادەی هۆشبەرەوە گیراون........................................................ 607
لە شەش مانگدا 13 کەسی بەتۆمەتی کێشانی تلیاک دەستگیرکراوە.................................... 607
لە شەش مانگدا 19 پێشێلکاری بەرامبەر بەرۆژنامەنوسان کراوە ........................................ 608
لە شەش مانگدا زیاتر لە سێ هەزار منداڵ لە دایک دەبن ................................................. 608
لە شەش مانگی رابردودا 365 هەزار سەر ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان سەرپراون ........... 609
لە شەش مانگی رابردوودا لە کۆیە 15 کەس گیانیان لە دەست داوە .................................. 610
لە شەڕی نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و داعش کە 112 رۆژی خایاند، بەپێی ئامارەکانی روانگە 1313 چەکدار لە هەردوولادا کوژراون........................................................................................ 610
لە قەڵادزێ تا ئێستە 7 گەنجی ئەو شارە چوونەتە نێو داعش و 10 بەو تۆمەتە گیراون ........ 611
لە گەرمیان 23 کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە ........................................... 611
لە گەرمیان بازرگانیکردن بە گورچیلە زیادیکردووە ........................................................... 612
لە گەرمیان چارەسەر بۆ پەنجا و هەشت هەزار نەخۆش دەکرێت ....................................... 613
لە گەرمیان چواردە کەس دەخنکێن...................................................................................... 613
لە گەرمیان خۆراکی ماوە بەرچوو بەرەو نەمان دەڕوات....................................................... 614
لە گەرمیان دارستانی دەستکرد دروستدەکرێت..................................................................... 615
لە گەرمیان ژمارەی گیانلەدەستدان دوو هێندەی پاربووە .................................................... 615
لە گەرمیان لە دایکبوونی منداڵی نێر لە مێینە زیاترە ........................................................... 616
لە گەرمیان، توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کەمبووەتەوە و دەستدرێژی سێکسیش تۆمار کراوە .. 617
لە گەرمیان، دەستبەسەر کریستاڵ و حەشیشدا دەگیرێت ...................................................... 618
لە گەرمیان، کۆمپانیای قەیوان کارو پرۆژە خێرخوازی یەکانی بە داتا ڕاگەیاند...................... 618
لە مانگی ئابدا چەند شوێنی گەشتیاری سزادراون ................................................................ 619
لە مانگی ئابی ئەمساڵ چەند کوژراو و بریندار هەبووە؟........................................................ 619
لە مانگی تەممووزدا هاوڵاتیانی هەرێم چەند هەزار سەر ئاژەڵیان خواردووە ........................ 620
لە مانگی نیساندا ئەم ژمارە ماڵ و دوکانە سزادراون ............................................................ 621
لە مانگێکدا 17 حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی لە هەرێم تۆماردەکرێت.................................. 621
لە ماوەی 6 مانگی رابردوو زیاتر لە 52 تۆن زێر هاوردە کراوە............................................. 622
لە ماوەی چوار مانگدا، 80 کەس دژی گیرانی ئۆجەلان خۆیان سوتاندووە............................. 622
لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا 12 هەزار کەس هەرێمی کوردستانیان بەجێهێشتووە ....... 625
لە ماوەی حەوت مانگدا زیاتر لە 15 هەزار دۆنم پوش و پەڵاش سوتاوە.............................. 625
لە ماوەی حەوت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، 138 کەس لەهەردوو رەگەز، لە هەرێمی کوردستان خۆیان کوشتووە........................................................................................................ 627
لە ماوەی دوو مانگدا 13 ژن کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە................................................ 627
لە ماوەی زیاتر لە دوو هەفتە 90 چەکداری توندەڕە و لە خۆرئاوای کوردستان کوژراون ......... 628

لە ماوەی مانگی 4ی 2013دا 70 شوێنکار لە گەرمیان سزادراون ........................................ 628
لە ماوەی مانگی تەمموزی 2015 دا 825 ماڵ و دوکان و شوێنی گشتی بەهۆی بەفیڕۆدانی ئاواوە سزادراون ........................................................................................... 629
لە ماوەی یانزە مانگی رابردووی ئەمساڵدا دەستیان بەسەر زیاتر لە 500 تەن دەرمانی خراپدا گرتووە .............................................................................................................. 629
لە ماوەی یەک ساڵ نزیکەی یەک ملیۆن و 650 هەزار کەس لە تورکمان و کورد و عەرەب لە سووریاوە بۆ تورکیا هاتوون ..................................................................................... 630
لە مەهاباد زۆرتر پیاوان دەمرن ..................................................................................... 630
لە نەخۆشخانەی لە دایک بوون و منداڵانی سۆران ساڵی رابردوو نزیکەی 6 هەزار منداڵ لە دایک بوونە ................................................................................................................ 631
لە نەورۆزدا ئەم رووداوانە لە هەولێر روویانداوە ........................................................... 631
لە نەورۆزی 2013، بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە زیاتر لە 40 کەس بوونەتە قوربانی............... 632
لە هەر 100 هەزار کەسی کوردستان 96 کەس توشی شێرپەنجە دەبێت.......................... 632
لە هەرێمی کوردستان 117 هەزار هونەرمەند هەیە ........................................................ 634
لە هەرێمی کوردستان 141 ژن سووتاون و 63 ژنیش خۆیان سووتاندووە............................ 634
لە هەرێمی کوردستان 240 ژن کوژراون......................................................................... 634
لە هەرێمی کوردستان 562 پرۆژە دراونەتە دادگا............................................................ 635
لە هەرێمی کوردستان 650 توشبوی ئۆتیزم هەیە........................................................... 636
لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە پێنج هەزار کانیاو هەیە.................................................. 637
لە هەشت مانگی ئەمساڵدا 731 هاوڵاتی بە رووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە.... 638
لە هەولێر 122 شوێن بەهۆی پابەندنەبوونیان بە رێنماییەکان داخراون............................. 639
لە هەولێر 80 کەس خۆیان دەکوژن ............................................................................. 639
لە هەولێر زێر دەبێتە قۆندەرە ..................................................................................... 640
لە هەولێر کرێی خانوو ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات...................................................... 640
لە هەڵەبجە و شارەزوور زیاتر لە 700 منداڵی بێسەرپەرشت هەن..................................... 642
لە ورمێ 327 تووشبووی ئایدز هەن.............................................................................. 643
لە ڕۆژانی جەژندا 22 روداو لەسنوری ڕاپەڕین تۆمارکراون ................................................ 644
لە کاتژمێرەکانی یەکەمی ساڵی نوێدا 17 منداڵ لەسلێمانی لەدایکبون ............................. 644
لە کوبانێ زیاتر لە 65 هەزار ئاوارە تەنها لە 24 کاتژمێردا .............................................. 645
لە کەرکووک 213 سکاڵا دژی گێچەڵی سێکسی تۆمارکراوە............................................... 645
لە یەک مانگدا ئاگر زیانی زیاتر لە 600 ملیۆن دیناری بە ڕاپەڕین گەیاندووە...................... 646
لە یەکەم چوار مانگی 2013دا زیاتر لە 100 هەزار گەشتیار روویان لە سلێمانی کردووە....... 647
لە یەکەم ساتەکانی 2014دا 17 منداڵ لەسلێمانی لەدایکبون ........................................... 647
لە2013دا 500 شەبەک لەموسڵ کوژراون ..................................................................... 648
لە24 سەعاتدا 3 حاڵەتی مارپێوەدان لە سنوری سۆران تۆمار کراوە .................................. 649
لەئێران رێژەی لەسێدارەدان بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو زیاتر بووە ................................ 649

لەپاش روخانی بەعسەوە، زیاتر لە 500 کەس لەخورماتو کوژراون و زۆرینەشیان کوردن....... 650
لەپەروێزخان زیاترلە (470) تۆن خۆراکی ماوەبەسەرچوو دەستی بەسەرداگیرا ................. 651
لەترسی چەکدارانی داعش زیاتر لە 300 خێزان سەعدیە جێدەهێڵن ........................... 651
لەچوار ساڵدا 220 هەزار کەس لەسوریا کوژراون................................................ 652
لەچوار مانگدا ژنان 2153 سکاڵا تۆماردەکەن..................................................... 652
لەچوار مانگی رابردوو 37 هەزار کەس گەشتی عومرەیان بەجێهێناوە.......................... 653
لەدوای هاتنی داعش نۆ هەزار ئاوارە روویان لەسلێمانی کردوە ............................... 653
لەدوو مانگی رابردوودا، سلێمانی ئارامترین شار بووە.......................................... 654
لەدەنگدانی تایبەتدا گۆران یەکەم و پارتی دووەم................................................. 655
لەرۆژانی جەژندا 8 کەس لە هەولێر گیانیان لەدەستداوە ........................................ 655
لەرێژەی دەرچوندا سلێمانی لەسەر ئاستی هەرێم لەپلەی یەکەمدایە ............................ 656
لەزیندانی ورمێ (10) کەسی دیکە لەسێدارەدران................................................. 656
لەساڵی (2014) زۆرترین هاووڵاتی مەدەنی لە عێراق کراونەتە ئامانجی کردەوە تیرۆریستەکان ................................................................................................................... 657
لەساڵی رابردوو نزیکەی سێ هەزار کەس لە هەرێم گیانیان لە دەستداوە ..................... 657
لەساڵی 2014دا گەشتیارانی فڕۆکەخانەی سلێمانی بەڕێژەی 39% زیادیکردوە................. 658
لەسلێمانی 72 کەس دەبنە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ......................................... 659
لەسلێمانی 77 هاوڵاتی بە روداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە ............................... 660
لەسنوری پارێزگای سلێمانی 40 هەزار خوێندکار بۆ پۆلی یەک داخڵکراون..................... 660
لەسنوری پارێزگای کەرکوک 315 بنکەی دەنگدان کراونەتەوە .................................. 661
لەسنوری قەزای مەخموور دەنگدان بەمجۆرە بوو ................................................. 661
لەسوریا لەماوەی ساڵ و نیوێکدا (158) هەزار هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە ................. 662
لەسەدا 22ی ناوچە مین رێژکراوەکانی هەرێم پاککراوەتەوە ...................................... 662
لەسەرەتای ئەمسا ڵەوە (8) هەزار و (500) هاوڵاتی ئێراقی بوونەتە قوربانی توندوتیژییەکان ................................................................................................................... 663
لەسەرەتای ئەمساڵەوە 45 کرێکار لەهەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە ................. 664
لەسەرەتای ئەمساڵەوە 75 راوچی لەگەرمیان دەستگیرکراون.................................... 664
لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا، 884 کرێکاری بیانی ڤیزای بۆ کراوە.......................... 665
لەسەرەتای بانگەشەوە لەسلێمانی 50 ئۆتۆمبێل دەستی بەسەردا گیراوە ....................... 665
لەشەش مانگدا 194 کەس لەگەرمیان بونەتە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ..................... 666
لەشەوی سەری ساڵدا لە هەولێر، هاوڵاتیەک گیانی لەدەستدا و سیانی دیکەش برینداربوون ................................................................................................................... 667
لەفرۆکەخانەی سلێمانییەوە 85 کەس رەوانەی وڵاتەکانیان کراونەتەوە ......................... 667
لەم جەژنەدا زیاتر لە17 هەزار سەر ئاژەڵ لە سەنتەری پارێزگاکاندا سەرپردراوە ............ 667
لەم مانگەدا 420 تەن هاوکاری مرۆیی لە هەولێرەوە گەیێندراونەتە سوریا..................... 668
لەم هەفتەیەدا دوو کرێکار لەسلێمانی گیانیان لەدەستداوە....................................... 669

لەمانگی ئایار 800 کەس لە عێراق کوژراون ...................................................................... 669
لەمانگێکدا 30 کەس لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار مردوون ........................................ 670
لەمانگێکدا زیاتر لە سەدو شەست سواڵکەر لە سلێمانی دەستگیرکراون.......................... 670
لەماوەی (5) رۆژدا زیاتر لەهەزار هاوڵاتی ئاوارەی شاری عەفرین بوون ............................. 671
لەماوەی 2 ساڵدا 250 بەڵێندەر لە هەولێر و سلێمانی مایەپوچبوون.................................. 672
لەماوەی 2 مانگدا 2 هەزار و 396 کەس بەتۆمەتی پەکەکە و کەجەکە بوون دەستگیرکراون 672
لەماوەی 2 مانگدا 20 خۆپیشاندانو گردبونەوە ئەنجامدراوە.................................................. 674
لەماوەی 2 مانگدا هاوڵاتیانی کوردستان زیاد لە 15 ملیۆن دۆلاریان لەعومرەدا خەرج کردوە. 674
لەماوەی 24 کاتژمێردا 15 هاوڵاتی دەستگیر دەکرێن ........................................................ 675
لەماوەی 5 مانگدا 9 کرێکار گیانیان لەدەستداوە ................................................................ 676
لەماوەی 6 مانگدا 26 حاڵەتی پێشێلکاری دژی رۆژنامەنوسان تۆمارکراوە ............................ 676
لەماوەی ئەمساڵدا 65 کرێکار گیانیان لەدەستداوە.............................................................. 677
لەماوەی ئەمساڵدا هەزار و 400 رێکخراوی ناحکومی تۆمارکراون......................................... 677
لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن لە تورکیا 3 کەس کوژراون و 365 کەس دەستگیرکراون ...... 678
لەماوەی چوار رۆژدا 194 هەزار دۆنم پوش و پاوان سوتاوە ................................................ 678
لەماوەی دوو رۆژدا (7) هەزار پەنابەری شەنگال روو لەرۆژئاوای کوردستان دەکەن............. 679
لەماوەی دوو هەفتەدا 40 کەس لەسێدارە دراون ................................................................ 680
لەماوەی ساڵێکدا لەسلێمانی 155 بەکارهێنەر و بازرگانی مادە هۆشبەرەکان دەستگیرکراون ........................................................................................................................... 680
لەماوەی سێ مانگی رابردوودا 33 هەزار هاوڵاتی کورد عومرەیان کردوە .............................. 681
لەماوەی شەش مانگدا زیاتر لە 11 هەزار دۆنم پووش و پاوان سووتاوە ............................... 681
لەماوەی یەک مانگدا 233 شوێن غەرامە کراون ................................................................. 682
لەماوەی 12 مانگدا هەرێم 3 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار نەوتی فرۆشتوە............................... 683
لەماوەی پێنج رۆژدا زیاتر لە 14 ملیۆن دینار بۆ رۆژئاوای کوردستان کۆدەکرێتەوە................. 683
لەماوەی چوار مانگدا زیاتر لە شەش هەزار منداڵ لە سلێمانی لەدایکبوون.......................... 684
لەمساڵدا 150 سەرپێچیکار سزادراون................................................................................. 686
لەمساڵدا 184 رووداوی هاتوچۆ لە سنوری راپەڕین تۆمارکراوە............................................. 687
لەمساڵدا 62 کۆمپانیا و خاوەن پرۆژە دراونەتە دادگا............................................................. 687
لەمساڵدا چاندنی گوێ بۆ ئەم ژمارە نەخۆشە کراوە.............................................................. 688
لەمساڵدا حەوت کەس لەسنوری ڕاپەڕین خۆیان کوشتووە.................................................... 688
لەمیانەی هەڵبژاردندا 15 پێشێلکاری بەرامبەر بەرۆژنامەنوسان تۆمارکراوە .......................... 689
لەناو شارەکانی هەرێمدا بەفر بارین دەستی پێکرد................................................................ 690
لەنەخۆشخانەی ئاڤرین زیاتر لە (50) هەزار نەخۆش چارەسەریان بۆکراوە............................ 691
لەهەرێمدا ساڵانە نزیکەی هەزار کەس بەروداوی هاتوچۆ گیان لەدەستدەدەن....................... 692
لەهەرێمدا نرخ بەرێژەی 6.5% بەرزبۆتەوە............................................................................ 693
لەهەرێمی دێرک (3) هەزار بەشداری خولی فێربوونی زامانی کوردبوون ................................ 694

لەهەرێمی کوردستان ئەم ژمارە حاجییە دەچن بۆ حەج - 1015 ........................................... 695
لەهەرێمی کوردستان توشبون بەنەخۆشی شەکرە لەزیادبونێکی مەترسیداردایە.............. 695
لەهەرێمی کوردستان زیاتر لە 11 هەزار کەس لەنێو گرتووخانەکاندان ........................... 697
لەهەرێمی کوردستان زیاتر لە 100 سندوق قردێلەی سوریان لێ دەدرێت .......................... 697
لەهەولێر ڕێژەی گیان لەدەستدانی کرێکاران کەمی کردووە................................................ 698
لەهەڵمەتێکی تەندروستیدا 800 هەزار منداڵ دەکوترێن ................................................. 699
لەکۆی 413 بەندکراوی نەخۆشی سیاسی کورد لەزیندانییەکانی تورکیا 120یان لەسەرەمەرگدان ................................................................................................................. 699
لەکەرکوک 85 ئافرەت خۆیان بۆ پەرلەمانی عێراق کاندیدکردوە ................................... 699
لەیەک ساڵدا لەهەولێر 88 کچ دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر .............................. 700
لەیەک مەرزەوە زیاتر لە شەش هەزار و 600 تەن هێلکە هاوردەی هەرێم کراوە ............ 701
مادەی هۆشبەر تەشەنەی کردوە بۆ نێو خوێندنگەکانی کەرکوک..................................... 702
مافی مرۆڤ: زیاترلە 18%ی دانیشتوانی عیراق لەژێر هێڵی هەژارییەوەن........................ 703
مانگانە 141 ملیۆن دینار دەدرێت بەم شوێنانە................................................................ 703
مانگانە 250 ملیۆن جگەرە دەکێشرێت لە سلێمانی........................................................ 704
مانگانە زیاتر لە 2 تەن و 500 کیلۆ ئاڵتون دەهێنرێتە سلێمانی...................................... 704
مانگی 1ی 2013، 403 منداڵ لە سۆران لەدایکبووە........................................................ 705
محەمەدی حاجی مەحمود ئاماری شەهید و بریندارەکانی پێشمەرگەی ئاشکراکرد ........... 705
محەمەدی حاجی مەحمود: 150 هەزار دۆنم زەویمان گەڕاندووەتەوە سەر کەرکوک........... 706
ملیاردێرەکانی کوردستان چەند کەسن و سەرمایەکیانیان چەندن؟.................................. 706
ملیۆنێک و 300 هەزار ئۆتۆمبێل لە کوردستان دەکوژێندرێنەوە .................................... 709
موچەی یەک مانگی وەزارەتی ناوخۆ زیاترە لەموچەی 19 وەزارەت و دەستە....................... 710
موسڵ.. لە ماوەی ئەمساڵدا 714 کەس کوژراون ............................................................. 710
موسڵ، دوو کوردی شەبەک کوژران................................................................................... 711
موسڵ، لەماوەی یەک هەفتە سێ کوردی شەبەک کوژراون ............................................... 712
میترۆ ئاماری پێشێلکارییەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان بڵاو دەکاتەوە ............................. 712
میسر قەبارەی بازرگانی خۆی لەگەڵ هەرێم ئاشکرا دەکات............................................... 713
مین زیاتر لە 14 هەزار هاوڵاتی هەرێم دەکاتە قوربانی ..................................................... 713
مین و بۆمبی چێنراو ئەم ژمارە خەڵکەی شەهید کردووە .................................................... 714
مەترسییەکی گەورە لەسەر سلێمانی ئاشکرا دەبێت .......................................................... 715
نارێکییەکانی دەنگدەرانی سلێمانی لەگەڵ هەولێر و دهۆک بەئامار ................................. 716
ناشتنی هەر تەرمێکی داعش 300 هەزار دەکەوێ.............................................................. 717
ناو و ژمارەی سەرجەم کاندیدە دەرچووەکان ...................................................................... 717
ناوچە داپڕێندراوەکان.. داعش 700 ملیار دینار زیان لە جووتیاران دەدات ........................ 718
ناوچەی باڵەکایەتی لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر بەمەترسیدارترین ناوچە دادەنرێت و زۆرترین کێڵگەی مین ڕێژکراوی لێیە...................................................................... 718

ناوی خوێندکارە یەکەمەکانی بەشی زانستی - 2014 .......... 719
ناوی خوێندکارە یەکەمەکانی بەشی وێژەیی - 2014 .......... 719
ناوی دە قوتابخانەی یەکەم لەسەر ئاستی هەرێم لە قۆناغی ئامادەیی وێژەیی - 2014 .......... 720
ناوی ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی چاودێری کۆمەڵی ئیسلامی و ژمارەی دەنگەکانیان .......... 720
ناوی خوێندکارە یەکەمەکانی پۆلی 9 لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان .......... 721
ناوی سەرجەم یەکەمەکانی 12ی ئامادەیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان - 2014 .......... 723
ناکۆکییە نەوتییەکەی نێوان هەولێر و بەغدا بە ژمارە .......... 724
نرخی ئاو لە کوردستان هەرزانترین نرخە لە جیهان .......... 725
نرخی ئەمپێری کارەبای موەلیدە ئەهلیەکان زیادکرا .......... 726
نرخی دراو و زێڕ و خۆراک لە بازاڕی سلێمانیدا .......... 726
نرخی مریشک دادەبەزێت بۆ نزمترین ئاست لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا .......... 727
نرخەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان بۆ مانگی ئاب/2014 .......... 727
نرخەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان بۆ مانگی ئەیلول/2014 .......... 728
نرخەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان بۆ مانگی تەمموز/2014 .......... 728
نرخەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان بۆ مانگی کانوونی یەکەم ساڵی 2014 .......... 728
نزیکەی 12 هەزار خێزانی ئاوارە لە گەرمیان بوونی هەیە .......... 729
نزیکەی 150 رۆژ پشوو هەیە لە ساڵێکدا .......... 729
نزیکەی 2 ملیۆن هاوڵاتی هەرێمی کوردستان خوێندکارن .......... 731
نزیکەی 20 هەزار گەشتیار هاتونەتە گەرمیان .......... 732
نزیکەی 200 حاڵەتی توندوتیژی دژبەژنان تۆماردەکرێت .......... 732
نزیکەی 250 هەزار کرێنشین لە هەرێمی کوردستان هەیە .......... 733
نزیکەی 26 تۆن مادەی هایدرۆکسید گەڕێنرایەوە بۆ ئێران .......... 734
نزیکەی 300 هەزار هاووڵاتیی موسڵ ئاوارەی هەرێم بوون .......... 734
نزیکەی 500 پیاو ژنی دووەمیان مارەکردوە .......... 735
نزیکەی 90%ی بەشداربوانی راپرسییەک لەسەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە ناڕازین .......... 735
نزیکەی 95% مەلاکان لەتاقیکردنەوەدا کەوتن .......... 736
نزیکەی سێ هەزار چەکداری داعش لەکۆبانێ کوژراون .......... 737
نزیکەی ملیۆنێک و 400 هەزار ئاوارە لە باشووری کوردستان دەژین .......... 737
نزیکەی یەک ملیۆن مەسیحی عیراقیان جێهێشتووە .......... 738
نزیکەی 1000 شەڕڤانی ژن لەبەرەکانی جەنگدان لەکۆبانێ .......... 738
نزیکەی 110 هەزار کەس لە پارێزگای سلێمانی بێکارن .......... 739
نزیکەی 160 هەزار مەسیحی ئاوارە بوون .......... 739
نزیکەی 300 خوێندنگا و پەیمانگەی ئەهلی لەهەرێم هەیە .......... 740
نوسینگەی کۆیەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ئاماری 2013 رادەگەیەنێت .......... 741
نوێترین ئاماری ئاوارەکانی سوریا لە هەرێم راگەیەنرا .......... 741

نوێترین ریزبەندی بۆ ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ................................................ 742
نوێترین زانیاری و داتای رەسمی لەبارەی ئاست و قازانج و داهاتی نەوتی کوردستانەوە .... 742
نوێترین ژمارەی ئاوارە، لەسنوری پارێزگای سلێمانی.................................................... 744
نیشانەکانی درککردن بە گەندەڵی لە عێراق 2003-2013 ................................................ 744
نیوەی دانیشتوانی سوریا بەڕەچەڵەک کوردن.................................................................. 744
نەبوونی مووچە قوربانیکردنیش کەمدەکاتەوە ................................................................. 745
نەبوونی سیستمی گلدانەوە 80%ی ئاوی بەفروبارانی هەرێم بەفیرۆ دەدات......................... 746
نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماری کوژراو و بریندارانی مانگی رابردووی عیراقی راگەیاند ............. 747
نەتەوە یەکگرتووەکان چەند ئامارێکی گرنگ و سەرسورهێن لەسەر سلێمانی ئاشکرا دەکات ............................................................................................................................... 748
نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی راستەقینەی ئاوارەکانی عیراق ئاشکرا دەکات ....................... 750
نەتەوە یەکگرتووەکان: جەنگی سوریا 11 ملیۆن کەسی ئاوارە کردووە.................................. 750
نەتەوە یەکگرتووەکان: ساڵی پار 28 هەزار عیراقی بوونەتە قوربانی...................................... 751
نەتەوە یەکگرتووەکان: لە ساڵێکدا 2 ملیۆن و 700 هەزار عێراقی ئاوارەبوون.......................... 751
نەتەوە یەکگرتووەکان: مانگانە 5000 کەس لە سوریا دەکوژرێن............................................ 752
نەتەوە یەکگرتوەکان: مانگی رابردو لە عێراق 761 کەس کوژراون.......................................... 752
نەتەوەیەکگرتووەکان: ژمارەی ئاوارەکانی سوریا سێ ملیۆنی تێپەڕاندووە .......................... 753
نەوتی هەرێم داخوازییەکی زۆری لەسەرە ........................................................................ 753
نەورۆزی 2015 بێ گەشتیار دەبێت..................................................................................... 755
نەینەوا، ئاماری رووداوەکانی مانگی رابردوو.......................................................................... 756
هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی لە زیادبووندایە ........................................................... 757
هاتنی گەشتیار بۆ هەرێم بەم رێژەیە کەمی کردوە............................................................. 758
هاتنی گەشتیار بۆ هەرێم کەمی کردوە ............................................................................. 759
هاتنی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان زیاد دەکات............................................................. 759
هاتنی گەشتیار و ئاوارە بۆ سلێمانی بەم جۆرە بووە ........................................................... 760
هاتنی گەشتیار کەمی کردووە ............................................................................................ 760
هاتنی گروپە گەشتیارییەکان بۆ کوردستان زیادی کردووە ................................................... 761
هاتوچۆی سلێمانی ئاماری رووداوەکانی یەکساڵ و ژمارەی ئۆتۆمبێل دەخاتەڕوو................ 762
هاتوچۆی سلێمانی ئامارەکانی 6 مانگی یەکەمی ساڵی 2015 ........................................... 762
هاتوچۆی هەولێر ئاماری رووداوەکانی شەش مانگی ئەمساڵ رادەگەیەنێت ........................ 763
هاتوچۆی هەولێر ئاماری رووداوەکانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ ئاشکرا دەکات....... 763
هاتوچۆی کۆیە ئاماری نۆ مانگی رابردوو رادەگەیەنێت......................................................... 764
هاتوچۆی هەرێم: رۆژانە (63) کەس لەهەرێمی کوردستان دەبنە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ ............................................................................................................................... 765
هاتوچۆی هەولێر ئاماری ڕووداوەکانی نەورۆزی ڕاگەیاند ................................................... 765
هاوپەیمانی کوردستانی خاوەنی 300 ملیار دۆلارە ............................................................ 766

هاوسەرگیری کەم و جیابونەوەی زۆر لە ساڵی 2014 دا.................................................... 767
هێشتا رووبەری 300 کیلۆمەتری چوارگۆشەی هەرێم لە مین پاک نەکراوەتەوە ................. 767
هێلی لۆڤ رێکۆردێکی نوێ تۆمار دەکات................................................................. 768
هەپەگە ئاماری سێ مانگی شەڕی باکوور و باشووری کوردستان ئاشکرا دەکات ............ 768
هەپەگە کوژرانی 44 سەربازی تورک رادەگەیەنێت ................................................ 770
هەر مانگێک لەسلێمانی 10 هەزار تۆن سەوزە دەخورێت ............................................ 770
هەر هاوڵاتیەک لە شەو رۆژێکدا پری (374 - 400) لیتر ئاو خەرج دەکات ............................ 771
هەرچەندە رێژەی بێکار بە 11% دانراوە، بەڵام ئێستا لە15%شی تێپەڕاندوە ...................... 772
هەرێم 27 ملیار زیانی بە فیدڕاڵ گەیاندووە............................................................... 773
هەرێم 9 ملیار دۆلار زیانی لە عیراق داوە ................................................................ 774
هەرێم بۆتە بازاڕێک بۆ ساخکردنەوەی کاڵاکانی ئێران و تورکیا.......................................... 775
هەرێم تا کۆتایی ئەمساڵ ئەم پڕە نەوتە هەنادە دەکات ................................................ 776
هەرێم رۆژانە بایی ئەم پڕە پارەیە بەنزین بەرهەم دەهێنێت .............................................. 777
هەرێم کوردستان خاوەنی 58 ملیار بەرمیلە نەوتە ....................................................... 778
هەرێم.. 2 هەزار و 400 رێکخراوی ناحکومی تۆمار کراوە ................................................ 779
هەرێم: 200 کۆمپانیای خۆماڵی نەوت دادەمەزرێن........................................................ 779
هەرێمی کوردستان بە پێی ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی لە پێش بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانەوەیە
........................................................................................................................ 780
هەرێمی کوردستان داوای بیست و چوار تریلیۆن دینار دەکات.......................................... 781
هەرێمی کوردستان سەدا 17ی نەوتی ئەم جێگایانە دەفرۆشێت......................................... 781
هەرێمی کوردستان هەشتەمی جیهانە لە یەدەگی نەوت و غاز........................................... 782
هەرێمی کوردستان.. رێژەی تەڵاق بەرزدەبێتەوە و هاوسەرگیری کەم دەکات...................... 785
هەرێمی کوردستان: ژمارەی رێکخراوە ناحکومیەکان دەگاتە زیاتر لە هەزار رێکخراو............. 786
هەرێمی کوردستان: لە 9مانگی رابردوودا، 44کەس بەهۆی (مین)ەوە کوژراون و بریندار بوون
........................................................................................................................ 787
هەرێمی کوردستان ئاستی فرۆشتنی نەوت زیاد دەکات.................................................. 787
هەرێمی کوردستان رۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوت هەنادە دەکات .................................. 788
هەرێمی کوردستان هەناردەی نەوت بۆ زیاتر لە 400 هەزار بەرمیل زیاد دەکات.................. 789
هەرێمی کوردستان... 30 ژن کوژراون و 41 ژنیش خۆیان کوشتووە................................... 789
هەژدە مەزارگە و شوێنی مێژوویی ئێزدی لەلایەن داعشەوە تێکدراون ............................... 790
هەشت هەزار ئاوارە لە ئەنبارەوە هاتونەتە هەرێمی کوردستان ......................................... 791
هەنارده و فرۆشتنی نەوتی عیراق و هەرێم لە سێ مانگی ئەمساڵدا..................................... 791
هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا دەبێتە 400 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا.............. 793
هەناردەی رۆژانەی نەوتی هەرێم دەگاتە نیو ملیۆن بەرمیل ............................................ 794
هەناردەی نەوتی خاوی هەرێم لە 2010دا زیاتر لە 27 ملیۆن بەرمیل بووە.......................... 794
هەناردەی نەوتی کوردستان دەبێتە 400 هەزار بەرمیلی رۆژانە ......................................... 795

هەناردەی رۆژانەی نەوتی هەرێم بۆ 650 هەزار بەرمیل بەرزبوەتەوە.................................... 795
هەناردەی رۆژانەی نەوتی کەرکوک بۆ زیاتر 350 هەزار بەرمیل زیاد دەکات........................... 796
هەناری هەڵەبجە بەشی کوردستان دەکات............................................................................ 796
هەندێک جۆری ماسی خۆماڵی مەترسی فەوتانی لەسەرە.................................................... 797
هەولێر 1200 شوێنەواری تێدایە......................................................................................... 798
هەولێر- لەرۆژانی چەژنی نەورۆزدا 3 کەس گیانی لە دەست داوە....................................... 800
هەولێر لەنیو مانگدا 33 کە بوونەتە قوربانی رووداوی هاتوچۆ.............................................. 800
هەولێر لەکوشتن و سلێمانیش لەدەستدرێژی سێکسی یەکەمن.......................................... 801
هەولێر.. 19 هاوڵاتی بەهۆی رووداوی هاتووچۆوە بریندار‌بوون ............................................... 802
هەولێر.. بەهۆی خراپی جۆری بەنزینەوە ژمارەیەک ئۆتۆمبێل سووتان.................................... 803
هەولێر.. لە ماوەی ساڵی رابردوودا 28 هەزار و 938 منداڵ لەدایکبوون.................................. 803
هەولێر.. هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بەسەر مامۆستایاندا دابەش کرا.................................. 804
هەولێر: 13 کەس بەهۆی رووداوی هاتووچۆ دەبنە قوربانی.................................................. 804
هەولێر: 67 هەزار هاوڵاتی فۆرمی وەرگرتنی یەکەی نیشتەجێبوونیان پر کردوەتەوە ........... 805
هەولێر: لە 6 مانگدا 26 ئافرەت کوژراون و 19 پیاویش خۆیان کوشتووە............................... 806
هەولێر: لە پێنج مانگدا بە رووداوی هاتوچۆ 46 کەس گیانیان لەدەستداوە .......................... 806
هەولێر: لە رۆژانی جەژن رووداوەکان کەمیکردووە و سەرپێچی زیادیکردووە........................... 807
هەولێر، لە جەژندا نزیکەی حەوت هەزار کەس سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە .......... 808
هەولێر؛ لەماوەی (10) مانگدا، (4135) کەس بونەتە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ............... 808
هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا بە ژمارە............................................................................... 809
هەڵبژاردنی پەرلەمان و پارێزگاکان، ئامار و زانیاری............................................................... 810
هەڵەبجە ساڵانە 20 هەزار تەن بەرهەمی هەناری هەیە........................................................ 811
هەڵەبجە کەمترین رێژەی توندوتیژی تێدا تۆمارکراوە............................................................. 812
هەڵەبجە: رێژەی بەشداریکردنی دەنگدانی تایبەت 93% بووە................................................ 813
هەڵەبجە، 85 بەرکەوتووی چەکی کیمیایی گیان لەدەستدەدەن.......................................... 813
هەڵەبجە؛ لە شەڕی داعشدا 18 پێشمەرگە شەهید بوون و 50 ی دیکەش برینداربون....... 814
هەڵەبجە... زیاترلە 21 هەزار دۆنم دارستان و گەنم و جۆ دەسوتێت ................................... 815
هەڵەبجەییەکی دیکە لە سوریا کوژرا................................................................................... 815
وردەکاری قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان..................................................... 816
ورمێ هەنگوینیترین پارێزگای ئێرانە..................................................................................... 817
وشیار بیاوێڵەیی: 3 تەن لوغمیان لێ دزیوم......................................................................... 818
وێنەکانی مالکی لەسەر شەقامەکان لەوێنەکانی سەدام زیاترن ........................................... 818
وەرگرتنی گەنمی جوتیاران لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین ........................................................ 819
وەزارەتی ئەوقاف ژمارەی حاجیانی ئەمساڵی هەرێم ئاشکرا دەکات ...................................... 820
وەزارەتی ئەوقاف: 50 فەرمانبەرمان چووەتە نێو داعشەوە .................................................. 821

وەزارەتی بازرگانی هەرێم: 730 هەزار تەن گەنمی خەزن کراو هەیە ................................. 821
وەزارەتی تەندروستی ژمارەی تووشبوانی نەخۆشی ئایدز لە هەرێم ئاشکرا دەکات .......... 822
وەزارەتی تەندروستی کۆتایی هاتنی هەڵمەتی کوتانی ڕاگەیاند ................................. 822
وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ژمارەی چەکدارانی داعش ئاشکرا دەکات ............................. 823
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڕی هەناردەی نەوتی مانگی ئاب ئاشکرا دەکات............ 824
وەزارەتی ناوخۆ ژمارەی کوژراوو بریندارانی پۆلیس بڵاودەکاتەوە ................................ 824
وەزارەتی کار: ڕێژەی منداڵی ئیشکەر بەڕێژەی 16% کەمی کردوە .................................. 825
وەزارەتی کشتوکاڵ چوار هەزار و 400 تەن بنەتۆی پەتاتە دابەش دەکات............................ 826
وەزارەتی کشتوکاڵ زیاتر لە دوو ملیار دینار بۆ کڕینی قڕکەری جوتیاران تەرخاندەکات .......... 826
وەزارەتی ئەوقاف ژمارەی ئەو کوردانە ئاشکرا دەکات کە چوونەتە ناو داعش ..................... 827
وەزارەتی پلاندانان: لە عیراق ڕێژەی هەژاری 22%ی تێپەڕاند......................................... 828
وەزارەتی پێشمەرگە ئاماری دەستگیرکراوان لەلایەن ژوورەکانی ئۆپەراسیۆنەوە بڵاودەکاتەوە
............................................................................................................................. 829
وەزارەتی پێشمەرگە ئاماری شەهید و بریندارانی ڕاگەیاند ................................................ 830
وەزارەتی پێشمەرگە: 20 بۆ 40 هەزار چەکداری داعش لەعیراق و هەرێم هەن................. 830
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان راپۆرتی مانگانەی هەناردەی نەوت بڵاودەکاتەوە.............. 831
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی مانگی نیسانی ئاشکرا کرد. 832
وەزارەتی نەوتی عیراق، بڕی هەناردە و داهاتی نەوتی مانگی شوباتی رابردووی ئاشکرا کرد.
............................................................................................................................. 833
وەزیری بازرگانی: بەرهەمی ئەمساڵی گەنمی عێراق دەگاتە 3 ملیۆن و 500 هەزار تەن.... 833
وەزیری تەندروستی: 14 ساڵە لە هەرێمی کوردستان نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان تۆمارنەکراوە ............................................................................................................. 835
وەزیری دارایی: داهاتی هەرێمی کوردستان 70% کەمیکردووە.......................................... 836
وەزیری وزەی تورکیا ناردنی دوازدەیەمین کەشتییە نەوتی باشووری کوردستانی راگەیاند .. 836
وەزیری تەندروستی: 15 ساڵە هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان تۆمارنەکراوە.... 837
وەزیری تەندروستی: ساڵانە 500 هەزار تەن خۆراک هاوردە دەکرێت ............................. 838
ڕاپەڕین، لەمساڵدا پێنج کەس لە ئاوی زێ و ڕوبارەکاندا خنکاون...................................... 838
ڕۆژانە لە کەرکوک 13 و لە سلێمانیش 3 ژن لەلایەن مێردەکەیەوە تەلاق دەدرێت ............... 839
ڕۆژانە هەرێم 400 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت.................................................. 840
ڕێژەی کوتانی منالان لە گەرمیان زیاتر بوە لە چاوەڕوانیەکان ......................................... 841
ڕێگە بە 12 نەخۆشی ئایدز نادرێت بێنە سلێمانییەوە ........................................................ 841
کازاخییەکان داوای جوجەڵەی کوردستان دەکەن.............................................................. 842
کاسبکارانی سلێمانی لە گیانلەدەستدان لە رووداوی هاتوچۆدا لەپلەی یەکەمدان ............ 843
کردەوە تیرۆریستییەکان لە دوزخورماتوو 80% کەمی کردووە ........................................... 844
کرێکاران بەمجۆرە لە شوێنی کاردا دەبنە قوربانی ............................................................ 844
کرێکارێک لەشارەزور گیان لەدەستدەدات.......................................................................... 846

کرێی ئۆتۆمبیل بۆ شاری موسڵ سێ بەرامبەر زیادی کردووە ............................................... 846
کشتوکاڵی کەرکوک: وەرگرتنی 40 هەزار تۆن لە گەنمەشامی........................................ 847
کورد لە کەرکوک لەپلەی یەکەمدایە لەخەتەنەکردنی مێینەدا ......................................... 848
کوژرانی 500 چەکداری قاعیدە لە عەفرین ....................................................................... 848
کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لەهەرێم نزمترین ئاستی تۆمارکردووە ........................................ 849
کۆبانێ دوای سێ مانگ؛ خەندان، ئامارێکی تایبەت بە بەرخودانی کۆبانێ بڵاودەکاتەوە..... 850
کۆتایی ئەم مانگە هەرێمی کوردستان 600 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەدەکات ................. 851
کۆمپانیای دانەغاز و هیلال رۆژانە 900 تەن غازی شل بەرهەمدەهێنن............................. 852
کۆمسیۆن ژمارەی قەوارە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنێت........................ 852
کۆمسیۆن غەرامەی سەرپیچی لیستەکان بڵاو دەکاتەوە، پارتی زۆرترین و شیوعیش هیچ سەرپێچیەکی لەسەر نییە........................................................................................................ 853
کۆمسیۆن، رێژەی بەشداریکردن و ژمارەی دەنگدەرانی هەڵبژاردنی راگەیاند .................... 853
کۆی رێژەی باران و بەفر کە لەماوەی 24 کاتژمێری رابردودا باریوە .................................. 854
کۆی گشتی بارانبارین لە هەرێمی کوردستان 15-01-2014........................................... 855
کۆی گشتی بارانبارینی هەرێم........................................................................................... 855
کۆیە : بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی بەرگری شارستانی ئاماری 2013 رادەگەیەنێت................ 856
کۆیە... ڕێژەی تەڵاق و هاوسەرگیری دەخرێتەڕوو.......................................................... 856
کۆیە، جەژنی لە ئەمساڵدا کەمترین رووداو روویانداوە ........................................................ 857
کێشەکانی چەمچەماڵ لە ساڵی 2013 کەمیانکرد ............................................................ 857
کەرتی گەشتوگوزار لە 6 مانگدا 85 ملیۆن دۆلار زیانی بەرکەوتوە .................................... 858
کەرکووک.. لەساڵێکدا 11 مەلا چوونەتە نێو داعش........................................................... 858
کەرکوک.. 25 هەزار خێزانی ئاوارەی عەرەب گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانیان.......................... 859
کەرکوک.. ئاماری توندوتیژییەکان دژ بە ژنان لە ماوەی 10 مانگدا ..................................... 860
کەرکوک.. ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆ لە ماوەی شەش مانگدا ......................................... 860
کەرکوک.. لە 10 مانگی ڕابردوودا 740 کەس گیانیان لەدەستداوە ...................................... 861
کەرکوک.. لە مانگی ئابدا 1260 منداڵ لە دایکبوون ........................................................ 862
کەرکوک.. لە ماوەی یەک مانگدا 99 تیرۆریست و داواکراو دەستگیرکراون............................ 862
کەرکوک.. لەماوەی چوار مانگدا شەش ژن کوژراون............................................................ 863
کەرکوک.. لەماوەی مانگێدا 15 حاڵەتی دزیکردن ئەنجام دراوە ............................................ 864
کەرکوک..740 کەس بەهۆی کردەوەی تیرۆریستییەوە کوژراون .......................................... 864
کەرکوک: لە سێ رووداوی هاتووچۆدا پێنج کەس بوونە قوربانی........................................ 865
کەرکوک، ساڵی رابردوو 25 کەس خۆیان کوشتووە ........................................................... 865
کەرکوک؛ لەبودجەی ساڵی رابردوو 500 ملیار دینار بۆ پرۆژەکان خەرجکراوە ...................... 866
کەرکوک... لە ماوەی مانگێکدا 58 تۆمەتبار دەستگیرکراون.............................................. 866
کەرکوکو خورماتو ساڵێکی خوێناوییان بەڕێکرد.................................................................. 867
کەس نازانێت بودجەی قەزای خانەقین بۆ گیرفانی کێ دەچێت......................................... 868

کەلار.. هەشت کەس بەهۆی پێوەدانی دووپشکەوە رەوانەی نەخۆشخانە کران................ 868
کەلار، 14 نانەواخانە و سەمونخانە سزا دران ................................................................ 869
کەلارییەکان، زۆرترین گۆشتی سوور دەخۆن.......................................................................... 870
یانزەهەمین گەنجی کورد لەسوریا کوژرا............................................................................. 870
یونامی: مانگی ئاب زیاتر لە 1420 کەس لە عێراق کوژراون ................................................ 871
یۆنامی: رۆژانە (31) کەس لەعێراق دەکوژرێت ...................................................................... 871
یەپەگە 532 چەتە لە جزیرە کوژراون ..................................................................................... 872
یەپەگە ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی خۆرئاوای کوردستانیان بۆ ساڵی 2013 بڵاو کردەوە.... 873
یەپەگە ئاماری شەڕی مانگی رابردووی راگەیاند ................................................................... 874
یەپەگە کوژرانی 53 چەتە لە رۆژئاوا ئاشکرا دەکات.............................................................. 876
یەپەگە کوژرانی 497 چەکداری داعشی لە مانگی نیساندا راگەیاند........................................ 876
یەپەگە: لەمانگی گوڵاندا 1005 چەتە کوژراون......................................................................... 877
یەپەگە، ئاماری 15 رۆژی کوژرانی چەکدارانی داعش رادەگەیەنێت........................................ 878
یەپەگە، ژمارەی شەرڤانە ئێزدیەکان و شەهیدەکانی لەشنگال ئاشکرادەکات ........................ 879
یەدەگی نەوتی هەرێم زیاتر لە 90 ملیار بەرمیل دەبێ............................................................ 879
یەدەگی هەرێم زیاد دەکات ئاستی هەناردەکردنی نەوتی خاو بۆ دوو ملیۆن بەرز دەبێتەوە.. 880
یەدەگی نەوتی هەرێم و رۆژئاوای کوردستان، 3%ی یەدەگی جیهان پێکدەهێنێت............. 881
یەک ملیۆن 199 هەزار گەشتیار هاتونەتە هەرێم ................................................................. 882
یەک ملیۆن ئاژەڵی جۆراوجۆر لە هەرێم ژمارەکراون .......................................................... 882
ئامارا هاتنا گەشتیاران بو جهێن گەشتیاری ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ راگەهاندن.......... 883
ئاماری شەش مانگی رابردوی رووداوی هاتوچۆی دهۆک.................................................... 884
ئاکرێ، 16کە سان ب رووداتێن هاتن وچوونێ جان ژ دەست دایە....................................... 884
پتر ژ 35 هزار گەشتیارێن کۆ ڤیایی بۆ جەژنا نەورۆزێ ل هەرێما کوردستانێ بن، ب رێیا کومەلگەها دەروازێ نیقدەولەتی ئیبراهیم خەلیل هاتینە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا......... 885
ترومبێلا 200 کەسی د هەشت مەهان دا کوشتینە ........................................................ 886
د سالا 2013ێ دا رێڤەبەریا وان پتر ژ 488 تەنێن کەرستەیێن جورا و جور دەستەسەرکرینە 886
د شەش هەیڤێن ئەڤ سالەدا، ل کومەلگەها دەروازێ نیقدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 9442 تەن و 848 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن بۆ وی جهێ ژێ هاتی .............. 887
د ماوێ سالا 2013ێ دا، پترێ 2 ملیون رێڤینگان ل کومەلگەها دەروازێ نیقدەولەتی ئیبراهیم خەلیل هاتن و چوون کری یە بۆ وەلاتێ تورکیا و وەلاتێن دیتر ........................................ 887
د ماوێ سالا 2013ێ ل کومەلگەها دەروازێ نیقدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 537 کیلۆیێن دەرمانان کۆ ب قاچاغی ب نیاز بوون بینە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا ................................ 888
د ماوێ سالا 2013ێ، ل کومەلگەها دەروازێ نیقدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 22 هزار و 241 تەن و 144 کیلۆ، ژ کەرەستەیێن جوراوجور هاتینە ژناڤبرن ............................................ 888
د هەیڤا ئێک یا ئەڤ سالە، ل کومەلگەها دەروازێ نیقدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 794 تەن و 155 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن ......................................................... 889

د هەیڤا دوو یا ئەڤ سالەدا ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 1609 تەن و 406 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن ........ 890
د هەیڤا سێ یا ئەڤ سالە، ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 1645 تەن و 100 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن بۆ وی جهێ ژێ هاتی ........ 890
دهۆک، 35% روودانێن بەرەڤانیا باژاری کێم کرنە ........ 891
ل دهوکێ 79 کەس هاتنە کوشتن و 31 کەسان ژی خوە کوشتیە ........ 891
ل دهوکێ 99 هەلگرێن نە خوشیا هیموفیلیایێ هەنە ........ 892
ل زاخۆ 20 وەلاتی ل سالا 2014 دە خەنقینە ........ 893
لە قەزای بەردەرەش 11 حالەتی دزیکردن تومارکراون ........ 893
نێزیکی 400 کچ و ژنان ژ دەستێ داعش رزگاربوینە ........ 894
هزار و 206 تەن و 376 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن ........ 894
Erbil Hotel Market Overview ........ 895
Opinions and Trends in the Kurdistan Region & Kirkuk ........ 895
أحصاء السكاني لعام 1957 في كركوك ........ 895
الأمم المتحدة: مليون و800 ألف لاجئ في العراق ........ 896
المناطق والاقاليم الكردية التقليدية ........ 896
نيجيرفان بارزاني.. حكومة تنهض من الرماد ........ 896
۶۵ درصد سهم آب کردستان را برای نجات دریاچه ارومیه کاهش دادند ........ 899
Kurdistanin parlamenttivaalien alustavat tulokset - 2013 ........ 900

بابەتی ژمارە: 1

**63%ی باڵەخانەکان مەرجەکانی سەلامەتی و بەرگری شارستانیان تێدا نییە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150303085756668881

لیژنەی باڵەخانەکانی سەر بەلیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەتی سلێمانی ئاماری کارو چالاکییەکانی لەمساڵدا بۆ رای گشتی بڵاودەکاتەوە.
بەپێی نووسراوێکی راگەیاندنی قایمقامییەتی پارێزگای سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە تیایدا هاتووە کە بەپێی راپۆرتی لیژنەی باڵەخانەکانی سەر بە لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامییەت لەبەرواری 1/1/ تاوەکو 2015/3/1، لە 37%ی باڵەخانەکان کە دەکاتە 86 شوێن سەرجەمیان مەرج و رێنماییەکانی سەلامەتی بەرگری شارستانیان جێبەجێکردووە و سیستمی کارەبای باڵەخانەکانیشسیان بەشێوەیەکی گونجاو دانراون، هەر بەپێی راپۆرتەکە لەسەدا 63%ی باڵەخانەکان سیستمی کارەباو مەرجەکانی سەلامەتی و بەرگری شارستانیان تێدا نییە.
لە و بارەیەوە نیگار محەمەد سەرۆکی لیژنەی باڵەخانەکان رایگەیاند: لە کۆی 225 سەردان تەنها 87 شوێن پابەندی مەرج و رێنماییەکان بوون و 142 شوێنیش ئاگادارکراونەتەوە کە لەماوەیەکی دیاریکراودا مەرج و رێنماییەکان جێبەجێ بکەن، سەرۆکی لیژنەکە ئاماژەی بەوەشکرد کە هیچ شوێنێک بەهۆی سەرپێچییەوە دانەخراون و کەسیش رووبەرووی دادگا نەکراوەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 2

**10منداڵ بەرودواوی هاتوچۆ لە گەرمیان گیانیان لەدەستداوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015071107574585714

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، لەماوەی شەش مانگی ئەمساڵدا رووداوەکانی هاتوچۆ بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو زیادی کردووە و لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا 10 منداڵ بە روداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە. نەقیب کارزان مەجید بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند: "بەراورد بە ساڵی ڕابردوو لە گەرمیان ڕوداوەکانی هاتوچۆ زیادیان کردووە و لە ماوەی 6 مانگی ئەمساڵدا لە سنوری گەرمیان 171 ڕوداوی هاتوچۆ ڕویداوە و بەو هۆیەوە 32هاوڵاتی گیانی لە دەستداوە کە بریتین لە 17 پیاو و پێنج ژن و 10 منداڵ ."وتیشی :ئەو 171 ڕوداوو لە گەرمیان ماوەی شەش مانگ ڕوویانداوە، 88 روداویان لە ناو شارۆچکە و شارەدییەکانی ئیدارەی گەرمیان بووە و 83 ی تریشی لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان گەرمیان و شارو شارۆچکەکانی تر بووە ."نەقیب کارزان ئاماژەی بەوەشدا " لە ماوەی ئەم شەش مانگەی ساڵی 2015 دا لە 112 ڕووداو لە جۆری پێکدادان بووە و 24 ئۆتۆمبیلی گەورە و بچووک وەرگەڕاوە و سێ روداوی بەیەکدا کێشان هەبووە لە گەڵ 32 روداوی شێلان بووە.
ڕۆژنیوز ـ هۆشمەند کوردی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 🚗رووداوی هاتووچۆ

جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی
شارەکان: کەلار (گەرمیان(
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 3

**10هەزار گەشتیار ڕوویان لەهەڵەبجە کردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150722224552857б8

ڕۆژنیوز - شرام هەورامی
بەگوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەریەتی گەشتوگوزاری پارێزگای هەڵەبجە لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوی جەژدا نزیکەی 10 هەزار گەشتیار ڕویان لەسەیرانگاکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە کردوەو بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجەش دەڵێت زۆربەی گەشتیارکان عەرەبن و بەبەراورد بەساڵانی ڕابردو لە80% هاتنی گەشتیار کەمی کردووە. سامان کەریم بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجە بەڕۆژنیوزی ڕاگەیاند:"وەک بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە لەهەمو بۆنەو جەژنەکاندا ئامادەکاری تەواوەدەکەن بۆ پێشوازی لەگەشتیاران بۆجەژنی ڕەمەزانی ئەمساڵیش هەمان ئامادەکاریان کردبوو". ئاماژەی بەوەشکرد، بەبەراورد بەساڵی ڕابردوو جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ ڕێژەی هاتنی گەشتیار بۆناوچە گەشتیاریەکانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە زیادی کردووە بەشیوەیەک تەنها لە سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا نیزکەی 10 هەزار گەشتیار هاتونە شوێنە گشەیاریەکانی هەڵەبجە لەورێژەیەش نزیکەی شەش هەزاریان سەردانی هاوینە هەواری ئەحمەد ئاواو سەرچاوەی زەڵمیان کردووە. بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەلەبجە وتیشی:" زۆربەی ئەو گەشتیارانەی کە هاتونەتە شوێنە گەشتیاریەکانی هەڵەبجە گەشتیاری عەرەب بوون لەهەمان کاتدا بەبەراورد بە ساڵانی 2012 و 2013 ڕێژەی هاتنی گەشتیار بەڕێژەی لە 80% کەمی کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: گەشتوگوزار
شارەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 4

**100هەزار فەرمانبەری بندیوار لە هەرێمی کوردستان هەن**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141028120525778З9

پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆران لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرای دەکات لە وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە 100 هەزار فەرمانبەری بندیوار هەن. دەشڵێت "ئەگەر حکومەت ئەمە چارەسەر نەکات با ئیدی پرسیاری ئەوە نەکات من حکومەتێکی سەرکەوتووم یان نا". راوێژکارێکی باڵای حکومەتیش دەڵێ "دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ رازیکردنی خەڵکە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا."
عەلی حەمەساڵح، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند "ئەوان لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە بارەی ژمارەی فەرمانبەران دەکەن لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی

کوردستان و تاوەکو ئێستا بۆیان دەرکەوتووە کە هیچ وەزارەتێک نییە ژمارەیەکی زۆر بندیواری نەبێ."
ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان زانیاری لەبارەی فەرمانبەری بندیوار دەدات "مەبەستمان لە بندیوار ئەو فەرمانبەرانەن کە مووچە وەردەگرن و دەوام ناکەن، ئەمە جگە لەوەی کە بەدەیان هەزار کەس دوو یان تەنانەت سێ مووچەیان هەیە لە کوردستان."
راوێژکارێکی حکومەت:
نەبووە کەسێک یەک رۆژ دەوامی نەکردبێ و بە پلەی لیوا روکن خانەنشین بکرێت
بەپێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە بۆ پەرلەمانی کوردستان رەوانە کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان (684) هەزار فەرمانبەری هەیە.
عەلی حەمەساڵح، باسی ناوەڕۆکی هەندێ لەو لێکۆڵینەوانە دەکات کە لەسەر مووچەخۆرانی بێکار کردوویانە "زۆرترین بندیوار لە وەزارەتی پێشمەرگە، کارەبا، کشتوکاڵ، پیشەسازی و بازرگانی، ئەوقافن". گوتیشی "ئێستا دەتوانین بڵێین زیاتر لە 100 هەزار فەرمانبەری بندیوار و دوو مووچە و سێ مووچە لە هەرێمی کوردستان هەن."
راوێژکارێکی باڵا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئاگاداری مەسەلەی دامەزراندنە لە حکومەت، دەڵێ "لە هەرێمی کوردستان هیچ نیزام و سیاسەتێک نییە بۆ دامەزراندن". گوتیشی "دامەزراندنی خەڵک تەنیا بۆ رازیکردنیان بووە لەلایەن یەکێتی و پارتی، ئەم بابەتە بۆ هەڵبژاردنەکان و لەکاتی هەڵبژاردن زۆرتر بەکاردەهات و خەڵک بە هەڕەمەکی دادەمەزرێنران."
ئەو راوێژکارە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵی لە مەسەلەی دامەزراندندا هەندێ شت کراوە لە هیچ شوێنێکی دنیا نەکراوە "نەبووە کەسێک یەک رۆژ دەوامی نەکردبێ و بە پلەی لیوا روکن لە سلێمانی دامەزرابێ و خانەنشین بکرێ."
راوێژکارەکە دەپرسێ: "چۆن دەکرێ مزگەوتێک 30 خادمی هەبێ و قوتابخانەیەکیش 15 فەڕاشی هەبێ؟."
وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بەگوێرەی بودجە فەرمانبەر دادەمەزرێنێ، ساڵی وا هەبووە تاوەکو 30 هەزار فەرمانبەری دامەزراندووە.
راوێژکارەکەی حکومەت دەڵێ "چۆن دەکرێ لەکاتێکدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان ئەوەی لە بەغداوە دێت 12% بێت، کەچی رێژەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان 23%بێت، چۆن دەبێ 12 دینارت هەبێ بەسەر 23 کەسیدا دابەش بکەی؟ بێگومان ئەمە هەڵەیە". گوتیشی "مادام پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق 12%یە، دەبێ رێژەی فەرمانبەرەکانی هەرێمی کوردستانیش لە 12% تێپەڕ نەکات."
عەلی حەمە ساڵح حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئاگا دێنێتەوە و دەڵێت "بۆ هەریەک لە وەزارەتەکان بەدواداچوون دەکەین و کردوومانە و زانیاری پێویست دەخەینە بەردەم حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە". بەڵام گوتیشی "ئەگەر حکومەت ئەو کێشەیە چارەسەر نەکات، ئەوا نابێ پرسیار بکات کە ئایا کابینەکەی سەرکەوتووە یان نا."
ئێستا بەشێکی زۆری وەزارەتەکان کەوتوونەتە خۆیان بۆ ئاشکراکردنی فەرمانبەرە بندیوارەکان.
وەزارەتی کارەبا 15 هەزار و 756 فەرمانبەری هەیە و وەزیرەکەی نایشارێتەوە کە بندیوار لە وەزارەتەکەی ئەو هەیە. سەلاحەدین بابەکر، وەزیری کارەبا دەڵێ "لێژنەمان بۆ ئەو بابەتە پێکهێناوە و لێکۆڵینەوە دەکەین و هەر فەرمانبەرێکی بندیواریش لای ئێمە دەرکەوت، کە بیستوووومانە هەیە، ئیجرائاتی یاسایی دەکەین."
وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی کە دەڵێت لێکۆڵینەوەیان دەستپێکردووە، لەوبارەوە گوتی "راستە فەرمانبەری بندیوار هەبووە و مووچە وەردەگرن". کەمال موسلیم دەڵێ "لێژنەمان پێکهێناوە و سەنتەری هەولێریش تەواو بووە، لە لێکۆڵینەوەکە دەرکەوتووە مزگەوتێک کە پێویستی بە چوار فەرمانبەر هەبووە، کەچی 10 کەسی هەیە، ئەوانە زیادن و زیادەکانیش لە ماڵەوەن". هەروەها گوتیشی "ناعەدالەتی لە دابەشکردنی فەرمانبەرانیش هەبووە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 28-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 5

**1035سەربازی تورک لە ماوەی 12 ساڵدا خۆیان کوشتووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120317221287467

وەزیری بەرگری تورکیا ئاشکرایکردووە، لەماوەی 12 ساڵی رابردوودا رێژی خۆکوشتن لە ناو ریزەکانی سوپادا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.پەرلەمانتارێکیش لە چوارچێوەی ئە و هەواڵەدا پێشنیازی لەسەر کار لابردنی سەرۆکی پەرلەمانی ئە و وڵاتە دەکات.
بە پێی هەواڵێکی رۆژنامەی"وەتەن"ی تورکیا، عیسمەت یەڵماز وەزیری بەرگری تورکیا ئاشکرایکردووە، لەماوەی 12 ساڵدا 1035 سەرباز خۆیان کوشتووە، بەڵام باسی هۆکاری خۆکوشتنەکانی نەکردووە.
لای خۆشیەوە، پەرلەمانتاری "جەهەپە" محەمەد تاناڵ، پێشنیازی ئەوەیکردووە سەرۆکی پەرلەمانی ئە و وڵاتە لەسەر کار لابدرێت، چونکە رێژەی خۆکوشتن لە ریزی سوپادا زۆرە.
کۆمەڵەی ئەفسەرانی خانەنشینکراو بڕیاریانداوە دەست بە مانگرتن بکەن بۆ ماوەی سێ رۆژ، ئەوەش وەکو دەربڕینی ناڕەزایەتیەک بۆ زیادبونی رێژەی خۆکوشتن.
عەلی دەمیرجالی پەرلەمانتاری پارتی نەتەوەی کۆماری لەسەر شاری ئەدەنە، داوایکرد وەزیری بەرگری لەسەر هەمان هۆکار لەکار لابرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-03

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 6

**105هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080916291889215

وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد کە تاکو یەکەم رۆژی جەژن 105 هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان.
نادر رۆستی وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئاماری هاتنی گەشتیارانی بۆ هەرێمی کوردستان تا یەکەم رۆژی جەژن بڵاوکردەوە.
بەگوێرەی ئامارەکەی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان تا یەکەم رۆژی جەژن 105 هەزار گەشتیار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان کە زۆرترینیان بۆ سنووری پارێزگای هەولێر بووە.
هاتنی گەشتیارانیش بۆ هەرێمی کوردستان بەم شێوە بەسەر سنووری پارێزگاکان دابەش بوون:
هەولێر= 50 هەزار گەشتیار
سلێمانی= 22 هەزار گەشتیار
دهۆک= 24 هەزار گەشتیار
گەرمیان = 9 هەزار گەشتیار
وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ئاماژەشی بەوەداوە کە "ژمارەکە لەبەرزبوونەوە دایە و دواژمارەش لە چوارەم رۆژی جەژن رادەگەیەنین."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-09

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 7

# 106هەزار ئافرەت لە کوردستان مۆڵەتی شۆفێرییان هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082921585089018

بەپێی ئامارەکان، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری لەلایەن ئافرەتانەوە لە بەرزبوونەوەدایە، بەڵام هێشتا شۆفێریی ژنان بەلای هەندێک لە پیاوانەوە قبوڵکراو نییە. ژنانی شۆفێریش بەدەر نین لە سەرپێچیکردن، وەک پۆلیسێکی هاتوچۆ دەڵێت "ئافرەتانیش سەرپێچی زۆر دەکەن، ئافرەت هەیە بەبێ مۆڵەت ئۆتۆمبێل لێدەخورێ."

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ، تاوەکو 2013/8/20 لە هەرێمی کوردستان 106 هەزار و 793 مۆڵەت دراوەتە ژنان، نیوەی زیاتری ئەو مۆڵەتانەش دراوەتە ژنانی سنووری پارێزگای سلێمانی کە 56 هەزار و 25 مۆڵەت بووە، هەروەها 37 هەزار و 214 مۆڵەت دراوەتە ژنانی سنووری پارێزگای هەولێر، ژنانی دهۆکیش 10 هەزار و 254 مۆڵەتی شۆفێرییان وەرگرتووە، لە سنووری ئیدارەی گەرمیانیشدا 3 هەزار و 300 ژن مۆڵەتیان وەرگرتووە. لە بەرامبەردا ملیۆنێک و 129 هەزار و 967 مۆڵەتی شۆفێری دراوەتە پیاوان.

شیرین محەمەد ئەمین، تەمەن 42 ساڵ کە نزیکەی 8 ساڵە مۆڵەتی شۆفێریی هەیە و ئۆتۆمبێل لێدەخورێت، دەڵێت تاوەکو ئێستا تووشی هیچ ڕووداوێکی هاتوچۆ نەبووە. ئەو دەڵێت شۆفێری ئافرەت هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ شۆفێری پیاو، ئەگەر پیاوان وازیان لێبێنن. شیرین گوتی "شۆفێرە پیاوەکان هەمیشە سووکایەتی بە ژنە شۆفێرەکان دەکەن، ئەویش بە شکاندنەوەی ئۆتۆمبێل بۆ سەر ئافرەتان، یان زۆر جار بە لێدانی هۆرن دەبنە هۆی بێزارکردنمان، بەڵام پێویستییەکی گرنگە ئافرەت ئۆتۆمبێل لێبخورێ، چونکە دەبێتە یارمەتیدەرێکی باشی پیاو لە بەجێگەیاندنی کارەکان".زۆر لە پیاوان بە هەڕەمەکی فێری شۆفێری دەبن، بەڵام زۆربەی ژنان لەلایەن نووسینگەکانی فێرکردنی شۆفێری، فێری لێخورینی ئۆتۆمبێل دەکرێن.

حاڵی حازر 15 ژن لە نووسینگەی زینە بۆ فێرکردنی شۆفێری ناوی خۆیان تۆمار کردووە. محەمەد سەباح، کە خاوەنی نووسینگەکەیە دەڵێت ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان ڕوو لە نووسینگەکانی فێربوونی شۆفێری دەکەن. گوتیشی "هەرچەندە ژنان زۆر پابەندن بە ڕێنمایی و نیشانەکانی هاتوچۆ، بەڵام بەردەوام دەترسێن، بە تایبەتی ئەو کاتانەی ئۆتۆمبێلێک ڕووبەڕوویان دێت".کارمەندانی هاتوچۆ بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر شۆفێریی ژن. هەندێکیان پێیانوایە ژنانیش وەکو پیاوان سەرپێچییان هەیە. بەڵام هەندێکیان دەڵێن ژنان لە پیاوان پابەندترن بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ.

هەردی جەلال، کارمەندی هاتوچۆ دەڵێت زۆربەی ژنان لەکاتی شۆفێری دەترسێن، گوتیشی "ژنان سەرپێچی زۆر دەکەن بەتایبەت کاتی هێڵی خێرا دەگرن لەو ڕێگایە بەپێی پێویست ناڕۆن، ترسیان هەیە، سەرەڕای ئەوەش ژن هەیە مۆڵەتی شۆفێری نییە و ئۆتۆمبێل لێدەخورێ، یان لە کاتی لێخورینی ئۆتۆمبێل مۆبایل بەکاردێنن". بەڵام مفەوەز یوسف محەمەد، پێیوابوو ئافرەت کەمتر سەرپێچی دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەو ترسەی هەیانە لەکاتی شۆفێری.

زۆربەی ئافرەتان مۆڵەتی تایبەتی شۆفێرییان هەیە، بەڵام بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، ئێستا ژنانیش مۆڵەتی گشتی دەردێنن، بەپێی ئامارەکە تەنیا لە ماوەی 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە 300 ئافرەت مۆڵەتی گشتییان دەرهێناوە.

بەرپرسانی هاتوچۆ دەڵێن نازانن ئەو ژنانە ئەو مۆڵەتە گشتییە بەکاردێنن یان نا، بەڵام دەڵێن ئەو ئافرەتانەی لە نووسینگەکانی فێرکردنی شۆفێری کاردەکەن دەبێ مۆڵەتی گشتییان هەبێ.

ساکار محەمەد، ژنی ماڵەوە، لە 2007ەوە مۆڵەتی شۆفێریی هەیە، تاوەکو ئێستا یەک جار تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە و لەوکاتەوە زیاتر هەست بەترس دەکات، ساکار دەڵێت "هەندێک لە پیاوان بە پێویستی نازانن ئافرەت ئۆتۆمبێل لێبخورێت، بۆیە بەهۆرن لێدان و تانە و تەشەر ئافرەتان ئازار دەدەن بەتایبەت لەلایەن گەنجەکانەوە."

عومەر ساڵح، سەبارەت بە شۆفێریی ئافرەت دەڵێت "هیچ جیاوازییەک نابینم لە نێوان پیاو و

ئافرەت، بەڕای من هەرکەسێک سوکانی گرتەدەست شۆفێرە". عومەر پێیوایە ئافرەتان لە کاتی لێخورینی ئۆتۆمبیل کەمێک کەموکوریيان هەیە، ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ترس بەتایبەتی ئەوانەی سەرەتای فێربوونیانە "هەندێک ئافرەت بێ ئیشارەت دەسووڕێنەوە یان هێڵی خێرا دەگرن و ناشڕۆن و قەرەباڵخی دروستدەکەن، ئافرەتی واش هەیە زۆر بەڕێکوپێکی ئۆتۆمبێل لێدەخورێ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 29-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 8

## 107لیست و هاوپەیمانێتی بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140129114238865355

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان رایگەیاند، 107 لیست و قەوارەی سیاسی بەشداری هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی عێراق دەکەن، دوپاتیشیکردەوە، سورە لەسەر سازدانی هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا.
بەغداد، ئاوێنەنیوز: سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردن لەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، میقداد شەریف، ئەمرۆ چوارشەممە، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، کۆمسیۆن رەزامەندی لەسەر 277 کیانی سیاسی و هاوپەیمانی بۆ چونە هەڵبژاردن نیشاندا.
دوپاتیشیکردەوە، "پاش کشانەوەی ژمارەیەک لەلیستەکان لەئێستادا 107 لیست و کیانی سیاسی لەسەرتاسەری عێراق بەشداری لەهەڵبژاردن دەکەن کە 36یان کیان و هاوپەیمانێتی سیاسی-یە."
هاوکات ئەمرۆ کۆمسیۆنی هەڵبژاردن تیروپشکی بۆ ژمارەی کیانە سیاسیەکان دەستپێکرد، لە و بارەیەشەوە شەریفی رایگەیاند، تیروپشکەکە مانای دەستپێکردنی پروپاگەندەی هەڵبژاردن نیە بۆ لیست و پاڵێوراوان. رونیشیکردەوە، دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجومەنی کۆمسیارانەوە رادەگەیەندرێت و لەسەر بنەمای سیستمی پروپاگەندەی هەڵبژاردن ژمارە 7ی ساڵی 2013 دیاریدەکرێت.
سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردن دوپاتیشیکردەوە، هەڵبژاردن لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام دەدرێت.
بڕیارە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە 30ی نیسانی داهاتو بەڕێوەبچێت، لەئێستاشدا کۆمسیۆن لەئامادەکاری ئە و پرۆسەیەدایە.
ژمارەی هەندێک لەلیستە بەشداربوەکانی هەڵبژاردن بەپێی تیروپشکەکەی کۆمسیۆن بەم جۆریە:
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان 274
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 266
پارتی دیموکراتی کوردستان 213
بزووتنەوەی گۆڕان 234
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان 237
بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان 275
لیستی برایەتی وپێکەوەژیان 210
بەرەی تورکمانی عێراقی 206
لیستی ئاشتی کوردستانی 258
هاوپەیمانی کوردستانی لە نەینەوا 243
هاوپەیمانی عەرەبی کەرکووک 242
هاوپەیمانی تورکمانی کەرکووک 282
دەوڵەتی یاسا، بەسەرۆکایەتی نوری مالکی 277
هاوپەیمانی موتەحیدون بۆ چاکسازی 259

کوتلەی بەیزا 288
هاوپەیمانی ئەحرار (سەدر) 214
چاکسازی نیشتمانی 205
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-29

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 9

## 107هەزار و 500 ئۆتۆمبێل هاتوونەتە هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20131231093054870003

خەندان رەڤەند گوهەرزی
لەماوەی ئەمساڵدا 107 هەزار و 500 ئۆتۆمبێلی نوێ هاتووەتە هەرێمی کوردستانەوە و بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆشەوە تەنها لە پارێزگای دهۆک 259 کەس گیانی لەدەستداوە.
بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دهۆک ئاماری ڕووداوەکانی ساڵی 2013 لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خستەڕوو، کەلە ماوەی ئەم ساڵەدا هەزار و 1320 ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویانداوە.
ئازاد تاها، بەرپرسی بەشی راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دهۆک وتی: "لە ساڵی 2013 دا لە سنووری پارێزگای دهۆک هەزارو 320 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویانداوە و بە و هۆیەوە 259 کەس گیانی لە دەست داوە و چوار هەزار و 100 کەسیش بریندار بوون."
ئازاد تاها وتیشی: "23 هەزارو 230 مۆڵەتی شۆفێری بە پیاوان دراوە و هەزار و 949 مۆڵەتیش دراوە بە ژنان ."
بەرپرسی بەشی راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی دهۆک ئەوەشی خستەڕوو: هەر لەم ساڵدا 23 هەزار و 836 ئۆتۆمبێل تۆمارکراون و هەزار و 293 ئۆتۆمبێلیش لەناوبراون، لە بەرامبەردا 107 هەزار و 500 ئۆتۆمبێل هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستانەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-31

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 10

## 1099کەس کاندیدن بۆ 100 کورسی پەرلەمان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072308543389500

1138کەس کاندیدن بۆ 111 کورسییەکەی پەرلەمانی کوردستان کە 11 کورسییان بۆ کۆتای ئەرمەن و کلدۆئاشوری و تورکمانەکان تەرخانکراوە، 1099 کەسیش لەکۆی ئەو ژمارەیە کاندیدن و کێبرکێیانە بۆ بەدەستهێنانی 100 کورسی پەرلەمان.
ئاوێنە، هەولێر: بەڕێوەبەری گشتی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەهەولێر هەندرێن محەمەد، بەئاوێنەی ڕاگەیاند، 31 قەوارە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن و ناویان لەسەر کارتی دەنگدان دەردەکەوێت، ئەو وتی "1138 کەس خۆیان کاندیدکردوە بۆ 111 کورسییەکەی پەرلەمان، کە 11 کورسییان کۆتایە، بۆ بەدەستهێنانی 5 کورسییەکەی تورکمان 20 کاندید کێبرکێیانە و بۆ 5 کورسییەکی کلدۆئاشورییەکانیش 15 کاندید کێبرکێ دەکەن و بۆ 1 کورسییەکەی ئەرمەنیش 4 کاندید هەن."
ناوبراو وتیشی "بۆ بەدەستهێنانی 100 کورسییەکەش، 1099 کاندیدی حیزبەکانی کوردستان

کێبڕکێیانە، کە هەریەک لەپارتی و یەکێتی و گۆران و حزبی ئاییندە و حزبی سۆشیالیست و ئاڕاستەی سێهەمی زەحمەتکێشان یەکی 100 کاندیدیان هەیە و کۆمەڵی ئیسلامیش بە92 کاندیدو یەکگرتوش بە76 کاندید بەشداری هەڵبژاردنەکە دەکەن، کەمترین لیستیش کە تۆمارکراییت لیستی (پەرێشان و هەژاران)ە کە 5 کاندیدیان هەیە و لەهەریەک لەم قەوارانەش 50 ملیۆن دینار وەرگیراوە کە کۆی هەموی دەکاتە ملیارێک و 850 ملیۆن دینار."
ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد کە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی پەرلەمان 37 ملیار و 500 ملیۆن دینار لەلایەن کۆمیسیۆنەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە لەحکومەت وەرگیراوە، لەکاتێکدا بۆ هەڵبژاردنی 2009 کە دو هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی بو پێکەوە، نزیکەی 20 ملیار دینار خەرجکراوە، ئەو وتی "2 ملیۆن و 800 هەزار کەس دەنگدەرن و کۆمیسیۆنیش 40 هەزار کارمەندی بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان ئامادەکردوە."
بریارە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەرێکەوتی 2013/9/21و بەسیستەمی لیستی نیمچە کراوە بەرێوەبچێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-07-23

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 11

## 11گەنج لە شەڕە ئاوەکەی سلێمانی دەستگیر دەکرێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20130811175907891 86



پۆلیسێک هاوکاری منداڵێک دەکات فۆتۆ_ هۆگر کەمال
خەندان – هۆگر کەمال
وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ئاشکرای دەکات، کە 11 گەنجیان بەهۆی شەڕکردنەوە لە فێستیڤاڵی شەڕە ئاوەکەی ئەمڕۆی سلێمانی دەستیگرکردووە، کە شەش گەنجیان برینداربن.
نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، بە خەندانی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ لەکاتی فێستیڤاڵی شەڕە ئاوەکەی شاری سلێمانی، چەند گەنجێک لەنێوان خۆیان لێیان بووە بەشەڕ، کە بەدار و بەچەندین شتی تر لەیەکتریان داوە.
وتیشی: "لە شەڕەکەدا هێزەکانمان توانیویانە 11 گەنج دەستگیر بکەن، کە شەش گەنجیان بە سوکی بریندار بوون و ئێستا لای ئێمە دەستبەسەرن."
وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، ئەوەشی خستەڕوو، کە "لەکاتی فێستیڤاڵەکەدا هاوڵاتیان بە پرتەقاڵ و چەندین شتی تر هێرشیان کردۆتە سەر ئۆتۆمبێلێکی ئێمە، ئەوە جگەلەوەی گێچەڵیشیان بە خێزانێک کرد، کە هێزەکانی پۆلیس توانیان ئەو خێزانە رزگار بکەن و بیان بەنە دەرەوەی پارکەکە."
بۆیەکەمجار ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی، فێستیڤاڵی شادی "شەڕە ئاو" ئەنجامدرا، کە بە هەزاران هاوڵاتی بەشدارییان تێدا کرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 12

## 12هەزار خوێندکار خۆیانیان ناونوسکردووە بۆ خوێندنی زمانی کوردی، تورکیا مامۆستایان بۆ دانامەزرێنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100909440788372

وەزیری پەروەردی تورکیا دەڵێت، تا ئێستا 28 هەزار خوێندکار ناویی خۆیان تۆمارکردووە بۆ خوێندنی کوردی لە تورکیا بەڵام مامۆستا دانامەزرێن بۆ ئەو وانەیە.
ئاوێنەنیوز، ئەنادۆڵ: لەوبارەیەوە، نابی ئاوجی، ئەمڕۆ (سێ شەممە) ڕاپگەیاند، لەبەرنامەیاندایە خوێندنی هەڵبژاردە کە وانەی کوردی تێدایە پەرە پێبدەن لەداهاتوودا، بەڵام مامۆستای بۆ دانامەزرێنن.
ئاوجی ئەوەشی رونکردەوە کە تا ئێستا 28 هەزار خوێندکار وانەی کوردیان هەڵبژاردووە لەوانە 27 هەزارو 200 کەسیان خوێندکاری وانەی شێوەزاری کرمانجین و ئەوانی دیکەش وانەی ئاین و زازاکیان هەڵبژاردووە.
ئەوەشی راگەیاند کە بۆ بەرەو پێشچوونی ئەم پرۆسەیە، لە هەر پۆلێکی خوێندندا 12 خوێندکار دادەنێن تا بە باشی فێر ببن.
ئاوجی رونیکردەوە کە "پریاری هەڵوەشاندنەوەی قەدەغەی سەرپۆش بووە مایەی ئاسوودەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی کارمەند، هاوکات ئەو بریارە کێشەی بەشێکی زۆری ژنانی لە تورکیا چارەسەر کرد".
وەزیری پەروەردەی تورکیا لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی سوێندی نێو قوتابخانەکان گوتی" لە جیهانی ئەمڕۆماندا ئەوانەی کە دەڵێنەوە و ئەوانەیش کە داوای گوتنەوە دەکەن بۆ خۆیان بیر لەوە ناکەنەوە چی دەڵێن و بۆ چی دەڵێن تەنیا خۆیان لەگەڵ هەڵومەرجی رۆژدا گونجاندووە".
ئەوەشی راگەیاند، "وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی کردنەوەی قوتابخانەی نوێ بە کەس نادات، پریارە پەرلەمان دەست بەگۆڕانکاریی یاسایی بکات، لە چوارچێوەی ئەم گۆڕانکارییانەدا چاوەڕوان دەکرێ پێناسە و یاسایەکی نوێ بۆ ئەو قوتابخانانە دەربکات، تا کۆتایی ساڵ قوتابخانە تایبەتییەکان داناخرێن".
لەبارەی خوێندنگەی تایبەت ناوبراو گوتی "20% ی قوتابخانەکانی ئەمڕۆ مەرجی پێویستیان هەیە تا بکرێنە قوتابخانەی تایبەتی و 80% ی قوتابخانەکانیش بۆ ئەوەی بکرێن بە قوتابخانەی تایبەتی هاوکاریی پێویستیان پێشکەش دەکرێ، دەمانەوێ 70%ی قوتابخانەکان بکرێنە قوتابخانەی تایبەتی و دەوڵەتیش هاوکاری پێشکەشی ئەو قوتابخانانە بکات".
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 08-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 13

## 13تۆمەتبار دەستگیرکران

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061414410985556

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی رایگەیاند کە لە 48 سەعاتی رابردوودا 13 تۆمەتبار دەستگیرکراون.
عەقید هێمن کەمەرخان بەڕێوەبەری راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی رایگەیاند: لە ماوەی 48 سەعاتی رابردوودا مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی دەربەندیخان و بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی بیارە/ خورماڵ توانیان (13) تۆمەتبار دەستگیر بکەن.
لە راگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، عەقید هێمن کەمەرخان وتی: "ئە و تۆمەتبارانە سەرقاڵی راوکردنی ئاژەڵ و باڵندەیی کێوی بوون و 3 تۆمەتباریان سەرقاڵی راوکردنی

ماسی بوون."
وتیشی: "هاوکات دەستگیرا بەسەر (1) تۆڕی ماسی و (4) کیلۆ ماسی و (2) ئۆتۆمبێل و (4) چەکی تاپڕ و (1) چەکی جۆری بادی و (1) بلاجکتۆردا."
لە راگەیەندراوەکەشدا هاتووە کە لەلایەکی ترەوە مەفرەزەیەکی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی ماوەت لە دەرچوونێکیان بۆ سنوری گوندی ماشان توانییان دەست بگرن بەسەر (1) موەلیدە و (5) تۆڕ و (19) مەتر وایەردا .
عقید هێمن روونیشیکردەوە کە سەرجەم تۆمەتباران و کەرەستەکانیان ڕادەستی یاسا کران .
بەڕێوەبەری راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی جارێکی تر پەیامی ئاراستەی سەرجەم هاوولاتیان کردەوە کە پابەندبن بە ڕێنمایەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگە و پارێزگاری لە سامانی سروشتی و ژینگەی کوردستان بکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 14-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 14
## 13هاوڵاتی دەستگیر دەکرێن
http://www.kurdipedia.org/?q=20140329075820666627
بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی، رایدەگەیەنێت کە مەفرەزەکانیان لە ماوەی دوو رۆژی رابردوودا 13 هاوڵاتی سەرپێچیکاریان دەستگیر کردووە.
موقەدەم هێمن کەمەرخان، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی، بە خەندانی راگەیاند،" مەفرەزەیەکی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سەید سادق لە چەند دەرچوونێکی مەیدانیاندا بۆ سنورەکەیان، توانیان حەوت هاوڵاتی سەرپێچیکار بەخۆیان و کەرەستەکانیانەوە دەستگیر بکەن، کە سەرقاڵی راوی ماسی بوون بە نایاسایی."
وتیشی: ئەو مەفرەزەیەمان دەستیشیان گرتووە بەسەر 90 کیلۆ ماسی راوکراودا لەگەڵا تراکتۆرێک و ماتۆر سکیلێک و یەک مۆلیدەی کارەبا.
موقەدەم هێمن، ئاماژەی بەوەشدا، "لەلایەکی دیکەوە مەفرەزەیەکی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی دەربەندیخان لە چەند دەرچوونێکی مەیدانیاندا توانیان 5 هاوڵاتی سەرپێچیکار دەستگیربکەن و دەستیش بگرن بەسەر کەرەستەکانیاندا، کە سەرقاڵی راوکردنی ئاژەڵا و باڵندەی کێوی بوون."
بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی، ئەوەشی خستەڕوو: "لەلایەکی دیکەوە مەفرەزەیەکی بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی بیارە توانیان هاوڵاتیەکی سەرپێچیکار دەستگیر بکەن، کە سەرقاڵی راوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی بوو، ئەمە جگەلەوەی دەستیشیانگرتووە بەسەر کەرەستەکانیدا."
رونیشیکردەوە: "سەرجەم سەرپێچیکارەکان رووبەڕووی یاسا دەکرێنەوە، بۆئەوەی سزای یاسایی بدرێن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 29-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 15

## 13هەزار منداڵی ئاوارەی رۆژئاوا دەکوترێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140405235823100381

خەندان - رەهێل سەمەد
لە چوارچێوەی هەڵمەتی نیشتیمانی کوتانی منداڵان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان کە پریارە سبەی دەست پێبکات، 13 هەزار منداڵ لە ئاوارەکانی رۆژئاوا لە هەرێمی کوردستان دەکوترێن.
د.خاڵس قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: پریارە سبەی (6ی نیسانی 2014) هەڵمەتی نیشتیمانی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان دەست پێدەکات و ماوەی چوار رۆژ بەردەوام دەبێت.
د. خالس قادر وتی: "لە و هەڵمەتەدا 690 هەزار منداڵ تەمەن خوار پێنج ساڵ (کوترابن یان نەکوترابن) دەکوترێن."
ئاماژەشی بەوەدا کە هاوکات 13 هەزار منداڵی تر لە ئاوارەکانی رۆژئاوا لە هەرێمی کوردستان لە و هەڵمەتەدا دەکوترێن.
سەبارەت بە و نەخۆشیە، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی وتی: "ماوەی 14 ساڵە ئە و نەخۆشییە لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە، بەڵام بەهۆی هاتنی ئاوارەکانی رۆژئاوای کوردستان و ناوچەکانی تری عیراق مەترسی سەرهەڵدانەوەی ئە و نەخۆشییە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، بۆیە وەزارەتی تەندروستی رێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 16

## 14ملیۆن موشەک و 7 هەزار پارچە چەک رادەستی عیراق کرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042313572975940

نوسینگەی هاریکاری ئەمنیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عیراق ئاشکرایکرد، 14 ملیۆن چەکی جۆری موشەک و 7 هەزار پارچە چەک رادەستی عیراق کراوە،ئەوەشی خستەڕوو کە رێکەوتنەکەی لەبارەی کۆپتەری ئەپاچیی نێوان عیراق و ئەمریکا بەهۆی رێوشوێنەکانەوە دواکەوتووە .
مایکڵ بدناریک، بەرپرسێکی ئەمریکاو سەرۆکی نوسینگەی هاریکاری ئەمنیی ئەمریکاو عیراق بەرادیۆ سەوای راگەیاند،" ئەمریکا لەپێش وادەی خۆی چەکەکانی رادەستی عیراق کردووە، بەڵام هەندێک چەک بەپێی بەرنامەیەکی درێژخایەن رێکەوتنی لەسەرکراوە، لەوانە فڕۆکەی ئەپاچی، بەوپێیەی کە بەدرترین فڕۆکەی هێرشبەر هەژمار دەکرێت."

بەوتەی بدناریک،" ئەگەری ئەوە لەئارادایە بەپێی ڕێکەوتنەکانی پێشوو، فڕۆکەی جۆری F16 لەمانگی نۆی داهاتوو بگاتە عیراق، هەروەک بەهۆی ڕێوشوێنە ئەمنی و سەربازیی و داراییەکانەوە، وادەی گەیشتنی فڕۆکەکانی جۆری ئەپاچی نۆ مانگی دیکە دوا دەکەوێت."
بەرپرسە ئەمریکیەکە، ڕەتیکردەوە، فڕۆکەوانی ئەمریکا ئەرکی لێخورینی ئە و فڕۆکانە لەعیراق بگرنە ئەستۆ، وتیشی :
بەرنامەیەک دانراوە بۆ راهێنان و مەشقپێکردنی فڕۆکەوانان و ستافی چاودێریی ئە و فڕۆکانە لە خەڵکی عیراق .
پێش ساڵ و نیوێک، عیراق گرێبەستی لەگەڵ ئەمریکا لەبارەی کڕینی 24 فڕۆکە ئیمزاکردووە و پێش گەیشتنی ئە و فڕۆکانە پێویستە وەزارەتی دارایی عیراق پارەی فڕۆکەکان ڕەوانەی بانکی فیدراڵی ئەمریکا بکات .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 17

## 14کرێکار لە هەولێر گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141230115912844445

ڕەهێڵ سەمەد
بەرپرسانی لقی هەولێری سەندیکای کرێکارانی کوردستان رایدەگەیەنن ئەمساڵ ڕێژەی گیان لەدەستدانی کرێکاران لەکاتی کارکردنیان بەراورد بە ساڵی رابردوو کەمتر بووە، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمساڵ بەهۆی بارودۆخی و ئەمنی و قەیرانی دارایی کەمتر پرۆژە ئەنجامدراوە.
حەسەن ڕەمەزان لێپرسراوی ڕاگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکای کرێکارانی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند" :لەماوەی ئەمساڵدا 14 کرێکار لەکاتی کارکردنیان لە سنووری پارێزگای هەولێر گیانیان لەدەستداوە."
وتیشی: "دوا ڕووداوی گیان لەدەستدانی کرێکاران لە تونێلی پیرمام لەسەر ڕێگای هەولێر-شەقڵاوە بووە، کە بووە هۆی گیان لە دەستدانی سێ کرێکار .
ئەوەشی ڕاگەیاند: "ڕێژەکەی ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی رابردوو کەمترە، بە و پێیەی لە ساڵی 2013 لە سنووری پارێزگای هەولێر 33 کرێکار لەسەر کارەکانیان گیان لەدەستدابوو."
لێپرسراوی ڕاگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکای کرێکاران ئاماژە بەوەشدەکات:" هۆکاری کەمبوونەوەی ڕێژەی مردنی کرێکاران لەماوەی ئەمساڵ بۆ کەمبونەوەی پرۆژەکان دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی بارودۆخی ئەمنی و قەیرانی دارایی کەمتر ئەنجامدراون."
پێشیوابوو: "بۆ دەستەبەرکردنی مافی ئە و کرێکارانەی لەسەر کارەکانیان دەبنە قوربانی، هەروەها بۆ ڕێگاگرتن لە ڕووداوی لە و جۆرە پێویستە یاسای تازە لە پەرلەمان دەربچێت و ڕێوشوێنەکان لەبەرانبەر کۆمپانیا و خاوەن کارەکان توندتر بکرێت تاکو سەلامەتی کرێکاران زیاتر بپارێزرێن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 18

## 15کەس بوونەتە قوربانی مین و تەقەمەنی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130423214841827 14

خەندان - راماڵ قەسرەیی

لەماوەی (15) مانگی رابردوودا لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر (15) کەس بوونەتە قوربانی و زیاتر لە (23) کێڵگەی مین-یش پاک کراونەتەوەو نزیکەی دەهەزار پارچە مین و تەقەمەنیش لەناو براوە.

زێبار خالیدی بەرپرسی بەشی راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی گشتی دەزگای مینی هەولێر بەخەندانی راگەیاند: لەماوەی (15) مانگی رابردوو لەسنورەکەیاندا کەناوچەی سۆران و باڵەکایەتی و رواندز و شەقڵاوە و مێرگەسور لەخۆ دەگرێت، (23) کێڵگەی مینرێژکراو لە مین و پاشماوەی جەنگی پاک کراوەتەوەو گەرێندراونەتەوە بۆ خاوەنەکانیان کە رووبەری گشتی ئەو کێڵگە پاککراوانە (869.848) مەتر دووجا بووە لەو رووبەرەشدا زیاتر لە(850) مینی جۆراو جۆر لە ناوبردراون و پوچەڵکراونەتەوە.

وتیشی:هەر لە ماوەیەدا(8849) پارچە تەقەمەنی نەتەقاوەی جۆراوجۆر لە شوێنە جیاجیاکان گواستراونەتەوە و دواتر لە شوێنە سەلامەتەکان لە ناوبردراون.

زێبار ئاشکراشیکرد: لەلایەن بەشی رووپێوی بەرێوەبەرایەتیەکەیان (1.274.269) مەتر دووجا بە شێوەیەکی هەمیشەیی نیشانەکراوەن، وتیشی: لەم هەفتەیەدا (3) کێڵگە مینی تر کە کاریان تێدا دەکرێ تەواو دەبن و دەگەڕێنرێنەوە بۆ خاوەنەکانیان بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن.

سەبارەت بە ئاماری قوربانیانی مین و تەقەمەنیش بەرپرسی راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی گشتی مینی هەولێر ئاشکرایکرد: لە ماوەی 15 مانگی رابردوودا لە سنوری پارێزگای هەولێر (15) هاووڵاتی بە هۆی رووداوی مین و تەقەمەنی بوونەتە قوربانی، کە (4) یان گیانیان لە دەستداوە، (11) یان بریندار و کەم ئەندام بوون. رێژەکەش بە جیاوازی لەگەڵ ساڵانی پێشتر زۆر کەم بۆتەوە.

23-04-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 19

## 151ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستان تیرۆرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140327142720654 63


١٥١ ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستان تیرۆرکراون

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - حدکا |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 20

## 16،556دەرچووی زانکۆو پەیمانگا فۆرمی بیمەی بێکارییان پڕکردووەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130530124310784O5

هێمن مامەند، هەولێر: وتەبێژی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، عەباس ئەکرەم، ئەمڕۆ، پێنجشەممە، لەلێدوانێکدا بەئاوێنەنیوزی راگەیاند "لەسنوری پارێزگای هەولێر 4750 دەرچوو، لەسنوری پارێزگای سلێمانی 7478 دەرچوو، لەسنوری پارێزگای دهۆک 3179 دەرچووو لەسنووری ئیدارەی گەرمیانیش 1149 دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان فۆرمی بیمەی بێکاریان پڕکردۆتەوە."
وتیشی "بەم شێوەیە بەپێی دواین ئاماری بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سەر بەووەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەسەرتاسەری پارێزگاکانی هەرێم 16،556 دەرچووی زانکۆو پەیمانگای سەر بەوەزارەتەکانی خوێندنی باڵاو پەروەردە فۆرمی بیمەی بێکارییان پرکردۆتەوەو پرۆسەی پرکردنەوەی فۆرمەکانیش کۆتایی پێهاتووە."
وتەبێژەکەی وەزارەتی کار راشیگەیاند، پرۆسەی پڕکردنەوەی فۆرمی بیمەی بێکاری لە 17/3/2013 دەستپێکردو بۆ ماوەی دوو مانگو لە 17/5/2013 کۆتایی پێهات.
ئاشکراشیکرد، دوای وردبینیکردنی فۆرمەکان بەنوسراوی رەسمی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئاراستەی وەزارەتی داراییو ئابوری دەکرێت بۆ دابینکردنی بوودجەی پێویستو خەرجکردنی بیمەکە.
بەپێی رێنماییەکان تەنها دەرچوانی ساڵی 2011-2012 لەوانەی لەکەرتی گشتی دانەمەزراونو هیچ کارێکیان لەکەرتی تایبەتدا نییە سودمەند دەبن لەوەرگرتنی بیمەی بێکاری کە مانگانە پرەکەی 150 هەزار دینارەو بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام دەبێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-05-30

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 21

## 1639سعودی چونەتە ناو داعشەوەو نەگەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکەیان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150320094243849 27

وەزارەتی ناوخۆی عەرەبستانی سعودی رایگەیاند لەماوەی چوار ساڵی رابردودا ژمارەی ئەو سعودیانەی چونەتە سوریاو عێراقەوە بەمەبەستی شەڕ 2284 هاوڵاتی بون و تا ئێستاش 1639 کەسیان لەناو داعشدا ماون.
ئاژانسەکان، ئاوێنەنیوز: وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی سعودیە "لیوا مەنسور تورکی" رایگەیاند کە وەزارەتەکەیان لەنزیکەوە بەدواداچون بۆ ئەو سعودیانە دەکات کە بەمەبەستی شەڕکردن چونەتە سوریاو عێراقەوە و بەڵگەی تەواوی لەوبارەوە دەستکەوێت کە هەواڵەکان باس لەکوژرانی چەند

ئیسلامییەکی ناسراوی سعودی لەو دو وڵاتەدا دەکەن.
لەبارەی ژمارەی ئە و سعودییانەی لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوو پەیوەندیان بەداعشەوە کردوە، ناوبراو رایگەیاندوە کە 2284 هاوڵاتیی سعودیی چوەتە سوریاو عێراق بەمەبەستی شەڕکردن، لە و ژمارەیەش 645 کەسیان گەڕاونەتەوە وڵاتەکەی خۆیان، بەڵام "1639 کەسیان چونەتە ناو داعشەوەو نەگەڕانەتەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-03-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 22

## 17ساڵی تر سلێمانی لە مین پاکدەکرێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140219004539256005



خەندان – هۆگر کەمال
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە سلێمانی، رایدەگەیەنێت، تاوەکو ئێستا لە سنوری پارێزگای سلێمانی توانراوە 100 ملیۆن مەتر دووجا زەوی لە مین و تەقەمەنی پاکبکرێتەوە، ئاماژە بەوەش دەکات کە پێویستیان بە 17 ساڵی ترە بۆ پاککردنەوەی ئە و زەویانەی لە سنوری پارێزگای سلێمانی مینڕێژکراون.
ئەمڕۆ سێشەممە، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، سەباح حەسەن بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە سلێمانی رایگەیاند: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لەسلێمانی لە ساڵی 2013 لێپرسراو بووە لە پاکسازی چەک و تەقەمەنی لە سلێمانی، چونکە پێشتر تا ساڵی 2012 پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و کۆیە و بەشێک لە شەقڵاوە لە دەسەڵاتی ئەم بەڕێوەبەرایەتییەدا بووە، بەڵام لەساڵی 2014 ئیدارەی گەرمیان بەڕێوەبەرایەتی خۆی بۆ دانراوە و لێپرسراو دەبێت بەرامبەر ناوچەی گەرمیان .
سەباح حەسەن، وتی: "لە ساڵی (2005) تاوەکو کۆتایی ساڵی 2012 بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین توانیویەتی زیاتر لە (70) ملیۆن مەتر دووجا زەوی لە مین و تەقەمەنی پاک بکاتەوە."
وتیشی: "ئەگەر بەم شێوازە کارکردن بەردەوامبێت، 17 ساڵمان پێویستە هەتا ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی لە مین و تەقەمەنی پاک بکەینەوە."
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە سلێمانی ئەوەشی خستەڕوو کە هەرچەندە لە پلانی ساڵی 2013 دا دەبوو چوار ملیۆن مەتر زەوی لە مین پاک بکەنەوە، بەڵام "توانیمان 757 هەزار مەتر لەوە زیاتر پاک بکەینەوە.
بەڕێوەبەری کاروباری مین لە سلێمانی، ئاشکراشیکرد، کە "لەدوای راپەڕینەوە توانراوە 100 ملیۆن مەتر دووجا زەی لە مین و تەقەمەنی پاکبکرێتەوە لە پارێزگای سلێمانی، ئە و رووبەرەی زەوی لەسلێمانیشدا ماوەتەوە بۆ ئەوەی لە مین پاکبکرێتەوە 172 ملیۆن مەتر دووجایە، واتە بەڕێژەی 23% ناوچە مینڕێژکراوەکان مەترسیان تێدا نەماوە.
وتیشی: "لە ناوچەی گەرمیانیش 38 ملیۆن مەتر دووجا ماوەتەوە بۆئەوەی لە مین پاکبکرێتەوە، واتە 52% مەترسی تێدانەماوە."

بە وتەی سەباح حەسەن، بۆ کار و چالاکیەکانیان پری 26 ملیار دیناریان لەبەردەستدا بووە، روونیشیکردەوە کە "کۆی گشتی قوربانیانی مین و تەقەمەنی نۆ هەزار و 211 کەسن لە سلێمانی و گەرمیان، لە و رێژەیەش تەنها چوار کەسیان کارمەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری بواری مین بوون، هەر لە و ژمارەیەش یەکێکیان شەهیدبووە، هەروەها 74 قوربانیشیان کارمەندی کۆمپانیاکان و رێکخراوەکان بوون.
سەباح حەسەن، باسی لەوەشکرد، کە "بۆ ئەمساڵ پلانی ئەوەمان هەبوو شەش ملیۆن مەتر دووجا زەوی لە مین پاک بکەینەوە، ئەوەیش بە دابینکردنی 35 ملیار دینار، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان لەڕووی داراییەوە ئە و پرەیە کەمکرایەوە بۆ 12 ملیار و 500 هەزار دینار."
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لە سلێمانی، رونیشیکردەوە: "هەرچەندە لەناوبردنی ئە و مین و تەقەمەنیانەی لە هەرێمی کوردستاندان ئەرکی حکومەتی ناوەندە، بەڵام تائێستاش حکومەتی ناوەندی بەهیچ شێوەیەک ئە و ئەرکەی نەگرتۆتە ئەستۆی خۆی، هەموو ئە و کاروچالاکیانەی ئەنجامیشمانداوە لە سەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 19-02-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 23

## 19%ی دانیشتوانی ئێستای کوردستان عەرەبن

http://www.kurdipedia.org/?q=20141028120242777837

بەهۆی رووداوەکانی ئەم دواییەوە، هەزاران عەرەب ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، بەپێی راپۆرتی رێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی 47% ئاوارەی عیراق، لەهەرێمی کوردستانن و لە 19% ی دانیشتوانی ئێستای شارەکانی کوردستان عەرەبن.
بەپێی ئاماری دەستەی گشتی ئاماری هەرێمی کوردستان، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێنج ملیۆن و 300 هەزار کەسە، بەژمارەی ئاوارەکانەوە، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نزیکی حەوت ملیۆن و 300 هەزار کەسە، بەوپێیە‌ش لە 27.4% ی دانیشتوانی ئێستای هەرێم خەڵکی ئاوارەن، زۆربەی هەرە زۆریشیان عەرەبن و لەهەندێک شارۆچکەدا ژمارەیان لەدانیشتوانە کوردەکان زیاترە.
بۆ نموونە دانیشتوانی شەقلاوە 25 هەزار کەسە بەڵام زیاتر لە 35 هەزار عەرەبی تیادا نیشتەجێیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 28-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 24

## 2هەزار و 328 سزادراو لەهەرێمدا هەیە و خەرجی هەریەکێکیان مانگانە نزیکەی 1800$

http://www.kurdipedia.org/?q=20130813134047891 68



2هەزارو 328 بەپێی وتەی بەڕێوەبەری گشتی چاکسازیەکانی هەرێم، ئەحمەد نەجمەدین، خەرجی مانگانەی هەر سزادراوێک لەهەرێمدا نزیکەی 1800دۆلار (18وەرەقەیە)، دوا ئاماری سزادراوانی هەرێمیش 2هەزار 328 کەسە. بەڕێوەبەری چاکسازی گەوران لەسلێمانی رایدەگەیەنێ، لەچوار بەش، بەشێکی سزادراوەکانیان خەڵکانی بیانیە، شارەزایەکی ئابوریش بەپێویستی دەزانێ، بەمەرجی پاراستنی گیانیان، سزادراوانی بیانی رەوانەی وڵاتەکانیان بکرێنەوە "چونکە مانگانە خەرجیەکی زۆریان دەوێت."

ئا: ئاسۆ سەراوی

ژمارەی سزادراوان و خەرجی مانگانەیان

وتەبێژی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم، عەباس ئەکرەم رایدەگەیەنێت، 2هەزارو 328 سزادراو بەتاوانی جۆراوجۆر لەنێو بنکەی چاکسازییەکانی گەوران و ژنان و منداڵان لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمیکوردستان حوکمدراون. ئەمە جگە لە و کەسانەی لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی گرتن و گواستنەوەدا راگیراون، کە هەر یەکێکیش لەوانە بەسەدان کەسیان تێدا بەندیە.

بەڕێوەبەری گشتی چاکسازیەکانی هەرێم، لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ئەحمەد نەجمەدین لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە ئاماژە بەوە دەکات، خەرجی مانگانەی هەر سزادراوێک لەهەرێمدا نزیکەی 1800 دۆلارە و ئەو سزادراوانەش کە خەڵکی هەرێمن و خێزاندارن، مانگانە 150هەزار دیناری دەدرێتە خێزانەکانیان.

ئە و بەڕێوەبەرە گشتیە جەخت لەوە دەکاتەوە هەر سزادراوێک زۆر بەباشی بەپێی بەرنامەیەکی بۆ دارێژراو خزمەت دەکرێت و جگە لەسێ ژەمە نانخواردن و پێداویستی رۆژانە کە لەلایەن کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت، ساڵانە دوجاریش جلوبەرگی هاوین و زستانە بۆ سزادراوەکان دەکڕدرێت "ئەگەر باس لەخەرجی مانگانە هەر سزادراوێک بکەین، دەبێت لێکدانەوەی ورد بۆ هەمو لایەنەکانی بکەین، هەر لەپێداویستی رۆژانە و خەرجی گواستنەوە و شوێنی مانەوە و موچەی پاسەوان و زۆر لایەنی تریش، بەپێی لێکدانەوەکانی ئێمە خەرجی هەر یەکێک لەسزادراوەکان مانگانە دەگاتە 1800."$

زۆرترینیان لەپارێزگای سلێمانیە

زۆرترین سزادراوەکانی هەرێم، لەپارێزگای سلێمانیدایە، بەپێی ئامارەکەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی 997 کەس لەگەوران و ژنان و منداڵان بەتاوانی جیاجیا لەسلێمانی سزادراون، عەمید ئاوات شێخ کەریم بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی سلێمانی کە زۆرترین سزادراوەکان کە نزیکەی 840 سزادراون لەنا و بەڕێوەبەرایەتیەکەی ئەواندایە، لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە، باس لەزۆری خەرجیەکانی هەر یەکێک لە و سزادراوانە دەکات، ناوبراو ئەوە دەخاتە رو یەکێک لەزۆرترین خەرجیەکانیان، خەرجی گواستنەوەیە، هۆکاری ئەوەش وەک خۆی دەڵێت "هەر سزادراوێک بچوکترین نەخۆشی هەبێت، راستەوخۆ دەیگوازینەوە بۆ نەخۆشخانە، دیارە گواستنەوەش بەئۆتۆمبیلی گەورەی ئەمەریکی 8بستۆنە، بەنزین و خەرجیەکی زۆرتری دەوێت، ئەگەر لەنەخۆشخانەش بمێنێتەوە پاسەوان و خەرجیەکی تری دەوێت". لەناو ئەو چاکسازیەدا و لەکاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا 842 سزادراو هەبو، کە بەوتەی عەمید ئاوات لە و رێژەیەش لەچوار بەش بەشێکی خەڵکانی بیانیە کە زۆرترینیان ئێرانیە و دوای ئەوەش بەنگلادیشی و هیندیە، ئەو دەڵێت "بەپرواى من خەرجی هەر

سزادراوێک مانگانە لەنێوان 1ملیۆن250هەزار دینار تا1ملیۆن 500هەزار دینار دەبێت."

ئە و باس لەوەش دەکات، کە تائێستا وەرشەی کاریان نییە و ئەو کارانەی زیندانیەکان خۆیان دەیکەن وەک کڵاش چنین و چەند ئیشێکی دەستی تر، شتێکی تەقلیدیە بەبەرنامەیەک رێکنەخراوە "هەندێ لەسزادراوەکان کڵاش دەچنن و هەندێکی تریان ئیشی دەستی جۆراوجۆر دەکەن، بەڵام ئەوانە کاری لاوەکین و سزادراوەکان خۆیان پێیهەڵدەستن، نەک ئەوەی ئێمە وەرشەی کارمان بۆ دانابن، دوای تەواوبونی بینا نوێکەمان پێشبینی دەکەم وەرشەی کار بکەینەوە ."

خەرجی راگیراوانیش هەمان پرە

جگە لەسزادراوەکان سەدان کەسی تریش لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی گرتن و گواستنەوەدا راگیراون و بەندین، هەر یەکێک لەوانەش رۆژانە خەرجیەکی زۆریان دەوێت. بەڕێوەبەرایەتیەکانی گرتن و گواستنەوە جگە لەهەرسێ شارەکەی هەرێم لەگەرمیان و رانیەش بونی هەیە. لە و بەڕێوەبەرایەتیانەش بەهەمانشێوە خەڵکانی بیانیش بونی هەیە.

بەڕێوەبەری گرتن و گواستنەوەی سلێمانی لەئێستادا نزیکەی340 راگیراوی تێدایە بەڕێوەبەری گرتن و گواستنەوەی سلێمانی هیوا عەلی لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە باس لەزۆری خەرجی هەر یەکێک لە و راگیراوانە دەکات بەتایبەت خەرجی گواستنەوەیان بۆ دادگاکان، ئەمە جگە لەخەرجی خواردن و پێداویستیەکانی تری رۆژانەیان، ئەو دەڵێت "تائێستا بەوردی لێکدانەوەمان بۆ ئەوە نەکردوە، کە هەر راگیراوێک مانگانە خەرجیەکەی دەکاتە چەندە، بەڵام لەگەڵ سزادراوەکان ئەو جیاوازیەیان هەیە، ئێمە جلوبەرگیان بۆ ناکڕین، بەڵام لەزۆری خەرجی هاتوچۆدا پێشبینی دەکەم ئێمە زیاتر بین، وای بۆ دەچم هەمان خەرجی سزادراوانمان هەبێت ."

"پێویستە سزادراوانی بیانی بگەڕێنرێنەوە وڵاتەکانیان."

ئابورناس و خوێندکاری دکتۆرا لەبواری ئابوری لەوڵاتی بەریتانیا جەمیل عەلی باس لەوە دەکات، لەوڵاتانی پێشکەوتو سزادراو لەبەرامبەر ئەو خەرجیانەی حکومەت بۆی دەکات، ئەویش لەبوارێکی خزمەتگوزاری گشتیدا کاری پێدەکرێت. ئەو ئاماژە بەوەش دەکات هەندێ لەوڵاتان بەمەرجی پارێزراویی گیانیان سزادراوی بیانی رادەستی وڵاتەکانی خۆیان دەکرێنەوە "دەکرێت حکومەتی هەرێمیش کارێکی وەها بکات، ئەو سزادراوە بیانیانە بگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، بەمەرجی ئەوەی گیانیان نەکەوێتە مەترسیەوە، چونکە ئاشکرایە هەر یەکێک لە و سزادراوانە خەرجیەکی زۆری دەوێت."

ئە و بەپێویستیشی زانی هەر یەکێک لە و سزادراوانە بکرێنەوە بەکەسێکی وەبەرهێن، تا بەتەنها بەکارهێن نەبن" دەکرێت سزادراویش بکرێتەوە بەکەسێکی وەبەرهێن بەوەی لەناو زینداندا کارخانە و وەرشەی کار هەبێت، تا سزادراوان کاری تێدا بکەن، ئەمەش دو سودی هەیە، هەم لەروی دەرونیەوە سزادراوەکە ئاسودەیە و هەم سەرچاوەی دارایشی دەبێت."

لەو2هەزارو 328سزادراوەی هەرێم، 665 لەهەولێرن و 997 لەسلێمانی و 666یان لەپارێزگای دهۆکەسزادراو لەهەرێمدا هەیە و خەرجی هەریەکێکیان مانگانە نزیکەی 1800$

...

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 13-08-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

ولّات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 25
**2کرێکار لەهەولێر گیانیان لەدەستداو ژمارەی قوربانیان لە و شارە گەیشتە 15 کرێکار**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013062712384478254

دوو کرێکاری دیکە لەشاری هەولێر گیانیان لەدەستداو بەوەش ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەسەرەتای 2013وە لە و شارە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 15 کرێکار.
هێمن مامەند، ئاوێنەنیوز: بەرپرسی راگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکای کرێکارانی کوردستان، حەسەن رەمەزان، ئەمڕۆ، پێنجشەممە، ئەوەی بۆ ئاوێنەنیوز رونکردەوە کە دوێنێ، چوارشەممە، دو کرێکار لەدو روداوی جیاوازدا لەشاری هەولێر لەکاتی کارکردندا گیانیان لەدەستداو هەردو کرێکارەکەش دانیشتوی شاری هەولێر بون.
حەسەن رەمەزان وتیشی، بەگیان لەدەستدانی ئەو کرێکارە، ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەسەرەتای ئەمساڵەوە لەستوری پارێزگای هەولێر گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 15 کرێکار.
بەرپرسی راگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکای کرێکارانی کوردستان، هۆکاری زیادبونی گیانلەدەستدانی کرێکارانی گەراندەوە بۆ نەبونی مەرجی سەلامەتی شوێنی کارکردنی کرێکاران، هاوکات ئەوەشی وت کە بەشێک لەهۆکارەکەش بۆ کەمتەرخەمی کرێکاران خۆیان دەگەرێتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 27-06-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 26
**20تاقانەی هەڵەبجە لە بەرەکانی شەڕن**
http://www.kurdipedia.org/?q=2015032716280385005

بەپێی بڕیارێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نابێت تاقانەکان بچنە بەرەکانی شەڕ، بەڵام تەنها لە هەڵەبجە 20 تاقانە لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگریدان.
ئیدریس لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا 8 کەس لە خێزانەکەی شەهیددەبن و ئە و بە تاقانە دەمێنێتەوە.
ئیدریس لە ساڵی 1991ەوە پێشمەرگەیە و ئێستا پلەی نەقیبە، لە شەڕدا هۆشی لای بەرگریکردن لە نیشتمانە و خەیاڵیشی لای یێکەسی منداڵەکانیەتی. ئێوبراو خێزانداره و خاوەنی 5 منداڵە.
لە تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا 160 کەس تاقانە ماونەتەوە، لەو ژمارەیەش ئێستا 20 یان لە بەرەکانی شەڕن و تائێستاش یەکێکیان شەهیدبووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 27-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: هەڵەبجە
ولّات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 27

## 25حاڵەتی پێشێلکاری بەرانبەر رۆژنامەنوسان کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150210124800847444

ئەمین ئەحمەد

لە سنووری سۆران و دەوروبەری لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا 25 حاڵەتی پێشێلکاری بەرانبەر بە رۆژنامەنوسان کراوە و پێشێلکارییەکانیش لە لێدان و دەست بەسەرداگرتنی کەلوپەلی رۆژنامەنوسان رێگرییکردن لەکاتی روماڵکردنی هەواڵ و بەدواداچوون خۆیان دەبیننەوە .

ئاکۆ حەمەد رابی ئەندامی نوسینگەی سۆرانی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان: "لە سنووری سۆران و دەوروبەری لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا 25 حاڵەتی پێشێلکاری بەرانبەر رۆژنامەنوسان کراوە، پێشێلکارییەکانیش بریتی بوونە لە لێدان و دەست بەسەرداگرتنی کەلوپەلی رۆژنامەنوسان رێگرییکردن لەکاتی روماڵکردنی هەواڵ و بەدواداچون."

وتیشی: "ئێمەش لای خۆمان بەدواداچوونمان بۆ حاڵەتەکان کردووە چ لەرێگەی دەرکردنی بەیاننامە بێت یان سکالا لای دادگاکان یان قسەکردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان."

سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 2015-02-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

شارەکان: سۆران

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 28

## 25هەزار قوتابی ئاوارە لە هەرێمی کوردستانن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140911110926773391

هەماهەنگیکاری گشتی وەزارەتی پەروەردەی عێراق بۆ پارێزگاکان رایگەیاند بەهۆی ناجێگیری باری ئەمنی نزیکەی 25 هەزار قوتابی لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

عەبدولعەزیز جاسم، هەماهەنگیکاری گشتی وەزارەتی پەروەردەی عێراق بۆ پارێزگاکان بە تۆری میدیایی رووداوی راگەیاند: " بە هۆی ناجێگری رەوشی ئەمنی پارێزگاکانی باکوور و ناوچەکانی دیکەی عێراق نزیکەی 25 هەزار قوتابی کچ و کور روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە."

گوتیشی: "بڕیارە بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر 3 قوتابخانە لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی بۆ ئەو قوتابیە ئاوارانە بکرێنەوە و ئێستا چاوەڕێی رەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکانین، چونکە ساڵی خوێندن دەستپێکرد."

نافیع حسێن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگای ئەنبار بە تۆری میدیایی رووداوی راگەیاند: " سەرجەم ئەو پێشنیارانەی وەزارەتی پەروەردەی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قوتابیان خستویەتیە روو چارەسەری کاتین و کێشەکە چارەسەر ناکەن، چونکە پێشنیارەکان خۆیان لە تەرخانکردنی قوتابخانە دەبیننەوە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، لەکاتێکدا پێویستیمان

به کردنەوەی قوتابخانەکان هەیە."
بەهۆی ڕەوشی نالەباری پارێزگاکانی ئەنبار، نەینەواو سەڵاحەدین، دیالەو کەرکووک، ناوچەکانی چواردەوری شاری بەغدا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانانی ئەم پارێزگایانە هەڵاتن و ڕوویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 11-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 29

## 250گەنجی هەرێم لەناو چەتەکانی داعشدا دەکوژرێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041912114869274

ڕۆژنیوز – ناوەندی هەواڵەکان
بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات، هەتا ئێستا ژمارەیەکی زۆری چەکداری کورد لە ناو چەتەکانی داعشدا کوژراون، ئاماژە بە ژمارەی ئەو گەنجە کوردانەش دەکات کە تا ئێستا لەناو چەتەکانی داعش-دان. مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارێکدا بە ناونیشانی کوردەکانی داعش بەرەو کوێ.؟ کە لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە، ژمارەی ئەو کوردانە ئاشکرادەکات کە لەڕیزی چەتەکانی داعش-دان. مەریوان نەقشبەندی، لە وتارەکەیدا دەڵێت:" لەساڵی2013 داعش و جبهە النصرە و زۆربەی گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکانی سوریا زۆر دڵخۆش بوون بە پەیوەندیکردنی سەدان گەنجی هەرێمی کوردستان بەریزەکانیانەوە." هەروەها پێی وایە:" سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ و فەتوا و وتاری زۆربەی مزگەوت و مامۆستایانی ئاینی و حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان لەڕووی فیکریەوە بووە هۆی نائومێدبوونی داعش لە کورد و چەکدارە کوردەکانی ناو داعش." نەقشبەندی، باس لەوەش دەکات:" لە ساڵی 2014 لە موسڵ و حەویجە و سەعدیە چەکدارانی داعش بەتۆمەتی خیانەت و هاوکاریکردنی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنیەکانی کوردستان و فرۆکەکانی هاوپەیمانان و هەوڵی هەڵاتنی هەندێکیان کەتیبە و گروپە کوردیەکانی ناو داعش بە فەرمانی سەرکردە عەرەبەکانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە لەیەکتر جیاکرانەوە و بەدەیان چەکداری داعشی کوردیان لەبەرچاوی خەڵک گولەباران کرد." هەروەها مەریوان نەقشبەندی، ئاشکرای دەکات:" لە ماوەی کەمتر لە 16 مانگی ڕابردوو تا ئێستا زیاتر لە 250 گەنجی کورد لەناو داعشدا کوژراون." لە وتارەکەیدا بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماژە بەوەش دەکات:" ئێستا کەمتر لە 100گەنجی هەرێم لەناو ڕیزەکانی داعش ماوە و هەر لەم ساڵدا زیاتر لە 100 چەکداری کوردی ناو داعش بەشێوازی جۆراوجۆر هەڵاتوون یاخود خۆیان حەشارداوە و بەدوای هەلێکدا دەگەرێن تا بەیەکجاری عیراق و ناوچەکە جێبهێڵنک، ئەوانەش کەماونەتەوە و لەبەردەم زومی کامێرادا تاوانی کوشتن و سەربرینیان پێ ئەنجامداون ئەوە لەلای داعش جێگەی گومان و مەترسی هەڵاتنیان نەماوە چونکە هەموو ناسراون و دەزانن چ چارەنوسێکی ڕەش چاوەڕێیان دەکات".

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 30

## 260نەخۆشی دەروونی لەگەرمیان لەماوەی یەک مانگدا چارەسەر دەکرێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014020513292720881

خەندان – سۆران کەریم
دوای کەمتر لە دوو مانگ لە کردنەوەی، سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەروونی لەگەرمیان، لەماوەی مانگی رابردوودا، 260 نەخۆش لە و سەنتەر بینراوە و چارەسەریان بۆ کراوە، ئەمە جگە لە ئەنجامدانی چالاکیی هۆشیاری و رۆشنبیریی.
محەمەد ئیسماعیل، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە بە خەندانی راگەیاند، " لە 18ی کانوونی یەکەمی 2013 سەنتەرەکە کرایەوە و راستەوخۆ دەستی بەکاری پراکتیکی کرد بۆ خزمەتی هاوڵاتیان و چارەسەرکردنی ئە و کەسانەی کێشە و گرفتی دەروونیان هەیە، رونیشیکردەوە تەنها لەمانگی رابردوودا، کانونی دووەمی 2014، سەنتەرەکە 260 نەخۆشی بینیوە.
محەمەد ئیسماعیل ئاماژەی بەوەشکرد کە، ئە و نەخۆشانە پاش پێدانی رێنمای دەروونی، ئەگەر پێویست بوێت لەلایەن پزیشکی پسپۆری دەروونیەوە چارەسەری پێویستیان بۆ کراوە، وتیشی : چارەسەرەکان بە راهێنان یان پێدانی دەرمانی پزیشکیی بووە، ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێک لە نەخۆشەکان پێویستیان بەوەهەیە دانیشتن لەگەڵیان ئەنجام بدرێت.
محەمەد ئیسماعیل، وتیشی: لە و مانگەدا، پێنج سیمیناری زانستی بۆ پەیمانگای تەکنیکی کەلار ئەنجام دراوە، ئەمە سەرباری راهێنانی توێژەرانی دەروونی کەیەکێکە لە چالاکیە بەردەوامەکانی سەنتەرەکە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-02-05

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 31

## 27کێڵگەی پاکراوە لە مین رادەستی خاوەنەکانیان کرانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011622110986661



خەندان – هێمن قەرەهەنجیری
27کێلگە لەمین پاکراوە ڕادەستی خاوەنەکانیان کرانەوە، کە کۆی رووبەرەکەیان ملیۆنێک و25 هەزارو337 مەتر دوجایە و351 مین و 362 تەقەمەنی تێدا هەڵگیراونەتەوە.
لەمەراسیمێکدا بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری ناحیەی قەرەهەنجیروئەنجومەنی ناحیەو نوێنەرانی دەزگای مین ورێکخراوی ئێم ئەی جی ئەمڕۆ ئەوئەو کیڵگانە رادەستی خاوەنەکانیان کرانەوە.
ئارام سابیر، بەرپرسی راگەیاندنی ئێم ئەی جی تایبەت بە خەندان ڕایگەیاند ژمارەی کێڵگە پاکراوەکان لەمین 27 کێڵگەن و روبەری پاککراوە ملیۆنێک و25 هەزارو337 مەتر دوجایە، هەروەک 351 مین و 362 تەقەمەنی لەو کێڵگانەدا هەڵگیراونەتەوە.
چرۆعیمان، نوێنەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری مین تایبەت بەخەندان

ڕایگەیاند، بە شێوەیەکی ڕێک وپێک ئەم ناوچانەمان پاککردۆتەوە وخاوەنەکانیان دڵنیادەکەینەوە لە پاکبونەوەی یەکجاری زەویەکانیان وتیشی: دەمانەوێت بەشێوەیەک کوردستان ئاوەدان بکەینەوە کە لە بری هەر مینێک گوڵێک بچێنین بۆ ئەوەی کوردستان ئاوەدان بکەینەوە.
ئەحمەد فەتاح، بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی بەریوبەرایەتی کاروباری مین بە خەندانی ڕاگەیاند، " لەساڵی 2005 تائێستاژمارەیەکی زۆر لەکێڵگەکانی مین لە سنوری ناحیی قەرەهەنجیر پاککراونەتەوە و ناوچەکە پشکی شێری بەرکەوتووە، سەبارەت بەژمارەی قوربانیانی ئەم چەکەش ڕایگەیاند کە تائێستا 30 قوربانی هەبووە کە3لەوانە گیانیان لەدەست داوە ولە کەمئەندامەکانیش یەکێکیان کارمەندی پاککەرەوەی مینە.
بەهجەت ئیبراهیم، ئەنجومەنی گوندی گورگەیی سەرخاسە داواکاربو لایەنی پەیوەندیدارەکان کەکاربکەن بۆ بەزووی پاککردنەوەی ئەو بەشانەی دکەی سنورەکەیان کەماوە.
ئاڤێستا شێخ محەمەد، بەڕێوبەری ناحیەکەش تایبەت بە خەندانی ڕایگەیاند، پاککردنەوەی ئەم ناوچانە سودێکی گەورە بەسنورەکەیان دەگەیەنێت لە ڕوی بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵیەوە، ئەمەلەکاتێکدایە کە چەندین ساڵە خاوەنی ئەم زەویانە ناتوانن سودیان لێوەربگرن لەبەر بوونی مین وتەقەمەنی تێیاندا .
داواشیکرد، هەریەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی پارێزگای کەرکوک بودجەی تایبەت و پێویست دابین بکەن بۆ بنەپڕکردنی مین لەم سنورە بەوپێیەی ناوچەی قەرەهەنجیر پشکی شێری بەرکەوتووە لە بوونی مین بەهۆی ئەوەی کە سەر بەهێڵی 36 حکومەتی بەعسیش سەرەڕای بە سەربازگەکردنی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر، مینیشی تێدا چاندووە بۆ قڕ کردنی کورد لەم سنورە دا، هاوکات پێشبینی ئەوە دەکرێت کە تاکۆتای ساڵی2014 سنورەکە لەپاشماوەی مین و تەقەمەنیی پاک بکرێتەوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 16-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 32

## 27کەس لە هەولێر خۆیان دەکوژن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042409102985151

ئەگەر ئەو کارەساتە بەمشێوەیە بەردەوام بێت تاوەکو کۆتایی ساڵ، ڕەنگە ئەمساڵ بە ساڵی خۆکوشتن نێوبربێت لەشاری هەولێر.
ئامارێکی پۆلیس دەریدەخات تەنیا لە ماوەی 3 مانگ و نیوی ئەمساڵدا 27 کەس لە سنووری پارێزگای هەولێر خۆیان کوشتووە. پۆلیس دەڵێت ژمارەکە "زۆر زۆرە". کۆمەڵناسێکیش دراما دۆبلاژکراوەکان بەهۆکار دەزانێت.
بەپێی ئامارێکی پۆلیسی هەولێر، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو 17ی نیسان، 27 کەس (15 نێر و 12 مێ) بە ڕێگەی جۆراوجۆری وەکو (تەقە لەخۆکردن، خۆخنکاندن و خۆسووتاندن) خۆیان لەناوبردووە. ئامارەکە، پۆلیسی هەولێری تووشی شۆک کردووە کە دەڵێن هیچ ساڵێک هێندەی ئەمساڵ حاڵەتەکانی خۆکوشتن زۆر نەبوون .
کاروان خۆشناو، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو کەسانەی پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە، زۆربەیان گەنجن. بەشێکی زۆری هۆکارەکەشی بۆ کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێو خێزانەکانیان دەگەڕێتەوە ."

رووداوی خۆخنکاندنی کچێکی تەمەن 11 ساڵ لەڕێگەی خۆهەڵواسینەوە لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر لە هەفتەی رابردوودا، کاریگەرترین رووداوی نێو 27 رووداوەکەیە.
رائید کاروان گوتی "ئەو رووداوە زۆر کاریگەر و سەرنجڕاکێش بوو بەلامانەوە، بۆچی کچێک لەو تەمەنەدا و بەو شێوەیە بیر لەخۆکوشتن بکاتەوە."
بۆ هۆکاری خۆکوشتنی کەسانی لەو تەمەنە، گوتەبێژەکەی پۆلیسی هەولێر پێیوایە هۆکاری سەرەکی ئەو دراما دۆبلاژکراوانەن کە لە کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکانی کوردستانەوە پەخش دەکرێن.
نزیکەی 50 کەناڵی ناوخۆیی لە شاری هەولێر هەن و زۆربەشیان شەوانە درامای دۆبلاژکراو بڵاودەکەنەوە، تەنانەت کەناڵیان تێدایە شەوانە چوار درامای دۆبلاژکراو بڵاودەکاتەوە. هەندێکیشیان تایبەتن بە فیلم و دراما.
کازم زرار مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەڵاحەدین، سەیرکردنی بەردەوامی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو درامایانە بەهۆکارێک دەبینێ بۆ دووبارەکردنەوەی ئەو رەفتارانە.
ماوەی زیاتر لەساڵێکە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی قەیرانێکی قورسی دارایی بووەتەوە، بەتایبەتیش ئەو کەسانەی فەرمانبەران و سەرچاوەی ژیانیان، مووچەکانیانە. هەروەها ئەو کەسانەش کە لەبازاڕدا کار دەکەن و ئیشیان کز بووە.
رائید کاروان و کازم زرار قەیرانی دارایی بەهۆکارێکی سەرەکی دەبینن بۆ دروستبوونی فشاری دەروونی لەسەر ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن.
مامۆستا کازم دەڵێ "لەبەرئەوەی ساڵانی رابردوو خەڵک بەخۆشی دەژیان، بەڵام ئێستا تووشی قەیرانی دارایی بوون و ناتوانن وەک پێشتر خواستەکانیان پڕ بکەنەوە، پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن."
هەرچەندە ئەو کۆمەڵناسە دەڵێت قەیرانی دارایی یەکێک لە هۆکارەکانی خۆکوشتنە، بەڵام لە نێو ئەوانەی لە شاری هەولێر خۆیان کوشتووە، ئەفسەری تێدایە بە پلەی لیوا و نەقیب کە بە بەراورد بەو پۆلیس و پێشمەرگانەی پلەیان نییە، باری ئابوورییان زۆر باشترە.
زۆرجار ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن وا بیر دەکەنەوە کە بە خۆکوشتن کێشەکانیان چارەسەر دەبێ، بەڵام وەک کاروان خۆشناو دەڵێت، ئەو کەسانە دوای خۆیان چەندین گرفتی دیکە بۆ کەسوکاریان جێدێڵن "کەسێک خۆی دەکوژێ وا هەست دەکات کێشەکەی کۆتایی دێ، بەڵام نازانێ کێشەکانی دوای خۆکوشتنی گەورەترن، بۆیە دەڵێم خۆکوشتن چارەسەر نییە."
مامۆستا زرار باسی هۆکارەکانی دیکەی خۆکوشتن دەکات و دەڵێت "هەندێک لەوانەی خۆیان دەکوژن لە تەمەنێکی زوودا هاوسەرگیرییان کردووە، بەڵام کاتێک تووشی کێشە دەبن و چارەسەریان لا نییە، پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن". هەروەها دەڵێت "زۆرجار کەسوکار رێگە بە گەنجان نادەن بە خواستی خۆیان شوو بکەن، بۆیە ئەو کەسە کە هیچ چارەیەکی نامێنێ پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 24-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 33

## 300هەزار ئاوارەی عەرەب نیشتەجێی کەرکووکن

http://www.kurdipedia.org/?q=20141208095801781 65



چەند دەیەیەکە عەرەب نیشتەجێی پارێزگای کەرکووکن، یان لەوێ نیشتەجێکراون، بەڵام دوای هێرشەکانی چەکدارانی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی (ناسراو بە داعش) لە 10-6-2014 تا ئێستا، بە دەیان هەزار عەرەبی دیکەی دانیشتووی پارێزگاکانی هاوسنووری کەرکووک روویان لەو پارێزگایە کردووە.
عەممار سەباح، بەڕێوەبەری فەرمانگەی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە کەرکووک بە رووداوی راگەیاند:"ژمارەی ئاوارە عەرەبەکان لە کەرکووک ئێستا گەیشتووەتە 67 هەزار خێزان و بەپێی رێنمایی وەزارەت هەر خێزانێکی ئاوارە لانیکەم لە 5 ئەندام پێکهاتووە، بۆیە دەتوانین بڵێین زۆرتر لە 300 هەزار ئاوارەی عەرەب نیشتەجێی کەرکووکن."
عەممار سەباح گوتیشی: "پێش هێرشەکانی چەکدارانی داعش ژمارەی ئاوارە عەرەبەکان لە کەرکووک نزیکەی 9 هەزار خێزان بوو، بەڵام دوای هاتنی داعش ژمارەکە گەیشتە حەوت هێندە، کە زۆربەیان لە پارێزگاکانی نەینەوا، سەڵاحەدین، ئەنبارەوە هاتوون."
بەڕێوەبەری فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەرانی کەرکووک ئاماژەی بەوەشدا، کە "ئاوارە عەرەبەکان لە هەموو ناوچەکانی پارێزگای کەرکووک بە گشتی نیشتەجێبوون و بەتایبەتی لە کەمپی ئاوارەکان لە شارەدێی لەیلان، کە 1500 خێزان لەخۆدەگرێت و بڕیارە 3 کەمپی هاوشێوەیان لە لەیلان بۆ دروست بکرێت."
عەممار سەباح ئاشکراشیکرد کە لە کۆی 67 هەزار خێزانی ئاوارەی عەرەب لە کەرکووک 28 هەزاریان ئەو ملیۆن دینارەیان وەرگرتووە کە حکومەتی عێراق بۆ خێزانە ئاوارەکان تەرخانی کردووە، جگە لەوەی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیغاسەی ئیسلامی، منداڵ پارێز کۆمەکیان دەکەن.
لای خۆیەوە شێرزاد دەلۆ، بەڕێوەبەری نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کەرکووک بە رووداوی راگەیاند: "بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ژمارەی راستەقینەی ئاوارە عەرەبەکان لە کەرکووک نزیکەی 55 هەزار خێزانە، چونکە بەشێک لە عەرەبەکانی نیشتەجێی کەرکووک کە لە راستیدا ئاوارە نین لە پێناو بە دەستهێنانی یەک ملیۆن دینار و هاوکاریی خۆیان بە ئاوارە تۆمار کردووە."
شێرزاد دەلۆ گوتیشی: "کاریگەری ئاوارەکان لەسەر کەرکووک زۆرە و ئەوان بوونەتە هۆی بەرزبوونی نرخی خانووبەرە و کرێ و گرانبوونی کەلوپەل بە گشتی، جگە لەوەی فشاریان خستووەتە سەر خزمەتگوزارییەکانی کارەبا، ئاو و مەترسی بەدیهاتنی گۆڕانکاری دیمۆگرافیش لە کەرکووک لە ئارادایە."
ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی حکومەتی عێراق ژمارەی ئاوارەکانی عێراق بەهۆی هێرشەکانی گرووپی داعش گەیشتووەتە سەرووی 2 ملیۆن ئاوارە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 08-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە

شارەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 34

## 300هەزار کارمەند لەکەرتی تایبەت ڕەوانەیماڵەوە کراونەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014122523460284421

پەیوەند جەلال
وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان ئاشکرای دەکات کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە تائێستا 300 هەزار کارمەند لەلایەن کۆمپانیاکانەوە ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە ئەوەش بەهۆی قەیرانی داراییەوە.
مەلا یاسین مەحمود ڕەشید وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بەخەندانی ڕاگەیاند کە قەیرانی دارایی هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆئەوەی کۆمپانیاکان بەناچاری 300 هەزار کارمەند ڕەوانەی ماڵەوە بکەنەوە و وتی "لەسەرەتای ئەمساڵەوە نزیکەی 380 هەزار کارمەند لەکۆمپانیاکان کاریان دەکرد، بەڵام لەسەرەتای دروستبوونی قەیرانەکە و بەردەوامبوونی هەتا ئێستا، نزیکەی 300 هەزار کارمەند ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە."
وتەبێژەکەی یەکێتی وەبەرهێنانی کوردستان ئامارێکی دیکەشی خستەڕوو کە ئەمساڵ و هەر بەهۆی قەیرانی ئابوورییەوە لەنزیکەی پێنج هەزار کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانیش، زیاتر لە 3200 بەڵێندەر و کۆمپانیا ئیشیان نەماوە و نزیکەی 300 کۆمپانیا و بەڵێندەریش ئیفلاسبوونی خۆیان ڕاگەیاندووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-25

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 35

## 33هەزار حاڵەتی تەڵاقدان لە هەرێمی کوردستان تۆمار دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014021808520925552

بەپێی ئە و ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری و دادگاکانی هەرێمی کوردستان، لەماوە 8 ساڵیٚ ڕابردودا 33هەزار و137 حاڵەتی تەڵاقدان لەهەرێمی کوردستان تۆمارکراوە کە زیاتر لە 12 هەزار حاڵەتیان لەدو ساڵی ڕابردو تۆمارکراوە.
ئاوێنەنیوز، باس: بەپێی ئە و داتایانەی دەست هەفتەنامەی باس کەوتون لەساڵی 2006 (2928) حاڵەتی تەڵاق هەبوە، لەساڵی 2007 (3620) تەڵاق هەبوە، لەساڵی 2008 (3663) حاڵەت هەبووە، لەساڵی 2009 بۆتە (4237) حاڵەت لەساڵی 2010 (2555)، لەساڵی 2011 بەرزبۆتەوە بۆ (3728) حاڵەت، لەساڵی 2012 ئامارەکە بەرزبۆتەوە بۆ 6 هەزار حاڵەت، بەڵام لەساڵی 2013 زۆرترین حاڵەتی تەڵاقدان تۆمارکراوە کە گەیشتۆتە 6 هەزار و 417 حاڵەت.
ئەگەر ئاماری ساڵی 2013 وەر بگرین ئەوە هەولێر لەتەڵاقدان یەکەم بووە بە 2 هەزارو 760 حاڵەت پاشان پارێزگای سلێمانیە بە 2 هەزار و 184 حاڵەت.
بەپێی ئامارە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکارەکانی بەرزبونەوەی ڕێژەی تەڵاق بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە" 35% نەگونجان لەگەڵ یەکتر، 19% نەبونی ماڵی سەربەخۆ، 10% خیانەتی هاوسەری، 8% خراپیی باری ئابوری، 8% کێشەی کۆمەڵایەتی، 7% تەکنەلۆژیایی سەردەم، 3% جیاوازی تەمەن، 2% ژنهێنانی دووەم، 2% نەزۆکی، 1% نەخۆشی یەکێک لەهاوسەرەکان، 5%ی هۆکارەکانی تریش نەزانراوە.
لەوبارەیەوە وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری لەهەرێمی کوردستان، ئومێد موحسین، دەڵێت،

بەبەراورد بەساڵی 2012 لەساڵی 2013 ڕێژی تەڵاق لەڕێژی هاوسەرگری و مارە پری زیاتر بووە.
وتیشی، بەپێی ئاماری دادگاکانی هەرێمی کوردستان حاڵەتەکانی تەڵاق بەگشتی روی لەزیادبوونکردوە، ئەوەش مەترسی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە.
بەپێی ئامارێکی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی هەولێر هاوسەرانی تەمەن 15 – 20 ساڵان بەرزترین ڕێژەی تەلاقیان لەساڵی 2012 پێکهێناوە .
بەرێوەبەری دادنوسی هەولێر، مەریوان فەتحوڵا، وتی، ئامارەکانی تەڵاق روو لەزیادبونە کە بەباوەی ئە و هۆکارە سەرەکیەکەی بۆ تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە بەتایبەتی لای ئافرەتان کە نەیانتوانیوە ئامێرە تەکنەلۆژیەکان وەکو خۆی بەکاربهێنن.
بەوتەی مەریوان فەتحوڵا، خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژییەکان وەکو مۆبایل و ئینتەرنێت وا دەکات خیانەتی هاوسەرگیری روبدات، هۆکارێکی تر زو بریاردانە بۆ هاوسەرگیری کە ئەوەش وا دەکات هاوسەرکان باش یەکتر نەناسن و زوو جیا ببنەوە. تەدەخولکردنی خزمان لەکاروبارەکانی هاوسەرەکانت هۆکارێکی ترە بۆ زیادبونی تەڵاق و جیابونەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 18-02-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 36

## 33هەزار خێزانی ئاوارە رو لەکەرکوک دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080411175724669

فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەران لەکەرکوک رایدەگەیەنێت، 33 هەزار خێزانی ئاوارە رویان لەکەرکوک کردوە و لە و ژمارەیەش هەشت هەزاریان تەنها لەماوەی 24 کاتژمێردا گەیشتونەتە شارەکە.
کەرکوک، ئاوێنەنیوز: سایتی مەداپرێس لەسەر زاری، عەمار سەباح، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەرانی پارێزگای کەرکوک رایگەیاند، تەنها لەماوەی رۆژانی شەممە تا یەکشەممە هەشت هەزار خێزانی ئاوارە لەپارێزگای سەلاحەدینەوە روی لەکەرکوک کردوە کە ئەم ڕێژە زیادبونە بۆ یەکەمجارە لە 10ی حوزەیرانی رابردووەوە روبدات.
ئاشکراشیکرد، بەمەش ژمارەی ئاوارەبوان بۆ کەرکوک لەسەرەتای روداوەکانی حوزەیرانەوە گەیشتوەتە 33 هەزار خێزان.
عەمار سەباح، وتیشی، فەرمانگەکەی تائێستا مینحەی یەک ملیۆن دیناری بەسەر زیاتر لەسێ هەزار و 500 خێزانی ئاوارە دابەشکردوە.
پێشتر کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە 19ی تەمموزی ئەمساڵ رایگەیاند، یەک ملیۆن و 250 هەزار ئاوارەی لەناوخۆی عێراق تۆمارکردوە کە بەدەست گرفتی جیاجیاوە دەناڵێنن، هۆشداریشیدا لەزیادبونی ژمارەیان.
لە 10ی حوزەیرانی رابردوەوە چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر شاری موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەریدا گرت، پاشان چەند ناوچەیەکی سەر بەپارێزگاکانی کەرکوک و دیالە و سەلاحەدینیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، بەهۆی ترسی هاوڵاتیانیش لەکارە توندوتیژ و دڕندانەکانیان شەپۆلی ئاوارەبون ئە و ناوچانەی گرتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 04-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کەرکوک

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 37

# 34ملیۆن و نیو بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112612565078065



ەپێی ماڵپەری (ئۆیل ریڤیو) کە ماڵپەرێکی ناسراوی تایبەت بە چالاکییەکانی نەوت و گازە لە جیهاندا، تا کۆتایی ئەمساڵ ئاستی هەناردەکاری نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێی بۆرییەوە بەرزدەبێتەوە بۆ رۆژانە 400 هەزار بەرمیل و لەسەرەتای ساڵی 2015 شدا ئەو رێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ رۆژانە 500 هەزار بەرمیل.
ماڵپەری ئۆیل ریڤیۆ لە زاری بەرپرسانی هەرێمی کوردستان گواستوویەتیەوە کە پێشکەوتنەکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ئامانجەی دەسنیشانیان کردووە دەگونجێت.
بەپێی بەرپرسانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەساڵی 2015 و سەرەتای 2016 ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرزدەبێتەوە بۆ رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل. ئەوە لەکاتێکدایە لەسەرەتای ساڵی 2014ەوە پری 34 ملیۆن و نیو بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان هەناردەی بەندەری جەیهان کراوە.
لەو رێژەیە پری 21 ملیۆن و نیو بەرمیل نەوت لەرێی بۆری نەوتی کوردستان -جەیهان فرۆشراوە، ئەو 13 ملیۆنەش کە دەمێنێتەوە لە رێی تانکەرەوە هەناردەی بەندەری مێرسینی تورکیا کراوە.
بەپێی لێدوانێکی تانەر یڵدز، وەزیری وزەی تورکیا لە فرۆشتنی ئەو رێژە نەوتە، هەرێمی کوردستان پری 2 ملیار و 870 ملیۆن دۆلار داهاتی هەبووە، کە لەو رێژەیە دوو ملیار و 100 ملیۆن دۆلاری بە کاش بووەو ئەو 775 ملیۆن دۆلارەش کە دەمێنێتەوە خەرجی پاڵاوتنی 710 هەزار تۆن لە بەرهەمە نەوتییەکانی وەک بەنزین و کێرۆسین و گازوایل کراوە.
سەرەرای ئەوەش ئەو داهاتەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێی فرۆشتنی نەوتی خۆی لەمساڵدا دەستەبەری کردووە تەنیا رێژەیەکی کەم لە موستەحەقاتی خۆی کە لەسەدا 17 ی بەشە بودجەیەتی پێکدەهێنێت.
لە داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فرۆشتنی نەوتی خۆی نزیکەی 400 ملیۆن دۆلار تێچووی گواستنەوەو کۆگاکردنی ئەو نەوتە بووە لە رێی تورکیاوە.
بەپێی شارەزایانی نەوت، ئەمساڵ ساڵێکی گرینگ بووە بۆ هەرێمی کوردستان لە رووی گەشەسەندنی کەرتی نەوت لەبەر ئەوەی کە خەریکە لەرێی ئەو کەرتەوە هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی ئابووری بەدەستدەهێنێت. لەبەر ئەوەشە تۆنی هایوارد، سەرۆکی کۆمپانیای گەنەل ئێنێرجی رایگەیاندووە کە ساڵی 2014 بۆ هەرێمی کوردستان لە کتێبەکانی مێژوودا تۆماردەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەری رووداو - 26-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 38

## 341تۆن بەرهەمی خواردەمەنی و کشتوکاڵی دەستیان بەسەرداگیراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060911192685515

ڕۆژنیوز - شرام هەورامی

بەگوێرەی ئامارێکی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ لەماوەی شەش مانگی ڕابردودا زیاتر لە 59 هەزار تۆن بەرهەمی خواردەمەنی لە مەرزی باشماخەوە هاوردەی هەرێم کراوە، هاوکات بەهۆی نەبونی مەرجی تەندروستیەوە پری 341 تۆن بەرهەمی خۆردەمەنی و کشتوکاڵی دەستیان بەسەرداگیراوە. بەگوێرەی ئامارەکەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ کەوێنەیەکی دەست ڕۆژنیوز کەوتوە ئەوە رونکراوەتەو کە لەشەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا و لە کەرەنتینەی کشتوکاڵی باشماخ پری 59 هەزار و 125 تۆن بەرهەمی خواردەمەنی و کشتوکاڵی لە رێگەی مەرزی باشماخەوە لە ئێرانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە. ئاماژە بەوەشکراوە هەرلەوماوەیەدا 73 سەر ڕەشە وڵاخ پاش ئەوەی پشکنینی ڤێتێرنەریان بۆ کرا و لە پشکنین دەرنەچوون گەڕێنراونەتەوە بۆ ئێران و رێگە نەدراوە هاوردەی هەرێمی کوردستان بکرێن. هەر لەئامارەکەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماح ئەوەش خراوەتەڕو هەرلەماوی شەش مانگی ڕابردودا لەو ڕێژەیەی کە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە بەهۆی نەبونی مەرجی تەندروستیەوە خراپی کوالیتی ئەو خۆراکانەوە توانراوە دەست بەسەر 341 تۆن خۆراک و بەرهەمی کشتوکاڵی بگیرێت بەشێوەیەک کە 232 تۆنیان بەرهەمی کشتوکاڵی بوون و 109 تۆنی تریش بەرهەمی خۆراکی بوو.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

شارەکان: پێنجوێن

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 39

## 347ژن گیانیان لە دەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121114303987315

خەندان رەهێل سەمەد

لە چوارچێوەی بڵاوکردنەوەی ئامارەکانی ساڵی 2013 لە بواری مافی مرۆڤ، دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان ئامارەکانی توندوتیژی دژ بەژنان لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەڕین بڵاو دەکاتەوە، بەگوێرەی ئە و راپۆرتە لە ماوەی ئەمساڵدا 347 ژن بەرووداوی کوشتن و سوتان لە هەرێم گیانیان لەدەستداوە، لەبەرامبەردا سێ هەزار و 648 سکاڵا تۆمارکراوە. بەگوێرەی ئە و راپۆرتە کە کۆپیەکی بۆ (خەندان) نێردراوە، لەماوەی ساڵی 2013 لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان 38 ژن کوژراون (24 هەولێر، 4 سلێمانی، 3 گەرمیان، 5 دهۆک، 2 راپەرین.( هاوکات لە و ماوەیەدا 24 ژن خۆیان کوشتوە (13هەولێر، 6 سلێمانی، 5 گەرمیان)، هەروەها 184 ژن سوتاون (81 هەولێر، 48 سلێمانی، 14 گەرمیان، 21 دهۆک، 22 راپەڕین) هەر لەمساڵدا 101 خۆیان سوتاندوە (40 هەولێر، 16 سلێمانی، 8 گەرمیان، 29 دهۆک، 8 راپەرین.(
هەر بەپێی راپۆرتەکە، لەمساڵدا 286 توندوتیژی سێکسی بەرامبەر ژنان کراوە (172هەولێر،61

سلێمانی، 2 گەرمیان، 20 دهۆک، 31 راپەڕین.(
هاوکات سێ هەزار و 648 سکاڵا لەلایەن ژنانەوە لەسەر کەسوکارەکانیان تۆمار کراوە (هەزار و 199هەولێر، 851 سلێمانی، 344 گەرمیان، 900 دهۆک، 354 راپەڕین.(
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 40

## 370هەزار دەفتەر دۆلاری پرۆژەکان دیارنامێنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150113142813579

لەماوەی دو ساڵدا پری 4 ترلیۆن و 422 ملیار دینار کە دەکاتە 3 ملیار و 700 ملیۆن دۆلار (370 هەزار دەفتەر دۆلار) و پارەی زیاتر لە 3 هەزار پرۆژە بووە و لەبودجەی گشتیدا تەرخانکراوی هەبوە و پەرلەمان پەسەندی کردوە، ئەم پارەیە خەرجنەکراوە و نەگەڕاوەتەوە بۆ ساڵەکانی دواتر و دیارنییە بۆ چ مەبەستێکی دیکە بەکارهاتوە، ئەمەش پێچەوانەی یاسایە.
تایبەت بەئاوێنە: بەپێی چەند بەڵگەنامەیەک کە دەست ئاوێنە کەوتون لەساڵی 2012دا، پری 205 ملیار دینار و 724 ملیۆن دیناری پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم خەرجنەکراوە و دیار نییە، رێژەی خەرجی تەرخانکراو لەهەولێر 69% بوە و لەسلێمانی 71% و لەدهۆک 57 .%
هەروەها لەساڵی 2013دا، لەپارێزگای سلێمانی رێژەی خەرجکردنی پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان 52%، واتە 48%ی پارەی تەرخانکراو خەرجنەکراوە، ئەمە جگە لەوەی کە 54 ملیار و 822 ملیۆن دینار لەتەمویلکراو ماوەتەوە و خەرجنەکراوە، لەکاتێکدا زیادەڕۆیی لەخەرجکردنی پارەی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆک و هەولێردا کراوە بەڕێژەی 102%و 106 .%
عەلی حەمە ساڵح پەرلەمانتاری سەر بەفراکسیۆنی گۆڕان لەیاداشتێکدا کە ئاڕاستەی سەرۆکی دەستەی نەزاهەی کردووە، داوای گرتنەبەری رێگای یاسایی دەکات لەکابینەی حەوتەمی هەرێم لەبارەی خەرجنەکردنی ئەم پارانە و نەگەڕانەوەی بۆ ساڵەکانی دواتر، بەمەرجێک حکومەتی هەرێم بودجەی لەبەغداوە بۆ هاتوە و کورتهێنانی دارایی نەبوە .
ناوبراو جەخت لەوە دەکات کە "پێویستە ئەوە رونبکرێتەوە بۆچی لەپارێزگای هەولێرو دهۆک رێژەی خەرجی زیاترە لەرێژەی تەرخانکراو و ئەم پارە زیادە لەکوێوە هاتووە؟ ئایا هی پارێزگای سلێمانیە؟ ".
عەلی حەمە ساڵح لەلێدوانێکدا بەئاوێنەی راگەیاند کە دوای پێشکەش کردنی ئە و سکاڵایانە بەسەرۆکی دەستەی نەزاهە، هەموو رێگایەکی یاسایی دەگرینەبەر بۆ ئاشکرا کردنی دیارنەمانی ئە و پرە پارە زۆرە.
راپۆرتێک لە و بارەیەوە لەنوێترین ژمارەی ئاوێنە بڵاوبوەتەوە کە ئێستا لەکۆگاکانی کتێب فرۆش و بازاڕەکان دەستدەکەوێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 13-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 41

**391خێزانی کوردی باشوور ساڵی رابردوو لە ئێرانەوە گەڕاونەتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140105123857868 25

میدیا - ناوخۆ

دوای زیاتر لە30 ساڵ بە سەربردنی ژیانی تاراوگە و دوورەوڵاتی، لە ساڵی رابردوو ژمارەیەک خێزانی کورد کە بە هۆکاری جیاجیا لە باشووری کوردستانەوە ئاوارەی وڵاتی ئێران ببوون، بۆ نشتمانەکەیان گەڕانەوە.

سەرپەرشتیاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، مەسعود باتێلی، بە PNA راگەیاند: لە ساڵی رابردوو 391خێزان کە پێکهاتوون لە 825کەس دوای نزیکەی 30 ساڵ لە ئاوارەیی و ژیانی تاراوگە، لە شارە جیاکانی ئێرانەوە گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان.

مەسعود باتێلی، روونیکردەوە کە لەو 303 خێزانە 54 خێزان لە هەولێر، 33خێزان لە دهۆک و 95 کەسیش لە سلێمانی و 1خێزان کە 4 کەس بوون لە کەرکووک نیشتە جێیێ بوون.

لەلایەکی دیکەوە عەباس ئەمیر بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی سۆران ئاماژەی بەوە دا کە سەرجەمی ئە و گەڕاوانە لە سنوورەوە تا شوێنی نیشتەجێبوونیان خەرجیان دەکرێت و هاوکاری تەواوی حکومەتیان وەک: نوێکردنەوەی ناسنامەکانیان، درێژەدان بە خوێندنی منداڵەکانیان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان.بۆ دەستەبەر دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی میدیا - 2014-01-05

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 42

**4کورد لەناو 10 کاندیدە یەکەمەکەی عێراقدان لەژمارەی دەنگدا**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140520080348763 67

بەپێی ئە و ئەنجامە فەرمییانەی دوێنێ 19 ئایار کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بڵاویکردەوە لەسەر ئاستی هەموو عێراق ریزبەندیی 10 کاندیدە یەکەمەکە لەبەدەستهێنانی دەنگدا بەمجۆرەیە:

_1نوری مالیکی لەدەولەتی قانون 721 هەزارو 782 دەنگ _ بەغدا.

_2ئەیاد عەللاوی لەلیستی ئەلوەتەنییە 229 هەزارو 709 دەنگ _ بەغدا.

_3ئارام محەمەد عەلی (شێخ محەمەد) لەبزوتنەوەی گۆران 150 هەزارو 613 دەنگ _ سلێمانی.

_4د. نەجمەدین عومەر کەریم لەیەکێتی نیشتمانی 150 هەزارز 84 دەنگ _ کەرکوک.

_5خەلەف عەبدولسەمەد لەدەولەتی یاسا 126 هەزارو 848 دەنگ _ بەسرە.

_6ئوسامە نوجێفی سەرۆکی لیستی موتەحیدون 112 هەزارو 551 دەنگ _ موسڵ

_7دکتۆرە حەنان فەتلاوی لەدەولەتی یاسا 90 هەزارو 781 دەنگ _ بابل.

_8شێرکۆ میزرا مەنگوری لەیەکێتی نیشتمانی 83 هەزارو 663 دەنگ _ سلێمانی.

_9محەمەد دەڕاجي سەرۆکی لیستی ئەحراری سەدری _ بەغدا لەگەڵ ئاریز عەبدوڵڵا لەیەکێتی نیشتمانی _ هەولێر دەنگەکانیان لە 76 هەزارو 380 دایە.

_10باقر جەبر ئەلزوبەيدي سەرۆکی لیستی ئەلمواتنی ئەنجومەنی باڵا 62 هەزارو 898 دەنگ _ بەغدا .

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-05-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 43
## 40ملیار دیناری پێشمەرگە دیار نامێنێت
http://www.kurdipedia.org/?q=20150213212584767



سۆران کەریم
دوای ئەوەی بە نووسراوێک، پەرلەمانتار سۆران عومەر، داوای لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد دۆسیەی دیار نەمانی پری 40 ملیار دیناری هێزەکانی پێشمەرگە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات، سەرۆکی پەرلەمان، بە نووسراوێک دۆسیەکەی بۆ هەریەک لە داواکاری گشتی و دەستەی دەستپاکی هەرێم رەوانە کرد.
سۆران عومەر، سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ و پەرلەمانتار لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی، لە 15ی کانونی دووەمی 2015، نووسراوێک ئاراستەی سەرۆکایەتیی هەرێم کرد و تیایدا روونی کردەوە، پاش بەدواداچوون بۆ ئە و پرە پارەیە کە بریتییە لە 40 ملیار دیناری هێزەکانی پێشمەرگە، کە لە یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2013ی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان هاتووە.
لە وەڵامدا وەزارەتی پێشمەرگە لەرێگەی ئەمینداری گشتی وەزارەتەوە بە نووسراو وەڵامی داوەتەوە و دەڵێت:" ئە و 40 ملیار دینارە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە، وەرنەگیراوە."
سۆران عومەر، داوا لەسەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکات، دۆسیەکە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات بۆ بەدواداچوون بۆ چارەنووسی ئە و پرە پارەیە بکات.
لە بەرامبەریشدا یوسف محەمەد سادق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە 569/3/4 لە 2ی شوباتی 2015 نووسراوێک ئاراستەی هەریەک لە داواکاری گشتی و دەستەی گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان دەکات.
لە نووسراوەکەی سەرۆکی پەرلەماندا هاتووە :" هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی نووسراوی پەرلەمانتار بەڕێز (سۆران عومەر) سەبارەت بە دیارنەمانی چارەنووسی 40 ملیار دیناری پێشمەرگە ئاراستەتان دەکەین بەمەبەستی بەدواداچوون و جێبەجێکردنی کاری پێویست بەپێی یاسا".
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-02-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 44

## 420شوێنی گەشتیاری لە هەرێمدا هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140110143639867399

ئا: ئاسۆ سەراوی

لەئێستادا کار لە67 شوێنی گەشتیاریی دەکرێت

سەرۆکی دەستەی گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان، مەولەوی جەبار لەدیدارێکی ئاوێنەدا ئەوە دەخاتەڕو کە گرنگترین هەنگاو لەبواری گەشتوگوزاردا لەساڵی 2013 نا پێتیان تەواوکردنی ماستەرپلانی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان بوو، کە بەپێی ئە و ماستەرپلانە

420شوێنی گەشتیاریی لەهەرێمدا هەیە و لە و ژمارەیەش وەک ئە و بەرپرسە باسی دەکات 67شوێنیان کاری نەخشەسازییان بۆ کراوە، لەئێستادا کاریان تێدا دەکرێت. ماستەرپلانەکەش تا ساڵی 2025. ناوبراو ئەوەش دەخاتەرو کە لەئێستادا بایی نزیکەی 100ملیار دینار پرۆژەی گەشتیاری و شوێنەوارییان هەیە.

پێدانی قەرزی گەشتیاریی

پێدانی قەرزی گەشتیاریی بەوەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت، بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاریی گەورە لەناوچە دوورە دەستەکاندا، بەوتەی مەولەوی جەبار یەکێکی تر بووە لە و کارانەی لەساڵی 2013دا ئەنجامیانداوە، تاکو ئێستاش کاری پێدانی قەرزی گەشتیاریی 95پرۆژە تەواو بووە، وەک ئە و دەڵێت "ئەوەندەی ئاگاداربم زۆرێک لە و پرۆژانە قەرزەکەیان پێدراوە، هەندێکیان مامەڵەکانیان تەواو نەبووە بۆیە وەریاننەگرتووە، هەوڵمانداوە ئە و پرۆژانە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەسەرجەم ناوچە جیاوازەکان بگرێتەوە و خۆشمان جۆری پرۆژەکەمان هەڵبژاردوە."

ئە و پرۆژە گەشتیارییانەی لە2013دا کراوە

لەبارەی گرنگترین ئە و پرۆژە گەشتیارییانەش کە لەساڵی رابردوودا کراون، ئە و هێمای بەوەدا کە کردنەوە و دانانی بەردی بناغەی چەند ئوتێلی پێنج ئەستێرەیی لەشاری سلێمانیدا و هاوکات کردنەوەی پرۆژەی چاقی گەشتیاریی لەهەمان شاردا لەلایە کەرتی تایبەتەوە یەکێک بوون لە و پرۆژە گەشتیارییە گرنگانەی کە لە و ساڵەدا کراونەتەوە، بەدەر لەوە لەشاری هەولێریش چەندین پرۆژەی گەشتیاریی کراونەتەوە هاوکات "هەر لەسنوری پارێزگای هەولێر پرۆژەی تەلەفریکیش لەسەر چیای کۆرەک لەلایەن کەرتی تایبەتەوە کراوەتەوە، کە پرۆژەیەکی گەشتیاریی گرنگ بوو لە و ساڵەدا" ئە و وتی کە لەشاری دهۆکیش چەندین پرۆژەی تری گەشتیارییان هەبووە، هەروەها لەگەرمیانیش بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی گەشتیارییان داناوە "لەگەرمیان چەندین شوێنی مێژووی گرنگە هەیە کە دەکرێت لەرووی گەشتیارییەوە سودی زۆریان لێوەربگرێت". ئەوە بەرپرسی گەشت و گوزاریی هەرێم، رەتیکردەوە کە ئەوان جیاوازییان لەنێوان شارەکاندا کردبێت لەرووی گرنگی پێدان و دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاریی، بەڵام وتیشی "کە وەبەرهێنێک شارێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێ بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی گەشتیاریی، ئەوە لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە، ناتوانین ناچاری بکەین کە لەشارێکی دیاریکراو پرۆژەیەکی گەشتیاریی بکات". سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار باسی لەوەشکرد کە ئەوان بۆ پێشخستنی لایەنی ئابوری کوردستان بەپلەی یەکەم گرنگیی بەکەرتی گەشتیاریی دەدەن، چونکە "ئێستا پێناسەی گەشتیاریی هێندەی لەلایەنی ئابوریدا خۆی دەبینێتەوە هێندە لایەنی تەرفیهی نییە."

ئامارەکان دڵخۆشکەرن

بەپێی ئامارەکانی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم لەساڵی 2012دا نزیکەی 2ملیۆن و 200 هەزار گەشتیار روویان لەهەرێمی کوردستان کردوە، لەبارەی ئاماری ساڵی 2013 ئە و بەرپرسە ئاماژەی بەوەدا کە تائێستا ئاماری ئە و ساڵەیان ئاشکرا نەکردوە، بەڵام وتیشی "ئامارەکان لەبەردەست و دڵخۆشکەرن، هاتنی گەشتیار لەوەی ساڵی پێشوو زۆر زیاترە، بەڵام ئەوەی لای ئێمە زۆر گرنگە ئەوەیە، ئە و گەشتیارەی کە دێت چەند لەهەرێمدا دەمێنێتەوە؟، چەند پارە خەرج دەکات؟ ئایا ئامادەیە جارێکی تر بگەڕێتەوە؟ ئەوانە لەئامارەکان گرنگترن لەلای ئێمە". ئە و رەتیشیکردەوە کە نائارامیەکانی ئەم دواییەی سلێمانی و تەقینەوەکەی شاری هەولێر کاریگەری لەسەر کەمبونەوەی گەشتیار هەبوبێت "ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە کاریگەری نەبووە."

بەرنامەیان بۆ ساڵی 2014

لەوەرزی زستاندا گەشتیار کەمتر روو لەهەرێمی کوردستان دەکات، مەولەوی جەبار ئەوە بەحاڵەتێکی ئاسایی دەبینێت و دەڵێت "لەهاویندا گەشتیار وەکو زۆربەی وڵاتان لەهەرێمدا زیاترە، چونکە پشووی زۆربەی وڵاتان دەکەوێتەوە ئە و وەرزەوە، جگە لەوە ئێمە هەوڵەکانیشمان بەردەوامە

بۆ زۆرکردنی گەشتیاری زستانە، ئەوەتا لەمانگی دووی ئەمساڵدا چالاکیە بەفرییەکان لەسەر چیاکانی کوردستان دەستپێدەکات"
لەبارەی بەرنامەشیان بۆ ساڵی 2014 سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم، ئەوەی خستەڕوو کە کار بۆ بەبازاڕکردنی شارەکانی هەرێم دەکەن "ئێمە لەکوردستان بنەمای باشمان هەیە بۆ راکێشانی گەشتیار، بەڵام بەداخەوە لەناساندنی رووی گەشتیاریی هەرێم زۆر لاوازین، نەمانتوانیوە وەکو پێویست سەرنجی گەشتیارانی بیانی رابکێشین، ئەمساڵ لەوبارەیەوە هەوڵدەدەین سود لەناوی هەولێر وەربگرین کە بۆتە پایتەختی گەشتیاریی وڵاتانی عارەبی."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 10-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 45

## 45%ی خوێندکارانی زانکۆ کتێب ناخوێننەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130424172234827‌18

بەپێی راپرسییەک کە لەنێو خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان ئەنجامدراوە، 45%ی خوێندکاران کتێب ناخوێننەوەو زۆرینەشیان هۆکارەکەی بۆ سەرقاڵی کاروباری تایبەتیو بەشنەکردنی کات دەگێرنەوە.
ئاوێنەنیوز، هەولێر: راپرسیەکە کە لەلایەن، ناوەندی توێژینەوەکانی ئەنستیتوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤو گروپی هاورێیانی کتێب، لەنێو خوێندکارانی 19 زانکۆی هەرێمی کوردستان سازکراوە بەپێی راگەیەنراوی هەردوو رێکخراو مەبەست لێی "هەڵسەنگاندنی رەوشی خوێندنەوەو هاورێیەتی کتێبە لەکوردستانو ئامانجی باڵای توێژینەوەکەش گەشەپێدانی خوێندنەوەو کلتووری فکرو رۆشنبیری گەلی کوردستانە."
پرسیارەکانی راپرسیەکە کە بەسەر چەن تەوەرێکدا دابەش بووە لە وەڵامی پرسیاری، ئایا خۆویستانەو بەشێوەی دەوری کتێب دەخوێنیتەوە ؟ 55%ی بەشداربوان بەبەڵێو 45%ی بەشداربوان بەنەخێر وەڵامیانداوەتەوە.
هاوکات ئەو بەشداربوانەی بەنەخێر وەڵامیان داوەتەوە رێژەی (36.5%)یان هۆکارە سەرەکیەکانی نەخوێندنەوەی کتێب بۆ سەرقاڵی کاروباری تایبەتیو بەشنەکردنی کاتو (18%)شیان هۆکارەکەی بۆ نەبونی ئارەزووی خوێندوەو رانەهاتن دەگێرنەوە.
بۆ بینینی دەرئەنجامی راپرسیەکە کلیک لێرە بکە.
دەربارەی چۆنیەتی پەرەپێدانی خوێندنەوەی کتێب بەشداربوانی راپرسیەکە چەند داواکاریو پێشنیارێک دەخەنەروو لەوانە، "خوێندنەوەی کتێب بێتە وانەیەکی هەفتانە لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، وە مامۆستاو قوتابی پێکەوە گفتوگۆی لەبارەوە بکەن، کردنەوەی کتێبخانەی هاوچەرخ لە زۆربەی شوێنەکان بەتایبەت لە گەڕەکو پارکو شوێنە گشتیەکان. هەروەها کتێبخانەی ئەلیکترۆنی دابمەزرێ، راگەیاندنەکان گرنگی بەو بوارە بدەن، لە هەواڵو بەرنامەو بەتایبەت ریکلام بۆکتێب، پەرەدان بەوەرگێران لەسەرجەم بوارەکانو حکومەت خۆی دەستەی وەرگێرانی هەبێ بۆ کتێبە زانستیەکان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 24-04-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 46

## 5هەزا و 654 خیزانی شارەکانی عیراق ئاوارەی سلێمانی بون
http://www.kurdipedia.org/?q=20140614121414766665
بەهۆی شەڕەکانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و داعشەوە سەدان خێزان لەجەلەولا ئاوارە دەبن .
زریان محەمەد، سلێمانی: بەریوەبەری کۆچبەرانی سلێمانی، عوسمان مستەفا، رایدەگەیەنێت، لەسەرەتای ئەمسالەوە 5هەزاو 654 خیزانی شارەکانی عیراق ئاوارەی سلێمانی بون .
لەبارەی ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی لەچەند رۆژی رابردوودا بەهۆی شەڕی نێوان داعش و هۆزێکی عەرەب لەدژی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ئاوارەبون ناوبراو وتی"لەئیستادا 300 بۆ 400 خێزانی ئاوارە لەسەر سنورەکانی گەرمیانن و لەماوەی ئەم جەند روژەی شەری پیکدادان داعش لە خواروی عیراق 20 خیزان هاتونەتە سلێمانی بەمەش ریژەی ئاوارەکانی شارەکانی عیراق گەشتوتە 5654 خیزان"
دوێنێ لەناحیەی جەلەولا لەخواری شاری کەرکوک شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و عەشیرەتێکی عەرەب کەژمارەیەک چەکداری داعشیان لەگەڵدایە رویداو .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 14-06-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 47
## 50بەرکەوتوی کیمیایی ژیانیان لەمەترسیدایە و 6 ساڵە نەخۆشخانەی بریندارانی چەکی کیمیایی تەواونەکراوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20131021095015888262
کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە داواکارە، ئەو نەخۆشخانەیەی کە تایبەتە بەبریندارانی چەکی کیمیایی و چەند ساڵێکە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەزویی دروستبکرێت، وتەبێژی فەرمیی کۆمەڵەکەش ئاشکرایدەکات، لەکۆی (171) بەرکەوتوو، زیاتر لە (50) بەرکەوتویان ژیانیان لەمەترسیدایە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: کامیل عەبدولقادر وتەبێژی فەرمیی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ڕایگەیاند، لەسەر داواکاریی کۆمەڵەکەیان، دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەچارەسەرکردنی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی، ماوەی شەش ساڵە لەهەڵەبجە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمیی لایەنە پەیوەندیدارەکان، هێشتا تەواو نەبووە.
وتیشی، "هەر لەماوەی ئەو شەش ساڵەدا، بەدەیان بەرکەوتوی ئەو چەکە لەهەڵەبجەدا بەهۆی سەختی برینەکانیانەوە گیانیان لەدەستداوە و لەماوەی ژیانیاندا لەچاوەڕوانی کردنەوەی ئەو نەخۆشخانەیەدا بون."
لەلێدوانەکەیدا بۆ ماڵپەری ناوخۆ، کامیل عەبدولقادر هێمای بەوەشکردووە کە ئەوان وەک کۆمەڵەی قوربانیان، نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن لەدواکەوتنی کردنەوەی ئەو نەخۆشخانەیە بەڕوی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاییدا، داواکاریشن لەحکومەتی هەرێم و لایەن پەیوەندیدارەکان، لێپێچینەوە بکەن لەکەسانی کەمتەرخەم، هەرچی زووە پەلە بکەن لەتەواوکردنی نەخۆشخانەکە و دابینکردنی پێداویستییەکانی، تاوەکو ئەو ژمارە بریندارەی لەژیاندا ماون سودی لێوەربگرن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 21-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 48

## 50هەزار خوێندکار وازیان لە خوێندن هێناوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150209133310084736

فەرهەنگ فەرەیدون

بەڕێوەبەری ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان لە کوردستان رایدەگەیەنێت بەپێی ئە و داتایانەی کە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کەوتووە لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا لە پۆلی یەکی بنەڕەتی تا پۆلی نۆی بنەڕەتی 50 هەزار و 567 منداڵ وازیان لە خوێندن هێناوە.

د.سەروەر عەبدولڕەحمان بەڕێوەبەری ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان خەندانی راگەیاند: "بەپێی ئە و داتایانەی کە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستمکەوتووە، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا لە پۆلی یەکی بنەڕەتی تا پۆلی نۆی بنەڕەتی 50 هەزار و 567 منداڵ وازیان لە خوێندن هێناوە، هەر بەپێی ئە و داتایەش کەمترین رێژەی وازهێنان لە خوێندن لە پارێزگای سلێمانی بووە."

وتیشی: "بەپێی داتایەکی دیکە کە لە وەزارەتی ئەوقاف وەرمگرتووە تەنیا هاوینی 2013 (40) هەزار و هاوینی 2014 (60) هەزار منداڵ لە مزگەوتەکان خوێندوویانە."

د.سەروەر عەبدولڕەحمان، ئەوەشی خستەڕوو: "مەسەلەی ئایینداری مافی تاکەکانە و دەبێت رێگەی لێنەگیرێت، بەڵام ئە و مزگەوتانە هیچ کۆنترۆڵێکیان بەسەرەوە نییە چەندەها مامۆستای ئایینی هەیە بیری توندڕەوی بڵاودەکەنەوە، لە رابردووشدا کاریگەرییەکەیمان بینی کە زۆر کەس بەهۆی هەندێ بەناو مامۆستای ئایینییەوە چوونە ناو داعش."

کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی بێ ئاگایی خۆی لە و ژمارە خوێندکارەی لە خوێندن وازیان هێناوە دەردەبڕێت و دەڵێت: "من ئە و ژمارەیەم نەبیستووە بەداخەوە زۆر مەترسیدارە کە ئە و ژمارە خوێندکارە لە و ماوەیەدا وازیان لە خوێندن هێناوە."

ئاماژەی بەوەشکرد: "دەبێت لێکۆڵینەوە لە و بارەیەوە بکرێت و هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێت، هەروەها پاسایەک هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئە و خێزانانەی بەهەر هۆکارێک بێت ناهێڵن منداڵەکانیان بەردەوام بن لە خوێندن."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 49

## 50%ی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەمئەندامن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150214104156847773

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر خەتەنەکردنی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان کراوە، نزیکەی 50% تاوەکو 70%ی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان خەتەنە کراون. بەپێی پێوەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەر ژنێک خەتەنە کرابێت کەمئەندامە.

رایحە موزەفەریان توێژەر و چالاکڤانی بواری ژنان، لە ساڵی 2012دا توێژینەوەیەکی سەبارەت بە خەتەنە کردووە و ئەنجامەکەی لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (تیخ و سوننەت) بڵاوکردووەتەوە.
ئەو توێژینەوەیە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری مەحموود ئەحمەدی نەژاد کراوە، بەڵام ئەوکات مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی پێنەدرا. ئێستا کە حکومەتی ریفۆرمخوازی حەسەن رۆحانی لە دەسەڵاتە، بەبۆنەی 6ی شوبات کە رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردنی ژنان بوو، (تیخ و سوننەت) مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی وەرگرت.
موزەفەریان دەڵێت بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە قسەی لەگەڵ 400 ژن لە دوورگەی قیشم، پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و پرسیاری لێکردوون، هەروەها پشتی بە چەندین سەرچاوەی زانستیش بەستووە.
بەپێی لێکۆڵینەوەکانی موزەفەریان 50% تا 70%ی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان خەتەنە کراون، بەڵام دەڵێت ئەو ئامارە لە هەموو شوێنەکان بەو شێوەیە نییە "بۆنموونە لە گوندێکدا خەتەنە لەناو ژناندا نابینرێ، بەڵام لە گوندێکی تەنیشتی ژنان خەتەنە دەکرێن."
بەپێی لێکۆڵینەوەکەی موزەفەریان، ئاماری خەتەنە لە نێوان ژنانی سوننە مەزهەب و شیعە مەزهەبی رۆژهەڵاتی کوردستان وەکو یەکە.
زۆربەی مەرجەعەکانی شیعە لە ئێران دژی خەتەنەن، بەشێکیشیان بە حەرامی نازانن و دەڵێن ئەگەر بکرێت باشترە.
مەلا عەلی خالیدی، پێشنوێژی مزگەوتی شەهرەکی شاری مەهاباد کە لە کەسایەتییە سوننە مەزهەبە دیارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "خەتەنە بۆ پیاوان لە شەرعی ئیسلامدا واجبە، بەڵام بۆ ژنان مەکرەمەیە، واتە ئەگەر بکرێت کارێکی باشە". بەڵام ئەو مامۆستا ئاینییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ مامۆستایەک لەسەر مینبەر داوای خەتەنەکردنی ژنانی نەکردووە.
رێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێت کە 140 ملیۆن ژن لە سەرتاسەری جیهان لە ئەفریقاوە تا کیشوەری ئاسیا و تەنانەت ئەوروپاش خەتەنەکراون.
بەپێی پێوەرەکانی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، هەر ژنێک کە خەتەنە کرابێت بە "کەمئەندام" ئەژمار دەکرێت، واتە ئەگەر ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەی رایحە موزەفەریان دروست بێت، 70%ی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان کەمئەندامن.
ئەو ئامارە سەرنجی زۆربەی چالاکڤانانی بواری ژنانی راکێشاوە، پێشتر وابیر دەکرایەوە کە ئاماری خەتەنە لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر لەو رێژەیە کەمتر بێت، بۆیە ئامارەکە لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکان باسوخواسی زۆری چالاکڤانان و هاونیشتمانیانی رۆژهەڵاتی کوردستانی بەدوای خۆیدا هێنا.
نیشتمان رۆحانی، چالاکڤانی بواری ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بەو لێکۆڵینەوەیە بە (رووداو)ی گوت "ئەو لێکۆڵینەوەیە زانستی نییە و ناکرێت پشتی پێ ببەسترێ، چونکە سەمپڵێکی 400 کەسی زۆر کەمە و ئەگەری هەیە سەردانی شوێنێکی کردبێت کە خەتەنە لەو ناوچەیە زۆر بێت."
هانا ناسری، چالاکڤانی بواری ژنان سەبارەت بە کاریگەرییەکانی خەتەنە لەسەر کەسایەتی ژنان بە (رووداو)ی گوت "خەتەنە تەنیا تاوانێک نییە بەرامبەر بە ژنان، بەڵکو تاوانێکە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی، چونکە بەهۆی ئەو کارەوە نە ژن و نە پیاو چێژ لە سێکس نابینن و کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر کەسایەتی ژنان دەبێت."
سۆهەیلا قادری چالاکڤانی بواری ژنانیش لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە ئەرکی رێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگای مەدەنی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە دەڵێت "سەبارەت بە خەتەنە رەنگە هێزە سیاسی و مەدەنییەکان کاریان کەم کردبێت، پێویستە لەوە بەدواوە کاری میدیایی و توێژینەوەی زانستی زۆرتر لەسەر ئەو دیاردەیە بکرێت و لە ئەگەری راستبوونی ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوانە بە کردەیی و بە چڕی بەرەنگاری ببینەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 14-02-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 50

**500مەزار و گۆڕی گەورە پیاوان و شوێنی ئاینی لە هەرێمی کوردستان هەن**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014060212081976561

زیاتر لە 500 مەزار و گۆڕی گەورە پیاوان و شوێنی ئاینی لە هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی ئەوقاف تۆمارکراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 51

**500هەزار عەرەب هاتووەتە کەرکوک**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014101611391177775

لەپاش گەمارۆدانی ناحیەی ئامرلی و دەستبەسەراگرتنی سلێمان بەگ لەلایەن داعشەوە، چەندین گرووپی شیعەکان هاتوونەتە ناوچەکە و بوونەتە هۆی راوەدوونانی سونەکان، بەوتەی ئەندامێکی ئەنجومەنی قەزای دوزخورماتوو سونەکانیش کە نزیکەی 500 هەزار کەس دەبن چوونەتە کەرکوک و دووبارە تەعریب کراوەتەوە.

ئیحسان مەلا فوئاد، ئاوێنەنیوز: لەپاش ئازادکردنی ناحیەی ئامرلی شیعەنشین لەلایەن گروپەکانی شیعەوە، لەسنوری دوزخورماتو و سلێمان بەگ و ئامرلی نزیکەی 53 گوندی دەبێت زۆربەیان لەلایەن ئە و گرووپانەوە سوتێنراوە، ئەندامی ئەنجومەنی قەزای دوزخورماتوو کەمال گلی لەوبارەیەوە بۆ ئاوێنەنیوز وتی "خەڵکی ئە و گوندانە کە عەرەبی سونەن ناتوانن روو لەبەغداو تکریت بکەن، ناچار روویان کردووەتە کەرکوک و کوردستان و بەئاسانی ناگەڕێنەوە، ئەمەش جۆرێکی تری تەعریبە."

ئە و ئەندامەی ئەنجومەنی قەزای دوزخورماتوو ئاماری ئاوارەبوونی عەرەبە سونەکان بۆ کەرکوک دەخاتڕوو و دەڵێت " هەموو ئە و عەربانەی چوونەتە کەرکوک ژمارەیان نزیکەی 500 هەزار کەس دەبن."

گلی لەلێدوانەکەیدا بۆ ئاوێنەنیوز ئاماژەی بەوەش کرد هەر لەسەرەتاوە کورد لەگەڵ هاتنی ئە و گرووپانەی شیعەکاندا نەبوو، هەرچەندە ئێمە وەکوو ئەنجومەنی قەزا سەردانی هەموو حزبەکانمان کرد و ئەوانیش پێیان باش نەبوو بێنە ناوچەکە و هەمومان هاورابووین کە مەترسین و سەرەنجام واش دەرکەوت."

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-10-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کەرکوک

ولآت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 52

## 51تەن مەودای جوانکاری و برنج و خواردنەوە کحولییەکان لەناوبراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014123013390084447

بەپێی راپۆرتێکی لیژنەی لەناوبردنی قایمقامیەتی سلێمانی لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا نزیکەی 51 تەن مەوادی ماوە بەسەرچوو لە ناوچەی تانجەرۆی شاری سلێمانی لەناو براوە.
تەها سالح، سەرۆکی لیژنەی لەناوبردن لە لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی رایگەیاند: پاش سەردانکردنی لیژنە هاوبەشەکان لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا لە 1-7 تا 2014/12/31 یری 50 هەزار و 965 کیلۆگرام مەوادی خراپ بووی ماوە بەسەرچوو لە ناوچەی تانجەرۆی شاری سلێمانی لەناوبراون.
وتیشی: "سەردانکردن و بەدواداچوونکردنی لیژنە هاوبەشەکان بۆ بازاڕ و کۆگاکان و چێشتخانە و ئارایشتگاکان بووەتە هۆی کەمبوونەوەی سەرپێچییەکان بەجۆرێک لەکاتی هەبوونی مەوادی ماوەبەسەرچوودا خاوەنەکان خۆیان لیژنەکان ئاگادار دەکەنەوە تا پشکنین بۆ مەواد و کەلوپەلەکانیان بکرێت و ئەگەر شیاوی خواردن و بەکارهێنان نەبوون لەناوببرێن."
سەرۆکی لیژنەکە ئاماژەی بەوەشکرد: "جۆری ئە و مەوادانەی لە لایەن لیژنە هاوبەشەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە بریتین لە (برنجی سامان، خواردنەوە کحولییەکان، چای ئێرانی، مەوادی جوانکاری، لەگەڵ چەندین جۆر کەلوپەل و مەوادی ماوەبەسەرچوو."(
تەها سالح رایگەیاند: "دەست بەسەراگرتن و لەناوبردنی مەوادی ماوەبەسەرچوو لەسەر فەرمانی قایمقامی سلێمانی بەردەوام دەبێت، تا رێگری تەواو بکرێت لە خواردن و مەوادی نەگونجاو زیان بەخش."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 30-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 53

## 516کەس لە موسڵ کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080111242623000

سەعید محەمەد
دوای ئەوەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت، تەنیا لەم مانگی حەزەیراندا پێنج سەد و شانزە کەس لە و شارە کوژراون.
سەعید مەموزینی، بەرپرسی راگەیاندنی لقی 14 ی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە خەندانی راگەیاند: "لە مانگی حوزەیرانی 2014 بەهۆی شەڕ و پێکدادانەکانەوە لە شاری موسڵ 516 کەس کوژراون."
وتیشی: "لە و ژمارەیە 8 کەسیان کوردن و 100یان هاوڵاتی مەدەنی تورکمان و عەرەبن و 408یان چەکدارانی داعشن."
بەرپرسی راگەیاندنی لقی 14 ی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد کە لە ماوەی

حەوت مانگی رابردوودا 1690 کەس لە شاری موسڵ کوژراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-08-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | موسڵ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 54

## 610حاڵەتی پێوەدانی مار و دووپشک لە رانیە و قەڵادزێ تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140120163705865 74

خەندان کامەران عەبدە ساڵح
لە ساڵی ڕابردووەوە تائێستا، 610 حاڵەتی پێوەدانی دووپشک و مار لەسنووری ئیدارەی ڕاپەڕین تۆمارکراوە، شارەزایەکی ئە و بوارەش بەپێویستی دەزانێت لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتی زۆربوونی زیانەوەرە ژەهراوییەکان، ناوچەکە دەرمانڕێژ بکرێت.
بەپێی ئاماری رووداوەکانی 2013ی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕاپەڕین، لە ساڵی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ 20ی کانونی دووەم، 610 حاڵەتی پێوەدانی دووپشک و مار لەسنووری ئە و بەڕێوەبەرایەتییە تۆمارکراوە، کە زیاتر لە 500 حاڵەتیان پێوەدانی دووپشک بووە.
لە ئامارەکەدا، کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، ئاماژە بەوە دراوە، ئە و کەسانەی لەوماوەیەدا دوچاری پێوەدانی دووپشک بوونەتەوە، چارەسەری پێویستیان وەرگرتووە و، گەڕاونەتەوە ماڵەکەنیان، تەنها سێ کەسیان کە منداڵ بوون گیانیان لەدەستداوە، چوار لە و کەسانەش کە مار پێوەی دابوون، بەهۆی زۆری ڕێژەی زەهر و، کەمی بەرگری جەستەیانەوە گیانیان لەدەست داوە.
لەمبارەیەوە، دکتۆر ڕەمەزان تەها، شارەزا لە زیانی زیانەوەرە زیانبەخشەکان، بۆ خەندان وتی:
"وەک زۆربەی ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی مار و دوپشک لە ڕانیە و دەوروبەری زیادیکردووە، تائێستا ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان لە و ناوچەیەدا بەهۆی پێوەدانی ئە و گیانەوەرە ژەهراوییانەوە زیان بە تەندروستیان گەیشتووە.
وتیشی: "پێویستە بە هەوڵی دەزگا پەیوەندیدارەکان، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتی زۆربوونی گیانەوەرە ژەهراوییەکاندا، ڕانیە و دەوروبەری دەرمانڕێژ بکرێت ".
بەپێی بەدواداچوونێکی خەندان-یش، لەئێستادا هیچ بەرنامەیەک لە ئارادا نییە بۆ دەرمانڕێژکردنی ناوچەکە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-20

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 55

## 63کەس بە هۆی سوتانەوە گیانیان لە دەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150902114805573 66

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ئاماری حەوت مانگی ئەمساڵی نەخۆشخانەی سوتاوی و نەشتەرگەری جوانکاری بڵاوکردەوە کە تێدا ڕێژەی مردن بە هۆی ڕووداوەکانی سوتان لە چاو ساڵی ڕابردوو کەمی کردووە. ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی

تایبەت بە ئامارەکانی 7 مانگی رابردووی ئەمساڵی شاری سلێمانی و دەوروبەری دەست ڕۆژنیوز کەوتووە و تێدا هاتووە:" لەماوەی حەوت مانگی رابردودا (63) کەس بە هۆی سوتانەوە گیانیان لە دەستداوە، بە جۆرێک 13 کەسیان لە ڕەگەزی نێرن و ئەوانی تریان لە ڕەگەزی مێن، لە کاتێدا ساڵی ڕابردوو لە حەوت مانگی یەکەمی ساڵدا (072) کەس گیانیان لە دەست دابوو". لە ئامارەکەدا ئاماژە بەوە کراوە: بەدرێژایی حەوت مانگی ئەمساڵ (298) نەخوش داخلی نەخۆشخانە کراون بە هۆی سوتانەوە و لەو ڕێژەیە 15 منداڵیان تەمەنیان لە خوار یەک ساڵانەوە بووە و 77 منداڵی تریان لە یەک ساڵان بۆ پێنج ساڵان بووە و 24 حاڵەتی تری سووتان تەمنیان لە نێوان شەش بۆ 14 ساڵ بووە، ئەمە جگە لەوەی 163 حاڵەتی تری سووتان لەو ڕێژەیەی سەرەوە تەمەنیان لە نێوان (15ـ 49) ساڵ بووە و 19 حاڵەتی سوتانیش لە سەرووی 50 ساڵییەوە تۆمارکراون. بەشێکی تری ئەو ئامارە ئەوەشیی تێدا بڵاوکراوەتەوە:" یەک هەزار و 50 نەشتەرگەری لە ناو نەخۆشخانەی سوتاوی و نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجامدراوە کە 277 نەشتەرگەرییان بۆ سوتان بووە و 773 ی تریشیان بۆ جوانکاری بووە."

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 56

## 67%هاوڵاتیان پێیان باشە لایەنەکانی پێشوی ئۆپۆزیسیۆن بەشداری حکومەت بکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014020611492921586

لەراپرسییەکدا کە ماڵپەری ئاوێنەنیوز ئەنجامیداوە، 67% هاوڵاتیان پێیان باشە سێ لایەنەکەی پێشوی ئۆپۆزیسیۆن -گۆران و کۆمەڵ و یەکگرتو- بەشداری کابینەی هەشتەمی حکومەت بکەن.
ئا: ئاوێنە
لە و راپرسیەدا کە ماوەی دو مانگە لەماڵپەری ئاوێنەنیوزدا ئەنجامدراوە و تێیدا نزیکەی نۆ هەزار کەس بەشداریان کردوە، دەردەکەوێت کە هاوڵاتیان پێیان باشە ئۆپۆزیسیۆن بەشداری پێکهێنانی حکومەت بکات.
پرسیاری راپرسیەکە ئەوەیە "بەشداریکردنی ئۆپۆزیسیۆن لەحکومەتی داهاتوی هەرێمدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟"، تێیدا 67% پێیان باشە کە لایەنەکانی پێشوی ئۆپۆزیسیۆن بەشداری کابینەی هەشتەمی حکومەت بکەن، بەڵام 29% پێیان خراپ بووە کە ئۆپۆزیسیۆن نەمێنێت و ئە و سێ لایەنە بەشداری حکومەتی داهاتو بکەن.
هەر لە و راپرسیەدا 3% بە نازانم وەڵامیانداوەتەوە، ئەمەش لەکاتێکدا دێت، کە زیاتر لەچوا مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەنجامدراوە و تائێستاش ئاسۆکانی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم نادیارە و پەرلەمانیش تەنها یەک کۆبونەوەی ئەنجامداوە.
سەرچاوە: ماڵپەری ئاوێنە - 06-02-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 57

## 7هەزار خێزان لەماوەی 8 ساڵی رابردوودا لەترسی ئەو هەڕەشانە موسڵیان جێهێشتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041820090775891

غەزوان داوودی، نوێنەری شەبەک لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بە تۆری میدیایی رووداوی راگەیاند، "لەئاکامی کوشتن و هەڕەشەی بەردەوامی گرووپە توندڕەوەکان بۆ سەر کوردانی ئێزدی و شەبەکی شاری موسڵ، لە ساڵی 2006ەوە تاوەکو ئێستا، 7هەزار خێزانی شەبەک، کە دانیشتووی گەڕەکەکانی گەراج شیمال، تەئمیم، نەینەوای شەرقی و جەزائیر بوونە، موسڵیان جێهێشتووە و ئێستا لە کۆمەڵگاکانی تیبە، زەهرا، غەدیر و نور لەسنووری بەرتللە و بەعشیقە نیشتەجێن". سەبارەت بە ژمارەی ئەو شەبەکانەش، کە تاوەکو ئێستا بەهۆی بەئامانج گرتنیان کوژراون، نوێنەری شەبەک لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ گوتی "لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا لەشاری موسڵ 30 شەبەک کوژراون و تێکڕای ژمارەی کوژراوانی شەبەکیش لەو پارێزگایە گەیشتووەتە 1380 کەس، دوێنێش کوردێکی شەبەک، کە لە شارەوانی بوو، کوژرا، پێرێش کوردێکی دیکەی شەبەک کوژراوە". داوودی گوتیشی "ئەو گرووپە توندڕەوانەی هەڕەشەی جێهێشتنی موسڵیان لە شەبەکەکان کردووە، دوای ئەوەی ماڵەکانیان جێهێشتووە، لەسەر خانووەکانی ئەوانیان نووسیووە (لایباع و لایشتری)، واتە ئەو خانووە کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێت". محەمەد عەبد، بەڕێوەبەری نووسینگەی پارێزگای نەینەوای وەزارەتی کۆچ وکۆچبەرانی عێراق، "بەهۆی کارە تیرۆریستییەکان و بەردەوامی هەڕەشەی گرووپە توندڕەوەکان لە ناو پارێزگای نەینەوا، تاوەکو ئێستا 12 هەزار خێزان ماڵ وحاڵیان جێهێشتووە کە زۆربەیان شەبەک و ئێزدین". بە گوتەی محەمەد عەبد، وەزارتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق لە هەوڵی ئەوەدایە رێگە چارەیەک لە گەڵ دەزگا ئەمنییەکانی موسڵ بدۆزێتەوە بۆ رێگرتن لەو کۆچکردنە وپاراستنی ئەو خێزانانەی کە لە لایەن "تیرۆرستان"ەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت، بە تایبەت کە پارێزگاکە بەرەو هەڵبژاردنی نوێنەرانی عێراق دەڕوات وئەم کۆچکردنەش کاریگەری دەبێت لە سەر بەشداریکردنی هاووڵاتییان لە دەنگدان."

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 18-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | موسڵ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 58

## 70هەزار نەخۆش لە کفری چارەسەریان بۆکراوە، لەکەلاریش بریندراری فیشەک زۆربووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120911443478175

رۆژنیوز ئارێز گەرمیانی

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی شەهید خالیدی گەرمیان لە کفری کەوێنەی بۆ (رۆژنیوز) نێردراوە، لەماوەی 11 مانگی ئەمساڵدا تا کۆتایی مانگی تشرینی دووەم، (70) هەزار نەخۆش لە بەش و هۆبە جیاوازەکانی نەخۆشخانەکەدا دا چارەسەریان وەرگرتووە.

بەپێی ئامارەکە، لە و 11 مانگەدا، (54) هەزار و (374) پشکنینی تاقیگەیی بۆ نەخۆشەکان کراوە، لەگەڵ ئەنجامدان و گرتنی (8) هەزار و (56) تیشک و (4) هەزار و (513) سۆنار .
لە ئامارەکەی نەخۆشخانەی شەهید خالد گەرمیانی ئاماژەش بۆ ئەوە کراوە لەنەخۆشخانەکەدا توانراوە (902) نەشتەرگەری بە قەبارەی جیاواز ئەنجام بدرێت.

هاوکات و پاش کردنەوەی بەشی مناڵبون لە و نەخۆشخانەیە، لەماوەی ئەمساڵدا، (472) حاڵەتی لەدایکبوونی مناڵان تۆمارکراوە.
لەلایەکی دیکەوە ئەوە خراوەتەڕوو کە (9) هەزار و (327) نەخۆش سەردانی بەشی ددانیان لە نەخۆشخانەکە کردووە.
نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالد گەرمیانی، یەکێکە لە چوار نەخۆشخانە گشتیەکانی تەندروستی گەرمیان.

ئەمە و بە پێی ئامارێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار، لەماوەی تەنها مانگی 11 دا ئەوانەی چارەسەریان بۆ کراوە بە زۆری ئە و کەسانە بووب کە فشاری خوینیان بەرزبوەتەوە و جیاوازتر لە مانگەکانی رابردوو چارەسەری برینداری فیشک زۆر بووە .
بە و پێیە (7) هەزار و (44) هاوڵاتی لە هەردوو رەگەز سەردانی ئە و نەخۆشخانەیەیان کردووە بۆ وەرگرتنی چارەسەر.
چەندین روداوی جیاواز لەماوەی ئە و مانگەدا لەنەخۆشخانەکە تۆمارکراون کە چارەسەریان بۆ کراوە، لەوانەش: 93 برینداری فیشەک، 27 برینداری رووداوی هاتوچۆ، 16 برینداری کەوتنەخوارەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | 🖉تەندروستی |
| شارەکان: | کفری |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 59

## 74%ی بەشداربوانی راپرسییەک پێیانوایە دەستوەردان هەیە لەکەیسی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011112561486734

لەسەر کەیسی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی سەنتەری گەرمیان بۆ راپرسی ئەنجامی راپرسیەکی راگەیاند و بەپێی ناوەرۆکەکەی 74%ە بەشداربوان پێان وایە دەستێوەردان لەکەیسەکەدا هەیە.
ئاودێر محەمەد، گەرمیان: ئەنجامی راپرسییەکە ئەمڕۆ شەممە لەلایەن بەرپرسی سەنتەرەکە، چالاک نەجم، لەمیانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا خوێندرایەوە و رایگەیاند، راپرسیەکە لە 4/1 دەستیپێکردوە و تا ئەمڕۆ 11/1 بەردەوام بوە و لە و ماوەیەدا 300 فۆرمیان دابەشکردوە و 293 فۆرمیان بۆگەڕاوەتەوە و 7 فۆرمی سوتاوە.
وتیشی، 74%ی بەشداربوان پێیانوایە دەستوەردانی نایاسایی لە و کەیسە هەیە و هەوڵ هەیە بۆ بەلارێلابردن و ئاڵۆزکردنی کەیسەکە، لە 82،3%ی بەشداربوانیش پێیانوایە دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردن جێی متمانە نین.
چالاک نەجم، ئاشکراشیکرد، لە 77،8% بەشداربوان لەگەڵ ئەون کە دەبوو ئە و تیرۆرە

لەسەرەتاوە بەتیرۆری سیاسی مامەڵەی لەگەڵ بکرایە.
دواپرسیاریش کە لەراپرسیەکە خراوەتەرو ئایە تاچەند گەشبین بەدۆزینەوەی بکوژی راستەقینەی کاوە گەرمیانی، لە 87،2%ی بەشداربوان دەڵێن گەشبین نین بەدۆزینەوەی بکوژو بکەری راستەقینەی تیرۆکردنی کاوە گەرمیانی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 60

## 77%ی پەرلەمانتاران فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانیان پڕکردوەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140513080607762 79

77%ی پەرلەمانتارانی کوردستان فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانیان پڕکردۆتەوە.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەمرۆ(دوو شەممە) رایگەیاند، تائێستا 77%ی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانیان پڕکردۆتەوە و فۆرمەکانیشیان گەڕاندوەتەوە بۆ دەستەکە.
پێشتر دەستەکە 1080 فۆرمی بەسەر دامەزراوەکانی دەسەڵاتی دادوەریی، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانتاراندا دابەشکردبوو بۆ ئەوەی سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن.
سەرۆکی دەستەی نەزاهە ئەوەشی خستەڕو کە تائێستا 86 پەرلەمانتار فۆرمەکانیان گەڕاندۆتەوە و ئە و ژمارەیەش دەکاتە رێژەی 77%ی پەرلەمانتاران .
ناوبراو رونیشیکردەوە، جگە لە 111 پەرلەمانتار، 56 فۆرمیان بەسەر راوێژکاراندا دابەشکردوە،تائێستا 31 راوێژکار فۆرمەکەیان گەڕاندۆتەوە.
سەبارەت بە دەسەڵاتی دادوەریش، ئەحمەد ئەنورە وتی، 753 فۆرمیان بەسەر دەسەڵاتی دادوەریدا دابەشکردوە و سەرجەم فۆرمەکان گەڕێنراونەتەوە.
ئاماژەی بەوەشکرد کە لە کۆی 1080 فۆرمی دابەشکراو، 874 دانەیەیان بە پڕ کراوەیی گەڕێنراونەتەوە .
وتیشی، ئە و کارە هەنگاوێکی زۆر باشە، بۆ یەکەمین جارە کارێکی لە و شێوە لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، پێشبینی دەکەن تا کۆتای ئەم مانگە سەرجەم فۆرمەکان بگەڕێنرێنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-05-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 61

## 80%ی حاجیانی ئەمساڵ، تەمەنیان سەروو 50 ساڵە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140912144250774 08

پەیوەند جەلال
نزیکەی 80%ی ئەو کەسانەی ئەمساڵ لەهەرێمی کوردستانەوە فەریزەی حەج بەجێدەگەیەن،

تەمەنیان لەسەرووی پەنجا ساڵەوەیە و ژنانیش ڕێژەی 30% پێکدەهێنن.
مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە خەندانی ڕاگەیاند: نزیکەی 80%ی حاجیانی هەرێم تەمەنیان لەسەرو 50 ساڵەوەیە و ژنانیش ریژەی 33%ی حاجیانی هەرێم پێکدێنن.
ناوبراو کە وەکو تیمی وەزارەت لەگەڵ حاجیانی ئەمساڵ لەوڵاتی سعودیەیە روونیکردەوە: گەشتی حاجیانی هەرێم بۆ سعودیە بەشێوەیەکی ئاسایی لەکات و ڕۆژەکانی خۆیدا بەردەوامە و بڕیارە لە (48) کاتژمێری داهاتوشدا سەرجەم حاجیان بگەنە شاری مەدینە.
لەرۆژی 8ی ئەم مانگەوە سەفەری حاجییانی ئەمساڵ بۆ سعودیە دەستیپێکردووە و دەبێت تا هەفتەیەک سەرجەم ئەو کەسانە بگەنە شاری مەدینە کە کۆی گشتییان 3654 حاجین.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 201412-09-

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 62

## 800حاڵەتی توشبوون بە نەخۆشی تالاسیما تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150509131115585264

ئەمڕۆ 9ی ئایاری 2015 بە چاودێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی رۆژی جیهانی تالاسیما بەڕێوەچوو.
لە وتەیەکدا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ئاماژەی بە ژمارەی تووشبووانی تالاسیما لە شاری هەولێر کرد کە ژمارەیان (800) نەخۆشبووە.
بەڕێوەبەری گشتی ئاماژەی بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی هەولێر کرد بۆ نەخۆشانی تالاسیما کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سەنتەرێکیان بۆ دابینکراوە تاوەکو سەنتەری نویێ تالاسیما تەواو دەبێت کە بەهۆی قەیرانی دارایی لەئێستادا کارەکانی وەستاوە.
ئاماژەی بەوە کرد لە و سەنتەرەی کە پێشکەشیان کراوە (20) قەرەوێڵەی خاواندنی نەخۆش هەیە و ڕۆژانە (35) نەخۆشی تێدا دەخەوێنرێت هەروەها مانگانە (830) بوتڵی خوێن لە نەخۆشانی تالاسیما دە درێت هەروەها ڕۆژانەش پشکنینی تایبەت بە تالاسیما بۆ ئە و کەسانە دەکرێت کە هاوسەرگیری دەکەن مانگانە زیاتر لە (230) پشکنین ئەنجام دەدرێت.
بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی وتیشی: "کە ساڵی رابردوو (12) حاڵەتی تووشبوو بە نەخۆشی تالاسیما کۆچی دوایی کردووە، هەموو هەوڵێکیش دەدات بۆ دابینکردنی پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بۆ نەخۆشانی تالاسیما."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 🖊تەندروستی

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 63

## 85%ئەوانەی چونەتە ناو داعش لەحوجرەو پەیمانگا ئیسلامییەکان خوێندویانە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015033016445085061

وتەبێژو بەرپرسی پێشوی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەراپۆرتێکی ئاژانسی رووداودا دەڵێت "تائێستا 500 گەنجی کورد چونەتە ناو داعش کە 85%یان لەقۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیانیان، لەحوجرەو پەیمانگاو کۆلێژە ئیسلامییەکان خوێندویانە."
ئاوێنەنیوز: مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی پێشوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئاماژە بەوەشدەکات کە 7500 خوێندکار لەو ناوەندە ئاینیانە دەخوێنن کە 2000یان ئافرەتن، وتیشی "ئێستا لەکوردستان مەلاکان یەکلابونەتەوە لەسەر ئەوەی بەرگری لەداعش نەکەن، بۆیە وای دەبینم زیاتر لەرێگەی بانگخوازەکانەوە خەڵک هاندەدرێت، هەر بۆیەش داعش ماوەیەکە زۆر هێرش دەکاتە سەر مەلاکانی کوردستان."
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەهەرێمی کوردستان 6000 پەیمانگای زانستە ئیسلامییەکانی هەیە، هەڵەبجەیی دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانی من 500 گەنجی کورد چونەتە نێو داعش کە 85%یان لەقۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیانیان، لەحوجرەو پەیمانگاو کۆلێژە ئیسلامییەکان خوێندویانە، جا چ ئەوانەی سەر بەوەزارەتن یان سەر بەحیزبەکان."
هەر لە و بارەیەوە کەمال ئەبو بەکر مامۆستا لەپەیمانگای شافیعی لەسلێمانی بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان کە سەر بەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینییە دەڵێت "ناتوانرێت ژمارەی خوێندکارانی زانستە ئیسلامییەکان لەناو داعش، یان کوردی ناو داعش بەدروستی بزانرێت، ئەوە ئەرکی دەزگا ئەمنییەکانە بەدوایدا بچن و ئاشکرای بکەن."
وتیشی "ئەو گروپ و حیزبە ئیسلامییانەی لەنێو پرۆسەی سیاسیدان لەکوردستان، رەتیدەکەنەوە، بەڵام دڵنیام وەک تاک و کەسایەتی تێیاندایە خەڵک هاندەدات بچنە ناو داعش."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 30-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | توندوتیژی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 64

## 87سزادراو بڕوانامەی دەرچوون لەخوێندن وەردەگرن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015052816213485405



لەبەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی 87 سزادراو، پڕوانامەی دەرچوون بۆ خوێندنی ساڵی 2014 بۆ 2015 وەردەگرن. جگێری بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش باس لەوە دەکات، کە سزادراویشیان هەیە لە زانکۆ و پەیمانگاکان بخوێنێ.
شێرکۆ عارف، جێگری بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو) ئاماژە بەوە دەکات، ئە و قوتابخانەیەی لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیاندا کراوەتەوە، کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە بە سیستەمی خوێندنی خێرا کار دەکات، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر خوێندکار لەو قوتابخانەیە پڕوانامەی دەرچوونیان پێدەدرێت، ئەو گوتی: "ئەم ساڵ 110خوێندکارمان هەبوو، ئەمڕۆ 87 یان پڕوانامەی دەرچوونیان وەرگرت."
جێگری بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی سلێمانی باسی لەوەشکرد، جگە لەو خوێندکارانە، ئەمساڵ چوار سزادراوی دیکەشیان هەیە، کە دوانیان لە زانکۆ دوانیشیان لە پەیمانگا دەخوێنن.
بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمە، زیاتر لە هەزار زیندانیکراوی تێدایە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2015-05-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 65

## 9هەزار خێزانی ئاوارەی عێراقی رویان لە کەرکوک کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140708102015769 25

نزیکەی نۆ هەزار خێزانی ئاوارەی عێراقی رویان لە کەرکوک کردووە و لە بەرنامەدا هەیە کەمپێکی تایبەتیان بۆ بونیادبنرێت.
کەرکوک، ئاوێنەینوز: سایتی شەفەقنیوز لەزاری عەمار محەمەد، بەڕێوەبەری نوسینگەی کۆچبەرانی عێراقی لە شارەکە، رایگەیاندووە کە ژمارەی خێزانە ئاوارەکانی کەرکوک گەیشتونەتە 9000 خێزان و لە دۆخێکی ئابوری و مرۆیی زۆر خراپدا دەژین.
بەهۆی شەڕ و قەیرانە سیاسیەکانی عێراقەوە لە ئێستادا زیاتر لە دوو ملیۆن کەس بوونەتە ئاوارەی ناوخۆ و لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان دورکەوتوونەتەوە.
جگە لە کەرکوک، شارو شارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردستانیش بەهەمان شێوە روبەڕوی شەپۆلێکی گەورە پەنابەری عێراقی بوونەتەوە بەهۆی شەڕ و بەریەککەوتنەکانی نێوان داعش و حکومەتی مالیکی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-07-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | IQئێراق |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 66

## 90%کۆمپیوتەری کوردستان کێشەی ڤایرۆسیان هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131017140929882‍94

شارەزایەکی بواری ئای تی ئاماژە بەوە دەدات لە 90% کۆمپیوتەرەکانی کوردستان کێشەی ڤایرۆسیان هەیە و باسیش لەوە دەکات زۆربەی ڤایرۆسی ناو کۆمپیوتەرەکانی کوردستان بەهۆی کردنەوەی ماڵپەڕە سێکسیەکانە.
سەرکار سلێمان، لەکۆمپیوتەری کاروان کە ماوەی چەند ساڵێکە کاری فۆرمات و چاککردنی کۆمپیوتەر دەکات باس لەوە دەکات زۆربەی ئەو ئەنتی ڤایرۆسانەی خەڵک لەکوردستان بەکاریاندەهێنن عادین و تەنها یەک ڕۆژ پردەکەن و دەڵێت، دو جۆرە ئەنتی ڤایرۆس هەیە، ئەسڵی و عادی، عادییەکە بۆ هەمو کۆمپیوتەرێک دادەبەزێت و بەخۆراییە یان لەئینتەرنێتەوە بەفریی داونلۆد دەکرێت. لەبارەی ئەنتی ڤایرۆسی ئەسڵیشەوە ناوبراو باس لەوە دەکات کە کۆمپیوتەری بەکارهێنەران خاوەدکاتەوە و وتیشی، هۆکاری ئەو خاوبونەوەیە ئەوەیە بەرگری لەکۆمپیوتەرەکە دەکات و ناهێڵێت سیستەمەکەی تێکبچێت، هەروەها ئەنتیهاککەری تێدایە کە بەر بەهاککردن دەگرێت.
نرخی چەند ئەنتی ڤایرۆسێکی عادی لەبازارەکانی کوردستان تەنها بەهەزار دینارە ئەمە لەکاتێکدایە نرخی ئەنتی ڤایرۆسی ئەسڵی بە25 تا 70 هەزار دینارە.
سەرکار باس لەوەش دەکات زۆربەی ئەنتی ڤایرۆسە عادییەکان سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ڤایرۆسن و وتیشی، لە90% کێشەی کۆمپیوتەرەکانی کوردستان نەبونی ئەنتی ڤایرۆسە.
هەروەها زۆربەی ئەو ئەنتی ڤایرۆسانەی دێنە ناو کۆمپیوتەرەکانەوە بەهۆی کردنەوەی ماڵپەڕە سێکسیەکانەیەوە، کە ئەو ماڵپەڕانە سەرچاوەی سەرەکی ڤایرۆسن. ئەو داواشی لەخەڵک کرد بۆ پاراستنی کۆمپیوتەرەکانیان ئەنتی ڤایرۆسی ئەسڵی بەکاربهێنن و ئاماژەی بەوەشدا زۆربەی ئەو ئەنتی ڤایرۆسانەی لەکوردستان بەکاردێن بریتین لەئەڤێراو کاسپەرسکای و نۆتۆرن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 17-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 67

## 91هەزار دۆنم پۆش و پاوان لەهەرێم دەسوتێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150722224750857‍69

ڕۆژنیوز ـ هۆشمەند کوردی
بە پێی ئامارێکی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان، لە شەش مانگی ئەمساڵدا لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی سوتانی پوش و پاوان لە ساڵی ڕابردوو زیادی کردووە و ئەو ڕێکخراوە حکومەت و هاوڵاتیان بە کەم تەرخەم دەزانێت. سەروەر قەرداغی بەرپرسی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند" بە پێی ئەو ئامارەی لەبەردەست ئێمەدایە لە سەرەتایی مانگی یەکی ئەمسالەوە تا سەرەتایی مانگی شەش لە هەرێمی کوردستان 91 هەزار دۆنم پۆش و پاوان لە هەرێمی کوردستان سوتاوە و لە دوای ئەوەش ڕێژەکە ڕووی لە زیادبوون کردووە ."وتیشی: کەم تەرخەمیکەی بۆ لایەنی بەرپرس دەگەڕێنینەوە کە حکومەتی هەرێمە وەک پیویست نەبووە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ئاگر کەوتنەوە، دەبوو باشتر کاری بکردایە و لێپرسینەوەی بکات، چونکە دەبوو حکومەت ئیجرائاتی لەگەڵ ئەو کەسانە بکردایە کە ساڵی بار بونەتە هۆی ئاگرکەوتنەوە". سەروەر

قەرەداغی دەشڵێت: کاتێک ئاگرەکان دەکەونەوە دەبینین درەنگ کۆنترۆڵ دەکرێن، ئێمە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕیننەوە کە بەشێک لە پۆلیسەکانی بەرگری شارستانی براونەتە بەرەکانی جەنگ و ئەمەش کێشەی دروستکردووە و جگە لە مەش حومەت تا ئێستا نیتوانیوە ئاگر پڕ دروست بکات ."
بەرپرسی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات "تا ئێستا حکومەتی هەرێم کەمتەرخەم بووە لەوەی نەیتوانیوە فرۆکەی تایبەت بە ئاگرکوژینەوە دابین بکات بۆ ئەوەی ئەو فرۆکەیە بە زووترین کات بگاتە شوێن ئاگرەکە، لە لایەکییترەوە هاوڵاتیانیش کەمتەرخەمن لە کاتی ئاگرکەوتنەوەکە درەنگ دەزگای بەرپرسی ئاگادار دەکەنەوە ." قەرەداغی ڕونیشکردەوە " ئەمساڵ سوتانی پوش و پاوان لە ساڵانی ڕابردوو زیاتر بووە."

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 68

## 959کەناڵی راگەیاندنی نوسراو و بیستراو و بینراو لە هەرێمی کوردستاندا متمانەیان پێدراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121619324787192



خەندان – رەهێڵ سەمەد
بەگوێرەی دواین ئاماری سەندیکای رۆژنامەنووسان و وەزارەتی رۆشنبیری 929 دەزگای راگەیاندنی نوسراو و بیستراو بینراو لە هەرێمی کوردستاندا متمانەیان پێدراوە، بێجگە لە ماڵپەڕە ئەلەکترۆنییەکان و، زیاتر لە شەش هەزار کەسیش ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانن.
بەگوێرەی ئە و ئامارانەی لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە دەست خەندان کەوتوون، لە دوای ساڵی (1991 تا 2013) لە هەرێمی کوردستاندا (712) بڵاوکراوە (میدیای نوسراو) متمانەی سەندیکای رۆژنامەنووسانیان پێدراوە، هاوکات 247 دەزگای میدیای بینراو و بیستراو لە وەزارەتی رۆشنبیری مۆڵەتیان وەرگرتووە .
بەگوێرەی ئامارەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان، زۆرترین رێژەی میدیا لە سنووری پارێزگای هەولێردایە و دوای ئەویش پارێزگای سلێمانی و دواتر پارێزگای دهۆک دێت.
لە هەرێمی کوردستاندا 712 بڵاوکراوە مۆڵەتیان لە سەندیکای رۆژنامەنووسان وەرگرتووە کە پێکدێن لە (204) رۆژنامە و (508) گۆڤار کە (326) بڵاوکراوە لە هەولێر و (251) لە سلێمانی و (94) لە دهۆک و (34) لە کەرکوک و (7) لە نەینەوا دەردەچن. لە و بڵاوکراوانە 11یان رۆژانەن و 87یان هەفتانە 95 یان مانگی دووجار و 325یان مانگانە و 17 یان دوومانگ جارێک و 168یان وەرزی و 7یان ساڵانە و 2 دانە شەش مانگ جارێک دەردەچن .
بەگوێرەی ئامارەکە 37 کەس لە رەگەزی مێ و 529 کەس لە رەگەزی نێر خاوەن ئیمتیازی ئە و بڵاوکراوانەن، 146 بڵاوکراوەی تر حزب و رێکخراو و سەنتەرەکان وەک خاوەن ئیمتیاز ناویان هاتووە. هەروەک 56 رۆژنامەنووسی مێ و 656 رۆژنامەنووسی نێر وەک سەرنووسەری ئە و بڵاوکراوانە تۆمارکراون. ئامارەکەی سەندیکای رۆژنامەنوسان دەریدەخات لە هەرێمی کوردستان 6420 رۆژنامەنووس هەن کە 1100یان

ڕۆژنامەنووسی مێن .
دوائاماری وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تائێستا 247 کەناڵی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و ئاسمانی و ڕادیۆ مۆڵەتیان وەرگرتووە کە 73 تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و 138 ڕادیۆ و 36 کەناڵی ئاسمانین. لە 73 کەناڵە ناوخۆییەکان 50یان لە سنووری هەولێر و 18یان لە سنووری سلێمانی و پێنجیان لە سنووری دهۆک پەخش دەکەن، لە 138 ڕادیۆکەش 69یان لە سنووری هەولێر و 39یان لە سنووری سلێمانی و 30یان لە سنووری دهۆکدا پەخش دەکەن .
لە 36 کەناڵە ئاسمانییەکەش 22یان لە سنووری هەولێر و 9یان لە سنووری سلێمانی و پێنجیان لە سنووری دهۆک پەخش دەکەن .
سەبارەت بە ژمارەی ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکانیش کە لە کاتی ئێستادا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە خێراترین کات، سەرچاوەیەک لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕایگەیاند: لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری هۆبەیەکی تایبەت بە ماڵپەڕەکان هەیە، بەڵام لە بەرچەند هۆکارێک تاکو ئێستا ئە و هۆبەیە دەستبەکار نەبووە. سەرچاوەکە هۆکاری دەستبەکارنەبوونی ئە و هۆبەیەی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی یاسایەکی تایبەت و ئامارێکی ڕاست و دروست لەسەر ماڵپەڕەکان .
هاوکات حەمید بەدرخان ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: تائێستا 712 گۆڤار و ڕۆژنامە بە هەموو زمانەکان لە هەرێمی کوردستان متمانەیان لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەرگرتووە، لە و ژمارەیە تەنها نزیکەی 93 بڵاوکراوە بەشێوەیەکی ڕەسمی دەردەچن. حەمید بەدرخان وتی: "بەگوێرەی بڕیارێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هەر بڵاوکراوەیەک گۆڤار یان ڕۆژنامە بێت، سێ مانگ لەسەر یەک بڵاوکراوەکەی دەرنەکات، سەندیکا متمانەی لێوەردەگرێتەوە و ڕێگای پێنادات دەربچێت."
ئاماژەی بەوەشکرد کە گۆڤاری (الصحفی) کە لە لەیەلان سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بە عەرەبی دەردەچێت ژمارە (1)ی متمانەی وەرگرتووە و (گۆڤاری قەڵەم)یش بە ژمارە 712 دوا متمانەی پێدراوە.
سەبارەت بە ژمارەی ڕۆژنامەنووسان، ئەندامەکەی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان وتی: "لەکاتی ئێستادا 6 هەزار و 420 ڕۆژنامەنووس لە سەندیکا تۆمارکراون". ئەوەشی خستەڕوو "ئێمە ئاگادارین لەوەی بەشێک لە و ژمارەیە کاری ڕۆژنامەنووسی ناکەن و ڕۆژنامەنووس نین، هەندێکیشیان ئابوونە نادەن بە سەندیکا، بۆیە سەندیکا بڕیاری داوە ئەوانەی تاکو کۆتایی ئەمساڵ ئابوونە نەدەن، ئەندامێتییان هەڵبپەسێرێت."
دوای پەسەندکردنی یاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007ی کاری ڕۆژنامەنوسی لە هەریمی کوردستان سەندیکای ڕۆژنامەنوسان متمانە بە بڵاوکراوەکان دەدات، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری مۆڵەتیان وەردەگرت. هاوکات دوای بڕینی بودجەی هەندێک لە بڵاوکراوەکان و داخستنی هەندێکی تریان لەلایەن دەزگاگاکان خۆیانەوە، لەکاتی ئێستادا بەشێکی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕاگیراون، ئەمە لەکاتێدا ژمارەی متمانەیان لە سەندیکا هەرماوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 16-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 69

**96کوردی شەبەک لەلایەن داعشەوە رفێنراون**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014070911282976933

سەعید محەمەد، موسڵ: بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لەموسڵ، سەعید مەموزینی بەئاوێنەنیوزی راگەیاند "دوای ئەوەی لە 10ی حوزەیرانی 2014 گروپی چەکداری داعش شاری موسڵی کۆنترۆڵکردووە تائێستا زیاتر لە 96 کوردی شەبەک رفێراوە و 7 کەسیان کوژراوە.
وتیشی" لە گەڕەکە جیاوازەکانی شاری موسڵ ئەو کەسانە رفێنراو و کوژراون، بەلام لە ساڵی 2003 تاوەکو ئێستا نزیکەی 1400 کوردی شەبەک کوژراوە"
رۆژی 10 حوزەیران چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بەداعش توانیان موسڵ و چەند ناوچەیەکی تر لەعێراق کۆنتڕۆڵ بکەن و بارودۆخی کوردەکانی ئەو ناوچانە لەمەترسیدایە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-07-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: موسڵ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 70

**ئابوریی عێراق و کوردستان لەبەردەم ئەگەری داتەپین دان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011610205584628

بەهۆی ئە و دابەزینەی لەنرخی نەوتدا رویداوە، سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش هۆشداریدەدەن لەئەگەری داتەپینی ئابوریی عێراق و هەرێمی کوردستان، پێشیانوایە دابەزینەکە گەمەیەکی سیاسییە بۆ روخاندنی ئابوری هەندێک وڵات کە دواجار پریشکی زیانەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەگرێتەوە .
هاوکار حسێن، ئاوێنەنیوز: نرخی یەک بەرمیل نەوت لەئێستادا نزیکەی 45 دۆلارە و پسپۆرانی بواری ئابوریش پێشبینی دەکەن هەر لەم ساڵدا نزمترین ئاستی نەوت بگاتە نزیکەی 28 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، کە دوێنێ (چوارشەممە) نرخی بەرمیلێک لەکوەیت گەیشتە 38 دۆلار. لەهەمان کاتیشدا ئەگەری ئەوە هەیە لەمانگی حوزەیراندا کەمێک بەرزبونەوە بەخۆوە ببینێت.
لەئێستادا ئەمریکا بڕیاریداوە کە نەوتی رێکخراوی ئۆپیک نەکڕێت و بەدیلی نوێی دۆزیوەتەوە کە عێراق و ئێرانیش هەردوکیان ئەندامی ئەم رێکخراوەن. کەسایەتیە سیاسییەکانی کورد و عەرەبیش هۆکاری ئەمە دەگێڕنەوە بۆئەوەی کە واشنتۆن دەیەوێت لە و رێگەیەوە ئابوری هەندێک وڵات بروخێنێ، بەڵام دواجار هەرێمی کوردستانیش وەک پنتێکی نێو ئەم هاوکێشە گەورەیە، زیانی بەردەکەوێت .
بایەزید حەسەن، ئەندامی پێشوی پەرلەمانی عێراق بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، "هۆکاری ئەوەی کە ئەمریکا نایەوێت نەوتی ئۆپیک بکڕێت، یەکەم بۆئەوەی دەیەوێت ئابوری روسیا و ئێران بروخێنێت، چونکە تانرخی نەوت دابەزێت، ئابوریی ئەم وڵاتانەش لاوازدەبێت."
لەبارەی کاریگەریی ئەم گەمە ئابورییە بۆ سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان، حەسەن وتی، "

لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستانیش پشت بەفرۆشی نەوت دەبەستێت، بۆیە هەر دابەزینێک لەنرخی نەوت کاریگەریشی هەیە لەسەر ئابوری کوردستانیش."
عێراق یەکێکە لە و وڵاتانەی کە زیاتر 90%ی داهاتی ساڵانەی بەشێوەیەکی سەرەکی پشتدەبەستێت بەفرۆشی ئە و نەوتەی کە رەوانەی بازاڕای وزەی جیهانی دەکات، بۆیە هەر گۆرانکارییەک لەنرخی نەوتدا راستەوخۆ کاردەکاتە سەر بودجەی گشتیی وڵات.
پەرلەمانتارەکەی پێشوی عێراق پێیوایە هەڵەی هەرێمی کوردستانیش و عێراقیش لەوەدایە کە "هەردوکیان بەرێژەی 92% پشتیان بەستوە بەفرۆشتنی نەوت، کە دەبوایە کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵ و پترۆکیمیایی و ئەوانی دیکەشیان پەرەپێبدایە، بۆئەوەی لەحاڵەتێکی ئاوادا توشی قەیران نەبن ."
ئە و وتانەی بایەزید حەسەن لەکاتێکدایە کە جێگری سەرۆک کۆماری عێراقیش پێیوایە کە دابەزینی نرخی نەوت بەوشێوەیەی ئێستا، هەروا کارێکی لەخۆرا نەبوە، بەڵکو ئامانج لێی داتەپاندنی ژێرخانی ئابوریی هەندێک وڵاتە لەناویاندا روسیا و ئێران، کە ئەمە کاریگەرییەکەی درێژدەبێتەوە بۆ سەر عێراقیش.
جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، نوری مالکی لەسەردانێکیدا بۆ زانکۆی بەسرە، ئەمڕۆ بەرۆژنامەنوسانی راگەیاند، "جەنگی ئابوری بۆ سەر وڵاتان رەنگە زیان و کاریگەری گەورەتری هەبێت لەسەر مرۆڤایەتی وەک لەجەنگی تەقلیدی، دابەزینی نرخی نەوتیش هەروا بارودۆخێکی ئاسایی ئابوریی نیە، بەڵکو پرۆسەیەکی سیاسییە و ئامانج لێی روخاندنی ئابوری هەندێک وڵاتی دیاریکراوە."
مالکی ناوی ئە و وڵاتانەی ئاشکراکرد کە ئابورییەکەیان بەئامانج گیراوە و وتی، "ئێران و روسیا لەیەکەمینەکانی ئە و وڵاتانەن و بارودۆخەکە عێراقیش دەگێریتەوە."
ئە و وتانەی مالکی لەکاتێکدایە، هەرێمی کوردستان و عێراقیش بەبارودۆخێکی هەستیاری ئابوریی و ئەمنیدا گوزەردەکەن و هەردولا چاویان لەسەر فرۆشتنی ئە و نەوتەیە کە رەوانەی بازاڕەکانی جیهانی دەکەن .
بازاڕی وزەی جیهانی رۆژانە 90 ملیۆن بەرمیل نەوتی بۆدەچێت، کە 30 ملیۆنی لەلایەن رێکخراوی ئۆپیکەوە بەرهەم دێت. لەم رێکخراوەشدا 7 وڵاتی عەرەبی و 5 وڵاتی غەیرە عەرەبی ئەندامن تێیدا کە کاریگەرترینیان سعودیەیە و رۆژانە 9 ملیۆن 700 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێنێت.
هاوکات روسیاش رۆژانە نزیکەی 10 ملیۆن بەرمیل نەوت دەخاتە ئەم بازاڕەوە .
ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکی نرخی نەوتی دابەزاندوە، بریتیە لەتێکچونی ئە و هاوکێشە ئابورییەی کە بازاڕی وزەی گرتوەتەوە و "پێشکەشکردن زۆر زیاتر بوە لە خواست"، رۆڵی ئەمریکاش لەم نێوەندەدا یەکلاکەرەوەیە کە لەئێستادا تەکنەلۆژیایەکی پێشخستوە و پێیدەوترێت "نەوتی نائاسایی" کە لەبەرد دەردەهێنرێت و وایکردوە پێویستی بەکڕینی نەوت نەبێت، لێرەشەوە 40%ی نەوتی ئۆپیک کە پێشتر ئەمریکا دەیکڕی، ئێستا لەبازاڕەکاندا دەمێنێتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 16-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 71
## ئاستی سەرپێچییەکان لەسنوری سلێمانی کەمیکردوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20130604101751 78363
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: قایمقامی قەزای مەڵبەندی سلێمانی، ئاوات محەمەد، ئەمڕۆ، سێشەممە،

بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، سەرەرای بەردەوامیو زۆری سەردانو کاری لیژنە هەمیشەییەکانی قایمقامیەت ژمارەی سەرپێچییەکان لەسلێمانی لەمانگی ئایاری رابردوو کەمی کردوە.
رونیشیکردەوە، تەنها لەمانگی ئایاردا لیژنەکان 5298 سەردانیان ئەنجامداوەو لەو سەردانانەش 330 شوێن سەرپێچیان کردوەو غەرامەکراون، بەڵام هیچ حاڵەتێک نەبوە کە پێویست بەروبەروکردنەوەی دادگا بکات.
ئاوات محەمەد وتیشی، 62 تەن خۆراکی خراپو بەسەرچو دەستی بەسەرداگیراوەو پڕی غەرامەش لەمانگی رابردودا 25 ملیۆنو 25 هەزار دینار بوە.
قایمقامی سلێمانی هێمای بۆئەوەشکرد، کەمبونەوەی قەبارەی سەرپێچییەکان نیشانەی هۆشیاریو گرنگیپێدانی فرۆشیارانو خاوەنی مارکێتو چێشتخانەکانو بەرپرسی ناوەندە جیاجیاکانە، سەرەرای گرنگی سەردانو بەدواداچونی لیژنەکان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 04-06-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 72

## ئاستی هەناردەی نەوت بۆ یەک ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرز دەبێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071410261276995

هەستیار
سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سرووشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ 250 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا بەرز دەبێتەوە و لە کۆتایی ساڵیشدا دەگاتە 500 هەزار بەرمیل، دەشڵێت: "لەگەڵ نەوتی کەرکوکدا دەتوانین ببینە خاوەنی سەقامگیرییەکی ئابووری و لە ساڵی 2015دا کۆتایی بە و قەیرانە داراییە بهێنین."
شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی پیشەسازی و وزە و سامانە سرووشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: لە ئێستادا ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوەی وڵات 120 بۆ 150 هەزار بەرمیل نەوتە لە رۆژێکدا، لەماوەی یەک دوو مانگی داهاتووشدا ئە و رێژەیە بۆ 250 بەرمیل بەرز دەبێتەوە.
وتیشی: "پلان و بەرنامە هەیە بۆ کۆتایی ساڵ هەناردەی نەوتی هەرێم بگاتە 500 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا، ئەمەش لەگەڵ نەوتی کەرکوک کە ئەویش 500 هەزار بەرمیل دەبێت، دەتوانین لەگەڵ داهاتی ناوخۆدا جۆرێک لە سەقامگیری ئابووریمان بۆ بگەڕێتەوە و مووچەی فەرمانبەران و خزمەتگوزاری و سلفەکان دەستپێبکەینەوە."
شێرکۆ جەودەت وتی: "لە ئێستادا حکومەتی هەرێم کار لەسەر بەستنەوەی بۆری کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک دەکات بە بۆری نەوتی خورمەڵە و مەخمورەوە، بۆ ئەوەی ئامادەکاری بکرێت لە ساڵی 2015 دا لە رێگەی بۆریە نەوتییەکانی هەرێمەوە رەوانەی دەرەوە بکرێت."
سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سرووشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان ئەوەشیخستەڕوو: لە ساڵی داهاتووەوە هەوڵ دەدەن سیستمێکی نوێی ئابووری داڕێژن و ئە و قەیران و دواکەوتنی مووچە و خزمەتگوزارییانەی هەیە نەیهێڵن و لە قەیرانی دارایی رزگاریان ببێت، ئەمەش پێویستی بە کارکردن و هەوڵدانی بەردەوام دەبێت.
لەسەرەتای ئەمساڵەوە بەغدا بەشە بودجەی هەرێم و مووچەی فەرمانبەرانی راگرتووە، ئەمەش بەهۆی کێشەکانی بەغداو هەرێمەوە لەسەر پرسی نەوت، دوای دەستبەسەرداگرتنی موسڵ و چەند قەزاو ناحیەکی سەر بە دیالە و سەڵاحەدین و کەرکوک لەلایەن داعشەوە، قەیرانێکی نوێی ئابووری رووی لە هەرێمی کوردستان کرد و نرخی کاڵاو شمەک و بەنزین بەرزبوویەوە.
لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لە رێگەی فرۆشتنی نەوتەوە بە کەشتی بارهەڵگر و داهاتی ناوخۆوە، مووچەی فەرمانبەران دابین دەکات، ئەویش زۆر لە وادەی خۆی دوادەکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 73

## ئاشتی هەورامی: تەنها دوو مانگی ترمان دەوێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031617120284882

وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت: تەنها دوو مانگی ترمان دەوێ و بێ منەت دەبین لە بەغدا، دەشڵێت شەڕی داعش بووە هۆی ئەوەی ئە و پلانەی بۆ هەناردەکردنی نەوت دانرابوو سێ بۆ شەش مانگ دوابکەوێ.
ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە رووداوی وتووە: "سێ ساڵ لەمەوبەر پلانی ئەوەمان دانابوو رۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم بێنین، بەڵام شەڕی داعش بووە هۆی ئەوەی ئە و پلانە سێ بۆ شەش مانگ دوابکەوێ."
ئاشکراشی دەکات کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەتوانێت تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنێتە 750 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.
وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەوەشدەکاتەوە کە لە مانگی چوار یاخود پێنجی ئەمساڵەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێ بەنەوتی خۆی بەبێ بەغدا ئە و بودجەیەی بەغدا بۆ هەرێمی کوردستانی داناوە کە لە % 17 ی بودجەی گشتیی عیراقە، دابین بکات و تاوەکو کۆتایی ساڵیش دەتوانێ بە زیادەوە دابینی بکات و" بێ منەت دەبین لە بەغدا"
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 74

## ئاشتی هەورامی: لەم هەفتەیەدا هەناردەی نەوت بۆ ئەم پرە بەرز دەکەینەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014110814304077888

وەزیری سامانە سرووشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، هەناردەی نەوتی خاو لە رێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە بۆ 300 هەزار بەرمیل نەوت بەرز دەکەنەوە و لەم هەفتەیەدا ئە و پرە زیاد دەکەن.
سایتی کوردستان تیڤی بڵاویکردەوە، لە میانی بەشداریکردنی لە پانێڵێکی کۆربەندی مێری کە لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان رێکخراوە، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: ئێستا نزیکەی 300 هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکیا دەکەن، ئەم هەفتەیەش هەناردەکردنەکە دەگاتە ئە و ژمارەیە.

ئاشتی هەورامی راشیگەیاند: سێ بیرە نەوتی دیکە لە چەند مانگی داهاتوودا دەست بە بەرهەمهێنان دەکەن و چاوەڕوانیش دەکرێت هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە مانگی کانوونی دووەم و شوباتی ساڵی داهاتوو بۆ 500 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزببێتەوە.
بەهۆی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی سەربەخۆ لە رێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە، بەغدا بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی راگرتووە، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە هەرێم و هاوڵاتیان و فەرمانبەران بە چەند مانگێک مووچەیەک وەردەگرن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 75

## ئاشتی هەورامی، لەبارەی یەدەگی نەوتی هەرێمەوە دەدوێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071616531089550

وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: مافی کۆمپانیا نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان 3.5 ملیار دۆلارە و جەختیشی لەوەکردەوە، پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز زۆر گرنگە و نەوتی یەدەگی کوردستان لە هەر سێ پارێزگاکە 45 ملیار بەرمیلە.
لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی"حەیات"ی لەندەنی، وەزیری سامانەسروشتیەکان هەرێمی کوردستان، ئاشتی هەورامی، جەخت لەوە دەکاتەوە، رێکەوتننامەی هەرێم لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای یاسا دەبێت و بەوەش مافە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن ناوەندەوە دیاریدەکرێت.
لە درێژەی قسەکانیدا وتیشی:" حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتایی ئەمساڵدا بە بەغدای راگەیاندووە، کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکانی داوای زیاتر لە 3.5 ملیار دۆلار دەکەن و ئەو مافانەش دەستورییە."
ئاشتی هەورامی رەتیشیدەکاتەوە، کە هەرێمی کوردستان بە بێ ئاگاداری بەغدا نەوتی خام رەوانەی دەرەوە بکەن و وتیشی: "ئە و کارە بە پێی رێکەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا دەبێت و 50% بۆ کۆمپانیا بیانییەکان و ئەوەی کە دەمێنێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت."
ئاشتی هەورامی پڕوای وایە، بە پەسەندکردنی یاسایی نەوت و گاز کێشە هەڵپسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا کۆتایی دێت، و بە هیچ جۆرێکیش نەوت و گاز لە رێگەی قاچاغەوە رەوانەی دەرەوە ناکرێت.
وەزیری سامانە سروشتیەکان یەدەگی نەوتی هەرێم کوردستان جگە لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، 45 ملیار بەرمیلە و دەتوانێت زیاد بێت، بەڵام گاز 100_200 ترلیۆن مەتری چوارگەشەیە.
لە کۆتایدا وتیشی، بەرهەمەکانی نەوت لە ساڵی 2015 لە یەک بەرمیل نەوتی رۆژانەوە، بۆ ساڵی 2019 دەبێتە دوو ملیۆن بەرمیلی رۆژانە، بەڵام پاڵاوتنی نەوتی خام و بەرووبوومە نەوتیەکان لە 150هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانەوە دەتوانێت بگاتە 250 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-16

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 76

## ئاماری 10 مانگی رابردووی رووداوی هاتوچۆ لە هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111422360777937

رەهێل سەمەد

بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی پارێزگای هەولێر ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆی 10ی مانگی رابردووی بڵاوکردەوە کە لەوماوەیەدا نزیکەی 300 کەس بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە سێ هەزاریش برینداربوون.

فازل حاجی، بەڕێوەبەری راگەیاندن و وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی هەولێر بە خەندانی راگەیاند: لەماوەی 10 مانگی رابردوودا، لە سنوری پارێزگای هەولێر، هەزار و 122 رووداوی هاتوچۆ تۆمارکراوە، هەرلە و ماوەیەدا 601 هەزار و 302 سەرپێچی هاتوچۆ لە سنوری هەولێر تۆمارکراون.

فازل حاجی وتیشی: بەهۆی ئە و رووداو و سەرپێچیانە، 295 کەس گیانیان لەدەستداوە و سێ هەزار و 618 هاوڵاتیی دیکەش بریندابون، ئە و ئامارانەش لە وەزارەتی تەندروستی پشتراستکراوەتەوە.

وتەبێژەی هاتوچۆی هەولێر ئاماژەی بەوەشکرد : ئێستا 603 هەزار و 609 ئۆتۆمبێل بە سەرجەم جۆرەکانیەوە لە پارێزگای هەولێر تۆمارکراون، لەبەرامبەریشدا 442 هەزار و 525 مۆڵەتی شوفێریی ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیل و کەمئەندامان و ئامێری کشتوکاڵی بە هاوڵاتیان دراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 77

## ئاماری 4 مانگی جەنگی کۆبانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012916124266516

لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە ئەمڕۆ لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و یەپەگە و ژووری عەمەلیاتی بورکانی فورات ساز کرا، لە و کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا ئاماری جەنگی شاری کۆبانێ لەماوەی 4 مانگی رابردوودا خرایەڕوو.

کۆنگرە رۆژنامەوانییەکە بەئامادەبوونی مەحمود بەرخدان فەرماندەی گشتی هێزەکانی یەپەگە و عەقید کاوە میرۆیی وتەبێژی پێشمەرگە لە و شارە دەستیپێکرد.

بەپێی ئامارەکەش، 408 شەڕڤان شەهید بوون لەهێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و و نزیکەی 3800 چەکداری داعشیش کوژراون، هاوکات یەک پێشمەرگەش شەهید بووە.

ئامارەکەش بەمشێوەیەی خوارەوە ئاشکرا کرا:

ژمارەی ئۆپەراسیۆنەکان: 220 ئۆپراسیۆن بووە.

ئە و ئۆپراسیۆنانەی ئەنجامەکانیان نەزانراوە، 98 دانە بووە.

37ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکرا وتەقیونەتەوە و 19 کردەی خۆکوژی هەبووە لەماوەی 4 مانگی جەنگی کۆبانێدا، هاوکات ژمارەی کوژراوانی داعش زیاترە لە 3710 چەکدار.

لەکۆنگرەکەدا ئەوەش ئاشکرا کراوە کە 316 تەرمی داعش لەبەردەستی هێزە کوردییەکاندایە و 87 زرێپۆشی داعش تێکشکێنراون.

هاوکات 16 تانک تەقێنراوەتەوە و 8 دۆشکە تێکشکێنراوە، جگە لە شکاندنی 5 هامەر و تەقاندنەوەی 2 ئۆتۆمبێلی زرێپۆش .

بەپێی ئامارەکە، دەستگیراوە بەسەر ئەم چەکانەی خوارەوەدا:
496چەکی کلاشینکۆف و دەیان هەزار فیشەک.
69بی کەی سی و دەیان هەزار فیشەک.
76چەکی جۆری ئار بی جی.
6چەکی جۆری ئێم 16.
6چەکی جۆری قەناس.
2چەکی جۆری ئار کەی سی.
10هاوەن و چەندین جۆری ئتری دۆشکە و دووربینی شەوانە و رۆژانە و چەندین پارچە چەک و کەلوپەلی دیکەی سەربازیی جۆراوجۆر.
لەکۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو، کە 408 شەڕڤان لەیەپەگە شەهید بوون و شۆرشگێرانی رەققەش 13 شەهیدیان هەبووە، هاوکات پێشمەرگەیەک شەهید بووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل - YPG ژنان - YPJ شەنگال(YBŞ) |
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 78

## ئاماری 6 ساڵی رابردوی تەڵاق لەهەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100309231188427

بەپێی ئەو ئامارەی لەسیمیناری ڕێکخراوی مرۆڤ بۆ بەها مرۆییەکان خرایەڕو، ئامارەکانی جیابونەوە -تەڵاق- بەشێوەیەکی مەترسیدار ڕو لەبەرزبونەوەیە، ئەمەش سێ ساڵی (2006، 2007، 2008) بەبەراورد بە (2009،2010، 2011) دەردەکەوێت ڕێژەی تەڵاق بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە.
ئاوێنەنیوز، کوردیو: ڕێکخراوی مرۆڤ بۆ بەها مرۆییەکان لەسیمنارێکی تایبەت بەتەڵاق کە بۆ هەریەکە لەعبدالرحمان صدیق و مهابات قەرەداغی و پارێزەر زیاد کاکەیی ڕێکی خستبو تیایدا تیشک خرایە سەر ئەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی دروستبونی بریاری تەڵاق لەنێوان ژن و پیاودا.
لەو کۆنفراسەدا عبدالرحمان صدیق چەند ئامارێکی هاوسەرگیری و تەڵاقی لەهەرێمی کوردستان خستەڕو کە بەم شێوەیەبو:
لەساڵی 2006 (2928) تەڵاق هەبوە
لەساڵی 2007 (3620)تەڵاق هەبوە
لەساڵی 2008 (24103) هاوسەرگیری (3663) تەڵاق هەبوە
لەساڵی 2009 (28302) هاوسەرگیری (4237) تەڵاق هەبوە
لەساڵی 2010 (22845) هاوسەرگیری (2555) تەڵاق هەبوە
لەساڵی 2011 (39414) هاوسەرگیری (3728)تەڵاق هەبوە کە (297) جیابوونەوە بەهۆی هێنانی ژنی دووەم بوە.
هەر بەپێی ئامارە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێم هاتوە هۆکارەکانی بەرزبونەوەی ڕێژەی تەڵاق بۆ ئەم هۆکارانە دەگێرنەوە:
35%نەگونجان لەگەڵا یەکتر
19%نەبوونی ماڵی سەربەخۆ
10%خیانەتی هاوسەری

8%خراپیی باری ئابوری
8%کێشەی کۆمەڵایەتی
7%تەکنەلۆژیایی سەردەم
3%جیاوازی تەمەن
2%ژنهێنانی دووەم
2%نەزۆکی
1%نەخۆشی یەکێک لەهاوسەرەکان
5%بە وردی دیاری نەکراوە
هەر لەسیمینارەکەدا مەهابات قەرەداغی چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی چەندین کەم و کوڕی خستەڕو کە لایەنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی لەخۆ گرتبو هەروەها قەرەداغی ئامارێکی شاری هەولێری خستەڕو کە لەشەش مانگی ساڵی 2012ی لەخۆ گرتبو بەم شێوەیە:
(10237)کێشە لەدادگا تۆمارکراوە
لەم ڕێژەیەدا (1193) کەس جیابونەتەوە
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-10-03

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 79

## ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی عەزیز قادر

http://www.kurdipedia.org/?q=201310222335188240



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 80

## ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی عەسکەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20150527111759121211

گوندی عەسکەر یەکێک لەگوندە دێرینەکانی کوردستانی باشور، لە روی کارگێرییەوە سەربەناحیێ ئاغجەلەرە دەکەوێتە باشوری خۆر هەڵاتی ناحێکەو لە ڕۆژهەڵاتی گوندی گۆپتەپەدایە لە ناوچەی قەڵاسێوکە. لە ڕێکەوتی 3ی ئایاری ساڵی 1988 لەگەڵ گوندی گۆپتەپەی دراوسێیان بەبۆمبی کیمیایی پەلاماردراو بەهۆیەوە 3 کەس گیانیان لەدەستداو حەوت کەسیش بریندار بوون، بەڵام ڕۆژی دواتر هەموو خەڵکەکەی بەرپەلاماری ئەنفال کەوتن وجگەلەچەند پیرەمێردێک ئەوانی تر هەموویان بێسەروشوێنکران.
عەسکەر بە گوندی شەهیدانی سەرکردە بەناوبانگە، چەندین سەرکردە لەم گوندەدا هەڵکەوتوونو لەسەنگەری بەرگریدا گیانیان بەخشیوە، لەوانە عەلی عەسکەری و شەهید

بێستونو شەهید غەریب سەعید.. کۆی شەهیدەکانی ئەوگوندە 60 شەهیدی سەنگەرە، هەروەها 186 ئەنفالکراوو 3 شەهیدی کیمیابارانکراویشیان هەیە.
لەناو ئەوکەسانەی ئەنفالکراون چەندین مندالو ژنی تێدایە، زۆربەی ئەو پیاو کورەگەنجانەی بەرپەلاماری ئەنفال کەوتوون، لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی ناوچەکە بوون.
ئامارەکە لە مامۆستا رەسوڵ دانیشتووی گوندی عەسکەر وەرگیراوە.
بەدواداچوون : عومەر محەمەد
سەرچاوە: ئەنفالستان

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 81

## ئاماری ئەو ئاوارە سوننانە بەفڕۆکە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150602125353585454

دوای هێرشەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆسەر پارێزگای ئەنبار، دەیان هەزار هاوڵاتیی ئە و شارە ئاوارە بوون و روویان لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی عیراق کرد و بەشێکیان ناچار بوون روو لە هەرێمی کوردستان بکەن و لەبەر نەبوونی رێگای وشکانی کە هەرێم بە رومادی و ناوچەکانی دیکەوە ببەستێتەوە بەشێک لە و ئاوارانە بە فڕۆکە و لە رێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان .
لە راگەیەنراوێکدا کە وێنەیەکی دراوەتە خەندان، د. دیندار زێباری، جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ کاروباری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان رایگەیاند: هاتنی ئاوارەکانی ئەنبار و رومادی لە رۆژی 25ی نیسانەوە دەستی پێکردووە و تا ئێستا نزیکەی هەشت هەزار و 434 خێزانی عەرەب لە ناوچەکانی ئەنبار و سەلاحەدین و رومادی لە رێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە .
دیندار زێباری وتی: لە چەند رۆژی رابردوودا زیاتر لە 350 خێزان کە ژمارەیان هەزارو 593 کەسە لە رێگای فڕۆکەوە هاتوون و ژمارەیەکی زۆر بلیتی فڕۆکە بە خۆرایی بە و ئاوارانە دراوە و کۆمپانیا بازرگانییەکانی بواری فڕۆکەوانی وەک هێڵی ئاسمانی عێراقی و زاگرۆس و ئەلناسر و چەند کۆمپانیایەکی دیکە ئاوارەکان دەگوازنەوە و پێشبینی دەکرێ هاتنیان بەردەوام بێت .
لە لایەکی دیکەوە د. دیندار زێباری ئاماژەی بە کۆنگرەی برۆکسل کرد و وتی: بڕیار وایە لە چەند رۆژی داهاتوودا لە شاری برۆکسیلی پایتەختی بەلژیکا کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی ساز بکرێت بۆ ئەوەی بانگەوازێکی جیهانی رابگەنرێت بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکان لە عیراق و لایەنەکان رێککەوتن کە لەم بانگەوازە داوای 500 ملیۆن دۆلار بکەن لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ نیوە دووەمی ئەمساڵە بۆ هاوکاری کردنی ئاوارەکان لە عیراق .
هەر سەبارەت بە کۆنگرەکە و زیاتر وتی: ئێمە داوا دەکەین کە ئە و رێژە زۆرەی ئاوارە لە هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت، چونکە زیاتر لە نیوەی ئەم ئاوارانە کە 3 ملیۆن کەس دەبن لە هەرێمی کوردستانن جگە لەوەی کە پێویستە بیر لە میکانیزمێک بکرێتەوە کە حکومەتی هەرێم لایەنێکی سەرەکی بێت لە دانوستاندنە نێودەوڵەتییەکان بۆ دەستنیشان کردن ئەولەویات و پێداویستییەکان لە و پرۆگرامانەی کە بڕیارە جێبەجێ بکرێن. گوژمەیەکیش راستەوخۆ تەرخان بکرێت وەک یارمەتییەکی تایبەت بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کە سەرقاڵی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانن لەم بوارەوە لای هەموو لایەک ئاشکرایە کە حکومەتی ئیتیحادی لە بەغدا ناکرێت تەنها لایەن بێت لەم بوارەوە .

لەلایەکی تریشەوە دەبێت لەم کۆنگرەیەدا فشارێکی نێودەوڵەتی بخرێتە سەر حکومەتی ئیتیحادی لە بەغدا بۆ ئەوەی بەزووترین کات یارمەتی دارایی پێشکەش بە دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بکات، چونکە ئاشکرایە کە ئەم ئاوارانە عیراقین و بەرپرسیاریەتی سەرەکی لەسەر شانی حکومەتی ئیتیحادییە .
لە کۆتایی لێدوانەکەیدا د. دیندار زێباری رایگەیاند حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک ئەرکێکی مرۆیی و پابەندبوونی خۆی بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و مافی پەنابەران پێشوازییان لێدەکات و لە کاتی گەیشتنیان لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێوشوێنی تایبەت دەگرنەبەر .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | پەناهاندە |
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ئێراقIQ |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 82

## ئاماری ئەو توندوتیژیانەی لەمساڵدا بەرامبەر ژنان ئەنجامدراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141126131948574444



هێڤی خالید
رۆژانە لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆکاری جیاواز توندوتیژی بەرامبەر بەژنان ئەنجام دەدرێت و زۆرجاریش بەهۆی ئە و توندوتیاژیانەوە ژنان تووشی نەخۆشی دەرونی دەبنەوە، ئەمەش وادەکات ژنان رێگای خۆکوشتن بگرنەبەر یاخود لەلایەن خێزانەکانیانەوە بکوژرێن، بەڕێوبەری سەنتەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ژنانیش رایدەگەیەنێت، لەماوەی 10مانگی رابردودا هەزار و 24 توندوتیژی بەرامبەر بەژنان ئەنجام دراوە.
عەقید سەرکەوتن عومەر، بەڕێوەبەری سەنتەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی لە لێدوانێکی بۆ خەندان وتی:
"لەماوەی 10 مانگی رابردوودا لە سنووری پارێزگای سلێمانی هەزار و 24حاڵەتی توندوتیژی ئەنجام دراوە."
وتیشی:"بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو لە 5%ی حاڵەتەکانی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان کەمی کردووە."
ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد، دووحاڵەتی کوشتن و لەگەڵ دوو حاڵەتی خۆکوشتنیش تۆمار کراوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 83

## ئاماری بیرە هەڵکەندراوەکانی ساڵی 2013

http://www.kurdipedia.org/?q=20141227011032118521



لە ساڵی 2013 دا 170 بیری سودی گشتی و ئاو خواردنەوە لێدراوە.
56بیری زراعی.
34بیر بۆ کەرتی تایبەت و پیشەسازی.
2بیر بۆ پرۆژەی پەلەوەر و ئاژەڵداری و گەشتیاری، کە کۆی گشتی هەموویان دەکاتە 262 بیر.
شایەنی باسە ئەم بیرانە بە شێوەی زانستی و بە سەرپەرشتی ئەندازیاری جیۆلۆجی لێدراوە بە جۆرێک کە هیچ زیانێکی نەبێت بۆ سەرچینەکانی زەوی

سەرچاوە. ماڵپەری پارێزگای سلێمانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 84

## ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150210213837119325

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بازرگانی، لەهەرێمی کوردستاندا ساڵی رابردوو لیژنەکانی چاودێریی بازرگانی و قایمقامیەتی شارەکان 64 هەزار و 233 دووکان و مۆڵ و سەموونخانە و چێشتخانەکانی بەسەرکردووەتەوە و زۆرینەی سەردانەکان لە شاری هەولێر بووە کە 31 هەزار و 450 سەردانە. شاری دهۆک بە پلەی دووەم دێت کە 24 هەزار و 349 سەردان و شاری سلێمانیش لە پلەی سێیەمە بە 8434 سەردان. لەکۆی ئەم سەردانانە 2784 سەرپێچی تۆمار کراوە، پشکی شێر بەر شاری دهۆک کەوتووە کە 1186 سەرپێچی بووە و دوای ئەویش شاری هەولێر دێت بە 979 سەرپێچی، شاری سلێمانیش بە پلەی سێیەم دێت بە 619 سەرپێچی.
لیژنەکان لە هەرسێ شارەکەی هەرێمی کوردستان سەرپێچیکارانیان بەپری 139 ملیۆن و 990 هەزار دینار سزا داوە، زۆرینەی ئەم سزایە لە شاری دهۆک بووە کە پرەکەی 70 ملیۆن و 875 هەزار دینار بووە. شاری سلێمانی بە پلەی دووەم دێت بەپری 54 ملیۆن و 650 هەزار دینار، شاری هەولێریش لە پلەی سێیەمە بە پری 14 ملیۆن و 650 هەزار دینار. لە میانەی ئەو سەردانانەدا دەست بەسەر 285 تۆن و 942 تۆن کاڵا و خواردەمەنی ماوەبەسەرچوودا گیراوە. شاری دهۆک لە ریزبەندی یەکەمە و پری 140 تۆن و 315 کیلۆ کاڵا و خواردەمەنی دەستی بەسەردا گیراوە. شاری هەولێر بە 127 تۆن و 832 کیلۆ لە ریزبەندی دووەمە و شاری سلێمانی بە 17 تۆن و 795 تۆن لە ریزبەندی سێیەمە .

سەرچاوەKNN :

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 85

## ئاماری پێنج مانگی توندوتیژی دژی ئافرەتان ساڵی 2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150719233443124853



لەماوەی پێنج مانگدا لە هەرێمی کوردستان (3224) حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان تۆمارکراوە.
لەوبارەیەوە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان ئاماری پێنج مانگی سەرەتای ساڵی (2015) ی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانی بڵاوکردەوە.
بەپێی ئەو ئامارە لە ماوەی پێنج مانگدا، (3224) حاڵەتی جۆراوجۆری توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان تۆمارکراون، کوشتن و خۆکوشتنی تێدایە.
لەکۆی ئەو ژمارەیەی کە تۆمارکراوە، (26) حاڵەتی کوشتن و (33) حاڵەتی خۆکوشتن و (99) حاڵەتی سوتان و (56) حاڵەتی خۆسوتاندن هەن، لە پاڵ ئەمەدا (2946) حاڵەت هەن کە تێیاندا بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە سکاڵای یاسایی تۆمارکراوە.
هەروەک لە ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی ئافرەتانی هەرێم، (64) حاڵەتی توندوتیژی سێکسی – یش تۆمارکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: توندوتیژی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 86

## ئاماری پێوەدانی مارو دوپشک لە گەرمیان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081313271989170

خەندان سۆران کەریم
لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا 105 حاڵەتی پێوەدانی دووپشک و حەوت حاڵەتی مارپیوەدان و شەش حاڵەتی گرتنی سەگ، گەینراوەنەتە بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئەمە جگە لە چەندین حاڵەتی دیکەی وەک سووتاوی و هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بە حەپ و شەڕە چەقۆ.
ئازاد حەمە فەرەج، بەرپرسی بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی گشتی گەلار، بە (خەندان)ی ڕاگەیاند: لەماوەی چوار مانگی ڕابردوودا، 105 حاڵەتی پێوەدانی دووپشک گەیەنراوەتە

بەشەکەیان، کە یەکێک لە و کەسانەی دووپشک پێوەی دابوو، گیانی لەدەستداوە.
ئەوەشیخستەڕوو: هەر لە و ماوەیەدا، حەوت حاڵەتی مار پێوەدان و شەش حاڵەتی گرتنی سەگی هار گەیەنراوەتە بەشەکەیان بە مەبەستی چارەسەرکردنیان.
هەر بەپێی ئامارەکانی بەشی فراکەوتنی کەلار، لەسەرەتای مانگی نیسانی ئەمساڵەوە تا ئامادەکردنی ئەو هەواڵە، 50 حاڵەتی سووتاوی، کە زیاتر لە 15 کەسیان گیانیان بەهۆی سووتاوییەوە گیانیان لەدەستداوە، گەیەنراوەتە بەشەکەیان، ئەمە جگە لە 34 حاڵەتی کەوتنە خوارەوە و هەشت حاڵەتی برینداری فیشەک و چوار حاڵەتی خنکاوی بە ئاو.
ئازاد حەمە فەرەج، وتیشی: "لە چوار مانگی رابردوودا، شەش کەس بە خواردنی حەپ بەمەبەستی خۆکوشتن، کە پێنجیان ئافرەت بووە و حەوتی دیکەش بەهۆی ژەهراویی بوونەوە، گەیەندراونەتە بەشی فریاکەوتن، لەگەڵ 13 حاڵەتی کارەباگرتن، کە زۆربەیان گیانیان لەدەستدا."
روونیکردەوە: بەهۆی شەڕەچەقۆشەوە، 15 کەس بە برینداری گەیەندراونەتە بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار لەگەڵ 15 برینداری دیکە بەهۆی رووداوی ماتۆرسکیلەوە، هەروەها 138 برینداری رووداوەکانی ئۆتۆمبێل.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 87
## ئاماری تالاسیمیا لە هەرێم
http://www.kurdipedia.org/?q=20140509090804761 92

لەووتەیەکیدا وەزیری تەندروستی باسی لەرەوشی ژیانی نەخۆشانی تالاسیمیاکرد بەتایبەت پێشخستنی بواری تەندروستی و دابین کردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی پێویست بۆیان.
هەروەها وتیشی : لەئێستادا لەشارەکانی هەرێم سەنتەرو نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشانی تالاسیمیا دروستکراوە بەشێوەک لەهەوڵی بەردەوامداین بۆ زیاتر پێشخستنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی بۆیان.

)د. رێکەوت حەمەرەشید) راشیگەیاند : لەهەنگاوێکی گرنگدا چەندین گرێبەستیان لەگەڵ نەخۆشخانەو کۆمپانیای تایبەتی چارەسەری تالاسیمیاکردوە لەووڵاتانی دونیا کە لەهەوڵی ناردنە دەرەوەی (400) نەخۆشن کە تائێستا (24) نەخۆش رەوانەی ووڵاتان کراون بۆچارەسەری چاندنی موخی ئێسک و چارەسەریەکانی تری پێویست بۆیان لەگەڵ دروست کردنی سەنتەرێکی پێشکەوتووی چاندنی موخی ئێسک لەشاری سلێمانی و پەرەپێدانی لەشارەکانی تری هەرێم بۆهەمان مەبەست.

وەزیری تەندروستی وتیشی : داوامان لەدایکان و باوکانە بەتایبەت گەنجان و لاوان لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری پشکنینی تایبەت بکەن بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوویان تەندروست باشبێت، وتیشی : لەماوەی یەک ساڵی رابردوو 7 حاڵەت تۆمارکراوە کە کەمترین رێژەیە لەسەرتاسەری جیهان تۆمارکرابێت.

لەبەشێکی تری وتەکەیدا (د.رێکەوت حەمەرەشید) ئاماژەی بە ئاماری توشبوانی تالاسیمیاکرد کە (2210) نەخۆش لەگەڵ (100) نەخۆشی تر لەئاوارەکانی کوردانی خۆرئاوا سەرباری چارەسەرکردنی (210) نەخۆشی تری ناوەڕاست و باشوری عێراق کەلەهەرێم چارەسەری تەندروستیان بۆدەکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 88

## ئاماری توندوتیژییەکانی مانگی ئابی 2013ی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100922075988357

ە لایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئامادە کراوە و ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
هەولێر:
کوشتن 2، خۆکوشتن 0، سووتان 5، خۆسووتان 4، سکاڵا 107، دەستدرێژی سێکسی 0، کۆی گشتی 118.
دهۆک:
کوشتن 0، خۆکوشتن 0، سووتان 1، خۆسووتان 1، سکاڵا 122، دەستدرێژی سێکسی 4، کۆی گشتی 128.
سلێمانی:
کوشتن 0، خۆکوشتن 1، سووتان 5، خۆسووتان 3، سکاڵا 97، دەستدرێژی سێکسی 8، کۆی گشتی 114.
گەرمیان:
کوشتن 1، خۆکوشتن 0، سووتان 1، خۆسووتان 0، سکاڵا 54، دەستدرێژی سێکسی 0، کۆی گشتی 56.
ڕاپەڕین:
کوشتن 0، خۆکوشتن 0، سووتان 1، خۆسووتان 0، سکاڵا 27، دەستدرێژی سێکسی 1، کۆی گشتی 29.
کۆی گشتی هەموو حاڵەتەکانی توندوتیژی:
کوشتن 3، خۆکوشتن 1، سووتان 13، خۆسووتان 8، سکاڵا 407، دەستدرێژی سێکسی 13، سەرجەم 445 حاڵەت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 89

## ئاماری تووشبووان بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە 2014 دا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150206003646119257



بەگوێرەی ئاماری تۆمارکراوی وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە شاری سلێمانی 2027 کەس، هەولێر 1925 کەس و لە دهۆک 926 کەس، لە ساڵی 2014دا دووچاری نەخۆشیی شێرپەنجە هاتوون.
دکتۆر دارا ڕەشید بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی ڕوونی کردەوە، جگە لەو ژمارەیە، زیاتر لە دوو هەزار نەخۆشیی تری دەرەوەی هەرێم چارەسەری پێویستییان بۆ ئەنجام دراوە، هەروەها لە هەرێم 4 نەخۆشخانەی چارەسەری شێرپەنجە هەیە، لەگەڵ دوو سەنتەری چارەسەری شێرپەنجە (سلێمانی، هەولێر) هاوکات چارەسەری نەشتەرگەری زۆربەی جۆرەکانی شێرپەنجە ئەنجام دەدرێت.
د. دارا ڕەشید ڕای گەیاند، بەم زووانە لە هەولێر و سلێمانی بەشی تایبەت بە چاندنی مۆخی ئێسک دەکەینەوە و لەمەودوا ئەو چارەسەرییەیش لە کوردستان ئەنجام دەدرێت.
دکتۆر سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی هەولێر لە مەراسیمی ڕۆژی جیهانیی شێرپەنجە کە ئەمڕۆ لە هەولێر بەڕێوە چوو، رای گەیاند کە لە ساڵی 2004وە تا ئێستە لە هەولێر 15 هەزار هاووڵاتی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە ڕوویان لە نەخۆشخانەی نانەکەلی کردووە، بەشێک لەوانە لە پارێزگەکانی ترەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردن.
ئەوەشی گوت، لە ساڵی 2014دا 984 هاووڵاتی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوون کە 527 کەس لەوانە هاووڵاتیی پارێزگەی هەولێر بوون و 457یان هاووڵاتیی پارێزگەکانی تر بوون.
ئەوەشی خستە روو، پارساڵ 855 هاووڵاتیی تر بەهۆی نەخۆشییەکانی تری خوێنەوە، سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە و 427 نەخۆش بۆ پشکنین نێردراون بۆ تورکیا و 299 کەسیش نێردراون بۆ ئەمەریکا بۆ پشکنین و چارەسەر لەسەر ئەرکی رێکخراوێکی جیهانی.
سەرچاوە: وشە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 90

## ئاماری حەوت مانگی رابردووی هاوسەرگیری لە سلێمانی راگەیەندرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080513251985812

لەماوەی حەوت مانگی رابردوودا لە شاری سلێمانی شەش هەزار و 852 کوڕ و کچ چوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامە و باری شارستانی سلێمانی کە وێنەیەکی دەست خەندان کەوتووە، تیایدا هاتووە، لەماوەی حەوت مانگی رابردوودا لە شاری سلێمانی شەش هەزار و 852 کوڕ و کچ چوونەتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە.
بەپێی ئامارەکە ژمارەکە بەم جۆرە بەسەر مانگەکاندا دابەشکراوە:
.1کانوونی دوو 779 هاوسەرگیری ئەنجام دراوە.
.2شووبات 1339 هاوسەرگیری ئەنجام دراوە.

.3ئازار 980 هاوسەرگیری ئەنجام دراوە.
.4نیسان 1083 هاوسەرگیری ئەنجام دراوە.
.5مایس 1055 هاوسەرگیری ئەنجام دراوە.
.6حوزیران 981 هاوسەرگیری ئەنجام دراوە.
.7تەممoz 635 هاوسەرگیری ئەنجام دراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 91

## ئاماری دانیشتوانی سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20120812105231 72124

میستەر ریچ کە ساڵی 1820 هاتۆتە سلێمانی واتا26 ساڵ پاش دروستکردنی شارەکە، ژمارەی دانیشتوانی بە دە هەزار کەس خەمڵاندوە دوای ئەوە ئەڵێت: سلێمانی (2000) ماڵی ئیسلام. (130) ماڵە جولەکە (9) ماڵی دیانی کلدانی (5) ماڵی ئەرمەنی تیا بوە، کۆی ماڵەکان ئەکاتە (2144).ئەگەر هەرماڵێک بە پێنج کەس دابنێین ئەکاتە (10720) کەس. - بەگوێرەی ساڵنامەی عوسمانی ساڵی 1907 ژمارەی دانیشتوان (8702) موسڵمان و (360 نا موسڵمان کە ئەکاتە (8963) کەس.
-سەرچاوەکانی تر لە ساڵی1913 دا ژمارەی دانیشتوانی هەموو ناوچەی سلێمانییان بە (51600) کەس داناوە کە (48600) یان موسڵمان و (900) یان دیان و (2100)یان جوولەکەن. ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانیان بە (26000) کەس داناوە، لە وانە (24825) کەس موسڵمان و (1000) کەس جوولەکە و (175)دیان.
-لەسەردەمی ئینگلیزدا بە گوێرەی رۆژنامە پێشکەوتن ساڵی 1920 ژمارەی ناوچەکە بە (62722)کەس دائەنێ. دانیشتوانی شاری سلێمانی بە دە هەزار کەس داناوە.
-ساڵی 1925-1926 سلێمانی خۆی بریتی بووە لە 13-14 هەزار کەس. دوای ئەوە لە کاتی حوکمەتی عێراقدا و لە ساڵی 1927 وە سەر ژمێری دەستی پێکرد:1927- 1937 - 1947- 1957- 1965 - 1976-1988
-ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی لە ساڵی 1947 دا بە گوێرەی تۆماری رەسمی (23475) کەس بووە.
-ساڵی 1957 بریتی بووە لە (48812) کەس.
-ساڵی 1998 شاری سلێمانی بەگوێرەی ساڵنامەی ئەو ساڵە بەم جۆرە بووە : ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی خۆی (548747) کەس. ژمارەی دانیشتوانی سنووری پارێزگای سلێمانی (1127226) کەس. ژمارەی خێزان لە ناو شاردا (110360). ژمارەی خێزان لە سنورپیارێزگای سلێمانی (217220). ژمارەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی (58.(
-ئاماری ساڵی 2009 ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی بە شار نشینەکانی بەکرەجۆ و راپەرینەوە 648000 کەسە
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (داناز عەبدولڕەحمان) سەبارەت بە (ئاماری دانیشتوانی سلێمانی) لە: 11-8-2012 15:15:50

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 92
## ئاماری دانیشتوانی شاری هەڵەبجە لە 2013دا
http://www.kurdipedia.org/?q=20140101172401869

...
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 93
## ئاماری دوو مانگی رابردووی کوژراوانی داعش لە سوریا
http://www.kurdipedia.org/?q=2014112310103478022
لە ماوەی دوو مانگی رابردووی هێرشی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانان بۆسەر داعش و گروپە توندڕەوەکانی دیکەی سوریا زیاتر لە 900 کەس کوژراون.
روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە: بەپێی ئامارەکانی بەردەستی کە لەنێوان 23ی ئەیلولی رابردوو تا 21ی تشرینی دووەم کۆکراوەتەوە، بەهۆی گورزە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی، 910 کەس لە و ناوچانە کوژراون کە داعش و گروپە توندڕەوەکانی دیکە دەستیان بەسەردا گرتووە.
بەگوێرەی ئامارەکە، زۆربەی کوژراوەکان لە ریزەکانی داعشن و لە و ماوەیەدا 785 چەکداریان لێ کوژراوە، ئەمە جگەلە کوژرانی دەیان چەکداری دیکەی بەرەی نوسرە کە ئەوانیش بێبەش نەبوون لە و گورزە ئاسمانییانە.
هەربەپێی ئامارەکەی روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە کۆی ئە و ژمارەیە 52 هاوڵاتیی مەدەنیش کوژراون کە هەشت منداڵ و پێنج ژنیان تێدایە.
روانگەکە ئاماژەی بەوەشداوە کە چاوەڕواندەکرێت زیانە گیانییەکانی ریزەکانی داعش زۆر لەوە زیاتر بێت کە راگەیەنراوە، بەڵام بەهۆی شاردنەوەی ژمارەی کوژراوەکان و سەختیی گەیشتن بە ئاماری دروست، قەبارەی دروستی زیانە گیانییەکانی داعش نازانرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 23-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
وڵات: SYسووریا
وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 94

## ئاماری رزگاربوانی کوردانی ئێزدی لەدەست داعش ئاشکرا دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150417160647 69297

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێم رایدەگەیەنێت، بەگوێرەی دوا ئاماری بەڕێوەبەرایەتیەکەیان هەزارو 483 هاوڵاتی ئێزدی لەدەست تیرۆرستانی داعش رزگاریان بووە.
خەیری بوزانی بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: "بەگوێری ئەنجامی دوا ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی هەرێم کە لە 16ی نیسانی 2015 ئامادەکراوە، هەزارو 483 هاوڵاتی ئێزدی لەدەست تیرۆریستانی داعش رزگاریان بووە."
بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی راشیگەیاند: "لەو ژمارەیەی ئازادکراون 293 یان لە رەگەزی نێرو 724 یان رەگەزی مێ بووە، جگە لەو ژمارەیەش 241 منداڵی کورو 225 منداڵی کچ-یش لەناو ئازادکراوەکاندان."
خەیری بوزانی وتیشی: "ئەو ژمارەیە لەکۆی زیاتر لە پێنج هەزار هاوڵاتی ئێزدی دێت کە لەسەرەتای مانگی هەشتی ساڵی رابردوو لەلایەن تیرۆریستانی داعش دەستگیرو بێ سەروشوێنکراون کە بەشی زۆریان لە رەگەزی مێن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 17-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| شارەکان: | شنگال |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 95

## ئاماری رووداوەکانی رۆژانی جەژن لە سلێمانی بخوێنەرەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131019161651 88276

ە ماوەی چوار رۆژی جەژنی قوربان‌دا 97 رووداو روویداوە و 37 رووداوی شەڕەچەقۆش تۆمارکراوە و سێ کەسیش گیانی لەدەستداوە.
لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە پەیامنێری (خەندان) ئامادەی بوو، د. میران محەمەد، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند: لە 13ی ئەم مانگەوە تا دوێنێ هەینی، سێ چێشتخانە داخراوە، هەشت جێگا سزادراون بەهۆی پابەند نەبوونیان بە رێنماییەکانی تەندروستیەوە.
وتیشی: "بەپێی ئاماری سەنتەری 122 کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانیە، لە و ماوەیەدا 97 رووداو هەبووە، هاتوچۆش لە نێوان شارو دەرەوەی شار 162 حاڵەت بووە، 106 حاڵەتی داخڵبوونی برینداری رووداوی هاتوچۆ هەبووە، 37 رووداوی شەڕەچەقۆ تۆمار کراوە.
روونیشیکردەوە: هەر لە ماوەی چوار رۆژی جەژنی قوربان‌دا، چوار حاڵەتی تەقەکردن هەبووە، سێ

حاڵەتی گیان لەدەستدان تۆمار کراوە و 35 ڕووداوی کەوتنیش بە هەموو جۆرەکانیەوە هەبووە.
ئەوەشیخستەڕوو: ڕێژەکە لەچاو ساڵی ڕابردودا کەمی کردوە، بە و پێیەی ساڵی ڕابردوو 206 ڕووداو هەبووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-10-19

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 96

## ئاماری ڕووداوەکانی شکانی سەر و دەست و قاچ لەماوەی سێ رۆژدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011109545284580



لەماوەی سێ ڕۆژدا لە سنووری پارێزگای سلێمانی 131 کەس بەهۆی ڕووداوی کەوتنەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کراون، زیاترینیان شکاوی بوون کە شکاوی دەست و سەرو قاچ بوون.
سایتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بڵاویکردوەتەوە، لە ڕۆژی 7 تا 10ی کانوونی دووەمی2015 زیاترین کەیسەکانیان شکاوی بوون لە پشت و سەرو قاچ و باڵ، ئەمەش بەهۆی نزمبوونەوەی پلەی گەرماوە کە ڕوویان داوە و هاوڵاتیان تووشی کەوتن بوون.
سایتەکە لە زاری بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانییەوە بڵاویکردووەتەوە: "ئەم چەند ڕۆژە زۆرترین نەخۆشەکانیان شکاوی بوون ئەوانیش شکاوی پشت و مەچەک و حەوز و سەری تیادابووە، کە هەموو کارێکی پێویستیان بۆ کراوە، کۆی شکاوییەکان 117 کەس بوون."
لەبارەی زۆری کەیسەکانی کەوتن و کەوتنەخوارەوەی ئەمڕۆوە د. ئومێد عەلی، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی وتویەتی: "پێویستە لەم کاتانەدا هاوڵاتیانی خۆشەویست جلوبەرگی زۆر لەبەربکەن بۆ خۆپاراستن لە سەرما و تەڕبوون (کڵاو، عەینەکی سەلامەتی، دەستکێش)، هەروەها پێڵاوی تایبەت کە بە ئاسانی نە خلیسکێن، نابێت لەم کاتانەدا هاوڵاتیان سەردانی شوێنە هەوراز و خلیسکەکان بکەن، ئەگەر سەردانیشیان کرد با دەست بەیەکەوە بگرن و بەکۆمەڵ ڕۆن، تا بۆیان دەکرێت ئۆتۆمبێل نەجوڵێنن، ئەگەر جوڵانیان پێویستە زنجیر ببەستن و دوور نەکەونەوە لە شەقامە گشتییەکان."
لە بەشێکی دیکەی ئامارەکەدا هاتووە کە لە ماوەی سێ ڕۆژدا کەوتن و کەوتنە خوارەوە و شکاوی لە 7ی مانگ سێ کەس و 8ی مانگ چوار کەس و 9ی ئەم مانگە حەوت کەس، لە 10ی ئەم مانگە 117 کەس پێکراون.
هەروەک لەماوەی سێ ڕۆژدا 15 ڕووداوی هاتوچۆ لە سلێمانی ڕوویانداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 97

# ئاماری ڕووداوەکانی هاتوچۆی ڕۆژانی جەژنی سلێمانی و هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20141008161349777l7

ڕەهێڵ سەمەد، هێڤی خالید

بە وتەی بەرپرسانی هاتوچۆی هەولێر و سلێمانی، لە ماوەی چوار ڕۆژی جەژنی قورباندا لە سلێمانی 16 کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ بریندار بوە و هەولێر شەش کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ برینداربوون و چوار هەزار سەرپێچیش تۆمار کراون.

بەهمەن عەبدوڵڵا، وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: لەماوەی چوار ڕۆژی جەژندا 15 ڕووداوی هاتوچۆ تۆمارکراوە، هەشت ڕووداویان لەناو شاری سلێمانیدا بووە حەوت ڕووداویش لەدەرەوەی شاردا بووە، شانزەدە کەسیش بە ڕووداوەکانی هاتووچۆ برینداربوون و بەشێکی زۆری ئە و بریندارانە برینەکانیان سەخت نەبووە، هیچ حاڵەتێکی گیانلەدەستدان نەبووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شۆفێران پابەندن بە ڕێنماییەکانەوە.

وتەبێژی هاتوچۆی سلێمانی ئەوەشی خستەڕوو: بە بەراورد لەگەڵ جەژنی قوربانی ساڵی ڕابردوو ڕووداوەکان کەمی کردووە لەساڵی پاردا کۆی گشتی ڕووداوەکان 20 ڕووداوی هاتوچۆ بووە 30 کەس بیرندرابون، چوار کەسیش گیانی لەدەستدا.

ناوبرا هۆکاری کەم بوونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئە و پلانەی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی دایناوە دەشڵێت، کامێرا جێگیر و گەڕۆکەکانیش کاریگەری لەسەر ڕووداوەکانی هاتوچۆ کەمکردوەتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە هەشت مانگی ڕابردوودا کۆی گشتی ڕووداوەکانی هاتوچۆ 709 ڕووداو بووە، 385 بەهۆی تیژڕەوییەوە بووە.

ئەوەشی خستەڕوو، کە کامێرا گەڕۆکەکان هەزار و 200 سەرپێچیان تۆمارکردووە، بەڵام کامێرا جێگیرەکان ئامارەکانی دەرنەهاتوون و 40 ئۆتۆمبێلیش دەستی بەسەردا گیراوە بەهۆکاری جیاواز و بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ خواردنەوەی مەی.

سەبارەت بەجیاوازی تابلۆی ئە و ئۆتۆمبێلانەی کەلە کامێراکانی چاودێریدا دەردەکەون جیاوازیان هەیە ئە و وتی: "هەموو تابلۆیەکی ئۆتۆمبێل کەلە کامێراکاندا تۆمار دەکرێت جیاوازی نیە، ئەگەر ئە و ئۆتۆمبێلە لە ناوچەکانی خوارو و ناوەڕاستی عیراقیشووە هاتبێت."

لای خۆیەوە فازل حاجی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی هاتوچۆی هەولێر بە خەندانی ڕاگەیاند: لە چوار ڕۆژی جەژنی قوربان لەناو شاری هەولێرو دەوروبەری شەش ڕووداوی هاتوچۆ تۆمارکراوە، لەوانە پێنجیان پێکدادان و یەکێکی تریان وەرگەڕان بووە.

فازل حاجی وتیشی: "لە ئەنجامی ئە و شەش ڕووداوە شەش کەس برینداربووە و هیچ کەسێک گیانی لەدەست نەداوە، چوار لە و ڕووداوەکانەش لەدەرەوەی شار و دوو کەی تر لەناو شار بووە."

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی هاتوچۆی هەولێر ئەوەشی ڕاگەیاند: ژمارەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە ڕۆژانی جەژنی قوربان بەراورد بەڕۆژانی ئاسایی کەمتربووە، بەڵام پێچەوانەوە سەرپێچیەکانی تیژ لێخورین لە لایەن شۆفێرانەوە زیادیکردووە، بەجۆرێک تەنها لەماوەی ئە و چوار ڕۆژە زیاتر لە حەوت هەزار و 700 سەرپێچی لە سنووری هەولێر تۆمارکراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 98

## ئاماری ڕووداوەکانی ڕۆژانی نەورۆز لە ڕاپەڕین

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032415112560829

خەندان هەردی حەسەن ڕانیە

لەماوەی سێ ڕۆژی یادەکانی نەورۆز لە دەڤەری ڕاپەڕین، تەنها 5 حالەتی پکدادانی ئۆتۆمۆبیل تۆمارکراوە.

بەڕیوەبەرایەتی هاتوو چۆی ڕاپەرین ڕایگەیاند، لەماوەی سێ ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا تەنها 5 حالەتی پیکدادانی ئۆتۆمبیل ڕوویداوە و بەوهۆیەوە 12 کەس بریندار بوون .

نەقیب سامان ئیبراهیم وتەبیژی بەریوەبەرایەتی هاتوو چۆی ڕاپەرین تایبەت بە خەندانی ڕاگەیاند،" دوای ئامادەباشیی کارمەندانی پۆلیسی هاتوو چۆ لە دەڤەری ڕاپەڕین، لەماوەی سێ ڕۆژی یادی نەورۆز، ئەرکی خۆیان بەباشی ڕاپەڕاندووە و بەوهۆیەوە کەمترین حاڵەتی ڕوودانی هاتوچۆ ڕویداوە"، وتیشی: بەهۆی ئە و پێنج ڕووداوەی هاتوچۆ، 12 کەس بریندار بوون کە ژن و منداڵیان تێدایە.

هەر سەبارەت بە ئاماری ڕووداوەکانی ڕۆژانی نەورۆز، وتە بیژی بەریوەبەرایەتی تەندروستی ڕاپەرین بە خەندانی ڕاگەیاند، " کۆی ڕووداوەکان کە لە سنوری بەریوەبەرایەتیەکە تۆمارکراون، 7 حاڵەتی مردن بوون کە لە نەخۆشخانەکان گیانیان لەدەست داوە، هەروەک 7 حاڵەتی سوتاوی و 8 حاڵەتی برینداری هاتووچۆش گەیەنراونەتە نەخۆشخانەکان و 1 حالەتی نەوت خواردنەوە هەبووە وە 18 حالەتی برینداری جۆراو جۆر تۆمارکراون کە بەهۆی شەڕکردنەوە برینداربوون.

بەپی ئامارەکان، دەرکەوتووە، ڕۆژی نەورۆزی ئەمساڵ، کەمترین حاڵەتی هاتوچۆ و ڕووداوی تر تۆمارکراون لە سنوری دەڤەری ڕاپەرین، ئەمەش بەبەراورد بەساڵانی پێشوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | ڕانیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 99

## ئاماری ڕووداوەکانی سلێمانی لە مانگی ڕەمەزاندا ڕاگەیەندرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015071315511685757

وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردووی مانگی ڕەمەزاندا تا ئەمڕۆ دووشەممە توانراوە 13 تۆمەتبار دەستگیربکرێن کە چواریان لە ناوبازاڕدا بوون.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، ڕایگەیاند: لە درێژەی چالاکییەکانیان، بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان کە لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانەوە بە هاوکاری هێزەکانی ئاسایشی سلێمانی، تا ئەمڕۆ توانیویانە 13 تۆمەتبار دەستگیربکەن.

وتیشی: "چوار لەوانە لە ناوبازاڕدا بوون، دوو ژن و دوو پیاو لەسەر پرینی گیرفانی هاوڵاتیان

دەستگیرکراون و رووبەڕووی دادگا کراونەتەوە و بە بڕیاری دادوەر بەندکراون."
ئاماژەی بەوەشدا: "تۆمەتبارێکی دیکە چل تاوانی دزی جۆراوجۆری ئەنجامداوە، کە تاوانەکان بریتی بووە لە دزینی کەلوپەلی دوکان و ماڵ و مەخزەن و کەلوپەلی خەڵک لەناو گەڕەکەکانی شاری سلێمانی."
سەرکەوت ئەحمەد، باسی لەوەشکرد، کە "تۆمەتبارێکی تر دەستگیرکراوە بەتۆمەتی دزینی دوو ئۆتۆمبێل، ئەم کەسەش پێشینەی دزی هەیە و جگە لەویش سێ تۆمەتباری تر لە شکاندنی جامی سەیارە بەمەبەستی دزی کردن دەستگیر کراون."
ئەوەشی خستەڕوو: "تۆمەتبارێکی دیکە بەمەبەستی دزیکردن چۆتەسەر ماڵی کەسێکی خۆیی و دەم و دەستی ژن و مێردەکەی بەستووەتەوە، لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراون، جگەلەوەش تۆمەتباری تر دەستگیرکراوە جلی سەربازی لەبەربووە و لەناو بازاڕ سوڕاوەتەوە، گومانمان لێی هەبوو بە بڕیاری دادوەر بەندکراوە، هەروەها تۆمەتبارێکی تریش دەستگیرکراوە کە پارەی لە هاوڵاتیان وەرگرتووە بە بیانووی ئەوەی مووچەی خانەنشینیان بۆ دەبڕێتەوە بە گەڕەکەکاندا سوڕاوەتەوە و پارەی وەرگرتووە."
لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، وتی: "لەهەڵمەتێکدا هێزەکانی نەهێشتنی تاوان پشکنینیان بۆ ماڵی تاوانبارێک کردبوو لە گەڕەکێکی شاری سلێمانی لە ئەنجامی ئە و پشکنینە دەستگیرا بەسەر 37 پاسپۆرتی عێراقی، کە سەرجەمیان پڕ کراونەتەوە بەناوی خەڵکەوەیە و لێکۆڵینەوە لە رووداوەکە بەردەوامە."
وتیشی: "لەگەڵ نزیک بوونەوەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزدا هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی پلانیان بۆ رۆژەکانی جەژن هەیە و پلانیان دەگۆڕێت بۆ نمونە لەسەر گۆرستانەکان پارێزگاری لە هێمنی و ئارامی هاوڵاتیان دەکەن، بۆ پاراستنی ئارامی هاوڵاتیانیش هێزەکانی پۆلیس بەردەوام لە شوێنە گشتیەکاندا دەبن."
نەقیب سەرکەوت ئەحمەد داواشی لە هاوڵاتیان کرد ئاگادرای منداڵەکانیان بن و بەدوور بن لە کڕینی تەقەمەنی، چونکە کڕیار و فرۆشیار ڕووبەڕووی دادگا دەبنەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-07-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 100

## ئاماری ساڵی 2013ی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی کەلار

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010413193986841

بەپێی ئاماری ساڵی 2013 ی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی کەلار، لە و ساڵەدا 170 حاڵەتی مردن و 653 حاڵەتی بریندار بوون تۆمار کراون، زۆرترینیشیان بەهۆی ئۆتۆمبێلەوە بووە.
بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار، کە وێنەیەکی دەست خەندان کەوتووە، بریندابوون و گیانلەدەستدانی هاوڵاتیان بە رووداوە جۆراوجۆرەکان، لە 2013 دا ئاشکرا کراوە، تیایدا 170 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و 653ی دیکەش بریندار بوون.
زۆرترینی حاڵەتەکانیش بە رووداوی ئۆتۆمبێل و دوای ئەویش رووداوی فیشەک و دواتریش خنکان بووە، بەمشێوەیە:
260رووداوی ئۆتۆمبێل تۆمار کراون، تیایدا 82 کەس گیانیان لەدەستداوە و 178 ی دیکە بریندار بوون.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیانیش، لە 2013 دا، 375 هاوڵاتی بە رووداوی

هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە.
لە 60 حاڵەتی (فیشەک) یشدا، 28 کەس گیانیان لەدەستداوە و 32 ی دیکە بریندار بوون.
17حاڵەتی خنکان بە ئاو و یەک حاڵەتی خنکان بە غاز، چوار خنکانیش بە هەڵواسین و خۆهەڵواسین، تۆمار کراون.
ڕووداوەکانی دیکە بەمشێوەیە بوون:
هەر لە 2013 دا، بەهۆی تەزووی کارەباوە 13 کەس مردوون، حاڵەتی کارەباش 33 جار تۆمار کراوە.
85حاڵەتی شەڕە چەقۆ و ئامێری تیژ تۆمار کراوە، تیایدا حەوت کەس گیانیان لەدەستداوە و 78 ی دیکە بریندار بوون .
129حاڵەتی سووتاوی تۆمار کراوە، تیایدا شەش کەس گیانیان لەدەستداوە و 123ی دیکە بریندار بوون.
گیانلەدەستدان بە لوغم و تەقەمەنی شەش جار تۆمار کراوە، 85 حاڵەتی کەوتنە خوارەوە، تۆمار کراوە، لە و ڕێژەیەش پێنج کەس گیانیان لەدەستداوە، 80 ی دیکە بریندار بوون.
118حاڵەتی پێوەدانی مار و دووپشک، تۆمار کراون، لە و ڕێژەیەش یەک کەس بەهۆی دووپشکەوە گیانی لەدەستداوە .
سەگی هار و بەرەڵای ناوچەکەش 25 هاوڵاتیان بریندار کردوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-04

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 101

## ئاماری سزادراوانی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150429202700820 84

بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕۆڵی سزا جێگرەوەکان بۆ ئە و نەوجەوانانەی کە ڕووبەڕووی یاسا بونەتەوە لە هەرێمی کوردستان، پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوارشەممە 29ی نیسانی 2015، بە ئامادەبوونی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی وۆرک شۆپێک بەڕێوەچوو.
محمد هاودیانی، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند: "ڕۆڵی سزا جێگرەوەکان بۆ ئە و نەوجەوانانەی کە ڕووبەڕووی یاسا بونەتەوە پێویستی بە گرنگیپێدان و کارکردنی جددی هەیە و داهێنانێکی گەورەیە لەڕووی بواری یاسایی و کۆمەڵایەتیەوە."
وتیشی: "ئەم سیستەمە لە داهاتوودا دەبێتە هۆکاری ئەوەی لە ڕووی دەرونییەوە ئارامی و وشیاری پەرەخسێندرێت و سزادراوان هەست بەبەرپرسیارێتی و گەشەپێدانی خۆیان دەکەن، گرنگیەکیتریشی لەوەیە کە زۆرێک لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هاوکارن."
وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەشکردووە کە ئەرکی وەزارەت چاکسازیکردنە و ئێمە بەرپرسیارین لەپاراستن و چاکسازیکردنی ئە و کەسانەی لەلامانن لەچاکسازییەکان، بۆیە دەبێت چاکسازییەکان پرۆگرامەکانیان یەک بخرێت.
جێی باسە بەپێی هەواڵێکی بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا، هاتووە، لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان لە سەرجەم چاکسازییەکانی گەوران (2726) سزادراو هەیە و 292 سزادراویش لە چاکسازیەکانی ژنان و منداڵانن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: کۆمەڵایەتی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 102

## ئاماری سەرپێچی ئاو لە مانگی ئابدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090309365388972

لەماوەی مانگی ئابی رابردودا هەزار و 465 ماڵ و شوێن لە لایەن تیمەکانی بەشی زیادەڕەوی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانیەوە بە پری 13 ملیۆن و 262 هەزار دینار غەرامە کراون و 287 جێگاش بەشێوەی کاتی ئاوی ماڵەکانیان پراوە.
ئامانج جەلال، بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بە (خەندان) ی راگەیاند: لەمانگی ئابی رابردودا تیمەکانی بەشی زیادەڕەوی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، بەهۆی بەفیرۆدانی ئاوی خواردنەوەوە، هەزار و 465 شوێن و ماڵ و دوکان و جێگەیان بەپری 13 ملیۆن و 262 هەزار و 500 دینار غەرامەکردوە.
راشیگەیاند: هەر لە مانگی ئابدا، 278 شوێن بەشێوەی کاتی ئاوەکانیان پراوە، ئەوەش بەهۆی دووبارەکردنەوەی سەرپێچی و شکانی بۆری ماڵەکانیانەوە.
داواشی لە هاوڵاتیان کرد، پابەندبن بە رێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانیەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەشێوەیەکی رێک و پێک هەموو لایەک ئاوی پێبگات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-09-03

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 103

## ئاماری سەرپێچی ئە و ماڵانەی لە سلێمانی ئاویان بە فیڕۆداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080110450189354

خەندان هەستیار
لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی لەماوەی مانگی رابردودا هەزار و 738 شوێن غەرامەکردوە، بەهۆی بەفیرۆدانی ئاوی خواردنەوەوە، هاوکات 170 هاوبەشیش بەکاتی پردراون بەهۆی ئەوەی دووبارە سەرپێچیان کردوە.
ئامانج جەلال، بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئاوی سلێمانی بە (خەندان)ی راگەیاند: لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی لە مانگی تەمموزی 2013 دا هەزار و 738 شوێنیان سزاداوە، ئەویش بەهۆی بەفیرۆدانی ئاوی خواردنەوەوە، کۆی پارەی ئەو غەرامەش 15 ملیۆن و 37 هەزار دینار بووە.
وتیشی: " هەر لەماوەی مانگی تەممووزدا 170 شوێن ئاوی ماڵەکەیان بەکاتی پردراوە، ئەویش بەهۆی دووبارەکردنەوەی سەرپێچی و بەفیرۆدانی ئاوی خواردنەوەوە."
داواشی لە هاوڵاتیان کرد، دەست بە ئاوەوە بگرن و زیاد لە پێویستی خۆیان بە کاری نەهێنن و بە فیرۆی نەدەن، تا بتوانرێت ئاو بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەموو گەڕەکەکاندا دابەش بکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 104

## ئاماری شەش مانگی رابردوی نەخۆشخانەی گشتی دەربەندیخان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072321275089488

ئا: دڵشاد ساڵح

سەربەست نامیق بەریوەبەری ئاماری نەخوشخانەی دەربەندیخان تایبەت بەسایتی پێنوسەکان رایگەیاند" لەبەرواری 2013/1/1تا2013/6/30(18454)نەخوش بەیانیان سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردوە کە(8297)یان نێربوە وە(10157)مێ بوە وەژمارەی نەخۆشی خەتووپێک دێت لە(2992)کە(1318)یان نێربوەو (1674)مێ بوە وە(406)منداڵ لەدایک بون کە(206)یاننێربوە و(200)مێ بوە،وە (45)حاڵەتی مردن لایان تۆمارکاوە کە(22)یان نێربوە و (23)یان مێ بوە،وە(303)نەشتەرگەری گەورەو (173)ی مام ناوەندی و (18)نەشتەرگەری بچوک ئەنجام دراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 105

## ئاماری شەش مانگی رووداوەکانی قەزای سۆران

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071017275576959

راماڵ قەسرەیی

لەسەرەتی ئەمساڵەوە تا کۆتای مانگی حوزەیران، لە سنوری بەرێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانی سۆران کە هەرچوار قەزای سۆران رواندز مێرگەسور چۆمان لەخۆدەگرێت، بەهۆی ئاگرکەوتنەوە زیاترلە 500 ملیۆن دینار زیان بە هاووڵاتیان کەوتووە و بە بەراوردیش لەگەڵ ساڵی رابردوو رووداوی ئاگرکەوتنەوە زیادی کردووە .

عەقید عوسمان محەمەد، بەرێوەبەری بەرگری شارستانی سۆران بەخەندانی راگەیاند:
لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی حوزەیران، تیمەکانی بەرگریی شارستانی لە سنوری بەرێوەبەرایەتیەکەیان 202 ئاگریان کۆنترۆڵ کردوە.

عەقید عوسمان محەمەد وتیشی: رووداوەکانیش بریتیبوون لە 54 سوتانیماڵی هاووڵاتیان بەهۆی سۆپا و بوتڵی غاز و شۆرتی کارەبا، سوتانی 11 ئۆتومبێل بە هۆکاری فیت پەمپ، شەش رووداوی سوتانی دووکان و 36 روداوی جۆراوجۆری محاویلەی کارەبا وپاشماوەی شارەوانی، لەگەڵ 83رووداوی سوتانی پوش و پاوان و 12رووداوی سوتانی رەز و باخ.

بەرێوەبەری بەرگری شارستانی سۆران وتیشی: هەر لە و ماوەیەدا تەرمی چوار هاوڵاتیی خنکاو لەلایەن تیمەکانەوە لە دەرهێنراون و25ی دیکەش لەلایەن کارمەندەکانیان لە خنکان رزگارکراون.

وتیشی: کۆی گشتی زیانە ماددییەکانی ئە و ماوەیەش بە زیاتر لە 500 ملیۆن دینار دەخەمڵێنرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سۆران |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 106

## ئاماری شەهید و بریندەرەکانی هەڵەبجە و شارەزوور لەوەتەی شەڕی داعش دەستیپێکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082516510167788

جەمال سەرگەتی

لەوەتەی شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشی کوردستان دژ بەچەکدارانی داعش دەستیپێکردووە تا ئێستا، لە پارێزگای هەڵەبجە و قەزای شارەزوور 14 کەس لە پێشمەرگە و ئاسایش شەهید بوون و 40 کەسی تریش بریندار بوون.

ئەرکان حەسەن، قائیمقامی مەرکەزی پارێزگای هەڵەبجە بە خەندانی راگەیاند، "لەسەرەتای هاتنی چەکدارانی داعش و دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی پارێزگای موسڵ و ناوچەی شنگال و ناوچە کوردییەکانی دیکە، بەهەزاران کەس لە هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و کەسانی خۆبەخش بۆ بەرگریی کردن لەخاکی کوردستان چوونەتە سەنگەری خەباتەوە.

وتیشی: بەپێی ئە و ئامارەی کە لەبەردەستی ئێمەدایە تا ئێستادا 6 کەس لە هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و کەسی خۆبەخش لەپارێزگای هەڵەبجە شەهید بوون و 30 کەسس تریش بریندار بوون، یەکێکیش لەوانەی شەهیدبووە پێشمەرگەیەکی خۆبەخش بووە لەهەڵەبجە .

لە قەزای شارەزووریش تا ئێستا 8 کەس شەهیدبوون و 10 کەسی تریش لە پێشمەرگە و ئاسایش و کەسی خۆبەخش بریندار بوون.

سۆران عەلی، قائیمقامی قەزای شارەزوور لەبارەی ژمارەی شەهید و بریندارەکانی قەزاکە بە خەندانی راگەیاند، " هێزێکی زۆر لەقەزای شارەزوورەوە چوونەتە بەرەکانی جەنگ لەریزی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و هێزی خۆبەخش."

دەشڵێت: لەسەرەتای پەلاماری چەکدارانی داعش تائێستا، 8 کەس لە هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و هێزی خۆبەخش لەقەزای شارەزوور شەهیدبوون و 10 کەسی تریش هەر لە هەمان هێزەکان برینداربوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 107

## ئاماری شەهیدانی گەریلا لە باشور

http://www.kurdipedia.org/?q=20150210111919119322



فەرماندارێکی هەپەگە ژمارەی شەهیدانی گەریلا لە باشوری کوردستان لە ڕووبەڕووبونەوەکانی چەکدارانی داعش ئاشکرا دەکات.
هەڤاڵ عەگید فەرماندارى هەپەگە : لە سەرەتاى بەشداربوونمانەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی چەکدارانی داعش لە ناوچەکانی شەنگال و مەخمور و کەرکوک و جەلەولا تا ئێستا 58 شەهیدمان داوە و ژمارەیەکی زۆر برینداریشمان بووە.
لەو شەهیدانە پەنجا شەهید لە شەنگال و شەش شەهید لە مەخمور و دوو شەهید لە کەرکوکە بووە .
لە پاش هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان هێزەکانی پەکەکە شانبەشانی هێزی پێشمەرگە بەشداریان کردوە لە پاراستنی خاکی کوردستان.
سەرچاوە: لڤین پرس

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 108

## ئاماری شەڕەکانی خۆرئاوای کوردستان لە سێ رۆژی رابردوی جەژندا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101813232188281

فەرماندەی یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" لە عەفرین- حەلەب ئاماری شەڕوپێکدانەکانی سێ رۆژی ڕابردوی جەژنی قوربانی راگەیاندووە.
بە پێی هەواڵێکی هەواڵێکی ئاژانسی"فورات نیوز" فەرماندەکەی یەپەگە لە حەلەب- عەفەرین ئاشکرایکردووە"لەشەڕ و پێکدادانەکەدا 24 چەکدار کوژران، ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆش لەگەڵ چەکی قورس و ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنی سەربازی دەستی بەسەردا گیرا"
هەروەها فەرماندەی یەپەگە لەهەرێمی عەفرین حەلەب رایگەیاند ووە، سەرەڕای راگەیاندنی ئاگربەستی یەک لایەنەی فەرماندەی گشتی یەپەگە بە بۆنەی جەژنی قوربان، هێرشی گروپە چەکدارەکان لەدەوروبەری جزیرە و عەفرین بەردەوام بوو.
لەئەنجامی شەڕ و پێکدادانی سێ رۆژەدا گەلێک چەک و تەقەمەنی دەستی بەسەردا گیراوەو لیستی چەکەکان وەها راگەیەندراوە : "ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆش، تۆپی هاوەنی 120، 101، 81، 57، بە سەدان گوللەی هاوەن دەستی بەسەردا گیراوە. (10) کلاشینکۆف، (40) جارجۆر، بە هەزاران فیشەک، RPG7ی یەک و لەگەڵ (7) گوللەیدا. زنجیرێکی BKC و فیشەکێکی زۆری .BKC چەکی برونۆ. دوو بێ سیم و ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتا و پیکاپێک."
رۆژی عارفەی ئەمساڵ، یەپەگە راگەیَنراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ئاگربەستی راگەیاند، لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەدراوە کە "سەرەڕای ئەوەی هێرشی گروپە چەتەکان بەردەوام دەبێت.
هێزەکانی یەپەگە لەسەر داخوازی دۆستەکانی خۆی لەناو ڕێکخستنە سیاسیەکانی رۆژئاوای کوردستان، هەروەها بۆ ڕێزگرتن لە بەها پیرۆزەکانی جیهانی ئیسلامی، جارێکی تر لەرۆژانی جەژنی قوربان ئاگربەست رادەگەیەنین."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 109

## ئاماری قوربانی ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردووی پارێزگای هەولێر ئاشکرا دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050116521985210



پۆلیسی هەولێر ئاماری قوربانی ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردووی بڵاوکردەو لەو ماوەیەشدا حەوت هاوڵاتی لە هەولێر بەهۆی ڕووداوە جیاوازەکانەوە گیانیان لەدەستداوە.
کاروان عەبدولکەریم وتەبێژی پۆلیسی هەولێر لە بابەتێکدا لە پەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک وێنەی قوربانیەکانی بڵاوکردووەتەوە کە سەرجەمیان تەمەنیان لە 30 کەمترە.
وتەبێژی پۆلیسی هەولێر دەشڵێت: هۆکاری گیان لەدەستدانی ئەو حەوت کەسەی هەفتەی ڕابردوو، ڕووداوی هاتوچۆ و خنکان بووە.
داواش لە هاوڵاتیان دەکات، ئاگاداری خۆیان و کەسوکاریان بن بۆ ئەوەی بەدووربن لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 01-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🚗ڕووداوی هاتووچۆ

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 110

## ئاماری قوربانیانی پێکهاتە ئایینیەکانی عیراق ئاشکرا دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020819225248181

ڕەهێل سەمەد
بەهۆی خراپی بارودۆخی ئەمنی عیراقەوە، زۆرینەی پێکهاتە جیاوازەکان ئاوارە بوون و ژمارەیەکی زۆریشیان لێکوژراوە.
لەمیانەی کۆنفرانسی پاکتاوی ڕەگەزی لە عیراق کە ئەمڕۆ 8ی شوباتی 2015 لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو ڕاپۆرتێک لەبارەی قوربانییەکانی پێکهاتە ئایینیەکانی عیراق خرایەڕوو.
لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەدراوە کە "لەماوەی ساڵی 2003 تاوەکو ئێستا نزیکەی نیوەی مەسیحییەکان عیراقیان جێهێشتووە و لەکۆی 800 هەزار کەس تەنها 400 هەزاریان لە عیراق ماون."
لە ڕاپۆرتەکەدا دەربارەی سائیبەکان هاتووە کە "لە کۆی 70 هەزارکەس، تەنها 7 هەزار کەسیان لە عیراق ماون، هەرچی ئێزدییەکانیشن زیاتر لە نیوەیان بوونەتە قوربانی بەتایبەتی لە و ناحیانەی کە سەربە پارێزگای نەینەوا بوون".
ئەوەش خراوەتەڕوو کە " 512 هەزار مەسیحی ئاوارەیە، کە 350 خێزانیان لە سلێمانین و شەش

هەزار خێزانیان لە پارێزگای دهۆکن و 13 هەزار خێزانیان لە پارێزگای هەولێرن و 1109 هاوڵاتی مەسیحیش کوژراون و 115 هێرشیش کراوەتە سەر کەنیسە و مەزارە دینییەکان."
لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە 430 هەزار ئێزدی ئاوارەبوون و 2300 کەسیشیان لێ کوژراوە و 4217 کەسیشیان رفێنراوە و 17 شوێنی ئاینیش تەقێنراونەتەوە 65 هەزار کەسی ئێزدیش عیراقیان جێهێشتووە."
شەبەک-یش کە پێکهاتەیەکی عیراقین، 200 هەزار ئاوارەیان هەیە و 300 کەسیان کوژراوە و 150 کەسیان رفێندراوە و سەرجەم گوند و مزگەوت و حسێنییەکانیان وێرانکراون، تورکمانەکانیش 35 هەزار خێزانیان ئاوارەیە.
لە کۆتایی راپۆرتەکەدا راگەیەندراوە کە سەرجەمی ئاوارەکانی ناو هەرێمی کوردستان یەک ملیۆن و 250 هەزار کەسن و دەیان کەمپیان بۆ کراوەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 111

## ئاماری قوربانیانی دەستی داعش لەماوەی شەش مانگی رابردوودا

http://www.kurdipedia.org/?q=20141229090343118551

روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئامارێکدا ئاشکرایکرد کە چەکدارانی داعش لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا لە سوریا نزیکەی دوو هەزار کەسیان کوشتووە.
بەپێی ئەو ئامارە کە ئاژانسی رۆیتەرز ناوەڕۆکەکەی بڵاوکردووەتەوە، تەواوی کوژراوانی دەستی داعش لە سوریا هەزار و 878 کەسە، کە زۆربەیان هاوڵاتیی مەدەنین و لەو ژمارەیەش 102یان ئەندامی داعش خۆی بوون بەتایبەت داعشە بیانییەکان کە لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا هەوڵیان داوە واز لەو گروپە بهێنن و بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان.
بەپێی ئاماری روانگەی مافەکانی مرۆڤ، لەنێو کوژراوەکانی دەستی داعش هەشت ژن و چوار منداڵ هەن و 930 کەسیشیان سەربە هۆزی شعێتات-ی سوننەن کە رێگریان لە داعش کردووە دەست بەسەر کێڵگە نەوتییەکانی خۆرهەڵاتی سوریا بگرێت.
ئەو ژمارەیە بەشێوازی جۆراوجۆر بەدەستی داعش کوژراون هەر لە سەربڕین و بەردباران و سزادان بە بیانووی زینا و هاورەگەزبازی و دزی، ئەمە جگە لە سەربڕینی بارمتەگیراوە بیانییەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 112

## ئاماری قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتوچۆی ئەمڕۆ گەیشتە چواردە کەس

http://www.kurdipedia.org/?q=20130831082354890044

لە دوو ڕووداوی هاتووچۆدا، ئەمشە و 30 ی ئاب 2013، لەسەر هەردوو ڕێگای سەرەکی (کەلار- سلێمانی) و (کەلار- مەرزی پەروێزخان) کەسێک گیانی لەدەستداو پێنجی دیکە بریندار بوون.
ئازاد حەمە فەرەج، بەرپرسی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی کەلار بە (خەندان) ی ڕاگەیاند، " کاتژمێر 10ی ئەمشەو، ئۆتۆمبێلێکی جۆری تەکسی لەسەر ڕێگای کەلار- سلێمانی، لە نزیک گوندی چاڵە ڕەش وەرگەڕاو لە ئەنجامدا سەرنشینێک بەناوی (ساڵح عەباس) گیانی لەدەستداو شۆفێرەکە و دوو سەرنشینی دیکەش بریندار بوون.
سەرچاوەیەکی تر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار، بە خەندانی ڕاگەیاند، " هەر ئەمشە و لە ڕووداوی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێک لە جۆری (کیا سیراتۆ) لە ڕێگای نێوان (کەلار- مەرزی پەروێزخان)، لەنزیک گوندی ساڵح ئاغا، پیاوێک و ئافرەتێک برینداربوون"، وتیشی،" دوای چارەسەری پێویست بۆیان ئێستا ئەو دوو بریندارە باری تەندروستیان جێگیرە."
ئەمە سێیەم ڕووداوی هاتوچۆیە هەر ئەمڕۆ لەسەر ڕێگەی سەرەکی کەلار ڕوویدات.
ئێوارەی ئەمڕۆش لەسەر ڕێگای سەرەکی (کەلار - دەربەندیخان)، نزیک سێ ڕێیانی مەیدان، چوار ئۆتۆمبێل لە جۆری (پیک ئاپ _ ئاڤارا _ ترێلەیەک _ لاندکرۆزەرێک (مۆنیکا) بەیەکیاندادا، لە ئەنجامدا (5) هاوڵاتی گیانیان لەدەست داو سێ هاوڵاتیش بریندار بوون .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 31-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 113

## ئاماری قوربانییانی مانگی ڕابردووی عیراق

http://www.kurdipedia.org/?q=20140701100719768560

نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماری قوربانییانی مانگی رابردووی عیراقی بڵاوکردەوە، بەپێی ئامارەکە 1922 کەس کوژراون، بەمەش مانگی حوزەیران بە خوێناویترین مانگ هەژمار دەکرێت لە دوای مانگی ئایاری 2007 کە 2124 کەس تێیدا کوژران بەهۆی توندوتیژییەکانەوە.
ئاماری هەریەکە لە وەزارەتەکانی تەندروستی و ناوخۆو بەرگریی عیراق کە وێنەیەکی دەست ئاژانسی فرانس پرێس کەوتووە، 1393 هاوڵاتی مەدەنی لەمانگی پێشوو (حوزەیران) کوژراون لە عیراق، هەروەک 380 سەرباز و 149 پۆلیس بەهۆی پەلامارەکانەوە کوژراون .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 01-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 114

## ئاماری لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150726125635124921




لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی ئاماری شەش مانگی ڕابردووی ئەو غەرامانەی ئاشکراکرد کە لەبەرامبەر سەرپێچیەکان وەریانگرتووە، ڕاشیدەگەیەنێت، لەماوەی شەش مانگدا زیاتر لە 200 تۆن خۆراکی بەسەرچوویان لەناوبردووە.
بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی کە لەپەیجی تایبەتی تایبەتی خۆیان لەتۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک ئاشکرایانکردووە، لەسەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵەوە تاسەرەتای مانگی تەمموز، 19 هەزارو 883 شوێن کاریان بەسەرکردۆتەوە.
ڕاپۆرتەکە ئەوەشی ئاشکراکردووە، لەکۆی ئەو ژمارەیە، هەزارو 826 شوێن کە وەک پێویست پابەند نەبوون بەمەرج و ڕێنماییەکانەوە، پسوڵەی سەرپێچیان بۆکراوە، هەروەها 100 شوێنیش بەهۆی زۆری سەرپێچیەکانیانەوە، بڕیاری داخستنیان دراوەو 12 شوێنیش ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە.
لەبەشێکی تری ڕاپۆرتەکەدا باس لەوەشکراوە، 234 تۆن و 358 کیلۆگرام خواردن و ماددەی زیان بەخش و ماوەبەسەرچوو، پاش دەستبەسەراگرتنیان، لەناوچەی تانجەرۆی شاری سلێمانی لەناوبراون.
هەروەها بڕی ئەو غەرامانەی لەئەنجامی سەرپێچی شوێنەکان کراوە، 122 ملیۆن و 300 هەزار دینارە، بەگوێرەی یاساو ڕێنماییەکانیش ئەو پارەیە دەچێتە سەر داهاتی گشتی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 115

## ئاماری لە سێدارە دراوان لە ئێران

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041921574366161

لەساڵی ڕابردوودا 819 کەس لە سێدراره دراون، و لەو ژمارەیەش 71 کەسیان کوردن.
ئاژانسی هەواڵی کوردپا بڵاویکردەوە، لە یەک ساڵی ڕابردوودا 819 کەس لە سەرانسەری ئێران لە سێدارە دراون کە لەو ڕێژەیە 71 کەسیان کورد بوون.
چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران ڕایانگەیاند، تەنها لە ماوەی بیست ڕۆژی ڕابردوودا شەست کەس لە ئێران لە سێدارەدراون کە ژمارەیەک لەو کەسانە لەلایەن بەرپرسانی دادوەرییەوە ناسنامەیان ئاشکرا نەکراوە.
هەربەپێی ئامارەکە هەشت زیندانی سیاسی و مەزهەبی کورد بڕیاری لە سیدارەدانیان بەسەردا جێبەجێکراوە و لە ئێستاشدا 27 چالاکی سیاسی کورد لە زیندانەکانی ئێراندان و بڕیاری لە سێدارەدانیان بەسەریاندا سەپێندراوە.
سەرچاوە: لڤین

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

ولّات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ولّات: IRئێران
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 116

## ئاماری مانگی تەمموز: لە کوبانێ (685) ئەندامی چەتەکانی داعش کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080210030923051

لە شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی تەممووزی رابردوو لە نێوان شەڕڤانانی YPG/YPJ و گروپە چەتەکانی داعش لە هەرێمی کوبانێ (685) ئەندامی گروپە چەتەکانی داعش کوژراون، (6) تانک و گەلێک ئۆتۆمبیل و بارەگای چەتەکانیش تێکشکێندراوە.
گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و شام(داعش) لە مانگی تەمموز لە سێ قوّلی ڕۆژئاوا، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کانتۆنی کوبانی زیاتر لە (20) جار هێرشی کردوتە سەر هەرێمەکە.
ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)سەبارەت بە ئەنجامەکانی شەڕ و پێکدادانی مانگی تەمموز لێدوانیکیدا و ئاماری ئە و مانگەی بۆ رای گشتی بڵاو کردەوە.
بە پێی ناوەندی چاپەمەنی YPG ئاماری مانگی تەمموز بەم جۆرەیە:
(406) -ئەندامی گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و شام(داعش) کە لە ناویاندا (5) ئەمیر هەبوو، کوژراون. لاشەی یەکێکیان لە دەست شەڕڤانانماندایە. هەروەها سەدان ئەندامی چەتەکانیش بریندار بوون.
(6) -تانک و (17) ئۆتۆمبیلی چەتەکان تێکشکێندراوە. یەکێکیان هەڵگری دۆشکا بوو. هەروەها (11) ناوەندی چەتەکان لەگەڵ دوو ماتۆر سیکلێت تێکشکێندراون.
(2) -تانک و (5) ئۆتۆمبیلی چەتەکان گورزیان لێدراوە و بی کاریگەر کراون.
ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)هەروەها رایگەیاند لە شەڕ و پێکدادانەکاندا هەروەها شەڕڤانانمان دەستیان بەسەر پرێکی زۆر چەک و جبەخانەدا گرتوەئە و چەک و جبەخانەی دەستیان بەسەرداگیراوە وەهایە:
(14) -1چەکی کلاشینکۆف و (500) فیشەک
(3) -2چەکی جۆری "بی کەی سی"، دوو سندوقی فیشەک، هەروەها (1500) فیشەکی دیکە و زنجیرەکانی.
-3دوو ئارپێجی، (6) موشەکی ئارپێجی و چەنتەیەک
(16) -4نارنجۆک
(3) -5ماتۆر سیکلێت
(3) -6دوربینی شەو
(2) -7بێ سیمی بچووک
-8دەمانچەیەک
(40) -9مەخزەن
-10چەنتەیەکی دەرمان
ناوەندی چاپەمەنی YPG هەروەها راشیگەیاند کە گروپە چەتەکانی داعش بارهەڵگرێکی بۆمبرێژکراویان لە بازگەیەکی هیزەکانی YPG دا تەقاندوتەوە و لە ئەنجامدا (4) شەڕڤانی YPG گیانیان لەدەستداوە.
بە پێی ئامارەکە، لە مانگی تەممووزدا (74) شەڕڤانی YPG و YPJ گیانیان لەدەستداوە. لەم ڕێژەیە (16) یان ئەندامی یەکینەکانی پاراستنی ژن(YPJ)، (56)یان یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)و دوو کەسیش هاوڵاتی مەدەنی بوون.
لە درێژەی لێدوانەکەدا هاتووە:" لەم مانگەدا گروپە چەتەکانی داعش لە سێ قوّڵەوە(ڕۆژئاوا، ڕۆژهەڵات و باشوور) ەوە (20) جار بە چەکی قورسی وەکو تانک، تۆپ و هاوەن هێرشیان کردوە. لە

شەڕ و پێکدادانەکاندا گروپە چەتەکان (3000) هاوەن و تۆپی جۆری (57) ئاراستەی گوندەکانی زۆرمێخار و بادیە کردوە. لەم مانگەدا شەڕڤانانمان لە دژی بارەگا و ناوەندەکانی گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و شام(داعش) (8) چالاکیان ئەنجامداوە.
شەڕڤانانمان یەکەمین چالاکیان لە رۆژی 13 ی تەمموز ئەنجامدا و لە ئاکامدا (7) ئەندامی چەتەکانی داعش کوژران، دەیان ئەندامی چەتەکان بریندار بوون و لاشەی (4) چەتە کەوتە دەست شەڕڤانانی YPG ەوە. لە چالاکییەکەدا هەروەها موشەکێکی ئارپێجی، چەکێکی بی کەی سی و کلاشینکۆفێکیش دەستیان بەسەردا گیرا.
لە سەرجەم چالاکییەکانی YPG بە گشتی 040) ئەندامی چەتەکانی داعش کوژران، ئۆتۆمبیلێکی هەڵگری دۆشکای چەتەکان تێکشکیندرا.
سەبارەت بە هەڵمەتی سەربازی YPG کە لە رۆژی 22 ی تەمموز لە دژی چەتەکانی داعش دەستپێکردبوو، لە لێدوانەکەدا هاتووە:" لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکەی کە لەلایەن شەڕڤانانماندا لە دژی بنکە و بارەگاکانی چەتەکانی داعش ئەنجامیاندابوو، (232) ئەندامی چەتەکانی داعش کوژراون. هەروەها سێ ناوەند، (11) ئۆتۆمبیل، سێ BMB و چەکێکی دۆشکای چەتەکان تێکشکێندراوە. هەروها پڕێکیش چەک لە شەڕ و پێکدادانەکاندا دەستیان بەسەرداگیراوە کە بریتییە لە:

-سێ کلاشینکۆف
-دۆشکایەکی جۆری (12.5
-ئارپێجییەک
-دووربینێکی شەو

ناوەندی چاپەمەنی YPG لە کۆتایی لێدوانەکەیدا دەڵێت:" شەڕڤانانمان لە رۆژی 23 ی تەمموز گوندی چل ئۆغلۆ و مەزرایەکی نزیکی گوندی بادیەی و لە رۆژی 31 ی تەممووزیش گردی زاگرۆس و مەلا بەرکلی لە گروپە چەتەکانی داعش پاک و رزگار کردوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی فورات نیوز - 02-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 117

## ئاماری مانگی تەمووزی شەڕوپێکدادانەکانی سوریا بڵاودەکرێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140802125823384

رێکخراوی روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند کە رژێمی سوریا لە مانگی تەممووزدا زیاتر لە (2) هەزار سەربازی لێکوژراوە و ئەمەش گەورەترین گورزی سەربازییە کە لێیکەوتوە.
رێکخراوی روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئامارێکدا رایگەیاندوە کە لە مانگی تەممووزی رابردوو (2) هەزار و چوار سەربازی هێزەکانی رژێمی سوریا کوژراون کە (961) کەسیان سەربازی سەر بە سوپا بوون و (937) ی دیکەش سەر بە لیژنە ناوخۆییەکان و هێزەکانی بەرگری بوون.
رێکخراوەکە راشیگەیاندوە کە لە مانگی تەممووزدا (28) چەکداری حزبوڵڵای لوبنان و (78) چەکداری شیعە لە بەرەکانی رژێمی بەشار ئەسەد بوون، کوژراون و بە گەورەترین گورز لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو لە رژێمی سوریای بەناو دەکات.
رێکخراوەکە ئاماژەی بەوەش کردوە کە لە و مانگەدا (2) هەزار و (260) چەکداری ئۆپۆزسیۆن کوژراون و هەزار و (67) هاوڵاتی مەدەنیش گیانیان لەدەستداوە و لە کۆی گشتی کوژراوەکانی مانگی تەممووزی رابردوو لە سوریا (5) هەزار و (343) کەسە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی فورات نیوز - 02-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: سووریاSY
ولات: رۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 118
## ئاماری مردن و لەدایکبوونی (13) ساڵی رابردووی گەرمیان
http://www.kurdipedia.org/?q=2013032610195180054

خەندان- سۆران کەریم
لە ماوەی ساڵی سیانزە رابردوودا لە سنووری گەرمیان، لە بەرامبەر گیان لەدەستدانی دوو هەزار و (849) کەسدا، لەدایکبوونی (52) هەزار و (585) منداڵ تۆمارکراوەو ساڵ بەساڵیش رێژەی مردن لە سنوورەکەدا، زیادیکردووە.
بەپێی ئامارێکی نووسینگەی مردنو لە دایکبوونی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، لە سەرەتای ساڵی (2000)ەوە تا کۆتایی ساڵی 2013 لە سنووری گەرمیان، دوو هەزار (849) کەس گیانیان لەدەستداوە، بەرێژەی گیانلەدەستدانی (219) کەس لە ساڵێکدا.
بەپێی ئامارەکە، کە وێنەیەکی دراوەتە خەندان، تەنها لە ساڵی 2009 دا، دە هێندەی ساڵی 2000 گیان لەدەستدان تۆمار کراوە کە لە ساڵی 2000دا ژمارەی گیان لەدەستدان (59) کەس بووە، بەڵام لە ساڵی 2009دا بەرزبووەتەوە بۆ (590) کەس، هاوکات ژمارەی مردن ساڵ بە ساڵ رووی لە زیادبوون کردووە، تەنها لە ساڵی 2012دا نەبێت کە ژمارەی مردن لە چاو ساڵی پێشووتردا، زیاتر لە سەدا (50) کەمی کردووە.
هەر لەو ماوەیەدا، واتا لە ساڵی 2000ەوە تا کۆتایی ساڵی 2012 لە سنووری گەرمیان (52) هەزار و (585) منداڵ لەدایکبوون.
ژمارەی ساڵانەی لە دایکبوونی منداڵان لە سنووری گەرمیان لە ماوەی سیانزە ساڵی رابردوودا بە رێژەی (4045) منداڵ لە ساڵێکدا بووە، بە شێوەیەک کە لە ساڵی 2000دا (4069) منداڵ لە دایکبووە، لە کاتێکدا لە ساڵی 2012 دا (3700) منداڵ لە دایک بوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 119
## ئاماری نەخۆشیی شێرپەنجە بۆ ساڵی 2013
http://www.kurdipedia.org/?q=2013123116295186999

خەندان – هێقی خالید
بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی رایدەگەیەنێت لە ساڵی 2013، نزیکەی دوو هەزار کەس کەس تووشی نەخۆشی شێرپەنجەبوون کە 405 حاڵەتی شێرپەنجەی مەمکە، هەر لە هەمان ساڵیشدا، سێ هەزار و 584 کەس بەهۆی رووداوی جیاوازەوە گیانی لەدەستداوە.
ئەمرۆ سێشەممە، 31ی کانوونی یەکەم، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی لەپرێس کۆنفرانسێکدا ئاماری ساڵی 2013ی خستەروو، کە لەئامارەکەدا هاتووە لە ماوەی ئەمساڵدا 488 هەزار و 808 هاوڵاتی سەردانی نەخۆشخانەکانی کردووە، زیاتر لە یەک ملیۆنیش سەردانی مەڵبەندە تەندروستیەکانی کردووە و 197 هەزار و 505 کەس لەنەخۆشخانە ماونەتەوە.
وتیشی: لەنەخۆشخانە حکومیەکاندا 27 هەزار و 909 منداڵ و لەنەخۆشخانەی تابەتیش 5 هەزار و

839منداڵ لەدایک بوون، لە وڕێژەیەش 14هەزار 212 لە رەگەزی نێرو 13 هەزار و 697 لەرەگەزی مێ بووە.
لەدرێژەی ئامارەکەدا، دکتۆر میران محەمەد بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی لە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: هەزار و 944 تووشبووی تازە بەنەخۆشی شێرپەنجە تۆمارکراون، کەبەشێکی ئە و نەخۆشانە لە خوارووی عێراق و شارەکانی ترەوە هاتوون بۆ سلێمانی بۆ وەرگرتنی چارەسەر.
وتیشی:" لە سنوری پارێزگای سلێمانی 52 هەزار و 139 نەشتەرگەری ئەنجامدراوە، لەورێژەیەش10 هەزار و 240 نەشتەرگەری بچوک و 16 هەزار و 266نەشتەرگەریی مامناوەند و 10هەزار و 252 نەشتەرگەری گەورە و 15هەزار و 381 نەشتەرگەریی سەروی گەورە ئەنجامدراوە."
ئەوەشی خستەروو، لە ستانداردی وڵاتانی ئەوروپادا بۆ هەر 5 هەزار کەس یەک ئەمبولانسێک دابین کراوە، بەڵام ئێمە نەمانتوانیوە ئەم ستانداردە بشکێنین ئێستا لەشاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ هەر 15هەزار هاوڵاتیەک یەک ئامبۆلانس دابین کراوە.
ئاماژەی بەوەشکرد، لە ساڵی 2013دا 20 نەخۆشخانە لەسنووری پارێزگای سلێمانی هەبووە، کە16یان دەکەوێتە سەنتەری شار و 4یان دەکەوێتە دەرەوەی شار.
سەبارەت بە پرۆژە پێشنیازکراوەکانیش بۆ ساڵی 2014، رایگەیاند کە 19 پرۆژەی تەندروستییان لەبەردەستدایە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 31-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 120

## ئاماری هاتنی گەشتیاران - جەژنی قوربان 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20141005213532277695

هەستیار
لە ماوەی رۆژانی عارفە و یەکەم و دووەم رۆژی جەژنی قوربانەوە، نزیکەی 10 هەزار هاوڵاتی وەک گەشتیارو ئاوارە سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیان کردوە، ئەمەش بەراورد بە چاو ساڵانی پێشوو رێژەکە بۆ نیوەی دابەزیوە .
ئارام شوانی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی گەشتوگوزاری سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: لەماوەی سێ رۆژی رابردودا هاتنی گەشتیارو ئاوارە، بۆ ناوچە گەشتیارییەکان نزیکەی 10 هەزار کەس بووە، چونکە هێشتا بۆیان جیاناکرێتەوە کێ گەشتیاربووە و کێش ئاوارە.
ئارام شوانی وتی: "رۆژی هەینی (عارفە) لە بازگەی کەڵەوانانەوە 100 کەس، لە تاسڵوجە 890 کەس، عەربەت 613 کەس، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی 622 کەس، مەرزی باشماخ هەزارو 275 کەس هاتوون."
ئاماژەی بەوەشدا، کە یەکەم رۆژی جەژنی قوربان لە تاسڵوجە 863 کەس، عەربەت 783 کەس، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی 799 کەس، مەرزی باشماخ 730 کەس هاتوون
راشیگەیاند: ئەمڕۆ یەکشەممە دووەم رۆژی جەژنی قوربان، لە بازگەی کەڵەوانانەوە 42 کەس، لە تاسڵوجە 627کەس، عەربەت 642 کەس، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی 629 کەس، مەرزی باشماخ 930کەس هاتوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 05-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 121

## ئاماری هاتنی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیاریەکانی کۆیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081118071489185

خەندان- دانا جلال

بەپێی ئامارێک کە لە شوێنە گەشتیاریەکانی سنوری شارۆچکەی کۆیە وەرگیراوە تەنها لەم سێ رۆژەی جەژندا زیاتر لە 15 هەزار گەشتیار رویان لە شوێنە گەشتیاریەکانی سنوری شاری کۆیە کردووە.

شاری کۆیەش چەند جێگایەکی هەیە بۆ ئاسودەبونی گەشتیاران و بەسەربردنی کاتێکی خۆش جێگاکانیش بریتین لە: هاوینەهەواری کۆسار لەسەر چیای هەیبەت سوڵتان،پارکی مەڕێنە قەدیشە، هاوینەهەواری چنارۆک، پارکی گەشتیاری سایە لە تەق تەق، کەپرە گەشتیاریەکانی کلێسەوبۆگد.

ماوەیەکە کۆیە لەڕووی گەشتیاریەوە گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت ئەم ڕێژەیەش لەچاو ساڵانی رابردوو زۆر زیادی کردوە خەڵکیکی زۆر بۆ شوێنە گەشتیاریەکان ڕووی تێدەکەن

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 122

## ئاماری هەرێم ڕێژەی هەژاری و بێکاری رادەگەیەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052415522476454

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت کە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم زیاتر لە پێنج ملیۆن کەسە کە سەدا 3،3یان هەژارن و سەدا 6.5 یشیان بێکارن.

سیروان محەمەد سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵ رایگەیاند کە گومانیان لەسەر ئە و ژمارانە هەیە کە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە لەبارەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەوە بڵاودەکرێنەوە کە گوایە دانیشتوانی هەرێم کەمترە لە پێنج ملیۆن کەس.

سیروان محەمەد وتی: "بەپێی پێشبینییەکانمان کە پشت ئەستوورە بە دواین گەورەترین پرۆسەی گەمارۆسازی و ژماردن کە لەساڵی 2009 بەڕێوەچوو، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێنج ملیۆن و 200 هەزار کەسن."

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ئاماژەشی بەوەدا کە لەکۆتایی ئەمساڵدا ئە و ژمارەیە دەبێتە پێنج ملیۆن و 330 هەزار کەس. کە سەدا 49یان مێ و سەدا 51 یشیان نێرن.

سیروان محەمەد ئەوەشی خستەڕوو کە رێژەی گەشەکردنی ساڵانەی دانیشتوان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم دەگاتە سەدا 2.7 و پارێزگای دهۆک زۆرترین و پارێزگای سلێمانی کەمترین رێژەیان هەیە و هەولێرش لە نێوانیاندایە .

وتیشی: "بە و پێیە ساڵانە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 130 بۆ 150 هەزار کەس زیاددەبێت."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 123

## ئاماری هەندێک لە پرۆژەکانی کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=20140106223512867877

کەرکوک، عومەر غەریب
د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک، دەزگا خزمەتگوزارییەکانی شارەکەی راسپارد، هاوشێوەی ساڵی رابردوو بەزیاترەوە خزمەت بەکەرکوک بکەن.
ئەم راسپاردەیەی پارێزگاری کەرکوک، دوێنێ لەکۆبوونەوەیەکیدا هات لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگاکە، تێیدا هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کارو پرۆژانە کرا کە ساڵی رابردوو لەکەرکوک کراون.
لەکۆبوونەوەکەدا ئەوە روونکرایەوە، لەسێ ساڵی رابردوودا لەبواری رێگاوباندا 370 پرۆژە بەپێی 165 ملیار دینار، لەبواری پەروەردەدا 504 پرۆژە لەکەرکوک جێبەجێ کراون، لەبواری شارەوانیشدا 271 پرۆژە بەپێی 613 ملیار دینار رادەستی 168 بەڵێندەری جیاواز کراون، هەر لەبواری شارەوانییەکاندا لەقەزاو ناحییەکانی کەرکوک، 85 پرۆژە جێبەجێ کراون. لەبواری پرۆژەکانی ئاویشدا 108 عەمبارو 31 وێستگەی پاڵاوتن دانراونو 10 بیر لێدراوەن و پری پرۆژەکانی ئاویش 175 ملیار دینار بووە. لەبواری کارەباشدا بۆ باشکردنی دۆخی کارەبا کە ئێستادا 17 -18 سەعات کارەبای رۆژانە بۆ هاووڵاتیان دابین دەکرێت، ئەوەش لەڕێگای پرە کارەبای ناوەند کە 435 مێگا وات و هاوکات ئەو 265 مێگا واتەیە ئیدارەی کەرکوک لەوەبەرهێنێکی هەرێمی کوردستانی دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 06-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 124

## ئاماری ڕێژەی سوتان لە سۆران ئاشکرادەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150406205402696632

بەپێی ئەوئامارەی دەست رۆژنیوز کەوتووە لەماوەی چوارمانگی رابردوو لە سۆران (35) هاووڵاتی سوتاون کە لە نێوانیاندا (15)کەسیان منداڵن و(15) ژنن و (5) یان پیاون، بەرپرسی راگەیاندنی تەندروستی سۆرانیش ڕایدەگەیەنێت حاڵەتەکانی سوتان لە سۆران جۆراوجۆرن. مینا تەها بەرپرسی راگەیاندنی تەندروستی سۆران بەڕۆژنیوزی وت" لەسەرەتای ئەم ساڵەوە 35 کەس سوتاون کە 15 ژن و (15) منداڵ و (5) پیاون. وتیشی" زۆرینەی رووداوەکان بە ئاوی گەرم بووە تادەگاتە سوتان بەشێوەی ئاگر. لەبارەی سوتانی ئافرەتان چالاکوانانی سۆران هۆشداری دەدەن لە زیادبوونی رێژەی سوتان،کەساڵ بە ساڵ رووداوەکان رووی لە زیادبوونە. رۆژنیوز لە چەند رۆژی داهاتوودا بەدواداچوونی ورد بۆسەرجەم حاڵەتەکانی سوتان لە سۆران دەکات و هۆکارەکانی بۆ خوێنەرانی ئاشکرا دەکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

جۆری ئامار و ڕاپرسی: کۆمەڵایەتی
شارەکان: سۆران
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 125

## ئاماری کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ ساڵی 2013

http://www.kurdipedia.org/?q=20140101142442869800

ساڵی 2013 ساڵێکی پڕچالاکی بوو بۆ کوردیپیدیا، ئەم خشتەیەی خوارەوە، چالاکییە گرنگەکانی کوردیپێدیا ڕووندەکاتەوە، بەهیوای ئەوەی کوردیپێدیا بۆ ساڵی 2014 چالاکیی زۆرتر و خزمەتی گەورەتر بە بەکارهێنانی بکات:

جۆری چالاکی لە ساڵی 2013

تۆمارکردنی بابەتی نوێ13، 244
تۆمارکردنی وێنەی نوێ3، 469
تۆمارکردنی پەڕتووکی نوێ1، 349
چاککردنەوەی بابەت47، 517
تۆمارکردنی فایلی پەیوەندیدار2، 706
دابەزاندنی پەڕتووک گەییشتە 116،812 جار
ژمارەی سەردانەکان1، 924،227
ژمارەی ئەو بابەتانەی لەلایەن میوانەکانەوە نێردراون و کوردیپێدیا بەباشی زانیون تۆماریان بکات39
ژمارەی ئەو بابەتانەی لەلایەن میوانەکانەوە ڕاستکراونەتەوە و کوردیپێدیا ڕاستکردنەوەکانی بەباش زانیون52
ژمارەی ئەو وێنانەی لەلایەن میوانەکانەوە نێردراون100
ژمارەی ئەو پەڕتووکانەی لەلایەن نووسەرانەوە پێشکەشی کوردیپێدیا کراون134
ژمارەی هاوکارە چالاکەکانی کوردیپێدیا گەییشتە 20 هاوکار
ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە ماڵپەڕی کوردیپێدیای تێداکراوەتەوە زۆرتر لە 130 وڵات
ژمارەی زمان و شێوەزمانەکانی کوردیپێدیا 19 زمان و شێوەزمان
تێکڕای ژمارەی کلیکی بابەتەکانی کوردیپێدیا گەییشتە گەییشتە 22،634،000
ژمارەی کلیکی بابەتەکانی کوردیپێدیا بۆ هەر خولەکێک گەییشتە8

سەرباری ئەو چالاکییانە، لە کۆتایی ساڵی 2013دا کوردیپێدیا بووە ڕێکخراوێکی فەرمی لە باشووری کوردستان و لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی حکومەتی هەرێمەوە تۆمارکرا.
بەهیوای ساڵێکی ئاسوودە بۆ کوردستانییان و بەدەستهێنانی سەرکەوتنی زۆرتریش بۆ کوردیپێدیا.

http://www.kurdipedia.org
contact@kurdipedia.org

هاوڕێ باخەوان، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کوردیپێدیا
01-01-2014
لاهای - هۆڵندا

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەڕتووک: ڕاپۆرت
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 126

## ئاماری کار و چالاکییەکانی ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ ساڵی 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20150101152023118593

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری پەڕتووک: ڕاپۆرت
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 127

## ئاماری کوژراو و برینداری تیرۆریستانی داعش لە کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=20141013114658777754

حەسەن جومعە
بە پێی ئاماری هێزەکانی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک و نەخۆشخانەکانی حەویجە، لەسەرەتای شەڕو پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و داعش ژمارەیەکی زۆر لە تیرۆریستانی داعش لە ناوچە جیاوازەکانی کەرکوک و دەوربەری کوژراوو بریندار بوون.
سەرچاوەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگە بە خەندانی ڕاگەیاند: بە پێی ئاماری هێزەکانی پێشمەرگە و دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک و نەخۆشخانەکانی حەویجە، لە سەرەتای شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و داعش، لە ناوچەکانی سنووری کەرکوک تیرۆریستانی داعش زیاتر لە 250 کوژراویان هەیە، لەگەڵ نزیکەی 340 بریندار.
ئە و سەرچاوەیە وتی: "کوژران و بریندار بوونی ئە و ژمارە زۆرەی داعش لە سنووری کەرکوک دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ پێشمەرگە و لە هەمانکاتدا ڕووخاندنی ورەی داعشە."
سەرچاوەکە باسی لەوەشکرد، "لە نێوان چەکدارە کوژراوەکانی داعش چوار کەسیان کوردن، لە و چوار کەسەش دوانیان خەڵکی کەرکوکن، بەڵام دوانەکەی دیکە نەزانراوە خەڵکی کام ناوچەی تری کوردستانن ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: 🔥 کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 128

## ئاماری کوژراوانی مانگی رابردووی پارێزگای نەینەوا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140301192742328884

خەندان - رەهێڵ سەمەد
بەگوێرەی ئامارەکان لە مانگی شوباتی رابردوو زیاتر لە حەفتا کەس لە پارێزگای نەینەوا کوژراون، لە و ژمارەیە 11 کەسیان کوردن، ئەمە لەکاتێکدا لەمانگی کانونی دووەمی ئەمساڵ زیاتر لە 90 کەس لە و پارێزگایە کوژرا بوون.
سەعید مەموزینی، کاگێری لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە موسڵ بە خەندانی راگەیاند،" لەماوەی مانگی شوباتی رابردوو، لە سنوری پارێزگای نەینەوا، 73 کەس بە هەردوو رەگەزی نێر و مێ بە رووداوی جۆراوجۆر کوژراون"، وتیشی: لە و ژمارەیە 11 کەسیان کوردن کە زۆربەیان لە کوردانی شەبەکن.
بڵاوکردنەوەی ئە و ئامارە لەکاتێکدایە لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵ 91 کەس لە شاری موسڵ و دەوروبەری بە رووداوی جۆار وجۆر کوژراون، لە و ژمارەیە شەش کەسیان لە نەتەوەی کورد بوون، بەمەش رێژەی کوژراوان لە مانگی دوو بە بەراورد بە مانگی یەکی ئەمساڵ بەهۆی کردە توندوتیژییەکان کەمی کردووە.
هاوکات بە گوێرەی ئامارێکیش لەماوەی ساڵی 2013، لە سنوری ئە و پارێزگایە 714 کەس بە رووداوی توندوتیژی کوژراون، کە 103 یان کوردن، لە و ژمارەیە شەش رۆژنامەنوس و 3 دکتۆر و 2 ئەندازیار و فرۆکەوانێک لە نێو ئە و کوژراوەکاندان.
هۆکاری بەردەوامی توندوتیژیەکانی ئە و پارێزگایە بۆ بوونی چەکدارەکانی سەر بە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی قەیرانەکانی سوریا بەردەوام لەڕێی ناوچە سنورییەکانەوە دزە دەکەنە ناوچەکانی پارێزگای ئەنبار.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 129

## ئاماری کوژراوو بریندارانی رووداوی هاتوچۆ لە سنوری راپەرین

http://www.kurdipedia.org/?q=20140707090142769 18

کامەران عەبدە ساڵح
بەپێی ئاماری لایەنەپەیوەندارەکان، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 284 هاوڵاتیی دانیشتووی سنوری ئیدارەی راپەرین، بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، کوژراوو بریندارببوون.
نەقیب سامان ئیبراهیم، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ڕاپەڕین، بە خەندانی راگەیاند، " لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی حوزەیرانی ڕابردوو، 211 ڕووداوی هاتوچۆ لە ناوچە جیاجیاکانی ئیدارەی ڕاپەڕین تۆمارکراون، کە 131 ڕووداویان لە ڕێگاکانی دەرەوەی شارو، 80 ڕووداویش لەناو شاردا بووە، زۆربەی ڕووداوەکانیش بەهۆی تیژرەوی و پابەندنەبوونی شۆفێرانەوە

بووە بە یاساکانی هاتوچۆ.
وتیشی: بەهۆی ئە و ڕووداوانەوە، 267 کەس بەشێوەی جیاواز بریندارو کەمئەندام بوون، 17 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.
ئەم ئامارە لەکاتێکدایە، کە لەماوەی ساڵی رابردوودا، 459 رووداوی هاتوچۆ لە و سنورە تۆمارکراوە، بەهۆی ئە و روداوانەوە، 443 کەس بریندارو، 35 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.
نەقیب سامان، ئاماژەی بەوەدا، لەئێستادا ژمارەی ئە و کەسانەی بەبێ بوونی مۆڵەتی شۆفێری لە ناوچەکەدا ئۆتۆمبێل لێدەخورن، تاڕادەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، لەساڵی ڕابردووشدا 2789 کەس داوای وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێرییان کردووە، کە داواکاریی 1709 کەسیان بۆ مۆڵەتی گشتی، 838 داواکاری بۆ مۆڵەتی تایبەت و، 221 مۆڵەتی گێرئۆتۆماتیک و داواکاریی 21 کەسیش بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی لێخورینی ماتۆرسکیل بووە.
سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، لە دوو قەزا و نۆ ناحیە پێکدێت و بەپێی بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ڕاپەڕین، جگە لە ئۆتۆمبێلە تۆمارکراوەکان، زیاتر لە بیست هەزار ئۆتۆمبێلی بێ پێشینەش لە و ناوچەیەدا هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | رانیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 130

## ئاماری کوژراوو بریندارانی عیراق ساڵی 2013

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010114360886978

بەپێی ئامارێک کەسایتی مەدا پرێس بڵاویکردۆتەوە، لەساڵی 2013 بەهۆی تەقینەوە و کردە توندوتیژییەکانەوە 12 هەزار و 162 کەس لەعیراق کوژراوو بریندار بوون، مانگی سێی ساڵی 2013 دادەنرێت بەئارامترین مانگ لەعیراق دا .
لەمانگی کانونی دووەمی ساڵی 2013 بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراوو کردە خۆکوژییەکان، 112 کەس کوژراون لەریزی هێزە ئەمنیەکان و هاوڵاتیانی مەدەنی، هەروەک 363 کەسی تریش بریندار بوون، ئەمە لەکاتێکدا کە لەمانگی شوبات دا 188 کەس کوژراون، هەروەک 454 کەسی تریش برینداربوون .
مانگی ئازاری ساڵی 2013 دادەنرێت بەئارامترین مانگی ئە و ساڵە و کەمترین کوژراوو بریندار تێدا تۆمار کراوە، لەمانگی ئازاری ساڵی 2013 ژمارەی کوژراوان لەناوعیراق گەیشتۆتە 176 کەس، بریندارەکانیش 70 کەسن .
لەمانگی نیسانی هەمان ساڵدا 307 کەس کوژراون، 390 کەس بریندار بوون .
لەمانگی ئایاری ساڵی 2013، بەهۆی تەقینەوەکان، 293 کەس کوژراون و 100 کەسی تر برینداربوون، هەروەک لەمانگی حوزەیران، 274 کەس کوژراون و 340 کەسی تر برینداربوون .
لەمانگی تەمموزی ساڵی 2013، تەقینەوەکانی ناوخۆی عیراق بوونەتە کوژرانی 255 کەس و برینداربوونی 283 کەسی تر، هەروەک لەمانگی ئابدا 415 کەس کوژراون 584 کەسی تر برینداربوون، لەمانگی ئەیلولی ساڵی 2013 شدا،203 کەس کوژراون و 200 کەسی تر بریندار بوون .
هەر بەپێی ئامارەکە، لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 2013 تەقینەوەکان، کوژرانی 392 کەس و برینداربوونی 279 کەسی تری لێکەوتۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە لەمانگی تشرینی دووەم دا 226 کەس کوژراون و 320 تر بریندار پوون .
لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2013 تەقینەوەکان بۆتەهۆی کوژرانی 344 کەس و برینداربوونی

124 کەسی تر .
ئاماری کوژراوانی ناوخۆی عیراق لەساڵی 2013 ڕووداوەکانی ئەم دواییەی پارێزگای ئەنباری تێدا تۆمار نەکراوە کە، بەپێی چەند ئامارێک، بەهۆی شەڕو پێکدادانی هێزە ئەمنیەکان و چەکدارانی هۆزەکانی ئەنبار 13 کەس کوژراون .
هاوکات ئە و ئامارەی مەدا پرێس بڵاویکردۆتەوە جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوەی تێبینی دەکرێت نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی کوژراوان و بریندارانی بەهۆی تەقینەوە و کردە توندوتیژییەکان بەزیاتر هەژمار کردووە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 131

## ئاماری کوژراوو بریندارانی عیراق لەمانگی ڕابردوودا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140301223454334155

لە ڕاپۆرتێکیدا، ئەمڕۆ شەممە، نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماری کوژراوو بریندارانی مانگی ڕابردووی عیراق بەهۆی بەردەوامی کردە توندوتیژییەکان بڵاوکردەوە کە 703 کەس کوژراون و هەزار و 381 کەسیش بریندار بوون.
بەپێی ڕاپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان، ژمارەی کوژراوانی مانگی ڕابردوو نزیکە لەژمارەی کوژراوانی مانگی یەکی ئەمساڵ کە (733) کوژراو تۆمار کرابوو .
لەراپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، مانگی ڕابردوو 564 هاوڵاتی مەدەنی و 139 کەس لەهێزەکانی ئاسایش کوژراون، هەروەک بەهۆی کردە توندوتیژییەکانەوە هەزار و 381 کەسیش بریندار بوون .
ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی کوژراوو بریندارانی شەڕی ئەنباری تێدا تۆمار نەکراوە .
لەراپۆرتەکەدا، شاری بەغدا زۆرترین ژمارەی کوژراوو برینداری تێدا تۆمار کراوە، لە ماوەی ئە و مانگەدا کە 239 کەس کوژراون، دوای ئە و پارێزگای سەلاحەدین دێت کە ژمارەی کوژراوان تیایدا گەیشتۆتە 121 کەس، هەروەک لە پارێزگای نەینەوا ژمارەی کوژراوان گەیشتۆتە 94 کەس .
سەرچاوە: بی بی سی
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 132

## ئاماری ڕووداوەکانی سێ ڕۆژی جەژنی نەورۆز لە گەرمیان، دەخرێتەڕوو

http://www.kurdipedia.org/?q=20140324070948580688

خەندان- سۆران کەریم
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، لەماوەی سێ ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا، چەند ڕووداو تاوانێک تۆمارکراون، کە لەسەر یەک کوشتن 16 کەس دەستگیرکراون.
مقەدەم حەسەن محەمەد ساڵح، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی گەرمیان، بە

خەندان_ی ڕاگەیاند :" لە ماوەی سێ ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا، لە سنووری قەزای کەلار یەک حاڵەتی کوشتن لە ناوچەی گەشتیاری قولەبەرز ڕوویداو لەسەر ئە و ڕووداوەش 16 کەس دەستگیرکراون."
ئەوەشی خستەڕوو، کە هاوکات یەک حاڵەتی دزیکردن هەبووە لە گەڕەکی حەمرین_ی شاری کەلار کە تیایدا پری پێنج هەزار و 500 دۆلار لەگەڵ 10 ملیۆن و500 هەزار دینار دزراوە، لەسەر ئە و تاوانەش کەسێک دەستگیرکراوە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێت، وتیشی :" یەک حاڵەتی هاتوچۆش تۆمارکراوە کە لە و ڕووداوەشدا دوو کەس بریندابوون."
لە قەزای خانەقین، یەک حاڵەتی شەڕکردن هەبووە و تیایدا چەک بەکارهێنراوە، بە و هۆیەشەوە کەسێک دەستگیرکراوە، لە ڕووداوێکی هاتوچۆشدا لە جۆری وەرگەڕان سێ کەس بریندارببوون.
مقەدەم حەسەن، ڕوونشیکردەوە، لە قەزای کفری ماڵێک سووتاوە و بە و هۆیەشەوە منداڵێکی چوار ساڵان گیانی لەدەستداوە.
بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی گەرمیان، وتیشی :" بەڵام خۆشبەختانە لە سنووری قەزای چەمچەماڵ لە و سێ ڕۆژەی جەژنی نەورۆزدا، هیچ حاڵەتێک یان ڕووداوێکی نەخوازراو لە لایەن پۆلیسەوە تۆمار نەکراوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 133
## ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆی سلێمانی
http://www.kurdipedia.org/?q=2014072113541777061




...
تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 134
## ئاماری ڕووداوەکانی کوشتن لە مانگی ئازاردا لە نەینەوا ئاشکرا دەکرێت
http://www.kurdipedia.org/?q=2014040209523068420
خەندان - ڕەهێل سەمەد
بە گوێرەی ئامارێک لەمانگی ڕابردوودا زۆرترین ڕووداوی کوشتن بەبەراورد لەگەڵ دوومانگی پێشوو لە سنوری پارێزگای نەینەوا تۆمارکراوە کە زۆرترینیان لە چەکدارانی داعش بووە.
سەعید مەموزینی کارگێری لقی 14ی پارتی لە نەینەوا بە خەندانی ڕاگەیاند: لە مانگی ئازاردا زۆرترین ڕووداوی کوشتن لە پارێزگای نەینەوا بە بەراورد بە مانگەکانی یەک و دووی ئەمساڵ ڕوویداوە.

سەعید مەموزینی وتی: "لە مانگی ئازاردا 198 کەس کوژراون، لەوانە 93یان چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) بوون، ئەوانی تر لە هێزە ئەمنییەکان و کەسانی مەدەنی بوون، کە هەشت کەسیان کوردن."
ئەوەشی خستەڕوو کە کوژرانی 198 کەس لەمانگی رابردوودا لە کاتێکدایە لەمانگی یەک 93 کەس و لەمانگی دوو 73 کەس لە پارێزگای نەینەوا کوژراون، بەمەش ژمارەی کوژراوەکانی مانگی ئازار لەهەردوو مانگەکەی پێشتر زیاتر بووە.
هەروەک چاودێران ئاماژەی بۆدەکەن پارێزگای نەینەوا وەک گەورەترین پارێزگای سوننەنشین لە عیراق بەهۆی نزیکی لە وڵاتی سوریا و بوونی ژمارەیەکی زۆر لە پاشماوەکانی رژێمی بەعس، بەیەکێک لە خراپترین پارێزگاکان لە رووی ئەمنییەوە دادەندرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | موسڵ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 135

## ئاماری زیانەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031621055653213



بەهۆی کیمیارانی هەڵەبجەوە، نزیکەی "15000 کەس شەهیدو بریندار‌بوون،" 112خوێندنگا، 32نەخۆشخانە، 216 گوندیش بە تەواوەتی وێرانکران جگە لە کاولکردنی شارەکە و 4 ناحیەی.
سلێمانی،ئاوێنەنیوز: راگەیاندنی پارێزگاری سلێمانی ئەمڕۆ (یەک شەممە) بڵاویکردەوە لە16ی ئازاری 1988، رژێمی بەعسی عیراق، قەزای هەڵەبجەی سەر بەپارێزگای سلێمانی بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی بۆردومان کرد، "بە و هۆیەوە 5 هەزار هاووڵاتی ئە و شارە شەهید بوون و زیاتر لە 10 هەزار هاوڵاتی تریش برنیدار بوون".
هەروەک دەڵێت، "جگەلە و زیانە زۆرە گیانییە، رژێمی عیراق قەزاکەی بە تەواوتی وێران کردو دانیشتوانی ناوچەکەی راگواست و سەرجەم ناحیە و گوندەکانی خاپور کرد".
مەحمود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی، دەڵێت، "ساڵی 1988 قەزای هەڵەبجە، بەخۆی و ناحیەکانییەوە (سیروان، خورماڵ، بیارە، سەیدسادق) و سەرجەم گوندەکانی بە رێژەی 100% وێران کرا، 24804 هەزار بینا و خانووی ئە و قەزایە لەگەڵ خاکدا یەکسان کرا، کە 22 هەزار بینایان شوێنی نیشتەجێ بوون بوو".
هەروەک دەڵێت، 112 خوێندنگە و 32 نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی، 216 گوند بە تەواوەتی وێران کران، خزمەتگوزارییەکانی وەک : کارەبا، ئاو، فەرمانگە حکومییەکان، رێگەوبان، بە تەواوتی نەمان و لە ناوبران.
مەحمود عوسمان رونیکردۆتەوە،139472 هەزار کەس، کە دانیشتووی ناوچەکە بوون ئاوارە و دەربەدەربوون و راگوێزران.
دوای راپەڕینی بەهاری 1991ی خەڵکی کوردستان، ناوچەکە لە رژێمی رووخاوی بەغداد پاک کرایەوە، بەڵام تا ساڵانێکی دواتریش خزمەتەگوزاریە پێویستەکان نەگەیەندرایە ناوچەکە بەهۆی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکێتی و

بزوتنەوەی ئیسلامی، یەکێتی و جوندالئیسلام.
لە ڕاگەیەندراوەکەی پارێزگاری سلێمانیدا هاتووە، لە ئێستادا جگەلە شاری هەڵەبجە وەک ناوەندی قەزای هەڵەبجە، ناحیەکانی سیروان، خورماڵ، بیارە و 124 گوند ئاوەدان کراونەتەوە لەگەڵ قەزای سەیدسادق و 28 گوندی سەر بە و قەزایە.تەنیا لە قەزای هەڵەبجە 25،872 بینا دروستکراوە کە 20 هەزاریان نیشتەجێ بوونە، لە قەزای سەیدسادقیش 19 هەزار بینا دروستکراوەوەتەوە.
هەروەک دەڵێت، دانیشتوانی ئێستای قەزای هەڵەبجە جگەلە قەزای سەیدسادق کە پێشتر پێکەوەبوون، زیاتر لە 104 هەزار کەسە، 101 فەرمانگەی حکومی لە قەزاکەدا دروستکراوەوە. لە ساڵی 1988دا سەرجەم خوێندنگەکانی ناوچەکە کە ژمارەیان 112 خوێندنگە بووە لەگەڵ خاکدا تەخت کراو بوون، ئێستا 126 خوێندنگە دروستکراوەتەوە، هاوکات زانکۆیەک و 2 پەیمانگەش لە شاری هەڵەبجە دروستکراوە.
لە و ڕاگەیەندراوەدا هاتووە، تەنیا لە قەزای هەڵەبجەی ئێستا 52 نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی دروستکراوە کە پێشتر بە قەزای سەیدسادقی ئێستاشەوە 32 دانە بوون و لە ساڵی 1988دا سەرجەمیان کاولکرابوون.
هەروەک دەڵێت:
هەژاری لەناوچەکەدا 2،4% ە کە کەمترین ڕێژەی عیراقە.
بێکاری بۆ ئە و کەسانەی تەمەنیان لە 15 ساڵ بەرە و سەرەوەیە 15،7%ە.
تێکڕای خەرجی تاک لە مانگێکدا لە قەزای هەڵەبجە 406 هەزار دینارە.
86%هەموو خێزانەکان خانوونی تایبەتی خۆیان هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 16-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | هەڵەبجە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 136

## ئاماری شەش مانگی ڕووداوەکانی ئاگر کەوتنەوە لە کۆیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014070911320476934

داناجەلال
لەشەش مانگی ڕابردوو (267) ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە لە کۆیە ڕوویانداوە و بەوهۆیەوە پێنج هاوڵاتی و سوتاون و (515) دۆنم زەوی لە پوش وپاوان سووتاون و زیانەکانی ئە و ئاگرانەش بەزیاتر لە 120 ملیۆن دینار مەزەندە دەکرێن.
عەمید محەمەد سەعید، بەڕێوبەری بەرگری شارستانی قەزای کۆیە ڕایگەیاند، " لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی شەش، لەسنوری قەزای کۆیە (267) ڕووداوی جۆراوجۆری ئاگرکەوتنەوە ڕوویانداوە کە (19) هاوڵاتی بە و هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە و بریندار بوون.
وتیشی: پێنجیان گیانی لەدەستداوە کەیەکیان ئافرەت بووە ئەوانی دیکەش برینداربوون بەهۆی ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە.
عەمید محەمەد سەعیدئەوەشی ڕاگەیاند، "بەهۆی ئاگرکەوتنەوەکان (515) دۆنم زەوی لە پوش وپاوان سوتاون، هەروەک زەرەری ئاگرکەوتنەوەکان بە (118) ملیۆن و 215 هەزار دینار لەگەڵ (105)

هەزارو 700 دۆلار مەزەندە کراون.
بەڕێوبەری بەرگری شارستانی قەزای کۆیە ئەوەشی خستەڕوو، "لەشەش مانگی ڕابردوو زۆرترین روداوەکان لەمانگی شەشدابوون کە ژمارەیان گەیشتۆتە (112) ڕووداوی جۆراوجۆر .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 09-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 137

## ئاماری شەش مانگی ڕوداوکانی قەزای بەردەرەش

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071621334377023

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای بەردەرەش لە گۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی-دا ئاماری شەش مانگی ڕابردووی ڕووداوەکانی شارۆچکەکەی ڕاگەیاند.
سەعید محەمەد، ئاوێنەنیوز: عەقید زەیدان هەرکی، بەرێوەبەری پۆلیسی قەزای بەردەرەش، رایگەیاند، لە شەش مانگی ڕابردوودا (590) کێشە و ڕووداو هەبووە، لەوانە(172) کێشە لەلایەن دادگاوە داخراوە، (198) کێشە لە دادگای بەردەرەش گواستنەوە (احالە)ی بۆ کراوە، لەگەل ئەوەش (220) کێشەش ئێستا لە ژێر لێکۆلینەوەدایە.
وتیشی، لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا تەنها 2 حاڵەتی کوشتن هەبووە، هەروەها 57 حاڵەتی هاتووچۆ هەبووە، کە 13 کەس بوونەتە قوربانی.
ئاماژەی بەوەشکرد کە رووداوەکان لەچاو ساڵی رابردوودا کەمی کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 16-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 138

## ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی کوبانێ لە ماوەی مانگێکدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014101516184277767

ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)ئەنجامەکانی شەڕ و پێکدادانێکی مانگێکی بەرخۆدانی کوبانێ لەبەرامبەر بە هێرشەکانی چەکدارانی داعش بڵاوکردەوە.
کانتۆنی کوبانێ زیاتر لە ساڵێک و نیوە لەلایەن چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام(داعش) ەوە گەمارۆ دراوە، لە رۆژی 15 ی ئەیلولی مانگی رابردووە چەکدارانی داعش گەورەترین و فراوانترین هێرشیان بە ئامانجی داگیرکردنی کوبانی دەستپێکرد و ئەمرۆ لە سییەمین رۆژدایە.
گروپە چەکدارەکانی داعش بە و چەکە قورس و پێشکەوتووانەی کە لە دوای داگیرکردنی موسڵ و چەند ناوچەیەکی دیکەی عیراق و سوریا دەستیان بەسەردا گرتبوو و هەروەها هاوکاری و پشتیوانییەکانی دەوڵەتی تورکیا لەلایەنی چەک و لوجستیکییەوە رادەستی چەکدارانی داعش

کراوە، هێرشەکانیان بۆ سەر کوبانێ زیاتر کرد.
ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی یەک مانگی بەرخۆدانی کوبانێ
هەفتەی یەکەمین:
چەکدارانی داعش لە ڕۆژی 15 ی ئەیلولەوە دەستیان بە هێرش کردوە، شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)و یەکینەکانی پاراستنی ژن (YPJ)لە بەرخۆدانییەکی شکۆمەندانەدان. لە هەفتەی یەکەمی ئە و مانگەدا (17) شەڕ و پێکدادان روویداوە. لە شەڕ و پێکدادانەکاندا بە گشتی (232) چەکداری داعش کوژراون، (4) تانک، (20) ئۆتۆمبیلی سەربازی و (7) دۆشکا تێکشکێندراون. هەروەها (17) کلاشینکۆف، دوو چەکی(M-16) ، تۆپێکی هاوەن، چەکێکی بیکەیسی، موشەک هاوێژێک، ئارپێجییەک و گەلێک کەرەستەی سەربازی دیکە دەستیان بەسەردا گیراوە. لە شەڕ و پێکدادانەکاندا (32) شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG)و یەکینەکانی پاراستنی ژن (YPJ) شەهید بوون.
هەفتەی دووەم:
لە هەفتەی دووەمی شەڕ و پێکدادانەکاندا دوو ناوەندی چەتەکان تێکشکێندراوە، (4) تانک، (3) چەکی دۆشکای جۆری(23 و 14.5)، هەروەها (9) ئۆتۆمبیلی سەربازی، هەمەرێک، (2) ماتۆر سیکلێت و تۆپێکی هاوەن تێکشکێندراوم. هەروەها (7) چەکی کلاشینکۆفیش دەستیان بەسەردا گیراوە. لە هەفتەی دووەمدا (294) چەتە کوژراون، لە شەڕ و پێکدادانەکاندا (32) شەڕڤانی YPG و YPJشەهید بوون. لە بەرەی ڕۆژئاوای شارەکەش (5) چالاک گیانبازی ئەنجامدراوە. لە شەڕ و پێکدادانەکاندا هەروەها (5) شەڕڤانی بورکان ئەلفرات شەهید بوون.
هەفتەی سێیەم:
لە هەفتەی سێیەمی شەڕ و پێکدادانەکاندا چەتەکانی داعش گورزی کوشندەیان بەرکەوتووە. (2) تانک، (39 تۆپی هاوەن، هەمەرێک، (7) ئۆتۆمبیلی سەربازی، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبرێژکراو بە دوو سەرنشینەوە تێکشکێندراون. (10) کلاشینکۆف، چەکێکی قەناس، ئارپێجییەک، (2) دوربینی شە و دەستیان بەسەردا گیراوە. لە (150) خاڵ شەڕ و پێکدادان روویداوە و (351) چەتەی داعش کوژراون. لە شەڕ و پێکدادانەکاندا هەروەها (41) شەڕڤانی YPG و YPJ شەهید بوون. لە چالاکی گیانبازی ڕێ هەڤاڵ ئارین میرکاندا دەیان چەتەی داعش کوژران. ئارین میلکان بە چالاکییە گیانبازییەکەی خۆی بوو بە سیمبولی کوبانێ. لە شەڕ و پێکدادانەکانی ئە و هەفتەیەشدا (4) شەڕڤانی بورکان ئەلفرات شەهید بوون.
هەفتەی چوارەمین:
لە ئەنجامی بەرخۆدانی شکۆمەندانە و مەزنی شەڕڤانانی YPG و YPJ و گەلی کوبانێ، هەرێمێکی ستراتیجی کە لە ژێر کۆنترۆڵی چەتەکانی داعشدا بوو، رزگار کراوە. (4) ئۆتۆمبیلی سەربازی، ئۆتۆمبیلێکی سەربازی کە تێیدا دەیان چەتەی داعش هەبوون، (3) بارهەڵگر، (5) ئۆتۆمبیلی بۆمبرێژکراو، ماتۆرسیکلێتێکی بۆمبرێژکراو و تۆپێکی هاوەن تێکشکێندراون. لە شەڕ و پێکدادانەکانی ئە و هەفتەیەشدا (417) چەتەی داعش کوژران. هەروەها (3) ئارپێجی و گەلێک موشەک، (21) چەکی سووک، (2) دەمانچە، (16) چەکی کلاشینکۆف، (3) چەکیبیکەیسی، بۆمبە هاوێژێک و گەلێک جبەخانە دەستیان بەسەردا گیراوە. لە و هەفتەیەدا (24) شەڕڤانی YPG و YPJ کە لە ناویاندا فەرماندارێکی کەتیبەیەکی YPJ بە ناوی ڕۆژدا ئاخین شەهید بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 15-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کۆبانی
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 139
**ئاماری شەڕی 40 ڕۆژەی کۆبانێ**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141026151515577825
ڕێکخراوێکی مرۆیی سوریا رایگەیاند کە لەسەرەتای هێرشی چەکدارانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش بۆ سەر کۆبانێ جگە لە کوژراوانی هێرشە ئاسمانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، زیاتر لە 800 کەس کوژراون.
ئەمرۆ روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ کە ڕێکخراوێکی مرۆییە رایگەیاند کە لەسەرەتای هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر کۆبانێ، زیاتر لە 800 کەس کوژراون.
روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ کە ژمارەیەکی زۆر چالاکوان و هەواڵنێری لە سوریا هەیە دەڵێت:"لە 16ی ئەیلولی رابردووەوە 481 چەکداری داعش لە کۆبانێ کوژراون."
ئاماژەشی بەوەداوە کە 302 شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" و یەکینەکانی پاراستنی ژن "یەپەژە" کە بەرگری لە کۆبانێ دەکەن دژی داعش و 10 کوردی تر و خۆبەخشێکی کورد کە لەگەڵ شەڕڤانان دژی داعش دەجەنگێت گیانیان لەدەست داوە.
ڕێکخراوەکە ئەوەشی خستەڕوو کە لە هەمان ماوەدا 21 هاوڵاتی مەدەنی کورد شەهیدبوون و زۆربەی دانیشتوانی شارەکەش بەهۆی بارودۆخی شەڕەوە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان جێهێشتووە و ئاوارەی تورکیا بوون.
شەڕی سەر کوبانێ لە 16ی ئەیلولی رابردووەوە دەستی پێکرد کاتێک چەکدارانی داعش کە خەلافەتیان لە ناوچەکانی ژێردەستیان راگەیاندووە، هێرشەکانیان بۆ دەستبەسەرداگرتنی شاری کۆبانێ لە رۆژئاوای کوردستان لەسەر سنووری تورکیا دەستپێکرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 26-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 140

## ئاماری شەڕی مانگی تەموزی 2015 لە ڕۆژئاوای کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150805114236125047



ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لەڕاگەیەندراوێکدا، ئاماژەی بەوەکردوە بەگشتی لەشەڕو ڕوبەڕوبونەوەکاندا 831 چەکداری داعش کوژراونو و تەرمی 679 داعشیش کەوتوەتە دەست شەڕڤانانی یەپەگە و دوو چەکداریش بەدیل گیراون، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێلی سەربازی و تانک و زرێپۆشی کەوتوەتە دەست شەڕڤانان. لەڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە: لەمانگی ڕابردودا 62 چالاکی و ئۆپەراسیۆنو122 ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ تیرۆرستان ڕویداوە کە لە ئەنجامدا 71 شەڕڤان شەهیدبوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل - YPG ژنان - YPJ شەنگال(YBŞ) |
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |

وڵات: رۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 141

## ئاماری قوربانیانی ئەمڕۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ 06-03-2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150307111434655576

بەهۆی روداوی هاتوچۆوە لە هەرێمی کوردستان، پێنج کەس گیانی لەدەستدا و هەشت کەسی دیکەش بریندار بوون .
هەرێم عەبدوڵڵا، پەیامنێری خەندان لە چەمچەماڵەوە پێی ڕاگەیاندین:" ئێوارەی ئەمڕۆ 6ی ئازاری 2015 لە سەر ڕێگەی سەرەکی بانی مەقان – چەمچەماڵ، دوو ئۆتۆمبێل لەجۆری لاندکرۆزەرو بیجۆ بەیەکیانداوە و لەئەنجامدا شۆفێری ئۆتۆمبێلی بیجۆکە گیانی لەدەستداوە و سەرنشین و شۆفێری لاندکرۆزەرەکەش بریندار بوون."
لە لێدوانێکیشدا عومەر عەلی بەڕێوەبەری هاتوچۆی چەمچەماڵ رایگەیاند: "بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانی هاتووچۆوە ئە و ڕووداوە دروست بووە."
لەلایەکیترەوە هەردی حەسەن پەیامنێری خەندان رایگەیاند پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ هەینی6ی ئازاری 2015 لەنێوان ڕێگای ژاراوە - سەنگەسەر لە پشدەر بە ڕووداوێکی هاتووچۆ دوو کەس بوونەتە قوربانی و کەسێکی تریش برینداربوو.
لە و بارەیەوە تەها محەمەد لێپرسراوی راگەیاندنی تەندروستی ڕاپەڕین بەخەندانی راگەیاند: "کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ 6ی ئازاری 2015، لەسەر ڕێگای ژاراوە سەنگەسەر بەهۆی پابەند نەبوونیان بە ڕێنمایەکانی هاتووچۆوە ئۆتۆمبێلێک و ماتۆرسکیلێک پێکیاندادوا بە و هۆیەوە دووکەس گیانیان لە دەستداو کەسێکیتریش برینداربوو."
ئاماژەی بەوەشکرد کە " یەکێک لە قوربانییەکان کارمەندی پۆلیسی هاتووچۆیە و دوو قوربانییەکە یەکێکیان تەمەنی 23 ساڵە و ئەویتریشیان 24 ساڵە، دوای توێکاری پزیشکی، تەرمەکانیان ڕادەستی کەسوکاریان کراوەتەوە و برینداره‌کەش باری تەندروستی جێگیرە."
هەروەها بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێلیشەوە لەسەر ڕێگای سلێمانی تانجەرۆ، دوو هاوڵاتی گیانیان لە دەستداو پێنجی دیکەش برینداربوون.
بەهمەن عەبدوڵڵا، وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی بە خەندانی راگەیاند:" کەمێک پێش ئێستا لەسەر ڕێگای سلێمانی تانجەرۆ، بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێلێکی جۆری نیسان سەنی و ئوتومبێلێکی بارهەڵگر، کەسێکی بەتەمەن و منداڵێکی نۆساڵان گیانیان لەدەستداوە و پێنج کەسی دیکەش بەهۆی ڕووداوەکەوە برینداربوون."
وتیشی: "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان نیسان سەنیەکە کۆنترۆڵی لە دەستداوە و خۆیکردوە بەژێر ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکەدا."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 06-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🚗ڕووداوی هاتووچۆ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 142

## ئاماری گیان لەدەستدانی کرێکاران بڵاودەکرێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015072109160385762

لقی هەولێری سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان ئاماری ئە و کرێکارانەی لەسەر کارەکانیان گیان لەدەستداوە لە نسوری پارێزگای هەولێردا ئاشکرا دەکات.
حەسەن رەمەزان لێپرسراوی راگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکاکانی کرێکارانی کورستان بە خەندانی راگەیاند: لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاکو 15/7/ 2015، لە سنوری پارێزگای هەولێر نۆ کرێکار لەسەرکارەکانیان گیان لەدەستداوە.
وتیشی: لە ئێستادا باسلەوەدەکرێت کە رۆژی 2015/7/15 کرێکارێکی تریش لەسەر کارەکەی گیانی لەدەستدابێت، بەڵام ئێمە دڵنیانین لە و حالەتە، لەکاتی دەرکەوتنی راستی رووداوەکەش ژمارەی ئە و کرێکارانە دەگاتە 10 کرێکار.
ئاماژەی بەوەشکرد، لە ساڵی2013 دا لە سنوری پارێزگای هەولێر 33 کرێکار لەسەر کارەکانیان گیان لەدەستداوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی وەستانی زۆربەی پرۆژەکان ئە و رێژەیە لە ساڵی 2014دا، بۆ 15 قوربانی کەم بۆتەوە.
باسی لەوەشکرد، هۆکاری سەرەکی ئە و رووداناوە کەمتەرمی خاوەن کار و کۆمپانیاکانە لە دابینکردنی شوێنی شیاو و سەلامەت بۆکرێکاران، نەبوونی یاسایەک بۆ سزادانەی ئەوانەی کەمتەرخەم بوونە، بۆیە پێویستە یاساکانی تایبەت بە مافی کرێکاران لە پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێتەوە، تاکو رێگا لە ودیاردە بگرێت کە ناوەناوە دووبارە دەبێتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 21-07-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 143

## ئاماری هاوردە و هەناردەکردنی کاڵاکان لە هەرێمی کوردستان خرایەڕوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020714543171122



رەهێڵ سەمەد
ئەمڕۆ شەممە 7ی شوباتی 2015 لە شاری هەولێر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا یەکێتی هاوردە و هەناردەکارانی کوردستان ئاماری هاوردە و هەناردنی کاڵاکانی ساڵی 2014ی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان خستەڕوو.
لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا شێخ مستەفا شێخ عەبدولڕەحمان سەرۆکی یەکێتی هاوردە و هەناردەکارانی کوردستان راگەیاند: "لەماوەی ساڵی رابردوو لە هەرێمی کوردستان 262 کارگە مۆڵەتی دامەزراندنی پێدراوە، لەوانە 181 کارگە لە هەولێر و 67 کارگە لە سلێمانی و 14 کارگەش لە دهۆک مۆڵەتیان پێدراوە."
وتیشی: "هەر لە و ساڵەدا 2 هەزار و 227 کۆمپانیای ناوخۆیی و 264 کۆمپانیای بیانی تۆمارکراون. بەمەش ژمارەی کۆمپانیاکانی ناوخۆ بەگشتی دەگاتە 19 هەزارو 644 کۆمپانیا و ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکانیش دەگاتە 3 هەزار و 25 کۆمپانیا."
شێخ مستەفا شێخ عەبدولڕەحمان راشیگەیاند: "زۆرترین ئە و

کۆمپانیایانەی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون لە وڵاتی تورکیاوە هاتوون کە ڕێژەکەی 44%ی کۆمپانیاکان پێکدەهێنێت، لەدوای ئەویش وڵاتی ئێران و ئیمارات و لوبنان و ئەمەریکا و بەریتانیا دێن."
لەبارەی ئاماری هاوردەکردنیش بۆ هەموو مەرزە نێودەوڵەتی و مەرزە نافەرمییەکانیشەوە لە ئامارەکەی یەکێتی هاوردە و هەناردەکاراندا هاتووە: "لەماوەی ساڵی ڕابردوو 4096 مۆڵەت بە هاوردەکردن لە نۆ خاڵی گومرگی سەرتاسەری هەرێم دراوە کە بایی 10 تریلیۆن و 584 ملیارو 150 ملیۆن دینارە دینار بووە."
سەرۆکی یەکێتی هاوردە و هەناردەکاران ئاماژەی بەوەشکرد: "هاوردەکردنی کاڵاکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە و بارودۆخی دارایی و ئەمنی ناوچەکە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بازرگانی نەکردووە."
ڕوونیشیکردەوە: "لەبەرانبەر هاوردەکردن ڕێژەی هەناردەکردنی کەلوپەلی ناوخۆ بۆ دەرەوە تەنیا 118 مۆڵەت دراوە ئەوانیش 233 هەزار و 144 پارچە بووە، ئە و ژمارەیەش زۆر کەمە و ئە و کاڵایانەی هەناردەکراوە چەند بابەتێکی دیاریکراوە وەک (خورما، مس، کۆکراوەی پاشماوەی خاشاک، پێستە، خوری، موی بزن، پرستیکی هاڕاو، هەنگوین، بنێشتی کوردی، زەیتون، پەتاتە."(
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 144

## ئاماری کوژراوانی داعش لە کانوونی دووەمی 2015

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020110382769633

سەعید محەمەد

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: "تەنیا لە مانگی کانوونی دووەمی 2015 هەشت سەد و 36 داعش بە دەستی پێشمەرگەی کوردستان کوژراون."
سەعید مەم و زینی بەرپرسی ڕاگەیاندنی لقی چواردەی پارتی و ئاگادار لە ڕەوشی موسڵ، بە خەندانی ڕاگەیاند: "لەماوەی مانگی ڕابردووی 2015 بەپێی ئە و ئامار و زانیارییەی لای ئێمە هەیە 836 داعش بە دەستی پێشمەرگە کوژراون، هەروەها داعش 42 ئافرەتی لە و مانگە کوشتووە."
وتیشی: "هەر لە و مانگەدا یەکی داعش 107 هاوڵاتی مەدەنی لە موسڵ کوشتووە کە 7 لە و هاوڵاتیانە کوردن، هەروەها 4 ئەندازیاری دەستگیر کردووە."
ئاماژەی بەوەشکرد: "شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی بۆردومانی مۆڵگەکانی داعشی کردووە لە گەڕەکی سۆمەرییەی موسڵ و 7 چەکداری داعشی کوژراون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💣تاوانی جەنگ

ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 145

## ئامارێک ؛ سلێمانی لە دەستدرێژی سێکسی دا یەکەمە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131204201938874 41

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئاماری توندوتیژیەکانی مانگی ئەیلول بڵاودەکاتەوە کە بە پێی ئامارەکە سلێمانی لە دەستدرێژی سێکسیدا یەکەمە و هەولێریش لە کوشتنی ژناندا یەکەمە.
بەگوێرەی ئامارەکە کە وێنەیەکی دەست ماڵپەڕی گەڕان کەوتووە، 4 حاڵەتی کوشتن لەشای هەولێر هەبووەو 149 سکاڵاش لەسەر جۆرەکانی دەستدرێژیی تۆمارکراوە، هاوکات 13 حاڵەتی سووتان و 3 حاڵەتی خۆسووتانیش لەوشارە روویانداوە.
بەگوێرەی ئامارەکە، لەشاری سلێمانی 10 حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی هەبوون، 3 حاڵەتی خۆسووتان و 1 رووداوی خۆککوشتنیش تۆمار کراوە.
بەگشتی و لەمانگی ئەیلولدا، 5 کوشتن و 3 خۆکوشتن و 30 حاڵەتی سووتان و 14 دەستدرێژی سێکسی هەبوون لەهەرێمی کوردستان و بەگشتی 554 حاڵەت لەمانگی ئەیلولد تۆمار کراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - 04-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 146

## ئامارێک ژمارەی سەرجەم ئەو ئاوارانە دەخاتەڕوو کە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140830200957699 95

سەرژمێرییەکی رەسمی دەریخست، لەسەرەتای ئەمساڵەوە تائێستا 850 هەزار کەس لە ناوچە جیاجیاکانی عیراق ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون و بەشی زۆری ئەم ژمارەیەش لە پارێزگای دهۆک نیشتەجێبوون .
سەرژمێرییەکی هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ زانینی ژمارەی سەرەتایی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان دەریخست، لە سەرەتای ساڵی 2014 تا ئێستا نزیکەی 850 هەزار کەس لە ناوچە جیاجیاکانی عیراق ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، رێژەی 64% ئەو ئاوارانەش روویان لە پارێزگای دهۆک کردووە .
بەپێی ئامارە هاوبەشەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوەیەککگرتووەکان کە لە راگەیەنراوێکی رۆژنامەوانی هاوبەشدا وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، "لە کۆی یەک ملیۆن و 800 هەزار کە لەعیراق ئاوارەبوون بەهۆی نائارامی دۆخی ئەمنی ئەمدواییەو پەلاماری چەکدارانی داعش، زیاتر لە 600 هەزاریان تەنها لە مانگی ئابدا ئاوارەبوون، بەتایبەتیش ئەو ئاوارانە لە پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە و ئەنبارن.
بەپێی دوایین زانیاریی کە بە سەرپەرشتی وەزیری پلاندانانی هەرێم و رێکخراوی کۆچی جیهانی (IOM)دەستکەوتوون، دەرکەوتووە کە ئاوارەکان لە زیاتر لە هەزار شوێن لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا نیشتەجێکراون .
لە راگەیەنراوە رۆژنامەوانیە هاوبەشەکەدا ئەوەش باسی لێوەکراوە، "هاتنی زیاتر لە 850 هەزار

کەس لەئاوارەکانی عیراق بۆ هەرێمی کوردستان، دوای هاتنی نزیکەی 226 هەزار پەناهەندەی سووری دێت کە ئەوانیش پێشتر بەهۆی نالەباری بارودۆخی ئەمنی وڵاتەکەیان روویان لەهەرێمی کوردستان کردبوو، ئەو ژمارەیەش لە لایەن رێکخراوی پەنابەرانی جیهانی (UNHCR) تۆمارکراوە .
پێشتریش هەر بەهۆی دۆخی نالەباری ئەمنی عیراق، "نزیکەی 325 هەزار کەس لە ناوچەکانی عیراقەوە بەر لە 2014 روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بەمەش کۆی گشتیی ئاوارەکانی روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە دەگاتە یەک ملیۆن 400 هەزار کەس ، "ئەمەش بارگرانیەکی زۆر دەخاتە سەر خەڵک و حکومەتی هەرێمی کوردستان ."
هەر لە راگەیەنراوە رۆژنامەوانەی هاوبەشەکەدا هاتووە، "پارێزگای دهۆک بە هەر 7 قەزاکەیەوە زیاتر لە نیو ملیۆن ئاوارە لە خۆدەگرێت کە پێویستیان بە شوێنی حەوانەوە، خواردن، ئاو، دەرمان و پاراستن هەیە دوای ئەوەی رێکخراوی تیرۆرستی داعش قەزای شەنگال و چەند ناوچەیەکی تری داگیرکرد". ئەوەشی تێدا خراوەتەڕوو، "تەنها لە مانگی ئابدا، 89% ی کۆی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان روویان لە پارێزگای دهۆک کردووە ."
بەپێی راگەیاندنە رۆژنامەوانیە هاوبەشەکە، "بەهۆی خێرایی و گەورەیی قەبارەی ئەم شەپۆلانەی ئاوارەبوون و دابەشبوونیان بەسەر زۆر شوێنی جیاجیا لە هەرێمی کوردستان، پرۆسەی ژماردنی ئاوارەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کارێکی ئەستەم بوو"، دەشڵێت: هەر چەندە ئەنجامدانی پرۆسەی ژماردن لە 10 رۆژی رابردوودا ژمارەیەکی نزیک لە ژمارەی راستەقینەدا خستە بەردەست، بەڵام وەزارەتی پلاندانان بەرنامەی داڕشتووە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی (سەرژمێری سەرتاسەری ئاوارەکان و پەناهەندان لە هەرێمی کوردستان) لە چەند مانگی داهاتودا بۆ بە دەستهێنانی داتای تەواو لە ژمارە و پێداویستیەکانی ئاوارەکان، ئەم پرۆسەیەش بە هاوکاری تەواوی دارایی و تەکنیکی رێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجام دەدرێت .
لە بارەی ئەم پرۆسەیەوە، د. علی سندی، وەزیری پلاندانان رایگەیاند کە، "ئەمە یەکەم هەنگاوە کە زۆر کرنگە بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیان بۆ ئەو کەسانەی کە لە رەوشێکی زۆر دژواردان"، دەشڵێت: ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەین بۆ دیاریکردنی ئەوەی لە تواناماندایە لەگەڵا هاوکارانمان ئەنجامی بدەین. لە چەند هەفتەی داهاتوودا، ستراتیجیەتێکی تەواو روونمان دەبێت بەڵام راستیەکەی ئەرکەکان زۆر سەختە. لە ئێستادا بەردەوام دەبین لە دروستکردنی کەمپ بۆ زۆرترین ژمارەی ئاوارەکان.
نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکاری حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە دابینکردن و گەیاندنی هاوکاری بە پەلە بۆ ئاوارەکان، و هەوڵەکانی چڕتر کردووە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ ئاوارەکان لە سەرتاسەری عیراق.
کێڤن کەنەدی، جێگری رێکخەری کاروباری مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عیراق رایگەیاند، "ئەمە ئەرکێکی سەختە، و نەتەوەیەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی لە رێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان بە تەواوی پابەندن بە بەدەنگەوەهاتنی ئەم بارودۆخە ."
دەشڵێت: هەزاران تەن هاوکاری گەیەندراوە بە ئاوارەکان و سەدان کارمەندی UN گەیشتوون بۆ هەرێمی کوردستان لەم قەیرانەی ئیستای عیراقدا، هەروەک پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی کارێکی ئاسان نییە لە عیراق لەبەر بارودۆخی ئەمنی، و گەورەیی قەبارەی ئاوارەبوون، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای هاوکاری بێ وێنە و لە نزیکەوە سەرپەرشتی کردنی کارەکان زۆر یارمەتیمان دەدات. ئەم قەیرانەی ئاواربوون هاوشێوەی کۆڕەوی ساڵی 1991 سەخت و دژوارە، بۆیە پێویستە هەموو لایەک بە هەستێکی لێپرسراویەتی بەدەنگەوەی بێت بەمەبەستی رێکخستن و گەیاندنی یارمەتی مرۆیی پێویست ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 30-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 147

## ئامارێکی ترسناک لەبارەی کچان و ژنانی عێراقەوە بڵاودەکرێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021810051884787

زیاتر لە 10 هەزار ژن و کچی عێراقی ڕفێنراون یاخود مامەڵەی بازرگانیان پێوەکراوە و کراونەتە کۆیلە و بەکارهێنراون بۆ مەبەستی سێکسی و لەشفرۆشی و خوێنبایی، ئەمەش بەپێی راپۆرتێکی گروپی مافەکانی مرۆڤ لەعێراق.

ئاوێنەنیوز: چالاکوانانی بواری مافەکانی مرۆڤ مەزەندەی ئەوە دەکەن کە لەدوای ئازادکردنی عێراقەوە لەساڵی 2003 تا ئێستا نزیکەی 14 هەزار ئافرەت لەعێراق کوژرابن و چەندین ژن و کچیش دەستدرێژییان کراوەتەسەر کە منداڵی تەمەن 4 ساڵانیان تێدابوە.

لەراپۆرتێکدا چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەوە کردوە کە بەشێکی زۆر لەژنەکان بەهۆی تێکچونی باری دەرونیان پەنایان بۆ کاری خۆکوژیی بردوە .

ئە و گروپە باسیان لەوەش کردوە کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بازرگانیکردن بەئافرەتانەوە وەک قارچک سەریهەڵداوە و گروپی چەکدارانی داعش رۆڵی سەرەکییان گێراوە لەکڕین و فرۆشتن بەکچانەوە .

کوردانی ئێزدیی کە لەسەرەتای مانگی ئابی 2014 لەلایەن داعشەوە پەلاماری شارەکەیان (شەنگال) درا، پشکی شێریان بەرکەوت لە و مەسەلەیەداو هێشتا ژمارەیەکی زۆر لەژنان و کچانی ئێزدی وەک کۆیلە لەلایەن ئە و چەکدارانەوە مامەڵەیان پێوەدەکرێت .

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 18-02-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 148

## ئامارێکی تری مەترسیدار لە کوژراو و بریندارانی عیراق

http://www.kurdipedia.org/?q=20140707203910101058

ڕێکخراوێکی تایبەت بە بەدواداچوونی کۆمەڵکوژی و توندوتیژیی، ئاشکرایکرد، زیاتر لە 15 هەزار کەس لەماوەی نیوەی یەکەمی ئەمساڵ لەعیراق کوژراوو بریندارابوون.

ڕێکخراوەکە بەناوی (کەمپینی نیشتمانی بۆ هەژمارکردنی تەقینەوەکانی عیراق بە کۆمەڵکوژیی) لەبەیاننامەیەکیدا ئەمڕۆ دووشەممە (7 تەمموزی 2014) رایگەیاند، "ژمارەی کوژراوان و بریندارانی پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵ گەیشتۆتە نزیکەی 6 هەزار کوژراوو 9 هەزار و 81 بریندار."

لە بەیاننامەکەیدا ڕێکخراوەکە ئەوەشی خستەڕوو، " ئە و ژمارە بەرچاوە لە کوژراووبریندار لەریزی خەڵکانی مەدەنی و هێزە ئەمنیەکان و بەرزبوونەوەی ئە و ژمارەیە بەبەردەوامی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی گرتنەبەری ڕێوشوێنی بەپەلە بۆ ڕێگریی کردن لە رشتنی خوێنی زیاتری هاوڵاتیانی عیراق."

ڕێکخراوەکە باسی لەوەشکرد، " 11 ساڵە جەنگی کۆمەڵکوژی دژ بە هاوڵاتیانی عیراق دەکرێت بەبێ وەستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەبەرامبەر ئە و هەمو خوێنڕشتنەی ناوخۆی عیراق بێدەنگی هەڵبژاردووە، تەنانەت لە و هەڵمەتە تیرۆریستیەی عیراق لە ئێستادا دووچاری هاتووە، وڵاتانی خۆرئاوا هەر بێدەنگن."

ڕێکخراوەکە داوایکرد، " کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەقینەوە و کردە توندوتیژییەکانی ناوخۆی عیراق لە

لیستی کۆمەڵکوژی هەژمار بکات بەپێی ڕێکەوتنی ساڵی 1948 کە عیراق یەکێکە لە و وڵاتانەی پەیوەستە بە و ڕێکەوتنەوە."
لە ڕۆژی 10 حوزەیرانی ئەمساڵەوە، ڕەوشی ئەمنی عیراق بەجۆرێک پشێووی زیاتری تێکەوت بەبەراورد بەپێشوو، کە هێزەکانی سوپای عیراق نەیتوانی بەرگەبگرن لەبەرامبەر پەلاماری چەکدارەکانی داعش، ئە و ڕۆژەی هەڵیانکوتایە سەر پارێزگای نەینەوا و بەدواشیدا دەستیانگرت بەسەر چەند ناوچەیەکی دیکەی ناوەڕاستی عیراقدا .
سەرچاوە : سۆمەریە نیوز
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: تاوانی جەنگ
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 149
## ئامارێکی دادگای کەرکوک
http://www.kurdipedia.org/?q=20150217020140119390



ئەمڕۆ دووشەممە 2015/16/2 لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەلایەن موئەید ئیبراهیم نعێمی سەرۆکی دادگای کەرکوک،
بەپێی ئەو ئامارە لەساڵی 2014دا دۆسیەی 291 ئافرەت یەکلاییکراوەتەوە کە تاوانیان بەرامبەر کراوە، ئەوەش لەکۆی تەواوی ئەو سکاڵایانەی لەو دادگایە تۆمارکراوە کە 18 هەزارو 778 سکاڵابونو لەو ڕێژەیەش 15 هەزارو 45یان یەکلاییکراونەتەوە.
هەروەها 618 سکاڵا لەدژی هەڕەشەو ڕفاندن تۆمارکراوە.
تەنها لە ساڵی 2015دا تەنیا چوار تۆمەتبار بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە.
سەرچاوە: کەرکوک ناو

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: توندوتیژی
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 150
## ئامارێکی ڕێژەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێم خرایەڕوو
http://www.kurdipedia.org/?q=2013123016394587004



خەندان - ڕەهێڵ سەمەد
بەگوێرەی ڕاپرسییەک کە ئەمڕۆ لە شاری هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا خرایەڕوو، کەمتر لەسەدا دووی هاوڵاتیانی هەرێم ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن.
زیاد حەمد سکرتێری ڕێکخراوی هۆشیاری لاوان ڕاگەیاند: لەڕێگای ڕاپرسییەک و لە ئەنجامی دابەشکردنی (4) هەزار فۆرم کە (3128) فۆرم گەڕاوتەوە، کە (21) پرسیار ئاراستەی هاوڵاتیان کراوە لە هەردوو ڕەگەز، خۆشبەختانە دەرکەوتووە ڕێژەیەکی کەم بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر هەیە لە هەرێمی کوردستاندا.
زیاد حەمد وتی: "لە و ڕێژەی فۆرمانەی کە بەدەستمان گەشتووەتەوە، تەنها (60) کەس ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن."
ئاماژەشی بەوەدا کە "ئەویش کەمترە لە سەدا دووی دانیشتوانی هەرێم لە هەردوو ڕەگەز، بەڵام ڕاپرسییەکە دەریدەخات کە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێم بوونی هەیە."
هەرلە و کۆنفرانسە ئەوە ڕاگەیەندرا کە بەپێی ئامارێک لەشاری کەرکوک کە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بڵاوکراوەتەوە (460) کچ بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن و بەشێکیشیان بەوهۆیەوە پەردەی کچێنیان لەدەستداوە، تەمەنیشیان لە 18 بۆ (24) ساڵییە، بۆیە کەرکوک پێویستە گرنگی پێبدرێ.
هەروەک لەسنوری قەزای سۆران (310) کەسی تر لە ڕەگەزی مێینە ئالودەی ماددە هۆشبەرەکانن، بەپێێ سەردانێکی مەیدانیش بۆ خوێندنگاکان، لەشاری سلێمانی (25) خوێندکاری کچ ئالودەی بەکارهێنانی حەپن.
هەروەک یاسا ناسان ئاماژەی بۆ دەکەن سزای ئە و کەسانەی مادەی هۆشبەر بەکار دەهێنن سزایەکی قورسە تا دەگاتە لە سێدارەدان و زیندانی هەتاهەتایی .
خستنەڕووی ئە و ئامارە لەکاتێکدایە کە لە کۆتایی مانگی 10ی ئەمساڵ لەلایەن ئاسایشی گشتی هەرێم لەناوبردنی یەک تەن ماددەی هۆشبەری جۆراوجۆر ڕاگەیەندرا، کە لە ماوەی 2-3 ساڵی ڕابردوو لە سنوری هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆک دەستیان بەسەردا گیرابوو.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 30-12-2013


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 151

## ئامارێکی نافەڕمیی ژمارەی کورد لە کوردستان و دەرەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20120709215830719 54



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 152

## ئامارەکانی دزییکردن لە سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140118091812866633

بەڕێوەبەری پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لەسلێمانی رائید ئەکرەم قادر حسێن لەدیدارێکی ئاوێنەدا ئاماژە بەوە دەکات، کە لەساڵی 2012دا 1318 حاڵەتی دزییکردن لەبەڕێوەبەرایەتییەکەیان تۆمارکراوە، بەڵام لەساڵی 2013دا 1150 حاڵەتی دزییکردن تۆمارکراوە، واتە "بەبەراوورد بەساڵی 2012، لەساڵی 2013دا 168 حاڵەتی دزییکردن کەمی کردووە". ئە و رونیشکردەوە کە لەساڵی 2012دا لەسەر دزییکردن فەرمانی دەستگیرکردن بۆ 771 کەس دەرچووە و هەمووشیان دەستگیرکراون، بەڵام لەساڵی 2013دا 821 کەس لەسەر دزییکردن دەستگیرکراوە "ئاماری ئە و دوو ساڵە ئەوەمان پێدەڵێت کە دزییکردن کەمی کردووە، بەڵام دەستگیرکردنی ئە و کەسانەی دزییان کردووە زیادی کردووە" بەڵام ئەوەی جێی داخە بۆ رائید ئەکرەم، نزیکەی 50 کەس لەوانەی لە2013دا لەسەر دزییکردن دەستگیرکراون، پێشتر بەهەمان شێوە لەسەر دزییکردن دەستگیرکراون.

زۆرترین دزیی لەچ بوارێکدا کراوە؟

بەوتەی رائید ئەکرەم زۆرترین حاڵەتی دزیی کە لە2013 تۆمارکراوە، دزیی ماڵان بووە، ژن و مێردێکیش لەگەڕەکی بەکرەجۆ کە لەهەمان ساڵدا پێکەوە دەستگیرکراون، زۆرترین دزییان کردووە، کە پرینی 25ماڵ بووە و سەرجەمی ئە و شتانەش کە دزیویانە نزیکەی 1کیلۆ ئاڵتون و 12ملیۆن دینار بووە، پاشان دزینی پارە بەقاسەوە یەکێکی تر بووە لەدزییە باوەکانی ئە و ساڵە"ئەوەی زۆر دیاربوو ماڵێک لەگەڕەکی مەجیدبەگ، چوو بوون بۆ سەیران کە هاتبوونەوە قاسەکەیان دزرابوو، بەوتەی خۆیان نزیکەی 10 دەفتەر دۆلاری تێدا بووە، خۆشبەختانە لەماوەی چەند رۆژێکدا ئەنجامدەرانی ئە و کارەمان دەستگیرکرد کە لە6 کەس پێکهاتبوون". بردن و سوتاندنی ئۆتۆمبیلی هاوڵاتیان لەمانگی نۆ و کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا یەکێکی تر بوو لە و کارانەی کە ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی سەرقاڵکردبوو، لەوبارەیەوە رائید ئەکرەم وتی "لەسەر سوتاندنی 6ئۆتۆمبیل و 2مارکێت لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن کۆمەڵێک کەسمان دەستگیرکرد کە بەراستی لەوکاتەدا پشێوییەکی زۆریان دروستکردبوو". هاوکات هەر لەساڵی 2013دا دوو باندی بەرەگەز عارەبیان دەستگیرکردوە کە جامی ئۆتۆمبیلی هاوڵاتیانیان شکاندوە و پارەیان تێدا بردووە، جگە لەوەش سێ ئافرەتی ناوچەی بادینانیان لەسەر دزینی ئاڵتون دەستگیرکردوە.

دزیی نەوت سەیرترین جۆری دزیی بووە

سەیرترین جۆری دزیی بەپێوای بەڕێوەبەری پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لەسلێمانی، دزیی نەوت بووە لەماڵان، بەڵام بەشێوازێکی سەیر و دەگمەن، زۆرێک لەهاوڵاتیان کاتێک بەرمیلێک نەوت وەردەگرن، بە (موزەخە) بۆ تەنکییەکی گەورەتری ماڵەکەیانی دەگوازنەوە، چەند کەسێکیش لەگەڕەکەکاندا بەناوی ئە و کارەوە، دزییان لەهاوڵاتیان کردووە، بەجۆرێک لەکاتی گواستنەوەی نەوتەکەدا سۆندەیەکیشیان بۆ بەرمیلێکی ژێر ئۆتۆمبیلەکەیان گواستۆتەوە بە و رێگایە بەشێک لەنەوتەکەیان دزیوە، وەک رائید ئەکرەم دەڵێت "چەند نەوتیان بۆ تەنکییەکەی ماڵەکە ناردووە نزیکەی ئەوەندەشیان دزیوە، لەهەمووی سەیرتر پارەی گواستنەوەی نەوتەکەشیان لەماڵەکان سەندووە، خۆشبەختانە دوای وردبینییەکی زۆر توانیمان ئە و دزییە ئاشکرا بکەین و 4ئۆتۆمبیل و 6

کەسیشمان لەسەر ئەوە دەستگیرکرد."
کامێرای چاودێریی زۆر هاوکاریانە
دانانی کامێرەی چاودێریی لەزۆرێک لەماڵان و بازاڕ و دوکانەکانی سلێمانی وەک رائید ئەکرەم جەختی لەسەر کردەوە، زۆر هاوکاری ئەوانی کردووە و چەندین تاوانی دزییان لە و رێگایەوە ئاشکرا کردووە، بۆ ئەمەش باسی لەچەند حاڵەتێک کرد یەکێک لەوانە "شەوێکی درەنگ لەنزیک دووکانێکی مەشروبات 5 کەسمان دەستگیرکرد، دواتر خاوەنی دووکانەکە وتی دووکانەکەم پرراوە، پاش لێکۆڵینەوە و بینینی کامێرەیەکی چاودێریی دووکانەکە دەرکەوت ئە و کەسانەی ئێمە دەستگیرمان کردوون، هەمان ئە و کەسانەن کە دزییەکەیان کردووە، هەر لەرێگای کامێرەیەکەوە بۆمان دەرکەوت کە دزیی تریان کردووە، بۆیە داوا لەهاوڵاتیان دەکەین چەند بۆیان دەکرێت کامێرەی چاودێریی دابنێن". ناوبراو هێمای بەوەشدا کە تۆمەتبارێکی تری دزییان لەرێگای کامێرەی جەڕەسی ماڵانەوە دۆزیوەتەوە و دەستگیریان کردووە.
شەش نووسینگەیان هەیە و پێویستیان بەپێنجی ترە
لەئێستادا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان جگە لەنووسینگە سەرەکییەکەیان 5 نووسینگەی تریشیان لەناوچە جیاجیاکانی شاری سلێمانیدا هەیە، بەڵام بەتەنها بە و نووسینگانە کارەکانیان بەباشی بۆ ناکرێت، هەربۆیە پێشنیاریان کردووە لەساڵی 2014 وەزارەتی ناوخۆ رەزامەندی بنوێنن لەسەر کردنەوەی 5 نووسینگەی تر "ئەگەر رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ بەدەستبێنین و 5نووسینگەی تر بکەینەوە، کارەکانمان زۆر لەئێستا باشتر بەڕێوە دەچێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 18-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 153

## ئامارەکانی گرتووخانەی شاری کامیارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015022110246119427



فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان ڕاستیەکان و ئامارەکانی یەکێک لە گرتووخانە مەترسیدارەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەخاتە ڕوو
فیدراسیۆنی زنیدانیانی سیاسی کوردستان / فیدراسیۆن بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان، سەبارەت بە گرتووخانەی شاری کامیارانی سەر بە پارێزگای سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند ئامارێکی وورد ئاشکرادەکات.
گرتووخانەی شاری کامیاران لەبری ووشەی گرتووخانە لەسەر دەرگاکەی بەگەورەی نووسراوە (مجتەمەعی کاردەرمانی کامیاران.(
کاتێک مرۆڤ ئەو ڕستەیە دەخوێننەوە " مجتەمەعی کاردەرمانی کامیاران " تووشی فریودان دەبێ، ووشەی ئەشکەنجە و زیندانی لەبیرنامێنێ.
فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان بەپێووستی دەزانی ڕاستیەکان و بەشێک لەئامارەکانی ناو ئەو زیندانە بۆ ڕایگشتی ئاشکرا بکات.
گرتووخانەی شاری کامیاران تا ڕادەیەک بە زیندانی دوورخستنەوە (تەبعید) ناسراوە، زیاتر تایبەتە بە گیراوانی تاوانبار بە مادده هۆشبەرەکان.
گرتووخانەی کامیاران (10) بەندی هەیە واتە دە شوێنی مانەوەی گیراوانی هەیە ژمارەی گیراوانی ناو بەندیخانەکە زیاتر لە (600) کەس دەبێ، بەڵام بەهۆی شوێنە نهێنیەکانی تری ناو بەندیخانەکە ژمارەکە بێگوومان زیاترە، ئەو ژمارەی بەدەستهاتوون جگە لە شوێنە نهێنیەکان،

لەهەر بەندێک بەپێی تازەترین زانیاریەکانی فیدراسیۆن ژمارەی گیراوان بەمشێوەیە:
بەندی یەک (40) گیراوای تیادا دەستبەسەرە
بەندی دوو (55) گیراوی تیادا دەستبەسەرە
بەندی سێ (65) گیراوی تیادا دەستبەسەرە
بەندی چوار (70) گیراوی تیادا دەستبەسەرە
بەندی پێنج (105) گیراوی تیادا دەستبەسەرە
بەندی شەش (120) گیراوی تیادا دەستبەسەرە
بەندی بازداشگا (65) گیراوای تیادا دەستبەسەرە
بەندی پرۆژە (72) گیراوای تیادا دەستبەسەرە
بەندی دوورخراوەکان " تەبعیدیەکان " (22) گیراوی تیادا دەستبەسەرە
بەندی قەرەنتینە (27) گیراوای تیادا دەستبەسەرە.

ژمارەی ئەو کەسانەی لەو گرتووخانەیەدا زیندانی (هەتاهەتایی) یان بەسەردا سەپێنراوە (220) کەسی حوکمدراون.

لەو گرتووخانەیەدا (480) کەس لەو گیراوانە ڕۆژانە (میتادۆن) دەخۆنەوە کە لەلایەن خودی کاربەدەستانی ڕژێم بەسەریاندا دابەشدەکرێ، (میتادۆن) ماددیەکە نزیکە لەماددە هۆشبەرەکان.

ژمارەی ئەو گیراوانەی ڕۆژانە حەب بۆ ئارامکردنەوەی مێشک بەکاردێنن (300) کەسن.

ئاماری نەخۆشیەکانی ناو گرتووخانەی کامیاران:

ژمارەی ئەو کەسانەی نەخۆشی (ئایدز)یان هەیە (23) کەسن کە بەفەرمی فۆرمی ئایدزیان هەیە، بەڵام لەڕاستیدا بەپێی زانیاریەکان ژمارەکە لەوە زیاترە کە باس دەکرێ.

ژمارەی ئەو گیراوانەی نەخۆشی (هیپاتیت) یان هەیە زیاترە لە (170) کەس.

شوێنە نهێنیەکانی ناو گرتووخانەی شاری کامیاران بریتیە لە ژوورەکانی تاکەکەسی کە ژمارەیان (13) ژوورە، شەوانە (3 تا 4) کەس کە سەریان بە (کیس) داپۆشراوە لەلایەن ئیتلاعاتەوە دەهێندرێنە ئەو ژوورە تاکە کەسیانە و لەوێ ئەشکەنجەیان دەدەن بۆ ئەوەی کەس گوێبیستی دەنگیان نەبێ لەکاتی ئەشکەنجەدانیان، کەس نازانێ ئەو گیراوانەی لەو ژوورە تاکەکەسیانە ئەشکەنجە دەدرێن تاوانیان چیە ؟

شوێنێکی تری ئەشکەنجەدان لەو گرتووخانەیەدا بریتیە لە شوێنی کابینەی دیدەیی تەلەفۆنیی(ملاقاتی تەلەفۆنی)، لەوێ شەوانە گیراوان ئەشکەنجە دەدرێن تا کەس گوێی لەهاتوهاواری ئەو زیندانیانە نەیێت لەکاتی ئەشکەنجەدانیان شوێنەکە دوورە لە شوێنی مانەوەی گیراوان.

یەکێک لە شوێنە نهێنیەکانی ناو زیندانی کامیاران بریتتیە لە : ژێرزەمینێک لە ناو ژێرزەمینەکە (سیا چاڵێک – بیرێک)ی تێدایە، نازاندرێ بۆچی بەکاردەهێندرێت!!

سەرچاوەFPPK :

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ

شارەکان: کامیاران

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 154

# ئاوارەکانی کەرکوک 400 هەزار کەسی تێپەڕاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20141022150646777788

حەسەن جومعە

پێشووتر بە هۆی رووبەڕووبوونەوە و شەڕی نێوان سوپای عیراق و عەرەبە سوننەکان لە چەند ناوچە و شارێکی عیراق ژمارەیەکی خێزانی عەرەبی ئاوارە روویان کردە پارێزگای کەرکوک، لە ئێستاشدا بە هەمان شێوە بەهۆی هاتنی داعش بۆ ناوچەکە و داگیر کردنی بەشێک لە شار و شارۆچەکانی عیراق ژمارەیەکی زیاتر عەرەبی ئاوارە روویان لە کەرکوک کردەوە کە بە 400 هەزار کەس مەزەندە دەکرێن.

کامیل سالەیی، قایمقامی کەرکوک بە خەندانی راگەیاند: "بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی کەرکوک لە سەرەتای شەڕ و پێکدادانی نێوان سوپای عیراق و عەرەبە سوننەکان و لە ئێستاشدا بەهۆی شەڕی داش لە بەشێکی زۆری پارچەکانی عیراقدا، ژمارەیەکی زۆر خێزانی ئاوارە هاتوون کە دەکاتە 65 هەزار خێزان."

راشیگەیاند: زۆربەی هەرە زۆری ئە و ئاوارانەش لە ناوچەکانی فەلوجە و ئەنبار و موسڵ و تکریت و دیالە، هاتوون، هەروەها پێشووتریش لە کەرکوک نۆ هەزار ئاوارەی شوێنەکانی تر لە کەرکوک بە رەسمی بوونیان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا 11 هەزار خێزانی عەرەبی هاوردە لە شارەی کەرکوک بوونیان هەیە کە لە سەردەمی رژێمی پێشوودا هێنرابوونە کەرکوک بەڵام تا ئێستاکە نەگەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان و قەرەبووی ماددەی 40 وەرگرتووە."

وتی: "سەرجەم ئاوارەکانی کەرکوک لە ئێستادا 85 هەزار خێزان دەبن و بەپێ ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی کەرکوک، دەگاتە زیاتر لە 400 هەزار کەس."

کامیلی سالەیی راشیگەیاند: "زۆری ژمارەی ئاوارەکانی کەرکوک کاریگەریان خستوەتە سەر نرخی بازاڕ و کاڵا و شمەک لە رووی نرخەوە بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە، لە هەمانکاتدا نرخی خانوو و زەوی زۆر گران بووە و لە هەمووشی گرنگتر رێژەی بێکاری گەیشتوەتە ئاستێکی بەرز."

وتیشی: "بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی بێت ئەوەیە ئاوارە عەرەبەکان لە ناو پارێزگای کەرکوک خانوو و زەوی دەکڕن، ئەمەش بۆ خۆی مەترسی هەیە بۆ سەر ئایندەی کەرکوک و دەبێت بە هەموو شێوەیەک رێگری لێ بکرێت و بۆ ئەوەی کەرکوک تەعریب نەکرێت، هەر بۆ ئە و مەبەستەش لیژنەیەکی تایبەتمان پێکهێناوە و رێگری لە و کارە دەکەین."

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: "ئێستاکە لە ناحیەی لەیلان کە سەر بە پارێزگای کەرکوکە بۆ ئاوارەکان زیاتر لە 1380 خێوەت دروست کراوە بۆ ئەوەی لە ناو ئە و خێوەتانەدا نیشتەجێ بکرێن و لە داهاتووشدا لە هەمان جێگەدا خێوەتی زیاتریان بۆ دابین دەکرێت ."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە

شارەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 155

## ئاوی سەرچاوەی زەڵم زیادی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015083022281766071

ئاوی سەرچاوەی زەڵمی هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوا، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو زیادی کردووە و دانیشتوانی ئە و ناوچەیەش دەڵێن، پەنجا ساڵ لەمەوبەر لەم وەرزەدا سەرچاوەی زەڵم زیادی کردووە.
سەرچاوەی زەڵم ساڵانە لە وەرزی زستان و بە ڕەشەبا ئاوەکەی زیاد دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ئێستادا ئاوەکەی زیادی کردووە و هۆکارەکەشی نازانرێت بۆ چی دەگەڕێتەوە.
شایەحاڵەکان باس لەوە دەکەن لە مێژووی 50 ساڵی رابردوودا، ئەمە دووەم جارە لە وەرزی هاویندا ئاوی سەرچاوەی زەڵم زیاد بکات و ئەمەش باخەوانانی ناوچەکەی خۆشحاڵ کردووە.
سەرچاوەی زەڵم کە لە هاوینەهەواری ئەحمەد ئاوایە، خاوەنی ئاوێکی زۆرە، کە بە درێژایی ئاوی سەرچاوەکە باخ و شوێنی گەشتیارییە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 30-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

جۆری ئامار و راپرسی: گەشتوگوزار

شارەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 156

## ئاوێنەنیوز ئاماری روداوەکانی هاتوچۆی گەرمیان بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111618265677964

ئەمڕۆ (یەکشەممە) لەرۆژی جیهانی قوربانیانی هاتوۆچدا، پۆلیسی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان ئامارەکانی هەردوو ساڵی 2013 و 2014 ئاشکرا دەکات و رایدەگەیەنێت ئەمساڵ ژمارەی مردوان و روداوەکانی هاتوچۆ بەهۆکاری ئۆتۆمبیل کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیوە.
ئاودێر محەمەد،ئاوێنەنیوز: لە و بارەیەوە بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان کارزان مەجید لەلێدوانێ:دا بۆ ئاوێنەنیوز وتی "ئەمڕۆ (یەکشەممە) 16/11ی هەموو ساڵێک رۆژی جیهانی قوربانیانی هاتوچۆیە و بەهەلی دەزانین ئاماری قوربانیانی هاتوچۆی ساڵی 2014 بەراورد بەساڵی 2013 بخەینەڕوو.
بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان رایگەیاند لەمساڵدا (2014) 297 روداوی هاتوچۆ لەسنوری گەرمیان تۆمارکراوە، بەڵام لەساڵی 2013 دا 303 روداوی هاتوچۆ تۆمارکراوبوو، هاوکات لەمساڵدا 37 کەس بەهۆی روداوەکانی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە، بەڵام لە 2013 دا 44 کەس گیانیان لەدەستدابوو.
سەبارەت بەئاماری بریندارەکان وتی "لەمساڵدا (2014) 420 کەس برینداربون و ساڵی پاریش 328 کەس."
کارزان مەجید ئاماژەی بەوەشکرد بەهۆی ئەوەی ئەمساڵ هەندێک ناوچەی عیراق کەوتە ژێر دەستی داعش، فشارێکی زۆر لەسەر رێگاوبانەکانی گەرمیان هەبووە، بەڵام شەونخونی و کاری بەردەوامی پۆلیسەکانی هاتوچۆ ئیدارەی توانراوە رێگری لەروداوەکانی هاتوچۆ بکرێت، سەرباری ئەوەی گەرمیان لەدوو مەرزی هاوسنوری ئێران وەک پەروێزخان و منزریەوە نزیکە و هاتوچۆیەکی زۆری لەسەرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 16-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 157

## ئاوێنەنیوز زیانە ئابورییەکانی کۆبانێ بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141121163849780001

ماوەی زیاتر لەساڵێکە شەڕی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان و داعش لەگەڵ کوردەکان لەکۆبانێ سەریهەڵداوە، بەڵام لە12 سێپتەمبەری 2014وە هێرش و و گەمارۆدانی ئە و شارە دەستی پێکردو 384 گوندو هەندێ لەدەوروبەری شاری کۆبانێ کەوتە دەست داعش، ئەمەش زیانێکی زۆری ئابوری لێکەوتەوە.
مستەفا عەبدی، ئاوێنەنیوز: ئە و هێرش و گەمارۆیەی سەر کۆبانێ چەند لێکەوتەیەکی ئابوری بەدوای خۆیدا هێنا، یەکەم زیاتر لە 400 هەزار دانیشتوانی ناوو دەوربەری شارەکە ڕەویان کردو ئاوارەبوون، بەتایبەت لە15ی سیپتەبەرەوە کە نزیکەی 200 هەزار لە و خەڵکە لەماوەی دوو هەفتەدا ئاوارەبوون.
دووەم کۆبانێ خەتی پێگەیشتی و پەیوەندی نێوان هەردوو ناوچەی جەزیرە و عەفرینە، بۆیە بەهۆی ئە و هێرشانە بازرگانییەکان و ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان ئە و شارانە وەستا، هاوکات ئە و هێڵانەی گەیشتن و ڕێگاوبانەکانیش وەستاوە کە کۆبانێ گرێدەداتە هەموو ناوەچە سورییەکان و دەوڵەتانی دراوسێوە.
سێیەم دزرانی سامانێکی زۆری ئاژەڵ کە بەزیاتر لە 25 هەزار مەزەندە دەکرێت، ئەمە هەمووی بەیەکجار دزراو گواسترایەوە بۆ پارێزگای رقە و گوندەکانی حەلەب، ئەمەش کاریگەری زۆری کردە سەر بەرهەمی شیرو پەنیرو ماست و خوری و گوشت، بەڕێژەیەک کە لەئاستی سفر کەمبووەتەوە.
چوارەم هەر لەئەنجامی ئە و هێرشانەدا هەردوو کۆمپانیای لافارجی فەرەنسی و گۆریشی تورکی بۆ پیشەسازی چیمەنتۆ روخێنران کە ئە و دوو کۆمپانیا بەگەورەترین کۆمپانیای پیشەسازی ناوچەی کۆبانێ دادەنرا.
پێنجەم پیشەسازی ئۆتۆمبیلی حەفارە روبەڕووی تاڵانکردن و دزی و بووەوە و پرۆسەی چاڵکردن بەگشتی وەستا لە و ناوچەیە، هاوکات هەموو ئە و گوندانە روبەڕووی سوتان و تاڵانکردن و وێرانکاری بوونەوە لەهەموو روویەکەوە.
شەشەم هەموو شاری کۆبانێ و ئە و شوێنانەی کە نۆژەنکرابوونەوە لەئەنجامی بۆردومانی داعش روبەڕووی وێرانکاری بوونەوە، هەروەها لەئەنجانی بۆردومانی فڕۆکەکانی هاوپەیمانیانیش بۆ سەر ئە و شوێنانەی داعش داگیری کردبوون.
حەوتەم کەرتی کشتوکاڵی بەهەمانشێوە وەستاوە و روبەڕووی تاڵانی و دزی و وێرانکاری بووەتەوە، کە روبەری ئە و زەوییە کشتوکاڵییانە بە75% روبەری زەوی هەموو کۆبانێ مەزەندە دەکرێت، کە کشتوکاڵ لە و ناوچەیە رۆڵێکی سەرەکی هەیە لەژیانی دانیشتوانەکەی بەڕادەیەک بژێوی سەرەکی ژیانیانە، چونکە ناوچەکە ناوچەیەکی کشتوکاڵییە بەشێوەی سەرەکی.
هەشتەم لێکەوتەی ئە و شەڕە ئەوەیە کە کەرەستە کشتوکاڵییەکانی وەکو ئامێری دروێنە و جوتکردن و کەرەستەکانی کەڵکی کشتوکاڵی بەگشتی لەنابران و دزران و سوتێنران.
زیانێکی دیکەی ئە و شەڕە بەگشتی لەدەستدانی سەرمیایەی ئە و ناوچەیە بوو کە ئەشتەمە بەئاسانی توانای هەستانەوەی هەبێت لەهەر بوارێک لە و بوارانەی ئابوری.
یازدەهەم زیانی ئە و شەڕە هەموو ناوچە پیشەسازییەکانیش روبەڕووی وێرانکاری بوونەوە وەکو (پیشەسازی خۆراکی، جێگای چاککەرەوەکانی کەسەتەی میکانیکی، ئاسنگەری، شوێنی چاککەرەوەی کەرەستە و ئامێرە کارەباییەکان.(

دوازدەهەم هەموو کەرتی کارەبا و ئاوو ئاوەڕۆی کۆبانێ و گوندە کوردییەکان ڕوبەڕووی ڕوخان و وێرانکاری بووەتەوە.
هەروەها خاڵێکی تری وێرانکارییەکان بەهەموو شێوەیەک خزمەتگوزارییەکانی خوێندن و تەندروستی وەستاوە و شوێن و سەنتەرەکانیان وێرانکران لەئەنجامی بۆردومانی داعش بۆ ناو شاری کۆبانێ و گوندەکانی دەوروبەری.
چواردەیەم خاڵی زیانی کۆبانێ، ئەوەیە کە چەندین قەڵا ڕوبەڕووی وێرانکاری بوونەوە بۆ نموونە وێرانکردنی شەش قەڵای لەنێوان هەردوو گوندی (حەمدون و جەلەبیە) کە زیانەکان بەسێ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێن.
بەپێی بۆچوونی دکتۆر موسلم تالاس لەکۆبانێ دەڵێت "دانیشتوانی کۆبانێ و گوندەکانی نزیکەی 90 هەزار خێزان دەبێت، کە هەموو سامانی کۆبانێ بە (12 ملیارو 783 ملیۆن و 749 هەزار و 990) دۆلار مەزەندە دەکرێت کە زیاتر لە30% ئە و سامانە ڕوبەڕووی وێرانکاری بووەتەوە کە ئەوەش تەنها زەرەرێکی ڕاستەوخۆیە، ئەمە جگە زیانە ناڕاستەوخۆکان، بۆیە پێموایە کۆبانێ پێویستی بە 350 ملیۆن دۆلارە بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی دوبارە دروستبوونەوە و نۆژەنکردنەوە و گەڕانەوەی خەڵکەکەی بۆ ژیانێکی ئاسایی.
پێویستی بەپەلەکردنە لەبەرهەمهێنانی هەموو کەرتە ئابورییەکان کە ڕوبەڕووی تالانی و دزی و سوتان و وێرانکاری بوونەتەوە لەلایەن داعشەوە، کە بووەتە هۆی وەستان و زیانێکێکی گەورەی گەشەپێدانی ئابوری کۆبانێ و دوندەکانی بۆ ئاستی سفر، بۆیە دەتوانم بڵێم کۆبانێ زیاتر لە40 گەشەپێدانی لەدەستداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 21-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 158

## ئاڵوگۆڕی بازرگانی حاجی ئۆمەران نزیکەی یەک ملیۆن تەن بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014070921102076950

ڕاماڵ قەسرەیی
لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا نزیکەی یەک ملیۆن تەن کاڵا لەڕێگەی خاڵی سنووری نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەرانەوە هاوردە و هەناردەکراوە و قەیرانەکانیش کاریگەریی خۆیان هەبووە.
مەسعود باتێلی، سەرپەرشتیاری کۆمەڵگای ئیداریی خاڵی سنوری نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی حوزەیران 784هەزار و 111 تەن کاڵای جۆراوجۆر ئێرانەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە و لە و ماوەیەشدا 14هەزار و 383 تەن کاڵا بەپێچەوانەوە هەناردە کراوە، بەپێی ئامارەکانیش ڕێژەی هاوردەکردن نزیکەی 98%بووە.
مەسعود باتێلی وتیشی: بەبەراورد بە ساڵی ڕابردوو بارودۆخەکە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەر داهاتووە، وەک قەیرانی دارایی و دواکەوتنی مووچە لەهەرێمی کوردستان و تێکچوونی باری ئەمنیی چەند شارێکی ناوەراستی عێراق کە ڕێژەیەکی زۆری کاڵای هاوردەکراو بۆ ئە و شارانە دەچوو، بەڵام ڕێژەی ئاڵوگۆڕ زیاترە و ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە نەبوایە زۆر زیاتریش دەبوو.
باتێلی وتیشی: بە پشتبەستن بە ستانداردی نێودەوڵەتی، تەنها لەماوەی شەش مانگی ئەمساڵدا نزیکەی حەوت هەزار تەن کاڵای جۆراوجۆری نەگونجا و گەڕێندراوەتەوە و هەندێکیش لەناوبراوە.
سەرپەرشتیاری کۆمەڵگای خاڵی سنوری حاجی ئۆمەران ئاشکراشیکرد کە لەئێستادا هاتنی

کەرەستی بیناسازی زۆر سستە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ راوەستانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت بەهۆی قەیرانی داراییەوە .
سەبارەت بەداهاتی ئە و ماوەیەش سەرپەرشتیاری کۆمەڵگای ئیداری دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران وتی: ناتوانین هیچ ژمارەیەک بڵێین، چونکە ئەمە پەیوەندیی بەبەڕێوەبەرایەتی گومەرگەکانی سەر بەوەزارەتی داراییەوە هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 159
## ئاڵوگۆڕی نێوان ئێران و هەرێم کەمیکردووە
http://www.kurdipedia.org/?q=20140723134316771O1
هێڤی خالید
بەپێی ئە و ئاڵوگۆڕەی لەمانگەکانی پێشودا هەبووە و لەسەرەتای ئەم مانگەوە بەڕێژەی لە 80% هاتوچۆی بازرگانی و هاوڵاتیان بۆ وڵاتی ئێران کەمیکردووە، ئەندامێکی ئەنجومەنی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانیش رایدەگەیەنێت، لەئێستادا تانکەری نەوت کە تابلۆی عیراقی پێوە بێت ناهێڵن پرواتە ناو ئێران.
ئەحەمەد عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی لەلێدوانێکی تایبەت بە خەندانی راگەیاند: ئێستادا ئاڵوگۆڕی مەرزی پەروێزخان زۆر کەمیکردوە رۆژانە نزیکەی 180 ئۆتۆمبێل دێتە هەرێم کە ئە و بارانەش زیاتر بۆ شارەکانی هەرێمە بۆ خوارەوەی عیراق ناڕوات، کە بە بەراورد بە مانگەکانی پێشتر لە 80% کەمیکردووە کە رۆژانە زیاتر لە 900 ئۆتۆمبێل بار لە ئێرانەوە دەهاتە هەرێم.
سەبارەت بە رۆیشتنی تانکەری نەوت بۆ وڵاتی ئێران، ئە و ئەندامی ئەنجومەنی ژووری بازرگانی سلێمانی رایگەیاند:" لەئێستادا ئەگەر تەنکەری نەوت کە تابلۆی عیراقی پێوە بێت ناهێڵن پرواتە ناو ئێران لە بەرواری 7/10 وە ئەم هاتوچۆیە راگیراوە، تەنها ئۆتۆمبێلە ئێرانیەکان دەڕۆنەوە ئەوانیش تەواوبون."
سەبارەت بەهاتوچۆکردنی هاوڵاتیان و بردنی ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیان ئەحمەد عەلی، وتی: "هاتوچۆی هاوڵاتیان زۆر کەمیکردوەتەوە بەجۆرێک لەمانگەکانی پێشودا لە رۆژێکدا پێنج ئۆتۆمبێل پرۆیشتایە ئێستا لە هەفتەیەکدا دوو بۆ سێ ئۆتۆمبێل دەڕوات ."
لەبارەی مەرزی سەرتەکی بەمۆوە ئایا هاتوچۆی هاوڵاتیان چۆنە لە و مەرزەدا جەختی کردەوە، کە بەهەمان شێوە هاتوچۆی ئۆتۆمبێل کەمیکردووە کە پێشتر زیاتر لە 180 ئۆتۆمبێل هاتوەتە هەرێم لە و مەرزەوە بەڵام ئێستا 60 بۆ 70 ئۆتۆمبێل دێت.
بەهۆی رەوشی ئاڵۆزی شارەکانی عیراق هاتوچۆی بازرگانی کەمبوەتەوە و ئەمەش کاریکردوەتە سەر کەرتی گواستنەوە و هێنانی شتومەک بەهۆی نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ شارەکانی خواروی عیراق.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێرانIR

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 160

**ئایدز و شێرپەنجە هەڕەشە لە پارێزگای سنە دەکەن**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140930132651776733

جێگری تەندروستی زانکۆی زانستی پزیشکی پارێزگای سنە رایگەیاند، زیاتر لە 480 تووشبوو بە ڤایرۆسی HIV ناسراو بە ئایدز لە پارێزگای سنە ناسراون و هەر مانگێکیش دوو بۆ سێ تووشبووی نوێ بۆ ئەو ئامارە زیاد دەکرێت.
فەرزام بیدار پوور، جێگری تەندروستی زانکۆی زانستی پزیشکی پارێزگای سنە ئاماژەی بەوە کرد، زۆرترین تووشبووان بەو نەخۆشییە لە رێگای سێکسەوە تووشبوون و بەشێکی کەمیان لە رێگای بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر لە رێگای دەرزی لێدانەوە بووە.
بیدار پوور ئەوەشی راگەیاند، کە زیادبوونی ئایدز لە پارێزگای سنە بە بەراورد لەگەڵ پاریزگاکانی دیکەی ئێران، لە ئاستێکی زۆر کەمدایەو گوتی: "گەشەی ئەو ڤایرۆسە لە نێوان خەڵکی پارێزگای سنە زۆر کەمترە لە پارێزگاکانی دیکە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکارێک بۆ گوێنەدان بەو نەخۆشییەو دەبێت خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوە."
جێگری تەندروستی زانکۆی زانستی پزیشکی پارێزگای سنە نیگەرانی خۆی دەربڕی لە زیادبوونی شێرپەنجە لەو پارێزگایە و رایگەیاند" لە ساڵی ڕابردوو زیاتر لە هەزار و 500 کەس تووشبوون بە جۆرەکانی شێرپەنجە و بە راشکاوی دەتوانین بڵێین کە زیاتر لە 14 لەسەدی گیان لەدەستدانەکان لە پارێزگای سنە بە هۆی شێرپەنجەوەیە، بەڵام ئێستایش هۆکاری سەرەکی گیانلەدەستانی خەڵک لە پارێزگای سنە ڕووداوەکانی هاتووچۆن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 30-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سنە |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 161

**ئاین لە نێوان هاوڵاتیبوون و پەراوێزکردندا**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140116103617866667

رێکخراوی پۆینت بۆ راپرسی و لێکۆڵینەوە ستراتیزییەکان
2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 162

## ئۆتۆمبێل 375 کەس لە گەرمیان دەکوژێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20140104114146868 48

خەندان سۆران کەریم
بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆی ساڵی رابردوو و زیانەکانی خستەڕوو، کە لەماوەی ساڵی رابردوودا 53 کەس بە درووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە.
لە کۆنگرەکەدا، عەمید ناسر بەڕێوەبەری هاتوچۆی گەرمیان ئاماری رووداوەکانی ساڵی 2013ی خستەڕوو، بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە، لە و ساڵدا 416 رووداوی هاتوچۆ لە سنووری گەرمیان روویانداوە، لە و ژمارەیەش 76 رووداویان لە جۆری شێلان بووە و 83 ی وەرگەڕان و 257 یش پێکدادان.
ئەوەش خرایەڕوو، کە 71 رووداو لەسەر رێگای سەرەکی کەلار_ دەربەندیخان روویانداوە و 62 لەسەر رێگای کەلار_ کفری و 145یش لەسەر رێگای کەلار_ خانەقین، لەسەر رێگای کەلار_ جەلەولاش تەنها 19 رووداو روویانداوە، لە ناو شاری کەلاریشدا 119 رووداو تۆمار کراوە.
بەهۆی ئە و رووداوانەشەوە کە لەسنووری گەرمیان لە ماوەی ساڵی 2013دا روویانداوە 53 کەس گیانیان لەدەستداوە کە 11 کەسیان لە رەگەزی مێ و 42 ی لە رەگەزی نێر بووە.
هەروەها بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆوە لە ساڵی 2013دا لە سنووری گەرمیان 451 کەس برینداربوون کە 51 برینداریان منداڵ بوون و 122 یان ئافرەت بوون.
بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان، لە ساڵی 2006ەوە تا ساڵی 2013 لە سنوورەکەدا و بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆوە 375 کەس گیانیان لە دەستداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 04-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 163

## ئیبراهیم زەریفی : 75% ئاژەڵە کێوییەکان بە تایبەت ئاسک کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150810133828858 52

ڕۆژنیوز ـ هۆشمەند کوردی
بەرپرسی ڕیکخراوێکی ژینگەیی لە گەرمیان رایدەگەیەنێت لە سەرەتایی دەستپێکردنی شەڕی داعشەوە ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵە کێوییەکان بە تایبەت ئاسک کوژراون. ئیبراهیم زەریفی بەرپرسی ڕێکخراوی ژینگەپارێزی گەرمیان بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند:" لە سەرەتایی دەستپێکردنی شەڕی داعشەوە تا ئێستا لە سنوری گەرمیان و دەوروبەری 75% ئاژەڵە کێوییەکان بە تایبەت ئاسک لەلایەن ڕاوچیەکانی ئەو سنورەوە کوژراون". هەروەها وتیشی: بەداخەوە لە هەر دوو ناوچەی ڕوغزایی و زەنگەنە ڕێژەکە لەوە زیاترە کە ئاماژەم پێداوە و بە تایبەت ئاسکەکانی ئەم دوو ناوچەیە کراونەتە ئامانچی پلەیەکی نێچیرەکان و بە زۆری کوژراون و بریندارکراون و هەندێی جاریش دەستگیرکراون. ئیبراهیم زەریفی دەڵێت:" بە داخەوە نە حکومەت ئەوندە بەهێزە و نە خەڵکیش ئەوەندە دڵسۆزە تا بتوانین بە هاوکاری ئەوان دیاردەی راوکردنی نارەوا کەم بکەینەوە، بەراستی راوکردن گەورەترین هەرەشەیە لەو سامانە گرنگەی هەمان و ئێستا بێخاوەنە."

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 164

## ئیلام: قەیرانی دارایی 200 پیشەگەری بێکار کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042013432365889

ئاژانسێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاویکردووەتەوە، بەهۆی نەبوون و کەمی بودجە لەشاری ئیلامی رۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە 200 کرێکاری خاوەن پیشە لەکەرتە بەرهەمهێنەرەکاندا بێکاربوون.
بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، شاری ئیلام لە چەند حەفتەی رابردوودا لەگەڵ کەمی بودجە و پارە رووبەڕووی قەیرانی دارایی بووەتەوە، ئە و دۆخەش بێکار بوونی ژمارەیەک پیشەگەری لێکەوتووەتەوە.
لە ئەنجامی داخرانی سێ کەرت و کارگەی بەرهەمهێنەری ئە و شارەکە، زیاتر لە 200 کەس پیشەکانیان لە دەست دەدەن.
شارەزایانی بواری ئابووری لە و باوەڕەدان، پشتیوانی نەکردنی دەوڵەت و هاوکاری نەکردنی بانکەکان دۆخێکی وای دروستکردووە کە کارگە بەرهەمهێنەرەکان بەرە و داخران بچن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰 ئابووری

شارەکان: ئیلام

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 165

## ئێران ساڵانە 5 تۆن زێری رۆژهەڵاتی کوردستان دەبات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150113224614118778

لە کانگا زێڕەکانی ناوچەی هەوشاری رۆژهەڵاتی کوردستان ساڵانە پێنج تۆن زێر بەرهەم دێت، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچەیە دەڵێن گەورەترین کانگای زێری رۆژهەڵاتی ناوەراست هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی ئەوان و پێشخستنی ناوچەکەیان لەڕووی ئابوورییەوە نەبووە.

کانگا زێرەکانی زەرەشۆران و ئاغەرە لە نزیک شاری تکاب لە ناوچەی هەوشار هەڵکەوتوون. لە کانگا و کارخانەی زێری زەرەشۆراندا ئێستا ساڵانە سێ تۆن زێری عەیار 24 و 2 تۆن و 250 کیلۆ زیو و یەک تۆن جیوە بەرهەم دێت.

سەرۆکی دەستەی رێکخراوی پەرەپێدانی کانگاکانی ئێران دەڵێت "کانگای زەرەشۆران بە تەنیا ناتوانێ هەلی کار بۆ خەڵک پرەخسێنێ، ئێستا لە کارخانەی زەرەشۆراندا کەمتر لە 300 کەس کار دەکەن."

ئەمیر خالق نژاد، رۆژنامەنووس لە تکاب بە (رووداو)ی گوت "ئەگەر پیشەسازییەکانی پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانی زێر لە ناوچەکەدا دانەمەزرێن، ئەستەمە کاریگەری لەسەر بووژانەوەی ئابووری ئەو

ناوچەیە هەبێت."

بەگوتەی ئەو ڕۆژنامەنووسە، تەنیا لە شاری تکاب پێنج هەزار بێکار هەن. پارێزگاری ورمێ کە ماوەیەک پێش ئێستا سەردانی شاری تکابی کردبوو، گوتبووی "16 ساڵ لەمەوبەر سەردانی ئێرەم کردووە، بەڵام ئەم ناوچەیە هیچ نەگۆڕاوە."

عەبدوڵڵا موحەممەدی، بەرنوێژی تکاب، دەڵێت بەهۆی بێکاری زیاتر لە 20 هەزار کەس تکابیان جێهێشتووە. لە هەردوو کارخانەی زەڕەشۆران و ئاغەرەدا بەگوتەی خالق نژاد، نزیکەی هەزار کەس کار دەکەن، کە ئەمەش وەڵامدەری پێداویستییەکانی ئەو ناوچەیە نییە.

لە هەموو ئێراندا ساڵانە پێنج تۆن و 500 کیلۆ زێڕ بەرهەم دێت، کە پێنج تۆنی لە کانگا و کارخانەکانی ناوچەی هەوشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە کانگای ئاغەرە ساڵانە دوو تۆن زێڕ بەرهەم دێت. بڕیارە کانگا و کارخانەی زەڕەشۆرانیش لە داهاتوویەکی نزیکدا پەرەی پێبدرێ، بەم پێیەش ساڵانە 3 تۆن زێڕ، 2 تۆن و 250 کیلۆ زیو و یەک تۆن جیوە بەرهەمی دەبێت.
بەپێی ڕووپێوییەکان، لە کانگای زرەشۆراندا 110 تۆن یەدەگی زێڕ هەیە، بەڵام شارەزایان دەڵێن ئەم کانگایە تا 200 تۆنیش یەدەگی زێڕی تێدایە.

ئەگەر بەشەکانی دیکەی کارخانەی زەڕەشۆران بکەونەکار، ئەم کارخانەیە بە تەنیا پێویستی بە هەزار کرێکار دەبێت کە نزیکەی 80%یان خەڵکی ئەو ناوچەیەن. ئەمیر خالق نەژاد دەڵێ "هەر ئێستاش ژمارەیەکی زۆر خەڵک چاوەڕوانی دامەزراندنن، بەڵام بەرپرسانی کارخانە دەڵێن ناتوانن ئەوان دابمەزرێنن."

مانگی ڕابردوو خاوەن کاری کانگای ئاغەرە 350 کرێکاری لە کارەکانیان دەرکرد، سێ لە کرێکارە دەرکراوەکان هەوڵی خۆکوشتنیان دا. دواتریش هەشت کەسی دیکەیان بۆ دادگا بانگ کران.
بەگوتەی ئەو کرێکارانە، خاوەن کار هەموو ساڵێک لەگەڵ دەستپێکی سەرما، گرێبەستەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە و هیچ گەرەنتیەکیش بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکانیان نییە .
سەرچاوە: ڕووداو

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 166
## ئەمریکا: لە ماوەی نۆ مانگدا 10 هەزار چەکداری داعش کوژراون
http://www.kurdipedia.org/?q=20150603203738854467
وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، کوژرانی 10 هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشی لە ماوەی نۆ مانگی ڕابردوودا لە هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا بۆسەر مۆڵگەکانی ئە و ڕێکخراوە توندڕەوە لە عیراق و سوریادا، ڕاگەیاند.
ئەنتۆنی بلینکن جێگری وەزیری دەرەوەی ئە مریکا ڕایگەیاند: "لە سەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتی هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان، داعش زیانی زۆری پێگەیشتووە و زیاتر لە 10 هەزار چەکداری ئە و ڕێکخراوە توندڕەوە، کوژراون ."
بلینکن وتیشی: "داعش بۆ نۆ مانگ دەچێت، دەستی بەسەر 25%ی خاکی عیراقدا گرتووە، بەڵام لە و ماوەیەدا، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، زۆرێک لە چەک و تەقەمەنی ئە و ڕێکخراوەی تێکشکاندووە و ژمارەیەکی زۆری چەکدارەکانیشی لەناوبردووە ."
دوێنێ سێ شەممە، بلینکن بەشداریی کرد لە کۆبوونەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی

داعش کە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا سازکرا و تێیدا وڵاتانی بەشدار، پشتگیریی و پشتیوانی خۆ یان بۆ ئە و پلانە سەربازییە دەربڕی کە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیری عیراق بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی هەردوو پارێزگای ئەنبار و نەینەوا، پێشنیاری کرد .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 167
## ئەمساڵ 28 کرێکار لە سلێمانی گیانیان لە دەستداوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20141020215711777784
هێڤی خالید
سەندیکای کرێکارانی بیناسازی رایدەگەیەنێت کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا 28 کرێکار گیانیان لە دەستداوە کە نیوەی بیانین و رەخنەش لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەگرن.
ئەمڕۆ ساڵێک تێدەپەڕێت بەسەر (رۆژی سەلامەتی شوێنی کار لە کوردستان) کە ئەم رۆژەش ساڵی رابردوو لەلایەن کادیر و هەڵسوراوانی سەندیکای کرێکاران لە گردبوونەوەیەکدا لە بەردەم دادگای سلێمانی رایانگەیاند.
لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە ئەمڕۆ لەلایەن عوسمان حەمەسەعید سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی سازکرا ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەمساڵا تا ئێستا 28 کرێکار گیانیان لە دەستداوە کە دوایەمینیان لە رۆژی 10ی ئەم مانگە بووە لە پرۆژەی ئاوەڕۆی گەڕەکی فەرمانبەران لە شارۆچکەی دوکان.
ناوبراو باسی لەوەکرد کە قەیرانەکانی دارایی و شەڕی داعش کاریگەریی تەواویان هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی ئیشی کرێکار، چونکە ئەگەر فەرمانبەران یاخود کارمەندانی کۆمپانیاکان لەو مووچەیەی وەریانگرتووە داهاتیان پاشەکەوت کردبێت، ئەوا کرێکاران نەیانتوانیوە ئەوەش بکەن.
عوسمان حەمەسەعید ئاشکرایکرد کە ساڵی رابردوو هەتا رۆژی (20- 10) پەنجا کرێکار گیانی لەدەستدابوو، بەڵام کۆی گیان لە دەستدانی کرێکاران لە ساڵی رابردوودا نەوەد کرێکار بوون.
ئەو بەرپرسەی سەندیکای کرێکاران رونیکردەوە کە هەتا ئێستا هیچ یاسا و بریارێک نییە بۆ قەرەبووکردنەوە و خانەنشین کردنی کرێکارانی رۆژانە کە تووشی کەمئەندام بوون یوون یاخود گیانیان لەدەست دەدەن، لەو رووەشەوە رەخنەی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی گرت کە لە بێدەربەستن لە ئاست ئەو رووداوانەی بەسەر کرێکاراندا دێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 168

## ئەمساڵ چەند بەنداوێک تەواو دەبن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140904130051772249

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداوەکان و کۆگاکانی ئاو روونی کردەوە کە کۆی پرۆژەکانی بەنداو بۆ ساڵی 2014 ئەوانەی کە لەژێر جێبەجێکردندان 26 پرۆژەن لە هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆک و ئیدارەی گەرمیان هەروەها 21 بەنداویش لەژێر دیراسە و دیزایندان، 21 بەنداوی دیکەش دیراسە و دیزاینیان تەواوبووە، 11 بەنداو تا ئێستا نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ژمارەی ئە و بەنداوانەیشی کە تەواوبوون سێ پرۆژەن.
بە گوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: عەبدولستار مەجید وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە یاوەریی بەڕێوەبەری گشتی دیوان، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەنداوەکان و کۆگاکانی ئاویان کرد، لە لایەن ئەکرەم ئەحمەد رەسول بەڕێوەبەری گشتی ئە و فەرمانگەیە و بەڕێوەبەر و سەرۆک بەش و هۆبە و ئەندازیاران و سەرجەم کارمەندان بەگەرمی پێشوازی کران.
هەروەها هاتووە: بەڕێوەبەری گشتی کۆگاو بەنداوەکان ئاماژەی بەوەداوە، کۆی پرۆژەکانی بەنداو بۆ ساڵی 2014 ئەوانەی کە لەژێر جێبەجێکردندان 26 پرۆژەن لە هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆک و ئیدارەی گەرمیان هەروەها 21 بەنداویش لەژێر دیراسە و دیزایندان، 21 بەنداوی دیکەش دیراسە و دیزاینیان تەواوبووە، 11 بەنداو تا ئێستا نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ژمارەی ئە و بەنداوانەیشی کە تەواوبوون سێ پرۆژەن.
ئەکرەم ئەحمەد، زیاتر ئاماژەی بە هەندێ کێشەی تەکنیکی کرد کە دێنە رێی تەواوکردنی پرۆژەکانیان لە هەندێ ناوچەدا، دواتر بە ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و شاندی یاوەری، کۆبوونەوەیەکی فراوان سازکرا، لە کۆبوونەوەکەدا وەزیر ئاماژەی بەچەند خاڵێک دا بۆ کاراکردنی ئەدای کارمەندان و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بە پێی یاساو رێنماییەکان و دوورکەوتنەوە لە هەموو شێوازێکی سەرپێچی کردن و گەندەڵی و نایەکسانی و نادادپەروەریی.
جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستی شەفافییەت و کرانەوەی دەرگا بەڕووی هاوڵاتیان بۆ رایی کردنەوەی مامەڵەکانیان و لەم بارەیەوە دووپاتی کردەوە: ئامانجی وەزارەت لەوەدایە کە پردێکی پەیوەندی لە نێوان دامەزراوە و فەرمانگەکانی وەزارەت لەگەڵ هاوڵاتیان و جووتیاران بێتەکایەوە لەم سۆنگەیەوەش ئاماژەی بە خاڵێکی گرنگ کرد ئەویش کارئاسانی لە رایی کردنی مامەڵەی هاوڵاتیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 169

## ئەمساڵ چەند پرۆژە بەر پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کەوتووە؟

http://www.kurdipedia.org/?q=20140329100625666698

خەندان ژینۆ ئەحمەد

قەیرانی دارایی هەرێم تەنها کاری لەسەر دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و راگرتنی سلفەکانی عەقارو هاوسەرگیری و کشتوکاڵ و پیشەسازی و قەرزی بچوکی گەنجان نەکردوە، بەڵکو بووەتە هۆی راگرتنی پرۆژەکانیش کە سەرچاوەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانن، لەگەڵ ئەوەی پرۆژەکانی ساڵی 2014 کاریان بۆ کراوە و بودجەکەشیان دیاریکراوە، بەڵام بەهۆی ئە و قەیرانە داراییەوە نەتوانراوە کاریان لەسەر بکرێت.
کام پرۆژەیە کاری تیا دەکرێت؟
تابان جەبار، بەڕێوەبەری پلاندانان و بەدواداچوون لە دیوانی پارێزگای سلێمانی بە خەندانی

راگەیاند: لە پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانی بە پلانی وەزارەتەکانیشەوە نزیکەی سەدا 10 بۆ 15یان بانگەوازیان بۆ نەکراوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە 17ی شوباتی ئەمساڵەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بانگەوازکردن بۆ پڕۆژەکان ڕاگیراوە بەهۆی ئە و قەیرانی داراییەی لە نێوان هەرێم و بەغدا ڕوویداوە، بۆیە ئەوەش وایکردوە دوابکەوین لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا، لە ئێستادا تەنها ئە و پڕۆژانە کاریان تیادا دەکرێت کە پێشتر ڕاگەیەندراون و بانگەوازیان بۆ کراوە و سلفەیان بۆ دەکرێت و ڕاناگیرێن.

چارەنووسی پڕۆژەکانی 2014

تابان جەبار، لەبارەی چارەنووسی پڕۆژەکانی 2014 ەوە دەڵێت: "کێشەمان لە پڕۆژەکانی 2014 دا هەیە ئەویش بەوەی تا ئێستا هیچ پڕۆژەیەک کاری بۆ نەکراوە، ساڵانی پێشوو ئەگەر بودجەش پەسەند نەکرایە لانیکەم دەمانتوانی ئە و پڕۆژانەی زۆر گرنگن و دەمانزانی کە بڕیاری لەسەر دەدرێت بانگەوازی بۆ بکەین."

وتیشی: "بەڵام ئێستا ئە و قەیرانە وایکردوە پڕۆژەکان دوابکەون، کە دواش کەوت دەکەوێتە مانگی حەوت و هەشتەوە، کە کەوتیشە ئە و کاتەوە یەک دوو مانگێکیان دەوێت تا بانگەوازیان بۆ دەکرێت و ئیحالە دەکرێن، بۆیە ئە و کاتەش دەکەوینە زستانەوە، لە زستانیشدا پڕۆژە جێبەجێ ناکرێت، ئەمە کێشەمان بۆ دروست دەکات."

ژمارەی پڕۆژەکانی 2014

ساڵانە حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی پارێزگاو وەزارەتەکانەوە، پڕۆژەکان ئامادە دەکات لە و چوارچێوەیەشدا پارێزگای سلێمانی لیستی پڕۆژەکانی خۆی ئامادەکردوە.

تابان جەبار، وتی: "پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانی بە ئیدارەی گەرمیانیشەوە 472 پڕۆژەیە، کۆی بودجەکەشی 373 ملیار دینارە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئە و پرە پارەیەی کە لە بەغداوە تەرخانکراوە بۆ هەرێم و هەرێمیش بەسەر پارێزگاکاندا دابەشیکردوە، لە و چوارچێوەیەشدا بودجەی پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانی %40ی بەرکەوتووە."

ڕوونیشیکردەوە: " لە بەغداوە 933 ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان نێردراوە، بە و پێیەش بەشی سلێمانی دەکاتە 373 ملیار دینار و 200 ملیۆن دینار، ئێمەش بەپێی ڕیزبەندی ئە و پڕۆژانەمان دانابوو، سەرەتا پلانمان بۆ 500 ملیار دینار دانابوو، بەڵام کە پارەکە کەمکرایەوە ئێمەش پڕۆژەکانمان کەمکردەوە بەتایبەتی ئەوانەی ئەولەویەتیان هەیە دامانناون و ئەوانەی ئەولەویەتیان نییە لامان بردوون."

تابان جەبار ئاماژەی بەوەشدا: "دواین جار پڕۆژەکانمان بە زمانی عەرەبی و کوردی ناردووەتەوە بۆ وەزارەتی پلاندانان، لیستی پڕۆژەکان بەزمانی عەرەبی بۆ بەغدایە، بەڵام تا بودجەی 2014 لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند نەکرێت، هیچ کام لە و پڕۆژانە ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە."

وەرزی پڕۆژەکان

لەبارەی وەرزی جێبەجێکردنی پڕۆژەکانەوە ناوبراو وتی: "ساڵان لەم کاتەدا بە فەرمانی پارێزگار، ئە و پڕۆژانەمان ڕادەگەیاند کە دەمانزانی لە پلانەکەدا دێنەوە، چونکە وەرزی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بەهارو هاوینە، بەڵام زستان و بایز وەرزی جێبەجێکردنی پڕۆژە نییە، کێشەی ئێمە لەگەڵ پڕۆژەکاندا بە و جۆرەیە کە دەبێت لە وەرزی خۆیاندا بچنە بواری جێبەجێکردنەوە."

گوندەکان چیان بۆ دەکرێت

لەبارەی گوندەکانی سنووری ماستەرپلانی سلێمانی کە ئێستا لەلایەن شارەوانی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی سلێمانییەوە کاریان بۆ دەکرێت، تابان جەبار وتی: "لە جێبەجێکردنی پڕۆژەدا ئێمە سەیری ئەولەویەت دەکەین، ئە و یاساو ڕێنماییانەی کاری پێدەکەین ڕێنمایی گەشەپێدانی هەرێمەکانە، ئێمە کار لەسەر ئەوە دەکەین بەپێی ژمارەی دانیشتوان کار بکەین، زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لە کوێ بێت لەوێ زۆرترین پڕۆژە جێبەجێ دەکرێت، بۆیە هەر قەزاو ناحییەک بەپێی ڕێژەی دانیشتوان پارەی پڕۆژەکانیان بەردەکەوێت و گوندەکانیش لە و پڕۆژانە بێبەش نابن و بەپێی ئەولەویات پڕۆژەیان بۆ دەردەچێت."

ڕاشیگەیاند: ئەوان کە کار دەکەن لە بواری ئاو و ئاوەڕۆو ڕێگاوبان، گرنگی بە هەموو شوێنێک دەدەن، گوندەکانیش کاریان بۆ کراوە، کارەبایان بۆ چووە و ئاوەڕۆشیان بۆ دەچێت، ئەمەش بەپێی ڕێژەی دانیشتوان.

ئەوەشی بە نموونە هێنایەوە، قەزای ناوەندی سلێمانی 153 ملیار دیناری بەرکەوتووە، بە هەرسێ ناحیەکەی تانجەرۆ و بەکرە و بازیانەوە لەگەڵ گوندەکان و شارەکان و گەڕەکەکان، ئەویش بەپێی بانگەواز و ئیحالەکردن دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 29-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

شارەکان: کەلار (گەرمیان(

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 170

**ئەمساڵ چەند حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر پیاوان کراوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120809121587368

خەندان کامەران عەبدە ساڵح

هەرچەندە ناوەندو رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان، بەردەوام باس لەوە دەکەن، کە پیاوان بەردەوامن لە نواندنی توندوتیژی دژ بە رەگەزی بەرامبەر، بەڵام تازەترین ئاماری یەکێتیی پیاوانی کوردستان ئەوە دەخاتەڕوو، کە لەمساڵدا رێژەی توندوتیژی دژ بەپیاوان لە لایەن ژنانەوە رووی لە هەڵکشان کردووە.

بەپێی ئاماری رێکخراوی یەکێتیی پیاوانی کوردستان، لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی تشرینی دووەم، 217 حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر پیاوان لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.

ئەمە لەکاتێکدایە، لە ساڵی 2008 دا 23 حاڵەتی توندوتیژی دژ بە پیاوان هەبووە، ئە و ژمارەیە لە ساڵی 2009 دا بەرزبوەتەوە بۆ 59 حاڵەت، ساڵی 2010 رێژەکە گەیشتوەتە 86 حاڵەت، ساڵی 2011 ئاستی توندوتیژییەکانی سەر پیاوان بۆتە 111حاڵەت و، لە 2012یشدا 163 حاڵەت تۆمارکراوە.

یەکێتی پیاوانی کوردستان لە 2007/3/27 وەک یەکەمین رێکخراوی بەرگریکار لە مافەکانی پیاوان خۆی راگەیاندو، لە 2009/3/30 مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە.

عەلی سابیر شارەزای بواری پەروەردەیی، دەربارەی بەرزبوونەوەی رێژەی توندوتیژی دژ بە هەردوو رەگەز، بۆ خەندان وتی: "سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێکە لە هۆکارەکانی چاندنی بیری توندوتیژی، چونکە مندال هەرلەوکاتەوە کە قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتییە، وا فێردەکرێت کەسێکی بێدەنگ و سەرداخراوو گوێڕایەڵ بێت بۆ مامۆستاکەی، ناچاردەکرێت هەرجۆرە توندوتیژییەکی ئەو، بەکارێکی باشە وەربگرێت."

بە پروای عەلی، لای ئێمە مامۆستا هەمیشە لە سەنگەری تۆڵەسەندنەوەدایە دژ بە و خوێندکارەی فەرمانەکانی جێبەجێ ناکات.

عەلی سابیر دەڵێت: "بەر لە هەمووشتێک ئێمە لەم کۆمەڵگەیەدا پێویستمان بە پەروەردەیەکی تازە هەیە، هەر لە خێزانەوە بۆ تەواوی پنتەکانی دیکەی کۆمەڵگا، بەتایبەت بەرامبەر فەلسەفەی پەروەردە بەهەموو شێوازەکانی، کە تیایدا بەهاو یەکسانیی رەگەز لە پەروەردەدا رەنگبداتەوە، رێزی زیاتر لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی بگرێت."

عەلی سابیر وتیشی: "ئاشکرایە کە لە قوتابخانە وانەیەکی ئەوتۆ بەگوێی قوتابیدا نادرێت کە باس لە مامەڵەکردنی مرۆڤ بکات لە ژیانی رۆژانەیدا، هەرچەندە بۆ کچان وانەیەک هەیە بەناوی (ماڵداری)، بەڵام ئەم وانەیەش وابەستەیە بە ماڵەوە نەک بە رێوشوێنی کۆمەڵگە و گۆرینی ئە و سیستەمەی لەکۆمەڵدا هەیە."

ئە و وایدەبینێت: تائێستا کورد نەیتوانیوە بە ئەندازەی پێویست کار لەسەر پرۆژەی پەروەردەی خۆی و کەلتوورو بنەما کۆمەڵایەتییەکان بکات، بەتایبەت گەر ورد بینەوە دەردەکەوێت سیستەمی پەروەردەی ئێستا هەمان ئە و سیستەمەیە کە لەسەردەمی بەعسدا کاری پێدەکرا، جگە لەوەی کەمێک دەستکاری لاوەکی تێدا کراوە، بنەمایەکی زانستییانەی تێدا نابینرێت بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی ساغ و تەندروست.

وەک چارەسەرێکی سەرەتاییش پێشنیاردەکات، وەزارەتی پەروەردە چەندین ناملیکە و چیرۆکەهەواڵ کە باس لە سلبییاتەکانی جۆرەکانی توندوتیژی دەکەن چاپ بکات، لە ڕێی خوێندنگەکانەوە بەسەر خوێندکاراندا دابەشیان بکات.
هەر لەمبارەیەوە، سلێمان بیتوێنی، هەڵسوراوی بواری مافەکانی مرۆڤ، بۆ خەندان دواو، بەپێویستی زانی پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکان، هەندێک یاسا بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەربکات و بەشێک لە و کێشانە سنووردار بکات، چونکە ڕۆژانە لە ڕێگەی نووسینگەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە، هاوڵاتییان کێشەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن، دەکرێت بیرۆکەی پرۆژەیاسا لە و کێشانە وەربگیرێت.
بە وتەی ئە و چالاکەوانە، لە رابردوودا پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵێکی باشی هەبووە لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، وەک پەسەندکردنی پێشینەی هاوسەرگیریی و پرۆژەی قەرزی بچوک و ئە و پرۆژانەی خزمەت بەگەنجان دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-08

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 171
## ئەمساڵ زۆرترین قوتابی لە زانکۆ ئەهلییەکان وەردەگیرێن
http://www.kurdipedia.org/?q=20131130190808887535
خەندان - دانەر حسێن
بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی رایدەگەیەنێت کە بەراورد بە ساڵانی رابردوو، ئەمساڵ زۆرترین قوتابی لە زانکۆ ئەهلییەکان وەردەگیرێن.
د.جەمال کەمال بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە خەندانی وت: "بۆ ساڵی خوێندنی 2013 -2014 پێشبینی دەکرێت 12 هەزار و 500 قوتابی لە زانکۆ ئەهلییەکان وەربگیرێن."
د.جەمال ئاماژەی بەوەدا کە ئەو 12 هەزار قوتابیە دابەشی سەر 11 زانکۆی ئەهلی کراون و هەریەکەی بە پێی کۆنمرە و پسپۆرییەکانیان وەردەگیرێن، وتیشی:" ساڵانە گۆڕانکاری لە رێنماییەکانی وەرگرتن دەکرێت، ئەمساڵیش رێنمایی تازە پەیرەو دەکرێت و هەوڵیش دراوە زۆرترین قوتابی وەربگیرێت."
بەڕێوەبەری خوێندنی ئەهلی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاشکراشیکرد کە "بۆ ئەمساڵ لە زانکۆی جیهان لە بەشی یاسا کۆنمرەی 68 وەرگیراوە، بەڵام بۆ دەرچووی ساڵانی پێشوو 74 وەرگیراوە، لە زانکۆی فەرەنسی لوبنانی دەرچووی ئەمساڵ بۆ کۆنمرەی 60 لە بەشی یاسا وەرگیراوە، پێوەری وەرگرتن لە هەموو زانکۆکان وەکو یەکە، بەڵام داواکاری پێشکەشکردن و کێبڕکێی نمرە وایکردوە جیاوازی هەبێت."
ئەوەشی خستەڕوو کە بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری قوتابیان لە زانکۆ حکومیەکان وەرنەگیراون بۆیە هەوڵماندواە کە زۆرترینی ئەو قوتابیانە لە زانکۆ ئەهلییەکان وەربگیرێن.
وتیشی: "تاوەکو سەرەتای ئەم هەفتەیەش فۆرمی وەرگرتن لەو زانکۆیانە هەبووە بۆ رەخساندنی زۆرترین دەرفەت بۆ خوێندکاران."
سەرەتای ئەم مانگە دکتۆر عەلی سەعید وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە34 هەزارو 71 خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان وەرگیراون و 13 هەزار خوێندکار لە هیچ زانکۆیەکی حکومی وەرنەگیراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-30

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 172

## ئەمساڵ هەورامان گوێزی کەمبوو

http://www.kurdipedia.org/?q=20131009211190188359



باخەوانەکانی هەورامان ئاماژە بەوە دەکەن، ئەمساڵ بەرهەمی دارگوێزەکانیان وەک ساڵانی پێشوو نییە و بەرهەمی کەمی هەبووە، بۆیە رەنگە ئەمساڵ هەرێمی کوردستان پێویستی بەوەبێ لەدەرەوە گوێز هاوردە بکات.

ئێستا وەرزی تەکاندنی گوێزە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەناوچەی هەورامان، خاوەنی باخەکان خەریکی چنینەوەی بەرهەمی ئەمساڵیانن، بەڵام دەڵێن: باخەکانیان بەرهەمی کەمترە لەچاو ساڵانی پێشوو.

لەناوچەکەدا گوێزی هەورامان بەناوبانگە و کورد لە مێژە وتوویەتی: "گوێزی هەورامان بەدەست دەشکێ" ئەوەش وەک وەسفکردنی باشی جۆرەکەی و ناسکی گوێزەکە.

هەورامان دیوی کوردستانی عیراق لەدامێنی زنجیرە چیای سورێندایە لە باکووری خۆرهەڵاتی شاری هەڵەبجەی شەهید لە پارێزگای سلێمانی، سروشت و ژینگەی هەورامان دەوڵەمەندە بەدارستان و بەشی هەرە زۆری بەدەستی دانیشتووانی ناوچەکە نێژراون، داری گوێز بەرچاوترین درەختە لە و ناوچەیە.

پەیامنێری ئەنادۆڵ بۆ ئامادەکردنی راپۆرتێک لەسەر گوێزی ناوچەکە، سەردانی ناوچەی هەورامانی کردوە، بەشی زۆری باخەوانەکان وتوویانە بەرهەمی ئەمساڵیان کەمە.

بەگوێرەی ئاماری فەرمانگەی کشتوکاڵی هەڵەبجەی شەهید، نزیکەی 16 هەزار داری گوێز لەناوچەی هەورامان هەن، بەڵام ئامارێکی تەواو لەبارەی ئاستی بەرهەمی ساڵانەی گوێزی ناوچەکە لەبەردەست نییە.

هۆشیار حەمەسەعید، باخەوانێکی گوندی وەزەنێ وتی: "هەورامییەکان ناتوانن دەستبەرداری باخداری گوێز ببن، چونکە هەورامان هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی وەهایە بۆ گوێز ژینگە و هەوای زۆر لەبارە و تێیدا گەشە دەکات هەروەها بەرهەمی چاکی هەیە."

بەڵام باخدارەکانی هەورامان بەنیگەرانییەوە دەڵێن: ئەمساڵ دارگوێزەکانیان بەرهەمی کەمە، بێساران هەورامی باخەوانێکی ناوچەی هەورامانە وتی، ساڵانە دارگوێزەکانمان رووبەڕوی چەندین گرفت دەبنەوە، لەوانەش خزمەت نەکردنی ئەو دارانەیە لەلایەن فەرمانگەی کشتوکاڵ، بۆیە کرم و نەخۆشیی بوونەتە هۆی وشککردنی دارگوێزەکان، هەروەها هاتنی بەراز بۆ ناو باخەکان کێشەیەکی دیکەی ئێمەیە".

بێساران هەروەها وتی: "ئەمساڵ ساڵەکەی باش نەبوو بۆ گوێز، بەرهەمی گوێز کەمە بەهۆی ئەوەی بەهارو زستان، تەرزە و باران بەرەکەی بە کۆرپەیی وەراند".

هەورامییەکان گوێز لەگەڵ زۆر خواردندا بەکار دەهێنن، بەتایبەتی ژەمی بەیانیانیانە و شەوانی زستانیش وەکو چەرەز لەگەڵ قەزوان، تووی وشککراو و مێوژ لەمیوانداریی و کۆڕی شەوان پێشکەش دەکرێن.

ساڵانە لەسەرەتای مانگی 10- تشرینی یەکەم- دا هەورامییەکان دەست بەتەکاندنی گوێز دەکەن و پێی دەڵێن: "کاتی شەنێ" ئەوەش

کارێکی ئاسان نییە و کەسانی تایبەت هەیە بۆ تەکاندنی گوێز، بەگوێز تەکێنەر دەوترێ " شەنێر" شەنێر دارێکی درێژ کە نزیکەی حەوت مەترە دەگیرێت بەدەستەوە و بەدار گوێزدا هەڵدەزنێ."
هەموو کەس ناتوانێ شەنێری بکا، سوهەیب حەمەفارس دەڵێت، ماوەی 16 ساڵە خەریکی ئەو کارەیە، دوای هاتنە خوارەوەی لەسەر یەکێ لەدارگوێزە بەرزەکان وتی: "هەموو کەسێ ناتوانێ ئەم کارە بکات، چونکە تایبەتمەندی خۆی هەیە و راهاتنە لەسەر کارەکە، مەرجی یەکەمی ئەو کەسەش پێویستە لەبەررزایی نەترسێ و کێشی لاشەی سوکبێ تا بتوانێت بچێتە سەر داران و نەبێتە هۆی شکاندنەوەی چڵ و چێوی دار گوێزەکان".
بەپێی قسەی باخدارو شارەزایانی گوێز، ئەو دارە هەندێجار بەرزیەکەی دەگاتە زیاتر لە 30 مەتر و تەمەنیشی تا 200 ساڵ دەڕوات، ڕەگەکەشی مێخییە و بۆ ناخی زەوی دەچێ، داری گوێز لە دارو درەختەکانی دیکە جیاوازە، تاکە درەختە گازی ئۆکسجین هەڵدەمژێ و گازی دوائۆکسیدی کاربۆن دەداتەوە، بۆیە لە کوردەواریدا خەوتن لەژێر دارگوێزدا بەباش نازانرێت.
بە شێوە زاری هەورامی بەگوێز دەگوترێ (وەزی) کاکڵەکەشی پێی دەگوترێ (مەژگە) بەمانای مێشکی مرۆڤ دێ، کاکڵەی گوێز لەشێوەی مێشکی مرۆڤدایە، بۆیە لەسەردەمی ئیغریقییەکانەوە تائێستا گوێز نیشانەی زیرەکی بووە و زۆر سودمەندە بۆ خانەکانی مێشک و لەشساغی.
شارەزایانی تەندروستی وتوویانە گوێز دەوڵەمەندە بە چەندین ماددەی بەسود وەکو مەگنیسیۆم، ڤیتامینE ، پرۆتین، پۆتاسیۆم، شەکر و چەوری بەسودی هەیە، ڕێژەی مادەی فسفۆر لە ناو گوێزدا وەک ڕێژەی فسفۆرە لە ماسی و برنج و هێلکەدا، خواردنی رۆژانەی گوێز پەستان و ڕێژەی چەوری لەخوێندا کەمدەکاتەوە، کێش و ڕێژەی شەکریش لەخوێندا رادەگرێت .
گوێز بەچەند قۆناغێک لێدەکرێتەوە، سەرەتا لەدارەکەوە دەتەکێنرێت، دواتر لە ژێر دارگوێزەکەدا کۆدەکرێتەوە، هەڵخستن و وشککردنەوە، بژاردن و جیاکردنەوەی، قۆناغی کۆتایش فرۆشتنیەتی.
گوێز چەند جۆرێکی هەیە (کاکڵە، کوێر، خەیارە، کەلەکە) باشترین جۆریان کاکڵەیە.
ناوچەی هەورامان لەسەردەمی حوکمڕانی سەدام حسێن، وەک بەشی هەر زۆری ناوچەکانی هەرێمی کوردستان گیرۆدەی شەڕە ماڵکاولکەرەکان بوو، ساڵی 1978 سوپای عیراق ئۆپەراسیۆنی "چۆڵکردنی گوندو شارەکانی سەرسنوور"ی دەست پێکرد و سەرچاوە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان دەڵێن، زیاتر لە چوار هەزار گوندو شارۆچکە راگوێزران، بەوەش زیانێکی زۆر بەدارو درەخت و ژینگەی ئەو ناوچانە گەیشت."
بەهۆی چۆڵکردنی گوندەکان تەواوی ڕەزو باخ و کانیاوەکانی ئەو ناوچانە کوێر بوونەوە، جوتیاران و باخداران ساڵی 1991 لەدوای دەرپەڕاندنی سوپای عیراق لە هەرێمی کوردستان دەستیانکردەوە بەچاندنەوەی ڕەزو باخی خۆیان.
بەهۆی کەمی گوێزی هەورامان ناتوانرێت پێویستی ناوخۆیی پێدابین بکرێت، بۆیە لە دەرەوە گوێز هاوردە دەکرێت، فرۆشتنی گوێز بەدانەیە، پێچەوانەی بەرهەمی باخ ورەزە لە کوردستان، ئێستا نرخی 1000 گوێز 60 هەزار دینارە (50 دۆلار) ماوەی چەند ساڵێکە گوێزی هەورامانی (دیوی ئێران) هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، بەهۆی هەرزانی نرخەکەی داواکاری زیاتری لەسەرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-10-09

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 173

## ئەمساڵ 1203 حاڵەتی شێرپەنجە لە کەرکوک تۆمار کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141231101551844457

حەسەن جومعە
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک، ئەمساڵ 1203 حاڵەتی نەخۆشی شێرپەنجە لە و شارە تۆمارکراوە.
دکتۆر سەباح ئەمین، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک بە خەندانی ڕاگەیاند: "بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک، ئەمساڵ 1203 کەس دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بوون."
دکتۆر سەباح وتی: "نەشتەرگەری گەورە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە و کەسانە ئەنجامدراوە کە دووچاری ئە و نەخۆشییە بوونەتەوە."
وتیشی: " بۆ یەکەمجار لە شاری کەرکوک نەشتەرگەری زۆر گەورە و دەگمەن بۆ نەخۆشییە جیاوازەکان ئەنجامدراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دۆخی تەندروستی لە شاری کەرکوک لە ئاستێکی زۆر باشدایە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و ڕاپرسی: | تەندروستی |
| شارەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 174

## ئەنجامی بەرایی تاقیکردنەوەی دەرەکی سنوری پەروەردەی کەلار - 2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150310135504682441

ئەنجامی بەرایی تاقیکردنەوەکانی دەرەکی لە سنوری پەروەردەی کەلار بۆ بەشەکانی پۆلی دوانزەی (زانستی و وێژەیی) ڕاگەیەندرا کە 700 خوێندکار بەشدارییان تێدا کردبوو.
لە و ژمارەیەش، (276) خوێندکاری زانستیی بوون و کە (45) خوێندکاریان دەرچوون.
لە کۆی (424) خوێندکاری بەشی وێژەیی-ش (101) خوێندکار دەرچوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 175

## ئەنجامی دەنگی لایەن و کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان - 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20140522120731764
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 2014-05-22

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 176

## ئەنجامی دەنگەکانی پارێزگای هەولێر و کاندیدە دەرچووەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140522115514764

ئەمڕۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لەشاری هەولێر ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند، بەم جۆرەش ئەنجامی دەنگی لایەنەکان و ژمارەی کاندیدە دەرچووەکان بەم جۆرەیە:
پارتی دیموکراتی کوردستان 372607 دەنگ
ناوی کاندیدە دەرچووەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمانەی خوارەوەن:
نەوزاد هادی
جەلال محەمەد
عەلی ڕەشید
یاسین سەلیم
فەرامەرز ئەکرەم
سلێمان خالید
نووری عیسمەت
ئالان ئەسکەندەر
کەنعان خەسرەو
بوژە جەمال
ژیان ئاغا تاجەددین
خانزاد یوسف
یەکێتی نیشتمانی کوردستان 168603 دەنگ
ناوی کاندیدە دەرچووەکان:
ڕێباز بیرکۆتی
نیار ئازاد
هیوا جەوهەر
نافیز مستەفا
سازگار دڵشاد
ژینۆ محەمەد
بزووتنەوەی گۆڕان 108117 دەنگ
ناوی کاندیدە دەرچووەکان:

عەبدولڕەحمان عومەر
هێڤی هەیاف
رازاو شازادە
دلێر حسێن
کۆمەڵی ئیسلامی 57907 دەنگ
ناوی کاندیدە دەرچووەکان :
عەباس محەمەد
چنار جەلال
یەکگرتووی ئیسلامی 27713 دەنگ
ناوی کاندیدە دەرچووەکان :
غازی عەلی عەلی
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 177

## ئەنجامی راپرسی خەندان لەسەر سەربەخۆیی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014070916180176940



لە راپرسیەکی خەنداند، کە لە سەر وێبسایتی خەندان ئەنجامدرابوو دەربارەی ئەوەی کە ئایا لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانداى، کە 23 هەزار و 349 کەس بەشداریان تیاکرد، ئەنجامەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەبوو.
20هەزار و 949 کەس بەبەڵێ دەنگیان داوە، هەزارو 999 کەس بە نەخێر و 401 کەس بە نازانم دەنگیان دابوو.
دوای دەستبەسەرداگرتنی مووسڵ و چەند ناوچەیەکی دیکەی لە لایەن چەکدارانی (داعش) و رەوانەکردنی پێشمەرگە بۆ تەواوی سنوورەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، خەونی جیابوونەوەی لە عیراق و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە لایەن تاکی کوردەوە سەری هەڵداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-09

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 178

## ئەنجامی راپرسی رووداو لەبارەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان - 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042320583975946

بە پێی ڕاپرسییەکی پۆرتاڵی ڕووداو، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان زۆرترین ڕێژەی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت. پۆرتاڵی ڕووداو لە بەرواری 3.4.2014 تاوەکو 22.4.2014، ڕاپرسییەکی ئەنجام دا و لە سەردانکەرانی پرسیبوو، "بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەنگ بەکێ دەدەیت؟". لە ڕاپرسییەکە، کە 39،988 کەس بەشداری تێداکرد، یەکێتی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و کۆمەڵی ئیسلامیش کەمترین دەنگی بەدەستهێناوە. ئەنجامی ڕاپرسییەکە: 1/ یەکێتیی دەنگی 17،387 بەشداربووی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە 43.5%ی دەنگەکان. 2/ پارتی دەنگی 10،509 بەشداربووی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە 26.3%ی دەنگەکان. 3/ گۆڕان دەنگی 8،841 بەشداربووی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە 22.1%ی دەنگەکان. 4/ یەکگرتوو دەنگی 1،308 بەشداربووی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە 3.3%ی دەنگەکان. 5/ کۆمەڵ دەنگی 980 بەشداربووی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە 2.5%ی دەنگەکان. هەر بە پێی ڕاپرسییەکە، 963 کەس، کە دەکاتە 2.4%ی دەنگەکان، دەنگ بە هیچ یەکێک لەو 5 حیزبە نادەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 23-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 179

## ئەنجامی ڕاپرسییەک لەسەر ئەدای حکومەتی هەرێم خراپەڕوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012016360386575

خەندان - ڕەهێڵ سەمەد

زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسییەک پێیانوایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا لە چارەسەرکردنی گەندەڵیدا سەرکەوتوو نەبووە.

ئەمڕۆ 20ی کانوونی دووەمی 2014 پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان دەرئەنجامی 86 ڕاپرسی خۆی ڕاگەیاند کە تایبەت بوو بە ئاستی متمانەی هاوڵاتیان بە و خزمەتگوزارییانەی حکومەتی هەرێم تا کۆتای ساڵی 2013 پێشکەشی کردووە.

لە وەڵامی یەکێک لە پرسیارەکانی ئە و ڕاپرسییەدا لەبارەی چارەسەرکردنی گەندەڵی هاتووە کە سەدا 62ی هاوڵاتیان پێیانوایە حکومەت لە چارەسەرکردنی پرسی گەندەڵی هیچ سەرکەوتوو نەبووە و لەسەدا 30ی هاوڵاتیانیش پێیانوایە حکومەت لەپرسی نەوت سەرکەوتوو نەبووە.

بۆ ئەم مەبەستە محەمەد کەلاری بەرپرسی پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە شاری هەولێر ڕایگەیاند، لە ڕاپرسیەکەیاندا سێ هەزار فۆرمیان دابەشکردووە و دوو هەزار و 965 فۆرمیان بە دروستی بۆ گەڕاوەتەوە.

محەمەد کەلاری وتی: "بەگوێرەی ڕاپرسییەکە سەدا 55ی هاوڵاتیان پێیانوایە حکومەت هیچ سەرکەوتوو نەبووە لە چارەسەرکردنی گرانی بازاڕدا، لە بەرامبەردا لەسەدا 36ی هاوڵاتیان پێیانوایە تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووە."

هەروەک سەدا 36ی بەشداربووان پێیانوایە حکومەت سەرکەوتوو نەبووە لە چارەسەرکردنی گرفتی نیشتەجێبوون و سەدا 49ش پێیانوایە تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووە.

بەگوێرەی ئەنجامی ڕاپرسییەکە سەدا 62ی بەشداربووان پێیانوایە حکومەت لە چارەسەرکردنی گەندەڵی هیچ سەرکەوتوو نەبووە و لەسەدا 28 پێیانوابووە تاڕادەیەک سەرکەوتو بووە.

لەبارەی پرسی نەوت هەروەک لە ڕاپرسیەکەی پەیمانگای کوردستاندا هاتووە لەسەدا 30 پێیانوایە حکومەت هیچ سەرکەوتوو نەبووە و لە سەدا 47 پێیانوایە تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووە و لەسەدا 23ش پێیانوایە زۆر سەرکەوتوو بووە.

لەبارەی سەرکەوتنی حکومەت لە کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و کارەبا بەشداربووان بەئەرێنی وەڵامی ئە و پرسیارانەیان داوەتەوە و پێیانوابووە هاوشێوەی بارودۆخی ئەمنی هەرێم، حکومەت تاڕادەیەک سەرکەوتنی لە و کەرتانەدا بەدەست هێناوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-20

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 180

## ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئامەد

http://www.kurdipedia.org/?q=2014040120274468257

خەندان - شاسوار مامە
دەستەی هەڵبژاردنی شاری ئامەد، ئەنجامی هەڵبژاردنی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی سنوری ئامەدی ڕاگەیاند و بەوپێیە پارتی ئاشتی و دیموکراسی "بەدەپە" پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە و پارتی داد و گەشەپێدان بە پلەی دووەم دێت.
ئەنجامی دەنگی پارتە سیاسییەکان لە ئامەد بەم شێوەیە:
پارتی ئاشتی و دیموکراتی "بەدەپە" ؛ (397) هەزار و (179) دەنگ
پارتی داد و گەشەپێدان "ئاکەپە" : (252) هەزار و (65) دەنگ
هودا پار : (33) هەزار و (207) دەنگ
پارتی گەلی کوماری "جەهەپە": (8) هەزار و (660) دەنگ
بەبەپە : حەوت هەزار و (99) دەنگ
پارتی سەعادەت : (6)هەزار و (593) دەنگ
مەهەپە : چوار هەزار و 677 دەنگ
هاک پار : (3) هەزار و (188) دەنگ
دەیەپە : چوارسەد و (15) دەنگ
دەسەپە : پێنسەد و (16) دەنگ
سەربەخۆکان : (313) دەنگ
بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، گوڵتان کشاناک و فرات ئانلی دەبنە هاوسەرۆکانی شارەوانی گەورەی ئامەد و سەرکەوتن بەسەر ڕکابەرەکەیان "محەمەد گاڵپ ئەنساری ئۆغلو" کاندیدی ئاکەپە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | ئامەد |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 181

## ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزەران: لە 42 نوێنەر پارتی 29یان دەباتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081521243189153

هەڵبژاردنی کۆنگرەی پارێزەران کۆتایی هات و لە کۆی 42 نوێنەر پارتی دیموکراتی کوردستان 29 یان دەباتەوە.
هێمن مامەند، ئاوێنەنیوز:لە و بارەیەوە پارێزەر ئومێد پاڵانی تایبەت بە ئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، کۆنگرەی پارێزەرانی کوردستان ئەمڕۆ(پێنج شەممە) کۆتایی هات و لە کۆی 2104کەس 1245

کەس بەشداری تیاداکرد بۆ هەڵبژاردنی 42 نوێنەر.
سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش ناوبراوی رونیکردەوە کە:
پارتی دیموکراتی کوردستان 29 نوێنەریان بردەوە.
یەکێتی نیشتمانی کوردستان 9 نوێنەریان بردەوە.
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان 2 نوێنەریان بردەوە.
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان 2 نوێنەریان بردەوە.
بیلایەنەکان 2 نوێنەریان بردەوە.
بزوتنەوەی گۆڕان و لایەنەکان تر نوێنەرێکیان نەبردۆتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 15-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 182
## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 12 شارەوانی کانتۆنی جەزیرە
http://www.kurdipedia.org/?q=20150316172346848883



ئێوارەی ئەمڕۆ دوو شەممە 16ی ئازاری 2015، ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 12 شارەوانی لە کانتۆنی جەزیرە کە لە 13ی ئەم مانگە دەستپێکردبوو لە لایەن کۆمسیۆنی باڵاوە راگەیاندرا و هاوسەرۆکەکانی شارەوانیەکانیش دیارکران.
کۆمسیۆنی باڵا لە کانتۆنی جەزیرە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەنجامی هەڵبژاردنی 12 شارەوانی کە لە 13ی ئازاری 2015 دەستپێکردبوو دیارکران.
لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەدا کۆمسیۆنی باڵا لە کانتۆنی جەزیرە ئاشکرایکرد کە لە و هەڵبژاردنانەدا سەد هەزار کەس دەنگیان بە نوێنەرەکانی خۆیان دابوو.
بەپێی ئە و ئەنجامانەی کە لە و کۆنگرە رۆژنامەوانیەدا ئاشکراکران هاوسەرۆکەکانی شارەوانی لە کانتۆنی جەزیرە بەم شێوەیەن:
سەرێکانی : عەبدولعەزیز سالح 2533 دەنگ و جیهان سلێمان عەبدوڵا 1752 دەنگ.
حەسەکە : بێریڤان محەمەد عیسا کووتی 3005 دەنگ و لوقمان جەمیل مووسا 3902 دەنگ.
ئەبوو راسێن : سینان عەلی عەبدۆ و میدیا مۆ
گرکێ لەگ : عەبدولحەلین سەید حەسەن 3656 دەنگ و حوسنا بەهرەم تەلۆ 3563 دەنگ.
تل کۆچەر : حسێن عەلی ئەلخەدان 2405 دەنگ و هییام مەهموود ئەلمزەل 975 دەنگ .
چل ئاغا : عەلی عەبدوڵا رەمەزان 2480 دەنگ و سوعاد حسێن ئەلحسێن 2129 دەنگ.
دێرک : دجلە حەمۆ 3245 دەنگ و حسێن ئادەم 3143 دەنگ.
ئاموودێ : ئدریس عەلی ئیبراهیم 2307 دەنگ و دجلە ردوان نەسری 2510 دەنگ.
فەرهان حاج حەمزە 3431 دەنگ و لۆرین محەمەد 3019 دەنگ .
قامشلۆ رۆژهەلات : ماز عەبدولکەریم و گولستان برحک
قامشلۆ رۆژاوا : فەرهان کارتمێنی و رانیا محەمەد
دربێسیێ : حەمید میش و مونا ئیبراهیم

سەرچاوەhawarnews :
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-16


تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 183

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2009

http://www.kurdipedia.org/?q=20140430212948760026



سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-04-30


تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 184

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2010

http://www.kurdipedia.org/?q=20140430213212100508



سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-04-30


تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 185

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2013

http://www.kurdipedia.org/?q=20140430213330100509



سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 30-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 186

## ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی باشووری کوردستان - 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20140509154027 76225



سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 09-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 187

## ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140522115312 76414

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی راگەیاند کە 30ی مانگی رابردوو هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەڕێوەچوو.

ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە شاری هەولێر، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق، ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی راگەیاند.

کۆی گشتی دەنگدەکان "906643"

ژمارەی کورسییەکان 32 کورسی

ئەنجامەکانیش بەمشێوەیەیە:

پارێزگای سلێمانی:

بزووتنەوەی گۆڕان "359600" دەنگ (12) کورسی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان "318723" دەنگ (11) کورسی

پارتی دیموکراتی کوردستان "86655" دەنگ (3) کورسی

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان "55457" دەنگ (2) کورسی

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان "66097" دەنگ (2) کورسی

هاوپەیمانی نیشتمانی "10512" دەنگ (1) کورسی

ئەمەش ناوی کاندیدە سەرکەوتووەکانە:

بزووتنەوەی گۆڕان

-1هەڤاڵ ئەبوبەکر "241241" دەنگ

-2بەرزان محەمەد "7795" دەنگ
-3بەناز حەمە رەشید "5396" دەنگ
-4غالب محەمەد "5034" دەنگ
-5ئەنوەر تاهیر "4848" دەنگ
-6هاوسەر هۆشیار "4412" دەنگ
-7دیلمان عەزیز "4315" دەنگ
-8ڕێبوار ئەحمەد "3972" دەنگ
-9محەمەد عەبدولوەهاب "3855" دەنگ
-10رەسول عەبدوڵڵا "2984" دەنگ
-11سێوە حەمەخزر "2348" دەنگ
-12هاوژین ئیسماعیل "1825" دەنگ
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
-1ئاسۆ فەرەیدون "104424" دەنگ
-2سەلمە فاتیح "18773" دەنگ
-3ئەکرەم شەریف "8550" دەنگ
-4ڕێکەوت محەمەد "8161" دەنگ
-5ئازاد محەمەد ئەمین "7743" دەنگ
-6محەمەد رەسول "7562" دەنگ
-7رزگار حەمە نووی "6067" دەنگ
-8سەباح فەتاح "5280" دەنگ
-9هۆشیار ئیسماعیل "5270" دەنگ
-10نیاز ئەحمەد "4192" دەنگ
-11ئاڤان جەمال "4137" دەنگ
پارتی دیموکراتی کوردستان
-1زیاد حەمە رەزا "8254" دەنگ
-2دانا محەمەد "3659" دەنگ
-3مینا سامی "2886" دەنگ
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
-1مەهدی مەحموود "15364" دەنگ
-2خەدیجە عەبدولجەبار "4435" دەنگ
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان
-1فەیسەڵ ئیبراهیم "20527" دەنگ
-2میدیا شێخ ئەحمەد "2442" دەنگ
هاوپەیمانی نیشتمانی
-1فەرهاد تۆفیق حەسەن "4275" دەنگ
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 188

**ئەنجومەنی دادوەری ئاماری شەش مانگی کارو چالاکییەکانی ڕاگەیاند**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150818113414858887

ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئاماری کۆی کارو چالاکییەکانی دادگاکانی هەرێمی کوردستانی راگەیاند و بەپێی ئامارەکەش رێژەی جیابوونەوە زیادی کردووە.
بەپێی راگەیەندراوێکی ئەنجومەنی دادوەری کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا دادوەر ئومێد موحسین حەمەدەمین، وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم رایگەیاند: چەشنی سالانی رابردوو، کاروباری دادگاکانی لێکۆڵینەوە و کۆی کێشەکانی تایبەت بە و دادگایانە و هەروەها دادگاکانی باری کەسی و ئاماری تایبەت بە هاوسەرگیری و لێک جیابوونەوە و بەراوردێکی نێوانیان لەگەڵ سالانی رابردوو و هەروەها داوا یەکلاکراوەکان و یەکلا نەکراوەکانی بەردەم دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بۆ شەش مانگی یەکەم دەخرێنەڕوو .
هەروەک رایگەیاند: بە بەراورد لەگەڵ سالانی رابردوو رێژەیەکی زۆرتر لە داواکانی بەردەم دادگاکان یەکلایی کراونەتەوە، لە کەیسەکانی تایبەت بە هاوسەرگیری و لێک جیابوونەوەش.
وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری وتی: "رێژەی هاوسەرگیری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەر چوار پارێگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک-گەرمیان بە بەراورد لەگەڵ شەش مانگی یەکەمی سالی دووهەزارو چواردە کەمیان کردووە."
روونیکردەوە: سەبارەت بە رێژەی لێک جیابوونەوەش دیسانەوە لە کۆی چوار پارێزگای هەرێم ئە و رێژەیە زیادی کردووە، بە پێی زانیارییەکانی ناو ئاماری ئەمساڵیش هۆکاری جیاجیا لەپشتەوەی زیادبوونی ئاماری لێک جیابوونەوەکانە کە سەرەکی ترینیان نەگونجان لەگەڵ یەکتر و هەروەها جیاوازی تەمەن و هۆکاری نەزۆکی و داوێن پیسی یان نەبوونی ماڵی جیاو چەندین هۆکاری دیکە کە لەنێو خشتەی ئاماری دادگاکان دەستنیشان کراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 189
## ئەو چەکدارانەی داعش کە لەماوەی مانگێکدا لە کۆبانی کوژراون
http://www.kurdipedia.org/?q=2014040816384868935
خەندان - شاسوار مامە
یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" ئاماری شەڕوپێکدادانی مانگی ڕابردووی یەکینەکانیان لەگەڵ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام"داعش" لە کانتۆنی کۆبانی ڕۆژئاوای کوردستان بڵاوکردەوە.
بەپێی ئامارەکە، لە 8 ی ئادار هەتا 8 ی نیسانی 2014، لە ئەنجامی بەرەنگاربوونەوەی هێرشی چەکدارانی داعش لە شاری کۆبانی، 419 چەکداری داعش کوژراون و 10 چەکداریش بەدیل گیراون.
یەپەگە ڕاشیدەگەیەنێت لە مانگی ڕابردوودا 13 شەڕڤانی یەپەگە و یەپەژە لە ئەنجامی شەڕی داعش گیانیان لەدەستداوە.
یەپەگە ڕایدەگەیەنێت، چەکدارانی داعش لە ناوچەکانی حەلەب و ئدلب و حەما و حومس و لازقیە، هێرشیان کردۆتە سەر کانتۆنی کۆبانی.
ناوەندی ڕاگەیاندنی یەپەگە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هێزەکانیان دەستیان گرتووە بەسەر چەندین جبەخانە و پارچە چەک و تەقەمەنی کە لە تورکیا و عەربستانی سعودیەوە هێنراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل - YPG ژنان - YPJ شەنگال(YBŞ)
جۆری کەس: قوربانیی داعش
شارەکان: کۆبانی
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 190

## ئەو شوێنانەی ئاوارەیان تێدایە لە ڕانیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091013020677368

کامەران عەبدە ساڵح
هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن، ژمارەیەک لە باخچەی ساوایان لە ڕانیە، تائێستا ماڵی ئاوارەیان تێدا نیشتەجێیە، پەروەردەی ڕانیەش چاوەڕوانی سەرووی خۆی دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئە و گرفتە.
یوسف ناودەشتی، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە، بە خەندانی ڕاگەیاند: لەکۆی 29 باخچەی ساوایان لەسنوری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان، 12 باخچەیان ماڵی ئاوارەیان تێدا نیشتەجێیە.
وتیشی: بەپێی ئە و بەدواداچوونەی ئەنجامانداوە، لەئێستادا لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین، هیچ شوێنێکی ئەوتۆ نیە بۆ ئەوەی خێزانە ئاوارەکانی ناو ئە و 12 باخچەیەی بۆ بگوێزرێتەوە.
ئاماژەی بەوەشدا، بۆ چارەسەرکردنی ئە و گرفتە، پەیوەندییان بە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە کردووە و چاوەڕوانی بڕیاری سەرووی خۆیان دەکەن.
ئەوەشی خستەڕوو، کە جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمساڵی خوێندن، هیچ قوتابخانە و خوێندنگەیەک ماڵی ئاوارەی تێدا نیە.
لەسنووری بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی ڕانیە،بڕیارە 153 قوتابخانە و خوێندنگە و 29 باخچەی ساوایان و سێ پەیمانگا کە بریتین لە پەیمانگاکانی هونەرەجوانەکان، وەرزش و کۆمپیوتەر، بۆ ئەمساڵی خوێندن دەوامیان تێدا بکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: ڕانیە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 191

## بارانبارینی چەند ڕۆژی ڕابردوو تا چەند سودی بۆ بەنداوەکان هەبووە 13-2015-02

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021311234984762

ژینۆ ئەحمەد
بارانبارینی ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو ڕێژەیەکی باشی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان تۆمار کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی ئاوی دەریاچە و ڕووبار و چەم و کانیاوەکان بەڕێژەیەکی باش

زیادیان کردوە، ئاستی ئاوی ژێر زەویش لە ئاستێکی باشدایە، بەڵام ئاستی ئاوی بەنداوی دوکان لە چاو ساڵی پاردا هێشتا کەمترە، ئەگەرچی دەربەندیخان سێ مەتری لە ساڵی پار زیاترە.
ئاستی ئاو
ئەندازیار ئەکرەم ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی بەنداو و کۆگاکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم بە خەندانی ڕاگەیاند: بارانبارینی ئەمساڵ ئەگەرچی ڕێژەیەکی باشبوە بەڵام ئاستی ئاوی دەریاچەکان لە ئاستی پێویستدا نین، ئێستا لە دوکان 161 مەتر لە چرکەیەکدا ئاو دێت، لەگەڵ ساڵی پار 50 ملیۆن کەمترن، ئاستی ئاوەکەش 23 سانتیمەتر لە پار کەمترە.
وتیشی: "لە دەربەندیخان ئاستی ئاو زیاترە، بەڵام داهاتێکی دڵخۆشکەر نەبووە، بۆیە شتێکی ئاسایی بووە.
ڕاشیگەیاند: لە ئێستادا سەدا 60ی بەنداوی دوکان بەتاڵە و ئاوی تیانییە، ئەگەر بارانێکی زۆریش بارێت ناتوانێت وەک ساڵانی هەشتاکان پڕ ببێتەوە، هەروەها بەنداوی دەربەندیخانیش ڕێژەی سەدا 50 بۆ 60ی بەتاڵە.
ڕێژەی بارانبارین
لەماوەی بارانبارین و بەفری ئەمساڵدا ڕێژەیەکی باش لە چاو ساڵی پار باران باریوە، بەجۆرێک لە هەندێک جێگا بارانبارین 700 ملیمەتری تێپەڕاندوە.
بەپێی داتای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێم لەماوەی ئەمساڵدا کۆی گشتی بارانبارین لە بەشێک لە ناوچەکانی هەرێم بەم جۆرە بوە: سلێمانی 498 ملیمەتر، هەولێر 231 ملیمەتر، دهۆک 425 ملیمەتر، کەرکوک 192 ملیمەتر .
هەروەک لە هەندێک قەزاو ناحیەش بەم جۆرەی خوارەوە تۆمار کراوە: هیران 738 ملیمەتر، بارزان 546 ملیمەتر، ڕانیە 495 ملیمەتر، قەڵادزێ 450 ملیمەتر، زاخۆ 410 ملیمەتر، ئاکرێ 472 ملیمەتر، ئەمەش هەندێکیان لە چاو پاردا زیاترن و هەندێکیشیان کەمترن.
ئەکرەم ئەحمەد وتی: "پێشبینی زیاتری بارانبارین دەکەین، چونکە هێشتا سێ مانگ وەرزی بارانبارین ماوە، ئەمەش دەتوانرێت ڕێژەیەکی باش باران ببارێت و ئاستی ئاوی بەنداوەکان زیاتر بکات، هەروەک ئاستی ئاوی ژێر زەویش زیاتر بەرز بکاتەوە."
ئەوەشی خستەڕوو: ئەمساڵ بارانێکی زۆر باش باریوە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، سودی بۆ جوتیاریو ئاودێری و ئاو هەبوە.
ژمارەی بەنداوەکان
بەڕێوەبەری گشتی کۆگاو بەنداوەکان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم ئەوەشی ڕاگەیاند: لە ئێستادا نۆ بەنداو لە هەرێمی کوردستان ئاوی باران گل دەدەنەوە، ئەمەش لە ئاستی پێویستدا نییە، چونکە زۆر جێگا هەیە کە ئاوەکەی بەفیڕۆ دەڕوات.
وتیشی: "بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێمەوە ئەمساڵ نەتوانراوە بەنداو تەواو ببن، بەڵام ئەگەر پارەمان بۆ دابین بکرێت بۆ مانگی پێنج و شەشی ئەمساڵ دەتوانین چەند بەنداوێکی تر تەواو بکەین."
ئەکرەم ئەحمەد ڕاشیگەیاند: "کاتێک بەنداوێک دروست دەکەین دەبێت پرۆژەی ئاودێری لەگەڵ دروست بکەین و مزەخەی بۆ دابین بکەین، دەبێت بەرنامەکە بەشێوەی تەواوکاری جێبەجێ بکەین."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-02-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 192

**بارزانی ژمارەی پەنابەرە سوری و عیراقییەکان ئاشکرا دەکات**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031323420249470
سەبارەت بە ڕەوشی پەنابەر و ئاوارەکانیش سەرۆکی هەرێم، وتی : ئێستا نزیکەی 250 هەزار پەنابەر لە سووریاوە هاتوونەتە ناو هەرێمی کوردستان، هەروەها پێش ئەوانیش نزیکەی 220 هەزار ئاوارە لە شارەکانی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێم کردووە، ئەوە جگە لە زیاتر لە 26 هەزار خانەوادەی مەسیحی کە بۆ پاراستنی گیانیان لە ناوچەکانی عێراقەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، ئەو ژمارە زۆرەیش قورساییەکی زۆری خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام هاوکاریی کردنی ئەوانمان بە ئەرکی مرۆیی و نیشتیمانی زانیوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 193

## بازاڕی قوماش بەڕێژەی 90% وەستاوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111015001377906

هێڤی خالید
شەڕی داعش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کاریگەرییەکی تەواوی خستۆتەسەر سەرجەم چین و توێژەکان و بازاڕی هەرێمی کوردستان، ئەمەش وای کردووە کە بازاڕەکانیی هەرێم بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووو لە سست بوون بکەن، بازرگانێکی قوماشیش دەڵێت، لەمساڵدا بەڕێژەی لە 90% بازاڕی قوماش وەستاوە.
عەتا حاجی رەجەب بازرگانی قوماش و ئەندامی ئەنجومەنی کارگێری ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی لە لێدوانێکی بۆ خەندان ڕایگەیاند" ئەمساڵ بازاڕی قوماش بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، ئەمەش لە کاتێکدایە دەبێت لە وەرزی پایزدا بازاڕی قوماش گەرم بێت، بەڵام ئەمساڵ کوتاڵفرۆشان هەموویان نیگەرانن لە نەفرۆشتنی قوماشەکانیان و بێ بازاڕی."
ئە و بازرگانە هۆکار بێ بازاڕیی قوماشی بۆ بێ بودجەیی و پێنەدانی موچە و ئە و دۆخە گەڕاندەوە کە لە عیراق و هەرێمدا هەیە، ئەوەش بەهۆی شەڕی داعش لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عیراق.
سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی قوماش لە نێوان هەرێم و ناوچەکانی خواروی عیراق، عەتا حاجی رەجەب، وتی" هەموو بازرگانییەک لە نێوان شارەکانی هەرێم و عیراق وەستاوە نە لێرەوە قوماش دەڕوات و نە لەوێشەوە قوماش دێت."
وتیشی:" بەهۆی ئەوەی بازرگانانی خۆمان زیاتر شتومەک لە وڵاتانی دەرەوە دێنن، لە ئێستادا پشت بە بەغدا نابەستن و خۆیان خزمەتی هەرێم دەکەن، ئە و هۆکارەش وای کردووە کە بازرگانیی لەنێوان عیراق و کوردستان کەم بێتەوە."
تەئیکدیشی کردەوە، کە هێنانی قوماش و شتومەک لە حکومەتی ناوەندەوە بەرێژەی 75% لە چاو ساڵانی پێشوو کەمی کردووە.
عەتا حاجی رەجەب ئەوەشی خستەڕوو، کە لەساڵانی رابردودا قوماش فرۆشەکان لەوەرزی پایزدا بەشێوەیەکی باش بازاڕیان دەجولا و هاولاتیان جلوبەرگی نوێیان دەکری، بەڵام لەمساڵدا بازاڕی قوماش بە ڕێژەی لە 90% وەستاوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 194

# باشماخ: رۆژانە 150 ترێلە کاڵای هەمەجۆر هاوردەی هەرێم دەکرێت، بەڵام ترێلەیەک هەناردەناکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041711382975859



تەنها لەمەرزی باشماخەوە رۆژانە نزیکەی 150 ترێلە کاڵا و کەلوپەل و خواردەمەنی هەمەجۆر، هاوردەی هەرێم دەکرێت، بەڵام بەپێی وتەی بەرپرسی گومرگی مەرزەکە مەحمود ئەحمەد، تەنها ترێلەیەکیش لەهەرێمەوە کاڵا و کەلوپەل هەناردەی دەرەوە ناکرێت، لەبارەی داهاتیشەوە ئە و بەرپرسە دەڵێت "دەسەڵاتی ئەوەم نییە داهاتی گومرگی مەرزەکە ئاشکرابکەم."

ئا: ئاسۆ سەراوی

بەڕێوەبەری گومرگی باشماخی نێودەوڵەتی مەحمود ئەحمەد عەلی لەدیدارێکی ئاوێنەدا ئاماژە بەکار و چالاکیەکانیان و ئاستی هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا و کەلوپەل دەدات لە و سنورەوە، ئەوەش ئاشکرا دەکات، کە لەسەر کەمتەرخەمی لەکارەکانیاندا تا ئێستا 6 فەرمانبەری گواستۆتەوە بۆ دەرەوەی گومرگ.

بۆ هەندێ مادە گومرگکردن زیادیکردوە

بەڕێوەبەری گومرگی باشماخی نێودەوڵەتی ئەوە دەخاتەرو کە لەئێستادا پێناسەی گومرگیی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوە، بۆ هەندێ مادە گومرگکردن بەرێژەی20% زیادیکردوە، ئەمەش لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە سەپێنراوە، ئە و وتی "وەک قۆناغی یەکەم 109مادە بەپێی پێناسە تازەکە گومرگ دەکرێت، زیاتریش ئە و شتانە گومرگی زیاد بوە کە زیانبەخشن بۆ مرۆڤ، وەک جگەرە و توتن و خواردنەوە کهولیەکان". ئە و جەخت لەوەش دەکاتەوە کە خواردەمەنی گومرگی لەسەر نییە، تەنها پارەی (ئوجور کەشفەکە)ی وەردەگیرێ، بەشێوەیەکی گشتی میوەهاتیش بۆ هەر کیلۆیەک 50دینار گومرگ دەکرێت، ئەوەی لەمیوەهاتەکانیشدا هاوردەکردنی قەدەغەیە بەشێوەیەکی هەمیشەیی تەنها ترێیە.

هاوردەکردن زۆرە و هەناردەکردن نییە

سەبارەت بەئاستی هاوردەکردن و هەناردەکردنیش لە و سنورەدا ئە و بەداخێکی زۆرەوە ئاماژەی بەوەدا کە ئاستی هەناردەکردن زۆر نزمە بەجۆرێک لەئێستادا ئاستەکەی لەسفردایە، وەک ئە و رونیدەکاتەوە بەشێوەیەکی گشتی رۆژانە نزیکەی 150ترێلە کاڵای هەمەجۆری وەک خواردن و کەلوپەلی بیناسازیی هاوردەی هەرێم دەکرێت، بەڵام تەنانەت ترێلەیەک لەهەرێمەوە هەناردە ناکرێت، لەکاتێکدا پێشتر فافۆن و قاڵب و مس و چەند کاڵایەکی تریش هەناردە دەکران، "بەڵام ئێستا ئەوەش نییە". لەبارەی ئەوەش زۆرترین کاڵا لە و سنورەوە هاوردە بکرێت چییە؟ بەڕێوەبەری گومرگی مەرزی باشماخ وتی "کەلوپەلی بیناسازیی و بەزۆریی کاشی زۆر دێت، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین رۆژانە نزیکەی 10ترێلە کاشی هەمەجۆر لەم سنورەوە دێتە هەرێمەوە، دوای ئەویش کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمبیل زۆر دێت."

کۆنترۆڵکردنی سنورە لاوەکیەکان ئاسان نییە

هاوردەکردنی کاڵا بەشێوەیەکی قاچاخ و خۆدزینەوە لەگومرگکردن وەک

دەوترێ تا رادەیەک بونی هەیە، لەم رووەوە ناوبراو ئەوە روندەکاتەوە، کە جگە لەمەرزەکان سنورێکی بەرفراوانی لاوەکی هەیە، کە کۆنترۆڵکردنی بەتەواوەتی ئاسان نییە، بۆیە دەڵێت "ئەشێ لەسنورە لاوەکیەکانەوە کاڵا بەقاچاخ هاوردە بکرێت، بەڵام لەم مەرزەی ئێمەوە دڵنیاتاندەکەمەوە هاوردەکردنی کاڵا بەشێوەی قاچاخ یاخود خۆدزینەوە لەگومرگکردن بونی نییە."
داهاتی گومرگ ئاشکراناکرێت
بەڕێوەبەری گومرگی باشماخ ئاشکراشی دەکات لەوکاتەوەی ئە و چۆتە ئە و شوێنە، کە ماوەی ساڵ و سێ مانگە، تاوەکو ئێستا 6فەرمانبەری لەسەر کەمتەرخەمی لەئیشدا گواستۆتەوە بۆ دەرەوەی گومرگ "هەر هەفتەی رابردو لەسەر کەمتەرخەمی لەئیشدا 4فەرمانبەرم دەرکرد لەگومرگ و گواستنەوەم بۆ کردن بۆ شوێنی تر". هەروەها ئەوەش دەخاتەرو کە چەندین فەرمانبەری تریش بەهۆی سەرپێچی بچوکەوە سزادراون. بەڕێوەبەری گومرگی باشماخ باس لەوەش دەکات کە هەر بەدو مانگ جارێک جێگۆرکێ بەشوێنکاری فەرمانبەرەکانی دەکات "ئەمەش بۆ ئەوە دەکەین کە هیچ دەرفەتێک نەهێڵینەوە بۆ سەرپێچیکردن". سەبارەت بەداهاتی گومرگی مەرزەکەش مەحمود ئەحمەد عەلی، ئەوە دەخاتەرو کە دەسەڵاتی ئاشکراکردنی ئەوەی نییە و دەڵێت "دەسەڵاتی ئەوەم نییە داهاتی گومرگی مەرزەکە ئاشکرابکەم". بەڵام ئاوێنە لەچەند سەرچاوەیەکی تایبەتی خۆیە زانیوێتی داهاتی رۆژانەی گومرگی ئە و مەرزە "نزیکەی ملیارێک دینارە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-04-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: پێنجوێن

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 195

## بانگەوازێک لە (گرووپی ئاشتی ژنانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان)ەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052313550676439

بانگەوازێک لە (گرووپی ئاشتی ژنانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان)ەوە، بۆ گشت یەکێتیی و سەندیکا و کۆمەڵە پیشەییەکان و، سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گشت ئەو کەسایەتی و ڕۆشنفکرانەی کوردستان کە باوەڕیان بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و، گرنگی و ڕۆڵ و بایەخی بەشداری ئافرەتانی کوردستان هەیە لە پرۆسەی ئیداری و سیاسی دا .
لەگەڵ کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردن لە 21 ئەیلولی ساڵی ڕابردوو، و دەسپێکردنی دانوستاندنەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی تازە لە لایەن پارتە سیاسییەکانەوە، هەر لەو ئان و ساتەدا گرووپەکەمان هەستی بە مەترسی بەشداری پێ نەکردنی ژنان کرد لە پێکهاتەی کابینەی تازەدا. سەرەتای مەترسییەکانیش لەو گفتوگۆیانە دەخوێندرایەوە کە ئافرەت زۆر بە کەمی تیایدا بەشدار بوو یا هەر بەشدار نەبوو. لەو ماوەیەدا گرووپەکەمان هەستا بە سازدانی چەندین دانیشتن و سەردان لەگەڵ زۆربەی سەرکردایەتی لایەنەسیاسییەکان و، بەڕێز جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەردانەکەمان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی

فراکسیۆنەکانیشی گرتەوە. لە گشت ئەو دیدارانەدا جەختمان لەسەر پرسی بەشداری کردنی ژن لە گشت ئاستەکانی بەرپرسیاریەتی دا کردەوە، هەم وەک پێویستی ژیانی مەدەنی و دیموکراسی و، هەم وەک مافی ئەو ڕەگەزە هاوشێوەی پیاوان لە کۆمەڵگادا و، بایەخدانی زیاتر بە بواری پێگەیاندن و هوشیارکردنەوە و پارێزگاری کردن لە مافەکانی ژنان لە کارنامەی حکومەتدا. ئەو پێداگیریەی گرووپەکەمان زیاتر دوابەدوای ئەوەوە دێت کە ئەمڕۆکە هەم لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئافرەتانی کوردستان توانیویانە ئەزموونێکی سەرکەوتوو پێشکەش بکەن، ژمارەیەکیان بەبێ پشتبەستن بە سستمی کۆتا لە کێ بڕکێ کانی هەڵبژاردندا سەرکەوتنی مەزن بەدەست بهێنن .
جا لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەی کە ئەو ئامانجەی کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین بەر لەوەی پرسێکی تەنها ڕەگەزی بێت و پەیوەست بێ بە ژنانی ئەو کۆمەڵگایەوە، پرسێکی کۆمەڵایەتییە و سەرکەوتن و پێشخستنی ئەو ئامانجە کاریگەری لەسەر پێشخستنی کۆمەڵگا و بوژانەوە، و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیەت و مەدەنیەت لە کۆمەڵگا دروست دەکات، هەر بۆیە داوا لە گشت ئێوەی بەڕێز دەکەین کە لەو خەباتە مەدەنیەدا پشتیوانیمان لێ بکەن و، بە ڕێگای دەرکردنی یاداشتنامە و کۆکردنەوەی واژوو، ڕێگا بگرن لە دواکەوتن و داخراوی کۆمەڵگای کوردی و،پەراوێز کردنی خانمانی ئەم وڵاتە لە ناوەندی بڕیاڕ و بەڕێوەبردنی وڵاتدا .
بە دڵنیاییەوە پاڵپشتی ئێوە لەو هەنگاوە گەیشتن بە ئامانجەکەمان بۆ مسۆگەر دەکات.
هەر سەرکەوتوو بێت خەباتی مەدەنی و دیموکراسی لە کوردستاندا

گرووپی ئاشتی ژنانی پارتە سیاسییەکانی کوردستان
18گوڵان 2014/ هەولێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 196

## بانکی خوێن لە مانگ و نیوێکدا نزیکەی 7000 بوتڵ خوێنی وەرگرتوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140827130737686623

پەیوەند جەلال
بانکی ناوەندی خوێن لەشاری سلێمانی لەماوەی مانگ و نیوێکدا شەش هەزار و 900 بوتڵ خوێنی وەرگرتووە و لەئێستاشدا رۆژانە خوێن لە 30 کەس وەردەگرێت.
کلسوم رەسوڵ، بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی خوێن لەسلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ خەندان راپگەیاند: لەناوەڕاستی مانگی شەش تا ئێستا، نزیکەی شەش هەزار و 900 بوتڵ خوێنیان لە هاوڵاتیان وەرگرتووە کە سەرفکراوەتەوە بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و نەخۆشانی شێرپەنجە و تالاسیمیا.
ناوبراو رونیکردەوە: ماوەی هەفتەیەکە وەرگرتنەوەی خوێن لەهاوڵاتیان دەستپێکردووەتەوە، بەڵام رۆژانە خوێن تەنها لە 30 کەس وەردەگرن، چونکە نایانەوێت بڕێکی زۆر وەربگرن و کۆن ببێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 27-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 197

## بزووتنەوەی گۆڕان تێچووی کۆنگرەکەی ڕاگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20140104164951868355

بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت کە کۆنگرەکەی کە لە کۆتایی مانگی ڕابردوو لە هەولێر بەڕێوەچوو و دوو ڕۆژی خایاند، نزیکەی نیو ملیار دیناری تێچووە.

ئەمڕۆ ژووری کارگێڕی و دارایی بزوتنەوەی گۆڕان لە ڕاپۆرتێکدا کە سایتی سبەی بڵاویکردووەتەوە، وردەکاری خەرجییەکانی یەکەم کۆنگرەی بزووتنەوەکەی ئاشکراکرد.

بەگوێرەی ئە و ڕاپۆرتەی بڵاوکراوەتەوە، خەرجی کۆنگرەکەی بزوتنەوەی گۆڕان (479،937،000) چوار سەد و حەفتا و نۆ ملیۆن و نۆسەد و سی و حەوت هەزار دینار بووە.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەدراوە کە بزووتنەوەی گۆڕان هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا، کە کۆنگرەکەیانی تێدا بەڕێوەچووە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بە 136ملیۆن و 274 هەزار دینار بەکرێ گرتووە.

ئەوەش خراوەتەڕوو کە 136 ملیۆن و 32 هەزار و 500 دینار دراوە بە کرێی هۆتێل بۆ ئە و ئەندامانەی کۆنگرەکە کە لە دەرەوەی شاری هەولێرەوە بەشداری کۆنگرەکەیان کردووە.

لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە لەماوەی ئە و دوو ڕۆژەدا 2 ملیۆن و 820 هەزار دینار دراوە بە کرێی پاس بۆ گواستنەوەی ئەندامانی کۆنگرە لە هۆتێلەوە بۆ هۆڵی کۆنگرە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هێماش بەوەدراوە کە 73 ملیۆن و 400 هەزار دینار دراوە بە نانخواردنی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە لەماوەی ئە و دوو ڕۆژەدا.

ڕۆژانی 26و 27 مانگی ڕابردوو یەکەمین کۆنگرەی بزووتنەوەی گۆڕان لەژێر ناوی "کۆنگرەی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان" بە بەشداریی 1180 ئەندام لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 198

## بودجەی (2014)ی عێراق، دەگاتە (130) ملیار دۆلار

http://www.kurdipedia.org/?q=20130630140413897355

وەزارەتی دارایی عێراق ئاشکرایدەکات، ئامادەکاریە سەرەتاییەکان بۆ بودجەی ساڵی (2014) ی عێراق کراوە و پێشبینیش دەکرێت، بودجەی ساڵی داهاتو، بە ڕێژەی(7-10%) زیاد بکات و نزیکەی (130) ملیار دۆلار بێت.
فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، ڕایگەیاند: وەزارەتەکەیان ئامادەکاریە سەرەتاییەکانی بۆ بودجەی ساڵی (2014) کردوە و لە هەفتەی داهاتودا، گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە بودجە دەکات.
ئاماژەی بەوەشکرد، بەهۆی بەرزبونەوەی ئاستی فرۆشتنی نەوت و دەرچونی عێراق، لە ژێر

بەندی حەوتی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبینی دەکرێت، بودجەی ساڵی داهاتو، بە ڕێژەی (7-10%) زیاد بکات و نزیکەی (130) ملیار دۆلار بێت.
سەبارەت بەوەی ئەمساڵ لە کاتێکی زوتردا بودجەی عێراق ئامادەکاری بۆ کرا، فازڵ نەبی ئاماژەی بەوەکردوە؛ لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیان ڕاگەیاندین کە بەشێوەیەکی خێرا، ئامادەکاری بۆ بودجەی ئەمساڵ بکەن بەمەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆ لەمانگی ئابدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - 2013-07-02

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 199

## بودجەی 2014ی عێراق: 5 ترلیۆن بۆ خۆراکی مانگانە و 16 ترلیۆنیش بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆ و بەرگری

http://www.kurdipedia.org/?q=2013093016353092376

پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2014ی عێراق، کۆمەڵێک هەنگاوی پریوە و پریارە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دوای گفتوگۆو پەسەندکردنی، رەوانەی پەرلەمانی بکات کە بەپێی پرۆژەکە تەنها پێنج ترلیۆن بۆ خۆراکی مانگانە تەرخانکراوە لەکاتێکدا زیاتر لە 16 ترلیۆن بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆو بەرگری دابینکراوە.
بەغداد، ئاوێنەنیوز: پریارە هەفتەی داهاتو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، گفتوگۆ لەسەر پرۆژە بودجەی عێراق بکات، لەکاتی رەزامەندی و پەسەندکردنیشیدا پرۆژەکە دەنێردرێتە پەرلەمانی عێراق، بەمەبەستی گفتوگۆو پەسەندکردنی.
لە و بارەیەوە رۆژنامەنوسی ئابوریی، سیروان محەمەد، بەسایتی رادیۆ ناوخۆی راگەیاند "بودجەی ساڵی (2014)ی عێراق، پێکدێت لە (150) ملیار دۆلار، کە دەکاتە (174) ترلیۆن و (600) ملیار دینار، نرخی هەر بەرمیلێک نەوتیش بە (90) دۆلار دانراوە، بەگوێرەی پرۆژەکە، پێویستە عێراق بۆ هەر ڕۆژێک سێ ملیۆن و (600) هەزار بەرمیل نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکات."
ئاشکراشیکرد "لەپرۆژەکەدا (60) ترلیۆن دانراوە بۆ وەبەرهێنان و بەشێکی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبونە، کەرتی وزە زیاتر لە (38) ترلیۆنی بۆ دابینکراوە، کە (11) ترلیۆنی بۆ باشترکردنی کەرتی کارەباو ئەوی دیکەشی بۆ باشترکردنی بەرهەمهێنانی نەوتە لەعێراقدا."
سیروان محەمەد، رونیشیکردەوە، زیاتر لەحەوت ترلیۆن دینار بودجە بۆ وەزارەتی بازرگانی دانراوە، کە پێنج ترلیۆنیان بۆ خۆراکی مانگانەی هاوڵاتیانە، زیاتر لە (16) ترلیۆنیش بۆ وەزارەتەکانی ناوخۆو بەرگری دابینکراوە، بودجەی سێ سەرۆکایەتیەکەش بەمشێوەیەیە، بودجەی سەرۆکایەتی کۆمار (99) ملیارو (240) ملیۆن دینارە و بودجەی ئەنجومەنی وەزیران چوار ترلیۆن و (305) ملیارە، پەرلەمانیش (380) ملیۆنی بۆ دابینکراوە.
ئە و ڕۆژنامەنوسە ئابوریە جەختی لەوەشکردەوە، ئەو ژمارانەی ئاماژەیان پێکراوە، تەنها پێشنیازە و پێدەچێت لەکاتی گفتوگۆکان بۆ پەسەندکردنی ئەو پرۆژەیاسایە گۆرانکاریی بەسەردا بێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-09-30

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 200

## بودجەی حزبەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100413191288408

پارتی دیموکراتی کوردستان بودجەی مانگانەی 3 ملیار و 854 ملیۆن دینارە.
یەکێتی نیشتمانی کوردستان بودجەی مانگانەی 3 ملیار و 854 ملیۆن دینارە.
بزووتنەوەی گۆران بودجەی مانگانەی 600 ملیۆن دینارە.
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بودجەی مانگانەی 450 ملیۆن دینارە.
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بودجەی مانگانەی 400 ملیۆن دینارە.
حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان بودجەی مانگانەی (350) ملیۆن دینارە.
بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان بودجەی مانگانەی (200) ملیۆن دینارە.
حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بودجەی مانگانەی (280)ملیۆن دینارە.
حزبی ئایندە بودجەی مانگانەی (120) ملیۆن دینارە.
حزبی شیوعی کوردستان بودجەی مانگانەی پری (580) ملیۆن دینارە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-10-04

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 201

## بودجەی ساڵی داهاتوو 174 ترلیۆن دینارە و 21 ترلیۆنی بەر هەرێم دەکەوێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20130910154032888822

ئەمرۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵ گەورەترین بودجەی عێراقی پەسندکرد کە پرەکەی 174 ترلیۆن دینارە و هەرێمی کوردستانیش نزیکەی 21 ترلیۆن دیناری بەردەکەوێت.
د. فازل نەبیی بریکاری وزارەتی دارایی عێراق بە (خەندان)ی ڕاگەیاند: ئەمرۆ 19ی ئەیلولی 2013 لە دوا کۆبونەوەی خۆیدا وەزارەتی دارای عێراق بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی 2014ی عێراقی پەسندکرد و پاشان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکات.
ئاماژەی بەوەشکرد : لە بودجەی خەمڵێنراوی 2014ی عێراق 110ترلیۆن بۆ بودجەی تەشغیلی و 64 ترلیۆن بۆ بودجەی وەبەهێنان تەرخان کراوە.
بریکاری وەزیری دارایی عێراق وتیشی: بودجەی ئەمساڵی عێراق دەگاتە 174 ترلیۆن دینارە، ئەمە لەکاتێکدا ساڵی رابردوو بودجەکە 138 ترلیۆن دینار بوو، بەمەش بودجەی 36 ترلیۆن زیادی کردووە.
سەبارەت بە بەشی هەرێمی کوردستان فازل نەبی وتی: بەشی هەرێمی کوردستان وەک خۆی سەدا 17 دەمێنێتەوە، واتا لە و بودجەیە هەرێمی کوردستان نزیکەی 21ترلیۆن دیناری بەردەکەوێت، ئەویش 18ترلیۆن و 800ملیار دینار وەک بودجەی گشتی و نزیکەی 3 ترلیۆن وەک بودجەی حاکیمە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-09-10

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 202

## بودجەی ساڵی داهاتووی هەرێم بۆ 16 ترلیۆن دینار زیاد دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071110412089611

بەوتەی ئەندامێکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرای عێراق، لەچوارچێوەی زیادبونی بودجەی گشتی عێراق، چاوەڕوان دەکرێت بوجەی هەرێمی کوردستانیش بۆ 16 ترلیۆن دینار زیاد بکات.

هێمن مامەند، ئاوێنەنیوز: لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنەنیوز، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرای عێراق، نەجیبە نەجیب، ئەمرۆ پێنجشەممە، رایگەیاند، بودجەی ساڵی رابردوی عێراق 138 ترلیۆن دیناربووە، بەڵام لەمساڵدا بەپێی ئەو ستراتیجەی دەستنیشانکراوە، چاوەڕوان دەکرێت بودجەی گشتی عێراق بگاتە 157 ترلیۆن دینار.
لەبارەی زیادکردنی بودجەی هەرێمی کوردستانەوە نەجیبە نەجیب وتی، هەر کاتێک بودجەی عێراق زیاد بکات بودجەی هەرێمی کوردستانیش زیاد دەکات، بۆیە بودجەی ساڵی رابردوی هەرێم 14 ترلیۆن دیناربو بەپێی زیادکردنەکە چاوەڕوان دەکرێت بودجەی هەرێم بگاتە 16 ترلیۆن دینار.
بڕی بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2013 پێکهاتبو لە (138) ترلیۆنو (424) ملیارو (608) ملیۆن دینار، لەو بڕەش بودجەی هەرێم بریتی بو لە 15 ترلیۆنو 257 ملیارو 849 ملیۆن دینار.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-07-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 203

## بودجەی عێراق لە174 ترلیۆنەوە بۆ 161 ترلیۆن دینار کەم دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010909042986761

ئا: شاهۆ ئەحمەد
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دلێر عەبدولقادر لەبارەی کەمبونەوەی بودجەی عێراق لەلێدوانێکی بۆ ئاوێنە وتی "پێشتر وا دانرابو عێراق لەرۆژێکدا سێ ملیۆن و شەش سەد هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بێت، بەڵام ئێستا وا پێشبینی دەکرێت لەرۆژێکدا سێ ملیۆن و چوار سەد هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بێت واتا رۆژانە 200 هەزار بەرمیل کەمیکردوە هۆکارێکی تر وادانرابوو نرخی یەک بەرمیل نەوت 90 دۆلار بێت، بەڵام ئەوەیش کەمیکردوە بۆ 85 دۆلار ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەبازاڕەکانی جیهان نرخی نەوت دابەزیوە و رێژەی بەرهەمهێنانیش کەمیکردوە لەگەڵ ئەوەش داهاتیش کەمیکردوە."
ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد ئە و کەمکردنە هیچ پەیوەندی بەموچەی مامۆستاو فەرانبەرەوە نیە ئەوان وەکو خۆیی دەمێنێتەوە. پەرلەمانتارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەشی روونکردەوە ساڵانی رابردو بودجەی هەرێمی کوردستان زیاتر لە18 ترلیۆن بو، بەڵام ئەمساڵ ئەوەی دانراوە ناگاتە 17 ترلیۆن.
لەبەرامبەر ئەوەشدا فازڵ نەبی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق قسەکانی ئە و پەرلەمانتارە رەتدەکاتەوە و دەڵێت "رێزم هەیە بۆ پەرلەمانتاران، بەڵام ئەوان لەخۆیانەوە قسە دەکەن چونکە نە نرخی بەرمیل کەمیکردوە نە بەرهەمهێنانی نەوت کەمیکردوە و راشیدەگەیەنێت کەمبونی بودجە هەمو بوارەکان دەگرێتەوە."
ئابوریناسێک پێیوایە کەمکردنەوەی بودجەی عێراق هاوکات هەرێمی کوردستان کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر داهاتی تاکەکەس هەر کاتێکیش داهات کەمبو خواست کەمدەبێتەوە.
ئابوریناس ئەمیر ئەحمەد بۆ ئاوێنە وتی "بودجە پێوەرێکە بۆ پێوانەکردنی داهاتی گشتی ئەویش دەبێتە پێوەرێک بۆ داهاتی تاکەکەس، کەمکردنەوەی بودجەی ئەمساڵی عێراق هاوکات هەرێمی کوردستان کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر داهاتی تاکەکەس، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمکردنەوەی خواستی بەکاربەر هەر کاتێک بودجە کەمیکرد دەبێتە کەمکردنەوەی پرۆژەکان ئەوەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی بێکاریی لەسەرجەم بوارەکان."
ئە و وتیشی "ئە و کەمکردنەوەیەی بودجە دەبێتە هۆی راوەستانی بازاڕەکان بەشێوەیەک هەم کڕیارو هەم فرۆشیار زەرەر دەکەن، هەربۆیە بەگشتی زیانێکی زۆر بەداهاتی گشتی و تاکەکەس دەگەیەنێت."
سەبارەت بەکەمبونەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان دلێر تاریق وتەبێژی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئاوێنەی راگەیاند "بەدڵنیاییەوە بودجەی هەرێمی کوردستان کەمیکردوە بۆ 16 ترلیۆن هەربۆیە لەبەرێوەبەرایەتی گشتی بودجە لیژنەیەک پێکهێنراوە بۆ ئەوەی

پێداچونەوە بکات بەبودجەی وەزارەتەکان بۆ ئەوەی بزانرێت پێویستە لەکام وەزارەت بودجەی کەمبکرێت و لەکامیشیان بودجەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 204

## بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2015 دەگاتە نزیکەی 108 ترلیۆن دینار

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112715472478078

جێگری سەرۆک وەزیران پێشبینی دەکات بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2015 ئاراستەی پەرلەمان بکرێت بەر لەپشوی ئەنجومەنەکە، ئاماژەشدەدات، کۆی گشتی بودجەی عێراق 108 ترلیۆن دینارە.
بەغداد، ئاوێنەنیوز: جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەها ئەعرەجی ئەمڕۆ پێنجشەممە، لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند، حکومەت سورە لەسەر ناردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی ساڵی 2015ی عێراق بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەپێی ئە و وادەیەی دیاریکراوە، وتیشی، ئەنجومەنی وەزیران دانیشتنێکی نائاسایی سازدەکات بۆ بڕیاردان لەسەر پرۆژە بڕیارەکە و ناردنی بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بۆ وەستاندنی پشووەکەی.
وتیشی، کۆی گشتی بودجە بۆ ساڵی نوێ 108 تریلیۆن دینارە، لەسەر بنەمای نرخی 70 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوت بەئاستی هەناردەکردنی 2.750 ملیۆن بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا و بەکورتهێنانی بڕی 41 ترلیۆن دینار.
جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق پێشبینیکرد، بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت زیادبکرێت بۆ کەمکردنەوە جیاوازی نێوان هەردوو بەهاکە و زیادکردنی داهات لەکاتێکدا ئەگەر نرخی نەوت بەرزنەبوەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 27-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری

وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 205

## بوشرا عوبێدی: 3583 کەسی ئێزدی ڕفێندراون و لەوانە 1597 یان کچ و ژنن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010513364884530

پێنوسەکان...
بوشرا عوبێدی، ئەندامی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی عێراق لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: 3583 ئێزیدی بێسەروشوێنن، و لە و ژمارەیەش 1597 یان کچ و ژنن و 1986 یشیان پیاون.
ئەوەشی وتوە، کە: زانیاری تەواوەتی نیە لەسەر ئە و کەسانە ئایا کوژراون یان رفێنراون، تا ئێستاش 441 پیاوی رفێنراو و 240 کچیش لە دەستی داعش رزگاریان بووە کە هەندێکیان دووگیان

بوون.
ئه و ئەندامەی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی عێراق داوایکردوە، حکومەتی هەرێم و بەغدا هەماهەنگی بکەن بە مەبەستی ئازاکردنی کچ و ژنە رفێنراوەکان.
شایانی باسە، عەرەبەکان لەژێر سایەی ئاینی ئیسلامدا، بەپێی دەقە مێژووییەکان تاکو ئێستا زیاتر لە 100 جار هێرشیان کردۆتە سەر نەتەوەی کورد و زیاتر لە یەک ملیۆن ژن و کچیان ڕفاندووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 206

## پری موچەی یەک مانگی 111 پەرلەمانتاری کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062310293085602

لەئێستادا پەرلەمانتاران تەواوی موچەی مانگانەیان وەردەگرن کە برەکەی هەشت ملیۆن و 200 هەزار دینارە، بەڵام پێشتر بەهۆی قەیرانی داراییەوە بریاردرابو وەزیرو پەرلەمانتاران نیوەی موچەیان پێبدرێت.
ئاوێنەنیوز: بەپێی ئه و برە پارەیەی مانگانە هەر پەرلەمانتارێک وەریدەگرێت، بۆ هەر 111 پەرلەمانتارەکە دەکاتە 910 ملیۆن و 200 هەزار دینار، ئەمە جگە لەوەی موچەی سەرۆک و جێگرو سکرتێری پەرلەمان زیاترە.
ئەگەر ئه و برە پارەیە (910 ملیۆن و 200 هەزار دینار) لێکدانی 12 مانگ بکرێت واتا بۆ ساڵێک دەکاتە 10 ملیارو 922 ملیۆن و 400 هەزار دینار، بۆ چوار ساڵیش دەکاتە 43 ملیارو 689 ملیۆن و 600 هەزار دینار.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-06-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 207

## پری هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ مانگی تەمموز راگەیەندرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015080513281685813

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پری هەناردەی نەوتی هەرێمی لە مانگی تەمموزی رابردوودا راگەیاند، بە و جۆرەش لە مانگی تەمموزدا کۆی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم 16 ملیۆن و 19 هەزار و 90 بەرمیل نەوت بووە.
بە گوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم، کە وێنەیەکی دەست خەندان کەوتووە، تیایدا هاتووە: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی رابردوودا 16 ملیۆن و 19 هەزار و 90 بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە.

هەروەک هاتووە: لە و پرە نەوتە 12 ملیۆن و 20 هەزار و 683 بەرمیلی نەوتی کێڵگەکانی هەرێم بووە و سێ ملیۆن و 988 هەزار و 407 بەرمیلیش لە نەوتی کەرکوکی هەناردە کردووە.
لەبارەی ئە و پرە نەوتەی هەرێم رادەستی سۆمۆی کردووە، هاتووە، حکومەتی هەرێم دوو ملیۆن و 201 هەزار و 540 بەرمیل نەوتی رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ کردووە.
لەگەڵ راگەیاندنی پری هەناردە کردنی نەوت، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نرخی یەک بەرمیل نەوت، کۆی داهاتی فرۆشراوی نەوتی هەرێمی بۆ مانگی تەمموز بڵاونەکردووەتەوە.
هەر بەگوێرەی راگەیەندراوەکە: لە مانگی رابردوودا 111 کاتژمێر هەناردەی نەوتی هەرێم وستاوە، کە زۆربەی ئە و کاتە کەوتووەتە کۆتایی مانگی تەممووزەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 208

**پری ئەو نەوتە ئاشکرادەکرێت کە لەرێی تانکەرەوە هەناردەکراوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060509481985488



لەوەڵامی پەرلەمانتارێکدا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان پری ئە و نەوتە ئاشکرادەکات کە مانگی ئازاری رابردو لەرێی تانکەر و بۆرییەوە رەوانەی دەرەوەی هەرێم کراون، جگە لەرونکردنەوەی دەربارەی ئە و پرە نەوتانەی دەدرێتە کۆمپانیاکان.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: لەچەند نوسراوێکدا کە ئەمرۆ پێنجشەممە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، سۆران عومەر وێنەیەکی بۆ ئاوێنەنیوز ناردوە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان رونکردنەوەی لەسەر ئە و پرە نەوتە داوە کە مانگی ئازاری رابردو رەوانەی دەرەوە کراوە و بەمجۆرەیە:
8.800.000بەرمیل رادەستی سۆمۆ کراوە.
3.000.000بەرمیل دراوە بە و کۆمپانیایانەی پێشەکی پارەیان داوە.
نزیکەی 400.000 تەن دراوە بەکۆمپانیا ناوخۆییەکان بەرامبەر دابینکردنی سوتەمەنی بۆ کارەبا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-06-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 209

**پری نەوتی هەرێمی کوردستان**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140530132936765344
بەگوێرەی سەرچاوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان، لە ئێستادا لە 17 ناوچەی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان لە نەوتدا دەکرێت و ئە و نەوتەی لەژێر خاکی هەرێمی کوردستاندایە، پێداویستی ساڵ و نیوێکی هەموو جیهان و دوو سەد ساڵی تورکیا پڕ دەکاتەوە.
بەگوێرەی ئە و داتایانەی ئاژانسی ئەنادۆڵ کە لە سەرچاوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانەوە وەریگرتووە، مەزەندە دەکرێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە 6.14 ملیار تەن نەوتی یەدەک هەبێت .
کاتێ ئە و ڕێژەیە لەگەڵ ڕێژەی وەبەرهێنانی ساڵانەی نەوت لە تورکیا کە 31.5 ملیۆن تەنە، بەراورد دەکرێ، دەردەکەوێ ئە و نەوتە پێداویستی دوو سەد ساڵی تورکیا دابین دەکا. هەروەها نەوتی کوردستان دەتوانێ هەموو پێداویستییەکانی جیهان بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک دابین بکا.
چاڵە نەوتەکانی تەق تەق، تاقگە، خورمەڵە، شێخان و چەندین ناوچەی دیکە، ڕۆژانە زیاتر لە 54 هەزار تەن نەوتیان لێوە هەڵدەگۆزرێ. چاوەڕوان دەکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی هەناردەی نەوتی خۆی تا ساڵی 2015 بگەیەنێتە 136.5 هەزار تەن لە ڕۆژێکدا. تا ساڵی 2019 ئە و ڕێژەیە دەگەیەنرێتە 273 هەزار تەن لە ڕۆژێکدا.
پسپۆڕانی بوارەکە لە و باوەڕەدان تەنیا ڕێگای لەبار و گونجاو بۆ گەیاندنی ئە و نەوتە بۆ جیهان، تورکیایە، تورکیا بۆ هەناردەکردنی نەوتی عیراق و کوردستان لەڕێی بۆری نەوتبەری کەرکوک-جەیهان بۆ ئەوروپا و بەهۆی هەڵکەوتەی جیۆستراتیژییەوە بۆ عیراق و کوردستان زۆر گرنگە.
حکومەتی عیراق بە پری 20 ملیار تەن نەوتی یەدەگ، لە دوای وڵاتانی سعودیە، ڤەنزەوێلا، ئێران و کەنەداوە دێت و یەکێکە لە گەورەترین وڵاتانی جیهان بۆ دابینکردنی نەوت.
بەشێکی زۆری داهات و ئابووریی عیراق لەسەر نەوتە و 60%ی ڕێژەی نەوتی عیراق لە بەسرەیە. بە گشتی لە پێنج وێستگەدا نەوتی ئە و وڵاتە کۆکراوەتەوە.
بەشێکی زۆر کەمی نەوتی عیراق لە ناوەڕاستی ئە و وڵاتەدایە و 17%ی لە کوردستاندایە کە بەشی هەرە زۆری ئە و ڕێژەیە لە دەرەوەی کەرکوکدایە.
لەئێستادا ناکۆکی لە نێوان بەغدا و هەولێردا هەیە لەسەر خاوەندارێتی ئە و نەوتەی لە دەرەوەی کەرکوکدایە.
ئێستا لە 17 ناوچەی کوردستان، پرۆسەی وەبەرهێنان لە نەوتدا بەردەوامە و ڕۆژانە نزیکەی 34 هەزار تەن نەوت هەڵدەگۆزرێ و کۆمپانیاکانی وەکو ئیکسۆن مۆبیل و شیڤرۆنی ئەمریکی، تۆتاڵی فەرەنسی، گازپرۆمی ڕوسی کاری هەڵگۆزین و دۆزینەوە ئەنجام دەدەن. هەروەها دوو گەورە کۆمپانیای تورکی لە کوردستاندا چالاکن.
هەریەکە لە ئەمریکا بە ڕێژەی 19% و هیندستان بە ڕێژەی 13% چین بە ڕێژەی 19% مشتەری نەوتی عیراقن و پرۆسەی کڕین و فرۆشتنی ئە و نەوتە لە ڕێگای بەندەری بەسرەوە ئەنجام دەدرێ.
تورکیا لەڕێی بۆری نەوتبەری کەرکوک - جەیهانەوە، نەوتی عیراق دەکڕێ، لە پاڵ ئە و بۆرییەدا دوو هێڵی دیکە بە درێژایی 1000 کیلۆمەتر هەیە و توانای گواستنەوەی ڕۆژانە 1.65 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەیە، بەڵام بەهۆی کێشەی جیاجیاوە هەر چەند ڕۆژ جارێک ئە و هێڵە ڕووبەڕووی گرفت دەبێتەوە و حاڵی حازر ئە و بۆرییە ڕاوەستاو.
کوردستان بەشی هەرە زۆری هەناردەی نەوتی لەڕێی تورکیاوە ئەنجام دەدا و ڕۆژانە نزیکەی 100 هەزار بەرمیل نەوت لەڕێی بۆری نەوتبەرەوە هەناردەی تورکیا دەکا و ئە و نەوتە لە عەمبارەکانی بەندەری جەیهان کۆدەکرێتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 210

## پرە پارەی کوردستان لای بەغدا ئاشکرا دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082517050267822

لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەغدا ئابڵوقەی ئابووری خستوەتە سەر هەرێمی کوردستان و هەشت تریلیۆن دیناری کوردستانی دەست بەسەر داگرتووە.
هیڤا حاجی میرخان، پریاردەری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ (باسنیوز) پری ئە و بودجەیە ئاشکرا دەکات کە ئەمساڵ بەغدا نەیداوەتە هەرێمی کوردستان، وتیشی: "لە مانگی یەک تا مانگی هەشتی 2014 هەشت تریلیۆن و چوارسەدو هەشتاو شەش ملیار دینار ی بودجەی هەرێم لە لای حکومەتی عێراقە و ئەوان قەرزاری ئێمەن و پارەی هەرێمی کوردستانیان نەناردوە."
ئە و پەرلەمانتارەی کوردستان دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، گەڕاندنەوەی ئە و بودجەیە کە قوت و مووچەی خەڵکە یەکێک دەبێت لە بنەماکانی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراقی، وتیشی: "ئە و بودجەیە قوتی خەڵکی کوردستانە و ناکرێت سازشی لە سەر بکرێت، چونکە ئەمساڵ قورسایی زۆر لە سەر حکومەت بووە بۆ دابینکردنی مووچە و فەرمانبەرانیش ژیانیان زەحمەت بووە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 211

## بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە، چەند کەس مافی دەنگدانی هەیەو هەر پارێزگایەکیش چەند کورسی بەردەکەوێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014040312265268612

بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق نۆ هەزار و چل کەس و بۆ پارێزگاکانی هەرێمیش 713 کەس خۆیان کاندید کردوە، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق 21 ملیۆن و 400 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە.
هەندرێن محەمەد، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە ئاژانسی ئانادۆڵی راگەیاند: بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هەولێر و سلێمانی و دهۆک 713 کەس خۆیان کاندید کردوە.
پێشتریش کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق بڵاوی کردەوە، بۆ پەرلەمانی عیراق نۆ هەزار و چل کەس لە سەرتاسەری عیراق خۆیان کاندید کردوە و بەسەر 107 لیست و قەوارەدا دابەش بوون.
سەعات دوانزەی شەوی دووشەممە، یەکەم ساتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان و عیراق دەستپێکرد. پریارە بانگەشە تا 28ی مانگی نیسان بەردەوام بێ و لە 30ی نیسانی داهاتوودا هەڵبژاردن بەڕێوەبچێت.
لە عیراق، 21 ملیۆن و 400 هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە.
پەرلەمانی عیراق 328 کورسییە، بەشی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش بەم شێوەیەیە:
پارێزگای هەولێر 15 کورسی.
پارێزگای سلێمانی 18 کورسی .
پارێزگای دهۆک 11 کورسی.
ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم 90 کورسییە و لە ساڵی 2005وە هەڵبژاردن ئەنجام نەدراوە،

بەشی هەر پارێزگایەکیش بەم شێوەیەیە -:
ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر 30 کورسی.
ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی 32 کورسی.
ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک 28 کورسی.
بەپێی ئاماری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق، ڕێژەی دانیشتوان و دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دیاری کراوە.
ژمارەی دانیشتوان، پێنج ملیۆن و 169 هەزار کەسن.
ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە: دوو ملیۆن و 785 هەزار کەس.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 212

## بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ تەنیا کامێرای چاودێری بەس نیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141212154221782O1

ڕەهێل سەمەد
ماوەی پێنج ساڵە کامیرای چاودێری تیژ لێخورینی ئۆتۆمبێل لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری بەکاردەهێندرێت، وەک وتەبێژی هاتوچۆی شارەکە ئاماژەی بۆ دەکات تەنیا کامیرای چاودێری بەس نیە بۆ کەکردنەوەی سەرپێچەکان، داواشدەکات پری ئەو سزایانە زیادبکرێت کە بەهۆی پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێنمایەکان بەسەر شوفێر دەسەپێندرێت.
فازل حاجی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و وتەبێژی بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر بە خەندانی ڕاگەیاند: بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ڕووداوانە و کەمکردنەوەی قوربانیەکان تەنیا کامیرای چاودێری بەس نیە، بەڵکو پێویستمان بە هەموارکردنەوەی یاسای 86ی ساڵی 2004 یاسای هاتوچۆی هەرێمە، بەجۆرێک پری سزاکان لەهەندێک بوار زیادبکرێت، چونکە ئەوەی ئێستا هەیە شوفێران ناچار ناکات پابەندی ڕێنماییەکان بن.
وتیشی: جگە لە سزای دارایی پێویستە سزاکانی هەندێک سەرپێچی بگاتە ئاستی لێسەندنەوەی مۆڵەت، تەنانەت بەندکردنیش، هەروەک لە وڵاتان پەیرەو دەکرێت.
ڕوونیشیکردەوە: ئەو سزایانەی بۆ سەرپێچیەکان دانراوە بەراورد بە وڵاتان زۆر نیە، بەڵکو سزایەکی کەمە، بەجۆرێک لەهەندێک وڵات پرەکەی بۆ هەزار و 500 دۆلار دەچێت، هاوکات لە هەرێمی کوردستان جگە لە ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن هیچ کەسێک تەنانەت کارمەندانی هاتوچۆ لەو سزایە نابورێن و پێویستە بیدەن.
هەروەک بەرێوەبەری ڕاگەیاندن و وتەبێژی هاتوچۆی هەولێر رایدەگەیەنێت زیاتر لە 60هەزار ئۆتۆمبێل لە پارێزگای هەولێر هەیە، لە نۆمانگی ئەمساڵدا 601هەزار و 302سەرپێچی تۆمارکراوە، هەرلەو ماوەیە هەزار و 122 ڕووداو ڕوویداوە و تێدا 3هەزار و 618 کەس بریندارببوون و 295 کەسیش گیانیان لە دەستداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🚗ڕووداوی هاتووچۆ
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 213

**بۆ یادێکی هەڵەبجە 55 هەزار دۆلار دراوە بە تەوالێت و سێو**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011421565584613

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت: لەیادی 25 ساڵەی هەڵەبجەدا 55 هەزار دۆلار دراوە بەتەوالێت و بەسێو، ئاشکراشیدەکات، 10 هەزار دۆلاریش دراوە بەناودارترین هونەرمەند کەبەشداری یادەکەشی نەکردووە.
سۆران عومەر ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلیستی کۆمەڵی ئیسلامی لەروونکردنەوەیەکیدا کە بۆ خەندانی ناردووە، ئاماژەی بەوەشکردووە، شڤان پەروەر لەدورو نزیکەوە بەشداری یادی 25 ساڵەی هەڵەبجەی نەکردووە بەڵام 10300 دەهەزارو سێ سەد دۆلاری پێ دراوە و پارەکە لەلایەن حاجی ئەحمەد عیدۆ وەرگیراوە.
ئە و پەرلەمانتارە دەشڵێت: هەر سێوێک بەمێخەکەوە 25 هەزار دیناری تیچووە! پارەکە دراوە بە ئاراس هۆشنگ ایران زادە کۆمپانیای ڤین سیف.
دەقی روونکردنەوەکە:
بلاوکردنەوەی ناوو پری ئە و کەس و کۆمپانیاو پارانەی لەیادی 25 ساڵەی هەڵەبجەدا وەرگیراوە.
-دروست کردنی تەوالێتی سەفەری 35000 سێ و پێنج هەزار دۆلار، دراوە بە ئاکار محەمەد عبداللە / کۆمپانیای زەمان.
-دروست کردنی 1000 سێوی مێخەک ڕێژ پری 20942 بیست هەزارو نۆسەدو چل و دوو دۆلاری تێ چووە!
واتە هەر سێوێک بەمێخەکەوە 25 هەزار دیناری تیچووە! پارەکە دراوە بە ئاراس هۆشنگ ایران زادە/ کۆمپانیای ڤین سیف.
-شڤان پەروەر لەدورو نزیکەوە بەشداری یادی 25 ساڵەی هەڵەبجەی نەکردووە بەڵام 10300 دەهەزارو سێ سەد دۆلاری پێ دراوە و پارەکە لەلایەن حاجی ئەحمەد عیدۆ وەرگیراوە.
-بەناوی ڕوماڵکردنی بۆ میدیای نێودەوڵەتی 50000 پەنجا هەزار دۆلار دراوە بەکەسێک بەناوی محەمەد تەلعەت محەمەد جامباز!
-یەک ڕیکلام بۆ یادی 25 ساڵەی هەڵەبجە 10000 دەهەزار دۆلار و پارەکە ئیراهیم محەمەد ئیسماعیل/ کۆمپانیای Opt وەریگرتووە.
-چالاکی قوتابیانی قوتابخانەکانی هەرێم بۆ یادی 25 ساڵەی هەڵەبجە 26897 بیست و شەش هەزارو هەشت سەدو نەوەدو حەوت دۆلار دراوە بۆ (هدر عبدالوهاب و لوقمان جوهرو کاروان مستەفا(
-چاپ کردنی 3000 سێ هەزار گۆڤاری ئاشتی 13688 سیانزە هەزارو شەسەدو هەشتاو هەشت دۆلار، دراوە بەدلێر محەمەد ساڵح.
ئەم هونەرمەدانە ئەم پرە پارەیان وەرگرتووە بۆ ئە و یادە:
-1بورهان ئەحمەد خۆشناو 21800 بیست و یەک هەزارو هەشت سەد دۆلار، بۆ کلیپی لاوکی جەخار.
-2ئاکۆ ڕەوف عینایات 11713 یانزەهەزارو حەوت سەدو سیانزە دۆلار، بۆ فیلمی هیوا لەفرمسێکە بەجێماوەکاندا.
-3هەڵبەست سەلاح 21189 بیست و یەک هەزارو سەدو هەشتاو نۆ دۆلار، بۆ پانۆرامای ئەنفال.
-4دەرون عەلی محەمەد 13950 سیانزە هەزارو نۆسەدو پەنجا دۆلار، بۆ کاری هونەری.
-5ئاکۆ عەزیز عینایەت 8478 هەشت هەزارو چوارسەدو حەفتاو هەشت دۆلار، هیوا لەپشت فرمێسکەکان.
-6هەژار زەهاوی 60000 شەست هەزار دۆلار، بۆ کاریی هونەری.
-7تارا جاف 7000 حەوت هەزار دۆلار، بۆ کاری هونەری.
-8ڕزگار محەمەد شێخ محەمەد 10820 دەهەزارو هەشت سەدو بیست دۆلار، هونەری

شەهیدانی کوردستان.
9-دیاری قەرەداغی 6000 شەش هەزار دۆلار، بۆ کلیپی شەهید.
10-تەها کەریمی 20000 بیست هەزار دۆلار، بۆ کورتە فیلمی هەزارو یەک سێو.
11-ئەنوەر قەرەداغی 28688 بیست و هەشت هەزارو شەسەدو هەشتاو هەشت دۆلار، بۆ هەڵەبجە لەناخمدا.
12-عەدنان کەریم 40000 چل هەزار دۆلار، بۆ بەرهەمی هونەری.
13-ئاراس فەتاح 72600 حەفتاو دوو هەزارو شەسەد دۆلار، بۆ کلیپی کوردستانی من.
14-سۆران ئیبراهیم سلێمان 49000 چل و نۆ هەزار دۆلار، بۆ 7 کورتە فلیم کەدراوە بە سۆران ئیبراهیم سلێمان.
15-کامەران ئەحمەد 30000 سی هەزار دۆلار، بۆ مۆسیقای ڕەنگدان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 214

## بۆ یەکەمجارە لە ماوەی چوار مانگدا ژن لە کەرکوک نەکوژراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140511121172976260

بەڕێوبەری توندوتیژی دژ بە ژنان لە شاری کەرکوک رادەگەیێنێت، ماوەی چوار مانگە هیچ حاڵەتێکی ژن کوشتن تۆمار نەکراوە، ئەوەش یەکەمینجارە لە کەرکوک و دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ ژن نەکوژرا بێت.
بە پێی هەواڵێکی پێگەی ئەلیکترۆنی(کەرکوک ناو) بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنان لە بەڕێوبەراتی پۆلیسی کەرکوک عەقید غەریب ئەنوەر رایگەیاندووە کە، لەماوەی (4) مانگی سەرەتای ئەمساڵی 2014 دا لە پارێزگای کەرکوک لەلایەن ژنانەوە (54) سکاڵا لەسەر پیاوان تۆمارکراوە.
وتیشی: لە نێو ئەو سکاڵایانەدا (33) حاڵەتیان دژی ئەو پیاوانەیە کە لە ژنەکانیان داوە هەروەها (8) حاڵەتیشیان تێیدا پیاوەکان هەڕەشەی کوشتنیان لە هاوسەرەکانیان کردووە.
هەر بەپێی ئامارەکە، (6) حاڵەتی سکاڵاکان لەسەر ئەو پیاوانەیە کە منداڵەکانیان لە ژنەکانیان وەرگرتووەتەوە،(5) سکاڵاش سەبارەت بە ناپاکی هاوسەرگیری پیاوان بووە لە هاوسەرەکانیان.
بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنان خۆشحاڵی خۆی نیشاندا بەوەی بە بەراورد بە ساڵی رابردوو لە (4) مانگی سەرەتای ئەمساڵدا هیچ حاڵەتێکی "کوشتن و بریندارکردن و رفاندنی" ژنان لە کەرکوک تۆمارنەکراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 215

**بۆردومانەکانی تورکیا 5 قوتابخانە و 3 بنکەی تەندروستی شارەدێی سەنگەسەر دەڕوخێنێت**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130207140554756461

بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر، عەبدولرەزاق بایز، بە ئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند "لەوەتەی بۆردومانی تورکیا بۆسەر گوندو ناوچەکانی سنوری ناحیەی سەنگەسەر دەستیپێکردووە، تائێستا بینایەی پێنج قوتابخانەو سێ بنکەی تەندروستی ڕوخاوە."
بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر وتیشی " بینایەی ئەو قوتابخانانەی کە ڕوخاون دەوامیان تێدا ناکرێت، بەڵاَم قوتابیان دابەشی سەر قوتابخانەکانی دیکە کراون بەمەبەستی درێژەدان بەخوێندن ."
ناوبراو وتیشی " جگە لە رووخانی قوتابخانەو بنکە تەندروستیەکان، هەر بە هۆی بۆردومانەوە سێ پردی پەڕینەوەو هاتوچۆی هاوڵاَتیانی سنورەکە ڕوخاون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 06-02-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 216

**بێکاربوونی فەرمانبەرانی کۆمپانیاکان ڕو لەهەڵکشانە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140915215616774831

بەردەوامی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان بۆتە هۆی کەمبوونەوەی هەلی کاری کەرتی تایبەت و لە ئێستادا بێکاربونی فەرمانبەرانی کۆمپانیاکان زیادیکردووە.
زریان محەمەد، سلێمانی:یاسین مەحمود، وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، ئەمڕۆ(دووشەممە) ڕایگەیاند، ڕێژەی لەسەرکاردەرکردنی فەرمانبەران لە کۆمپانیاکاندا پەرەیسەندووە و تا ئێستا 125 هەزارکەس کارەکانیان لەدەستداوە.
سەبارەت بە و زیانانەی لەماوەی قەیرانی داراییدا بەر کەرتی تایبەتی کەوتووە ناوبراو وتی، یەک ملیار دۆلار زیان بەر کەرتی تایبەت کەوتووە.
لەسەرەتای ساڵی 2014وە بەهۆی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە بودجەی کوردستان ڕاگیراوە و قەیرانێکی دارایی سەخت لە هەرێمدا سەری هەڵداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 15-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 217

**بە تەنها نەوتی یەدەگی گەرمیان نزیکە لە نەوتی یەدەگی وڵاتی قەتەرەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141105141331757783
نەبەرد فوئاد
ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاشکرایدەکات، کە بە تەنها نەوتی یەدەگی ناوچەی گەرمیان نزیکە لە نەوتی یەدەگی ولاتی قەتەرەوە.بەلام تاوەکو ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو بەو نەوتەی کە هەیە خزمەت بە ناوچەکە نەکراوە.
د.غالب محەمەد عەلی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر بزووتنەوەی گۆڕان لە لێدوانێکدا بە خەندانی راگەیاند:"بە پێی ئاماری ئەو کۆمپانیایانەی کە لە کوردستان بە گشتی بە تایبەتی لە گەرمیان ئیشدەکەن، نەوتی کوردستانیان بۆ سەر سێ جۆر پۆلێن کردووە
ئەوانەش(مەزن و ناوەند و بچوکن) کە نەوتی جۆری مەزن پڕ بەرهەمترین جۆرییەتی نەوتی گەرمیان زۆربەی لە جۆری مەزنە کە دەتوانێت چەندین جۆر لە دەرهاویشتەی سوتەمەنی لێدەر بهێرێنێت".
وتیشی:" بە پشت بەستن بە ئامارەکانی کۆمپانیایی (وێسترن زاگرۆس) کە خۆیان بڵاویانکردۆتەوە، کە لە ناوچەکانی کەلار و کفری و چەمچەماڵ 30-35 ملیار نەوتی یەدەگی تێدایە، ئەو رێژەیەش کە نزیکە لە نەوتی یەدەگی ولاتێکی دەوڵەمەندی وەکو قەتەر بە دەر لەوەش 4-7 ترلییۆن سێجا گازی تێدایە بەم پێوەرەش بێت گەرمیان لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان زیاتر پترۆلی تێدایە".
ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژەشی بەوەکرد کە: " بەداخەوە ئەگەر ئەو پرە نەوتە لە هەر شوێنێکی دیکە بوایە ئەوا ئێستا بە دەیان کارگە دروست دەکرا و خزمەتگوزاری پێشکەش بە ناوچەکە دەکرا".
سەرچاوەیەکی تایبەتیش کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، وتی " بە داخەوە کاتێک باس لە نەوت دەکرێت، ناوترێت نەوتی یەدەگی گەرمیان، لە بری ئەوە دەوترێت نەوتی پارێزگای سلێمانی.ئەوەش دەبێتە ناحەقی بەرامبەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی گەرمیان"
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 05-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💰ئابووری |
| شارەکان: | کەلار (گەرمیان( |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 218

## بە دەستی ئەنقەست بەرهەمی جوتیاران دەسوتێنرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20140709112332769932
کامەران عەبدە ساڵح
بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی، لەماوەی 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نزیکەی 11 هەزار و 850 دۆنم پوش وپاوەن و دارستانی سروشتی لەسنوری پارێزگای سلێمانی سوتاون، بەوهۆیەشەوە 7 کەس دەستگیرکراون و رووبەڕووی یاسا کراونەتەوە بە گومانی ئەوەی کە دەستیان لە سوتانی ئە و شوێنانەدا هەبێت.
لە هەندێک ناوچەی سنووریی لە هەرێمی کوردستان، سوتانی پوش وپاوەنی جوتیاران وەک دیاردەیەک بەدیدەکرێت، شارەزایانی بواری ئابووریش، ئەمە بە زیانێکی گەورە دەزانن بۆ ژێرخانی ئابووریی هەرێم و داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن، بەدواداچوونی ورد بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەوجۆرە کارانە بکرێت و کەسی تاوانبار بەتوندی سزا بدرێت.
ئابووریناس سەعید ئەنور حەمە بە خەندانی ڕاگەیاند، "بە سوتانی زەویی داچێنراو بە گەنم و جۆ، جگە لەوەی بەرهەمی ماندووبونی ساڵێکی جوتیارەکە بەهەدەر دەچێت، لەولاوەش زیان بەر

کەرتی کشتوکاڵ و ژێرخانیی ئابووری وڵات دەکەوێت."
وتیشی: دەرکەوتووە بەشێک لە ئاگرکەوتنەوەکانی ئەمساڵ، بەدەستی ئەنقەست بووە، بۆیە پێویستە سزای توندی یاسایی بۆ ئەو کەسانە دەربچێت کە بەکاری لەوجۆرە هەڵدەستن.
سەعید ئەنوەر حەمە ئەوەشی خستەڕوو کە، "تائێستاش ئەو تیمانەی بۆ کوژانەوەی ئاگرکەوتنەوەکان ئامادەکراون، بەئامێری سەرەتایی کارەکانیان ئەنجامدەدەن، لەکاتێکدا پێویستە پۆشاک و پێڵاوی دژە ئاگر و فرۆکەی تایبەت بە کوژانەوەی ئاگری دارستان و ڕەز و باخەکانیان بۆ دابینبکرێت."
ئاماژەی بەوەشدا، کە زۆرجار جوتیاران خۆیان دەبنە هۆکاری سوتانی بەرهەمەکانیان، کاتێک بە کەمتەرخەمییەوە بۆ چاڵێنان و چێشت لێنان لەسەر زەوییەکانیان ئاگر دەکەنەوە، دواتر ژیلەمۆی ئاگرەکە بە با دەگەشێتەوە و دەبێتە هۆی سوتانی دانەوێڵەکانیان.
ئە و ئابووریناسە، داوای لە دەزگا پەیوەندیدارەکان کرد، بە هەوڵی زانستییانە کاربکەن بۆ ڕێگرتن لەتەشەنەسەندنی ئاگرکەوتنەوەکان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 219

## بە زیاتر لە 38 ملیار دینار، کۆیە قەرەبوو دەکرێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112509564687639

پەرلەمانتارێکی سەر بە لیستی یەکێتی نیشتمانی لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، بەهۆی زەرەرمەندبوونی قەزای کۆیە لە دەرهێنانی نەوت و گاز و هاتووچۆی تانکەرەکان، دانیشتوانی ئەو قەزایە بەپری زیاتر لە 38 ملیار دینار قەرەبوو دەکرێنەوە و پارەکەش دەکرێتە پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆیان.
گۆران ئازاد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەیجی رەسمی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک نوسیویەتی: "بە هۆی زەرەزمەندبوونی قەزای کۆیە و ناحیەکانی لە پرۆسەی هێنانەدەرەوەی نەوت و هاتووچۆی تانکەرەکان بە و سنوورەدا، لەبەرئەوەی یاسای نەوت و گاز و گرێبەستە نەوتییەکان پابەندی کۆمپانیاکان دەکەن قەرەبووی زیانەکانی ئەو سنوورانە بکەنەوە، بۆیە دوای هەوڵێکی زۆرو بەردەوامی هەمەلایەنە لەگەڵ هەردوو کابینەی حکومەت، حکومەت رەزامەندی دا لەسەر قەرەبوو کردنەوەی قەزای کۆیە.
لە بەشیکی دیکەی نوسینەکەیدا هاتووە: یەکەم، پری 30 ملیار و 113 ملیۆن و 654 هەزار دینار بۆ قەزای کۆیە و ناحیەکانی دابینکراوە، بەم شێوەی کە لە نووسراوەکە هاتووە کە تیایدا رێگەیەک دەکرێت لە شەقامی تەقتەقەوە بۆ دەرەوەی کۆیە، بۆ ئەوەی چیتر تانکەرەکان هاتووچۆ بەناو شاردا نەکەن.
دووەم، تەرخانکردنی پری نزیکەی هەشت ملیار دینار لە پارەی راستەوخۆی کۆمپانیای TTOPKO بۆ قەزای کۆیە و ناحیەکانی، کە پێشتر گرفتی کردنەوەی (حساب بانکی) هەبووە، ئەمەش دوای هەوڵ و پەیوەندیکردنی زۆر چارەسەر کراوە و لە نزیکترین کاتدا هەردوو گۆژمەی هاتوو دەچێتە خزمەتی هاوڵاتیانەوە، بە ئومێدی ئەوەی ئەم پرە پارەیە کەمێک لە زیانەکانی سنوورەکە کەمبکاتەوە و دەستخۆشی بۆ هەموو لایەک.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-25

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 220

**بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی تاوەکو ئێستا لە باشووری 17 حاڵەتی ئایدز تۆمارکراوون و 4 حاڵەتی مردنیش بە هەمان نەخۆشیی تۆمار کراون**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031910325784913

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی تاوەکو ئێستا لە باشووری 17 حاڵەتی ئایدز تۆمارکراوون و 4 حاڵەتی مردنیش بە هەمان نەخۆشیی تۆمار کراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 221

**بەپێی ئامارێکی پۆلیس، مانگانە دوو پیاو لە گەرمیان دەکوژرێن**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011014211186740

خەندان- سۆران کەریم

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، ئاماری تاوان و رووداوە جۆراوجۆرەکانی ساڵی 2013ی خستەڕوو، کە تیایدا زیاتر لە هەزار تاوان و رووداو تۆمارکراون، لە و ئامارەدا ئەوەخراوەتەڕوو، کە لەساڵی رابردوودا 24 تاوانی کوشتنی پیاوان بەمەبەست و بەهەڵە تۆمارکراون، بەڵام تاوانی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن لە چاو ساڵی 2012دا کەمی کردووە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان، کە وێنەیەکی دراوە بەخەندان، لەماوەی ساڵی 2013 دا هەزار و 60 تاوان و رووداوی جۆراوجۆر لەسنورەکەدا تۆمارکراون. لە ئامارەکەدا روونکراوەتەوە، کە 866 تاوانیان ئاشکراکراون، بەڵام 259 یان بەئاشکرانەکراوی ماونەتەوە.

لە ئامارەکەدا روونکراوەتەوە، کە 11 تاوانی کوشتنی پیاوان بەمەبەست و 13 تاوانی کوشتنی پیاوان بەهەڵە و سێ حاڵەتی خۆکوشتنی پیاوان و 11 حاڵەتی خنکان بەئاو و هەشت حاڵەتی خنکان بەپەت، ئەنجامدراون. ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ساڵی 2012دا، ژمارەی تاوانەکان جیابوازبوون و کوشتنی پیاوان بەمەبەست 22 تاوان تۆمارکراوە کە تەنها پێنجیان ئەنجامدەرانی ئاشکرا نەکراون، هەروەها سێ حاڵەتی خۆکوشتنی پیاوان هەبووە و دوو تاوانی کوشتن بەهەڵەشە تۆمارکراوە.

بەپێی ئامارەکە، هەر لە ساڵی 2013دا لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان 53 حاڵەتی بەدڕەوشتی و 36 تاوانی ساختەکاری و 192 تاوانی خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی و 13 تاوانی رفاندن و 527 تاوانی شەڕکردنی جۆراوجۆر روویانداوە.

لە سنووری گەرمیاندا و لە ساڵی رابردوودا 53 تاوانی دزینی ئۆتۆمبێل و 140 تاوانی دزی قورس تۆمارکراون. بەڵام بەراورد بە ساڵی 2012، خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن کەمیکردووە کە لەوساڵەدا 226 حاڵەت تۆمارکراوە، لە گەڵ تۆمارکردنی 10 تاوانی بەدڕەوشتی و 520 شەرکردنی جواروجۆر و 158 دزی لە جۆری دزییە گرنگەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-10

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 222

## بەپێی توێژینەوەیەک: لە 88% ئەوانەی لەسەر ماددەی هۆشبەر لەسلێمانی دەستگیرکراون کوردن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014063014091876840



بەپێی توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسنوری پارێزگای سلێمانی زیاتر لە 88% ئەوانەی لەسەر ماددەی هۆشبەر لەسلێمانی دەستگیرکراون و لەچاکسازی گەوران بەنەتەوە کوردن.
رامان عومەر، سلێمانی: ئەو توێژینەوەیە کە لەلایەن مەڵبەندی کوردۆلۆجی زانکۆی سلێمانی سەرپەرشتی کراوەو لەلایەن چوار مامۆستای زانکۆ، کەپسپۆرن لەبواری کۆمەڵناسی لەسەر 80 دەستگیرکراو بەتۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ئەنجامدراوە بەناونیشانی "کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان لەسەر تاک و کۆمەڵگە" بۆ ماوەی 10 کار لەو توێژینەوەیەدا کراوە
لەو توێژینەوەیەدا زیاتر لە 88% ئەوانەی ئاڵودەبون بەماددەی هۆشبەرو لەئێستادا ماوەی حکومەکەیان لەچاکسازی گەوران لەسلێمانی بەسەردەبەن بەنەوە کوردن کەژمارەیان 53 کەسە.
لەکاتێکدا نزیکەی لە 7% ئەوانە کەژمارەیان 4 کەسە بەنەتەوە فارسن و لە 5%ی ئەوانە کە ژمارەیان سێ کەسە بەنەتەوە عەرەبن .
توێژینەوەکە ئەوەشی خستۆتەڕوو زۆربەی ئەوانەی لەسەر ماددەی هۆشبەر لەسلێمانی دەستگیرکراون، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانن بۆ کارکردن روییان لەهەرێمی کوردستان کردووە، لەسەر مەرزە سنورییەکان و لەناو شاردا دەستگیرکراون و رێکاری یاساییان بەرامبەر گیراوەتەبەر.
بەپێی توێژینەوەکە تەنها 13 کەس لەوانەی دەستگیرکراوان خەڵکی پارێزگای سلێمانی کە دەکاتە نزیکەی لە 22%ی ئەو کەسانە، لە 9%یان خەڵکی شارەکانی هەولێرو هەڵەبجەو رانیەو خانەقینن.
لەکاتێکدا لە 57%ی ئەوانەی لەسلێمانی دەستگیرکراون لەسەر ماددەی هۆشبەر خەلکی خۆرلاتی کوردستانن، لەکاتی توێژینەوەکادا ئەو دەستگیرکراوانە بەتوێژرەکانیان راگەیاندووە کێشانی تلیاک لەئێران تارادەیەک ئاساییەو تەنانەت هەندێک ماڵ هاوشێوەی چوکلێت پێشکەشی میوانەکانی دەکەن و پێشیان سەیر بووە لەکوردستان قەدەغەبووەو ئەوەیان راگەیاندووە کەلەوبارەیەوە زانیاریی یاساییان نەبووە .

لەو توێژینەوەیەدا ئەوەش خراوەتەروو زۆربەی ئەوانە بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشەبەرکاەکانەوە توشی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی بون و هەندێکیان بەو هۆیەوە لەهاوسەرەکانیان جیابونەتەوە .
یەکێک لەو دەستگیرکراوانە باسی لەچیرۆکی ژیانی خۆی کردووەو ئەوەی راگەیاندووە لەتەمەنی 17 ساڵیدا لەکاتی مەیخواردنەوە لگەڵ برادەرەکانیدا حەپیان بۆ خستۆتە ناو مەشروبەکەوەو ئەویش سەرگەرم بووە پێی. تائەوەی بەتەواوەتی زۆر مەست بووەو لەرادەبەر مەی و حەپی تلیاکی خواردووە.
ئەو کەپێشتر دوکانی پۆشاکی تورکی هەبووەو وەک خۆی دەڵێت باری

ئابوری زۆر باش بووە بەڵام ئێستا هەموو ئەو شتانەی لەدەستداوەو دەڵێت "ئەوەی جێگای داخە بۆ من برادەری زۆرم هەبوو، زۆرجار خۆم شەوانە پارەی خواردنەوەو کرێ تەکسیم دەدانێ، بەڵام ئێستا ئەوانە لەرێی نەفەرێک خواردنیان نەگرتووم و بۆ تەنها جارێکیش سەردانیان نەکردوم، بۆم دەرکەوت ئەوانە هاورێی سەر سفرەو سینی بون ."
ئەو لەئێستادا ماوەی حکومەکەی لەبەندیخانە بەسەر دەبات و بڕیاریداوە بەتەواوەتی واز لەبەکارهێنانی تلیاک بهێنێت .
دیاردەی بارزگانی و ئاڵودەبون بەمادده هۆشبەرەکان لەکوردستان تارادەیەک کەم و نامۆبوەو لەحاڵەت تێنەپەڕیوە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی کرانەوەی سنورەکان و ئاڵۆزبونی ژیان و هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و زۆر هۆکاری تر رووی لەزیادبون کردوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 30-06-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 223

## بەپێی راپرسیەک لە 68% بەشداربووان داوە دەکەن هەڤاڵ ئەبوبەکر بکرێتە پارێزگاری سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140531132153765 46

بەپێی راپرسیەکی سایتی ئاوێنەنیوز کەماوەی هەفتەیەکی خایاندووە لە 68%ی بەشداربووان داوا دەکەن د.هەڤاڵ ئەبوبەکر ببێتە پارێزگاری سلێمانی و لە 21% داوا دەکەن د. ئاسۆ فەرەیدوون ببێت بەپارێزگار.
ئاوێنەنیوز، سلێمانی: راپرسیەکی ئاوێنەنیوز، کە دوێنی (هەینی) کۆتایهات و ماوەی یەک هەفتەی خایاند، 1688 کەس بەشدارییان تێدا کردووە و پرسیارییان ئەوەیان لێکراوە کێیان پێ باشە تا ببێتە پارێزگاری سلێمانی .
بەپێی دواهەمین ئەنجامی راپرسیەکە 1150 بەشداربوو بەرێژەی لە 68% داوایانکردووە د.هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی لیستی گۆران بۆئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بکرێتە پارێزگار و 348 بەشداربوو بەرێژەی لە 21% داوا دەکەن د.ئاسۆ فەرەیدوون، سەرۆکی لیستی یەکێتی بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بکرێتە پارێزگار.
لەبەرامبەریشدا 190 بەشداربوو بەرێژەی لە 11% داوایانکردووە کەسێکی تر لەجێگای ئەو دووانە بکرێتە پارێزگار .
لەهەڵبژاردنی 30 نیسان بزوتنەوەی گۆران توانی 12 کورسی پارێزگای سلێمانی بەدەستبهێنێت و یەکێتیش 11 کورسی و لەئێستادا هەردوولا کێبڕکێیانە بۆ ئەوەی پارێ.گاری ئەو شارە بەهاوکاری لایەنەکانی تر بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 31-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 224

# بەراوردی دەنگی لایەنەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان 2010 - 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050710202676090

بەراوردی هەردوو هەڵبژاردنی نوێنەرانی 2010 و 2014 ئەنجامی لایەنەکان لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک .

سلێمانی:

یەکێتی و پارتی (هاوپەیمانی کوردستانی) 2010: 350،283 دەنگیان بەدەستهێناوە.

نوێنەرانی 2014: یەکێتی و پارتی بە لیستی جیا

یەکێتی نیشتیمانی : 250،340 دەنگ

پارتی دیموکراتی کوردستان: 90،000

بزووتنەوەی گۆڕان:

نوێنەران 2010: 298،221 دەنگ

نوێنەران: 2014: 353،514 دەنگ

گۆڕان لەو ماوەیەدا 55،293 دەنگ زیادیکردووە لە سلێمانی

یەکگرتووی ئیسلامی:

نوێنەران 2010: 103،188 دەنگ

نوێنەران 2014: 80،000 دەنگ

یەکگرتووی ئیسلامی 23،188 دەنگ لە سلێمانی کەمیکردووە

کۆمەڵی ئیسلامی:

نوێنەران 2010: 79،149 دەنگ

نوێنەران 2014: 55،626 دەنگ

کۆمەڵ لە سلێمانی 23،523 دەنگ کەمیکردووە

هەولێر:

نوێنەران 2010: هاوپەیمانی کوردستانی 458،403 دەنگ

نوێنەران 2014: پارتی : 317،250 دەنگ، یەکێتی: 141،405= 458،655

گۆڕان:

نوێنەران 2010: 103،397 دەنگ

نوێنەران 2014: 95،104 دەنگ

گۆڕان 8،293 دەنگی کەمکردووە

یەکگرتووی ئیسلامی:

نوێنەران 2010: 51،065

نوێنەران 2014: 22،230

یەکگرتوو 28،835 دەنگی کەمکردووە

کۆمەڵی ئیسلامی:

نوێنەران 2010: 62،706 دەنگ

نوێنەران 2014: 450،72

کۆمەڵ 9707 دەنگ زیادیکردووە

دهۆک:

نوێنەرانی 2010: هاوپەیمانی کوردستان: 332951

نوێنەرانی 2014: پارتی 301138، یەکێتی: 33868=335006

گۆڕان:

هیچ کورسییەکی نەهێنا

یەکگرتووی ئیسلامی :

نوێنەرانی 2010: 59969 دەنگ
نوێنەران 2014: 84498
34539دەنگ زیادیکردووە
کۆمەڵی ئیسلامی:
هیچ کورسی نەبوو
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-05-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 225

## بەراوردێک لەنێوان دەنگەکانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051922283076366



ژمارەی دەنگەکانی "پارتی، یەکێتی و گۆڕان" لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق 2014 لەسەر ئاستی هەرێم

| حزبەکان | سلێمانی | هەولێر | دهۆک | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| پارتی | 93.410 | 354.735 | 340.977 | 789.122 |
| یەکێتی | 294.265 | 168.688 | 37.457 | 500.410 |
| گۆڕان | 347.799 | 104.059 | 22.648 | 474.506 |

ژمارەی کورسییەکانی "پارتی، یەکێتی و گۆڕان" لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق 2014 لەسەر ئاستی هەرێم

| حزبەکان | سلێمانی | هەولێر | دهۆک | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| پارتی | 2 | 7 | 8 | 17 |
| یەکێتی | 6 | 4 | 1 | 11 |
| گۆڕان | 7 | 2 | هیچ | 9 |

بەگوێرەی ئەنجامە راگەیەنراوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هێزی دووەمە.
ئەمڕۆ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی راگەیاند کە 30ی مانگی رابردوو بەڕێوەچوو.
بەگوێرەی ئەنجامە راگەیەندراوەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای هەولێر زۆرترین دەنگی هێناوە کە 354 هەزار و 735 دەنگە و لە پارێزگای دهۆک 340 هەزار و 977 دەنگی هێناوە و لە پارێزگای سلێمانی-ش 93 هەزار و 410 دەنگی هێناوە کە تێکرا دەکاتە 789 هەزار و 122 دەنگ بەوپێیەش لەسەر ئاستی هەرێم هێزی یەکەمە.
یەکێتی نیشتمانی کوردستان-یش کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە 21ی ئەیلولی رابردوو بەڕێوەچوو، ژمارەی کورسییەکانی لە 28 کورسییەوە کەمبووەوە بۆ 18 کورسی وەکو هێزی سێیەم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، لەم هەڵبژاردنەدا دەنگەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە.
بەگوێرەی ئەنجامەکانی کۆمسیۆن، یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بەراورد بە شارەکانی تر، لە شاری سلێمانی زۆرترین دەنگی هێناوە کە 294 هەزار و 265 دەنگە، لە شاری هەولێریش 168 هەزار و 688 دەنگ و لە شاری دهۆکی-ش 37 هەزار و 457 دەنگی هێناوە کە تێکڕا دەکاتە 500 هەزار و 410 دەنگ بەوشێوەیەش بووە بە هێزی دووەم لەسەر ئاستی هەرێم.
هاوکات بزووتنەوەی گۆران کە لە هەڵبژاردنی 21ی ئەیلولی رابردوودا توانی بە بەدەستهێنانی 24 کورسی پەرلەمان ببێتە هێزی دووەم، لەگەڵ ئەوەی لە سلێمانی لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا تێکرا 474 هەزار و 506 دەنگی هێناوە کە بەسەر شارەکاندا بەمشێوەیە دابەشبووە "سلێمانی، 347 هەزار و 799 دەنگ، هەولێر 104 هەزار و 59 دەنگ و دهۆک، 22 هەزار و 648 دەنگ."
ئەمەش ژمارەی دەنگ و کورسییەکانی ئە و سێ حزبەیە لەسەر ئاستی

هەرێم لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 226

## بەردەڕەش، کۆمپانیایەکی نەوتی بەریتانی بێ هیوا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112161103845977

هەڵوێست ئەنوەر
کۆمپانیای ئەفرێنی بەریتانی کە لەهەرێمی کوردستان کاری گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت دەکات بێئومێدی خۆی لە کێڵگەی نەوتی بەردەڕەش دەربڕی دوای ئەوەی بەپێی دواین پشکنینەکانی ئە و کێڵگەیە دەرکەوتووە پێشبینی بوونی نەوت لە و بیرەدا لە 80% کەمیکردووە.
کۆمپانیای ئەفرینی بەریتانی بۆ نەوت و غاز لە میانەی راپۆرتی پێداچوونەوەی یەدەگی ساڵانەی کۆمپانیاکانیان بۆیان دەرکەوتووە کە پێشبینییەکان بۆ یەدەگی نەوتی کێڵگەی نەوتی بەردەڕەش لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە و ئێستاش بژاردەکانی بەردەستیان تاوتوێدەکەن.
تۆبی هایوارد بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کاتی ئەفرێن کە ناوەندی کۆمپانیاکەیان لە لەندەنە لە نووسراوێکدا رایگەیاند: "کۆمپانیاکەیان بژاردە ستراتیژییەکانی بەردەستیان بۆ کێڵگەی نەوتی بەردەڕەش تاوتوێدەکەن". دەشڵێت: "بەردەوام دەبین لە کارکردن لە فۆکوس خستنەسەر کێڵگەکانی ئەفریقا و هەروەها دابینکردنی سەرمایە بۆ ئە و پرۆژانەی کە سوودی نەختینەییان هەیە."
بەپێی راپۆرتەکەی ئەفرێن "پڕی نەوتی یەدەگی بەردەڕەش بەپێی دوایەمین پشکنینەکانی ئە و کێڵگەیە دەرکەوتووە لە 1.24 ملیار بەرمیل نەوتەوە کەمبووەتەوە بۆ 250 ملیۆن بەرمیل نەوت کە دەکاتە 80%-ی ئە و پڕە نەوتەی کە لە کێڵگەی بەردەڕەشدا خەمڵێندرابوو."
دوابەدوای ئەم راپۆرتەش پشکەکانی کۆمپانیای ئەفرین لە بازاڕی دراوەکانی لەندەن گەورەترین دابەزینی بەخۆیەوە بینی لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا و بەڕێژەی 28% دابەزی.
ئەفرین خاوەنی لە 60%-ی پشکەکانی کێڵگەی نەوتی بەردەڕەشە و جگە لە هەرێمی کوردستان لە ئەفریقاش کاری وەبەرهێنانی نەوت دەکات.
سەرچاوەoilandgastechnology :
Bloomberg
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 227

## بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071116264976967


هەڵوێست ئەنوەر
ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی ئاشکرایکردووە کە بەرهەمێنانی نەوتی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان لە مانگی حوزەیراندا گەیشتووەتە 360 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.
ڕاپۆرتێکی تایبەتی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی ئاشکرایکردووە کە بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە مانگی حوزەیراندا بە ڕێژەی زیاتر لە سەدا 50 بەرهەمی نەوتی زیادکردووە کە دەگاتە نزیکە 130 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاتر لە و پرەی کە لەمانگی ئایاردا بەرهەمدەهێنرا.
ڕاپۆرتەکەی (EIA) ئاماژەشی بەوەداوە ئەمە لە کاتێکدایە ئێستا حکومەتی عیراقی لە ململانێدایە لەگەڵ گروپی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەکانی باکور و ڕۆژئاوای وڵات کە بووەتە هۆی داخستنی پاڵاوگەی بێجی کە گەورەترین پاڵاوگەیە لە عیراقدا و ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک.
ئاماژەی بەوەشداوە کە "لە ئێستادا بەرهەمهێنانی نەوتی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان بەرزبووەتەوە بۆ 360 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا."
بەگوێرەی ئاژانسەکە "ئە و بۆرییە نەوتییەی کە ئێستا ڕۆژانە 120 هەزار بەرمیل نەوتی خاوی هەرێم ڕەوانەی تورکیا دەکات، چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی ئەمساڵدا بە لایەنی کەمەوە 300 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا هەناردەبکات.
ئەمە لە کاتێکدا ئاشتی هەورامی وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندبوو لە بەرنامەیاندایە لە کۆتایی ئەمساڵدا لە ڕێگەی بۆرییە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت بۆ تورکیا هەناردە بکەن.
بەگوێرەی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی لەکاتی خێرا زیاتربوونی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان لەوانەیە بیێتە کێشە.
سەرچاوەNASDAQ :
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 228
## بەرهەمهێنانی کارەبا لە ماوەی سێ مانگدا بەم جۆرە بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015071311115485755



وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان روونکردنەوەیەک لە سەر بەرهەمهێنانی کارەبا لەمانگەکانی نیسان ئایار و حوزەیران بڵاو دەکاتەوە، بەپێی ئە و خشتەیەش بێت سلێمانی لەسەجەم مانگەکاندا زۆرترین کارەبای نیشتمانی پێگەیشتووە.
یاسین حەسەن، وتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاویکردووەتەوە: بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە چەندین وێستگەی جۆراوجۆری بەرهەمهێنانەوەیە کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بنیات نراون.
یاسین حەسەن لە ماڵپەری رەسمی وەزارەتەکەی بڵاویکردوەتەوە: سەرجەمی وزەی بەرهەمهاتوو دەچێتە یەک تۆری کارەباوە و پاشان بەسەر شار و قەزاو ناحیە و گوندەکاندا دابەش دەکرێت و بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆلی ناوەندی هەرێم سەرپەرشتی ئە و دابەشکردنە دەکات لەسەر

بنەمای یەکسانی لە ماوەی پێدانی کارەبای نیشتمانی.
دەشڵێت: "واتە لەسنووری هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک (کە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کۆنترۆڵی پارێزگاکانی تێدایە) دەبێت ماوەی بوونی کارەبای نیشتمانی نزیک بێت لە یەکەوە (بەهۆی بارودۆخی تەکنیکی سیستمی کارەبا ناکرێت وەک یەک بن)، واتە بەرپرسیارێتی وەزارەتی کارەبایە کە ماوەی بوونی کارەبا لەهەرسێ پارێزگا وەک یەک بن."
ئەوەشی باسکردووە، دیارە خواستی کارەبای ئە و پارێزگایانە وەک یەک نین، لەبەرئەوە ناکرێت هەمان پری کارەبا بدرێتە هەرسێ پارێزگا، هەروەک لەناو یەک پارێزگادا ناکرێک هەمان پری کارەبا بدرێتە دوو ناحیە کە خواستی کارەبایان جیاوازە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-07-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 229

## بەرهەمی (شوتی) ئەمساڵ بەرێژەی لە90% دابەزیوە بەبەراورد بەساڵانی پێشوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082613124789100

بەروبومی کشتوکاڵی بەیەکەمین کارێکی مرۆڤەکان ئەژمارکراوە، بەتایبەتی لەکوردستان، کە لەسەر ئاستی جیهانی کاریگەری و ناوبانگی گەورەی هەبوە، بەڵام رەنگە ئێستا جۆرێک لەکاڵبونەوەی پێوە دیار بێت، بەهۆکاری بەرە و چۆڵکردنی گوندنشینان و کۆچیان بۆ شارەکان.
دەشتی شارەزور بەیەکێک لەخاکە بەپیتەکان دێتە ئەژمار لەروی کشتوکاڵیەوە، بەڵام لەئێستادا لە و بەروبومانە کە ئەویش (شوتی) بوە بۆ ئەمساڵ مایەی نیگەرانی جوتیارانی ناوچەکە بوە، کە زیانی زۆر بەر کێڵگەی ناوچەکە کەوتوە و بە و هۆیەوە بۆ ئەمساڵ لە90% بەرهەمی (شوتی)دابەزیوە.
هەرێم حەسەن، کە پیشەی مامۆستایە، ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرێک لە و بەروبومی کشتوکاڵەی ئێستا لەهەرێمدا هەیە بەرهەمی وڵاتانی دەرەوەیە ئەو وتی "ئەوەی دەبینرێت لەبازاڕو دوکانی بەقاڵەکاندا، بەزۆری بەرهەمی بیانیە، بەتایبەت لەوەرزی زستاندا بازاڕەکانمان پرە لەبەرهەمی وڵاتانی چوار دەور زۆرجار تەنها بەقاڵەکان، خەڵکی وڵاتی خۆمانە."
جەزا محەمەد، کە دانیشتوی قەزای شارەزورە و ماوەی چەند ساڵێکە پیشەی جوتیاریە لەگوندی (قەڵبەزە)، لەبارەی بەروبومی شوتی ئەمساڵ لەناوچەکەیاندا وتی "گەلێک ساڵ ئەو خەرجیەی دەیکەین لەکێڵگەکاندا زۆر زیاتر دەبێت لە و بەروبومەی دەستمان دەکەوێتەوە."
عەبدولکەریم عارف، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی شارەزور پشتراستی وتەی جوتیارەکان دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەمساڵی بەرهەمی (شوتی) بەرێژەیەکی زۆر دابەزیوە و لەلێدوانێکی تایبەت بۆ ئاوێنە رایگەیاند "بەروبومەکانی سەوزە کە بەئاوی بیر و چەم و روبارەکان دێتە بەرهەم لەدەڤەری قەزای شارەزورو گوندەکانی دەوروبەردا، 14 هەزار دۆنم لە و زەویەمان هەیە، کە بەرهەمەکانی وەرزی هاوینەی تێدا دەچێنرێت، (شوتی) یەکێک لە و بەرهەمە سەوزەواتانە کە لەم وەرزەدا لەسنورەکەماندا لەنزیکەی 2000 دۆنم زەویدا دەچێنرێت، هەمو ساڵێک بەرهەمی باش هەبوە حکومەت پاڵپشتی بازاڕی کردنی جوتیارانی کردوە."
جەزا محەمەدی جوتیار ئاماژەی بەوەش کرد ئەمساڵ نزیکەی هەشت دۆنم زەوی بەبرادەرێکیداوە

بەشەریکی کە کردویەتی بەشوتی، "بەڵام پرواتان هەبێت پارەی ماندوبونی کرێی جوتکردنی زەویەکەی دەرنەهێناوەتەوە."
هۆکاری خراپبونی بەرهەمی شوتی لەمساڵد بەپروای جەزا بۆ دو هۆکار دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "یەکەم هۆکار بۆ خراپی ئەو دەرمانە دەگەڕێتەوە کە وەشاندومانە بەسەر شوتیەکە کە ناوی (عەنکەبوتە)، لەلایەکی ترەوە وەک بەشێک لەجوتیارانی تر دەڵێت هۆکارەکەی بەرزبونەوەی پلەی گەرما بوە کە بۆتە هۆی خراپبونی بەرهەمی شوتی ئەمساڵ."
بەڕێوەبەری کشتوکاڵی شارەزور جەختی لەوە کردەوە کە جوتیارەکان سەردانیان کردون و ئاگاداریانکردونەتەوە لەخراپی و کەمی بەرهەمەکە و هۆکارەکەی، "دوای بەداوداچونمان بۆ دۆزینەوەی کێشەکە و دواتر راپۆرتێکمان نارد بۆ برادەرانی سلێمانی و ئەوانیش تیمێکیان نارد بۆ ئەو مەبەستە، دواتر ئەوانیش بۆیان دەرکەوت کە بەرهەمی (شوتی) لەم ناوچەیەدا توشی نەخۆشی بوە کە (بزمار)ەی پێدەڵێن و نەخۆشیەکی باوە، لەلایەکی ترەوە نەخۆشیەکی تریان دۆزیوەتەوە کە شەقبونی (شوتی)ەکەیە، هۆکاری ئەمەشیان گەڕاندەوە بۆ ئەو (تۆ)وەی کە جوتیارەکان کڕیویانە و وەشاندویانە لەزەویەکانیانداو ئێستا ئەو بەرهەمە بە و شێوە خراپوە زیانی زۆریان پێگەیشتوە، هەروەها لەسنوری قەزای سەیدساقیش هەمان گرفت هەبوە، بەڵام لەسنوری قەزای پێنجوێن بەهۆکاری فێنکی ناوچەکە زیان بەر (شوتی) نەکەوتوە."
عەبدولکەریم عارف کە لەهەمان کاتدا ئەندازیاریی بواری بەروبومی کشتوکاڵیە، ئەوەشی خستەڕو بەرهەمی (شوتی) ئەمساڵ بەرێژەی لە 90% دابەزیوە و ئەو وتی "خاوەن بەرهەم هەبوە، زەویەکەی بەرەڵا کردوە بەهۆکاری ئەوەی نەیتوانیوە سود لەبەرهەمەکەی وەربگرێت ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 24-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 230

## بەرهەمی ئەمساڵی گوێز لە باڵەکایەتی کەمی کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140723165477100

ڕاماڵ قەسرەیی
بەهۆی ئە و سەرمایەی کەلە کۆتای مانگی ئادارەوە ناوچەی باڵەکایەتی گرتەوە بووە مایەی لەناوبردنی بەشێکی زۆری بەروبوومی درەختەکانی ناوچەکە و زیانێکی زۆریش بەر درەخت و بەرهەمی گوێز کەوتووە.
محەمەد شێخە، بەرپرسی هۆبەی پاراستنی رووەک لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چۆمان بە خەندانی راگەیاند: لەکۆتایی مانگی ئازاری ئەمساڵ سەرمایەکی سەخت ناوچەی باڵەکایەتی گرتەوە کە ئەوکات سەرەتای دەرکەوتنی بەرهەمی زۆرێک لەدرەختەکانی ناوچەکە بوو بەتایبەت گوێز.
محەمەد شێخە وتیشی: "بەهۆی ئە و سەرمایەوە بەرهەمی تەواوی درەختەکان زیانیان پێگەیشت و بەپێی بەدواداچوونی ئێمە نزیکەی 50% بەرهەمی گوێز بەهۆی ئە و سەرمایە لەناوچوو بە بەراورد بەساڵی رابردووش رێژەی گوێز زۆر کەمی کردوە و دەتوانین بڵێین دار گوێزەکان ئەمساڵ بەرهەمیان نیو هێندەی ساڵی رابردووە."
باڵەکایەتی ژمارەیەکی زۆر دار گوێزی هەیە و گوێزی ئە و ناوچەیە بەناوبانگە، ساڵانە ڕەوانەی بازارەکانی هەرێم دەکرێت، بەڵام ئەمساڵ بەرهەمی ئە و درەختە زۆر کەمی کردوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 23-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | چۆمان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 231

**بەرهەمی میوەی جوتیارانی ڕانیە کەمیکردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140904113838877246

کامەران عەبدە ساڵح

بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا، لەمساڵدا ڕێژەی بەرهەمی جۆرەکانی میوە لەسنووری قەزای ڕانیە کەمیکردووە، لایەنی پەیوەندیداریش هۆکارەکەی بۆ ناڵەباری کەشوهەوا دەگەڕێنێتەوە.
ساڵح حسێن، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ڕانیە، بە خەندانی ڕاگەیاند: "بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوودا، لەمساڵدا ڕێژەی بەرهەمی جۆرەکانی میوە لەسنوری قەزای ڕانیە کەمیکردووە."
وتیشی: "شەپۆلێکی ناوەختی سەرما، لەدوای نەورۆزی ئەمساڵ رووی لە ناوچە شاخاوییەکانی بیتوێن کردو بووە هۆی ئەوەی چەندینجۆر میوەی وەک قەیسی، کۆخ، هەڵوژە، ترێ و هەنار لە قۆناغی چرۆ و گوڵهەڵپێچاندا لەناوبچێت."
ئاماژەی بەوەشدا، خەرجەنەکردنی پارەی کرێی کرێی گواستنەوەی میوە لە گوندەکانەوە بۆ عەلوەکان لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمەوە، هۆکارێکی دیکەیە بۆ کەمبونەوەی بەرهەمی میوە لە ناوچەکەدا.
ئەوەشی خستەڕوو، کە لەپێناو زەرەرمەندنەبوونی جوتیارانی سنووری ڕانیەدا، لەمساڵدا بەڕێوەبەرایەتییەکەیان ڕێگەی نەداوە خەیارو چەندجۆرە میوەیەکی تر، لە ئێرانەوە هاوردەی ناوچەکەیان بکرێت، بەمەش توانراوە هاوکارییەکی باشی جوتیاران بکرێت تا بتوانن بە نرخێکی گونجاو بەرهەمەکانیان لە بازاڕ ساغبکەنەوە.
دەشتی ڕانیە، بە یەکێک لە خاکە بەپیتەکانی هەرێمی کوردستان ئەژماردەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی میوە و سەوزە، خاکی ناوچەکە لە جۆری تاوەری تۆخە کە ئاوێتەی قوڕێکی زۆرە و پێکهاتەی قورینی تێکەڵاو و قورینی لیتەییە، وەک خاکێکی بەپیتی ناوچەی شاخاوی ئەژماردەکرێت .
لەڕووی داهاتی ئاویشەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە و زێی بچووک کە بە لای باشووری خۆرهەڵاتیدا تێدەپەڕێت، ئاو بۆ زۆربەی دەشتەکانی دەوروبەری ڕانیە دابیندەکات، بەشی زۆری کشتوکاڵی ناوچەکە کە لەشێوەی پرۆژەی ئاودێری (لە شێوەی جۆگە) بنیات نراون، سود لەو زێیە وەردەگرن، جگە لەمەش، لەناو ڕانیەدا چەندین سەرچاوەی تری ئاو هەیە کە کەم تا زۆر بۆ دابینکردنی ئاو سودیان لێدەبینرێت، گرنگترینیان سەرچاوەی ئاوی (قوڵە) یە، کە لە کاتژمێرێکدا 224م ئاوی لێوەردەگیرێت و لە چوار وەرزی ساڵدا ئاوی لەبەر دەڕوات.
ڕادەی بارانبارین لە دەشتی ڕانیە دەگاتە 900ملم لە ساڵێکدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | ڕانیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 232

**بەرهەمی هەنگوینی ناوخۆ بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کەمیکردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131210080302873342

خەندان کامەران عەبدە ساڵح
بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوودا، ئەمساڵ بەرهەمی هەنگوینی ناوخۆی هەرێم، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کەمیکردووە، شارەزایانی ئە و بوارەش، هۆکارەکەی بۆ نالەباری کەشوهەوا دەگەڕێننەوە.
عەلی حەمە ڕەسوڵ، هەنگەوانی نمونەیی و، بەرپرسی پێشووی هەنگ لە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پشدەر، بە خەندان-ی راگەیاند: بەهۆی ئەوەی لە کۆتایی وەرزی بەهاری ئەمساڵدا ئاستی بارانبارین وەک پێویست نەبوو، گوڵ نەیتوانی شیلە دەربکات، لە ئەنجامدا بەرهەمی هەنگوین تا ئاستێکی چاوەڕواننەکراو کەمیکرد.
وتیشی: "بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوودا، لە ناوچە سنوورییەکانی قەزای پشدەر، بەڕێژەی لەسەدا 80 بەرهەمی هەنگوین کەمیکردووە، بەشێوەیەکی گشتی لەتەواوی هەرێمی کوردستان جێگەی دڵخۆشی نیە."
عەلی حەمە ڕەسوڵ ئاماژەی بەوەشدا، لەساڵی 2008-ەوە رووپێوی بۆ ژمارەی هەنگەوانانی هەرێم نەکراوە، لەبەرئەوە تائێستاش پشت بەئاماری ئەوساڵە دەبەسترێت، لەکاتێکدا پێویستە ساڵانە رووپێوی بۆ هەنگەکان بکرێت، تا بتوانرێت بەوردی ئاگاداری هەڵکشان و دابەزینی بەرهەمی هەنگوین بکرێت.
بەپێی بەدواداچوونێکی خەندان، باشترین کات بۆ وادەی رووپێوکردنی ساڵانەی کەرتی هەنگەوانی هەرێم، مانگی تشرینی یەکەمە، چونکە لە و مانگەدا ماڵە رەوەندەکانیش لە کوێستانەکانەوە دەگەڕێنەوە ئاواییەکان و دەتوانرێت ژمارەی وردی هەنگەوانان بەدەستبهێنرێت.
هەر لەمبارەیەوە، شێخ حەمە حسێن، هەنگەوان لە گوندی بەستە –ی سەرسنوو، بۆ خەندان روونیکردەوە، لەکاتێکدا ساڵی رابردوو هەر پورەهەنگێک 7-11کیلۆگرام هەنگوین بەرهەمی هەبووە، بەڵام ئەمساڵ هیچ پورەهەنگێک لە 3 کیلۆگرام زیاتر بەرهەمی نەبووە.
باسی ئەوەشی کرد، کە ژمارەیەکی زۆر کورەی هەنگ لەقەزای پشدەردا هەیە، هەنگوینی بناری قەندیلیش بەیەکێک لەباشترین جۆری هەنگوینی کوردستان دادەنرێت، بەڵام رۆژانە بەشێوەیەکی نایاسایی لەڕێگەی سنوورەکانەوە کورەی هەنگی ئێرانی دەهێندرێتە ناوچەکەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشییەکانی هەنگ.
داواکاریش بوو لەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم، بەمەبەستی بەرگرتن لەبڵاوبونەوەی نەخۆشییەکانی هەنگ، پێداویستییەکانی تایبەت بەهەنگ بۆ هەنگەوانان دابینبکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 233

## بەرکەوتوویەکی جەکی کیمیاوی گیانی لەدەستداو 5 تریش ژیانیان لە مەترسیدایە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072801120789433

بەرکەوتوویەکی جەکی کیمیاوی گیانی لەدەستدا و پێنج بەرکەوتووی دیکەش ژیانیان لەمەترسیدایە و لەکۆنترۆڵی پزیشکەکان دەرچوون .
میهرەبان سەلام، ئاوێنەنیوز: سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، لوقمان عەبدولقادر، بەئاوینەنیوزی راگەیاند، ئەمڕۆ(شەممە)یەکێکی دیکە لەبریندارانی چەکی کیمیایی بەناوی (ڕەئوف محەمەد فەتاح) لەتەمەنی (73) ساڵیداو بەهۆی کاریگەریی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.
باسی لەوەشکرد، ئەو هاوڵاتییە یەکێک بووەە لەوکەسانەی هەتا ساتی گیانلەدەستدانیشی چاوەڕێی چارەسەرکردنی دەکرد، بەڵام بەداخەوە تیمێکی پزیشکی ئێرانی کە بڕیاربوو بۆ چارەسەرکردنی بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی بگاتە هەرێم، فریای ئەو بریندارە نەکەوتووە و گیانی لەدەستداوە.

وتیشی، بەوەش ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە چوارکەس، کۆی گشتی ئەو بەرکەوتووانەی کە بەهۆی کاریگەریی چەکی کیمیاییەوە لەسنوری هەڵەبجەدا گیانیان لەدەستداوە، گەیشتووەتە (82) کەس.
لوقمان عەبدولقادر ئەوەشی خستەڕوو، رەئوف محەمەد فەتاح یەکێک بووە لە و بریندارانەی کە لەساڵی (1988)دا لەنەخۆشخانەی مەشهەد خەوێندراوە و دۆسیەکەشی لای کۆمەڵەکەیانە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 28-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 234

## بەڕێوبەرایەتی بەرگری شارەستانی ڕاپەڕین ئاماری شەش مانگی ڕاگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2015071215314585734

ڕۆژنیوز - محەمەد حسێن
لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا بەڕێوبەرایەتی بەرگری شارەستانی ڕاپەڕین ئاماری شەش مانگی کار و چالاکییەکانی خۆی ڕاگەیاند. بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەرگری شارەستانی ڕاپەڕین رائید حسێن ئاماری شەش مانگی بەم شێوەیە ڕاگەیاند:"لە شەش مانگی 2015دا، 425 ئاگرکەوتنەوە هەبووە بە سەرجەم بنکەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتیمان لە سنوری بیتوێن (23 (2ئاگر و لە سنوری پشدەر (193) ئاگر هەبووە، بەراورد بە شەش مانگی ساڵی ڕابردوو ڕێژەکە زیادی کردووە.
بە نسبەت جۆری ئاگرەکان کەمتەر خەم (42) حاڵەت – نەزانراو (200) ڕووداو – ئەنقەست (23) حاڵەت – جگەرە (23) حاڵەت – کارەبا (55) حاڵەت هەبووە حاڵەتی مردن (1) سووتان (1) و رەزگارکردن لەخنکان (2) حاڵەت ڕوویان داوە. پشکنینی فەرمانگە و شوێنە گشتییەکان (105) پشکنینی نەگونجاو و (139) پشکنینی گونجاو هەبووە کۆی زیانی دارایی ئەم شەش مانگە (524،767،600) پێنج سەدوو بیست و چوار ملیۆن و حەسەد وشەست و حەوت هەزار شەسەد دینار خەملێنراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: رانیە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 235

## بەژمارە.. ئاماری کوشتوبری 47 مانگی شەڕ لە سوریا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020816311284728

لە 18ی ئازاری 2011ەوە شۆرشی سوریا دەسپێکرد و لە ماوەی 47 مانگی رابردوو تا 5ی شوباتی ئەمساڵ، نزیکەی دوو ملیۆن کەس لە و وڵاتە کوژراون و برینداربوون.
بەپێی ئە و ئامار و ژمارەیەی کە روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ لەبەردەستیدایە، لەسەرەتای

سەرهەڵدانی شۆرشی سوریاوە، 210 هەزار و 60 کەس کوژراون، یەکەم قوربانیی کڵپەی شۆرشەکەش لە شاری درعاوە بوو کە گڕی شۆرشی خۆشکرد.
بەپێی ئامارەکەی بەردەستی روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە و ژمارە کوژراوە، 100 هەزار و 97 کەس هاوڵاتیی مەدەنین کە 10 هەزار و 664یان منداڵ و شەش هەزار و 783یان سەروو تەمەنی 18 ساڵ و 35 خوڤار ز 827ی دیکەش سەربە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و گروپە ئیسلامییەکانن.
ژمارەی کوژراوانی نێو چەکدارە جیابووەکان لە رژێمی سوریا گەیشتووەتە دوو هەزار و 498 کەس و زیانەگیانییەکانی ئە و رژێمەش نزیکەی 45 هەزار و 385 سەربازە، ئەمە جگەلە لە کوژرانی 29 هەزار و 943 چەکداری بەرگریی نیشتمانی و کەتیبەکانی بەعس و لیژنە میللییەکان و حزبی سوریی نەتەوەیی و بەرەی رزگاریی میللیی لیوای ئەسکەندەرون کە بە شەبیحە ناو دەبرێن و سەرجەمیان سەربە رژێمی بەشار ئەسەدن.
هەر لە ئامارەکەدا هاتووە کە لە شەڕی سوریادا 640 چەکداری حزبوڵای لوبنان کوژراون و ژمارەی لایەنگرانی رژێمەکەی ئەسەدیش کە بە رەگەزی بیانی و عەرەبی و ئاسیاوی و ئێرانین، گەیشتووەتە دوو هەزار و 502 کەس.
سەبارەت بە زیانەکانی بەرەی نوسرە و رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) و چەند گروپێکی دیکە بەناوی (جنود الشام) و (جند الاقصی) و کەتیبەی خەزرا و چەکدارە بینانییەکانی ئەوروپا و ئاسیا و ئەمریکا و ئوسترالیا، روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکردووە کە زیانە گیانییەکانیان گەیشتووەتە 24 هەزار و 989 کەس.
بەگوێرەی روانگەکە تائێستا ناسنامەی سێ هەزار و 130 کوژراو نازانرێت، بەڵام بە بەڵگە و ڤیدیۆوە ئامارەکە لەلایەن روانگەی سوریا هەیە.
ئەم ئامارەی روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ژمارەیەکی بێشومار لە بێسەروشوێن و زیندانی و کەسانی رفێنراو و دیلەکانی سوپا و گروپە چەکدارەکان و هاوڵاتیی مەدەنی لەخۆ ناگرێت کە بەمجۆرە خوارەوە ریزبەند کراوە:
-چارەنووسی زیاتر لە 20 هەزار کەس لە گرتووخانە و دەزگا ئەمنییەکانی رژێمی سوریا دیار نییە.
-چارەنووسی نزیکەی حەوت هەزار بەدیلگیراوی سوپا و چەکدارانی لایەنگری بەشار ئەسەد و زیاتر لە دوو هەزار رفێنراو کە لەژێردەستی هێزی ئۆپۆزسیۆن و گروپە چەکدارەکاندان.
-چارەنووسی هەزار و 500 چەکداری کەتیبە ئیسلامییەکان و داعش و بەرەی نوسرە لەلای سوپای بەشار ئەسەد کە شەڕڤانانی کوردیشی تێدایە.
-چارەنووسی چوار هەزار هاوڵاتیی مەدەنیی رفێنراو لە گرتووخانەکانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش.(
سەبارەت بە برینداریەکانیش، روانگەی سوریا باسی لەوە کردووە کە لە ماوەی 47 مانگی شەڕدا، زیاتر لە یەک ملیۆن و 500 هەزار کەس لە سوریا برینداربوون یان بەهەمیشەیی پەکیان کەوتووە، زیاتر لە نیوەی گەلی سوریاش ئاوارە بوون و ژێرخانی ئابووری و موڵکی تایبەت و گشتی زیانی گەورەیان پێگەیشتووە و بەتەواوی داڕماون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

وڵات: SYسووریا

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 236

## بەشێکی زۆری بەرهەمی سێوی پارێزگای ورمێ هێشتا نەفرۆشراوە -

**2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150310145950698080

باخە سێوەکانی پارێزگای ورمێ، سەرچاوەی داهاتی کۆمەڵێک لە خەڵکی ئەو پارێزگایە.
هەر لە سەرەتای بەهارەوە هەوڵ و تەقالایان بۆ دان، بەڵکو بەوەندەی کە پێوەی ماندوو دەبن، بەرهەمی لێ هەڵبگرن. باخەوانانی ئەم پارێزگایە ماوەی چەند مانگە سێوی باخەکانیان رنیوە، بەڵام تا ئێستا بۆیان نەفرۆشراون و ماندوویەتیەکانی ساڵی رابردوویان هێشتا نەحەساوەتەوە.
880هەزار تۆن بەرهەمی سێوی هاونیشتمانیانی پارێزگای ورمێ بوو. هەموو ساڵێک 50 لە سەدی ئەم سێوانە بۆ دەرەوە هەناردە دەکرێت، 20 لە سەدی لە بازارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەفرۆشرێت و 30 لە سەدیشیان بۆ بەرهەمی نوێ رەوانەی کارگەکان دەکرێت.
سەرجەم بەرهەمەکانی سێوی ئەم پارێزگایە دوای رنینیان، لە ساردخانەکان گلدەدرێنەوە.
لە 880 هەزار تۆن سێو هێشتا 130 هەزار تۆنیان لە ساردخانەدا ماوەتەوە و تا ئێستا نەفرۆشراون.
بەرپرسێکی رێکخراوی کشتوکاڵی پارێزگای ورمێ دەڵێت؛ پێویستە بە زووترین کات بازاڕێک بۆ فرۆشتنی بەرهەمە سێوەکانی ساڵی رابردوو، بدۆزرێتەوە. دەشڵێت؛ بە هاوکاری جێگری بواری ئابووری و ژووری بازرگانی پارێزگای ورمێ لە هەوڵدان بۆ ئەوەی بە زووترین کات بیانفرۆشن.
هەڵبەت بڕیار بوو بەشێک لە بەرهەمی سێوی ئەم پارێزگایە بۆ باشووری کوردستان و عێراق هەناردە بکرێت، بەڵام چوار مانگ پێش ئەو دەنگۆیە بڵاوبووەوە کە گوایە سێوەکان نەخۆشی شەکرەکیان پێوەیە و ئەوەش بوو بەهۆی ئەوە کە هەناردەکردنیان رابگیردرێت.
بەرپرسانی کشتوکاڵی عێراق، پێیانوابوو ئەو نەخۆشیە لە سێوەکانی ئەم پارێزگایەدا هەیە، بەڵام بە وتەی بەرپرسی رێکخراوی کشتوکاڵیی پارێزگای ورمێ، وەزیری کشتوکاڵی عێراق لەگەڵ بەرپرسانی ئەم پارێزگایە دانیشتنیان کردووە و بڕیارە هەناردەکردنی بەرهەمی ئەم سێوانە بۆ عێراق دەسپێبکاتەوە. هەڵبەت بە وتەی ئەو بەرپرسە هەناردەکردنیان پێویستیی بە وەرگرتنی مۆڵەتی لایەنی پەیوەندیداری ئێرانیی هەیە، کە تا ئێستا نەدراوە.
بازاڕی عێراق و باشووری کووردستان ساڵانە پێویستیی بە 120 هەزار تۆن سێوە، کە 50 لە سەدی لە باخەکانی پارێزگای ورمێی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دابیندەکرێت. ئێستا بەرهەمهێنەران و باخەوانانی پارێزگای ورمێ چاوەڕوانی فرۆشتنی سێوەکانیانن و ئەگەر بێت نەفرۆشرێن لەوانەیە خێر سەری مایە بخوات و زەرەرمەند بن .
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 10-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💰ئابووری |
| شارەکان: | ورمێ |
| وڵات: | رۆژهەڵاتی کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 237

## بەشە بودجەی هەرێم زیاد دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140325112439637762

وەزارەتی دارایی عیراق رایگەیاند، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە چوار ترلیۆن دینار بۆ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان زیاد بکات، ئەمەش بۆ پێدانی کرێی کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێم.
سەفائەدین سافی، وەزیری دارایی عیراق بە وەکالەت رایگەیاند: حکومەتی عیراق وەک دەستپێشخەریەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاریداوە چوار ترلیۆن دینار لە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی عیراق زیاد بکات.
سەفائەدین سافی وتیشی: "ئە و فۆرمەلە پێشنیارکراوەی کە کورد پەسەندیکردوە، بۆ ئەنجومەنی

وەزیرانی عیراق نێردراوە بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەی نێوان ناوەند و هەرێم، کە تایبەتە بە پشکی ئە و کۆمپانیا نەوتییانەی لەهەرێمدا کار دەکەن لەسەر بنەمای ناردنی 400 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا.
ئاماژەی بەوەشکرد: پێشتر بەشە بوجەی هەرێم بە 16 ترلیۆن دینار خەمڵێنرابو، لەکاتێکدا کە دەبێت خەرجی ئە و کۆمپانیایانەی لە هەرێم کار دەکەن لەسەر تێچوی خەرجی سیادی بێت، بەڵام لە دوای گواستنەوەی بۆ خەرجی ئاسایی بەشە بوجە، دەبێتە 20 ترلیۆن دینار، ئەوەش وەک نیەت پاکیەک وایە لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 238

## بەغدا 11 تریلیۆن دیناری پێشمەرگەی لەلایە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150627220302856 50

ئەمرۆ شەممە (27-6-2015)؛ وەزارتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: پشکی پێشمەرگە لە ساڵی 2007ەوە تا ئەم ساڵ 2015 دەکاتە 11 تریلیۆن دینار و تا ئێستە حکوومەتی فیدراڵی ئەو پرە پارەیەی نەناردووە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان، بە تەنگژەیەکی راستەقینەی داراییدا تێدەپەڕێت و حکوومەتی هەرێمیش بە یاسای بودجەوە پابەند دەبێت کەچی حکوومەتی فیدراڵی وەک پێویستە پرە پارەی بودجەی هەرێم نانێرێت .
لەو بارەوە گوتەبێژ وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی: "پار ساڵ بودجەی بەکارخستن بە پری یەک تریلیۆن و 5013 ملیار دینار نزمتر بووەتەوە ."
گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان روونیشی کردەوە: خەمی سەرەکی وەزارەتی دارایی دابین کردنی مووچەی فەرمانبەران و خزمەتگوزاری سەرەکییە .
ئاماژەی بەوەیش کرد کە حکوومەتی فیدراڵی ساڵی پار 4 قیستی ناردووە کە هەموویان پری 280 ملیار دینار بوون لەکاتێکدا پشکی هەرێمی کوردستان، ساڵی پار دەگەیشتە 18 تریلیۆن و 280 ملیار دینارو بەپێی دوایرگەی بەیاننامەی وەزارەتی دارایی عیراق ئەوە بەغدا تا ئێستە 16 تریلیۆن دیناری لە موستەحەقاتی هەرێمی کوردستانی نەناردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - 27-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 239

## بەغدا چۆن دەیدات بەکوردستان و لێرەش چی لێدەکرێت؟

http://www.kurdipedia.org/?q=20130918112711923O6



خەندان، بە بەڵگەوە زانیاری گرنگ لەبارەی پێدانی بەرهەمە نەوتییەکان بەهەرێم لەلایەن وەزارەتی نەوتی عیراقەوە ئاشکرا دەکات.
لە ڕێگەی بەدەستهێنانی چەند بەڵگەنامەیەکی نهێنی و گرنگ لە وەزارەتی نەوتی عیراقەوە، خەندان چەندین زانیاری لەبارەی نرخی بەنزین و ڕێژەی پێدانی بەرهەمە نەوتییەکان بەهەرێم لە ماوەی ساڵانی 2004 تا کۆتایی ساڵی 2012 دەخاتەڕوو، کە بەپێی یەکێک لە بەڵگەنامەکان، وەزارەتی نەوت بەردەوام بووە لە ناردنی پشکی هەرێم لە بەرهەمە نەوتییەکان، ئەوەش سەرباری بوونی چەند پاڵاوگەیەک لە هەرێمدا.
هەر بەپێی چەند بەڵگەیەک، کە لەسەرچاوەیەکی تایبەتی وەزارەتی نەوتی عیراقەوە دەست خەندان کەوتووە، دەبێت حکومەتی هەرێم نرخی یەک لیتر بەنزین بە پری (430) دینار بە بەنزینخانەکان بفرۆشێت و ئەوانیش بە پری (450) دینار بە هاوڵاتیانی بفرۆشنەوە، وەک لە هەموو وێستگەکانی عیراقدا بە و نرخە دەفرۆشرێتەوە، بەڵام تائێستاش یەک لتر بەنزین لە بەنزینخانەکانی هەرێم بە پری (500) دینار دەفرۆشرێتەوە .
بەپێی ڕاپۆرتێک، کە لەلایەن دەستەی ڕاویژکارانی وەزارەتەوە بەرزکراوەتەوە، لە عیراقدا بەنزینی (نایاب و سۆپەر) بوونی نییە، بەڵکو ژمارەیەک لە وێستگەکانی دابەشکردنی سووتەمەنی مادەی (BTX) دەکەنە ناو بەنزینەوە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئۆکتانی بەنزینەکە، کە ئەو مادەیەش بەپێی پێوەرە جیهانییەکان، دەبێت بەڕێژەی (1%) بێت و لە ئەگەری زیادکردنی ڕێژەی مادەکە، واتە زیادکردنی مادەیەک کە دەبێتە هۆی تووشبوون بەشێرپەنجە.
لە ڕاپۆرتەکەدا، ئەوەشخراوەتەڕوو، کە ئەو مادەیە لەلایەن کۆمپانیای عەرەبی بۆ پاککردنەوەدەفرۆشرێتکە سەر بە (ئەواپک)ە، بەڵام دوای بەدواداچوون، داوا لە کۆمپانیاکە کراوە بەوەی لیستێک بەناوی ئەو کۆمپانیانەی مادەکەیان لێدەکڕن، لەنێو لیستەکەشدا دەرکەوت سێ کۆمپانیای هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی زۆر ئەو ماددەی(BTX) یان لێدەکڕن، کە ئەوانیش بریتین لە (کۆمپانیای بلاک ئۆیڵ، کۆمپانیای بۆند ئۆیڵ، کۆمپانیای ماجیم مالانیا.(
هەر لە ڕاپۆرتەکەدا، پێشبینی ئەوەشکراوە کۆمپانیای دیکەش لە هەرێمدا هەبێت کە ناویان لە لیستەکەدا هەیە ئەو ماددەیە بکڕێت، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی پارێزگاکەیان درابێت.
لە ڕاپۆرتەکەی دەستەی ڕاوێژکاری وەزارەتی نەوتی عیراق، ئەوەش ئاشکرا کراوە، کە ئاگاداری هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم کراوەتەوە و دەرکەوتووە، کە ئەو سێ کۆمپانیایە لە هەرێمدا بوونیان نییە، هەروەها ئەوەش دەرکەوتووە، ژمارەیەک لە وێستگەکانی هەرێم کە بەنزینی نایابا دەفرۆشن، مادەی (BTX) بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانە و بەبێ پشتبەستن بە ڕێژە جیهانییەکە، تێکەڵ بە بەنزین دەکەن.
هەر بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست وەزارەتی نەوت کەوتووە، هەندێک جار ڕێژەی تێکەڵکردنی مادەکە لە سەدا (20) زیاتر بووە.
بەپێی بەڵگەیەکی دیکەی وەزارەتی نەوتی عیراق، کە نووسراوێکی وەزارەتە بە ژمارە (و/282) لە ڕێکەوتی 2013/8/12
سەبارەت بە ناردنی بەرهەمە نەوتییەکان بۆ هەرێمی کوردستان، تیایدا دەرکەوتووە، کە لە نێوان ساڵانی (2004 تا کۆتایی 2012) سەرجەم بەرهەمە نەوتییەکان (بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان پارێزگاکانی عیراقدا) ڕەوانەی هەرێم کراوە.
لە نووسراوەکەدا، ئاماژە بەوەدراوە، کە ڕێژەی جێبەجێکردنی پلانی

دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان پشت دەبەستێت، بە:" بارودۆخی کەش و هەوا، بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت نەوتی سپی زیاتر ڕەوانەی هەرێم کراوە لە بەرسەرمای زستان.
هەروەها ڕێژەی ناردنی بەرهەمە نەوتییەکان لەنێوان ئەو ساڵانەدا، لە چوارچێوەی ڕێژەی قبوڵکراودایە بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عیراق.
هەر لە و نووسراوەدا، ئەوەخراوەتەڕوو، کە بەهۆی ئەوەی لەلایەن هەرێمەوە زانیارییان پێنادرێت جگە لە دوو نووسراوی هەرێم بۆ وەزارەتی داراپی کە تیایدا وزەی پاڵاوتنەوە بە (53) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ساڵی 2011 دانراوە، ئەژمار دەکرێت و کراوەتە بنەما بۆ پڕین لە پشکی پارێزگاکانی هەرێم لە مانگی نیسانی 2012ەوە، ئەوانەی پاڵاوگەیان تێدایەوبەمشێوەیە:
بەنزین (900مەتر سێجا) لە پشکی پارێزگای هەولێر
نەوتی سپی (700 مەتر سێجا) لە پشکی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر
زەیتی غاز (1400 مەتر سێجا) لە پشکی هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی
بەردەوامبوون لەسەر پێدانی تەواوی پشکی پارێزگای دهۆک لە بەرهەمە نەوتییەکان و تەواوی پشکی پارێزگای سلێمانی لە بەنزین، ئەمەش سەرباری بوونی دەیان پاڵاوگەی بچووک، کە کاری پاڵاوتنی نەوتی خاو بە میکانیزمینەزانراو دەکەن، کە بەرهەمەکانیان نەخراونەتە چوارچێوەی پشکی هەرێم.
لە نووسراوەکەدا، تەئکیدکراوەتەوە، کە لە ئێستادا هەرێم ڕۆژانە (120)هەزار بەرمیل نەوتی خاو دەپاڵێوێت، ئەوەش وادەکات (3200مەتر سێجا)بەنزین و (59) هەزار نەوتی سپی و زەیتی غازبەرهەم دەهێنێت، ئەمەش پێویستی هەرێمبۆبەرهەمەکان پردەکاتەوە.
هاوکات لە ژێر یەکێک لە خشتەکاندا، ئەوە ئاشکراکراوە، کە سەرباری بوونی پاڵاوگە لە نێوان ساڵانی 2010 و 2011 تا نیسانی 2012 بەردەوامی دراوە بە پێدانی بەرهەمە نەوتییەکان بەهەرێمی کوردستان، هەروەها ئەوەشخراوەتەڕوو، کە ڕێژەی نەوتی سپی زیاتر دراوەتە هەرێم بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی کەش و هەوا و سەرمای زستان لە ناوچەکە.
بەڵام تێبینی ئەوەشکراوە، کە ڕێژەی پێدانی بەنزین و زەیتی غاز بەهەرێمی کوردستان لە چەند ساڵێکدا کەمتر بووە بەهەمان شێوەی پارێزگاکانی دیکەی عیراق، ئەوەش بەهۆی بارودۆخی ئەمنی.
تەئکیدیشکراوەتەوە، کە وەزارەتی نەوت بەردەوام بووە لە پێدانی نەوت بەهەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2013 و بە هەمان پشکی سەرەوە، ئەوەش سەرباری زیادبوونی وزەی پاڵاوتن لە هەرێم بۆ (120) هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، کە ئەوەش پێویستییەکانی هەرێم لە بەرهەمە نەوتییەکان، پڕ دەکاتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-09-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 240

**بەغدا لەچوار مانگی 2015دا تەنها ئەم بڕە پارەیەی بۆ هەرێم ناردوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060409561885471

حکومەتی هەرێمی کوردستان پری ئە و پارانە ئاشکرا دەکات کە حکومەتی عیراق لەماوەی 4 مانگی سەرەتای 2015 رەوانەی کردون کە پرەکەی تەنها یەک ترلیۆن و 756 ملیار دینارە.
ئاوێنەنیوز: حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە لەماوەی یەک مانگدا بەپری نزیکەی 850 ملیار دینار نەوتی هەناردەکردوە، بەڵام حکومەتی بەغدا هیچ مانگێک پارەی تەواوی هەرێمی نەناردوە.
هەر لە و بەیاننامەیەدا ئاماژە بەوەشکراوە کە بەغدا لەهەردو مانگی 11و12/ 2014 یەک ملیار دۆلاری بۆ هەرێم ناردوە، لەکاتێکدا دەبوایە بۆ هەر مانگێکی 10و 11و 12، 500 ملیۆن دۆلار رەوانە بکات.
بەپێی بەیاننامەکەی هەرێم، بەغدا لەمانگی 1/2015 تەنها 250 ملیار دینارو مانگی 2 تەنها 491 ملیار دینارو ماگی 3 تەنها 527 ملیار دینارو مانگی 4 تەنها 488 ملیار دیناری رەوانەی هەرێم کردوە، کە هەمو ئە و چوار مانگە دەکاتە یەک ترلیۆن و 756 ملیار دینار.
هەر ئە و ناکۆکییانە بوە هۆی ئەوەی کە هەرێم هەرەشەی پرینی هەناردەی نەوت بکات لەرێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عیراق (سۆمۆ.(
سەرچاوە: ماڵپەری ئاوێنە - 04-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

ولات: باشووری کوردستان

ولات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 241

## بەفیرۆدانی سەدان ملیار لیتر ئاو لە کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042221145575928

بەگوێری ئاماری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم، هەر تاکێک لەکوردستان رۆژانە 300 لیتر ئاو بەفیرۆ دەدات، ئەوەیش دوو هێندە و نیو لەپێویستی خۆی زیاترە. بەگوێرەی ستاندارديش هەر نەفەرێک پێویستە رۆژانە 200 لیتر بەکاربێنێ.
نەبوونی پێوەر لەسەر بەکارهێنانی ئاو و کۆنترۆڵ نەکردنی هەروەها هەرزانی نرخەکەی لەکوردستان، هۆکاری سەرەکی بەفیرۆدانی نزیکەی 550 ملیۆن مەتر سێجا ئاوە لەساڵێکدا. راپۆرتە ژینگەییەکان، هۆشدارییی لەکەمبوونەوەی ئاو دەدەن لەجیهانداو پێشبینی هەڵگیرسانی شەڕی ئاویش لەئارادایە، بەڵام پێدەچێ زۆرێک لەدانیشتووانی هەرێم باکیان بەو پێشبینییانە نەبێ، بۆیە ساڵانە نزیکەی 550 ملیار لیتر ئاو لەم هەرێمە بە فیرۆ دەدرێ. وەکو بەرپرسانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەیڵێن.
ئاماری بەفیرۆدانی ئاو
سەهەند سیروان بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ لەو وەزارەتە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵ دەڵێ:)بەپێی ستانداردی جیهانی، هەر نەفەرێک رۆژانە 200 لیتر ئاوی پێویستە، بەڵام لەکوردستان هەر نەفەرێک دوو هێندەو نیوی ئەو ستانداردە بەکاردەهێنێ. واتە رۆژانە 300 لیتر ئاو بەفیرۆ دەدات).
وتیشی:)بەکارهێنانی ئاو لەلایەن تاکەکانەوە لەکوردستان، زۆر لەئاستی ستانداردی جیهانی زیاترە و رێژەی بەفیرۆدانی ئاو زۆرە، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە: سروشتی خەڵک، هەروەها هێشتا لەهەرێم ئاو شتێکە بەئاسانی بۆ خەڵک دەستەبەر دەبێ، بێجگە لەنەبوونی پێوەر لەسەر بەکارهێنانی ئاو. لەهەولێر هەر تاکێک رۆژانە پری زیاتر لە 500 لیتر ئاو بەکاردەهێنێ، کە دوو هێندەو نیو لەپێویستی خۆی زیاترە، لەسلێمانی ئەو رێژەیە 400 لیتر دەبێ کە دوو هێندەی پێویستی خۆیەتی، لەپارێزگای دهۆکیش هەر نەفەرێک 600 لیتر ئاو بەکاردەهێنێ

ئەوەیش سێ هێندەی پێویستی خۆیەتی).
ئەو ئاماژەی پێدا، هەوڵی زۆریانداوە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەبەکارهێنانی ئاو، بەڵام هەوڵەکانیان سەرینەگرتووە.
550 ملیار لیتر ئاو
لەدواپین راپۆرتی خۆیدا بەناوی (راپۆرتی گەشەپێدانی ئاو 2014)، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبۆنەی رۆژی جیهانیی ئاوەوە رایگەیاند، 780 ملیۆن کەس ئاوی خواردنەوەی پاکیان لەجیهاندا دەست ناکەوێ، لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، تەنیا (1%)ی رێژەی ئاوی خواردنەوە زیادیکردووەو ساڵی 2050 ئەو رێژەیە دەگاتە (44%). نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی 1993 رۆژی 22ی ئاداری گشت ساڵێکی وەکو رۆژی جیهانی ئاو دەست نیشانکردووە.
بەپێی بەدواداچوونەکانی ئاژانسی ئانادۆڵ، ئەگەر هاووڵاتییەک لەهەولێر رۆژانە 500 لیترو لەسلێمانی 400 لیترو لەدهۆک 600 لیتر ئاو بەکاربهێنن، ئەوا تێکڕای بەکارهێنانی هەر هاووڵاتییەک لەبەکارهێنانی ئاو، دەکاتە 500 لیتر لەڕۆژێکدا. بەپێی زانیاری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ، 300 لیتر لەو 500 لیترەی رۆژانە بۆ هەر تاکێک لەهەرێم دیاریکراوە، بەفیرۆ دەچێ، واتە رۆژانە هەر تاکێک 300 لیتر ئاو کە ساڵانە دەکاتە نزیکەی 10 هەزار لیتر بەفیرۆ دەدا. واتە ئەگەر گریمان دانیشتووانی هەرێم پێنج ملیۆن کەس بێ، ئەوا پری ئاوی بەفیرۆچوو ساڵانە دەکاتە نزیکەی 550 ملیار لیتر، کە بەشی هەرێمێکی دیکەی پێنج ملیۆنی دەکا.
سەهەند سیروان روونیکردەوە، لەشوشتنی ماڵان، شوشتنی سەیارە، هەروەها نەبوونی تەوافە لەتانکیی ماڵاندا کەزۆر جار تانکییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر ئاویان لێ دەڕژێ، بێجگە لە بەفیرۆدانی ئاوێکی زۆر لەباخچەی ماڵان، ئاوێکی زۆر بەهەدەر دەدرێ ئەو بەهەدەردانە، ساڵانە ملیۆنان دۆلار زیان لەداهاتی هەرێمی کوردستان دەدا. وتیشی:)هەر تاکێک لەکوردستان، چوار هێندەی سویدییەک ئاو بەکاردێنێ).
یاساکە لەپەرلەمانە
ئەگەرچی زیاتر لە (70%)ی گۆی زەوی ئاوە، بەڵام ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە تەنیا (2،5%)ە، پێشبینیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش لەنێویاندا نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی مەترسییەکانی کەمبوونەوەی ئاو، دەگاتە ئاستی هۆشداری هەڵگیرسانی شەڕی ئاویش لەساڵانی داهاتوو.
زیادبوونی دانیشتووانی زەوی، بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، زۆربوونی پێویستییەکانی مرۆڤ لەکارەبا کە بەشێکی لەئاو بەدەست دێ، خۆراک کە لەڕێی کشتوکاڵەوە بەرهەم دێ، وایانکردووە ئاو بەنرختر بێ.
بۆ دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ دەربازبوون لەقۆناغی بەفیرۆدانی ئاو لەهەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆ، دەیەوێ لەڕێی پرۆژە یاسایەکەوە کە داویەتی بەپەرلەمانی کوردستان و لەڕێی پرۆژەی دانانی پێوەری ئاو بۆ ماڵان ئەو کێشەیە چارەسەر بکا.
سەهەند سیروان دەڵێ:)ئەو یاسایەمان بۆ پەرلەمان ناردووە تابێتە رێگرییەک لەبەردەم بەفیرۆدانی ئاو و هاووڵاتیان پابەند بکات).
وتیشی:)پرۆژەیەکیان لەگەڵ وەزارەتی کارەبا هەبوو بۆ دانانی پێوەری زیرەک بۆ ئاو و کارەبا بۆ ماڵان، بەڵام ئەو قەیرانەی چوار مانگ دەبێ هەرێمی کوردستان بەدەستییەوە دەناڵێنێ، ئەو پرۆژەیەی دواخستووە، ئێستا ئەو پرۆژەیە لەشیکردنەوەدایە، بەهۆی کەمی بودجەوە راگیراوە، پێشبینی دەکەین ئەو پرۆژەیە بەزووترین کات بکەوێتە کارو پێوەری زیرەک بۆ ئاو و کارەبا دابنێین).
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 22-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 242

## بەفەرمی ئاماری کوژراو و رفێنراو و ئاوارە ئێزدییەکان رادەگەیەنرێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20140913220438774444

وشە/هەولێر.فەرهاد عومەر-
وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاشکرای دەکات، زیاتر لە 2 هەزار ئافرەتی ئێزدی لەلایەن تیرۆریستانەوە رفێنراون و لە گوندێکیش 450 پیاوی ئێزدی کۆمەڵکوژ کراون.
فوئاد عوسمان گوتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە"وشە"ی راگەیاند، بەپێی ئامارەکانی بەردەستی ئێمە لەبارەی ئەو کارەساتەی بەسەر خەڵکی شنگال و ناوچە ئێزدنیشنەکان هێنرا لەلایەن تیرۆریستانەوە، 300 هەزار ئێزدی ئاوارەبوون و زیاتر لە 2هەزار ئافرەتی ئێزدیش رفێنراون، لە گوندی کۆچۆش 450 کەس کوژراون.
هەروەها گوتی، بەهەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەم کارەسات و تاوانە گەورەیە، جینۆسایدە و ئێستەش لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، دەستەیەکی باڵا پێکهاتووە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە و داتا لەبارەی تاوانەکان و بەمەبەستی بەجنیۆسایدناساندنی.
ئاماژەی بەوەش دا، هەر یەک لە لێژنەی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی و لێبوردنی نێودەوڵەتی و چەندین رێکخراوی تری دنیا، تاوانەکانی تیرۆریستانیان بەرامبەر بە ئێزدییەکان وەک جینۆساید ئاماژە پێ کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 243

## بەهۆی ئاگرکەوتنەوەوە لە سنووری ئیبراهیم خەلیل 10 کەس گیانیان لەدەست داوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140124121535865555

خەندان - رەڤەند گوهەرزی
بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بنکەی بەرگری شارستانی لە کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەولەتی ئیبراهیم خەلیل لە سنووری ئەوان جیا لە زیانی گیانی، بە بڕی 4 ملیار دینار زیانی ماددی بە هۆی رووداوی ئاگرکەوتنەوە لە هاونیشتمانیان کەوتووە و 10 کەسیش گیانیان لەدەست داوە.
نەجمەدین نێروەیی بەرپرسی بەشی راگەیاندن لە کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل بە خەندانی راگەیاند: لە ساڵی رابردوودا 83 رووداوی ئاگرکەوتنەوە لە سنورەکەماندا روویانداوە.
نەجمەدین نێروەیی وتی: "بە و هۆیەوە بڕی 4 ملیار و هەشت سەد ملیۆن و 665 دینار زیانی ماددی بە هاونیشتمانیان گەیشتووە."
بەرپرسی بەشی راگەیاندن لە کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل وتیشی: "بەگوێرەی ئاماری بنکەی بەرگری شارستانی لە کۆمەڵگەکەمان، زۆرترین ئاگرکەوتنەوە لە مانگی تەمموزدا بووە کە 17 رووداوی ئاگرکەوتنەوە بوون ."
ئەوەشی خستەڕوو کە 21 رووداوی ئاگرکەوتنەوە بەهۆی کارەباوە بوون، 26 رووداویان بەهۆی رووداوی هاتوچۆوە بوون و 18 رووداویشیان پووش و پاوان بوون.
ناوبراو ئاماژی بەوەشکرد کە هەر لە و رووداوی ئاگرکەوتووانەدا لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی بنکەی بەرگری شارستانی لە کۆمەڵگەی دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل 10 کەس گیانیان لە دەست داوە کە زۆربەیان لە رووداوی ئەم دواییەی گەلی زاخۆ بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 244

**بەهۆی ئاڵۆزییەکانی تورکیاوە نزیکەی 200 کەس برینداربوە و زیاتر لەهەزارو 700 کەسیش دەستگیرکراون**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130603113006783366



ئاوێنەنیوز، ئاژانسەکان: لەبارەی زیانەکانی گرژیو ئاڵۆزییەکانی چەند رۆژی رابردوی ناوچەی تەقسیمی شاری ئەستەنبوڵ، وەزیری ناوخۆی تورکیا، موعەمەر گولەر، بەخەبەر تورکی رایگەیاندووە، تا ئەمڕۆ، دوشەممە، ژمارەی ئەو کەسانەی دەستگیرکراون، هەزار و730 کەسن، 115 پۆلیسو 58 هاوڵاتیش برینداربون.
27ی مانگی ئایاری رابردو خۆپیشاندانەکان ناوچەی تەقسیمی ناوەندی شاری ئەستەمبوڵی پایتەختی گەشتیاری تورکیای گرتەوە، پاش ئەوەی شارەوانی ئەو شارە دەیوست پارکی گەزی -پارکی گەڕان- تێکبداتو باڵەخانەیەکی بازرگانی لەسەر شێوازی سەربازگەیەکی سەردەمی عوسمانییەکان لەجێگاکەیدا دروست بکات.
ئەو هەنگاوەی حکومەتیش بەلای نەیارانی حکومەتەکەی رەجەب تەیب ئەرۆگانی سەرۆک وەزیرانەوە سەرەتای هەوڵێکە بۆ بۆ لەناوبردنی یەکێک لەناوەندە گرنگەکانی ئازادی تاکەکەسی لەتورکیا، بەو پێیەی ناوچەی تەقسیم بەسومبولی رابواردنو ئازادییە کەسییەکان ناسراوەو چەندین یانەی شەوانە لەخۆدەگرێت.
بەوتەی بەشێک لەچاودێران، توندبونەوەی خۆپیشاندانەکان لەو وڵاتە بەسەرەتای دەرکەوتنی بەهاری تورکی وەسف دەکرێت، لەدوای زیاتر لە 11 ساڵ لەگرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیاوە کە بەعوسمانییە نوێکان ناودەبرێن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-06-03

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 245

**بەهۆی بۆردومانی تورکیاوە 88 گوندنشینی بناری قەندیل گیانیان لەدەستداوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130226162240823866

بەهۆی بۆردومانکردنی گون دو ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاوە، ژیانی هەزاران گوندنشین لەژێر مەترسیدایە، لەساڵی 1991ەوە تائێستا بەو هۆیەوە 180 هاوڵاتی لەسیدەکان و سەنگەسە رو وەرتێ و ژاراوە بونەتە قوربانی، کە 88 کەسیان گیانیان لەدەستداوە و 92 کەسیشیان بریندار و کەمئەندام بون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-02-26

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 246

**بەهۆی پێشمەرگەوە لە 70% خێزانەکانی جەلەولا گەڕاونەتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014062813203076820

دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتنە ناحیەی جەلەولاو بەشی زۆربیان کۆنترۆڵکرد، لە ئێستادا 70% خێزانە ئاوارەکانی ئەو ناحیەیە گەڕاونەتەوە .
ئاوێنەنیوز، سلێمانی: سەرچاوەیەکی ئەمنی ئەمڕۆ رایگەیاندووە بەهۆی پێشمەرگەوە لە 70% خێزانەکانی جەلەولا گەڕاونەتەوە، ئەوەش دوای جێگربونی بارودۆخی ئەمنی لەو ناحیەدا .
ئەو سەرچاوەیە بەسایتی سۆمەریە نیوزی راگەیاندووە دوای گەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگەو جێگربونی دۆخی ئەمنی لەو ناحیەیەدا، دامودەزگاکانی حکومەت دەستیان بەچالاکیەکانی رۆژانەی خۆیان کردۆتەوەو خەڵکی دەگەڕێنەوە بۆ سەرماڵ و حاڵیان .
سەرچاوە وتویەتی "پێشمەرگە هاوکاری دامودەزگاکان و هاوڵاتیان ئەو ناوچەیە دەکات بۆ ئەوەی ژیانی ئاسایی خۆیان بەڕێوەبەرن .
ناحیەی جەلەولا دەکەوێتە 70 کیلۆمەتر لەباکوری شاری بەعقوبە لەپارێزگای دیالەو دانیشتوانەکەی چەند پێکهاتەیەکی تێدایەو پێشتریش کوردەکانی ئەو ناحیەیە، بەبەردەوامی لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە هەڕەشەیان لێدەکرا دوای گرتنی شاری موسڵ و چەند ناوچەیەکی تر لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام، هێزەکانی پێشمەرگە بەپریارێک رەوانەی ناوچە داپڕێنراوەکان کرا .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 247

**بەهۆی سەرپێچیکردن لەڕێنماییەکاندا، مانگی رابردوودا 84 شوێنکارو 4 بەنزینخانە لە گەرمیان سزادراون**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030418580182448

کاوەگەرمیانی، کەلار: بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان، حیکمەت ئەحمەد، ئەمڕۆ(دوو شەممە)بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند، "لەماوەی یەک مانگی رابردوودا لیژنەکانیان پشکنینیان بۆ زیاتر لە 650 شوێنکار کردووەو، 64 فرۆشگاشیان بەهۆی خۆراکی بەسەر چوو دەستگیرکردووەو هەریەکەیان بەپری 50 هەزار دینار غەرامەکردووەو 20 فرۆشگاش بەهۆی هەڵنەواسینی نرخەوە هەریەکەو بەپری 30 هەزار دینار غەرامەکراون.
ناوبراو وتی بانزینخانەی حکومیش هەڵە لەخوێندنەوەی ژمێرەرەکانیاندا هەبووە و بۆ ئەو مەبەستە نوسراو ئاراستەی قائیمقامیەتی کەلار و کفری کراوە.
ئاماژەی بەوەشکرد کە بەهۆی ئەوەی 3جار لەسەریەکە فراولەی خراپ بووی فرۆشتووە، یەکێک لە کەرتەکانی فرۆشتنی میوە لە عەلوەی کەلار دوای غەرامەکردنی بۆ دووجار، بەپریاری قایمقامی قەزای کەلار داخراوە بۆماوەی 10 رۆژ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-03-04

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 248

## بەهۆی قەیرانی داراییەوە 100 هەزار کەس لەکوردستان بێکار دەبێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042813193285174

لەگەڵ بەردەوامی قەیرانی دارایی لەهەرێمی کوردستان، ڕێژەی بێکاری زۆر زیادیکردوە، بەوتەی وەبەرهێنەران لەئێستادا ئە و ڕێژەیە گەیشتوەتە 100 هەزار کەس.
زریان محەمەد، ئاوێنەنیوز: وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران مەلا یاسین لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ ئاوێنەنیوز وتی "قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکانی گەیشتوەتە ئاستێکی بنبەست، ئێمە وەک کەرتی تایبەت زۆر بێ هیوابوین لەوەی کە بتوانین جارێکیتر گەشە و برە و بەپرۆژەکانمان بدەینەوە وەک جاران، بەڵام خواستمان ئەوەیە کە ڕێکخراوەکانی کەرتی تایبەت یەکبگرین و بەرنامەیەکی تایبەتمان هەبێت بۆ حکومەت تا لەوە زیاتر نەهێڵین ئەم قەیرانە بێتە ناو دەمارو شادەماری ژیانی هەمومانەوە."
وتیشی "لەئێستادا هەرێمی کوردستان هەشت ملیار دۆلار پاشەکشەی کردوە و 100 هەزار کەس لەکەرتی تایبەت بێکاربون و دو هەزار پرۆژەی بەڵێندەرایەتییش وەستاوە و بازاڕیش بەتەواوەتی شکستی خواردوە."
وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران ئاماژە بەوەشدەکات کە بەردەوام هەوڵدەدەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ نەهێشتنی ئە و قەیرانە و پتەوکردنی پەیوەندییە ئابورییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-04-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 249

## بەهۆی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە 50 ئۆتۆمۆبێل دەستی بەسەردا دەگیرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041314434674425

لەدوای دستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، ڕێژەی ئە و ئۆتۆمۆبێلانەی کە سەرپێچی ڕێنماییەکانی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی دەکەن ڕوولە زیاد بوونە و وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانیش ڕایدەگەیەنێت: دەستیان بەسەر زیاتر لە 50 ئۆتۆمۆبێل گرتووە کە سەرپێچییان لە بانگەشەی هەڵبژاردن کردووە.
بەهەمەن عەبدوڵڵا، وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی لە لێدوانێکی تایبەت بەخەندان رایگەیاند: فەرمانی دەستگیرکردن بۆ چەند ئۆتۆمۆبێل دەرچووە کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندان سەرپێچیان کردووە و لەکامێرای چاودێریان داوە.
وتیشی: " نزیکەی 200 پسوڵەی ئاگادارکردنەوە لەسنووری پارێزگای سلێمانی بۆ ئە و شۆفێرانە کراوە کە سەرپێچیان کردووە."

بەهەمەن عەبدوڵڵا ئەوەشی رخستەڕوو کە 50 ئۆتۆمۆبێل لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی هاتۆچۆی سلێمانی دەستیان بەسەرداگیراوە و بەپێی جۆری سەرپێچیەکەیان سزای یاسای دەدرێن.
13ڕۆژ بەسەر بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تێدەپەڕێت و لەچەند ڕۆژی ڕابردووشدا، بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ئاگاداری سەرجەم شۆفێرانی کردووە کە پابەندبن بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە، بەڵام ڕۆژبەڕۆژ سەرپێچی شۆفێران ڕوو لە زیادبوون دەکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 250
## بەهۆی بەکار هێنان و بازرگانی کردن بەماددەی هۆشبەرەوە 50 کەس دەستگیر کراون
http://www.kurdipedia.org/?q=2014031312152693052
خەندان- هێڤی خالید
بەڕێوبەری هۆبەی نەهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی رایدەگەیەنێت، نزیکەی 50تۆمەتبار لەمانگی یەکی ئەمساڵەوە بە هۆی بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەرەوە دەستگیر کراون.
عەمید جەلال ئەمین بەگ بەڕێوبەری هۆبەی نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی لە لێدوا نێکی تایبەت بەخەندان رایگەیاند: لەمانگی یەکی ئەمساڵەوە نزیکەی 50 تۆمەتبار کەتێوەگلاون لە بەکارهێنان و بازرگانی کردن بەماددەی هۆشبەرەوە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بە فەرمانی دادوەر دەستگیر کراون.
وتیشی:" ئە و کەسانەی کەبەتۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانی کردن بەماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون کورد و فارسن"
سەبارەت بە نزیک بوونەوەی جەژنی نەورۆز کە گەشتیارێکی زۆر لە خاڵەسنورییەکانەوە دێنە ناوشارەکانی کوردستان عەمید جەلال وتی: بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە کە خەڵکێکی زۆر لە خاڵە سنورییەکاندا دێنە ناوشارەکانی کوردستانەوە هەوڵەکانمان چڕتر دەکەینەوە و گەڕان و پیشکنینەکەنمان زیاتر دەبێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 251
## بەهۆی خواردنی شیرەوە 18 خوێندکار نەخۆش کەوتن
http://www.kurdipedia.org/?q=2015031015083669295

بەهۆی شیری بەسەرچووەوە لە خوێندنگایەکی خۆرهەڵاتی کوردستان 18 خوێندکار نەخۆش کەوتن و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.
بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی کوردپا، بەهۆی شیری بەسەرچووەوە، لە شاری کرماشانی خۆرهەڵاتی کوردستان، 18 خوێندکار نەخۆش کەوتوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.
ئە و خوێندکارانەی تووشی نەخۆشیەکە بوون لە قوتابخانەی "مطهری"ی شارۆچکەی (سەنقوروکولیالی) سەر بە پارێزگای کرماشان بوون، خوێندکارەکانیش توشی ئازاری دڵ و رشانەوە بوون.
بەڕێوەبەرایەتی پەروەدەی شارۆچکەکەش، ڕەتیکردووەتەوە خوێندکارانی خوێندنگاکە بەهۆی خواردنی شیرەوە نەخۆش کەوتبێتن و ڕایگەیاندووە " ئە و خوێندکارانە تووشی ئازاری دڵ بوون".
بەپێی زانیاریەکانی ئاژانسەکەش، پشکنین بۆ شیری خوێندنگاکە کراوە و 459 کارتون شیر لە خوێندنگاکەدا دەستی بەسەردا گیراوە.
پێشتریش حەوت خوێندکاری شارۆچکەی (سەنقوروکولیالی) سەر بە پارێزگای کرماشان بەهۆی خواردنی شیری خراپەوە نەخۆش کەتبوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی
شارەکان: کرماشان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 252

## بەهێزترین سوپاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012810034468184




بەگوێرەی ماڵپەڕی گلۆبەڵ فایەر پاوەر بەهێزترین سوپای وڵاتانی جیهانی ریزکردووە و لەوەشدا پشتی بەزیاتر لە 50 هۆکار بەستووە لەوانە بودجەی گشتی سوپا، ژمارەی سەربازی چالاک، پری ئە و چەک و تەقەمەنییەی لەبەر دەستی هەر سوپایەکدا هەیە.
نوێترین لیستی ئە و ماڵپەڕە بۆ نیسانی رابردوو واتە پێش ئەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، لەعیراق و سوریادا بڵاوبێتەوە، دەگەڕێتەوە .
لەلیستی بەهێزترین سوپاکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تورکیا پلەی یەکەمی گرتووە. ئەم سوپایە کلاوەی ئەتۆمی نییە، بەڵام خاوەنی 410 هەزار سەربازی چالاکە و 14 ژێردەریایی هەیە و بودجەکەی 18 ملیار و 185 ملیۆن دۆلارە .
بە پلەی دووەم ئیسرائیل دێت کە بودجەکەی 15 ملیار دۆلارە، 176 هەزار سەربازی ئەکتیڤی هەیە و 80 تا 200 کلاوەی ئەتۆمی هەیە و خاوەنی 3870دەبابەیە و هەروەک تورکیا 14 ژێر دەریایی هەیە. بودجەکەشی 15 ملیار دۆلارە.
بەپلەی سێیەم سوپای میسر دێت کە بودجەکەی چوار ملیار و 400 ملیۆن دۆلارە. خاوەنی 468 هەزار سەربازی چالاکە، بەڵام کلاوەی ئەتۆمی نییە.
ئێران پلەی چوارەمی لیستەکەی گرتووە کە خاوەنی 545 هەزار سەربازی ئەکتیڤە و بودجەکەی شەش ملیار و 300 ملیۆن دۆلارە.

سوپای عیراقیش پلەی دەیەم بەهێزترین سوپای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووە. خاوەنی 271 هەزار سەربازی چالاکە. بودجەکەی شەش ملیار و 55 ملیۆن دۆلارە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 28-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | IRئێران |
| وڵات: | IQئێراق |
| وڵات: | TRتورکیا |
| وڵات: | SYسووریا |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 253

## بەڕێژەیەکی بەرچاو توندوتیژی دژی ژنان زیادی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150827161506859l3

ڕۆژنیوز - بەرهەم لەتیف

بەراورد بە ساڵی ڕابردوو ئەمساڵ توندوتیژی دژی ژنان لە سنوری پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە سلێمانی ئەوەناشارێتەوە کە ڕەوشی ژنان لەچاو ساڵانی ڕابردوو زۆر خراپترە. ڕائید (هیوا کەریم جوامێر) وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە سلێمانی بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند:" بەراورد بە ساڵی ڕابردوو ئەمساڵ توندوتیژی دژی ئافرەتان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاندی کردووە، ژنان لە ڕەوشێکی زۆر خراپدا دەژین". ناوبراو ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بۆ ڕۆژنیوز ئاشکراکرد کە بەم شێوەیەیە: شەش مانگی یەکەمی 2015 بەراورد بە شەش مانگی یەکەمی 2014 ئەمساڵ خۆکوشتن 11 حاڵەت، شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار 3 حاڵەت. شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ کوشتن 6 حاڵەت شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار دوو حاڵەت. شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ خۆسوتاندن 15 حاڵەت شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار 10 حاڵەت. شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ سوتان 26 حاڵەت، شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار 22 حاڵەت. هەروەها دیاردەی خۆخنکاند بۆ شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ تۆمار نەکراوە، لەکاتێکدا شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار 2 حاڵەت تۆمار کرابوو. کۆی گشتیی توندوتیژی دژی ئافرەتان بۆ شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ 58 حاڵەت تۆمارکراوە، لەکاتێکدا شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار 39 حاڵەت تۆمارکراوە. ڕائید هیوا بۆ هۆکاری زۆربوونی توندووتیژییەکان دەڵێت:" دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێستای هەرێمی کوردستان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زۆربوونی توندوتیژییەکان دژی ئافرەتان، بەتایبەت قەیرانی ئابووری چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێو خێزانەکاندا دروستکردووە". رائید هیوا چەند خاڵێک بۆ کەمکردنەوەی هۆکارەکانی توندوتیژی دەخاتە ڕوو لەوانەش: 1- ڕاگرتنی ئەو زنجیرە دراما و پرۆگرامانەی کە ژنان دەخاتە بیری کۆتای هێنان بە ژیانی خۆی. 2- پێویستە بەرێوەبەرایەتییەکان و رێکخراوەکانی ژنان زیاتر هەوڵ بدەن و کاربکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان. 3- هەوڵبدرێت ژنان بکرێنە خاوەنی ئابووری سەربەخۆی خۆیان،بۆ ئەوەی ناچارنەبن هەموو جارێک داوای پارە لە هاوسەرکانیان بکەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 254

## بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، داهاتی غەرامەی سەرپێچی ئاوی مانگی رابردووی راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120111552587530

خەندان هەستیار
تیمەکانی بەشی زیادەڕەوی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، لەمانگی 11ی ئەمساڵدا، بەهۆی بەفیرۆدانی ئاوی خواردنەوەو شکاوی لە بۆری ماڵەکانیاندا، هەزار و 380 شوێنیان سزاداوە، کۆی پارەی غەرامەکەش 11 ملیۆن و 770 هەزار دینار بووە.
ئامانج جەلال، بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئاوی سلێمانی بە (خەندان) ی راگەیاند: لە ماوەی مانگی رابردوودا (1-11 تا 30-11-2013)، تیمەکانی بەشی زیادەڕەوی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، هەزار و 380 ماڵ و شوێن و دوکانیان سزاداوەو غەرامەیان بۆ کردون، بەهۆی ئەوەی کە ئاوی خواردنەوەیان بە فیرۆ داوە.
وتیشی: "307 هاوبەشی ئاو، بەشێوەیەکی کاتی ئاوی ماڵەکانیان پراوە، بەهۆی نەبوونی تەوافەو شکاوی لە بۆری ماڵەکانیان و دووبارە بە فیرۆدانەوەی ئاوی خواردنەوەوە."
روونیکردەوە: کۆی داهاتی غەرامەی سەرپێچی ئاو 11 ملیۆن و 770 هەزار دیناربووە.
داواشی لە هاوڵاتیان کرد، پابەندبن بە رێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانییەوە و ئاوی خواردنەوە بەفیرۆ نەدەن، بەهۆی ئەوەی بە رێگایەکی ئاسان ناگاتە دەستیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 255

## بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری مین ئامارێکی نوێ ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070520473289687

خەندان راماڵ قەسرەیی
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری مین، لە ماوەی شەش مانگی رابردودا لە سنووری پارێزگای هەولێر شەش رووداوی مین و تەقەمەنی روویانداوە و بە و هۆیەوە چەند هاووڵاتییەک گیانیان لەدەستداوە و بریندارو کەمئەندام بوون، هەر لە و ماوەیەشدا زیاتر لە 6 هەزار مین و تەقەمەنیی نەتەقاوە لە ناوبراون.
زێبار خالید بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری مین-ی هەولێر بە (خەندان)ی راگەیاند: لە مانگی کانوونی دووەم تا مانگی حوزەیران، حەوت رووداوی مین و تەقەمەنی لەسنووری پارێزگای هەولێر رویان داوەوە بە و هۆیەشەوە دوو کەس گیانیان لەدەستداوە کە یەکێکیان ئافرەت بووە و پێنجی تریش بریندار بوون و قاچیان پەڕیوە، وتیشی: بەبەراورد بە شەش مانگی ساڵی رابردوو روداوەکانی مین و تەقەمەنی بەرێژەیەکی بەرچاو کەمی کردوە .
زێبار خالید وتیشی: تەوای رووداوەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لەسنووری قەزاکانی چۆمان و سۆران و رواندز و مێرگەسور تۆمارکراون، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە رووبەرێکی بەرفراوان لە

سنووری ئەو چوار قەزایە بە تایبەت لە هەردوو قەزای سۆران و چۆمان، بە مین چێنراون، هۆکارەکەشی ئەو پاشماوە سەربازیانەیە کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی رژێمی بەعسی لە ناوچوو .
بەرپرسی بەشی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری مینی هەولێر هۆکاری رووداوەکانی گەراندەوە بۆ ناشارەزایی هەندێک لە و هاوڵاتیانەی بەمەبەستی جیاجیا روو لە و ناوچانە دەکەن، کە مین و تەقەمەنیان تێدایە، بەشێکی تریشیان پەیوەندیی بە پابەندنەبوونی هەندێک لە هاوڵاتیانەوە هەیە بە پەیام و رێنماییەکانی هۆشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی مین و تەقەمەنی و نزیک کەوتنەوەیان لە ناوچە مینرێژەکان.
سەبارەت بەکار و چالاکیەکانیشیان زێبار خالید وتی: لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا لە سنووری پارێزگای هەولێر، لە لایەن بەشی چالاکییەکانی هەڵگرتنەوەی مین لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مینی هەولێر، زیاتر لە شەش هەزار و 400 مین و تەقەمەنیی نەتەقاوەی جۆراو جۆر لە ناوبراون و هەشت کێڵگەش لە سنوری قەزاکانی سۆران و چۆمان و مێرگەسۆر و شەقلاوە لە مین و پاشماوەی سەربازیی پاککراوەتەوە کە تێکرایی رووبەرەکانیان دەگاتە 441 هەزار و 936م مەتر چوارگۆشە.
وتیشی: هەر لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا لە لایەن تیمی لە ناوبردنی تەقەمەنیە نەتەقاوەکان-ی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی مینی هەولێر، رووبەری زیاتر لە 106 هەزار و 450مەتر چوارگۆشە بە چاو پشکێنراوە و هەروەها زیاتر لە 213 هەزار مەتر چوارگۆشەی دیکە بە شێوەیەکی هەمیشەیی نیشانەکراوە.
بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری مین-ی هەولێر باسی لەوەشکرد کە خولی راهێنان لە بوارەکانی مین لابرنی بنچینەیی و دڵنیایی جۆری و هۆشیارکردنەوە و یاریدەدەری پزیشکی و روپێوی ئەنجامدراوە .
بە پێی دواین رووپێوی کە ئەنجامدراوە، لە سنوری پارێزگای هەولێر 412، ناوچەی مینرێژکراو هەیە کە تێکرای رووبەرەکانیان دەگاتە (333) کیلۆمەتر چوارگۆشە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 05-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 256

## بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ئاماری شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2015 دەخاتە روو

http://www.kurdipedia.org/?q=20150725163955124915



بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی ئاماری شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ و رۆژانی جەژنی رەمەزانی راگەیاند، کە بەشێوەیەی خوارەوەیە.
ئامارەکان دەرخستەی راستی و ژمارەی نەخۆش و رووداوەکانن، لە دونیادا ئامار گرنکترین خاڵە بۆ کارکردن و پێشکەوتن و هەڵسەنگاندنی کارو خزمەتکردن.
بە پێی ئاماری ساڵی رابروو و ئەمساڵ ئاماری نەخۆش کەمی کردوە، ئەمەش هیواو هەنگاوێکە کە بە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی رۆشنبیری تەندروستی لە ناو کۆمەڵگادا روویداوە.
ئاماری نەخۆش لە شەش مانگی رابردوو لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی خێرای سلێمانی لە (1-1-2015 تا 30-6-2015) بریتین:
سەردانی نەخۆش (163391)، نەخۆشی داغڵ نەبوو واتە تەنها چارەسەری بۆ کراوە و رۆشتوەتەوە(145936)، نەخۆشی داغڵ بوو واتە فایلی بۆ کراوە و لە نەخۆشخانە ماوەتەوە(17455).

جۆری ڕووداوەکان لە شەش مانگدا:
برینداری ڕووداوی هاتۆچۆ(1334)، برینداری شەرو پێکدادان و چەقۆ(948)، برینداری کەوتنە خوارەوە(1002)، برینداری فیشەک و تەقەمەنی(310)، برینداری ڕووداوی جیاجیا(3302.(
گیان لەدەستدا لە شەش مانگدا:
گیان لەدەستدا (56) گیان لەدەستدان هەبوە ئەوانیش :
بە فیشەک (7) کەس، ڕووداوی هاتوچۆ(39) کەس، کەوتنە خوارەوە (4) کەس، شەرە چەقۆ(1) کەس، روخانی سەقف(1)، خۆخنکاندن(2) کەس، کارەباڵێدان(1) کەس، مارپێوەدان(1) کەس.
ئاماری ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزانی ساڵی (2014 )
سەردانی نەخۆش (3848)، نەخۆشی داغڵ نەبوو واتە تەنها چارەسەریان بۆ کراوە و ڕۆشتونەتەوە(3425)، نەخۆشی داغڵ بوو واتە فایلیان بۆ کراوە و لە نەخۆشخانەماونەتەوە(423.(
جۆری ڕووداوەکان لە ڕۆژانی جەژندا:
برینداری ڕووداوی هاتوچۆ(37) کەس، برینداری شەروپێکدادان و چەقۆ(28) کەس، برینداری کەوتنە خوارەوە(26) کەس، برینداری فیشەک و تەقەمەنی(6) کەس، برینداری ڕووداوی جیاجیا(125) کەس
گیان لەدەستدا لە ڕۆژانی جەژندا:
گیان لەدەستدان (4) گیان لەدەستدان هەبوە، ئەوانیش:
بە فیشەک (1)کەس، ڕووداوی هاتوچۆ(2)کەس، کەوتنە خوارەوە(1)کەس.
ئاماری ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزانی ساڵی (2015(
سەردانی نەخۆش(3715)، نەخۆشی داغڵ نەبوو واتە تەنها چارەسەریان بۆ کراوە و ڕۆشتونەتەوە(3334)، نەخۆشی داغڵ بوو، واتە فایلیان بۆ کراوە و لە نەخۆشخانە ماونەتەوە(381.(
جۆری ڕووداوەکان لە ڕۆژانی جەژندا :
برینداری ڕووداوی هاتوچۆ(40) کەس، برینداری شەرو پێکدادان و چەقۆ(27) کەس، برینداری کەوتنە خوارەوە(19) کەس، برینداری فیشەک و تەقەمەنی (2) کەس، برینداری ڕووداوی جیاجیا(58) کەس .
گیان لەدەستدان لە ڕۆژانی جەژندا(2) گیان لەدەستدان هەبوە، ئەوانیش: بە فیشەک(1) کەس، ڕووداوی هاتوچۆ (1) کەس.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🖉تەندروستی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 257

**بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتن: لە شەش مانگدا 2743 کەسمان بە تۆمەتی جیاجیا دەستگیر کردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131220164742871148

ڕووبەرنێت - ئومێد پشدەری / بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر ڕایگەیاند، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا 2743 کەسیان بە تۆمەتی جیاجیا لە هەولێر و دەوروبەری قۆڵبەست کردووە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر ڕائید سەران لەتیف نەجم، ئاشکرای کرد کە لە شەش مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر توانیویانە 2743 کەس بە تۆمەتی جیاجیا دەستگیر بکەن و ڕادەستی شوێنی پەیوەندیداریان بکەن.
ڕائید سەران هەروەها ڕوونیشی کردەوە کە هێزەکانیان لە ماوەی ڕابردوودا چەندین کێشەیان کۆنترۆڵ کردووە کە لە لایەن هاووڵاتیانەوە ڕوویان داوە وەک کۆنترۆڵکردنی کێشەی خێزانی و دەستبەسەرداگرتنی چەندین چەک کە لە کێشەکاندا بەکار هێنراون.
بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر، هەروەها ئەوەشی خستە ڕوو کە پۆلیسی فریاکەوتن لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا وێڕای ئەوەی چەندین کەسیان دەستگیر کردووە کە لە لایەن دادگاکانەوە داوا کراون، هاوکات دەستیان بەسەر چەند ئۆتۆمبێلێکیشدا گرتووە کە سەرپێچیی یاساییان ئەنجام داوە و لە لایەن فەرمانگەکانی میرییەوە داوا کراون.
سەران لەتیف هەروەها ئاماژەی دا کە هێزەکانیان جگە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەرشانیان، بەشداری لە هەڵمەتی خوێنبەخشیندا دەکەن و کۆمەکی ئەو هاووڵاتیانەش دەکەن کە نەخۆشن و بۆ نەخۆشخانەکان دەیانگوازنەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لەو شەش مانگەدا چەندین منداڵیان دۆزیوەتەوە و ڕادەستی خاوەنەکانیان کردوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووبەرنێت - 2013-11-14

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 258

## بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند کە ڕێژەی چارەسەرکردن بۆ نەخۆشی سیل لە شارەکە گەیشتۆتە (97%)

http://www.kurdipedia.org/?q=20150817203630858 74

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند کە ڕێژەی چارەسەرکردن بۆ نەخۆشی سیل لە شارەکە گەیشتۆتە (97%) و سەرەڕای ئەوەش یەکێکە لەشارە پێشەنگەکان لەڕووی ڕێژەی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەوە.
ئەمڕۆ دوو شەممە 2015/08/17 بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی و سەنتەری ڕاوێژکاری نەخۆشییەکانی سینگ و هەناسە لە هۆتێل (های کریست) بەهاوکاری لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی جیهانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان (UNDP) و (WHO) کۆنفرانسێکی زانستی تایبەت بۆ ئە و مەبەستە ڕێکخست و تێیدا سەرجەم بەڕێوەبەرە گشتییەکانی تەندروستی پارێزگاکانی عێراق و پسپۆرانی بوارەکە بەشداربوون و بڕیاریشە چەند ڕۆژێک بخایەنێت.
کۆنفرانسی زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی نەخۆشی (سیل) و چارەسەرییەکانی لە سەر ئاستی عێراق لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو و ئاماژە بەوەدرا کە پارێزگای سلێمانی پێشەنگی هەموو پارێزگاکانی تری (عێراق)ە لەڕووی زوو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی (سیل)ەوە.
لەوبارەوە د.میران محەمەد بەڕێوبەری گشتی تەندروستی سلێمانی تایبەت بۆ خەندان وتی: "لەڕووی زوو دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی (سیل)ەوە پارێزگای سلێمانی ئاستێکی باشی بڕیوە، ئێستا لەڕێی شەش کەرتی تایبەتەوە بۆ ئە و مەبەستە چاودێری و چارەسەری نەخۆشییەکە دەکرێت."
وتیشی: "ڕێژەی چارەسەرکردن بۆ نەخۆشییەکە لەشاری سلێمانیدا گەیشتۆتە (97%) و سەرەڕای ئەوەش یەکێکە لەشارە پێشەنگەکان لەڕووی ڕێژەی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەوە، هەموو ئەمانە وایانکرد لە کۆنفرانسەکەشدا ئاماژەی پێبدرێت و دەستخۆشی لە هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بکرێت و داواکرا هەموو پارێزگاکانی تر چاو لە سلێمانی بکەن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ✐تەندروستی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 259
## بەڕێوەبەری کارەبای سلێمانی: یەک محاویلەشمان نیە بۆ گەڕەکانی دابنێین
http://www.kurdipedia.org/?q=2015011213330384594
هێڤی خالید
بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی رایدەگەیەنێت، لەگەڵ هاتنی وەرزی زستاندا ئە و بەرنامەیەی کە دایان نابوو بۆ پێدانی کارەبا بە هاوڵاتیان نەیانتوانی بەرنامەکە جێبەجێ بکەن، دەشڵێت: "لەئێستادا لەناو کۆگاکانماندا یەک محاویلەمان نیە ئەگەر لە گەڕەکێکدا بسوتێت و بۆی دابنێینەوە."
ئەندازیار ئەبوبەکر ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: لەگەڵ هاتنی وەرزی زستاندا ئە و بەرنامەیەی کە دایان نابو بۆ کارەبا بەپێی کاتژمێر بە هاوڵاتیان، بەداخەوە نەیان توانی بەرنامەکە جێبەجێ بکەن.
وتیشی: "لە ساڵی 2011دا ئە و پرۆژانەی دەستیانکردبوو بە جێبەجێ کردن بڕیار وابوو لە کۆتایی ساڵی 2014دا نزیکەی 14وێستگەی 132 لەگەڵ چوار وێتسگەی 33 و سێ وێستگەی مۆبایل تەواو ببونایە، ئە و کێشە و گرفتانەی هەمانە چارەسەرمان بکردایە، جگە لە و پرۆژانە هیچ پرۆژەیەکی دیکەمان نیە کە بتوانین چارەسەری بکەین."
ئەوەشی خستەڕوو: "بە نووسراوێکی رەسمی کە ئاراستەی پارێزگاری سلێمانیمانکردووە و وێنەیەکیمان ناردووە بۆ وەزارەتی کارەبا لە مانگی پێنجی 2014دا، داوامانکردووە بۆ چاککردن و نەهێشتنی باجی زۆری فیدەرەکان و محاویلەکان، پێویستە کاری بۆبکرێت بۆ ئەوەی لە زستانی داهاتوو کێشەمان کەمتربێتەوە، بەڵام لەبەرنەبوونی بودجە کە پێویستە بۆ کڕینی کەرەستە و جێبەجێکردنی پرۆژەکانمان داواکارییەکەمان جێبەجێ نەکراوە."
بەکر ئەحمەد وتیشی: "لەساڵی 2014 ئە و بەشداربوانەی زیادی کردووە لە سنووری پارێزگای سلێمانی 32 هەزار بووە، ساڵی پار لەم کاتەدا 900 میگاواتمان بو دەهات، بەڵام ئەمساڵ بە و رێژەیەش کەزیادی کردووە 904 میگاوات وەردەگرین، هیچ زیادی نەکردوە لەکاتێکدا پار20 کاتژمێر کارەبا دراوە بە هاوڵاتیان، بەڵام ئەمساڵ نزیکەی 14 کاتژمێردەدەین."
بەڕێوەبەری کارەبای سلێمانی ئاشکراشیکرد: "لەناو کۆگاکانماندا یەک محاویلەمان نیە ئەگەر لە گەڕەکێکدا بسوتێت و بۆی دابنێینەوە."
تەئکیدی کردەوە، لە ئێستادا پارێزگاری سلێمانی بڕیاریداوە بڕی 272 ملیار دینار خەرجبکرێت بۆ کڕینی پێداویستییەکان و کڕینی 50 محاویلە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانیان، لە ئێستاشدا لەشاری سلێمانی 400 هەزار هاوبەشی کارەبا هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 260

**بەکارهێنانی چەکی کیمیایی (ژمارەی کوژراوان بەخەمڵێنراوی(**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140329111193066838



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 261

**بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان روو لە زیاد بوونە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130630205333389723

بەپێی راگەیەندراوێکی ئاسایش، بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە ناوچەی شارەزور لە هەڵکشاندایە.

میهرەبان سەلام، هەڵەبجە: بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور، لە راگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی دەست ئاوێنەنیوز کەوتووە، ئاشکرایکردوە، لەماوەی 6 مانگی رابردوودا لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی شارەزوورەوە سیانزە تۆمەتبار بە تۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی شارەزوور و بە پێی مادەی (41)مخدرات دەسگیر کراون.

هەر لە راگەیەنراوەکەدا هاتووە، ئەو تاوانبارانە پێنج کەسیان بە رەگەز ئێرانین و هەشت کەسی تریشیان عێراقین دۆسیەیان بۆ کراوەتەوە و سەرجەمیان رەوانەی دادگای تاوانەکانی سلێمانی 2 کراون.

ئەوەشی رونکردۆتەوە کە ماوەی سزا کانیان لە نێوان چوا مانگ بۆ سێ ساڵدایە، پری ئەو مادەیەش دەستی بەسەردا گیراوە (12گم و 61 سەنت بوە) وە.

هاوکات ئاماژە بەوەشدراوە کە ئاستی رێژەی بەکارهێنان و ئالوودەبوون لە چاو ساڵانی پێشوو لە بەرزبوونەوە دایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-06-30

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 262

**بەڵێندەران ناتوانن دەست بە پرۆژەکانیان بکەنەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112133105845593
پەیوەند جەلال
بەڵێندەرانی کوردستان لە 15% ی بودجەکانی (وەبەرهێنان و پەرەپێدان)یان وەرگرتووە، بەڵام جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئە و پرە پارەیە کەمە و ناتوانرێت دەست بەپڕۆژەکان بکرێتەوە.
میران کامیل، وتەبێژی لقی سلێمانی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان بەخەندانی ڕاگەیاند: لەڕۆژی 30-12-2014ەوە بەڵێندەران دەستیان کردووە بەوەرگرتنی ئە و پرە پارەیەی لەلایەن حکومەتەوە بۆیان تەرخانکراوە، کەلە 15% ی بودجەکانی (وەبەرهێنان و پەرەپێدان)ە.
ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا: ئە و پرە پارەیە زۆر کەمە و ناتوانرێت دەست بکرێتەوە بەجێبەجێکردنەوەی پڕۆژەکان، بۆیە داوایان لەحکومەت کردوەتەوە کە میکانیزمێکی دیکە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی مانگانە پارە بداتەوە بەڵێندەران.
لەکۆتایی مانگی ڕابردوودا وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، پری 200 ملیار دەدەنە بەڵێندەران بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیان کە بەهۆی قەیرانی داراییەوە، ماوەی نزیکەی ساڵێکە وەستاون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 12-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 263

## پاراستن و زانیاری: 160 گەنج لە هەرێمەوە بۆ جیهاد چوونەتە سوریا

http://www.kurdipedia.org/?q=20131208214031873 60
لێپرسراوی ئاژانسی پاراستن و زانیاری هەرێمی کوردستان سەبارەت بەچونی گەنجانی هەرێم بۆ سوریا ڕایگەیاند: لە ناوچەی سلێمانی و هەڵەبجە زیاتر لە 100 گەنج و لە هەولێرو بادینان زیاتر لە 60 کەسێک و لە کەرکوک و خورماتوو نزیکەی 60 بۆ 70 کەس ڕوویان لە سوریا کردووە.
لاهور شێخ جەنگی لێپرسراوی ئاژانسی پاراستن و زانیاری هەرێمی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکی کوردستانی نوێدا کەسبەینێ دەقەکەی بڵاودەبێتەوە دەڵێت: زانیاریمان هەیە کە هەموو ئەو کەسانەی بەناوی جیهادەوە چوونەتە سوریا هەموویان سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنانن و گروپێکی تایبەتیش کە سەر بەکوردەکانی عیراقە پێکهێنراوەو لە هەموو بوارەکاندا مەشقیان پێدەکرێت.
ڕاشیگەیند: زیاتر لە 25 کەس لەو کەسانی مەشقیان پێدەکرێت ئامادەیی خۆیان بۆ کاری خۆکوژی نیشانداوە.
لاهور شێخ جەنگی لێپرسراوی ئاژانسی پاراستن و زانیاری هەرێمی کوردستان، ڕایدەگەیەنێت: ئەو هەڵمەتە نارەوایەی کەلە دژی دەزگا ئەمنیەکانی سلێمانی دەکرێت، هەندێکجار تەرکیزەمان لادەبات لەسەر ئەو هەڕەشە گەورەیەیی تیرۆر.
ڕوونیشیکردەوە: ئەو هەڵمەتە نارەوایەی کەلە دژی دامودەزگا ئەمنیەکانی سلێمانی دەستیپێکراوە، هەندێکجار تەرکیزەمان لادەبات لەسەر ئەو هەڕەشە گەورەیەیی تیرۆر کە لەسەر ناوچەکە هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 08-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 264

## پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەباشوری کوردستاندا زیاتر لە 730 شەهیدی هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141126124807780 64

عەلی حەمە ساڵح نوێنەری بنەماڵەی شەهیدانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە گەرمیان رایگەیاندبوو: پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەباشوری کوردستاندا زیاتر لە 730 شەهیدی هەیە، بەڵام تائێستا لەلایەن وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشەهید ئەژمار نەکراون."

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 265

## پارتی: دەنگەکانمان 12% زیادیکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140520151039763 83

دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند، کە بەراورد بە هەڵبژاردنی رابردوو 12% دەنگی ئەو حیزبە زیادیکردووە، سەرەڕای ئەوەش تێبینییان لەسەر کۆمیسیۆن هەیە. خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە هەولێر، کە سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بۆی سازکرابوو، گوتی "پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگەکانی بەڕێژەی 12% زیادیکردووە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو". ئەو بەرپرسەی پارتی نەیشاردەوە، کە حیزبەکەی نیگەرانە لە ئەنجامی بەدەستهێنانی کورسییەکان و ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەوان لە پارێزگای نەینەوا چاوەڕوانی 7 کورسییان کردووە، لەکاتێکدا 6 کورسییان بۆ هاتووەتەوە و گوتی "گلەیی ئێمە لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانە و دەبێت روونکردنەوەمان پێبدەن لەسەر شێوازی دابەشکردنی کورسییەکان". بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی هۆکاری داواکاری روونکردنەوەی لە کۆمیسیۆن بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە بە گوتەی خۆی لە دیالە کورسی دراوە بە کۆتای ئافرەت، بەڵام لە موسڵ کۆتای ژنان لەبەرچاو نەگیراوە و گوتی "ئەوەمان پێ سەیرە". رۆژی دووشەممە 19ی ئایاری 2014 لە شاری بەغدا کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 30ی نیسانی راگەیاندو بەپێی ئەو ئەنجامە، پارتی دیموکراتی کوردستان 25 کورسی پەرلەمانی عێراقی بەدەستهێناوە بەبێ لە کۆتا هاوپەیمانەکانی، کە ئەوانیش 4 کورسین، وەک خەسرۆ گۆران گوتی "ئەوانیش هەر لەسەر پارتی حیسابن."

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 20-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 266

**پارێزگاری دهۆک: کارەساتێکی گەورە بەسەر ئاوارەکاندا هاتووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031211175766428

هۆگر کەمال

لەمیانی بەشداریکردنی لە دووەم پانێڵی ئەمڕۆی دیداری سلێمانی، پارێزگاری دهۆک رایگەیاند، کە هەشت هەزار و 200 ئاوارە لە سنوورەکانی دهۆک دەژین، کە کارەساتێکی گەورەیان بەسەر هاتووە، ئاماژە بەوەش دەکات کە بەهۆی نەبوونی داهاتی تەواوەوە گرفتیان بۆ دروست بووە.

لە پانێلەکەدا فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک وتی: "ئە و ئاوارانەی کە هاتونەتە ناوچەکانی سنوورەکەمان، بەهۆی قەیرانەکانی شەنگال و موسڵ لە عەرەب و ئێزدیی مەسیحی پێکهاتوون."

وتیشی: "بەشێوەیەکی سەرەکی ئە و ئاوارانە بەسەر دوو بەشدا دابەش بوون، هەندێکیان لەناو بینا تەواو نەبوەکاندا دەژین و هەندێکیان لەلای خزم و کەسوکارەکانیان دەژین."

ئەتروشی ئاشکراشیکرد: "بەتێکڕا هەشت هەزار و 200 ئاوارە لە سنوورەکانی دهۆک دەژین، 22 کامپی تایبەتی بۆ ئە و ئاوارانە لە دهۆک هەن، هەموو پێداویستییەکانمان بۆ دابین کردوون وەک کارەبای 24 سەعاتی."

پارێزگاری دهۆک نەشیشاردەوە، کە بەهۆی نەبوونی داهاتی تەواوەوە کێشەیان بۆ دروست بووە. دەشڵێت: "بەشێوەی پێویست باس لە پێداویستییەکانی ئاوارەکان ناکرێت. کارەساتێکی گەورە بەسەر ئاوارەکاندا هاتووە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە

شارەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 267

**پارێزگاری سلێمانی: کێشەی سەرەکی ئێمە بۆ ئاوارەکان خوێندنە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031213043066477

پارێزگاری سلێمانی رایدەگەینێت، کێشەی سەرەکی ئەوان بۆ ئاوارەکان خوێندن و تەندروستییە، ئاماژە بەوەش دەکات کە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە لە سنووری سلێمانی بەهۆی قەیرانی داراییەوە سەختە بۆ ئەوان.

لەمیانی بەشداریکردنی لە دووەم پانێڵی ئەمڕۆی دیداری سلێمانیدا، د. ئاسۆ فەرەیدون پارێزگاری سلێمانی، وتی: "لە ئێستادا بوونی ژمارەیەکی زۆر لە و ئاوارانە لە سنوورەکانی سلێمانی سەختە بۆ ئێمە، بەتایبەت کە رووبەڕووی کێشەی دارایی بوینەتەوە."

وتیشی: "ئێمە کەمپی تایبەتیمان لەسنووری عەربەت بۆ دابین کردوون، بەردەوامین لە دروست کردنی کامپی تایبەتی بۆیان لەسنورەکانی سلێمانی، ئە و ئاوارانەی لە سوریاوە هاتوون 34 هەزار و 48 خێزانن، کە پێکهاتوون لە 290 هەزار و 331 کەسی ئاوارە لەسنووری سلێمانی هەن."

پارێزگاری سلێمانی ئاماژەی بەوەشدا: "بەشێکی زۆری ئە و ئاورانە عەرەبی سوننی و شەبەکن،

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئێمە بەشی تەندروستیی و خوێندنە، خوێندنگەی عەرەبییمان نیە بۆیان ئەوانە کێشەی سەرەکی ئێمەن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 268
## پارێزگای ورمێ لە بەرهەمهێنانی زێڕ یەکەمە
http://www.kurdipedia.org/?q=20140515090243763180
پارێزگای ورمێ لەنێو پارێزگاکانی ئێراندا پلەی یەکەمی بۆ بەرهەمی زێڕ هەیە. پاشکەوتی زێڕی ئەو پارێزگایە بە سەد تۆن زێڕی بەرهەمهێنراو دەخەملێندرێ. کانگا زێڕەکانی پارێزگای ورمێ لە بەشێک لە شارەکانی ئەو پارێزگایەدا هەڵکەوتوون، بەڵام زۆربەیان لە شاری تیکاون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-05-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: ورمێ
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 269
## پارێزگای هەڵەبجە.. هاتنی گەشتیار سەدا 80 کەمی کردوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20141008122732777160
جەمال سەرگەتی
بەهۆی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها خراپی باری ئەمنی پارێزگاکانی عیراق، هاتنی گەشتیاران بۆ پارێزگای هەڵەبجە بە رێژەی لە 80% کەمی کردوو، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجەش رایدەگەیەنێت، ئامادەکاری تەواویان کردبوو بۆ هاتنی گەشتیاران.
سامان کەریم، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجە بە خەندانی راگەیاند: لە هەموو بۆنەکاندان و جەژنەکاندا ئامادەکاری تەواویان کردووە بۆ پێشوازی کردن لە گەشتیاران و سەرجەم پێداویستیەکانیان بۆ دابین کردوون.
راشیگەیاند: بەڵام ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان و نەبوونی بودجە، کەمێک ئامادەکارییەکانیان لاواز بوون و نەیان توانی وەک پێویست ئە و ئامادەکاریانە ئەنجام بدەن.
وتیشی: "هەر بەهۆی بوونی قەیرانی دارایی و کەمی بودجە و هەروەها خراپی باری ئەمنی پارێزگاکانی عیراق بوونی ئە و گرژی و ئاڵۆزیانە هاتنی گەشتیاران بۆ پارێزگای هەڵەبجە بە رێژەی لە 80% کەمی کردوە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 270

**پارەی چەکی گەنمی جوتیارانی سنووری پارێزگای سلێمانی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140724112341 77115

وەزارەتی بازرگانی عیراق رەزامەندی لەسەر پێدانی پارەی چەکی گەنمی جوتیارانی سنووری پارێزگای سلێمانی کە برەکەی 12 ملیار و 200 ملیۆن دینارە و دوای جەژن هەموو جوتیاران پارەکە وەردەگرن.
بەپێی هەواڵێکی سایتی پارێزگای سلێمانی، هاتووە، لە لایەن وەزارەتی بازرگانی عیراقەوە، چەکی 12 ملیارد و 200 ملیون دیناری پارەی کرینی گەنمی جوتیارانی سنووری پارێزگای سلێمانی رەزامەندی لەسەر دراوەو چەکەکە لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندیدارەوە وەرگیراوە.
ئەو چەکە پارەی کرینی گەنمی ئەو جوتیارانە دەگرێتەوە کە تا 5ی 7ی 2014 لە سایلۆی سلێمانی و بنکەکانی تر گەنمیان لێ وەرگیراوە، بڕیاریشە دوای تەواو بوونی پشووەکانی جەژنی رەمەزان، ئەو پارەیە بەسەر جوتیاراندا دابەش بکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 271

**پرۆژەکانی گەشەپێدانی ساڵی 2012**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150115133043 84620

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰 ئابووری
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 272

**پرۆژەکانی گەشەپێدانی ساڵی 2013**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150115133259118835

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰 ئابووری

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 273

**پشدەر.. 375 حاڵەتی سوتان تۆمارکراوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140121102237865 69

خەندان کامەران عەبدە ساڵح

بەپێی ئاماری رووداوەکانی ساڵی 2013 ی سنوری ئیدارەی راپەڕین، کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی راپەڕینەوە ئامادەکراوە، لەساڵی رابردوودا 375 حاڵەتی سوتان لە و سنورە تۆمارکراوە.
لە ئامارەکەدا، کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، ئاماژە بەوەدراوە، زۆربەی ئە و کەسانەی لە 2013دا بەمەبەستی چارەسەرکردنی سوتانی جەستەیان گەیەنراونەتە نەخۆشخانەکانی رانیە و قەڵادزێ، لە رەگەزی مێ بوون، کە چوار کەسیان بەهۆی کاریگەریی برینەکانییان و زۆریی رێژەی سوتاوییانەوە گیانیان لەدەستداوە.
بەپێی بەدواداچوونێکی خەندان، هەر حاڵەتێکی سوتاوی کە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەکانی سنوری راپەڕین، فریاکەوتنی سەرەتایی بۆ دەکرێت و دواتر بەئەمبوڵانس رەوانەی سەنتەرێکی پێشکەوتوو لە پارێزگاکانی هەرێم دەکرێت.
مریەم محەمەد، چالاکەوانی بواری مافەکانی ژنان، بۆ خەندان وتی: "زۆرجار ئە و ژنانەی پەنا بۆ خۆسوتاندن دەبەن، بۆ ئەوەی کێشە و ناکۆکی لەنێوان بنەماڵەکاندا دروست نەبێت، لەکاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا نکوڵی لەوە دەکەن کە خۆیان بە و کارە هەڵسابن، هاوکات بوونی ئە و دەنگۆ هەڵەیەی کە گوایا ئەوانەی خۆیان دەسوتێنن، لە نەخۆشخانە لە لایەن دکتۆرەکانەوە بە دەرزی لەناودەبرێن، یەکێکی تر لە و هۆکارانەیە کە قوربانییەکان هاندەدات لای پۆلیس بیانووی جۆراو جۆر بدۆزنەوە بۆ سوتانەکەیان."
ئە و چالاکەوانە روونیشیکردەوە، لەکاتێکدا هەریەک لە قەزاکانی رانیە و پشدەر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا زۆرترین رێژەی خۆسوتاندنی ژنانی تیادا تۆماردەکرێت، بەڵام تائێستا قاوشی تایبەت بە سوتاوی لە نەخۆشخانەکانی ئە و دوو قەزایەدا بوونی نیە، وەزارەتی تەندروستیش بەهۆی بوونی سەنتەری پێشکەوتووی تایبەت بەنەخۆشییەکانی سووتاوی لەپارێزگاکاندا، لە بەرنامەیدا نیە ئە و بەشەیان تێدا بکاتەوە.
لە لایەکی دیکەوە، بەپێی ئامارێکی سەنتەری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوان – ئۆفیسی رانیە، لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە، 16%ی رێژەی ئە و ژنانەی ساڵانە بەهۆی سوتانی جەستەیانەوە لە نەخۆشخانەی ئێمێرجنسیی سلێمانی دەخرێنە ژێر چاودێری پزیشکییەوە،

دانیشتووی سنووری رانیە و قەڵادزێن، بەهۆی بەرزی ڕێژەی سوتاوییەکەیان و، نەبوونی نەخۆشخانەی تایبەت بە سوتان لە ناوچەکانی خۆیان، ڕەوانەی ئە و نەخۆشخانەیە دەکرێن، هەندێکیان دوای چەند ڕۆژێک مانەوەیان لە نەخۆشخانە، بەهۆی وەستانی گورچیلەوە گیان لەدەستدەدەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 21-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 274

## پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2015ـی عێراق

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120614390978144

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی 2015ی عێراق، ڕایگەیاند، کە پشکی کورد زیاترە لە 20 تریلیۆن دینار.
دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، بەپێی پرۆژە بودجەی ساڵی 2015ی عێراق، پشکی هەرێمی کوردستان 18 تریلیۆن و 179 ملیار و 565 ملیۆن دینارە، ئەمەش ڕێژەی سەدا 17ی پشکی هەرێمی کوردستانە بە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا و هەرێمەکانیشەوە.
دڵشاد شەعبان ئاماژەی بەوەشکرد، کە لە بودجەی خەرجی سیادیی هەرێمی کوردستان پشکی سەدا 17ی هەیە، ئەو بودجەیەی، کە بۆ خەرجی سیادیی تەرخانکراوە، 11 تریلیۆن و 794 ملیار دینارە و پشکی کورد لەو ڕێژەیە نزیکەی دوو تریلیۆن و پێنج ملیار دینارە، بەمەش پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی 2015 دەبێتە 20 تریلیۆن و 184 ملیار و 565 ملیۆن دینار .
سەبارەت بە بودجەی پێشمەرگە، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان لە پەرلەمانی کوردستان گوتی، بەپێی پرۆژە یاسای بودجە، بودجەی تەرخانکراو بۆ هێزەکانی دەریایی، وشکانی و ئاسمانیی عێراق 35 تریلۆن و 277 ملیار و 591 ملیۆن دینارە، کە نزیکەی سەدا 23ی بودجەی عێراق دەکات، هەرێمی کوردستانیش تەنها هێزی وشکانی هەیە، بۆیە تەنها لە بودجەی هێزی وشکانی سەدا 17ی بۆ تەرخانکراوە، کە دەکاتە پری 1.2 تریلیۆن دیناری عێراقی.
هەروەها دەربارەی ڕێژەی فرۆشتنی نەوتی عێراق لە ساڵی 2015، ئەو پەرلەمانتارەی کوردستان ڕایگەیاند، کە بە پێی پرۆژەی بودجەی 2015، دەبێت عێراق ڕۆژانە 3.2 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە بکات، بەڵام دوای ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا ئەو ڕێژەیە زیاد دەکرێت بۆ 3.3 ملیۆن بەرمیل.
بەپێی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2015، بودجەی عێراق 155 تریلیۆن و 989 ملیار دینارە، کە لەسەر بنەمای فرۆشتنی 3.2 ملیۆن بەرمیل نەوت، دانراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 06-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری

وڵات: IQئێراق

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 275

**پوختەی ئاماری پەروەردەیی لە ماوەی سالانی خوێندنی 1990-1991 تاکو 2010-2011**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150315105819119732

حوکمەتی هەرێمی کوردستان.
وەزارەتی پلان دانان: دەستەی ئاماری هەرێم

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 276

**پوختەی خەمڵاندنەکانی ساڵی 2011 ی هەرێمی کوردستان**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150315091311119719

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 277

**پرۆژە و چالاکیەکانی گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان لەماوەی پێنج ساڵدا**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072113161077060

راپۆرتی ساڵانەی کارو پرۆژە خێرخوازیە ئەنجامدراوەکانی گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان ساڵی 2010 و 2011 و 2012
-1پرۆژەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ ئە نجام دراوە لەسنووری گەرمیان و گەرەمەسێردا بۆ (400)کورو کچی کەمدەرامەت و زۆر هەژار کە نزیکەی (80%)ی کەلو پەلی ناوماڵەیان بۆ دابین کراوە بۆ چونە ناو ژیانی هاوسەرگیریەوە.
-2مووچەی مانگانە پراوەتەوە بۆ نزیکەی (650) خێزانی بێ باوک و کرێنشین و خوێندکاری کەمدەرامەتی زانکۆ و پەیمانگاکان بەپێی پێویستیان.
-3هاوکاری نزیکەی (70) خێزانی کراوە بۆ تەواو کردنی خانووەکانیان بە کەرەستەی بیناسازی وەک (شیش –چیمەنتۆ –بلۆک.)
-4جلو بەرگ و پێداویستی تەواو دابین کراوە بۆ (4،500) چوار هەزار وپێنج سەد منداڵی بێ باوک و بێ سەرپەرشتی سنووری گەرمیان و گەرمەسێر لە وەرزەکانی ساڵ دا.
-5خۆراک و گۆشت و هاوکاری ماددی دابین کراوە بۆ (3،300) سێ هەزار و سێ سەد خێزانی زۆر هە ژار و کەمدەرامەتی سنووری گەرمیان و گەرمەسێر

-6دابین کردنی (150) موبەریدە بۆ خێزانی زۆر هەژارو پەککەوتەی سنووری گەرمیان کەلەم وەرزەکانی هاوین دا موبەریدەیان نەبووە و زۆر پێیویستیان بەدابین کردنی موبەریدە هەبووە.
-7لە جەژنەکانی هەر سەر سێ ساڵەکەدا جەژنانە دراوە بە (700) حەوت سەد خێزانی بێ باوک و زۆر هەژارو بێ سەرپەرشت.
تێبینی :بەپری (65،000) شەست و پێنج هەزار دۆلاری ئەمریکی (کۆمپیوتەرو سپلت و داتاشۆ) دابین کراوە بۆ زانکۆی گەرمیان.
)ڕاپۆرتی ساڵانەی کارو پرۆژە خێرخوازیە ئەنجامدراوەکانی گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان( ساڵی (2013(
-1دوو پرۆژەی هاوسەرگیری بەکۆمەڵ ئە نجام دراوە لەسنووری گەرمیان و گەرەمەسێردا بۆ (300)کورو کچی کەمدەرامەت و زۆر هەژار کە نزیکەی (80%)ی کەلو پەلی ناوماڵەیان بۆ دابین کراوە.بەپری (450،000،000) چوار سەدو پەنجا ملیۆن دیناری عیراقی بۆ کۆی هەردوو پرۆژەکە.
(17) -2خانوو دروست کراوە لە سنووری گەرمیان دا بۆ (17) خێزانی بێ باوک و کرێنشین و پەککەوتە و بێلانە.
-3موچەی مانگانە پراوەتەوە بۆ نزیکەی (350) خێزانی بێ باوک و کرێنشین و خوێندکاری کەمدەرامەتی زانکۆ و پەیمانگاکان بەپێی پێویستیان.
-4هاوکاری نزیکەی (50) خێزانی زۆر هەژارو بێ باوک کراوە بۆ تەواو کردنی خانووەکانیان بە کەرەستەی بیناسازیوەکوو (شیش و چیمەنتۆ وبلۆک.(
-5هاوکاری (1،300)خێزانی نەخۆش کراوە بۆ چارەسەری نەخۆشی درێژخایەن و ئەنجامدانی نەشتەرگەری جۆراو جۆر بەمەبەستی چارەسەرکردنیان لەپری (500،000) پێنج سەد هەزار دینار تاوەکوو (5،000،000) پێنج ملیۆن دینار کە پری تێچوی هەمووی دەکاتە (975،000،000) نۆ سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن دیناری عێراقی.
-6خۆراک و گۆشت و هاوکاری ماددی دابین کراوە بۆ ( 4،168) چوار هەزار و سەدو شەست و هەشت خێزانی زۆر هە ژار و کەمدەرامەتی سنووری گەرمیان و گەرمەسێر.
-7جلو بەرگ و پێداویستی تەواو دابین کراوە بۆ (1،500) هەزار وپێنج سەد منداڵی بێ باوک و بێ سەرپەرشتی سنووری گەرمیان و گەرمەسێر لە وەرزەکانی ساڵ دا.
-8هاوکاری کردنی (440) خوێندکاری زۆر هەژاری زانکۆ وپەیمانگاکان بۆ پاڵپشتی و بەردەوامبونیان لە خوێندن.
-9دابین کردنی (100) مووبەریدە بۆ(100) خێزانی زۆر هەژارو پەککەوتەی سنووری گەرمیان کەلە وەرزی هاوینەدا موبەریدەیان نەبووە و زۆر پێیویستیان بەدابین کردنی موبەریدە هەبووە.
گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 278
## پۆلیس تاوانەکانی دوو مانگی رابردووی هەولێری راگەیاند
http://www.kurdipedia.org/?q=20140930124850776 71
هۆگر کەمال
پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ سێ شەممە (30 ئەیلولی 2014)، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وتەبێژی پۆلیسی هەولێر رووداوەکانی دوو مانگی رابردووی شاری هەولێری ئاشکرا کرد، کە لە حەوت رووداوی جیادا لە و ماوەیەدا چوار تاوانی کوشتن و سێ تاوانی دزیکردن لە لایەن هەشت

تاوانبارەوە ئەنجامدراون .
لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا رائید کاروان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و وتەبێژی پۆلیسی هەولێر، وتی: پوختەی تاوانەکانی ئەم دوو مانگەی رابردوو بەم شێوەیەیەی خوارەوەیە:
-1تاوانبار (ن.ە.ع) تەمەن (20) ساڵ و تاوانبار (ڕ.ع.و) تەمەن (30) ساڵ ئەم دوو تاوانبارە هەڵساون بە کوشتنی کورەکەیان بە ناوی (محەمەد رەمەزان) تەمەن (4) ساڵ، هەروەها بیرندارکردنی کچەکەیان بە ناوی (ڕەیان ڕەمەزان) تەمەن (2) ساڵ لە کۆمەڵگای شاوێس، سزادران بە پێی مادەی (405) لە یاسای سزادانی عێراقی.
-2تاوانبار (ج.ب.ڕ) تەمەن (52) ساڵ، ئەم تاوانبارە هەڵساوە بە کوشتنی ژنەکەیی و منداڵە (6) مانگەکەی لە ناحیەی هیران، کە سزادراوە بە پێی مادەی (406) لە یاسای سزادانی عێراقی .
-3تاوانبار (د.ح.س) تەمەن (19) ساڵ هەڵساوە بە کوشتنی یەکێک بە چەقۆلە گەڕەکی خانەقا، کە سزادراوە بە پێی مادەی (405) لە یاسای سزادانی عێراقی.
-4تاوانبار (ع.ع.ع) تەمەن (45) ساڵ ئەم تاوانبارە هەڵساوە بە کوشتنی ئافرەتێک بە ناوی (ڕ.ع.ڕ) لەدایکبووی (1975) لە ناو ماڵەکەی. دواتر خۆشی دەکوژێت لە نێو ئۆتۆمبێل لە بەردەم دوکانەکەی خۆی.
تاوانەکانی دزی
-1تاوانبار (ف.م.ا) تەمەن (15) ساڵ ئەم تاوانبارە هەڵساوە بە دزیکردن لە ناو (4) ئۆتۆمبێل کە بڕی پارەی دزراو بریتیە لە (8)دەفتەر دۆلار و مۆبایل و ئایپادو سەحات و فاست لینک و دەمانچە و چەند ئامێری مۆبایل سزا درا بە پێی مادەی (446) لە یاسای سزادانی عێراقی.
-2تاوانبار (ج.م.ن) تەمەن (27) ساڵ وە تاوانبار (د.د.م) تەمەن (23) ساڵ، پێشتر بە (15) ساڵی حوکمدراوە و بە لێبوردن ئازاد کراوە، ئەم دوو تاوانبارە هەڵساون بە دزیکردنی دوو دزی لە ماڵان کە قاسەیان بردووە، دوای شکاندنی لە (پردێ) کەرکوک بڕی پارە (160) وەرەقە و (7) ملیۆن و دەمانچەیەک و کلاشینکۆفێک و (38) مسقال زێر.
-3تاوانبار (د.ع.ا) تەمەن (22) ساڵ
ئەم تاوانبارە هەڵساوە بە دزینی (116) وەرەقە لە کۆمپانیایەک لە کۆمەڵگای پیرزین لە کۆمپانیایەک
سزادران بە پێی مادەی (405) لە یاسای سزادانی عێراقی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 30-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | ♖هەولێر |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 279

## پۆلیسی ئێران: لە ڕووداوەکانی مەهاباد 40 پۆلیس برینداربوون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060110023585437

فەرماندەی پۆلیسی ئێران دەڵێ: لە ڕووداوەکانی مەهابادا 40 پۆلیس برینداربوون، ئێران بریندارنوونی ئەو ژمارە زۆرەی پۆلیس بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە نەیانویستووە ڕووداوی نەخوازراو ڕووبدات، بۆیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕووداوەکە خۆیان کردووەتە قوربانی .
لە نوێترین ئاماردا حسێن ئەشتەری، فەرماندەی هێزی پۆلیسی ئێران دەڵێ:" 40 پۆلیس بریندارنوون. ئەوان بەهۆی دانبەخۆداگرتنیان بریندارنوون و ویستویانە ڕێگری لە ڕووداوی نەخوازراو بکەن."
جێگری سیاسی ئەمنی پارێزگار لە یەکەم ڕۆژی دوای خۆپیشاندنەکەدا یەکەم ئاماری بریندارەکانی بڵاوکردەوە، گوتی: "25 کەس بریندارنوون، کە تەنیا 7 کەسیان سەربە هێزەکانی

پۆلیسن"، کەچی چوار رۆژ دواتر عەبدولرەزا رەحمانی فەزلی، وەزیری ناوخۆ ئامارێکی جیاوازتری بڵاوکردەوە. ئامارێک، کە ئاماژەی بە برینداربوونی 21 پۆلیس دەکرد.
رۆژی حەوتی ئایار لەبەردەم هۆتێل تارای مەهاباد، خۆپێشاندانێکی گەورە سازکرا بەهۆی ئەوەی کچە کارمەندێکی هۆتێلەکە بۆ ئەوەی "نەهێڵێت ئەندامێکی ئیتلاعاتی ئێرانی دەستدرێژی بکاتە سەری" لە نهۆمێکی سەرەوەی هۆتێلەکە خۆی فڕەدایە خوارەوە و خۆیکوشت.
خاوەن هۆتێلەکە و بەرپرسان گوتیان ئەو کور و کچە پەیوەندییان هەبووە. پارێزەری بنەماڵەی ئەو کچەش دواتر گوتی:" کەسی تۆمەتبار پەیوندییەکی لەگەڵ ئیتلاعاتی ئێران نەبووە."
حسێن ئەشتەری، فەرماندەی هێزی ئینتزامی ئێران، دەڵێ:" ئەوە پرسە شتێکی کۆمەڵایەتی بووە و دوژمنان بە ئەمنییان کردووە. ئەشتەری جەختی کردەوە لایەنە دادوەرییەکان دەبێت ئەو کەسانە دەستبەسەر بکەن، کە لە رووداوەکانی مەهابادا دەستیان هەبووە". ئاماژە بەوەش دەکات، کە هەندێک کەس ئاگرخۆشکەری رووداوەکە بوون."
لە ئاکامی رووداوەکانی مەهابادا دەیان کەس دەستبەسەرکران. ژمارەی دروستی ئەوان لە بەردەستدا نییە. پۆلیس و ئیتلاعاتی شاری مەهاباد تا ئەم رۆژانەش لە دەستبەسەر کردنی خەڵک بەردەوام بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2015-06-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
شارەکان: مەهاباد
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 280
## پۆلیسی دارستان و ژینگەی راپەڕین ئاماری ساڵی 2014ی راگەیاند
http://www.kurdipedia.org/?q=2015010214351984475
رۆژنیوز - محەمەد حەسەن
رانیە
بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی راپەرین، بە لێدوانێکی رۆژنامەوانی بۆ راگەیانەکان، ئاماری کارو چالاکێکانی سەرجەم بەش و بنکەکانی ساڵی رابردووی بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئاشکرا کرد.
ئیڤان عەزیز، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی راپەرین، راگەیاند: جۆری کەل و پەلی دەست بەسەرداگیراو 68،50 کیلۆ ماسی، 268 ماسی بچوک وەزن نەکراوە، 345 قولاب، 10 شەداوی ماسی گرتن، 48 تۆری ماسی، یەک ساچمەزەن، 16 ئۆتۆمبێل، سێ کەڵک چووپ، شەش مولیدەی کارەبا، چوار ماتۆر سکیل، 21 تایر، 136فیشەک تایر.
ئیڤان، وتیشی: سێ کلاشینکۆف، یەک سیمینۆف، هەشت شەداوی باڵندەی کێوی، 50 دەسکەداو، پێنج شۆت وایەر، 24 فەردە خەڵوز، 11 چەقۆ، دوو چووپ، شەش موبایل، یەک عارەبانەی دەستی، 20 مەتر وایەر، حەوت لایت، 12 قەفەز، یەک پارچە فیشەکی ساچمەزەن، یەک تەفنگی بادی، یەک بەرگە مەلە، یەک دێو جامە.
بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی دارستان و ژینگەی راپەرین، ئاماژەی بە جۆری ئە و ئاژەڵ و باڵندەی کێویانە کرد کە دەستیان بەسەردا گیراوە و، راشیگەیاند: 20 کەو، دوو کەروێشک، یەک رێوی، یەکسوێسکە، یەک رەش بەشە _پوش و پاوانی سوتاو بە دۆنم (1685،5) دۆنم _دارەستانی سروشتی (16907) دۆنم _دارەستانی دەستکرد (206) دۆنم _ داری پراو (80) دانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: رانیە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 281
## پۆلیسی دهۆک: پیلانی رۆژانی جەژنی نەورۆز 100% سەرکەوتووبووە
http://www.kurdipedia.org/?q=2015032411315784975
ڕەڤەند گوهەرزی
بەرپرسی راگەهاندن لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک رایدەگەیێنێت، ئەو پیلانەی بۆ رۆژنی نەورۆز دامانابوو 100% سەرکەوتووبووە و هیچ رووداوێکی نەخوازراویش روویانەدا.
رائید هێمن سلێمان، بەرپرسی راگەهاندن لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک تایبەت بە خەندانی راگەیاند : " ئەو بەرنامە و پیلانەی بۆ رۆژانی نەورۆز ئامادەکرابوو جێبەجێکراو هەمۆ بەشەکانی سەر بە بەرێوەبەرایەتیەکەمان لەگەڵ هێزە ئەمنیەکان بە شدار بوون."
وتیشی : " دوای تەواو پشووی جەژنی نەورۆز هیچ کێشە و رووداوێکی نەخوازراو لە دهۆک و دەورووبەری رووینەدا و ئەمەش جێی دڵخۆشیە و پیلانەکەمان 100% سەرکەوتوو بووە ."
رائید هێمن سلێمان، ئەوشی خستەروو : " سەرکەوتنی پیلانەکەمان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە هێزە ئەمنیەکان و خەڵکی پارێزگای دهۆک پێکەوە هاوکار و پشتیوان بوون ."
بەرپرسی راگەهاندن لە بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای دهۆک، ئاماژە بەوەشکرد : " تەنیا لە رۆژی یەکەمی جەژنی نەورۆز دوو رووداوی سووک لە یاری ئاگرین توومارکران."
وتیشی : "لەگەڵ برا پێشمەرگەکانمان هاوسەنگەر دەبین بۆ پاراستنی دهۆک لە هەر جۆرە تاوانێک."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 🚗رووداوی هاتووچۆ
شارەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 282
## پۆلیسی راپەرین ئاماری روداوەکانی 2013ی راگەیاند
http://www.kurdipedia.org/?q=2014011521434686674
خەندان کامەران عەبدە ساڵح
ئەمڕۆ 1/15 بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ئاماری روداوەکانی ساڵی ڕابردووی ناوچەکەی ئاشکراکرد.
نەقیب مستەفا محەمەد وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە خەندانی ڕاگەیاند: ساڵی ڕابردوو لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین، 5927 ڕوداوی جۆراوجۆر تۆمارکراون.
وتیشی: لەنێو ڕوداوەکانی ساڵی ڕابردوودا، 13 روداوی کوشتن تۆمارکراون کە 10 قوربانییان پیاو و سیانیشیان ژن بوون، 211 حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ژنانیش تۆمارکراون.

ئاماژەی بەوەشدا، ساڵی رابردوو 231 دۆسیەی دزیی گەورە و 68 دۆسیەی دزیی سوک ڕەوانەی دادگا کراون، 89 دۆسیەی پەیوەندیدار بە مۆبایل و، 13 دۆسیەی مادەی هۆشبەر و 34 دۆسیەی بەدرەوشتی و، 51 حاڵەتی سوتان و 9 حاڵەتی خۆسوتانن بەدیدەکرێن.
هەر بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، کە لەسەر زاری وتەبێژەکەیەوە دراوەتە خەندان، ساڵی رابردوو لەسنوری ڕاپەڕین 38 دۆسیەی ساختەکاری و 18 دۆسیەی ناپاکیی خێزانیی و، 52 حاڵەتی دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەر لەکاتی ئەرکەکەیدا تۆمارکراون، هەروەک 19 جاریش هێرش کراوەتە سەر کارمەندانی هاتوچۆ.
وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ئاشکراشیکرد، لەسەر ئەم تاوانانە 2976 کەس گیراون و ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵ کراوە.
وەک نەقیب مستەفا ڕونیکردەوە، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو ڕووداوەکان بە گشتی لە ناوچەکەدا کەمیکردووە، بەوپێیەی ساڵی 2012، 6658 ڕوداو تۆمارکراون، لەمساڵدا 731 ڕوداو کەمیکردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-15

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 283

## پۆلیسی سلێمانی ئاماری ڕووداوەکانی جەژن رادەگەیەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081116144589191

خەندان – هۆگر کەماڵ
لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئامارەکانی جەژنی رەمەزانی راگەیاند: "لە رۆژی عارفەوە تاوەکو دوای جەژن پێنج حاڵەتی دزیکردن لەماڵان لەناو شاری سلێمانی هەبووە، سێ حاڵەتیان ئاشکرا بووە و تۆمەتبارەکانیش دەستگیر کراون، کە چوار تۆمەتبارن."
وتیشی: "لەسەرەتای مانگی رەمەزانەوە تاوەکو ئەمڕۆ 125 تۆمەتبار کە فەرمانی دەستگیرکردنیان هەبووە لە بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان بە تۆمەتی جیا جیا دەستگیرکراون."
وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، ئاماژەی بەوەشکرد کە لە جەژنی رەمەزاندا 13 حاڵەتی شەڕکردن تۆمارکراوە، کە سیانیان بە چەقۆ بووە و برینداری تێدا بووە، ئەمە جگەلەوەی پێنج حاڵەتی هەڕەشەلێکردنیش تۆمارکراوە.
سەرکەوت ئەحمەد، ئەوەشی خستەڕوو، لە و سێ رۆژەی جەژندا دەست بەسەر 100 پارچە تەقەمەنی و 60 دەمانچەی مووری منداڵاندا گیراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 284

## پۆلیسی سلێمانی: جەژنی رەمەزان جەژنێکی ئارام بوو

http://www.kurdipedia.org/?q=201407311632592677

پۆلیسی سلێمانی: جەژنی رەمەزان جەژنێکی ئارام بوو کوردستان 0 پۆلیسی پارێزگای سلێمانی رۆژانی جەژنی ڕەمەزان بەئارام ناو دەبات و دەڵێت بەراورد بەجەژنی ساڵی ڕابردوو ڕووداوەکان کەمتربوون.سەرکەوت ئەحمەد وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بەکوردسات نیوزی، ڕاگەیاند:

بەراورد بەجەژنی ساڵی رابردوو روداوەکان کەمتر بوون لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی ناوچەکانی تر روویان لە شاری سلێمانی کردووە.سەرکەوت ئەحمەد راشیگەیاند: هیچ حاڵەتێکی کوشتن لە رۆژانی جەژندا تۆمارنەکراوە، تەئکیدشی کردەوە کە پۆلیسی سلێمانی لە چەند رۆژی رابردوودا پلانی تۆکمەی بۆ رێگرتن لە هەرکارێکی نەخوازراو گرتۆتەبەر.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردسات نیوز - 31-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 285

## پۆلیسی سۆران: رووداوەکانی 2013 زۆرتربوون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013123122160786988

خەندان راماڵ قەسرەیی
لەماوەی ساڵی 2013دا لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران کە هەر چوار قەزای سۆران، مێرگەسور، چۆمان، رواندز لەخۆ دەگرێت دوو هەزار و 128 رووداوی جۆراو رویانداوە کە زۆرینەیان ئاشکرا کراون و بەبەراورد بەساڵی رابردووش بەگشتی روداوەکان زیادیان کردوە.
نەقیب محەمەد عەلی بەر پرسی بەشی راگەیاندی پۆلیسی سۆران بەخەندانی راگەیاند: لە ماوەی ساڵی 2013دا (24) روداوی هێرشکردنە سەر فەرمانبەران و 13دەستوەردان لەکاری دادگا و 8 ساختە و تەزویر و یەک زیادە رۆیی فەرمانبەر لە سنوری کاری خۆی و 16تاوانی سەرخۆشی و 71 هەرەشە و 31 فێڵکردن و یەک هەڵگرتنی پارەی دزراو و 9حاڵەتی هەڵگرتنی چەک بەشێوەی نایاسایی و 28 لێخورینی ئۆتۆمبێل بەبێ مۆڵەت و 4 رووداوی کوشتن هەبوون و تەواوی رووداوەکانیش بەدواداچونیان بۆ کراوە و ئاشکرابوونە.
نەقیب محەمەد عەلی وتیشی: هەر لەماوەی ئەمساڵدا 5 حاڵەتی خۆکوشتنی پیاوان و یەک کوشتنی بەهەڵە و 3 دزینی ئۆتۆمبێل و 84 حاڵتی دزیکردن و 10 حاڵەتی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن و 1811 روداوی تر هەبوون کە بەشێکی زۆریان ئاشکرابوون.
وتیشی: بەگشتی بە بەراورد بەساڵی رابردوو روداوەکان زیادیان کردوە کە ساڵی رابردوو 1859 رووداوی جۆراو جۆر بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 31-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 286

## پۆلیسی سۆران: لە 9 مانگدا 14 کەس کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014100221232965713

راماڵ قەسرەیی
لەماوەی نۆ مانگی رابردوودا لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران 14 کەس بەهۆکاری جیاجیا کوژراون و تاکو ئێستاش تەنها یەک تۆمەتبار دەستگیر کراوە.
عەمید ئەسکەندەر بابەکر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران لە گۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا

ڕایگەیاند: لە 2014/1/1 تاکو 2014/10/1 لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران کە هەر چوار قەزای سۆران، چۆمان، مێرگەسور و رواندز لەخۆدەگرێت (14) کەس بەهۆکاری جیاجیا کوژراون، وتیشی: "سەرەرای هەڵە بەردەوامەکانمان بەڵام تاکو ئێستا توانداروە یەکێک تۆمەتبارەکان دەستگیر بکەین."
عەمید ئەسکەندەر وتیشی: هەر لەوماوەیەشدا چەندین رووداوی دزیکردن تۆمارکراون و پۆلیسیش توانیویەتی (77) کەس بەتۆمەتی دزیکردن دەستگیر بکەن کە لەنێو تۆمەتبارەکاندا سێ ژن و چەند مێرمنداڵێک هەیە.
بەڕێوەبەری پۆلیسی سۆران تیشکیشی خستە سەر بەرنامەکانیان لە رۆژانی جەژن و وتی: وەکو جەژنەکانی رابردوو بۆ جەژنی قوربانی ئەمساڵیش بەرنامە و پلانی تۆکمەمان داناوە و مەفرەزەکانمان بەردەوام دەبن لەگەران و جێگیر بوون لە چەند شوێنێکی پێویست بۆ ئەوەی ئەمنیەتی سنورەکە بپارێزرێت و دڵنیاشی دایە هاوڵاتیانی ئە و گەشتیارانەی کە روو لە سەیرانگاکانی دەڤەری سۆران و باڵەکایەتی و رواندز و مێرگەسور دەکەن ئەمنیەتیان پارێزراو دەبێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سۆران |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 287

## پۆلیسی گەرمیان ئاماری شەش مانگی ڕابردووی ڕاگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2015071215291585733

ڕۆژنیوز – دیار جومعە
لە ماوەی شەش مانگدا لە ئیدارەی گەرمیان 10 پیاو دەکوژرێن و بکوژی نۆشیان ئاشکرا دەکرێت. ئەمڕۆ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە کتێبخانەی گشتی قەزای کەلار بەڕێوەچوو، موقەدەم حەسەن محەمەد ساڵح، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان ئاماری ڕووداوە جۆربەجۆرەکانی شەش مانگی ڕابردووی ڕاگەیاند. لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا، موقەدەم حەسەن، ڕایگەیاند:" لەماوەی ئەم شەش مانگەدا کوشتنی 10 پیاو تۆمارکراوە کە بکوژی نۆیان ئاشکرابووە و یەکێکیان ئاشکرا نەبووە، لەکاتێکدا ساڵی پار 20 پیاو کوژرابوو 17 یان ئاشکراکرابوون، لەم شەش مانگەدا هەشت پیاو بە هەڵە کوژراوە و هەمووشی ئاشکرابووە، لەکاتێکدا ساڵی پار چوار پیاو خۆیان کوشتبوو سەرجەمی ئاشکراکرابوو." هەروەها ناوبراو، ڕاشیگەیاند: لەم شەش مانگەدا 223 شەڕکردنی جۆر بەجۆر تۆمارکراوە و هۆکاری 174 یان ئاشکراکراوە و ڕێک هاتونەتەوە، هەروەها حەوت ئۆتۆمبێل دزراوە و شەشیان ئاشکرا بووە کێ دزیویەتی و 191 دزی گەورە کراوە و 79یان ئاشکرا کراوە، بەڵام ساڵی پار 592 شەڕکردن تۆمارکراوە و 530 ئاشکرکراوەو پێک هاتونەتەوە، حاڵەتی دزینی ئۆتۆمبیلیش تۆمارنەکراوە و 180 حاڵەتی دزی گەورە تۆمارکراوە و120 یان ئاشکرا کراون." موقەدەم حەسەن محمد، وتیشی: لەم شەش مانگەدا شەش هاوڵاتی ڕفێنراون و پێنجیان ئاشکرا بووە، 76 حاڵەتی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل تۆمارکراوە 56 یان ئاشکرابووە، 26 حاڵەتی پارەی ساختە و تەزویر تۆمارکراوە و 22یان ئاشکرابووە، لەکاتێکدا ساڵی پار 10 حاڵەتی ڕفاندن تۆمارکراوە حەوتیان ئاشکرا کراوە، 155 حاڵەتی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل تۆمارکراوە و 76یان ئاشکرا کراوە، 52 حاڵەتی پارەی ساختە و تەزویر هەبووە و 42 یان ئاشکراکرابوون. بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان، وتیشی: تەنیا کەسێک بە ئاو خنکاوە و تەرمەکەی دۆزراوەتەوە، بەڵام ساڵی پار دووکەس لە ئاو خنکاون، لەم شەش مانگەدا 16 تاوان بە سەرخۆشی ئەنجامدراوە

هەمووی ئاشکرابووە و تۆماری ساڵی پارهیچ تۆمار نەکراوە، لەم شەش مانگەدا حەوت ئۆتۆمبیل سوتێنراوە و هیچی ئاشکرا نەبووە، لەکاتێکدا ساڵی پار حاڵەتی لەم جۆرە تۆمار نەکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
شارەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 288

## پۆلیسی هەولێر 7 تاوانی دوو مانگی رابردووی ئاشکراکرد

http://www.kurdipedia.org/?q=20140930095908776666

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رێنماییەکانی جەژنی قوربان و تاوانەکانی دوو مانگی رابردووی راگەیاند.
رائید کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند: "لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا 7 تاوان لە هەولێر تۆمارکراون، کە چوار لەو تاوانانە تاوانی کوشتن بوون و سیانیان دزی بوون".
گوتیشی "8 تاوانباریش دەستگیرکراون."
گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر باسی دوو رووداوی کوشتنی کرد، کە دەنگدانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە، ئەویش رووداوی کوشتنی هەڵسوراوێکی بزووتنەوەی گۆران بوو کە سەرلەبەیانی دوێنێ روویدا، لەگەڵ ئەو رووداوەی کە منداڵێک لەلایەن زرداکییەوە کوژرا و هەوڵدرا وەک مردنێکی سروشتی پەردەپۆش بکرێت.
هاوکات باسی لە رووداوی کوشتنی ژن و منداڵێک کرد لە ناحیەی هیران لەلایەن هاوسەرەکەیەوە و ئاشکرایکرد: "دوای چاودێرییەکی وردی پۆلیس تاوانبارەکە دەستگیرکرا و توانرا تەرمی ژن و منداڵەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هیران دەربهێندرێت."
لەبارەی بەرنامەی رۆژانی جەژنی قوربانەوە گوتی: "ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاسایشی گشتی و ئاسایشی هەولێر بەرنامەیەکی تۆکمەمان داناوە و بەرنامەکەش رۆژێک بەر لە جەژن دەستپێدەکات."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 30-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: ♖هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 289

## پۆلیسی هەولێر ئاماری چوار مانگی رووداوەکانی کوشتن و دەستگیرکردنی تۆمەتبارانی راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20140714125723769998

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، ئاماری چوار مانگی ڕووداوەکانی کوشتن و دزی و تەزویرکردن و دەستگیرکردنی تۆمەتباران ڕاگەیاند، کە لە و چوار مانگەدا 10 تاوانی کوشتن و دزی و تەزویر ڕووداوە و 18 کەسیش بەتۆمەتی پەیوەدیان بە و تاوانانەوە دەستگیرکراون.
لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، کە پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە شاری هەولێر سازکرا، لیوا عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، گرنگترین ئە و ڕووداو تاوانانەی کە لە چوار مانگی ڕابردوو ڕوویداوە ڕاگەیاند.
بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر وتی: " لەماوەی ئە و چوار مانگەدا 10 تاوانی کوشتن و دزی و تەزویر ڕوویداوە و لە و ڕووەوە 18 تۆمەتبار لە سنووری پارێزگای هەولێر دەستگیرکراون و دانیان بە تاوانەکەیان ناوە."
ئاماژەی بەوەدا کە لە سەرەتایی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ڕێژەی تاوان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە.
بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، دەستخۆشی لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش کرد کە ئەرکەکانی خۆیان زۆر بە باشی بەڕێوەدەبەن.
بەڕیوبەری پۆلیسی هەولێر دەستخۆشی ئاڕاستەی دانیشتووانی شاری هەولێریش کرد کە هەردەم هاوکار و جێگەی ڕێزن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 290

## پۆلیسی هەولێر: لە پێنج مانگدا 3601 کەس دەستگیر کراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051814493778542

پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر رایدەگەیەنێت، لەماوەی پێنج مانگی رابردوودا،1921 تۆمەتباریان دەستگیرکردوەو رادەستی بنکەکانی پۆلیس و ئاسایشیان کردوون. هەروەها 1360 کەسیش بە تاوانی شەڕی ئاسایی دەستگیر کراون.
ڕائید سەران لەتیف نەجم بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر، بەسایتی هاوڵاتی رایگەیاند کە لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا، هێزەکانی پۆلیس1921 تۆمەتباریان دەستگیر کردووە و رادەستی بنکەکانی پۆلیس و ئاسایشیان کردوون کە بە تاوانی جۆراوجۆر تۆمەتبار کراون.
بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر، روونیشی دەکاتەوە بە تاوانی شەڕی ئاسایی، 1360 کەس قۆڵبەست کراون و چەندین کەسیش کە شەوانە بە" سەرخۆشی تەقەیان کردووە"، لە لایەن هێزەکانیانەوە دەستگیر کراون ئەمە جگە لە دەستگیرکردنی 146 کەسی "سەرخۆش" کە کێشەیان دروست کردووە و خەڵکیان هەراسانکردووە.
سەران لەتیف لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژەی بەوەدا هەر لەو پێنج مانگەدا، 88 کەسیان بە گومانی دزیکردن دەستگیر کردووە و چەندین رووداوی ئاگرکەوتنەوەشیان بە هاوکاریی بەرگریی شارستانی، کۆنترۆڵ کردووە.
بەڕێوەبەری پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر، وێرای ئاماژەدان بە قۆڵبەستکردنی چەندین کەس بە تۆمەتی هەڵگرتنی چەقۆ و حەبخواردن، روونی دەکاتەوە کە لەو پێنج مانگەدا 50 ئۆتۆمبێلی سەرپێچیکاریش دەستیان بەسەردا گیراوە.
ڕائید سەران وتیشی "هێزەکانمان لەو ماوەیەدا 86 کەسی گومانلێکراویان دەستگیر کردووە و 54 نەخۆشیشیان گەیاندووەتە نەخۆشخانەکان، ئەمە جگە لەوەی کە 42 ئافرەت و کچ هەر لەو ماوەیەدا کێشەیان هەبووە و گەیەنراونەتە بەڕێوەبەرایەتیی نەهێشتنی توندوتیژیی دژ بە ئافرەتان.

هەروەها 7 منداڵیش دۆزراونەتەوە و ڕادەستی خاوەنەکانیان کراونەتەوە".
ئەو بەڕێوەبەرەی پۆلیس داوا لە هاووڵاتیان دەکات لە کاتی ڕوودان و کۆنترۆڵکردنی کێشەدا زیاتر هەماهەنگیان بکەن و قەرەباڵغی دروست نەکەن، داواش لە شوفێران دەکات هاوکاریان بن بە تایبەت لەو کاتانەدا کە ئۆتۆمبێلی تیمەکانی پۆلیس سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆیانن".
سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - 18-05-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 291

## پۆلیسی دارستان 77 هاوڵاتی دەستگیر دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150505095201852227

خەندان - هۆگر کەمال
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی، کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تەنها لەماوەی یەک مانگدا (77) هاوڵاتی لەسەر ڕاوی جۆراو جۆری نایاسایی دەستگیرکراون .
خشتەی ئاماری کاروچالاکی مانگی (2015/4/1 تا 2015/4/30) سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و بەش و بنکەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 05-201505-


تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرژمێری
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 292

## پێت باشە بارزانی بۆ جارێکی دیکە بێتەوە بە سەرۆکی هەرێم؟ ڕاپرسیی NRT

http://www.kurdipedia.org/?q=20150626221424856638




...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 293

## پێشبینی پارتی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق

http://www.kurdipedia.org/?q=20140331200558676757



سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 294

## پێشبینی دەکرێت نەوتی هەرێم یەک ملیۆن بەرمیل تێپەڕێنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20131110091626877995

شارەزاپەکی بواری نەوت پێشبینی دەکات، هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لەماوەی دووساڵی داهاتوو، بگاتە زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا، پێشی وایە هەرێم لەسەر دەریایەکە لەنەوت .
سوبحی بەدری، شارەزای بواری نەوت بەخەندانی راگەیاند،" مژدەی دۆزینەوەی پرێکی زۆر لە نەوت و گاز لە یەکێک لەکێڵگە نەوتیەکانی هەرێم لەلایەن گروپی کۆمپانیاکانی M.O.L مەجەر بۆ بەرهەمهێنانی نەوت، هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو"، وتیشی:" هەر بەرەوپێش چوونێک لەهەرێم خزمەت بەعیراق دەگەیەنێت."
بەدری پێشبینی دەکات، هەرێمی کوردستان لەتوانایدا بێت رێژەی هەناردەی نەوت لەماوەی هەردوو ساڵی 2014 و 2015 بگەیەنێتە یەک ملیۆن بەرمیل یا زیاتر لەرۆژێکدا، ئەوەشی خستەڕوو کە، " هەرێمی کوردستان لەسەر دەریایەکە لەنەوت و دەوڵەمەندە بە و سەرچاوە سروشتیە ."
بەوتەی بەدری، هەردوو یاسای وەبەرهێنان و نەوتی هەرێمی کوردستان، لەیاسا پێشکەوتووەکانن لەسەر ئاستی ناوچەکە، ئاماژەی بەوەشکرد کە،" پێدەچێت عیراق بەهۆی زۆری نەوتی هەرێم بپێتە یەکێک لەوڵاتە بەهێزەکانی ناوچەکە لەڕووی هەناردەی نەوت، دوای پاشەکشەی چەندین وڵاتی دیکەی ناوچەکە ."
پێشتر گروپی کۆمپانیای M.O.L مەجەر، کەکار لەکەرتی نەوتدا دەکات لەهەرێم ئاشکرایکردبوو، رێژەیەکی زۆر لەنەوتی خاوی لە یەکێک لەکێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان دۆزیوەتەوە و لەساڵی داهاتووەوە دەست دەکات بە بەرهەمهێنانی نەوت لە و کێڵگەیە، کە پێدەچێت 10 هەزار بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا بەرهەم بهێنێت .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-11-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 295

## پێشمەرگە 727 شەهید و 3564 بریندار و 34 بێسەروشوێنی هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141216121778202

وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانیدا کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنیوز کەوتووە، ئاماری شەهید و بریندار و بێسەروشوێنانی ڕاگەیاند.

لە راگەیەندراوەکەی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستاندا هاتووە "لە رۆژی 2014/6/10 و لەپاش پەلامارێکی بەرفراوان و دڕندانە و نامرۆڤانەی گروپێکی تیرۆرستی جیهانی بەناوی (داعش) بۆ چەند ناوچەیێکی فراوانی سنووری دەوڵەتی فیدراڵی عیراق و ئەنجام دانی چەندەها تاوانی گەورەی کوشتن وسەربڕین و تاڵان کردن و ڕفاندن بەرامبەر بە ئەندامانی پێکهاتەی چەند نەتەوە و ئاین وتایفەی جیاجیای دانشتوی شار و شارۆچکە و گوندەکانی سەر بە پارێزگاکانی (نەینەوا و صلاح الدین و رومادی و کەرکوک و دیالی و دەوروبەری بەغدا) و لەپاشاندا هەوڵدانیان بۆ پەلاماردانی شارو شاروچکە وگوندەکانی کوردستان بۆ ئەنجام دانی هەمان کوشت و کوشتار وکاری نامرۆڤانە ودڕندانە دژ بە هاوڵاتیان وهاونیشتمانانی کوردستان، کە لێرەدا هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان وهێزەکانی تری پاراستنی هەرێم وگشت هاوڵاتیانی کوردستان، قارەمانانە بە گیان وبەخوێن وبەماڵی خۆیان بەرگری یان لە کوردستانی نیشتمان کردو توانیان هێرشەکانی چەکدارانی هەڵ خەڵەتاوی ئە و گروپە تیرۆرستیە جیهانی یە لە یەکەم قۆناغدا رابگرن ولە پاشاندا بە پشتیوانی خوای گەورە وهاوکاری ویارمەتی وڵاتانی هاوپەیمان پاشەکشەیان پێ بکەن بەرە و دواوە وزەرە و و زیانێکی گەورەیان پێ بگەیەنن."

لە بەشێکی تری راگەیەندراوەکەدا هاتووە "دیارە ئەم سەرکەوتنە مەزنە بێ قوربانی نەبووە، بەڵکو بە بەخشینی گیانی پاک و پیرۆز وخوێنی گەش وئازاری برینی727 شەهیدی نەمر و سێ هەزار و 564 بریندار و34 بێسەروشوێنی قارەمان لە ئەفسەران وپلەداران وپێشمەرگەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان وئەفسەران وپلەدارانی پۆلیس و ئاسایش و زێرەڤانی وبەرگری و فریاکەوتن وهێزەکانی پشتیوانی یەک ودوو وخانەنشینان وکەم ئەندامان وهاوڵاتیانی خۆبەخشی ئازا و دلێری کوردستان، هاتەدی و نەخشێنرا ."

لە لێدوانەکەی وەزارەتی پێشمەرگە بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە شەهید و بریندارەکانی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە، یەژەئا ستار و یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال ناکات

رۆژنیوز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 296

## پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150219144548119419



له ساڵی 2014دا 33 حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە
لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافەکانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕاپۆرتی ساڵی 2014ی ئاشکرا کردو تێیدا هاتوە ساڵی ڕابردوو 33 حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر 58 ڕۆژنامەنووس ئەنجامدراوە.
بە پێی ڕاپۆرتەکە " خۆشبەختانە هیچ حاڵەتێکی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسان لە ساڵی ڕابردوودا نەبووە تەنها شەهیدبونی کچە میدیاکار" دەنیز فرات" نەبێت کە بەدەستی چەکدارانی داعش شەهید کراوە."
لیژنەی داکۆکی لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسان ئەو گلەییەی بەرامبەر حکومەت و دادگاکان خستووەتە ڕوو کە کەیسی تیرۆری ڕۆژنامەنووسان لە دادگاکاندا کاتێکی زۆر دەمێنێتەوەو کارە یاساییەکان بە زوویی ناچنە پێشەوە.
هەروەها چەند سەرنجێکی لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی لە ساڵی 2014دا خستووەتە ڕوو وەک، سەرەڕای بوونی پرۆتۆکۆڵ لە نێوان ئەنجومەنی دادوەری سەندیکا، هەندێک جار لە دادگاکاندا کار بە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی ژمارە 35ی ساڵی 2007 ناکرێت لەکاتی لێکۆڵینەوەدا، هەروەها جیاوازی کردن لە پێدانی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان ودەزگاکانی ڕاگەیاندن لە لایەن هەندێک لە دەزگا حکومیەکانەوە.
لە ڕپۆرتی لیژنەکدا هاتووە ساڵی 2014 بە بەراورد بە ساڵی 2013 پێشیلکاریەکان بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کەمی کردووە، چونکە لەساڵی 2013دا 49 حاڵەت بووە بەرامبەر بە 75 ڕۆژنامەنووس، بەڵام لە ساڵی 2014دا ئەو ڕێژەیە دابەزیوە بۆ 33 حاڵەت.
ساڵانە لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافەکانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕاپۆرتی خۆی دەخاتە ڕوو بۆ خستنە ڕووی کۆی پیشێل کاریەکان بەرامبەر ڕۆژنامە نووسان لە ماوەی ساڵێکدا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 297
**پێنج لەو کەسانەی توشی ئایدز بوون لە رەگەزی مێن**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013081608571989145




خەندان – هۆگر کەمال

وتەبێژی رەسمی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم، ئاشکرایدەکات، تائێستا لە هەرێمی کوردستان 19 هاوڵاتی کورد تووشی نەخۆشی ئایدز بوون، کە چواریان گیانیان لەدەستداوە، ئەمە جگەلەوەی 102 کەسی بیانیش کەسەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە و تووشی ئەو نەخۆشییە بوون و رەوانەی وڵاتەکانیان کراونەتەوە .

د. خاڵس قادر، وتەبێژی رەسمی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تایبەت بە خەندان راگەیاند: تەنها لە حەوت مانگی ئەمساڵدا 11 کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی نەخۆشی ئایدز بوون، کە چوار کەسیان کورد بوون و دانیشتووی هەرێم بوون، بەمەش کۆی گشتی ئەو هاوڵاتیە کوردانەی توشی ئایدز بوون لە ساڵی (1986)ەوە تا کۆتایی مانگی تەمووزی ئەمساڵ گەیشتۆتە 19 کەس .

بەوتەی د. خاڵس،" پێنج لە و توشبووە کوردانە ژنن، چواریشیان بەهۆی نەخۆشییەکە گیانیان لەدەستداوە"، جگەلەوەش لەماوەی رابردوو" 102 هاوڵاتی بیانی کە لە هەرێمی کوردستان ماونەتەوە دوای ئەنجامدانی پشکنین بۆیان دەرکەوتووە دوچاریی ئایدز بوونەتەوە، رەوانەی وڵاتەکانی خۆیان کراونەتەوە، کە زۆربەیان لە رەگەزی نێر بوون."

د. خاڵس قادر وتی: "پێویستە بۆ سەلماندنی ئەو کەسانەی کە گومانی ئەو نەخۆشییەیان لێدەکرێت، پشکنینی (چەسپێنەر)یان بۆ بکرێت، بۆئەوەی بزانرێت ئەو کەسە تووشی نەخۆشی ئایدز بووە یان نا."

وتیشی: "لە هەرێمی کوردستان مەترسی ئەوەیە خەڵکانێک هەبن هەڵگری ئەو ڤایرۆسە بن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پشکنینیان بۆ ئەنجام نەدراوە، رەنگە خۆشیان هەستی پێنەکەن و ئێمەش نایزانین، چونکە ئەگەر کەسەکە پشکنینی بۆ نەکرێت کەس نازانێت هەڵگری ڤایرۆسەکەیە یان نا، تا دەگاتە حاڵەتی ئەوەی تووشی نەخۆشییەکە دەبێت، ئەوەش پێویستی بە ماوەیەکی زۆرە."

وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، ئەوەشی خستەڕوو، کە "ئێمە بەردەوامین لە رێگری کردن لە و نەخۆشییە، ئەویش لە رێگەی پشکنینەوە، کە پشکنین بۆ هاوڵاتیانی بیانی دەکەین کە بەپێی یاسا لە 10 رۆژ زیاتر لە هەرێمی کوردستان بمێننەوە، هەروەها پشکنین بۆ ئەو کەسانەش دەکەین، کە لەناوخۆی هەرێم تووشی هەوکردنی جگەر دەبن، یاخود ئەو کەسانەی خوێن دەبەخشن، ئەو کەسانەی کە تووشی نەخۆشی سیل دەبن، ئەو کەسانەی کە لەلایەن پزیشکەوە گومانیان لێدەکرێت هەڵگری ڤایرۆسەکە بن، هەموو ئەو کەسانەشی نەشتەرگەری گەورەیان بۆ ئەنجام دەدرێت پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدرێت، هەروەها ئەو کەسانەشی ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن، بەرلەوەی لە دادگا مارە بکرێن دەبێت ئەو پشکنینەیان بۆ ئەنجام بدرێت."

د. خاڵس ئاماژەی بەوەشکرد، کە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم بۆ رێگری کردن لە و نەخۆشییە، کار لەسەر زیاتر هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان دەکات لەبەرامبەر مەترسی نەخۆشییەکە، داواش لە کەناڵەکانی راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات هاوکارییان بن لە بڵاوکردنەوەی ئەو هۆشیارییانەدا بۆ پاراستنی هاوڵاتیان لە نەخۆشی ئایدز.

ئە و پزیشکە، رونیشیکردەوە، کە ئێستا وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم توانای پشکنین و چارەسەریی باشتری هەیە، دەشڵێت:

"ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان پشکنینیان بۆکراوە، دەرکەوتووە تووشی ئەو نەخۆشییە هاتوون، هاوڵاتییە بیانییەکانیش سەرجەمیان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان تووش بوون، هاوڵاتییە کوردەکانیش پێشتر گەشتیان

بۆ دەرەوەی وڵات کردووە، بەڵام یەک هاوڵاتی کوردی دانیشتووی هەرێم
لەناو هەرێمی کوردستان تووشی ئەو نەخۆشییە بۆتەوە."
پزیشکە کە باسی لەوەشکرد، کە ئەو 15 هاوڵاتییەی هەرێمی
کوردستان کە لە ژیاندا ماون و تووشی نەخۆشییەکە بوون لەژێر چاودێری
پاراستنی تەندروستیدان، تەنها دوانیان نەبێت پێویستیان بەوەیە، کە
لەژێر چاودێری بەردەوامدا بن، کە مانگانە دەرمان وەردەگرن، ئەوانی تر
پشکنینی دەوریی بۆ خۆیان و کەسە نزیکەکانیان دەکرێت و رێنماییشیان
پێدەدرێت.
وتەبێژەکەی وەزارەتی تەندروستی هەرێم، جەختیکردەوە کە تائێستا
نەخۆشییەکە چارەسەری نیە، بەڵام ئەوانەی تووش بوون دەتوانن بە
وەرگرتنی دەرمان کۆنترۆڵی بکەن، چونکە کە دەرمانەکە وەردەگرن تا
ماوەیەک بەرگری لەشیان بۆ ڤایرۆسەکە باشتر دەبێت.
خالس قادر، تەئکیدی کردەوە، ئەوانەی تووشی ئەو نەخۆشییە بوون و
خێزاندارن بەهیچ شێوەیەک پێویست ناکات لە هاوسەرەکانیان جیاببنەوە،
بەڵکو دەتوانن لە رێگەی بەکارهێنانی "کۆندۆم" و دەرمانەوە
هاوسەرەکانیان لە نەخۆشییەکە بپارێزن، وتیشی:" نمونەی لەوجۆرە
هەیەن پیاوێک لە هەرێمی کوردستان تووشی ئەو نەخۆشییە بووە، بەڵام
تا ئێستا لە ژنەکەی جیانەبۆتەوە و هاوسەرەکەشی تووشی
نەخۆشییەکە نەبووە، چونکە رێنماییە تەندروستییەکانیان جێبەجێ
کردووە."
د. خالس قادر، ئاماژەی بەوەشکرد، کە ئەو نەخۆشییە مەترسی زۆرتر
بووە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی،
ئەویش "بەهۆی باشبونی ئابوری تاکەکانی و گەشتکردنی زۆری
هاوڵاتیان بۆ دەرەوەی وڵات."
وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی، وتی: "هۆشیارییەکی گرنگ بۆ
هاوڵاتیانی هەرێم ئەوەیە، ئەو کەسانەی گومانی نەخۆشییەکەیان
لێدەکرێت خۆیان بێن بە خۆبەخشی پشکنینیان بۆ بکەین، چونکە تائێستا
ئەو پشکنینانەی ئەنجامان داون بە زۆر بووە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی
زۆر سەردانی دەرەوەی وڵات دەکەن و لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرییان
سێکس ئەنجام دەدەن پێویستە بۆ تەندروستی خۆیان کۆمەڵگەش بێن
پشکنینیان بۆ ئەنجام بدرێت."
وتیشی: "گرفتی ئەو نەخۆشییە لەوەدایە تا کەسەکە تووشی
ڤایرۆسەکە نەبێت هیچ نیشانەیەکی نیە، جگە لە ئەنجامدانی
پشکنینیش ناتوانرێت بزانرێ ئەو کەسە هەڵگری ڤایرۆسەکەیە یان نا،
چونکە لە و قۆناغەدا هیچ نیشانەیەکی نیە، بەڵام کە دەبێتە
نەخۆشییەکە، ئەو کاتە نەخۆشەکە تووشی تایەکی درێژ خایەنی زیاتر لە
مانگێک دەبێت، هەروەها بەبێ هۆکاری تر کێشی زۆر دادەبەزێت و بەبێ
هۆکار تووشی کۆکەیەکی بەردەوام دەبێت و لیمفە گرێکانی زۆر گەورە
دەبن بەتایبەتی لیمفە گرێکانی مل، جگەلەوەش کەسەکە زۆر بێهێز
دەبێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 16-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 298

**پێنج هەزار خۆبەخش ناویان بۆ چوونە ناو هێزەکانی پێشمەرگە تۆمار**

**کردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015090814411785989

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان رایدەگەیەنێت، تائێستا پێنج هەزار خۆبەخش ناویان بۆ چوونە ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمار کردووە.
قادر رەزگەیی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: "تائێستا پێنج هەزار خۆبەخش ناویان بۆ چوونە ناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تۆمار کردووە، لە سەرەتای بیرۆکەی دروستکردنی ئە و لیوایانەوە ئەمریکیەکان بەڵێنی ئەوەیانداوە کە راهێنان بە خۆبەخشەکان بکەن و پرچەکیشیان بکەن."
وتیشی: "واپریارە سێ لیوا دروست بکرێت، هەر لیوایە و سێ هەزار پێشمەرگە لەخۆی بگرێت، بەڵام بەهۆی کەمی خۆبەخشەوە وەزارەتی پێشمەرگە دەیەوێت لەئێستادا تەنیا یەک لیوا راهێنانیان پێبکرێت."
ئە و پەرلەمانتارە کە هاوکارت ئەندامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسییە لە پەرلەمانی کوردستان روونیکردەوە: "هۆکاری کەمی پەیوەندیکردنی خۆبەخشەکان بە ریزەکانی
پێشمەرگەی کوردستانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تەنیا لە سەنتەری شارەکاندا ناو تۆمار دەکرێت، لەئێستاشدا وەزارەتی پێشمەرگە بڕیاریداوە لە ناو قەزاو ناحیە و شارو شارۆچکەکانیش بنکەی ناونووسین بکرێتەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-09-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 299

**پێنج هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکرێت**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012915440786531

خەندان - رەهێل سەمەد
ئەمڕۆ (29ی کانوونی دووەمی 2014) لەدیوانی پارێزگای هەولێر لە پرۆسەی تیروپشکدا 5 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون کە بە خانووی کۆرییەکان ناسراوە بەسەر هاوڵاتیانی سنوری پارێزگاکەدا دابەشکرا، کە پێشتر زیاتر لە 50 هەزار هاوڵاتی فۆرمی بۆ ئە و مەبەستە پرکردبۆوە.
لە و کۆنگرە رۆژنامەنووسییەدا نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر رایگەیاند: 5 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت لە قۆناغی جێبەجێکردندان کە یەکەکان بە کوالیتییەکی زۆرباش لەلایەن کۆمپانیایەک دروست دەکرێت و تێچووی هەریەکەیەک 39 هەزار و 500 دۆلارە.
نەوزاد هادی وتی: "پێشەکی هەر یەکەیەکی نیشتەجێبون 7 هەزار دۆلارە، پێویستە سوودمەند دوای پێشەکی بەماوەی 2 ساڵ 12 هەزار و 750دۆلار بدات."
ئاماژەشی بەوەدا کە ئە و 19 هەزار و 750دۆلارەی دەمێنێتەوە بە قیستی 10 ساڵ دەدرێت کە بۆ هەرمانگێک، 164 دۆلار دەدرێت.
نەوزاد هادی ئەوەشی خستەڕوو کە 50 هەزار هاوڵاتی پێشتر فۆرمیان پرکردۆتەوە، ئەمڕۆ تیروپشک بۆ 5 هەزار یەکەی نیشتەجێبون ئەنجام دەدرێت و تێیدا سەرەڕای 5 هەزارەکە 500 کەس وەک یەدەگ دەستنیشان دەکرێن بۆئەوەی ئەگەر دەرکەوت هەرکەسێک زانیارییەکانی دروست نەبوو، ئەوانەی کە یەدەگن بخرێنە شوێنیان.
دواتر لەرێگەی تیروپشکەوە 5500 کەس دەستنیشانکران وەک سوودمەدانی پرۆژەی گوندی کۆری لە هەولێر.

خانووی کورییەکان لەسەر ڕێگای هەولێر شەقڵاوە دروست دەکرێت، خانوەکان بەشێوەیەکی جیاواز لە خانووی ئاسایی دروست دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-29

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 300

## پێنجوێن؛ شاخێک لەئاڵتون و یۆرانیۆم و ئاسن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031910341284914

پێنجوێن بەدوری 96 کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری رۆژهەلاتی پارێزگای سلێمانی، لەکۆمەڵێک چیای سەخت و گردو دۆڵ و دەشت پێکدێت، هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و دەروازەیەکی سنوریشی هەیە بەناوی باشماخ .
لەساڵانی رابردودا، رێکخراوێکی ئەمەریکی بۆ گەڕان و پشکنین چوە ناوچەکە، بەپێی کنە و پشکنیەکانی رێکخراوەکە ماددەیەکی زۆری خامی ئاسن و یۆرانیۆم و ئاڵتون لەپێنجوێندا هەیە، بەتایبەتی لەشاخی ئاسناوای سنورەکە .
مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی دەڵێت هەر لەکۆنەوە وڵاتە بیانیەکان بۆیان دەرکەوتوە لەناوچەی پێنجوێن ماددەی سروشتی کانزایی زۆری تێدایە، چەند جارێک کنە و پشکنینیان بۆ کردوە و چەند مادەیەکی کانزایی گرنگی وەک یۆرانیۆم و کرۆم-یان دۆزیوەتەوە .
کەیوان ئازاد ئەنوەر، مامۆستای زانکۆی سلێمانی پسپۆری مێژوو، بەهاوڵاتی وت (بەپێی ئە و زانیاریانەی کە لای من هەیە لەسەرەتای ساڵی حەفتاکاندا ئەمەریکیەکان و بەریتانیەکان کنە و پشکنیان لەپێنجوێن ئەنجامداوە بۆ سامانە سروشتیەکان، لەدوای راپەڕینیش رێکخراوێکی ئەمەریکی مەسحێکی مەیدانی لەناوچەکە کردوە .)
بەوتەی کەیوان ئازاد، لە و مەسحەدا دەرکەوتوە لەناوچەی شلێری پێنجوێن ماددەی یۆرانێۆم و کرۆم و ئاسن هەیە، بەپێی ئە و راپۆرتەی کە رێکخراوەکە ئامادەیکردوە ئەگەر ئە و مادانە دەربهێنرێت بەشی داهات و بودجەی 50 ساڵی ئەمەریکا دەکات .
بەپێی نەخشەی دابەشبونی کانزاکان لەهەرێمی کوردستان، ناوچەی پێنجوێن زیاتر لە 13 جۆر ماددەی کانزایی گرنگی تێدایە، وەک ئاسن، ئاڵتون، یۆرانیۆم، مس، گۆگرد، مەنگەنیز، کرۆم و خەڵوز. جگە چەندین جۆر بەردی مەڕمەڕی گرانبەها کە نەتوانراوە هێشتا سودیان لێوەربگیرێت .
عەبدولرەحمان عەلی رەزا، یەکێک لەنوێنەرانی پێنجوێن لەپەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوەدەکات بەگشتی ناوچەی پێنجوێن و دەوروبەری دەوڵەمەندە بەبونی سامانێکی گەورەی سروشتی لەسەر زەوی، بەڵام حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە سود لە و بەرهەمانە وەربگرێت و تەنیا گرنگیداوە بەنەوت .
وتیشی بەپێی نەخشەیەکی سامانە سروشتیەکان لەناوچەی شلێری پێنجوێن بەتایبەتی لەگوندەکانی وێنە و دارۆخان ماددەیەکی خاوی یۆرانێم و ئاڵتون و مس بونی هەیە، ماددەکەش بەڕێژەیەکی زۆرە و کەم نیە، دەتوانرێت وەک سامانێکی گرنگ سودی لێوەربگیرێت .
لەناوچەکەدا دوو شوێنی دەوڵەمەند بەکانزا هەیە، یەکەمیان گوندی ئاسناواو دوەمیان شاخی ئاسنکوڵێن کە بەوتەی ئە و پەرلەمانتارە ئە و دوو ناچەیە دەوڵەمەندن بەماددەی ئاسن و ئە و شاخە 2500 هەزار تەن ماددەی خاوی ئاسنی تێدایە و خاکەکەی لە 52ی زیاتری ماددەی ئاسنە .
هەروەها دەڵێت (هەر لەپێنجوێن بەردی جۆراوجۆرو گرانبەهاو مەڕمەڕی تێدایە و لەپێشتردا ئە و بەردانە براونەتە وڵاتی ئۆکرانیاو لەژێر تاقیگەکانی ئە و وڵاتەدا بەباشترین جۆرەکانی بەرد لەقەڵەم دراوە .)
لەچەند ساڵی رابردودا، چەندینجار لایەنە پەیوەندیدارەکانی پێنجوێن داوایان لەحکومەتی هەرێم کردوە، کارپکات بۆ دروستکردنی کارگەیەکی ئاسن و دەرهێنانی ماددەی خامی ئاسن، بەڵام تائێستا وەڵامی داواکانیان نەدراوەتەوە .
عەبدولرەحمان عەلی، رەخنەی توندی لەحکومەتی هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان گرت

بەهۆی پشتگوێخستنی ئه و سامانه سروشتی و کانزایانه، وتی (ئەگەر یەک مەتر چوارگۆشە بەردی مەڕمەڕ سێ هێنده و چوار هێندەی بەرمیلێک نەوت داهات و قازانجی هەیە، بەڵام پشتگوێخراوە .)
بەوتەی بەرپرسانی ئیداری ناوچەکە، لەساڵانی پێشودا حکومەتی عێراق بەردی ناوچەکەی بردوه بۆ شاری بەسره کە دورترین شاری عێراقه لەناوچەکەوە، بەڵام نەحکومەتی هەرێم و نەهیچ کۆمپانیایەک ئاوڕیان لەبەردی ناوچەکە نەداوەتەوە و ئێستا هیچ پرۆژەیەک نیە بۆ بەرهەمهێنانی سامانی سروشتی ناوچەکە .
لەساڵی 2006 کۆمپانیایەکی بیانی سەردانی ناوچەکەی کردو بڕیاربوە کارگەیەکی ئاسن لەناوچەکه دروستبکات و لەساڵی 2007 یشدا چەند کۆمپانیایەکی کۆری چونەتە ناوچەکە و چەند جۆره بەردێکیان لەگەڵ خۆیاندا بردوه بەمەبەستی پشکنین بۆ دانانی کارگەیەک لەناوچەکە، بەڵام کارەکانی کۆمپانیایانەش تائێستا بێ ئەنجام بوە .
عەلی رەئوف، قایمقامی قەزای پێنجوێن، بەهاوڵاتی وت (لەناوچەکەدا چەند شوێنێکی گرنگمان هەیە کە مادەی خاوی سروشتی وەک ئاسن و مس و ئاڵتونی تێدایە، بەڵام تائێستا هیچ کارگەیەکی حکومی یان ئەهلی نەبوە سود لە و بەرهەمانە وەربگرێت، ئه و هەوڵانەی لەپێشتریشدا هەبون بۆ سود وەرگرتن لەبەرهەمە سروشتیەکانی ناوچەکە بێ ئەنجام بوە .)
سەبارەت بەهەنگاوەکانی حکومەت و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ دانانی نەخشەیەکی جوگرافی و دەرهێنانی ئه و سامانە سروشتیە، قایمقامی قەزاکە دەڵێت، حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانی زانیاری زۆریان هەیە لەسەر بونی ئه و مادده خامانە، بەڵام هیچ کنه و پشکنینێک نەکراوە بۆ دەستنیشانکردنی ئه و مادانە و بەرهەمهێنانیان، تائێستاش هیچ کارگەیەک نیە لەپێنجوێن سود لەوانە وەربگرێت .
لەهەرێمی کوردستان تەنیا ناوچەی پێنجوێن نیە کە دەوڵەمەندە بەکانزای بەنرخ، بەڵکو چەندین ناوچەی دیکەش هەیە کە جۆرەها کانزایان تێدایە، بەڵام تائێستا سودیان لێوەرنەگیراوە .
بەپێی راگەیەنراوێکی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، لەسەرانسەری هەرێمی کوردستاندا لەسەر ئه و پشتێنە شاخاوییەی کە پانیەکەی 15 بۆ 25 کیلۆمەترە، توانستێکی زۆری مەکۆی کانزا پۆڵاکان هەیە وەکو ئاسن و کرۆم و نیکل و پلاتین و زێر و مس و بارایت و زینک. لەوانەیە ناوچەی تری هەرێمی کوردستان لەبەردی جیری و گەچ و لم و قور و چە و و بەهەڵمبوەکاندا دەوڵەمەند بێت .
شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازیو وزە و سەرچاوە سروشتیەکان لەپەرلەمانی کوردستان، دەڵێت یەکێک لەگرفتەکانی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەوەیە وەک پێویست نەخشەیەکی وردی نیە بۆ دیاریکردنی ئه و ناوچانەی کە سامانی سروشتی و کانزایی تێدایە، ئەوەش هەڵەیەکی ستراتیژی گەورەیە و پێویستە چارەسەربکرێت .
وتیشی (بۆ ئه و مەبەستەش ئێستا لەپەرلەمان پرۆژە یاسایەکمان لایە و کاری لەسەردەکەین بۆ ئەوەی لەمەودوا بەیاسا ئه و ناوچانە دەستنیشان بکەین کە چیان هەیە گرنگی و چۆنیەتی دەرهێنان و بەهەرمەکانی چۆن دەبێت.(
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێزە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

شارەکان: پێنجوێن

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 301

**پەرلەمانتارێک: 640 ملیۆن دیناری سندوقی هاوکاری کەسوکاری**

## شەهیدان دیار نییە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150213112223847б1

فەرهەنگ فەرەیدون
ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، زیاد لە 640 ملیۆن دینار لە سندوقی هاوکاری کەسوکاری ئەنفال کراوان دیار نیە، بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی لە وەزارەتی شەهیدانیش دەڵێت: "ئێمە بە بریاری ئەنجومەنی وەزیران ئە و پارەیەمان خەرج کردووە."
ئومێد حەمە عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆران بە خەندانی راگەیاند: "دوای بەدوواداچوونمان بۆ مادەی 26 و 27ی یاسای بودجەی ساڵی 2011 کە رێژەی 10%ی مووچەی پلە باڵاکان تەرخان دەکرێت بۆ سندوقی هاوکاری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان ."
وتیشی: "دوای بەدوواداچوونمان بۆمان دەرکەوت کە ئە و لە % 10یە لەدەرەوەی سندوقەکە خەرج کراوە، ئەمەش نایاسایە چونکە بەپێی پرۆژە یاساکە دەبێت ئە و پارەیەی تەرخانکراوە بچێتە ئە و سندوقە پاشان خەرج بکرێت."
ئە و ئەندام پەرلەمانە ئەوەشی خستەڕوو: "ئێمە بەڵگەیەکمان لەبەردەستدایە کە وەزیری پێشوی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2011/12/12 داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەتنی وەزیران دەکات کە مۆڵەتیان پێبدرێت 640 ملیۆن دینار لە سندوقی هاوکاری کەسوکاری ئەنفال کراوان خەرج بکرێت."
ئومێد حەمە عەلی، ئاماژەی بەوەشکرد: "یاداشتێکمان ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بۆ دیوانی چاودێری دارایی بنێرن، ئەوانیش ئاگادارمان بکەنەوە لە چۆنێتی خەرجکردنی ئە و پارەیە."
لای خۆیەوە بەختیار فەرەج، بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی لە وەزارەتی شەهیدان بە خەندانی راگەیاند: "ئێمە بەبریاری ئەنجومەنی وەزیران ئە و پارەیەمان بۆ کەسوکاری شەهیدان خەرج کردووە، هەرکەسێکیش دەیەوێت دەتوانێت بریارەکە ببینێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 302

## پەرلەمانتارێک: پەرلەمانتارانی ئێستاو خولەکانی پێشو خاوەن زیاتر لە 14 هەزار حیمایەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120912453078178

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێت، زیاتر لەنیوەی بودجەی پەرلەمان بۆ کارمەندانی پارێزگاری (حیمایە)ی پەرلەمانتارانی ئێستا و خولەکانی پێشو خەرجدەکرێت، دەشڵێت، تێچوی ساڵانەی ئۆتۆمبێلەکانی پەرلەمان زیاتر لەدوو ملیار دینارە.
بەغداد، ئاوێنەنیوز: لەیاداشتێکدا کە ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کردوە و ئەمڕۆ سێشەممە، وێنەیەکی بەئاوێنەنیوز گەیشتوە، مەهدی حافز، ئەندامی ئەنجومەنەکە ئاماژە بە و خەرجییە زەبەلاحە دەکات کە بەهۆکاری جیاجیا کەوتوەتەسەر بودجەی ئەنجومەنی نوێنەران و بەشێوەیەکی گشتیش بودجەی گشتی وڵات.
لە و بارەیەشەوە ئاشکرایدەکات، بەپێی زانیارییەکان 14.800 کارمەندی ئەمنی هەیە کە کاریان پارێزگاری ئەندامانی خولی ئێستا و خولەکانی پێشوی ئەنجومەنەکەیە و 52%ی کۆی بودجەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ئەوان دەڕوات کە دەکاتە نزیکەی 156 ملیار دینار لەکۆی 315 ملیار دیناری

بودجەی پەرلەمان پەرلەمان بۆ ساڵی 2014.
هەروەها دەڵێت، پێویستە چاو بەژمارەی ئە و ئۆتۆمبێلانەدا بخشێندرێتەوە کە لەئەنجومەنی نوێنەران بەکاردەهێنرێت و بخرێتە ژێر لێپرسراوێتییەوە، رونیشیدەکاتەوە، 550 ئۆتۆمبێلی سەر بەئەنجومەنی نوێنەران هەیە کە بەشێوە و رێگەیەکی نەزانراو دابەشکراوە، بۆ ئەمەش داوادەکات خەرجییەکان لە و بوارەدا کەمبکرێتەوە بەهۆی ئەوەی تێچوی بەکارهێنانیان دەگاتە دوو ملیار دینار لەساڵێکدا.
سەبارەت بەئیفادی ئەندامانی پەرلەمانیش مەهدی حافز دەڵێت، بەپێی زانیارییان دەرماڵەی پەرلەمانتارێک بۆ رۆژێک دەگاتە 600 دۆلار بۆ دەرەوەی عێراق و 150 دۆلار بۆ ناوخۆی عێراق جگە لەلەئەستۆگرتنی کرێی ئۆتێل و کرێی گواستنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 303

## پەرلەمانتارێکی گۆران ناوی 404 ژن ئاشکرا دەکات کە بەشێوەیەکی نایاسایی خانەنشین کراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014083010081765162



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 304

## پەرلەمانی ئەوروپا: داعش 5000-7000 ئافرەتی لەناوچەی شەنگال رفاندووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112809190778086



پاش داواکاردن و ناڕەزایی دەرپرینی بەرفراوانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کوردان لەهەمووو جیهاندا دژ بەتاوانەکانی دەستی چەکدارانی خەلافەتی ئیسلامی (داعش)، دەرئەنجام پەرلەمانی ئەوروپا بەدەرکردنی بڕیاری 2971 تاوانی دژ بەشەنگال و رفاندن و توندوتیژی دژ بەئافرەتان و راگواستنی بەتاوانی دژ بەمرۆڤ ناساند.
ئاوێنەنیوز: پەرلەمانی ئەوروپا لە و بڕیارەیدا بەفەرمی چەند خاڵێکی گرنگی دەرکردو رایگەیاند ئەو تاوانانەی کە داعش ئەنجامی داون دژی خەڵکی شنگال و بەتایبەتی رفاندن و کوشتن و توندوتیژی و راگواستن، تاوانی دژی مرۆڤن و دەبێت تاوانباران بەپێی یاسا سزا بدرێن.
پرۆژە بڕیارەکەی پەرلەمانی ئەوروپا ئاماژە بەکوشتنی و رفاندنی 3133 هاووڵاتی یەزیدی دەکات کە لەوانە 2305 کەسیان رفێندراون کە لەوانیش 412 یان منداڵن، بەپێی ئامارەکانیش لەنێوان 5000 تاکوو 7000 ئافرەتی ناوچەکە بەگشتی رفێندراون کە بەپێی زانیارییەکان لەتەلەعفەر لەپێنج سەنتەر راگیراون.
هاوکات پەرلەمانی ئەوروپا داوا لەحکومەتی عێراق دەکات ببێت بەئەندام لە (Rom Statute)بۆ ئەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای بتوانێت بەدواداچوون بۆ تاوانباران بکات وەکو تاوانباری دژ بەمرۆڤایەتی.
پەرلەمانی ئەوروپا پشتگیری لەبڕیاری ئەمریکا دەکات بۆ پشتگیری و یارمەتیدانی حکومەتی هەرێم و عێراق لەشەڕی دژە تێرۆر، بەیارمەتی سەربازی و مرۆڤی، داواش لەوڵاتانی ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا دەکات هاوکاری زیاتری بکەن بەتایبەتی کە کاتی زستان و سەرما هاتووە، هەروها داوا دەکات کە یارمەتی ئاوارەکانی چیای شنگاڵ بدرێت.
لەیەکێک لەخاڵەکانی بڕیارەکەیدا، پەرلەمانی ئەوروپا داوا لەوڵاتانی ئەندام و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات یارمەتی زۆرتری ئاوارەکان بدەن بەتایبەتی منداڵان و ئافرەتان.
هەروەها داوا لەوڵاتانی ئەندام لەیەکێتی ئەوروپاو رێکخەری باڵای یەکێتی ئەوروپا دەکات بۆ یارمەتیدانی ئەو ئافرەتانەی کە لەدەست داعش رزگاریان بووەو ئەوانەی کە تووشی ناخۆشی بوونە، بەکردنەوەی سەنتەری تایبەت بۆ چارەسەر کردن و گەیاندنی هاوکاری تەندروستی پێویست بۆیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-11-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| شارەکان: | شنگال |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 305

## پەروێزخان: تەنها لە تەممووزی رابردو دەستبەسەر زیاتر لە 580 تەن خۆراکی نەشیاودا دەگیرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080716310289245

بەپێی ئامارێکی یەکەی پشکنینی خۆراک لەمەرزی پەروێزخان، لەماوەی مانگی رابردودا دەستبەسەر زیاتر لە 580 تەن خۆراکی خراپ و نەشیاودا گیراوە.

ئاودێر محەمەد، گەرمیان: لێپرسراوی یەکەی پشکنینی خۆراک لەمەرزی پەروێزخان، عومەر محێدین، ئەمڕۆ، چوارشەممە، بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، لەماوەی مانگی تەممووزدا، یەکەکەیان پشکنینی بۆ زیاتر لە 55 هەزار تۆن خۆراک و خواردەمەنی و کەرەستە و شمەکی جیاواز کردووە کە ڕێژەیەکیان بەهۆی نەشیاویان و دەرنەچوونیان لەپشکنینەکان، دەستیان بەسەردا گیراوە.
وتیشی، بڕی ئەو خۆراک و شمەکە نەشیاوانە، 586 تەن و 988 کیلۆ بون و جۆرەکانیشیان بریتی بوە لە، دۆشاوی تەماتە، بابەتەکانی شیرەمەنی "دۆ و ماست"، شیرینی و کێک، خوێ، ئایس کرێم و...هتد.
عومەر محێدین، ئەوەشی خستەرو، ئەو خۆراکە گیراوانە، یان لەناوبراون، یاخود بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران گەڕێنراونەتەوە.
لێپرسراوی یەکەی پشکنینی خۆراک رونیشیکردەوە، هەموو خۆراکێک کە لەئێرانەوە دێت، لەلایەن یەکەکەی ئەوانەوە بەسێ ئاست و لەبوارەکانی، فیزیایی، کیمیایی و بەکترۆلۆجی پشکنینی بۆ دەکرێت بەمەبەستی دڵنیابوون لەشیاویان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-08-07

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 306

## پەروەردەی گەرمیان یەکەمی سەرئاستی هەرێمی کوردستانە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141015162146777769



پاش تەواو بوون و ڕاگەیاندنی ئەنجامی ئەزموونە گشتیەکانی قۆناغی 12ی ئامادەیی لە بەشەکانی (زانستی و پیشەیی و وێژەیی) بۆ ساڵی خوێندنی 2013-2014ی خولی یەکەم و دووەم، بەهۆی ئە و ئاستە بەرزەی کە خوێندکارانی سنوری پەروەدەی گەرمیان لە ئەزموونە گشتیەکاندا پێشکەشیان کرد، توانیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پلەی یەکەم لە قۆناغی ئامادەیی (زانستی وپیشەیی) بەدەست بهێنێن.
لە قۆناغی ئامادەیی (وێژەیی)یش، پەروەردەی گەرمیان پلەی دووەمی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەدەست هێناوە.
بەپێی ئە و زانیارییانەی لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی گشتیی گەرمیانەوە دراوەتە خەندان، ئەنجامی ئەزموونە گشتیەکانی قۆناغی(12)ی ئامادەیی بەم شێوەیە:
بەشی زانستی و پیشەیی
-گەرمیان 83،25% پلەی یەکەمی سەرئاستی هەریمی کوردستان
-سلێمانی 81،99% پلەی دووەمی سەرئاستی هەریمی کوردستان
-هەولێر 72،24% پلەی سێیەمی سەرئاستی هەریمی کوردستان
-دهۆک 63،37% پلەی چوارەمی سەرئاستی هەریمی کوردستان
بەشی ویژەیی
-سلێمانی 82،60% پلەی یەکەمی سەرئاستی هەریمی کوردستان
-گەرمیان 80،42% پلەی دووەمی سەرئاستی هەریمی کوردستان
-هەولێر 72،58% پلەی سێیەمی سەرئاستی هەریمی کوردستان
-دهۆک 71،64% پلەی چوارەمی سەرئاستی هەریمی کوردستان
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 307

**تا ئێستا 400 بۆمبی چێنراو لە جەلەولا پوچەڵ کراونەتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120911261578172

ڕۆژنیوز ئاریز گەرمیانی

بەرپرسێکی ئەمنی باس لە هەوڵەکانی پاککردنەوەی ناحیەی جەلەولا دەکات لە بۆمبە چێنراوەکانی چەتەکانی داعش و ئاماژەش بەوە دەکات تیمەکانی سەر بە هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگ توانیویانە زیاتر لە (400) بۆمبی چێنراو پوچەڵ بکەنەوە و قوربانیشیانداوە .

رائید فەرهاد رەفعەت بەرپرسی تاوانە گەورەکان لە خانەقین بە (رۆژنیوز) ی گوت : لە دوای ئازادکردنی ناحیەی جەلەولا لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان تیمەکانی هێزەکانی ئاسایش بە دوو تیم خەریکی پوچەڵکردنەوەی ئە و بۆمبە چێنراوانەن کە چەتەکانی داعش لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیان دایانناوە .

وتیشی" لە و کاتەوەی کار لە هەڵگرتنەوەی بۆمبەکان دەکەن تا ئێسیتا نزیکەی 400 بۆمبیان پوچەڵ کردوەتەوە و ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەک بۆمب هەن بە شێوەی مۆدێرن دانراون و بە کارەبای ناو دەبرێن، تا نزیک نەبیتەوە لێی ناتەقێتەوە و پوچەڵکردنەوەی ئەم بۆمبانە هاوشێوەی ئەوانی ترنیە و تا رادەیەک زەحمەتە و لە ئاکامی پوچەڵکردنەوەی ئە و بۆمبانە تا ئێستا دوو ئەفسەری هێزەکانی پێشمەرگە لە هێزی پشتیوانی دوو شەهید بوونە ."

بەرپرسی تاوانە گەورەکان ئاماژەی بەوەشدا" لە دوای نزیکەی 15 رۆژ لە ئازادکردنی ناحیەی جەلەولا تا ئیسشتا ئە و تیمانە توانیویانە 90% بۆمبەکانی نێوو ناحیەکە پوچەڵ بکەنەوە بە تایبەت ئەوانەی کە دیارن و دەبینرێن ."

داعش لەوەی پتر لە سێ مانگی تەمەنی خویدا لەناو ناحیەی جەلەولا بە پلەی یەک کاری دانانی بۆمبی چێنراو بووە بۆ ئە و هێزانەی کە دوای ئازادکردنی جەلەولا دەچنە ناو ئە و ناحیەکەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 308

**تا ئێستا 412 کوردی رۆژهەڵاتی ئەندامی رێکخراوە تەکفیرییەکان کوژراون**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082718405769115

نوچە: هەولێر

ماڵپەڕێکی کوردەکانی رۆژهەڵات بە ناوی (شۆرشی نوێ) بڵاوی کردەوە، کە تا ئێستا 412 کەس

لە کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی ناو ڕێکخراوە توندڕەوە تەکفیرییەکان کوژراون.
ماڵپەڕەکە بڵاوی کردۆتەوە، کە بە گوێرەی زانیارییەکانی بەردەستیان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا 549 هاوڵاتی ئێرانی لەناو ریزەکانی ئەلقاعیدەدا کوژراون، کە زۆرینەیان کوردبوون و بریتی بوون لە 412 کەس.
ماڵپەڕەکە ئەوەیشی بڵاو کردۆتەوە، کە ئەو کوردانە لە ساڵانی رابردوو لە وڵاتانی ئەفغانستان و پاکستان و چیچان و عێراق و سوریا کوژراون.
یەکێک لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوی قاعیدە بە ماڵپەڕەکەی وتووە "ئەم موجاهیدانە لە شەڕ دژ بە سیکۆلاریزم و داگیرکەرانی بیانی و بێ ئیمانەکانی ناوچە گیانیان لە دەست داوە و لەئێستادا دەیان هاوڵاتی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو ریزەکانماندان."
بڵاو بوونەوەی ئەو ئامارەی کوژراوانی کوردی ڕۆژهەڵاتی ناو ڕێکخراوە تەکفیرییەکان لە کاتێکدایە، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لایەنگرانی داعش لە ناو شارە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستیان بە چالاکی کردبوو بۆ پشتیوانیکردن لە داعش.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 309
## تا ئێستا 896 سزادراو بەیاسای لێبوردنی گشتی ئازادکراوون
http://www.kurdipedia.org/?q=2014011823251286615
بەپێی ئامارێکی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا بەپێی یاسای لێبوردنی گشتی 896 سزادراوو ئازادکراوون کە 776 سزادراو لەگەوران و 26 سزادراو لەژنان و 92 سزادراو لەمنداڵانن.

لەو بارەیەوە (ئاسۆس نەجیب) وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکدا رایگەیاند دوای ئەوەی یاسای لێبوردنی گشتی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراو لێژنەیەکی تایبەتمەند بۆ جێبەجێکردنی یاساکە پێکهێنرا لەئێستادا بەپێی ئامارێکی وەزارەت لەسەرجەم چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستاندا 896 سزادراوو بەیاسای لێبوردنی گشتی ئازادکراوون و تائێستاش پرۆسەکە بەردەوامی هەیە. کە 252 سزادراو لەچاکسازی گەورانی هەولێر و 305 سزادراو لەچاکسازی گەورانی سلێمانی و 221 سزادراو لەچاکسازی گەورانی دهۆک بەلێبوردنی گشتی ئازادکراووان.

لەبارەی ئەو سزادراوانەی لەچاکسازی ژنان و منداڵان بەلێبوردنی گشتی ئازادکراوون وەزیری کار وتی: لەچاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر 17 سزادراو و لەچاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی 60 سزادراو و لەچاکسازی ژنان و منداڵانی دهۆک 41 سزادراو ئازادکراوون.

بەپێی ئامارەکەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەکۆی 896 سزادراو کەبەلێبوردنی گشتی تا ئێستا ئازادکراوون، 776 سزادراو لە گەورانن و 26 سزادراو لەژنان و 92 سزادراو لە منداڵانن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 310

## تا ئێستا لە سووریا زیاتر لە 13 هەزار ژن و کچ کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041010353369250

بەهۆی شەڕ و توندوتیژییەکانی ئە و وڵاتەوە، لە سەرەتای درووستبوونی پشێوییەکانەوە تا ئێستا سێ هەزار و 614 کچ و نۆ هەزار و 321 کوژراون.
بەپێی هەواڵێکی بەشی کوردی سایتی ئەنادۆڵ، لە زاری ئیتیلافی نیشتمانیی ئۆپۆزسیۆنی سوریاوە بڵاوکردوەتەوە: لە دەستپێکی شۆرش و تووندو تیژییەکانەوە تا ئێستا، سێ هەزار و 614 کچ و نۆ هەزار و 321 ژن کوژراون.
بەدر جاموس، سکرتێری گشتیی ئیتیلافی نیشتمانیی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بە پەیامنێری ئاژانسی ئانادۆڵی ڕاگەیاندوە، بەپێی ڕاپۆرتی ئیتیلافەکە، لە دەستپێکی شۆرشی سوریاوە لە ی15 ئازاری 2011، لە ئاکامی هێرشەکانی ڕژێمی سوریا، سێ هەزار و 614 کچ و نۆ هەزار و 321 ژن کوژراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | سووریاSY |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 311

## تا ئێستا نزیکەی 50 کچ خۆیان بۆ شاجوانی کوردستان کاندید کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090121440988989

وا بڕیارە لە مانگی داهاتوداو دووەمین شاجوانی کوردستان لەلایەن کۆمپانیای "بابیلۆن" بە هاوکاری دەستەی گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێم هەڵبژێردرێت و تا ئێستا نزیکەی 50 کچ بۆ ئەو مەبەستە فۆرمیان پڕکردۆتەوە و کاندیدن بۆ پێشبرکێکە.
بەپێی زانیارییەکان تا ئێستا کە نزیکەی مانگێک بۆ ئەنجامدانی فێستیڤاڵەکە ماوە، نزیکەی 50 کچ فۆرمیان پڕکردۆتەوە و بۆ بوون بە شاجوانی کوردستان کاندیدن، ئەو پێشبرکێیەش لە چوارچێوەی ئەنجامدانی یەکەمین فێستیڤاڵی بازرکاریی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆمپانیای "بابیلۆن" ئەنجام دەدرێت.
شیاوی وتنە ساڵی رابردوو یەکەمین شاجوانی کوردستان هەڵبژێردرا ئەویش خاتوو "شێنێ عەزیز" بوو کە نازناوەکەی بردەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی نێوەند - 2013-09-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 312

## تائێسا 900 ژن و کچی ئێزدی ڕزگارکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032016461884934

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ژمارەی ئەو ژن و کچە ئێزدییانەی لەژێر چنگی داعشدا ماون، نزیکەی 3000 ژن و کچ دەبن و تائێسـاش 900 ژن و کچی ئێزدی ڕزگارکراون، وێڕای هەوڵە

بەردەوامەکان بۆ رزگارکردنییان، ئاماژەی بە نادیاریی چارەنوسی ئەو ئێزیادنەکرد کە لەلایەن ئەو رێکخراوە تیرۆریستەوە، رفێنراون .
د. دیندار زێباری سەرۆکی لیژنەی وەڵامدانەوەی راپۆرتە جیهانییەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: "ژمارەی ئەو ژن و کچە ئێزدییانەی لەلایەن چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە رفێنراون، دەگەنە نزیکەی 3000 ژن و کچ، بەڵام وێڕای ئەو هەوڵانەی بۆ رزگارکردنیان خراونەتەگەڕ، تائێستا چارەنووسیان نادیارە."
وتیشی: "بەپێی زانیارییەکانی تایبەت بە کاروباری ئێزدییەکانی شەنگال، ژمارەی ئەو ژن و کچە ئێزدیانەی تائێستا لە چنگی رێکخراوی تیرۆریستی داعش رزگارکراون، 900 ژن و کچن ."
رێکخراوی تیرۆریستی داعش دوای ئەوەی لە مانگی ئابی ساڵی رابردوودا، دەستیان بەسەر قەزای شەنگالدا گرت، سەدان ژن و کچی ئێزدییان رفاند و بەپێی زانیارییەکانیش، ئەو ژن و کچە ئێزدییانە لەلایەن رێکخراوەکەوە، بەسەر چەکدارە تیرۆریستەکاندا لە عیراق و سوریا وەک سەبایا، دابەشکراون .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 20-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | تاوانی جەنگ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 313

## تائێستا 1922 چەکداری داعش لە سوریا کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042320553985146

روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، لە سەرەتای دەستپێکردنی ئە و هێرشە ئاسمانیانەی لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە لە مانگی ئەیلولی رابردووە لە سوریا ئەنجام دەدرێن، 2079 کەس کوژراون کە 66 کەسیان مەدەنین .
روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ کە بارەگاکەی لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیایە، ئاماژەی بە کوژرانی نزیکەی 1922 چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعش کردووە لە و هێرشانەدا و 90 چەکداری بەرەی نوسرەش کە باڵی رێکخراوی قاعیدەیە لە سوریا، بە هەمان شێوە لە و هێرشانەدا کوژراون .
سەبارەت بە قوربانیانی مەدەنیش لە و هێرشانەدا، ولایەتە یەکگرتووەکان رایگەیاندووە، بە شێوەیەکی جدی مامەڵە لەگەڵ ئە و راپۆرتانەدا دەکات کە باس لە کوژرانی مەدەنییەکان دەکەن و لێکۆڵینەوەش لە و رووەوە ئەنجام دەدات .
لە سەرەتای دەستپێکردنی ململانێکانی سوریا کە پێیان ناوەتە ساڵی چوارەمەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژەی بە کوژرانی نزیکەی 220 هەزار کەس کردووە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 23-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | تاوانی جەنگ |
| وڵات: | SYسووریا |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 314

## تائێستا 320 سکاڵای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان رەتکراوەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131016112818883O3

لە کۆی 450سکاڵای لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، 320 سکاڵایان رەتکراوەتەوە، "بەهۆی لاوازی سکاڵاکانەوە."
هێمن مامەند، ئاوێنەنیوز: سەرچاوەیەک لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەمڕۆ(چوارشەممە) بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، لە کۆی 450سکاڵای لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، 320 سکاڵایان رەتکراوەتەوە، "بەهۆی لاوازی سکاڵاکانەوە."
وتیشی، پێدەچێت ئەنجامی دەنگی لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکە، هەروەک ئەوەی راگەیەندراوە بمێنێتەوە و نەگۆڕێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 16-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 315

## تائێستا 85 هەزار کارمەند لەکەرتی تایبەت رەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014083110094970659

پەیوەند جەلال
بەهۆی دروستبوونی قەیرانی داراییەوە لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا، کۆمپانیا و کارگەکانی کەرتی تایبەت 85 هەزار کارمەندیان رەوانەی ماڵەوە کردووەتەوە و پێشبینیش دەکرێت تا کۆتایی ساڵ رێژەکە بگاتە 120 هەزار.
یاسین مەحمود رەشید، وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ خەندان رایگەیاند: دروستبوونی قەیرانی دارایی کاریگەری خراپی لەسەر کۆمپانیا و کارگەکانی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستاندا دروستکردووە، بەجۆرێک لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا بە ناچاری 85 هەزار کارمەندیان رەوانەی ماڵەوە کردووەتەوە.
ناوبراو مەترسی خۆیشی نیشاندا لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم قەیرانە کە ئەگەر تا کۆتایی ئەمساڵ بەردەوام بێت ئەوا رێژەکە دەگاتە 120 هەزار کارمەند کە رەوانەی ماڵەوە بکرێنەوە.
دروستبوونی قەیرانی دارایی لەهەرێمی کوردستان لەمانگی ئازاری ئەمساڵەوە دەستیپێکرد ئەوەش بەهۆی وەستاندنی بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەری عیراق، ئەویش تەنها مانگانە مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت لە و بودجەیە 850 ملیار دینار بوو، بۆیە حکومەتی هەرێم لە و کاتەوە تائێستا بەداهاتی نەوت و ناوخۆ مووچەی فەرمانبەران دابین دەکات کە بەهۆی ئە و قەیرانەوە مووچەش لەکاتی خۆیدا دوا دەکەوێت و سەرجەم پرۆژەکانی کەرتی تایبەتیش وەستاون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 31-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 316

## تائێستا 999 پێشمەرگە شەهید بوون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020410340884711

ئەمڕۆ (چوارشەممە) ئەمینداری گشتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ژمارەی شەهیدو بریندارەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و پاراستنی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند.
ئاوێنەنیوز: لە و کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا ئەمینداری گشتی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە جەبار یاوەر لەشەڕی دژی بەدەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بەداعش لە10/6/2014 تاوەکو 3/2/2015 واتا ماوەی 7 مانگ و 24 ڕۆژە 999 پێشمەرگە شەهیدو 4596 بریندار بوون.
جەبار یاوەر وتیشی "پێشمەرگە و هێزەکانی تری کوردستان بوونەتە تاکە هێز کە بەگەورەترین شێوە شەڕی داعش دەکەن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-02-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و ڕاپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 317

## تائێستا زیاتر لە 520 گۆری بەکۆمەڵ لە عیراقدا دۆزراونەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040217073267836

لیژنەی تەندروستی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ڕایگەیاند، لە ساڵی 2003وە تاوەکو ئێستا، نزیکەی 520 گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە، ڕونیکردەوە، کە 33 گۆڕیان لەماوەی ساڵی ڕابردوودا، دۆزراونەتەوە.
لە و بارەیەوە فارس برێفکانی سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "تائێستا بەشێوەیەکی فەرمی زیاتر لە 520 گۆڕی بەکۆمەڵ لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دۆزراونەتەوە."
ڕونیشکردەوە، "کە 33 گۆڕی بەکۆمەڵیش لەماوەی ساڵی ڕابردوودا و لە دوای داگیرکردنی چەند شارێکی عیراق لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، دۆزراونەتەوە ."
سەرۆکی لیژنەی تەندروستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق وتیشی: "لە ساڵی 2003وە تا 2014، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ لە بەغدا، نزیکەی 17 هەزار بێسەروشوێن هەن، داواشی لە هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ کرد، لەدوای ڕزگارکردنی هەر شارێکەوە، پارێزگاری لە رووفاتەکان بکەن تا بۆ مەبەستی دۆزینەوەی ناسنامەکانیان و وەرگرتنی زانیارییە تایبەتییەکانیان، بەشێوەیەکی ورد توێکارییان بۆ بکرێت."
داواشی لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کرد، بایەخ بە مەشق پێکردنی کادرەکانیان بدەن و سیستەمی کاری خۆبەخشی و پەرەسەندوو بۆ ناسینەوەی پەنجەمۆری بۆ ماوەیی پیادە بکەن و شێوازە نوێیەکان لە و بوارەدا بۆ ناسینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی قوربانییەکان، بەکاربهێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: IQئێراق
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 318
## تائێستا لە خورماتوو 120 کورد شەهید کراون
http://www.kurdipedia.org/?q=2013072920210689390

قایمقامی خورماتوو رایدەگەیەنێت یەک پێکهاتە لەقەزاکەیان نەکراوەتە ئامانج و پەلامارەکانیش زیانیان بەهەموو پێکهاتەکانی قەزاکەیان گەیاندوە و ئەگەر بەئاماریش قسە بکرێت ئەوا کورد لەهەموو لایەک زیاتر قوربانیداوە و زەرەرمەندی دەستی تیرۆر بووە.
لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ PUKmedia شەلال عەبدول قایمقامی خورماتوو پێی راگەیاندین: پێمان سەیرە هەندێ بەرپرسی پێکهاتەیەکی دیاریکراو دێنە سەر شاشەکانی تیڤی یان کۆنگرەی رۆژنامەیی ساز دەکەن و دەڵێن تەنها پێکهاتەی تورکمان دەکرێتە ئامانج.
وتیشی: بۆ وەڵامی ئەو لایەنانە بەپێویستی دەزانین ئامارێکی رووداوەکانی قەزاکە بخەینەڕوو و ئاشکرای بکەین کە لەساڵی 2003وە تائێستا لەقەزای خورماتوو 120 کورد شەهید کراون لەکاتێکدا لەتورکمان 99 کەس و لەعەرەبیش 87 کەس شەهیدکراون، ئەوەشی خستەڕوو: بەپێی ئەو ئامارە بۆ هەموو لایەک ئاشکرا دەبێت ئەگەر لەسەر بنەمای پێکهاتەش تەماشا بکەین ئەوا کورد لەهەموو لایەک زیاتر زەرەرمەند بووە.
شەلال عەبدول ئەوەشی بەنمونە هێنایەوە کە دوایین پەلاماری تیرۆریستی کە رۆژی یەکشەممە لەقەزاکەیان روویدا و هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتنی هەرێمی تێدا کرایە ئامانج، 9 کەس شەهیدبوون کە هەموویان کوردبوون، رۆژی پێشووتریش تیرۆریستان 14 شۆفێریان لەناوچەکە تیرۆر کرد هەموویان عەرەب بوون کەواتە تیرۆر کوا یەک پێکهاتەی کردۆتە ئامانج، بۆیە دەڵێین تیرۆر هەموو پێکهاتەکانی کردۆتە ئامانج و هەمووانیش لەتیرۆر زەرەرمەندبووین.
PUKmediaکەرکوک/ عومەر غەریب

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 319
## تانەر یڵدز: کوردستان 32.2 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەی بازاڕەکان کردووە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014123013480984450

انەر یڵدز، وەزیری وزەی تورکیا، لەمیانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەمڕۆ رایگەیاند عێراق لەرێگەی بۆرییەکانی نەوتی کوردستانەوە 32.2 ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەی بازاڕە جیهانییەکان کردووە.
یڵدز ئاماژەی بەوەشداوە ئەو قەبارەیە لەمانگی ئایارەوە دەستپێدەکات.

هاوکات لەبارەی ئامارە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە لەبەکاربردنی غازی سروشتی، یڵدز گوتی: "بەکاربردنی غازی سروشتی لە 2014 گەیشتۆتە 48 ملیار مەتر سێجا". پێشبینی ئەوەشی کردووە ساڵی داهاتوو قەبارەکە بۆ 51 ملیار مەتر سێجا بەرزبێتەوە.
هەرێمی کوردستان لەمانگی ئایار تاوەکو سەرەتای ئەم مانگە بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەندی بەغدا، لەرێگەی بۆرییە نەوتییەکانی خۆیەوە نەوتی لەرێگەی بەندەری جەیهانەوە گەیاندۆتە بازاڕەکانی جیهان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 30-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 320

## ترلیۆنێیک دینار بۆ خەرجی کۆمپانیاکانی نەوتی هەرێم تەرخانکرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013110412384688047

وەزارەتی دارایی عیراق ئاشکرایکرد، یەک ترلیۆن دینار لەبودجەی گشتی ساڵی 2014 تەرخانکراوە بۆ رەشنووسی بودجەی خەرجی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان .
فازڵ نەبی، بریکاری وەزیری دارایی عیراق بەخەندانی راگەیاند، " لەپارەی بودجەی گشتیی دەوڵەت بۆ ساڵی 2014، یەک ترلیۆن دیناری عیراقی بۆ خەرجی کۆمپانیاکانی بەرهەمێهێنانی نەوت لەهەرێمی کوردستان تەرخانکراوە"، وتیشی:" گەر خەرجی کۆمپانیاکان لە و برە زیاتر بوو کەتەرخانکراوە بۆی، ئەوا لەرێی کۆمپالەوە وەزارەتی دارایی ئەو برە پارەیە لە گەنجینە داوا دەکات ."

بەوتەی فازڵ نەبی، خەرجی کۆمپانیاکانی نەوتی هەرێم دەخرێتە بەر دەم لیژنە سێ قۆڵییەکە نەک وەزارەتی دارایی، دوای پێداچوونەوە پێیدا لەلایەن دیوانی چاودێریی دارایی، ئەوەشی خستەڕوو کە، لیژنە سێ قۆڵیەکە پێکهاتووە لە وەزیری دارایی و نەوت و سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی .
بودجەی گشتی عیراق بۆ ساڵی 2014 بە 174 ترلیۆن دینار دەستنیشان کراوە، دوای ئەوەی کورتهێنانی بودجە بە 30 ترلیۆن تەرخانکرا، هاوکات سەدا 93 بودجەی گشتی دەوڵەت پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت.
بودجەی گشتی عیراق لە 16 مانگی رابردوو خراوەتە بەردەست ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، بەڵام هێشتا بڕیار لەسەر بودجەکە نەدراوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 04-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 321

## تورکیا.. 62 رۆژنامەنووسی کورد لە زیندانەکاندان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014021209481324215

خەندان شاسوار مامە

بەپێی راپۆرتی ساڵای رێکخراوەکانی داکۆکی لە ئازادی رادەربڕین لە جهان، تورکیا لە پێشەنگی ئە و دەوڵەتانەیە کە پێشێلی مافی رۆژنامەنووسان دەکەن و زۆرترین رۆژنامەنووس زیندانی دەکەن، ئێستاش لە گرتووخانەکانی ئە و وڵاتەدا 162 رۆژنامەنووسی کورد زیندانی کراون.
خەیرەدین چەلیک، سەرۆکی کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی ئازاد لە باکووری کوردستان بە خەندانی راگەیاند: لە ئێستادا 62 رۆژنامەنووسی کورد لە زیندانەکانی حکومەتی تورکیادا هەن و لە کۆی ئە و ژمارەیە 19یان لە چوارچێوەی دۆسیەی کەجەکە دەستگیرکراون لە ساڵی 2011.
وتیشی: "تورکیا بۆ رۆژنامەنووسان مەترسیدارە و بەتایبەت رۆژنامەنووسانی ئازاد ئەوانەی لەگەڵ دەوڵەت نین پێشێلکارییان بەرامبەر دەکرێت."
چەلیک ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ رۆژنامەنووسانیش سیاسییانە مامەڵە دەکات و کاتێک رۆژنامەنووسێک بابەتێکی رۆژنامەوانی ئامادە دەکات و بەدڵی دەوڵەت نییە، ئەوا مامەڵەیەکی سیاسیانەی لەگەڵ دەکەن و دۆسیەیەکی سیاسی بۆ دروست دەکەن و لە چوارچێوەی پرسێکی سیاسیدا رووبەڕووی دادگای دەکەنەوە و سزای توندی بەسەردا دەسەپێنن، یاخود تووشی چەندین جۆری دیکەی پێشێلکاری دەکەنەوە .
خەیرەدین چەلیک، هێما بۆ ئەوەش دەکات: رۆژنامەنووسانی کورد لە تورکیا زۆرترین پێشێلکارییان بەرامبەر دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-02-12

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 322

## تورکیا... قەدەغەی سەر کتێبەکانی ئۆجالان و نازم حیکمەت هەڵگیرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122413200887094

بەپێی بڕیاری دادگای تورکیا قەدەغە لە سەر کتێبەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان و نازم حیکمەت و چەندین نووسەر و سیاسەتمەداری دیکە هەڵگیرا.
یاسای قەدەغەکردنی کتێب و رۆژنامەکان لە تورکیا، ساڵی 1952 دەرچووە و بە هۆیەوە بیست و دوو هەزار و 600 کتێب، رۆژنامە و بڵاوکراوە لە لیستی قەدەغە کراوەکان دەرهێنران.
لە چوارچێوەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایەدا، قەدەغەی سەر دوو هەزار و 221 کتێب لە نێوانیاندا کتێبەکانی عەبدوڵڵا ئۆجالان، نازم حیکمەت، دورسون کاراتاش، یاڵچین کوچەک، دۆغو پەرینچەک و ئایەتوڵا خومەینی قەدەغەیان لەسەر هەڵگیرا.
لە چوارچێوەی سێیەمین پاکێجی دادوەریی دا، 11ی کانوونی یەکەمی ساڵی 2011 مادەیەک لە سەر یاسای راگەیاندن زیاد کرا و ئەو مادەیە لە پێنجی تەمموزی ساڵی 2012 خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.
بۆ ئامادەکردنی ئەو یاسایە بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیەتی تورکیا هەوڵێکی زۆریدا، لە چوارچێوەی ئەو هەوڵدانانەدا یەک بە یەکی کتێب، رۆژنامە و بڵاوکراوە قەدەغەکراوەکانی هەڵسەنگاند .
دوای پەسەندکردنی ئەو یاسایە نامەیەکی لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو کتێبانە ئاراستەی دامودەزگا ئیدارىی و دادوەرییەکان کرد.
بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنیەت هەموو ئەو تۆمارانەی کە لە ساڵی 1952 تا ئەمڕۆ هەڵیگرتبوون، لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری قەدەغەکردنی کتێب و رۆژنامەکان، لەگەڵ لیستی ناوی 23 هەزار کتێب، رۆژنامە و بڵاوکراوەی ئاراستەی دادگاکان کرد و ئەوەی لێ پرسین ئایا لە بارەی ئەو کتێب، رۆژنامە و بڵاوکراوانە بڕیارێکی نوێ هەیە یا نا؟.
دوای هەڵسەنگاندنی نامە و لیستەکەی ئەمنییەت لە لایەن بەشی تاوانی راگەیاندن لە دادگای باڵا، دادگایش ئاماژەی بەوەدا لەو 23 هەزار کتێب، رۆژنامە و بڵاوکراوانەدا قەدەغەی سەر 402 کتێب، رۆژنامە و بڵاوکراوە بەردەوامە، بەڵام قەدەغەی سەر 22 هەزار و 600 کتێب، رۆژنامە و بڵاوکراوە هەڵوەشێنراوەتەوە.
لە چوارچێوەی یاسای قەدەغەکردنی کتێب، رۆژنامە و بڵاوکراوە دوو هەزار و 336 کتێب قەدەغە

کرابوون، بەڵام دادگا بڕیاری دەرکرد کە قەدەغەی سەر 115 کتێب بەردەوامە و ئەوانەی دیکەیان سەربەستن.
لە نێو ئەو کتێبانەی قەدەغەیان لەسەر هەڵگیرا، سێ کتێبی عەبدوڵڵا ئۆجالان، نووسراوە گۆڵێژێرەکانی دورسون کاراتاش، کتێبێکی عەبدولرەحمان کاراکۆچ، کتێبێکی یالچین کوچەک، کتێبێکی نازم حیکمەت، کتێبێکی ماهیر چایان، کتێبێکی دۆغو پەرینچەک و کتێبێکی سەید قوتب.
زۆربەی ئەو کتێبانە لە سەردەمی 1980 قەدەغە کرابوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 323

## تورکیا، هێزە ئەمنیەکان دەستدرێژیان کردۆتە سەر 360 ژن و منداڵی کورد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112608004887621

لەماوەی (15) ساڵی رابردووشدا 409 ئەندامی هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورکیا دەستدرێژیان کردۆتەسەر (363) ژن و منداڵ.
بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی"فورات نیوز".بەپێی زانیارییەکان لە ساڵی 1997 ەوە تا 2012، (363) ژن و دەیان منداڵ ڕووبەڕووی دەستدرێژی و دەستهاویشتنی سەرباز، پۆلیس و تیمی تایبەتی تورک بونەتەوە.
لە درێژەی ئەو هەواڵەدا هاتووە، بەپێی راگەێنراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی تورکیا کە لە میدیاکانی خۆیاندا بڵاویان کردۆتەوە، لەماوەی (15) ساڵی رابردوودا (241) پۆلیس، (91) سەرباز، (17) تیمی تایبەت، (15) جاش و (45) پاسەوانی تایبەت لە کات و شوێنی جیاجیادا و بەتایبەتیش لە هەرێم و شارەکانی باکوری کوردستاندا دەستدرێژیان کردۆتە سەر (363) ژن و دەیان منداڵ.
بۆ نموونە سەربازانی سوپای تورکیا لە چەولیک دەستدێژیان کردە سەر منداڵێکی (16) ساڵی بەناوی (ی.ئ)، لەسەر ئەو ڕوداوە (4) سەرباز دەستبەسەرکران، بەڵام دوای لێپرسینەوە سەربازەکان ئازاد کران وێرای بونی بەڵگە لەسەر تاوانەکانیان .
لە مانگی شوباتی ساڵی 2013 دا لە گوندی خانکا شەندۆ ژنێکی گەنج بەناوی (ن.ف) دوای ئەوەی کە لەلایەن جاشێکەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر بە کوژراوی دۆزرایەوە. سەرەڕای ئاشکرابوونی جاشەکەش بەڵام بە فەرمانی داواکاری گشتی بەهیچ شێوەیەک رێگە بە دادگایی نەدرا.
یەکێک لە و منداڵانەی کە لە ساڵی 2008 دەستبەسەرکرا (ت.ت) بوو تەنیا بەهۆی ئەوەی کە بەردی گرتۆتە پۆلیس لە زیندان توند کرا. بەڵام لە زیندانیشدا لەلایەن پۆلیسەوە دەستدریژی کرایە سەر. ئەو کاتەی گیرا (16) ساڵی بوو، (ت.ت) ئێستا لە ریزەکانی گەریلادایە لە چیاکانی کوردستان و دەڵێ سەدان منداڵ هەن لە زیندانەکان ڕووبەڕووی دەستدرێژی و ئەشکەنجە دەبنەوە، تەنیا لەبەرئەوەی کە رەتی دەکەنەوە سیخوری بەسەر هاورێکانیانەوە بکەن .
هەروەها لەناوچەی گرێ سۆری ڕوحا کەسێک بەناوی (ج. ب) ی (65) ساڵی کە پێشتر لە ناوچەکە لەنێو ئەنجومەنی شارەداری بووە، دەستدرێژی کردۆتە سەر (4) منداڵ و هەرزەکار. ئەو منداڵانەی کە دەستدرێژی کردۆتە سەریان، هەڕەشەی لێکردوون کە نابێ ڕوداوەکە ئاشکرا بکەن لە کاتێکدا کە ئەو کردەوە نامرۆییانەی بۆ ماوەی (2) مانگ لەسەر یەک درێژە پێداوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 26-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 324

## توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە سنووری ڕاپەڕین لە بەرزبوونەوەدایە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140803100018237 83

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، 283 حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ژنان لە سنووری ڕاپەڕین تۆمارکراون، کە تیایدا 14 حاڵەتی سوتان و خۆسوتاندن، 86 حاڵەتی شەڕکردن و لێدان، 58 حاڵەتی هەڕەشەلێکردن و 10 حاڵەتی دەرمانخواردکردن بەدیدەکرێن.
هاوکات لەکۆی 13 ڕووداوی کوشتن کە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لەسنووری بیتوێن و پشدەر تۆمارکراون، دوان لە قوربانییەکان ژن بوون.
بەدواداچوونێکی خەندان دەریخستووە، لەمساڵدا ڕووداوەکانی پەیوەست بە توندوتیژی دژ بە ژنان لەسنووری ڕاپەڕین زیادیکردووە، بەوپێیەی لە 12 مانگی ساڵی ڕابردوو، 272 ڕووداو تۆمارکراون، بەڵام ئەمساڵ تەنها لە شەش مانگدا 283 ڕووداو لە ناوچەکەدا هەبووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-08-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | ڕانیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 325

## توندوتیژی بەرامبەر ژنان نزیکەی پێنج ئەوەندەی ساڵی ڕابردوو زیادی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130530165631784 45

هەولێر،:ئاوێنەنیوز: بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، کە لە سایتی وارڤین بڵاوبۆتەوە، تەنها لە مانگی نیسانی ڕابردوودا، لە هەرێمی کوردستان (19) ژن کوژراوون و(10) ژن خۆیان کوشتووەو (125) ژنیش سووتاونو خۆیان سووتاندووە، ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێم بانگەشەی باشتربوونی ڕەوشی ژنان لە هەرێمی کوردستان دەکاتو بە گوێرەی ئامارەکە ژمارەی حاڵەتەکان نزیکەی پێنج ئەوەندەی ساڵی ڕابردوو زیادیان کردووە.
هەر لەو ئامارەدا هاتووە، لە مانگی نیسانی (2013)دا، لە هەولێر زۆرترین حاڵەتی ژن کوشتن تۆمار کراووە، تەنیا لەو مانگەدا (11) ژن کوژراوون و (6) ژن خۆیان کوشتووە، هەروەها لە هەولێری پایەختی هەرێمی کوردستاندا، کە قورسایی دامودەزگا ئیدارییەکانی حکومەتی لێیە، لە ماوەی ئەو مانگەدا (607) حاڵەتی توندوتیژی تۆمار کراوون، ئەمە لە کاتێکدایە ساڵی ڕابردوو لە هەمان مانگدا (112) حاڵەت هەبووە، بە مانایەکی دیکە توندوتیژییەکان لە هەولێر شەش ئەوەندەی ساڵی ڕابردوو زیادیان کردووە.
بە گوێرەی ئامارەکە، حاڵەتەکانی توندوتیژی بەم شێوەیە:
هەولێر:
لە سنووری پارێزگای هەولێر زۆرترین حاڵەتی ژن کوشتن تۆمارکراوون و کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژیش (607) حاڵەت بووە، ئەوانیش بەم شێوەیەن:
کوشتن (11) حاڵەت، خۆکوشتن (6)، سووتان (34)، خۆسووتان (16)، سکاڵا (536)، دەستدرێژی سێکسی (4).
سلێمانی:
لە ڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی دەستدرێژی سێکسی، ئەو پارێزگایە لە ریزی پێشەوەی پارێزگاکانی هەرێمە و کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی (446) حاڵەت بووە، بەم شێوەیە:

کوشتن (2) حاڵەت، خۆکوشتن (2)، سووتان (17)، خۆسووتان (3)، سکاڵا (399)، دەستدرێژی سێکسی (23)، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا، لە سلێمانی تۆمارکردنی حاڵەتی خۆ سووتان کەمترینە و دەستدرێژی سێکسی زۆرترینە.
دهۆک:
کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی لە سنووری ئەو پارێزگایەدا (336) حاڵەت بووە، بەم شێوەیە:
کوشتن (4) حاڵەت، خۆکوشتن (0)، سووتان (9)، خۆسووتان (21)، سکاڵا (294)، دەستدرێژی سێکسی (8).
ئیدارەی گەرمیان:
کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی لە سنووری ئیدارەی گەرمیاندا، (136) حاڵەتە و دابەشبوون بەسەر ئەم شێوازانەی توندوتیژیدا:
کوشتن (1) حاڵەت، خۆکوشتن (2)، سووتان (5)، خۆسووتان (4)، سکاڵا (123)، دەستدرێژی سێکسی (1).
ئیدارەی راپەڕین:
کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی لە سنووری راپەڕیندا، (190) حاڵەتە و دابەشبوون بەسەر ئەم شێوازانەی توندوتیژیدا:
کوشتن (1) حاڵەت، خۆکوشتن (0)، سووتان (11)، خۆسووتان (5)، سکاڵا (156)، دەستدرێژی سێکسی (17).
کۆی گشتی حاڵەتەکانیش لە ناوچە جیاجیاکاندا (1715) حاڵەتە بەم شێوەیە:
کوشتن (19)، خۆکوشتن (10)، سووتان (76)، خۆسووتاندن (49)، سکاڵا (1508)، دەستدرێژی سێکسی (53).
جێی سەرنجە، لە ساڵی رابردوودا، لە ئاماری بەڕێوبەرایەتیەکەدا، حاڵەتەکانی (ئەشکەنجەدان) بڵاو کرابوونەوە، بەڵام لە ئاماری ئەمساڵدا بڕگەی حاڵەتەکانی ئەشکەنجەدان تۆمار نەکراوون.
لە مانگی نیسانی ساڵی رابردوو (2012) کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی (367) حاڵەت بووە، بەم شێوەیە بووە:
کوشتن (1)، خۆکوشتن (4)، سووتان (31)، خۆسووتاندن (10)، ئەشکەنجە (90)، سکاڵا (218)، دەستدرێژی سێکسی (13)، کۆی گشتی (308).
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 30-05-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 326

## تووشبوون بە نەخۆشی سیل لە هەرێم لە ژێر پێوەرە جیهانیەکانە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052012182376378

ڕێکخراوی UNDP ئاستی خزمەت گوزاری چارەسەری نەخۆشی سیل لەهەرێم بەرزدەنرخێنێت لەپێناو باشترکردنی رەوشی تەندروستی بەتایبەت چارەسەری نەخۆشیەکانی سیل لەکوردستان و وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمیش رایدەگەیەنێت، نەخۆشی لە هەرێم لە ژێر پێوەرە نێودەوڵەتیەکانە.
بەگوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، ئەمڕۆ سێشەممە 20-5-2014 لەشاری هەولێر د. رێکەوت حەمەرەشید وەزیری تەندروستی بەئامادەبونی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر پێشوازی کرد لە وەفدێکی رێکخراوی.UNDP
لە دیدارێک باس لەرەوشی تەندروستی هەرێم کرا و لەلایەن خۆیانەوە وەفدی میوان ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی هەرێمی کوردستانیان بەرزنرخاند کەلەماوەی رابردوو توانراوە لەتەواوی سێکتەرەکان پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت.
لەبەرامبەردا د. رێکەوت حەمەرەشید، وەزیری تەندروستی کورتەیەکی لەبارەی نەخۆشی سیل بۆ

ئامادەبوان خستەروو و هەروەک دووپاتی کردەوە کەوەزارەت لەهەوڵی بەردەوامدایە لەرێگەی دابینکردنی پێداویستی و دەرمانی تایبەت بە نەخۆشی سیل بەئامانجی بنبڕکردن و چارەسەر کردنی توشبونی ئەم نەخۆشیە.
دواتر وەفدی میوان رۆڵ و ئەرکی وەزارەتی تەندروستیان بەرزنرخاند لەبەرامبەر ئە و پێشکەوتنانەی کەلەبواری تەندروستی هێناویەتە ئاراوە لەرێگەی پێدانی چارەسەری پزیشکی پێشکەوتوو بەتوشبوانی نەخۆشی سیل، هەروەک راشیانگەیاند، بەپێیی ئامار و بەدواداچونی رێکخراوەکەمان ئاست و رێژەی توشبوان لەهەرێم لەژێرپێوەرە جیهانیەکانە و ئە و خزمەت گوزاریە تەندروستیانەی پێشکەش دەکرێن لەئاستێکی باشدایە بەتایبەت لەشاری سلێمانی و هەولێر، بۆ ئەمەش دوپاتیان کردەوە کەئامادەی تەواوی هاوکاری و پاڵپشتیەکەن لەرێگەی کردنەوەی خول و راهێنانی پزیشک و ستافی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی نەخۆشی سیل لەهەرێم.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 20-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 327
## تۆری (عەین) ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکانی ڕاگەیاند
http://www.kurdipedia.org/?q=20140501152359100512
ۆری (عەین) کە لەزۆربەی ناوەندەکانی هەڵبژاردن لەعێراقدا نوێنەریان بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکانی دوێنێ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەبوو، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەشاری بەغدا رێژەی دەنگەکانی ئاشکرا کرد بەمشێوەیەی خوارەوە.
ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
هەولێر
پارتی دیموکراتی کوردستان 45% دەنگەکانی بەدەستهێناوە
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 20% دەنگەکانی بەدەستهێناوە
بزوتنەوەی گۆران 18% دەنگەکانی بەدستهێناوە
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان 8% دەنگەکانی بەدەستهێناوە
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان 5% دەنگەکانی بەدەستهێناوە
سلێمانی
بزوتنەوەی گۆران 49% دەنگەکانی بەدەستهێناوە
یەکێتی 30% دەنگەکانی بەدەستهێناوە
لەسەدا بیستی دەنگەکان لیستەکانی تر بەدەستیانهێناوە
کەرکوک
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 42% ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە
لیستی ئەلعەرەبییە 15% ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە
عەرەبی کەرکوک 10% دەنگەکانی بەدەستهێناوە
پارتی دیموکراتی کوردستان 6% ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە
لیستی نیشتیمانی - ئەیاد عەلاوی 8% ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە
بەرەی تورکمانی 12% ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە
لیستەکانی تر 7%
دهۆک:
پارتی دیموکراتی کوردستان 70 %
یەکگرتووی ئیسلامی 15%
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 8%

لیستەکانی تر 7%
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 328

## تۆڕی (عەین) راپرسی دەنگدانی پێنج کاتژمێری یەکەم ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140430144509760224

تۆڕی عەین لە عیراق بۆ چاودێری هەڵبژاردن، ئەمڕۆ 30 نیسان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، رێژەی دەنگدانیان لە چەند شار و شارۆچکەیەکی کوردستان و لە سنوری پارێزگاری سلێمانی و دەوروبەری بڵاو کردۆتەوە، کە لە کاتژمێر 7:00 سەر لە بەیانیەوە تاوەکو 12:00 نیوەڕۆ لە خۆ دەگرێت.
ئەم تۆرە بەجۆرێک راپرسییەکەیان ئەنجامداوە، کاتێک خەڵکی لە دەرگای دووەمی بنکەکان و پاش دەنگدانیان هاتونەتە دەرەوە راپرسیەکەیان لەگەڵ کراوە.بەڵام تا ئێستا ئەم راپرسیە فەرمی نییە.
لە بارەی ئە و راپرسیەوە سەرچاوەیەکی تایبەت لە تۆری(عەین) بە خەندانی راگەیاند"پاش تەواو بوونی ئەم راپرسیە کە لە هەموو پارێزگاکانی عیراقدا کراوە، رەوانەی بنکەی سەرەکی تۆری (عەین) لە بەغدا کراوە"
وتیشی، نیوەی دووەمی ئەم راپرسیە دوای تەواوبوون و داخستنی بنکەکانی دەنگدان ئاشکرا دەکرێت.
قەڵادزێ
هاوپەیمانی نیشتیمانی: سفر%
پارتی دیموکراتی کوردستان: 3%
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: 14%
بزوتنەوەی گۆڕان: 8 %
کۆمەڵی ئیسلامی: 1 %
یەکگرتووی ئیسلامی: 2 %
کفری
هاوپەیمانی نیشتیمانی: 1%
پارتی دیموکراتی کوردستان: 7%
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: 45%
بزوتنەوەی گۆڕان: 30%
کۆمەڵی ئیسلامی :
یەکگرتووی ئیسلامی: 3%
کەلار
هاوپەیمانی نیشتیمانی: 1%
پارتی دیموکراتی کوردستان: 8 %
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: 39%
بزوتنەوەی گۆڕان: 49%
کۆمەڵی ئیسلامی: 2%
یەکگرتووی ئیسلامی: 8%
بزوتنەوەی ئیسلامی: 1%
دەربەندیخان
هاوپەیمانی نیشتیمانی: 4%

پارتی دیموکراتی کوردستان: 2%
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: 5%
بزوتنەوەی گۆران: 25%
کۆمەڵی ئیسلامی :
یەکگرتووی ئیسلامی: 3%
بزوتنەوەی ئیسلامی:
سەید سادق
هاوپەیمانی نیشتیمانی:سفر%
پارتی دیموکراتی کوردستان: 6%
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: 15
بزوتنەوەی گۆران: 6%
کۆمەڵی ئیسلامی: 1%
یەکگرتووی ئیسلامی: 2%
ژاراوە
هاوپەیمانی نیشتیمانی:4%
پارتی دیموکراتی کوردستان: 8%
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: 22%
بزوتنەوەی گۆران: 35%
کۆمەڵی ئیسلامی: 3%
یەکگرتووی ئیسلامی: 2%
حاجیاوا
هاوپەیمانی نیشتیمانی:1%
پارتی دیموکراتی کوردستان: 12%
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان: 36%
بزوتنەوەی گۆران: 52%
کۆمەڵی ئیسلامی:4%
یەکگرتووی ئیسلامی: 1%
بزوتنەوەی ئیسلامی: 1%
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 329

## تیرۆری سپی لەگەرمیان ئەمساڵ 238 قوربانی لێکەوتۆتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130905121946889l6

پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان ئاشکرایدەکات، لە 222 رووداوی هاتوچۆدا لەگەرمیان ئەمساڵ 238 کەس بونەتە قوربانی، هاوکات هێما بەکەمبونەوەی رووداوەکانی هاتوچۆ دەکات بەبەراورد بە 8 مانگی ساڵی رابردو.
ئاودێر محەمەد، گەرمیان: بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان، کارزان مەجید، ئەمڕۆ، پێنجشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، لەماوەی 8 مانگی ئەمساڵدا لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان 222 رووداوی هاتوچۆ رویداوە کە بەبەراورد بەساڵی پار رووداوەکانی پێکداادان و وەرگەڕان و شێلان کەمی کردوە کە ساڵی رابردو 408 رووداو بوە.

ئاشکراشیکرد، لەمساڵدا 28 کەس بەهۆی روداوەکانی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە و 210 کەسیش بریندداربون.
کارزان مەجید، رونیکردەوە، ڕێژەی قوربانیەکانیش بەبەراورد بەساڵی رابردو کەمیکردوە.
بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی هاتوچۆی گەرمیان هوشیاری خەڵک و هەوڵەکانی پۆلیسی بەهۆکاری کەمبونەوەی روداوەکان لەقەڵەمدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 05-09-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: رووداوی هاتووچۆ
شارەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 330

## تەقەی لایەنگرانی یەکێتی و پارتی لەکەرکوک 19 بریندداری لێدەکەوێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140411084949794

بەهۆی تەقەکردنی لایەنگرانی یەکێتی و پارتی لەکەرکوک 19 کەس برینداردەبن و بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەکەش دەستگیرکردنی 25 چەکداری بانگەشەکار رادەگەیەنێت.
کەرکوک، ئاوێنەنیوز: بەپێی دواین ئامار کە لەسەرچاوەیەکی ئەمنیەوە ئەمڕۆ پێنجشەممە، دەست ئاوێنەنیوز کەوتوە، تائێستا 19 کەس بەهۆی تەقەی شەوانەی لایەنگرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەکەرکوک بریندداربون و ڕێژەکەش تادێت رو لەهەڵکشانە.
بەپێ ئە و زانیاریانەی لای ئاوێنەنیوزە بەشێک لەهێزەکانی ئاسایش و پاسەوانەکانی کۆمیتە و ناوچە و ڕێکخراوەکانی یەکێتی و پارتی بەشداری تەقەکردنی شەوانەی شارەکە دەکەن.
بەڵام هەڵکەوت عەبدوڵڵا، بەرپرسی ئاسایشی یەکێتی لەکەرکوک بەئاوێنەنیوزی وت، هێزەکانی ئەوان تەقەیان نەکردوە و ئەگەر زانیاری هەبێت لەسەر ئەوەی کە هێزەکانی ئاسایش تەقەیان کردوە، ئەوە ئەوان ئامادەن دەستگیری بکەن.
چەند هاوڵاتییەک لەگەڕەکی رەحیم ئاوا بەئاوێنەنیوز-یان ڕاگەیاند، وەک شەوانی رابردو ئەمشەویش لەبەرچاوی دەزگا ئەمنییەکان چەند چەکدارێک دەستیان بەتەقەکرد بەبێ ئەوەی لێپێچینەوەیان لەگەڵدابکرێت.
لەکاتێکی پێشتری ئەمڕۆدا لیوا جەماڵ تاهیر، بەڕێوبەری گشتی پۆلیسی کەرکوک رایگەیاند، شەوی رابردو بەهۆی تەقەکردنەوە 25 کەسیان دەستگیرکردوە و بەوتەی ئەو، تەقەکەرەکان کوردن و سەر بەپارتێکی سیاسی کوردن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 331

## تەمموز خوێناویترین مانگ بوو بۆ کەرکوکیەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013073115580989363

مانگی تەمموزی ئەمساڵ جگە لەگەرما پروکێنەکەی، دۆخێکی ئەمنی گەرم و ناهەمواریشی بەدوای خۆیدا هێنا، کە بوە مانگی قوربانی بۆ کەرکوکیەکان، تەنها لە25 رۆژی ئەم مانگەدا (واتە تا 7/25) زیاتر لە256 قوربانی هەبوە، 79 کوژراوو 177 بریندار.
ئا: سۆران کامەران
لەمبارەیەوە ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی تورکمانی نەجات حوسێن بەئاوێنەی راگەیاند "زۆرجار گلەیی ئەوەمان لێدەکرێت، بەڵام لەماوەکانی رابردو ئێمە داوامان کرد لەئەنجومەن بۆ بانگێشتکردنی بەرپرسە ئەمنێکان و مناقشەمان کرد تا لیوا جەمال بەڕێوبەری پۆلیسی کەرکوک وتی، من بەرپرسیارێتی هەندێ لەتێکچونی دۆخەکە دەگرمە ئەستۆ و دەستلەکاردەکێشمەوە. بەڵام بۆ رۆژی دواتر بابەتەکان گۆرا، وەک دەزانن ئەنجومەنی پارێزگا زۆربەی کوردە و ئێمە داوای گۆرانکاریمان کرد لەبەرپرسە ئەمنیەکان بەڵام بەداخەوە حیزبە سیاسیەکان رازی نەبون."
لەلایەکی دیکەوە ئەرشەد ساڵحی سەرۆکی بەرەی تورکمانی لەکەرکوک بەرپرسیارێتی رژانی خوێنی هاوڵاتیانی شارەکەی خستە ئەستۆی سەرۆکی لیژنەی ئەمنی کەرکوک نەجمەدین کەریم و فەرماندەی پۆلیسی کەرکوک لیوا جەمال تاهیر.
ساڵحی وتی "پۆلیسی کەرکوک خاوەنی 15 هەزار پۆلیسە بەڵام نەبلاوبونەتەوە و نەپلانیان هەیە."
لەبەرامبەردا ئەندامێکی کوردی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەحمەد عەسکەری بەئاوێنەی راگەیاند ئەم بارودۆخە سەرەتایە بۆ هاوینێکی گەرم کە ئەمە شەڕێکی تائیفیە، بەڵام رانەگەیەنراوە، ئەو وتی "ئەگەر کردەوەکانی چەند رۆژی رابردو هەڵبسەنگێنی دەزانی بەچ شوێنێکدا دەڕوات و کێ کردویەتی بەرامبەر بەکێ."
وتیشی "هەڵاتنی زیندانیانی تاجی و ئەبو غرێب هۆکارێکی دیکەی تێکچونی دۆخەکەن لەکەرکوک و شەڕەکە ئەمجارە رو لەشەڕی تائیفیە نەک ئیرهاب."
هەرچەندە لەم مانگەدا ساڵیادی هاتنەسەرکاری حیزبی بەعس بو لەعێراقدا و هەندێ لەچاودێران پێیانوایە ئەو کردەوانە دەستی بەعسێکانی تێدایێت بۆ نیشاندانی هێزی خۆیان، عەسکەری وتی "کە کێشەکان لەبەغدا لەنێوان سوننە و شیعە دەبێت، رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پارێزگاکانی دیکە بەگشتی و کەرکوکش بەتایبەتی، هەروەک چۆن ئەگەر ململانێ لەنێوان هەرێم و ناوەند هەبێت رەنگدانەوەی لەکەرکوک دەبێت، چونکە هەمو ئەوانە بەشیان هەیە لەکەرکوک
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-07-31

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 332

## تەندروستی سلێمانی ئاماری ساڵی 2013 ی نەخۆشو نەخۆشخانەکان دەخاتەڕوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2013123116373886997

بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی ئاماری ئەمساڵی نەخۆش و چالاکیە تەندروستیەکان لەشارەکە راگەیاند و رونیدەکاتەوە، لەساڵی 2013 زیاتر لە 33 هەزار منداڵ لەدایکبون و نزیکەی 3600 کەسیش گیانیان لەدەستداوە، ئاشکراشیدەکات، توشبون بەشێرپەنجە بەبەراورد بەوڵاتانی جیهان رێژەکەی کەمترە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری فەرمانگە تەندروستی سلێمانی، د. میران محەمەد، ئەمڕۆ

سێشەمە، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لەساڵی 2013 رێژەی لەدایکبون لەپارێزگای سلێمانی لەنەخۆشخانە حکومییەکان 27 هەزارو 909 کەس بوە و لەنەخۆشخانە ئەهلییەکانیش پێنج هەزارو 839 منداڵ بوە.
ئاماژەشیدا، لەکۆی ژمارەی لەدایکبوان 14 هەزارو 212 یان نێربون و 13 هەزارو 697یان مێ بون کە لەنێویاندا 312 حاڵەتی لەدایکبونی منداڵی دوانە و 19 حاڵەتی لەدایکونی سیانە و یەک حاڵەتی لەدایکبونی چوارە تۆمارکراوە.
دەربارەی ئاماری گیان لەدەستدان رایگەیاند، لەمساڵدا ئەوەی لای ئەوان تۆمارکراوە گیان لەدەستدانی سێ هەزارو 584 کەس بوە کە لە و ژمارەیە 287 یان بەهۆی روداوەکانی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە و 166یشیان بەهۆی ئاگرکەوتنەوە بوە.
د. میران رایگەیاند، لەساڵی 2013دا 1924 حاڵەتی توشبون بەنەخۆشی شێرپەنجە لەنەخۆشخانەی هیوا تۆمارکراوە کە توشبوانی شارەکە و ناوچەکانی تری هەرێم و پارێزگاکانی تریش دەگرێتەوە .
ئاشکراشیکرد، بەبەراورد بەوڵاتانی پێشکەوتو رێژەی توشبون بەشێرپەنجە کەمە، بەجۆرێک لەنێو ئافرەتاندا لەنێو هەر 16 کەسێک یەک حاڵەتی توشبون بەشێرپەنجەی مەمک هەبوە لەکاتێکدا لەهەندێک وڵاتدا رێژەکە حەوت بۆ یەکە.
سەبارەت بە و کەسانەی سەردانی نەخۆشخانەی دەرونیان کردوە بەڕێوەبەی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی رایگەیاند، 30 حاڵەتی ئافرەتان و 50 حاڵەتی پیاوان لەنەخۆشخانە دەرونییەکان تۆمارکراون.
هاوکات لەسنوری پارێزگای سلێمانی یەک هەزارو 74 نەخۆشی تالاسیمیا تۆمارکراوە و سەنتەری شەکرە و کوێرە گلاندەکانیش توشبونی 16 هەزارو 885 نەخۆشیان تۆمارکردوە.
بەوتەی د. میران محەمەد، ئە و ئامارانە سەرجەمی ئە و نەخۆشخانە دەگرێتەوە کە رویان لەنەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکانی سلێمانی و دەوروبەری کردوە لەهاوڵاتیانی پارێزگای سلێمانی و هاوڵاتیانی شار و ناوچەکانی دیکەش.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 31-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 333

## تەندروستی کەلار: لەمانگێکدا 36 شوێن سزادراون و 7 شوێنیش داخراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120121193578103

رۆژنیوز دلێر عەبدولڕەحمان
وتەبێژی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار سزادانی 36 شوێنکار و داخستنی 7 ی دیکەی لەماوەی مانگی رابردودا لەشاری کەلار راگەیاند.
سەروەت گۆبانی وتەبێژی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار بە (رۆژنیوز) ی راگەیاند" لەماوەی مانگی رابردودا، لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای کەلار کەلە دوو تیم پێکهاتون و ژمارەیان 9 کەسە، 19 دەرچونیان بۆ شوێنکارە جیاوازەکان ئەنجامداوە و پشکنینیان بۆ 294 شوێنکار کردوە."
هەروەها وتی" لەماوەی ئەو مانگەدا لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانەوە 36 شوێنکار سزادراون و 7 شوێنکاری دیکەش داخراون بەهۆی سەرپێچیکردن لەرێنماییە تەندروستیەکان."

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
شارەکان: کەلار (گەرمیان(
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 334

## تەنها لە دوومانگی رابردوودا 7 کرێکار لەشوێنی کاردا گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130318191756825844

هێمن مامەند، هەولێر: بەڕێوەبەری راگەیاندنی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، حیسام رەمەزان، ئەمڕۆ(دوو شەممە) بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند،لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو لە سنوری پارێزگای هەولێر، 20 کرێکار لە کاتی کارکردندا گیانیان لە دەستداوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لەمساڵدا زۆر بەرزبۆتەوەو تەنها لە دوو مانگی رابردوودا حەوت کرێکار گیانیان لەدەستداوە.
ناوبراو داواشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد فشارەکانی بۆ سەر کۆمپانیاکان زیاتر بکات بۆ ئەوەی سەلامەتی شوێنی کاری کرێکاران دابین بکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 18-03-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 335

## تەنها لە مانگی 8دا زیاتر لە 7 هەزار هاوڵاتی لەڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانیەوە چوونەتە تورکیا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150903155052859446

بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی رایدەگەیەنێت، تەنها لەمانگی هەشتی ئەمساڵدا نزکەی حەوت هەزارو 760 کەس چونەتە وڵاتی تورکیا، بەڵام تەنها 6 هەزار و 100 کەسیان گەڕاونەتەوە.
تایەر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی بەخەندانی راگەیاند: "لە ماوەی هەشت مانگی رابردوودا واتە لە 1-1-2015 تا 31-8-2015) نزیکەی 400 هەزار کەس لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانییەوە گەشتیان کردووە بەرەو دەرەوەی کوردستان و بەپێچەوانەشەوە."
وتیشی: "تەنها لەمانگی هەشتدا زیاتر لە 53 هەزار کەس لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە هاتوون و رۆیشتوون"
ئاماژەی بەوەشکرد: " تەنها لە هەشت مانگی رابردوودا نزیکەی 70 هەزار کەس لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە بۆ وڵاتی تورکیا رۆیشتوون و هاتوون، کە لەو ڕێژەیەش نزیکەی 28 هەزار کەسیان سەفەریانکردوەو نزیکەی 24 هەزار کەسیشیان گەڕاونەتەوە."
ئاشکراشیکرد: "تەنها لەمانگی هەشتی ئەمساڵدا نزکەی حەوت هەزار 760 کەس چونەتە وڵاتی تورکیا، بەڵام تەنها 6 هەزار و 100 کەسیان گەڕاونەتەوە، مەرجیش نییە ئەو ژمارەیەی کە نەگەڕاونەتەوە لە وڵاتی تورکیاوە بەرەو هەندەران بەڕێکەوتبن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 03-09-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەشتوگوزار
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 336

## تەنها لە مانگی حوزەیرانی 2014 لە موسڵ 420 کەس کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014070122411776666

تەنها لە مانگی حوزەیرانی 2014 لە موسڵ 420 کەس کوژراون، (169)یان هاوڵاتی ئاسایین، (134) سەر بە داعشن، (95) سەربازی عیراقین و (22) کەسی تریشیان کوردن.
سەعید محەمەد، ئاوێنەنیوز: سەعید مەمۆزینی، بەرپرسی راگەیاندنی لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە موسڵ، ئەمڕۆ(سێ شەممە) بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند، تەنها لە مانگی حوزەیرانی 2014 لە شاری موسڵ چوارسەد و بیست کەس کوژراون، لە ناو ئە و کوژراوانەشدا کورد و هاوڵاتی عیراقی و سەربازی عیراقی و داعش هەیە.
وتیشی" ئێمە وەکو مەکتەبی راگەیاندنی پارتی هەر رووداوێک یان کوژراوێک دەبێت لای خۆمان تۆمار دەکەین، بۆیە بە پێی زانیاری مەکتەبی راگەیاندنی پارتی لە موسڵ لە و ئامارەدا، سەد و شەست و نۆ هاوڵاتی عیراقیە و سەد و سی و سێ داعش و نەوەت و پێنج سەربازی عیراقیە لەگەڵ بیست و دوو هاوڵاتی کورد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | موسڵ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 337

## تەنها لە یەکەم رۆژی جەژندا 56 هەزار کەس سەردانی چاڤی لاندیان کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080916303489214



لەکاتێکدا تا یەکەم رۆژی جەژن 105 هەزار گەشتیار سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، لە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانی پیرۆزدا 56 هەزار کەس سەردانی شاری یاری چاڤی لاندیان کردووە.
دانا حەسەن محەمەد بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای چاڤی بە خەندانی راگەیاند: لە رۆژانی جەژندا لەسەعات 8ی بەیانییەوە تا سەعات 2ی شە و دەرگای چاڤی لاند بە رووی سەردانکەراندا دەکرێتەوە.
دانا حەسەن وتی: "تەنها لە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانی پیرۆزدا 56 هەزار کەس سەردانی شاری یاری چاڤی لاندیان کردووە."
ئاماژەشی بەوەدا کە لەنێو چاڤی لاندا هەموو خزمەتگوزارییەکان پێشکەشی سەردانکەران دەکرێت و لەگەڵ کرانەوەیدا هەموو یارییەکان و خواردنگەکان کراوەن.
وتیشی: "لەنێو چاڤی لاندا هۆڵی داخراوی یارییەکان هەیە کە فێنککراوەتەوە بۆ ئەوەی سەردانکەران لەکاتی نیوەڕۆ و دوانیوەڕۆدا

گەرمایان نەبێت."
بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای چاڤی ڕاشیگەیاند کە "پرۆژەکەمان بووە بە پرپرەی ئابووری شاری سلێمانی و بەهۆیەوە چەندین گەشتیار لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق و شارەکانی تری هەرێمی کوردستانەوە سەردانی شاری سلێمانی دەکەن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 09-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 338

## تەنها لەماوەی شەش ڕۆژی ڕابردودا، 11 حاڵەتی پێوەدانی دوپشک لەسنووری قەزای پشدەر تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140802225057235644

کامەران عەبدە ساڵح
تەنها لەماوەی شەش ڕۆژی ڕابردودا، 11 حاڵەتی پێوەدانی دوپشک لەسنووری قەزای پشدەر تۆمارکراوە، شارەزایەکی ئەو بوارەش بەپێویستی دەزانێت لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتی زۆربوونی زیانەوەرە ژەهراوییەکان، ناوچەکە دەرمانڕێژ بکرێت.
دکتۆر عوسمان محەمەد، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ، بە خەندان-ی ڕاگەیاند: لە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانەوە تا ئەمڕۆ شەممە 2ی ئابی 2014، یانزە حاڵەتی پێوەدانی دوپشک لە نەخۆشخانەکەیان تۆمارکراوە.
وتیشی: هەرچەندە ڕێژەی پێوەدانی دوپشک لە ناوچەکە زیادیکردووە، بەڵام بۆ فریاکەوتنی ئە و کەسانەی دوچاری حاڵەتێکی لەوجۆرە دەبنەوە، چارەسەری پێویست دابینکراوە.
لای خۆیەوە، دکتۆر ڕەمەزان تەها، شارەزا لە زیانی زیانەوەرە زیانبەخشەکان، بۆ خەندان وتی: ئەمساڵ بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی مارو دوپشک لە سنوری قەزای پشدەر زیادیکردووە، تائێستا ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیان لەو ناوچەیەدا بەهۆی پێوەدانی ئەو زیانەوەرە ژەهراوییانەوە زیان بە تەندروستیان گەیشتووە، تەنانەت زۆرجار منداڵان بەرگەی ئە و ڕووداوانەیان نەگرتووە و گیانیان لەدەستداوە.
دکتۆر ڕەمەزان، بەپێویستیشی زانی، بە هەوڵی دەزگا پەیوەندیدارەکان، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتی زۆربوونی زیانەوەرە ژەهراوییەکاندا، سنوری قەزای پشدەر دەرمانڕێژ بکرێت.
بەپێی زانیارییەکانی خەندان، لەئێستادا هیچ بەرنامەیەک لە ئارادا نیە بۆ دەرمانڕێژکردنی ناوچەکە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 02-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 339

## تەنها لەمساڵدا بەپری زیاتر لە 2 ملیار و 383 ملیۆن دینار ئۆتۆمبیل بۆ بەرپرسانی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی ناوخۆ کڕدراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111410082387848

بەپێی ڕاپۆرتێکی ژوری لێکۆڵینەوەی ئابوری بزوتنەوەی گۆران، لەسەرەتای ئەمساڵەوە و لەسەر داهاتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی پری زیاتر لە 2 ملیار و 383 ملیۆن دینار بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل بۆ بەرپرسانی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی ناوخۆ تەرخانکراوە، لەکاتێکدا دەبێت ئەو داهاتە بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی هاتوچۆی هەرێم خەرج بکرێت.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: ڕاپۆرتەکەی ژوری لێکۆڵینەوەی ئابوری وێنەیەکی بۆ ئاوێنەنیوز نێردراوە و لەبەشێکیدا هاتووە، "داهاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بەپێی یاسایی بودجە تەنها 50%ی دەچێتە ناو خەزێنەی گشتیەوە، 50% تری پێویستە لەبوژاندنەوەی ژێرخانی هاتوچۆی هەرێمی کوردستاندا خەرج بکرێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ، داهاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ کە بەشێکی زۆری لەغرامەی شۆفێرانەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی ناوخۆ".
بەپێی ئەو بەڵگەنامەنەی دەست ژوری لێکۆڵینەوەی ئابوری بزوتنەوەی گۆران کەوتووە، لەسەرەتای ساڵی 2013 تا پێش هەڵبژاردنەکانی 2013/9/21 لەسەر داهاتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی پری 2 ملیار و 383 ملیۆن و 837 هەزار و 400 دینار بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل بۆ بەرپرسانی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی ناوخۆ تەرخانکراوە، بەم پرە پارەیەش تەنها (44) ئۆتۆمبیل کڕدراوە. کە گرانترینیان ئۆتۆمبیلێکی تویتا لاندکرۆزەر مۆدێل 2013 بۆ بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی کڕدراوە بەپری 108 ملیۆن و 240 هەزار دینار، هەرزانترینیان ئۆتۆمبیلێکی پیکاب دەبڵ کابینەیە بەنرخی 32 ملیۆن و 25 هەزار دینار.
ئەم لێشاوە زۆرەی کڕینی ئۆتۆمبێل لەکاتێکدایە کە وەزارەتی ناوخۆ هاوشێوەی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ چاکردنەوەی ئامێرەکانی خەرجدەکات، لەبودجەی ساڵی 2013دا 3 ملیار و 605 ملیۆن دیناری بۆ چاکردنەوەی ئۆتۆمبیل تەرخانکردووە، ئەمە جگە لەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ داوای 199 ملیار دیناری تری کردبو بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل، بەڵام وەزارەتی دارایی رەزامەندی تەنها لەسەر 745 ملیۆن دینار دەربڕیووە.
دەقی ڕاپۆرتەکە:
بزوتنەوەی گۆران ژوری لێکۆڵینەوەی ئابوری
داهاتی هاتوچۆی سلێمانی دەدرێت بە ئۆتۆمبێل بۆ بەرپرسەکان
داهاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بەپێی یاسایی بودجە تەنها 50%ی دەچێتە ناو خەزێنەی گشتیەوە، 50% تری پێویستە لە بوژاندنەوەی ژێرخانی هاتوچۆی هەرێمی کوردستاندا خەرج بکرێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ، داهاتی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ کە بەشێکی زۆری لەغرامەی شۆفێرانەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل بۆ بەرپرسانی وەزارەتی ناوخۆو بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی ناوخۆ.
بەپێی ئەو بەڵگەنامەنەی کە دەست ژووری لێکۆڵینەوەی ئابووری بزوتنەوەی گۆران کەوتووە، لەسەرەتای ساڵی 2013 تا پێش هەڵبژاردنەکانی 2013/9/21 لەسەر داهاتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی پری 2 ملیار و 383 ملیۆن و 837 هەزار و 400 دینار بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل بۆ بەرپرسانی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتیەکانی وەزارەتی ناوخۆ تەرخانکراوە، بەم پرە پارەیەش تەنها (44) ئۆتۆمبیل کڕدراوە. کە گرانترینیان ئۆتۆمبیلێکی تویتا لاندکرۆزەر مۆدێل 2013 بۆ بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی کڕدراوە بەپری 108 ملیۆن و 240 هەزار دینار، هەرزانترینیان ئۆتۆمبیلێکی پیکاب دەبڵ کابینەیە بە نرخی 32 ملیۆن و 25 هەزار دینار.
ئە و ئۆتۆمبیلانەی کە بۆ ئەو بەرپرس و فەرمانگانە کڕدراون، چەندین نرخی جیاواز بەخۆیانەوە دبینن، بۆ نمونە ئۆتۆمبیلێی تویتا لاندکرۆزەر مۆدێل 2013 بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستن 8 نرخی جیاوازی بەخۆیەوە بینیووە، کە ئەمەش ئەوەندەی تر گومانی خستۆتە سەر پرۆسەکە، چونکە ناکرێت لە نۆ مانگدا 8 جار گۆرانکاری بەسەر نرخی مۆدێلێکی ئۆتۆمبیلدا بێت، خۆ ئەگەر ئەم ئۆتۆمبێلانە تایبەتمەندیەکانیشیان جیاوازە، پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، ئەگەرچی ئەویش جێگەی تێرامانە، کە ئەو هەموو گۆرانکاریە چ پێویست دەکات لە مۆدیلی ئۆتۆمبێلەکاندا بکرێت؟ هەروەها لە نرخی ئۆتۆمبێلی تویتا پرادۆ 2013 بەهەمان شێوە 5 جار ئالوگۆر لە نرخەکەیدا کراوە.
ئەم ئۆتۆمبێلانە هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانە نین کە لەسەر داهاتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی کڕدراون، بەڵکو بەپێی رونکردنەوەکانی قائیمقامی قەزای مەرکەزی سلێمانی و سکرتێری

ڕۆژنامەوانی پارێزگاری سلێمانی، ئەگەر فەرمانگەیەک یان بەرپرسێک پێویستی بە ئۆتۆمبێل بێت، بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار کە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆیە، لەسەر بودجەی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی بۆی دەکڕدرێت. وەک چۆن ئۆتۆمبیلێک لە جۆری تویتا لاندکرۆزەر کە نرخەکەی نزیکەی 60 هەزار دۆلارە بۆ قائمقامی قەزای مەرکەزی لەسەر داهاتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی کڕدراوە.

ئەم لێشاوە زۆرەی کڕینی ئۆتۆمبێل لە کاتێکدایە کە وەزارەتی ناوخۆ هاوشێوەی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ چاکردنەوەی ئامێرەکانی خەرجدەکات، لە بودجەی ساڵی 2013دا 3 ملیار و 605 ملیۆن دیناری بۆ چاکردنەوەی ئۆتۆمبیل تەرخانکردووە، ئەمە جگە لەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ داوای 199 ملیار دیناری تری کردبوو بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل، بەڵام وەزارەتی دارایی رەزامەندی تەنها لەسەر 745 ملیۆن دینار دەرپڕیووە.

لیستی ئەو کەس و لایەنانەی لەسەر داهاتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ئۆتۆمبێلیان بۆ کڕدراوە:

ژ ناوی کەس - فەرمانگە جۆری ئۆتۆمبێل پرەکەی نرخ/ دینار
1بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی تویتا لاندکرۆزەر 2013 1 108240000
2بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی راپەڕین تویتا لاندکرۆزەر 2013 1 80320000
3بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی گەرمیان تویتا لاندکرۆزەر 2013 1 70840000
4بەڕێوەبەری هاتوچۆی ئیدارەی راپەڕین تویتا لاندکرۆزەر 2013 1 77089000
5سەرۆکی لیژنەی هاوبەش لە دیوانی وەزارەت تویتا لاندکرۆزەر 2012 1 75500000
6بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی ب.گ.پۆلیس تویتا لاندکرۆزەر 2013 1 57522500
7بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی تویتا لاندکرۆزەر 2013 1 81990000
8بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان تویتا لاندکرۆزەر 2013 1 77178300
9بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین تویتا لاندکرۆزەر 2013 1 72275000
10لیوا مەریوان تویتا پرادۆ 2013 1 57710000
11ب. پۆلیسی پاسەوانی پارێزگای سلێمانی تویتا پرادۆ 1 57710000
12یاریدەدەری بەڕێوەبەری پاسپۆرتی سلێمانی تویتا پرادۆ 2013 1 51135000
13بەڕێوەبەری نوسینگەی زانیاری سلێمانی تویتا پرادۆ 2013 1 51200000
14بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی ناوشار (رۆژئاوا) تویتا پرادۆ 2013 1 62290000
15بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی ناوشار (رۆژهەڵات) تویتا پرادۆ 2013 1 62290000
16یاریدەدەری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی قەزاکان تویتا پرادۆ 2013 1 62290000
17دیارینەکراوە فورد إکسبیدیشن 2012 1 41616000
18دیارینەکراوە فۆرد ئەیدج 2013 9 371527000
19بەڕێوەبەری ئای تی دیوانی وەزارەت فۆرد تۆرێس 1 34272000
20بەڕێوەبەری کارگێڕی گشتی لە ب.گ ناوخۆ فۆرد تۆرێس 1 34272000
21بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی خانەقین فورد إکسبیدیشن 2012 2 87883200
22بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی خانەقین فورد إکسبیدیشن 2012 2 87883200
23سەرۆکی دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ/ سلێمانی فورد إکسبیدیشن 2012 1 42228000
24ڕاگری کۆلێژی پۆلیس/ سلێمانی فورد إکسبیدیشن 2012 1 42228000
25بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان/ سلێمانی فورد إکسبیدیشن 2012 1 42228000
26بەڕێوەبەری ئەکادیمیای پۆلیسی سلێمانی فورد إکسبیدیشن 2012 1 42228000
27جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستانی هەرێم فورد إکسبیدیشن 2012 1 42228000
28دیارینەکراوە دیارینەکراوە 2 179683200
29بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی پاصی نیسان 2013 1 63466000
30بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان تویتا پاص 1 69390000
31بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی گەرمیان پیکاب دەبڵ کابینە 1 33075000
32بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی پیکاب دەبڵ کابینە 2 64050000
کۆی گشتی نرخ 2383837400

ژووری لێکۆڵینەوەی ئابووری
بزوتنەوەی گۆڕان

13-11-2013
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 14-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 340
## تەنیا سەدا 30ی جوتیاران پارەی گەنمەکانیان وەرگرتووە
http://www.kurdipedia.org/?q=20150218200013847888
ڕەهێل سەمەد
وەک بەرپرسانی لقی هەولێری یەکێتی جوتیارانی کوردستان ئاماژەی بۆ دەکەن، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە هەشت مانگ، تەنیا سەدا 30 جوتیاران پارەی ئەو گەنمەیان وەرگرتوە کە لەساڵی ڕابردووە پێشکەش بە سایلۆکانیان کردووە.
سلێمان عوسمان هاوسەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی جوتیارانی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی لەمانگی شەشی ساڵی ڕابردوو جوتیاران بەرهەمی گەنم-یان پێشکەش بە سایلۆکانی هەولێر کرد، تاکو ئێستا تەنیا سەدا30 ئەو جوتیارانە پارەکانیان وەرگرتووە.
سلێمان عوسمان وتی: "وەک لقی هەولێری یەکێتی جوتیارانی کوردستان بەدواداچوونمان بۆ ئەو کێشەیە کردووە، بەڵام تائێستا هیچ دەنگۆیەک نییە بۆ هاتنی پارەکانی تر"، جەختیشی لەوە کردەوە کە هۆکارەکەشی وەزارەتی بازرگانی عیراقە، نە هەرێمی کوردستان.
هاوسەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی جوتیاران ئەو دەنگۆیانەشی ڕەتکرەوە کە حکومەتی هەرێم پارەی جوتیارانی بۆ مووچەی فەرمانبەران بەکارهێنابێ، وتیشی: "ئەو پارەیەی لەڕابردوو لە بەغداوە هاتووە دابەشکراوە و چاوەڕوان دەکەن لەداهاتوو ئەوانی تریش بدرێت."
ساڵی ڕابردوو نرخی وەرگرتنی گەنم بۆسەر سێ پلە دابەشکرا، کە تەنی گەنمی پلە یەک بە 792هەزار دینار و پلەدوو بە 682 هەزار دینار و و پلە سێ بە 572 هەزار دینار بوو.18-02-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 341
## جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان روو لەزیاد بوونە
http://www.kurdipedia.org/?q=20140528220905765255
جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان رولە زیادبوونە، بەتایبەتی لەنێو هەرزەکاران و چینی هەژاراندا بە وتەی سەرۆکی کۆمەڵەی جگەرەکێشانی کوردستان .
ئاوێنەنیوز، نەوشیروان ئەحمەد: فەیسەڵ بڵباس، ئەمڕۆ(چوار شەممە) ڕایگەیاند، بەپێی ئە و ڕاپرسیەی لە نێو چین و توێژە جیاجیاکاندا ئەنجامیان داوە، دەرکەوتوە نزیکەی 54%ی خەڵکی هەرێمی کوردستان ئالودەی جگەرەکێشان بوونئ بەشێکی زۆری ئە و کەسانەش لەچینی هەژارن.
بڵباس، ئاماژەی بەوەشدا کە بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان لە بارەی قەدەغەکردنی جگەرەکێشان لەشوێنە گشتییەکان "فەشەلی هێناوە و لەزۆربەی شوێنە گشتییەکان بە

وەزارەتەکانی حکومەتیشەوە جێبەجێ ناکرێت".
ناوبراو باسی لەوەشکرد کە هەرچەندە هەمو جۆرەکانی جگەرە زیانی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبونی چاودێریەوە، خراپترین جۆری جگەرە لە دەرەوە هاوردەی هەرێم دەکرێت و ئەمەش زیانی زۆرتری بە تەندروستی جگەرەکێشانی هەرێم گەیاندوە.
سەبارەت بە هۆکارەکانی زیادبونی ژمارەی جگەرەکێشان، لەهەرێمدا دکتۆر فەیسەڵ وتی، نەبونی رێنمایی پێویست و نەبونی چاودێری و کراوەیی دەروازەکان بۆ هێنانی هەمو جۆرە جگەرەیەک، وایانکردوە کە جگەرەی ژەهراوی خراپ بە نرخێکی هەرزان و ئاسان بێتە بازاڕەکانی هەرێمەوە و بە ئاسانی دەستی کەسانی جگەرە کێش بکەوێت، بەوەش رێژەی جگەرە کێشان لە هەرێم بۆ نزیکەی 40% بەرزبێتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەری ئاوێنە - 2014-05-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 342

## جوتیارانی دەڤەری راپەڕین زیاتر لە 335 ملیۆن دینار زیانیان بەرکەوتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061521551676701

خەندان - هەردی حسن
بەهۆی ڕووداوەکانی ئاگر کەوتنەوە لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین 500 دۆنم لە گەنم و جۆی جوتیارانی دەڤەرەکە سوتاوە.
لەم بارەیەوە وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانیەتی ڕاپەڕین نەقیب "حسێن عبدللا "بە خەندانی ڕاگەیاند لەماوەی چل ڕۆژی ڕابردوودا لە چەند جێگەیەکی سنوری دەڤەری ڕاپەڕین زیاتر لە 60 حاڵەتی ئاگرکەوتنەوەتۆمارکراوە کە زیانی ماددی و ژینگەی زۆری لێکەوتەوە و بەپێ ی ئامارو خەملاندنەکانی بەڕێوبەرایەتیەکەمان 500 دۆنم لە گەنم و جۆی جوتیاران سوتاوە کە 55 جوتیار زیانیان بەرکەوتووە.
وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارەستانیەتی ڕاپەڕین ئەوەشی خستەڕوو بەهۆی ئاگرکەوتنەوەکان و بەپێ ی خەملاندنەکان زیاتر لە 424 تەن لە گەنم و جۆ سوتاوە و هەروەها 262 دۆنمیش لە پوش و پاوان سوتاوە.
نەقیب حسێن ئاماژەی بەوەش کرد کە تاکوئێستا هیچ کەس لە سەر حاڵەتی ئاگرکەوتنەوەکان سکاڵای تۆمارنەکردووە و وە هیچ کەسێکیش دەسگیر نەکراوە، زۆربەی حاڵەتەکانی ئاگرکەوتەوەکانیش لە دەشتی بیتوێن بوون بەتایبەت لە ناحیەی چوارقورنە وە لیژنەکانیش قەرەبووکردنەوەش کاری خۆیان تەواو کردووە و چاوەڕێ ی ڕێکارە یاسای یەکانین کە جوتیاران لەلایەن حکومەتەوە قەرەبوو بکرێنەوە.
وە ناوبراو داواش دەکات کە هاوڵاتیان لەم وەرزەدا خۆیان بەدووربگرن لە فڕێدانی پاشماوە ئاگراویەکان و ئاگر کەوتەوە چونکە کارێکی نەشیاوە سەرەڕای زیانی ماددی زیانی ژینگەیشی.
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 2014-06-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: رانیە
ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 343

**جیابوونەوەی هاوسەران زیادیکردووە و 75 حاڵەتی ژنهێنانی دووەمیش تۆمارکراوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150125143633667930

ڕەهێڵ سەمەد

ئەمڕۆ یەکشەممە 25ی کانوونی دووەمی 2015، ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئاماری ساڵی ڕابردووی دادگاکانی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند، بەگوێرەی ئەنجامی ئە و ئامارە کۆی گشتی مارە بڕین لە هەرێمی کوردستان 47 هەزارو 453 حاڵەت و هەشت هەزارو 777 حاڵەتی جیابوونەوەش تۆمارکراوە.

ئومێد موحسین، وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە هەولێر ڕایگەیاند: لەماوەی ساڵی ڕابردوو لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان مارە بڕین 47 هەزارو 453 حاڵەت تۆمارکراوە، ڕێپێدان بە ژنهێنانی دووەم لە کوردستان 75 حاڵەت و پەسەندکردنی مارە بڕینی دەرەکی سێ هەزار و 305 حاڵەت و جیابوونەوەی هاوسەرانیش هەشت هەزار و 777 حاڵەت، بەڵگەنامەی لەدایک بوون حەوت هەزار و 999 حاڵەت و وەفاتنامەش 11 هەزار و 488 حاڵەت هەبوە.

هەرلە و کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەدا ئومێد موحسین، ڕاشیگەیاند: ئە و ئامارانەی ساڵی ڕابردوو بەراورد بە ساڵی 2013، لەبارەی مارەبڕین لەسەرانسەری کوردستان کەمیکردووە، هەروەها بۆ مامەڵەکانی جیابوونەوەش تەنها لە سنووری پارێزگای هەولێر کەمی کردوە، لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان ڕێژەی جیابوونەوە زیادیان کردوە.

وتەبێژەکەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم ئاماژەی بەچەند ئامارێکی تر کرد کە پەیوەندی بە دۆسییەکانی بەردەم دادگانەوە هەیە بەتایبەتی دۆسییەکانی پەیوەست بە دادگای تێهەڵچونەوە و دادگای تاوان و دادگای کەتن و دادگای نەوجەوانان و دادگای باری شارستانی و دادگای کاروباری کەسایەتی و دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: کۆمەڵایەتی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:


---

بابەتی ژمارە: 344

**جیاوازی بارانبارین لە نێوان ساڵانی 2014 و 2015**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150528141835854040

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:


---

بابەتی ژمارە: 345

## جیاوازی بارانبارینی ساڵانی 2013 و 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20141202195541578117

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-02



| years | Hawler | Pernam | Slemani | chamchamal | Dahok | Zakho |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 2014 | 140.5 | 312.7 | 228.4 | 153.2 | 289.5 | 289.8 |
| 2013 | 19.2 | 73.5 | 166.9 | 103 | 131.8 | 152.9 |

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 346

## جیاوازی دەنگی قەوارەکان لە هەڵبژاردنی 2010 و 2013دا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100413083288409

بەراورد بە هەڵبژاردنی 2010ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا تەنها دوو قەوارەی سیاسی دەنگەکانیان زیادیکردووە و قەوارەکانی تر دەنگەکانیان کەمیکردووە.
لە هەڵبژاردنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا کە 21ی مانگی رابردوو ئەنجام درا، تەنها هەردوو قەوارەی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ژمارەی دەنگەکانیان زیادیکردووە.
لەم هەڵبژاردنەدا پارتی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی 743 هەزار و 984 دەنگ بەدەستبێنێت لە کاتێکدا لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا کە لە 7ی ئازاری 2010 بەڕێوەچوو پارتی 670 هەزار و 965 دەنگی بەدەستهێنا.
ئەمەش جیاوازی دەنگی قەوارە سیاییەکانە لە هەردوو هەڵبژاردندا.
لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010 دا پارتی دیموکراتی کوردستان (670965) دەنگی بەدەستهێنا و لە هەڵبژاردنی ساڵی 2013 دا (743984) دەنگی بەدەستهێناوە. بەم پێیەش پارتی دیموکراتی کوردستان (73019) دەنگی زیادکردووە.
لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010 دا بزووتنەوەی گۆڕان (425793) دەنگی بەدەستهێنا و لە هەڵبژاردنی ساڵی 2013 دا (476736) دەنگی بەدەستهێناوە. بەم پێیەش (50943) دەنگی زیادکردووە.
لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010 دا یەکێتی نیشتمانی کوردستان (397929) دەنگی بەدەستهێنا و لە هەڵبژاردنی ساڵی 2013 دا (350500) دەنگی بەدەستهێناوە. بەم پێیەش (47429) دەنگی کەمکردووە.
لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010 دا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان (214222) دەنگی بەدەستهێنا و

لە هەڵبژاردنی ساڵی 2013 دا (186841) دەنگی بەدەستهێناوە. بەم پێیەش (27381) دەنگی کەمکردووە.
لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010 دا کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان (144987) دەنگی بەدەستهێنا و لە هەڵبژاردنی ساڵی 2013 دا (118574) دەنگی بەدەستهێناوە. بەم پێیەش (26413) دەنگی کەمکردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-10-04

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 347

## جیاوازی دەنگی پارتی و یەکێتی و گۆڕان لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140522143206764l9



| حزبەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| پارتی | 327.607 | 86.655 | 357.392 | 771.654 |
| یەکێتی | 168.603 | 318.723 | 40.796 | 528.122 |
| گۆڕان | [illegible] | 359.600 | 22.855 | 490.572 |

| حزبەکان | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| پارتی | 354.735 | 93.410 | 340.977 | 789.122 |
| یەکێتی | 168.688 | 294.265 | 37.457 | 500.410 |
| گۆڕان | 104.059 | 347.799 | 22.648 | 474.506 |

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولاَت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 348

## جینۆسایدی شەنگال و ئێزدییەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150514110143121115



لە 3-4-2015 بەچاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە کوردستان، بە هاوکاری ڕێکخراوی ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و پاڵپشتی ڕێکخراوی هیڤۆس، یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، لە پەرستگای لالش لە قەزای شێخان سازکرا.
ئامانجی سەرەکی کۆنفرانسەکە بریتیبوو لە دارشتن و دانانی نەخشە ڕێگایەک بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی مرۆیی بەردەوام لە شەنگال و ناوچەکانی دەشتی موسڵ دوای رزگارکردنی، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە بڕیاریاندا، ڕاپۆرتێکی تیرو تەسەل دەربارەی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئاستی خزمەتگوزاری ئەو ناوچانە ئامادە بکەن.
ڕاپۆرتەکە بەرەنجامی لێکۆڵینەوەی مەیدانیە، چەندین زانیاری دروست و داتاو ئاماری گرنگی تێدایە، هەروەک ڕاپۆرتەکە لە کۆنفرانسەکە پێشکەش کراوە، دواتر ڕاپۆرتێکی گشتگیرتری لێ ئامادەکراوە، هەروەک ئەم لایەنانە دەگرێتە خۆ": مێژوویی، دیموکرافی ناوچەکە، ئابووری، ئاست و بارودۆخی خزمەتگوزاری، دۆخی ئافرەتان، دۆخی ئاوارەکان، ژیان لە نیوکامپەکان، جینۆساید، پاکتاوی نەژادی" و زۆر لایەنی تر.

ماڵپەڕی جینۆساید کورد، وەک ئەرکی سەرەکی خۆی، هەوڵدەدا لە ڕێگای ئامادەکردنی ئەم راپۆرتەوە، ئەو لایەنانەی پەیوەندی بە جینۆسایدو پاکتاوی نەژادییەوە هەیە، بۆ خوێنەرەکانی بگوازێتەوە، پرواشمان وایە گواستنەوەی زانیارییەکان گرنگی و بایەخی زۆری خۆی هەیە، لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆکارو پاڵنەری زیاتر بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە بارەی شەنگال و ناوچەکانی دەشتی موسڵ و تاوانەکانی جینۆسایدو پاکتاوی نەژادی کە لە دژی ئێزدی و مەسیحی و کریستانیەکان و هتد لەم ناوچەیە ئەنجام دراون.
"داعش" تهدد بقتل 300 اسرة ایزیدية في العراق
ئێزدییەکان کێن؟
ئێزدییەکان گروپێکی ئاینین لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، زۆربەشیان لە نزیک پارێزگای موسڵ و ناوەندی قەزای شەنگال و دەورو بەری لە ناوچە داپراوەکانی باشووری کوردستان، واتا سنووری نێوان عێراق و کوردستان دەژین، بەشێکی تریشیان لە رۆژئاوای کوردستان و باکوری کوردستان، رۆژهەڵاتی کوردستان و جورجیاو ئەرمینیا دەژین.
ئێزدییەکان لە رووی رەگەزی و نەتەوەییەوە کوردن، بە هۆی هەڵکەوتەی جواگرافی شوێنی نیشتەجێبونیان زۆرجار کەوتوونەتە ژێرکاریگەری رۆشنبیری و کلتووری "عەرەبی، ئاشووری، سریانی"و زۆرجاریش جل و بەرگی پیاوەکانیان نزیکە لە جل و بەرگی عەرەبیەوە، بەڵام جل و بەرگی ئافرەتەکانیان لە جل و بەرگی سریانیەوە نزیکە.
ئێزدییەکان بە کوردی و شێوەزاری کرمانجی ئاخاوتن دەکەن، لە هەمانکاتدا بە زمانی عەرەبیش قسە دەکەن، بە تایبەت ئێزدییەکانی باشیک و نزیک پارێزگای موسڵ، بەڵام نوێژو ئەنجامدانی سرووتی ئاینی و کتێبە ئاینینەکانیشیان بە زمانی کوردییە، پیرۆزترین شوێنی ئاینیشیان مەزاری "لالش"ەو لە گەورەترین و دیارترین کەسایەتیەکانیشیان "میر تەحسین بەگ"ە لە کوردستان و عێراق و جیهاندا.
زۆربەی ئێزدییەکان لە عێراق لە رووی ئاینیەوە پەیوەستن بە خاکی "لالش"، کە وای ئەژماردەکەن پێش هەمووکەسێک بۆئەوان و تەواوی ئێزدییەکانی جیهانە، سەرژمێرییەکانی ئێزدی لە عێراق "500 بۆ 700" هەزار کەسەو کەتوونەتە هەردوو شاری "شێخان" باکوری پارێزگای موسڵ و "شەنگال" لە سەرسنوری سوریا، بە درێژی "80" کلیۆمەتر دووری پارێزگای موسڵ، کە چەندین شارۆچکەو گوندی گەورەو بچوک و ئۆردگای نیشتەجێبون لە خۆ دەگرن.
روونتر شوێنی نیشتەجێبوونی کوردانی ئێزدی بە گشتی بەم شێوەیە دابەش بوون:
لە سنووری پارێزگای موسڵ "قەزای شێخان، باشیک، بەحزانی، شەنگال، زوومار، ئەلقووش"، لە سنووری پارێزگای دهۆک " شاری سمێل، کۆمەڵگای خانکێ، ناوچەی دێرەبوون"، بەڵام لە سووریاو رۆژئاوای کوردستان لە دووناوچە نیشتەجێبوون و چڕ بوونەتەوە، ئەوانیش "ناوچەی جەزیرەی فورات و چیای حەلەب"ن، ژمارەی ئێزدییەکان لە سوریاو رۆژئاوای کوردستان دەگاتە "12 بۆ 15 " هەزارکەس بە پێی سەرژمێری فەرمی، هەروەها سەرژمێرییەکان ئەوە پشتراست دەکەنەوە زۆربەی ئێزدییەکان لە ساڵانی هەشتاکان لە سوریاوە بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچیان کردوە، لەلایەکی تریشەوە لە کاتی جەنگی نێوان "عێراق – ئێران" لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکان تا ساڵی 1988 نزیکەی "50" هەزار ئێزدی لە عێراقەوە بۆ سوریا کۆچیان کردوە.
هەروەک بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لە تورکیاو باکوری کوردستان لە سەدەی بیستەمدا بە تایبەت لە ساڵێ 1982 ژمارەی ئێزدییەکان بۆ "30" هەزار کەس دابەزی و تا گەشتە ئەوەی لە

ساڵی 2009 ژمارەیان گەیشتە "500" کەس، واتا زۆربەی ئێزدییەکانی تورکیاو باکووری کوردستان بەرەو ئەوروپا کۆچیان کرد، بەتایبەت و دیاریکراوی "ئەڵمانیا"، کەمینەیەکی زۆر کەمیان ئێستا لە لە مەڵبەندی مێژوویی خۆیان "توور عابدین"ن و "سیرت و ئۆرفاو قارس و ئاغری و ئەردهان"ن لە سنووری ئەرمینیا.
سەرژمێرییەکان لە جۆرجیاو ئەرمینیا، جیاوازن، لە جۆرجیا لە "30" هەزار کەسەوە بۆ "5000" هەزار کەس کەمبوونەتەوە بە تایبەت لە ساڵانی نەوەدەکاندا، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئەرمینیا ژمارەکان نزیک لە خۆیانن و زیاتر لە "40" هەزار ئێزدی تیای دەژین، ئەو ئێزدیانەی لە جۆرجیاو ئەرمینیاوە کۆچیان کردوە، لە رووسیا گیرساونەتەوەو تا ساڵی 2002 ژمارەیان "31" هەزارو "273" کەس بوون.
کۆچی ئێزدییەکان بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتانەی تیایدا ژیاون گەورەترینیان لە تورکیاوە بوەو دوای ئەویش عێراق، بۆ ئەڵمانیا نزیکەی "40" هەزارکەس و هەروەها بەشێکیان بۆ رۆژئاوا وەک "باکوری راین و ستفالیاو ساکسۆنیای خواروو، هەروەها لە وڵاتی سوید لە ساڵی 2008 "4000" هەزار ئێزدی و لە گەڵ بەشێکی کەم لە هۆڵەنداو بەلجیکاو دەنیمارک و فەرەنساو سویسراو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو کەنەداو ئوسترالیا، کە ژمارەیان ناگاتە "5000" هەزار کەس، نیشتەجێن.
لە مێژووی دوورو نزیکدا ئێزدییەکان روو بە رووی لەناوبردن و جینۆساید بوونەتەوە، زۆربەی سەرچاوەکانی ئێزدییەکان خۆیان دەڵێن ئێزدییەکان روو بە رووی زوڵم و چەوسانەوەو کوشتن و لەناوبردن بوونەتەوە، سەرباری فتوای جۆراو جۆر لە دژی ئاینەکەیان یان دەرچوون لە ئاین.
بۆ نموونە لە سەردەمی میر جەغفەر ئەلدانسی "رۆژانی خەلیفە ئەلعەباسی ئەلموعتەسەم 224 کۆچی" دوو هەڵمەتی سەدەی شەش و حەڤدەهەم و لە هەمان کاتدا هەڵمەتی ویلایەتی بەغداد سەردەمی عوسمانیەکان "حەسەن پاشا" ساڵی 1715ی زاینی، هەروەها هەڵمەتی "ئەحمەد پاشا" ساڵی 1733 و هەڵمەتی "سلێمان پاشا" 1752، هەروەها هەڵمەتی نادرشای فارسی لە ساڵی 1732 بۆ 1743، هەروەها هەڵمەتی ئەمیرەکانی موسڵ لە "جەلیلین"و بۆ سەر "شێخان" و چیای شەنگال لە دژی ئێزدییەکان.
دوای ئەمانەش هەڵمەت و شاڵاوەکانی پاشاکانی عوسمانیەکان لە دژی ئێزدییەکان، کە یەکەم شاڵاو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1560، کاتێک کە فەتوایان دەرکرد بۆ کوشتنی ئێزدییەکان، دواتریش شاڵاوەکانی عەلی پاشا 1802 و پاشان شاڵاوەکانی سلێمان پاشا 1809، دوای ئەوەش شاڵاوەکانی ئینجە بیرقەدار 1835و دوا بەدوای ئەوەش شاڵاوەکانی رەشید پاشا ساڵی 1834، هەروەها شاڵاوەکانی حافزشا 1837، مەحمەد شەریف پاشا 1844 بۆ 1845، شاڵاوەکانی مەحمەد پاشا کریدلی ئۆغلۆ 1845 بۆ 1846، شاڵاوەکانی تەیار شا 1846 بۆ 1847، شاڵاوەکانی ئەیوب بەگ 1891، شاڵاوەکانی فەریق عومەر وەهبی پاشا 1892، شاڵاوەکانی بەکر پاشا 1894، شاڵاوەکانی ئەمیرەکانی رەواندوز شاڵاوەکانی مەحمەد پاشا سۆرانی 1832 بۆ 1834، شاڵاوی بەدرخان بەگ 1844، شاڵاوەکان لە کاتی سەدەی بیستەم لە لەلایەن تورکەکانەوە لە کاتی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لە 1915 و هەروەها شاڵاوی ئیبراهیم پاشا 1918 و شاڵاوی ساڵی 1935 لەلایەن سوپای عێراقی مەلەکی و تا دەگاتە شاڵاوەکانی ئەنفالی ساڵی 1988، تا دوا شاڵاو کە ئەویش شاڵاوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام "داعش" لە 3-8-2014 تا ئێستا، ئێزدییەکان روو بەرووی کوشتن و لەناوبردن و رفاندن و جینۆسایدو زۆرلێکردن بۆ گۆڕینی ئاین و حەلاڵکردنی سەروماڵیان بوونەتەوە بۆ شاڵاوبەرو دەسڵاتدارانی ناوچەکە، وەک لە سەرەوە بە

کورتی ئاماژەمان بۆکرد.
ئاماری نیشتەجێبوون؟
بە پێی ئامارەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی 2003 و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، هەل و مەرجی ناوچەی شەنگال و پێکهاتەی دانیشتوانی، پێش پەلامارو شاڵاوە دڕندانەکانی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی داعش، بەم شێوەیە بوە: ناوەندی قەزای شەنگال و دەورو بەری 81000 هەشت سەدو یەک هەزار کەس بوە، رێژەی کوردی ئێزدی 84% هەشتاو چوار لە سەد بوە، 12% کوردی موسڵمان، 4% موسڵمانی عەرەب، هەروەها ناوچەی شەنگال و دەورو بەری لە "گرعوزێر، شەنگال، سنون، زوومار" پێکدێ.
تاوانی جینۆساید، دژە مرۆڤایەتی، پاکتاوی نەژادی
چۆنیەتی ناساندنی جینۆسایدی ئێزدیەکان
ئاوارە حسێن
لە راپۆرتەکەی کۆنفرانسەکەدا هاتوەو دەڵێ": لە سەرەتای ئاماژەکردن بە هەل و مەرجی مێژوویی و دیموگرافی شەنگال و ناوچەی دەشتی نەینەوا، بۆمان دەرکەوت کە ئەم ناوچانە بەردەوام دووچاری شاڵاوی زەوی شوتێنراوو سڕینەوەی ناسنامە و هەوڵدانی گۆرانکاری دیموگرافی و قەتڵ و عامی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بوەتەوە، کە ئاکامەکانی دەرچوونی هەزارەها خەڵکی کریستیان بوو، لەو ناوچانەو گرتنەبەری رێگای هەندەران، سەرەڕای شەڕی فەوتان و لەناوبردنی کوردی ئێزدی کە سەدان خێزانی ئێزدی لە شاڵاوی بەدناوی جینۆسایدی ئەنفا فەوتان و چارەنوسیان نادیارە."
راپۆرتەکەی کۆنفرانسەکە سەرەڕای وەرگرتنی چەندین نموونەی زیندوو، وەک بەرەنجامێک دەگاتە ئەو راستیەی کە لە 3-8-2014 لەدوای هێرشی تیرۆرستان بۆ سەر قەزای شەنگال و پێکدادانی نێوان هێزی پێشمەرگەو چەکدارانی داعش، "30" سی هەزار دانیشتوی ئەو ناوچەیە روویان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کرد، بە تایبەتی کەمپی "باجد کەندالا" لە پارێزگای دهۆک و ژمارەیەک شارۆچکەی تر وەک شێخان و تلکێف.
نزیکەی لە 25% ی دانیشتوانی شەنگال توانیان لە شەنگال دەربچن، لە کاتێکدا کە نزیکەی 75% ی کە دەکاتە نزیکەی 200 هەزار کەس لە ناوقەزای شەنگال مابوون، روویان لە چیای شەنگال کرد، بۆ ئەوەی لە چەتەکانی داعش رزگاربن، کە زۆرینەیان لە دانیشتوانی قەزای شەنگال و سەنون و چەند گوندێکی سەربە قەزای شەنگال بوون، ئەوانەی لە سەر چیای شەنگال بوون لە 95%ی لە ئاینی ئێزدی بوون و 5%ی شیعەو کریستیان و لە 40% ی مناڵ و لە 2% ی لە تەمەنی سەرووی "60" ساڵەوە بوون.
راپۆرتەکەی کۆنفرانسەکە بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە": بەسەدان شەنگالی تا ئەمڕۆ چارەنوسیان نادیارە، ژمارەیەک کە تا ئێستا ئاماری تەواو لە بەردەست نیە بە کۆمەڵ کوژراون و رووفاتەکانیان لە گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراونەتەوە، کە لەدوای دەستگیرکردنیان لە لایەن داعشەوە کوژراون، بە سەدان ئافرەتی کوردی ئێزدی رفێنراون کە تا ئێستا ژمارەی تەواوو راست لە بەردەست نییە،، بەڵام کۆی گشتی ئەو کەسانەی کە بێ سەرو شوێنن دەگاتە نزیکەی "5000" پێنج هەزار کەس لە "مناڵ، پیاو، ئافرەت، لە هەموو تەمەنەکان"، تاوەکو ئێستا نزیکەی "600" کەس لەوانە رزگار کراون، کە نزیکەی "350"یان ئافرەتن و تەمەنیان لە چەند مانگییەوە تا 1922 ی تێدایەو زۆرینەیان لە دایک بووی 1980و 1990و 2000 هەزارەکانن، پیاوەکانیش لە دایکبووی 1953 ی تێدایە تا دەگاتە تەمەن خوار یەک ساڵ و بگرە چەند مانگێک.
تاوانەکانی داعش لەدوای داگیرکردنی شەنگال

راپۆرتەکەی کۆنفرانسەکە پۆلێنی تاوانەکانی داعش دوای پەلامارو شاڵاوەکانی بۆ سەرشەنگال و داگیرکردنی دەکات و بەم شێوەیە دیاریان دەکات:
یەکەم : ئاوارەبوون
-ئاوارەبوونی زیاتر لە 430 چوار سەدو سی هەزار کوردی ئێزدی
-نزیکەی 140 سەدو چل هەزاریان بۆ ماوەی زیاتر لە 10 رۆژ بێنان و بێئاو، لە چیای شەنگال گیریان خوارد.
-نزیکەی 290 دووسەدو نەوەد هەزاریان ئاوارەی هەرێمی کوردستان و تورکیاو سوریا بوون.
دووەم: کوشتن
-لە سەرەتای پرۆسەی "پەلامارو شاڵاوی داگیرکارییەکەدا، زیاتر لە "1800" هەزارو هەشت سەد کەس، دووچاری کوشتنی بە کۆمەڵ بونەوە، کە تەنها لە گوندی کۆجۆ"400" پیاوی ئەم گوندە لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ نێژراون.
سێیەم: رفاندن
-رفاندنی زیاتر لە "3000" کچ و ژن و مناڵ، کە ناوی 1661 کەسیان پشتڕاست کراوەتەوە.
-جیاکردنەوەی رەگەزی مێیینە لە پیاوان و بە زۆر دەستدرێژی سیکسی کردنە سەریان و بە زۆر ناردنیان بۆ شوێنانی تری ژێر دەسەڵاتیان.
-بە زۆر پێ گۆڕینی ئاین و سەپاندنی ئاینی ئیسلام بە سەریاندا.
چوارەم: ونبون
-ونبوونی زیاتر لە "500" پێنج سەد کەس، کە ناوو ناونیشانی "254" کەسیان لە لایەن کەس و کارەکانیان پشتڕاست کراوەتەوە کە هەتا ئێستا بێسەرو شوێنن.
پێنجەم: مردوان
-لە ئەنجامی برسێتی و تینێوتی و ماندووبوون لە رێگا زیاتر لە "600" کەس لە پیرو مناڵ و ژن گیانیان لە دەستداوە.
شەشەم: رووخاندنی پەرستکاکان
-رووخاندنی زیاتر لە "14" چواردە پەرستکاو شوێنی ئاینی کوردانی ئێزدی کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەها ساڵ پێش ئێستا.
قۆناغەکانی جینۆسایدی شەنگال
بە پێی رێکەوتنامەی ساڵی 1948ی رۆما تاوانی جینۆساید ئەم رێگاو شوێنانە دەگرێتە خۆ، کە بە شێوەیەکی روون پۆلین کراون:
-1کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.
-2گەیاندنی زیانی گیانی یا ڕۆحی ترسناک بەئەندامانی گروپەکە.
-3بەمەبەست دانانی ئەندامانی گروپەکە لەژێر بارودۆخێکی وادا کەببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێک یان تەواوی ئەندامەکانی.
-4پێشگرتن لە زاوزێکردن (منداڵ بوون) لە نێو گروپەکە.
-5داپرانی بەزۆری منداڵان و گواستنەوەیان لەوگروپە بۆگروپێکیتر"جیاکردنەوەیان لە خانەوادەی خۆیان."
کەواتە با سەرنجی ئەوە بدەین و بزانین کۆنفرانسی ناوبراو چۆن پۆلێنی تاوانەکانی داعشی لە روانگەی رێکەوتنامەی ساڵی 1948ی رۆماوە کردوە، ئەمەی خوارەوە پوختەی ئەو پۆلێن کردنەوە، بە وردی سەرنجیان بدە، کە تاوانەکانی داعش دەست نیشان دەکەن:
-1دەرکردنی کوردانی ئێزدی لە شەنگال و هەڵاتنیان بەرەو چیای شەنگال و گەمارۆدانیان بە مەبەستی قڕکردنیان و کوشتنیان کە لەبەر ترس و هیلاکی و ماندووبوون و برسێتی ژمارەیەکی زۆر لە ژن و مناڵ و پیرو پەککەوتە ژیانیان لە دەستدا.
-2بڵاو بوونەوەی حاڵەتی نەخۆشی دەروونی لە نێوان ئەو خەڵکانەی کە

لە چیای شەنگال مانەوە بۆ چەندین ڕۆژ بەبێ خواردن و دەرمان و پێداویستی ڕۆژانەی ژیانیان.
-3گۆڕینی بە زۆری ئاینی کوردانی ئێزدی بۆ سەر ئاینی ئیسلام لەلایەن چەکدارانی تیرۆریستی داعشەوە کە ئەمە قۆناغێکی ترە لە قۆناغەکانی جینۆساید.
-4کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵکی سڤیل و بێتاوان و شاردنەوەیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان.
-5جیاکردنەوەی ژنان و کچانی ئێزدی لە خێزانەکانیان، دوای کوشتنی پیاوەکانیان بە کۆمەڵ.
-6مارە کردنی کچان و ژنانی ئێزدی لە چەکدارانی تیرۆریسی داعش بە زۆر بە ناو نیکاحەوەو دەستاو دەست پێکردنیان لە نێوان خۆیاندا.
-7دەست درێژی سێکسی بۆ سەرکچان و ژنانی ئێزدی.
-8جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان بە مەبەستی لەنابردنی ڕەچەڵەکی ئێزدی و ڕێگرتن لە مناڵبوون.
-9ڕووخاندنی شوێنەواری ئاینی و پیرۆزییەکانی کوردانی ئێزدی کە خۆی لە پەرستگاکاندا دەبینێتەوە، بە مەبەستی سڕینەوەی کلتوورو داب و نەریتەکانی ئاینی کوردانی ئێزدی.
دزێوترین تاوان
دوای ئازادکردنی شنگال
ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم
لە چوارچێوەی تاوانەکانی داعش دژ بە شەنگال و ئێزدی و کریستیانی و مەسیحییەکان، دزێوترین تاوان جێبەجێکرا، ئەویش تاوانی فرۆشتن و کڕینی ئافرەتان بوو، کە لەلایەن دەستەی "بیت المال"ی "داعش" سەرپەرشتی دەکرا، دوای ئەوەی ئافرەکانیان دەست بەسەر کرد یان دەیان ڕفاند، بەم شێوەیە نرخیان لە سەردادەنان بۆ کڕین و فرۆشتن:
یەکەم: ژنێکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان "30 بۆ 40" ساڵ بێت "ئێزدی و مەسیحی" نرخەکەی "75" هەزار دینارە.
دووەم: ژنێکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان "20 بۆ 30" ساڵ "ئێزدی و مەسیحی " نرخەکەی "200" هەزار دینارە.
سێیەم: بۆ مێیینەیەکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان "10 بۆ 20" ساڵ بێت "ئێزدی و مەسیحی" "150" هەزار دینارە.
چوارەم: ژنێکی پێگەیشتووی تەمەن "40 بۆ 50" ساڵ "ئێزدی و مەسیحی" نرخەکەی "50" هەزار دینارە.
پێنجەم: مناڵێکی تەمەن یەک ساڵ بۆ نۆساڵ، "ئێزی و مەسیحی" نرخەکەی "200" هەزار دینارە.
لە کۆتایی بەڵگەنامەکەدا نوسراوە، "ڕێگە نادرێت هیچ کەسێک لە سێ دەستکەوت زیاتر بکڕێت، جگە لە بیانیەکان ئەوانەش "تورک و سووری و کەنداوییەکان."
بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستیە، بە دەیان چیرۆکی ئافرەت و کچە دەربازبوەکانمان لایە، کە باسی ئەوە دەکەن چۆن داعش و چەتەکانیان، لە سنووری موسڵ و شارەکانی سوریا بە تایبەت ڕەقە مامەڵەیان پێوەکردوون و بە نرخی جیاجیا فرۆشتویانن.
کۆتایی و سەرجێکی گشتی:
ڕاپۆرتەکەی یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان بە چاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەلایەن گروپی ئاشتی ژنانی سەرکردە لە کوردستان و بەهاوکاری ڕێکخراوی "ئێمە" بۆ گەشەپێدانی مرۆیی و بە پاڵ پشتی ڕێکخراوی " هیڤۆس"، یەکێک بوو لە کۆنفرانسە نموونەییەکان، سەرەڕای چەندین تەوەرو باسی تر کە ئێمە نەچوینەسەری، یان ئاماژەمان پێنەکردو تەنها لایەنێکمان هەڵبژارد، بەڵام

ئەکرێ زۆر لایەنی ئەرێنی لێبهەڵ بهێنجێنرێ و کاری لە سەر بکرێ، هەروەک لە راپۆرتەکەیاندا کاریان لە سەرکردوە، بۆ نموونە:
تێکڕای لایەنەکانی دوای رزگارکردنی شەنکال و دەشتی موسڵ، وەک ” باری ئابووری، خاک و دەشتە بە پیتەکەی، پەرەسەندنەکانی و لایەنە دواکەوتوەکانی، ژیانکردن لەو پانتایە، باری ئەمنی، هەژاری و لێکەوتەکانی، کاریگەری تاوانەکانی داعش وەک تاوانی جینۆسایدو لایەنە نەرێنیەکانی، خوێندن و خوێندەواری، خزمەتگوزارییەکان، نەخۆشییە دەروونیەکانی پاشماوەی تاوانەکان، کاریگەرییە ئابوررى و کۆمەڵایەتیەکانی پاشماوەی تاوانەکان، کاریگەرییە ئاینییەکانی پاشماوەی تاوانەکان، کارگەرییە سیاسیەکانی پاشماوەی تاوانەکان” و هتد کە کۆنفرانسەکە بە وریای و لێزانیەوە، بە پشت بەستن بە ئامارو داتا پەنجەی خستوونەتە سەر.
بەڵام هێشتا زۆر شتی تر هەیە لە دۆسیەی جینۆسایدی شەنگال کاری لە سەر بکرێت، وەک:
یەکەم: تەواوکردنی هەنگاوەکانی پڕیاردان لە سەر دۆسیەی جینۆسایدی شەنگال، لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، کە تا ئێستا وپڕای چوار پڕۆژە پڕیار بەڵام هێشتا پڕیاری لە بارەوە نەدراوە.
دووەم: کاری جددی و تەواو کاری هەنگاوەکانی کارکردن بۆ ئەوەی دادگای تاوانی نێودەولەتی دۆسیەی تاوانی جینۆسایدی شەنگال و دەورو بەری وەربگرێ و کاری لەسەربکرێ.
سێیەم: پاراستنی شاهێدحاڵەکانی دۆسیەی جینۆسایدی شەنگال و دەورو بەری لە “پیاو، ژن، کچ، مناڵ” کە لە بەڵگەنامە گرنگ و سەرمایە گەورەکانی ئەم دۆسیەن.
سێیەم: کۆکردنەوەی بەڵگەنامە نوسراوەکانی داعش تایبەت بەم تاوانەو هەڵگرتن و پاراستنیان.
چوارەم: کارکردن و دانانی پلان و بەرنامە بۆ پارستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و رێگەنەدان بە هەڵدانەوەیان لە حاڵەتی دۆزینەوەیان، بە شێوەی خورسکیانە.
پێنجەم: کارکردن بۆ ناساندن و بەنێودەوڵەتی کردنی جینۆسایدی شەنگال و دەورو بەری، لە رێگای لینک و پەیوەندی لە گەڵ رێکخراوە جیهانی و نێودەوڵەتیەکان.
شەشەم: پرۆژەی کۆکردنەوەی وێنەی سەرجەم قوربانیەکانی تاوانەکە لە “پیاو، ژن، کچ، مناڵ، پیر” بۆ ئەوەی لە دوو توێی دۆسیەکە بە لێزانی بەکاربهێنرێ، وەک یەکێک لە بەڵگەنامە گرنگ و پڕ بایەخەکان.
سەرچاوە: جینۆساید کورد

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ

شارەکان: شنگال

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 349

**جەبار یاوەر: بەغدا 15 ترلیۆن دینار بودجەی پێشمەرگە قەرزارە**

وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، رێژەی کورد لە سوپا و هێزە ئەمنییەکانی عیراق بۆ سەدا دوو کەم بوەتەوە، بەغداش 15 ترلیۆن دینار قەرزاری پێشمەرگەیە.
فەریق جەبار یاوەر، ئەمینداری وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکدا لەگەڵ بەشی کوردی ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵ دەڵێت: "هەرێمی کوردستان بەنیازە 22 لیوای پێشمەرگە دابمەزرێنێت و ئێستا 13 یان تەواوبوون، بە گشتی لیواکان 160 هەزار پێشمەرگە لەخۆ دەگرن."
هەرێمی کوردستان کار بۆ دروستکردنی هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوو دەکات کە ئێستاشی لەگەڵدابێت بەهۆی شەڕی ناوخۆ و رووداوەکانی پێش ساڵی 1998 ئە و هێزە سەر بەحزبەکان بوون و هێشتاش بەشێکیان لە و چوارچێوەیەدان.
پرۆسەی یەکخستنەوەی پێشمەرگە لە ساڵی 2010 ە وە دەستپێکردووە، لە کۆتایی ئەمساڵدا 13 لیوای تەواودەبێت و کۆتایی پرۆسەکەش بەپێکهێنانی 22 لیوای یەکگرتووی پێشمەرگە کە 20 یان پیادە و دوو لیوای پشتیوانی پێکدێت .
ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت: "بەهۆی توانای دیاریکراوی ماڵی وەزارەت و نەبوونی سەربازگەی، پێویست پرۆسەی یەکسختنەوەی پێشمەرگە دوا دەکەوێت و بە خێرایی ناچێتە پێشەوە."
یاوەر لە و بارەیەوە وتی: "ساڵانە حکومەتی هەرێم لە رێی پرینی بەشێک لە بودجەی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان، بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە پێکدەهێنێت، ئە و بودجەیەش نیوەی پێداویستییەکانی ئێمە دابین ناکات."
لە بارەی ژمارەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانەوە دەڵێت: "ئێستا ژمارەیان دەگاتە 120 هەزار کەس، بێجگە لە 40 هەزار پێشمەرگەی دیکە کە هێزی یەدەگن، هەروەها 40 هەزار پێشمەرگەی خانەنشین، کۆی گشتی دەگاتە دوو سەد هەزار کەس."
ئەگەرچی ساڵی 2007 بودجەی گشتیی عیراق بە بڕگەیەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عیراق و دەبێت لە بودجەی سیادی بودجەیان بۆ دابین بکرێت، بەڵام تا ئێستا ئە و بڕگەیە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.
لە دەستووری عیراق کە ساڵی 2005 لە راپرسییەکی گشتیدا لە لایەن عیراقییەکانەوە پەسەند کرا، پێشمەرگە بە هێزێکی یاسایی و دەستووریی دەناسێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ، یاداشتی لێک تێگەیشتینیان لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عیراق هەیە کە ژمارەی هێزەکانیان 120 هەزار کەس بێ بۆ ئەوەی هەرێم بە باشی بپارێزن لە مەترسییەکانی تیرۆر بەهۆی نزیکیی هەرێم لە چەند پارێزگایەکی جێ مەترسیی عیراق.
جەبار یاوەر ئەوەش رەتدەکاتەوە، وەزارەتەکەی یان حکومەتی هەرێم گرێبەستی کڕینی چەکی لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا هەبێ، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی بودجە کە ئە و جۆرە گرێبەستانە پێویستییەتی. ئەوەش دەڵێ، ئە و چەک و تفاقەشی کە لەلای هێزەکانیاندا هەیە بەشێکیان هی هێزی پێشمەرگەن لەپێش راپەڕینی 1991 و بەشێکیشیان پاشماوەی ئە و چەکانەیە کە لەپرۆسەی رزگارکردنی عیراق ساڵی 2003 لە فەیلەقە گەورەکانی یەک و دوو و پێنجی سوپای عیراق دەستیان بەسەرداگرتوون.
جەبار یاوەر باس لەکۆنیی ئە و چەکانە دەکات و دەڵێت: "بەهۆی زۆریی تەمەنییانەوە لە چەند کارگەیەکی بچووکی وەزارەتەکەی چاکدەکرێنەوە و بۆیە دەکرێن و ئیدی وەک چەکی نوێ دەردەکەون، چەند جۆرە چەکێکی وەکو تانکی 55 Tو 62 T و تۆپی 122 ملیم و 37 ملیمی دژە ئاسمانیمان هەیە."
ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە بە توندی رەخنە لە بەرپرسانی عیراق و بەدیاریکراوی وەزارەتی بەرگریی دەگرێت لە پێنەدانی بەشە بودجەی هێزی پێشمەرگە و دەڵێت: "لە ساڵی 2007 ە وە هیچ پرە بودجەیەکیان لە عیراق وەرنەگرتووە کە دەگاتە 13 تریلیۆن دینار، پێشمەرگە کە بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عیراق لە ساڵی 2004ەوە کە بودجە بۆ عیراق تەرخاندەکرێ تا 2013 پرێ 13 تریلیۆن دینار پشکی پێشمەرگەیە لە و بودجەیە، ئەگەر هی ساڵی 2014شی بخرێتە سەر دەکاتە 15 تریلیۆن دینار کە هیچی بە پێشمەرگە نەدراوە".
لەبارەی داوەتنامە رەسمییەکەی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەس - ناتۆ بۆ وەزارەتەکەی لە 14 و 15ی مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ، جەبار یاوەر دەڵێ، هێزەکانی ناتۆ دەیانەوێ لەساڵی ئایندەوە بۆ مەشقپێکردنی هێزەکانی عیراق بگەڕێنەوە بۆعیراق. بەرپرسانی ناتۆ بەڵێنی هەوڵدان

بۆ مەشقپێکردنی هێزەکانی هەرێمی کوردستانیشیان داوە.
بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لەنێویاندا مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم چەندین جار باسیان لە کەمیی ڕێژەی کورد لەنێو هێزەکانی عیراق و بەتایبەت سوپاکەی کردووە، جەبار یاوەر لەمبارەیەوە دەڵێ، بەپێی مادەی 9 ی دەستوور، دەبێ سوپای عیراق و هێزەکانی دیکە لە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و تایفییەکانی بەپێی ڕێژەیان لە دانیشتوانی وڵات پێکبێت، بەڵام ئەوە جێبەجێ نەکراوە.
یاوەر باس لەوە دەکا ئەگەرچی کورد زیاتر لە 20%ی دانیشتوانی عیراق پێکدەهێنن و 17%ی بودجەی عیراقی هەیە، بەڵام ڕێژەی کورد زۆر لە و ڕێژانە کەمترە: "لە دوای ساڵی 2007 ڕێژەی کورد لەنێو سوپای عیراق کەم دەبێتەوە، لە و ساڵە ڕێژەکە 7% بوو، ئێستا لەسنووری 2%ە و ساڵ دوای ساڵیش کەمتر دەبێتەوە".
هەروەها یاوەر ڕایگەیاند: لە هەندێک دەزگای دیکەی سەربازیی دا، ڕێژەی کورد سفرە.
یاوەر زیاتر وتی: "لە هەموو ئە و گرێبەستە گەورانەی عیراق بۆ کڕینی چەک و کەلوپەلی سەربازیی دەیانکا، هەرێمی کوردستان هیچ پشکێکی تێدا نییە، بە پێی یاداشتی لێک تێگەیشتنی نێوان هەردوولا، حکومەتی هەرێم نابێ فڕۆکەی جەنگی هەبێ، تەنیا دەتوانێ کۆپتەر بۆ گواستنەوەی نەخۆش و بریندار و خەڵکی مەدەنی هەبێ".
فەریق جەبار یاوەر لەدرێژەی چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ئاژانسی ئەنادۆڵ، ڕەتی دەکاتەوە لەساڵی نوێوە پاراستنی ناوشاری کەرکوک بدرێتە هێزی پێشمەرگە، هەرچەندە هێزیان لەهەموو ئە و ناوچانەی پێیان دەگوترێ "جێ ناکۆک لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم" هەیە، بۆیە نە پێشمەرگە و نە سوپای عیراق ناتوانن بە تەنیا بچنە نێو شارەکانەوە.
ئە و تاکە لیژنەیەی لەکۆی ئە و حەوت لیژنەی مالیکی و نێچیرڤان بارزانی بۆ چارەسەری کێشەکانی هەردوولا لەسەر دروستکردنیان ڕێککەوتن، جەبار یاوەر وتی: "دوو دانیشتمان کرد، بەڵام نەگەیشتین بەهیچ بڕیار و چارەسەرێک بۆ کێشەکانمان. هیچ ئاڵوگۆڕکردنێکی زانیاریی لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عیراقدا نییە ئەوەی هەیە ئاڵوگۆڕی نامە و نووسراوە. چەند ئەفسەرێکی وەزارەتی پێشمەرگە لەوەزارەتی بەرگریی عیراقن و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام پەیوەندییەکان نەگەیشتوونەتە ئاستی مەشق و پرۆسەی سەربازیی هاوبەش. هێزی پێشمەرگە کە بەپاسەوانی هەرێم دەناسرێن بەشێکیان لەسەر سنوورەکان بڵاوکراونەتەوە".
بەپێی قسەی جەبار یاوەر، تا ئێستا هیچ گەنجێکیان دەستگیر نەکردووە کە لەهەرێمی کوردستانەوە بۆ جیهاد چووبێتە سوریا: "ئە و سنوورەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و سوریادا هەیە، تەنیا 30 کیلۆمەترە و کەم و کۆنترۆڵکراوە، بەڵام ئە و سنوورەی لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی عیراقدایە 300 کیلۆمەترە. ئە و کەسانەی بەناوی جیهادەوە دەچنە سوریا لە و سنوورەوە دەچن، چونکە ئاسانترە".
سەبارەت بە بوونی هێزەکانی پەکەکە لە چیاکانی هەرێمی کوردستان، جەبار یاوەر دەڵێت: "ئەوان لەساڵی 1984 بە دواوە لە سێگۆشەی سنووریی نێوان عیراق و تورکیا و ئێرانن کە ناوچەیەکی زۆر عاسێیە، ئە و سێ حکومەتە سەربارى ئەوەی ڕێککەوتنیان لەنێوانیاندا هەبووە بۆ چوونە نێو خاکی یەکتر بەقوڵایی 15 کیلۆمەتر، بەهەموو هێزیانەوە نەیانتوانیوە ئە و ناوچەیە کۆنترۆڵ بکەن، بۆیە بۆ حکومەتی هەرێم ئاسان نییە ئە و کارە بکا".
جەبار یاوەر پێشیوایە سەرگرتنی پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا تاکە گەرەنتیی دابەزینی ئە و چەکدارانە و چۆڵکردنی ئە و چیایانەیە. ئە و بەرپرسەی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەشی ڕەتکردەوە هەرێمی کوردستان هێزی لەکوردانی ڕۆژئاوا لەهەرێمەوە مەشق پێکردبێ و ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستانیان کردبێت: "حکومەتی هەرێم بەهیچ شێوەیەک لەرووی سەربازییەوە دەست وەرنادادتە کاروباری ڕۆژئاوای کوردستان".
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 350

## جەبار یاوەر: حەوت پێشمەرگە شەهید و 36ی تریش بریندار بون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140615165022766951

ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، تائێستا 43 پێشمەرگە لەبەرەکانی روبەروبونەوەی چەکدارانی داعش شەهید و برینداربون.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: سایتی فەرمی پارتی لەسەر زاری وتەبێژو ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەبار یاوەر، ئەمڕۆ یەکشەممە، رایگەیاند، لەهەوڵی دروستکردنی ژورێکی عەمەلیاتدان تا لەڕێیەوە سەرژمێریی سەرجەم ئامارەکانی تایبەت بەپێشمەرگە بکەن.
وتیشی، "بەشێوەیەکی گشتی لەسنوری رەبیعە لەسەرەتای چۆڵکردنیەوە هەندێک تەقە هەبو دواتر هێزێکمان چوە شوێنەکان بۆ ئەوەی جێی سوپای عێراق بگرێتەوە، لەوێ دوو شەهیدمان هەبو، لەکەرکووکیش لەکاتی چۆڵکردنی بارەگاکانی سوپای عێراق بۆمب بەئۆتۆمبێلەکانی لیوای سوپای دودا تەقییەوە، لەوێیش دوو شەهیدمان داوە و چوار برینداریش هەبوە، هەروەها لەو شەڕانەی لەناوچەکانی دیالە لەگەڵ چەکدارەکاندا کراوە، دوو شەهیدمان داوە لەگەڵ 23 بریندار."
یاوەر ئاشکراشیکرد، "ئەمڕۆش لەناوچەی رەبیعەی سنوری پارێزگای موسڵ، بۆمبێک بەفەرماندەی سپیلکدا تەقیوەتەوە، لەوێیش شەهیدێک هەیە لەگەڵ دوو بریندار."
ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەشی خستەڕو "بەگشتی 6 شەهید و 30 بریندار هەن، جگە لەوەی لەبۆردومانی فڕۆکەکانی عێراقدا 6 بریندارمان هەبوە."
سەبارەت بەشاری موسڵ و هەوڵەکانی سوپای عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوبراو وتی، ئاگاداری هیچ پلانێکی سەربازی حکومەتی عێراق نین لەبارەی بۆردومانی شاری موسڵ و راوەدونانی داعشەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 15-06-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 351

## جەبار یاوەر: ژمارەی پێشمەرگە دەگاتە 200 هەزار کەس

http://www.kurdipedia.org/?q=20131218110241871851

بەوتەی ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە، ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە دەگاتە 200 هەزار کەس. ناوبراو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە رێژەی کورد لەسوپاو هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق کەمبۆتەوە بۆ لەسەدا دو. هاوکات باسلەوەش دەکات کە حکومەتی ناوەند دەیان ملیۆن دینار قەرزاری پێشمەرگەیە.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ دروستکردنی هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتو دەکات کە ئێستاشی لەگەڵدابێ بەهۆی شەڕی ناوخۆو روداوەکانی پێش ساڵی 1998 ئەو هێزە سەر بەحزبەکان بون و هێشتاش بەشێکیان لەو چوارچێوەیەدان.
پرۆسەی یەکخستنەوەی پێشمەرگە لەساڵی 2010وە دەستپێکردووە، لەکۆتایی ئەمساڵدا 13 لیوای تەواودەبێ و کۆتایی پرۆسەکەش بەپێکهێنانی 22 لیوای یەکگرتوی پێشمەرگە کە 20یان پیادەو دوو لیوای پشتیوانی پێکدێت .
سەبارەت بەهەنگاوەکانی پرۆسەی یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، ئاژانسی ئەنادۆڵ لەزاری فەریق جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگەوە بڵاویکردۆتەوە کە بەهۆی توانای دیاریکراوی ماڵی وەزارەت و نەبونی سەربازگەی پێویست، پرۆسەی یەکسختنەوەی پێشمەرگە دوا دەکەوێت و بەخێرایی ناچێتە پێشەوە.

له ڕووەوە ڕایگەیاندووە، هەرێمی کوردستان بەنیازە 22 لیوای پێشمەرگە دابمەزرێنی و ئێستا 13یان تەواوبون. بەگشتی لیواکان 160 هەزار پێشمەرگە لەخۆ دەگرن.
جەبار یاوەر لەبارەی ژمارەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان دەڵێت، ئێستا ژمارەیان دەگاتە 120 هەزار کەس، بێجگە لە 40 هەزار پێشمەرگەی دیکە کە هێزی یەدەگن، هەروەها 40 هەزار پێشمەرگەی خانەنشین. کۆی گشتی دەگاتە 200 هەزار پێشمەرگە.
ئەگەرچی ساڵی 2007 بودجەی گشتی عێراق بەبڕگەیەک ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هێزی پێشمەرگە بەشێکە لەسیستمی بەرگری عێراق و دەبێت لەبودجەی سیادی بودجەیان بۆ دابین بکرێت، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێن لەو کاتەوە هیچ بودجەیەک بۆ پێشمەرگە تەرخاننەکراوە .
یاوەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەساڵی 2007وە هیچ پرە بودجەیەکیان لەعێراق وەرنەگرتووە کە دەگاتە 13 تریلیۆن دینار. ئە و دەڵێت، "پێشمەرگە بەشێکە لەسیستمی بەرگریی عێراق لەساڵی 2004وە تا 2013 پری 13 تریلیۆن دینار پشکی پێشمەرگەیە لەو بودجەیە، ئەگەر هی ساڵی 2014شی بخرێتە سەر دەکاتە 15تریلیۆن دینار کە هیچی بەپێشمەرگە نەدراوە".
ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕونیدەکاتەوە کە ساڵانە حکومەتی هەرێم لەڕێی پرینی بەشێ لەبودجەی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان، بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە پێکدێنێت، "ئەو بودجەیەش نیوەی پێداویستییەکانی ئێمە دابین ناکات".
لەدەستوری عێراقدا کە ساڵی 2005 لەراپرسییەکی گشتیدا لەلایەن عێراقییەکانەوە پەسەند کرا، پێشمەرگە بەهێزێکی یاسایی و دەستوریی دەناسێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە باسلەوە دەکات کە یاداشتی لێکتێگەیشتینیان لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق هەیە کە ژمارەی هێزەکانیان 120 هەزار کەس بێ بۆ ئەوەی هەرێم بەباشی بپارێزن لەمەترسییەکانی تیرۆر بەهۆی نزیکیی هەرێم لەچەند پارێزگایەکی جێ مەترسیی عێراق.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 18-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 352

## جەنگی عیراق 1.7 تریلیۆن دۆلاری تێچووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130907220645888882

لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکا دەریخست، جەنگی ئەمریکا لەعیراق 1.7 تریلیۆن دۆلاری تێچوو، لەم جەنگەشدا ئەمریکا جگە لە "کەمێک لە جەنگ" هیچی دیکەی چنگ نەکەوت و عیراقیش بووە پێگەی توندڕەوە ئیسلامییەکان .
لێکۆڵینەوەکە، کە پەیمانگای واتسۆنی ئەمریکا ئەنجامیداوە، ئەوەشی دەرخست کە، سەرباری بەهەدەر چوونی ئەو هەموو پارەیە لەشەڕی عیراقدا، لانی کەم 134 هەزار هاوڵاتی مەدەنی عیراق بەهۆی ئەو شەڕەوە بوونە قوربانی و پێدەچێت چوار هێندەی دیکەش بەهۆی کاریگەرییەکانی ئەو شەڕەوە بوبێتنە قوربانیی.
بەپێی لێکۆڵینەوەکە، تیچوونی سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی عیراق کەبە 212 ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت شکستی هێنا، بەهۆی بەهەدەرچوونی زۆربەی ئەو پرە پارەیە لە،" بواری پاراستنی ئاسایش و ونبوون و دزین و خواردنیدا"، هەروەک عیراق بووە لانکەی چالاکی توندڕەوە ئیسلامییەکان لە ناوچەکە و بەهۆی خراپی رەوشی ئەمنیەوە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و سیستمی چاودێری تەندروستی و بوارەکانی دیکەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو بەرە و دواوە چوونەوە .
لێکۆڵینەوەکە کە زیاد لە 30 شارەزاو پسپۆر، کاریان تێیدا کردووە، ئەوەشی خستۆتەڕوو کە،" تێچوونی جەنگی ئەمریکا لەعیراق هێشتا درێژەی هەیە و بەهۆی ئاکامەکانی ئەو جەنگە، ژمارەیەکی بەرچاو لەسەربازەکانی ئەمریکا کەمئەندام بوون، ئەمەش دوای دەیەیەک لەجەنگ تێچوونی تەندروستی سەربازە کەمئەندامەکان لە 33 ملیار دۆلارەوە گەیشتۆتە 134.7 ملیار دۆلار ."

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-09-07

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 353

**جەنەڕاڵێکی سوپای تورکیا: لە چەلێ 90 هەزار مینمان داناوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030518260382464

جەنەڕاڵێکی سوپای تورک کە ئێستاکە وەکو تۆمەتباری کەیسی کوشتنی (7) سەرباز لە ئەنجامی تەقینەوەی میندا دادگایی دەکرێت، لە قسەکانیدا لە دادگا رایگەیاند سوپای تورک لە ناوچەی چەلێی سەر بە شاری جولەمێرگ نزیکەی (90) هەزار مینی داناوە.
لەناوچەی چەلێی سەر بە شاری جولەمێرگ لە ئەنجامی تەقینەوەی ژمارەیەک مینی سوپای تورک بە سەربازەکانیاندا و بەهۆیەوە کوژرانی (7) سەرباز، لەدادگای سەربازیدا دۆسیەیەک لەبەرامبەر بە فەرمانداری گشتی کرابووەوە.
لە دانیشتنەکەی پێشوودا داواکاری گشتی سەربازی داوای سەپاندنی (25) ساڵ و (6) مانگ زیندانی بۆ جەنەراڵێکی سوپای تورک بەناوی ( زەکی ئەس)ەوەو دەرکردنی لە سوپا کردبوو.
ئەو جەنەڕاڵە رایگەیاندوە تورکیا بە زانابیەوە پەیمانی ( ئۆتۆڤا) ناکات بە بابەتی پەروەردەی سەربازی و دەڵێت "کۆنترۆڵی مینەکان لەدەستی فەرمانداری جەندرمە، فەرمانداری هێزەکانی وشکانی و فەرمانداری گشتی سوپادایە، بەڵام بە ئەنقەست پشکنینیان بۆ نەکردووە."
ئەس، ئاشکراشیکردوە سوپای تورکیا لە چەلێ نزیکەی (90) هەزار مینی داناوە و شوێنەکانیشی لەلایەن فەرمانداریەوە دەزانرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ٢٠١٣-٠٣-٠٥

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 354

**چارەکێکی دانیشتوانی عیراق و هەرێم تووشی نەخۆشیيە دەروونییەکان بوون**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032623314665323

خەندان کامەران عەبدە ساڵح
وەزارەتی تەندروستیی هەرێم ئامارو ژمارەی تەواوی ئە و کەسانەی لەبەردەستدا نیە کە لە کوردستاندا تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان بوون، لە و رووەوە پشت بە داتاکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی ناوەند دەبەستین، بۆ ئەوەی بتوانن داتایەکی تا رادەیەک روونیان دەستبکەوێت لەسەر ژمارەی راستەقینەی ئە و کەسانەی تووشی ئە و نەخۆشیەبوون.
بەپێی ئامارێکی پێشووی لیژنەی تەندروستی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراقیش بێت، لەئێستادا رێژەی حەڤدە لەسەدای هاوڵاتیانی عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان بوون. بەپێی ئە و ئامارە، لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە، جاری واهەبووە لەماوەی ساڵێکدا زیاتر لە 100 هەزار کەس تووشی نەخۆشییە دەروونییەکان بوون.
پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن
تەها، تەمەنی لە سەرووی 50 ساڵەوە بوو، خێزاندار و، دانیشتووی شارۆچکەی سەروچاوە بوو.

ماوەی چەند ساڵێک بوو باری دەروونی تێکچووبوو، چەندینجۆر چارەسەری پزیشکی بەکاردەهێنا بەڵام بێسوود بوو، تا لەپێشهاتێکی چاوەڕواننەکراودا، دەرگای ژوورێکی ماڵەوەی لەسەرخۆی داخست و، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
قاسم –یش تەمەنی 24 ساڵ و دانیشتووی پشدەر بوو، بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی دەروونییەوە، لەماڵەکەی خۆیدا بەفیشەکێکی تاپڕ کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا. لە دۆسیەی قاسمدا لای پۆلیس، نوسراوە: ئە و گەنجە ماوەی چوار ساڵ بوو تووشی نەخۆشی دەروونی ببوو، چەندجارێکیش جەڵتەی دڵ لێیدابوو. ماوەیەکی کەم بوو ژیانی خێزانی پێکهێنابوو، دواجار فیشەکێکی تاپڕ-ی ڕاوکردنی ئاراستەی سنگی خۆی کردو، دوای بەرکەوتنی فیشەکەکە دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.
چیرۆکی قوربانیانی نەخۆشییە دەروونییەکان زۆرن، پیاوێکی تەمەن 43 ساڵی دانیشتووی شارۆچکەی حاجیاوا، بەناوی محەمەد، کە ئەویش دوچاری نەخۆشی دەروونی ببوو، ماوەی چەند هەفتەیەک بوو شوێنی نادیاربوو، دواجار تەرمەکەی لە ناحیەی خدران دۆزرایەوە.
کەسوکارەکەی دەڵێن، ڕۆژێک محەمەد لە ماڵ چوەتە دەرو نەگەڕاوەتەوە، تا دواجار زانرا تەرمەکەی لە شوێنێکی چۆڵ و دوور لە ئاوایی کەوتووە، پێدەچێت دوای ئەوەی ڕێی کەوتوەتە ئە و شوێنە، ڕێگەی گەڕانەوەی ون کردبێت، دواتر لە برسان گیانی لەدەستدابێت، یان خۆی نەیویستبێت بگەڕێتەوە تا گیان لەدەستدەدات، بەڵام ئیتر کەس نیە وەڵامی ئە و پرسیار و گومانانە بداتەوە.
بۆچی پیاوان؟
زۆربەی ئە و پیاوانەی دوچاری نەخۆشییە دەروونییەکان دەبن، پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، بەپێچەوانەی ژنانەوە کە هەرچەندە بەهەمان دەردەوە گرفتار دەبن، بەڵام هەوڵی مانەوە دەدەن لە ژیاندا.
لە و رووەوە، مامۆستای دەروونزان حسێن پشدەری، بۆ خەندان دەڵێت: "هەموو بەدواداچوونە زانستییەکان، کۆکن لەسەر ئە و رایەی کە ژنان بەتواناترن لەپیاوان بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە دەروونی و خەمۆکییەکاندا، سەلمێنراوە جیاوازی زۆر لەنێوان ژنان و پیاواندا هەیە بۆ روبەروبوونەوەی کێشە دەروونی و خەمۆکییەکان، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پیاوان نایانەوێت باس لە کێشەکانیان بکەن لای کەسانی دەوروبەریان، خۆیان وا دەردەخەن کە بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵن و هیچ کێشەیەک نیە، بەپێچەوانەوە ژنان لەکاتی روبەروبوونەوەی کێشەکاندا پەنا دەبەنە بەر ئە و کەسانەی کە لە دەوروبەردا هەن، بۆ ئەوەی کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەن."
وڵاتێکی پر نەخۆش
بەپێی ئە و ئامارەی دەستەی پزیشکی نێودەوڵەتی رایگەیاندووە، لەئێستادا عیراق پێویستی بە 300 هەزار پزیشکی نەخۆشی دەروونی هەیە، بۆئەوەی چارەسەری ئە و هاوۆاتیانە بکەن کە تووشی نەخۆشی دەروونی درێژخایەن هاتوون، چاودێری بنکەکانی دەروونییش بکەن بۆئەوەی باری دەروونی ئە و هاوڵاتیانە بەرە و باشی پروات.
ئاماژەیان بەوەشکردووە بەهۆی ئە و بارودۆخەی تووشی عیراق هاتووە، رێژەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان تووشی تێکچوونی باری دەروونی هاتوون و، ژمارەشیان روو لەزیادبوونە. رێکخراوی تەندروستی جیهانیش ئاشکرایکردووە، لەسەرانسەری عیراقدا شەش ملیۆن هاوڵاتی بەدەست نەخۆشی دەروونییەوە دەناڵێنن، بەهۆی ئە و شەڕ و وێرانکارییانەی کە بەسەر عیراقدا هاتووە، چەندین نەخۆشی جۆراوجۆری دەروونی پەرەیسەندووە.
هەروەها ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی عیراقی تووشی تێکچوون و ئاڵۆزیی دەروونی بوونەتەوە. ئەمە لەکاتێکدایە، کە لە راپۆرتێکی رابیتەی پزیشکانی دەروونی عیراقدا باس لەوە کراوە، تەنها 100 پزیشکی دەروونی لە سەرتاسەری عیراقدا بوونیان هەیە بۆ پشکنینی نەخۆشییە دەروونییەکان، لە بەرامبەر 30 ملیۆن کەس لە دانیشتووانی عیراق.
کەمخەوی هۆکارە
مامۆستای دەروونزان، حسێن پشدەری، دەربارەی یەکێک لە هۆکارەکانی تووشبوون بە نەخۆشی دەروونی، بۆ خەندان دواو، وتی: "لەئێستادا زۆربەی هاوڵاتیان کاتەکانی خەوتنیان لە شەودا کەمکردوەتەوە، جا بەهۆی مانەوەی زۆری شەوانە لەسەر کۆمپیوتەر یان بەهەر هۆکارێکی دیکەوە بێت."
حسێن پشدەری، بە پشتبەستن بە توێژینەوەیەکی تەندروستی نوێ کە لەلایەن پەیمانگەی لەندەنەوە ئەنجامدراوە، دەڵێت: "کەمیی خەوتن هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرهەڵدانی نەخۆشییە دەروونییەکان لە مرۆڤداو، بەبەراورد لەگەڵ ئە و کەسانەی کە بەباشی دەخەون، ئە و کەسانەی بۆ

ماوەی چەند رۆژێک کەم دەخەون پێنج هێندە زیاتر تووشی بێئەقڵی دەبنەوە، دەریشکەوتووە نیوەی ئە و کەسانەی بەهۆی حاڵەتی گومانەوە داوای یارمەتی لەپزیشکی دەروونی دەکەن، هۆکارەکەی کەمیی خەوە."

حسێن، زیاتر دەربارەی زیانەکانی کەمخەوی دەدوێت و، ڕوونیدەکاتەوە، "لەماوەی چەند رۆژێکدا و لەئاکامی کەمیی خەودا، هەست بە هیلاکی و پەرتەوازە بوونی هۆش و داپران لەجیهان دەکەین، کە دواجار هەموو ئەمانە فاکتەری ئەوەن ببنە هۆی سەرهەڵدانی حاڵەتی گوماناوی لەمرۆڤدا، بۆیە خەوتنی باش پێویستییەکی سوودبەخشە بۆ ژیان."

چی بکەین باشە؟

حسێن پشدەری، کە دێتە سەر باسی چۆنێتی رووبەڕووبونەوەی نەخۆشییە دەروونییەکان، بۆ خەندان دەڵێت: "شارەزایانی بواری دەروونزانی، چەند رێنماییەکیان پێشنیازکردووە، کە پێویستە مرۆڤەکان وەک چەکێک بۆ رووبەڕووبونەوەی نەخۆشییە دەروونییەکان بەکاریانبهێنێت، گرنگترینیان بریتین لە: هەرگیز نابێت خۆت بەراورد بکەیت بە کەسانی تر نەوەک خۆت لە ئاستێکی نزمتر لە ئەوان دابنێیت، لە گەورەیی خۆت کەم مەکەوە، ئەگینا وات لێدێت گومانی خراپت بە توانا و بەهرەکانی خۆت هەبێت، چێژ لە هەستە پۆزەتیڤەکانی ناو ناخی خۆت وەربگرە، هەموو شتێکی سوودبەخش بۆ خۆت بەکاربهێنە لەپێناو رێزگرتنی خودی خۆت. تێکەڵاوبوون لەگەڵ کەسانی گەشبین زۆر گرنگە ."

لە هەر شارێک نەخۆشخانەیەک

دکتۆر خالیس قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ خەندان باسی لەوەکرد، کە وەزارەتەکەیان ئەوەندەی لەتوانایدا بێت بۆ خزمەتکردن بە کەسانی تووشبوو بە نەخۆشییە دەروونییەکان درێغی ناکات، لەئێستاشدا لە سەنتەری هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک، نەخۆشخانەی دەروونی هەیە.

بە وتەی دکتۆر خالیس، ئەرکی سێ نەخۆشخانە دەروونییەکەی هەرێم، چارەسەری نەخۆشییە ژیری و دەروونییەکانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 355

## چالاکوانێک: تەنها لەم مانگەدا 4 دەستدریژی سێکسی لە جەلەولا تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013110620030888021

لەم مانگەدا چوار دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچانی خوار 18 ساڵ لە ناحیەی جەلەولای سەر بە خانەقین تۆمارکراوە.

ئاودێرمحەمەد، ئاوێنەنیوز: لەوبارەیەوە، ئەمیر عەلی، چالاکوانی مەدەنی لە لیژنەی ئاشتی و هیوا- ئەنانا (کە رێکخراوێکی ناحکومی ناوچەی خانەقینە) تایبەت بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند، "لەم مانگەدا چوار دەستدرێژی سێکسی بە زۆر کراوەتەسەر 4 کچی تەمەن خوار 18 ساڵ لە ناحیەی جەلەولای سەر بە خانەقین ."

هاوکات سەرچاوەیەکی ئەمنی ئاگادار بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند، "دوورنیە پەردی کچێتی یەکێک لە کچەکان بەزۆر درێنرابێت، ئێستا بۆ پشکنین کچەکە براوەتەبەغدا."

لە لایەکی ترەوە بەرپرسی کۆمیتەی ناحیەی جەلەولای حزبی شیوعی کوردستان، ڕەشید ئیبراهیم، وتیی بۆدژایەتیکردنی ئەو دەستدرێژیانە ئەمرۆ بەیاننامەیەکی ناڕەزایەتیان بڵاوکردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 06-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 356

## چوار ملیار دینار دراوەتە کرێی وانەبێژی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011114182886723

خەندان رەهێل سەمەد
بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر رایگەیاند، ساڵی رابردوو چوار ملیار دینار لە سنووری پارێزگای هەولێر دراوەتە کرێی وانەبێژی و 90 خوێندنگەش تەواو بووە کە پری 40 ملیار دیناریان بۆ تەرخانکراوە.
ئەمڕۆ شەممە (11ی کانوونی دووەمی 2014) بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماری کاروچالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەیانی لەساڵی رابردوو خستەروو.
لە و کۆنگرە رۆژنامەنووسییەدا کە لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بەڕێوەچوو بەکر کەریم، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر رایگەیاند: لە ساڵی 2013 لە سنوری پارێزگای هەولێر 90 خوێندنگەی نوێ لە سنوورەکەیان دروستکراوە کە 40 ملیار دیناری بۆ خەرجکراوە، لە و ژمارەیە دوو خوێندنگەیان لە لایەن خێرخوازانەوە دروستکراوە.
بەکر کەریم وتیشی: "لە هەمان ساڵدا 539 خوێندنگە و 37 باخچەی ساوایان نۆژەنکراوەتەوە، هاوکات چوار کۆگای مۆدێرن دروستکراوە، لەگەڵ کردنەوەی دوو خوێندنگە بۆ پێشمەرگە، کە 600 پێشمەرگە تیایدا درێژە بە خوێندن دەدەن و 24 باخچەی ساوایانیش دروستکراوە."
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر لە بەشێکی تری کۆنگرەکەدا ئەوەیشی خستەروو: لە ساڵی 2012 دا نۆ ملیار دینار دراوەتە مامۆستایانی وانەبێژ، بەڵام لە ساڵی 2013 دا ئە و پرە کەمیکردوە بۆ چوار ملیار دینار.
هەر لەساڵی 2013 دا پێنج هەزار و 445 مامۆستا مۆڵەتی جۆراوجۆریان وەرگرتوە، کە زۆرترینیان مۆڵەتی دایکایەتی بووە، زیاتر لە دوو ملیار دیناریش تەرخانکراوە بۆ پێداویستی قوتابخانەکان.
هاوکات لە سەرەتای وەرزی زستانیشدا چوار ملیۆن لیتر سوتەمەنی و بەر لە دەستپێکی وەرزی نوێی خوێندن شەش ملیۆن پەرتوک دابەشکراوە، نۆ هەزار و 920 مامۆستا خولیان بۆ کراوەتەوە.
خستنەڕووی ئە و ئامارانە لە کاتێکدا تا ئێستا کێشەی باڵەخانەی خوێندنگا و سێ دەوام لە هەندێکیان ماوە، هاوکاتژمارەیەکی زۆر لە دەرچووی کولێژەکان هەن، کەچی بەهۆی دانەمەزراندین کێشەی کەمی میلاک لە خوێندگاکان دروست بووە، ئەمەش پەروەردە ناچار دەکات پەنا بۆ مامۆستای بەوانەبێژی ببات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 357

## چەمچەماڵ.. 14 کەس بە رووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090412025988933

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی چەمچەماڵ، 14 کەس بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە و 142 کەسی تریش برینداربوون.

رائید ئاسۆ حەمە خەسرەو بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی چەمچەماڵ بە PUKmedia ی ڕاگەیاند: لەماوەی هەشت مانگی رابردوودا، 185 ڕووداوی هاتوچۆ لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی چەمچەماڵ تۆمار کراون، کە بەهۆیانەوە 14 هاووڵاتی گیانیان لەدەستداوە و 142 کەسی تریش بریندار بون.
بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی چەمچەماڵ وتیشی: سەرپێچییەکانی هاتوچۆ بەڕێژەیەکی بەرچاو لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا ڕوویان لە زیادبوون کردووە، کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆش لێپێچینەوەیان بەرامبەر سەرجەم سەرپێچیکارەکان کردووە .
PUKmediaهەردی ئەبوبەکر

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 358

## چەمچەماڵ: ساڵی پار 22 کەس بەرِوداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010609555984541

بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی قەزای چەمچەماڵ ئاماری ڕوادەوەکانی هاتوچۆی ساڵی 2014ی سنوری قەزاکەی ڕاگەیاند کە تەنها 22 کەس بە و هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە و بەراورد بەساڵی 2013 ڕوداوەکان کەمیکردووە.
محمد شوانی، ئاوێنەنیوز: نیوەڕۆی ئەمرۆ (دووشەممە) لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێوەبەری هاتوچۆی چەمچەماڵ عومەر عەلی ئاماری ڕوداوەکانی هاتوچۆی ساڵی 2014ی قەزاکە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکردەوە کە تەنها 22 کەس بە و هۆیەوە گیانیان لەدەستداوە و 153 کەسیش بریندار بوون و 71 ئۆتۆمبیلیش وەرگەڕاوە و 232 پێکدادانیش ڕوویداوە لەگەڵ شێلانی 13 کەسدا.
بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی چەمچەماڵ ئاماژە بەوەشدەکات بەراورد بەساڵی 2013 ڕوداوەکانی هاتووچۆ لەسنوری قەزای چەمچەماڵ ڕووی لەکەمی کردووە، ئەمە جگە لەوەی20 هەزارو 534 چلاکییان ئەنجامداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 06-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: ڕووداوی هاتووچۆ

شارەکان: چەمچەماڵ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 359

## چەمچەماڵ: لەسێ ڕۆژی جەژندا (1567) نەخۆش چارەسەرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081109382489196

لەماوەی سێ ڕۆژی جەژندا لەچەمچەماڵ (11) ڕوداوی هاتوچۆو پێنج حاڵەتی پێوەدانی دوپشک هەبوە، هەروەها (1567) نەخۆش چارەسەرکراون.
چەمچەماڵ، ئاوێنەنیوز: بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی تەندروستی چەمچەماڵ کە وێنەیەکی دراوەتە ئاوێنەنیوز، لەماوەی هەر سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا (8/8- 2013/8/10)، (1567)

نەخۆش بەمەبەستی چارەسەر سەردانی نەخۆشخانەی باسەڕە و مەڵبەندی (24) کاژێری چەرموو مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی تەکیەی کاکەمەندیان کردوە، سێ حاڵەتی سوتاوی لەنەخۆشخانەی باسەڕە و نۆ بریندار بەڕوداوی هاتوچۆ لەمەڵبەندی تەندروستی تەکیە چارەسەرکراون.
لەبەشێکی دیکەی ئامارەکەدا هاتوە، هەر لەوماوەیەدا (71) حاڵەتی بریندار گەیەنراونەتە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتی شەهید پێشڕەو، کە (11)یان روداوی هاتوچۆو پێنجی تریان پێوەدانی دوپشک و دو حاڵەتی سوتاوی و حاڵەتێکی بریندار بەیارییە ئاگرینەکان هەبوە. لەسێەم رۆژی جەژنیشدا هیچ روداوێکی نەخوازراو وەکو ئۆتومبیل و پێکان بەگولە روینەداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 11-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 360

## چەمچەماڵ: لەماوەی شەش مانگدا (2159) منداڵ لەدایکبوون

http://www.kurdipedia.org/?q=20130709204900896233

چەمچەماڵ، ئاوێنە نیوز: بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی تەندروستی چەمچەماڵ، کە وێنەیەکی دراوەتە ئاوێنە نیوز، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا (1/1 تا 2013/6/30)، لەنەخۆشخانەی ئەندازیار شەهید هۆشەنگ ئازاد بۆ منداڵبون (2159) کە (543) منداڵ بەشێوەی نەشتەرگەری و (1916) منداڵ بەشێوەی سروشتی لەدایکبون.
ئامارەکە ئاشکرای دەکات ئەو منداڵانەی لەدایکبون (1050) کچ و (1109) کوڕ بوون، هەروەها (15) منالی دوانە لە و ماوەیەدا لەدایکبون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 361

## چەند هەزار کەس سەردانی شوێنە گەشتیاریەکانی ناوچەی سۆران و دەوروبەریان کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140326232948653320

خەندان راماڵ قەسرەی
لەماوەی سێ رۆژی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵدا زیاتر لە 120 هەزار کەس سەردانی سەیرانگا و شوێنە گەشتیاریەکانی ناوچەی سۆران و دەوروبەریانکردوە و بەپێی ئامارەکانیش ساڵانە رێژەی گەشتیاران و سەردانکەران روو لە زیادبووندایە.
بارزان محەمەد، بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران بەخەندانی وت: "سنووری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بریتیە لە ناوچەی باڵەکایەتي و سۆران و رواندز و مێرگەسور ئە و ناوچانەش پرن لەسەیرانگا و شوێنی گەشتیاری هەربۆیە ساڵانە بەتایبەت لەبۆنەکاندا گەشتیارێکی زۆری ناوخۆی هەرێم و خوارو و ناوەڕاستی عیراق رووی تێدەکەن.
وتیشی: "بەپێی ئە و داتایانەی کە دەست بەڕێوەبەرایەتیەکەمان کەوتووە تەنها لە سێ رۆژی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵدا زیاتر لە 120 هەزار کەس سەردانی سەیرانگا و شوێنە گەشەتیارییەکانی سنوورەکەمانیان کردووە."

بارزان محەمەد روونیکردەوە: "زۆربەی ئەوکەسانەی روویان لەسنوورەکەمان کردوە بەسەردانکەر هەژمارکراون بە و پێی کەمتر لە 24 کاتژمێر مانەتەوە."
بەرێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران وتیشی: "بەهۆی بەرفراوانبوونی کەرتی گەشتیاری و زیادبوونی پرۆژە گەشتیارییەکان ساڵانە رێژەی گەشتیاران روو لەزیادبوون دەکات، ئەمساڵیش بە بەراورد بەساڵی رابردوو رێژەی گەشتیاران زۆر زیادی کردوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 26-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 362

## حاجیانی هەرێم نزیکەی 250 تەن دیاری و کەلوپەل بەپری 3 ملیۆن دۆلار بۆ کوردستان دەبەنەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102510403588193

حاجیانی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی خۆ کۆکردنەوە و خۆ ئامادە کردنن بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و دەستو دیارییان زۆرێک لە کەلوپەل و بابەتی حەج و دیاری جۆراوجۆرە کە بە نزیکەی 250 تەن بەپری 3 ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێت.
بەوتەی مەریوان نەقشبەندی وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەعەرەبستانی سعودیەوە،
لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی گەڕانەوەی حاجیانی هەرێم کە ژمارەیان بەحاجیانی کەرکوکەوە زیاتر لە 4000حاجی دەبێت بۆ خاکی نیشتمان " سەرقاڵی رەوانەکردنەوە و پێچانەوەی ئەو دیاری و کەلوپەلانەن کە قورساییەکەی نزیکەی 250 تەن دەبێت و لەشارەکانی مەککە و مەدینە کڕیویانە و خەرجی ئەم دیاری و کەلوپەلانەش لەئەنجامی خەمڵاندنێکی نزیکەیی کە بەهاوکاری حەملەدارەکانی حەج و جۆری کەلوپەلەکان کردومانە "کۆی گشتی نرخەکەی لە 3 ملیۆن دۆلار نزیک دەبێتەوە .
"بەهۆی زۆری وەزنی ئەم دیاری و کەلوپەلانەش ئەو فرۆکانەی حاجیانی هەرێم دەهێننەوە ناتوانن هەمووی بهێننەوە" بۆیە حاجیان پێشوەختە لەگەڵ چەند ئوتومبیلێکی بارهەڵگردا لەرێگەی وشکاییەوە بەشی زۆری دیاری و کەلوپەلەکانیان بەپرێک پارە ناردۆتەوە بۆ کوردستان"کەدیارترین جۆری ئەو دیاریانە (ئاوی زەمزەم و خورما و تەسبیح و پۆشاک و جلوبەرگ و سیواک و بۆن و دیاری جۆراوجۆری منداڵان و هەندێ لەحاجیانیش زێڕ دەکڕن چونکە زێڕی سعودیە یەکێکە لەباشترین جۆرەکانی زێڕ لەجیهاندا.(
سەرەرای رێنمایی بەردەوامی مامۆستایانی ئاینی کوردستان بۆ ئادابی سەردانیکردن و کەمکردنەوەی گوشاری مادی لەسەر حاجیان لەکاتی بەخێرهێنانەوەیان "بەڵام بەهۆی داب و نەریتەوە ناچاردەبن کەلوپەل و دیاری بۆ خزم و هاورێ و کەسوکار لەسعودیە بکڕن و وەک شیرینی و دیاری ببەخشنەوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-10-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 363

## حکومەت لە چوار مانگدا 37 ملیۆن دۆلار دەداتە کارەبای بەرهەم نەهاتوو

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112230626846O4

پەرلەمانتارێکی گۆڕان ئاشکرای دەکات بەهۆی کەمتەرخەمی، حکومەت مانگانە "بە ملیۆن دۆلار" دەداتە کۆمپانیایەک کە وێستگەیەکی کارەبای دامەزراندووە، بەبێ ئەوەی کۆمپانیاکە تاوەکو ئێستا بەشی داگیرساندنی گڵۆپێکیش کارەبای دابێتە حکومەت، چونکە هێڵ نییە بۆ گواستنەوەی کارەباکە.

فایەق مستەفا رەسوڵ، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لەڕێگەی راپۆرتێک بۆ وەزارەتی کارەبا، بە ژمارە و داتا باسی دۆخی کارەبای کردووە و کۆپییەکی ئەو راپۆرتەش دەست (رووداو) کەوتووە. لە بەشێکی ئەو راپۆرتەدا هاتووە کە ئەو پرە کارەبایەی لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دێت تێچوویەکی یەکجار زۆری هەیە و قورسترین باری سەر بودجەی گشتییە کە ساڵانە پرى خەرجی لە وزەی کارەبادا "4 تاوەکو 5 ملیار دۆلار دەبێ". پەرلەمانتارەکە ئەم خەرجییە بە "پرێکی ترسناک" نێودەبات.

1400مێگاوات کارەبا کورتهێنان هەیە

بەگوێرەی راپۆرتەکە، سەرجەم وێستگەکانی کارەبا توانای بەرهەمهێنانی 4172 مێگاواتیان هەیە، بەڵام لەو پرە ئێستا تەنیا نزیکەی 3000 تاوەکو 3100 میگاوات بەرهەم دەهێنرێت. پەرلەمانتارەکەی گۆران دەڵێت خواست لەسەر کارەبا لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 4400 مێگاواتە، واتە نزیکەی (1400) مێگاوات کورتهێنان هەیە، هەر ئەوەشە کە بووەتە هۆی کەمبوونەوەی کاژێرەکانی پێدانی کارەبا.

تێچووی کارەبا و شێوازی گرێبەستەکان

فایەق مستەفا لەو راپۆرتەدا ئاماژە بە خەرجیی بەرهەمهێنانی کارەبا دەکات لە هەرێمی کوردستان و دەڵێ "سووتەمەنی وێسگەکانی کارەبا لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە دابین دەکرێ. بەپێی داتاکانی ئەو وەزارەتە هەر لیترێک گاز ئۆیل نزیکەی 1100 دینار لەسەر حکومەت دەکەوێت، هەر یەکەیەکیش لە 24 کاژێردا یەک ملیۆن لیتری لەگاز ئۆیل پێویستە بۆ ئیشپێکردن، کەواتە ئەگەر 12 یەکە بە گاز ئۆیل ئیش بکەن، لە 24 کاژێردا 12 ملیۆن لیتریان پێویستە کە نرخەکەی دەکاتە 13 ملیار و 200 ملیۆن دینار (11 ملیۆن دۆلار) و لە مانگێکدا دەکاتە 341 ملیۆن دۆلار و لە ساڵێکدا چوار ملیار و 92 ملیۆن دۆلار". ئەمەش تەنیا تێچووی سووتەمەنییەکەیە جگە لەوەی بۆ هەر کیلۆ وات کاژێرێک، حکومەت "3.2 سەنت دەداتە کۆمپانیا، واتە لە 24 کاژێردا دوو ملیۆن و 304 هەزار دۆلار دەداتە کۆمپانیاکان."

ئەو پەرلەمانتارە کە 17 ساڵ ئەزموونی هەیە لەبواری بەرهەمهێنانی کارەبا، باسی هەندێ لە بەندەکانی گرێبەستی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی بواری بەرهەمهێنانی کارەبا دەکات و دەڵێت "لەهەر کاتێکدا هەر یەکەیەک لە ئیش دەربچێت کە هۆکارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ نموونە بوونی کێشە و گیروگرفت لە سیستمی کارەبادا یان دابیننەکردنی سووتەمەنی، ئەو پرە پارەیەی کە بۆ کڕینی کارەباکە دەدرێت (100%) لەسەر حکومەت حیسابە و دەبێ بیدات بە کۆمپانیا، بۆ نموونە لە رۆژانی 6 و 16 و 11/21 هەروەها 12/17 کە بەهۆکاری کێشەی تەکنیکی لە سیستمی کارەبادا سەرجەم یەکەکانی وێستگەکان لەکارکەوتن و لە ئیش دەرچوون بۆ ماوەی 27 کاژێر، نزیکەی دوو ملیۆن 430 هەزار دۆلار لەسەر حکومەت کەوتووە، واتە بەبێ ئەوەی کارەبا هەبێت حکومەت ئەو پرە پارەیەی لەسەر حیساب بووە."

وێستگەی خورمەڵە

فایەق مستەفا لەو راپۆرتەدا باس لە بەهەدەردانی پرە پارەیەکی ئێجگار زۆر دەکات کە لە حکومەتەوە دەدرێتە کۆمپانیایەک کە وێستگەی کارەبای خورمەڵەی داناوە، بێ ئەوەی یەک خولەکیش کارەبا بدات.

ناوبراو دەڵێت "توانای بەرهەمهێنانی ئەم وێستگەیە 640 مێگاواتە، گوایە بەهۆی کێشەی

دابینەکردنی سووتەمەنی و ئیدارییەوە لەکاتی تەواوبوونییەوە کاری پێ نەکراوە."
پەرلەمانتارەکە لەو راپۆرتەدا روونیدەکاتەوە "بەپێی گرێبەستەکە لە مانگێکدا پێویستە حکومەت بڕی نۆ ملیۆن و 142 هەزار دۆلار بداتە کۆمپانیاکە، کە لە ساڵێکدا دەکاتە 109 ملیۆن و 707 هەزار دۆلار بەبێ ئەوەی تەنیا یەک کیلۆ وات کارەبا بدات."
فایەق مستەفا کە لە پەرلەمانی کوردستان ئەندامی لێژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتییەکانە، بۆی روون نییە کە بۆچی ئەو وێستگەیە کارناکات "تاوەکو ئێستا هۆکارەکەی زۆر روون نییە کە بۆچی ئیشی پێ ناکرێ، بەڵام ئەوەی کە من بیستوومە لەسەرچاوەیەکەوە گوایە بەهۆی نەبوونی هێڵی گواستنەوەی کارەباوە ناتوانن ئیشی پێبکەن، ئەمە جگە لە بێ پلانی هیچی دیکە نییە، چونکە ناکرێ وێستگەیەک بەو برە کارەبایە دابمەزرێنی و بیرت لە ئامادەکاریی بۆ گواستنەوەی کارەباکەی نەکردبێتەوە."
وێستگەی خورمەڵە ماوەی چوار مانگە تەواو بووە و حکومەت پارەکەی دەدات و بەرهەمەکەی نەبینیوە. ئەو پەرلەمانتارەش سەری لەوە سوڕماوە کە حکومەت ئەو هەموو پارەیەی داوە و دەڵێ "لەو چوار مانگەدا حکومەت نزیکەی 36 ملیۆن و 570 هەزار دۆلاری داوە بۆ کارەبایەک کە بەرهەم نەهاتووە."
فایەق مستەفا ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە "80 یەکەی دیکەی بەرهەمهێنان لەجۆری دیزڵ کە بە موەلیدەکانی (سەقەر) ناسراون و بە هەموویان نزیکەی (160) مێگاوات توانای بەرهەمهێنانیانە، ئێستا ئیشیان پێ ناکرێت، گوایە کێشەی تەکنیکییان هەیە کە لەکاتی خۆیدا ملیۆنەها دۆلاریان تێچووە."
"کارەبا ون نابێت"
ئەو پەرلەمانتارە باسی رێژەی بەفیڕۆچوونی کارەبا دەکات لە هەرێمی کوردستان و داوا دەکات رێکاری بەپەلە بگیرێتەبەر بۆ کۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی ئەو سەرپێچیانەی کە وەزارەت بە وزەی ون بوو ناوی بردووە و بەپێی 33% مەزەندەی کردووە. ئەو دەڵێت "لەڕاستیدا ئەمە ونبوون نییە، بەڵکو ئەمە سەرپێچی و زیادەڕەویە، چونکە لەڕووی تەکنیکییەوە وزەی ونبوو پێوەر و رێژەی ستانداردی خۆی هەیە کە زۆر لەوە کەمترە و ئەم برە لە وزە دەچێتە خانەی سەرپێچی و بەهەدەردان و پێویستە چارەسەری بەپەلەی بۆ بکرێت."
وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کوردستان
-وێستگەی غازیی هەولێر 1000 مێگاوات
-وێستگەی غازیی سلێمانی 1000 مێگاوات
-وێستگەی غازیی دهۆک 1000 مێگاوات
-وێستگەی باعەدرێ 140 مێگاوات
-وێستگەی خورمەڵە 640 مێگاوات
-سێ وێستگەی دیزڵ لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک 29 مێگاوات
-وێستگەی تاسڵوجە51 مێگاوات
-وێستگەی دوکان 400 مێگاوات
-وێستگەی دەربەندیخان 249 مێگاوات
15 -مێگاوات لەئێرانەوە دێت بۆ پێنجوێن
130 -مێگاوات لە تورکیاوە دێت بۆ زاخۆ
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 12-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 364

## حکومەتی عیراق بەشە بودجەی هەرێم کەمدەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140104165110868344

حکومەتی عیراق بەهۆی کورتهێنانەوە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2014 کەمدەکاتەوە، بەرپرسێکی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستانیش ئاشکرای دەکات تا ئێستا پرە پارەی هەرێمی کوردستان نەچەسپاوە.

رەشید تاهیر بریکاری وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: وەزارەتی دارایی عیراق بەبیانووی کورتهێنانەوە، بەشە بودجەی 2014 هەرێمی کوردستانی کەمکردەوە .

رەشید تاهیر وتی: "بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2014 سەرەتا بریتی بوو لە 18 ترلیۆن و 700 ملیار دینار، بەڵام ئێستا بۆتە 16 ترلیۆن و 400 ملیار دینار"، ئاماژەشی بەوەدا کە لە پر 2 ترلیۆن و 400 ملیار لە بەشەبودجەی هەرێم کەمکرایەوە.

ئه و بەرپرسەی وەزارەتی دارایی ئەوەشی خستەڕوو کە ئه و 16 تریلیۆن و 400 ملیارەی بەشە بوجەی هەرێم ئێستاش نەچەسپیووە و رەنگە کەمتریشی بکەنەوە .

وتیشی: "سەرەتا وتیان بودجەی عیراق 175 ترلیۆنە، بەڵام بەبێ هیچ پلانێک ئێستا دەڵێن بۆتە 160 تریلۆن کە ئەوەش لەناکاو 15 ترلیۆن هاتۆتە خوارێ و نازانین لە سەر چ بنەمایەکە."

رەشید تاهیر پەسەندکردن و دواکەوتنی بودجەی 2014 دەگەڕێنێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسی عیراق و پێیوایە کەس نازانێت کەی پەسەند دەکرێت.

سەرچاوە: باس نیوز

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-04

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 365

## حکومەتی هەرێم ساڵانە ملیارێک و 758 ملیۆن دینار دەدات بەکرێی خانوو بۆ فەرمانگەو وەزارەتەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150828093633365416

ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتی هەرێم ساڵانە پرێکی یەکجار زۆر پارە دەدات بە کرێی بیناو خانوو بۆ فەرمانگەکانی و هەرچی زەوی باش هەیە کراوە بە موڵکی حزبەکان.

سۆران عومەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاویکردووەتەوە: حکومەتی هەرێم ساڵانە ملیارێک و 758 ملیۆن دینار دەدات بەکرێی خانوو بۆ فەرمانگە و وەزارەتەکان.

دەشڵێت: "ئەم پرسە ئاراستەی وەزیری دارایی دەکەم بۆ رزگارکردنی وەزارەتەکەی لە کرێچێتی، ئەوەی کە بە حەوت کابینە نەیانتوانیوە هێندە بینا دروست بکەن بۆ وەزارەتەکان تا حکومەت لەخانووی کرێدا نەبێت! هەرچی زەوی باش و بینای گرنگە کراوە بەموڵکی حزب ئەوەش حاڵی حوکومەتە."

لەبەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا سۆران عومەر دەڵێت: "وەزارەتی دارایی کە چەندین بەڕێوەبەرێتی و فەرمانگەی هەیە و خاوەنی بینای حکومی و زەوی و پارەی حکومەتە، بەڵام لەماوەی حەوت کابینەدا هێشتا کرێچییە و ساڵانە یەک ملیارو 758 ملیۆن دینار دەدات بەکرێی خانووی بەڕێوەبەرێتی و فەرمانگەکانی خۆی بەمجۆرەی خوارەوە دەبینێتەوە."

لە سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی راپەڕین و گەرمیان: 36 بینای بەکرێ گرتووە مانگانە 115 ملیۆن و ساڵانە یەک ملیارو 380 ملیۆن دیناری کرێی بینایە.

لە هەولێر: هەشت بینا بەپرى 301 ملیۆن دینار ساڵانە.

لە دهۆک: پێنج بینا بەپری 77 ملیۆن دینار ساڵانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 28-201508-

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 366

## خانەقین: جیابونەوە 75%زیاترە لەهاوسەرگیری

http://www.kurdipedia.org/?q=20130530165823784O4

ئاودێر محەمەد، گەرمیان: لەوبارەیەوە، بەڕێوەبەری سەنتەری مرواری لەخانەقین، بێریڤان جەبار، بە ئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، ئەو بابەتەی ئەمڕۆ(پێنج شەممە) ڕۆشنبیران و مامۆستایانی ئاینی و چالاکوانانی خانەقینی کۆکردۆتەوە لەم سیمینارەدا بەرزی ڕێژەی جیابونەوەی هاوسەرەکانە، بەراورد بە ڕێژەی هاوسەرگیری.
هاوکات ئەمیر عەلی ئەندامی لقی خانەقینی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لەکوردستانی عێراق، کە ڕێکخراوەکەیان هەستابوو بە سازدانی ئەو سیمینارە، بە ئاوێنەنیوزی وت،ئەو ئامارانەی لەدادگاکانەوە دەستیان کەوتووە ئەوە ئاشکرادەکەن جیابونەوەی هاوسەران 75% زیاترە لە پرۆسەی هاوسەرگیری.
بێریڤان جەبار وتیشی،"لەیەک تێنەگەیشتن و جیاوازی تەمەن هۆکاری زۆربوونی جیابونەوەی هاوسەرەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستوردانی کەس و کاریان هۆکارێکی تری کاریگەرە.
لای خۆشیەوە ئیخلاس سندی،ئافرەتێکی میدیاکاری بەشداری کۆنفرانسەکە، بە ئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، لەخانەقینو دەوروبەری هێشتا بەزۆر بەشودان هەیەو هەستی پێدەکرێت بۆیە پێم وایە ئەمە یەکێکە لەهۆکارەکان، سەرباری خراپی باری ئابوری.
هاوکات وتەبێژی لیژنەی ئاشتیو هیوا بۆ ئەنانا، زەینەب ئەرکەوازی، جەختی کردەوە کە "ڕێژەی جیابونەوە 75% زیاتر ە لە ڕێژەی پرۆسەی هاوسەرگیری".
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 30-05-2013

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 367

## خانەقین: ژمارەی باخە سووتاوەکان گەیشتە (150) باخ

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071211390189598

نیوەڕۆی ئەمڕۆ (پێنجشەممە 11ی تەمووز) باخێکی دیکەی شاری خانەقین ئاگری تێبەردرا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیش نیگەرانن لە سووتاندنی باخەکان، داواش دەکەن ڕێگە لە گڕتێبەردانی ئەو باخانە بگیرێت، یان بەرپرسان دەست لە پۆستەکانیان بکێشنەوە.
سەلام عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی بەرگری لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی خانەقین، کە لیژنەکەیان لە ژمارەیەک ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی پێکهاتووە، بۆ خەندان، ڕایگەیاند :" نیوەڕۆی ئەمڕۆ باخێکی دیکەی شارەکەمان گڕی تێبەردرا و بەپەلە تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە گەیشتنە شوێنی ئاگرەکە بۆ کوژاندنەوەی."
ئاماژەی بەوەشدا، کە ماوە ماوە باخێک یان دوو باخ پێکەوە ئاگریان تێبەردەدرێت، وتیشی :" تا ئێستا

نزیکەی (150) حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لە باخەکانی خانەقین کەوتوونەتەوە، ئەمەش بووەتە مایەی نیگەرانیمان."
ئە و چالاکوانە مەدەنییە، ئەوەشیخستەڕوو، لەسەر ئاگرتێبەردانی باخەکانی خانەقین، تائێستا کەس دەستگیرنەکراوە، وتیشی :" دەنگۆی ئەوە هەیە، کە مەبەست لە سووتاندنی باخەکان ئەوەیە، زەوییە کشتوکاڵییەکان بکرێنە شوێنی نیشتەجێبوون، ئەمەش زیانێکی گەورەیە بۆ سەروەت و سامانی ناوچەکە و ژینگەکەشی، بۆیە داوا لە بەرپرسان دەکەین، یان ڕێگە لە گرتێبەردانی باخەکان بگرن، یان دەستلەکار بکێشنەوە لە پۆستەکانیان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-12

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 368

## خنكان لەروباری سیروان کەمیکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014123110230384461

ئەمساڵ بەجیاوازی 4 حالەت، حالەتەکانی خنکان لە روباری سیروان کەمیکردوە، ساڵی پار 14 کەس لە و روبارەدا خنکاوە، ئەمساڵ تەنها 10 کەس خنکاون .
ئاودێر محەمەد، گەرمیان/ ئەمڕۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان ئاماری یەک ساڵی رووداوەکانی کەوتنەوەی ئاگر و حالَەتەکانی خنکانی لە روباری سیروان بڵاوکردوە.
نیعمەت عەلی بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان بەئاوێنەنیوزی راگەیاند "لەساڵی 2014 دا 1303 روداوی ئاگرکەوتنەوەی جۆر بەجۆر هەبوە بەراورد بە ساڵی پار روداوەکانی ئاگرکەوتنەوە بە 100 روداو زیادی کردوە."
وتیشی " هەر ئەمساڵ خولمان لە بواری بەرگری شارستانی بۆ قوتابیان کردۆتەوە بۆبەشە ناوخۆیەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان،سەرباری ئەوەی چەندین خولی تایبەت بە غەواسمان لەگەرمیان کردۆتەوە."
وتەبێژی بەرگری شارستانی گەرمیان،ئاماژەی بۆئەوەکرد ژمارەی خنکان لەروباری سیروان کەمیکردوە بەجۆرێک لەمساڵدا 10 کەس لە روباری سیروان خنکاون بەڵام لە 2013 دا 14 کەس خنکابوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-12-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 369

## خورماتوو.. میلیشیا شیعەکان لە مانگی 6ی ئەمساڵەوە 32 هاوڵاتی سوننەیان رفاندووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141128131026118178

حەسەن جومعە
چەکدارانی میلیشیا شیعەکان لە مانگی شەشی ئەم ساڵەوە تاکو ئێستا لە سەرجەم شوێنە جیاوازەکانی قەزای دووزخورماتوو چەندین هاوڵاتی بەڕەگەز عەرەبی سوونە مەزهەب دەڕفێنن و

دواتر دەیانکوژن و تەرمەکانیان فڕێ دەدەن.
نەقیب فاروق ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزای دوزخورماتوو بە خەندانی ڕاگەیاند: "چەکدارانی میلیشیا شیعەکان لە مانگی 6ی ئەمساڵەوە تاکو ئێستا لە سەرجەم شوێنە جیاوازەکانی قەزای دووزخورماتوو چەندین هاوڵاتی بەڕەگەز عەرەبی سوننە مەزهەبیان ڕفاندووە، دواتر کەسانی ڕفێندراو دەکوژن و تەرمەکانیان فڕێ دەدەن."
وتیشی: "سەرجەم ئەو کەسانەشی کە ڕفێندراون لە مانگی شەشی ئەمساڵەوە ژمارەیان 32 کەسە."
نەقیب فاروق ڕاشیگەیاند: "میلیشیا شیعەکان ئەوە کەسانەش بۆ ئەوە دەڕفێنن، چونکە لەگەڵ چەکدارانی داعش تێوەگلان و کردەوەی تیرۆریستیان ئەنجام داوە."
ئاماژەی بەوەشکرد: "ئێمەش وەک دەزگا ئەمنییەکان هەوڵمان داوە ڕێگری لە کاری ڕفاندن بکەین لەلایەن چەکدارانی میلیشیا شیعەکانەوە، داوامان کردووە ئەو کارە لە ڕێگەی یاساوە ئەنجام بدرێت، بەڵام چەکدارانی میلیشیا شیعەکان ڕێژەیان زۆرە و بە شوێنە جیاوازەکانی قەزای دووزخورماتوودا بڵاوەیان پێکراوە بۆیە ناتوانرێت بە ئاسانی ڕێگریان لێ بکرێت."
ڕوونیشیکردەوە، میلیشیا شیعەکان لە ناو قەزای دوزخورماتوو ئەمانەن (سەرایە سەلام، سوپای بەدر، کەتیبەی ئیمام عەلی، تیرۆر جەنە، عەسایب ئەهلل حەق، حەشد شەعبی."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💣تاوانی جەنگ
شارەکان: خورماتوو
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 370

## خۆرئاوای کوردستان، 60% خەڵکی گەڕاونەتەوە شارۆچکەی تل کۆچەر

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120210055787497

ئەو هاوڵاتیانەی شارۆچکەی تل کۆچەر کەلایەن گروپە چەکدارەکانی بەرەی نوسرە، دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراق و شام لەشارەکەیان بەردەرنرابوون، دوای ڕزگارکردنی تل کۆچەر لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل جارێکی تر هاوڵاتیان دەگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان و لەوچوارچێوەیەشدا ڕاگەیەندرا کە تائێستا 60%ی هاوڵاتیان تائێستا گەڕاونەتەوە.
بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی"فورات نیوز"شارۆچکەی تل کۆچەر کەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە داگیرکرابوو، لەڕۆژی 26ی تشرینی یەکەمی 2013 لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" لەدەستی گروپە چەکدارەکانی بەرەی نوسرە، دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراق و شام ڕزگارکرا .
دوای پاکردنەوەی شەقام و کۆڵانەکانی ئەوشارە لەمین و تەقەمەنیەکانی ئەو گروپە چەکدارە. کۆمیتەی خزمەتگوزاری دامەزران و کێشەی کارەبا و نان چارەسەرکران. هەروەها هاوڵاتیانیش لە20ی تشرینی دووەمەوە دەستیان بەگەڕانەوە بۆ شارۆچکەکە کردووە.
بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەهەرێمەکە بەدەستکەوتوون، هەتا ئێستا زیاتر لە 60%ی هاوڵاتیان گەڕاونەتەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-02

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 371

## خەبات: زیاتر لە هەزار خوێندکار بەشدارییان لە تاقیکردنەوەی وەرزی دووەمی پۆلی 12دا کرد

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041314450774692



خەندان- سەعید محەمەد گۆران
بەمەبەستی بەشداریکردن لە تاقیکردنەوە گشتییەکانی وەرزی دووەمی پۆلی 12 ی ئامادەیی، تەنها لە سنووری پەروەردەی خەبات، هەزار و 311 خوێندکار بەشداریی تاقیکردنەوەبوون.
مامۆستا عیسا بۆتانی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پەروەردەی خەبات بە خەندانی ڕاگەیاند" بەمەبەستی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکانی وەرزی دووەمی پۆلی 12ی ئامادەیی لەسەرانسەری سنووری پەروەردەی خەبات هەزار و 311 قوتابی بەشداربوون، کە 889یان لە لقی وێژەیی و422ی دیکەش لە لقی زانستین و لە نێوانیشیاندا قوتابی دەرەکی هەیە .
عومەر حەمەد برایم بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات بە یاوەری سەرپەرشتیاری یەکەم و ستافی ڕاگەیاندن سەردانی هۆڵەکانی تاقیکردنەوەی سەنتەری قەزای خەبات و ناحیەی دارەشەکران و کەورگۆسک و ڕزگاری کرد.
بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات ڕایگەیاند: لەمیانی ئە و بەسەرکردنەوەیەدا وێڕای بەدواداچوون بۆ لە ئامادەکارییەکان و داپێنکردنی پێداویستیەکان، لە ئاستی زانستیی خوێندکارەکانیشی کۆڵیوەتەوە، داوای لە مامۆستایانیش کرد پەیڕەوی شێوازێکی پەروەردەییانە بکەن و بەتەنگ ئەوەوە بن کە خوێندکاران لە کەشوهەوایەکی ئاسوودەدا تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدەن .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 372

## خەرجی هەر حاجیەکی ئەمساڵی هەرێم 4 ملیۆن و 200 هەزار دینارە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091513595088778

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە لە 22ی ئەم مانگەوە کاروانی حاجیانی هەرێم بەرە و سعودیە بەڕێدەکەوێت و خەرجی هەر حاجیەکیش
چوار ملیۆن و 200 هەزار دینارە.
هەولێر، ئاوێنەینوز: مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم کە سەرپەرشتی تیمی ڕاگەیاندنی حەجیش دەکات، لەلێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، هەر حاجیەکی هەرێم ئەمساڵ چوار ملیۆن و دوسەد هەزار دیناری لێوەرگیراوە و ئەوەش کۆی گشتی خەرجیەکانیەتی بەکرێی فڕۆکە ڕۆیشتن و هاتنەوە و ئوتێل لەهەردو شاری مەککە و مەدینە و هاتوچۆی ناو سعودیە بۆ ماوەی نزیکەی مانگێک.
ناوبراو وتیشی، بەپێی خشتەیەی فڕۆکەوانیی کە لەبەغداوە بۆ گواستنەوەی حاجیانی هەرێم

درانراوە لە 22ی ئەم مانگەوە کاروانی سەفەری حاجیان لەهەردو فرۆکەخانەی هەولێرو سلێمانیەوە دەستپێدەکات و لە29ی ئەم مانگەدا دوا کاروانی حاجیان دەگەنە سعودیە.
سەبارەت بەژمارەی حاجیان و ئامادەکارییەکانی حەج نەقشبەندی وتی، ئەمساڵ 3720 حاجی لەهەرێمی کوردستانەوە فەریزەی حەج بەجێدێنن و هەموو ئامادەکارییەکان بۆ سەفەری حەج تەواو بوە و تیمێکی پزیشکی و زیاتر لە 70مورشیدو موفتی یاوەری حاجیان دەبن، هەروەها ئافرەتان رێژەی 37%ی حاجیانی هەرێم پێکدێنن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 15-09-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 373

## خەرجییەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050114534285209


ئەمەش خەرجییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم ...!!
ئا: محەمەد رەئوف
250ملیۆن دینار بۆ قرتاسیەی سەرۆکایەتی هەرێم
200ملیۆن دینار بۆ ئیشتراکی رۆژنامە
14ملیارو 370ملیۆن بۆ شمەک و خزمەتگوزاری
450ملیۆن دینار بۆ خزمەتگوزاری دیکە
10ملیارو 100ملیۆن بۆ خەرجی دیکە
500ملیۆن دینار بۆ بیناکی دیکە
1ملیارو 188ملیۆن بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل
700ملیۆن دینار بۆ کرێی ئوتومبیل
2ملیارو 500ملیۆن دینار بۆ ئەبەروعات
300ملیۆن دینار بۆ جل و بەرگ
1ملیارو 650ملیۆن بۆ دەرماڵەو خەرجییەکانی گەشتکردن
1ملیارو 70ملیۆن دینار بۆ بەنزین

ئامادەکردنی: محەمەد رەئوف
بزووتنەوەی گۆران

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 374

## خەلیفان... زیاتر لە 33 هەزار نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012210060466761

: ZKWلە ساڵی 2014دا 33834 نەخۆش بۆ وەرگرتنی چارەسە سەردانی نەخۆشخانەی خەلیفانیان کردووە، هەندێک لەو نەخۆشخانە لە نەخۆشخانە خەوێنراون، هەندێکیدیکەیش دوای وەرگرتنی چارەسەر رەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە.
مینا تەها بەرپرسی راگەیاندنی تەندروستی سۆران بۆ ماڵپەڕی زاری کرمانجی گوتی، لە ناحیەی خەلیفان نەخۆشخانەیەک و چەند بنکەیەکی تەندروستی هەن، زۆربەی نەخۆشانی ناوچەکە بۆ وەرگرتنی چارەسەر سەردانی نەخۆشخانەی خەلیفان دەکەن، لە ساڵی رابردوودا 33834 نەخۆش بۆ وەرگرتنی چارەسەر سەردانی نەخۆشخانەی ناوبراویان کردووە، هەندێک لەو نەخۆشانە لەو نەخۆشخانەیە چارەسەریان بۆ کراوە، ئەوانی دیکەیش کە لەو نەخۆشخانەیە چارەسەریان بۆ نەکراوە، رەوانەی نەخۆشخانەکانی سۆران و شوێنەکانی دیکە کراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 375

## خەندان ئاماری ڕووداوەکانی نەورۆز لە سلێمانی بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032216461884952

لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا هیچ تاوانێکی گەورە لە شاری سلێمانی تۆمار نەکراوە، هێزەکانی پۆلیسیش توانیویانە تەواوی ئە و پلانە جێبەجێ بکەن کە دایانڕشتبوو بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان لە جەژنی نەورۆزدا.
سەرکەوت ئەحمەد وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە خەندانی ڕاگەیاند" لەماوەی سێ ڕۆژی رابردوودا، تەواوی هێزەکانی پۆلیس لە حاڵەتی ئامادە باشیدابوون بۆ پاراستنی ئارامی شاری سلێمانی و توانیومانە ئە و پلانەی بۆ پاراستنی هاوڵاتیان دامانڕشتبوو بە تەواوی جێبەجێی بکەین".
لە بارەی ئاماری ڕووداوەکانیشەوە وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند" لەماوەی سێ ڕۆژی رابردوودا، چوار حاڵەتی شەڕکردنی گەنجان لە شاری سلێمانی تۆمارکراوە، لەگەڵ یەک حاڵەتی دزیکردن و هیچ تاوانێکی گەورەش لە و ماوەیەدا ئەنجام نەدراوە".
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، هێزەکانی پۆلیس توانیویانە دەست بەسەر 32 ماتۆرسکیلدا بگرن کە هیچ سەرەتایەکیان نەبووە و بوونەتە هۆی بێزارکردنی هاوڵاتیان لە شوێنە گشتیەکاندا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 03-201522-

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

جۆری ئامار و راپرسی: ڕووداوی هاتووچۆ

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 376

## خەندان ژمارەی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014021316475825017

سەرچاوەیەکی بەرپرس لە دەستەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان ژمارەی دەنگدەرانی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانی ئاشکرا کرد بە دەنگدەرە ئاوارەکان و دەنگدانی تایبەتیشەوە.
ئە و سەرچاوە ئاگادارە بە خەندانی راگەیاند کە ژمارەی دەنگدەران لە پارێزگای سلێمانی دەگاتە یەک ملیۆن و 169 هەزار و 362 کەس، لە پارێزگای هەولێر 972 هەزار و 172 کەس و لە پارێزگای دهۆکیش 634 هەزار و 137 کەسن.
وتیشی: ئە و ژمارەیە دەنگدەری ئاوارە و دەنگدەرانی تایبەتیش دەگرێتەوە، سەبارەت بە دەگدەرانی تایبەتیش لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکرد کە لە سلێمانی 74 هەزار و 152 دەنگدەری تایبەت هەن.
لە هەولێریش 81 هەزار و 793 دەنگدەری تایبەت و لە دهۆکیش 29 هەزار و 370 دەنگدەر هەن.

بڕیارە لە 30ی نیسانی داهاتوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ سەرتاسەری عیراق و هەمان هەڵبژاردن لەپاڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-02-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 377
## خەندان، ئاماری کوژراو و بریندارەکانی داعش لە شەڕەکەی سلێمان بەگ بڵاودەکاتەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014062210171068142
سۆران کەریم
بەپێی زانیارییەکانی لیوای 16، هێزەکانی پێشمەرگە توانییان شکست بە هێرشێکی چەکدارانی سەر بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) لە ناحیەی سلێمان بەگ بهێنن و 13 چەکدارایان لێبکوژن و 20 چەکداری تریان بریندار بکەن، کە یەکێک لە کوژراوەکان سەرکردەی داعشە لە ناوچەکە.
نەقیب ڕێکەوت محەمەد، وتەبێژی لیوای 16ی هێزەکانی پێشمەرگە، کە لە سنووری دوزخورماتوو نیشتەجێکراون، بە خەندان_ی ڕاگەیاند :" شەوی ڕابردوو زیاتر لە 4 سەعات شەڕی پێشمەرگە لە گەڵ چەکدارانی داعش لە ناحیەی سەلێمان بەگ بەردەوام بوو."
ئاماژەی بەوەشدا، کە لە و شەڕەدا توانییان هێرشەکەی چەکدارانی داعش بشکێنن و پاشەکشەیان پێبکەن، وتیشی :" هێزەکانی پێشمەرگە لە و شەڕەدا 13 چەکداری داعشیان کوشت و 20ی دیکەیان لێبریندار کردن."
ئەوەشی خستەڕوو، کە یەکێک لە کوژراوەکان، سەرکردەی یەکەمی داعشە لە ناوچەکە بە ناوی (سەدام تورکی.(
نەقیب ڕێکەوت، تەئکیدیشکردەوە، کە دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە توانییان بەرپەرچی هێرشەکەی داعش بدەنەوە، چەکدارەکانی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ئە و شوێنانەیان بەجێهێشت کە هاتبوونە ناوی بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانیان، وتیشی :" دوو هەمەر کە داعش لە هێرشەکانیان بۆ سەر سوپای عیراق دەستیان کەوتبوو، سووتێنران."
ناحیەی سلێمان بەگ دەکەوێە خۆرئاوای شارۆچکەی دوزخورماتووەوە و تائێستاش لەلایەن چەکدارانی داعش_ەوە کۆنترۆڵ کراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 378
## خەندان، بڕی دەرمانی هاتوو لەبەغداوە بۆ هەرێم ئاشکرا دەکات
http://www.kurdipedia.org/?q=2014082717505769093

پەیوەند جەلال
لەماوەی مانگ و نیوێکدا زیاتر لە 90 ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری دەرمان لەڕێگەی (کوت- نەفتخانە) گەیشتووەتە هەرێمی کوردستان کە هەر ئۆتۆمبێلێک پڕی 15 تەن دەرمان لەخۆ دەگرێت.
د.ڕێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستی هەرێم بە خەندانی ڕاگەیاند: لە (20-7)ەوە تائێستا زیاتر لە 90 ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری دەرمان لەڕێگەی (کوت- نەفتخانە) گەیشتووەتە هەرێمی کوردستان.
د.ڕێکەوت حەمەڕەشید وتی هەر ئوتومبیلێک پڕی 15 تەن لەخۆ دەگرێت و لە و رووەشەوە وتی: "سوپاسی سوپاسالاری عێراق (بابەکر زێباری) و بەرپرسی مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی (شێرکۆ میروەیس) و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە) دەکەین کە هاوکارمانن بۆ گەیاندنی ئە و دەرمانانە."
ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە هەرچەندە ڕێکخراوە تەندروستییە جیهانییەکانیش هاوکارییان کردوون، بەڵام بەهۆی ئە و سەدان هەزار ئاوارەیە بۆ کوردستان، بەردەوام پێویستییان بە دەرمان هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 27-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 379

## خەندان، ژمارەی نۆ ساڵی قوربانییەکان و کردەوە تیرۆریستییەکان لە عیراق دەخاتەڕوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2014022711023631899

خەندان- سۆران کەریم
لە لایەن فالح فەیاز، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، ڕاپۆرتێک دەربارەی ژمارەی "قوربانییەکانی تیرۆر" لە نێوان ساڵانی 2004 تا 2013 دەدرێتە نووسینگەی نوری مالیکی، سەرۆکی حکومەتی فیدراڵ، کە بەپێی ڕاپۆرتەکە، لە و ماوەیەدا 78 هەزار و 815 کەس " شەهید" بوون.
هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە، کە کۆپییەکی دەست خەندان کەوتووە، بەرزترین ڕێژەی قوربانی لە ساڵی 2006 تۆمارکراوە کە تیایدا 31 هەزار و 539 کەس "شەهید" بوون و بەدوای ئەویشدا لە ساڵی 2007 دا 16 هەزارو 915 کەسی دیکە، بوونە قوربانی کردەوە "تیرۆریستی"یەکان.
هەروەها کەمترین ژمارەی قوربانی لە ساڵی 2011 تۆمارکراوە کە لە و ساڵەدا و بەپێی ئامارەکان، کە پشتبەستوو بووە بە ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی و چەند دەزگایەکی دیکەی فەرمی، لە ساڵی 2011 شەش هەزار و 721 کەس "شەهید" کراون.
لە ڕاپۆرتەکە ئەوەش خراوەتەڕوو، کە لە ساڵی 2013 ڕێژەی کردەوە "تیرۆریستییەکان" لە چاو ساڵی 2012 دا زیاتر بووە، ئەوەش بە تۆمارکردنی هەشت هەزار و 639 کردەوە، لەکاتێکدا لە ساڵی 2012 تەنها سێ هەزار و 549 کردەوە ئەنجامدراوە.
زۆرترین ڕێژەی کردەوەی "تیرۆریستی" لە پارێزگای نەینەوا تۆمارکراوە کە گەیشتووەتە سێ هەزار و 499 کردەوە و بەدوای ئەویشدا پارێزگای بەغدا دێت بەتۆمارکردنی دوو هەزار و 469 کردەوە، پاشان پارێزگای سەڵاحەدین بە تۆمارکردنی هەزار و 319 کردەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 27-02-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | IQئێراق |

وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 380
## داعش جموجوڵی بازرگانی لەدەروازەی حاجی ئۆمەران لاوازدەکات
http://www.kurdipedia.org/?q=20140709162353769434
هێرشی چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر ژمارەیەک لەشارەکانی عێراق، ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەدەروازی سنوریی حاجی ئۆمەران سست دەکات، بەرپرسی دەروازەکەش رایدەگەیەنێت، پێشتر بەشی زۆری هاوردەی سنورەکە بۆ ناوچەکانی عێراق دەنێردرا.
هانا چۆمانی، ئاوێنەنیوز: مەسعود بارتێلی، بەڕێوەبەری کۆمەڵگای حاجی ئۆمەران ئەمڕۆ چوارشەممە، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا رایگەیاند، جموجۆڵی بازرگانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئێران لەماوەی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵ (798.493) تۆن بووە کە تێکرایی هەنارده (14.383) تۆن بوە و تێکرای هاوردە لەم ماوەیەدا (784.11)تۆن بوە واتا تێکرایی هاوردە 98%ە و هەناردەش 2%.
ڕاشیگەیاند، بەبەراورد لەگەڵ شەش مانگی سەرەتای ساڵی رابردو جموجۆڵە بازرگانییەکان نزیکەی (111) هەزار تۆن زیادیان کردوە لەهەرێمدا، بەڵام بۆ دەرەوەی هەرێم واتا ناوچەکانی تری عێراق هەنارده بەڕێژی زیاتر لە 80% کەمیکردوە کە بەشێکی زۆری کەرەستەی بیناسازی بوو ئەوەش بەهۆی ئە و رەوشە سیاسیە ئاڵۆزەی کە ناوچەکەی گرتۆتەوە و بەهۆیەوە هیچ شۆفێرێک ناڕوات و گیانی خۆی ناخاتە مەترسیەوە.
بارتێلی وتیشی، (داعش) کاریگەری زۆرتری هەبوو لەسەر قەیرانی دارایی، چونکە بەهۆی بونی ئەوانەوە هیچ بارێک لە و سنورەوە بۆ بەغدادو ناوچەکانی ژێر دەستی ئە و چەکدارانە ناڕوات.
رونیشیکردەوە، پێش ئە و رەوشە زۆرینەی بارەکان کە دەکاتە نزیکەی 80%یان بۆ ئە و ناوچانە بون، بەڵام ئێستا ئەوە نەماوە.
لای خۆیەوە شارەزا و چاودێرێکی سنورەکە بەناوی، شیروان عەولا، بەئاوێنەنیوزی وت، نزیکەی 50%ی جموجۆڵی بازرگانی وەستاوە. ئاماژەشیدا، لەساڵانی رابردوو چەند مانگێکیش پێش ئێستا رۆژانە چەندین باری بەڕێکردوە و کۆی گشتی باری بازرگانی زیاتر لە 500 لۆری بوو جگە لەبارهەڵگرەکانی ئۆتۆمبێل، بەڵام ئێستا رۆژانە ناگاتە 100 لۆری.
کۆمەڵگای سنوری حاجی ئۆمەران نێودەوڵەتیە و تاکە دەروازەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسنوری پارێزگای هەولێرو بەیەکێک لەدەروازە هەرە گرنگەکانی ئە و پارێزگایە دەدەنرێت و دەوترین پێش ئە و رەوش و قەیرانە داراییەی ئێستای هەرێم، ساڵانە دەیان ملیارد دۆلار ئاڵوگۆڕی تیادە ئەنجامدەدرا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 381
## داعش هۆکاری کورتهێنانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ئەم خاڵە سنوورییەی

**هەرێمە**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150112131624845 92

ئەمین ئەحمەد
ڕێژەی ئاڵوگۆری بازرگانی لەمساڵدا لە خاڵی سنووری حاجی ئۆمەران بە ڕێژەی 8% کەمی کردووە، ئە و ڕێژەیەش 98% هاوردە بووە بۆناو خاکی کوردستان و 2% هەناردە بووە، هۆکاری کەمبوونەوەی ئاڵوگۆڕیش بۆ شەڕی داعش و گرفتەکانی نێوان هەرێم ناوەند دەگەڕێتەوە.
مەسعود ئەحمەد، بەڕێوەبەری دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند: لەساڵی 2014 نزیکەی یەک ملیۆن و 500 هەزار تەن کەلوپەل و کاڵا هاوردەی هەرێم کراوە، لەبەرامبەردا تەنها 311 هەزار و 174 تەن کەلوپەل هەناردە کراوە.
بەڕێوەبەری دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران روونیشی کردەوە: ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەخاڵی سنووری حاجی ئۆمەران بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشوتر بە ڕێژەی 8% کەمی کردوە، هەروەها لەرووی هاتوچۆی گەشتیاران ڕێژەکە کەمی کردوە، هۆکاری ئە و کەم بوونەوانەش بۆ شەڕی داعش و کێشەکانی نێوان هەرێم بەغدا دەگەڕێتەوە.
سەبارەت بە ڕێژەی هەناردە و هاوردە مەسعود ئەحمەد، رایگەیاند:ڕێژەی هاوردە 98% بوە لەبەرامبەدا هەناردە 2% بووە، جۆری کاڵا و کەلوپەلی هەناردەکراو لەبوارەکانی پیشەسازی و بیناسازی و خۆراک ومیوە و سەوزە کەلوپەلی جۆراو جۆری تر، بەڵام ئە و کەلوپەلانەی هەناردەی ئێران کراون تەنها شتی کۆن بووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 382
**داعش کاریگەری بۆسەر مزگەوتەکانی هەرێم هەبووە**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150224142555847 98

راماڵ قەسرەیی، هێڤی خالید
سەرهەڵدان داعش بووەتەهۆی ئەوەی ژمارەی ئە و کەسانەی دەچنە مزگەوتەکان لە بەشێک لە ناوچەکانی جیهان و هەرێمی کوردستان کەمبێتەوە، بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقافیش هۆکاری کەمبوونەوەی ئە و کەسانەی دەچنە مزگەوتەکان بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە چەند کەسێک لەوانەی دەچوونە مزگەوتەکان چوونەتە ناو ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش.
مەریوان نەقشبەندی بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: "دوای سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و بڵاوبوونەوەی کردەوەکانیان، ژمارەی ئە و کەسانەی دەچنە مزگەوتەکان بۆ نوێژ و خوداپەرستی کەمبووەتەوە و ئەوەش تەنها مزگەوتەکانی هەرێمی نەگرتووەتەوە، بەڵکو مزگەوتەکانی عیراق و جیهانی ئیسلامی گرتووەتەوە."
بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف وتی: "لەهەندێ مزگەوتی هەرێم ژمارەی ئە و کەسانەی دەچنە مزگەوتەکان بەڕێژەی سەدا 40 کەمیکردووە و زۆربەی ئەوڕێژەیەش لە و مزگەوتانەدا بووە کە وتاری مامۆستا ئاینیەکانیان بەشێوەیەکی توندڕەوانە بووە."
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەسەر ژمارەی نوێژخوێنان و بەشداربوانی وتاری هەینیدا نەهاتووە و بەشێک لە هاوڵاتیانیش ترسیان هەیە لەوەی منداڵەکانیان بیری توندڕەویان

تێدا دروست بێت و هانی منداڵەکانیان نادەن بچنە مزگەوتەکان و داوا لە منداڵەکانیان دەکەن لەماڵەوە ئەرکە ئاینییەکانیان ئەنجام بدەن.
بەپێی زانیاریەکانی بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف، "لە و ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشدان، بە ڕێژەی سەدا 75 سەردانی مزگەوتەکان کەمبۆتەوە و بەزۆر خەڵک دەنێرن بۆ مزگەوتەکان و هەڕەشەی جەڵدلێدانیان لێدەکەن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 383
## داعش کاریگەری دەکاتە سەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی مەرزی پەروێزخان
http://www.kurdipedia.org/?q=2014021117182524020


شەڕو ناارامیەکانی ناوچەکانی ناوەراست و خۆرئاوای عێراق کاریگەری دەکاتە سەر داهاتی مەرزی پەروێزخان و ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی تیا کەمدەکاتەوە.
ئاراز محەمەد، گەرمیان: بەڕێوەبەری گومرگی گەرمیان، حسین ئەحمەد، لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنەنیوز وتی، لەبەر ئەوەی زۆربەی بارەکانی مەرزی پەروێزخان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ ناوەراست و ناوچەکانی خواروی عێراق دەچن، شەڕوو پێکدادانی ئەنبار لەنێوان دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش) بازرگانانی ترساندووە لەوەی کە بارەکانیان ببەن بۆ ئە و ناوچانە.
ناوبراو وتیشی، "لەئێستادا ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی وەک 3 مانگی پێش ئێستا نیە و گەشەی دابەزیوە."
حسین ئەحمەد وتیشی "سەرمایە ترسنۆکە و نایەوێت بڕواتە شوێنێک کە مەترسی و شەری تێدایە، لەبەرئەوەی زۆرجار شەڕ ئەکەوێتە سەر ڕێگا سەرەکیەکان و لەوکاتانەدا بارەکان و ناردنیان ئەوەستێت."
مەرزی پەروێزخان دەروازەیەکی نێودەوڵەتی نێوان عێراق و ئێرانەوە داهاتی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ناوچەی گەرمیانی لەسەرە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-02-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 384
## داعش.. ژمارە و رەگەزیان
http://www.kurdipedia.org/?q=2014121209584578191

راپۆرتەکانی هەواڵ رایدەگەیەنن کە تونسیەکان لەسەرو لیستی هەناردەکردنی شەڕکەرن بۆ نێو ریزەکانی داعش، کە مەزەندە دەکرێت بەچوار هەزار و سعودیاش بەپلەی دووەم بە سێ هەزار و 700 شەڕکەر، ئەم لیستەی خوارەوەش ئاماری تا مانگی تشرینی دووەمی 2014:

4هەزار تونسی

3700سعودی

1500ئوردنی

170لەدەوڵەتانی تری خەلیج کە 80 کەسیان کوەیتین

2000مەغریبی

600مسری

350جەزائیری

900لبنانی

150ئیسرائیلی و فەلەستینی

750لیبی

500سۆماڵی و سودانی و مالی

350یەمەنی

1100فەڕەنسی

700بەریتانی

550ئەڵمانی

300بەلژیکی

1700روسی و چیچانی و ئۆکرانی

850تورکی

250ئوسترالی

250دانیمارکی و نەرویژو سوید

120هۆڵەندی

250ئەمریکی و کەنەدی

950پاکستانی و هندو بەنگلادش

300ئەفغانی

350تروکمانستان و تاجیکستان

200فەنلەندی و سویسری

100چین

350بۆسنەو کۆسۆڤ و ئەلبانیا

100ئەندۆنیسیا

50مالیزی

چەند ژمارەیەکی بچوکیش لەوڵاتانی جیاجیا، راپۆرتەکان ئاماژە بۆ 15% تا 18% چەکدارانی داعش لەوڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی بن، هەروەها 11% رووسی و چیچانی و ناوەڕاستی ئاسیا، ئەوەی دەمێنێتەوە لە رێژەکە هی رۆژهەڵاتی ناوراست و ئەفریقایە، ئەوەش روونە کە نزیکەی شەش هەزار کەس دوای گرتنی موسڵ پەیوەندیان بەداعشەوە کردوە، هەربۆیە ژمارەکەیان گەیشتە 20 هەزار چەکدار.

سەرچاوە:رۆژنامەی القبس.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 12-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 385

**دانیشتوانی هەرێم بەرێژەی 28% زیادیکردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021212365984760

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان گۆڕاوە بەهۆی زۆری رێژەی ئە و ئاوارانەی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان.
نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە میانەی بەشداریکردنی کۆنفراسێکدا کە بۆ دۆخی ئاوارەکانی هەرێم لە هەولێری پایتەخت رێکخرا بوو رایگەیاند:
"دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستانی گۆڕاوە بەهۆی زۆری رێژەی ئە و ئاوارانەی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، لەماوەی ساڵێکدا رێژەی دانیشتوانی هەرێم بە رێژەی (28%) زیادی کردووە".
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد: "بەرپرسیارێتی یەکەمی دۆخی ئاوارەکانی هەرێم لەڕووی یاساییەوە دەکەوێتە ئەستۆی بەغدا، بەڵام بەغدا هاوکاری هەرێمی نەکردوە، لە و روەوە ئێمە پێویستمان بە ملیارێک و (400) ملیۆن دۆلارە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی دۆخی ئاوارەکان، سەرەڕای کێشە و قەیرانی ئابووری، بەڵام دەرگامان بۆ ئاوارەکان کردووەتەوە."
نێچیرڤان بارزانی ئەوەشی خستەڕوو: "ئەوەی قەیرانەکانی هەرێمی زیاتر قوڵکردەوە بەغدا بوو، چونکە بە پڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم تووشی قەیرانی دارایی بووین، دواتریش جەنگی رووبەڕووبوونەوەی داعش قەیرانەکانی هێندەی دیکە زیادکرد."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 386

**داهاتی 6 مانگی رابردوی هاتوچۆی هەرێم 50 ملیار دینار بوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082911030689040

لەماوەی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا، لەپارێزگای سلێمانی 120 هەزار شۆفێر غەرامەی خێرا لێخوڕینیان بۆ کراوە و لەناو شاری هەولێریش 85 هەزار شۆفێر، بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆی هەرێم دەڵێت "داهاتی شەش مانگی رابردوی هاتوچۆی هەرێم 50 ملیار دینار بوە."
ئا: ئاسۆ سەراوی
بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆی هەرێم لیوا رزگار عەلی لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە، ئاماژە بەوە دەکات، لەشەش مانگی یەکەمی ئەم ساڵدا نزیکەی50 ملیار دینار داهاتی هاتوچۆی جۆراوجۆریان هەبوە، بەپێی هەندێ سەرچاوەش پشکی شێری ئەو داهاتانە هی کامێرەکانی چاودێریی خێرایی لێخوڕین بوە.
هەمو ئەو غەرامانەش کە لەشۆفێران وەردەگیرێت، بەپێی یاسای هاتوچۆی ژمارە 86ی ساڵی 2004 دەبێت، لیوا رزگار جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەمو غەرامەکانیان بەپێی بڕیاری پەرلەمان دیاریکراوە، هەر لە و یاسایەشدا رێگە بەوەزیری ناوخۆ دراوە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی دەستکاری بڕ و جۆری غەرامەکان بکەن، ئەو نایشارێتەوە کە بۆ غەرامەی خێرایی لێخۆڕین دەستکاری یاساکە کراوە، ئەوەش لەسەر داوای بەشێک لەهاوڵاتیان و هەندێ رێکخراوی بواری هاتوچۆ بوە. ئەو دەڵێت "هەندێ لەهاوڵاتیان پێیاندەوتین، هیچ رەوا نییە شۆفێرێک 5 کیۆمەتر زیاد پروات و شۆفێرێکی تریش 50کلیۆمەتر زیاد پروات وەکو یەک غەرامە بکرێن."
بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆی هەرێم هێما بەوەش دەکات، زیادکردنی غەرامەی خێرایی لێخورین

تەنها لەپێناو پاراستنی شۆفێران و هاوڵاتیانە و دەڵێت "بۆماندەرکەوتوە، لە70% هۆکاری رووداوەکانی هاتوچۆ پەیوەندی بەخێرایی لێخورینەوە هەیە."
لیوا رزگار ئەوەش دەخاتەرو کە لە50%ی سەرجەم داهاتەکانیان، بۆ حکومەت و لە50% کەی تریشی بۆ پەرەپێدانی هاتوچۆ خەرج دەکرێت.
ناوبراو ئەوەش روندەکاتەوە کە دانانی کامێرە بەجێگری لەشەقامەکاندا پرۆژەیەکی گەورە و بودجەیەکی زۆری دەوێت، بۆیە وتی "دانانی کامێرە بەجێگری کارێکی زۆر باشە، بەڵام ئەوە بەتەنها بەئێمە ناکرێت، چونکە بودجەیەکی زۆر دەوێت، بۆیە باشترە بدرێتە کۆمپانیایەکی تایبەتمەندی ئەو بوارە."
داهاتەکانی هاتوچۆ بەتەنها لەغەرامەکردنی شۆفێراندا کورتنابێتەوە، بەڵکو وەک بەرێوەبەری گشتی هاتوچۆی سلێمانی عەمید محەمەد تاهیر لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە ئاماژەی پێدەکات، چەندین جۆری داهاتی تریان هەیە وەک داهاتی تۆمارکردنی ئۆتۆمبیل بۆ یەکەمین جار یاخود تەحویلکردنی ئۆتۆمبیل لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و چەندین داهاتی تریش.
لەبارەی ئاشکرانەکردنی داهاتی غەرامەی کامێرەکانی چاودێری خێرایی لێخورین، بەرێوەبەری گشتی هاتوچۆی سلێمانی باسی لەوە کرد، ئاشکراکردنی ئەوە لەدەسەڵاتی ئەواندا نییە، بەڵکو وەک ئەو دەڵێت "ئەوە ئیشی وەزارەتی ناوخۆیە."
ئە و ئاماژەی بەوەشدا کە ساڵی رابردو پرسیاری داهاتەکانیان لەبەرێوەبەری گشتی هاتوچۆی هەرێم لیوا رزگار کردوە ئەویش، بۆ تەنها مانگێک باسی لەنزیکەی 10ملیار دینار کردوە. عەمید محەمەد تاهیر ئەوەش دەخاتەرو کە لە و 50%ی داهاتەکان کە بۆ پەرەپێدانی هاتوچۆ تەرخانکراوە، چەندین کاری گرنگیان پێکردوە لەوانە: "رەنگرێژکردنی رێگاوبانەکانی دەرەوە، تائێستا بەدرێژایی زیاتر لە160کیلۆمەتر رەنگکراوە، هەروەها لەبەرنامەماندایە، ئەمساڵ هەمو رێگاوبانەکانی دەرەوە رەنگ بکەین، بەشێوازی ئەندازەی هاتوچۆ."
بەپێی وتەی بەرپرسی راگەیاندنی کۆمەڵەی سەلامەتی هاتوچۆ، خالید عومەر لەشەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا تەنها لەپارێزگای سلێمانی نزیکەی 120هەزار شۆفێر غەرامەی خێرا لێخورینیان بۆ کراوە و لەناو شاری هەولێریش نزیکەی 85 هەزار شۆفێر ئەو جۆرە غەرامەیان بۆ کراوە، ئەو بەرپرسەی کۆمەڵەی سەلامەتی هاتوچۆ جەخت لەوەش دەکاتەوە، کە پێویستە غەرامەی خێرایی لێخورین لەشەقامێکدا لەشۆفێر وەربگیرێت، کە تابلۆی ئاگادارکردنەوە و چەندێتی خێرایی لێخورینەکە دیاریکراوبێت و کامێرەکانیش بەئاشکرا دابنرێن، بۆ ئەوەی "ئە و گلەییەی بەشێک لەشۆفێرانیش نەمێنێ، کە دەڵێن کامێرای شاراوەیە، نەک کامێرای چاودێریی خێرایی لێخورین."
بەرپرسی راگەیاندنی ئەو رێکخراوی هاتوچۆیە، وای بەباش دەزانێ کە زیادکردنی غەرامی کامێرەکان بەبڕیاری پەرلەمان بوایە، نەک لایەنی پەیوەندیداری هاتوچۆ. ئەو وتیشی "دانانی کامێرەی چاودێریی کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام نابێت هاتوچۆ بەتاکە چارەسەر بزانرێ، چونکە دەبینین غەرامەی خێرایی لێخورین زیادیکردوە، بەڵام رووداوەکانیش بە و جۆرە کەمیان نەکردوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 29-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 387

## داهاتی بەڕێوەبەرایەتی ئاو لە مانگێکدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061109251677689

لەماوەی مانگێکدا تیمەکانی بەشی زیادەڕەوی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی غەرامەی 886 ماڵ و شوێن و دوکانیان کردووە، کە داهاتەکەی شەش ملیۆن و 850 هەزار دینار بووە.
ئامانج جەلال، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: تیمەکانی بەشی زیادەڕەوی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی لە مانگی ئایاردا 886 ماڵ و دوکان و شوێنی گشتی غەرامە کردووە، کۆی گشتی غەرامەکە شەش ملیۆن و 858 هەزار دینار بووە.

راشیگەیاند: 247 هاوبەشی بەشێوەی کاتی پراوە بەهۆی دووبارە بەفیڕۆدانی ئاوی خواردنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 388

## داهاتی ساڵانەی رۆژئاوای کوردستان 10 ملیار و 800 ملیۆن دۆلارە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072111405077054

کوردستانی رۆژئاوا، یاخود کوردستانی سوریا دەتوانێت لە رۆژێکدا 250 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمبهێنێت، جگە لەهەبوونی پرێکی ئێجگار زۆر لەگازی سروشتی لەم ناوچەیە کە تائێستا بە ژمارە نەخەملێنراوە، بەمەش داهاتی کوردستانی رۆژئاوا لە نیوەی بودجەی داهاتی نەوت و کشتوکاڵی سوریا زیاترە.

پێش دەستپێکردنی شۆڕشی سوریا، رۆژانە حکومەتی دیمەشق 380 هەزار بەرمیل نەوتی هەناردەی دەرەوە دەکرد، بەمەش دەردەکەوێت کوردستانی رۆژئاوا زیاتر لە نیوەی داهاتی نەوتی سوریا بەرهەمدێنێت.

لەرووی کشتوکاڵیشەوە کوردستانی سوریا رووبەرێکی زۆر لەناوچەی کشتوکاڵی و زەوی بەپیتی هەیە بەبەراورد بەناوچەکانی دیکەی سوریا، ناوچە کشتوکاڵیەکانی کوردستانی سوریا دەگاتە 18 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، کە بەرهەمهێنانی گەنم تێیاندا دەگاتە 1 ملیۆن و 400 هەزار تەن گەنم، ئەم رێژەیەش سەدا 37 بەرهەمی گەنمی سوریا پێکدێنێت.

بەرهەمی پەموو (لۆکە) لە کوردستانی رۆژئاوا دەگاتە 273 هەزار تەن، ئە و رێژەیەش سەدا 39 بەرهەمی پەمووی هەموو سوریا پێکدێنێت، هەروەک ناوچە کوردستانیەکان زیاتر لە 15 ملیۆن داری زەیتونی تێدایە کە سەدا 23 کۆی داری زەیتونی سوریا پێکدێنێت.

کۆی گشتی بەروبوومی کشتوکاڵی کوردستانی رۆژئاوا دەگاتە سەدا 45 سەرجەم بەرهەمی کشتوکاڵی خاکی سوریا .

کشتوکاڵی کوردستانی رۆژئاوا پشت بە سامانێکی یەکجار گەورەی ئاو دەبەستێت لەناوچەکەدا لەڕێی 10 بەنداوەوە کە سەرجەمیان توانای گلدانەوەی 300 ملیۆن مەتر چوارگۆشە ئاویان هەیە و لەڕێی ئە و بەنداوانەوە ناوچە کشتوکاڵیەکان ئاو دەدرێن، جگە لەبوونی هەشت روباری گەورە لە و ناوچەیە، کە سەدا 55 داهاتی ئاوی سەرجەم خاکی سوریا پێکدێنێت.

بەپێی راپۆرتی کەناڵی BBC و کەناڵی عەرەبیە، داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستانی رۆژئاوا بەپێی نرخی بازاڕە جیهانییەکان بە 9 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت، هەروەک بەرهەمی زەیتونیش بە 750 ملیۆن دۆلار و گەنم بە 372 ملیۆن دۆلار و بەرهەمی لۆکە بە 230 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێن.

کۆی سەرجەم داهاتی کوردستانی سوریا بە 10 ملیار و 800 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت

کەدەکاتە نیوەی زیاتر لەبودجەی ساڵانەی سەرجەم دەوڵەتی سوریا.

رۆژئاوای کوردستان بە عیراق و تورکیاوە هاوسنوورە و گرنگترین شارەکانی بریتین لە قامیشلۆ، حەسەکە، دێریک، عامودا، سەرێکانی، کوبانی، عەفرین.

روبەری ئەم ناوچە کوردیە دەگاتە 24 هەزار کیلۆمەتر دوجا، کەدەکاتە نزیکەی روبەری هەموو لوبنان، نزیکەی 3 ملیۆن و 500 هەزار کەس تێیدا نیشتەجێن، کە زۆربەیان کوردن و کەمینەکانی دیکەی عەرەب و ئاشوری لە کوردستانی سوریا بوونیان هەیە.

لە 21 مانگی یەکی ئەمساڵ، هەرسێ کانتۆنی عەفرین و کوبانی و جزیرە، بەڕێوەبەرێتی خۆجێییان راگەیاند، لە ئێستاشدا هەندێک شوێن و ناوچەی کوردستانی سوریا شەڕی هێرش و پەلاماری چەکدارەکانی داعش دەکەن، بەتایبەتی ئە و ناوچانەی کە نەوتیان تێدایە و داعش دەیەوێت دەستیان بەسەردا بگرێت، کوردیش بەرگرییان لێ دەکات .

سەرچاوە : رۆژنامەی چاودێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 389

## داهاتی ساڵێکی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی زیاتر لە 66 ملیار دینار بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051309181685281

بەرپرسێکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت سەرەڕای خۆدزینەوەی بەشێکی زۆری خاوەنکاران لە بیمەکردنی کرێکارەکانیان، بەڵام ساڵ بە ساڵ ژمارەی کرێکارانی بیمەکراو لەزیادبووندایە. ئەو بەرپرسە هەروەها دەڵێت ئەگەر گرفتی کەمیی بودجە و ستافیان نەبێت، داهاتی سندوقەکە پێنج ئەوەندی ئێستا زیاد دەکات.
بەپێی ئاماری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، تاوەکو کۆتایی ساڵی رابردوو، 78 هەزار و 525 کرێکار لە هەرێمی کوردستان لە20371 پرۆژەدا دەستەبەرکراون. لەم رێگەیەشەوە داهاتی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی گەیشتووەتە 66 ملیار و 736 ملیۆن و 265 هەزار دینار .
بەپێی یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2012ی پەرلەمانی کوردستان، پێویستە سەرجەم ئەو کرێکارانەی لە پرۆژە و کۆمپانیاکان کاردەکەن، دەستەبەربکرێن. هەر کرێکارێکیش دەستەبەرکرابێت خزمەتگوزارییەکانی وەک (مووچەی خانەنشینی، پاداشتی کۆتایی خزمەت، قەرەبووکردنەوە بەهۆی برینداربوون، یان مردن لەکاتی کارکردن) دەیگرێتەوە.
عارف حیتۆ، بەڕێوەبەری گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵامەتی دەڵێت پێشتر زۆر گرنگی بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی نەدەدرا و زۆر لە خاوەنکارەکانیش خۆیان دەدزییەوە، بەڵام بەهۆی هاتنی کرێکاری بیانی و گەڕانەوەی ئەو کوردانەی لە تاراوگە بوون، کرێکاران و خاوەنکارانی خۆماڵی گرنگیی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان بۆ دەرکەوت، بۆیە ساڵ بەساڵ ژمارەی بەشداربووان لەزیادبووندایە. گوتیشی "ئەوەی زیاتر کۆمپانیاکانی پابەندی یاسای دەستەبەری کرد، بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران بوو کە دەڵێت هیچ پرۆژەیەک ئەستۆپاکی پێنەدرێت تاوەکو کرێکارەکانی دەستەبەر نەکات."
بەپێی یاسا دەبێت 17%ی مووچەی کرێکار لە سندوقی دەستەبەری دابنرێ کە 12%ی دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنکار و 5%یش لە مووچەی کرێکار دەدرێت. بۆیە کرێکار و خاوەنکارەکان وەکو پێویست

بەدەم دەستەبەرکردنەوە ناچن.
عارف حیتۆ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بەهۆی خۆدزینەوە لە دەستەبەرکردنی کرێکارەکانیان و پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان، لە ساڵی رابردوودا 199 پرۆژە و ئەمساڵیش 65 پرۆژەیان داوەتە دادگا.
هەروەها گوتی، بەهۆی دواخستنی بەخشینی پارەی دەستەبەری کرێکارەکان، ساڵی رابردوو خاوەنکارەکانمان بەپری ملیارێک و 839 ملیۆن و 478 هەزار دینار سزاداوە.
بەپێی ئەو ئامارەی دەست (رووداو) کەوتووە، تاوەکو ئێستا تەنیا 652 کرێکار مووچەی خانەنشینییان بۆ پراوەتەوە کە 242 کرێکاریان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە خانەنشینییان دەدرێتێ.
عارف حیتۆ، کەمیی ژمارەی کرێکاری خانەنشین بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەشێک لە کرێکاران پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی خانەنشینی دەبنە فەرمانبەر، بەشێکیشیان زوو داوای پاداشتی کۆتایی خزمەت دەکەن.
بەپێی داتای وەزارەتی کار، زۆرترین کرێکاری دەستەبەرکراو لە پارێزگای سلێمانییە و داهاتی ساڵانەشیان دەگاتە نزیکەی 40 ملیار دینار.
غەفور خۆشناو، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای خۆشناو، بۆ بازرگانیی گشتی و هاوردەکردنی کەلوپەلی نێوماڵ، دەستەبەرکردنی کرێکارانی بە کارێکی باش وەسفکرد و گوتی "دەستەبەرکردنی کرێکاران شتێکی باشە، بەڵام گرفتەکەمان لەوەدایە بەشێک لە کرێکاران بەهۆی خراپیی باری گوزەرانیان ئامادەنین ئەو 5%ی لە ئەستۆیانە بیدەن، تاوەکو دەستەبەریان بکەین."
کاری ڕێناکرێت
لەزۆربەی وڵاتاندا کاتێک کرێکارێک لە کارەکەی دەردەکرێ، یان کاری نامێنێ تاوەکو ئەو کاتەی کارێکی دەستدەکەوێت، حکومەت بیمەی بێکاری دەداتێ، بەڵام لەکوردستان هیچ یاسا و ڕێنماییەک بۆ پێدانی بیمەی بێکاری نییە، تەنانەت ئەگەر کرێکارەکە دەستەبەریش کرابێت.
عارف حیتۆ، دەڵێت "تاوەکو ئێستا هیچ یاسا و ڕێنماییەکمان نییە، بۆ پێدانی بیمەی بێکاری بە کرێکاران، بۆیە پێویستە ئەنجوومەنی وەزیران یان پەرلەمانی کوردستان یاسایەک یان ڕێنماییەک بۆ ئەم بابەتە دەربکەن."
ئامار و زانیاری لەبارەی کرێکارانی دەستەبەرکراو
-کرێکارانی دەستەبەرکراو بەپێی شارەکان (34904 لە هەولێر، 35406 سلێمانی و 8215 کرێکاریش لە دهۆک.(
-تاوەکو کۆتایی ساڵی رابردوو، 78 هەزار و 525 کرێکار لە هەرێمی کوردستان لە20371 پرۆژەدا دەستەبەرکراون. لەم ڕێگەیەشەوە داهاتی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی گەیشتووەتە 66 ملیار و 736 ملیۆن و 265 هەزار دینار .
7681 -کرێکاری بیانی لە کوردستان دەستەبەرکراون.
12% -ی پارەی کرێکاری دەستەبەرکراو لە ئەستۆی خاوەنکارە و 5%یش لە ئەستۆی کرێکارەکەیە.
-داهاتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەماوەی سێ ساڵدا لە27 ملیار دینارەوە بۆ 67 ملیار دینار زیادی کردووە.
652 -کرێکاری دەستەبەرکراو خانەنشینکراون
-کرێکاری دەستەبەکراو (پیاو 30 ساڵ و ژن 20) خزمەتی هەبێت، دەتوانێت خۆی خانەنشین بکات .
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 13-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 390

# داهاتی هەرێمی سەربەخۆی کورد لە سوریا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150306142742848858




بەپێی بەدواداچوونێکی کەناڵی عەرەبییە بۆ ناوچە و شارە کوردییەکانی باکوری خۆرهەڵاتی سوریا کە ئەگەر لە داهاتوودش ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئەوا زیاتر لە نیوەری داهاتی ئە و وڵاتە لەناوچە کوردیەکان دەبێت.

کەناڵی عەرەبیە لە راپۆرتەکەیدا باسی لە سەرجەم کەرتەکانی نەوت و کشتوکاڵ و سامانی ئاوی ئە و هەرێمە کوردییە کردووە کە تەنها داهاتی نەوتەکەی دەگاتە نۆ ملیار و 500 ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا.

راپۆرتەکەی کەناڵی عەرەبیە:

ئەو هەرێمە کوردییەی کە ئەگەر لە باکوری خۆرهەڵاتی سوریا و لە نزیک سنووری عیراق و تورکیا دابمەزرێت، گرنگترین شارەکانی پێکهاتووە لە قامیشلۆ، حەسەکە، دێریک، سەری کانێ، تەل ئەبیەز و کوبانێ و عەفرین .

رووبەری ئەو هەرێمە نزیکەی 24 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت، واتە دوو ئەوەندەی رووبەری لوبنان و ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی سێ ملیۆن و 500 هەزار کەس کە زۆربەیان کوردن لەگەڵ چەند کەمینەیەکی وەک عەرەب و ئاشوری

.ئەم هەرێمە سامانێکی ئابووریی گەورەی هەیە کە توانای بەرهەمهێنانی 250 هەزار بەرمیل نەوتی هەیە لە رۆژێکدا، ئەمە جگە لە بەرهەمهێنانی برێکی زۆر گەورە لە غاز کە نازانرێت قەبارەکەی چەندە، بەگشتی بەرهەمی نەوتی ئەم ناوچە کوردییانە، زیاتر لە نیوەی تێکڕای بەرهەمی سوریا پێکدەهێنێت کە تا پێش شۆرشی سوریا 380 هەزار بەرمیل نەوت بوو لە رۆژێکدا .

کشتوکاڵ سەرچاوەیەکی گەورەی دیکەی ئەم هەرێمەیە و رووبەری ئەو زەوەیەی کە بە کشتوکاڵ دەشێت، دەگاتە 18 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بوترێت کە 43%ی بەرهەمی کشتوکاڵ لە سوریا، لەو هەرێمە کوردیەدا دەبێت .

ئەم هەرێمە توانای بەرهەمهێنانی یەک ملیۆن و 400 هەزار تۆن گەنمی هەیە کە دەکاتە 37%ی کۆی گشتیی بەرهەمی سوریا .

بەرهەمی لۆکە لەم هەرێمە دەگاتە 273 هەزار تۆن، واتە 39%ی سەرجەم بەرهەمەکە لەو هەرێمە کوردییەدا هەیە، ئەمە جگەلەوەی هەرێمەکە 15 ملیۆن دار زەیتونی تێدایە کە دەکاتە 23%ی سەرجەم دار زەیتونەکانی ئەو وڵاتە، سامانی ئاو لە سوریا پشت بە سەرچاوەی زۆر گەورە دەبەستێت کە لە 10 بەنداو پێکهاتووە کە توانای گلدانەوەی 300 ملیۆن مەتر چوارگۆشە ئاویان هەیە، ئەمە جگە لەو هەشت روبارەی لەو وڵاتەدا هەن کە یەکێکیان روباری دیجلەیە لەگەڵ دەیان هەزار سەرچاوە و بیرە ئاوی دیکە .

سەرجەم داهاتی سەرچاوەکانی ئەم هەرێمە کوردیە لە نەوت و کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان دەگاتە 55%ی کۆی گشتیی سامانی سوریا، سەبارەت بە نەوت و بەپێی نرخی ئەمڕۆی نەوت ڕێت لە بازاڕەکانی جیهان، ئەم هەرێمە نزیکەی نۆ ملیار و 500 ملێون دۆلار داهاتی ساڵانەی دەبێت .

سەبارەت بە کەری کشتوکاڵ، ئەم هەرێمە لە ساڵێکدا، لە داهاتی بەرهەمی زەیتون 750 ملیۆن دۆلار و لە گەنم 372 ملیۆن دۆلار و لە لۆکە 230 ملیۆن دۆلار .

واتە بەگشتی سەرجەم داهاتی ئەم هەرێمە دەگاتە 10 ملیار و 800

ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا کە ئەمەش زیاترلە نیوە بودجەی گشتیی سوریا بووە بۆ ساڵی 2013 .
هەتا ناوچە کوردییەکان لە دەرەوەی ململانێ و جەنگی سوریا بمێننەوە، لەوانەیە سەرجەم کۆمەکە نێودەوڵەتی و سەرمایەکان رووبکەنە ئەو هەرێمە کوردییە.
https://www.youtube.com/watch?v=sXR0M7DcnBs
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 391

## داهاتی هاتوچۆی سلێمانی 60% بۆ 70% کەمیکردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102712052177833

ئاسۆ سەراوی
بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی عەمید محەمەد تاهیر لەدیدارێکی ئاوێنەدا باسی گیروگرفتەکانیان دەکات و ئەوەش دەخاتەڕوپێشتر 50%ی داهاتی هاتوچۆ بۆ کێشە و گرفتە هاتوچۆییەکانیان خەرجکراوە، بەڵام لەئێستادا بە و جۆرە نییە، ئە و دەشڵێت داهاتیان بەرێژەی لە60%بۆ 70% کەمیکردوە.
رێژەی ئۆتۆمبیل و ژمارەی گیانلەدەستدان
ئە و لەسەرەتای دیدارەکەدا باسی لەوە کرد، ژمارەی ئۆتۆمبیل لەسنورەکەیاندا بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو زیادیکردوە، بەشێکیشی پەیوەندیی بەهاتنی ئاوارەکانەوە هەیە و ئە و وتی "ژمارەی ئۆتۆمبیل لەسلێمانی نزیکەی550هەزار دەبێت، کە زیاترلە75هەزاریان هی ئاوارەکانە، بەداخەوە زۆرێک لە و ئۆتۆمبیلانەی بەئاوارەکانە کێشەی مەرجی توندوتۆڵییان هەیە، بەڵام بۆ لێپێچینەوە هەمان مامەڵەی شۆفێرانی خۆمانیان لەگەڵ دەکەین". سەرباری زیادبونی ئۆتۆمبیل ئەوە بەهۆی ئە و پلانەی دایناوە، رێژەی مردن بەروداوەکانی هاتوچۆ بەبەراورد بەرابردوزۆر کەمیکردوە، ئە و بەنمونە باسی لەئاماری ساڵی پێشو کردو وتی "لەپارێزگای سلێمانی لەماوەی 10 مانگی رابردودا تەنها 117 کەس بەرودای هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە، بەڵام لە 10 مانگی ساڵی پێشو 176 کەس گیانیان لەدەستداوە ."
کامێرەکانی چاودێریی و کاریگەرییان
یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکانی کەمکردنەوەی ئامارەکانی گیانلەدەستدان، بەپێوای ئە و بەڕێوەبەرە هەبونی کامێرای چاودێریی بۆ خێرایی لێخورین دەگەڕێتەوە وەک ئە و دەڵێت "دیارە شۆفێرانیش پابەندی رێنماییەکان بون، بەڵام هەبونی کامێرەکانی چاودێرییش کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی قوربانییەکان، شەقام هەیە خێرایی لێخورین 60، بەڵام کامێرەکانمان 180یان تۆمارکردوە. ئێستا جگە لەکامێرە گەڕۆکەکانمان 12 کامێرای جێگیریشمان هەیە، خۆشبەختانە تاکە شوێنین لەهەمو عێراقدا کامێرەی جێگیرمان هەبێت". ئە و سیستمی هاتوچۆی لەسلێمانی کاری لەسەر دەکرێت سویدیی و دانیمارکیە، ئەوە هەرچەندە بەسیستەمێکی باشی دەزانێ، بەڵام وەک ئە و دەڵێت "بێ کێشەش نییە، پێویستە چاکسازیی تێدا بکرێت، بەتایبەت لەپێدانی مۆڵەتی گشتیدا پێویستی بەچاکسازیی هەیە".ئە و جەخت لەوەش دەکاتەوە لەهیچ باردۆخێکدا ئامادەنین دەست لەلێپێچینەوەکانیان هەڵبگرن، چونکە گیانی هاوڵاتیان زۆر گرنگترە لەچەند هەزار دیناری غەرامەکردن.
ئەوانەی کامێرایان شکاند دەستگیرکراون

دوای دانانی کامێرە جێگیرەکانی چاودێریی خێرایی لێخوڕین لەسلێمانی، لەچەند شوێنێک کامێرەکان شکێنران، بەڕێوەبەری هاتوچۆ ئەوە دەخاتەڕو دوای چاودێریکردنێکی ورد و بەهاوکاریی هاوڵاتیەک توانیویانە چەند کەسێک بە و تۆمەتە دەستگیر بکەن و ئە و وتی "چەند ڕۆژێک لەمەوبەر چەند کەسێک بەتۆمەتی شکاندنی کامێرە جێگیرەکان دەستگیرکراون، بەنیازیشین کامێرەی چاودێریی بۆ ئە و کامێرە جێگیرانە دابنێین، تا هەر کەسێک ویستی زیانیان پێبگەیەنێ زو دەستگیریان بکەین."

داهاتیان کەمیکردوە

هەرچەندە پێشوتر 50%ی داهاتی هاتوچۆ، بۆ کار و پرۆژەکانیان دەگەڕایەوە،بەڵام لەئێستادا وەک ئە و بەڕێوەبەرە ئاماژەی پێدەکات بەهۆی قەیرانی داراییەوە بە و جۆرە نەماوە و هەمو داهاتەکانیان دەدەنە وەزارەتی دارایی، ئە و ئاماژەی بەوەشکرد کە داهاتیان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دابەزیوە وەک خۆی دەڵێت "داهاتمان بەڕێژەی 60%بۆ 70% کەمیکردوە، تۆمارکردنی ئۆتۆمبیلیش زۆر کەمیکردوە و ئەمساڵ تائێستا 2865 تۆمارکردنمان هەبوە، لەکاتێکدا ساڵی پێشو4535 بوە".

لەهەندێ کاتدا بەتایبەت لەبۆنە و جەژنەکاندا فڕۆکەی هاتوچۆ بەئاسمانی سلێمانیدا دەبینرێ، عەمید محەمەد تاهیر ئەوە دەخاتەڕو کە ئەوان سێ فڕۆکەیان هەیە زۆربەی ڕۆژ بەتایبەت لەکاتی قەرەباڵغیدا زۆر سودیلێدەبینن، بۆ کەمکردنەوە قەرەباڵغیی کۆنتڕۆڵکردنی شاقەمەکان.

چونی دیوانی چاودێریی دارایی

لەماوەی ڕابردودا دیوانی چاودێریی دارایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی کرد لەبارەی ئە و سەردانەوە عەمید محەمەد تاهیر ئەوە دەخاتەڕو کە هاوکارییەکی زۆر لەنێوان ئەوان و دیوانی چاودێرییدا هەبوەوئە و وتی "ئێمە هاوکاریی دیوانی چاودێریی دارایی دەکەین و بەتەواوەکەری کارەکانمانیان دەزانین، هەر کەموکورییەکیشیان بەدیکرد ئێمە بەتوندیی لێپێچینەوە دەکەین و بەئاشکراش باسی دەکەین کە لێپێچینەوەمان کردوە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 27-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 392

## دهۆک لە ڕێژەی هەژاری یەکەمی کوردستانە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140909160246773 56

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان رایدەگەیێنێت، بەرزترین ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە پارێزگای دهۆکەوە.

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پلاندانانی عێراق ڕێژەی هەژاری لە عێراق بۆ 30% زیادی کردووە، دەستەی ئاماری هەرێمیش دەڵێت ئە و ئامارەی بەغدا کە بڵاویکردووەتەوە، لەسەر بنەمایەکی زانستی ئەنجامی نەداوە و دوورە لە ڕاستی.

لە دیمانەیەکی لەگەڵ ئاژانسی (ئەنادۆڵ)دا سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان سیروان محەمەد ڕایگەیاند: "ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە هەر چوار شارەکەیەوە، ئەگەر بەپێی ئامارەکانی حکومەتی بەغدا بێ. ئێستا گەیشتۆتە زیاتر لە هەشت ملیۆن و 200 هەزار کەس بەڵام بەپێی ئامارەکانی دەستەی ئاماری هەرێم بێ، ژمارەکە لەوەی ڕاگەیاندراوە، زۆر کەمترە".

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم هەروەها ڕایگەیاند: بەدەستهێنانی ئامارێکی دروست بۆ هەر پرسێک لە بارودۆخێکی وەک ئێستادا زحمەتە بەتایبەت بۆ ئاوارەکانی نێو هەرێم، لەگەڵ ئەوەشدا سەرژمێریمان کردووە، تا بزانین ژمارەی ڕاستەقینەی ئاوارەکان چەندە، بە و پێیە بۆمان دەرکەوتووە،

که تەنها لە ساڵی 2014ی ئەمساڵدا 850هەزار کەس ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونە و کۆی گشتی ئاوارەکان کە پێش ئەمساڵ روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، زیاتر لە ملیۆنێک و 400 هەزار کەس دەبێت.
سەبارەت بە رێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان، سیروان محەمەد وتی: "ئە و ئامارەی وەزارەتی پلاندانانی عێراق خستویەتییەروو گوایە رێژەی هەژاری لە عێراق گەیشتۆتە 30% بەشێوەیەکی زانستیانە نەکراوە، دەستەی ئاماری هەرێم پشت بە و ئامارە نابەستێ، چونکە بەپێی ئامارەکانی بەردەستی ئێمە رێژەی بێکاری لە ساڵی 2012 گەیشتبۆوە 19% و هەرێمی کوردستانیش 5.3% رێژەکەی پێکهێنابوو. بەڵام بەپێی زانیارییەکانی دەستەی ئاماری هەرێم رێژەی هەژاری بە و رێژە زۆرە زیادی نەکردووە، کەوا بەغدا باسی لێوەدەکات".
ئاماژەش بەوەدەکات کە بە و پێیەی کە لە 89% ئاوارەکانی ناوخۆی عیراق چوونەتە پارێزگای دهۆک ئێستا ئە و شارە زۆرترین رێژەی هەژاری لە نێو هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم قۆناغە بە کاتی لەقەڵەم دەدرێت و پێشبینی دەکرێ دوای گەڕانەوەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بیانی لە بواری نەوت بەهەرێمی کوردستان، جارێکی دیکەی رێژەی بێکاری روو لە کەمبوونەوە بکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 09-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | دهۆک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 393

## دهۆک.. 60 هەزار کوردی ئێزدی لە شنگالەوە هاتوونەتە دهۆک

http://www.kurdipedia.org/?q=2014080610184827103

رەڤەند گوهەرزی
بە هۆی ئە و بارودۆخەی ئێستای کوردستان و قەزای شنگال بەتایبەتی لە کومەڵگای شاریای سەر بە پارێزگای دهۆک زیاتر لە 60 هەزار کوردی ئێزدی لە شنگالەوە ئاوارەی ئە و کومەڵگایە بوون .
جەعفەر سمۆ، ئەندامی لیژنەی پێشوازی لە ئاوارەکانی شنگال لە کۆمەڵگای شاریا بەخەندانی راگەیاند: زیاتر لە 60 هەزارو کوردی ئێزدی لە شنگالەوە هاتوونەتە کۆمەڵگای شاریا .
جەعفەر سمۆ وتیشی: "هاوکاری لە لایەن رێکخراوانی مافی مرۆڤ و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەردەوامە، بەڵام ئێمە کێشەی نیشتەجێبوونمان هەیە ."
ئەوەشی خستەروو: دانیشتوی کۆمەڵگای شاریا نزیکەی 13 هەزار کەسە، ئێستا هیچ شوێنێک وەک قوتابخانە و شوێنە ئایینیەکان نەماون خەڵک لێ دابنیشێت .
ئەندامی لیژنەی پێشوازی لە ئاوارەکانی شنگال لە کۆمەڵگای شاریا ئاماژە بەوەشکرد: "داوا لە خەڵکی دهۆک و پارێزگای دهۆک دەکەین زیاتر بەهانامانەوە بێن، چونکە ئەم ئاوارانە لە رەوشێکی نالەباری سەختدان لە توانای ئێمە دەرچووە ."
جەعفەر سمۆ داوای کرد پارێزگاری دهۆک پەلە بکات لە دروست کردنی ئە و کەمپینەی کە ئێستا لە نزیک کومەڵگای شاریا کاری لە سەر دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 06-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 394

## دهۆک.. ئاماری لە دایکبوون و ڕووداوە جۆراو جۆرەکان لە نەورۆزدا بخوێنەرەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032420321261742

خەندان ڕەڤەند گوهەرزی
بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند، تە نیا لە ڕۆژانی جەژنی نەورۆزدا لە پارێزگای دهۆک 354 منداڵ لە دایک بوون و 55 حاڵەتی سوتاندنیش تۆمارکراوە.
حەمزە ڕەزیکی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگای دهۆک بە خەندانی ڕاگەیاند: لە سەر جەم بنکەکانی تەندروستی لە سنوری پارێزگای دهۆک 55 حاڵەتی سوتان تۆمار کراون و چوار کەس لەوانە لە نەخۆشخانە ماونەتەوە ئەوانەی تر ڕەوانەی ماڵەوە کراون.
ئاماژەی بەوەشکرد: "هەر لە جەژنی نەورۆزدا 271 ڕووداوی جۆراو جۆر ڕوویانداوە و هەزار و 33 کەسیش پەیوەندی بە ژمارەی خزمەتگوزاری 122 ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنەوە کردوە."
ڕایشیگەیاند: "ئە و نەخۆشانەی ڕەوانەی بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانە گشتیەکان کراون 140 نەخۆش بوون کە پێنج لە و نەخۆشانە ژنی دوو گیان بوون، هەروەها 354 منداڵیش لە دایک بوون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | دهۆک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 395

## دهۆک.. بەهۆی ڕووداوەکانی هاتووچۆ 183 کەس گیانیان لە دەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014123015520868664

ڕەڤەند گوهەرزی
ئەمڕۆ سێشەممە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ لە پارێزگای دهۆک ئاماری ڕووداوەکانی ساڵی 2014 ڕاگەیاند، سێ هەزار 988 کەس بریندار بوون و زیاتر لە 25 هەزار مۆڵەتی شۆفێریش بە هاوڵاتیان داون.
ڕائیدی مافپەروەر، ئازاد تەها، بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک، بە خەندانی ڕاگەیاند: "لە سنووری پارێزگای دهۆک هەزار و 132 ڕووداوی هاتوچۆ رویداوە و سێ هەزار و 988 کەس برینداربوون و 183 کەسیش گیانیان لە دەستداوە ."
ئازاد تەها وتیشی: "لە ماوەی دوازدە مانگی ڕابردوودا لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک 19 هەزار و 935 ئۆتۆمبێلی جۆراو جۆر تۆمارکراون."
ئاماژە بەوەشکرد: "لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک 25 هەزار و 204 مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە هاوڵاتیان داوە و لە ناویاندا دوو هەزار و 55 مۆڵەت بە ژنان دراوە."

بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک، ئەوشی خستەڕوو: "ئە و سەرپێچیانەی کەلە لایەن کامێرای چاودێریەوە تۆماکراون 315040 سەرپێچین و 64141 ئۆتۆمبێل غەرامەکراون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و ڕاپرسی: | ڕووداوی هاتووچۆ |
| شارەکان: | دهۆک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 396

## دهۆک.. زیاتر لە 55 هەزار گەشتیار رویان لە شوێنە گەشتیارییەکان کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130812132535589176

خەندان - ڕەڤەند گوهەرزی
بەپێ ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری پارێزگای دهۆک، تەنیا لە ماوەی پێنج ڕۆژی رابردوو 55 هەزارو 381 گەشتیار رویانکردوە شوێنە گەشتیاریەکانی سەر بەر پارێزگای دهۆک.
عوبەیدوڵا دادو، بەڕێوبەری گشتی گەشتۆگوزاری دهۆک رایگەیاند : لە ماوەی پێنج ڕۆژی رابردوودا زیاتر لە 55 گەشتیار سەردانی شوێنە گەشتیاریەکان کردوە و 70% لە و گەشتیارانە لە پارێزگای موسل و ناوچەکانی دیکەی خواروی عیراق و 20% لە وڵاتی تورکیا بەرێگای دەروازەی ئیبراهیم خەلیل هاتبوون.
بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزار لە پارێزگای دهۆک ئەوەشی خستەڕوو: هیچ کێشەیەک بۆ ئەو گەشتیارانەی سەردانی پارێزگای دهۆکیا کردوە درووست نەبووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەم جەژنەدا خشتەی شوێنەواری گەشتوگوازر لە پارێزگای دهوک لەگەڵ ڕێبەری زانیاری گەشتو گوزار بەسەر گەشتیاراندا بڵاویان کردبوویەوە.
ئەوەشی وت: "ئە و ڕێبەرەی زانیاری گەشتوگوزار بۆ ئەوە بوە، تا لە ڕۆژانی جەژندا زیاتر ئاسانکاری بۆ گەشتیاران بکات و بتوانن لە شوێنە گەشتیاریەکانی پارێزگای دهوک بگەڕێن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-12

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 397

## دهۆک.. ژمارەی کامپەکان زیاد دەکرێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140915164356774482

نژیار نێروەیی
لە ئێستادا پێنج بۆ شەش کەمپ بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارەکان لە سنووری پارێزگای دهۆک لە قوناغی جێبەجێکردندان، پارێزگاری دهۆکیش رایدەگەیەنێت کەمپەکان بەشی هەموو ئاوارەکان ناکات.

لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئەمڕۆ دووشەممە فەرهاد ئەتروشی، پارێزگای دهۆک رایگەیاند: لە سنووری پارێزگای دهۆک پێنچ بۆ شەش کەمپ لە قۆناغی جێبەجێکردندان، بەڵام بە پێی ئە و رێژەی ئاوارانەی کەهاتونەتە سنووری پارێزگای دهۆک بەشی هەموویان ناکات، چونکە ناوی زیاتر لە 90 هەزار خێزان تۆمارکراون.
وتیشی: "بۆ بەرفراوانکردنی کەمپەکان بە هاوکاری رێکخراوەکان لە کۆمەڵگاکانی خانکێ، شاریا، باجدکەندالی یەک و دوو، بێرسڤێ، قادیا، داودیێ، کار لەسەر ئەم کەمپانە بەردەوامە."
پارێزگای دهۆک ئەوەشی خستەڕوو، لە ئێستادا 543 خوێندنگای پارێزگای دهۆک ئاوارەیان تیادا نیشتەجێن و لە پلانی ئەواندایە زیاتر لە 15 هەزار خێمەی تریش دروست بکەن بۆ ئە و ئاوارانەی لە خوێندنگاکاندان نیشتەجێن کە شوێنێک بۆ بدۆزینەوە.
فەرهاد ئەتروشی زیاتر وتی: "پرۆسەی ئامادەکرنی خواردنی رۆژانە بەردەوامە و رۆژانە بە سەدان هەزار دۆلار وەک حکومەت بۆ دابینکردنی سەمون و ئاو و نانی بەیانیان خەرج دەکرێت، جگە لە و هاوکاریانەی رێکخراوەکان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە
شارەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 398
## دهۆک.. ژمارەی ئاوارەکان لەدانیشتوانی شارەکە زیاترن
http://www.kurdipedia.org/?q=2014093022003277674
عەلی ناجی
ئەندامێکی پەرلەمانی عیراق لەپارێزگای دهۆک ئاشکرایدەکات، ژمارەی دانیشتوانی شاری دهۆک نیوەی ژمارەی ئاوارەکانە و دوو ئەوەندەی خەڵکی ئە و شارە ئاوارەی تێدا نیشتەجێیە.
جەمال کۆچەر بەسایتی خەندانی راگەیاند: ژمارەی دانیشتوانی شاری دهۆک 325 هەزار کەس دەبن، بەڵام ئاوارەکان 600 هەزاریان تێپەڕاندووە.
وتیشی: "لەوکاتەوەی مانگرتنەکانی پارێزگای ئەنبار لەساڵی 2013 دەستپێکردووە، ژمارەیەکی زۆر عەرەبی ئە و پارێزگایە لەشاری دهۆک نیشتەجێبوون."
بەوتەی جەمال کۆچەر پەرلەمانتاری یەکگرتوو لەپەرلەمانی عیراق، ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆک بەگشتی، یەک ملیۆن و 200 هەزار کەسە، بەڵام کۆی ئاوارە عیراقی و ئێزدی و سورییەکان ژمارەیان یەک ملیۆن و نزیکەی 100 هەزار کەس دەبێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 399

## دهۆک.. لە ڕەمەزاندا 16 کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140726162447771

ڕەڤەند گوهەرزی
ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا کەمی نەرکردووە و لە سنووری پارێزگای دهۆک تەنها لەم مانگەدا 16 کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە.
بەپێی قسەی ئازاد تاها، بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای دهۆک، لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا لە سنووری پارێزگای دهۆک 83 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویانداوە.
ئازاد تاها، ئاماژەی بەوەشکرد: ڕووداوەکانی هاتوچۆی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بوونەتە هۆی گیان لە دەستدانی 16 کەس.
بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن لە هاتوچۆی پارێزگای دهۆک وتیشی: "بەهۆی زیادبوونی ڕووداوی هاتوچۆ لەم مانگەدا و 93 کەس بریندار بوونە ".
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 26-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | دهۆک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 400

## دهۆک..27 حاڵەتی سووتان ڕوویداوە کە دوانیان پیاو بوون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140320090935563

خەندان-ڕەڤەند گوهەرزی
بەڕێوەبەری کارگێڕی لە نەخۆشخانەی سوتان و جوانکاری دهۆک ئاشکرایکرد، لە ماوەی سێ مانگی ئەم ساڵدا 27 ڕووداوی سوتان ڕوویداوە و لە ناویاندا دوو پیاو هەیە کە ئاگریان لە خۆیان بەرداوە.
محەمەد زیاد، بەڕێوەبەری کارگێری لە نەخۆشخانەی سوتان و جوانکاری لە دهۆک تایبەت بە خەندانی ڕاگەیاند: "لە مانگی یەکەمی 2014 دا لە سنووری پارێزگای دهۆک هەشت ڕووداوی خۆ سوتاندن ڕوویداوە و زۆر بەیان ژن بوون."
وتیشی : "لە مانگی شوباتدا11 ڕووداوی خۆ سوتان دروست ڕوویداوە، کە لە نێوانیاندا پیاوێک لەگەڵ 10 ژن هەر هەموویان گیانیان لە دەست داوە."
بەڕێوەبەری کارگێری لە نەخۆشخانەی سوتان و جوانکاری دهۆک ئەوەشی خستەڕوو: "لە سەرەتای مانگی ئازاری تا ئێستا هەشت ڕووداوی خۆ سوتان دروست بوونە و کە شەش لە و حاڵەتانە ژن بوون و یەک منداڵ و پیاوێک هەر هەموویان گیانی لە دەست داوە."
محەمەد زیاد، ئاماژەی بەوەشکرد: "یەکێک لە و حاڵەتانە ژنێک کاتێک ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە منداڵە دوو ساڵانەکەی لە باوەش گرتووە و لەگەڵ خۆی سوتاندویەتی، بۆیە دوای مانەوەی لە نەخۆشخانە گیانی لە دەستداوە."
بەپێی قسەی ناوبراو ڕێژەی زۆربەی ئەوانەی ئاگری بەخۆیانەوە ناوە لە سەدا 70 زیاتر بووە و پێشبینی دەکرێت لە 2014دا ڕێژەی خۆسوتان لە پارێزگای دهۆک زیاتر بێت لە چاو ساڵی ڕابردوو."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 20-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | دهۆک |

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 401

## دهۆک: شەش ڕووداوی هاتوچۆ لە رۆژانی جەژنی نەورۆز ڕوویاندا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032220231557166

خەندان-رەڤەند گوهەرزی

بەرپرسی بەشی راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتیی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک راگەیاند لە رۆژی یەکەمی جەژنی نەوروزدا شەش رووداوی هاتووچۆ روویانداوە، بەلام هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتووەتەوە.

ئازاد تەها، بەرپرسی بەرشی راگەیاندن لە بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک بە خەندانی راگەیاند : " لە رۆژی یەکەمی جەژنی نەورۆزدا هیچ رووداوێکی دڵتەزێن لە سنووری پارێزگای دهۆک روونەداوە، تەنها شەش رووداوی بچوک نەبێت کە هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتووەتەوە."

وتیشی :" داوا لە شوفێران دەکەین زیاتر پابەندبن بە رێنماییەکایی هاتووچۆ لەم دوو سێ رۆژەی جەژن تا گیان و ماڵی خویان هاوڵاتیان پارێزراو بێت."

بەرپرسی بەرشی راگەیاندن لە بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک ئاماژە بەوەشی کرد: " پلانی هاتووچۆی ئەمساڵ لە پارێزگای دهۆک، پلانێکی سەرکەوتوو بووە و جیاوازییەکی گەورەی هەبووە لە چاو ساڵانی پێشوو."

ئازاد تەها روونیشیکرد : " تارادەیەکیش هاوڵاتیان هاوکاریی هێزەکانی پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆیان کردووە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: دهۆک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 402

## دهۆک: لە جەژندا 32 کەس بونە قوربانی روداوی هاتوچۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081116124789192

خەندان : رەڤەند گوهەرزی

بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک ئاماری رووداوی هاتوچۆ لە رۆژانی جەژنی رەمەزانی پیرۆزدا راگەیاند و تیادا هاتووە 19 رووداوی جیاجیا رویانداوە و بە و هۆییەوە، 27 کەس بریندار بونە و پێنج کەسیش گیانیان لە دەست داوە.

ئازاد تاها بەرپرسی راگەیاندنی بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک بە (خەندان)ی رایگەیاند : لە رۆژنی جەژنی رەمەزانی پیرۆزدا 19 رووداوی جیاجیا رووی داوە کە شەشیان ڕووداوی وەرگەڕان و 12 پێکدادان و رووداوێکی سوتان، هەبووە.

لە درێژەی قسەکانیدا ئازاد تاها وتیشی، بەداخەوە، لە و رووداوانەدا پێنج کەس گیانیان لە دەستداوە و 27 کەسی دیکەش بەهەمان مەبەست برینداربوون.

ساڵانە بەهۆی تیژرەوی و پابەند نەبوونی شۆفێران بە رێنمایەکانی هاتوچۆوە، بەسەدان رووداوی

هاتوچۆ روودەدەن، چەندین کەسیش دەبنە قوربانی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 403
## دهۆک: لە هەشت مانگی رابردوودا 831 روداوی هاتووچۆ روویداوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20131009103333388367
خەندان رەڤەند گوهەرزی
بەرێوبەرایەتی گشتیی هاتووچۆی پارێزگای دهۆک ئاماری هەشت مانگی رابردووی روداوەکانی هاتووچۆی رایگەیاند و تێیدا هاتووە کە 831 رووداوی هاتووچۆ، بووەتەهۆی کوژران و برینداربوونی نزیکەی سێ هەزار کەس.
ئازاد تاها بەرپرسی بەشی راگەیاندن لە بەرێوبەرایەتیی گشتیی هاتووچۆی پارێزگای دهۆک تایبەت بەخەندانی راگەیاند : لە هەشت مانگی رابردووی ئەم ساڵدا لە سنووری پارێزگای دهۆک 831 روداوی هاتووچۆ رویداروە و دوو هەزار و 998 کەسیش بونەتە قوربانی.
ئازاد تاها ئاماژەی بەوەشکرد کە زۆربەی ئەو رووداوانە لە (دهۆک و زاخۆ و شێخان و ئامێدی و فیشخابوور) رویانداوە و لە ئەنجامیشدا 171 کەس گیانیان لەدەست داوەو 2827 کەسیش برینداربوونە.
بەرپرسی بەشی راگەیاندن لە بەرێوبەرایەتیی گشتیی هاتووچۆی دهۆک ئاماژە بەوەشکرد کە هۆکاری سەرەکیی ئەو رووداوانە، خراپیی رێگای هاتووچۆ و لاوازی ئاستی هۆشیاری شوفێراو بووە لە کاتی لێ خورینی ئوتومبێلەکانیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 09-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 404
## دهۆک، ئاماری رووداوەکانی هاتووچۆ لە مانگی رەمەزاندا راگەیەندرا
http://www.kurdipedia.org/?q=20130731124847893 67
خەندان رەڤەند گوهەرزی
بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهوک ئاماری روداوی هاتوچوی مانگی رەمەزان دەخاتەڕوو و رایدەگەیەنێت، لەمانگی رەمەزاندا 140 کەس بە روداوی هاتوچۆ کەس بریندار بوون و 11 کەسیش گیانی لە دەست داوە.
ئازاد تاها، بەرپرسی راگەیاندنی بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهۆک بە (خەندان) ی راگەیاند: لە سەرەتای مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە تا ئێستا 140 کەس بە روداوی هاتوچۆ برینداربوون، هەروەها 11 کەسیش گیانی لە دەستداوە.
بەرپرسی راگەیاندی بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای دهوک ئەوەشی خستەروو: لە ماوەی مانگی رەمەزانی پیرۆزدا 83 روداوی هاتوچۆ رویداوە و زۆربەی ئەو روداوانەش بەهوی خێرا لێ خورینی شوفێرانەوە بووە.
وتیشی: "زۆربەی ئەو رووداوانەی هاتوچۆ لە " گەلی زاخۆ و جادەی گشتی سێمێل و قەزای بەردەرەش و دێرەبوون."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-31

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 405

## دوا ئاماری تەندروستی سلێمانی سێ رۆژی جەژنی نەورۆز

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032322460269293

هێڤی خالید

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی رایدەگەیەنێت، نەورۆزی ئەمساڵ لەگەڵ ساڵانی پێشوو جیاواز بووە و هیچ حاڵە تێکی مردن نەبووە، ئاماژە بەوەشدەکات، لەماوەی سێ رۆژی رابردواد 12 حاڵەتی کەوتن و چوار حاڵەتی شەڕکردن و 24 حاڵەتی روداوی هاتوچۆ هەبووە و سەرجەمیان چارەسەریان بۆکراوە و رەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە.

د. میران مەحمەد بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لە لێدوانێکی بۆ خەندان وتی: "لەماوەی سێ رۆژی رابردودا 12 حاڵەتی کەوتن و چوار حاڵەتی شەڕکردن هەبووە و سەرجەمیان چارەسەری پزیشکیان وەرگرتووە و رەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە."

وتیشی: "وەکو رۆژانی ئاسایی 120 کەس داخڵی نەخۆشخانە کراون، بەڵام هیچیان پەیوەندییان بە رووداوەکانی جەژنی نەورۆزەوە نەبووە."

ئەوەشی خستەڕوو کە، 24 حاڵەتی رووداوی هاتوچۆ هەبووە کە پەیوەندی بە نەورۆزەوە نەبووە و برینەکانیان سوک بووە، وە هیچ رووداوێکی مردن نەبووە.

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی راشیگەیاند، ئەمساڵ جیاواز بووە لە ساڵانی پێشوو رووداوەکان بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پاردا زۆر کەمی کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی

جۆری ئامار و راپرسی: رووداوی هاتووچۆ

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 406

## دوا ئاماری تووشبوانی شێرپەنجە لە هەرێم راگەیەندرا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150204164540660006

رەهێڵ سەمەد

ئەمرۆ چوارشەممە 4ی شوباتی 2015، لە رۆژی جیهانی شێرپەنجە رێورەسمێک بەرێوەچوو و دواتر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لەشاری هەولێر دوا ئاماری تووشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرا.

بۆ ئە و مەبەستە د. دارا رەشید بەڕێوبەری گشتی لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: ژمارەی توشبووان بە نەخۆشی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان بەمجۆرە

تۆمار کراوە، لە سلێمانی 2027 کەس، هەولێر 1809 کەس و لە دهۆک 926 کەس، جگە لە و ژمارەیەی پێشوو زیاتر لە دوو هەزار نەخۆشی تری دەرەوەی هەرێم چارەسەری پێویستیان بۆ ئەنجامدراوە.
وتیشی: "لە هەرێمی کوردستان چوار نەخۆشخانەی چارەسەری شێرپەنجە هەیە، لەگەڵ دوو سەنتەری چارەسەری شێرپەنجە (سلێمانی، هەولێر) هاوکات چارەسەری نەشتەرگەری زۆربەی جۆرەکانی شێرپەنجە ئەنجامدەدرێت."
ئاماژەی بەوەشکرد: رێژەی توشبوانی هاوڵاتانی هەرێم بە نەخۆشی شێرپەنجە لە ستاندرانی جیهانی کەمترە.
هەرلە و کۆنگرە رۆژنامەنوسیەدا ئەوەش ئاشکرا کرا کە لەساڵی 2004ە وە تا ئێستا نزیکەی 15 هەزار و 500 هاوڵاتی لە پارێزگای هەولێر فایلین بۆکراوە کە توشبووی نەخۆشی شێرپەنجەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 407

## دواین ئامارو زانیاری تەقینەوەکانی شاری کەرکوک - 2014-08-23

http://www.kurdipedia.org/?q=20140824103100668O8



محەمەد کەرکوکی
بە هۆی ئە و سێ تەقینەوە خۆکوژییەی ئێوارەی رابردووی شاری کەرکوک 108 کەس شەهید و بریندار بوون، کە زۆربەی قوربانییەکان لە هێزەکانی پێشمەرگەن.
سەرچاوەیەکی ئاگادار بە خەندانی راگەیاند: دوای ئەوەی ئێوارەی رابردوو لە رێگەی بەغداو لە گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوک سێ تەقینەوە کەلە رێگەی ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراوەوە کە سێ تیرۆریستی خۆکوژ لیان دەخوری ئەنجامدرا، بە هۆیانەوە 23 کەس شەهید بوون و 85 کەسیش بریندار بوون.
سەبارەت بە تەقینەوەکان ئە و سەرچاوەیە بۆ خەندان روونیکردەوە: تەقینەوەی یەکەم لە ناوچەی رێگەی بە غدای شاری کەرکوک و نزیک باڵەخانەی (جەدوع) کە لە رێگەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگرەوە تیرۆریستێکی خۆکوژ لێی دەخوری و هێزەکانی پێشمەرگەی کردبووە ئامانج ئەنجامدرا و بە هۆیەوە 10 شەهید و 19 برینداری لێکەوتەوە کە زۆربەیان لە هێزەکانی پێشمەرگەن.
وتیشی: "تەقینەوەی دووەمیش لە هەمان ناوچە و ئەویش لە رێگەی ئۆتۆمبێلێکی جۆری کیای بارهەڵگرەوە کە خۆکوژێ لێیدەخوری و هێزەکانی پێشمەرگەی کردبووە ئامانج ئەنجامدرا کە بە هۆیەوە شەش شەهیدو 38 برینداری لێکەوتەوە کە زۆربەی قوربانییەکان لە هێزەکانی پێشمەرگەن.
سەرچاوەکە راشیگەیاند: تەقینەوەی سێیەمیش لە گەڕەکی رەحیماوای شاری کەرکوک کە گەڕەکێکی کورد نشینە و ئەویش لە رێگەی ئۆتۆمبێلێکی جۆری گلایزەرەوە کە خۆکوژێ لێی دەخوری ئەنجامدرا بە هۆیەوە حەوت شەهید و 28 برینداری لێکەوتەوە، ئەمە جگە لەوەی

زیانێکی زۆری مادی بە ناوچەکە گەیشتووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-08-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 408

## دواین ئاماری تەقینەوە و پێکدادانەکانی رۆژی 2013-12-04 کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=20131205103734874312



خەندان- محەمەد کەرکوکی
بە پێی ئامارێکی باوەڕپێکراو لە تەقینەوە و پێکدادانەکانی دوێنیی شاری کەرکوک کە پەلاماری بەڕێوەبەرایەتی دەزگای هەواڵگیری کەرکوک درا، 115 کەس بوونە تە قوربانی.
سەرچاوەیەکی باوەر پێکراو بە (خەندان) ی راگەیاند: دوای ئەوەی دوێنێ چوارشەممە لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی دەزگای هەواڵگری کەرکوک چەکدارانی قاعیدە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراویان تەقاندەوە و دوابەدوای ئە و کردەوەیەش چەند خۆکوژێک دزەیان کردە ناوبەرێوەبەرایەتییەکەوە.
سەرچاوەکە ئەوەشی روونکردەوە کە لەوکاتەشدا چەند چەکدارێکی دیکە چوونەتە سەربانی بازاری جەواهیر بە چەکی (قەناس) تەقەیان لە هێزە ئەمنییەکان و هاوڵاتیان کردووە.
سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەشکرد: شەڕو پێکدادان لە لایەن هێزە ئەمنییەکان و چەکدارەکان تا درەنگانێکی شەوی رابردو بەردەوام بووە."
وتیشی: "بە پێی ئامارێکی باوەر پێکراو لە و کردەوانەدا نۆ کەس شەهیدبوون، کە چوارکەسیان کارمەندی دەزگای هەواڵگرین، هەروەک دوو کارمەندی ئاسایشن، دوانیان پۆلیس و یەکێکیش شۆفێری ئەمپولانسە."
سەرچاوەکە روونیکردەوە: 106 کەسیش بریندار بوون کە 54 یان لە هێزە ئەمنییەکانی شاری کەرکوکە و هەروەک 52 کەسەکەی دیکەش خوێندکارو کارمەندی فەرمانگەکان و هاوڵاتی مەدەنی شاری کەرکوکن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-05

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 409

## دواین ئاماری رەسمی زیندانیانی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072411591089482

وتەبێژی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، لە ئێستادا دوو هەزار و 328 سزادراو بەتاوانی جۆراو جۆر لە نێو بنکە چاکسازییەکانی گەوران و ژنان و

منداڵان لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان حوکمدراون.
عەباس ئەکرەم، وتەبێژی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (خەندان) ی ڕاگەیاند: دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر و سلێمانی لە قۆناغی جێبەجێ کردندایە و پێش کۆتایی ئەمساڵ هەردوو بنکەی چاکسازی گەورانی هەولێر و سلێمانی تەواودەبێت، بەمەش ڕەوشی بنکە چاکسازییەکان پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان باشتر دەبێت بەشێوەیەک هاوتای پێوەرو بنەما جیهانییەکان بێت.
وتیشی: "لە ئێستادا دوو هەزار و 328 زیندانی لە بنکە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان ماوەی حوکمەکەیان بەسەردەبەن، بەشێوەیەک لە هەولێر 665 سزادراوی پیاو و ژن و منداڵ هەیە، هەروەها لە سلێمانی 997 سزادراوی پیاو ژن و منداڵ حوکمدراوون و لە دهۆکیش 666 سزادراوی پیاو ژن و منداڵ ماوەی حوکمەکەیان بەسەردەبەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-24

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 410

## دوایین ئاماری گیراوان و ڕزگاربوانی ئێزدی لە دەستی داعش خرایەڕوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041409111469314

لە ماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا نزیکەی 280 هاوڵاتی ئێزیدی لە دەستی چەکدارانی داعش ڕزگار کراون بەمەش ژمارەی ڕزگاربوانی دەستی داعش دەگاتە نزیکەی هەزار و 275 کەس.
حسێن کۆرۆ، بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕفێندراوانی ئێزدیی بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند: ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو 34 هاوڵاتی ئێزیدی لە تەلەعفەر و چوارشەممە 217 کەس لە باشووری کەرکوک و پێنچشەممەش 27ی دیکە لە تەلەعفەرەوە ڕزگارکران و بە هەماهەنگی هێزی پێشمەرگە گەیەنرانە هەرێمی کوردستان و چارەسەری پێویستیان بۆ کرا .
وتیشی: "ئە و هاوڵاتیەیانەی تا ئێستا ڕزگارکراون زۆربەیان پیرو پەککەوتە و منداڵن."
خەیری بۆزانی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزدیەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم دوا ئاماری ڕزگاربوان و ئەوانەی تا ئێستا لە دەست چەکدرانی داعش ماونەتەوە و کوژراوەکان بۆ دەنگی ئەمەریکا ئاشکرا دەکات کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە.
تا 6ی ئەم مانگە 996 کەس ئازادکرابوون کە 216 پیاو و 452 ژن و 169 منداڵی کور و 159 منداڵی کچ بوون، هەروەها لە ماوەی هەفتەی ڕابردووشدا نزیکەی 280 هاوڵاتی تری ئێزیدی ڕزگاریان بووە کە ژمارەی کۆتایی و ڕەسمی ڕزگابوان تا ئێستا گەیشتوەتە نزیکەی 1275 کەس.
خەیری بۆزانی دەڵێت: "ژمارەی گشتی ئێزیدیەکان لە عیراق 550 هەزار کەسە لە و ژمارەیە 400 هەزار کەس ئاوارە و 65 هەزار کەسیش بوونەتە پەنابەر. ژمارەی ڕفێندراوانیش سێ هەزار و 500 کەسە و 841 کەسیش ونن و چارەنوسیان نادیارە 1280 کەس کوژراون و280 کەسیش مردون."
تا ئێستا 11 گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراونەتەوە، 18 مەزار و شوێنی پیرۆزی ئاینی ئێزدیەکان تەقێندراونەتەوە.
ئە و کارە بەدەستەی ئێزیدییەکان دەڵێت: "ڕزگابوانی دەستی داعش لە ڕەوشێکی تەندروستی و دەروونی خراپ دان و پێویستیان بە چارەسەر هەیە. هەروەک دەشڵێت لە ڕووی دەروونی و مەعنەوییەوە داوایان لە چەندین ڕێکخراوی مرۆیی نێودەڵەتی کردوە تا لە ڕێگای کردنەوەی خولی پێویست جارێکی تر بگەڕێنەوە دۆخی جارانیان.
لەسەر ئاستی هاوڵاتیان و ڕێکخراو و چالاکانی ئێزیدیی بە جۆرەها ڕێگا فشارەکانیان بۆ سەر حکومەتی هەرێم و ناوەند و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەردەوامە بۆ بە جینۆساید ناساندنی کارەساتی شنگال.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
شارەکان: شنگال
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 411

## دواین ریزبەندی زانکۆکانی جیهان راگەیانرا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140803095459 23677

راماڵ قەسرەیی
سەرەتای ئەم مانگە ئەنجوومەنی توێژینەوەی ئیسپانی لە سایتی (ویبی میتریکس– webometrics)کە تایبەت بە پلەبەندی ئاستی زانستی زانکۆکانی جیهان لەرێگەی پێگەی ئەلکترۆنی (ویب سایتی زانکۆکان) دواین ریزبەندی زانکۆکانی جیهانی راگەیاند کە هەموو ساڵێک لەم مانگە گۆرانکاری لە پلە بەندیەکە دەکات و دواین گۆرانکارییەکان رادەگەیەنێت.
لەسەر ئاستی جیهان و ئەوروپا گۆرانکاریەکی بەرچاو لەریزبەندەکە رووی نەداوە، بەڵام لەسەر ئاستی ئاسیاو عێراق و کوردستان گۆرانکاریی لە پلەبەندی زانکۆکان روویداوە.
لەنێو زانکۆکانی عێراق، هەر یەکە لە (زانکۆی کۆیە) و (زانکۆی سۆران) بەشێوەی بەرچاو پیش زانکۆکانی تری عێراق و کوردستان کەوتوون و زانکۆی دهۆکیش لە پێشەوەی ریزبەندی زانکۆکانی کوردستانە لەکاتێکدا زانکۆی (سەڵاحەدین) چەند پلەیەک دابەزیوەو هەندێ زانکۆی نوێ لەکوردستان ناویان لەریزبەندیەکە نەهاتووە.
بەپێی سایتی (ویبی میتریکس webometrics)ریزبەندی زانکۆکانی جیهان و ئەورپا و ئاسیا و عێراق و کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
لەسەر ئاستی کوردستان
-1زانکۆی دهۆک
-2زانکۆی سلێمانی
-3زانکۆی ئەمریکی سلێمانی
-4زانکۆی کۆیە
-5زانکۆی سەڵاحەدین
-6زانکۆی سۆران
-7زانکۆی کوردستان
-8زانکۆی کەرکوک
-9زانکۆی هەولێری پزیشکی
-10زانکۆی لوبنانی فەرەنسی
-11زانکۆی زاخۆ
-12زانکۆی نەورۆز
-13زانکۆی دیجلە
-14زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی
-15زانکۆی جیهان
-16زانکۆی رۆیالی بەریتانی بۆ زانست و تەکنەلۆجیا
-18زانکۆی ئیشق
لەسەر ئاستی جیهان
.1زانکۆی هارڤارد (ئەمریکا)
.2پەیمانگای(Massachusetts) ی تەکنەلۆجی ئەمریکا

.3زانکۆی ستانفۆرد (ئەمریکا(
.4زانکۆی کۆرنێل (ئەمریکا (
.5زانکۆی مەشیگان (ئەمریکا (
.6زانکۆی کالیفۆرنیا (ئەمریکا(
.7زانکۆی کۆلۆمبی لە نیۆرک (ئەمریکا(
.8زانکۆی واشنتن (ئەمریکا (
.9زانکۆی مینیسۆتا (ئەمریکا(
.10زانکۆی پەنسلفانیا (ئەمریکا (
لەسەر ئاستی ئەوروپا
-1زانکۆی ئۆکسفۆرد (بەریتانیا (
-2زانکۆی کامبریج (بەریتانیا (
-3پەیمانگای تەکلنەجی سویسری زویرخ (سویسرا (
-4زانکۆی لەندەن (بەریتانیا (
-5زانکۆی ئۆتریخت (هۆلەندا (
-6زانکۆی هیلسنکی (فینلندا (
-7زانکۆی ئیدینبێرگ (بەریتانیا (
-8زانکۆی ئەمستردام (هۆلەندا (
-9زانکۆی لۆدفیچ مەکسیملیان میونخ (ئەلمانیا (
-10زانکۆی ڤیانا (نەمسا (
لەسەرئاستی ئاسیا
-1زانکۆی سیولی نیشتیمانی (کۆریا(
-2زانکۆی تایوانی نیشتیمانی (تایوان(
-3زانکۆی پەکین (چین(
-4زانکۆی سینج هوا (چین(
-5زانکۆی تۆکیۆ (یابان(
-6زانکۆی چیجەینکی نیشتیمانی (چین(
-7زانکۆی شانگەهای (چین(
-8زانکۆی هۆنگ کۆنگ (هۆنگ کۆنگ(
-9زانکۆی میلبۆرن (ئرستراليا(
– 10زانکۆی کیۆتۆ (یابان(
لەسەر ئاستی عێراق
-1زانکۆی بەغداد
-2زانکۆی موصل
-3زانکۆی تەکنەلۆجی عێراقی
-4زانکۆی بابلیۆن
-5زانکۆی کوفە
-6زانکۆی دهۆک
-7زانکۆی دیالە
-8زانکۆی بەصرە
-9زانکۆی سلێمانی
-10زانکۆی زی قار
سەرچاوە : پێگەی فەرمی ئەنجوومەنی توێژینەوەی ئیسپانی بەم ناونیشانە :
http://http://www.webometrics.info/en
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 02-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 412

## دوایین ئاماری ئەو کوردە ئێزدیانەی لە دەستی داعشدان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150319103108849 12

ڕەڤەند گوهەرزی

بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند، 400 هەزار کوردی ئێزدی ئاوارەی کوردستان بوون و 65 هەزاریش ئێستا لە تورکیا و سوریان و چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعشیش 18 مەزارگەی ئە و پێکهاتەیەیان تەقاندووەتەوە.

هادی دوبانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدیەکان لە پارێزگای دهۆک تایبەت بە خەندانی ڕاگەیاند : " تا ئێستا 10 گۆری بە کۆمەڵ دوزراونەتەوە و پێشبینیی دۆزینەوەی 9 گۆری دیکەش دەکرێت، داواشی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و حکومەتی عیراق و هەرێمی کوردستان کرد هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئازادکردنی ئەو ئێزدیانەی لە دەستی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعشدان ".

هادی دوبانی وتیشی : " لە سەرەتای هاتنی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بۆ شەنگال و دروستبوونی ئەو کارەساتە مرۆییە، تائێستا هەزار و 280 ئێزیدی بە دەستی داعش شەهید کراون ".

ڕایشیگەیاند : " ئەو کاتەی خەڵک پەنایان بۆ چیای شەنگال برد و لەوێ بۆ چەند ڕۆژێک مانەوە، 280 کەس بە بێ ئاوی و برسێتی گیانیان لە دەستدا ".

ئەوشی خستەروو : " تائێستا چارەنووسی 540 کەس نادیارە و نازانین چیان بە سەرهاتووە، لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی بۆ ئازادکردنی ئەوانەی لە دەستی داعشدان، لە کۆی چوار هەزار ئێزیدی 925 کەس ئازاد کراون ".

بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدیەکان لە پارێزگای، ئاماژە بەوەشکرد : " چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش 18 مەزارگەی ئێزیدییەکنیان تەقاندووەتەوە و ئێستاش مەترسی لەسەر تەقاندنەوەی مەزارەکانی دیکە هەیە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و ڕاپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 413

## دوایین ئاماری بێوەژن لە هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150413135212679 27

بەپێی ئامارێکی ساڵی ڕابردوو کەپێش بەرپابوونی شەڕی داعش ئەنجامدراوە دەریدەخات کە ژمارەی بێوەژنان لە عیراق گەیشتۆتە یەک ملیۆن و 500 هەزار، مەزەندەش دەکرێت ئەم ژمارەیە بۆ 2 ملیۆن بەرز بوبێتەوە.

بەپێی ئامارێکی ساڵی ڕابردوو کەپێش بەرپابونی شەڕی داعش ئەنجامدراوە دەریدەخات کە ژمارەی بێوەژنان لە عیراق گەیشتۆتە یەک ملیۆن و 500 هەزار، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کارو

کاروبای کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش نزیکەی 45 هەزار بێوەژن لە هەرێمی کوردستاندا هەن.
لە و 45 هەزار بێوەژنەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەن 19 هەزار و 600 بێوەژن لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانین و 15 هەزار بێوەژن لە سنوری پارێزگای هەولێر و 3 هەزارو 643 بێوەژنیش لە پارێزگای دهۆکن.
لە و بارەیەوە، بەیان نوری، وەزیری دەوڵەتی عیراق بۆ کاروباری ژنان رایگەیاند: "ژمارەی بێوەژنانی عیراق بە بەراورد بە ژمارەی بێوەژنانی وڵاتانی دراوسێ زۆر زۆرە، زۆر بونی ئە و ژمارەیەی بێوەژنانیش بۆ نا سەقامگیری دۆخی سیاسی و ئەمنی عیراق دەگەڕێتەوە."
رێزان شێخ دلێر، ئەندامی لیژنەی خێزان و منداڵ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەڵێت: "مەزەندە دەکەم بەهۆی شەڕی داعشەوە نزیکەی نیو ملیۆن ژنی دیکە بێوەژن بن."
سەرچاوە: رۆژنامەی روداو
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 414
## دوایین ئاماری سزادراوانی گرتووخانەکانی هەرێم راگەیەندرا
http://www.kurdipedia.org/?q=20140914142177457
لە گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستاندا، دوو هەزار و 849 بەندکراو بە تاوانی جیا جیا لە نێو چاکسازییەکانی کوردستان ماوەی حوکمەکەیان بەسەردەبەن، بەشێوەیەک کە پێکهاتووە لە 368 بەندکراوی نەوجەوان و 128 بەندکراوی ژن و 2353 بەندکراوی گەورەن.
بەپێی راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازییەکانی هەرێم کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ 2014/9/14 لە مەراسیمێکدا بەئامادەبوونی ئەحمەد نەجمەدین، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێم و بەڕێوەبەری سەرجەم گرتوخانەکانی کوردستان، دەستپێکی کارەکانی پسپۆران و شارەزایانی بواری چاکسازی وڵاتی سوید، بۆ کارمەند و بەڕێوەبەری گرتوخانەکانی هەرێم دەستپێکرد .
بەڕێوەبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێم لەمیانی دەستپێکردنی کارەکانی وڵاتی سوید لە وتەیەکدا رایگەیاند: حکومەتی سوید ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ هاوکاری کردنی گرتوخانەکانی هەرێمی کوردستان بە کردنەوەی خول و گفتوگۆی کراوە بۆ فەرمانبەر و توێژەر و کارمەندانی هێزی جێبەجێکار و کارمەندانی ئەمنی لەنێو چاکسازییەکاندا .
ئەمڕۆش یەکەم رۆژی دەستپێکی کارەکان دەبێت بۆ ماوەی پێنج رۆژ بەردەوام دەبێت و بەڕێوەبەری چاکسازییەکانی وڵاتی سوید راستەوخۆ لە کوردستان وانە بە کارمەند و بەڕێوەبەری گرتوخانەکان دەڵێنەوە.
دەستپێکی یەکەم رۆژی کارەکانی پسپۆرانی سویدی بریتی بوو لە کردنەوەی خولێک بۆ بەڕێوەبەری گرتوخانەکانی کوردستان لە بواری بەڕێوەبردنی گرتوخانەکان لە رووی ئەمنیەوە، بۆ ئەمەش خولەکە بۆ ماوەی پێنج رۆژ بەردەوام دەبێت و تیایدا بەڕێوەبەر و کارمەندانی هێزی جێبەجێکار لە گرتوخانەکانی کوردستان بەشداردەبن.
ئاماژە بۆ کردنە بەپێی ئامارەکان لە ئێستا لە هەرێمی کوردستان 2849 بەندکراو بە تاوانی جیا جیا لە نێو چاکسازییەکانی کوردستان ماوەی حوکمەکەیان بەسەردەبەن، بەشێوەیەک کە پێکهاتووە لە 368 بەندکراوی نەوجەوان و 128 بەندکراوی ژن و 2353 بەندکراوی گەورە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 14-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 415

## دوایین ئاماری پێشمەرگە شەهیدەکان لە شەڕی دژ بە داعش

http://www.kurdipedia.org/?q=20150527141242853399

بڕیاردەری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانییانی جینۆساید و زیندانییانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان دوایین ئاماری پێشمەرگە شەهیدەکانی شەڕی دژ بە داعش ئاشکرا دەکات و رایدەگەیەنێت کە تا ئێستا 1600 پێشمەرگە شەهید بوون.
بەهار عەبدلڕەحمان بڕیاردەری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانییانی جینۆساید و زیندانییانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئاژانسی ئانادۆڵ وتی: "بەپێی زانیارییەکان تا ئێستا نزیکەی هەزار و 600 پێشمەرگە لە شەڕی دژ بە داعش شەهیدبوون و شەش هەزاری دیکەش بریندار بوون."
وتیشی: "ڕێوشوێنی یاسایی وایە ئەوانەی کە شەهید دەبن تا شەش مانگ مووچەکانیان لە وەزارەتی پێشمەرگەوە بە کەسوکارییان دەدرێت، ئە و ماوەیەش بۆ ئەوەیە تا لە و کاتەدا مامەڵەیان بۆ بکرێت تا مووچەکانیان بچێتە سەر وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان و ئیدی لەوێ مووچەی شەهیدانە وەربگرن."
سەبارەت بە هەوڵەکانی یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەهار عەبدلڕەحمان ئاماژەی بەوەدا کە وەزیری پێشمەرگە پێی ڕاگەیاندوون کە ئە و کارە لە ئێستادا زەحمەتە، ڕوونیشی کردەوە "پاش کۆتاییهاتنی ئە و شەش مانگەی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دیاریکرابوو تا هێزەکان یەکبخاتەوە، وەزیری پێشمەرگە و بەرپرسانی یەکەی حەفتا و هەشتامان بانگهێشتی لیژنەکەمان کرد و ئەوان ئەوکات کۆمەڵێک بەربەستیان باس کرد و پێیانوتین هەتا ئە و بەربەستانە هەبێت ناتوانیین کات دیاری بکەین بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئەوە زەحمەتە."
لەبارەی ئە و بەربەستانەشی کە وەزیری پێشمەرگە باسی کردوون، بەهار عەبدلڕەحمان ئاشکرایکرد کە "بەربەستەکانیش بەپێی قسەکانی وەزیری پێشمەرگە هێشتا بەردەوامن و بریتیین لەوەی هێشتا هەرێم لە شەڕدایە لەگەڵ داعش و شتەکان نائاساییین و پێشمەرگە لە بەرەکانی جەنگە و بۆ یەکخستنی هێزەکان پێویستیان بە بوودجە هەیە، چونکە دەبێت ئە و هێزانە لە چوارچێوەی لیواکان یەکبخرێن و شوێنی مەشقیان بۆ دابین بکرێت و مەشقیان پێ بکرێت و پێداویستییەکانیان وەکو هێزێکی نیزامی بۆ دابین بکرێت لە چەک و تەقەمەنی و خواردن و جلوبەرگ و ئە و پێویستییانەی بۆ هێزێکی نیزامی پێویستن، بۆیە لەرووی نەبوونی بوودجە و قەیرانی دارایی ناتوانن هێزەکان یەکبخەن."
راشیگەیاند کە "هێزی پێشمەرگە بە چەک و تەقەمەنی و پێویستی سەربازی هاوکاری کراوە و زۆرێک لە وڵاتان ئەوەیان کردووە، بەڵام ناتوانین بڵێین ئە و هاوکارییانە لە ئاستی پێویست بووە، بەتایبەت شەڕی تیرۆر شەڕێکی قورسە و زلهێزان شەڕی تیرۆریان پێناکرێت چ جای هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکین لەرووی هێزی سەربازییەوە هێزەکانمان لەرووی مەشقەوە مەشقیان پێنەکراوە و پێداویستییەکانییان بۆ دابین نەکراوە، لەکاتی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر و هەتا ئە و ساتە وەختە پێشمەرگە خۆی چەکەکانی خۆی دەکڕی، بۆیە لە ڕووی چەک و تەقەمەنی هەرێمی کوردستان هەژار بووە و چەک و تەقەمەنی نەبووە، بۆیە پێویست بوو هاوپەیمانان هاوکاری زیاتر بکەن، بەڵام هاوکارییەکان لە ئاستی ئە و شەڕە قورسە نییە کە شەڕی تیرۆرە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 27-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 416
## دوایین ئاماری قوربانییەکانی شەنگال ئاشکرا کرا
http://www.kurdipedia.org/?q=20150803213356858 07

لە یەکەم ساڵیادی کارەساتی شەنگالدا، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی حکومەتی هەرێم، دوایین ئاماری قوربانیەکانی شەنگالی ئاشکرا کرد.
خەیری بۆزانی بەڕێوەبەری کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: لە ڕووداوەکانی 3ی ئابی 2014 و ڕۆژانی دواتردا، بەهۆی هێرشی چەکدارەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە بۆ سەر قەزای شەنگال، زیاتر لە 400 هەزار هاوڵاتی دانیشتوی قەزای شەنگال و دەوروبەری، کە زۆرینەیان ئێزیدی بوون، ئاوارەی ناوچەکانی تری کوردستان بوون.
وتیشی: لە و ژمارەیە پێنج هەزار و 838 هاوڵاتی، کە زۆرینەیان کچ و ژن و منداڵ بوون، لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە ڕفێندراون و 841 کەسی تریش تا ئێستا بێسەروشوێنن، هەزار و 280 هاوڵاتیش شەهید بوون و 280 بە هۆکاری جیاواز گیانیان لەدەستداوە.
بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان ئاماژەی بەوەشکرد: هەر بەهۆی ئە و کارەساتەی بەسەر خەڵکی شەنگالدا هات، تاوەکو ئێستا 12 گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە، لەکۆی ئە و 5 هەزار و 838 هاوڵاتییەی ڕفێندرابوون، دوو هەزار و 14 کەسیان رزگاریان بووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
شارەکان: شنگال
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 417
## دوایین ریزبەندیی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عیراق و جیهان
http://www.kurdipedia.org/?q=20150210223826847 49

ڕاماڵ قەسرەیی، حەسەن مستەفا
ئەنجوومەنی توێژینەوەی ئیسپانی لە سایتی (ویبۆ مێتریکس webometrics – کە تایبەتە بە پلەبەندی ئاستی زانستی زانکۆکانی جیهان لەڕێگەی پێگەی ئەلیکترۆنی (وێب سایتی زانکۆکان لە بەرواری (2- 10 – 2015) دوایین ریزبەندی زانکۆکانی جیهانی بۆ ساڵی 2015 راگەیاند.

لەسەر ئاستی جیهان و ئەوروپا گۆڕانکاریەکی بەرچاو لەریزبەندەکە رووی داوە، لەهەمان کاتدا لەسەر ئاستی جیهان و ئاسیا و عیراق و هەرێمی کوردستان گۆرانکاری لە پلەبەندی زانکۆکان روویانداوە.
لەنێو زانکۆکانی عیراق و هەرێمی کوردستان، هەر یەکە لە زانکۆکانی (بەغداد – هەولێری پزیشکی - سۆران) بەشێوەیەکی بەرچاو لە پلەبەندی زانکۆکانی عیراق پێشکەوتوون، هەندێ زانکۆی نوێ لە کوردستان ناویان لە ریزبەندییەکە زیادکراوە.
ریزبەندی زانکۆکانی (جیهان، ئەوروپا، ئاسیا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عیراق و هەرێمی کوردستان) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان
-1زانکۆی هەولێری پزیشکی
-2زانکۆی دهۆک
-3زانکۆی سۆران
-4زانکۆی ئەمریکی سلێمانی
-5زانکۆی کۆیە
-6زانکۆی کوردستان
-7زانکۆی سلێمانی
-8زانکۆی کەرکوک
-9زانکۆی سەلاحەددین
-10زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی سلێمانی
-11زانکۆی نەورۆز
-12زانکۆی زاخۆ
-13زانکۆی حەیاتی ئەهلی
-14زانکۆی لوبنانی فەرەنسی
-15زانکۆی راپەڕین
-16زانکۆی جیهان
-17زانکۆی ئیشق
-18زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی
-19زانکۆی ئەمریکی دهۆک
-لەسەر ئاستی عیراق
-1زانکۆی بەغداد
-2زانکۆی تەکنەلۆجی عیراقی
-3زانکۆی دیالە
-4زانکۆی موسڵ
-5زانکۆی بابیلۆن
-6زانکۆی هەولێری پزیشکی
-7زانکۆی کوفە
-8زانکۆی خواریزمی بەغداد
-9زانکۆی بەغداد
-10زانکۆی بەسرە
-11زانکۆی کەربەلا
-12زانکۆی ئەنبار
-13زانکۆی ئەهلی بەیتی کەربەلا
-14زانکۆی سۆران
-15زانکۆی ئەمریکی سلێمانی
-16پەیمانگای زانستی تەقەنی عیراقی
-17زانکۆی تکریت
-18زانکۆی موستەنسریە
-19زانکۆی نەهرێن
-20زانکۆی کۆیە

-لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست
-1زانکۆی عیبری لە قودس (ئیسرائیل(
-2زانکۆی تەلئەبیب (ئیسرائیل(
-3زانکۆی مەلیک (سعودیە(
-4زانکۆی ئەستەنبۆل (تورکیا(
-5زانکۆی تەخنیۆنی تەکنیکی (ئیسرائیل(
-6زانکۆی وایزمان بۆ زانست لە رحوفوت (ئیسرائیل(
-7زانکۆی تەهران (ئێران(
-8زانکۆی تەهران بۆ زانستی پزیشکی (ئێران(
-9زانکۆی قاهرە (میسر(
-10زانکۆی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تورکیا (تورکی (
-لەسەر ئاستی جیهان
-1زانکۆی هارڤارد (ئەمریکی (
-2پەیمانگای(Massachusetts) ی تەکنەلۆجی ئەمریکی
-3زانکۆی ستانفۆرد (ئەمریکی(
-4زانکۆی کالیفۆرنیا بیرکلی (ئەمریکی (
-5زانکۆی کۆرنێل) ئەمریکی (
-6زانکۆی مەشیگان (ئەمریکی (
-7زانکۆی مینیسۆتا (ئەمریکی(
-8زانکۆی واشنتۆن (ئەمریکی (
-9زانکۆی پەنسلفانیا (ئەمریکا (
-10زانکۆی کۆلۆمبی لە نیۆرک (ئەمریکی(
-11زانکۆی ویسکۆنسن – مادیسۆن (ئەمریکی(
-12زانکۆی تەکساس - ئۆستن (ئەمریکی(
-13زانکۆی لۆس ئەنجلۆسی کالۆفۆرنیا (ئەمریکی(
-14زانکۆی ییل) Yale University ئەمریکی (
-15زانکۆی کامبریج (بەریتانیا(
-16زانکۆی ئۆکسفۆرد (بەریتانیا(
-17زانکۆی تۆرینتۆ (کەنەدا(
-18زانکۆی ویلایەتی پەنسلڤانیا (ئەمریکی(
-19زانکۆی پۆردۆ لە ولایەتی ئەندیانە (ئەمریکی(
-20زانکۆی ئیلینویس لە ئیرابانە – شامبین (ئەمریکی(
-لەسەر ئاستی کیشوەری ئەوروپا
-1زانکۆی کامبریج (بەریتانیا (
-2زانکۆی ئۆکسفۆرد (بەریتانی (
-3زانکۆی لەندەن (بەریتانی (
-4پەیمانگای تەکنەلۆجی فیدرالی سویسری (زویرخ - سویسری (
-5زانکۆی هیلسنکی (فینلندا (
-6زانکۆی ئۆتریخت (هۆلەندا (
-7زانکۆی ئیدینبێرگ (بەریتانی (
-8زانکۆی ئەمستردام (هۆلەندی (
-9زانکۆی رۆبرت کارلی هایدلبیرغ (ئەڵمانیی(
-10زانکۆی ئۆسلۆ (نەرویجی (
-11زانکۆی جینت) Ghent بەلجیکی(
-12زانکۆی لۆڤانی کاسۆلیکی (بەلجیکی(
-13زانکۆی لۆدیڤیج مەکسیمیلیانی میونج (ئەڵمانی(
-14زانکۆی ڤیەننا (نەمسا(
-15زانکۆی کۆپنهاگن (دانیمارک(
-16زانکۆی بۆلۆنیا (ئیتاڵی(

-17زانكۆی كۆمپلۆتنسی مەدریدی (ئیسپانیا )
-18زانكۆی لۆند (سوید(
-19زانكۆی تەكنەلۆجی دلفت (هۆڵەندی(
-20زانكۆی چارلس لە پراگا (كۆماری چیک )
-لەسەرئاستی كیشوەری ئاسیا
-1زانكۆی تایوانی نیشتیمانی (تایوان(
-2زانكۆی پەكین (چین(
-3زانكۆی سینج هوا (چین )
-4زانكۆی سیئۆلی نیشتیمانی (كۆریا(
-5زانكۆی تۆكیۆ (ژاپۆن(
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-10

تایبەتمەندییەكانی بابەت
وڵات: باشووری كوردستان
وڵات: IQئێراق
كویک ریسپۆنس كۆد:

---

بابەتی ژمارە: 418

## دوو هەزار و 617 بەندكراو لە گرتووخانەكانی هەرێمدان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010812462886777

بە چاودێری ئاسۆس نەجیب، وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی باڵەخانەی چاكسازی گەورانی هەولێر كرایەوە، كە بەپری 49 ملیۆن و 423 دۆلار و لەسەر رووبەری گشتی (88،808) مەتر چوارگۆشە جێبەجێ كراوە و نزیكەی هەزار و 500 بەندكراو لەخۆدەگرێت، بەپێی ئامارێكی وەزارەتی كاریش، نزیكەی دوو هەزار و 617 بەندكراو لە نێو بنكەكانی چاكسازی گەوران و ژنان و منداڵاندان.
بەپێی راگەیەندراوێكی وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی حكومەتی هەرێم كە وێنەیەكی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: لە مەراسیمی كردنەوەی باڵەخانەكەدا كەژمارەیەكی بەرچاو لە بەرپرسانی حكومی یەكە ئیدارییەكانی شاری هەولێر ئامادەبیوون، وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی لە وتەیەكدا رایگەیاند، دروستكردنی ئەم باڵەخانەیە و هاوشێوەكەی لەپارێزگای سلێمانی یەكێک بوون لە ئەركە گرنگەكانی وەزارەتەكەیان لەماوەی كارەكانیان لە حكومەتی هەرێم بەشێوەیەک هەوڵی زۆر و كاری پێویستی بۆ كرا بەمەبەستی دروستكردنی هەردوو پرۆژە لە هەولێر و سلێمانی .
وتیشی: "ئەم پرۆژەیە بەشێواز و ستانداردی جیهانی بنیادنراوە بەشێوەیەک هەر سزادراوێک كاتێک روو لەم بنكەیە دەكات، دوای تەواوكردنی ماوەی سزاكەی و گەڕانەوەی بۆ ناو كەسوكارەكەی كەسێک دوور لە تاوان بێت و هەرگیز پەنا بۆ دووبارەكردنەوەی تاوانەكەی نەدات، بەشێوەیەک لە رێگەی كارمەندان و توێژەرانی كۆمەڵایەتیەوە مەرج و رێنماییەكانی چاكسازی كۆمەڵایەتی بەسەریاندا جێبەجێ دەكرێت و تەواوی مافەكانی بەندكراو لە چێوارچێوەی بەندەكانی مافی مرۆڤ فەراهەم كراوە."
ئاسۆس نەجیب راشیگەیاند: بۆ دابینكردنی كەلوپەل و پێداویستی بۆ هەردو چاكسازی گەورانی سلێمانی و هەولێر، كەتا ئێستا تەجهیز نەكراوون رەزامەندی دراوە لەسەر تەجهیزكردنی هەردوو باڵەخانەكە و پری دوو ملیار و 833 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانكراوە و پرۆسەی تەجهیزكردنیان بۆ ئەنجام دەدرێت .
لە درێژەی وتەكەیدا وەزیری كار رایگەیاند: دوای كردنەوەی باڵەخانەی چاكسازی گەورانی سلێمانی هاوشێوەی ئەم پرۆژەیە و دانانی بەردی بناغەی چاكسازی نەوجەوانان لەهەولێر و

لەداهاتووشدا دانانی بەردی بناغەی چاکسازی نەوجەوانان لە دهۆک و چاکسازی ژنان لە سلێمانی، هەروەها دروستکردنی دوو پرۆژەی گرنگی تر بۆ چاکسازی ژنان لە هەولێر و دهۆک و بنیادنانی ئەکادیمیای مەشق و راهێنان کە ئێستا لە قۆناغی دیزاین کردن دایە. گرنگترین ئە و پرۆژە گرنگانەی وەزارەتن کە لەماوەی سالآنی رابردوو تا ئێستاش لە قۆناغی جێبەجێ کردن دایە .
تەواوی ئەم پرۆژانە بۆ چەمکی چاکسازی گرنگن و تا ئێستا بەشێوازێکی ستاندراو جیهانی بەندکراووان جیا نەکرابوونەوە، بە تەواوبوونی ئەم پرۆژانە دەتوانرێت بە تەواوی مافەکانی مرۆڤ لە نێو مەحکوم کراوان و هەروەها بنەماکانی چاکسازی جێبەجێ بکرێت .
بەشێوەیەک بەپێی ئامارەکانی وەزارەت لە ئێستادا نزیکەی دوو هەزار و 617 بەندکراو لە نێو بنکەکانی چاکسازی گەوران و ژنان و مندالآندان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-08

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 419

## دوو کۆمپانیای بواری نەوت لە هەرێم دەکشێنەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032609281284991

دوای ئەوەی ئەفرێنی بەریتانی ڕایگەیاند لە تاوتوێکردنی بژاردەکانی بەردەستیدایە سەبارەت بە کێڵگەی نەوتی بەردەڕەش بەمەبەستی مانەوە لە هەرێمی کوردستان یان بەجێهێشتنی، دوێنێ دوو کۆمپانیای دیکەی نەوتی بڕیاری کشانەوەیان لە هەرێمی کوردستان دەرکرد.
هەریەکە لە پێترۆسێلتیکی ئیرلەندی و هێس میدڵ ئیست نیو ڤێنچەرزی سەر بە گروپی کۆمپانیاکانی هێسی ئەمریکی ڕایانگەیاند بڕیاریانداوە لە کێڵگەی دینارتەی نزیک ئاکری بیجیل بکشێنەوە ئەویش بە هۆی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و ئەو ئەنجامە چاوەڕواننەکراوانەی کە دەربارەی بوونی پڕی نەوت لەو کێڵگەیەدا دەستیان کەوتووە.
کۆمپانیای پێترۆسێڵتیک خاوەنی لەسەدا 16-ی پشکەکانی کێڵگەی دینارتەیە و هەروەها هێس میدڵ ئیست نیو ڤێنچەرزیش خاوەنی لە سەدا 64-ی پشکەکانەوە و حکومەتی هەرێمیش لە سەدا 20-ی پشکەکان.
سەرەتای کانوونی دووەمی ئەمساڵ کۆمپانیای ئەفرێنی بەریتانیش دوای ئەو ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەی لە کێڵگەی نەوتی بەردەڕەشەوە دەستی کەوتبوو کە ڕێژەی پێشبینییەکانی لە سەدا-80 کەمیکردبوو بڕیاری پێداچوونەوەی بە بژاردەکانی بەردەستیدا کرد.
بەپێی ڕویتەرز هۆکاری کشانەوەی ئەم کۆمپانیا نەوتییانە بۆ ئەنجامە بێهیواکانی پرە نەوتی ناو بیرە نەوتەکان و هەروەها پابەندنەبوونی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێدانی خەرجییەکانی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لە لایەن کۆمپانیا نەوتییەکانەوە.
سەرچاوە: ڕویتەرز
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 420

## دووپشک 21 کەسی لە بارزان ڕەوانەی نەخۆشخانە کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140714135877006

ڕاماڵ قەسرەیی

بەهۆی پێوەدانی دووپشک لەماوەی شەش مانگی ڕابردوو، 21 کەس لە دەڤەری بارزان ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون، هەروەک لە سەرەتای ئەمساڵەوە زیاتر لە 61 هەزار کەس بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی سەردانی نەخۆشخانەیان کردوە.

بەختیار یوسف بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی بارزان بەخەندانی ڕاگەیاند، " لە شەش مانگی ڕابردوودا (61) هەزارو (404) هاوڵاتی بۆ وەرگرتنی چارەسەر سەردانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکانی بەرێوەبەرایەتی تەندروستی بارزانیان کردووە، لەماوەی ئە و شەش مانگەشدا (137) نەخۆش نەشتەرگەرییان بۆ کراوە، (75) منداڵیش لەدایک بوون.

بەختیار یوسف وتیشی: هەر لە و ماوەیەدا (235) ڕووداوی فریاکەوتن تۆمار کراون کە بریتی بوون لە سوتان و روداوی ئۆتۆمبێل، جگە لەوەش (21) هاوڵاتی بەهۆی پێوەدانی دووپشکەوە سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە و چارەسەریان وەرگرتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 421

## دیالە چوار ملیۆن درەخت لەدەستدەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140418120242275872

نزیکەی چوار ملیۆن دارو درەختی بەرهەمدار لەپارێزگای دیالە لەناودەچن کە بەشوێنی سەرەکی بەرهەمهێنانی پرتەقاڵ لەعێراق ناودەبرێت و چەندین گرفتیش بەهۆکار دادەنرێن بۆ لەناوچونی باخە بەرهەمدارەکان.

بەپێی ئامارێکی کشتوکاڵی دیالە کە دەست هاوڵاتی کەوتوە لە 30 ساڵی رابردودا پاریزگاکە نزیکەی چوار ملیۆن درەختی جۆراوجۆری لەدەستداوە بەهۆی وشکەساڵی و سوتان و ئافاتە کشتوکاڵییەکان.

ئەمە جگە لەناوچونی هەزاران داری بەری وەکو هەنارو پرتەقاڵ کە ژمارەیەکی زۆر لە و دارانە دوای روخانی بەعس لەناوچون.

بەهۆی لەناوچونی ئە و دارە بەرهەمدارانەوە لەپارێزگای دیالە ڕێژەی بەرهەمهێناوە میوە لە و پارێزگایە کەمی کردوە، کە پێشتر بەروبومی دارەکانی دیالە پێداویستی زۆربەی پارێزگاکانی عێراقی دابین دەکردو بەشوێنی سەرەکی بەروبومی پرتەقاڵ ناسرابو بەهۆی زۆری بەرهەمی ساڵانەی ئە و میوەیەوە.

ئەندامێکی پێشوی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، چەندین گرفت دەخاتەڕو کە بونەتە هۆی لەناوچونی دارە بەرهەمدارەکانی دیالە، جەخت لەسەر ئەوەشدەکاتەوە ئەگەر ئە و گرفتانە چارەسەرنەکرێن ژمارەیەکی زیاتر دار لەناودەچن.

زیاد ئەحمەد، بەهاوڵاتی راگەیاند بەهۆی بارودۆخی سیاسی عێراقەوە باخداری سودێکی ئەوتۆی نەماوە و سەوزە و میوە لەنێو بازاڕدا بەئاسانی بۆ خاوەن باخەکان نافرۆشرێت، وتی "جگە لەوەش خاوەن باخەکان ناتوانن باخەکانیان بەخێو بکەن بەهۆی خراپی باری ئەمنییەوە، ئەمەش هۆکارێکی تری لەناوچونی ئە و دارانەیە."

ئە و ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە، رونیشیکردەوە جاران حکومەت بەدابینکردنی ئاوو دەرمان و پێداویستیەکانی تر هاوکاری خاوەن باخەکانی کردوە و هەوڵی بوژاندنەوەی باخەکانی

داوە، بەڵام لەئێستادا خاوەن باخ پشتیوانی ناکرێت و بەربومی باخەکانیشی لەبازاڕدا بۆ ساغناکرێتەوە، "ئەمەش وایکردوە باخەکانیان پشتگوێی بخەن و گرنگی پێنەدەن."
پێشتر حکومەتی عێراق بەفڕۆکە و ڕشتنی دەرمانی کشتوکاڵی بەسەر باخەکاندا هاوکاری خاوەن باخەکانی کردوە، ئەمە جگە لەوەی نرخی میوە لەبازاڕەکاندا بەرزبوە و خاوەن باخەکان توانیویانە بەروبومەکانیان ساغبکەنەوە.
لەماوەی نۆ ساڵی ڕابردودا بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابوری هاوڵاتیانەوە خاوەن باخەکان نەیانتوانیوە گرنگی بەباخەکانیان بدەن، ئەمەش وایکردوە بەهەزاران باخ لەناوبچن.
دڵشاد مەلا کە لەناوچە کوردستانیەکانی دیالە باخی هەیە، ئاماژە بەوەشدەکات کەمئاویی و پشتگیرینەکردنی خاوەن باخەکان لەلایەن حکومەتەوە هۆکاری پشتگوێخستن و لەناوچونی باخەکانی پارێزگای دیالەیە.
ئە و خاوەن باخە، ڕونیکردەوە دارەکانیان بەهۆی کەمئاوییەوە هەموی وشکبوەتەوە و حکومەتیش هیچ پشتیوانییەکیان ناکات، ئەمەش وایکردوە بەروبومی دارەکان بەدارەکانەوە وشک ببنەوە.
دڵشاد وتیشی "هەندێک لەخاوەن باخەکان باخەکانیان دەسوتێنن و دەیکەنە شوێنی نیشتەجێبون و دەیفرۆشن."
ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای دیالەش کە ژمارەیەکی زۆر باخیان تێدایە بەتایبەت ناوچەکانی سەعدیە و خانەقین، کە لەناوچونی داری بەرهەمدار ئە و ناوچانەشی گرتوەتەوە.
بەپێی ئامارێکی فەرمی کشتوکاڵی ناوچەکە کە دەست ڕێکخراوە مەدەنیەکانی خانەقین کەوتوە، لەماوەی شەش ساڵی ڕابردودا سەدو پەنجا باخ لەخانەقین سوتێنراون کە گومان دەکرێت لەلایەن خاوەنەکانیان سوتێنراین.
زیاد ئەحمەد، وتی "خاوەن باخەکان خۆیان باخەکانیان دەسوتێنن و دەیکەنە شوێنی نیشتەجێبون و دەیفرۆشن."
بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولاش، ئاماژە بەوەدەکات کە دەوروبەری شارو شارۆچکەکانی دیالە بەباخ گیراون، هۆکاری سەرەکی لەناوچونی باخەکانیش کردنی باخەکانە بەشوێنی نیشتەجێبون.
ئەنوەر حسێن بەهاوڵاتی وت "خاوەن باخەکان شوێن باخەکانیان دەکەنە شوێنی نیشتەجێبون و پارچە پارچەی دەکەن و دەیفرۆشن."
هەروەها وتی "هاوکاری نەکردنی خاوەن باخەکان لەلایەن حکومەت و ساغ نەبونەوەی نرخی میوە لەبازاڕەکاندا وایکردوە خاوەن باخەکان باخەکانیان بکەنە شوێنی نیشتەجێبون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - 18-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 422

## دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەزیادبونی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=2013073010415089381

دوای ئەوەی 39 پەرلەمانتار یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد سەبارەت بەزیادبونی نائاسایی لەژمارەی دەنگدەرانی هەردو پارێزگای هەولێرو دهۆک، دواتر لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ بەداچون بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنراو لەماوەی 18 ڕۆژی کاری لیژنەکەدا، لیژنەکە گەیشتە ئەم ئەنجام و ڕاسپاردانە:
دەرەنجامەکان:
لیژنە لەئاکامی لێکۆڵینەوەکانیدا گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

– 1کۆمسیۆن باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تەنیا زانیاری پێویستی (440) کەسی مردووی لایە بۆ سڕینەوە کە کەس و کاریان سەردانی بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیان کردووە، بۆ سڕینەوەی ناوەکانیان لە کاتێکدا ژمارەی مردووان بە پێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی هەرێم (82.930) کەسە لەساڵی (2009) تا مانگی (5) ی (2013) مردوون. وە بەپێی هەمان ئامار لە ساڵی (2001-2008) ژمارەی مردووان (95.655) کەسە.

– 2لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان ناوی لێکچوو زۆرە و بەپێ ی نووسراوی کۆمسیۆن لە تۆماری دەنگدەران (1.828.691)ناوی لێکچوو لەسەر ئاستی عیراق هەیە، وەبەپێی گوتەی کۆمسیۆنیش ئەو (94000) ناوەی (39)پەرلەمانتارەکە بەسیدی و لەڕێگەی یادداشتێکەوە پێشکەشیان کردبوو لە نیوان پارێزگەکانی (هەولیر/دهۆک) لەگەل (موسل/کەرکوک)، لەگەل ژمارەی (80.487) کەس کە بەڕێز سەربەست ئامێدی لە 2013/7/21 بە ئیمەیل بۆ لیژنەی ناردووە لەنێوان پارێزگاکانی (سلێمانی) لەگەل (کەرکوک/تکریت/دیالە)، کۆمسیۆن بەناوی لێکچویان دادەنێت.

-3ناوی دووبارە لە تۆماری دەنگدەرانی هەرێم دا هەیە، و بەپێ ی گوتەی خودی کۆمسیۆنیش لە کۆبوونەوەی (7/16) لەگەڵ لیژنە ناوی (645) دەنگدەر دووبارەیە و تا تۆماری دەنگدەرانیش لە قۆناغی شیکردنەوە تەواو دەبێت ئەگەری زیادبوونیش هەیە.

-4نەبوونی میکانیزمی گونجاو و پێویست لە نێوان دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

راسپاردەکان:

لیژنە ئەم راسپاردانەی خوارەوەی هەیە:

– 1چارەسەرکردنی ناوی لێکچوو.

– 2سڕینەوەی ناوی دووبارە.

– 3سڕینەوەی ناوی مردووان.

– 4ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی لە عێراق.

– 5دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ کارکردنی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گۆرینەوەی زانیاری تەواو بە مەبەستی نوێکردنەوە و بوونی تۆماری دەنگدەرانی پاک.

– 6دانانی میکانیزمێکی گونجاو بە هەماهەنگی لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ ووردبینی کردن و سڕینەوەی ناوی ئەوکەسانەی کە مافی دەنگدانیان نییە (مردوو و دووبارە.(

– 7پەیرەوکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

ئەم لیژنەیە بەپریاری ژمارە 1ی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەڕۆژی 2013/7/7 پێکهێنرا کە لە 9 ئەندام لەفراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان پێکهاتبو، لەڕۆژی 2013/7/8وە رۆژانە نزیکەی 6-7 سەعات دیدار و کۆبونەوەی بەردەوامیان لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و وەزارەتی بازرگانی و لایەنە پەیوەندیدراەکان کردووە و سەردانی مەیدانیشیان بۆ دەستەی هەڵبژاردن و وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رەگەزنامە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامداوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 30-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 423

## دەربەندیخان بەدەریاچەیەکەوە، (2%)ی سەوزاییە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112110283787714

ئا: ئاراس عوسمان

ڕێبوار محەمەد، سەرۆکی شارەوانی قەزای دەربەندیخان نەیشاردەوە کە ڕێژی سەوزایی ناوچەکە زۆر کەمە و لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنەوتی: "لەماوەی ئەمساڵدا دو کیلۆمەتر جەزرەمان کردوە و تاکو ساڵی داهاتو نزیکەی هەشت ملیار دینارمان تەرخانکردوە بۆ باخچە و سەوزایی لەناوچەکەدا."

هاوکات مەهدی کەریم، کە پیشەی شۆفێرە، لەبارەی بونی سەوزایی و پیسی ژینگەی قەزای دەربەندیخانەوەوتی: "رەنگە ئێستا ئێمە لەوەرزی هاویندا زیاتر توشی پیسی ژینگە و دوکەڵی ئۆتۆمبیلەبارهەڵگرو کارگەکان ببین، ئەگەر زیاتر بایەخ بەزیادبونی سەوزایی بدرێت، رەنگە بتوانرێت هەوایەکی شیاوتر دروست بیێت لەوەی ئێستا هەیە ."
کەمی سەوزایی لەدەربەندیخان نیگەرانی لای رێکخراوەکان دروستکردووەوەک خۆیان دەڵێن چەندین جار حکومەتیان لە و مەسەلەیە ئاگاداركردوەتەوە. لەوبارەیەوە سەروەر قەرەداغی، سەرۆکی تۆری رێکخراوە ژینگەیەکانی گەرمیان بەئاوێنەی راگەیاند" بەپێی ئەو ئامارەی لەبەردەستماندایە رێژەی سەوزایی لەقەزای دەربەندیخان 2% کەمترە لەکاتێکدا دەبێت لە15% کەمتر نەبێت،وەک رێکخراوە ژینگەیەکانی ناوچەکەش چەندینجار داوامانکردوە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ زیادکردنی ئەو روبەرە کەمە، ئەوەی کراوە رێژەیەکی کەمە و لەئاست خواستی ئێمەدا نیە."
لەئێستادا زۆرێک لەدانیشتوان و چاودێرانی ناوچەکە بۆیاندەرکەتوە کە ژینگەی دەربەندیخان ناتەندروستە و هاوڵاتیانی ئەو شارە بەدەست دەیان نەخۆشیەوە دەناڵێنن، لەلایەکی دیکەوە زۆربونی کارگە و زۆری ئۆتۆمبیلی بارهەڵگرو نەبونی سەوزایی، ئەو قەزایەی گیرۆدەکردوە، هەروەها چەندین کارگە بونی هەیە کە هەمویان لەناو ماڵەکانن.
سەرۆکی تۆری رێکخراوە ژینگەییەکانی گەرمیان، جەختی لەوە کردەوە" شارەکان و ناوچەکانی دیکە رەنگە رێژەی سەوزایی تێیدا 5% بێت، بۆیە داوامانکردوە پارکی دارستانی یان پشتێنەیەکی سەوزایی بۆ دەربەندیخان دروست بکرێت، بەڵام بەداخەوە تائێستا هیچ یەکێک لە و داوایانەمان کاری بۆ نەکراوە، ئەوانیش سەرۆکایەتی شارەوانی و هۆبەی دارستانی و دەستەی پاراستنی هەرێم و...هتد، کە خۆشیان ئاگاداری ئەو رێژە کەمەی سەوزاین لەناوچەکە و کاری جدیان بۆ نەکردوە، بۆیە پێشمانوایە ئەمە حاڵەتێکی مەترسیدارە بۆ زیاتر بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکان، ئەگەر لەهەر ناوچەیەکی دیکە رەگەزی ئاو یان خاک پیسبوبێت، ئەوا ئێستا لەدەربەندیخان رەگەزی ئاوو هەواوو خاکیش پیسبون کە ئەمەش جێگەی مەترسیە ."
ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرۆکی شارەوانی دەربەندیخان ئاماژە بەوە دەکات"لەساڵی 2011 ملیارێک و پێنج سەد ملیۆن دینار دابینکراوە بۆ هێنانی هەشت ئینج ئاو لەسەدەکەوە بۆ ئاوەدانی باخچەکان، بەداخەوە تائێستا هیچ کۆمپانیایەک ئامادەنیە ئەو پرۆژەیە وەربگرێت، لەساڵای داهاتو پری 6 ملیار و سێ سەد ملیۆن دابینکراوە بۆ هەندێک پرۆژە کە سەوزایی لەنێو پرۆژەکەدایە."
پێشتریش، بەرپرسانی باخچەکانی شارەوانی دەربەندیخان رایانگەیاندبو " ئەو رێژەیەی کە شارەوانی وەک باخچە و جەزرەی ناوەندی دروستیکردوە، 1.8%، بەپێی ستانداری جیهانیش بۆ قەزایەکی وەک دەربەندیخان دەبێت رێژەکەی % 8.8 ە."
ژمارەی دانیشتوانی دەربەندیخان نزیکەی 45 هەزار کەس دەبێت، قەزای دەربەندیخان لەنێوان چیای زمناکۆ و خۆشک و گوڵان و بەرانان لەدامێنی دەریاچەیەکدایە، هاوڵاتیان پیسبونی ژینگەکەی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە رۆژانە ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر بەناو دەربەندیخاندا تێدەپەڕێن بۆ خاڵە سنوریەکان، کە بەپێی ئامارێکی بنکەی هاتوچۆی دەربەندیخان رۆژانە نزیکە 4 هەزار ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر هاتوچۆ دەکەن بەناو قەزاکەدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-11-21

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 424

## دەریایەک لەنەوت لەهەرێمی کوردستان دەدۆزرێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101413475888327

کۆمپانیایDNOی نەرویجی هاوکات لەگەڵ بەردەوامی کارەکانی لەهەڵکەندن و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، هەست دەکرێت هەردوو چاڵی نەوتی تاوکێ لەسەر دەریایەک نەوتن.

هەولێر، ئاوێنەنیوز: لەراگەیەندراوێکدا کە کۆمپانیای DNO لەئۆسلۆ بڵاویکردووەتەوە، هاتوە، پاش لێدانی چاڵی ئاسۆیی تاوکێ-23، رۆژانە لەو چاڵە 32 هەزارو 500 بەرمیل نەوت بەرهەم هاتوە.
لای خۆیەوە سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیایDNO ، بیژەن موسەوەر رەحمانی، رایگەیاندوە، کارایی هەر دوو چاڵی تاوکێ-20 و تاوکێ-23 وای لەکۆمپانیاکەمان کرد، روانگە و چاوەڕوانی خۆی بۆ کێڵگەی تاوکێ بگۆرێت.
رونیشیکردەوە، "بەهەمو پێوەرێک هەردو بیرە نەوتەکە پرن لەنەوت و پێدەچێت لەسەر دەریایەک لەنەوت بن ."
سەرەرای بەردەوامی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغداد لەسەر نەوت و گرێبەستە نەوتیەکان، پەرەپێدان و کارکردن لەبواری نەوت لەشارەکانی هەرێم درێژەی هەیە.
پێشتر، ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، تاساڵی 2015، هەرێمی کوردەستان دەتوانێ یەک ملیۆن بەرمیل و تا ساڵی 2019ش دوو ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو هەناردەبکات.
کۆمپانیای DNO لەکێڵگەی تاوکێ لەسەدا 55ی پشکەکانی هەیە و کۆمپانیای گەنەلیش لەسەدا 25و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەدا 20 ی پشکەکانی لەئەستۆدایە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 14-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 425

## دەزگای گشتی کاروباری مین ئاماری قوربانیەکان ساڵی 2013 ئاشکرادەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20131231221510869 89

خەندان رەهێل سەمەد
بەگوێرەی ئامارێکی دەزگای گشتی کاروباری مین لەماوەی 2013 لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان 56 کەس بەهۆی تەقینەوەی مین بونەتە قوربانی کە زۆربەیان لە سنوری پارێزگای سلێمانین.
ئاکۆ عەزیز بەرێوەبەری هۆشیارکردنەوە لە دەزگای گشتی کاروباری مین بە خەندانی راگەیاند: لەماوەی ساڵی 2013 لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان 56 کەس بەهۆی رووداوەکانی مین بونەتە قوربانی، لە و ژمارەیە 12گیانی لە دەستداوە و 42 کەسی تر برینداربوون.
ئاکۆ عەزیز وتیشی: هەرلە و ژمارەیەی بەهۆی تەقینەوەی مین بۆنەتە قوربانی، 11یان لە هەولێر و 29 لەسلێمانی و 13 لە دهۆک و 3 کەسی تر لە سوری گەرمیان بوون، هاوکات لەکۆی ئە و ژمارەیە پێنج کەسیان لەرەگەزی مێ و 51 کەکەی تر لەرەگەزی نێرن.
بەرێوەبەری هۆشیارکردنەوە لە دەزگای گشتی کاروباری مین ئەوەشی خستەروو: بەگوێرەی ئە و ئامارانە دەرکەوتووە زۆربەی رووداوەکانی تەقینەوەی مین بەهۆی دەستکاریکردن بووە، ئەوانەشی بونەتە قوبانی 16کەسیان لە خوار تەمەنی 18ساڵین و 40 کەسەکەی تر لەسەرووی ئە و تەمەنەن.
بەوتەی بەرپرسانی دەزگای مین هەرچەندە لەماوەی 22ساڵی رابردوو سەدا 20 ناوچە مین رێژکراوەکان پاککراوەتەوە، بەڵام لەکاتی ئێستا زیاتر لە سێ هەزار ناوچەی ترماوە لەمین و تەقەمەنی پاککبکرێتەوە.
بەهۆی جەنگەکانی رژێمی بەعسی لەناوچوو لەگەڵ وڵاتی ئیران و هێزەکانی پێشمەرگە ناوچە سنوریەکانی نێوان عێراق و ئێرانی مین رێژکرد، کە بەشێکی زۆری دەکەوێتە سنوری هەرێمی کوردستان، بەهۆی تەقینەوەی هەندێک لەوانە چەندین کەس بونەتە قوربانی و کەمئەندام بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 31-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 426

**دەزگای مین: تائێستا لە کۆی 778 کم چوار گۆشە 150 کم زەوی لە مین پاککراوەتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072413074589480

خەندان – رەهێل سەمەد
سەرباری هەوڵە بەردەوامەکانی بەگەڕخراون بۆ پاککردنەوەی پانتاییە فراوانەکانی خاکی هەرێمی کوردستان لە مین، بەڵام تائێستا لە کۆی 778 کیلۆمەتر چوار گۆشە 150 کیلۆمەتر چوارگۆشە زەوی لەمین پاککراوەتەوە.
ئاکۆ عەزیز بەڕێوەبەری هۆشیاری و راگەیاندنی دەزگای گشتی کاروباری مین بە (خەندان)ی راگەیاند: بەڕێوەبەرایەتیەکە لەهەوڵی بەردەوام دابینکردنی تەکنەلۆجیای نوێ و ئامێری پێشکەوتوودایە بۆ پاککردنەوەی ناوچە مین رێژکراوەکانی کوردستان.
وتیشی: " بەپێی هەردوو روپێوییەکەی دەزگای مینی کوردستان کەیەکێکیان لە لەساڵی 2004-2006 لەلایەن رێکخراوێکی بیانیەوە ئەنجامدرا دەرکەوت لە هەرێمی کوردستان 3 هەزار 149 ناوچەی مەترسیدار هەن کە مینرێژکراون، بەمەش رووبەری 778 کلیۆمەتری چوارگۆشە لە خاکی هەرێم دەگرێتەوە."
ئاکۆ عەزیز رایگەیاند: " روپێوەکەی دووەم دەریدەخات نزیکەی 2 هەزار و 500 کێلگەی مین هەن و 300 بۆ 400 کیلۆمەتەری چوارگۆشە زەوی داگیر دەکەن."
بەڕێوەبەری هۆشیاری و راگەیاندنی دەزگای گشتی کاروباری مین ئەوەشی خستەڕوو:" تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان 150 کیلۆمەتری چوار گۆشە زەوی لەمین پاککراوەتەوە" ئەوشی خستەڕوو کە بەمەبەستی زیادکردنی پرۆسەی پاککردنەوەی زەوی لەمین، زیاترلە 20 کۆمپانیای بیانی بۆ پاککردنەوەی مین مۆلەتیان پێدراوە، لەگەڵ هەوڵە بەردەوامەکانی دەزگا مین بۆ دەستخستنی تەکنەلۆجیای نوێ و ئامێری پێشکەوتوو بۆ پاککردنەوەی ناوچە مین رێژکراوەکان.
بوونی مین لەناوچەکانی کوردستان بۆ چەند سەردەمێک دەگەرێتەوە لەناو شەری عیراق لە هەشتەکانی سەدەی رابردوو، هاوکات بۆ رێگاگرتن لە چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە رژێم پێشووی بەعس پەنای بۆ مین رێژکردنی بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان برد.
لەدوای راپەرینی 1991 حکومەتی هەرێم بەهاوکار رێکخراوە نێودەولەتیەکان دەستی بەپەکاککردنەوەی ئەو وناچانە کرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 427

**دەست بەسەر 200 تۆن خۆراکی خراپدا دەگیرێت**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080413231789306

لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەتی سلێمانی رایدەگەنێت کە تەنها لە مانگی تەممووزدا، 329 پسوڵەی سەرپێچیکراوە و 7 شوێنی جیاجیاش داخراون.
عوسمان ئەبو بەکر سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامییەتی سلێمانی بە PUKmedia ی راگەیاند: لە سەرەتای ئەمساڵەوە 5 هەزارو 878 سەردانی جۆراوجۆرمان کردووە، هەروەها تەنها

لە مانگی تەممووزدا 329 پسوڵەی سەرپێچیکراوە و 7 شوێنی جیاجیاش داخراون.
راشیگەیاند: 200 تۆن خواردن و خواردەمەنی ماوە بەسەرچوو دەستیان بەسەردا گیراوە و لە و رێژەیەش 130 تۆنیان لەلایەن خاوەنەکانیانەوە ئاگادارکراوینەتەوە.
PUKmediaسەفین ئەحمەد – سلێمانی
سەرچاوە: ماڵپەڕی پوک میدیا - 04-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 428

## دەستەی دەستپاکی: 96%ی بەرپرسان سامانەکانیان ئاشکراکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150318201541119786

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، لەچەند رۆژی داهاتوو کار و چالاکی ساڵی 2014 یان ئاشکرادەکەن و باس لەوەش دەکات، لەناو وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تائێستا وەزیرانی پێشمەرگە و سامانە سرووشتییەکان و دوو بەرپرسی دیکە بە پلەی وەزیر سەروەت و سامانی خۆیان ئاشکرا نەکردووە .
هەر بەگوتەی دەستەی دەستپاکی ئێستا لە 96%ی بەرپرسەکان فۆرمەکەیان گەڕاندووەتەوە و سامانەکەیان ئاشکراکردووە و ناتوانن سەروەت و سامانی بەرپرسان ئاشکرابکەن، چونکە پەرلەمان رێگەی پێنەداون سەروەت و سامانی بەرپرسەکان بخەنەڕوو.
دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان بەنیازە لەمساڵدا گۆرانکاری لە فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی بەرپرسان بکەن، بە شێوەی ساڵانە پرۆسەکە بەردەوامبێت بۆ ئەوەی هەر بەرپرسێک موڵک و سەروەتی زیادیکرد یا کەم بوویەوە ئاگاداربن لێی.
ماددەی پێنجی یاسای دەستەی دەستپاکی توانای لێپرسینەوەی لە سەرۆکایەتی و ئەنجوومەنی دادوەری هەیە، لەکاتێکدا پێشتر یاساکە تەنها مافی بەدواداچوونی هەبووە، بەڵام ئێستا بەپێی یاساکە دەتوانێت لێکۆڵینەوەش بکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 18-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 429

## دەستەی ژینگە ژمارەی پاڵاوگە نایاساییەکانی هەرێم ئاشکرادەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150409104802850 98

دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات لە هەرێمدا 160 بۆ 170 پاڵاوگەی سووتەمەنی هەن کە بەشی هەرە زۆریان بەشێوەیەکی نایاسایی دامەزراون.
سەمەد محەمەد حسێن، سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵ ئاشکرایدەکات: لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر پاڵاوگەی نایاسایی هەن کە کاریگەریی خراپیان لەسەر ژینگە دروستکردووە.
وتیشی: "لە هەرێمی کوردستاندا لەنێوان 160 بۆ 170 پاڵاوگەی سووتەمەنی هەن کە بەشی

هەرە زۆریان نایاسایین و لە شوێنی خراپ دروستکراون، ئە و پاڵاوگانە کاریگەریی خراپییان لەسەر ژینگەی هەرێم هەیە، هەم لەسەر خاک و هەم لەسەر ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێر زەوی و هەواش، هەروەها لە کوالێتی بەرهەمەکانیشان یەکجار خراپن، بۆیە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بەردەوام لە هەوڵی ئەوە داین ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزینەوە، هەم پێداویستی هەرێم دابین بکرێت و وردە وردە ئە و پاڵاوگانەشی کە زیان بەخشن دابخرێن."
ڕاشیگەیاند: "لە دامەزراندنی ئە و پاڵاوگە نایاساییانە هیچ پرسێک بە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە نەکراوە."
سەمەد محەمەد لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوەشکرد: کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت ئەوانەی لە هەرێمدا کاردەکەن کاریگەری خراپیان بۆ سەرژینگە هەیە، لە و ڕووەوە دەڵێت: "ئە و کۆمپانیایانەی گرێبەستیان لە بواری نەوت و غاز لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە بڕگەیەک لە گرێبەستەکاندا لەبارەی پاراستنی سروشتی کوردستان هەیە، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەشێکی بۆ پاراستنی ژینگە هەیە و خۆیان چاودێری ئە و کۆمپانیایانە دەکەن، بەڵام ئەوە تێکەڵی لە کارەکانی ئێمە دروستکردووە، هەر بۆیەشە لە هەماهەنگی داین بۆ ئەوەی نەهێڵین ژینگەی کوردستان پیس بکەن."
ئەوەشیخستەڕوو: "ئە و کۆمپانیایانە ژینگەی کوردستان تێکدەدەن، هەرچەندە هەر پێشوەچوونێک لە پیشەسازیدا دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 09-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 430

## دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم چاوەڕوانی هاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار ناکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015071113164385722

وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت ئەوان لە ئامادەباشیدان بۆ پێشوزایکردن لە هاتنی گەشتیاران بۆ رۆژانی جەژنی رەمەزان، ئاماژە بەوەش دەکات قەیرانی دارایی و شەڕی داعش کاریگەریی دەبێت لەسەر رێژەی هاتنی گەشتیاران و پێیوایە رێژەیەکی کەمتر لە ساڵانی رابردوو روو لە ناوچە گەشتیارییەکان دەکەن.
نادر رۆستی وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: "لەگەڵ ئەوەی ئەوان وەک دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان هەموو کات لە ئامادەباشیدان بۆپێشوازیکردن لە گەشتیاران بۆ شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان لە رۆژانی جەژنی رەمەزان، بەڵام بەهۆی شەڕ داعش و قەیرانی دارایی پێشبینی هاتنی گەشتیارێکی زۆر ناکرێت."
رۆستی وتیشی: "ئەوەی زیاتر پێشبینی دەکرێت هاتنی گەشتیارانی ناوەڕاست و خوارووی عیراقە بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی، بەوپێیەی رێگاکانی هاتوچۆ بۆ ئە و پارێزگایە ئاسانتر و سەلامەترە لەوەی بۆ هەولێر و دهۆک."
لەبارەی هاتنی ئاوارەکان و کاریگەری لەسەر کەرتی گەشتیاری وتی: "هاتنی ئاوارەکان زیانی بۆ شوێنە گەشیارییەکان هەیە نەوەک سوودی هەبێت، چونکە ئاوارە ئە و پارەیە خەرج ناکات کە گەشتیار خەرجی دەکات، بەڵکو بە گیرفانی بەتاڵ بۆ ماوەیەکی نادیار لە و شوێنانە نیشەجێ دەبن، هەروەها تاڕادەیەک کاریگەری کردووەتە سەر تایبەتمەندی شوێنە گەشتیارییەکان."
وتەکانی وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزار لەکاتێکدایە لە ساڵانی رابردوو ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق هەروەها وڵاتانی دەوروبەر تەنانەت وڵاتانی دەرەوە

روویان لە شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان دەکرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-07-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەشتوگوزار
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 431

## دەنگ و رێژەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140330160413673361



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 432

## دەنگی کورد لە ناوچە داپڕاوەکان 50% کەمی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130522095027784096

کەرکوک: ئاوێنەنیوز: زۆری ناوچە داپڕاوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ئەمرۆ(سێ شەممە) لە راپۆرتێکیدا دەربارەی رەوشی ئەمنی ناوچە جێناکۆکیەکان بڵاویکردەوە، تا ئێستا هیچ زۆنو جێگایەکی کەرکوک وخورماتوو جەلەولا وقەرەتەپە وئەوانی تر پارێزراو نییە بە شێوەیەک کە دەستی تێرۆرو نەیاران نەیگاتێ، رۆژانە 5- 10 هاوڵاتی لە کەرکوک دەبێتە قوربانیو توشی نەزیفێکی خوێن رشتنی رۆژانە بووە.
هاوکات ئەوەشی رونکردۆتەوە"ئیدارە ودەزگاکانی کەرکوکیش توانای راگرتنی ئەو نەزیفەی نییە، کە ئەویش بە رێکخستنەوەو گۆڕانێکی ریشەی دەکرێت لە (توانای مرۆی وتیوری) داودەزگاکانی ئاسایش، هەروەها دامەزراندنەوەی ئەو دەزگایانە لە سەر بنەمایەکی نیشتمانی وداڕشتنی پلانێکی ئەمنی ئیستراتیجی، کە لە ئاستی هەڕەشە ومەترسییەکانی سەر کەرکوک وناوچەداپڕاوەکاندا بێت، لە روی سیاسیش بە هەمان شێوە، لایەنی کورد شکستهێناوە لە بەدیهێنانی پرەنسیپی پێکەوە ژیان ورێکەوتنی سیاسی لە گەڵ پێکهاتە وئاین ونەتەوەکانی کەرکوکدا، بەڵگە پاش 10 ساڵ لە ئازادی ناوچەداپڕاوەکان وئیدارەدانی کەرکوک لە لایەن کوردەوە، رێژە ودەنگی کورد نزیکەی 50% کەمی کردووە، بە بەراورد لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی 2005-2009، لە هەردو پارێزگای دیالی وسەلاح الدین".
ئەو راپۆرتە ئاماژەی بەوش داوە کە "نەتوانراوە رەزامەندنی پێکهاتەی عەرەب وتورکمان بە دەست بهێنن بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە داوین هەڵوێستیاندا، لایەنە سەرەکییەکانی عەرەب وتورکمان داوای کشانەوەی هێزی پ.م لە کەرکوک ودەوروبەری دەکەن،

که لە ماوەی چەند هەفتەی رابوردو هێنرانە دەوروبەری کەرکوک بە مەبەستی بەرگرتن لە تەشەنەکردنی ئاڵوزی ورووداوەکانی حەویجە".
دەقی راپۆرتەکە بخوێنەرەوە:
ڕاگەیاندراوێک:
دەربارەی پەرەسەندنە سیاسی و ئەمنییەکانی پارێزگای کەرکوک
بە ماوەیەکی کورت دوای ساڵی 2003 وخۆرێکخستنەوەی پاشماوەی بەعسییەکان وگەیشتنی گروپ وباندەتیرۆریستیەکان بە عێراق، بارودۆخی ئەمنی وسیاسی کەرکوک تێکچو وئاڵۆزی تێکەوت و ئیستقرار و زەمینەی ژیان لەقکرا بۆ لایەنی کورد، نەیارەکانی کورد بە قورسای خۆیانەوە هاتنە ناو هاوکێشەی ناوچەداپڕاوەکان بە گشتی وکەرکوک بە تایبەتی، بەرژەوەندی وئامانجەکانی کورد چەقی بەست وپەرەی سەند تا ئەوەی پاشەکشە بە پێگەی کورد بکەن، نمونە سڕکردنی مادەی 140، راگرتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پاشەکشەپێ کردنی پێگە ودەنگی کورد لە جەلەولا وقەرەتە وسەعدیە وخورماتوو، دامەزراندنی هێزی دیجلە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی وفشاری زیاتر خستنە سەر لایەنی کوردی بە ئامانجی سنوردارکردنی دەسەڵاتی کورد، لە بەرانبەریشدا لایەنی کورد هیچ پلانێکی نەتەوەی و ئیستراتیجی نەبووە، لە بری ئەوە پلانی حزبی هەبووە، لە پێناو دابین کردنی هەندێ بەرژەوەندنی تەسک وبچوکی حزبی.
هەوڵ وتواناکانی لایەنی کورد تا ئێستا لە بەر ئەوەی حزبییە، بۆیە نەیتوانیوە ئیحتیوای ئەو تەحداو هەڕەشانە بکات، کە خراونەتە گەڕ دژی کەرکوک وناوچە کوردستانییە داپڕاوەکان، سەرنجام دەسەڵاتی کورد شکستی هێناوە لە پاراستی دەسکەوتەکان وتەواوکردنی بە دیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی کورد لەو ناوچانە.
لە روی ئەمنی : ئاسایش بریتییە لەو دەزگایەی پێشبینی کاروکردەوەی تیرۆریستی دەکات وبەر دەگرێت لە رودانی، دیارە ئەوە بە رونی دەرکەوتوە، کە دەزگاکانی ئاسایشی کورد نەیتوانیوە ئەو رۆڵەی خۆی بگێڕێت ولە ئاستی ئەو هەڕەشانە نەبووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی توانای مادی وتیوری ومرۆی و مواکەبە نەکردنی لە گەڵ سەردەم وبارودخی کەرکوک وناوچەداپڕاوەکان، نمونە لە ماوەی چەند مانگی رابوردو لە پاریس وبۆستن(نییۆرک) دو کردوەوەی تیرۆریستی رویدا، بەڵام دوای چەند رۆژێک ئەنجامدەرانی دەستنیشان کران ودەستگیرکران.
تا ئێستا هیچ زۆن وجێگایەکی کەرکوک وخورماتوو جەلەولا وقەرەتەپە وئەوانی تر پارێزراو نییە بە شێوەیەک کە دەستی تێرۆرو نەیاران نەیگاتێ، رۆژانە 5- 10 هاوڵاتی لە کەرکوک دەبێتە قوربانی، کەرکوک توشی نەزیفێکی خوێن رشتنی رۆژانە بووە، ئیدارە ودەزگاکانی کەرکوکیش توانای راگرتنی ئەو نەزیفەی نییە، کە ئەویش بە رێکخستنەوەو گۆڕانێکی ریشەی دەکرێت لە (توانای مرۆی وتیوری) داودەزگاکانی ئاسایش، هەروەها دامەزراندنەوەی ئەو دەزگایانە لە سەر بنەمایەکی نیشتمانی وداڕشتنی پلانێکی ئەمنی ئیستراتیجی، کە لە ئاستی هەڕەشە ومەترسییەکانی سەر کەرکوک وناوچەداپڕاوەکاندا بێت، لە روی سیاسیش بە هەمان شێوە، لایەنی کورد شکستهێناوە لە بەدیهێنانی پرەنسیپی پێکەوە ژیان ورێکەوتنی سیاسی لە گەڵ پێکهاتە وئاین ونەتەوەکانی کەرکوکدا، بەڵگە پاش 10 ساڵ لە ئازادی ناوچەداپڕاوەکان وئیدارەدانی کەرکوک لە لایەن کوردەوە، رێژە ودەنگی کورد نزیکەی 50% کەمی کردووە، بە بەراورد لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی 2005-2009، لە هەردو پارێزگای دیالی وسەڵاح الدین، هەروەها نەتوانراوە رەزامەندنی پێکهاتەی عەرەب وتورکمان بە دەست بهێنن بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە داوین هەڵوێستیاندا، لایەنە سەرەکییەکانی عەرەب وتورکمان داوای کشانەوەی هێزی پ.م لە کەرکوک ودەوروبەری دەکەن، کە لە ماوەی چەند هەفتەی رابوردو هێنرانە دەوروبەری کەرکوک بە مەبەستی بەرگرتن لە تەشەنەکردنی ئاڵوزی ورووداوەکانی حەویجە .
بۆیە پێویستە لایەنی کورد هەرچی زووە کاربکات بۆ بە دامەزراوەی ونیشتمانی کردنی داودەزگاکانی ئاسایش وپۆلیس، هەروەها دامەزراندنی فایل وژورێکی کوردی بۆ سەرپەرشتی کردنی کەرکوک وناوچەداپڕاوەکان، بە پێچەوانەوەشەوە بەردەوامی باردۆخی ئەو ناوچانە بەم شێوە ترسناکەی ئێستای بەرپرسیارێتی مێژوی ونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆی هەردو پارتی دەسەڵاتدار، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە.
لە راپورتێکی هاوپێچدا داتابەیزی کردەوە تێروریستییەکان وژمارەی قوربانییەکان، هەروەها لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئاسایشی کەرکوک، بەیان وهەڵوێستی لایەنی عەرەب وتورکمان دژی هاتنی هێزی پ.م بۆ کەرکوک ودەوربەری.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە: 2013-05-22

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 433

# دەنگەکانی بەدەپە لە نێوان هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی 2009 و 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20140331200752677677

خەندان شاسوار مامە، ئامەد

ئەنجامە نافەرمی و بەراییەکان ئاماژە بە سەرکەوتنی پارتی ئاشتی و دیموکراسی "بەدەپە" دەکەن لە باکووری کوردستان، ئەمەش بە بەراود لە چاو هەڵبژاردنی شارەوانییەنەکانی ساڵی 2009 ڕێژەی دەنگەکانی لە چەند شوێنێک زیادی کردوە و بە پێچەوانەشەوە لە چەند ناوچەیەک کەمی کردوە.

بەدەپە لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا کە دوێنێ یەکشەممە 30ی ئازاری 2014 بەڕێوەچوو، لە 22 پارێزگا بەشداری هەڵبژاردن بوو.

بەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا سێ شاری لە دەستی ئاکەپە دەرهێنا، کە ماردین و ئاگری و بەدلیس بوون.

هەروەها بەدەپە شاری چەولیکی لەدەستدا، کە پێشتر شارەوانییەکەی لەدەستی بەدەپە بوو، بەڵام ئەمجارەیان کەوتە دەستی ئاکەپە.

بەپێی ئەنجامە بەراییەکان، دەنگی بەدەپە لە چەند ناوچەیەک کەمیکردووە و لە هەندێ ناوچەش زیادی کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەبەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی 2009 دەنگەکانی زیادی کردووە.

ساڵی 2009:

دێرسیم: بەدەپە 30%

ئامەد: بەدەپە 59%. 6

باتمان: بەدەپە 59%. 7

مێردین: بەدەپە 35%

بەدلیس: بەدەپە 34%. 4

ئاگری: بەدەپە 32%. 4

شرناخ: بەدەپە 53%. 7

جۆلەمێرگ: بەدەپە 80%. 2

سێرت: بەدەپە 49%. 4

وان: بەدەپە 53%. 5

ئیدر: بەدەپە 39%. 6

ئورفا: بەدەپە 10%

ساڵی 2014:

دەرسیم: بەدەپە % 42. 84

ئامەد: بەدەپە 57%. 17

باتمان: بەدەپە 56%. 35

مێردین: بەدەپە 52%. 75

بەدلیس: بەدەپە 44%. 84

ئاگری: بەدەپە 46%

شرناخ: بەدەپە 60%. 75

جۆلەمێرگ: بەدەپە 63%. 48

سێرت: بەدەپە 49%. 4

وان: بەدەپە 51%. 35

ئیدر: بەدەپە 44%. 56
ئورفا: بەدەپە 32%. 29
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 434

## دەنگەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەکەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050121313976035

بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی بەدەرکەوتوون لیستی 266ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زیاتر لە 200 هەزار دەنگی لە کەرکوک بەدەستهێناوە هەر بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانە پێدەچێت پارتی دیموکراتی کوردستان کورسییەک بەدەستبهێنێت، لەکاتێکدا هیچ کام لەلیستە کوردیەکانی تر نابنە خاوەنی هیچ کورسیەک لەپارێزگای کەرکوک.

هەروەها ئەو ئەنجامە بەراییانە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم شێوەیە بووە:
لەهەردوو بەشی گەڕەکی ڕەحیماوا ی.ن.ک 28074 دەنگی بەدەستهێناوە.
لەهەردوو بەشی گەڕەکی شۆریجە ی.ن.ک 20379 دەنگی بەدەستهێناوە.
لەگەڕەکی ڕزگاری ی.ن.ک 10257 دەنگی بەدەستهێناوە.
لەناوچەی شوان ی.ن.ک 4293 دەنگی بەدەستهێناوە.
لەگەڕەکی عەرەفە ی.ن.ک 7823 دەنگی بەدەستهێناوە.
لەگەڕەکی عەمەل شەعبی ی.ن.ک 757 دەنگی بەدەستهێناوە.
لەگەڕەکی ئەڵماس و قۆریە ی.ن.ک 2585 دەنگی بەدەستهێناوە.
لەگەڕەکی تەپە ی.ن.ک 5271 دەنگی بەدەستهێناوە.
لە گەڕەکی موسەڵلا ی.ن.ک 2298 دەنگی بەدەستهێناوە
لە گەڕەکی پریادی ی.ن.ک 5747 دەنگی بەدەستهێناوە.
لە گەڕەکی ئیسکان ی.ن.ک 20999 دەنگی بەدەستهێناوە.
لە گەڕەکی حوریە ی.ن.ک 10720 دەنگی بەدەستهێناوە
لە گەڕەکی خاسەی سێ ی.ن.ک 2290 دەنگی بەدەستهێناوە.
لە گەڕەکی لەیلان ی.ن.ک 2556 دەنگی بەدەستهێناوە.
لە گەڕەکی ڕووناکی ی.ن.ک 3484 دەنگی بەدەستهێناوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| شارەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 435

## ڕاپرسی ئاوێنە نیوز: %60ی دەنگدەران بەشداری هەڵبژاردن دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20130805155555189276

لەراپرسیەکی ئاوێنە نیوزدا، %60ی بەشداربوان دەنگ بەوەدەدەن بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەکەن.
ئاوێنەنیوز: لەراپرسیەکی ئاوێنەنیوزدا کە لەماوەی هەفتەی رابردودا لەسەر سایتەکەماندا بڵاوکرایەوە و 691 کەس بەشداریان تێدا کردبو، %60ی دەنگەکان بۆ ئەوەبوو کەبەشداری هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن
پرسیاری ئاوێنەنیوز بریتی بو لە " ئایا بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەکەیت؟"، لەبەرامبەریشدا سێ وەڵام داندرابو کە بریتی بون لە "بەشداری دەکەم، بەشداری ناکەم، هێشتا بریارم نەداوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-08-05

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 436

## ڕاپرسی دەربارەی دیاردەی تیرۆر

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070810375989649

...

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 437

## ڕاپرسیی درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان - ماڵپەڕی ڕووداو

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042014450678779



...

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 438

## ڕاپرسییەک: 58% ئەمریکییەکان پشتگیری پرچەککردنی پێشمەرگە دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140910160418773 78

بە پێی ڕاپرسییەک کە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست و کەناڵی ئەی بی سی ئەمریکی ئەنجامیانداوە، زۆربەی ئەمریکییەکان لەگەڵ ئەوەدان ئەمریکا چەک بە پێشمەرگە بدات.
زۆربەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پێیان وایە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش مەترسییەکی جددیە لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا، دیسان زۆربەیان لەگەڵ ئەو هێرشە ئاسمانییانەدان، کە فڕۆکە جەنگییەکانی وڵاتەکەیان دەیکەنە سەر داعش.
لە ئەنجامی ڕاپرسییەکەدا دەرکەوتووە کە 71%ی بەشداربووان پشتگیری هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا دژی داعش دەکەن، ئەمەش زیادبوونی ڕێژەی پاڵپشتیکارانی هێرشە ئاسمانییەکە نیشاندەدات، لە کاتێکدا کە سێ هەفتە لەمەوبەر دەگەیشتە 58%.
ڕێژەی ئەو کەسانەش کە پشتگیری لە پرچەککردنی پێشمەرگە دەکەن لە لایەن ئەمریکاوە، بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە 58%.
هەروەها 65% بەشداربووانی ڕاپرسییەکە پاڵپشتی لە ئەگەری هێرشی ئاسمانی ئەمریکا دەکەن بۆ سەر بنکەکانی داعش لە ناوخۆی سووریا، بەڵام ساڵی ڕابردوو ڕاپرسییەکی لەمجۆرە کرا و پرسیاری ئەوە لە بەشداربووان کرابوو ئایا لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا هێرشی ئاسمانی بکاتە سەر ڕژێمی سووریا و تۆڵەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لێبکرێتەوە؟، ئەنجامەکەی تەنیا نیوەی ئەو ئەنجامە بوو کە لە ڕاپرسییەکی واشنتۆن پۆست و کەناڵی ئەی بی سی ئەمریکی دەریخستووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 2014-09-10

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 439

## ڕاپرسییەک: هەدەپە زیاتر لە 11%ی دەنگەکان بەدەستدەهێنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150523143410674 04

ڕاپرسییەکی تایبەت ئاشکرای کرد، پارتی داد و گەشەپێدان لە تورکیا، ڕەنگە لە هەڵبژاردنی مانگی حوزەیرانی داهاتوو، زۆرینەی پەرلەمانی لەدەست بدات و ناچاربێت حکومەتی ئیئتیلافی یان حکومەتی کەمینە، پێکبهێنێت .
هۆکاریی پاشەکشەکردنی پارتی فەرمانڕوا لە تورکیا، بەهۆی شکستی ڕەجەب تەیب ئەرۆغان سەرۆکی تورکیایە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لە ناوخۆدا کە بە بۆچوونی زۆرێک، لە ڕابردوودا زیاتر کاری بۆ خۆناساندن کردووە وەک سوڵتانێکی عوسمانی و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، پشتگوێ خستووە .
بەوتەی چەند سەرچاوەیەکی ئاگادار لە و ڕاپرسییە کە لەلایەن کۆمپانیای توێژینەوەی (کۆندا)وە ئامادەکراوە، پارتی داد و گەشەپێدان کە لە هەڵبژاردنی 2011دا، 49.8%ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، پاشەکشەی کردووە و پێدەچێت لەم هەڵبژاردنەدا 40.5%ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت .
دەرەنجامی ڕاپرسییەکە کە لەلایەن (کوندا)وە ڕانەگەیەندراوە، ئاماژەی بە مسۆگەرکردنی 11.5%ی دەنگەکان کردووە لەلایەن پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، ئەوەش زیاترە لە و ئاستەی پێویستەی کە دەبێت (هەدەپە) بۆ چوونە نێو پەرلەمان، بەدەستی بهێنێت .
پاشەکشەکردنی پارتی داد و گەشەپێدانی فەرمانڕوا لە توکیا، بە بۆچوونی شارەزایان، وادەکات پارتەکە نەتوانێت لەمجارەدا بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت و ناچار ببێت یان حکومەتی ئیئتیلافی یان حکومەتی کەمینە، پێکبهێنێت .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلانHDP -

وڵات: باکووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 440

**راپرسییەکی گۆڤاری لڤین دەربارەی تەندروستیی جەلال تاڵەبانی**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052219211578488




...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 441

**راپرسییەکەی کەناڵی جەزیرە: 81%ی بەشداربوان پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەن**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015072222261085765



لە و راپرسییەدا کە لەلایەن کەناڵی جەزیرەی قەتەرییەوە لەسەر پێگەی تایبەت بە کەناڵەکە سەبارەت بەدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی رێکخرا، 81%ی بەشداربوانی راپرسییەکە، پشتیوانی خۆیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، دەربڕی .

راپرسییەکە لەژێر ناونیشانی :"ئایا پشتیوانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەیت"، رێکخرا و تا نیوەڕۆی ئەمڕۆ چوار شەممە، 2015/7/22، ژمارەی بەشداربوان گەیشتە (122336) کەس.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-07-22

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 442

**راپرسیەکی ئاوێنەنیوز: 71% هاوڵاتیان پێیان باشە ئۆپۆزسیۆن بەشداری کابینەی هەشتەم بکەن**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111214422987873

بەگوێرەی ڕاپرسیەکی ئاوێنەنیوز کە 4220 کەس بەشدارییانکردوە، 71% بەشداربوان پێیانباشە ئۆپۆزسیۆن بەشداری کابینەی هەشتەمی حکومەت بکات.
ئاوێنەنیوز: لەڕاپرسیەکدا کە ماڵپەری ئاوێنەنیوز ئەنجامیداوە و تێیدا پرسیویتی "بەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆن لەحکومەتی داهاتوی هەرێمدا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟"، 71% بەشداربوان پێیانباشە کە ئۆپۆزسیۆن -بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی- بەشداری پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەت بکەن و حکومەتێکی بنکەفراوان پێکبێت.
هەر بەگوێرەی ئەو ڕاپرسیە 26% ئەو کەسانەی بەشداری ئەو ڕاپرسیەیان کردوە پێیانباش نیە ئۆپۆزسیۆن بەشداری حکومەت بکات و بە "خراپە" دەنگیانداوە.
هەر لە و ڕاپرسیەی ئاوێنەنیوزدا 3% بەشداربوان بە "نازانم" وەڵامی پرسیارەکەیان داوەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 12-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 443

## ڕاپۆرتی شیکردنەوەی پرۆژەیاسای بودجەی 2013ی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070810264089651

بزووتنەوەی گۆڕان
ژووری لێکۆڵینەوەی ئابووری
20ی کانوونی دووەمی 2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 444

## ڕاپۆرتێک لەسەر ئاستی خوێندنەوە لە کتێبخانەکانی پارێزگا ی سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070121393589711

ئامادەکردنی: ڕوناک عوسمان محەمەد
سەرپەرشتی: شاهۆ عوسمان قادر

"ڕێکخراوی گەشەپێدانی بەهرەی ژنان" هەستاوە بە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە کە ئاستی خوێنەر لە کتێبخانەکانی شاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی دەخاتە ڕوو، لە دووتوێی 38 لاپەڕەدا بەشیوەی ناملیکە لە بەرگێکی قەشەنگ دا بڵاو کراوەتەوە.
ئەمەی خوارەوە بەشێک لەو زانیارییانەیە کە لەماوەی 24 مانگی هەردوو ساڵی 2011 و 2012 لە کتێبخانەی گشتی وەرگیراوە، کە کۆکراوەیە لەسەرجەم کتێبخانەکانی شارو شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، بەگشتی 20 کتێبخانەی گشتی و هەروەها کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی یە، هەریەک لە کتێبخانەکانی:
-1کتێبخانەی گشتی سلێمانی.
-2پێنجوین
-3کتێبخانەی هەڵەبجە (حاجی مێمد بامۆکی)
-4کتێبخانەی دووکان
-5کتێبخانەی قەرەداغ
-6کتێبخانەی چوارتا

7-کتێبخانەی ماوەت
8-کتێبخانەی سەیدسادق
9-کتێبخانەی پیرەمەگرون
10-کتێبخانەی بەرزنچە
11-کتێبخانەی تەوێڵە
12-کتێبخانەی شارەزوور
13-کتێبخانەی بەکرەچۆ
14-کتێبخانەی دەربەندیخان
15-کتێبخانەی خورماڵ
16-کتێبخانەی عەربەت
17-کتێبخانەی بازیان
18-کتێبخانەی سەرگەڵو
19-کتێبخانەی خدران
20-کتێبخانەی بیارە
21-کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی

لە ساڵی 2011 دا (100.766) کەس سەردانی کتێبخانەیان کردووە، کە لە % 58 لە رەگەزی نێر و % 42 لە رەگەزی مێ بوون .
لە ساڵی 2012 ئەم رێژەیە کەم بۆتەوە بۆ (74455) کەس، کە لە % 56 لە رەگەزی نێر و لە % 44 لە رەگەزی مێ بوون.
ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئاستی خوێندنەوە لەسەر بنەمای رەگەزی لە هەردوو ساڵەکەدا، رەگەزی نێر زیاترە، بەڵام لە کاتێکدا پرۆسەی خوێندنەوە لە هەردوو رەگەزەکەدا ئاستی کەمی کردووە.

لە روی بابەتەوە: لە هەردوو ساڵەکەدا (2011 & 2012) بەرزترین بابەتی خوێندراو " زانستی کۆمەڵایەتی " یە، دواتر بابەتی ئەدەبی و زانیاری گشتی و مێژوو........، لەهەمان کاتدا کتێب لەسەر بابەتی (ئەدەبی، مێژوو، ئاین، فەلسەفە) لە دابەزیندایە.

لەروی زمانەوە: لە هەردوو ساڵدا خواستی کتێب بە زمانی کوردی لە ئاستی هەرە بەرزدایە، واتە: لە ماوەی ساڵێکدا وێرای دابەزینی خوێنەر بەشێوەیەکی گشتی، خواستی کتێب بە زمانی کوردی 6839 زیادی کردووە، واتە لە ساڵی 2011 (519،58) کتێب خواستراوە، لە ساڵی 2012 (587،97) کتێب خواستراوە، بەڵام خواست لەسەر کتێب بەزمانی فارسی دابەزیوە، لەساڵی 2011 دا (1500) کتێب خواستراوە، وە (727) کتێبیش لە ساڵی 2012 دا خواستراوە.

رێژەی سودمەند بون لە بەکارهێنانی ئەنتەرنێتی کتێبخانە گشتییەکان لە ساڵی 2011 دا زۆر زیاتر بووە (317،31)، وەک لە ساڵی 2012 کە (6701) کەس لێی سودمەند بون.

سەردانەکانی خوێندنگاو قوتابخانەکان بۆ کتێبخانە گشتییەکان لە ساڵی 2012 دا تەنها 97 قوتابخانە سەردانی کتێبخانەیان کردووە بۆ سود وەرگرتن، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ 617 قوتابخانەی بنەرەتی و 265 قوتابخانەی ئامادەیی ئەم رێژەیە زۆر زۆر کەمە.

بەگشتی ئەو ئەنجامەی دەردەکەوێت کە خوێنەری ساڵی 2011 (171،40) خوێنەری زۆرتر بووە. واتە ئاستی خوێندنەوە بۆ ساڵی 2012 دابەزیوە لە % 55 بۆ %45، هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت کە رێژەی خوێنەری نێر لە % 58 دابەزیوە بۆ %56، وەرێژەی خوێنەری مێ لە %42 بەرزبۆتەوە بۆ %44 ئەم بەرزبونەوەیە لە رێژەی ژناندا مایەی خۆشحاڵییە، بەڵام ئەم رێژەیەی کە هەیە لە خوێنەر بەگشتی لە چاو ژمارەی دانیشتوانی سنوری کتێبخانەکان و یەکە ئیدارییەکاندا ئاستێکی زۆر کەمە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 445

## ڕاپۆرتێکی ئاماریی 1 ساڵ پێشێلکاریی مافی ژنان لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران

http://www.kurdipedia.org/?q=2013040320493482661



ئاماری 1 ساڵ پیشێلکاریی مافی ژنان لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران لەلایەن بەشی تایبەتیی ژنان لە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا ئامادە کراوە و بڵاو دەکرێتەوە کە بەشێوەی ڕاپۆرتی ئاماری دەخرێتە بەر دیدی بەردەنگانی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا.

ئەم ئامارە بەپشت بەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا ئامادە و بڵاو دەکرێتەوە کە بەهۆی دۆخی ئەمنیەتیی زاڵ بەسەر ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و نەبوونی دەنگدانەوە لە میدیاکان، دەکرێ ئاماری ڕاستەقینە لەو ڕێژەیەش زیاتر بێت.

لەم ڕاپۆرتەدا خۆکوشتن و کوژرانی ژنان وەک حاڵەتەکانی پێشێلکاریی ژنان، ئاماژەی پێ دەکرێت.

دەستبەسەر کرانی ژنە چالاکانی کورد لە ناوچە کوردنشنەکانی ئێران لە ساڵی 1391 سەرجەم 7 ژنی کورد لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەستبەسەر کراون.

ڕێکەوتی 20ی پووشپەڕ ساڵی 1391 "ئەدیبە کەلانتەری" یەکێک لە چالاکانی خوێندکاری لە شاری ڕونسەر دەستبەسەر و بۆ زیندانی دیزڵ ئابادی کرماشان ڕاگوێزرا.

یەکێکی دیکە لە چالاکانی خوێندکاریی شاری ڕوانسەر بەناوی "نگین تەیبی" لە ڕۆژی "قودس"دا پاش ئەوەی لەگەڵ هێزە ئەمنیەکان تووشی کێشە هاتبوو، لەلایەن ئەو هیزانەوە دەستبەسەر و ڕەوانەی شاری کرماشنا کرابوو.

هاوکات لەو ڕۆژەدا ژنیکی دیکەش دەستبەسەر کرابوو کە شوناسی نەزانراوە.

لە کۆتایی خەزەڵوەری ئەمساڵدا 3 ژنە چالاکی کوردی خەڵکی ئوستانی خۆراسان بەناوەکانی "مەحبووبە خەبووشانی، مینا خەبووسانی و بێهناز ڕەزا زادە" لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرابوون.

ئەو 3 ژنە خەڵکی شاری "قووچان"ی سەربە ئوستانی خوراسانی ڕەزەوی و دانێشتووی شاری "مەشهەد" بوون.

بانگهێشتی ژنانی کورد بۆ دەزگا ئەمنیەتی و قەزاییەکان

لە کۆتایی مانگی پووشپەڕی ساڵی 1391ی هەتاوی، کچێکی بەناوی "پەریا. ع" خەڵکی کرماشان لەلایەن پۆلیسی ئینتێرنێتی ئەو شارەوە بانگهێشت و لێپرسینەوەی لێکرابوو.

ناوبراو کە تەمەنی 14 ساڵ بووە، لە وێبلاگی شەخسیی خۆیدا، دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵگەی دابوویە بەر ڕەخنە کە لەلایەن ئەو ناوندەوە هەڕەشەی لێکرابوو کە لە ئەگەری بەردەوامبوونی، لە درێژەدان بە خوێندن بێبەس دەکرێت.

لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 7ی خەزەڵوەر یەکێک لە چاکانی ژنان

دانیشتووی مەشهەد بەناوی "گوڵێ شادکام" بانگهێشتی حیراسەتی ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی مەشهەد کرابوو.
گوڵێ شادکام یەکێک لە چالاکانی ژنانی کوردی خەڵکی ئوستانی خوراسانی باکووره و لە پێناو پەره پێدانی کولتوور و ئەدەبی کوردی هەوڵ و خزمەتێکی بەچاوی ئەنجام داوە.
رۆژی 15ی رەشەممە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان "کەژاڵ هوژبەری" دانێشتووی گوندی بەردەرەش"ی سەربەو شاره بانگهێشت و وێرای لێپرسینەوە پێیان راگەیاندبوو کە بە زووترین کات لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە.
کەژاڵ هوژبەری هاوسەری "عەلی دانش"ـە کە بەهۆی زەخت و گوشاری هێزه ئیتلاعاتیيەکانی حکوومتی ئیسلامیی ئێرانەوە بە ناچاری وڵاتی بەجێهێشتووە.
رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی 11ی رەشەممەی ساڵی 1391ی هەتاوی "شیوا گەنجی" هاوسەری "مادێح نەزەری" رۆژنامەنووسی کورد، کەبەهۆی زەخت و گوشاری هیزه ئەمنیەتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە وڵاتی ئێرانی بەجێهێشتووه و لە وڵاتی تورکیە گیرساوەتەوە، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کرابوو و بەتوندی لێپرسینەوەی لێکرابوو.
شیوا گەنجی بەهۆی لێدوان بۆ مێدیاکان لەسەر بارودۆخی هاسەرەکەی لێپرسینەوەی لێکرابوو و هەڕەشەیان لێکردبوو کە لە ئەگەری لێدوان بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن، بەرەورووی زیندان دەبێتەوە.
لە ناوەڕاست مانگی رەشەممەدا، "ئازەر تایرئابادی" ژنە رۆژنامەنووسی خەڵکی شاری "کەنگاوەر" بانگهێشتی دەفتەری پەیگیریی وەزارەتی ئیتلاعات لە شاری تاران کرابوو.
دەگوترێ ئەو چالاکە فەرهەنگییە بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتار و راپۆرت لە حەفتەنامەی "غەرب" و "ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان" بانگهێشت و لێپرسینەوەی لێکرابوو.
دەرکردنی حوکمی دادوەری بۆ چالاکانی ژنانی کورد لە ناوچەر کوردنشینەکانی ئێران
"سافیە سادقی" تەمەن 23 ساڵ و دانێشتووی شاری سەڵماس کە لە بانەمەڕی ساڵی 1389 لەلایەن هێزه ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کرابوو، رۆژی 29ی جۆزەردانی 1391ی هەتاوی لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری "سنە"وە بە تاوانی "موحاربە" و هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، بە 15 ساڵ زیندان حوکم درا.
لە رێکەوتی 10ی سەرماوەزی ساڵی رابردوو، "بەفرین حوجەتی" خەڵکی شاری مەهاباد بەهۆی رۆڵ بینین لە درامایەکدا و بلاوبوونەوەی لە یەکێک لە کەناڵەکانی دەرەوەی وڵات، بەبێ ئامادە بوونی خۆی لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری مەهابادەوە حوکمی 4 ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە.
نابراو بەهۆی زەخت و گوشاری هێزه ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە بەناچاری وڵاتی بەجێهیشت.
هەروەها لە سەرماوەزی ساڵی رابردوودا "فاتمە پەرویزی" تەمەن 53 ساڵ، لەلایەن یزه ئیتلاعاتییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە لە شاری "کەرەج" دەستبەسەر و بەتاوانی "بێڕێزی کردن و سووکایەتی کردن بە سەربازانی بێناو و نیشانی ئیمام زەمان" بە 6 مانگ زیندانی لە زیندانی "نەوشار" حوکم درا و هەتا ئێستاش لەو زیندانە راگیراوە.
مردنی ژنان بەهۆی کەمیی دەوا و دەرمان و نەبوونی ئیمکاناتی پزیشکی لە ساڵی 1391دا و 4 ژنی کورد لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بەهۆی کمیی دەوا و دەرمان و نبوونی ئیمکاناتی پزیشکی، گیانیان لەدەست

داوە.
ڕێکەوتی 9ی ڕەزبەر ژنێکی کورد بەناوی "گەلاوێژ نەقشبەندی" تەمەن 32 ساڵ، کچی شێخ جەماڵ (کوری شێخ عوسمانی دورِوو) و خەڵکی شاری سەولاوا بەهۆی لێدانی دەرزیی هەڵە لە نەخۆشخانەیەکی شاری سنە گیانی لەدەست دا.
هەروەها ڕێکەوتی 19ی سەرماوەز ژنێک بەناوی "شیرین خەلقی" تەمن 40 ساڵ، پاش 24 کاتژمێر لە دایک بوونی منداڵەکەی، بەهۆی خوێنڕێژیی زۆر و کەمتەرخەمیی گوێ نەدانی پەرەستاران بەو ژنە گیانی لە دەست دا
ئەو ژنە هاوسەری "حەبیب حەیرانی" و خاوەنی 2 منداڵی دیکەیە و دانیشتووی گوندی "بنچەڵێ"ی سەر بە شاری ڕوانسەر ڕاگەیەندراوە.
لەلایەکی دیکەوە ڕێکەوتی 7ی ڕێبەندان ژنێکی دووگیان بەناوی "فەرانەک چووپانی" خەڵکی شاری سنە، پاش گەیشتن بە نەخۆشخانەی تامین اجتماعیی ئەو شارە بەهۆی پڕانەگەیشتن و کەمتەرخەمیی پزیشکی لەو نەخۆشخانەیە گیانی لەدەست دا.
ئەو ژنە پاش گەیشتن بە نەخۆشخانە، سەرەتا منداڵەکە لە ناو زگیدا مردووە و پاشان بۆخۆشی لەبەر پڕانەگەیشتنی پزیشکی گیانی لەدەست داوە.
ڕێکەوتی 23ی ڕیبەندان، شەمسی ڕەشیدی تەمەن 43 ساڵ، کە خاوەنی 4 منداڵ و دانێشتووی گوندی "ئەویهەنگ" سەربە شاری سنە بووە، کە بەهۆی پەستانی خوێن و نەبوونی پزیشک لەو گوندە، لەکاتی ڕاگواستن بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست داوە.
ئاماری ئەو ژنانەی کە بەدەستی کەسوکاری نزیکی خۆیان کوژراون بەپێی ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لەماوەی ساڵی 1391ی هەتاویدا 14 ژن لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بەدەستی کەسوکاری نزیکی خۆیان گیانیان لێ ئەستێندراوە کە لەوم خشتەیەی ژێرەوەدا ئاماژە بە موشخەساتیان دەکرێت.

2013-04-03 10:49:39

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 446

## ڕاپەڕین.. 54 کەس بە ڕووداوەکانی چەک بوونەتە قوربانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140121132131865 67

خەندان کامەران عەبدە ساڵح
بەپێی ئاماری ڕوداوەکانی 2013 ی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین، کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕاپەڕینەوە ئامادەکراوەو، وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، لەساڵی ڕابردوودا 54 هاوڵاتیی دانیشتووی ئە و سنوورە، بەهۆی ڕوداوەکانی چەکەوە بوونەتە قوربانی، کە پێنج کەسیان گیانیان لەدەستداوە.
ڕائید محەمەد فازڵ، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی ئاسایشی ڕاپەڕین، بە خەندانی ڕاگەیاند: تائێستا لە لایەن لیژنە تایبەتەکانی ئاسایشەوە، چەندین ڕاپۆرت دەربارەی مامەڵەکردنی نایاسایی بە چەک و تەقەمەنی لە سنوری ڕاپەڕین، بۆ ئاسایشی گشتی سلێمانی بەرزکراوەتەوە.
وتیشی: "هەرچەندە لە لایەن ئاسایشی ڕاپەڕینەوە لێپرسینەوە لەگەڵ ئە و کەسانەدا دەکرێت کە کڕین و فرۆشتن بە چەکەوە دەکەن، بەڵام بەهۆی نەبوونی بڕیار و ڕێنمایی پێویست لە لایەن

ئاسایشی گشتییەوە، نەتوانراوە دیاردەکە بەتەواوی بنەبڕ بکرێت."
یەکێک لە و خاوەن دوکانانەی لەرانیە مامەڵە بە چەک و کەرەستەی سەربازییەوە دەکەن، بۆ خەندان وتی: "خەڵکانێک هەن بۆ بەرگریکردن لەخۆیان وماڵەکانیان، چەکمان لێدەکڕن، هەرچەندە بەداخەوە زۆرجار کاری نامرۆڤانە و کوشتن بە و چەکانەوە دەکرێت."
ئاماژەی بەوەشدا، تا ئەم ماوەیە، کە هەندێک روداوی نەخوازراو بەهۆی چەکەوە لە سنووری هەولێر و سلێمانی روویاندا، رێگرییەکی ئەوتۆ نەدەکرا لە مامەڵەکردن بە کەرەستەی سەربازییەوە، بەڵام لە ئێستادا کارەکەیان دژوار بووە، هەروەک پێشبینیشدەکرێت، لە داهاتوویەکی نزیکدا دوکانەکانیان پێدابخەن.
باسی لەوەشکرد، کە کارێکی باش نییە دوکانەکانیان بەیەکجاری پێدابخەن، چونکە ئەوان جگە لە چەک و تەقەمەنی، چەندین جۆر کەلوپەلی سەربازی وەک جلوبەرگی سەربازو پۆلیس دەفرۆشن، بۆیە واباشترە لەجیاتی بڕیاری داخستن، کارەکەیان سنووردار بکرێت .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-21

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 447

## راپەڕین.. دوو هەزار و 651 رووداوی جۆراو جۆر تۆمار کراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140710141947690411

هەردی حەسەن
لەماوەی شەش مانگی رابردوودا، لە ناوچەی راپەڕین دوو هەزار و 651 رووداوی جۆراو جۆر روویانداوە، کە ئەوانیش بەسەر رووداوەکانی هاتوچۆو دەستگیرکردنی هاوڵاتیان و سووتان و چەند حاڵەتێکی دیکەدا دەبینێتەوە.
بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەواندا وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین کە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن رێکخست و ئاماری شەش مانگی کارو چالاکی و رووداوەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕینی راگەیاند.
نەقیب مستەفا محەمەد رایگەیاند: لەماوەی ئەم شەش مانگەی رابردوودا لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیمان دووهەزار و 651 رووداوی جۆراو جۆر تۆمار کراوە، کە لەکۆی ئەم ژمارەدا 1688 رووداو لە بەشی پۆلیسی رانیە تۆمارکراوە و 839 رووداویش لە قەزای پشدەر تۆمار کراون، وە 124 رووداویش لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی تاوانەوە تۆمار کراون .
وتەبێژی پۆلیس راشیگەیاند: کە بەهۆی ئە و رووداوانەوە 1140 کەس دەسگیر کراون راگیراون بە بڕیاری دادوەر، کە لە و ژمارەی دەسگیرکراوانەدا 1124 کەس لە رەگەزی نێر بوون 16 کەسی تریش لە رەگەزی مێ بوون، وە تا ئێستاش بە هۆکاری جیاجیا 27 کەس دەسگیر نەکراون لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانیاندا دەکرێت.
سەبارەت بە ئاماری گیان لە دەستدان و برینداربوانی ئە و رووداوانە، نەقیب مستەفا رایگەیاند: بەسەرجەم رووداوەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتیەکەیان 58 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە کە لە و ژمارەیەدا 42 کەسیان لە رەگەزی نێرن و 16 کەسی تریش لە رەگەزی مێیە، زیاترین حاڵەتی مردنیش بە هۆکاری رووداوی هاتوچۆ بووە کە 23 کەس بە و هۆیەوە گیانیان لە دەستداوە، دوای ئەویش رووداوی کوشتن کە 11 کەسە.
بەژمارە هۆکاری مردنەکان بەم جۆرەیە-:
(23)-1مردووڕووداوی هاتوچۆ
(6)-2مردووی سوتان
(1)-3مردووی خۆسوتان
(4)-4مردووی خنکان لە ئاو
(4)-5بەربوونەوە
(1)-6مردووی تەزوی کارەبا

(11)-7مردووی کوشتن
(4) -8مردووی خۆکوشتن
(5)-9مردووی قەزاز قەدەر
ژمارەی بریندارو هۆکارەکانی بەم جۆرەیە
(222)-1برینداری ڕووداوی هاتوچۆ
(198)-2برینداری شەڕکردن
(2)-3برینداری هەوڵی خۆ کوشتن
(149)-4برینداری بەربوونەوە
(11)-5برینداری تەزووی کارەبا
(20)-6برینداری سوتان
(49)-7برینداری بە ڕووداوی جیا جیا
ئاماری ڕووداوەکان بەپێ ی جۆری ڕووداو-:
-1کوشتن 13
-2خۆکوشتن 3
-3هەوڵی خۆکوشتن 7
-4سوتان 17
-5خۆسوتان 3
-6سوتانی شوێن 12
-7دزی 213
-8هەڕەشە 162
-9شەڕ 266
-10بەد ڕەوشتی 22
-11مۆبایل 48
-12ڕفاندن 6
-13تەزویر 27
24 -14ی هاتوچۆ 19
23-15ی هاتوچۆ 243
21 -17ی هاتوچۆ 315
22-18ی هاتوچۆ 12
-19خنکان 6
-20خیانەتی ئەمانە 6
-21خیانەتی زەوجی 7
-22کێشەی زەوی 8
-23دەرمان خواردن 16
-24ڕاوکردن 67
-25فێڵ کردن 32
-26ماددەی هۆشبەر 5
-27هەڵگرتنی چەکی بێمۆڵەت 49
-28دەستدرێژی کردنە سەر فەرمانبەر 27
-29دەستدرێژی کردنە سەر کارمەندانی هاتوچۆ 4
-30وونبونی مرۆڤ 7
چەند ڕووداوێکی جۆربەجۆری تر
ئاماری توندو تیژیەکانی دژی ژنان لە (6) شەش مانگی ڕابردوو
-1کوشتن 2
-2سوتان و خۆسوتان 14
-3شەڕکردن یان (لێدان) 86
-4هەوڵی خۆکوشتن 1
-5هەوڵی کوشتن 1
-6هەڕەشە 58

-7بەدڕەوشتی 17
-8دەرمان خواردن 10
چەند ڕووداوێکی جۆراو جۆر کە سەرجەمیا دەگاتە (283) حاڵەتی توندو تیژی
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 448

## ڕاپەڕین: 160 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویانداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015070713582185700

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ڕاپەڕین ئاماری کار و چالاکییەکانی خۆی لە ماوەی 6 مانگی ڕابردوودا ڕاگەیاند.
مولازم خۆشناو حەسەن وتەبێژی پۆلیسی هاتووچۆی ڕاپەڕین ڕایگەیاند: "لە شەش مانگی ڕابردوودا لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین 160 ڕووداوی هاتووچۆ تۆمارکراون، کە زۆربەی ڕووداوەکانی هاتوو چۆ لە دەرەوەی شاردا ڕوویانداوە کە بەهۆی ئە و ڕووداوانەشەوە 242 هاوڵاتی بریندارببوون و 25 هاوڵاتی دیکەش گیانیان لەدەستداوە."
وتیشی: "بەراورد بە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو 2014 ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە سنووری دەڤەری ڕاپەڕین کەمیان کردووە."
وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی ڕاپەڕین ئەوەشی ئاشکرا کرد کە: "ئە و ڕووداوانەی لە و ماوەیەدا ڕوویانداوە 56 یان لەناو شار و 104 یشیان لە دەرەوەی شەقامەکانی دەرەوەی شار ڕوویانداوە."
لەبارەی هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ڕووداوی هاتوچۆوە ئاماژەی بۆئەوەکرد: "پەیوەندی بە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری شۆفێران و زیاتر پابەندبوونیانە بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و شەونخونی کارمەندانی هاتووچۆیە."
لەبارەی مۆڵەتی شۆفێرییەوە مولازم خۆشناو وتی: "لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ 3598 مۆڵەتی شۆفێری لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین بە هاوڵاتیان دراوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-07-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ڕووداوی هاتووچۆ
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی
شارەکان: ڕانیە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 449

## ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042410033485154



محەمەد ڕەئوف

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 450
## ڕانیە.. لەمساڵدا چوار کرێکار لەشوێنی کارەکانیان گیانیان لەدەستداوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014070622170465912

کامەران عەبدە ساڵح
بەپێی ئاماری لقی ڕانیەی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، چوار کرێکاری ناوچەکە، لەکاتی کارکردنیان لەشوێنی کارەکانیان گیانیان لەدەستداوە.
ئازاد جونێد، لێپرسراوی لقی ڕانیەی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، بە خەندان-ی ڕاگەیاند: لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی حوزەیران، چوار کرێکار لە سنوری قەزای ڕانیە، لەکاتی کارکردنیان لەشوێنی کارەکانیان گیانیان لەدەستداوە.
ڕوونیشیکردەوە، مردنی دوو لە کرێکارەکان، بەهۆی خنکان بووە لە ئاودا، یەکێک لە کرێکارەکانیش لەکاتی کاردا بلۆکی بیناسازی بەسەر جەستەیدا کەوتووە، کرێکارێکیش بەهۆی کەوتنە خوارەوەی لەسەر تراکتۆر بۆتە قوربانی.
ئەم ئامارە لەکاتێکدایە، کە ساڵی ڕابردوو هەشت کرێکار لە سنوری ڕانیە بە ڕووداوی جیاجیا بوونەتە قوربانی و هۆکاری زۆربەی ڕووداوەکانیش پابەند نەبوونە بە مەرجەکانی سەلامەتی لەکاتی کارکردندا.
لای خۆیەوە، حسێن محەمەد، هەڵسوڕاوی بواری مافەکانی مرۆڤ و، داکۆکیکار لەمافەکانی کرێکاران، لەڕێگەی خەندانەوە، دوو داواکاری ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە بە وتەی خۆی، لەپێناو پاراستنی ماف و گیانی کرێکاراندا پێویستە بەزووترین کات جێبەجێ بکرێن.
داواکاریی یەکەمی حسێن محەمەد، پێکهێنانی لیژنەیەکە لە پسپۆڕانی بواری سەلامەتی کار، کە نوێنەری هەڵبژێردراوی کرێکاران لە ناوەندە جیاوازەکانی کاردا لەخۆبگرێت، کاربکات بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرجەم ناوەندەکانی کار بۆ پابەندبوونیان بەمەرجەکانی سەلامەتی کار و زەمانەتی ژیان، کە نەبوونی بۆتە هۆی کارەسات بۆ گیانی کرێکاران و خێزانەکانیان .
لە دووەم داواکاریشیدا، ئە و داکۆکیکارەی مافەکانی کرێکاران داوادەکات، حکومەتی هەرێم کاربکات بۆ قەرەبووکردنەوەی خێزانەکانی کرێکارانی گیانبەختکردوو، ئەویش بەدابینکرنی مووچەیەک بەگوێرەی پێداویستیەکانی ژیانیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: ڕانیە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 451
## رووفاتی 56 ئەنفالی کورد دۆزرانەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20131128123955875 78
خەندان هێڤی خالید
دوای گەڕانی زیاتر لە 10 رۆژی تیمەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراق و تیمی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، لە چەند ناوچەکی نوگرە سەلمان و دیوانیەو چەند ناوچەیەکی دیکەی عیراق رووفاتی 56 ئەنفالی ناوچەی گەرمیان دۆزرانەوەو لە ئێستاشدا لە نەخۆشخانەی شۆرشن بۆ ئەوەی دوای پشکنینی (دی ئێن ئەی) بە خاک بسپێردرێن.
لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە پەیامنێری (خەندان (ئامادەی بوو، ئارام ئەحمەد، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: ماوەی زیاتر لە 10 رۆژە، تیمەکانی وەزارەتیان بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراق و تیمی هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە چەند ناوچەیەکی بیابانی لە عیراق بەدوای چەند گۆڕێکی بە کۆمەڵدا دەگەڕێن کە پێشتر دەستنیانکرابوون.
وتیشی: "لە دووری 166 کلیۆمەتر کەلە بیابانی سووبەیەوە دووره، هیچ گۆڕێک لەوێ نەدۆزرایەوە، دواتر لە گرتووخانەی نوگرەسەلمان لە نزیک سعودیە، گۆڕێک دۆزرایەوە کە رووفاتی 21 ئەنفالی تێدابوو، هەروەها لە گۆڕێکی دیکە 17 رووفات دۆزرانەوەو لە پارێزگای دیوانییەش چەند رووفاتێک دۆزراونەوە کە سەرجەمیان 56 رووفاتە."
راشیگەیاند: بەپێی جلوبەرگەکانیان بێت، سەرجەم رووفاتەکان کوردن و خەڵکی ناوچەی گەرمیانن، لە ئێستادا رووفاتی هەر 56 ئەنفالکراوەکە لە نەخۆشخانەی شۆرشن لە سلێمانی و دوای ئەوەی پشکنینی (دی ئێن ئەی) یان بۆ دەکرێت لە مەراسیمێکدا بە خاک دەسپێردرێن.
ئەوەشی وەبیرهێنایەوە: لە عیراقدا تا ئێستا دوو هەزار و 100 گۆڕ هەڵدراونەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 28-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد: 

---

بابەتی ژمارە: 452
## رووانگەی سوری: 215 هەزار کوژراو لە سوریادا لە ماوەی 4 ساڵدا تۆمارکرا
http://www.kurdipedia.org/?q=20150316133209848 78
روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند، 15 مارسی 2011 کە دەستپێکی شەڕەکەیە 215 هەزار کوژراومان
تۆمارکردووە.
بەڕێوبەری ڕوانگەکە، رامی عبدالرحمن، بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاند " 215 هەزارو پێنج سەدو هەژدە کوژراومان هەیە لەماوەی ئەم 4 ساڵەی شەڕدا، کە لە نێوانیاندا 66 هەزار و سەدونۆ هاوڵاتی مەدەنی هەیە " ئەوەشی ئاشکرا کرد لە سەرەتای مانگی فبرایری ڕابوردووە وە زیاتر لە 5 هەزار کەس بونەتە قوربانی کردەوە توندوتیژیەکان.
لە نێو کوژراوەکانیشدا 10 هەزار و هەشت سەد و هەشت منداڵ هەیە، لە لایەکی تریشەوە 39 هەزار و دوو سەد و بیست وحەوت چەکداری ئۆپۆزسیۆن کوژراون کە لە نێوانیاندا چەکداری کورد و سوریشی هەیە.
هێزەکانی رژێم 46 هەزار و 138 سەربازی لەدەست داوە کە 30 هەزار و شەش سەد و شەست ودوو کەسیان لە ریزی هێزەکانی بەرگری بوون و 647 سەربازی دیکەیان سەر بە بەرەکانی حزب الله بوون و 2727 سەربازی دیکەیان شیعە مەزهەب بوون و لە وڵاتانی ترەوە هاتون.
جێی ئاماژەپێدانیشە کە 3147 تەرمی هاوڵاتی دیکەش هەیە کە تاکو ئێستا نەتوانراوە

بناسرێنەوە..
سەرچاوە / العربيە
نیگا حەمە کاکە
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 2015-03-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
وڵات: سووریا
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 453
## رووپێوی چالاکی قاوەخانەکانی ئەنتەرنێت بۆ ساڵی 2010
http://www.kurdipedia.org/?q=20150315085845119716
هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پلان دانان دەستەی ئاماری هەرێم

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 454
## رووداوە گیانیەکانی رۆژانی نەورۆز لە گەرمیان
http://www.kurdipedia.org/?q=20140324114237581 84
بەپێی ئامارێکی تەندروستی گەرمیان، لەماوەی رۆژانی نەورۆزدا، یەک هەزار و 52 هاوڵاتی سەردانی بەشی فریاکەوتن و تیمە گەڕۆکەکانی بەهاناوەچوونی خێرایان کردوە لە تەندروستی گەرمیان.
بەپێی ئامارەکانی تەندروستی گەرمیان، کە وێنەیان لێ ناردووە بۆ خەندان، لە ماوەی سێ رۆژی جەژنی نەورۆز لە بەروارەکانی (21 و 22 و 23)ی ئادار، لە هەریەکە لە نەخۆشخانەی: فریاکەوتنی کەلار، بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، لەگەڵ تیمە گەڕۆکەکانی تەندروستی گەرمیان لە سەیرانگاکانی سنوورەکە، پێشوازییان لە یەک هەزار و 52 حاڵەتی جۆراو جۆر کردووە، کەبەشی زۆری ئە و حاڵەتانە، نەخۆش کەوتنی ئاسایی هاوڵاتیان بوون.
هەروەک ژمارەیەک حاڵەتی رووداوی جیاوازیش هەبوون کە بریتیی بوون لە:
یەک حاڵەتی گیانلەدەستدان بە سوتاویی لە کفری، لەگەڵ دوو حاڵەتی بریندار بوون بە سوتاویی لەکەلار، 9 حاڵەتی رووداوی هاتوچۆ، کە بریندارەکان برینەکانیان قورس نەبووە، چوار رووداوی کەوتنە خوارەوە لە کەلار و کفری، دوو بریندارى شەڕ و شەڕە چەقۆ لە کەلار و کفری، یەک حاڵەتی

پێوەدانی دووپشک لە سنوری قەزای کەلار.
تەندروستی گەرمیان بۆ ڕۆژانی جەژنی نەورۆز، پلانی تایبەتی دانابوو و خشتەی ئێشکگریی بۆ هەموو نەخۆشخانە و مەڵبەندە 24 سەعاتیەکانی دانابوو، لەگەڵ پێکهێنانی ژمارەیەک تیمی گەڕۆک لە سەیرانگاکانی سنوورەکە، بۆ بەهاناوەچوونی هاوڵاتیان لەکاتی ڕووداوی نەخوازراو دا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 455

## ڕووداوەکانی ڕۆژانی جەژنی نەورۆزی 2013 لە ڕانیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130324204310826110

خەندان - محەمەد مستەفا
لە ماوەی سێ ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا لە سنوری قەزای ڕانیە چەند ڕووداوێکی جۆراوجۆر ڕوویانداوە و خۆشبەختانە هیچ حاڵەتێکی گیان لەدەستدانی لێنەکەوتووەتەوە.
هەژار عومەر ئیبراهیم جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە لە لێدوانێکدا بۆ خەندان ڕایگەیاند: لە سێ ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا لە سنوری قەزای ڕانیە جەند ڕووداوێکی جیاواز ڕوویانداوە و خۆشبەختانە هیچ حاڵەتێکی گیان لەدەستدانی لێنەکەوتووەتەوە.
جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە وتی: "لەو ماوەیەدا 10 حاڵەتی نەوت خواردنەوە لەلایەن منداڵانەوە و 6 حاڵەتی پێوەدانی دووپشک هەبووە."
ئاماژەشی بەوەدا کە 10 ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویانداوە و خۆشبەختانە هیچ حاڵەتێکی گیان لەدەستدانی لێنەکەوتووەتەوە.
وتیشی: "5 حاڵەتی سوتاوی و 5 حاڵەتی شەڕکردن و 15 حاڵەتی بەربوونەوەش هەبووە."
جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە ئاشکراشیکرد کە بەهۆی سەختی برینەکانیان پێنج نەخۆش ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی کراون و سەرجەم نەخۆشەکانی تر لە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە چارەسەری پێویستیان بۆ کراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 456

## ڕووداوەکانی هاتوچۆی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم لە مانگێکدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013113008080187547

لەماوەی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا، لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم 507 ڕووداوی هاتوچۆ ڕووی داوە، لەو ڕووداوانە 90 کەس لە هەردوو ڕەگەز گیانی لەدەستداوەو هەزار و 310 کەس بریندار بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 457

## ڕووداوەکانی هاتووچۆ و ڕێژەی گیان لەدەستدان کەمیان کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150101114724844463

ڕێبین محەمەد
نەخۆشخانەی گشتی دەربەندیخان ئاماری ڕووداوەکانی ساڵی 2014یان ڕاگەیاند و دەرکەووتووە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بریندار و مردنی لێکەوتووەتەوە کەمبووەتەوە، هەروەها بۆ چارەسەری ئاسایی 60 هەزار کەس سەردانی نەخۆشخانەی کردووە و 964 منداڵ لە دایک بوون و 115 کەسیش گیانی لەدەستداوە .
لە ئامارەکەدا کە کۆپییەکەی بۆ خەندان نێردراوە، بەراوردی ڕووداوەکانی هاتووچۆ کراوە ڕونکراوەتەوە: "لە ساڵی 2012 دا 215 ڕووداوی ئۆتۆمبیل ڕوویاندا بوو کە تیایدا 24 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و 418 هاوڵاتیش بریندار بوون و لە ساڵی 2013 دا 183 ڕووداوی ئۆتۆمبێل ڕوویانداوە و تیایدا 20 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و 372 هاوڵاتیش بریندا بوون، لە ساڵی 2014 دا 132 ڕووداوی ئۆتۆمبێل ڕوویانداوە کە تیایدا 18 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و 254 هاوڵاتیش بریندار بوون ."
سەبارەت بە سەردانی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەیان ئەوە هاتووە: "ساڵی 2014 بە گشتی 38500 نەخۆش ڕووداوی جۆراوجۆریان بەسەردا هاتووە، 132 ڕووداوی هاتووچۆ، 18 کەس گیانیان لەدەستداوە، 254 کەسیش بریندار بووە، 3816 کەس بە ڕووداوی جۆراروجۆر بریندار بوون، 6 حاڵەتی پێوەدانی مار 80 حاڵەتی پێوەدانی دوپشک تۆمار کراون ."
لە بەشێکی تری ئامارەکەدا ڕێژەی مردن و لەدایک بوون خراوەتە ڕوو کە: "ڕێژەی لەدایکبوون بۆ ساڵی 2014، 964 منداڵ لەدایکبوون، 468 منداڵ کوڕ بوون و 496 منداڵیش کچ بوون، ڕێژەی مردنیش 115 کەس گیانیان لەدەستداوە کە 65 کەس لە ڕەگەزی نێر و 50 کەسیشیان لە ڕەگەزی مێ بوون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🚗ڕووداوی هاتووچۆ
شارەکان: دەربەندیخان
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 458

## ڕوونکردنەوەی وەزارەتی دارایی لەسەر مووچەی فەرمانبەران

http://www.kurdipedia.org/?q=20140717103252777028

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر پێدانی مووچەی وەزارەتی ناوخۆ کە لە دوای مووچەی پێشمەرگە نەهاتووە ڕوونکردنەوە دەدات و ڕایدەگەیەنێت بەهۆی ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆ 150 ملیار دینارە، نەتوانرا دوای وەزارەتی پێشمەرگە دەست بە دابەشکردنی بکرێت، بەڵام لە هەوڵی بەردەوامدان تا پێش جەژن مووچەی ئە و

وەزارەتانەش بدەن کە ناویان لە ریزبەندی مووچەکەدا نەهاتووە.
بەپێی هەواڵێکی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، تیایدا هاتووە: "پاش بڵاو کردنەوەی خشتەی دابەشکردنی مووچەی مانگی حوزەیرانی ئە و وەزارەت و دەستانەی کە رامان گەیاندبوو، دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین کە دەبوایە وەزارەتی ناوخۆ لە ریزبەندی دووەم بوایە لە دوای وەزارەتی پێشمەرگە."
دەسشڵێت: "بەڵام بەهۆی ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ موچەی مانگانەیان 150 ملیار دینار دەبێت و بەهۆی دابین نەکردنی ئە و پرە پارەیەوە تەنها توانرا مووچەی ئە و وەزارت و دەستانە دابەشبکرێت کە بە هەموویان پرەکەیان 98ملیار دینار بووە."
هەروەها هاتووە: "بەڵام وەزارەتی دارایی هەرێم لە هەوڵی جدی دایە لە رێگەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە مووچەی ئە و وەزارەتانەی کە ئاماژەمان پێ نەکردبوو بۆیان دابین بکرێت، تا بتوانرێت پێش جەژن مووچەکانیان وەربگرن، کە مانگانە مووچەی گشت فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرەکەی دەگاتە 850 ملیار دینار."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 17-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 459

## روونکردنەوەیەک لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە سەبارەت بە کۆبونەوەی 2013/6/30 ی پەرلەمان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130701131172489718

جەماوەری خۆراگری کوردستان
هێز و لایەنە سیاسی یەکان
ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی
سەبارەت بە کۆبونەوەی 2013/6/30 ی پەرلەمان کە تیایدا هەردوو حزبی دەسەڵات (یەکێتی و پارتی) ویستیان ئیرادەی سیاسی خۆیان بەسەرپەرلەمان و خەڵکی کوردستاندا بسەپێنین، حەز دەکەین چەند راستی یەک بخەینە روو:
یەکەم: ئەو دوو پرۆژە یاسایەی فراکسیۆنی کوردستانی لە رێی سەرۆکایەتی یەوە خستیانە بەرنامەی کارەوە هیچ مەرجێکی یاسایی یان تێدا نەبوو، چونکە پێچەوانەی چەندین یاسای هەرێم بوون، لەوانە: پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان و یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان. چونکە ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم وپەرلەمان لە 2013/8/20 تەواو دەبێت و لە دەسەڵاتی کەسدا نیە درێژی بکاتەوە، پەرلەمانیش تەنها بۆی هەیە بۆ مانگێک لە پشوی خۆی بخاتە سەر دەوامی خۆی بۆ راپەڕاندنی ئەو کارانەی تەواو نەبوون. جگە لەوەش بە پێی یاسا دەبوایە 48 سەعات پێش کۆبونەوە پەرلەمانتاران کارنامەیان بوایە، بەڵام لەگەڵ دەسپێکردنی کۆبونەوەدا خرایە بەردەست، جگە لە هەموو ئەو لایەنە نا یاسایی یانە لە کۆبونەوەی ئەمڕۆدا هیچ دەنگێک نەژمێرراوەو، زۆربەی پرگەکان دەنگی زۆرینەی پێ نەدراوە.
دووەم: ئەوەی لەو کۆبونەوەیەدا تێپەڕی سەپاندنی بڕیارێکی سیاسی بوو بەسەر فراکسیۆنی کوردستانیدا، کە هەردوو مەکتەبی سیاسی لەسەری رێکەوتوونو، لە 6/30 فەرز کرا بەسەر پەرلەماندا بێ ئەوەی را و پێشنیاری لایەن و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەهەند بگیرێ، تەنانەت لە هۆڵی پەرلەمانیشدا ئێمە پێشنیارمان کرد کە ماوەی پەرلەمان تەنها بۆ 10 تا 15 رۆژ درێژ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەو چەند رۆژەدا بگەینە سازانێکی نیشتمانیو، رێککەوین لەسەر ئەو بابەتانەی کە بەرژەوەندی گشتییان تێدایە، بەڵام بەداخەوە فراکسیۆنی کوردستانی هاوکاری یان نەکردینو،

نەیانتوانی لە پاراستنی سەروەریی یاسا و شکۆی پەرلەماندا هاودەنگ بن لەگەڵمانو، قەیرانەکەیان قوڵتر کردەوە.
سێیەم: ئێمە رای گشتی ئاگادار دەکەینەوە کە ئەم پەرتەوازە کردنەی هەڵبژاردنەکان، پلانێکی تری دەسەڵاتی هەرێمە بۆ درێژەدان بە دۆخی قۆرخکردنی دەسەڵات و سامانی ئەم هەرێمە، لە هەمان کاتدا سڕینەوەی رۆڵی پەرلەمانو، زەقترین پێشێلکردنی یاساکانی هەرێمی کوردستانە.
چونکە خودی سەرۆکی هەرێم رۆژی 2013/9/21 ی دیاری کردووە بۆ هەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی هەرێم کەسیش تا لەم بڕیارە نەداوە، وسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش بڕیاری دا لەهەمان کاتدا هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان ئەنجام بدرێت، بەڵام بەپێچەوانەی مادەی 4ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێمیان هەڵوەشاندنەوە وهەڵبژاردنی پارێزگارکانیش سەرنگون کراوە، لێرەشەوە سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنی کوردستانی کەوتنە هەڵەیەکی تری زەقی سیاسی و یاسایی یەوە.
چوارەم: بۆیە ئێمە (فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن) بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە گەورەیەی رووی کردۆتە هەرێم،و سەرۆکی هەرێم بەرپرسیارێتی ئەم تەنگژەیە لە ئەستۆ دەگریت و تەنها رێگەچارەش ئەوەیە گەڕانەوە وتانە دانە لە هەردوو پرۆژە یاساکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، و ئیمزای یاساکان نەکات و بیانگێڕێتەوە بۆ پەرلەمان.
پێنجەم: داوا دەکەین کە بە زووترین کات لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێک بهێنرێت بۆ راستی دەنگدانی ناو هۆڵی پەرلەمانو، دڵنیا بوونەوە لە ناشەرعی بوونی پرۆسەی دەنگدانەکان، کە سەرلەبەری نایاسایین و هیچ بنەمایەکی قانونییان نیە. ئەگەرنا ئێمە ناچارین سکاڵای یاسایی تۆمار بکەین و لەهەمانکاتدا وەک ئەرکێکی پیشەیی و یاسایی خۆمان لەم پێشێلکاریە یاسایانە بێدەنگ نابین.
فراکسیۆنی گۆڕان
فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی
فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی
فراکسیۆنی ئایندە
سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - 2013-07-01

کویک ریسپۆنس کۆد:



---

بابەتی ژمارە: 460

## رۆژانە پێنج هەزار کەس لە سوریاوە ئاوارە دەبن

http://www.kurdipedia.org/?q=20130208162331756566

کۆمسیۆنی باڵای پەنابەران رایگەیاند بەهۆی بەردەوامی رەوشی دژواری سوریا رۆژانە 5 هەزار هاوڵاتی سوریی وڵاتەکان بەرەو سنوری وڵاتانی دراوسێ جێدەهێڵن.
ئاوێنەنیوز، رۆیتەرز: کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بەرێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ، هەینی، رایگەیاند، بەهۆی ئەو رەوشە دژوارەی لە شارو ناوچەکانی سوریا بەردەوامەو لەمەترسی گیانیان رۆژانە پێنج هەزار هاوڵاتی سوریی لەماڵو جێگاکانی خۆیانەوە بەرەو سنوری وڵاتانی دراوسێ هەڵدێن.
لەو بارەیەوە وتەبێژی بەناوی کۆمسیۆنەکە، ئەدریان ئیدواردز، لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا لە، جنێف، رەوشەکەی بە "گرفتێکی تەواو" ناوبراو.
وتیشی، "بەتەنها لە مانگی یەنایەر/کانونی دووەم زیادەیەکی گەورە لە ژمارەی پەنابەران بەدی دەکرێت، ئێمە باس لە زیادبوونی رێژەی 25% ی ژمارەی پەنابەرانی تۆمارکراو دەکەین بەتەنها لە مانگێکدا."
ئاشکراشیکرد، زیاتر لە 787 هەزار هاوڵاتی سوری ناویان وەک پەنابەر تۆمارکراوە یان چاوەڕوانی ئەو رێوشوێنە دەکەن لە ناوچە تایبەتەکانی لوبنانو عێراقو ئوردونو تورکیا ئەمەش لەسەرەتای دەستپێکردنی ململانێکانی سوریاوە کە نزیکەی دوو ساڵە دەستی پێکردووە.
لای خۆیەوە هەر ئەمڕۆ، سندوقی منداڵانی سەر بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسێف)

هۆشداریدا لە گرفتی کەمی ئاو لە سوریاو ژەهراویبوونی هەندێک لەو هاوکارییانەی دەگەیەنرێتە ناوچەکانی ئەو وڵاتە کە ئەمەش مەترسی ژمارەی منداڵانی توشبوو بەنەخۆشیەکان بەرەو زیادبوون دەبات.
یەکەم هەڵسەنگاندنی رێکخراوەکە لەسەرجەمی سوریادا ئاشکرایدەکات، ئاوی ناوچە زیانپێگەیشتووەکانی ململانێکان گەیشتوەتە ئاستی یەک لەسەر سێی ئاستی جارانی بەر لە دەستپێکردنی ململانێکان.
لەو بارەیەوە وتەبێژ بەناوی یونسێف، ماریکسی میرکادۆ، رایگەیاند، "ئەمە ئاماژەیە بۆ پەککەوتنی تەواوی خزمەتگوزارییەکانو زیان بەر تۆڕەکانی ئاوو ئاوەڕۆ گەیشتووەو لەهەمان کاتیشدا کەمترین خزمەتگوزاری تەندروستی سەرەکی پێشکەش دەکرێت کە وادەکات منداڵان زیاتر روبەروی مەترسی توشبوون بەنەخۆشییەکان ببنەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 08-02-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 461

## رۆژانە نزیکەی 120 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم رەوانە دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014053011042376532

وەزیری وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا دەڵێت، رۆژانە 100 تا 120 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان لە تورکیاوە هەناردە دەکرێت.
ئاوێنەنیوز، ئەنادۆڵۆ: تانەر یەڵدز، وەزیری وزەو سەرچاوە سروشتیەکانی تورکیا دوای بەشداریکردنی لە چوارەمین کۆنفرانسی یەکێتی زانکۆکانی قەفقازیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئەمڕۆ(پێنج شەممە) لە بارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگای تورکیاوە رایگەیاند، "دانوستانی نێوان بەغداو هەولێر بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانە بەردەوامە".
یەڵدز وتیشی، لەمڕۆ بەدواوە رۆژانە 100 تا 120 هەزار بەرمیل نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا دەکرێت، بەڵام ئەو نەوتەی لە لایەن بەغداوە هەناردە دەکرا هێشتا هەر وەک مانگی رابردوو راگیراوە.
رونیشی کردەوە تورکیا ئامادەبوونی نیشانداوە بۆ گواستنەوەی نەوتی عێراق لە رێگای بۆری نەوتبەری کەرکوک – یومورتاڵیکەوە، لەو هێڵە نەوتییەدا جێگای خاڵی هەیە ئەو بۆرییە توانای گواستنەوەی رۆژانە 1.5 ملیۆن بەرمیلی هەیە.
لە بارەی ئەو سکاڵایانەوە کە گوایا بەغدا لە سەر تورکیا تۆماری کردوون، یەڵدز رایگەیاند، "تا ئێستا لەو بارەوە هیچ جۆرە ئاگادار کردنەوەیەکمان پێ نەگەیشتووە، ئەگەر هاتوو ئاگاداری دادگا گەیشتە دەستی تورکیا ئەوا رای گشتی لێ ئاگادار دەکرێتەوە".
لە بارەی گەمارۆکانی بەغدا بۆ سەر کۆمپانیا تورکییەکان وتیشی، "دەبێت باسی ئەوە بکەم کە وەزیری دارایی تورکیا بەدواداچوونی بۆ ئەو بابەتە کردووە و تا ئێستا هیچ شتێکی بەو جۆرە رووی نەداوە".
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 30-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 462

## رۆژنیوز ئامارێکی مەترسیدار لەسەر رەوشی ژنانی سۆران ئاشکرادەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112410131478040

رۆژنیوز زاهیر ئیبراهیم

توندوتیژیەکانی سەر ژنان و بەتایبەت خۆسوتانی ژنان لە دەڤەری سۆران لەزیادبوندایە، وێرای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندویژی ئامادەنەبوو ئامار بدات بە ڕۆژنیوز، بەڵام رۆژنیوز لەوبارەیەوە ئامارێک کۆدەکاتوە. تەنها بەگوێرەی ئەو ئامارە رێژەی سوتانی ژنان لە بەرزبونەوەدایە. چەند ژن بەدەستی کەس و کاریان کوژراون، ئەمە جگە لەوەی تەنها لەیەک هەفتەدا 4 ژن بەهۆی حەب خواردنەوە هەوڵی خۆکوژیان داوە. چالاکوانێکی ژنانیش داوا دەکات هەڵوێستی جدی هەبێت لەسەر ئەو رەوشەی بەرۆکی ژنانی گرتۆتەوە.

بەگوێرەی تەنها ئەو ئامارەی رۆژنیوز کۆیکردۆتەوە، لەمانگی 10 و 11 لە خەلیفان و مێرگەسۆر ئەوە ڕاگەیەندرا کە دوو ژن خۆیان کوشتووە، بەڵام بەپێی زانیاریەکان دوای لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەرکەوت کە هەردووکیان کوژراون، بەڵام وەک دەگوترێت یاسا وەک پێویست سزای ئەو کەسانەی نەدا بۆ ئەوەی رێگە لەدووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە بگرێت.

رێژەی سوتان یان خۆ سوتاندنی ژنان رۆژبەرۆژ لە زیادبوندایە، بەگویرەی تەنها ئەو زانیاریانەی بەناو لامانە، لە 11 مانگی رابردوو تەنها لە دەڤەری سۆران زیاتر لە (10) ژن سوتاون یان خۆیان سوتاندووە، کە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو رێژەی سوتان زیادی کردووە، هاوکات لەنێو سوتاوەکانیشدا کچانی خوارتەمەنی 18 ساڵی تیادایە. هەوەها لەقەزای رواندز لەماوەی هەفتەیەکدا سێ ژن خۆیان سوتاند، لەمانە کچێکی (18) ساڵان بەهۆی زۆری رێژەی سوتانەکەی گیانی لەدەستداو ئەوانی تریش دوای مانەوە لە ژێرچاودێری پزیشک چارەسەریان بۆکراوە. دواین ژن کەخۆی سوتاند لە گوندێکی سەر بەناحیەی وەرتێ بوو لە ناوەراستی مانگی یانزە، لای پۆلیس وە سکاڵاش تۆمارناکەن.
رۆژنیوز ئاشکرای دەکات لەکاتی سوتانی ژنان لەلایەن کەس و کاریانەوە هەوڵدەدرێت هۆکاری سوتانەکەیان پەردەپۆش بکرێت، بەڵام دوای بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەردەکەوێت ژنان خۆیان سوتاندووە. بەڵام دەربارەی هۆکاری خۆ سوتاندنەکەیان ژنان ترسیان هەیە راستی خۆسوتانەکەیان لای دادوەر و پۆلیس ئاشکرا بکەن.
هەروەها پەنابردن بۆ حەب خوارد یەکێکی ترە لەو رێگایانەی لەلایەن ژنان و کچانەوە بەمەبەستی هەوڵی خۆکوژی پەنای بۆ دەبرێت و لە قەزای سۆران رێژەیەکی زۆر لە ژنان و کچان پەنایان بۆ حەب خوردن بردوە، ئەمەش وەک کاردانەوەیەک دژی هەرەشە و کێشە کۆمەڵایەتیەکان، تەنیا لەماوەی هەفتەیەکدا 4 ژن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران بەهۆی خواردنی رێژەیەکی زۆری حەب داخیل کران، سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران بە رۆژنیوی راگەیاند کە ئەم ساڵ حاڵەتی حەب خواردن زۆر بوو، هەر بەپێی ئەو ئامارەی کۆمانکردۆتەوە 8 ژن بەرێگای حەب خواردن هەوڵی خۆکوشتنیان دا.
بەپێی لێکۆڵینەوەکەی رۆژنیوز لەسەر رەوشی ژنانی لەدەڤەری سۆران، هەر لە 11 مانگی رابردوو کچێکی تەمەن (16) ساڵان خۆی خنکاند.

بەپێی بەدواداچوونەکەی رۆژنیوز لەماوەی رابردوو تائێستا دەیان ژن هاتوونەتەلای بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندونیژی سۆران بەمەبەستی بەهاناوەچوونی کێشەکانیان. لەسنوری دەڤەری سۆران بەهۆی بەکارهێنانی توندوژتیژی و ئەشکەنجەدانیان، ژمارەیەک ژن سکاڵایان دژی هاوسەر و کەس و کاریان تۆمارکردووە، بەتایبەت لە رێگای بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سۆران. سەرچاوەیەکیش لە بەرێوەبەرایەتی نەهێشتنی توندوتیژی رایدەگەینێت کە چەندین پیاو بەتۆمەتی هەرەشەوتوندوتیژی دژی ژنان دەستگیرکراون.
لەدەڤەری سۆران ژمارەیەک ژن لە هاوسەرەکانیان جیابوونەتەوە، ئەمەش بەهۆی بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و نەگەیشتن بە چارەسەری وەبەشێک لەو ژنانەش کە لە مێردەکانیان جیابوونەتەوە خاوەنی منداڵ بوونە. هۆکاری ئابووری و بێ باوەڕی (دڵپیسی) لەلایەن هاوسەرەکانیان لە بەرامبەریاند، کاریگەری زۆری لەسەر جیابوونەوەی هاوسەرەکان هەبووە.

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی لێکجیابوونەوەی هاوسەرەکان و دواجار شکست هێنان لە پرۆسەی هاوسەرگیری و زیادبوونی خۆکوشتن. زوو بەشوودانی کچانە، بەپێی ئەو بەدواداچوونەی رۆژنیوز بەشێک لەو ژنانەی خۆیان سوتاندووە، یان خۆیان کوشتووە لەخوار تەمەنی 18ساڵی بەشوودراون، یەکێک لەو ژنانەی بەم دوایانە خۆی سوتاند تەمەنی 16ساڵ بووە و خێزانداربووە. هاوکات ژنێکی تر تەمەنی 18ساڵ بووەکاتی کوژراوە، ئەو ژنە خێزانداربووە و خاوەنی منداڵێک بووە.
ئەگەرچی چەندین رێکخراو چالاکوان لە دەڤەرەکەدا لەبارەی مافەکانی ژنانەوە کاردەکەن، بەڵام کاردانەوەیان لەلایەن رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانەوە وەک دەوترێت بەگوێرەی پێویست نیە، بەگوێرەی بەدواداچونەکانمان تەنانەت لەئامارەکانیشدا زانیاریان نیە، هاوکات یەکلایی کردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکانیش بەرێگای عەشایری و مەکتەبی کۆمەڵایەتی حزبەکان بۆتە هۆی نیگەرانی، چونکە وەک دەوترێت رێگای بۆ زیادبوونی تاوان دژی ژنان لەم دەڤەرە خۆش کردووە .
مینا تەها چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنیو مافی ژنان دەربارەی رەوشی ئافرەتان لە سۆران، وتی " بەداخەوە بەم دوایانە چەندین رووداوی دڵتەزێن رووبەرووی ژنان بۆتەوە لەدەڤەری سۆران کە ناخۆشترین حاڵەتیش خۆسوتاند و کوشتنی ژنانە بەبیانووی جۆراوجۆر، وەک لە ئامارەکان دەردەکەوێت کەرێژەی سوتان وکوشتنی ژنان لەکوردستان بەگشتی ودەڤەری سۆران بەتایبەتی مایەی نیگەرانیە.
مینا پێیوایە چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی لەپشت خۆسوتاندن وکوشتنی ژنانەوەیە، ئەم هۆکارانە تارادەیەک رێگە خۆشکەرەن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو کردەوەیانە، وەک چۆنیەتی ژیانی ژنان و باری ئابوری و ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگا و بە یاساکردنی دیاردە ناباوەکانی کۆمەڵایەتی. ئەو چالاکوانە وتیشی" کاریگەری کلتوری نەتەوەکانی سنوری و هەروەها زاڵ بوونی ویستە جەستەییەکانو غەریزەییەکانی مرۆڤو ناهوشیاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەی ناتەندروستو نزم بوونی ئاستی رۆشنبیری تاک سەرچاوەی تاوانەکانن.
راشیدەگەیەنێت کە پێویستە رێکخراوەکانی ئافرەتان ولایەنە پەیوەندیدارەکان بەجدی کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی ژنان بکەن و هەڵوێستی جدیان هەبێت لەسەر ئەو رەوشەی بەرۆکی ژنانی گرتۆتەوە.
هەرسەبارەت بە رەوشی ژنان لەدەڤەری سۆران بەرپرسێکی ئافرەتان بۆ رۆژنیوز باسی لەوەکرد کێشە کۆمەڵایەتیەکان هۆکاری سەرجەم ئەوگرفتانەن کە رووبەرووی ژنان بوونەتەوە. زیبا تەها بەرپرسی ئەنجوومەنی قەزای ئافرەتانی سۆران. وتی" دیاردەی خۆسوتاندن و کوشتنی ئافرەتان لەدەڤەری سۆران تەشەنەی کردووە، ئێمە وەک رێکخراوی ئافرەتان هەوڵی زۆرمانداوە لە رێگای کۆروسمینا بۆ وشیاکردنەوەی ئافرەتان.
ئەو چالاکوانە دەڵێت " پیاوان غەدری زۆرلە ئافرەتان دەکەن زۆر کێشە هەیە چارەسەرکردنی ئاسانە و پێویستی بە لێک تێگەیشتن هەیە، نەک پەنابردن بۆ کوشتن و ئەشکەنجەدان. زیبا تەها وتیشی "رێکخراوەکان کاریان کردووە، بەڵام لەئاست زۆری کێشەکان نەیان توانیوە رێگە لە کێشەکان بگرن.
رۆژنیوز بۆ قسەرکردن لەسەررەوشی ژن لەو دەڤەرە، هاوکات رۆڵی بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، راید خۆشەوی عزیز بەرێوەبەری بەدواداچوون و نەهێشتنی توندوتیژی دواند. ئەو بەرپرسە نەی شاردەوەکە رەوشی ژنان لەماوەکانی رابردوو لەسۆران زۆر خراپە و چەندین حاڵەتی جیاجیای توندوتیژی تۆمارکراوە.
خۆشەوی عزیز ئەگەرچی ئامادە نەبوو ئاماری رەوشی ژن بە(رۆژنیوز) بدات، باسی لەوەکرد کە تەنها ساڵانە ئامار دەدەن. وتی" لە سنوری دەڤەری سۆران هەموو جۆرەکانی کێشەی ژن تۆمارکراوە، هەروەها هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و خۆسوتاندن و کوشتن و ئەشکەنجەدان هەبووە.
خۆشەوی وتیشی "ساڵانە لەدەڤەری سۆران ئامارەکان لەیەکترەوە نزیکن، تەنیا کێشەی خۆسوتان نەبێت کە لەزیادبووندایە، ئەمەش پێویستی بەکاری جیدی هەیە بۆ وشیارکردنەوەی ئافرەتان، چونکە هەموو کێشەیەک قابیلی چارەسەرە.
بەرێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سۆران. راشیگەیاند" حاڵەتی خۆخنکاندن هەبووە، بەڵام توندوتیژی سێکسی زۆر کەمە. هەروەها ئاشکرای کرد رێژەی سکاڵا زۆرە و زۆرکەسیش دەستیگرکراوە، زۆرجاریش کێشەکان لای خۆمان چارەسەری دەکەین و ژن و پیاوەکان ئاشت دەکەینەوە.
ناوبراو وتیشی "هەر ئافرەتێک هەرەشەی کوشتنی لەسەر بێت، ئێمە بەدواداچوونی بۆ دەکەین.

ئەو بەڕێوەبەرە پێیوایە ڕێکخراوەکان وەک پێویست نەیان توانیوە ڕۆڵی باش بگرێن لەکەم کردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سۆران
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 463

## ڕۆیتەرز: هەرێمی کوردستان ئەم پڕە نەوتەی لە دەرەوەی سۆمۆ فرۆشتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015063016333885678

هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەربەخۆ، ئاستی فرۆشتنی نەوتی لە مانگی حوزەیراندا زیادکرد، لەکاتێکدا پڕی فرۆشتنی نەوتی لەڕێی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عیراق (سۆمۆ)وە کەمکردەوە .
ئاژانسی ڕۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکیدا سەبارەت بە ئاستی فرۆشتنی نەوت رونیکردەوە:"بەپێی زانیارییە دەریاوانی و بازرگانییەکان، هەرێمی کوردستان لە مانگی حوزەیران، 9 ملیۆن بەرمیل نەوتی لەرێِ◌َی 11 کەشتییەوە لە بەندەری جەیهانی تورکیاوە فرۆشتووە و پاشان ئە و پڕەی بە تەواوەتی ڕاگرتووە کە بۆ کۆمپانیای سۆمۆی تەرخان کردبوو .
لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: "لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو، دوای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ ڕێککەوتنێکی نەوتییان ئیمزا کرد، یەکەمجارە هەرێم بە و پڕە زۆرە نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ بفرۆشێت .
بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕۆیتەرز، هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان بەشێوەی سەربەخۆی دەستپێکردەوە دوای ئەوەی لە ساڵی 2014 لە ڕێی کەشتییە نەوتییەکانی سەر بە کۆمپانیای یونایتدەوە نەوتەکەی ڕەوانە دەکرد و لە بازاڕەکانی دەریای ناوەڕاستدا دەیفرۆشت .
ڕۆیتەرز لە زاری سەرچاوەیەکی بازرگانی کە بەشدارییی لە پرۆسەکەدا کردووە، بڵاویکردەوە: "کڕیارەکان لە زۆربەی جارەکاندا، هیچ پەیوەندییەکیان بە کۆمپانیای سۆمۆوە نەبووە ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 464

## ڕێژە و ژمارەی پێکهاتەکانی جەلەولا و سەعدیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040910021869620

...



تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: خانەقین
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 465
## ڕێژەی ئاگرکەوتنەوە لە هەرێم کەمی کردوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014072210045019087

کوردستان ڕەسوڵ
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، ئەمساڵ بەراورد بە ساڵانی رابردوو، ڕێژەی سووتانی پاوان و دارستان و ڕەزو باخ کەمی کردوە.
حسێن حەمە کریم، بەڕێوەبەری گشتی دارستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێم بە خەندانی راگەیاند: ئەم ساڵ نۆ هەزار و 886 دۆنم، لە دارستان و ڕەزو باخ و پوشو پەڵاش سووتاوە، بەشی زۆری ئەم ئاگرکەوتنەوانەش دەکەوێتە سنووری پارێزگای سلێمانی .

بەڕێوەبەری گشتی دارستان ئەوەشی وت: "بەراورد بە سێ ساڵی رابردوو، ڕێژەکە کەمی کردووە، چونکە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا تامانگی دە نزیکەی 70 بۆ 80 هەزار دۆنم دەسووتا ."
لەبارەی هۆکارەکانی کەم بوونەوەی ئاگرکەوتنەوە، ئە و بەڕێوەبەرە گشتیە روونیکردەوە: چەندین هۆکار دەوریان هەیە، بەڵام لە گرنگترینیان نەمانی تۆبارانی ئێران و بۆردوومانی تورکیایە بۆ سنوورەکانی هەرێم، کە ساڵانە بەم هۆیەوە ڕێژەیەکی زۆری دارستان و پوش و پەڵاش و ڕەزو باخ دەسوتان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 466
## ڕێژەی بارانبارینی 24 کاتژمێری رابردووی هەرێمی کوردستان
http://www.kurdipedia.org/?q=2013110816170388015
لە 24 کاتژمێری رابردوودا شەپۆلێکی بارانبارین هەرێمی کوردستانی گرتەوە و سەرچاوەیەک ئاماژە بەوە دەکات، زۆرترین ڕێژەی بارانبارین لە سلێمانی بووە.
سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێمی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: لە 24 کاتژمێری رابردوو زۆرترین ڕێژەی بارانبارین لە سنوری پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە.
ئاماژەی بەوەشکرد، بەگوێرەی پێشبینیەکان لە دوو ڕۆژی داهاتوو ئەگەری بارانبارین دەکرێت بەڵام

لەکاتی ئێستا هیچ پێشبینیەک بۆ بارینی بەفر لە ناوچە شاخاویەکان ناکرێت..
وتیشی : ڕێژەی بارانبارینیش بەمجۆرە تۆمارکراوە هەولێر 0.4 ملم - پیرمام 2.3ملم - قەزای سۆران 5ملم - سلێمانی 10ملم - چەمچەماڵ 0.1 ملم - کەلار 0.2 ملم - مەیدان 0.2 - دهۆک 0.1 ملم - زاخۆ 2ملم - ئاکرێ 1ملم - بامرنیچ 1.8ملم - خانەقین 3.1ملم تۆمارکراوە.
سەبارەت بە پێشبینیەکان بۆ 24کاتژمێری داهاتوو سەرچاوەکەی کەشناسی هەرێمی کوردستان وتی: بەهۆی نزمەپاڵپەستۆیەک کە لە دەریای سورەوە کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە بۆ 24سەعاتی داهاتوو ئەگەری بارانبارین دەکرێت، لەگەڵ بوونی هەورە تریشقە، ئەو کاریگەریە دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-08

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 467

## ڕێژەی بەشداربون لەدەنگدانی تایبەت زیاتر لە80% بوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130919193988662

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایدەگەیەنێت، ڕێژەی بەشداریکردن لەدەنگدانی ئەمڕۆی تایبەت بەهێزە ئەمنیەکان زیاتر لە80% بوە و جیاکردنەوەی دەنگەکانیش پاش بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی گشتی دەبێت.
هێمن مامەند، هەولێر: بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، هەندرین محەمەد، ئەمشەو، پێنجشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان ڕێژەی بەشداربون لەدەنگدانی تایبەت زیاتر لە 80% بوە.
هاوکات سەرچاوەیەکی کۆمسیۆن لەسلێمانی رایگەیاند، ئەمشە و سندوقەکانی دەنگدانی تایبەت دەگەیەندرێنە ئەو ناوەندانەی لەلایەن کۆمسیۆنەوە لەشارەکان دیاریکراوە کە لەشاری سلێمانی هۆڵی وەرزشی مامۆستا عارف تەرخانکراوە.
وتیشی، سبەینێ تەنها پرۆسەی موتابەقە و ژماردنی سندوقەکان دەبێت و پێدەچێت جیاکردنەوەی دەنگەکانی دەنگدانی تایبەت لەرۆژی یەکشەممەی داهاتووەوە دەست پێبکات، واتە پاش تەواوبونی دەنگدانی گشتی.
لەلایەکی ترەوە پەیامنێرمان لەهەڵەبجەوە پێی راگەیاندین، لەکۆی 1183 دەنگدەر لەقەزاکە 1160 کەس دەنگیان داوە و بەمپێیەش ڕێژەی بەشداریکردن 98% بوە.
راشیگەیاند، تەنها قوتابخانەی بورهان وەک ناوەندی دەنگدانی تایبەت لەهەڵەبجە دیاریکراوە.
کاتژمێر حەوتی سەرلەبەیانی ئەمرۆ پێنجشەممە، دەنگدانی تایبەتی هێزە ئەمنییەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکردو بەپێی ئامارەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش کۆی دەنگدەرانی هێزە ئەمنییەکان 157020 دەنگدەرە و 99 بنکە و 381 وێستگەی تایبەتیان بۆ تەرخانکراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-09-19

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 468

## ڕێژەی بەشداری کردنی هاوڵاتیان لە هەندێک لە شاروشارۆچکەکانی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014043021345476027

پارێزگای هەڵەبجە 72 %
چۆمان لە 80 %
سەیدسادق 70 %
رانیە 4، 72%
شەقلاوە 75 %
قەڵادزێ 78%
ماوەت 87 %
چەمچەماڵ 73 %
حاجیاوا 72%
کەلار لەسەدا 66
سۆران 78%
پێنجوێن 76 %
کفری 66%
ناڵپارێز 89%
ڕەواندز 82%
رزگاری 72 %
دەربەندیخان 75،5%

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 469

## **رێژەی دەرچوونی زانستی و وێژەیی - 2014**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071713590377033

پشتیوان سادق، وەزیری پەروەردە لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا، رێژەی دەرچوون و ناوی 10 یەکەمەکانی هەردوو لقی ئامادەیی و وێژەیی راگەیاند.
رێژەی دەرچوونی بەشە زانستییەکان 25،5%
رێژەی دەرچوونی بەشە وێژەییەکان 23،23 %
رێژەی دەرچوونی بەشە پیشەییەکان 32،78%
رێژەی دەرچوونی خوێندکاران بە گشتی، 24%ە.
دوو خوێندکاری کچ بە 99.86% لە هەولێر و سلێمانی یەکەم بوون.
وەزیری پەروەردە رایگەیاند، یەکەم، دووەم و سێیەمی هەرێمی کوردستان لەلایەن نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان خەڵات دەکرێن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 17-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 470

# ڕێژەی دەنگ و کورسییەکانی هەدەپە لە سەرجەم شارەکانی باکووری کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060810100965994

دوای ئەوەی دوێنێ یەکشەمە 7ی حوزەیرانی 2015، هەڵبژاردنی پەرلەمان لە سەرتاسەری تورکیا دەستی پێکرد، دوای جیاکردنەوەی دەنگی پارتەسیاسیەکانی ئە و وڵاتە بە پێی دوایین ئەنجامی بەرایی دەنگی لایەنەکان لەسەرتاسەری تورکیا بەم شێوەیەبوو :

HDP: 13%

AKP: 41.7%

JHP: 25.2%

MHP: 16.8%

جێی ئاماژەیە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) وێرای تێکشکاندنی بەربەستی 10% و بەدەستهێنانی نزیکەی 13% ی دەنگەکان لە سەرتاسەری تورکیادا کە دەکاتە نزیکەی 80 کورسی پەرلەمانی ئە و وڵاتە، توانی زۆرینەی دەنگەکان و کورسیەکانی باکووری کوردستان بۆخۆی مسۆگەر بکات.

ڕێژەی دەنگەکانی لیستی هەدەپە لە ناوچە کوردییەکان بەم شێوەیەبوو:

جولەمێرگ: 87% سەرجەم سێ کورسیەکەی بەدەستهێناوە.

شرناخ: 85% سەرجەم چوارکورسیەکەی بەدەستهێناوە.

ئامەد: 78%،لە کۆی 11 کورسی ئە و شارە 10 کورسی بەدەستهێناوە.

ئاگری: 78% سەرجەم 4 کورسیەکەی بەدەستهێناوە.

باتمان: 77% لەکۆی چوار کورسی سێ کورسی بەدەستهێناوە.

وان: 73% لە کۆی 8 کورسی ئە و شارە 7کورسی بەدەستهێناوە.

ماردین:72.5% لە کۆی 6 کورسی ئە و شارە 5 کورسی بەدەستهێناوە.

موش: 70% لەکۆی سێ کورسی دوو کورسی بەدەستهێناوە.

سێرت: 65% لەکۆی سێ کورسی دوو کورسی بەدەستهێناوە.

بتلیس: 60% لەکۆی سێ کورسی دوو کورسی بەدەستهێناوە.

دەرسیم: 60% سەرجەم دوو کورسیەکەی بەدەستهێناوە.

ئیدر: 56% سەرجەم هەردوو کورسیەکەی بەدەستهێناوە.

قەرس: 44% لەکۆی سێ کورسی دوو کورسی بەدەستهێناوە.

چەولیک: 40.5% لە کۆی سێ کورسی یەک کورسی بەدەستهێناوە.

ئورفا: 38.3% لە کۆی 12 کورسی 5 کورسی بەدەستهێناوە.

ئەردەهان: 30% لەکۆی دوو کورسی یەک کورسی بەدەستهێناوە.

ئادیامان: 22% لە کۆی 5 کورسی یەک کورسی بەدەستهێناوە.

ئەرزروم: 17.5% لە کۆی 6 کورسی یەک کورسی بەدەستهێناوە.

عەنتاب: 15% لە کۆی 12 کورسی ئە و شارە 2 کورسی بەدەستهێناوە.

لە ئەستەنبوڵیش: 13% ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە و بووەتە خاوەنی 11 کورسی لە و شارە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلانHDP - |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 471

## ڕێژەی دەنگدان زیاتر لە 73% بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092121490688573

سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند، ڕێژەی دەنگدان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 73.9% بووە.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، سەربەست مستەفا، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئێوارەی ئەمڕۆ(شەممە)، ڕایگەیاند، ڕێژەی گشتیی دەنگدان لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، دهۆک و سلێمانی 73.9% بووە و ڕێژەی پارێزگاکانی بەمشێوەیەیە:
هەولێر 71.7%، سلێمانی 73% و دهۆکیش 76.4%.
سەربەست مستەفا جەختیشی کردەوە، ئەو هەواڵانەی لە هەندێک دەزگای ڕاگەیاندن سەبارەت بە ئەنجامی هەڵبژاردن بڵاودەبێتەوە، تەعبیر لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ناکات و گوتەی خۆیانە.
هاوکات ئەوەشی ڕونکردەوە کە هەر کاندیدێک بۆ گەیشتنی بە پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە (19600) دەنگ هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 21-09-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 472

## ڕێژەی دەنگدانی تایبەت لەناوچەکوردییەکانی نەینەوا 85% بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042821122376005

خەندان-ڕەهێل سەمەد
لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچونی دەنگدانی تایبەت لە ناوچەکوردییەکانی پارێزگای نەینەوا نوێنەری قەوارەسیاسیەکان ڕایدەگەیەنن پرۆسەی دەنگدانەکە بەشێوەیەکی ئاسایی و بەبێ کێشە بەڕێوەچوو و ڕێژەی دەنگدان گەیشتۆتە 85%.
حسێن دەرمان وتەبێژی لیستی (ی ن ک) لە پارێزگای نەینەوا و ڕێکخەری ئەو لیستە لە کۆمسیۆن هەڵبژاردنەکان بە خەندانی ڕاگەیاند: لە سنوری ناوچە کوردستانیەکانی پارێزگای نەینەوا 12 بنکەی دەنگدانی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرایەوە و تاکو کاتژمێر شەشی ئێوارە ڕێژەی دەنگدەران 85% بەشداریان لەو پرۆسەیە کرد.
حسێن دەرمان وتیشی: لە ناوچە کوردییەکانی نەینەوا لە کاتی بەڕێوەچوونی دەنگدانی تایبەت هیچ ڕووداوێک ڕووینەدا، بەڵام لەناوچەکانی تری ئەو پارێزگایە چەند ڕووداوێک ڕوویدا و قوربانی لێکەوتەوە کە لە نێوشیان ژمارەیەک ڕۆژنامەنوس بریندار بوون.
لە پارێزگای نەینەوا 28 قەوارەی سیاسی کێبرکێ لەسەر 31 کورسی نیشتیمانی و 3 کورسی کۆتا دەکەن، بۆئەمەش یەک ملیۆن و 916هەزار کەس مافی دەنگدانی لەو هەڵبژاردنەدا هەیە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 28-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: موسڵ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 473

## ڕێژەی دەنگدانی شارەکانی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20130921215251885711

ناو هەولێر.. ڕێژەی دەنگدان 55% بووە
سلێمانی.. ڕێژەی دەنگدان 72% بووە
دهۆک.. ڕێژەی دەنگدان 74% بووە
ئاکرێ.. ڕێژەی دەنگدان 80% بووە
ڕواندز.. ڕێژەی دەنگدان 80% بووە
باسرمە.. ڕێژەی دەنگدان 78% بووە
سێبیران.. ڕێژەی دەنگدان 80% بووە
بەردەڕەش.. ڕێژەی دەنگدان 79% بووە
.بەحرکە. ڕێژەی دەنگدان 82% بووە
ئامێدی.. ڕێژەی دەنگدان 80% بووە
هەریر.. ڕێژەی دەنگدان 76% بووە
هەڵەبجەی تازە.. ڕێژەی دەنگدان 75% بووە
چەمچەماڵ.. ڕێژەی دەنگدان 72% بووە
پێنج وێن.. ڕێژەی دەنگدان 76% بووە
کۆیە.. ڕێژەی دەنگدان 75% بووە
کەڵەک.. ڕێژەی دەنگدان 82% بووە
خەلیفان.. ڕێژەی دەنگدان 83% بووە
زاخۆ.. ڕێژەی دەنگدان 76% بووە
ڕانیە.. ڕێژەی دەنگدان 67% بووە
کۆرێ.. ڕێژەی دەنگدان 75% بووە
شێخان.. ڕێژەی دەنگدان 74% بووە
پشدەر و بتوێن.. ڕێژەی دەنگدان 67% بووە
کەلار.. ڕێژەی دەنگدان 70% بووە
پیرمام.. ڕێژەی دەنگدان 80% بووە
مێرگەسور.. ڕێژەی دەنگدان 80% بووە
بارزان.. ڕێژەی دەنگدان 80% بووە
گەرمیان.. ڕێژەی دەنگدان 70% بووە
کەسنەزان.. ڕێژەی دەنگدان 80% بووە
سۆران.. ڕێژەی دەنگدان 72% بووە
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-09-21

کویک ریسپۆنس کۆد:


---

بابەتی ژمارە: 474

## ڕێژەی دەنگی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی 1992، 2009 و 2013

http://www.kurdipedia.org/?q=20140103225923868620

...




تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 475

## ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانی نوێی تورکیا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060911133085514

لە کۆی کورسییەکانی پەرلەمانی نوێی تورکیا، زیاتر لە 90 کورسی بۆ خانمان دەبێت کە ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە بۆ ڕێژەی خانمان لە و ناوەندە هەستیارەی ئە و وڵاتەدا.
بەپێی ئامارێک کە ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی فەرەنسا ئەنجامیداوە، لەکۆی 550 کورسیی پەرلەمانی نوێی تورکیا، 96 کورسی بووەتە پشکی خانمانی ئە و وڵاتە و ئەمەش بۆخۆی ژمارەیەکی پێوانەییە.
لە ئامارەکەی ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی فەرەنسا هاتووە کە 41 لە و خانمانە سەربە پارتی داد و گەشەپێدانی ئیسلامیی موحافزکارە کە ماوەی 13 ساڵە جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و خاوەنی 254 کورسییە، لە پشکی پارتی گەلی کۆماریش کە 132 کورسیی بەدەستهێناوە، 20 خانم هەیە و پارتی کاری نەتەوەپەرتیش چوار خانمی لە پەرلەماندا هەیە.
سەبارەت بە پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، کە لەپێناو یەکسانیی نێوان ژن و پیاو تێدەکۆشێت، لەکۆی 80 ئەندام، 31یان مێیینەن.
تەنها 79 ئەندامی پەرلەمانی ماوە بەسەرچووی ئێستای تورکیا، لە ڕەگەزی مێ بوون، ڕێکخراوەکانی مافی ژنانیش پێیان وایە لە وڵاتێکی وەک تورکیا کە زۆربەی پێکهاتەکەی موسڵمانە، ڕەوشی ژنان لە خراپیدایە، بەتایبەت دوای جڵەوگیریی پارتەکەی ئەردۆغان کە ساڵانە سەدان حاڵەتی توندوتیژیی ناو خێزان و تاوان بە بیانووی شەرەف ڕوودەدەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: TRتورکیا

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 476

## ڕێژەی سووتاندنی دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتە (96) حاڵەت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014073009372477180

سووتاندنی دارستان و لەوەڕگاکانی مەریوان و هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن پاسداران و بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئێرانەوە بەردەوامە.

بە سووتاندنی ژینگە و دارستان و لەوەڕگای گوندەکانی؛ پشت پارکی گوڵانی مەریوان، بەیەڵە و نژمار سەربە مەریوان، بناوەچلە سەربە خاوومیراوای شاری سەوڵاوا، ڕێژەی ئاگرەکان گەیشتە(96) حاڵەت.
بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەدەستمان گەیشتوون، لە ڕێکەوتی4 و 5 گەلاوێژ ئاگر لە دارستان و لەوەڕگای گوندەکانی "پشت پارکی گوڵانی مەریوان، بەیەڵە و نژماری سەربە مەریوان، بناوەچلەی سەربە خاوومیراوای شاری سەوڵاوا کەوتۆتەوە.
بەو پێیە لە سەرەتای ساڵەوە تا ئێستا، ڕێژەی ئاگرەکان گەیشتە(96) حاڵەت.
ڕاگەیەندرا کە ئاگرەکان لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی سەوزی چیا و گوندنشینان کۆنترۆڵکران.
سەرەڕای سکاڵای هاوڵاتیان، تا ئێستاش لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئێرانەوە هیچ ڕێوشوێنێکی پێویست نەگیراوەتە بەر.
شایەنی باسە ماوەی زیاتر لە مانگێکە نەیارانی ژینگە و سروشتی کوردستان بە فەرمانی سوپای پاسداران و ئیتلاعات دارستانەکانی گوندەکانی هەرێمی مەریوان و هەورامان چیاکانی کوردستان دەسووتێنن و دەیانەوێ بەم شێوەیە سروشتی جوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناو ببەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 477

## ڕێژەی سەرپێچی کردنی شوێنە گەشتیارییەکان بۆ نیوە کەمی کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140116160425866665

بەراورد بە ساڵانی پێشووتر شوێنە گەشتیاریەکانی شاری سلێمانی زیاتر پابەندن بە جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی وەک لە ئامارەکاندا هاتووە و سەرپێچی کردنی شوێنە گەشتیارییەکان سەدا 44 کەمی کردوە.
بەگوێرەی راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: دوای ئەنجامدانی پشکنین بۆیان و لە چوارچێوەی یاسادا دەرکەوتووە، لە ساڵی 2012 دا 169 شوێنی گەشتیاری پسووڵەی سەرپێچیان بۆ کراوە و لە 2013 دا ئە و ڕێژەیە بۆ 135 حاڵەت کەمیکردوە.
ئاکۆ ئەحمەد عارف، بەڕێوەبەری پشکنینی گەشتوگوزاری سلێمانی رایگەیاند: زۆرێک لە شوێنە گەشتیارییەکانی سلێمانی لە ئێستادا خزمەتگوزارییەکانی دانانی پلەی گەشتیاری و مینیۆی تایبەت بە نرخ و یەک پۆشی جل و بەرگی کارمەندان و تابلۆ رووناکی و کەل و پەلی تایبەت بە خزمەتگوزاری بواری گەشتوگوزاری تێیاندا رەنگی داوەتەوە، ئەوەشی گەڕاندوە بۆ زۆری پشکنینەکان لە ڕێگەی لیژنەکانیانەوە کە تەنها لە ساڵی 2013 دا نزیکەی (1500) سەردانیان ئەنجامداوە لە شوێنە گەشتیاریەکانی شارەکە.
ئەئکیدی لەوەش کردوە: وەک گەشتوگوزاری سلێمانی بە هیچ شێوەیەک مەبەستیان نیە سزای مادیی شوێنە گەشتیارییەکان بدەن، بەڵکو لە کاتی سەردانەکانیاندا لیژنەکانی پشکنین چەندین جار لە کاتی بوونی کەم و کوریەکاندا ڕێنمای دەدەنە ئە و شوێنانە ئەویش بە و ئامانجەی زۆرترین سەرمایەدار سەرمایەکانیان لە بواری گەشتیاری و کردنەوەی شوێنی گەشتوگوزاری تازە وەگەر بخەن.
هاوکات راشیگەیاند: لە ساڵی 2013 (500) ئاگاداری پێش وەختە دراوەتە شوێنە گەشتیاریەکان کە لە 2012 دا (169) حاڵەتی ئاگادار کردنەوە بوونی هەبوە کە ئەوەش دەرخەری ئەوەیە هەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی ڕێنمایی بە باشتر دەزانێت وەک لە سزای مادی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-16

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 478

## ڕێژەی هەژاریی لە عیراق بۆ ئەم ئاستە بەرزبۆتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014090111234777201

وەزارەتی پالاندانانی عیراق ئاشکرایکرد، ڕێژەی هەژاریی لە عیراق بەرزبۆتەوە بۆ ئاستی سەدا 30، بەهۆی سەرهەڵدانی بارگرژییە ئەمنیەکانی ئەمدواییەی رooیان لەپارێزگاکانی عیراق کردووە دوای پەلاماری چەکدارانی داعش، ئەمە لەکاتێکدایە کەپێشتر ئە و ڕێژەیە دابەزیبوو بۆ سەدا 19 .
عەبدولزەهرە هنداوی، وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عیراق رایگەیاند، "شەپۆلی ئەمدواییەی خێزانە ئاوارەکان بەهۆی هەڕەشەی چەکدارانی داعش گەیشتۆتە زیاتر لە ملیۆنێک و 600 هەزار کەس کە لەبارودۆخێکی دژواردا ژیان بەسەردەبەن"، وتیشی: بەهۆی ئە و کارەساتەی بەسەر ئە و خێزانە ئاوارانەدا هاتووە، ڕێژەی هەژاریی لە عیراق بەرزبۆتەوە بۆ سەدا 30 لەمساڵدا، لەکاتێکدا پێشتر ئە و ڕێژەیە دابەزیبوو بۆ سەدا 19 بەپێی ئامارەکان .
لە لێدوانێکی ڕۆژنامەییدا، هنداوی تەئکیدی کردەوە، "وەزارەتی پلاندانان هیچ ئامارێکی وردی لەبەردەستدا نیە لەبارەی ئاستی هەژاریی لەئێستادا"، دەشڵێت: وەزارەت بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بە تۆمارکردنی خێزانە ئاوارەکان سەرقاڵی سەرژمێریی کردنی ژماری ئاوارەکانە"، دەشڵێت: مەسەلەی هەژاریی کەرتی تەندروستی و نیشتەجێ بوون و کارو فێرکردن و تێکچوونی باری گوزەران دەگرێتەوە کە بەهۆی کەمبوونەوەی ئە و خزمەتگوزارییانە ڕێژەی هەژاری بەرزدەبێتەوە .
وەزارەتی پلاندانانی عیراق لەمانگی تەمموزی ساڵی 2013 ئاشکرایکرد، پێشتر ڕوپێویەکی کردووە و تیایدا ئاستی هەژاری لەسەرتاسەر عیراقدا دەستنیشانکردووە کە لە سەدا 23 بووە و دابەزیوە بۆ سەدا 18.9 بەپێی ئە و ئامارانەی وەزارەتەکە پێشتر پشتی پێبەستوون لەکاتی هەژمارکردنی ژمارەی خێزانە ئاوارەکان بەهۆی بارگرژیی ئەمنی ناوچە کارەساتبارەکانی عیراق ژمارەی ئاوارەکان بە نزیکەی 2 ملیۆن کەس مەزەندە کراوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: IQئێراق

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 479

## ڕێژەی کوتانی منداڵان لە گەرمیان 108% بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042008570365483

ڕۆژنیوز ـ ناوەندی هەواڵەکان
ڕێژەی کوتانی منداڵان لە هەڵمەتی کوتان دژ بە نەخۆشی ئیفلیجی لە گەرمیان، 108% بووە.
فەریق عەبدولرەحیم، بەرپرسی هۆبەی ڤاکسین لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، کە سەرپەرشتی پرۆسەی کوتانی منداڵان دژ بە نەخۆشی ئیفلیجی دەکات، بە ڕۆژنیوزی وت "لەچوارچێوەی دوایین هەڵمەتی کوتان کە ڕۆژی یەکشەممەی رابردوو تا دوێنێ بەردەوام بوو، زیاتر لەو ڕێژەیەی کە ئامانجی پرۆسەکە بوو، منداڵان کوتراون". رونیکردەوە: ئامانجی هەڵمەتەکە لە

گەرمیان (29) هەزار و (528) مناڵ بووە لە گەرمیان، لەگەڵ (4) هەزار و (319) منالّی ئاوارە. ئاشکرایکرد: لەو ڕێژەیە، (32) هەزار و (59) منالّ لەگەڵ (3) هەزار و (776) منالّی ئاوارە کوتراون، بەوپێیەش کۆی ڕێژەی کوتان: 108.57% بووە. فەریق عەبدولرەحیم، سوپاسی ئەندامانی تیمەکانیان کرد کە ئەرکەکەیان بە باشی بەجێهێناوە، هەروەک سوپاسی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دایکان و باوکانیش کرد کە بە پەرۆشیەوە بەشدارییان لە هەڵمەتەکەدا کردوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🖉تەندروستی
شارەکان: کەلار (گەرمیان(
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 480

## ڕێژەی ئاوارەکان لە هەرێم ئاشکرا دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150624210617856 16

ئەمڕۆ چوارشەممە 24ی حوزەیرانی 2015، لە شاری هەولێر لە میانەی بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی بۆ بەڕێوەبەری فەرمانگەی بەدواداچوون ولامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان ئەوە ئاشکرا کرا کە زیاتر لە لەسەدا 50ی ئاوارەکانی عیراق لە ناوخۆی هەرێم نیشتەجێن، ڕاشیگەیاند، "حکومەتی عیراقی و ڕێکخراوە نێودەولەتیەکان وەکو پێویست هاوکاری ئە و خەڵکانەیان نەکردووە." لە و کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەدا د. دیندار زێباری بەڕێوەبەری فەرمانگەی بەدواداچوون و وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتیەکان ڕایگەیاند: "بە گوێرەی دوا ئامارەکان زیاتر لە یەک ملیۆن و 700 هەزار ئاوارەی ناوخۆی عیراق و پەنابەرانی سوریا لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ کراون، ئەمەش زیاترە لەسەدا 50ی ڕێژەی ئاوارەکانی سەرجەم عیراق."
وتیشی: "ئە و ئاوارانە لە 30 کەمپی جۆراوجۆر و لەشارو شارۆچکەکان نیشتەجێ کراون و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێداویستەکانیان بۆ دابین دەکرێت.
ئەوەشی خستەڕوو: "حکومەتی عیراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نەیانتوانیوە سەدا 6ی پێداویستی ئە و ئاوارانە دابین بکەن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: پەناهاندە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 481

## ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدان لە خانەقین و سەعدیە و جەلەولا و قەرەتەپە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140430213757760 28

خەندان -سۆران کەریم

بە پێی ئەو زانیارییانەی لە لایەن نوێنەری حزبە کوردستانییەکانەوە دەست خەندان کەوتوون، ڕێژەی بەشداریکردن لە ناحیەی جەلەولا، لە کۆی 47 هەزار دەنگدەر، 21 هەزار و750کەس دەنگی داوە، ئەمەش لە کۆی 16 بنکە، بەڵام تائێستا ڕێژەی بەشداربوونی سێ بنکەی ئەو ناحییە نازانرێت کە لە ناو گوندە عەرەبە سوننەکان دانراوە.
هاوکات لە ناحیەی قەرەتەپە لە کۆی 24 هەزار دەنگدەر، نزیکەی 12 هەزار دەنگدەر بەشدارییان کردووە و ئەمەش ئەکاتە 50% دەنگدەران. هێمن مەنسوور، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی 8ی خانەقینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە خەندان_ی ڕاگەیاند :"لە پارێزگای دیالە ڕێژەی بەشداربوون نزیکەی 40% دەبێت، بەڵام تەنها لە ناوەندی خانەقین ڕێژەی بەشداربوون گەیشتووەتە سەرووی 65 ."%
روونشیکردەوە، بەپێی ئەو ڕێژەیە بێت، بۆ ئەم هەڵبژاردنە ئەگەر سێ کاندیدی کورد لە دیالە سەرنەکەون، بێگومان دوو کاندید سەردەکەون. بەڵام لە ناحیەی سەعدییە ڕێژەی بەشداریکردن نزیکەی 25% دەبێت، ئەمەش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم دادەنرێت. بەڵام بەهۆی دروستبوونی گرفت لە کۆکردنەوەی پێداویستییەکانی بنکەکان، وەک بەرپرسێکی کۆمسیۆن لە قەزای کەلار رایگەیاند، تائێستا کۆی ڕێژەی بەشداربووان دیار نییە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 482

## ڕێژەی جیابوونەوە لە سلێمانی زۆر زیادیکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141124212721780411

بەرپرسی پلاندانان و توێژینەوە لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سلێمانی، رایگەیاند کە ڕێژەی جیابوونەوە و تەڵاق لە سلێمانی زۆر زیادیکردووە.
هێمن عەبدولقادر بەرپرسی پلاندانان و توێژینەوە لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سلێمانی لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئاماری فەرمی لێکجیابوونەوە و تەڵاق و هاوسەرگیری لە دادگای سلێمانی راگەیاند.
هێمن عەبدولقادر دەڵێت: "لە ساڵی 2013دا 15 هەزار و 883 حاڵەتی هاوسەرگیری هەبووە لە بەرامبەردا دوو هەزار و 184 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە هەبووە."
بەرپرسەکەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سلێمانی ئەوەشی خستووەتەڕوو کە لەساڵی 2014 تا مانگی تشرینی یەکەم، 11 هەزار و 374 حاڵەتی هاوسەرگیری هەبووە.
ئاشکراشیکرد کە لە هەمان ماوەدا "دوو هەزار و 796 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە هەبووە."
هێمن عەبدولقادر دەڵێت: "لە 2014دا بەداخەوە ڕێژەکە زۆر زیادی کردووە کە ئەمەش قسەی زیاتر هەڵئەگرێ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-24

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 483

## ڕێژەی دەنگدانی تایبەت لە پارێزگاکانی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20140428223333876010
به پێی زانیارییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕێژەی دەنگدانی تایبەت لە پارێزگای سلێمانی لە هەولێرو دهۆک زیاترە.
سیروان ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق ئاشکرایکرد، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەی دەنگدانی تایبەت گەیشتۆتە (99.5%).
هاوکات ڕێژەی دەنگدانی تایبەت لەدهۆک (82%)و لەکەرکوک (84%)و لەپارێزگای هەولێریش ڕێژەی دەنگدانی تایبەت گەیشتۆتە (92%).
سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - 28-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 484
## ڕێژەی مارەکردن کەمی کردووە و تەڵاق لەزیادبووندایە
http://www.kurdipedia.org/?q=20140213161206224970
خەندان-ڕەهێل سەمەد
ئەمرۆ پێنچشەممە، 13ی شوباتی 2014 لەشاری هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا وتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئاماری کاروچالاکیەکانی ساڵی ڕابردووی دادگاکانی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو کە بریتیە لە مامەڵەی ئەنجامدراو و کارەکانی سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوە.
لە و بارەیەوە ئومێد موحسین وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم ڕایگەیاند: سەبارەت بە مامەڵەی ئەنجامدراو لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵی 2013، مامەڵەکان بەمجۆرە بوون: لە پارێزگای هەولێر 18هەزار و 354 حاڵەتی مارەکردن و دوو هەزار و 760 حاڵەتی تەڵاق و 39 حاڵەتی هێنانی ژنی دووەم تۆمار کراوە، ئەمە لەکاتێکدا لە پارێزگای سلێمانی 14هەزار و 911 مارەکرن و دوو هەزار و 184 تەڵاق و 16 حاڵەتی هێنانی ژنی دووەم تۆمارکراوە، لە پارێزگای دهۆکیش 13هەزار و 370 مارەکردن و هەزا و 53 تەڵاق و 6 حاڵەتی هێنانی ژنی دووەم تۆمارکراوە، لە کەرکوک و گەرمیانیش شەش هەزار و 114 مارەکردن و 420 تەڵاق و یەک هێنانی ژنی دوەم هەبووە.
هەرلە و کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەدا چەند ئامارێکی دیکەی دادگاکان لە بارەی وەفاتنامە و گلدانەوە و پەسەندکردنی مارەپرینی دەرەکی و ڕاسپاردنامە و چەند جۆرێکی دیکەی مامەڵەی دادگاکان خرایەڕوو، بەڵام بەگشتی باس لەوە کرا کە ڕێژەی مارەکردن لەماوەی ساڵی 2013 لە هەرێمی کوردستان بەراورد لەگەڵ ساڵی 2012 کەمی کردووە، ئەمە لەکاتێکدا ڕێژەی تەڵاق لەزیادبووندایە.
هەرلەچوارچێوەی خستنەڕوی ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری کارەکانی سەرۆکایەتی دادگای پێداچونەوەی هەرێم (تەمیز) لەماوەی ساڵی ڕابردوو ئاشکرا کرا.
لەکۆتایی کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکەدا ئاماری سەرجەم دادگاکان ئەوانەی لەبەردەمی دادگان و ئەوانەی یەکلاکراونەتەوە ڕاگەیەنرا کە پێکهاتبوون لە دادگاکانی تێهەڵچونەوە و تاوان و کەتن و نەوجەوانان و لێکۆڵینەوە و باری شارستانی و کار و بەرایی و کاروباری کەسی و بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-02-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 485

## ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015090815394885994

وەزارەتی پلاندانانی عیراق رایگەیاند، ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ساڵی 2014، لەسەدا دوانزەیە و ئە و ڕێژەیەش نزمترین ئاستە لەنێوان تێکرای ناوچەکانی تری عیراق .
عەبدلزەهرە هنداوی وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی فیدراڵ رایگەیاند، ئاستی هەژاری لە عیراق لە ساڵی 2014 بۆ لەسەدا بیست و دوو و پۆینت پێنج، رووی لە زیادبوون کردووە، ئەوەشی خستەڕوو کە پارێزگاکانی ژێر دەستی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، ڕێژەی هەژاری تیایاندا گەیشتووەتە 41 .%
هنداوی وتیشی:"ڕێژەی هەژاری لە پارێزگاکانی باشوور گەیشتووەتە 31%، لەکاتێکدا ڕێژەی هەژاری لە پارێزگاکانی ناوەڕاست 17% و لە بەغدای پایەختیش ئە و ڕێژەیە 13%یە ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-09-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 486

## ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سووریا: زیاتر لە 101 هەزار کەس کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091122033988812

بەپێی ئامارێک لە سەرەتای دەستپێکردنی سەرهەڵدانەکانی سووریا تاوەکو ئێستا 101 هەزار و513 کەس کوژراون و بە هۆکاری هەمەجۆریش 215 هەزار کەس دەستگیرکراون، هاوکات 3 هەزار کەسیش ماڵ و حاڵیان وێران بووە.
ئامارەکە لەلایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سووریا بڵاوکراوەتەوەو تێیدا ئاماژە بەوە کراوە "لە 2011/3/15 تاوەکو 2013/8/21 ژمارەی کوژراوان لە سووریا گەیشتووەتە 101 هەزار و513 کەس، لەو ژمارەیەش 89 هەزار و 644 کەس سڤیلن، بەو پێیەش ئەو ڕێژەیە بە 88% دەستنیشانکراوە، ئەو ڕێژەیەش زۆر زیاترە لە ڕێژەی کوژراوە سڤیلەکانی جەنگی دووەمی جیهان کە ڕێژەکەی 57% بووە.
لەو ڕێژە کوژراوەی خەڵکی سڤیل، 10 هەزار و 913 کوژراو منداڵن، 9 هەزار و 911 کوژراوی دیکەش ژنن، هاوکات 2 هەزار و 964 کەسیش لەژێر ئەشکەنجە لە گرتووخانەکان گیانیان لەدەست داوە.
11 هەزار و 849 لە هێزە چەکدارەکانی سەر بە هێزە بەرهەڵستکارەکانی سووریا کوژراون.
لە هەر 2 کاژێرێک، منداڵێک دەکوژرێ
لە راپۆرتەکەدا هاتووە لە هەر کاژێرێک 6 کەس دەکوژرێن، لە ماوەی 2 کاژێریشدا منداڵێک و لە 3 کاژێریشدا ژنێک دەکوژرێت، بە کۆی گشتیش هەر رۆژێک 135 کەس دەکوژرێن.
راپۆرتەکە ئاماژەی بەوە داوە "لەو هێرشانەی کە هێزەکانی رژێمی بەشار ئەسەد کردوویانەتە سەر

ناوچە و شوێنی جیاجیای سووریا 3 هەزار و 399 و کچ، 10 هەزار 913 بوونەتە قوربانی، 2 هەزار و 305 کەس لەخوار تەمەنی 10 ساڵییەوەن، مردنی 530 منداڵیش بە ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان بووە و 79 منداڵیش لەژێر ئەشکەنجە گیانیان لەدەستداوە.
"لەماوەی سێ ساڵی بەردەوامی توندوتیژییەکانی شەڕی ناوخۆیی ئەو وڵاتە 284 کارمەندی تەندرووستی کوژراون، 143 پزیشک، 54 خاوەن دەرمانجانە و 87 کارمەندی تەندرووستین". ئەوەش خراوەتەڕوو کە 3 کارمەندی تەندرووستی دەستگیرکراون.
لە 215 هەزار دەستگیرکراو، 80 هەزاریان بێسەروشوێنن
لە راپۆرتی رێکخراوی مافی مرۆڤی سووریادا هاتووە "لە سەرەتای دەستپێکردنی توندوتیژییەکانی سووریاوە تاوەکو ئێستا هێزەکانی سەر بە رژێمی بەشار ئەسەد 215 هەزار کەسیان دەستگیرکردووە، زیاتر لە 80 هەزار کەسیش لە گیراوەکان بێ سەروشوێنن، لەنێو دەستگیرکراوەکاندا 9 هەزار منداڵ و 5 هەزار ژن هەن، کە لەلایەن بەندییەوانەکانەوە ئەشکەنجە دەدەرێن."
هاوکات ئاماژەی بەوە دراوە "3 ملیۆن ماڵ، هەزار و 451 مزگەوت، 3 هەزار و 700 قوتابخانە، 270 نەخۆشخانەی تایبەت و 33 کڵێسا لە رێگەی تانک، مووشەک، قازیفە و هێرشی ئاسمانییەوە رووخێنراون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2013-09-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 487

## رێکخراوی دۆر: بەرهەمی نەوتی هەرێم بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031021052665797

رێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان رایگەیاند کە بەرهەمی نەوتی هەرێم گەیشتوەتە (910) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا و و هەناردەش بۆ (740) هەزار بەرمیل بەرزبوەتەوە، پێشبینیشی کردووە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ساڵی 2016 هەرێم لەژێر بەندوباری بەغداد دەربهێنێت و بەوهۆیەشەوە ڕێکەوتنامەی بەغداد هەڵوەشێتەوە.
بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە بەبەراورد بەمانگی کانوونی دووەم، بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێم 65 هەزار بەرمیل زیادیکردووە و زیادبوونەکەش لەکێڵگەکانی تری هەولێر شێخان بووە.
لە راپۆرتەکەدا هاتووە "دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا زیانی لە داهاتی نەوتی هەرێم داوە و لە 845 ملیۆن و 500 هەزار دۆلار زیانەوە بۆ 885 ملیۆن دۆلار بەرزی کردووەتەوە."
رێکخراوی دۆر پێشبینیشی کردووە کە "بەرزبوونەوەی نرخی نەوت، ساڵی 2016 هەرێم لەژێر بەندو باری بەغدا دەردەهێنێت و ئەوەش وادەکات ڕێکەوتنامەی بەغداد هەڵوەشێتەوە و جیهان، لە مساڵەوە خاوبوونەوەی گەشەی بەرهەمی نەوت دەسپێدەکات، ئەوەش سود بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت."
راپۆرتەکە ئاشکراشیکردووە کە لە ئێستادا نیوەی نەوتی هەرێم لە ڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی عیراق سۆمۆوە هەناردە دەکرێت.
وریا هەورامی، بەرپرسی رێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان رایگەیاند: راپۆرتەکەمان بە پشت بەستن بەچەندین سەرچاوەی دەرەکی و ناوەکی گەیشتوە بە و ژمارەیە کە لەسەرو هەموویانەوە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و کۆمپانیا کارکەرەکانی نەوتن.
سەبارەت بە هەناردەی غازی سروشتی هەرێم بۆ تورکیا، رێکخراوی دۆر بە پشت بەستن بە راپۆرتێکی کۆمپانیای گەنەل ئینێرجی رایگەیاندووە کە "ساڵی (2018) هەناردەی غازی هەرێم بۆ تورکیا دەگاتە (4) ملیار مەتر سێجا و ساڵی (2020) بۆ (10) ملیار مەتر سێجا بەرز دەبێتەوە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 488

## ڕەشەبا زیانی 90 هەزار دۆلاری بە جوتیارانی پشدەر گەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20140330095243669411
خەندان کامەران عەبدە ساڵح
بەهۆی ئە و ڕەشەبایەی لە ئێوارەی دوێنێوە پارێزگای سلێمانی و سنووری ئیدارەی ڕاپەڕینی گرتەوە، ژمارەیەکی زۆر خانووی پلاستیکی جوتیارانی سنووری قەزای پشدەر تێکشکاون، زیانلێکەوتوانیش داوای قەرەبوو لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەن کە بە 90 هەزار دۆلار دەیخەمڵێنن.
بەکر ئەحمەد پیرۆت، خاوەنی خانووی پلاستیکی لە گوندی دۆڵەبەفرە، بە خەندانی ڕاگەیاند: شەوی ڕابردوو لەپشت جادەی سەرەکی گوندی "سوڵتانەدێ" لە نزیک ناحیەی سەنگەسەر، بەهۆی ڕەشەباوە 9 خانووی پلاستیکی بەتەواوی تێکشکاون.
وتیشی: "کۆی گشتی زیانی مادی ئە و خانووە پلاستیکییانە، بە زیاتر لە 90 هەزار دۆلار دەخەمڵێنرێت."
بەناوی سەرجەم خاوەنی خانووە پلاستیکییە خراپبووەکانیشەوە، داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد زیانلێکەوتوان قەرەبوو بکرێنەوە.
لایخۆیەوە، سەرچڵ فاروق، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پشدەر، بۆ خەندان ڕوونیکردەوە، کە تێکشکانی ئە و خانووە پلاستیکییانە دەچێتە خانەی ڕووداوی سروشتییەوە.
ئەوەشی خستەڕوو: زیانلێکەوتوان دەتوانن بەنووسراوێک داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان بکەن، بۆ ئەوەی دواتر لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پشدەرەوە، بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەرزبکرێتەوە.
ئەمە لەکاتێکدایە، کە دوو ساڵ لەمەوبەر، بەمەبەستی هاوکاریکردنی جوتیاران و هاندانی زیاتریان بۆ بەردەوامبوون لەسەر کاری کشتوکاڵی، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا خاوەنی ئە و خانووە پلاستیکییانە قەرەبوو بکاتەوە کە بەهۆی ڕەشەبای بەهێزەوە زیانیان بەردەکەوێت.
بەپێی زانیارییەکان، لەماوەی پێنج ساڵی ڕابردووەوە، لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمەوە 21 خانووی پلاستیکی بۆ ئە و جووتیارانەی قەڵادزێ دابینکرا کە زەوییەکانیان بەپیت بوو بۆ کشتوکاڵ، دوای ئەوەی دەرکەوت سوودێکی زۆریان هەیە لەبواری بەرهەمی کشتوکاڵیدا، لە لایەن جووتیارانی ناوچەکەوە داخوازی لەسەر ئە و خانوانە زیادیکرد، دواتر ژمارەیەک جووتیار لەڕێی کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتەوە 28 خانووی تریان کڕی.
لەئێستاشدا زیاتر لە 60 خانووی پلاستیکی لە سنووری پشدەردا هەیە، بەدواداچوونەکانی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی پشدەریش دەریدەخەن، کە ئە و ژمارە خانووە بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 30-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: ڕانیە
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 489

## ڕەوشی کەشوهەوا و پلەی گەرمای شارەکانی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20131023134724882331

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 490

## زانکۆی سلێمانی لە ریزبەندی 8555ی جیهاندایە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130804011738893309

بۆ خوێندنی ساڵی 2013 ریزبەندی زانکۆکانی جیهان دیاریکراو زانکۆی سلێمانی لەڕیزبەندی (8555)ی جیهان و یەکەمی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەپێی ریزبەندییەکە، کە ساڵانە لەلایەن دەزگای توێژینەوەی زانستی وێبۆمەتریکی ئیسپانی-یەوە بڵاودەکرێتەوە، زانکۆی سلێمانی لەناو سەرجەم زانکۆ ئەهلی و حکومییەکاندا یەکەمی هەرێمی کوردستانە و شەشەمی سەرجەم زانکۆکانی عێراقە.
لەسەر ئاستی جیهانیش زانکۆی سلێمانی لەپلەی (8555) جیهاندایە.
دەزگای توێژینەوەی زانستی وێبۆمەتریکی ئیسپانی ساڵانە ریزبەندی بۆ زانکۆکانی جیهان دەکات لەسەر بنەمای بەئەنجامگەیاندنی توێژینەوەو داهێنان، هەرچەندە قسە و تێبینی زۆر لەسەر ئەم ریزبەندیە و "رادەیی زنستی" بوونی هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 04-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 491

## زانیاری لەسەر بودجەی چوار ساڵی رابردووی پارێزگای سلێمانی ئاشکرا دەبێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20130920111422888655

بەهرۆز محەمەد ساڵح پارێزگاری سلێمانی پوختەی زانیاری بودجەی نەوت و بودجەی ئاسایی و ژمارەی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی لە نێوان ساڵانی 2010 تا 2013 دەخاتە روو.
بەپێی ئەو ئامارەی پارێزگاری سلێمانی کە وێنەیەکی بە خەندان گەیشتووە، لەو ماوەیەدا بە تەنها لە بودجەکانی پارێزگا، کار بۆ جێبەجێکردنی (2420) پرۆژە کراوە بە پری (1،295،555،195،700) یەک ترلیۆن و دوو سەد و نەوەت و پێنج ملیار و پێنج سە دو پەنجا و پێنج ملیۆن و سەد و نەوەت و پێنج هەزار و حەوت سەد دینار کە (2068) پرۆژەی خراوەتە بواری جێبەجێکردن کە دەکاتە (86%) پرۆژە و بودجەی تەرخان کراو.

دەقی ئامارەکەی پارێزگاری سلێمانی:
پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (2010) ەوە تا ئەم بەرواره هەستاوە بەڕیز بەند کردن و دیاری کردنی سەرجەم پرۆژە پێویستەکانی پارێزگای سلێمانی بۆسەرجەم قەزاو ناحیە و گوندەکان و بەپێی ئەو بودجەیەی بۆی تەرخان کراوە پلانی ساڵانە داڕێژراوە.
پاش پەسەند کردنی بودجە لیستی پرۆژەکانی ئاراستەی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان کردوە بۆ ناردنی دەرخستە و دیزاین و تەندەر دۆکیومێنتی پرۆژەکان .
پرۆسەی تەندەرین زۆر بە شەفافانە و بەپێی ڕێنماییەکان بۆ سەرجەم پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی بە بودجەی پارێزگاو بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەتەکانیشەوە ئەنجام دراوە.
کاری شیکردنەوە و سپاردنی پرۆژەکان و ئەنجام دانی گرێ بەست لەگەڵ ئەو بەڵێندەرانەی پرۆژەکانیان پێ سپێردراوە بەپێی یاسا و ڕێنمایی و مەرجەکانی ئەنجام دانی گرێبەستە حکومیەکان کراوە.
ئەو پرۆژانەی پرۆسەی تەندەرین نایانگرێتەوە بە شێوازی ڕاستەوخۆ ئاراستەی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان کراوە و خراونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.
لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ سەرجەم کێشە و گیرو گرفتی پرۆژەکان لە لایەک وە فەرمانگەکان و بەڵێندەران لەلایەکی تر کراوە و چارەسەری گونجاوی بۆ کراوە بە گوێرەی یاسا و ڕەوش و مەرجی ئەندازەیی. لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ سکاڵای هاوڵاتییان کراوەو چارەسەری گونجاوی بۆ کراوە.
زانیاری بودجە و ژمارەی پرۆژەکان بەم جۆرەیە :
بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان / 2010 -
بریتی بوە لە (49،000،000،000) چل و نۆ ملیار دینار بە هەردوو پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کە (52) پرۆژەی لە خۆ گرتوە و سەرجەمی خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە و بەشێک لە بودجەکەی عجزی بودجەی ساڵانی (2009،2008،2007) پێ دراوەتەوە.
-بودجەی داهاتی پرۆسەکانی نەوت و گازیی لە هەرێم / 2010
بریتی بوە لە (102،468،999،950) سەد و دوو ملیار و چوار سەد و شەست و هەشت ملیۆن و نۆسەدو نەوەت و نۆ هەزار و نۆ سەد و پەنجا دینار بە هەردوو پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کە (219) پرۆژە بوە سەرجەمی خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە و تەواو کراون.
بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان / 2011 -
بریتی بوە لە (119،256،800،000) سەد و نۆزدە ملیار و دوو سەد و پەنجا و شەش ملیۆن و هەشت سەد هەزار دینار بە هەردوو پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان کە (275) پرۆژە بوە سەرجەمی خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە و تەواو کراون جگە لە 1 پرۆژەی شارەوانی سلێمانی کە لەم کۆتاییەدا کردویانە بە چوار پرۆژەی تر.
لە سەر بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ( مانگی تەمموزی ساڵی 2011 ) بودجەی ئیدارەی گەرمیان لە پارێزگای سلێمانی جیاکرایەوە و بوگوێرەی ژمارەی دانیشتوانیان بەش کرا.
بودجەی داهاتی پرۆسەکانی نەوت و گازیی لە هەرێم / 2011 -
بریتی بووە لە (120،843،040،000) سەد بیست ملیار و هەشت سەدو چل و سێ ملیۆن و چل هەزار دینار کە (236) پرۆژە بوە و سەرجەمی خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.
بودجەی پرۆژەی خزمەت گوزاریەکانی قەزا و ناحیە زیانلێکەوتووەکان بۆ ساڵی/ 2011 -
بریتی بووە لە (36،265،356،000) سی وشەش ملیار ودوو سەدو شەست و پێنج ملیۆن و سێ سەد و پەنجاو شەش هەزار دینار کە (99) پرۆژە بوە (80) پرۆژەی احالە کراوە و خراوەتە بواری جێ بەجێ، (15) پرۆژەی لە پرۆسەی تەندەرین دایە و بانگەوازی بۆ کراوە ، (4) پرۆژە تەندەری ئامادە نەکراوە لەلایەن کردنەوە فەرمانگەکانەوە
دە ملیاری وەبەرهێنان بۆ پرۆژەی بچوک و لەناکاوی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی/ 2011-
بریتی بووە لە (10،000،000،000) دە ملیار دینار کە (130) پرۆژە بوە و سەرجەمی خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.
بودجەی وەبەرهێنان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی/ 2011-
بریتی بووە لە (59،000،000،000) پەنجاو نۆ ملیار دینار کە (32) پرۆژە بوە و سەرجەمی خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.
بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان / 2012 -
بریتی بووە لە (292،159،000،000) دوو سەد و نەوەت و دوو ملیار و سەد و پەنجاو نۆ ملیۆن دینار کە (512) پرۆژە بوە (420) پرۆژەی احالە کراوە و خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ، (62) پرۆژەی

له پرۆسەی تەندەرین دایە و بانگەوازی بۆ کراوە ، (30) پرۆژە دەرخستەکانیان ئامادە نەکراوە لەلایەن فەرمانگەکانەوە.
بودجەی پرۆژەی خزمەت گوزاریەکانی قەزا و ناحیە زیان لێکەوتووەکان بۆ ساڵی/ 2012 -
بریتی بووە لە (38،020،000،000) سی و هەشت ملیار و بیست ملیۆن دینار کە (105) پرۆژە بوە (70) پرۆژەی احالە کراوە و خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ، (25) پرۆژەی لە پرۆسەی تەندەرین دایە و بانگەوازی بۆ کراوە، (10) پرۆژە دەرخستەکانیان ئامادە نەکراوە لەلایەن فەرمانگەکانەوە .
پانزە ملیاری وەبەرهێنان بۆ پرۆژەی بچوک و لەناکاوی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی/ 2012-
بریتی بووە لە (15،000،000،000) پانزە ملیار دینار کە (147) پرۆژە بوە و سەرجەمی خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە.
بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان / 2013 -
بریتی بووە لە (323،542،000،000) سی و هەشت ملیار و بیست ملیۆن دینار کە (436) پرۆژە یە (176) پرۆژەی احالە کراوە و خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ، (150) پرۆژەی لە پرۆسەی تەندەرین دایە و بانگەوازی بۆ کراوە ، (109) پرۆژە دەرخستەکانیان ئامادە نەکراوە لەلایەن فەرمانگەکانەوە.
بودجەی داهاتی پرۆسەکانی نەوت و گازیی لە هەرێم / 2013 -
بریتیە لە (50،000،000،000) پەنجا ملیار دینارە کە (25) پرۆژە یە (7) پرۆژەی احالە کراوە و خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە ، جگە لە (18) پرۆژەی تەندەری ئامادە نەکراوە لەلایەن فەرمانگەکانەوە .
بودجەی داهاتی سزاکانی هاتوچۆ / 2011 تا 2013 -
بریتی بووە لە (80،000،000،000) هەشتا ملیار دینار کە (122) پرۆژە بوە (101) پرۆژەی احالە کراوە خراوەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە کردنەوە ، (18) پرۆژەی لە پرۆسەی تەندەرین دایە و بانگەوازی بۆ کراوە ، (3) پرۆژە دەرخستەکانیان ئامادە نەکراوە لەلایەن فەرمانگەکانەوە.
لە ماوەی ئەم چوار ساڵە بە تەنها لە بودجەکانی پارێزگا کار بۆ جێ بە جێ کردنی (2420) پرۆژە کراوە بە پری (1،295،555،195،700) یەک ترلیۆن و دوو سەد و نەوەت و پێنج ملیار و پێنج سە دو پەنجا و پێنج ملیۆن و سەد و نەوەت و پێنج هەزار و حەوت سەد دینار کە (2068) پرۆژەی خراوەتە بواری جێ بەجێ کردن کە دەکاتە (86%) پرۆژە و بودجەی تەرخان کراو.
بەهرۆز محەمەد صالح فقی رشید
پارێزگاری سلێمانی
19/9/2013
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-09-20

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 492
## زانیاری نوێ لە سەر میلاکی دامەزراندن
http://www.kurdipedia.org/?q=20130806141315892 63

خەندان_ شوان بەرزنجی(باس (
وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان فۆرمی دامەزراندن و دیاریکردنی میلاک بۆ وەزارەتەکان دەنێرێت و ئەندامێکی لیژنەی باڵای دامەزراندنیش چەند زانیاریەک لە سەر دامەزراندن دەخاتەروو.
لە بودجەی 2013، پەرلەمانی کوردستان (15) هەزار پلەی دامەزراندنی پەسند کرد، بەڵام بە بەراورد لە گەڵ ساڵی رابردوو ئەمساڵ پرۆسەی دامەزراندن دواکەوتووە وەزارەتی داراییش لە رێگەی وەزارەتەکان پلە تازەکانی دامەزراندن پر دەکاتەوە.
بە پێی نوسراوێکی وەزارەتی دارایی کە لە لایەن وەزیری دارایی لە 2013/7/9 بۆ سەرجەم وەزارەتەکان رەوانەکراوە و کۆپیەکی دەست رۆژنامەی (باس) کەوتووە. ئەوەی تیادا خراوەتەروو کە

دوو لیسی تایبەت بە فۆرمی دامەزراندن بە پێی ڕێژەی دانیشتوان دابەش بکرێتە سەر دام و دەزگا و فەرمانگەی وەزارەتەکان و هەوەها لیسی پەسندکراوی میلاکاتی فیعلیش دەبێت لە لایەن وەزارەتەکانەوە بۆ وەزارەتی دارایی رەوانە بکرێت.
لە فۆرمی یەکەمدا کە تایبەتە بە خشتەی دامەزراند لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2013 ئەوەی تیادا روونکراوەتەوە کە وەزارەتەکان دەبێت دیاری بکەن کە پێویستیان بە چەند پلەی وەزیفی هەیە و بە فیعلیش چەند دامەزراویان لە فەرمانبەری هەمیشەیی و گرێبەست هەیە.
لە بەشێک لە 15هەزار پلە وەزیفیەکەی ئەمساڵ 3350 پلەی بۆ وەزارەتی پەروەردەیە 2500 بۆ وەزارەتی ناوخۆیە، 1500 بۆ وەزارەتی تەندروستیە. بۆ خویندنی باڵاش 1200 و بۆ وەزارەتی شاروانی و گەشتوگوزار 950 پلە و بۆ وەزارەتی کارەباش 500 و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی 500 پلە دیاریکراوە. پلەکانی تریش بە پێی پێداویستیەکان بەشێکی بۆ کەم ئەندامانە و بەشەکەی تریش بۆ چەند وەزارەتێکە کە دامەزراندنیان بۆ دیارینەکراوە.
بە پێی ئەو زانیاریانەی دەست رۆژنامەی (باس) کەوتوون بە شێک لە فەرمانگەکان ئەو فۆرمانەیان بۆ وەزارەتەکانیان رەوانە کردۆتەوە و بەشێکی تریش تاوەکو ئێستا نەیان گەراندۆتەوە ئەوەش وای کردووە کە گەیشتنەوەی ئەو فۆرمانە بۆ وەزارەتی دارایی دوابکەوێت.
بە پێی لێدوانی دلێر تاریق گوتەبێژی وەزارەتی دارایی بۆ (باس) دوای تەواوکردن و پرکردنەوەی ئەو فۆرمانە لە لایەن وەزارەتەکان دەبێت بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی میلاکی وەزارەتی دارایی بگەرێندرێنەوە بۆ ئەوەی دواتر پەسند بکرێن.
جەمشید موشیر ئەندامی لیژنەی باڵای دامەزراندن لە پارێزگای هەولێر بە (باس)ی راگەیاند دوای تەواوبوونی ناردنەوەی میلاکی وەزارەتەکان بۆ دارایی ئەو وەزارەتە میلاکات پەسند دەکات و پاشان پرۆسەی دامەزراندن دەست پێ دەکات. گوتیشی: لە دووساڵی رابردوودا پاش ئەوەی وەزارەتەکان لە رێگەی فۆرمی تایبەت داوای پلەی دامەزراندنی خۆیان دەکرد، پاشان وەزارەتی دارایی پەسندی دەکرد و بۆ لیژنەی باڵای دامەزرانی رەوانە دەکرد و پرۆسەکە دەستی پێ دەکرد.
جەمشید موشیر ئاماژەی بەوەشدا کە بۆ پرۆسەی دامەزراندنی ئەمساڵ رێنمایی نوێ دەرنەچووە" بۆیە روون نەبۆتەوە ئایا پرۆسەکە هەر لە رێگەی لیژنەی دامەزراندنی پارێزگاکان دەبێت یاخود ئەنجومەنی راژە دادەمەزرێت و پرۆسەکە رادەستی ئەوان دەکرێت.
یاسای ژمارە 7 ئەنجومەنی راژە لە 2011/6/15 لە پەرلەمان دەرچووە،بە پێی برگەیەکی یاساکە پێویست بوو لە 2011/8/15 جێبەجێبکرایە و کار بۆ دروستکردنی کرابوایە. بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجومەنەکە دروست نەکراوە.
لە ساڵی 2011 (25)هەزار فەرمانبەر و لە ساڵی 2012 (17) هەزار فەرمانبەر لە رێگەی لیژنەکانی دامەزراندن لە پارێزگاکان دامەزرێندران.ئە و ئەندامەی لیژنەی باڵای دامەزراندن ئەوەی خستەروو کە ئەو میلاکەی لە لایەن وەزارەتی دارایی بە پێی فۆرمەکان ئەمساڵ پەسند دەکرێت دەستکاری ناکرێت و لە سەر ئەو میلاکە 15 هەزار پلە وەزیفیەکە پر دەکرێنەوە.
ناوبراو جەختی لە سەر ئەوە کردەوە بە بەراورد بە ساڵی رابردوو پرۆسەی دامەزراندن زۆر دواکەوتووە. گوتیشی: ساڵی رابردوو لە و کاتانەدا زۆربەی فۆرمەکانمان داخیلی کۆمپیوتەر کرد بوو، بەڵام ئەمساڵ تاوەکو ئێستا رێنماییش دەر نەچووە .
محەمەد قەرەداخی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەکردووە کە تاوەکو ئێستا ئەنجومەنی وەزیران میکانزمی دامەزراندنی فەرمانبەرانی بۆ ساڵی 2013 تەواو نەکردووە و ئێستا سەرقاڵی دانانی ئەو میکانزمەیە.
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 2013-08-06


کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 493

## زانیاری ورد لە بارەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی تورکیاوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051816131385335




-25هەمین خولی پەرلەمانی لە کۆماری تورکیادا لە 7-ی حوزەیرانی 2015، بۆ هەڵبژاردنی 550 ئەندامی پەرلەمان ئەنجام دەدرێت، هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەش دەبێتە 24-هەمین هەڵبژاردنی گشتی لە تورکیادا.
مێژووی فرەپارتی لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1946 دوای ئەوەی هەریەکە لەجەلال بەیارو عەدنان مێندێرێس لە پارتی گەلی کۆمار (جەهەپە)ی دەسەڵاتداری ئە و کاتەی تورکیا جیابوونەوە و پارتی دیموکراتی (دەپە)یان دامەزراند، سەرەڕای فشارەکانی ئە و کاتەی دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی ئە و کاتەی تورکیادا بەڵام پارتی دیموکراتی توانی رکابەرییەکی باش لەگەڵ پارتی گەلی کۆماری بکات.
لە یەکەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا لە ساڵی 1950 پارتی دیموکراتی توانی کۆتایی بە 27 ساڵەی تەمەنی دەسەڵاتداری پارتی گەلی کۆماری بهێنێت کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە لە لایەن موستەفا کەمال ئەتاتورکەوە دەسەڵاتیان گرتبووە دەست.
بەڵام پارتی دیموکراتی بە سەرۆکایەتی عەدنان مێندێرێس و جەلال بەیار لە دوای کۆتایی 1954 دوای ئەوەی توانییان بۆ جارێکی دی زۆرینەی رەها بە دەست بهێنن لە دیموکراتییەوە بەرە و دەسەڵاتداریی و دواتر بەرە و تاکڕەویی رۆیشت.
دوای ئەمەش کودەتایەکی سەربازی خوێناوی لە ساڵی 1960 ئەنجامدراو هەریەکە لە مێندێرێس و بەیار دەستگیرکران و دواتر مێندێرێس سزای کوشتنی بەسەردا جێبەجێکرا.
لە دوای 1961 دەستوورێکی نوێ پەسەندکراو پارتێکیدی بە ناوی پارتی داد(ئەپە) دروستبوو کە توانییان زۆرینەی پەرلەمان لە 1969 بەدەستبهێنن بەڵام پارتی داد نەیتوانی کێشەکانی ئابووری ئە و کاتەی تورکیا چارەسەر بکات و هەروەها رێگریش بکات لە زیادبوونی چالاکییە سیاسییە توندڕەوەکانی باڵی چەپی توندڕە و گروپی گورگە خاکییەکان کە گروپێکی نەتەوەپەرستی تورک بوون.
دواتر لە ساڵی 1971 کودەتایەکی دیکەی سەربازی روویدا، لە ساڵی 1973 هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدرا و پارتی گەلی کۆماری بەسەرۆکایەتی بولێنت ئەجەوید بووە گەورەترین پارتی پەرلەمان و دواتر لەگەڵ پارتێکی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان حکومەتی هاوبەشی پێکهێنا، کە ئەربەکان داوای جێبەجێکردنی یاسای ئیسلامی دەکرد.
بەڵام ئەم حکومەتە هاوبەشە زۆری نەخایەند و لە لایەن پەرلەمانەوە دوای ساڵێک دەسەڵاتیان لێوەرگیرایەوە و دواتر لە ساڵی 1975 حکومەتێکیدی پێکهێنرا تاوەکو ساڵی 1977 کە جارێکی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدراو ئەمجارە هەریەکە لە بولێنت ئەجەوید و دێمیرێل حکومەتی هاوبەشیان پێکهێنا، بەڵام دواجار ئەمانیش نەیانتیوانی تورکیا لە قەیرانی ئابووری ڕزگار بکەن و ئەمەش رێگەخۆشکەر بوو بۆ دەستوەردانی سەربازی لەلایەن سوپاوە و ئەنجامدانی کودەتای سەربازی لەلایەن سوپاوە لە ئەیلولی 1980 و پێکهێنانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ کێنان ئێڤرێن.
لەم کاتەدا پەرلەمان داخراو دەستووریش هەڵسەپێردرا، کەسایەتییە سیاسییە دیارەکانیش دەستبەسەرکران.
لە ساڵی 1982 جارێکیدی هاوڵاتیانی تورکیا دەنگیان لەسەر دەستوورێکی نوێدا، کە دەستوورەکە بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ سیستەمێکی سەرۆکایەتی بەهێز ئامادەکرابوو، بەم شێوەیە جەنەڕاڵ کێنان ئێڤرێن بووە سەرۆک کۆماری تورکیا، هەر لەم ساڵەشدا بڕیارێکی نوێ دەرکرا بۆ

ئەوەی ئە و پارتانەی لە هەڵبژاردنەکاندا لە کەمتر لە 10% دەهێنن نەتوانن بچنە پەرلەمانەوە.
لە ساڵی 1983 هەڵبژاردنێکی دیکە ئەنجامدرا و کێنان ئێرڤێن، نەجدەت ئۆزاڵی وەکو سەرۆک وەزیرانی تورکیا دیاریکرد.
لە ساڵی 1987 جارێکی دیکە دەستوور خرایەوە دەنگدانەوە و دەنگدەران توانییان هەندێک لە و سەرکردانە بگەڕێننەوە کایەی سیاسی کە بەهۆی کودەتاکەی ساڵی 1980-ەوە بەشداریکردنیان لە کایە سیاسییەکانیان لێ قەدەغەکرابوو.
هەر لە ساڵی 1987 هەڵبژاردنێکی گشتی ئەنجامدرا و جارێکی دیکە ئوزاڵ لە لایەن کێنان ئێرڤێنەوە هەڵبژێردرایەوە، بەڵام لە ساڵی 1989 بە بڕیارێکی ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکیا تورکوت ئۆزاڵ کرایە سەرۆک کۆمار و ئەویش یلدریم ئاکبولوتی بە سەرۆک وەزیر دیاریکرد.
لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1991 جارێکی دی دێمیرێل دوای ئەوەی 11 ساڵ لەوەوپێش لەلایەن سوپاوە کودەتای کرابوو بەسەریدا گەڕایەوە دەسەڵات و بووە سەرۆک وەزیر.
دێمیرێل تاوەکو ساڵی 1993 وەکو سەرۆک وەزیر مایەوە بەڵام بەهۆی جەڵدەی دڵەوە کاتێک کە تورکوت ئۆزال کۆچی دوایيکرد بووە سەرۆک کۆمار و بۆ یەکەمجار تانسو چیللەر کە ژن بوو لە مێژووی کۆماری تورکیادا بووە سەرۆک وەزیران.
دواتر لە ساڵی 1996 تورکیا گۆرانکاریی دیکەی بەخۆیەوە بینی و دوای هەڵبژاردنەکانی ئە و وڵاتە نەجمەدین ئەربەکان وەکو یەکەمین کەسایەتی ئیسلامی بووە سەرۆک وەزیرانی تورکیا و تانسو چیللەریش بووە جێگری.
بەڵام خواستەکانی ئەربەکان بۆ پشتکردنە رۆژئاوا و نزیکبوونەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتیتر لەگەڵ ئێران و سوریا، هەروەها بانگەشەی پارتەکەی بۆ گەڕانەوە بۆ بەها تراديشنییەکان وایکرد کە لەلایەن زۆرێکەوە بە گەڕانەوە بۆ بەها ئیسلامیی و فیقهییەکان لەیەک بدرێتەوە و ئەربەکانی پێخرایە بەرەی بنەما عەلمانییە کەمالییەکەی تورکیا کە تورکیای لەسەر دامەزرابوو، بۆیە سوپا لەوکاتەدا کە خۆی بە پاسەوانی بیری کەمالیزم دادەنا فشارێکی زۆریان خستەسەری و ناچاریان کرد لە حوزەیرانی 1997 دەست لەکارێکێشێتەوە.
لە ساڵی 1998 دادگای دەستووری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەی ئەربەکانی دەرکرد و بۆ ماوەی پێنج ساڵ سیاسەتکردن لە ئەربەکان و هەندێک لە ئەندامانی پارتەکەی قەدەغەکرا.
دواتر لە ساڵی 2001 پارتی داد و گەشەپێدان (ئەکەپە) بە سەرۆکایەتی رەجەب تەیب ئەردۆغان لەلایەن هەریەکە لە عەبدوڵڵا گیول و بولێنت ئارینچ و چەند کەسێکی دیکەوە دامەزرێندرا.
لە 2002 بەهۆی داڕمانی ئابوورییەوە هەڵبژاردنی گشتی پێشخرا و پارتی داد و گەشەپێدان توانی زۆرینەی کورسییەکان بەدەست بهێنێت و لە و کاتەوە تاوەکو ئێستا پارتی داد و گەشەپیدان لە دەسەڵاتدایە.
هۆکارەکانی کەمبوونەوەی دەنگەکانی ئەردۆغان وئاک پارتی لەم هەڵبژاردنەدا
-کەمبوونەوەی گەشەی ئابووری-
لە کاتێکدا رەجەب تەیب ئەردۆغان لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ کەمپینکردن بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی، رکابەرەکانی و پارتە ئۆپۆزسییۆنەکان هێرشدەکەنە سەر لاوازترین و هەستیارترین خاڵی حکومەتەکەی ئەردۆغان کە لایەنی ئابوورییە.
کە ئەمە پێچەوانەی ئە و ئاک پارتییەیە کە لە هەڵبژاردنەکانی 2002-دا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و پەیمانی باشکردنی دۆخی ئابووری تورکیای

تا رادەیەکی باش بردەسەر، بەڵام لە ئێستادا رادەی بێکاری بەرزترین
ڕێژەی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا تۆمارکردووە و بەهای لیرەی
تورکیش بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی لە نزمترین بەهاکانیەتی.
لە ئێستادا پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەریەکە لە پارتی گەلی کۆماری
(جەهەپە) و پارتی دیموکراتی گەلان(هەدەپە) پاکێجی ئابووری تایبەتیان
ئامادەکردووە بەشێوەیەک کە هەدەپە دەڵێت: "کەمترین مووچەی مانگانە
بۆ 1800 لیرەی مانگانە کە دەکاتە نزیکەی 630 دۆلار بەرزدەکەینەوە"،
جەهەپە-ش دەڵێت: "کەمترین مووچەی مانگانە بۆ 1500 لیرە
بەرزدەکەینەوە"، بەتایبەتی جەهەپە لە کاتی راگەیاندنی کارنامەی
پارتەکەی رەخنەی زۆر توندی لە سیاسەتی ئابووری ئاک پارتی گرت و
هەر ئەمەش وایکرد کە محەمەد شیمشێکی وەزیری دارایی تورکیا بڵێت،
ئەگەر ئەمانەی تۆ دەیڵێیت راست بێت ئەوا من دەست لە
کاردەکێشمەوە.
بەڵام عەلی باباجان کە ئێستا یاریدەدەری سەرۆک وەزیرانی تورکیایە و
پێش محەمەد شیمشێک وەزیری دارایی بووە وتی: "تورکیا لەوانەیە
رووبەڕووی قەیرانێکی دارایی هاوشێوەی ئەوەی یۆنان ببێتەوە."جگە
لەمانەش بازرگانان متمانەیان بە وتەکانی پارتی داد و گەشەپێدان نەماوە
کە بەردەوام باس لە جێگیری گەشەی ئابووری دەکەن.
ئیرهان ئوستا یەکێک بوو لە بەڕێوەبەرانی بانکی ناوەندی تورکیا کە ئێستا
کاندیدە لەسەر لیستی پارتی نەتەوەپەرستی تورکیا و دەڵێت: "گەشەی
ئابووری تورکیا لە ساڵی 2009-ەوە رووی لە کەمی کردووە و
لەمساڵیشدا بە دوو خاڵ کەم دەکات،" ئوستا و کەمال دەروێش کە بە
ئەندازیارانی هەستاوەنەی ئابووری تورکیا دادەنرێن لە ئێستادا لە
سیستمی ئابووری تورکیا ناڕازین.
-گۆرینی سیستەمی حکومڕانی بۆ سەرۆکایەتی-
"رەجەب تەیب ئەردۆغان بە و دەسەڵاتانە رازی نییە کە دەستووری تورکیا
پێی بەخشیووە و داوای زیاتر دەکات" ئەمە سەردێری راپۆرتێکی ناوەندی
(گەیت ستۆن ئینیستیوت)ە کە سەبارەت بە هەوڵەکانی رەجەب تەیب
ئەردۆغان بۆ گۆرینی سیستمی حکومڕانی لە تورکیا بڵاویکردووەتەوە.
رەجەب تەیب ئەردۆغان دەیەوێت کە بڕیاریدا هیچ پێوانەیەکی دادوەری،
پەرلەمانی، دەستووری نەبێت کە بڕیارەکەی هەڵبسەنگێنێت، بەمشێوەیە
دەبێتە یەکەم سوڵتانی هەڵبژێردراوی ئیمپراتۆریەتی تورکیای خەونەکانی.
بۆ ئەوەی دەستوور بە بێ ریفراندوم و گەڕانەوە بۆ رای هاوڵاتیان لە
پەرلەماندا تێبپەڕێندرێت دەبێت لە کۆی 550 ئەندام پەرلەمانی تورکیا 375
دەنگی بەڵێ بەدەست بهێنێت.
رەجەب تەیب ئەردۆغان بە ئاشکرا ویستی خۆی بۆ گۆڕینی سیسیتمی
حکومڕانی ناشارێتەوە و لە چەند رۆژی رابردوودا لە پارێزگای وانی باکوری
کوردستان بە ئاشکرا وتی: "من 400 ئەندام پەرلەمانم دەوێت" و
بەردەوامیش باس لە و خێرو خۆشییە دەکات کە سیستمی سەرۆکایەتی
بە بۆچوونی ئەردۆغان بۆ گەلی تورکیای بە هەموو نەتەوەکانەوە دەهێنێتە
کایەوە.
لە 2013-دا پێشئەوەی رەجەب تەیب ئەردۆغان خۆی کاندید بکات بۆ
سەرۆک کۆماری تورکیا و ئەحمەد داود ئۆغلۆ ببێتە سەرۆک وەزیران، واتە
کاتێک ئەردۆغان سەرۆک وەزیران بوو، بورهان کوزو سەرۆکی لیژنەی
دەستووری پارتی داد و گەشەپێدان لە پەرلەمانی تورکیا گاڵتەی بە
سیستمە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا دەکرد و دەیوت " ئۆباما پیاوێکی بێ
دەسەڵاتە، سەرۆک وەزیر بەهێزە"، بەڵام لەم دواییەدا کاتێک کە
ئەردۆغان لە سەردانەکەی بۆ کازاخستان گەڕایەوە سیستمی
سەرۆکایەتی ئەمریکای بە نموونە هێناوەیەوە و بە رۆژنامەنووسانی وت "

پروانن، ئۆباما ناتوانێت بڕیارەکانی بە تەنها بدات." کە ئەمەش جارێکی دیکە خواستی ئەردۆغانی بۆ گۆڕینی سیستمی حکومڕانی تورکیا نیشاندەدا.
بەڵام هەمووان بۆ ڕێگەگرتن لە هاتنەدی ئەم خەونەی رەجەب تەیب ئەردۆغان چاویان لەسەر پارتی دیموکراتی گەلان(هەدەپە)یە، ئەگەر بێت و هەدەپە بتوانێت بەربەستی لە 10% –ی دەنگەکان تێ بپەڕێنێت ئەوا لەبەردەم سیستمی سەرۆکایەتی ئەردۆغاندا بە وتەی سەڵاحەدین دەمیرتاشی هاوسەرۆکی هەدەپە "دەبنە مۆتەکە". ئەگەر بێت و هەدەپە نەتوانێت ئە و بەربەستە تێپەڕێنێت ئەوا ئەردۆغان و پارتەکەی دەتوانن نزیکەی 280-310 کورسی پەرلەمانی ببەنەوە، بەڵام ناتوانن بەوشێوەیەی دەیانەوێت دەستوور بگۆڕن.
ئەمە لە کاتێکدایە کەمال کیلیچدارئۆغلۆ سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری و گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا دژایەتی خۆی و پارتەکەی بۆ سیستمی سەرۆکایەتی دەرپڕیوە.
-کێشەی کورد و پرۆسەی ئاشتی و ئەردۆغان-
هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەی کورد و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا لەسەر دەستی رەجەب تەیب ئەردۆغان دەستیپێکرد، بەڵام پێدەچێت ئەم کێشانە بە چارەسەرنەکراوی لەسەر دەستی ئاک پارتی و رەجەب تەیب ئەردۆغان بمێننەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کاتێک ئەحمەد داود ئۆغلۆ لە ئەنقەرە کارنامەی پارتەکەی بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیا دەخوێندەوە هیچ باسێکی کوردو کێشەی کوردی تێدا نەبوو، تاوەکو موراد یەتکین نووسەر لە سایتی رادیکاڵی تورکی و حورییەت دەیلی نیوز لە نووسینێکیدا ئاماژەی بەوەکردبوو کە کارنامەی ئاک پارتی کێشەی کوردی تێدا نییە.
دواتر ئەحمەد داود ئۆغلۆ لە روونکردنەوەیەکدا رایگەیاند کە لەکاتی بردنی کارنامەی ئاک پارتیدا بۆ چاپ ئە و بەشەی کارنامەکە لە ئۆتۆمبێلەکە کەوتووەتە خوارەوە بۆیە دووبارە جارێکی دی بە و بەشەوە چاپ دەکرێتەوە.
جگە لەوەی ئەم وتانەی داودئۆغلۆ دەنگۆیەکی زۆری لێکەوتەوە بەڵام رەجەب تەیب ئەردۆغان چەند جارێک دوای ئەم وتانەی داودئۆغلۆ لە کاتی گەڕانەوەی لە گەشتەکانی وتی " کە کێشەی کورد لە تورکیادا بوونی نییە".
بە تایبەتی بۆ ماوەی مانگێک دەچێت سوپای تورکیا بە شێوەیەکی مەترسیدار لە بازگە و شوێنەکانی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان نزیکبووەتەوە و ئەگەری پێکدادانیان لە هەر ساتێکدا نزیکە.
-هەدەپە بەربەستی 10% تێدەپەڕێنێت؟
بۆ دوو دەیە پارتە کوردییەکانی باکوری کوردستان لە ترسی تێنەپەڕاندنی بەربەستی لە 10% بە کاندیدی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی تورکیایان دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی سەڵاحەدین دەمیرتاشی کاندیدی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی تورکیا توانی 9.8%-ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، متمانەی هەدەپە بۆ تێپەڕاندنی ئەم بەربەستە زیادیکردو بڕیاریاندا بۆ یەکەمجار بەشداری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی 7-ی حوزەیران-2015-دا بکەن.
لە ئێستادا چارەنووسی لایەنگیران و رکابەرانی ئەردۆغان بەستراوەتەوە بە تێپەڕاندنی بەربەستەکەوە، سیری سورەیا ئۆندەری پەرلەمانتاری تورکیا لە نوێترین دیمانەیدا لەگەڵ کەناڵی CNNTURK رایگەیاند، کە عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ئیمرالییەوە وتوویەتی کە هەدەپە بەربەست تێدەپەڕێنێت، هەروەها بولێنت ئارینجی یاریدەدەری سەرۆک وەزیرانی تورکیاش پێیوایە

که هەدەپە دەتوانێت لەسەروو ڕێژەی 10% بهێنێت.
لەلایەکی ترەوە بەپێی ئە و ڕاپرسییانەی کە تاوەکو ئێستا ئەنجامدراون هەرچەندە لە هەندێک لە ڕاپرسییەکاندا هەدەپە توانیویەتی بەربەستی 10% تێبپەڕێنێت و 12% بەدەست بهێنێت بەڵام بە وەرگرتنی تێکڕای ڕاپرسییەکان دەنگەکانی هەدەپە لە نێوان 9%-10 دەبێت .
ئەوەی زیاتر ئەگەری تێپەڕاندنی هەدەپە دەخاتەڕوو ئەوەیە هەدەپە لەم هەڵبژاردنەدا توانیویەتی هەرچەندە لە بنەڕەتدا پارتێکە کە لە پێناو مافەکانی کورددا تێدەکۆشێت، بەڵام سەرنجی بەشێکی زۆری عەلەوییەکان رابکێشێت و فرە ڕەنگییەکی زۆر لە نێوان کاندیدەکانیدا دروستبکات.
-پێشبینی هەڵبژاردنەکان لەلایەن دەستگاکانی ڕاپرسییەوە-
بە پێی دوایەمین ڕاپرسییەکان دەرکەوتووە کە تێکڕای دەنگەکانی هەدەپە لە نێوان لەسەدا 9.7 بۆ 10 دەبێت.
بەپێی شیکارییەک کە لەلایەن هەریەکە لە ئۆنور ئەلتینداغ و بێرت ئەزیزئۆغلۆوە بۆ ناوەندی (Research institute on Turkey) ئەنجامدراوە لە ساڵی 2011-ەوە تاوەکو مانگی نیسان ڕێژەی دەنگەکانی پارتەکانیان بەمشێوەیە ریزکردووە:
لەلایەکی دیکەوە بە پێی ئاماژە بەوەکراوە ئەگەر هەدەپە بچێتە پەرلەمانەوە ئەوا ڕێژەی 10.1% بەدەستدەهێنێت و ئەگەر نەشچێتە ناو پەرلەمانەوە واتە بەربەستی هەڵبژاردن تێنەپەڕێنێت ئەوا 9.87%-ی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت.
هەمان ناوەند ڕێژەی دەنگەکانی پارتەکان لەژێر چەند سیناریۆیەکدا بەمشێوەیە ریزکردووە-:
هەروەها ئەنجامی ڕاپرسییەکانی ڕێکخراوە ناحکومیی و حکومییەکانی ناوخۆی تورکیاش بەمشێوەیە -:
ئامادەکردنی: هەڵوێست ئەنوەر
سەرچاوەکان:
www.gatestoneinstitute.org
www.electionresources.org/tr
www.jamesinturkey.com
www.bloomberg.com
www.en.wikipedia.org
www.rethinkinstitute.org
www.meydangazetesi.com.tr
www.cnnturk.com.tr

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TRتورکیا |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010621381486792

بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەمیدیاکان، هێزەکانی ئاسایش لەڕۆژاڤای کوردستان بەبۆنەی ساڵی نوێوە، کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییان سازکردو ئامارێکیان خستەڕوو سەبارەت بەڕووداوەکانی تایبەت بەئاسایشی رۆژاڤا لەساڵی 2013داو ئەو پرۆسە خۆکوژییانەی کەهێزەکانی ئاسایشیان کردبووە ئامانج و شەهیدان و بریندارانی ئەو پرۆسانەو ژمارەی دەستگیرکراوەکان لەگرتووخانەکانی ئاسایشی رۆژاڤای کوردستاندا.

سەرەتای کۆنگرەکە، جوان ئیبراهیم فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئاسایشی رۆژاڤای کوردستان ئاماژەیکرد بەو وێرانکارییەی کەسورییەکان دووچاری بوونەتەوە لەساڵی 2013دا لەلایەن هێزەکانی رژێمی بەعس و هەندێک لەلایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و تەکفیرییەکانەوە کەقێزەونترین تاوانیان ئەنجامداوە وەکو سەربڕین و تاوانە ناشیرینەکانی دیکە بەتایبەت لەڕۆژاڤای کوردستان لەژێر ئاڵای ئۆپۆزسیۆندا، ئەوەش هۆکارێک بووە بۆ هەڵوێست و جموجۆڵی هێزەکانی ئاسایش بەمەبەستی دانانی سنوورێک بۆ ئەو تاوانە قێزەونانە.

رزگارکردنی شارو گوندەکان

فەرماندەی هێزەکانی ئاسایش روونیکردەوە کە ساڵی نوێ گۆڕانکاریی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت و زۆرێک لەشارو شارۆچکەکانی رۆژاڤای کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە لەسەرەتای ساڵی نوێدا رزگاردەکرێن لەدەست رژێم و کەتیبە تەکفیرییەکان.

هیچ زیندانییەکی سیاسی نییە

جوان ئیبراهیم جەختیکردەوە کەهیچ زیندانییەکی سیاسی لەگرتووخانەکانی هێزەکانی ئاسایشدا نییەو ئەوانەش کەدەستگیرکراون لەسەر بنەمای تاوانی جیاجیا گیراون لەوانە: بەقاچاخبردنی ئاسەوارو بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە، ئاماژەشیدا کەدەرگای زیندانەکانیان کراوەن بۆ هەر میدیایەک بۆ دڵنیابوون لەوبارەوە.

ئاماری ساڵی 2013

لەکۆنگرەکەدا هێزەکانی ئاسایش ئامارێکی تایبەت بەساڵی 2013یان خستەڕوو و کۆپییەکیشی درایە دەست رۆژنامەنووسانی ئامادەبوو، ئامارەکە بەمجۆرە بوو :

18کردەوەی خۆکوژی لەدژی هێزەکانی ئاسایش، 38 بۆمبی چێنراو، پووچەڵکردنەوەی 55 بۆمبی چێنراو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە، 49 شەهیدو 57 بریندار لەهێزەکانی ئاسایش، دەستگیرکردنی 1533 تیرۆریست، 3582 کەس بەتاوانی جیاجیا دەستگیرکراون، 26425 کیلۆگرام مادەی هۆشبەرو رێژەیەکی زۆر لەحەشیشە دەستیان بەسەردا گیراوە.

لێبووردن لەسەرەتای ساڵی نوێدا

لەکۆتاییدا فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئاسایشی رۆژاڤای کوردستان رایگەیاند کەئێستا ئامادەکاری لەئارادایە بۆ دەرکردنی لێبووردن بۆ ئەو کەسانەی کەکێشەکانیان لەدادگا میللییەکاندا یەکلاییکراونەتەوە، ئاشکراشیکرد کەئەو هێزانە بەنیازن زیندانەکانیان لەڕۆژاڤای کوردستان بکەن بەسەنتەری چاکسازی و سازکردنەوەی زیندانیان.

رزگارکردنی شارۆچکەیەک

لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەیەک لەدەوروبەری شارۆچکەی تەل براک لەڕۆژئاوای قامیشلۆ رایگەیاند: یەکەکانی پاراستنی گەل لەئەنجامی هێرشێکدا بۆ سەر گروپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی ناوچەکە، ئەو گروپانەیان تێکشکاندو شارۆچکەکەیان رزگار کرد.

جێی ئاماژەیە، شارۆچکەی تەل براک دەکەوێتە سەر رێگای قامیشلۆو حەسەکەو ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 10 هەزار کەسن لەکوردو عەرەب.

رۆژاڤا؛ ئاماری 2013ی توندوتیژیی دژ بەژنان

هەروەها لەقامیشلۆی رۆژاڤای کوردستان، رێکخراوی سارە-ی تایبەت بەنەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژنان بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەمیدیاکانو نوێنەرانی رێکخراوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ژنان، کۆربەندێکی راگەیاندنی رێکخست.

لەکۆربەندەکەدا، هەندێک بابەت خرانەڕوو لەوانە: مێژووی درێژخایەنی پیادەکردنی توندوتیژی لەدژی ژنان لەکۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکانداو زەوتکردنی مافەکانیانو ئەشکەنجەی جۆراوجۆر کەژنان دووچاری بوونەتەوە، پاش ئەوە ئامارێک ئاشکرا کرا سەبارەت بەو ئەشکەنجەو توندوتیژییەی کەژنانی رۆژاڤای کوردستان دووچاری بوونەتەوە.

بەدرێژایی چەند دەیەیەک مافی زەوتکراوە

لەوکۆرەبەندەدا، سەعدیە عەبدوڵڵا ئەندامی دەستەی سەرکردایەتیی رێکخراوی سارە وتارێکی

پێشکەشکردو مێژووی توندوتیژی لەدژی ژنان خستەڕوو، ئاماژەشیدا بەڕۆڵی گرنگیی ژنان لەمێژووی گەلانو پەروەردەکردنی نەوەکانداو پاشان نمایشی ئەو ستەمەی کرد کەژنان لەسایەی پیاوسالاریدا دووچاری بوونەتەوە وەکو توندوتیژیو زەوتکردنی ماف و کوشتنو فرۆشتنیان.

1179حاڵەتی توندوتیژی لەساڵی 2013دا

سەبارەت بەتوندوتیژی لەدژی ژنان لەڕۆژاڤای کوردستان، نورا خەلیل ئەندامی لیژنەی راگەیاندنی رێکخراوی سارە رایگەیاند: جگە لەناوچەی کۆبانی، لەساڵی 2013دا 1179 حاڵەتی توندوتیژی لەدژی ژنان تۆمارکراون، 151 حاڵەتی جیابوونەوە، 36 حاڵەتی کوشتن، 21 حاڵەتی دەلالی کردن بەسەر ژنانەوە، 14 حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی، 23 حاڵەتی رفاندن، 11 حاڵەتی گێچەڵی سێکسی، 20 حاڵەتی ئالوودەبوون بەمادە هۆشبەرەکانەوە، 88 حاڵەتی هەڵخەڵەتاندن، 13 حاڵەتی بازرگانیکردن بەژنانەوە هەبووە.

پشتگیریکردن لەژنانی ستەملێکراو

لەکۆتایی کۆبەندەکەشدا، مونا عەبدولسەلام ئەندامی سەرکردایەتیی رێکخراوی سارە وتی: کاری لیژنەکان بریتییە لەبەدواداچوونی توندوتیژی لەدژی ژنان، چاکسازی لەهەر حاڵەتێکدا شایستەی چاکسازی بێت، لابردنی ستەم و توندوتیژی لەدژی ژنان، یارمەتیدانیانو هۆشیارکردنەوەیان لەپێناوی سەروەریو یەکسانیاندا لەهەموو بوارێکدا لەگەڵ پیاواندا.

رێکخراوی سارە

رێکخراوی سارە، رۆژی 2013/7/1، دامەزراوەو بارەگاکەی لەقامیشلۆیەو رێکخراوێکی گشتگیریو سەربەخۆیەو ژنانی هەموو پێکهاتەیەکی رەگەزیو نەتەوەیی کوردستان وەک ئەندام وەردەگرێت و کاردەکات بۆ نەهێشتنی توندوتیژیو کوشتن لەدژی ژنانو سازکردنیان لەڕووی کۆمەلایەتیو دەروونیو ئابوورییەوە، جگە لەوەش یارمەتی راستەوخۆ پێشکەش دەکات بەقوربانیانی بەشوودانی زۆرەملێیو هەڕەشەی کوشتن بەبیانووی شەرەف، هەوڵیشدەدات پرۆژەی بچووکیان بۆ ئامادەبکات بۆئەوەی داهاتێکی گونجاویان هەبێت و نەبن بەئەرک بەسەر کەسانی دیکەوە .

هەڵوێستیکی ناڕەزایی لەپێناوی رۆبۆسکی-دا

لەلایەکی دیکەوە، بۆ یادی کارەساتی رۆبۆسکی، رۆژی 2013/12/28 ژمارەیەک لەڕۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کورد لەقامیشلۆ لەگۆڕەپانی شەهید (ئوصمان سەبری) گردبوونەوە بۆ ئیدانەکرنی ئەو تاوانە، هاوکات وێنەی قوربانیان و دروشمی جۆراوجۆریان بەرزکردبۆوە.

لەبەشێک لەدروشمەکاندا نووسرابوو (دایکان لەڕۆژاڤای کوردستان دەگرین بۆ 34 گەنجی رۆبۆسکی(

رۆژنامەنووس خۆشمان قادۆ وتی: دەمانەوێت بەم هەڵویستەمان دەنگمان بگەیەنین بەجیهان و بڵێین کات گۆڕاوەو دەتوانین دەنگمان بگەیەنین بەهەموو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کوشتنی گەنجانی کورد پەسەندناکەین و پێویستە جیهان لێپێچینەوە بکات لەگەڵ تاوانباراندا بەرامبەر بەو تاوانە گەورەیە کە لەدژی گەلی کورد کراوەو تاوانباران رادەستی دادگا نێودەوڵەتییەکان بکرێن و بێدەنگ نابین بەرامبەر بەو تاوانانەی لەدژی نەتەوەکەمان دەکرێن.

رۆشنبیر دارا محەمەد وتی: ئێمەی رۆشنبیرو رۆژنامەنووسی رۆژاڤای کوردستان کۆبووینەوە بۆ ئیدانەکردنی ئەو تاوانەو بەجیهان بڵێین ئەوانەی تاوانی تەلعران و تەل حاسڵیان ئەنجامدا هەر ئەوانەبوون ئەم قەسابخانەشیان پیادەکرد، وتیشی: پێویستە جیهان گوێبیستی گریانی دایکان بێت و لێپێچینەوە بکرێت لەگەڵ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە.

رۆژنامەنووس زانا عومەر وتی: دوو ساڵ لەمەوبەرو لەڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا فڕۆکەکانی تورکیا تاوانێکی قێزەونیان ئەنجامدا بەرامبەر بەژمارەیەک لەخوێندکارانی کورد کەسەرقاڵی بازرگانی بوون لەسەر سنووری باکوورو باشووری کوردستان، بەڵام تائێستا تاوانبارانی ئەو قەسابخانەیە رادەستی دادگا نەکراون و هیچ گۆڕانکارییەکیش بەسەر ئەو کێشەیەدا نەهاتووە، بۆیە داوا لەجیهان دەکەین بەرپرسانی ئەو تاوانە رادەستی دادگا بکرێن و بەسزای خۆیان بگەن، هەروەها داوادەکەین لەهەموو برا کوردەکانمان لەهەر وڵاتێکدا هەن فشار بخەنە سەر دەوڵەتان بۆئەوەی ئەم کێشەیە بگاتە دەزگا نێودەوڵەتییەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 30-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 495

## زۆربوونی ژمارەی دەنگدەر لە باشووری کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130905231027889l0



2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 496

## زۆرینە دەڵێن بەرهەم ساڵح

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071414055777005




پۆرتاڵی رووداو لەماوەی رابردوودا راپرسییەکی لەنێو سەردانکەرانیدا ئەنجامدا، کە تایبەت بوو بە دەستنیشانکردنی کەسایەتییەکی سیاسیی کورد بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، بەوپێیەی ئەو پۆستە چاوەڕواندەکرێت بۆ کورد بێت.
هەرچەندە ئەگەر بڕیاربێت کورد ئەو پۆستە پڕبکاتەوە، ئەوە لە پشکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێت، بەڵام پۆرتاڵی رووداو بۆ زانینی رای هاونیشتمانیان لەسەر کەسایەتییە سیاسییەکانی دیکەی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی ئەزموونیان لەگەڵ بەغدا هەیە، سێ کەسایەتی دیکەی لە دەرەوەی یەکێتی خستە نێو راپرسییەکەوە.
بەرهەم ساڵح، نەوشیروان مستەفا، رۆژ نوری شاوەیس، هۆشیار زێباری و نەجمەدین کەریم ئەو کەسانە بوون کە لە راپرسییەکەدا بەربژێر کرابوون بۆ ئەوەی سەردانکەرانی رووداو دەنگیان بۆ بدەن.
لە راپرسییەکەدا 7299 کەس بەشدارییان کرد و بەرهەم ساڵح زۆرترین رێژەی دەنگدەرانی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، کە 2945 دەنگەو دەکاتە %40.3
نەجمەدین کەریم، کە یەکێکە لە کاندیدەکانی دیکەی یەکێتی و رکابەریی دەکات بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، پێچەوانەی بەرهەم ساڵح کەمترین دەنگی راپرسییەکەی بەرکەوتووە، کە 164 دەنگە و دەکاتە %2.2
هۆشیار زێباری، وەزیری دەرەوەی عێراق لەسەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە راپرسییەکەدا پلەی دووەمی گرتووەو لەو ژمارە بەشداربووە 1733 کەس دەنگیان پێداوە، کە دەکاتە رێژەی 23.7 %.
کەسایەتییەکی دیکەی نێو پارتی دیموکراتی کوردستان لە راپرسییەکەدا ناوی هاتووە، ئەویش د.رۆژ نووری شاوەیس، جێگری سەرۆک وەزیرانی

عێراقە. ئەو 1254 کەس لەکۆی 7299 بەشداربووەکە پێیان باشە ببێتە سەرۆک کۆمار، کە دەکاتە 17.2%.
نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان، بە 51 دەنگ لەدوای د.ڕۆژ دێت و 1203 دەنگی هێناوە، کە دەکاتە 16.5%
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 14-07-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 497

## زۆرینەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکەی ڕووداو متمانەیان بە ئیسرائیلە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140711231306769 70

پۆرتاڵی ڕووداو بۆ ماوەی هەفتەیەک ڕاپرسییەکی لەنێو خوێنەرانیدا ئەنجامدا، تێیدا ئەوەی پرسیبوو "بۆ سەربەخۆیی کوردستان باوەڕت بە کام وڵاتە"، بۆ ئەوەش چوار بژاردەی خستبووەڕوو، کە بریتیبوون لە (ئەمریکا، تورکیا، ئیسرائیل و هیچکامیان.)
لەماوەی ئەو هەفتەیەدا 11 هەزارو 765 کەس بەشدارییان لە ڕاپرسییەکەدا کرد و کەمترینی بەشداربووان متمانەیان بە ئەمریکا هەیە، کە لەو ژمارەیە تەنیا 471 کەس دەنگیان داوەتێ، کە دەکاتە ڕێژەی 4%ی بەشداربووان.
956بەشداربووی دیکە متمانەیان بە وڵاتی تورکیا هەیە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کە دەکاتە 8.2%
وڵاتی ئیسرائیل لەو ڕاپرسییەدا توانیویەتی زۆرترین متمانەی بەشداربووان بەدەستبهێنێت و 6571 دەنگی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە 56.3%. ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بە لێدوانی بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتەوە هەبێت، کە بە ئاشکرا پاڵپشتیی خۆیان بۆ دەوڵەتی کوردی دەربڕیوە.
بژاردەیەکی دیکەی ڕاپرسییەکە بۆ ئەوەی بەشداربوو هەڵیبژێرێت "هیچکامیان" بوو، واتە بەشداربوو بڕوای بە هیچکام لەو وڵاتانە نییە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی، ئەم بژاردەیە لەدوای ئیسرائیل و لەپێش تورکیا و ئەمریکا دێت و لە 11 هەزارو 765 بەشداربووەکە 3677 کەس باوەڕیان بە هیچکام لەو سێ وڵاتە نییە کە دەکاتە 31.5% بەشداربووان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 11-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 498

## زۆرینەی کاندیدەکان بۆ پڕکردنەوەی کورسی پەرلەمانی داهاتو ڕۆژنامەنوس و نوسەر و شاعیر و چالاکوانانی مەدەنین

http://www.kurdipedia.org/?q=20130723171549914 41

لەمێژوی 22 ساڵی هەرێمی کوردستاندا هێندەی ئێستا پەرلەمان نەبوەتە شوێنی ڕۆژنامەنوس و نوسەرو شاعیرو چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی، هێندەی ئێستاش کاندیدو قەوارە بەشدار نەبوە، بەپێی وتەی سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق 1138 کاندیدو 31 قەوارە بەشدار دەبن لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، نوسەرێکیش پێیوانییە ئەم خولەی

دادێی پەرلەمان لەخولی داهاتو باشتر بێت.
ئا: ئیحسان مەلا فوئاد
لەلێداونێکی تایبەتدا بۆ ئاوێنە سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق سەربەست مستەفا ئاماژەی بەوەکرد کە لەهەڵبژاردنی ئەمساڵی پەرلەمانی کوردستاندا 31 قەوارەی سیاسی و دو هاوپەیمانێتی و 1138 کاندید لەهەمو حزب و قەوارەکان بەشدارییانکردوە.
ئەوەی جێی نیگەرانی هاوڵاتیانە بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان ئاساییە کاندیدانی پەرلەمان پروانامەیان نەبێت، ئەو بەرپرسەی کۆمیسیۆن ئاماژەی بەوەکرد بەپێی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاساییە کاندیدەکان پروانامەی ئامادەییان نەبێت، بەڵکو دەبێت تەنها پروانامەی ناوەندی بەخوارەوەی نەبێت.
لەئێستادا هەڵپەکردن بۆ پەرلەمان و کورسییەکانی ململانێیەکی توند بەخۆوە دەبینێت، نوسەرو رۆشنبیر، عارف قوربانی، لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە ئەو هەڵپەکردنەی بۆ دو هۆکار گێرایەوە، هۆکاری یەکەم و سەرەکی پەیوەندی بە و ئیمتیازە زۆرەی پەرلەمانتارانەوە هەیە لەخانوو ئۆتۆمبیل و موچەی زۆرو دوای تەواوبونی ئەو خولەش خانەنشینکردنیان بە لە80% موچەکانیان، دوەم بەهۆی گەشەی پرۆسەی سیاسییەوە ساڵ دوای ساڵ ژمارەی قەوارە سیاسییەکان زیاد دەکات و رەنگە بۆ خولێکی تر زیاتر بێت.
ئەوەی لەئێستادا بوەتە جێی باسی خەڵک کاندیدکردنی راگەیاندکارو نوسەرو شاعیرانە لەهەمو حزبەکاندا، ئەو نوسەرە ئاماژە بەوەش دەکات مەرج نییە ئەوەی راگەیاندکار یان نوسەر بێت سەرکەوتوبێت لەپەرلەماندا، چونکە پەرلەمانتاریی مێزگردی تەلەفزیۆنی نیە تا دو قسەی زل بکەن و بڵێن ئەمە کەسێکی بەتوانایە، پەرلەمانتاری بۆ چاودێریکردنی حکومەت و دەرچواندنی یاساو رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتییە، دەبوایە حزبەکان گوێیان نەدایە بەوەی مادام سیستەمەکە نیمچەکراوەیە ئیتر پەنا بەرنە بەر راگەیاندکارو کەسانی دیار، دەبوایە کەسانی پسپۆر کاندید بکرانایە کە هیچ حزبێک ئەوەی نەکردوە، بەڵکو ئەو لیستانە کەمترین خەڵکی پسپۆری جۆراوجۆری تێدایە، بۆیە پێموانییە ئەم خولەی پەرلەمان لەوەی پێشو باشتر بێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 23-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 499

## زۆرینەی ژنە قوربانیەکانی توندوتیژی خوێندەوارن و لەنێوان 20 بۆ 40 ساڵیدان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140720363076921

ئا: دالیا کەمال
بەپێی ئە و ئامارەی لەساڵانی نێوان 2007 -2013 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەسلێمانی تۆمارکراوە و کۆپیەکی دەست ئاوێنە کەوتوە، زۆرینەی هۆکاری توندوتیژییەکان خێزانین و ئەنجامدەرانی توندوتیژیەکانیش هاوسەری ژنان خۆیانن.
ئاماری توندوتیژیەکانی ساڵی 2007 بەشێوەیەکی گشتی 507 حاڵەت بوە کە (72%)یان کێشەی خێزانی بون، لەساڵی 2008، کۆی گشتی 991 حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان رویداوە کە 489یان کێشەی خێزانین و 319 حاڵەت بەهۆی مێردەکانیانەوە بوە، هاوکات 387 لە و ئافرەتانە خوێندەوار بون.
لەساڵی 2009 کۆی گشتی حاڵەتەکان 1183 بوە و 45%ی کێشەی خێزانی بون و لە 33%ی لەلایەن مێردەکانیانەوە ئەنجامدراوە و 765 ئە و ژنانە خوێندەواربون. کۆی گشتی توندتیژیەکان لەساڵی 2010دا 1617 حاڵەت بوە و 63%ی کێشەی خێزانی بون و 46%ی لەلایەن مێردەکانیانەوە ئەنجامدراوە، کە 43%ی تەمەنی ئافرەتەکان لەنێوان (21-30) بوە.
لەساڵی 2011دا کۆی گشتی توندوتیژیەکان دژی ئافرەتان 1673 بوە و رێژەی 68%ی ئە و ئافرەتانی ئەشکەنجەدراون هۆکارەکەی کێشەی خێزانی بوە و 47%ی بەهۆی مێردەکانیان بوە و

34%ی ئه و ژنانەش خوێندەوار بون، زۆربەشیان تەمەنیان لەنێوان (31 -40) ساڵ بوە.
لەساڵی 2012ش، کۆی گشتی توندوتیژیەکان 1924 حاڵەت بوە کە ئەمەش بەرزترین ڕێژەی توندوتیژیەکان بوە و لەماوەی ئه و شەش ساڵەی رابردودا، بەجۆرێک 444 حاڵەت ئەشکەنجەدان بوە و تەمەنی زۆربەی قوربانیەکانیش لەنێوان (21 -30) ساڵیدا بوە، ڕێژەی 40%ی ئه و ئافرەتانەش خوێندەوار بون کە 56%یان لەلایەن مێردەکانیانەوە توندوتیژیان بەرامبەر کراوە.
لەساڵی 2013 دا ڕێژەی توندوتیژییەکان کەمێک دابەزیوە و کۆی گشتی بریتی بوە لە 1270 حاڵەت کە زۆربەیان بەهۆی حاڵاتی خۆسوتانەوە بوە.
لەبارەی ئەوەی زۆرینەی قوربانیەکان لەوانەن کە خوێندەوارن، بەهار مونزیر، بەرێوەبەری ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان بەئاوێنەی ڕاگەیاند، بەباوەڕی من خویندن گرنگە بەڵام ناتوانیت بەتەواوەتی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبێت کە ژنان نەهێڵن توندوتیژییان بەرامبەر بکرێت.”
سەبارەت بەوەی کە زۆربەی ئه و ژنانەی توندوتیژیان بەرامبەر ئەکرێت لەتەمەنی 21 -40 ساڵیدان، بەهار پێیوایە، “کچی منداڵیش لەبەر کچبونی جیاوازی لەگەڵ دەکرێت، بەڵام تەمەنی گەورەبونەکەیەتی دەبێتە مۆتەکە بۆ خێزانی و هاوسەری، لەبەرئەوەی لەکۆمەڵگای دواکەوتودا ژنان هەڵگری ناموسی خیزانن و لەکەداربونی مەترسی دروستدەکات.”
بەبۆچونی ئه و چالاکوانەی بواری ژنان، زۆربەی توندوتیژیەکان بۆیە لەلایەن مێردەکانیانەوە روئەدات، چونکە “نەبونی ئازادی نێوان نێرو می نامۆبونە لەیەکتری، بۆیە کاتێک دەچنە ژیر سەقفێکەوە، هەموو کێشەکان سەرهەڵدەدەن و دونیایەک جیاوازییان دەبێت، لەبەرئەوە ئەمە دەبێتە سەرەتای سەرهەڵدانی ناڕێکی.”
زۆربەی چالاکوانان سکاڵایان لەوە هەیە کە لەسەرەتای رودانی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان، ڕاگەیاندنەکان بەگەرمیەوە باسی دەکەن، بەڵام دوای ماوەیەک بێئەوەی بەدواداچون بکرێت بۆ دەرەنجامەکانی کەیسەکە، فەرامۆش دەکرێت.
ئاڵا لەتیف، بەرپرسی لاپەڕەی کۆمەڵگە لەرۆژنامەی هاوڵاتی لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە وتی، “هیچ شتێک بەقەدەر هەواڵی کوشتن و تاوان لەم هەرێمەی ئێمەدا زو تەلەف نابێت، ئێمە بەپێی ئه و پەندە کوردیە مامەڵە لەگەڵ باسکردنەوەی تاوانەکان دەکەین کە دەڵێت “کای کۆن بەبا مەکە.”
ئاڵا پێیوایە باسنەکردنەوە و لەبیرکردنی ئه و تاوانانە تەنانەت لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنەکانیش، “کارێکی وەهای کردوە کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک پۆلیس و دادگاش وەک پێویست بەدواداچون بۆ ئه و کەیسانە نەکەن، یان تۆمەتبار بەهەریەک لە و کەیسانە بەسوکترین سزا دەربازیان بێت.”
ئه و ڕاگەیاندنکارە دان بەوەشدا دەنێت کە “نابێت لێرە بەدوا تەنها بە پێوانەی بونی رەگەزی کۆنی و تازەیی مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی تاواندا بکەین، ئه و تاوانانەی ئەمڕۆ رودەدەن دەرئەنجامی پشتگوێخستنی ئه و تاوانانەیە کە دوێنێ رویانداو لەبیرمانکردن.”
لەماوەی رابردودا ژمارەیەک حاڵەتی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێمی کوردستاندا رویاندا، بەڵام پاش ماوەیەک باسکردنی لەرێگەی ڕاگەیاندنەوە، ئیدی وەک کەیسەکانی رابردو هەرزو لەبیرکران، دیارترین نمونەیان کوشتنی دنیای تەمەن 15 ساڵان بو لەلایەن مێردەکەیەوە کە لەرۆژانی سەرەتای ئەنجامدانی تاوانەکە تا ڕادەیەک بەگەرموگوریی قسەی لەسەرکرا، بەڵام لەئێستادا کەمترین باس و خواسی لەبارەوە دەکرێت.
ئەم دیاردەیە لەلایەن رۆژنامەنوسان خۆیانەوە زیاتر هەستی پێدەکرێت، ئاڵا دەڵێت، “ئه و دۆخەی کە ئێستا لەکوردستان هەیە وادەخوازێت کە بیربکەینەوە چۆن و بەچ شێوازێک رێگە نەدەین ئەم تاوانانە لەبیرنەکرێن و تاوانباران بەبێ سزا تێنەپەڕن، بۆ ئەمانەش پێویستمان بەوەیە لانیکەم نمونەی یەک کەیس ببەینەوە کە بەهۆی کاریگەری ڕاگەیاندنەکانەوە تاوانبار بەسزای خۆی گەیشتبێت.”
ئامارەکانی کوشتن و تاوان، بەتایبەتی ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان رۆژ لەدوای رۆژ بەرزتر دەبنەوە، لەکاتێکدا دەیان ڕێکخراو، سەنتەر، بەڕێوەبەرایەتی و دامودەزگا لەهەرێمدا کاردەکەن بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژیەکان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 07-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: RUیەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 500

## زیاتر لە 100 کۆمپانیای بەریتانیا لەهەرێم سەرمایەگوزاریی دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112223261887682

سەرۆکی ئەنجومەنی کاری عیراق – بەریتانیا، ئاشکرایکرد، بەهۆی ئارامی دۆخی ئەمنیی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە 100 کۆمپانیای بەریتانیا لەبواری ئابوری و کەرتی نەوت و گاز و دیزاین و بورای کشتوکاڵ لە و هەرێمە کاری سەرمایەگوزاریی دەکەن .
لەدیدارێکی تایبەت لەگەڵ رۆژنامەی شەرقەلئەوسەت، ئیما نیکڵسۆن، سەرۆکی ئەنجومەنی کاری عیراق – بەیتانیا و کونسوڵی گشتی بەریتانیا لەهەرێم ئاشکرایکرد،" زۆرێک لەکۆمپانیاکانی بەریتانیا، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کاری سەرمایەگوزاریی دەکەن"، وتیشی: کۆمپانیاکانی بەریتانیا لەئاستی بەرزدان، بەتایبەت کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت و گاز و وزە .
بەوتەی ئیما نیکڵسۆن، ژمارەی کۆمپانیاکانی بەریتانیا لەهەرێم، بەبەراورد بە پەیوەندیەکانی نێوان بەریتانیا و هەرێمی کوردستان کەمن، داواشیکرد، کۆمپانیاکان ئاستی وەبەرهێنانی بەریتانیا لەهەرێم زیاد بکەن .
ئیما نیکڵسۆن، باسی لەوەشکرد کە، "بەنیازن هێڵێکی گەشتی ئاسمانی راستەوخۆ لەنێوان لەندەن و هەولێردا بکەنەوە، بەمەبەستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوولا و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ بەڕیوەبەری هێڵی ئاسمانی بەریتانیا وتوێژیان کردووە و پێدەچێت لەساڵی داهاتوودا ئەو هێڵە بکرێتەوە ."
ئیما نیکڵسۆن،ئەوەشی ئاشکراکرد کە، " ئاستی هەناردەی بەریتانیا بۆعیراق، ساڵی رابردوو گەیشتۆتە، 285 ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی کە دەکاتە 420 ملیۆن دۆلار"، روونیشی کردەوەکە، " چالاکیی کۆمپانیاکانی پارساڵی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان، لە بورای دڵنیایی و ئەمنیی، گەیشتۆتە 566 ملیۆن پاوەنی ئیستەرلینی کەدەکاتە 800 ملیۆن دۆلار ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-22

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 501

## زیاتر لە 20 گەنجی کورد لەنێو حەشدی شەعبیدا بوونەتە قوربانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2015043021534685191

بەرپرسێکی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان رای دەگەیەنێت، چەندین کورد لە ریزی حەشدی شەعبیدا بوونەتە قوربانی. ئاشکراشی دەکات لە بەرامبەر مەترسیی حەشدی شەعبی، نووسراوێک دراوەتە ئەنجومەنی وەزیران کوردستان .
نەسرەدین سەعید، سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بە (باس)ی راگەیاند، لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم لە رێگەی پارە و قۆستنەوەی دۆخی ئابووری، خەڵکی کورد براونەتە نێو حەشدی شەعبی. گوتی: سەردانی ناوچەکانمان کردووە و دیراسەمان کردووە، لە بەرامبەر ئەو مەترسییە لە مانگی رابردوودا نووسراوێکمان ئاراستەی حکوومەتی هەریمی کوردستان کردووە کەوا چارەسەرێک بۆ هەبوونی حەشدی شەعبی لەو ناوچانە بدۆزرێتەوە، چونکە لەو ناوچانە هێزیان هەیە و خەڵکی ئیمە بۆ خۆیان دەبەن .
نەسرەدین سەعید گوتیشی: بەڵگەمان هەیە خەڵکی کورد و لاوی کورد دەچنە نێو حەشدی

شەعبی، تەنانەت هەندێک کوردیش لە ڕیزی ئەوانە بوونەتە قوربانی و کوژراون، بۆیە دەبێ حکوومەت ڕێگری لەوە بکات، ئەوان مەترسین لە ناوچە کوردستانیەکاندا .
سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان گوتیشی: بەپێی ئەو زانیاریانەی لە یەکە ئیدارییەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم پێمان داراون، زیاتر لە 20 گەنج و هاووڵاتیی کورد لە ریزی حەشدی شەعبی بوونەتە قوربانی .
لەسەر فەتوای ئایەتوڵا عەلی سیستانی مەرجەعی شیعەکانی عێراق، لە دوای هێرشەکانی داعش بۆ عێراق، حەشدی شەعبی دروست بووە کە نزیکەی 50 میلیشیای شیعە لە عێراقد لەنێو ئەو هێزەدان 42 فیرقەی جۆراوجۆریان هەیە. ئەو هێزە لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش بوونی هەیە .
نەسرەدین سەعید لەبارەی ئاماری هەبوونی 10 هەزار کورد لەنێو حەشدی شەعبیدا دەڵێ: هیچ ئامارێک لە بەردەستماندا نییە کە چەند کورد لەنێو حەشدی شەعبیدان، بەڵام کە سەردانی هەندێک ناوچەی کوردستانیمان کرد، بۆمان دەرکەوت خەڵکێکی زۆری کورد لەنێو حەشدن .
جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان بە (باس)ی رای گەیاند، بوونی ژمارەیەک کورد لەناو حەشدی شەعبیدا حاڵەتێکی ئاساییە، گوتی: "کورد لەناو داعش هەیە، بۆیە لەناو حەشدی شەعبیش کورد هەبێت سەیر نییە ."
یاوەر گوتیشی: لەنێو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیشدا ژمارەیەک بە رەگەز عەرەب هەن، "بەتایبەت لەو ناوچانەی پێشتر پێیان دەگوترا ناوچەی جێناکۆک و داپراو ئێستا لەژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ژمارەیەک کەسی بە رەگەز عەرەب هەن و پێشمەرگەن ."
پێوەند بەم باسە، شاخەوان عەبدوڵڵا، بڕیاردەری لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بە (باس)ی راگەیاند: حەشدی شەعبی زیاتر لە 50 هەزار چەکداری هەیە و هەندێک کوردیش لەنێو ئەو هێزەدان و ئەوان مەترسین بۆ داهاتووی ناوچە کوردستانیەکان .
عەبدولقادر محەمەد پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی عێراق بە (باس)ی راگەیاند، پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کوردانەی لە ناوچە کوردستنانیەکان چونەتی ناو حەشدی شەعلی بخاتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، گوتی: لە دوای شەڕی داعش مەترسی هەیە هەندێک لایەنی سیاسی و عەشایری ئەو چەکدارە کوردانەی لەنێو حەشدی شەعبین دژی کورد بەکاریان بهێنن، بۆیە دەبێ چارەسەرێک بۆ ئەو پرسە بدۆزرێتەوە بەر لەوەی دۆخەکە خراپ بێت.
سەرچاوە: باس نیوز 30-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 502

## زیاتر لە 25 هەزار لە کوردانی خۆرئاوا لە باشورەوە گەڕانەوە زێدی خۆیان

http://www.kurdipedia.org/?q=20131022104238824З

ە ماوەی چەند مانگی رابردودا بە هەزاران هاوڵاتی کوردستانی خۆرئاوای کوردستان کە لە باشوری کوردستان دەژیان گەڕاونەتەوە زێدی باوباپیریان.
بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی "فورات نیوز" ئەو زانیاریانەی لەبەرپرسانی دەروازەی سنووری سێمالکا و ئاسایشی رۆژئاوای کوردستان بەردەست کەوتون، لەماوەی سێ مانگی رابردوو زیاتر لە 26هەزار و 800 پەنابەر لەباشووری کورستانەوە گەڕاونەتەوە سەر زێدی خۆیان لە خۆرئاوای کوردستان.
لە درێژی ئەو هەواڵەدا هاتوە، ئەندامێکی ئاسایشی خۆرئاوای کوردستان بەناوی دڵبرین عەفرین)

که لەدەروازەی سنووری نێوان باشووری کوردستان و خۆرئاوا ئەرکداره رایگەیاندووه" لەماوەی سێ مانگی رابردوو لە سنووری گوندی (شەریک)ەوه 10هەزار و 488 پەنابەر لەباشوورەوه گەراونەتەوه سەرماڵ و موڵکی خۆیان. هەروەها سەرچاوەکان دەستنیشانیان کرد کە بەرێگەی گوندی (کەلەها تاوس) و (گردەسوور) کە وەک رێگایەکی قاچاغ دەناسرێت، لەماوەی مانگێکدا زیاتر لە 300پەنابەر لەباشووری کوردستان گەراونەتەوه خۆرئاوا.
لای خۆشیەوە، ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی دەروازەی سنووری سێمالکا نوری رەشید رایگەیاند، رۆژ بەرۆژ ژمارەی ئەو پەنابەرانەی لەباشووری کوردستان دەگەرێنەوه سەر زێدی خۆیان رووله‌زیاد بوونه و هەندێک جار رۆژانه هەزارکەس زیاتر دەگەرێتەوه.لەسەرەتای مانگی تەموز تا 14ی تشرینی یەکەم ژمارەی ئەو پەنابەرانەی لەباشووری کوردستان گەراونەتەوه زیاتر لە15هەزار و412 کەسە.
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 2013-10-22

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 503

## زیاتر لە 30 هەزار فەرمانبەری سێ وەزارەت پروانامەیان نییە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150514112130852 92

رۆژنیوز- هانا ئازاد
زیاتر لە 30 هەزار فەرمانبەری هەر سێ وەزارەتی پەروەردە، ئەوقاف و تەندروستی پروانامەیان نییە و زیاتر لە 24 هەزار کەسیش پروانامەی سەرەتاییان هەیە. بەپێی ئامارێکی تایبەتی دەستەی دەسپاکی کە دەست رۆژنیوز کەوتووە، تەنیا لە کەرتی پەروەردە 250 هەزار و 152 فەرمانبەر هەن، لەو رێژەیەش 12 هەزار و 426 کەسیان بێ پروانامەن و 13 هەزار و 764 کەسیشان پروانامەی سەرەتاییان هەیە. مشیر رەشید بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەی کاروباری یاسایی و لێکۆڵینەوه لەدەستەی دەسپاکی زانیاریەکانی پشتراسکردەوە و بە رۆژنیوزی وت: "جگە لە وەزارەتی پەروەردە، هەردوو وەزارەتەکانی تەندروستی و ئەوقاف 81 هەزار و 390 فەرمانبەریان هەیە، لەو رێژەیەش 18 هەزار و 394 کەسیان پروانامەیان نییە و 11 هەزار و 112 کەسیشیان تەنیا پروانامەی سەرەتاییان هەیە. وتیشی: "ژمارەی فەرمانبەرانی مەدەنی لەهەرێم 509 هەزارو 745 کەسن و نیوەی سەرجەم فەرمانبەرانی هەرێم سەر بە وەزارەتی پەروەردەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 504

## زیاتر لە 300 شوێنی گەشتیاری و میلی موڵەتی کارکردنیان پێدراوه بۆ مانگی رەمەزان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140702121503768 74

لە شاری سلێمانی و لەمانگی رەمەزاندا، 300 شوێنی گەشتیاری میلی مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوه تا بەردەوام لە ژێر رێنماییەکانی تایبەت بە رەمەزاندا خواردەمەنی پێشکەشی هاوڵاتیان

بکەن.
بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە تیایدا هاتووە: پێنج فەرمانگەی حکومەت لە دیوانی قایمامیەتی قەزای سلێمانی لە 25ی ئەم مانگەوە ڕێنمایەکی هاوبەشیان دەرکرد، کە تیادا بڕیار درا هەر چێشتخانە و ڕێستورانت و کافتریا و چایخانەیەک سەربەست بێت لە کردنەوەی شوێنەکانیان لەم مانگی ڕەمەزاندا بە و مەرجەی بەڵێننامەی دادنووس بداتە لیژنەکە کە لە جەژن و بۆنەکاندا شوێنەکانیان کراوە بێت.
هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا، گۆران قادر، سەرۆکی لیژنەی شوێنە گەشتیاریەکانی لە قایمقامیەتی سلێمانی ئاشکرایکرد: ڕۆژی 30 /6 کۆتا ڕۆژی پێدانی مۆڵەت بوو بۆ ئە و خاوەن کارانەی دەیانەوێت لە مانگی ڕەمەزاندا شوێنەکانیان بکەنەوە.
وتیشی: "زیاتر لە 300شوێنی گەشتیاری و میلی مۆڵەتی کارکردنیان پێ دراوە بۆ ئەم مانگە کە کاربکەن و مەرجی سەرەکیش ئەوەیە بوو ئە و شوێنانە کراوە بێت لە بۆنەکانداو گەر بێت و کەسێک پابەند نەبێت بە و بڕیارەوە پاڵپشت بە یاسادا سزا دەدرێت."
هاوکات ئە و لیژنە هاوبەشەی کە مۆڵەتی ڕەمەزان دادەتەیە خاوەنی شوێنەکان نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری سلێمانی سەرۆکایەتی دەکردو هەریەک لە قایمقامیەت و کۆمەڵەی چێشتخانە و میوانخانەکان و تەندروستی و چاودێری بازرگانی ئەندامێتی لیژنەکەیان دەکرد تا ڕێنمای و کار ئاسانی بۆ کردنەوەی هەریەک لە و شوێنانە جێبەجێ بکەن لەم مانگەدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 505

## زیاتر لە 300 کێڵگەی مینی هەولێر نیشانە دەکرێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140106114900867989

خەندان - ڕاماڵ قەسرەیی
بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی گیانلەدەستدان و زیانەکانی مین و تەقەمەنی، تەواوی ئە و کێڵگانەی مین نیشانە دەکرێن کە دەکەونە سنووری پارێزگای هەولێر.
زێبار خالید بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین-ی هەولێر بەخەندانی ڕاگەیاند: لەچوار چێوەی کار و چالاکیەکان لەسنوری پارێزگای هەولێر لەڕێگای کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەتەوە تەواوی ئە و کێڵگانەی مین نیشانە دەکرێن کە کەوکەوتوونەتە سنووری ئە و پارێزگایە .
زێبار خالید وتیشی پرۆژەکە لەژێر ناوی پرۆژەی (نیشانەکردنی تەواوی کێڵگە مینیەکانی سنوری پارێزگای هەولێر)ە و بەبری 934 ملیۆن و 264 هەزار دیناری عێراقی لەسەر بودجەی وەبەرهێنان و لەلایان کۆمپانیایەکی خۆماڵی بەناوی (کۆمپانیای دەڤەرا پاک) ئەنجام دەدرێت و ماوەی پرۆژەکەش 550ڕۆژە .
زێبار وتیشی: ژمارەی ئە و کێڵگە مینیانەی کە کاریان تێدادەکرێت بریتین لە337 کێڵگە، کە تائێستا مەترسیدارن و پاک نەکراونەتەوە، ئەم پرۆژەیە ئە و کێڵگانەش دەگرێتەوە کە نیشانە نەکراون یان لەرابردو نیشانە کراون و ئێستا نیشانەکانیان کۆن بوونە و وەک پێویست دیار نین.
بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی مینی هەولێر وتیشی: هاوڵاتیان گلەیی ئەوەیان دەکرد کەبەشێکی زۆر لەشوێنە مین ڕێژکراوەکان نیشانەیان نییە یان نیشانەکانیان نەماون و کۆن بوون، بۆیە بەئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە گلەیی و گازندەی هاوڵاتیان نامێنێت و پرۆژەکەش کاریگەریی باشی دەبێت لەسەر هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان و کەمکردنەوەی قوربانی و زیانەکانی مین و

تەقەمەنی.
ناوبراو هێماشی بۆ ئەوەکرد کە زۆرترین کاریان لە سنووری قەزای چۆمان و سیدەکان دەبێت، بەهۆی ئەوەی ئە و ناوچانە سەنگەری روبەروبونەوەی سوپای عێراق- ئێران بوون، وتیشی: بەهۆی سەختی و بوونی بەفر لە و شوێنانە، تائێستا نەتوانراوە دەست بەکارەکان بکرێت، بەڵام کۆمپانیای جێبەجێکار ئاگادار کراوەتەوە کە دەبێت لەکاتی خۆی کارەکانیان تەواو بکەن .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-06

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 506

## زیاتر لە 34 هەزار کرێکاری بیانی هێندراونەتە هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150920324686006

لێژنەی باڵای بەکارخستن لەهەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی محمد هاودیانی، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و نوێنەرانی 15 وەزارەت و ژوری بازرگانی و پیشەسازی و سەندیکای کرێکاران کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا، لە کۆبونەوەکەدا راگەیەندرا: بێکاری گرفتی گەورەیەو ئەوەش خرایە روو کە زیاتر لە 34 هەزار کرێکاری بیانی هێندراونەتە هەرێم. سەرەتای کۆبونەوەکەی ئەمرۆ چوارشەممە کە لە ژوری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر بەرێوە چوو، محەمەد هاودیانی، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و سەرۆکی لێژنەی باڵای بەکارخستن رایگەیاند: ئەنجامدانی ئەو کۆبونەوەیە بۆ بەدەمەوەچوونی کارو کرێکارانی خۆماڵی و رەخساندنی هەلی کارو چارەسەرکردن و خستنەرووی پێشنیارەکانە لەسەر کرێکارانی بیانی و سیاسەتەکانی بەکارخستن لەهەرێمی کوردستان پرۆژەی گرنگن بۆ روبەرووبونەوەی بێ کاری. وەزیری کار ئەوەشی خستەروو کە گرفتی گەورەی کۆمەڵگا بێ کاریەو دەبێت سیاسەتەکانی بەکارخستن بەشێوەیەکی سەردەمیانە بخرێتەگەر بۆ رەخساندنی هەلی کار. دواتریش لەلایەن دکتۆر عارف حیتۆ، بەرێوبەری گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی پرێزنتەیشنێک پێشکەشکراو تێیدا بەرچاورونیەکی خستەروو لەسەر چۆنیەتی کارکردن و هێنان و ئامارەکانی کرێکارانی بیانی و کێشەکان و پێشنیارەکانیشی ئاشکرا کرد. بەپێی ئامارەکان، لە چەند ساڵی رابردوو تاوەکو ئێستا زیاتر لە 34 هەزار کرێکاری بیانی هێندراونەتە هەرێمی کوردستان و لە ئێستاشدا زیاتر لە 9 هەزار کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان هەن، زۆرترین کرێکاریش کرێکاری وڵاتی نیپا لەو لەدوای ئەو وڵاتەش کرێکارانی وڵاتانی هیندستان و ئەندەنوسیاو جۆرجیاو فلیپین و سریلانکاو چین دێن. لە کۆتاییشدا لەلایەن نوێنەرانی وەزارەتەکانی بەشداربووی کۆبونەوەی لێژنەی باڵای بەکارخستن لەهەرێمی کوردستان تاوتوێ و گفتوگۆ کرا لەسەر چۆنیەتی روبەرووبونەوەی بێ کاری و رەخساندنی هەلی کار بۆ کرێکارانی خۆماڵی و تەئکید لەسەر ئەوەکرایەوە کە کرێکارانی بیانی کەمبکرێنەوەو دەرفەت بە کرێکارانی ناوخۆ بدرێت بۆ ئەوەی هەلی کاری زیاتریان دەستبکەوێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: 🌍دەرەوە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 507

## زیاتر لە 35 هەزار دەنگی کورد لەکەرکوک فەوتا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140523155952764445

دەنگی ئەو هێزو پارتە کوردییانەی لە کەرکوک بەشداری هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراقیان کردو نەیانتوانی کورسیەک بەدەست بهێنن، زیاتر لە 35 هەزار دەنگە.
دەنگی ئەو هێزو پارتە کوردییانەی لە کەرکوک بەشداری هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراقیان کردو نەیانتوانی کورسیەک بەدەست بهێنن، زیاتر لە 35 هەزار دەنگە.
بارام سوبحی، ئاوێنەنیوز: بەپێی ئەو فایلە گشتگیرەی رۆژی (5/21)، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەبارەی ئەنجامی هەڵبژاردنی (4/30) پارلەمانی عێراقەوە بڵاویکردەوە، دەنگی لیستء پاڵێوراوی لایەنە کوردییەکان کە لە کەرکوک نەیانتوانیوە کورسی بەدەست بهێنن، بەم جۆرەیە:
بزوتنەوەی گۆڕان
(20799)دەنگی لیست
(17944)دەنگی کاندیدەکانی، لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنی (2010)ی پەرلەمانی عێراقدا (36) هەزارو (558) دەنگی بەدەستهێنابو، واتە بۆ ئەم هەڵبژاردنە رێژەی دەنگەکانی گۆڕان زیاتر لەنیوە کەمی کردوە.
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
(6933)دەنگی لیست
(6291)دەنگ کاندیدەکانی، لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لە هەڵبژاردنی (2010)دا (24) هەزارو (274) دەنگی بەدەستهێنابوو، واتە دەنگەکانی چوار ئەوەندەی پێشتر کەمیکردوە.
کۆمەڵی ئیسلامی
(4908)دەنگی لیست
(4374)دەنگی کاندیدەکانی، کۆمەڵی ئیسلامی لەهەڵبژاردنی (2010)دا حەوت هەزارو (175) دەنگی بەدەستهێناوە، واتە سێ یەکی دەنگی پێشوی هێناوەتەوە.
هاوپەیمانی نیشتمانیی دیموکراتی کورستانی
ئەم لیستە لە حیزبەکانی: شیوعیء سۆسیالیستء زەحمەتکێشان پێکهاتبوو.
(4617)دەنگی لیست
(4020)دەنگی کاندیدەکانی
بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان
(406)دەنگی لیست
(294)دەنگ کاندیدەکانی
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 23-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 508

## زیاتر لە 450 کەس ناوی خۆیان لە عەرەبیی و فارسیەوە بە ناوی کوردی گۆڕیووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080622462089250

فەرمانگەی باری سلێمانی شارستانی ئاماژە بەوەدەکەن، لەماوەی شەش مانگی رابردوودا بە

سەدان کەس ناوی خۆیان لە زمانەکانی وەکو عەرەبی و فارسیەوە بە ناوی کوردی گۆڕیووە.
لە ژمارەی ئەمڕۆی ڕۆژنامەی"هەولێر" هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە، لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا 463 کەس داواکارییان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی ناوەکانیان بگۆڕن و زۆربەی داواکارەکانیش لە چینی گەنجانن.
لای خۆشیەوە، سەرچاوەیەک لە بەشی ئاماری فەرمانگەی باری شارستانی سلێمانی ئاشکرایکردووە،ئە و 463 کەسەی داواکاریان پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی ناوەکانیان لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە بگۆڕن لە چینی گەنجانن.
لە درێژەی قسەکانیدا، ئەو سەرچاوەیە بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە، زۆربەی داواکاری بۆ گۆڕینی ناوەکان لە مانگی شوباتی ڕابردوو بووە کاتێک ژمارەیان گەیشتۆتە 110 کەس.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-06

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 509

## زیاتر لە 50 جار بۆرییەکانی نەوتی کەرکوک- جەیهان کراونەتە ئامانج

http://www.kurdipedia.org/?q=2013123009154887011

لەماوەی زیاتر لە 40 ساڵی ڕابردوی مێژوی دروستکردنیدا، ساڵی 2013 زۆرترین جار هێڵی بۆری گواستنەوەی نەوتی کەرکوک- جەیهان ڕوبەڕوی هێرش بۆتەوە.
کەرکوک، ئاوێنەنیوز: سایتی کەرکوک ناو لەزاری سەرچاوەیەک لەکۆمپانیای نەوتی باکورەوە بڵاویکردۆتەوە کە لەئەمساڵدا (2013) لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە زیاتر لە 54 جار هێرشکراوەتەسەر بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوتی کەرکوک بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا.
ئەو سەرچاوەیە کە نەیویستووە ناوەکەی بڵاوبکرێتەوە وتویەتی، زوربەی ئەو هێرشانەی کە لە ئەمساڵدا کراونەتە سەر بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت کەرکوک – جەیهان لەناو خاکی عێراقدا بون و بەتایبەتیش ناوچەکانی (عەین جەحش)، (فەتحە) و (بێجی)، هەروەها لەناوچەکانی (شوری) و (حەزەر) لەسەر ڕێی موسڵ.
ئاماژەی بەوەشکرد، چوار هێرش لەنێو خاکی تورکیا ڕویانداوە، ئەو ژمارە هێرشەش کە لەمساڵدا ڕویانداوە زۆرترین ڕێژەی هێرشە بۆسەر هێڵی کەرکوک-جەیهان لەو کاتەوە کە لەساڵی 1973 دا دروستکراوە.
ئاشکرایکرد، بەهۆی زۆری هێرشەکانەوە، لەم مانگەدا 350 پۆلیس بۆ پاراستنی بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت دامەزرێنراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-12-30

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 510

## زیاتر لە 600 سواڵکەر دەستگیر کراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051812365685329




لەماوەی هەفتەیەکدا زیاتر لە 35 سواڵکەر لە شاری سلێمانی دەستگیر دەکرێت و سەرۆکی لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتیش رایدەگەیەنێت، هەڵمەتی رێگری کردن لە و دیاردەیە بەردەوام دەبێت و لە سەرەتای دەستبەکاربوونیانەوە تا ئێستا 600 سواڵکەر دەستگیرکراوە.
سۆران عەبدولغەفور، سەرۆکی لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: لەسەرەتای دەستبەکاربوونی لیژنەی سواڵکردنەوە تا ئێستا زیاتر لە 600 سواڵکەر لە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری دەستگیر کراون و رووبەڕووی دادگا کراونەتەوە .
وتیشی: "تەنها لە ماوەی هەفتەی رابردوودا زیاتر لە 35 سواڵکەر دەستگیر کراون کە بەشی زۆریان لە خوار تەمەنی 18 ساڵانەوەن و هەروەها دەست بەسەر ئە و پارانەدا گیراوە کە لە خەڵکیان وەرگرتووە کە بڕەکەی زیاتر لە 400 هەزار دینارە."
سەرۆکی لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: هەموو ئە و سواڵکەرانەی کە دەستگیر کراون لەگەڵ ئە و پرە پارەیەی کە دەستی بەسەردا گیراوە رووبەڕووی دادگا کراونەتەوە و دواجار دادگا بڕیاردەدات چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.
سۆران عەبدولغەفور راشیگەیاند: هەڵمەتی دەستگیرکردنی سواڵکەر و بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکە بەردەوام دەبێت و داواش لە دەزگا پەیوەندیدارەکان دەکات هاوکاریان بن بۆ ئەوەی بەهەوڵی هەمووان رێگری لە و دیارە ناشارستانیە بکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💰ئابووری |
| جۆری ئامار و راپرسی: | کۆمەڵایەتی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 511

## زیاتر لە 750 کەس گیانی لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121811082687182

بەگوێرەی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان لە 10 مانگی ئەمساڵدا لە سەرتاسەری هەرێم بە هۆی رووداوی هاتوچووە 780 کەس گیانیان لە دەستداوە، 10 هەزار و 540 کەسیش برینداربوون.
ئەمرۆ چوارشەممە (18ی کانوونی یەکەمی 2013) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە شاری هەولێر، عەمید عەبدولقادر سدیق، بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندنی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان دواین ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆی 10 مانگی ئەمساڵی خستەروو و رایگەیاند: لە 10 مانگی ئەمساڵدا لە سەرتاسەری هەرێم بە هۆی رووداوی هاتوچووە 780 کەس گیانی لەدەستداوە، 10 هەزار و 540 کەسیش برینداربوون.
وتیشی: "لە پارێزگای هەولێر بە هۆی رووداوەکانی هاتوچۆوە 285 کەس مردوون و سێ هەزار و 808 کەسیش برینداربوون، هەروەک لە پارێزگای سلێمانی 200 مردوون و دوو هەزار و 534 کەسیش برینداربوون، لە پارێزگای دهۆکیش 211 کەس مردووە و سێ هەزار و 485 کەسیش برینداربوون."

هەر لە و کۆنگرە رۆژنامەوانیەدا، بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندنی هاتوچۆی هەرێم ئامارەکانی ناوچەکانی دیکەی خستەروو، کە لە سۆران بە هۆی رووداوەکانی هاتوچۆوە 28 مردوون و 248 کەسیش برینداربوون، لە گەرمیان 40 کەس مردوون و 316 کەسیش برینداربوون، لە راپەڕین 16 کەس مردوون و 149 کەسیش برینداربوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-18

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 512

## زیاتر لە 80 هەزار گەشتیار سەردانی پارێزگای هەولێریان کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032320035957415

خەندان-رەهێل سەمەد
بە گوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری پارێزگای هەولێر لەماوەی هەفتەی رابردوو و لە رۆژی نەورۆزی ئەمساڵ زیاتر لە 80هەزار گەشتیار روویان لەشوێنە جیاجیاکانی پارێزگای هەولێر کردووە.
نەریمان فازل بەڕێوەبەری راگەیاندنی گەشتگوزاری پارێزگای هەولێر بە خەندانی راگەیاند: لەماوەی نێوان(16 - 21ی ئازاری 2014) زیاتر لە 85 هەزار گەشتیار روویان لەناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان کردوە.
نەریمان فازل وتیشی: بەشێکی زۆر لە و گەشتیارانە لە ناوەراست و باشووری عێراق هاتوون، بەشَکی تر لەوڵاتانی دراوسێ لە رێگای فرۆکەخانە و مەرزی حاجی ئۆمەران هاتونەتە سنوری پارێزگای هەولێر.
بەڕێوەبەری راگەیاندنی گەشتوگوزاری هەولێر راشیکەیاند: لەرۆژانی داهاتوو ئاماری هەرسێ رۆژی نەورۆز رادەگەیەنین.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 513

## زیاتر لە 80 هەزار کرێنشین لەکوردستاندا هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120415124578121

لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر لە 80 هەزار کرێنشین بوونی هەیە، کە زیاتر لە30 هەزاریان دەکەوێتە سنوری شاری سلێمانییەوە.
زریان محەمەد، ئاوێنەنیوز: گوڵزار مەحمود سەرۆکی کۆمەڵەی کرێنشینان لە شاری سلێمانی بەسایتی ئاوێنەنیوزی وت "لەشاری سلێمانی زیاتر لە 30 هەزار کرێنشینمان هەیە کە ئێمە کارمانکردووە بۆیان کە دووساڵ لەمەوبەر پرۆژەی قولەرەیسیمان هەبوو 664 ماڵ بەتیرۆپشک

وەریانگرتووە"
وتیشی" لەئێستادا ئە و پرۆژەیەی پارێزگاری سلێمانی و وەبەرهێنان کەهەیە نزیکەی 10 هەزار نامەمان ناردووە بۆ کرێنشینان تا بتوانن سودمەندبن لە و یەکانە کە سەرەتان 10% پرۆژەکە تەواو دەبێت یری 2 هەزار و 300 دۆلار دەدەن بەپێی دابەشکردن پارەدەدەن هەتا هاووڵاتی دەچێتە ناوی 2 دەفتەر و 20 وەرەقە لە هاووڵاتی وەردەگیرێت بۆ ماوەی دووساڵ و چوار مانگ ئە و پارەیەی دەمێنێتەوە 3 دەفتەر دەبێت ئەویش بۆ ماوەی 100 مانگ لە هاووڵاتیان وەردەگیرێتەوە کە مانگی 300 دۆلار دەدات"
سەرۆکی کۆمەڵەی کرێنشینان ئاماژە بەوەدەکات ئە و پارەیەی وەردەگیرێت زۆرە بەڵام لە و 30 هەزار کرێنشینە کۆمەڵێکی مام ناوەندمان هەیە کە دەتوانن ئە و پێشەکیە بدەن.
سەبارەت بە کرێنشینانی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە زیاتر لە 80 هەزار کرێنشین لە هەرێمی کوردستاندا بونی هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-12-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 514

## زیاتر لە 82 هەزار کادری حزبی خانەشین کراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140831134222275247

ئەندامێکی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامارێکی تایبەت بە لیستی خانەنشینیی حزبەکانی بڵاوکردەوە کە تیایدا پارتی دیموکراتی کوردستان پشکی شێری بەردەکەوێت.
سەرتیپ عەلی، ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سکرتێری گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە لاپەڕەی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک ڕایگەیاندووە: لیستی خانەنشینی تەنها ئە و 404 ناوە نییە کە بڵاوکراوەتەوە، بەڵکو لیستەکە زیاتر لە 82 هەزار ناوە.
ڕاشیگەیاندووە کە "ئەگەر پەرلەمانتاران ڕاست دەکەن چارەسەری ئە و کێشەیە دەکەن، تەنها 404 کەس نییە، بەڵکو ڕاستیپەکەی ئەوەیە با ئە و پەرلەمانتارانە باسی سەرجەم ناوەکان بکەن، چۆن دەکرێت ناوی یەک هەڤاڵی پارتی لە و لیستانهدا نەبێت".
دەقی ئامارەکەی ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان:
-1"ئەم ناوانە و هەموو لیستی خانەنشینی بە بڕیاری سەرۆکی حکومەتی کوردستان و با ئاگاداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خولی پێشوی پارلەمان کراوە کە 25 ئەندام پارلەمانی گۆڕان بووە.
-پارتی بە تە نها (56000) پەنجاو شەش هەزار هاوڵاتی خانەنیشین کردووە بە پلە ی وە زیر بۆخوارە وە تا ئەگاتە ب م، ئەگەر ئەم ژمارە 560000 نەبێت دڵنیام هەر لە هی هەموو حزبەکان زیاترە.
-2یەکیتی وبزوتنەوەی گۆران وهەموو حزبەکان (26000) بیست وشەش هەزار خانەنیشینیان هەیە کە هەموو(82000) هەشتاو دوو هەزار کەس خانەنیشینە.
ئەگەر بەرلەمانتاران ڕاست دەکەن چارەسەری دەکەن تەنها (404) کەس نیە ئەوەیە ڕاستیکەی بائە و بەرلەمانتارانە باسی سەرجەم ناوەکان بکەن، چۆن ئەکرێت ناوی یەک هەڤاڵی پارتی لە و لیستانە نەبێت.
-3ئەم ناوانە و هەموو لیستی خانەنشینی بە بڕیاری سەرۆکی حکومەتی کوردستان و با ئاگاداری

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و خولی پێشوی پارلەمان کراوە کە 25 ئەندام پارلەمانی گۆران بووە.
-4ئەگەر ناياسايیە ئەم ليستە فەرمو سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی هەرێم و ئە و ليژنە و و کەسانە بدەنە دادگا و ئجرائاتی ياسايی بکەن نەک تەنها بۆ فەيسبوک و راگەياندن بيت، واتە ئم مەلەفە لە سەر شاشەی فەيسبوکەوە بخەنە سەر مێزی حاکمەکان.
.5ئەگەر بۆ ئەوەيە 31 ی ئاب و کارەساتی شنگال لەبير ببەنەوە يان بۆ ئەوەی تەرکيزی لەسەر کەم بێتەوە، ئەمەش زەحمەتە چونکە چەندين مێژونوس و نوسەر و راگەياندنکار دۆکۆمێنتيان کردوە و دەيکەن.
لە کۆتايدا ئەڵێم لە ناو هەموو حزبەکان کەسانی زۆر مستەحەقيان تێدايە(لە ژن و لە پياو) کە پێشمەرگە و فەرماندە و زيندانی سياسی و رێکخستنی نهێنی و هاوکاری شۆرش بون نابێت لە بەهاو خەباتيان کەمبکريتەوە و شايانی هەموو پاداشتێکن.
سەرتيپ عەلی
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 31-08-2014

تايبەتمەندييەکانی بابەت
ولآت: باشووری کوردستان
کويک ريسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 515
## زياتر لە 900 چەکداری داعش کوژران و دەيانی تر ژەهراويی بوون
http://www.kurdipedia.org/?q=20150602100359121275
تەنها لە مانگی ئاياری رابردوو، زياتر لە 900 چەکداری داعش لە پارێزگای نەينەوا لەسەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگە و بەهۆی فڕۆکە جەنگييەکانی هاوپەيمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، کوژراون و بەدەيانی تريش ژەهراوی بوون و لە مەرگ نزيکبوونەتەوە.
سەعيد مەموزينی، بەرپرسی راگەياندنی لقی 14ی پارتی ديموکراتی کوردستان لە موسڵ، رايگەياند :" لە ماوەی مانگی ئاياری رابردوو 901 چەکداری داعش لە شەڕەکاندا لەلايەن هێزەکانی پێشمەرگە و فڕۆکە جەنگييەکانی هاوپەيمانی نێودەوڵەتی و ئە و چالاکييانەی لە ناو شاری موسڵدا ئەنجام دەدرێن، کوژراون."
ئەوەشی خستەڕوو، کە رێکخراوی تيرۆريستی داعش لە و مانگەدا 16 هاوڵاتی کورد و 12 رۆژنامەنووس و 67 ئافرەتی لە موسڵ، گوللەباران کردووە.
بەرپرسەکەی راگەياندنی لقی 14ی پارتی لە موسڵ، لە لێدوانەکەيدا بۆ رۆژنامەی "شەرق ئەلئەوسەت" وتيشی :"داعش لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا دەستی بەسەر 1700 سەر مەڕ لە موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەريدا گرتووە، بەهۆی رازينەبوونيشيان بەوەی مەڕەکانيان ببەن، دوو لە خاوەن مەڕەکانی کوشتووە."
لای خۆيەوە، غەياس سورچی، بەرپرسی راگەياندنی مەڵبەندی نەينەوای يەکێتيی نيشتمانيی کوردستان، بە رۆژنامەکەی راگەياند :" لەماوەی دوو رۆژی رابردوود 40 چەکداری داعش ژەهراويی بوون و رەوانەی نەخۆشخانەی جمهوری شاری موسڵ و نەخۆشخانەکانی تری ئە و شارە، کراون."
بەپێی زانيارييەکانی ئە و بەرپرسە، باری 18 لە و چەکدارانە بەتەواوەتی تێکچووە و لە مەرگ نزيکبوونەتەوە، وتيشی :"تائێستا هۆکاری ژەهراويبوونەکە ديار نييە."
هاوکات سەرچاوەيەکی پزيشکی بە ئاژانسی هەواڵەکانی ئەڵمانيای راگەياندووە :" لە قەزای بعاج لە خۆرئاوای شاری موسڵ 70 چەکداری داعش ژەهراوی بوون."
لای خۆيەوە حازم جابر سەبعاوی، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فرياکەوتن لە شاری موسڵ، رايگەياند :"بەهۆی خواردنی ماوەبەسەرچووەوە، 70 چەکداری داعش لەشاری بعاج ژەهراويبوون."
ئاماژەی بەوەشدا، کە زۆربەی ئە و چەکدارانی ژەهراويبوون، چەکدارە عەرەبەکانی ناو ئە و رێکخراوەن و لە ئاهەنگێکدا بەشدارييان کردووە، بەهۆی درەنگ گەياندنيان بە نەخۆشخانە، زۆربەيان

باری تەندروستییان خراپە و لە نەخۆشخانەکەش کێشەی کەمی چارەسەر هەیە.
لەعەرەبییەوە: سۆران
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 516

## زیاتر لە نیوەی پارەی هەرێم بۆ ئە و کارمەندانەیە کە موچەکانیان زیاترە لە ملیۆن و نیوێک

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092408025577620

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنەرانی کوردستان دەڵێت، زیاتر لە نیوەی پارەی مووچەی هەرێمی کوردستان بۆ ئە و کارمەندانەیە کە موچەکانیان زیاترە لە ملیۆن و نیوێک و پێشنیار دەکات بە شێوەی وەرزی موچەکانیان بۆ خەرج بکرێت.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: مەلا یاسین مەجید، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنەرانی کوردستان، ئەمڕۆ(دووشەممە) بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند ئە و پێشنیار دەکات هەموو ئە و کارمەندانەی هەرێمی کوردستان کە موچەکانیان زیاتر لە ملیۆن و نیوێک (1،500،000) دینارە بە شێوەی وەرزی موچەکانیان بۆ خەرج بکرێت، لە ساڵێکدا چوار جار مووچەی 12 مانگەکە وەربگرن، "ئەمەش یارمەتی حکومەت دەدات بتوانێت باشتر مامەڵە لەگەڵ قەیرانی بێ مووچەیی کارمەندانی حکومیدا بکات." بە وتەی ئەو.
ناوبراو جەختی کردەوە کە زیاتر لە (50%) نیوەی پارەی مووچەی هەرێمی کوردستان بۆ ئە و کارمەندانەیە کە موچەکانیان زیاترە لە ملیۆن و نیوێک دینار.
وتیشی، هەموو داهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بە نەوت و خاڵە سنوریەکان و باج و داهاتە ناوخۆییەکانیشەوە مانگانە لە 400 ملیار دینار تێپەڕناکات، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەرێم تواناى چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی خۆی نیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-09-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 517

## زیاتر لەدوو هەزار کۆمپانیای بیانی لەکوردستانن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014122210183778369

پەیوەند جەلال
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئاشکرایکردوە کە زیاتر لە 22 هەزار کۆمپانیا لە کوردستان

کاردەکەن و لە و ڕێژەیەش زیاتر لە دوو هەزاریان بیانین.
ئە و ئامارەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە وەڵامی دوو پرسیاری عەبدولڕەحمان عەلی ڕەزا پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بووە کە ئاراستەی کردوون.
ئە و پەرلەمانتارە بەخەندانی ڕاگەیاند کە پرسیارێکی دیکەی سەبارەت بەوە لێکردوون کە چەند کۆمپانیا خراونەتە لیستی ڕەشەوە، بەڵام وەڵامەکەی وەزارەت بە و شێوەیە بووە کە بەپێی سیستەمی تۆمارکردن و پۆلێنکردن و دیاریکردنی پلەکانی بەڵێندەرایەتی، وەزارەتی پلاندانان لەسەر داوای وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دوای بوونی هۆکاری گونجاو لەسەر پێشنیاری لیژنەی تایبەتمەند ناوی کۆمپانیا دەخرێتە لیستی ڕەشەوە بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە دوو ساڵ، هەروەها دابەزاندنی پلەی پۆلێنەکەشی بەیەک پلە لەبەرواری دانانی لە لیستی ڕەش، دوای ئەوەی کە بەنووسراو لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە ئاگادار دەکرێنەوە، ئەوانیش وەک وەزارەتی بازرگانی کاری ئە و کۆمپانیایە رادەگرن تاکو لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە لەهەر ئەنجامێک ئاگادار دەکرێنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 518

## زیاترلە 2200 خێزان لە ئەنبارەوە هاتونەتە کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031823285955924

ژمارەی ئە و ئاوارانەی لە فەلوجە و ڕومادی و ناوچەکانی تری ئەنبارەوە هاتوونەتە کەرکوک زیاترلە 2200 خێزانن.
کەرکوک، ئاوێنەنیوز: لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی دەست ئاوێنەنیوز کەوتووە، نەجمەدین کەریم، پارێزگاری کەرکوک، ڕایگەیاندووە ئەمڕۆ(سێ شەممە) کۆبووەتەوە لەگەڵ (سەمیح بولبول) نوێنەری کۆمیتەی نێودەوڵەتی کاروباری پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و گفتوگۆیانکردووە لەسەر دۆسیەی پەنابەرانی ئەنبار لە کەرکوک.
هەر لە و بەیاننامەدا هاتووە، ژمارەی ئە و ئاوارانەی لە فەلوجە و ڕومادی و ناوچەکانی تری ئەنبارەوە هاتوون زیاتر لە 2200 خێزانن.
هاوکات لە کۆبونەوەکەدا جەختیان لە سەر دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ ناوچەکانی ئەنبار کردۆتەوە لەگەڵ مسۆگەرکردنی گەڕاندنەوەی ئە و ئاوارانە بۆ شوێنەکانی خۆیان .
ماوەیەکە ناوچەکانی ئەنبار بوونەتە شوێنی شەڕو ڕوبەڕوبونەوەی سەربازی نێوان حکومەتی عێراق و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش)، بەوهۆیەشەوە دەیان هەزار کەس لە ئەنبارەوە ئاوارەی پارێزگاکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستان بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 519

## زیاترلە 300 سکاڵا لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمان گەیشتووەتە کۆمسیۆن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092413032488527

خەندان عەلی ناجی
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان زیادبوونی ڕێژەی سکاڵا لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕادەگەیەنێ و ئاشکرای دەکات کۆی گشتیی سکاڵا پۆڵێن نەکراوەکان گەیشتووەتە 323 سکاڵا.
گاتع زەوبەعی، جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە خەندانی ڕاگەیاند: ڕێژەی تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن کوتلە سیاسیەکانی بەشداربووی هەڵبژاردنی پەرەمانی کوردستان لەزیادبووندایە، بەتایبەت ئەو سکاڵایانەی پەیوەندیی بە ناوەندەکانی دەنگدانەوە هەیە.
سەبارەت ژمارەی سکاڵاکان، گاتع زەوبەعی رایگەیاند کە لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەکە گەیشتووەتە 192 سکاڵا و لەهەولێر 150 و لە دهۆکیش 80 سکاڵا تۆمارکراون، ئاشکراشیکرد کە سێ لیژنە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پێکهێنراوە بۆ پۆلێنکردنی جۆری سکاڵاکان.
جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەوەشی پێ ڕاگەیاندین کە 112 سکاڵا شریتی زەرد و 38ی دیکەش شریتی سەوزیان لێدراوە و 173 سکاڵای دیکەش بە پۆلین نەکراوی ماونەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-09-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 520

## زیاد لە 100 هەزار هاوڵاتی مردووی هەرێم لەتۆماری دەنگدەراندا نەسڕدراونەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072312583689499

کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان دان بەوەدا دەنێت کە ناوی زیاد لە 100 هەزار هاوڵاتی مردووی هەرێم لەتۆماری دەنگدەراندا نەسڕدراونەتەوە، ئۆباڵەکەشی دەخاتە سەر وەزارەتی تەندروستی، پەرلەمانتارێکی ئۆپۆزسیۆنیش پێیوایە بێ سڕینەوەی ناوی مردووەکان و ناوە دووبارەبووەکان "ئەنجامدانی هەڵبژاردن بێ مانایە."
دوێنێ دووشەمە دوایین ڕۆژی تەمەنی ئەو لیژنە بوو کە پەرلەمان پێکیهێنابوو بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەڕاستی و دروستی گومانەکان لەسەر زیادبوونی "نائاسایی" ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم.
بەپێی ئەو ئامارانەی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم ڕادەستی لیژنە پەرلەمانییەکەی کردووە لە نێوان ساڵی 2001 بۆ 2013 (179) هەزار هاوڵاتی لەهەرێم مردوون، بەڵام لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لەنێو تۆماری دەنگدەرانی کۆمیسیۆندا تەنها ناوی 440 کەس سڕدراوەتەوە کە لەچوارساڵی ڕابردوودا مردوون.
گەشە دارا ئەندامی لیژنە پێکهێنراوەکەی پەرلەمانی کوردستان، بە هاوڵاتی ڕاگەیاند "بەپێی ئەو ئامارانەی وەزارەتی تەندروستی بەئێمەی داوە لەساڵی 2001 وە 179 هەزار هاوڵاتی لەهەرێم مردوون، بەڵام لەتۆماری دەنگدەراندا لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا تەنها ناوی 440 مردوو سڕدراوەتەوە."
گەشە دارا وتی: "کۆمیسیۆن بە ئێمەیان وت میکانیزمێکمان لەبەردەستدا نییە بۆ سڕینەوەی ناوی مردووان، ئەگەر کەسوکاری مردووەکان ئاگادارمان نەکەنەوە ناتوانین ناوەکان بسڕینەوە."

لای خۆیەوە خاڵس قادر وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم، جەخت لەسەرئەوەدەکاتەوە وەزارەتەکەی ئاماری مردووانی لایە و بەهاوڵاتی وت: "هەموو ئامارەکەمان بە سی دی داوەتە کۆمیسیۆن و ئێمە بەئەرکی خۆمان هەستاوین."
لەبەرامبەردا عەبدولڕەحمان خەلیفە بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمیسیۆن جەخت لەسەرئەوەدەکاتەوە کۆمیسیۆن بێتاوانە لە نەسڕینەوەی ناوی مردووان، وتیشی: "وەفاتنامەی مردووانمان لە وەزارەتی تەندروستیەوە پێنەگەیشتووە و کەسوکاری مردوانیش سەردانیان نەکردووین بۆ سڕینەوەی ناوی مردووان."
بەرپرسی پەیوەندیە جەماوەریەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئاماژەبەوەشدەکات نەبوونی میکانیزمێکی گونجاو بۆ سڕینەوەی ناوی مردووان گرفتی گەورەی بۆ دروستکردوون، ئەوەش لەکاتێکدایە لیژنەکەی پەرلەمان ئۆباڵی ئەو کێشەیە دەخاتەئەستۆی وەزارەتی تەندروستی.
ئەحمەد وەرتێ بڕیاردەری لیژنەکەی پەرلەمان، بەهاوڵاتی وت: "ڕاستە وەزارەتی تەندروستی ناوی مردووەکانیان داوەتە کۆمیسیۆن، بەڵام ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی کەموکوری تێدابووە بۆیە کۆمسیۆن نەیتوانیوە ناوەکان بسڕێتەوە."
ئەحمەد وەرتێ، ئاماژەی بەوەکرد وەزارەتی تەندروستی ناوی سیانی مردووەکانی بۆ کۆمیسیۆن ناردووە لەکاتێکدا لەعێراق دا ملیۆنێک و 800 هەزار ناوی سیانی لەیەکچوو هەیە، وتیشی: "دەبووایە ناوی چواری مردووەکان و ناوی پارێزگا و کۆبوونی خۆراک بدرایەتە کۆمیسیۆن، بەڵام ئەمە نەکراوە بۆیە ناوی مردووەکان نەسڕدراوەتەوە."
هاوکات عەدنان عوسمان ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی گۆڕان جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە ئەگەر هەموو کارە هونەریەکان ئەنجام نەدرێن، لەگۆڕینی داتابەیس و سڕینەوەی ناوی مردووەکان و ناوە دووبارەبووەکان "ئەنجامدانی هەڵبژاردن بێ مانایە."
ناوبراو دەڵێت: "دواخستنی هەڵبژاردن بۆ دوو مانگ بەمەرجی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناوی مردووان و ناوەدووبارەبووەکان لەبەرژەوەندی هەموو لایەنەکانە جگە لەپارتی."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-23

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 521

## زیادبون و کەمکردنی دەنگی لیستەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100214053388430


بەراوردی دەنگەکان لە نێوان 2010- 2013

| لیست | 2013 | 2010 | [illegible] |
|---|---|---|---|
| پارتی | 743984 | 670965 | +73019 |
| گۆڕان | 476736 | 425793 | +50943 |
| یەکێتی | 350500 | 397929 | -47429 |
| یەکگرتوو | 186841 | 214122 | -27281 |
| کۆمەڵ | 118574 | 144987 | -26413 |

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-10-02

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 522

## زیانی هەرێم لەدابەزینی نرخی نەوت لەیەک مانگدا 852 ملیۆن دۆلار بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150418091014699772

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان زیانی هەرێم لە دابەزینی نەوت 852 ملیۆن دۆلاربووەو ئاماژە بەوەش دەکاتە کە "لەماوەی سێ مانگی ئەمساڵدا کۆمپانیاکانی نەوت 2 ملیار و 261 ملیۆن دۆلار داهات وقازانجی نەوتیان هەبووە."
زریان محەمەد، ئاوێنە: لەو ڕاپرۆتەدا کە وێنەیەکی تایبەت بۆ ئاوێنەنیوز نێردراوە ئاماژە بەوە دراوە کە بەرهەمی نەوتی ناپوختی هەرێم گەشتووەتە 925 - هەزار بەرمیل و هەناردەش 755 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە دەبێت و لەماوەی مانگی مارچدا نەوتی هەرێم تەنها 15 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە زیادیکردووە ئەویش لە کێڵگەی خورمەڵەبووە.
ئاماژە بەوەشکراوە "پیشاندەرە ئاماری و ئاماژەی کۆمپانیاکان باسکردنە لە ئاڕاستەی گەشەی بەرهەم، بۆیە ئێستا نەوتی هەرێم پاش ئەو ڕیکۆردە نوێیانەی تۆماریکردووە، ئێستا لە لوتکەی گەشەدا وەستاوە."
سەبارەت بە زیانەکانی هەرێم ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەداوە زیانی هەرێمی کوردستان لە دابەزینی نرخی نەوت بۆمانگی ئادار 852 ملیۆن دۆلاربووە.
لەبەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا هاتوە "بەپێی ئەو خەملاندنانەی لەبەردەستدا بۆ چەند مانگی ئایندە هەرێم بەهۆی حەقبەستنی نرخی نەوت لە 50 $ دا ناتوانێت بە داهاتی نەوت پارەی مووچەی فەرمانبەران دابین بکات ئەگەر خۆی سەربەخۆ نەوت بفرۆشێت، هەربۆیە باشترین بژاردە تا ئێستا دەستگرتە بە ڕێکەوتنی بەغداوە."
لەبارەیداهاتی کۆمپانیاکانەوە ئەو ڕێکخراوە ژمارەیەکی بڵاو کردۆتەوە و دەڵێت "لەماوەی سێ مانگی ئەمساڵدا کۆمپانیاکانی نەوت 2 ملیار و 261 ملیۆن دۆلار داهات وقازانجی نەوتیان هەبووە، کە دەکاتە لەسەدا30 بۆ 40 ی کۆی داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان."
ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان ڕێکخراوێکی ناحکومیەو کاردەکات لەسەر نەوتی هەرێمی کوردستان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 18-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 523

## زیانە گیانی و مادەیەکانی بۆردومانی فرۆکەکانی تورک بۆ سەر بناری قەندیل

http://www.kurdipedia.org/?q=20150904112629859951

قەندیل ـ ئاگر بانە
محەمەد حەسەن هاوسەرۆکی شارەوانی بناری قەندیل سەرجەم زەر و زیانەکانی بۆردومانی فرۆکەجەنگییەکانی تورک بۆ سەر گوندەکانی بناری قەندیل بۆ رۆژنیوز دەخاتەروو و رایدەگەیەنێت کە ئێمە وەک شاروانی بناری قەندیل هەوڵمان داوە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ،راگەیاندنەکان، پەرلەمانتاران و لایانە سیاسیانەی کە هاتوون بە چاوی خۆیان ئەم تاوانە چەپەڵەی دەوڵەتی تورک یان دیوە، رووی راستی ئەم کردوە دژە ئینسانیە بە جیهان بناسێنین. تا لەم ڕێگەیەوە گوشاری زیاتر بخرێتە سەر دەولەتی تورک بۆ راوەستاندنی هێرشە درندانەکانی ".بە هۆی ئەو بۆردمانەی تورکیا کەلە 25ی مانگی 7 دا دەستی پێکرد چەندین گوند بوونە ئامانجی هێرشەکانی فرۆکەجەنگییەکانی دەوڵەتی تورک و لەئەنجامدا زیانی گیانی و مادی لێکەوتەوە ناوی ئەو گوندانەش بەم شێوەیەن :گوندی زارگەڵی :8 هاوڵاتی شەهید و11 هاوڵاتی بریندار و کەم ئەندام بوون،8 ماڵ بە تەواوەتی خاپور بوون، 10ئۆتۆمبیل،خوێندنگەیەک،پرۆژەی ئاو وکارەبا بە

تەواوەتی خراب بووە،خوێندنگە و مزگەوت و نەخۆشخانە زەرە و زیانی گەورەیان پێکەوتوە،باخ و رەز و پوش و پاونی هاولاتیان سوتاوە. گوندی بۆکریسکان:4لەو هاوڵاتیانەی کە لە زارگەلێ شەهید بوون خەڵکی بۆکریسکا بوون،بەشێکی زۆر لە پوش و پاوانی گوندەکە سوتاوە. گوندی لێوژێ:باخ و پوش و پاوانێکی زۆر سوتاوە. گوندی ئێنزێ: لە 25ی مانکی مانگی حەوت بۆردمانکرا گۆرستانی گوندەکە کرایە ئامانج کە زیانێکی گەوەرەی پێکەوت،باخ و رەز و پوش و پاوانی گوندەکە سوتا،زەرەری زۆر بەر قوتابخانە، مزگەوت و نەخۆشخانە کەوت. گوندی خۆبیان: لەوەرگە و باخ و دارستانەکان سوتاون. گوندی سڵێ: پرۆژەیی ئاوی گوند بە تەواوی خراب بووە. رەز،باخ و دارستانەکان سوتاون. گوندی بایەوان:زەرەر و زیانی گەورە بەر باخ و رەزی هاوڵاتیان کەوتوە و سوتاوە. گوندی بۆڵێ:بەشێکی زۆر لە رەز و باخەکان سوتاون و هاوڵاتیەکیش بریندار بووە و پرۆژەی ئاو و کارەبایی نیشتمانی، مزگەوت،خوێندنگە و چەندین ماڵی هاوڵاتیان زیانی گەوەریان بەرکەوتووە. گوندی شیانوەێی مارادۆ :چەندین جار کراوتە ئامانج رەز و باخی هاوڵاتیان سوتاوە. لە راپۆرتێکدا کە دەستەی پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان ئامادەیان کردوە، 4350دۆنم لە دارستان،رەز وباخی هاوڵاتیان سوتاوە کە لە 22دۆنم باخچەی هاوڵاتیانە. هەروەها سەرنجی راکێشراوەتە سەر ئامانجی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر بناری قەندیل و هێرشەکانی داعشیش بۆ سەر باشووری کوردستان و ئەو قەیرانە ئابووریەیی کەباشوری کوردستانی گرتۆتەوە.ئاماژە بۆ ئەوەکراوە :" بە هۆی قەیرانی ئابووری و پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان خەلکی روویان کردوتە گوندەکانی بناری قەندیل بەڵام دەوڵەتی تورک هاوڵاتیانی مەدەنی و پرۆژە خزمەتگوزاریەکان دەکاتە ئامانجی سەرەکی تا گەلی بناری قەندیل گوندکانیان چۆل بکەن." ووتراوە:" خەڵکی بە هیچ شێوەیەک ئامادەنیین گوندەکانی خۆیان چۆڵ بکەن.ئەمە جاری چەندەمینە کە دەوڵەتی تورک تاوانی لەم شێوەیەی دوبارە کردوە. هاوشێوەی کومەڵکوژکوژیەکەی گوندی زارگەڵێ لە ساڵی 21.08.2011لە کورتەک 7 هاوڵاتی گوندی بۆڵێ کە ئەندامی یەک بنەماڵە بوون، کۆمەڵکوژکران خەڵکی بناری قەندیل لە ترس و دڵراوکێدان لە ئەگەری دووبارە بوونەوەی کۆمەڵکوژیتر و دیسان بە ئامانج کردنی خەڵکی مەدەنی." محەمەد حەسەن هاوسەرۆکی شارەوانی بناری قەندیل تیشکی خستەسەر هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ئێراق لە بەرامبەر دەستدرێژیەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر خەڵکی بناری قەندیل وتی:" بەرای من تا رادەیەک لەجێی خۆدا نەبوو، چونکە دەیانتوانی گوشارێکی زیاتر بخەنەسەر دەوڵەتی تورک بۆ راوەستاندنی دەست بە جێی ئەم هێرشانە." ئاماژەی بە هەوڵەکانیان بۆ راوەستاندنی ئەم هێرشانەدا و ووتی ":ئێمە وەک شاروانی بناری قەندیل هەوڵمان داوە لە رێگەی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ،راگەیاندنەکان، پەرلەمانتاران و لایانە سیاسیانەی کە هاتوون بە چاوی خۆیان ئەم تاوانە چەپەڵەی دەوڵەتی تورک یان دیوە، رووی راستی ئەم کردوە دژە ئینسانیە بە جیهان بناسێنین. تا لەم رێگەیەوە گوشاری زیاتر بخرێتە سەر دەولەتی تورک بۆ راوەستاندنی هێرشە درندانەکانی. " محەمەد حەسەن هاوسەرۆکی شارەوانی بناری قەندیل داواشی لە حکومەتی هەرێم،حکومەتی ئێراق، کۆمەلگای نێودەوڵەتی و ولاتانی ئەندام لە ناتۆ کرد کە سنورێک بۆ ئەم دەستدرێژیانەی دەوڵەتی تورک دابنێن.تا جارێکی تر بە هیچ بیانوێک خەڵکی بناری قەندیل کۆمەڵکوژ نەکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| جۆری ئامار و راپرسی: | تاوانی جەنگ |
| شارەکان: | رانیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | TRتورکیا |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 524

## زیانەکانی داعش لە سەرەتای بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102311393377999

حەسەن جومعە

بەپێی ئاماری هێزەکانی پێشمەرگە، چەکدارانی داعش لە ناوچەکانی سنووری کەرکوک لە سەرەتای بۆردومان و هێرشەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان، زەرە و زیانێکی گەورەی گیانی و مادیان بەرکەوتووە، هەر ئەوەش وایکردووە تا رادەیەکی باش چەکدارانی داعش لە سنووری کەرکوک دووچاری شکست ببن و نەتوانن پێشڕەوی بکەن.
سەرچاوەیەک لە فەوجی چواری لیوای 11 هێزەکانی پێشمەرگە لە سنووری مەلا عەبدوڵڵا بە خەندانی راگەیاند: "بەپێی ئاماری هێزەکانی پێشمەرگە لەسەرەتای بۆردومانەکانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش لە ناوچەکانی سنووری کەرکوک، چەکدارانی داعش زەرەر و زیانێکی گەورەی گیانی و ماددیان بەرکەوتووە و بەوەش تا رادەیەکی باش لە سنووری کەرکوک دووچاری شکست بوونەتەوە و ناتوانن بە ئاسانی پێشڕەوی بکەن."
وتیشی: "بەپێ ئاماری هێزەکانی پێشمەرگە، فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا 11 جار بۆردومانی مۆڵگەکانی داعشیان کردووە لە سنووری کەرکوک، لە و 11 بۆردومانەشدا 35 بنکەی سەرەکی داعش کراوەتە ئامانج و 107 چەکداری داعش کوژران لەگەڵ بریندار بوونی زیاتر لە 130 چەکدار."
ئە و سەرچاوەیە راشیگەیاند: "ژمارەیەکی زۆریش لە ئۆتۆمبێل و تانک و کەل و پەلی سەربازیشیان لێ تێکشکێندراون."
راشیگەیاند: "چەکدارانی داعش هیچ کاتێک ناتوانن هێرش بکەنە سەر پارێزگای کەرکوک، چونکە چواردەوری کەرکوک بە هێزەکانی پێشمەرگە پارێزراوە و پێشمەرگەش پڕ چەک کراوە و بە باشترین شێوە تواناى هەموو پەرچە کردارێکی چەکدارانی داعشیان هەیە ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 23-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 525

## زیانەکانی مادییەکانی سوریا گەیشتە (7.5) ملیار دۆلار

http://www.kurdipedia.org/?q=2013063014071989732

بەهۆی شۆڕشی سوریاوە کە ماوەی زیاتر لە دو ساڵە بەردەوامی هەیە و زیانێکی زۆری ئابوری بە دۆخی ئەو وڵاتە گەیاندوە و تائێستاش زیانە ئابورییەکانی کەرتی گشتی ئەو وڵاتە گەیشتوەتە (7.5) ملیار دۆلار.
عومەر گلاونجی، وەیزی ئیدارەی ناوخۆی ئەو وڵاتە رایگەیاندوە: قەبارەی ئەو زیانانەی بەر کەرتی گشتی کەوتوە بە (7.5) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.
وتیشی: لەو رێژەیە (1.25) ملیار دۆلاریان، زیانی راستەوخۆبون کە بەر کەرتی گشتی کەوتوە و سەرجەم دامەزراوە گشتییەکانی پەکخستوە.
ئەوەشی خستەڕو: تائێستا زیاتر لە (9) هەزار دامەزراوە روخێندراون، جگە لەوەش کەرتی کارەبا بە بەهای (40) ملیۆن دۆلار زیانی بەرکەوتوە.
ئەوە لەکاتێکدایە زیانە گیانییەکانی ئەو وڵاتە رۆژ بە رۆژ و بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار رو لە زیادبون دەکەن و بەپێی دواین ئاماری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، لەسەرەتای شۆڕشی ئەو وڵاتەوە تا ئێستا زیاتر لە (100) هەزار هاوڵاتی سوری کوژراون کە زۆربەیان مەدەنین و جگە لەوەش بە سەدان هەزار کەسی دیکەش برینداربون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - 2013-07-02

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 526

## ژمارەی ئاوارەکان سێ ملیۆنی تێپەڕاندووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082012530269863

بەرپرسی پرۆگرام و نەخشە و ژمارەی ئاوارەکان لە ڕێکخراوی ئای ئو ئێم لە عیراق دەڵێت ژمارەی ئاوارەکان لە عیراق سێ ملیۆنی تێپەڕاندووە و ئەوەیش مەترسییەکی دیکەیە.
ڕێکخراوی ئای ئو ئێم کار و چالاکییەکانی خۆی بۆ ئاوارەکان لە پێشانگایەکدا لە هۆتێل ڕۆتانا دەخاتەڕوو ئەو پێشانگایە لە 10 بەشی سەرەکی پێکهاتبوو.
بەشەکان لە کەلوپەلی ناو ماڵ و خیوەت، تەندروستی و گواستنەوە، ژمارە و نەخشەی ئاوارەکان، پەیوەندی ئاوارە لەگەڵ کۆمەڵگە، پەیوەندی ئاوارە و پۆلیس، کۆچکردنی دڵنیایی، پاڵپشتی دەروونی، چاکسازی کەمپەکان، پەرەسەندی کار بۆ ئاوارەکان و کاری دەستی پێک هاتوون.
بەرپرسی پرۆگرام و نەخشە و ژمارەی ئاوارەکان لە عیراق لاورا نیستریت لە پێشانگایەکەدا بۆ ئاژانسی ئانادۆلو وتی: "دوای شەڕی ئەنبار ژمارەی ئاوارەکان سێ ملیۆنی تێپەڕاند و لە سەرەتای کانوونی دووەمی 2014 تاکو 30ی تەمووزی 2015 تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەکان سێ ملیۆن و 171 هەزار و 606 کەس کەس وەک ئاوارە تۆمار کراوە کە ئەوانیش 528.601 هەزار و 601 سەر خێزان پێکدەهێنن کە بە سەر 103 ناوچە و 30 هەزار و 522 شوێنی جیاوازی عیراق بڵاوبوونەتەوە."
هەروەها نیستریت وتی: "تیمەکانی مرۆڤایەتی پلانی بەدوادوچوون و بە هاناچوونیان هەیە بۆ ئەوی یارمەتی 3،2 ملیۆن ئاوارە بدەن.
هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی ئای ئو ئێمی عیراقی لە سەدا 87% لە کۆی گشتی ئاوارەکان خەڵکی سێ پارێزگان، ئەنبار لە سەدا 40%، مووسڵ لە سەدا 33%و سەڵاحەدین 14%.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | پەناهاندە |
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQئێراق |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 527

## ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان دوو ملیۆن کەسی تێپەڕاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2014081214254965426

فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، هۆشداری دەدات لە هاتنی ژمارەیەکی زۆر ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان و رایدەگەیەنێت ژمارەیان گەیشتووەتە دوو ملیۆن و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەخێرایی ئاور لە و دۆخە بداتەوە، ئەگەرنا کارەستی مرۆیی لێدەکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-08-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 528
## ژمارەی ئاوارەکانی سۆران لە 16 هەزار تێپەڕدەکات
http://www.kurdipedia.org/?q=2015071111475385721
ڕۆژنیوز - زاهیرئیبراهیم
رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەی هاتنی ئاوارەکان بۆسۆران بەرزدەبێتەوە و لە ئێستاشدا زیاتر لە 16هەزارو 200ئاوارە روویان لەو دەڤەرە کردووە.بەرێوەبەرایەتی کۆچ کۆچبەرانیش رایدەگەیێت" هاتنی ئاوارەکان بەردەوامە بەبێ ئەوەی حکومەتی عێراق هیچ ئاوریان لێبداتەوە". بەپێی ئاماری بەرێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی سۆران کە کۆپیەکی دەست رۆژنیوز کەوتووە:" لە ئێستادا (3300) خێزانی ئاوارە لەدەڤەری سۆران نیشتە جێن کەکۆی ژمارەی ئاوارەکانیش دەگاتە (16) هەزار و (200) کەس." عباس ئەمیربەرێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی سۆران ئاماژەی بەوەدا ": لەماوەی دوومانگی رابردوو هەزاران ئاوارەی پارێزگاکانی ناوەراست روویان لە قەزا و ناحیەکانی دەڤەری سۆران کردووە بۆئەمەش لەلایەن خەڵک وحکومەتی هەرێمەوە بەپێی پێویست و ئیمکانیات هاوکاریان کراوە." بەرێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی سۆران راشیگەیاند:" هاتنی ئەورێژە زۆری ئاوارەکانی عێراق لەکاتێکدا یە کە حکومەتی عێراق هیچ هاوکاری ئێمەناکەت." جێگای باسە لە دەڤەری سۆران چەندین کەمپ بۆئاوارەکانی رۆژئاواری کوردستان و کوردانی ئێزدی کراوەتەوە،هەروەها زۆرینەی ئاوارەعەرەبەکانی شارەکانی ناوەراستیش لەسەر ئەرکی خۆیان لە شوقە و خانووەکان نیشتەجێن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە
شارەکان: سۆران
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 529
## ژمارەی ئاوارەکانی هەرێم دوو ملیۆنی تێپەڕاند
http://www.kurdipedia.org/?q=201411211285777931
رەهێل سەمەد
دەستەی مافی مرۆڤی هەرێم ژمارەی سەرجەم ئاوارەکان بە زیاتر لە سێ ملیۆن کەس مەزەندە دەکات لەناوخۆی عێراق، لە و ژمارەیەش زیاتر لە دوو ملیۆنی لەناو هەرێمی کوردستانە .
محەمەد گۆمەشینی، وتەبێژی دەستەی مافەکانی مرۆڤی هەرێمی کوردستان بەخەندانی راگەیاند: "لەکۆبوونەوەی وەزیری کۆچ وکۆچبەرانی عێراق و سەرۆکی دەستەی مافەکانی مرۆڤی هەرێم ئەوە ئاشکرا کرا کە لەکاتی ئێستا سێ ملیۆن ئاوارە لەناوخۆی عێراق هەن، لە و ژمارەیە

دوو ملیۆنی لەناو هەرێمی کوردستانە کە دەکاتە زیاتر لە سەدا 75ی ڕێژەکە.
محەمەد گۆمەشینی وتیشی: لە و کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و دەستەی مافەکانی مرۆڤی هەرێم بکرێت، بۆئەمەش وەزیری ناوبراو ئەوەی دووپاتکردەوە کە هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانیانی ئاوارەکان ."
وتەبێژەکەی دەستەی مافەکانی مرۆڤ ئەوەشی خستەڕوو، "سەبارەت بە هاوکاریەکانی بەغدا بۆ ئاوارەکانی ناو هەرێمی کوردستان، وەزیری کۆچ وکۆچبەران دەڵێت، ئە و پارەیەی بەغدا بۆ هاوکاری ئاوارەکانی تەرخانکردووە، لەئاستی پێداویستی ئاوارەکاندا نیە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 12-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 530

## ژمارەی ئاوارەکانی کۆبانێ گەیشتووەتە 173 هەزار کەس

http://www.kurdipedia.org/?q=20141010131859116978

ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی هێرشەکانی گرووپی داعش و شەڕ لە کۆبانێ ئاوارەی تورکیا بوون گەیشتە 173 هەزار کەس، کۆچی خەڵکی کۆبانێ بۆ شارەکانی تورکیا کە مانگێکە دەستیپێکردووە، تا چەند ڕۆژێک پێش ئێستا بەردەوامبوو و ئاوارەکان لە شارە سنوورییەکان نیشتەجێبوون.
هاوکات بەرپرسانی دەزگای فریاکەوتنی لەناکاو، لە وڵاتی تورکیا ڕایدەگەیێنن کە هەرچی لەدەستیان بێت بۆ ئاوارەکان دەیکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئەو شارەی ڕۆژئاوای کوردستان دۆخیان خراپە و پێویستییان بە هاوکاری زیاتر هەیە، بەهۆی گرژی و ئاڵۆزییەکان بەشێوەیەکی گشتی تاوەکو ئێستا ملیۆنێک و 600 هەزار کەس لە سووریاوە ئاوارەی تورکیا بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 10-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کۆبانی

ولات: ڕۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 531

## ژمارەی ئەو ئاوارانەی ڕوویان لە سلێمانی کردوە ئاشکرا کرا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140828131133369239

بەپێی زانیاری فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەرانی سلێمانی تا ئێستا نزیکەی 160 هەزار کەس وەک ئاوارە ڕوویان لە پارێزگای سلێمانی کردووە، ئەمڕۆش پارێزگاری سلێمانی ئە و فەرمانگەیەی بەسەرکردەوە.
بەهرۆز محەمەد ساڵح، پارێزگاری سلێمانی، لە میانی بەسەرکردنەوەی فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەران، لە کارەکانی فەرمانگەکە و چۆنێتی ڕاییکردنی مامەڵەی ئاوارەکانی پرسیەوە.
لە و ڕووەوە پارێزگار وێڕای دەستخۆشی لە فەرمانبەرانی فەرمانگەکە، ڕێنمایی پێویستی پێدان بۆ

باشتر بەڕێوەچوونی کاروباری فەرمانگە و کارئاسانی زیاتر بۆ ئاوارەکان.
پارێزگار تەئکیدی کردەوە: دەبێت فەرمانگەکە بە وردی ئاماری ئاوارەکان وەبگرێت و ڕۆژانە ئامارەکان نوێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بە کۆمەک و هاوکاری بەشێوەیەکی ڕێک و پێک بگاتە دەست ئاوارەکان.
داواشی کرد: کارئاسانی تەواو بۆ ئە و کەس و گروپ و لایەنانە بکرێت کە کۆمەک و هاوکاری بۆ ئاوارەکان دابین دەکەن.
هەر لە بەسەرکردنەوەکەدا پارێزگاری بەڵێنیدا هاوکاری فەرمانگەکە بکات بۆ دابینکردنی ژمارەیەک ئامێری پێویست بۆ ڕاپەراندنی ئیش و کاری فەرمانگەکە.
سەبارەت بە خراپی بینای فەرمانگەکەش پارێزگار ڕایگەیاند: لە داهاتوودا هەوڵی چارەسەرکردنی ئە و کێشەیە دەدەن و بینایەکی شیاوتر بۆ فەرمانگەکە دابین دەکەن.
پارێزگاری سلێمانی کاری فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەرانی بەرز نرخاند و وەک کارێکی نیشتیمانپەروەرانە وەسفی کرد، بەوەی فەرمانگەکە لەڕێگەی خزمەتکردنی ئاوارەکانەوە بە تایبەت ئاوارە کوردەکانی شنگال و شەبەک ئەرکێکی نەتەوەی و نیشتیمانی گەورە رادەپەڕێنن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-08-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 532

## ژمارەی ئەو خۆکوژانەی خۆیان تەقاندووەتەوە ئاشکرابوو

http://www.kurdipedia.org/?q=20150105103829845‎27

محەمەد کەرکوکی
بەپێی ئامارێکی پۆلیس لە ساڵی 2014 لە شاری کەرکوک و دەوروبەری 17 خۆکوژ لەڕێگەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و پشتێنەوە خۆیان تەقاندووەتەوە.
سەرچاوەیەکی ئەمنی بە خەندانی راگەیاند: "لە ساڵی 2014 دا لە شاری کەرکوک و دەوروبەری 17 خۆکوژ خۆیان تەقاندووەتەوە ئەویش لەڕێگەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و پشتێنی بۆمبڕێژکراوەوە بووە."
وتیشی: "لە شاری کەرکوک لە کۆی 23 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو کە لە شارەکەدا تەقیوەتەوە پێنج لە و ئۆتۆمبێلانە تیرۆریستی خۆکوژ خۆیان تیایدا تەقاندووەتەوە."
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: "هەر لە شارەکەدا چوار تیرۆریست بە پشتێنی بۆمبڕێژکراوەوە خۆیان تەقاندووەتەوە."
سەرچاوە ئەمنییەکە ئەوەشی ئاشکراکرد: "لە دەرەوەی شاری کەرکوک واتە لە و قەزا و ناحییانەی کە سەر بە شارەکەیە شەش ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو تەقیووەتەوە لەوەش پێنج ئۆتۆمبێلیان خۆکوژ تەقاندویەتییەوە."
سەرچاوەکە راشیگەیاند: "بەهەمانشێوە سێ تیرۆریستی خۆکوژ لە دەرەوەی شاری کەرکوک بە پشتێنی بۆمبڕێژکراوەوە خۆیان تەقاندوەتەوە ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

شارەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 533

**ژمارەی ئەو خێزانە ئاوارانەی ئەنبارو فەلوجە کە لە بانی مەقانەوە رویان لەهەرێمی کوردستان کردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140206212620216 13

خەندان - هێمن قەرەهەنجیری
لەڕێی بازگەی بانی مەقانەوە (1905) خیزانی ئاوەرەی ناوچەکانی ئەنبارو فەلوجە لەماوەی 34 رۆژدا، ڕویان لە هە رێمی کوردستان کردووە.
مقەدەم فەرهاد محەمەد، لێپرسراوی بەشی ڕاگەیاندنی ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی تایبە ت بە خە ندانی ڕاگە یاند،" لە ماوە ی 2014/1/2 تا 2014/2/6 لەڕێی بازگەی بانی مەقانەوە (1905) خیزانی ئاوەرەی ناوچەکانی ئەنبارو فەلوجە ڕویان لە هە رێمی کوردستان کردووە کە ژمارە یان دە کاتە 9521 کە س لە وانە ش 6329 یان پیاون، 2734یان ژنن، 458یان منداڵن."
مقەدەم فەرهاد محەمەد ئەوەشی راگەیاند کە،" تائیستا توشی هیچ گرفتێک نە بون، چونکە کارمە ندانی بازگە ی بانی مە قان بە شیوازیکی زۆر ڕێکوپێک پێشوازیی لە و ئاوارانە دە کە ن"، وتیشی: پاش دڵنیابوون لە ناسنامەکانیان ئیمە لای خومان ناویان تومار دە کە ین لە گەڵ کۆپی ناسنامەکانیان هەڵدەگرین .
مقەدەم فەرهاد، باسی لەوەشکرد کە،" ناتوانن کاتی مانە وە ی ئە م خیزانانە دیاری بکە ن، چونکە مانە وە یان پە یوەستە بە کۆتاهاتنی ئە و شە ڕو ئالۆزیانەی کە لە ناوچە کانیاندا هە یە"،ئەوەشی وت کە،" هەرکات کۆتای بە و ئالۆزیانە هات بێگومان دە گەڕێنە وە شوێنە کانی خۆیان ."
مقەدەم فەرهاد،جەختی لەوەش کردەوەکە، هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە، کاریگەری دە بێت لە سەر ئەوەی کە زیاتروچاوکراوە تربن و هە وڵی زیاتر بدە ن ومامەڵە وپشکنینی زیاتربکە ن، ڕاشیگەیاند،" بە هاوکاری و هە ماهە نگی هاوڵاتیانی هە رێم دە توانن زیاتر باری ئە منی و ئاسایش ڕابگرن و ڕێگربن لە هە ر ڕوداویکی نە خوازراو ."
مقەدەم فەرهاد،دڵنیایی ئەوەش دەداتە هاوڵاتیانی هەرێم کە،" شەورۆژ دەخەنە سەر یەک بۆ ڕێگرتن لە دزە کردنی هە رتیرۆریستێک کەبیەوێ بێتە ناوهە رێمی کوردستانەوە" وتیشی: ئێمە لە ڕێی لیستی تایبە تە وە ناوی سە رجە م تیرۆریستان و داواکراومان لایە و بە ردە وامیش لە ڕێی مە فرە زە کانمانە وە کۆنترۆڵ و چاودیری ڕێگا لاوە کیە کانمان کردووە، هەروەک بە ردە وام لە ڕێی کامێرای چاودێریە وە کۆنترۆڵی بازگە کە مان کردووە ئە وە ش بە دانانی چە ندین کامێرای پێشکە وتوو کەبەردەوام چاودێری سە رجە م جموجوڵەکانی بازگە کە دە کە ین، جەختی لەوەش کردەوە کە ئە گەرهە رئامێرێکی تری تایبە ت بە چاودێری وپشکنینی پێشکە وتوو هە بێت بە دڵنیاییە وە هە وڵدە دە ن بیهێنین بو بازگە کە یان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-02-06

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 534

**ژمارەی ئەو گەشتیارانەی رویان لەشاری سلێمانی کردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140324114352 58699

ئەو گەشتیارانەی لەماوەی ڕۆژانی نەورۆز تا ئێستا سەردانی شاری سلێمانیان کردووە گەیشتۆتە نزیکەی 60 هەزار کەس .
ئارام شوانی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشت و گوزاری سلێمانی بەخەندانی ڕاگەیاند، " لەبەیانی 16 ئەم مانگە تا ئێوارەی 22 ئەم مانگە، ژمارەی ئەو گەشتیارانەی بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و سەردانی سەیرانگاو سروشتی جوانی کوردستان روویان لەشاری سلێمانی کردووە، گەیشتۆتە 58 هەزار و 929 گەشتیار .
بەوتەی ئارام شوانی، "سەرجەم ئەو گەشتیارانەی روویان لەشاری سلێمانی کردووە، لەسێ خاڵی سەرەکیی هاتوونەتە ناوەوە، ئەوانیش (بازگەکان و فڕۆکەخانە و خاڵی سنوری باشماخ) ن ."

ئارام شوانی وتی: لەمەرزی باشماخەوە، 22 هەزار و 101 گەشتیار و لە بازگەکانەوە 32 هەزار و 689 گەشتیار و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیشەوە 41 هەزار و 139 گەشتیار هاتوونەتە ناوخاکی سلێمانی .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 535

## ژمارەی ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014033121555967943

خەندان رەهێل سەمەد
بەوتەی بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانی لە ئێستادا نزیکەی سێ هەزار کۆمپانیای جۆراوجۆری بیانی لە هەرێمی کوردسستان تۆمارکراون، ئەمە لە کاتێکدا لە ناوچەکانی تری عیراق تەنها 900 کۆمپانیای بیانی بوونیان هەیە.
مافپەروەر دڵزار ئیسماعیل، بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: ژمارەی کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان دەگاتە زیاتر لە دوو هەزار و 700 کۆمپانیا کە لە بوارە جیاجیاکان کاردەکەن.
دڵزار ئیسماعیل وتیشی: "بوونی ئە و ژمارە زۆرەی کۆمپانیای بیانی کەلە هەرێمی کوردسان تۆمارکراون لەکاتێکدایە لەناوچەکانی تری عیراق نزیکەی 900 کۆمپانیای بیانی هەیە، ئەمەش نیشانەی پێشکەوتنی ئابووری و بازرگانی لە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت."
سەبارەت بە ژمارەی کۆمپانیاکانی ناوخۆ بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان وتی: "جگە لە کۆمپانیا بیانیەکان لە ئێستادا نزیکەی 18هەزار کۆمپانیای ناوخۆ هەیە، بەمەش کۆی گشتی کۆمپانیاکانی ناوخۆ و بیانی ئەوانەی لە هەرێمی کوردستن تۆمار کراون دەگاتە نزیکەی 21 هەزار کۆمپانیا."
هەربە گوێرەی زانیارییەکان زۆرینەی ئە و کۆمپانا بیانیەی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون کۆمپانیای وڵاتی تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێرانن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 31-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 536

## ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی خۆڵبارینەوە چونەتە نەخۆشخانە ڕاگەیەندرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051423223985303

ژینۆ ئەحمەد

بەهۆی کاریگەرییەکانی خۆڵبارینەوە لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا لە شاری سلێمانی، نزیکەی 10 هاوڵاتی داخڵی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی کراون.

لە لێدوانێکی نوسراودا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا د.ئەحمەد سەعید، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی سلێمانی ڕایگەیاند: "لەماوەی ئەم سێ ڕۆژەی خۆڵبارینددا 10 هاوڵاتی داخڵی نەخۆشخانەکە کراون، بەشێوەیەک لە ڕۆژی یەکەمدا هیچ حاڵەتێکمان نەبوە و لە ڕۆژی دوهەمیشدا چوار حاڵەت و ئەمڕۆش کە خۆڵبارینەکە خەستتر بۆتەوە شەش حاڵەتمان هەبووە."

ئەگەرچی بەپێی ڕاپۆرتی فەرمانگەی گشتی کەشناسی هەرێمی کوردستان، وادەی خۆڵبارینەکە تەنها تا ئەمڕۆ پێنجشەممە بوو، بەڵام ئێستا شەپۆلەکە نەڕەویوەتەوە.

د. ئەحمەد سەعید ئەوەشی ڕاگەیاند: "لەکۆی حاڵەتەکان هەشت حاڵەتیان پاش چارەسەرکردن نەخۆشخانەیان جێ هێشتوە و باری تەندروستیان باش بووە، تەنها دوو حاڵەت لەناو نەخۆشخانەکەدا ماونەتەوە و ئەوانیش باری تەندروستیان جێگیرە و هیچ حاڵەتێکی کوشندەشمان نەبوە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💊تەندروستی

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 537

## ژمارەی پاسەوانەکانی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061914361368709



ئامادەکردنی: محەمەد ڕەئوف

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 538

**ژمارەی پێوانەیی نرخەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070810144789652

وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێم
بەشی ژمارە پێوانەییەکان
2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 539

**ژمارەی توشبوانی شێرپەنجە لە هەرێم ئاشکرا کرا**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010614372484551

ڕەهێڵ سەمەد
بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی هەولێر ئامارەکانی ساڵی رابردوو لەبوارەکانی لەدایکبوون و ژمارەی نەخۆشخانە و کلینک و ئاستی سەردانی هاوڵاتیان و چەندین ئاماری تری تایبەت بە کەرتی تەندروستی لە سنووری پارێزگای هەولێر خستەڕوو.
د. سامان بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ئەمڕۆ سێشەممە 6ی کانوونی دووەمی 2015، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: لەساڵی 2014 دا 56 هەزارو 900منداڵ لەدایک بوون و لەم ڕێژەیە 44 هەزارو 605 منداڵیان لەنەخۆشخانەکان لەدایک بوون.
ئەوەشی خستەڕوو: لە سنوورەکەیان 22 نەخۆشخانە و 213 بنکەی تەندروستی و 17 سەنتەری تایبەتی یەک جۆر نەخۆشی و 9 کلینیکی 24 کاتژمێری هەیە، لەگەڵ 15 کلینکیی میللی خێرخوازی، کە لەماوەی ساڵی 2014 لەسنوری بەرێوەبەرایەتییەکەیان زیاتر لە چوار ملیۆن هاوڵاتی سەردانی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکانیان کردوە و و چارەسەری پێویستیان بۆ کراوە.
وتیشی: "خۆشبەختانە لەگەڵ بەردەوامی هەڵمەتەکانی کوتان دژی سورێژە وز سورێژە نەبووە، لەساڵی 1997ەوە لەهەولێر هیچ حاڵەتێکی ئیفلیجی تۆمارنەکراوە، لەماوەی ساڵانی رابردووش تەنها هەر ئە و حەوت حاڵەتی هەڵگری نەخۆشی ئایدز هەن کەئەوانیش خەڵکی بیانی بوون هی دەروەی هەرێمی کوردستان بوون."
راشیگەیاند: ئە و کەسانەی هەڵگری شێرپەنجەن تائێستا ڕێژەکەی لەستانداردی جیهانی تێنەپەڕیوە، بەڵام لە هەر 200 هەزار کەس 100 بۆ 150 کەس توشبووی ئە و نەخۆشیەن بەمەش 15 هەزار کەس توشبووی نەخۆشی شێرپەنجەن، 12 هەزار کارتی تەندروستی بۆ ئە و کرێکارە بیانیانە دروستکراوە کە بەپێی مۆڵەتی تەندروستی کاریان کردوە .

وتیشی: "ساڵی 2014 داهاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر چوار ملیارو 35 ملیۆن دینار بووە، بەشێکی کەمی نەبێت بەشەکەی دیکەی بۆ خەزێنەی حکومەت گەڕاوەتەوە."
دواجار سەبارەت بەداخستنی شوێنە گشتیەکانیشەوە وتی، لە ڕێگەی لیژنەکانی چاودێری تەندروستیەوە 308شوێن لە بازارو شوێنەگشتییەکان داخراوە بەهۆی سەرپێچی تەندیوستی و نەبوونی مۆڵەت و پری 29 ملیۆن و 300 هەزار دینار غەرامەی شوێنەکان کراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🖋تەندروستی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 540

## ژمارەی حوکمدراوانی چاکسازییەکانی هەرێم ڕاگەیەندرا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140327152451655541

لە تەواوی بنکە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان کە سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیە، دوو هەزار و 617 حوکمدراو بە تاوانی جۆراو جۆر هەیە و ماوەی حوکمەکەیان کە بەپێی یاسا بۆیان دیاری کراوە بەسەر دەبەن، لەپلانی کاری وەزارەتیشدایە پێنج پرۆژەی تری چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکات.
لەم چوار چێوەیەدا و لەمیانی سەردانێکی مەیدانیدا بۆ لەنزیکەوە ئاگاداربوون لەرەوشی چاکسازییەکان و چاودێری کردنی پرۆگرامەکانی چاکسازی و خوێندن لە ناو بنکەکانی چاکسازی، ئەمڕۆ پێنجشەممە 2014/3/27 ئاسۆس نەجیب، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی لە هەولێر بەسەرکردەوە .
لە و سەردانە مەیدانیەدا وەزیری کار لەگەڵ ڕاگیراو و حوکمدراوانی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر گفتوگۆی کردو لە نزیکەوە گوێی لە داواکاری وداخوازیەکانیان گرت و بەڵێنی چارەسەرکردنی کەموکورییەکانی پێدان .
لە لێدوانێکدا وەزیری کار ڕایگەیاند: لە پێناوی جێبەجێکردنی باشترین پرۆگرامی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا پێنج پرۆژە لە بواری چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ بەندکراوان دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەک پێداویستی و کەلوپەل بۆ دوو چاکسازی گەوران لە سلێمانی و هەولێر دابین دەکرێت .
وتیشی: "بە تەواوبوونی بینای چاکسازییەکان ڕەوشی چاکسازییەکانی کوردستان هیچی کەمتر نابێت لە چاکسازییە پێشکەوتووەکان لە وڵاتانی دونیا بەشێوەیەک بنەماو پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ بەسەر بەندکراوان جێبەجێ دەکرێت."
لە هەرێمی کوردستان دوو هەزار و 617 حوکمدراوی پیاو و ژن و منداڵ هەن، کە 2206 حوکمدراوی پیاو و 78 حوکمدراوی ژن و 33 حوکمدراوی منداڵە .
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆژە و پرۆگرامەکانی چاکسازی کار بۆ گەڕانەوەی ئە و حوکمدراوانە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان دەکات ئەویش دوای تەواوکردنی ماوەی حوکمەکەیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-27

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 541

## ژمارەی خوێندکارانی پۆلی نۆی بنەڕەتی کە بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کردووە لە ساڵی 2013

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062614175078260

ژمارەی خوێندکارانی پۆلی نۆی بنەڕەتی کە بەشداری تاقیکردنەوەکانیان کردوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان 120 هەزار و 947 خوێندکار بووە، ڕێژەی دەرچوون لە شاری هەولێر 53.7% بووە، سلێمانی 61.87%، دهۆک 55.9% بووە، گەرمیان 67.44% بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 542

## ژمارەی دانیشتووانی باشووری کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071116150876966

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئێستا ژمارەی دانیشتووانی باشووری کوردستان 8 ملیۆن و 350 هەزار کەسە و سەدا 21 ی دانیشتووانی گەنجن، کە تەمەنیان لەنێوان 15 بۆ 24 ساڵیدایە.
مەحموود عوسمان، بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی بۆ تۆڕی میدیایی رووداو دەڵێت "ئەو تەمەنەی دیاریکراوە لە سەرانسەری جیهان گرنگیان پێدەدرێت، چونکە هێزی کارن و بەپێی ئامارەکان دەرکەوتووە هەر خێزانێک لەلایەن کەسێکی خوار تەمەنی 30 ساڵی سەرپەرشتی بکرێت، ئەو خێزانە نەبوونیان کەمترە."
بە گوتەی مەحموود عوسمان، دوای رووخانی رژێمی بەعس (2003) گەشەکردنێکی بەرچاو لە باشووری کوردستان هاتووەتە ئاراوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بە گەنجان داوە، بە جیاواز لە هەمان توێژی گەنجان لە سەردەمی پێشووتر دەرفەتی کار، بژێوی ژیان و تەندروستیان باشترە و زۆربەیان خوێندنیان تەواوکردووە.
مەحموود عوسمان ئەوەش ناشارێتەوە کە زۆرترین رێژەی بێکاران لە هەمان توێژی گەنجاندایە و ئەوە دەخاتەڕوو، "لە جیهاندا رێژەی گەشەی دانیشتووان 1.6 ە، بەڵام لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە عێراقدا گەشەکردنی رێژەی دانیشتوان 3%ە، واتە لە وڵاتانی دیکە شێوەی هەڕەمی هەڵگەڕاوە و لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست شێوەی هەڕەمییە، بەڵام لە باشووری کوردستان گەشەی دانیشتووان هێلکەییە و واتە؛ تەمەنی گەنجمان زۆرترە."
گوتیشی "باشووری کوردستان لە رووی گەشەی دانیشتووان و چاودێری و دابینکراییەکانەوە براوەی وڵاتانی ناوچەکە بووە، لە ماوەی 15 ساڵی رابردوودا پێش عێراق کەوتووینەتەوە، لە رووی نەبوونی، پەروەردە، دابینکردنی خزمەتگوزاری، کەمکردنەوەی جیاوازی رەگەزی، رۆشنبیری، ئاسایش و ئازادی لە زۆر وڵاتانی ناوچەکە باشتربووین."
نەتەوەیەگرتووەکان هەوڵی گەشەپێدانی مرۆیی داوە و دەیانەوێ تا ساڵی 2015 بگەنە ئاستێکی گەشەپێدانی دانیشتووان و 189 وڵات واژۆیان لەسەر کردووە، کە دەبێ تا ساڵی 2015 بەشێک لەو وڵاتانە ئاستی خوێندەواریان بگاتە سەدا سەد، هەروەها کەمکردنەوەی هەژار و گەشەپێدانی بواری تەندرووستی. لەمبارەیەوە بۆ باشووری کوردستان د. مەحموود گوتی: "ئەو پێوەرانەی لەو وڵاتانە بۆ گەشەی دانیشتووان دانراون لە باشووری کوردستان لە زۆر بوار بەر لە ساڵی 2015 ئێمە

پێیگەیشتووین، ئەمە لەکاتێدا ئێمە سفربووین و لەهەموو رووێکەوە دواکەوتووبووین."
ئەمڕۆ، رۆژی دانیشتووانی جیهانە و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەمساڵ درووشمی "سوودوەرگرتن لە گەنجان" هانی دەستڕۆیشتووان دەدات یارمەتی گەنجا بدەن. ئێستا ژمارەی دانیشتووانی سەر زەوی 7 ملیار و 180 ملیۆن کەس دەبێت و لەو رێژەیەش سەدا 26 ی گەنجن و لە نێوان تەمەنی 15 بۆ 24 ساڵیدان، کە دەکاتە یەک لەسەر چواری ژمارەی دانیشتووانی جیهان.
سەرچاوە:ماڵپەڕی رووداو - 11-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 543

## ژمارەی دانیشتووانی عیراق، چەند دەبێت؟

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080110541789352

وەزارەتی پلاندانانی عیراق، تەئکید دەکاتەوە، ژمارەی دانیشتوانی عیراق لە (35) ملیۆن کەس نزیک دەبێتەوە، هەروەک زیادەیەکی کەم لە ژمارەی (نێر) لەبەرامبەر (مێ)دا تۆمار کراوە، ئاماژە بەوەش دەدرێت، کە دواکەوتنی سەرژمێری گشتی دانیشتووان بۆ هۆکاری سیاسی دەگەڕێتەوە.
مەهدی عەلاق، وەکیلی پێشکەوتووی وەزارەت، لە دایدارێکدا رایگەیاند :" وەزارەت هەموو ئامادەکارییەکی کردووە بۆ سەرژمێری گشتی، کە بۆ ئەو مەبەستە پارێزگاکان بەپێی پلانێک دابەشکراون بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی تەوقدان و ژماردن بۆ گرەنتی کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی سەرژمێرییەکە و بەدەستهێنانی ئەنجامێکی ورد و دروست."
ئەوەشیخستەڕوو، کە وەزارەتەکەیان سەرجەم پێویستییە دارایی و مرۆییەکانی ئامادەکردووە، وتیشی :" ژمارەی دانیشتووانی عیراق لە ئێستادا نزیکبووەتەوە لە (35) ملیۆن کەس، هەروەک زیادەیەکی کەم لە ژمارەی (نێر) لە بەرامبەر (مێ) تۆمار کراوە بە رێژەی سەدا (51) بۆ نێر و سەدا (49) بۆ مێ."
ئاشکراشیکرد، کە وەزارەتەکەیان لە ساڵی 2003 بەرزترین رێژەی هەژاری لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا تۆمارکردووە بە رێژەی سەدا (23)ی سەرجەم دانیشتووان، ئەوەش بەهۆی خۆاپی بارودۆخی ئەمنی و ئابووری کە لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە دروستبوو، وتیشی :" بەوم دوایانە رێژەی هەژاری دابەزی بۆ سەدا (19)کە ئەوەش رێژەیەکی کەمە، بەڵام لەچاو بارودۆخەکە، ئەو رێژەیە ب باش وەسف دەکرێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 01-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 544

## ژمارەی رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێم دوو هەزاری تێپەڕاندووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040821204568047

رەهێل سەمەد
وتەبێژی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە کاتی ئێستا دوو هەزار و 302 رێکخراوی ناحکومی ناوخۆ و بیانی و عیراقی لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون و 258

ڕێکخراوی تریش داواکاریان پێشکەشکردووە، بەڵام پرۆسەی تۆکارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تا مانگی شەشی ئەمساڵ وەستێندراوە .
ئارام سەعدی وتەبێژی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان بەخەندانی راگەیاند":
لە ئێستادا ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ژمارەیان بەرزبووەتەوە بۆ 2302 ڕێکخراو و لە و ڕێژەیەشدا 142 ڕێکخراوی نێودەوڵەتین و 52 ڕێکخراویش عێراقین و 27 تۆری ڕێکخراوەکانیش تۆمارکراون و 212 ڕێکخراویش ئەوانەن کە پێش دەرچوونی یاسای ژمارە یەکی ساڵی 2011 هەبوون و هاتوون خۆیان لەگەڵ یاساکە لە فەرمانگە گونجاندووە، جگە لەوەش 258 دۆسێمان لەبەردەستدایە کە خەریکی پێداچونەوەین بۆیان کە بۆ تۆمارکردن پێشکەشی فەرمانگە کراون ."
ئارام سەعدی وتیشی:" بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری ناوخۆی فەرمانگە، تایبەت بە تۆماری ڕێکخراوەکان، لە ئێستادا پرۆسەی تۆمارمان بۆ مانگی تەمموز وەستاوە، تا بتوانین هەندێک ڕێوشوێنی تایبەت هەیە بۆ ڕێکخستنەوەی کاروبارە ناوخۆییەکان و تۆماری ڕێکخراوەکان بیگرینەبەر، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوەکانی پرۆسەی بە ئۆنلاینکردنی پرۆسەی تۆمار بەردەوامە تا لە ئاییندەیەکی نزیکدا بکەوێتەکار ."
لەبارەی بودجەی ڕێکخراوەکان، وتەبێژی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان وتی:" ئە و قەیرانە زۆر کاری کردووەتە سەر کاری ڕێکخراوەیی و تەنانەت خودی فەرمانگەش، بەدەر نییە لە گرفتە سلبیەکانی ئە و قەیرانە، بەڵام ئەوە تا ڕادەیەک فاکتەرێکی باش بوو تا فەرمانگە وەک لایەنێکی بەرپرسی حکومیی و ڕێکخراوەکان وەک کەرتێکی گرنگ لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنی بتوانین لەرێگەی ئە و قەیرانە داراییەوە بەخۆماندا بچینەوە تا بتوانین شێوەی جیاواز هەنگاو هەڵبنێن بۆ پێداچوونەوە بە کارەکانمان، بەتایبەت ستراتیژی پاڵپشتی دارایی ڕێکخراوەکان ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 08-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 545

## ژمارەی سەربازو چەکەکانی تورکیا لەناو خاکی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051415063485300

لەدوای ڕووداوەکانی 31ی ئابی ساڵی 1996، تورکیا هێزەکانی خۆی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان جێگیرکردووە، لەو کاتەشەوە ئەو وڵاتە چەند سەربازگەیەکی لەناوچەی بادینان دروستکردووەو لەئێستاشدا ژمارەی هێزەکانی ئەو وڵاتە لەناو خاکی هەرێم، بە زیاتر لە (3200) سەرباز مەزەندە دەکرێت، کە دەیان ئەفسەری پلە بەرزیشیان تێدایە، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر چەکی قورس.
یەکێتی و گۆران لەگەڵ دەرکردنی بنکە سەربازییەکانی سوپای تورکیان و پارتی دیموکراتیش بوونی پەکەکەو سوپای تورکیا لەهەرێم لەئاستێکدا دەبینێت و بەپێشێلکردنی سەروەریی خاکی کوردستانی دەزانێت.
ماوەی زیاتر لە 18 ساڵە بنکە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لەهەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە، هەرچەندە لەساڵی 2003وە بڕیارێک لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە بۆ دەرکردنی ئەو بنکە سەربازیانە، بەڵام تائێستا هێزەکانی تورکیا لەسەرخاکی هەرێمی کوردستان ماون کە ژمارەیان بەهەزاران چەکدار دەبێت.
گۆران ئازاد پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لەپەرلەمانی کودستان بەSNNی ڕاگەیاند، لەبارەی هاوکاریکردنی کورد لەجەنگی دژی داعش، تورکیا لەناو هەموو وڵاتاندا بێ هەڵوێستترین وڵاتی دونیا بوو، بۆیە ئەم بێهەڵوێستییەی تورکیا لەئاییندەدا کاریگەریی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئەو وڵاتەدا.
وتیشی:"هیچ ماناو بەهایەکی نییە کە سەربازگەی وڵاتی تورکیا لەهەرێمی کوردستاندا هەبێت و

دەرکردنی ئەو سەربازگانەش بووە بەواقیع و پەشیمانبوونەوە لێی، عەیبەیەکی ئەخلاقیی و یاساییە."
بێستوون فایەق پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆران لەپەرلەمانی کوردستان بەSNNی ڕاگەیاند، بوونی سەربازگەی تورک لەهەرێمی کوردستان زۆر بێمانایەو جگە لەمەترسیی و داگیرکردنی کوردستان و زاڵکردنی هەیمەنەی تورکیا بەسەر هەرێمدا، هیچ مانایەکی تری نییە.
وتیشی:"دەبوایە لەگەڵ هاتنی داعش بۆسەر سنووری هەرێمی کوردستان، یەکەم وڵات تورکیا بەرگری لەخاکی کوردستان بکردایە، ئەگەر هاوکاریی کورد ناکات، کەواتە بوونی ئەم سەربازگانە چ سوودێکی دەبێت ئەگەر مەترسیی نەبێت بۆسەر هەرێمی کوردستان.
ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان ئەوەشی وت، جێی داخە تائێستا بڕیارێک نەدراوە چ لە پەرلەمان و چ لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ دەرکردنی سەربازگەو هێە سەربازییەکانی تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی هیچ بیانوویەک نییە بۆ بوونی ئەو سەربازگانە لە هەرێمی کوردستاندا.
ئاماژەشی بۆ ئەوەکرد: ڕاستە تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەڕووی ئابوورییەوە سوودی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام پێویستە تا ئەوکاتە ئێمە تورکیامان بوێت کە تورکیاش ئێمەی دەوێت و زۆر گرنگە وەکو خۆی بیناسین، چونکە ئەو وڵاتە دەیان ساڵە کورد دەکوژێت.
هەر لەوبارەیەوە د. فرسەت سۆفی پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە SNNی ڕاگەیاند: بوونی بنکە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان، نایاساییەو مەترسیشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، مانەوەشیان بابەتێکی سیاسییە، بۆیە لەهەر کاتێکدا کە بگونجێت پێویستە دەربکرێن.
وتیشی:"من بەبۆچوونی شەخسیی خۆم پشتیوانی هەر هەوڵێک دەکەم بۆ دەرکردنی بارەگاو بنکەی سەربازیی هەر وڵاتێکی بێگانە لەهەرێمی کوردستاندا."
بەپێوای د. فرسەت وتی، ئەگەر بەهانە هەبێت بۆ دەرکردنی بنکە سەربازییەکانی سوپای تورکیا، دەبێت بەهانەش بۆ مانەوەی گەریلاکانی پەکەکە هەبێت، چونکە وەکو د. فرسەت دەڵێت:"ئەگەر شەرعییەت بدەیتە پەکەکە دەبێت شەرعییەت بدەیت بەهێزێکی تریش، بەپاساوی بوونی پەکەکە، چونکە مەبەستەکە پاراستنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستانە."
لەڕۆژی 15ی تەمموزی ساڵی 2008یشدا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەبەیاننامەیەکدا داوایکرد، هەرچی زووە ئەو بنکە سەربازیانەی تورکیا لەخاکی عیراق (هەرێمی کوردستان)دا بچنە دەرەوە.
بەیاننامەکە کە لەلایەن لیژنەی (بەدواداچوونی ڕاستیەکان)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە بڵاوکرایەوە، داوای ئەوەشی کردبوو، پەرلەمانی عیراق هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی بنکە سەربازیەکانی تورکیا بکرێنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەوکات لەبەیاننامەکەدا هاتبوو:"ئەو بنکانە لەقوڵایی سنوری هەرێمی کوردستانن و کاری سەربازیی و سیخوری بۆ تورکیا دەکەن."

قەبارەی هێزەکانی تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان:

لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا (3235) ئەفسەرو سەربازو ژەندرمەی تورک بوونیان هەیە، لەگەڵ چەندین جۆر چەک و تەقەمەنی، لەوانە: (58) تانک، (27 (زرێپۆش، (31) تۆپ و (26) هاوەن، (17) ئاڕبیجی و (10) دۆشکە، (40) ئۆتۆمبێلی سەربازیی، (13) بیکەیسی، (2) نازووری شەوانەو (3) نازووری قاعیدە، (10) قەناس و (1) بۆمبی ئەتارو (4) مۆبایلی سورەیا، لەگەڵ (2) جیهازی ڕاکاڵ و یەک ڕەسەدو (2) ڕافیعەو جیهازێکی پێشکەوتووی دەنگ هەڵگر (انێات)یان لەبەردەستدایە.
هێزە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لەناو خاکی هەرێمی کوردستان بەسەر (13) بنکەو بارەگای سەربازیدا لەناوچە سنورییەکانی پارێزگای دهۆک جێگیرکراون.

لەناو ئەو هەموو بنکەو بارەگا سەربازیانەشدا جگە لەوەی بەشی هەواڵگری بوونی هەیە، سریەیەکی تایبەتی هەواڵگری تورک لەسەربازگەی (باتوفا) بوونی هەیە، کە لە (20) کەس پێکهاتووەو ئەفسەرێکیش سەرپەرشتی دەکات بەناوی (فاروق بەگ) کە پلەکەی عەقیدە لەسوپاداو جێگرەکەشی موقەدەمێکە بەناوی (عومەر.(

بەگوێرەی زانیارییە تایبەتەکان، گەورەترین بنکەو بارەگای سەربازی تورکیا لەڕووی ژمارەی سەربازەوە، لەناحیەی (کانی ماسی)یە کە دەکەوێتە قەزای زاخۆی سەر بەپارێزگای دهۆک، لەو بنکەیەدا (580) سەربازو (91) ئەفسەرو (240) ژەندرمەو (340) هێزی لێدان هەیە.
لەزانیارییەکاندا باس لەوەدەکرێت، گەورەترین بنکەی سەربازی تورکیا لەهەرێمی کوردستان لەڕووی لۆجستییەوە، سەربازگەی (بامەڕنی)ە کە دەکەوێتە بەرامبەر ناحیەی بامەڕنی لەپارێزگای دهۆک.
لەو سەربازگەیەدا (30) تانک و (8) زرێپۆش و (6) هاوەن و (6) ئۆتۆمبێلی سەربازی تێدایە، جگە لەبوونی ئامێرێکی پێشکەوتووی دەنگگرتن کە بۆ کاری سیخوری بەکاریدەهێنن، لەناو ئەو بنکە سەربازییەشدا گەورەترین یەکەی هەواڵگری سەر بە سوپا لەناو خاکی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، بەدوای ئەمیشدا بنکەی سەربازی (کریبی) دێت کە دەکەوێتە قەزای زاخۆ.
لەو بنکە سەربازیەشدا (414) سەربازو (6) تانک و (15) ئاڕبیجی و (2) دۆشکەو (6) زرێپۆش و (11) تۆپ و (14) ئۆتۆمبێلی سەربازی و (10) قەناس و (12) بیکەیسی و (1) بۆمبی ئەتارو یەک ڕەسەدو (2) نازورو (2) مۆبایلی سورەیاو جیهازێکی ڕاکالڕ هەیە.
بەدوای ئەویشدا بنکەی سەربازی ناحیەی باتوفە دێت کە دەکەوێتە سنوری ئیداریی قەزای زاخۆوە، (400) سەربازو (6) تانک و (21) زرێپۆش و (14) ئۆتۆمبێلی سەربازیی و سێ نازوورو تێدایە.
هەروەها بنکەی (سینکی) هەیە، کە لەو شوێنەش (80) سەربازی تورک بوونیان هەیەو تۆپێکی (120) ملمیشیان پێیە.
لەسەربازگەی (سیریی)ش کە دەکەوێتە سنووری قەزای ئامێدییەوە، تورکیا (75) سەربازی وڵاتەکەی تێدا جێگیرکردووە، بە (6) تانک و سێ دۆشکاو (6) هاوەن و (4) زرێپۆشەوە.
لەلایەکی تریشەوە هەر لەسنووری قەزای ئامێدی لەسەربازگەی (کوبکی)، تورکیا (130) سەربازی جێگیرکردووە لەگەڵ دوو تانک.
هەروەها لەهەریەک لەسەربازگەکانی (کمری، کوخی سپی و دەرەی داواتیا) لەناوچەی بادینان، هەریەکەیان (70) سەربازی تێدا جێگیرکراوە، لەگەڵ ژمارەیەک کەرەستەو کەلوپەلی سەربازی.
لەسەربازگەی (سەری زیری) دیسانەوە هەر لەسنووری بادینان، تورکیا (60) سەربازی جێگیرکردووە، لەسەربازگەی (گەلی زاخۆ)، (34) سەربازو لەسەربازگەی ئامێدیش (45) سەربازی تورک بە تەواوی چەک و تفاقی سەربازییەوە بوونیان هەیە.

ئامادەکردن : ئاری مەحمود، هێرش شۆڕش
سەرچاوە: http://snnc.co/Didar_Detail.aspx?id=9303&MapID=3

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: TRتورکیا
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 546
## ژمارەی عومرەکارانی هەرێم 30 هەزار کەسی تێپەڕاند
http://www.kurdipedia.org/?q=20140330154924673444
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، ژمارەی عومرەکارانی ئەمساڵی هەرێم 30 هەزار کەسی تێپەڕاندوە و هەر عومرەکارێکیش پێش سەفەری سعودیە پشکنینی تەندروستی بۆ دەکرێت و کوتانی دژی

نەخۆشیە گوازراوەکان بۆ دەکرێت.
مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاویکردوەتەوە: ژمارەی عومرەکارانی ئەمساڵی هەرێمی کوردستان 30 کەسی تێپەڕاند و لەسەر داوای وەزارەتی تەندروستی دەبێ هەموو عومرەکارێک پێش سەفەرکردنی بۆ سعودیە پێویستە پشکنینی تەندروستی و کوتانی دژی نەخۆشیە گوازراوەکان بۆ بکرێت و خاوەن کۆمپانیاکانی عومرە بەرپرسن لەم پرۆسەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 547

## ژمارەی قەوارە و پاڵێوراوانی بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئاشکرا کرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012014534286576

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ کاروباری هونەری ئاشکرای کرد کە 37 قەوارەی سیاسی و 718 پاڵێوراو بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکەن.
ئەمڕۆ 20ی کانوونی دووەمی 2014 قاسم ئەلدەراجی یاریدەدەری سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆ کاروباری هونەری لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی دەست خەندان کەوتووە، ژمارەی قەوارە و پاڵیوراوە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی ڕاگەیاند.
قاسم ئەلدەراجی وتی: "16 قەوارەی سیاسی و 241 پاڵێوراو کێبرکێ لەسەر 30 کورسی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەکەن."
ئاماژەشی بەوەدا کە ژمارەی قەوارە سیاسییە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە شاری سلێمانی 10 قەوارەیە و 318 پاڵێوراو کێبرکێی لەسەر 32 کورسی دەکەن.
قاسم ئەلدەراجی وتیشی: "لە پارێزگای دهۆکیش 11 قەوارەی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان تۆمارکراون و 159 پاڵێوراویش کێبرکێ لەسەر بەدەستهێنانی کورسییەکانی ئەنجومەنی ئە و پارێزگایە دەکەن کە ژمارەیان 28 کورسییە."
کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە بڕیارە لە 30ی نیسانی داهاتوو، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەڕێوەبچێت. هەفتەی ڕابردووش دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان تیروپشکی بۆ پێدانی ژمارە بە قەوارە سیاسییەکانی بەشداری هەڵبژاردنەکە ئەنجام دا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-20

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 548

## ژمارەی مامۆستا و خوێندنگا وخوێندکارانی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20140909202625773358

ڕەهێل سەمەد

هەروەک پێشتر وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بڕیاری لەسەردا بوو سبەی(10ی ئەیلولی 2014) یەکەم زەنگی ساڵی تازەی خوێندنی (2014 - 2015) لێدەدرێت، وتەبێژی وەزارەتی ناوبراویش ئاماری خوێندنگا و مامۆستا و خوێندکارانی هەرێم بۆ خەندان ئاشکرا دەکات.

فاتح مەولەوی زادە وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: " وەزارەتی پەروەردە بڕیاریداوە دەوامی ئاسایی ساڵی نوێی خوێندن سبەینێ ڕۆژی چوارشەممە(10ی ئەیلولی 2014) دەستپێدەکات، بۆئەمەش یەکەم زەنگی خوێندن لە خوێندگایەکی هەولێر وەک ئاماژەیەک بۆ دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیە لە سەرتاسەری هەرێم لێدەدرێت".

فاتح مەولەوی زادە وتیشی"بە پشتبەستن بە ئاماری ساڵانی ڕابردوو شەش هەزار و 734 خوێندنگا و119هەزار و 636 مامۆستا و یەک ملیۆن و 673 و 760 خوێندکاری ئامادەیی وپیشەیی و بنەڕەتی و باخچەی ساوایانمان هەیە ، بۆئەمساڵیش ئەو ژمارەیە زیاتر دەبێت، بەڵام تاکو ئێستا ئامارەکان بەتەواوەتی کۆنەکراوەتەوە".

ئەوەشی ڕاگەیاند" هەرلە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەری ناوچەکانی تری عێراق ڕوویان لەشارەکان کردووە وەزارەتی پەروەردە 69خوێندنگای عەرەبی بۆ 35هەزار و 629خوێندکار کردۆتەوە، بۆئەمەش یەک هەزار و 978 مامۆستای دابینکردووە".

لەبارەی ئەو خوێندگا وقوتابخانانەی ئاوارەی تێدا نیشتەجێیە وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە وتی: ژمارەی ئەو قوتابخانە و خوێندگایانەی ئاوارەی تێدا نیشتەجێیە زیاتر دەکەوێتە پارێزگای دهۆک، خوێندن لەو شوێنانە بۆ ماوەیەک دوادەخرێت، بەڵام پۆلی 12ی ئامادەیی لەشوێنی تر جێگایان بۆ دەکرێتەوە، چونکە بەهۆی هەستیاری قۆناغەکە ناکرێت دەوامی ئەوان دوابکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 09-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 549

## ژمارەی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان پێنج هەزار تێپەردەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20130824230241891O9

لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان نزیکەی 150 مزگەوت لە بواری دروستکردندایە، بەپێی ئاماری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینیش تاکۆتایی ئەمساڵ ژمارەی مزگەوتەگان لە هەرێمی کوردستان پێنج هەزار مزگەوت تێپەڕدەکات.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (خەندان) ی ڕاگەیاند: ئێستا نزیکەی 150 مزگەوت لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا لەقۆناغی بیناسایدایە و تا کۆتایی ئەمساڵیش ئەو مزگەوتانە تەواو دەبن.

نەقشبەندی وتیشی: "ئێستا ژمارەی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان چوار هەزار و 900 مزگەوتە، بە تەواوبوونی ئەو مزگەوتانە لە کۆتایی ئەمساڵدا ژمارەی مزگەوتەکانی هەرێمی پێنج هەزار تێدەپەڕێنێت."

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف ئاشکراشیکرد: زۆربەی ئەو مزگەوتانەی ئەمساڵ دروستکراون لەسەر ڕووبەرێکی فراوان و بەپێی ڕێنماییەکانی وەزاتی ئەوقاف و لەسەر ئەرکی خێرخوازان و دەوڵەمەندەکانی کوردستان دروستکراون.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف سەبارەت بەژمارەی پەرستگاو مەزراگە و کەنیسەکانی

هەرێم رایگەیاند: ئێستا 96 کەنیسە و 325 مەزار و پەرستگەی مەسیحی و ئێزیدیەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 550

## ژمارەی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان لە 4880 مزگەوت تێپەڕیکرد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013063011545389760

مەریوان نەقشبەندی سەبارەت بەزۆربوونی ژمارەی مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان، کەگەیشتوونەتە 4880 مزگەوت، رایگەیاندبوو" سەیری لیستی مزگەوتەکانی کوردستانم دەکرد کە ئێستا ژمارەیان لە 4880 تێپەڕی کردوە "بینیم13 مزگەوت لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا ناوی(بیلالی حەبەشی)یە و تەنها 4 مزگەوت ناوی (قازی محەمەد)ە"
هەر لەو بارەیەوە، بەپێنوسەکانی راگەیاند و ووتی: هۆکاری زیادبونی مزگەوت زۆرن گرنگترینیان :خواست و پابەندبوونی خەڵکی کوردستان بە ئاینی ئیسلام "باشبونی باری ئابوری کوردستان"لەم شەش ساڵەی رابردودا نزیکەی 80%ی مزگەوتەکانی کوردستان دەوڵەمەند و خێرخوازەکان دروستیان کردوە" هەندێک لەو خێرخوازانە بۆ دەرکەوتنی ناوی بنەماڵەکەیان مزگەوت دروست دەکەن و بەناوی خۆیان ناوی لێدەنێن و هەندێ جاریش لەشوێنە قەرەباڵغەکان و لەناو شارەکان دروستی دەکەن و ئامادە نین برۆنە گوند و شارۆچکەکان."
هەروەها ووتیشی" خوداپەرستی مافێکی رەوای هەر مرۆڤێکە بۆیە دروستکردنی مزگەوت کارێکی پێویستە بەڵام بەمەرج و بەبەرنامە بێت بۆ پێداویستی فعلی ئەو کەسانە بێت کە عیبادەتی بۆ خوا تێدا دەکەن نەک بۆ خۆدەرخستن و ریا هەروەها پێویستە بەپلان مزگەوت دروست بکرێت ئەو مزگەوتانە بەسەر ناوچەکانی کوردستان بەعەدالەت دابەشبکرێت نەک بەخواستی دەوڵەمەند و خێرخواز "لەگەڵ ئەوەشدا خێرخوازان خەرجیەکی زۆریان بۆ حکومەتی هەرێم پاشەکەوت کردوە و دەکرێت بەو پارەیەی کە مەفروزە مزگەوتی پێ دروست بکرێت پرۆژەی جۆراوجۆری دیکە دروست بکات"
سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووسەکان - 30-06-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 551

## ژمارەی کادرانی مووچەخۆری حزبەکان لە حکومەتدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031812490284901

دەروون رەشید
ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، 195 هەزار کادری حزبی هەن کە مووچە لە حکومەت وەردەگرن و خۆیان لە حیزبەکان دەوام دەکەن، دەشڵێت: "وەزارەتی دارایی دەیەوێت چارەسەری ئەوکێشەیە بکات بەڵام بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوەکان رێگری لەوە دەکات."
سۆران عومەر، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە خەندانی راگەیاند: "لە هەرێمی کوردستاندا یەک ملیۆن و 680 هەزار کەس مووچە وەردەگرن، لەم ژمارەیەش تەنها 680 هەزاری فەرمانبەرە ئێستا لەنێو فەرمانگەکاندا."
وتیشی: "یەک ملیۆنەکەی دیکەی تر بریتین لە خانەنشینان و بندیوار و تۆڕی پاراستنی

کۆمەڵایەتی کە ئەوانیش کەمئەندامان و بێسەرپەرشت و کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی دەگرێتەوە."
وتیشی: "بەشێکی دیکەیان خانەنشینی سەربازی پێشمەرگەن، ئەمانیش ژمارەیان 96 هەزارە و بەشێکی دیکەشیان خانەنشینی مەدەنین کە ژمارەیان لە 250 هەزار کەس زیاترە."
راشیگەیاند:"لەناو ئە و کەسانەی مووچە وەردەگرن، کەسانێک هەن بندیوارن و کادری حزبەکانن ژمارەیان 195 هەزارە."
سەبارەت بە هۆکاری چارەسەرنەکردنی ئە و کێشەیە، سۆران عومەر ئاماژەی بەوەشکرد: "لە وەزارەتی دارایی بەڕێوەبەرایەتییەک هەیە بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکان، کە وەزارەتی دارایی فەرمانی دەرکردووە ئە و بندیوارانە بچنەوە سەر دەوامەکانیان بەڵام بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکان ڕێگری لەوە دەکات و دەیەوێت هەر بە و شێوەیە بمێننەوە کە ئەمەش یەکێکە لە و کێشانەی ناهێڵن چارەسەر بکرێت."
ئەوەشی خستەڕوو: "ئێمە وەک ئەندامانی پەرلەمان کاتێک لەگەڵ وەزیری دارایی و پلاندانان دانیشتووین لەسەر بودجەی ساڵی 2015، پێمان راگەیاندوون ئەگەر پارە هەبێت بودجە بنێرن ئەگەر پارەش نەبێت و بودجە نانێرن دەبێت چاکسازی بکەن لەنێو میلاکاتی راستەقینەی وەزارەتەکاندا کە بریتین لە خانەنشین و فەرمانبەری راستەقینە، چونکە ئێمە ئیدی رازی نابین بە و میلاکاتە وەهمیانە."
ئە و پەرلەمانتارە کە هاوکات سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤە وتیشی: "وەزارەتی دارایی وەک هەنگاوی یەکەم بڕیاریداوە بۆ مانگی یەک کە مووچە وەرگیرا، وەزارەتێکی کردووە بە نمونە کە هەرکەسێک بە فیعلی خۆی لە دەوامدا نەبێت پارە وەرنەگرێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 552
## ژمارەی کوردە جوولەکەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان
http://www.kurdipedia.org/?q=2015051020091185265



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 553
## ژمارەی کورسی لایەنەکان و کاندیدە دەرچووەکانی هەرێم
http://www.kurdipedia.org/?q=20140519223318100560

ئەمڕۆ دووشەممە 19ی ئایاری 2014، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی ڕاگەیاند و لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک ژمارەی کورسی لایەنەکان و ناوی کاندیدە دەرچووەکان ئەمانەی خوارەوەن.
هەولێر:
پارتی دیموکراتی کوردستان حەوت کورسی:
ئەردەلان نورەدین، عەرەفات کەرەم، تارق سدیق، سیروان عەبدوڵڵا، خۆشەوی خەلیل، بریڤان ئەسعەد، نەدا عەنتەرخان.
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان چوار کورسی:
ئاریز عەبدوڵڵا، عەبدولقادر محەمەد، نەوزاد رەسوڵ، رێزان بەکر حسێن.
گۆران دوو کورسی :
کاوە محەمەد، سروە عەبدولواحید.
کۆمەڵی ئیسلامی دوو کورسی:
سەلیم هەمزە، قادر سەعید.
سلێمانی :
گۆران ژمارەی کورسی حەوت:
ئارام شێخ محەمەد، هۆشیار عەبدوڵڵا، جاسم محەمەد، د. دەرباز، مەسعود حەیدەر، ئەمین بەکر، شیرین رەزا، تاڤگە میرزا.
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ژمارەی کورسی شەش:
شێرکۆ محەمەد، سامان فەتاح، فەرهاد قادر، بەختیار جەبار، رێزان دلێر، رەنگین محەمەد.
پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەی کورسی دوو :
ئەشواق نەجمەدین، عەبدولوەهاب عەلی مەحمود.
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ژمارەی کورسی دوو:
موسەننا ئەمین، عادل نوری محەمەد .
کۆمەڵی ئیسلامی ژمارەی کورسی یەک
ئەحمەد حەمە رەشید.
دهۆک :
ژمارەی دەنگەکان زیاتر لە 490 هەزار دەنگ 11 کورسی 3 کورسی بۆ ژنان.
پارتی هەشت کورسی:
نەجیبە نەجیب، خەسرۆ عەبدوڵڵا، رێناس جانۆ محەمەد، بەنگین شەوکەت، ئیسلام حسێن، عوسمان تاهیر، شیرین عەبدولڕەحمان، سەرحان ئەحمەد.
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دوو کورسی:
جەمال ئەحمەد، ئاسیا حاجی سەلیم.
یەکێتی یەک کورسی:
موحسین عوسمان عەبدوڵڵا
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 19-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | IQئێراق |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 554

## ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013073022231492049
کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژارنەکان لەعیراق سێشەممە ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ژمارەی کورسیی پێکهاتە ئیتنی و ئاینیەکان و کۆتای ژنانی دیاریکرد.
هەولێر، ئاوێنەنیوز:بەپێی بەیاننامەیەکی کۆمسیۆن کە ئەمڕۆ (سێ شەممە)وێنەیەکی دەست ئاوێنەنیوز کەوتووە،لەچوارچێوەی ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژارنەکاندا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عیراق – 2013، ئەنجومەنی کۆمسیاران بڕیارێکی دەرکرد کە تێیدا ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و کورسیی تەرخانکراو بۆ پێکهاتە ئیتنیکی و ئاینیەکان و کۆتای ژنانی دیاریکرد.
بەپێی بڕگەکانی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 2009، یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (4)ی ساڵی 2009 و داتاکانی وەزارەتی پلاندانان و دەزگای ناوەندیی ئامار ساڵی 2012 کە خەمڵاندنی ژمارەی دانیشتوانی عیراق لەسەر ئاستی پارێزگا و قەزا و ناحیە لەخۆدەگرێت.
وردەکاری کورسیەکانی پارێزگاکان:
سلێمانی، 1،931،560، کورسی 32، یەک کورسی بۆ کلدۆئاشورییەکان، کورسی ئافرەتان 10
هەولێر1،657،684، کورسی 30، سێ کورسی بۆ تورکمان و دوو کورسی بۆ کلدۆئاشورییەکان، کورسی ئافرەتان 9
دهۆک 1،158،633، کورسی، 28، دوو کورسی بۆ کلدۆئاشورییەکان و یەک کورسی بۆ ئەرمەن، کورسی ئافرەتان 9
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 30-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 555

## ژمارەی کوژراوانی جەنگی سوریا گەیشتە 130433 کەس

http://www.kurdipedia.org/?q=2013123122220286986
ژمارەی کوژراوانی جەنگی سوریا گەیشتە 130433 کەس کە زۆربەیان لە چەکدارە شەڕکەرەکانی هەردوو بەرەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و رژێمی بەشار ئەسەدن.
ئاوێنەنیوز: روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە رێکخراوێکی ناحکومی چاودێریکاری مافەکانی مرۆڤە لە و ولاتە، ئەمڕۆ(سێ شەممە) رایگەیاند، ژمارەی ئە و کەسانەی تا ئێستا لە جەنگی سوریادا کوژراون گەیشتە 130433 کەس
کوژراون کە زۆربەیان لە چەکدارە شەڕکەرەکانی هەردوو بەرەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان و رژێمی بەشار ئەسەدن.
بەپێی بەیاننامەکە، کاتی کوژرانی ئەم قوربانیانە لە مانگی 2011/3ەوە دەست پێدەکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 31-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 556

## ژمارەی کۆتایی پێشێلکاریەکانی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ئاشکرا کرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050812452076180

خەندان هێڤی خالید
بەڕێوەبەری بەشی خزمەتگوزاری لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی رایدەگەیەنێت، تا ئێستا 600 بۆ 650 سەرپێچی لایەنەکانیان لە کاتی بانگەشەدا تۆمارکردوە، ئەگەر تا کۆتایی ئەم مانگەش پۆستەرەکانیان لێ نەکەنەوە، ئەوکات تێچووی ئە و کارەیان لە و پرە پارەیە لێوەردەگیرێت کە لەلای کۆمسیۆنە.
رزگار ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەشی خزمەتگوزاری لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: لە سەرەتای هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە، لە رێگەی تیمەکانی بەشی خزمەتگوزاری و راگەیاندنی شارەوانییەوە، سەرجەم پێشێلکارییەکانی قەوارە سیاسییەکان کە پابەندی رێنماییەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن نەبوون تۆمارکراوە، دواتر کراوەتە راپۆرتێک بۆ کۆمسیۆن نێردراوە و لە رێگەی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانیەوە دەکرێتە غەرامە.
وتیشی: "ئە و لایەنەی قەبارە حزبەکەی گەورەترە و ژمارەی کاندیدەکانی زیاترە، زیاتر پێشێلکاری ئەنجامداوە، چونکە کەرەستەی زیاتری هەڵواسیوە بە شوێنە قەدەغەکراوەکاندا و مادە لێنەرەکانی بەکارهێناوە و لە هەڵبژاردنی پێشوودا ئە و مادانەی بەکارهێنران قەدەغەکراویان زۆر تێدابوو، بەجۆرێک هەندێکیان بۆ لێکردنەوەیان مادەی دیکەمان لە دەرەوە بۆ لێکردنەوەیان هێنا."
راشیگەیاند: لەم هەڵبژاردنەشدا قەبارەی ژمارەی سەرپێچییەکان زۆر لە پێشوو زیاترە، بەهۆی ئەوەی ئەمجارە دوو هەڵبژاردن هەبووە، پەرلەمان و ئەنجومەنی نوێنەران، بۆیە لە ئێستادا نزیکەی 600 بۆ 650 سەرپێچی لەلای لیژنەکانیان تۆمارکراوە، بۆیە ماوەی مانگێکیان وەک مۆڵەت پێدراوە بۆ ئەوەی لە و ماوەیەدا پۆستەرو لافیتەکانیان لێبکەنەوە، ئەگەرنا کارمەندەکانیان خۆیان بە و کارە هەڵدەستن و دواترب لە و پارەیە لە قەوارە سیاسییەکان وەردەگیرێتەوە کە وەک بارمتە لای کۆمسیۆن دایان ناوە.
ئەوەشی خستەڕوو: لە هەڵبژاردنی پێشوودا 184 ملیۆن دینار غەرامەی قەوارە سیاسییەکانیان کرد لەسەر سەرپێچیەکانی هەڵبژاردن، ئەمجارەیان پێشبینی سێ ئەوەندەی ئە و پارەیە دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 557

## ژمارەی ئەو ئێزدیانەی لەدەست چەکدارانی داعش رزگاریان بووە زیادیکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042320582985147

خەندان - رەهێل سەمەد
بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، لەماوەی رابردوودا ژمارەی ئە و ئێزدیانەی لە دەست چەکدارانی داعش رزگاریان بووە زیادیکردوە، ئەوەشی بۆ شپرزەیی و بێ هێزی ئە و چەکدارانە گەڕاندوە.
خەیری بۆزانی، بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروبای ئاینی حکومەتی هەرێم بە خەندنی راگەیاند: "بەهۆی ئە و شکستەی توشی هاتوون لە ئێستا چەکدارانی داعش وەکو جاران ناتوانن کۆنترۆڵی ئە و کەسانە بکەن کە لەلایەن بەندکراون بۆیە رۆژانە ژمارەیەکیان رزگاریان دەبێت لەوانەش کوردانی ئێزدین."
وتیشی: "جگە لەوەی رێکخراوی تیرۆریستی داعش توانای کۆنترۆڵکردنیان نەماوە، ئەوان وەک ئێزدییەکان هەماهەنگیان لەگەڵ خەڵکی ئە و ناوچانە هەیە کە کوردە ئێزدییەکانیان تێدا بەندکراوە، بۆیە لەماوەی رابردوودا لە کۆی نزیکەی چوار هەزارو 500 کەس، زیاتر لە هەزارو 500 کەس

رزگاریان بووە."
بەڕێوەبەری کاروباری ئێزدییەکان ئاماژەی بەوەشکرد: "بەگوێرەی زانیارییەکان بەشێکی زۆر لە و ئێزدییانەی لە دەست چەکدارانی داعش-دان بەهۆی لاوزای و شپرزەیی ئە و ڕێکخراوە تیرۆریستییەوە ڕەوانەی سوریا کراون و لە عیراق نەماون، بەڵام بەردەوام دەبین لەهەوڵەکانمان بۆ ڕزگارکردنیان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و ڕاپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| شارەکان: | شنگال |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 558

## ژمارەی گەنجە کوژراوەکانی هەرێم لە سوریا گەشتە 33 کەس

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041113192169874

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کوژرانی گەنجێکی دیکەی شاری هەولێری لە سوریا، ڕاگەیاند.
ئاشکراشیدەکات، بە کوژرانی ئە و گەنجە، ژمارەی گەنجە کوژراوەکانی هەرێمی کوردستان لە و وڵاتە گەیشتە 33 کەس.
مەریوان نەقشبەندی، لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، دەشنووسێت :"بەداخەوە گەنجانی وڵاتەکەمان بەم شێوەیە دەبنە قوربانی ململانێ تائیفی و سیاسیەکان کە هیچ پەیوەندیەکی بەنەتەوەی کوردەوە نیە.
تەئکید و دوبارەشی دەکاتەوە کە :"بەشی هەرەزۆری ئە و گەنجانە قوربانین و تاوانباری سەرەکی ئەوانەن کەهانیان دەدەن بۆ ئەم ڕێگایە.
پێشتر، مەریوان نەقشبەندی لە لێدوانێکیدا بە خەندان_ی ڕاگەیاند :" داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەم لێبوردنیگشتی بۆ ئە و گەنجانە دەربکات کە ڕوویانکردووەتە سوریا بە مەبەستی شەڕکردن، چونکە زۆربەیان پەشیمانن لە ڕۆشتنیان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | SYسووریا |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 559

## ژمارەی کورسی لایەنە کوردییەکان لە پارێزگای نەینەوا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050410105476063

خەندان رەهێڵ سەمەد
بە گوێرەی ئەنجامە سەرەتاییە نا رەسمیەکانی پارێزگای نەینەوا، پارتی 8 بۆ 10 کورسی و یەکێتی نزیکەی چوار کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەدەست دەهێنن، هەریە کە لە یەکگرتوو و کۆمەڵ و سوسیالیست و زەحمەتکێشان کە لەگەڵ پارتی هاوپەیمان بوون نەیانوتوانیوە هیچ کورسیەک بەدەستبهێنن.
سەعید مەموزینی کارگێری لقی 14ی پارتی لەموسڵ بە خەندانی راگەیاند: لە هەڵبژاردنی 2014/4/30 بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە پارێزگای نەینەوا پارتی دیموکراتی کوردستان 135هەزار دەنگی بەدەستهێناوە.
وتیشی: "بەگوێرەی ئە و دەنگانە پارتی 8 کورسی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەستدەهێنێت، لەگەڵ دوو کورسی کۆتا."
لای خۆیەوە حسێن دەرمان، کارگێری مەڵبەندی یەکێتی لە موسڵ پێیراگەیاند: "لەهەڵبژاردنی ئەمجارە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەنگەکانی زیادیکردوە بەجۆرێک لە هەڵبژاردنی رابردوو 50 هەزار دەنگی هێنابوو، بەڵام ئەمجارە دەگاتە نزیکەی 70هەزار دەنگ، بەش ژمارەی کورسیەکانمان لە سێ کورسیەوە بۆ چوار کورسی بەرز دەبێتەوە."
بەگوێرەی زانیارییەکانیش هەریەکە لە یەکگرتوو و کۆمەڵ و سوسیالیست و زەحمەتکێشان کە هاوپیمان بوون لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان نەیانوتوانیوە هیچ کورسیەکی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەستبهێنن.
پارێزگای نەینەوا کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی سێ ملیۆنە،31 کورسی نیشتیمانی و سێ کورسی کۆتای ئەنجومەنی نوێنەرانی بەردەکەوێت، بەپێی ئەنجامە سەرەتاییەکان لیستی ئەلموتەحیدون بەسەرۆکایەتی ئوسامە نوجێفی زۆرترین کورسی ئە و پارێزگایە بەدەستدەهێنێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | موسڵ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 560

## ژمارەی کورسیی لایەنەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک

http://www.kurdipedia.org/?q=20140522115645764l6

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکی راگەیاند کە 30ی مانگی رابردوو هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەڕێوەچوو.
ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لە شاری هەولێر، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق، ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکی راگەیاند.
ژمارەی دەنگەکان 500161 دەنگ
ژمارەی کورسییەکان 28 کورسی
ژمارەی کورسی ئافرەتان 9 کورسی
ئەنجامەکانیش بەمشێوەیەیە:
پارێزگای دهۆک:
پارتی دیموکراتی کوردستان "357392" دەنگ (19) کورسی
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان "62162" دەنگ (3) کورسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان "40792" دەنگ (2) کورسی
بزووتنەوەی گۆڕان "22855" دەنگ (1) کورسی

ئەمەش ناوی کاندیدە سەرکەوتووەکانە:
پارتی دیموکراتی کوردستان
-1فەرهاد ئەتروشی "40929" دەنگ
-2فەهیم عەبدوڵڵا "36821" دەنگ
-3دیندار عەبدی "9640" دەنگ
-4بێریڤان سەلیم "8918" دەنگ
-5موشیر رەشید "8758" دەنگ
-6ئەکرەم فەتاح "8583" دەنگ
-7ئیدریس ئەحمەد "8381" دەنگ
-8یونس رەمەزان "8321" دەنگ
-9رزگار سدقی "7822" دەنگ
-10دیوالی مستەفا "7768" دەنگ
-11عەبدولکەریم عومەر "7451" دەنگ
-12هشیار فەریق "7357" دەنگ
-13ئەحمەد مەحەمەد ئەمین "7342" دەنگ
-14عەلی شەریف "7313" دەنگ
-15دلمان حسێن "6968" دەنگ
-16ئیڤان مستەفا "6946" دەنگ
-17جمبد شکری "5673" دەنگ
-18جەمیلە محەمەد "4753" دەنگ
-19بەیان محەمەد "4159" دەنگ
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
-1سەباح عەلی "15472" دەنگ
-2عبدولسەمەد تیلی "4204" دەنگ
-3پەروین مەجید "1046" دەنگ
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
-1عیماد شاکر "3023" دەنگ
-2دلڤین محەمەد "1468" دەنگ
بزووتنەوەی گۆڕان
-1نازک محەمەد عەلی "2879" دەنگ
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 561

**ژمارەی کورسییەکانی هەر پارێزگایەک بۆ پەرلەمانی عیراق و ئامارەکانی هەڵبژاردن**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140423114727759363



میقداد شەریفی، سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردنەکان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان، چەند ئامارێکی گرنگی لەبارەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق خستەڕوو، کە بڕیارە لە 30ی نیسان ئەنجام بدرێت.
شەریفی، لەکۆنگرەیەکدا کە لە ناوەندی نەهرەین بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان، رایگەیاند،" کۆمسیۆن هەموو پشکنینەکانی بۆ وردبینیکردنی ئەلیکترۆنی و دابەشکردنی مەوادە لۆجستییەکان و گەیاندنی بەناوەندەکانی دەنگدان، تەواو کرد"
ئاماژەی بەوەشدا،" سەدا 85 کارتە ئەلیکترۆنییەکان دابەشکراوە و ئەمەشی بە رێژەیەکی باش وەسفکرد، روونشیکردەوە، دانانی ئامێری پەنجەمۆر رێگر دەبێت لە ساختەکاریکردن وهەر کەسێک دووجاردەنگ بدات، دواتر ئاشکرا دەبێت".
میقداد شەریفی، ئەوەی خستەڕوو، کە بەپێی ئامارەکان 9 هەزار و 32 کاندید کێبڕکێ دەکەن لەسەر 328 کورسی پەرلەمان، لە نێو ئە و کاندیدانەدا 2 هەزار و 607 کاندید ئافرەتن و 6 هەزار و 425 یان لە رەگەزی نێرن، بەڵام ژمارەی دەنگدەران بریتییە لە 20 ملیۆن و 437 هەزار و 712 دەنگدەر، ئەمەش لە کاتێکدایە ژمارەی دەنگدەری تایبەت بریتییە لە دوو ملیۆن و 23 هەزار، بەڵام دەنگدەری غیابی کۆچبەران بریتییە لە 26 هەزار و 350 دەنگدەر، بە مەبەستی دەنگدانیش 8 هەزار و 75 ناوەندی دەنگدان ئامادە کراوە کە 48 هەزر و 852 وێستگە لە خۆ دەگرێت، بەڵام ناوەندەکانی دەنگدانی تایبەت بریتییە لە 532 ناوەند کە دوو هەزار و 667 وێستگە لە خۆ دەگرێت، ژمارەی نوێنەرە سیاسییەکانیش گەیشتە زیاتر لە 100 هەزار نوێنەر.
سەرۆکی ئیدارەی هەڵبژاردنەکان، وتیشی : ژمارەی چاودێرە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە یەک هەزارو 249 چاودێر، هاوکات ژمارەی چاودێرە نێوخۆییەکان بریتییە لە 37 هەزار و 509 چاودێر، ژمارەی میدیاکارە نێودەوڵەتییەکان بریتییە لە 278 میدیاکار، بەڵام میدیاکارە نێوخۆییەکان یەک هەزار و 915 میدیاکارە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: IQئێراق

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 562

## سامانە سروشتیەکان پری بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و پاڵاوتنی نەوتی لە 2003 ەوە تاکو 2013 راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20140418114058758871

وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان پری بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و پاڵاوتنی نەوتی لە 2003 ەوە تاکو 2013 راگەیاند، جەختیشی لەوە کردەوە کە حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا لە ماوەی دەیەی پێشوودا بە شێوەیەکی سیستماتیکی سزای ئابووری بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاندووە.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان سێهەم راپۆرتی مانگانەی خۆی راگەیاند کە

چالاکیەکانی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2013 لەخۆ دەگرێت.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان رایگەیاند کە راپۆرتەکە یارمەتی هاوڵاتیان و کۆمپانیاکان و دەزگاکانی راگەیاندنی ئارەزوومەند دەدات لە نزیکەوە ئاگاداری چالاکیەکان و بەرەوپێشچوونی پیشەسازی نەوت بن لە هەرێمی کوردستان.
ئەوەشی خستووەتەڕوو کە راپۆرتەکە دوا زانیاری سەبارەت بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردن لە هەرێمی کوردستان و پاڵاوتنی ناوخۆیی و بەکاربردن و چالاکی بیرە نەوتەکان و ژمارە و نەخشەی سەکۆکانی هەڵکەندنی نەوت و ژمارەکانی دامەزراندن و دوایین زانیاری سەبارەت بە گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش لەخۆ دەگرێت.
لە راپۆرتەدا دوو بەشی نوێ زیاد کراوە، یەکەمیان بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و پاڵاوتن لە 2003 ەوە تاکو 2013 لە هەرێمی کوردستاندا پیشان دەدات، دووەمیان باس لە بەکاربردنی ناوخۆیی عێراق بەرامبەر بەکاربردنی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان دەکات لەگەڵ مافە شایستەکانی هەرێمی کوردستاندا لە 2003 ەوە تاکو 2013.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەڵێت: "لە ساڵی2004 ەوە، عێراق کۆی 1،983،143،579 بەرمیلی بەکاربردووە کە لە و ژمارەیە 235،616،325 بەرمیل لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە بەکاربراوە کە بریتیە لە 12% ی کۆی بەکاربردنی ناوخۆیی عیراق لەبری مافی شایستەی 17% ی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان 98،343،442 بەرمیل نەوت کەمتری لە مافی شایستەی خۆی بەکاربردووە."
راشیگەیاندووە کە بەهۆی کەش و ئاووهەوا و بارودۆخی ئابووری و تایبەتی تری لە هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی وایە کە پێویستە مافی شایستەی خۆی 20% ی کۆی بەکاربردنی ناوخۆیی عیراق بێت لەبری 17%. لەم حاڵەتەدا، هەرێمی کوردستان نزیکەی 157،952،495 بەرمیل کەمتری لە مافی شایستەی خۆی بەکار دەبرد.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان جەختیشی لەوە کردووەتەوە "ئەمانەش بەڵگەن بۆ ئەوەی حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا لە ماوەی دەیەی پێشوودا بە شێوەیەکی سیستماتیکی سزای ئابووری سەپاندووە بەسەر هەرێمی کوردستاندا."
دووپاتیشدەکاتەوە کە لە پێناو پڕکردنەوەی نەناردنی بەرهەمە زۆر پێویستەکانی وەک دیزڵ و بەنزین و نەوت لە بەغداوە، حکومەتی هەێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە پەیرەویکردنی سیاسەتی ئاڵوگۆڕپێکردن و فرۆشتنی نەوتی خاو لە بەرامبەر دەستکەوتنی بەرهەمەکاندا .
دەشڵێت: "ئەم راپۆرتە مانگانەیە بەشێکە لە پابەندبوونی بەردەوامی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە شەفافیەتەوە. هەموو راپۆرتەکان بە زمانی ئینگلیزی و کوردی لەسەر پێگەی وەزارەت www.mnr.krg.org دادەنرێن. وێنەی چاپکراوی راپۆرتەکانیش بەردەست دەخرێن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 563

## ساڵ بەساڵ رێژەی توشبون بەنەخۆشی شێرپەنجە زیاد دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140204122834922871

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی هیوا کە تایبەتە بەچارەسەرکردنی نەخۆشی شێرپەنجە، ساڵ بەساڵ ڕێژەی توشبون بە و نەخۆشییە لەشاری سلێمانی و لەهەرێمی کوردستان لەبەرزبونەوەدایە، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەش دەڵێت، "ڕێژەکە مەترسیدار نییە."
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەپێی ئامارەکە کە تایبەت دەست ئاوێنەنیوز کەوتووە ڕێژەی توشبوان بەشێرپەنجە لەنێوان ساڵانی 2007 بۆ 2013 بەمشێوەیەیە:
لەساڵی 2007دا 788 نەخۆش تۆمارکراوە کە 575 نەخۆشیان لەناو شاری سلێمانی بووە.

لەساڵی 2008دا 1225 نەخۆش تۆمارکراوە کە 894 نەخۆشیان لەناو شاری سلێمانی بووە.
لەساڵی 2009دا 1346 نەخۆش تۆمارکراوە کە 982 نەخۆشیان لەناو شاری سلێمانی بووە.
لەساڵی 2010دا 1443 نەخۆش تۆمارکراوە کە 1053 نەخۆشیان لەناو شاری سلێمانی بووە.
لەساڵی 2011دا 1718 نەخۆش تۆمارکراوە کە 1254 نەخۆشیان لەناو شاری سلێمانی بووە.
لەساڵی 2012دا 1900 نەخۆش تۆمارکراوە کە 1387 نەخۆشیان لەناو شاری سلێمانی بووە.
لەساڵی 2013دا 2283 نەخۆش تۆمارکراوە کە 1666 نەخۆشیان لەناو شاری سلێمانی بووە.
لای خۆیەوە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا، د. دۆستی نەجات، بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، "نەخۆشی شێرپەنجە لەهەمو جیهاندا لەزیادبوندایە، بەڵام ئەوەی لەکوردستاندا دەبینرێت هیچ مەترسیدار نیە."
ناوبراو وتی، چونکە لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا ڕێژەی توشبون بەشێرپەنجە دەگاتە نزیکەی 300 کەس لە 100 هەزار کەسدا، "بەڵام ئەوەی لای ئێمە تۆمارکراوە تا ئێستا ڕێژەی توشبون 98 کەسە لە 100 هەزار کەسدا، بە و پێیە ڕێژەکانی ئێمە کەمترە لەچاو ئە و وڵاتانەدا هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێژەی تەمەنی مرۆڤ لەلای ئێمە کەمترە وەک لە و وڵاتانە".
بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا ئەوەشی خستەڕو کە لەڕۆژی کردنەوەی نەخۆشخانەی هیواوە لەساڵی 2007وە تا ئێستا نزیکەی 7811 نەخۆشی شێرپەنجە لەناوشاری سلێمانی هەبووە بەهەموو نەخۆشەکان دەگاتە 10703 نەخۆش کە ڕێژەی 30% نەخۆشەکان لەخواروی عێراقەوە دێن و کۆمەڵێک نەخۆش هەیە لەئێران و سوریاوە سەردانی نەخۆشخانەکە دەکەن و چارەسەر وەردەگرن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 04-02-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 564
## ساڵانە 20 ملیۆن مریشک لەسلێمانی بەرهەم دەهێنرێت
http://www.kurdipedia.org/?q=2014061512082676690
ڕۆژان عومەر - سلێمانی
15/6/2014
بەپێی راگەیەنراوێک لەپارێزگای سلێمانی، بڕیاردەدرێت هێنانی مریشکی بەستوو بەڕێژەی (70%) بەبەراورد بەمانگەکانی رابردوو کەم بکرێتەوە. ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ پاڵپشتی کردنی بەرهەمهێنەرانی ناوخۆ و خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر، هەروەها بۆ زیادکردنی بەروبوومی ناوخۆیی مریشک و رێگریکردن و کەمکردنەوەی پشت بەستن بەهێنانی بەرهەمی بیانی کە ناهاوسەنگی لەبازرگانیدا دروست دەکات، بەتایبەت کە بەهۆی هاوردەکردنەوە بەشێکی زۆر لەدراوی قورس دەچێتە دەرەوەی وڵات.
رزگار حەمەسدیق جێگری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سلێمانی و پسپۆر لەبواری سامانی ئاژەڵ و پەلەوەر، لەلێدوانێکدا بۆ کوردستانی نوێ وتی:)بڕیارمان داوە هێنانی مریشکی بەستوو بەڕێژەی (70%) کەم بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەرهەمی ناوخۆمان هەیەو بەرهەمی ناوخۆ توانیویەتی رێژەیەکی باش مریشکی زیندوو بەرهەم بهێنێت، هەروەها بەپێی راپۆرتەکان لەمانگی چوار و پێنجی ئەمساڵدا زیاتر لەدوو ملیۆن جوجەڵە دراوەتە کێڵگە پەلەوەرییەکان و تائێستا 260 کیڵگەی پەلەوەر جوجەڵەیان وەرگرتووە.
نرخی مریشک جێگیرە

سەبارەت بەئاستی بەرهەمی ناوخۆ ئەو پسپۆڕە ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، ئێستا نرخی مریشک جێگیرە و لەنێوان 2350 بۆ 2750 دیناردایە، لیژنەی دیاریکردنی نرخی بەروبومیش بۆ پشتیوانی لەبەرهەمی ناوخۆ پاڵپشتی لەکێڵگە پەلەوەریی دەکات. لەڕووی بەکاربردنەوە پارێزگای سلێمانی لەمانگێکدا پێویستی بەدوو هەزارو 500 تۆن مریشک هەیە، کە لەساڵێکدا دەگاتە 30 بۆ 35 هەزار تۆن مریشک. وتیشی:)لەکوردستان بەگشتی زیاتر لەهەزار کێڵگەی پەلەوەری هەیە و بەتەنیا لەسنووری پارێزگای سلێمانیشدا 433 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر بەردەوام مریشک بەرهەم دەهێنن، کە لەساڵێکدا بەرهەمییان دەگاتە 20 ملیۆن مریشک.

هەردوولا قازانج دەکەن

جێگری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سلێمانی رایگەیاند، ئامانج لەکەمکردنەوەی هێنانی مریشکی بەستو بۆ کوردستان، پاڵپشتی کردنە لەژێرخانیی ئابووریی و پشتیوانی کردنی کێڵگە پەلەوەرییەکانە بۆ هاندانیان بەرەو زیادکردنی بەرهەم. باسی لەوەشکرد بەرهەمی ناوخۆ بەرهەمێکی فرێشە و لەژێرچاودێری بەڕێوبەرایەتی ڤێتێرنەری کشتوکاڵی سلێمانی بەرهەمدەهێنرێت، لیژنەی چاودێریش بەردەوام بەدواداچوون دەکەن بۆ ئەوەی نرخی مریشک بەرز نەبێتەوە.

هاوڕێ عوسمان عەزیز کەچەند ساڵێکە مریشک فرۆشە دەڵێت:)کەمکردنەوەی هاوردەنەکردنی مریشکی بەستوو کارێکی زۆر باشە، لەبەر ئەوەی ئێمەی دوکاندار زیاتر مریشک دەفرۆشین و قازانج دەکەین، ئەگەر نرخی مریشکی زیندو بەو نرخەی ئێستا بێت هەرزانە و هاووڵاتیانیش زیاتر مریشکی زیندو دەکڕن).

حەزمان لەمریشکی بەستوو نییە

نەسرین رەشید کە هاووڵاتیەکی شاری سلێمانییە وتی:)ئێمە مریشکی بەستوو ناخۆین، حەزمان لێی نییە، لەبەر ئەوەی مریشکی بەستوو زۆر دەمێنێتەوە، وەکو مریشکی زیندو تازە نییەو لەکاتی لێناندا تامی خۆش نییە، ئێستا نرخی مریشک باشەو هەرزانە هاووڵاتیان دەتوانن مریشکی زیندو بکڕن).

هاوکات سروە محەمەد کەدانیشتووی شاری سلێمانی دەڵێ:)بەزۆری مریشکی زیندو دەکڕم لەبەر ئەوەی تازەیە و خۆم چاکی دەکەم، بەڵام زۆر کاتیش مریشکی بەستووشم کڕیوە، لەبەر ئەوەی دوکانی مریشکی زیندومان لێوە دوور بووە. بەڵام بەڕای من مریشکی زیندو تامی خۆشترە لەمریشکی بەستوو).

خواست لەسەر مریشک زۆر دەبێ

بەرهەم نەوزاد عەبدولعەزیز خاوەنی کێڵگەی پەلەوەری هاوڕێ دەڵێ:)هاوردەنەکردنی مریشکی بەستوو بۆ کوردستان بەتایبەت پارێزگای سلێمانی کارێکی زۆر باشە و سوودێکی زۆری دەبێت بۆ خاوەن گێلگەکان و دەتوانن زیاتر بایەخ بەبەرهەمی ناوخۆی بەدەن و خواستی هاووڵاتیانیش زیاتر دەبێت لەسەر مریشکی زیندو، ئێمە لەکێڵگەکەی خۆماندا، سێ مانگ جارێک 10 هەزار جوچک داخڵی ناو کێڵگەکان دەکەین و نرخی یەک جوچک بەیەک دۆلارو پێنج سەنتە. ئەگەرحکومەتی هەرێم هاوکاری و پاڵپشتیمان بکات، ئێمەش باشتر و زیاتر خواستی رۆژانەی هاووڵاتیان دابین دەکەین).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 2014-06-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 565

**سالانە 2000 حالەتی نوێی شێرپەنجە لەیەک نەخۆشخانە تۆمار دەکرێت**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150415093444669448

لەراپۆرتێکی هەفتەنامەی ئاوێنەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی نەخۆشخانەی هیوا لەسلێمانی رایدەگەیەنێت لەساڵی 2007وە کە نەخۆشخانەکە کراوەتەوە نزیکەی 25 هەزار کەس لەنەخۆشخانەکەیان فایلی بۆ کراوەتەوە و نزیکەی 17 هەزاریان شێرپەنجەی هەبوە.
ئاوێنەنیوز: هەر بەوتەی بەرپرسانی نەخۆشخانەکە ساڵانە 2000 هەزار حاڵەتی نوێی شێرپەنجە تۆمار دەکرێت، بەڵام ئە و ژمارەیە خەڵکی زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان و عیراقی تێدایە.
بەرپرسی پەیوەندییەکانی نەخۆشخانەی هیوا سیامەند خەلیل لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە وتویەتی "سروشتی نەخۆشی شێرپەنجە ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی نەخۆشییەکی بێڕەحمە، نەک لەروی دەرونییەوە، بەڵکو لەروی خەرجیشەوەجا ئەگەر لەئەستۆی نەخۆش بێت یان حکومەت."
ئە و بەرپرسەی نەخۆشخانەی هیوا باس لەوەدەکات کە خەرجییەکان لەسەر حکومەت بوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی قەیرانی دارایی ئێستا ئێمە لەلێواری مەترسیداین.
تەواوی راپۆرتەکە لەژمارە 474ی هەفتەنامەی ئاوێنە بخوێنەرەوە کە ئێستا لەبازاڕدایە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 15-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | تەندروستی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 566

## ساڵانە بەرێژەی 6.5% شمەک و خۆراک لەکوردستان گران دەبێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051213480178589

ئا: رامان عومەر

بەپێی ئامارێک، لەماوەی شەش ساڵی رابردودا زۆرێک لەشمەکو خۆراکەکانی هەرێمی کوردستان، بەرێژەی 6.5% نرخەکەی بەرزبۆتەوە، لەساڵی 2007یشەوە تا 2012 رێژەی هەڵئاوسان لەهەرێمی کوردستاندا لە 39%بوە. پارێزگای هەولێریش بەرزترین ئاستی بەردەکەوێت، کە لەو ماوەیەدا رێژەی هەڵئاوسان لەو پارێزگایەدا نزیکەی لە 51%بوە، واتە هەر شمەکو خۆراکێک بەرێژەی 8.48% نرخەکەی بەرزبۆتەوە .
مامۆستای ئابوری لەزانکۆی سلێمانی، د.عیزەت سابیر لەوبارەیەوە ئاماژە بەوە دەکات، رێژەی هەڵاوسان بەپێی ستانداردی جیهانی تا 4% ئاساییە، بەڵام وەک ئەو دەڵێت "ئەو ژمارەیەی کوردستاند هەیە، مایەی هەڵوێستە لەسەرکردنە، چونکە هەرکاتێک هەڵئاوسان رویدا، مانای وایە نرخ بەرزەو هەرکاتێکش نرخ بەرزبو مانای وایە خەڵک خۆشگوزەران نییە."
رۆژنامەنوسی ئابوری، کوردەوان محەمەد، لەبارەی بەرزبونەوەی نرخەکان، بۆچونی وایە، لەهەر شوێنێک نرخەکان بەرزبێتەوە، مانای وایە، لەو شوێنە پارە زۆرە، بەڵام وەک ئەو دەڵێت "ئەوەی دەبێتە قوربانی چینە هەژارەکەیەو داهاتی لەگەڵ ئەو بەرزبونەوەیە ناگونجێتو بەوەش ناتوانێت پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی دابین بکات". د. عیزەتیش لەوەدا هاورایەو باس لەوە دەکات ئەو بەرزبونەوەیە داهاتی تاکەکانو خێزانەکان کەمدەکاتەوەو دەڵێت "ئەگەر تاکێک ساڵانە بەرێژەی لە 5% موچەکەی بەرزبێتەوە، مانای وایە موچەکەی کەمیکردوە، چونکە نرخی بەرزبونەوەی پێداویستیەکان 6.5%ە."
لەبارەی هۆکاری بەرزبونەوەی نرخی شمەک لەشاری هەولێر، ئەو مامۆستا ئابوریەی زانکۆی سلێمانی دەڵێت "بەهۆی یەکگرتنەوەی وەزارەتەکانو بردنەوەی کارەکان بۆ هەولێرو هاتنی باڵوێزی وڵاتانو هاتنی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ پایتەخت وایکردوە، نرخەکان زۆر بەرزببنەوە ."
بەپێی ئەو ئامارەی لەلای ئاوێنە هەیە، پارێزگای هەولێر تێکرای هەڵئاوسانی ساڵانەی لە 8.48%ەو پارێزگای دهۆکیش لەریزبەندی دوەمدایە کە لەشەش ساڵی رابردودا 36.21%

هەڵئاوسانی بەخۆیەوە بینیوەو تێکرای ساڵانەی هەڵئاوسانیش لەو پارێزگایە لەزیاتر 6%ە، پارێزگای سلێمانیش نزمترین ڕێژەی هەڵئاوسانی بەخۆیەوە بینوە، کە لەماوەی شەش ساڵی رابردودا لە 30.54% بووەو تێکرای ساڵانەشی لە5.09% بوە، رۆژنامەنوسە ئابورییەکە، هۆکاری کەمیی رێژەی هەڵئاوسان لەپارێزگای سلێمانی، بەبەراورد بەدو پارێزگاکەی تر بۆ کەمبونەوەی رێژەی سامانو داهات لەو پارێزگایە دەگەڕێنێتەوە. هەروەها
د.عیزەت لەوبارەیەوە دەڵێت "کەمبونەوەی داهات، یەکێکە لەئەگەرەکان، بۆ هەژاریی سلێمانی لەچاو دو پارێزگاکەی تر". ئەو وتیشی "ئەگەر هەر شوێنێک هەڵئاوسانی تێدا بەرزبو، مانای وا نیە داهاتی تاکەکان زیاد دەبێت، بەڵام ئەمە ئاماژەیەکە بۆی ."
ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئەوەشی خستەڕو کە پێویستە حکومەتی هەرێم کار بکات بۆ ئەوەی رێژەی هەڵئاوسان لەهەرێم کوردستاندا لەوە زیاتر نەبێت، وتیشی "ئەگەر بەرزبێت واتە هەڵئاوسان لەنرخەکاندا هەیە، کە لەبەرژەوەندی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەدا نیە، چونکە هەمو بەرزبونەوەیەک لەو نرخانەدا مانای کەمبونەوەی داهاتی راستەقینەی تاکو خێزانەکانە."
ئەو جەخت لەوەش دەکاتەوە، کە هەتا هەڵئاوسان زیاتر بێت خەڵک کەمتر خۆشگوزەران دەبێت، بۆیە دەڵێت "پێویستە حکومەتی هەرێم بەجدی بیر لەمەترسی ئەو ئامارانە بکات."
سەرچاوە: ماڵپەری ئاوێنە - 12-05-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 567

## ساڵانە حکومەتی هەرێم شەش ملیار دۆلاری لە مەرزەکان دەستدەکەوێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20140309134700034605

خەندان سۆران کەریم
ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عیراق، ئاشکرای دەکات، ساڵانە حکومەتی هەرێم پری شەش ملیار دۆلاری لە مەرزەکان دەستدەکەوێت، راشیدەگەیەنێت، تائێستا ئە و پارەیە رادەستی خەزێنەی گشتی دەوڵەت نەکراوە و نازانرێت دەست کێ دەکەوێت.
ئەمین هادی، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەسەر کوتلەی ئیئتلایفی دەوڵەتی یاسا، بە خەندانی راگەیاند: "بەپێی ئە و زانیارییانەی کۆکراونەتەوە و پێمانگەیشتووە، ساڵانە حکومەتی هەرێم پری نزیکەی شەش ملیار دۆلار لە داهاتی مەرزە سنوورییەکان دەست دەکەوێت."
ئاماژەی بەوەشدا،کە ئە و پارەیە رەوانەی خەزێنەی گشتی ناکرێت، وەکچۆن لە مەرزە سنوورییەکان لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق دەکرێت، وتیشی: "جگە لەوەش چەند مەرزێکی نافەرمی هەیە، کە بەهیچ شێوەیەک داهاتەکەی ئەژمار ناکرێت، تەنانەت داهاتی مەرزە فەرمییەکانیش زۆر بەکەمی ئەژمار دەکرێت."
ئە و پەرلەمانتارەی کوتلەی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، ئەوەشی خستەڕوو، کە چەندینجار دیوانی چاودێری دارایی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرک سەردانی هەرێم دەکەن، بەڵام ناگەنە ئەنجام و حسابی کۆتایی ناکرێت.
ئەمین هادی، داوای دەکرد هاوڵاتیانی هەرێم خۆپیشاندانێک بکەن و داوا بکەن داهاتی مەرزەکان بەشێوەیەکی شەفافنە بخرێتەڕوو، وتیشی: "تائێستا داهاتی مەرزەکان نەخراوەتە خەزێنەی گشتییەوە، ناشزانرێت پارەکە بۆ کێیە."
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 09-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 568

## ساڵانە لە کوردستان 110 هەزار تۆن مریشک دەخورێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120922331478183

سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر لەکوردستان دەڵێت ژێرخانێکی باشی پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەر لە کوردستاندا هەیە. ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێگەیەک بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی ناوخۆ بدۆزێتەوە و هاوردەکردنی مریشک سنووردار بکات، دوای دوو ساڵی دیکە پێویستیان بە مریشکی هاوردەکراو نامێنێ.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 1156 پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت لە کوردستان هەن (414 پرۆژە لە هەولێر، 212 پرۆژە لە دهۆک، 431 پرۆژە لە سلێمانی و 99 پرۆژە لە گەرمیان) کە ئێستا نزیکەی 65%یان کاردەکەن.

تێکڕای پڕی بەرهەمی ساڵانەی ئەو کێڵگانە دەگاتە نزیکەی 69 هەزار تۆن، ئەم بڕەش بەشی 70%ی پێداویستی ناوخۆ دەکات کە بەشی پێداویستی ناوخۆ لە ساڵێکدا دەگاتە 110 هەزار تۆن.

حەیدەر فەرحان، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای پیشەسازیی پەلەوەر لە کوردستان دەڵێت "وەزارەتی کشتوکاڵ وەک پێویست پلان و ستراتیژێکی روونی بۆ پەرەپێدانی کەرتی پەلەوەر نییە . ئەگەر بیەوێت ئەم کەرتە پێشبکەوێت دەبێت کەمێک دەستکراوە بێت و بازاڕێک بۆ فرۆشتنی بەرهەمی ناوخۆ بدۆزێتەوە و سنوورێک بۆ هاوردەکردنی مریشک دابنێ."

ناوبراو باسی هاوکارییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵی بۆ پرۆژەکانی پەلەوەر کرد و گوتی "لەدابەشکردنی ئالیک بڕیاربوو بە نرخی 50% پاڵپشتیمان بکەن، بەڵام دواتر بە بیانووی کەمی بودجە کەمکرایەوە بۆ 25% ئەویش بەهۆی کەمی بڕەکە بەشێکی زۆر لەخاوەن پرۆژەکان بەریان نەکەوت."

مریشکەکانی کوردستان زۆر نەخۆش دەبن

حەیدەر فەرحان پێیوایە گەورەترین گرفتی پرۆژەی پەلەوەر لە کوردستان بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە لە نێو پەلەوەری پرۆژەکان. بۆ ئەمەش گلەیی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەکات و دەڵێت "وەزارەت نەیتوانیوە وەک پێویست فریای خاوەن پرۆژەکان بکەوێت و ڕێژەی مردنی لەپرۆژەکان کەمبکاتەوە، بۆیە ڕێژەی مردن لە پرۆژەکانی کوردستان لەهەموو وڵاتانی جیهان زیاترە، ئەمە لەکاتێکدایە وەزارەتی کشتوکاڵ باشترین تاقیگەی هەیە، بەڵام کارمەندەکانی وەکو پێویست کار ناکەن."

ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ژێرخانێکی باشیان لەو کەرتە بنیات ناوەو ئەگەر هاوکاری بکرێن دەتوانن لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو بەشی پێداویستی ناوخۆ و هەندێک لە پارێزگاکانی عێراقیش دابین بکەن.

سۆران زاهیر قادر، خاوەنی دوو پرۆژەی بەخێوکردنی پەلەوەرە لە سنووری ناحیەی قوشتەپە کە توانای لەخۆگرتنی 130 هەزار جوجەڵەی هەیە. رەخنەی زۆری لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە و دەڵێت جگە لەوەی هاوکار و پاڵپشتیان نییە، لەهەمانکاتدا نەیتوانیوە میکانزمێک بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی ناوخۆ بدۆزێتەوە.

سۆران دەڵێت "لەکەرتی پەلەوەردا، خاوەنی کارگەکانی ئالیک و هەڵهێنەری جوجەڵە، پزیشکی ڤێتێرنێری و تەنانەت مریشکفرۆشەکانیش سوودمەند دەبن، تەنیا خاوەن پرۆژە پەلەوەر نەبێت بەهۆی تێچووی زۆری بەخێوکردن و نەبوونی بازاڕ زەرەر یەکەمن، چونکە سەرپرخانەکان مریشک وەرناگرن بەهۆی مریشکی هاوردە، خاوەن پرۆژە هیچ ڕێگەیەکی نییە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکەی تەنیا مریشکفرۆشەکان نەبێ، ئەوانیش بەکەیفی خۆیان نرخ دادەنێن."

سۆران بۆ بنیاتنانی ئەو پرۆژە ئابوورییە 3 ملیۆن و 400 دۆلاری خەرجکردووە و بەردەوامیش بەرهەمی هەبووە، بەڵام دەڵێت بەهۆی بەرهەمی هاوردە، لە جیاتی قازانج، زەرەری کردووە. بۆ نمونە دوا وەجبەی مریشکەکانی کە لە 11/16 تەواو بووە لە فرۆشتنی 130 هەزار مریشک، 210 هەزار دۆلاری زەرەر کردووە.

بەپروای سۆران زاهیر ئەگەر سەرجەم پرۆژەکانی پەلەوەر بکەونە کار و سنوورێک بۆ هاوردەکردنی

مریشک دابنرێت، ئێستا کوردستان دەتوانێت بۆ مریشک پشت بە پرۆژەکانی ناوخۆ ببەستێ.
دهۆکی حەزیان لە مریشکی تورکییە
حەیدەر ئاماژە بەوەدەدات لەبەر بەرهەمی هاوردەکراو خەریکە خەڵک متمانەی بە بەرهەمی خۆماڵی نامێنێت و دەڵێت "وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی تورکیا بەبەرنامە کار لەسەر کوردستان دەکات، بۆ ئەوەی کوردستان بکاتە بازارێک بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی تورکی. لە دهۆک سەرکەوتوو بوون. ئێستا خەڵکی دهۆک ئەوەندەی مریشکی تورکی دەخۆن، مریشکی خۆماڵی ناخۆن."
وەزارەت رازییە
رەمەزان محەمەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "سەرەرای هەموو ئەو کەموکوریانەی لەکەرتی پەلەوەردا هەیە، بەڵام لەماوەی 5 ساڵی رابردوودا کەرتی پەلەوەر گەشەی باشی بەخۆوە بینیوە، ژمارەی پرۆژەکان لە840 پرۆژەوە بۆ 1156 پرۆژی زیادی کردووە، پری بەرهەمی ساڵانەش لە 26 هەزار تۆنەوە بۆ نزیکەی 69 هەزار تەن بەرزبووەتەوە کە 70%ی پێویستی ناوخۆ پردەکاتەوە."
بە قسەی وەزارەت ناکەن
سەبارەت بە گلەیی خاوەن پرۆژەکان بە تایبەتیش لە مەسەلەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە نێو پەلەوەرەکاندا. رەمەزان محەمەد دەڵێت "خاوەن پرۆژەکان وەک پێویست پابەند نین بەرێنماییەکانی ئێمە، ئەمەش وایکردووە زۆر بەئاسانی نەخۆشی لەنێو پرۆژەکاندا بڵاوبێتەوە، بۆیە زیادبوونی رێژەی مردن و نەخۆشی 70% دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن پرۆژەکان". گوتیشی "بەڵگە بۆ ئەوە پرۆژەمان هەیە رێژەی مردن لەنێوان 5% بۆ 7%ە، بەڵام پرۆژەشمان هەیە، رێژەی مردنی تێیدا دەگاتە 70."%
پلانی وەزارەت: کڕینەوەی مریشک
سەبارەت بەپاڵپشتییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پرۆژەکانی پەلەوەر، رەمەزان محەمەد گوتی "پاڵپشتییەکانی ئێمە بۆ پرۆژەکانی پەلەوەر لەساڵانی رابردوودا بەهۆی کەمی بودجە، بریتی بوو لە ئاسانکاری بۆ دامەزراندنی پرۆژەی نوێ و دابینکردنی برێک ئالیک و سوتەمەنی و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکان لەکاتی بڵاوبوونەوەی پەتاکان، بەڵام ئێمە ئێستا گەیشتووینەتە ئەو پروایەی کە ئەم پاڵپشتیانە ناتوانێ کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی تێچووی بەخێوکردنی پەلەوەر هەبێت و بەرهەمی ناوخۆ کێبرکێ لەگەڵ بەرهەمی هاوردە بکات، بۆیە بۆ ساڵی داهاتوو پلانی تازەمان هەیە ."
پلانە تازەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "لەکاتی دابەزینی نرخدا، مریشک لە خاوەن پرۆژەکان دەکڕینەوە و هەڵیدەگرین، پاشان لە جیاتی مریشکی هاوردەکراو دەیخەینە بازاڕ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 09-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 569

## سالانە ملیارێک دینار دەدرێت بەکرێی بینای 45 فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150613154027855552

لەئێستادا 45 فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی سەر بەئیدارەی گەرمیان لەبینای کرێدان و لەم قەیرانی داراییەدا ساڵانە یەک ملیار دینار دەدەن بەکرێ، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش دەڵێت "نەک لەگەرمیان، بەڵکو لەسلێمانی ژمارەکە زیاترە، بۆیە لەنوسراوێکدا داوام

لەسەرۆکایەتی ئەنجومەن کردوە کە لەم قەیرانی داراییەدا چارەسەری بەپەلەی ئە و دۆخە بکرێت."
ئیحسان مەلا فوئاد، ئاوێنەنیوز: ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەفراکسیۆنی گۆڕان، غالیب محەمەد لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە وتی "بەداخەوە لەم قەیرانی داراییەدا حکومەت ساڵانە لەئیدارەی گەرمیان یەک ملیار دینار دەدات بەکرێی ئە و فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییانەی لەبینای کرێدان، بۆیە داوای چارەسەرم کردوە."
ئە و وتیشی "لەسلێمانی ئە و ژمارەیە زۆر زیاترە و پێموایە زیاتر لەچوار ملیار دینار دەدرێت بەکرێی بینا بۆ فەرمانگەکان، بۆیە پێویستە چارەسەر بکرێت کە بەنوسراو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەم ناردوە."
لەبارەی چارەسەرکردنی ئە و دۆخە، ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت "بینا هەیە چوار نهۆمە و یەک فەرمانگەی تێدایە، دەکرێت سێ فەرمانگە کە نزیکن لەیەکترییەوە بخرێتە ئە و بینایەوە، تاوەکو بینایان بۆ دروستدەکرێت."
بەوتەی ئە و نەک گەرمیان و سلێمانی، بەڵکو ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و حکومەت بەدەستیەوە دەناڵێنێت و چارەسەریشی ناکات، بۆیە ئەگەر لەم قەیرانی داراییەدا هەندێک کێشەی سەرەکی و لاوەکی لە و شێوەیە کە بونی هەیە چارەسەر نەکرێت، زۆر بەمەترسی لەسەر ئابوری و دارایی هەرێم دەشکێتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 13-06-2015


تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
شارەکان: کەلار (گەرمیان(
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 570

## ساڵی 2008 بەرزترین رێژەی گەشەکردنی گەشتیارانی تیا تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101421025292408



ساڵی 2008بەرزترین رێژەی گەشەکردنی ژمارەی گەشتیاران تۆمارکراوە لە هەرێمی کوردستان.
هەولێر، ئاوێنەنیوز:لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەمرۆ(دوو شەممە) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گەشت و گوزاری سلێمانی، ئارام شوانی ئاماژەی بە رێژەی زیادبوونی گەشتیاراندا بۆ هەرێمی کوردستان. کە بەمشێوەی خوارەوە بووە:
ساڵی 2008 بەراورد بە ساڵی 2007 بە ڕێژەی 53% زیادیکردووە
ساڵی 2009 بەراورد بە ساڵی 2008 بە رێژەی 35% زیادیکردووە
ساڵی 2010 بەراورد بە ساڵی 2009 بە ڕێژەی 41% زیادیکردووە
ساڵی 2011 بەراورد بە ساڵی 2010 بە ڕێژەی 37% زیادیکرددوە
ساڵی 2012 بەراورد بە ساڵی 2011 بەڕێژەی 18% زیادیکردووە
ناوبراو وتیشی، کۆی گشتی هاتنی گەشتیاران له1/1/2013 وە تا 31/8/2013بریتی بووە لە 252152 دووسەد و پەنجا و دووهەزار و سەد و پەنجا ودوو هەزار گەشتیار، وە ئەگەر ساڵی 2012 بە نموونە وەربگرین بەراورد بە ساڵی 2007 ئەوا ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بە ڕێژەی 380% زیادیکردووە کە ئەمەش ڕێژەیەکی دڵخۆشکەرەو ئەوە دەسەلمێنێت کە ساڵ بە ساڵ ئەم هەرێمە و بە تایبەت شاری سلێمانی هەنگاو دەنێت

بەرەو بوون بە شارێکی گەشتیاری لە ناوچەکەدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 14-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 571

## ساڵی 2012 حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشیی ئایدز لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030122190080581

ساڵی 2012 حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشیی ئاپدز لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە, نۆ لەو نەخۆشانەش خەڵکی هەرێم نەبوون و رەوانەی وڵاتی خۆیان کراونەتەوە.
لەماوەی 26 ساڵی رابردووش تا ئێستا، 15 حاڵەتی ئایدز لە ژێر چاودێریی تەندروستیدان و پشکنینی دەورییان بۆ دەکرێت.
د. خالس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە خەندان-ی راگەیاند: تا ئێستا توانراوە نەخۆشیی ئایدز لە ئاستێکی زۆر نزم رابگیرێت بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و جیهان.
د. خالس ئاماژەی بەوە دا، لە ساڵی 2012 تەنها (2) حاڵەتی توشبوون بە ڤایرۆسی HIV تۆمارکراوەو لەگەڵ (9) حاڵەتی تر لە بیانییەکان، کە هەموویان رەوانەی وڵاتانی خۆیان کراونەتەوە و هیچیان لە کوردستان نەماون.
وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ئەوەشی خستەروو، کۆی گشتیی توشبوانی ڤایرۆسی کەمی بەرگریی لەش و ئەیدز لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1986 _2012، واتە لە ماوەی (26 ) ساڵدا (15) حاڵەتە، کە لەژێر چاودێریی پاراستنی تەندروستیدان و پشکنینی دەورییان بۆ دەکرێت و هۆشیاری تەندروستییان پێدەدرێت بە خۆیان و بە هاوسەرەکانیان.
وتیشی: "چوار کەس بەهۆی نەخۆشییەکەوە مردوون، یەکێکیان لە ساڵی 2007 و دووانیان لە ساڵی 2009، یەکێکیش لە 2011 دا.
هێمای بۆ ئەوەشکرد، کۆی گشتیی بیانییەکانیش لە ماوەی 26 ساڵ دا 86 حاڵەت بووە، کە هەر هەموویان گەڕێندراونەتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان .
سەرچاوە: دەرباز ساڵح - ماڵپەڕی خەندان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 572

## ساڵی 2012، 57 کرێکار لەکاتی کارکردندا گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030823222482508

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی کرێکارانی بیناسازی کوردستان لە ساڵی 2012دا 57 کرێکار لەکاتی کارکردندا گیانیان لەدەستداوە. بەجۆرێک لەسنوری پارێزگای سلێمانی 38 کرێکار، لەهەولێر 10 کرێکار، لەدهۆک 5 کرێکار و لەکەرکوکیش 2 کرێکار گیانیان لەدەستداوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 573
## ساڵی 2013، 186 هەزار گەشتیار هاتۆتە هەرێمی کوردستان
http://www.kurdipedia.org/?q=2013052209522078495
...
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 574
## ساڵی 2014 زیاتر لە 32 هەزار کەس لەسوریا کوژراون
http://www.kurdipedia.org/?q=2015010111454066705
لەگەڵ کۆتاییهاتنی ساڵی 2014دا نەهامەتییەکانی سوریا پێدەنێتە ساڵی چوارەمییەوە و تائێستاش هاوڵاتیانی ئە و وڵاتە بەدەیان و سەدانیان رۆژانە لێدەکوژرێت و لێ ئاوارە دەبێت، لەم سەروبەندەشدا ژمارەی کوژراوانی سوریا خۆی داوە لە 32 هەزار کەس.
لە و ژمارە کوژراوەی ئاشکرا کراوە، زیاتر لە چوار هەزار منداڵ هەن کە بەهۆی تونوتیژییەکانەوە لەسەر دەستی رژێمی سوریا کوژراون.
تۆری سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردووەتەوە، لەساڵی 2014دا 39021 کەس کوژراون لەسەر دەستی سوپای سوریا، کە هەر هەموویان هاوڵاتی سیڤیلن، بەوەش رێژەی بەئامانجکردنی هاوڵاتیانی سوریا 75%ی تێپەڕاندووە.
بەپێی ئامارەکە، رژێمی سوریا 32507 کەسی کوشتووە، لەنێویاندا 24430 کەسیان مەدەنین، 8077 یشیان چەکداری ئۆپۆزسیۆنی سوریان، لەنێو هاوڵاتیانی سیڤیلیشدا 3629 منداڵ هەن، لەگەڵ 3714 ژنە، کە رێژەی کوژراوان لە ژن و منداڵ، 30% تێپەڕاندووە.
هەر بەپێی ئاماری تۆرەکە، ئۆپۆزسیۆنی سوریاش دەستی هەیە لە کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنیدا کە رایگەیاندووە: لە بۆردومانی چەند گەڕەکێکی سوریادا زیاتر لە 1257 کەسیان کوشتووە کە 1183یان مەدەنین، تیایاندا 291 منداڵ و 242 ژن هەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
وڵات: SYسووریا
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 575

## ساڵی 2014 نزیکەی 800 پێشمەرگە شەهید بووە
http://www.kurdipedia.org/?q=20150101114945844 64
رەهێڵ سەمەد
دوای ئەوەی لە شەش مانگی کۆتایی ساڵی رابردوو هەرێم رووبەڕووی شەڕی داعش بوەوە، وەزارەتی کاروباری شەهیدان ناوی بەشێک لە و شەهیدانە تۆمار دەکات کە لە و شەڕە شەهید کراون و بۆ ئە و مەبەستەش دوو لیژنەی پێکهێناوە.
فوئاد عوسمان وتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بە خەندانی راگەیاند: "لەبارەی پرسی تۆماری نوێ و پێداچوونەوە بە و دۆسێیانەی کە کەسوکاری شەهیدان سکاڵایان لەسەری تۆمار کردبوو وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان دوو لیژنەی پێکهێناوە، یەکێکیان بۆ تۆماری نوێ و ئەوەی تریش بۆ سکاڵا."
عوسمان وتیشی: "هەرچەندە کاری لیژنەکان بەهۆی ئاڵوگۆری کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی رابردوو کەمێک دواکەوت لەگەڵ ئەوەشدا ئە و لیژنانە بەجددی دەستبەکار بووە و بەردەوامییان بە کارەکانیان داوە."
وتەبێژەکەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئەوەشی خستەڕوو: "لە شەش مانگی دووەمی ساڵی رابردوو لیژنەکەیان 470 دۆسێی تەواو کردووە، دوای تەواوکردنی فەرمانیان بۆ دەرچووە وەکو شەهید بە هەر سێ جۆرەکەی سەنگەر و جینۆساید و هاوڵاتی تۆمار کراون، 179 دۆسێی سنووری پارێزگای هەولێر و 39 دهۆک و 252 سلێمانی بووە."
ئەوەشی روونکردەوە کە 206 دۆسێ دوای لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوتووە کەموکوری تیادا بووە، بۆیە ئاراستەی وەزارەتەکان کراوەتەوە تاکو تەواو بکرێت و بدرێتەوە لیژنە تاکو تۆمار بکرێن.
هەروەک بەرپرسانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان ئاماژەی بۆ دەکەن ئە و ژمارەی وەک شەهید تۆمار کراون زیاترە لەوەی هەیە، چونکە پێشتر وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاندبوو لە و شەڕەدا جگە لە هاوڵاتی ئاستیی، نزیکەی 800 پێشمەرگە شەهید بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 576
## ساڵی 2020 داهاتی نەوتی کوردستان دەگاتە چەند؟
http://www.kurdipedia.org/?q=20140504211449760 68
شارەزایەک لە بواری نەوت رایدەگەێنت لە شەش ساڵی داهاتوودا داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان بە رێژەیەکی بەرچاو زیاد دەکات و 20 بلیۆن دۆلار تێدەپەڕێنێت.
بیلال سەعید، رۆژنامەنووسی و شارەزا لە بواری نەوت و گاز بەخەندانی راگەیاند:" بەپێی راپۆرتی سێیەمی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە دیسەمبەری ساڵی رابردووەوە هەناردەکردنی نەوت دەستی پێکردووە، لەو مانگەدا 89هەزارو 188بەرمیل نەوتی هەریمی کوردستان ڕەوانەی تورکیا کراوە، بەڵام بەپی زانیارییەکان تا کۆتایی مانگی نیسان پری یەک ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان لە خەزانەکانی ووڵاتی تورکیا کۆبووەتەوە ."
وتیشی:" بەپێی ڕێکەوتنی نیوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پێویستە تا کۆتایی ئەمساڵ ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە 100هەزار بەرمیلەوە بۆ 300 هەزار بەرمیل بەرزبکرێتەوە واتە تاکۆتایی ئەمساڵ زیاتر لە100 ملیۆن بەرمیل نەوت ڕەوانەی تورکیا دەکرێت ئەگەر هەر بەرمیل نەوتی بە 100 دۆلار بفرۆشریت بەهاکەی دەکاتە 10بلیۆن دۆلار".
بیلال سەبارەت بەپلانی حکومەت بۆ زیاترکردنی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی

کوردستان وتی" بەپی پلانی راگەیدنراوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان وابریارە ساڵی 2015 ئاستی دەرهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان بگاتە 500 هەزار بەرمیل نەوت و تاکۆتایی ساڵی 2020 ئاستی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان دەگاتە سەرەوەی یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی رۆژانە، بەو شێوەیە ئەگەر تەنیا داهاتی ساڵی 2020 نەوتی هەرێمی کوردستان وەربگرین دەکاتە 36بلیۆن و 500 ملیۆن دۆلار".
لە ماوەی رابردوودا تانەر یەڵدز وەزیری وزەی تورکیا رایگەیاند، لەمانگی ئایاری ئەمساڵەوە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەست پێدەکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 577
## ساڵی رابردوو 17 هەزار ماڵ و دوکان ئاویان بە فیڕۆداوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014040120431468271

لەماوەی ساڵی 2013دا تیمەکانی بەشی زیادەڕەوی ئاوی سلێمانی 16 هەزار و 920 ماڵ و دوکانیان سزاداوە، بەهۆی ئەوەی پابەند نەبوون بە رێنماییەکان و ئاوی خواردنەوەیان بە فیرۆ داوە.
ئامانج جەلال، بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئاوی سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: تیمەکانی بەشی زیادەڕۆی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی لە ساڵی 2013 دا 16 هەزار و 920 ماڵ و دوکان و شوێنی گشتیان بەهۆی بەفیڕۆدانی ئاوی خواردنەوە سزاداوە .
وتیشی: "کۆی گشتی سزای هاوڵاتیان 154 ملیۆن و 585 هەزار دینارە، هاوکات دوو هەزار و 862 هاوبەشی ئاویش پروان بەشێوەی کاتی، لەسەر دووبارە بەفیڕۆدانی ئاو نەبونی تەوافە و شکاوی بۆری ماڵەکانیان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 578
## ساڵی رابردوو 50 ئافرەت لەهەرێمی کوردستان کوژراون
http://www.kurdipedia.org/?q=2014030910402134557

8ئازار، کوردستانی هەولێر - بەپێی ئامارەکان لەماوەی یەک ساڵی رابردوو لەسەرتاسەری هەرێم 50 ئافرەت کوژراون و دوێنێش ژنێک لەلایەن براکەیەوە دەکوژرێت. هێمن مامەند، هەولێر: رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی هەولێر لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند " ئێواری دوێنێ (هەینی) لەگەڕەکی قەڵای نوێی شاری هەولێر ژنێکی تەمەن (33 ساڵ) لەلایەن براکەیەوە کوژرا، گوایە فیشەک لەچەکەکەی دەرچوە، بۆیە ئەمرۆ لەلایەن پۆلیسەوە هاوسەرو برای ژنەکە دەستگیرکراون و لە ئێستادا لەژێر

لێکۆڵینەوەدان ".ئەمڕۆ (8)ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانەو تەنها لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا دوو حاڵەتی کوشتن و چەند حاڵەتێکی تری سوتان و خنکان لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان تۆمارکراون". بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی رووبەرووبونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان تەنیا لەماوەی یەک ساڵی رابردوو لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (50) حاڵەتی کوشتن تۆمارکراوە.ئەمڕۆ لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان بەهۆی بەردەوامی توندوتیژیەکانەوە هەندێک لەرێکخراوەکانی ژنان بایکۆتی 8ی مارسیان کردو هیچ چالاکیەکیان ئەنجامنەدا، هاوکات لە چەند شوێنێکی جیاجیا یادی ئەو ڕۆژە بەچەند چالاکیەک کرایەوە. بەپێی ئامارەکان لەماوەی یەک ساڵی رابردوو لەسەرتاسەری هەرێم 50 ئافرەت کوژراون و دوێنێش ژنێک لەلایەن براکەیەوە دەکوژرێت.

هێمن مامەند، هەولێر: رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی هەولێر لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند " ئێواری دوێنێ (هەینی) لەگەڕەکی قەڵای نوێی شاری هەولێر ژنێکی تەمەن (33 ساڵ) لەلایەن براکەیەوە کوژرا، گوایە فیشەک لەچەکەکەی دەرچوە، بۆیە ئەمڕۆ لەلایەن پۆلیسەوە هاوسەرو برای ژنەکە دەستگیرکراون و لە ئێستادا لەژێر لێکۆڵینەوەدان ".ئەمڕۆ (8)ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانەو تەنها لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا دوو حاڵەتی کوشتن و چەند حاڵەتێکی تری سوتان و خنکان لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان تۆمارکراون". بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی رووبەرووبونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان تەنیا لەماوەی یەک ساڵی رابردوو لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (50) حاڵەتی کوشتن تۆمارکراوە.ئەمڕۆ لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان بەهۆی بەردەوامی توندوتیژیەکانەوە هەندێک لەرێکخراوەکانی ژنان بایکۆتی 8ی مارسیان کردو هیچ چالاکیەکیان ئەنجامنەدا، هاوکات لە چەند شوێنێکی جیاجیا یادی ئەو ڕۆژە بەچەند چالاکیەک کرایەوە .

بەپێی ئامارەکان لەماوەی یەک ساڵی رابردوو لەسەرتاسەری هەرێم 50 ئافرەت کوژراون و دوێنێش ژنێک لەلایەن براکەیەوە دەکوژرێت .

هێمن مامەند، هەولێر: رائید ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی هەولێر لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند " ئێواری دوێنێ (هەینی) لەگەڕەکی قەڵای نوێی شاری هەولێر ژنێکی تەمەن (33 ساڵ) لەلایەن براکەیەوە کوژرا، گوایە فیشەک لەچەکەکەی دەرچوە، بۆیە ئەمڕۆ لەلایەن پۆلیسەوە هاوسەرو برای ژنەکە دەستگیرکراون و لە ئێستادا لەژێر لێکۆڵینەوەدان."

ئەمڕۆ (8)ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانەو تەنها لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا دوو حاڵەتی کوشتن و چەند حاڵەتێکی تری سوتان و خنکان لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان تۆمارکراون."

هەر ئەمڕۆ 8ی مارس لە قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان،ئافرەتێک بەنەوت خۆی سووتاند،کە سکاڵای لەسەر 2 ئافرەت تۆمار کردبوو دواتر گیانی لەدەستدا.

موقەدەم حەسەن محەمەد بەرپرسی راگەیاندن و پەیوەندیەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند " ئەو ئافرەتەبەر لەگەشیتنی بۆسلێمانی گیانی لەدەستدا بەهۆی زۆری رێژەی سوتانەکەی کە لە 100% بووە

پێشتریش موقەدەمی یاسای لەمیعە محەمەد بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندتیژی دژ بە ئافرتان لەگەرمیان بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند " بەیانی ئەمڕۆ لەگەڕەکی شارەوانی کەلار ئافرەتێکی بێوەژنی تەمەن 30 ساڵ بەنەوت خۆی سوتاندوە و پاشان لەنەخۆشخانە بەهۆی زۆری رێژەی سوتانەکەیەوە گیانی لەدەستدا .

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی رووبەرووبونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان تەنیا لەماوەی یەک ساڵی رابردوو لەسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (50) حاڵەتی کوشتن تۆمارکراوە.

ئەمڕۆ لە هەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان بەهۆی بەردەوامی توندوتیژیەکانەوە هەندێک لەرێکخراوەکانی ژنان بایکۆتی 8ی مارسیان کردو هیچ چالاکیەکیان ئەنجامنەدا، هاوکات لە چەند شوێنێکی جیاجیا یادی ئەو ڕۆژە بەچەند چالاکیەک کرایەوە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 579

## ساڵی رابردوو لە دادی پزیشکی سۆران پشکنین بۆ 49 مردوو کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010814355186775

سێ شەممە، 07 کانونی دووەم 2014 13:21

ZKW: بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران رایگەیاند، کە ساڵی رابردوو لە دادی پزیشکی سۆران پشکنین بۆ 49 مردوو کراوە.

بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران لە پێگەی تایبەتی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویکردۆتەوە، کە لە ساڵی 2013 لە دادی پزیشکی سۆران پشکنین بۆ 49 مردوو کراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 580

## ساڵێک لە ئەزموونی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بێوێنە لە شاری پزیشکیی فاروقFMC

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041312444269837

دەروون رەشید

پاش تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کردنەوەیدا، شاری پزیشکیی فاروق FMC بەرە و قۆناغێکی نوێ هەنگاو دەنێت کە لە ماوەی ئە و ساڵەشدا چارەسەری پزیشکی پێشکەش بە (24179) نەخۆش کراوە و زیاتر لە (1260) نەشتەرگەریی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە.

لە راگەیەندراوێکی شاری پزیشکی فاروقدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە و تیایدا هاتووە: "ئەمڕۆ ساڵێک بەسەر کردنەوەی شاری پزیشکیی فاروق FMC لە شاری سلێمانی تێدەپەڕێت کە ئامانجی پێشکەشکردنی باشترین و تازەترین خزمەتگوزاریی تەندروستییە بە کواڵیتی بەرز بە هاوڵاتیانی کوردستان و عیراق."

لە راگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە: "شاری پزیشکی فاروق بە 53 کلینیک لە پسپۆرییە جیاوازەکان دەستی پێکرد و توانی لە ماوەیەکی کورتدا چوار کلینیکی نوێ بکاتەوە، لەوانە کلینیکی نەخۆشیی شەکرە و تاقیگەی خەوتن و کلینیکی منداڵی بلوریی و کلینیکی بەدواداچونی پزیشکی (چێک ئەپ)ن، لەگەڵ پرۆگرامی سەردانی منداڵی تازە لەدایکبوو تا چاودێریی دۆخی منداڵەکە بکەن و دڵنیابن لە باری تەندروستیی دایک و منداڵە تازە لەدایکبووەکان."

هەر لە راگەیەندراوەکەدا سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی FMC فاروق مەلا مستەفا لە و بۆنەیەدا رایدەگەیەنێت: "هەر لە کۆنەوە خەونی من دروستکردنی پێشکەوتووترین نەخۆشخانە بووە لە سەر ئاستی عیراق و ناوچەکە لە شاری سلێمانی، پاش هەوڵ و ماندووبوون و کارکردنێکی زۆر و ئیرادەی بەرزی ئێمە بۆ پێشخستنی وڵاتەکەمان، ئەم خەونەمان هاتەدی."

دەقی راگەیەندراوەکە:

ئەمڕۆ ساڵێک بەسەر کردنەوەی شاری پزیشکیی فاروق FMC لە شاری سلێمانی تێدەپەڕێت کە ئامانجی پێشکەشکردنی باشترین و تازەترین خزمەتگوزاریی تەندروستییە بە کواڵیتی بەرز بە هاوڵاتیانی کوردستان و عیراق.

شاری پزیشکیی فاروق کە بە گەورەترین و پێشکەوتووترین نەخۆشخانەی تایبەت لە کوردستان و عێراق دادەنرێت و دەکەوێتە شاری سلێمانی، لەلایەن سەرمایەدار و کەسایەتی نیشتیمانی

فاروق مەلا مستەفاوە دروستکراوە.
ئامانجی ئەم شارە پزیشکییە، دابینکردنی پێشکەوتووترین ستاندارد و بەرزترین کواڵیتی خزمەتگوزاریی تەندروستییە بۆ هاوڵاتیانی کوردستان و عیراق، بەجۆرێک کە لە داهاتوودا فراوانتر ببێت و ببێتە ناوەندێک بۆ لێکۆڵینەوەی پزیشکی و فێرکردن و راهێنانی مۆدێرن.
لەماوەی ساڵی رابوردوودا، بێ ماندوبون و زۆرچالاکانە شاری پزیشکیی فاروق کاری کردووە بۆ خزمەتکردنی نەخۆشەکانی .
شاری پزیشکی فاروق بە 53 کلینیک لە پسپۆرییە جیاوازەکان دەستی پێکرد و توانی لە ماوەیەکی کورتدا چوار کلینیکی نوێ بکاتەوە، لەوانە کلینیکی نەخۆشیی شەکرە و تاقیگەی خەوتن و کلینیکی منداڵی بلوریی و کلینیکی بەدواداچونی پزیشکی (چێک ئەپ)ن، لەگەڵ پرۆگرامی سەردانی منداڵی تازە لەدایکبوو تا چاودێریی دۆخی منداڵەکە بکەن و دڵنیابن لە باری تەندروستیی دایک و منداڵە تازە لەدایکبووەکان.
لە ماوەی یەک ساڵدا چارەسەری پزیشکی پێشکەش بە (24179) نەخۆش کراوە و زیاتر لە (1260) نەشتەرگەریی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە، لە پاڵ ئە و (70) پزیشکە پسپۆرانەی کە بە بەردەوامی لە شاری پزیشکیی فاروق کاردەکەن، پرۆگرامی سەردانی پزیشکانی دەرەوەی وڵاتیش هەبووە، کە لە وڵاتانی وەک تورکیا و ئەڵمانیا و دانیمارک و بەریتانیاوە سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردووە، بە مەبەستی پێشکەشکردنی چارەسەر و ئاڵوگۆری زانستی .
سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی FMC فاروق مەلا مستەفا لەم بۆنەیەدا ڕایگەیاند : ”هەر لە کۆنەوە خەونی من دروستکردنی پێشکەوتوترین نەخۆشخانە بووە لە سەر ئاستی عیراق و ناوچەکە لە شاری سلێمانی، پاش هەوڵ و ماندووبون و کارکردنێکی زۆر و ئیرادەی بەرزی ئێمە بۆ پێشخستنی وڵاتەکەمان، ئەم خەونەمان هاتە دی."
فاروق مەلا مستەفا وتی: "شاری پزیشکیی فاروق پرۆژەیەکی ستراتیژیی نیشتیمانییە کە تواناى پڕکردنەوەی بەشێک لە و کەموکورتیانەی هەیە کە لە سێکتەری چارەسەری تەندروستیدا هەیە چ لە کوردستان و چ لە عێراق، ئێمە لەهەمان کاتدا دەمانەوێت شاری پزیشکیی فاروق ببێتە سەنتەرێک بۆ توێژینەوەی پزیشکی و گەشەپێدانی راستەقینەی تواناکان لە بواری پزیشکیی و خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکی."
شاری پزیشکیی فاروق ئامانجیەتی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە رێی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستییەوە پەرە پێبدات، ئەم ئەرکەش سەلمێنەری ئە و راستییەیە کە ئەرکەکەی تەنها چارەسەرکردنی نەخۆش نییە، بەڵکو راستەوخۆ بەشداربوونیەتی لە هۆشیارکردنەوە و فێرکردنی هاوڵاتیان بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان."
بۆ دروستکردنی ئەم تێگەیشتنەش هەر لەماوەی ئەم ساڵەدا شاری پزیشکیی فاروق میوانداری و سپۆنسەری کۆمەڵێک چالاکیی ئەکادیمی و زانستی کردووە، وەک رۆژی جیهانیی نەخۆشیی شەکرە، رۆژی جیهانیی شێرپەنجە، رۆژی دەستشتن بۆ کارمەندان و منداڵانی باخچەی ساوایان، خولی هۆشیاری بۆ کارمەندان و پەرستاران لە چەندین بواری تەندروستی جیاوازدا، هەروەها کۆنفرانسی منداڵی بلووری و کۆنفراسی پێشوەختی دەستنیشانکردنی شێرپەنجە."
حسێن گۆکسێل، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری شاری پزیشکیی فاروق لەم بۆنەیدا رایگەیاند ” : (FMC)بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بەبەرزترین ئاست و بە نوێترین تەکنۆلۆژیای سەردەمیانە و دابینکردنی کاریگەرترین و باشترین چارەسەر بۆ هەموو نەخۆشەکانمان" هەروەها ووتی :”باشترین خزمەتگوزاری لە وڵاتی خۆتدایە، ئەمەش راستییەکە بۆ هەمووان."
ئەم شارە پزیشکییە بە شێوازێکی تەلارسازیی دەگمەن لەسەر رووبەری 70000 مەتردووجا بونیادنراوە، کە زیاتر لە 600 کارمەند و پزیشکی شارەزا و پەرستاری خاوەن بڕوانامە و ستافێکی مەشق پێکراو کاری تێدا دەکەن.
نەخۆشخانەکە بە سیستەمێکی چاودێریی تەندروستی و تەکنۆلۆژیای پزیشکیی پێشکەوتوو و بە ستانداردی جیهانی خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش دەکات.
شاری پزیشکیی فاروق خاوەنی 11 هۆڵی نەشتەرگەرییە کە تەکنۆلۆژیای TI ئامادەکراوە و57 کلینیکی پسپۆریی جیاواز و 210 قەرەوێڵەی نەخۆش، 21 سویتی مۆدێرن (3 لەوانە رێئاسین) و 120 ژووری تاکەکەسی کە بەشێوازێک رێکخراوە کە ئاسوودەیی بە نەخۆش بگەیێنێت .
شاری پزیشکیی فاروق (FMC) بەشێکە لە فاروق هۆڵدینگ و لەلایەن کۆمپانیای (ئاجیبادەم)ی تورکییەوە بەڕێوەدەبرێت کە خاوەنی چەندین نەخۆشخانەی تایبەتن و شارەزاییەکی تەواویان هەیە

لەبەڕێوەبردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی پێشکەوتوو.
سلێمانی کوردستان، شاری پزیشکیی فاروق.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 581
## سلێمانی ... ساڵی رابردوو (11) قوربانی مین هەبووە
http://www.kurdipedia.org/?q=2015012915451965444
بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین ئاماری کارو چالاکییەکانی ساڵی (2014)ی راگەیاند
بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لەشاری سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماری کارو چالاکییەکانی لە ساڵی دووهەزراو چواردەدا ڕاگەیاند.
لە کۆنگرەکەدا بەڕێوبەری گشتی کاروباری مین لە شاری سلێمانی ڕایگەیاند ڕووبەری گشتی پاککراوە لە مین لە پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان لە ساڵی دووهەزارو پێنجەوە تا ساڵی کۆتایی دووهەزارو چواردە بریتی بووە لە دووهەزارو چوارسەدو حەفتاو پێنج کێڵگەمین و بە ڕووبەری پێنجسەد ملیۆن و سەدو بیست و شەش هەزار مەتر دووجا پاککراوەتەوە.
سەباح حەمەخان ڕاشیگەیاند بە تەنها لە ساڵی دووهەزارو چواردەدا توانراوە سێ ملیۆن و سێسەد مەتر دووجا زەوی لە مین پاکبکرێتەوە.
بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لەشاری سلێمانی ڕاشیدەگەیەنێت لە سنووری پارێزگای سلێمانی سەدو چل و شەش ملیۆن مەتر دووجا ماوە لە مین و تەقەمەنی پاکبکرێتەوە.
هەروەها ئاشکراشیکرد لە ساڵی دووهەزراو چواردەدا یانزە قوربانی مین و تەقەمەنی هەبووە کە نۆیان هاووڵاتی بوون و دوانیشیان کارمەندی پاکسازی بواری مین بوون و لەو ژمارەیەش پێنج کەسیان شەهید و شەش کەسەکەی دیکەش بیندار بوون.
بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە شاری سلێمانی زیاتر وتی بە گشتی ژمارەی قوربانیانی مین لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بریتییە لە نۆهەزارو دووسەدو بیست و یەک کەس و لەو ژمارەیەش چوار هەزارو پەنجا کەسیان شەهید بوون و پێنج هەزارو سەدو حەفتاو یەک کەسیشیان بریندار بوون.
بەڕێوبەرایەتییەکە ڕیزبەندی ناوچە مەترسیدارەکانی لە پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاندو تیایدا وتی لە پێنجوێن تا ئەمڕۆ لەسەدا چواردەی ناوچەکە پاککراوەتەوە و لە شارباژێر لەسەدا بیست و پێنجی پاککراوەتەوە لەپشدەر لەسەدا بیست و هەشتی پاککراوەتەوەو لە هەڵەبجەش لەسەدا چل و نۆی پاککراوەتەوەو بەم پێیەش بەشێکی زۆری زەوی کێڵگەکان مەترسی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان هەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 582

## سلێمانی پلەی یەکەمی لەهاتنی گەشتیاراندا بەدەستهێنا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015072109224385764

دوای ئەوەی بە بۆنەی جەژنی رەمەزانی پیرۆزەوە ژمارەیەک گەشتیار روویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کرد، بە پێی پلە بەندییەک کە لە لایەن دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمەوە ئەنجامدراوە، شاری سلێمانی پلەی یەکەم و شاری هەولێر کە ساڵی رابردوو بە پایتەختی گەشتیاری عەرەب ناسرا، پلەی دووەم و شاری دهۆک پلەی سێیەمی لە هەرێمی کوردستان بەدەست هێنا.

نادر رۆستی وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم بە خەندانی راگەیاند: هاتنی گەشتیاران بۆ شارەکانی هەرێم بە بەراورد لەگەڵ جەژنەکانی پێشوتر زۆرتربووە، ئەوەش بەهۆی کارئاسانی هێزەکانی ئاسایش لە و دەروازانەی کە دەکرێنەوە بەسەر شارەکانی تری عیراقدا.

وتیشی: "بەپێی ریزبەندی، رێژەی گەشتیار لە پارێزگای سلێمانی زیاترە وەک لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم، پلەی دووەمیش بۆ پارێزگای هەولێرە، و پلەی سێهەمیش بۆ پارێزگای دهۆکە، چونکە شاری دهۆک سنوورەکانی نابەسترێتەوە بە شارەکانی تری عیراقەوە و تەنیا لە شاری موسڵەوە نزیکە، وەک دەزانن ئێستا بەبۆنەی هاتنی رێکخراوی تیرۆرستی داعش و شەڕی هێزە ئەمنییەکان لەوناوچەیە، هاتوچۆی تێدا ناکرێت ."

ئاماژەی بەوەشکرد: "زۆرترین گەشتیاران کە بەمەبەستی گەشتکردن لەم جەژنەدا رویان لە شارەکانی هەرێم کردووە، لە خوار و و ناوەڕاستی عیراق و ئێران و تورکیاوە هاتونەتە هەرێمی کوردستان."

باسی لەوەشکرد: "زیاتر ئە و گەشتیارانەی کە کاریگەریان لەسەر بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت، ئە و گەشتیارانەن کەلە شارەکانی تری عیراقەوە روویان لە هەرێم کردووە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-07-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: گەشتوگوزار

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 583

## سلێمانی زۆرترین بارانی لێباریوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031921113156049

تێکرایی بارانبارین لەهەرێمی کوردستان تائێستا 471 ملیمەتر بووەو زۆرتین رێژەش لەپارێزگای سلێمانی بووە.

ئاوێنەنیوز، سلێمانی: بەپێ ئاماری بەڕێوبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەی هەرێم، تێکرایی بارانباری لەهەر سێ پارێزگاکەی هەرێم 471 ملیمەتر بوە.

بەپێی ئەو ئامارە زۆرترین رێژەی بارانبارین لەپارێزگای سلێمانی بووە کە تائێستا 616 ملیمەتر بارانباریوەو کەمترین رێژەش بەر پارێزگای هەولێر دەکەوێت ئەمساڵ تائێستا لەو پارێزگایە 271 ملیمەتر بارانباریوە.

پارێزگای دهۆک ئەمساڵ 528 ملیمەتر بارانی لێ باریووە لەپلەی دووەمدایە بۆ ڕێژەی بارانبارین لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێم.
پێشبنیە کەشناسیەکان ئاماژە بەوەشدەدەن چەند شەپۆلێکی تری باران هەرێمی کوردستان بگرێتەوەو ڕێژەی بارانبارین زیاتر بێت .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-03-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 584

## سلێمانی: تێچوی نەورۆزی ئەمساڵ 500 ملیۆن دینارە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140318112248535577

لەسلێمانی حەوتەمین فیستیڤاڵی نەورۆزی 2714 کوردی بەڕێوەدەچێت و بەهۆی قەیرانی داراییەوە فیستیڤاڵەکە لەلایەن یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستانەوە خەرجی دەکرێت.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: یاسین مەحمود، وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان ئەمڕۆ سێشەممە، بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان تێچوی خەرجیەکانی نەورۆزی ئەمساڵی بەپێی چالاکیەکان لەئەستۆگرتوە.
ئاماژەی بەوەشدا، هەموو ئە و پێداویستیانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی تایبەت بەخۆئامادەکردن بۆ نەورۆز لێمان داواکراوە ئامادەمانکردوە، بەتایبەت جوانکاریەکانی ڕوناککردنەوە کە کارەبای سلێمانی داوایکردوە و سەرجەمی لەفەڕەنساوە هاتوە.
مەلا یاسین وتیشی، بەکۆی ئە و خەرجیانەی یەکێتی وەبەرهێنەران لەئەستۆی گرتوە 500 ملیۆن دینارە.
ساڵانە لەسلێمانی بەدرێژای شەقامی سالم چالاکی جۆراوجۆر بەبۆنەی جەژنی نەورۆز بەسەرپەرشتی و تێچوی پارێزگای سلێمانی ئەنجامدەدرا، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی ئە و قەیرانە داراییەی ڕوی لەهەرێمی کوردستان کردوە وەبەرهێنەران ئەرکە داراییەکەیان لەئەستۆگرتوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-03-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 585

## سلێمانی: ڕێژەی بەشداری دەنگدانی تایبەت93%ە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140429160020076012

ڕێژەی بەشداری لە دەنگدانی تایبەتی شاری سلێمانی گەیشتە 93% و لەچەند بنکەیەکیش ئامێری تایبەت بە کارتی ئەلیکترۆنی دەنگدان لەکارکەوت.

سلێمانی، ئاوێنەنیو: ڕەنج شوکری، بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، ڕێژەی دەنگدانی تایبەتی ئەمڕۆ(دووشەممە)ی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و پارێزگاکانی کوردستان 92.77 % بووە.
هاوکات زانا محەمەد، بەڕێوەبەری کارگێری ڕێکخراویCDOلە لێدوانێکدا بۆ ئاوێنەنیوز رایگەیاند، لە هەڵبژاردنی ئەمڕۆدا چەند ڕوداوێکی لەکارکەوتنی ئامێری دەنگدان لەلای ئەوان تۆمارکراوە کە چەند کاتژمێرێکی خایاندووە و ئەوەش بە پێشێلکاری خەتی سور ئەژمار نەکراوە، بۆیە "هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی بەرچاو سەرکەوتو بووە".
زانا ئاماژەی بەوەشدا کە سەرجەمی پرۆسەکە دەکرێتە ڕاپۆرتێک و دەرێتە یەکێتی ئەوروپا و ئاژانسە نێودەوڵەتێکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و جەختیشی کردەوە کە ڕاپۆرتەکەیان بێ لایەنانە تۆمار دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 28-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 586

## سلێمانی: لە 2014 زیاتر لە 1000 کەس حوکمدراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150103183158845O1

بەپێی ئاماری بەریوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی لەسالی 2014دا 1095 کەس لەزینداندا ماونەتەوە، کە جۆری تاوانەکانیان بریتییە لەکوشتن و دزی و ساختەکردن و تەقینەوە و شەڕکردن و نێربازی و هاتوچۆو چەک، کە لە و ژمارەیە 91 کەس سزای لەسێدارەدانی هەیە.
زریان محەمەد، ئاوێنەنیوز: لە و بارەیەوە بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی سلێمانی عەقید بەرزان عەبدوڵلا ئاماری ساڵی 2014 ڕاگەیاندو وتی "کۆی گشتی 1248 کەس هاتووەتە لای ئێمە، 1112 ئازادبوون، 602 کەسیش دەرچووە و 668 کەس دادگایی کراون و 257 مۆڵەت هەبووە لەگەڵ 1064 کەس نەخۆشخانە"
لەبارەی زیندانیانی ئێستا بەڕێوەبەری چاکسازی گەورانی سلێمانی وتی "لەئێستادا کۆی گشتی سزادراونی 1095 سزادراون، کە پێکدێن لە166 تاوانی دزیکردن، 287 بەماددەی کوشتن، 67 کەس بەماددەی نێربازی، 104 ماددەی هۆشبەرو ئەو کەسانەش کە کێشاویانە 152 سزادراون، ماددەکانی ساختەکردن 40 سزادراو، تەقینەوە 23 سزادراو ماددەی شەڕکردن 25 سزادراو، ماددەی تیرۆر 39 سزادراو، ماددەکانی ئەمانە 10 سزادراو ماددەکانی هاتووچۆ 55 سزادراو، ماددەکانی چەک 9 سزادراو، ماددەی جۆراوجۆر 118، کۆی گشتی 1095 زیندانیمان هەیە."
لەبارەی ئاماری ساڵی 2013 وتی "ئەگەر بەراورد بکرێت لەچاو ساڵی پێشووتر 2013، ڕێژەکەی بەم شێوەیەیە، 1496 هاتووەتە لامان، 1132 ئازادکراون، 359 ڕۆشتوو، 500 کەس دادگایی کراون، 151 مۆڵەت و 805 نەخۆشخانە، ئەو کەسانەش کە سزاکانیان سوکەو لە5 ساڵ کەمترە ژمارەیان 485 سزادراوە، ئەوەی سزای قورسە لەسەرو 5 ساڵەوەیە 610 سزادراوە ."
سزادراوان بەلەسێدارەدان 91 کەسە، زیندانی بەرەگەز عەرەب 38 کەس و بەرەگەز ئێران 114 سزادراو، ئەو کەسانەی کە لەزیندان بەنەخۆشی مردوون 2 کەس بوە، 93 سزادراویش گەڕاونەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 03-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

ووڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 587

## سلێمانی: لە 3 ڕۆژی پێش جەژندا زیاتر لە 6 هەزار سەر ئاژەڵ سەربڕدراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140729103158293O3

لە ماوەی سێ ڕوژی پێش جەژنی ڕەمەزاندا، زیاتر لە شەش هەزار سەر ئاژەڵ سەربڕدراوە لە شاری سلێمانی.
زریان محەمەد، سلێمانی: بەپێی ئامارێک کە دەست ئاوینەنیوز کەوتووە، لە کوشتارگەی نوێ-ی سلێمانی لەقەرەگول، لەماوەی ڕوژانی (چوارشەمە، پینج شەممە و شەممە)ی ڕابردوودا، 6945 سەر ئاژەڵ سەربڕدراون.
ئامارەکە ئەوەشی ڕونکردۆتەوە کە لە ڕوژی (چوارشەممە)دا 2105 مەرو بزن و 160 ولاغ سەربردران، لەڕوژی (پێنج شەممە)دا 2858 مەرو بزن و 197 ولاغ سەربردراوە و لەڕوژی (شەممە)ەشدا 1500 مەڕو بزن و 125 ولاغ سەربڕدراون.
ساڵانی پێشوو لە ڕوژانی پێش جەژندا ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ لە شاری سلێمانی سەردەبڕدرا، ئەمەش وایکردووە سلێمانی ببێتە یەکەم شار لەسەر ئاستی هەرێم کەزۆرترین گۆشتی سوری تیادا دەخورێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 29-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 588

## سلێمانی، 40 هەزار پەنابەر لە سلێمانی نیشتەجێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042414550775964

خەندان- هێڤی خالید
ڕێکخەری پرۆژەکانی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت(c.d.o) ڕایدەگەیەنێت: ژمارەی پەنابەرەکانی شاری سلێمانی گەیشتەوەتە 40هەزار پەنابەر ئە و ڕێژەیەش بەشێکی زۆری پەنابەرانی ڕوژ ئاوای کوردستانن ژمارەیان 25هەزار و 266 پەنابەرە بەسەر کەمپەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی دابەش بوون.
بەختیار ئەحمەد ڕێکخەری پرۆژەکانی ڕێکخراوی گەشە پێدانی مەدەنیەت (c.d.o)لە لێدوانێکی تایبەت بەخەندان ڕایگەیاند: پارێزگای سلێمانی وەک یەکێک لەپارێزگا گەورەکانی کوردستان بەشێکی زۆری پەنابەرانی سوری و تورکی و ئێرانی لە سلێمانی نیشتەجێن و کە ژمارەیان 40هەزارە.
وتیشی:" 25هەزار و 266 پەنابەری ڕۆژئاوان و حەوت هەزاریان پەنابەری ئێرانین و حەوت هەزار پەنابەری تورکی و پەنابەری خوار و ناوەڕاستی عێراق لە سلێمانی نیشتەجێن."

ئەوەشی ڕاگەیاند: لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە و پەنابەرانە توشی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و یاسایی دەبنەوە کێشە یاساییەکان پەیوەستە بە و ڕێوشوێنە ئەمنیەی کە پێویستە لەماوەی مانەوەیاندا وەکو پەنابەر ئەنجامی بدەن.
بەختیار ئەحمەد ئاماژەش بەوەدەکات، لە ئێستادا پەنابەران پێویستیان بە هاوکار بەردەوام هەیە نەک لە ڕووی خۆراک و خواردنەوە، ڕێکخراوی (cdo) بەهاوکاری چەند ڕێکخراوێکی تر بەردەوام لە هەوڵی چارەسەر کردنی کێشە یاسایی و کۆمەڵایەتیەکانی پەنابەراندایین.
رونیکردەوە، مانگەنە نزیکەی هەزار پەنابەر سودمەند دەبێت لە و کاروچالاکیەکانی ڕێکخراوەکەمان لە دابینکردنی خۆراک و کێشە کۆمەڵایەتی یاساییەکان.
راشیگەیاند: لەسەر تاسەری عێراق 220هەزار و 787پەنابەر لەوڵاتی سوریاوە ڕویان کردوەتە وڵاتی عێراق و پشکی زۆری ئە و پەنابەرانەش بەر هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان کەوتوون، لە پارێزگای دهۆک 105هەزار و 974 و لە پارێزگای هەولێر 82هەزار و 566کەس و لە پارێزگای سلێمانیش 25هەزار و 267 پەنابەری ڕۆژئاوا نیشتەجێن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 589

## سلێمانی.. 10 حاڵەتی توندوتیژی سێکسی تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140417151710758 64

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توودوتیژی دژنان، ساڵی رابردوود لە سلێمانی 10 حاڵەتی توندوتیژی سێکسی تۆمارکراوە، ئەمڕۆش لە مەراسیمێکدا بینای بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی کرایەوە.
ئەمڕۆ 17ی نیسانی 2014، لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی بەهرۆز محەمەد ساڵح پارێزگاری سلێمانی و کوردۆ عومەر، بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرێوەبەری فەرمانگەکانی سلێمانی و نوێنەری رێکخراوەکانی ژنان، بینای نوێی بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەڕەکی قرگەی شاری سلێمانی کرایەوە.
لە مەراسیمەکەدا راپۆرتێک لە بارەی کارو چالاکییەکانی ئە و بەڕێوەبەرایەتییە خرایەڕوو لە وتەیەکیشدا، کوردۆ عومەر، بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، رێژەی توندوتیژی دژی ئافرەتان دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە و رایگەیاند: ساڵی 2012 نزیکەی هەزار و 554 کەیس هەبووە لەساڵی 2013 ئە و ژمارەیە دابەزیووە بۆ هەزار و 217 کەیس.
کوردۆ عومەر وتیشی: "پارێزگای سلێمانی بە تایبەت ناو شاری سلێمانی رێژەی توندوتیژی بەرێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە."
هەروەک سوپاسی پارێزگاری سلێمانی کرد کە هاوکارو پاڵپشتی فەرمانگەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بووە.
لە دوای مەراسیمی کردنەوەی بینای بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی، یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بەسەرپەرەشتی پارێزگاری سلێمانی و ئامادەبوونی، کوردۆ عومەر، بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سلێمانی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی و تەندروستی و پەروەردە و چاودێری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری

سلێمانی و نوێنەری ئەنجومەنی خانمان و ڕێکخراوەکانی ژنان بەڕێوەچوو.
لە کۆبوونەوەکەدا ئاستی کارەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، هەڵسەنگاندنی بۆ کراو کێشە و گرفتەکانی ئە و بوارە خرانە بەر باس.
لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەکرا کە ئاستی توندوتیژییەکان لە شاری سلێمانی بەرێژەیەکی بەرچاو کەمترە لە چاو شوێنەکانی تر و تەئکید کرایەوە لەسەر کاری زیاتر بۆ ئەوەی ئە و رێژەی هەیە زیاتر دابەزێت.
لە و رووەوە ئاماژە بۆ ئەوەکرا، لە توندوتیژی سکێسی لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی رابردوودا تەنیا 10 حاڵەت بووە لە کاتێکدا ئە و رێژەیە لە پارێزگاکانی تر زۆر بەرزە و سەنتەری سلێمانیش لەچاو ناوچەکانی تری پارێزگاکە کەمترین توندوتیژی تێدا تۆمار کراوە.
هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژە بۆ گرفتی نەبوونی نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری کرا لە ئەنجومەنی باڵای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و تەئکید کرایەوە لەسەر گرنگی بوونی نوێنەری ئە و ئەنجومەنە بە و پێیەی زۆربەی کێشەی فەرمانگەکانی پەیوەندیدار بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی پەیوەندیان بە دادگاکانەوە هەیە.
هەر لەکۆبوونەوەکەدا بڕیاردا لەرووی دابینکردنی پێداویستیە تەندروستییەکانەوە هاوکاری زیاتری شەڵتەرەکانی داڵدەدانی ژنان بکرێت و هاوکاری زیاتریش لەرووی پەروەردەی و رۆشنبیرییەوە پزیشکەشی شەڵتەرەکان بکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | توندوتیژی |
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 590

## سلێمانی.. 10 کافتریاو یانەی شەوانە داخراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150209131539847 35

لە ماوەی مانگی رابردوودا لە شاری سلێمانی لیژنەی چاودێری رێستۆرانت و کافتریا و یانەکانی شەوانە، سەردانی 103 شوێنیان کردووە و 32 شوێن بەهۆی سەرپێچییەوە غەرامەکراون و دوو شوێنیش دراونەتە دادگا و هەشت شوێنی تریش بەهۆی جۆری سەرپێچیەکەیانەوە داخراون.
فریا عەبدولڕەحمان، سەرۆکی لیژنەی چاودێری رێستۆرانت و کافتریا و یانەکانی شەوانە کە سەر بە لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانییە بە خەندانی راگەیاند: "ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیان بۆ کات بەسەربردن سەردانی یانە و کافتریاکان دەکەن و لیژنەکەیان بۆ پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان و رێکخستنی ئە و شوێنانە بەردەوام سەردان و چاودێری وردی هەموو ئە و شوێنانە دەکات و لە چۆنیەتی مەرج و رێنماییەکان دەکۆڵێتەوە و رێگری لە هەموو کارێکی رێگە پێنەدراو نایاسایی دەکرێت."
سەرۆکی لیژنەکە وتیشی: "1-1 بۆ 2015/2/1 سەردانی 103 شوێنمان کردووە و لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی مەرج و رێنمایی کارکردنمان کۆڵیوەتەوە و لە ئەنجامی گەڕان و بەدواداچوونەکانمان 32 شوێن غەرامەکراون و دوو شوێنیش دراونەتە دادگا و هەشت شوێنیش بەهۆی جۆری سەرپێچییەکەیانەوە داخراون."
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: "هۆکاری داخستن و غەرامەکردنی شوێنەکان لەسەر بنەمای پابەند نەبوون بووە بە مەرج و رێنماییەکان و نەبوونی مۆڵەتی کارکردن و کارتی تەندروستی و بەڵگەی مانەوەی ئە و کەسانەی لە و شوێنانە کاردەکەن، لەگەڵ هەبوونی یاری بەخت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 591

## سلێمانی.. 16 شوێن و دوکان داخراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014060513151676598

لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی، ئاماری مانگی ڕابردووی کارو چالاکیەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە و راشیدەگەیەنێت، لە و مانگەدا چوار هەزار و 65 شوێنیان بەسەرکردوەتەوە و 16 شوێنیش بڕیاری سەرپێچی دراوە.
بەپێی ئامارەکە لە 1-5 تا 31-5-2014، تیایدا هاتووە: "لە پێناو پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان و ڕێگری کردن لە سەرپێچییەکان لیژنەکان چوار هەزار و 65 شوێنیان بەسەرکردوەتەوە و بەووردی بەدواداچونیان کردووە بۆ جێبەجێ کردنی مەرج و ڕێنماییەکان."
هەروەها هاتووە: لە کۆی ئە و شوێنانەی کە بەسەرکراونەتەوە 271 شوێن بەهۆی وەک پێویست پابەند نەبونیان بە مەرج و ڕێنماییەکانەوە پسوڵەی سەرپێچیان بۆ کراوە و 16 شوێنیش بەهۆی جۆری سەرپێچییەکانیانەوە بڕیاری داخستنیان دراوە و یەک شوێنیش ڕووبەڕووی دادگا کراوەتەوە.
بەپێی ئامارەکەی لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی لە و مانگەدا پێنج تەن و 500 کیلۆ گرام خواردن و مەوادی بەسەرچوو زیان بەخش پاش دەست بەسەراگرتنی لەناو براوە.
هەروەها پری ئە و غەرامانەی کە لە ئەنجامی سەرپێچی شوێنەکان کراوە پری 10 ملیۆن و 735 هەزار دینارە و بەپێی یاساو ڕێنماییەکانیش ئە و پارەیە دەچێتە سەر داهاتی گشتی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 592

## سلێمانی.. 26 شوێن بەهۆی سەرپێچییەوە داخراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021112010384750

لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمەوە تا سەرەتای مانگی شوباتی ئەمساڵ لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی 26 شوێنیان بەهۆی سەرپێچییەوە داخستووە و ژمارەیەکی تریش ڕووبەڕووی سزای یاسایی کراونەتەوە.
بەپێی ئامارەکە کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: "لە 1-1 تا 31-1-2014، لەپێناو پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان و ڕێگرییکردن لە سەرپێچییەکان لیژنەکان دوو هەزار و 985

شوێنیان بەسەرکردووەتەوە و بەوردی بەدواداچوونیان کردووە بۆ جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنماییەکان و لە کۆی ئە و شوێنانەی کە بەسەرکراونەتەوە 319 شوێن بەهۆی وەک پێویست پابەند نەبوونیان بە مەرج و ڕێنماییەکانەوە پسوڵەی سەرپێچیان بۆ کراوە و 26 شوێنیش بەهۆی جۆری سەرپێچییەکانیانەوە بڕیاری داخستنیان دراوە یەک شوێنیش ڕووبەڕووی دادگا کراوەتەوە.
بەپێی ئامارەکەی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی لە مانگی کانوونی دووەمدا 13 تەن و 98 کیلۆگرام خواردن و مەوادی بەسەرچوو و زیان بەخش پاش دەست بەسەراگرتنی لەناو براوە.
هەروەها پری ئە و غەرامانەی کە لەئەنجامی سەرپێچی شوێنەکان کراوە پری 23 ملیۆن و هەزار دینارە و بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانیش ئە و پارەیە دەچێتە سەر داهاتی گشتی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 593

## سلێمانی.. 360 هاوڵاتی بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج بەڕێدەکەون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140908092622773 32

جەمال سەرگەتی
بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت ئەمڕۆ 360 حاجی لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە بەڕێدەکرێن بۆ بەجێ هێنانی فەریزەی حەج و بڕیارە سبەینێش لە فڕۆکەخانەی شاری هەولێرەوە 360 حاجی تریش بەڕێ بکرێن بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج، وتیشی: "تا ئەم هەفتەیە دەبێت سەرجەم حاجیانی هەرێمی کوردستان بەرێی بکرێن."
مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: پاش ئەوەی حکومەتی عیراق چەندین جار گۆرانکاری کرد لە کاتی رۆشتنی حاجیانی هەرێمی کوردستان و دوێنی لەلایەن حکومەتی عیراقەوە ئاگاداری ئەوە کرایەوە ئەمڕۆ حاجیانی هەرێم بەڕێ بکرێن.
وتیشی: "ئەمڕۆ 360 حاجی لە فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە بەڕێ دەکرێن بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج و بڕیاریشە سبەینێ لە فڕۆکەخانەی شاری هەولێرەوە 360 حاجی تریش بەڕێ بکرێن بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج تا ئەم هەفتەیەش دەبێت سەرجەم حاجیانی هەرێمی کوردستان بەرێ بکرێن کە ژمارەیان سێ هەزار و 654 حاجیە."
مەریوان نەقشبەندی راشیگەیاند: تا ئێستا هیچ گرفتێکی ئیداری نییە و سەرجەم ئامادەکارییەکان کراوە بۆ بەجێهێنانی فەریزەی حەج.
داواشی لە حاجیانی هەرێمی کوردستان کرد کە تەلەفۆنەکانیان دانەخەن بۆ ئەوەی ئاگادار بکرێنەوە تا بتوانن فەریزەی حەج بەجێ بهێنن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 594

## سلێمانی.. سەدا 61 ی باڵەخانەکان مەرجی سەلامەتیان تێدایە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102615495377824

بەپێی ئاماری لیژنەی سەلامەتی باڵەخانەکان لە قایمقامیەتی قەزای مەڵبەندی سلێمانی لە ماوەی 10 مانگی رابردوودا سەردانی 639 باڵەخانەی حکومی و ئەهلی و شوێنە گشتی یەکانیان کردوە کەلە سەدا 61ی باڵەخانەکان گونجاو بوون لە رووی رێنماییەکانی و مەرجی سەلامەتی یەوە، 39% گونجاو نەبوون، لەلایەن لیژنەکەوە مەرج و ڕێنمایی یان پێدراوە بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی دیاری کراودا جێبەجێی بکەن.
ئەمڕۆ یەکشەممە، 26ی ئەیولی 2014، لیژنەی سەلامەتی باڵەخانەکان سەردانی چەند باڵەخانەیەکی بازرگانی و هۆتێل و مۆتێلیان لەشاری سلێمانی کرد، لەمیانەی بەسەرکردنەوەکاندا لە هەبوونی کەموکوری لە شوێنەکانیان خاوەنەکانیان لێ ئاگادارکرانەوە لەگەڵ پێدانی مەرج و رێنماییەکانی سەلامەتی بۆ پاراستنی گیان و ماڵ و سامانی هاولاتیان.
ئەندازیاری تەلارسازی نیگار محەمەد، سەرۆکی لیژنەی سەلامەتی باڵەخانەکان سەبارەت بە کار و ئامانجی لیژنەکە وتی: "لیژنەی سەلامەتی باڵەخانەکان کە ئەندامانی پێکهاتووە لە نوێنەرانی بەڕێوەبەراتییەکانی دابەشکردنی کارەبا و بەگری شارستانی و قایمقامیەت، یەکێکە لە لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی لە پێناو پاراستن و سەلامەتی گیان و سامانی هاوڵاتیان دامەزراوە و رۆژنە سەردانی باڵەخانەکانی بەشی ناوخۆیی و تەلاری بازرگانی و مارکێت و بانکەکان و دەمودەزگا حکومەیەکان و ناوەندەکانی خوێندن و هۆتێل و مۆتێل و بەنزیخانەکان و نەخۆشخانەکان و کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون و داینگە و باخچەی ساوایان و کافتریا و ریستۆرانت و شوینە گشتی یەکان دەکات.
راشیگەیاند: لیژنەکەیان لەماوەی دەست بەکاربوونی لە 2014/1/1 تا 2014/10/1 سەردانی 639 شوێنیان کردوە لە و رێژە لە سەدا 61 ی گونجاو بوون لە رووی جێبەجێ کردنی رێنماییەکانی مەرجی سەڵامەتیەوە لە 39% گونجاو نەبوون لە رووی سەلامەتییەوە بۆیە رێنمایمان پێداون بۆ ئەوەی لەکاتی دیاری کراودا جێبەجێی بکەن بە پێچەوانەوەی پسوڵەی سەرپێچی یان بۆ دەکرێت ئەگەر هەربەدەوام بن ئەوا شوێنەکە دادەخرێت و رووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 595

## سلێمانی.. هەر خێزانێک لە یەکساڵدا 430 لیتر نەوت وەردەگرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111014590977905

بەپێی راپۆرتی لیژنەی بەدواداچوونی هاتوچۆ و تەلەفکردنی پسووڵەی نەوت وبەنزین و گاز لە سنووری پارێزگای سلێمانی لەماوەی 10 مانگی رابردوودا 790 هەزار و 251 خێزان نەوتی پێگەیشتووە، بری 170 ملیۆن و 686 هەزار و 440 لیتر نەوت دابەشکراوە.

لە لێدوانێکی نووسراودا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا رائید جەلال ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی هاتوچۆ و و تەلەفکردنی پسوڵەی نەوت و بەنزین و گاز بەدواداچونی لە لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی رایگەیاند: پاش سەردانکردنی لیژنەکەیان لە ماوەی 10 مانگی رابردوودا لە 1-1 تا 1-11-2014، بەردەوام سەردانی کۆگاکانی دابەشکردنی سوتەمەنی و سەندیکا و بازگەکانیان کردووە و رێنمایان پێداون بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا و بەبێ گرفت سوتەمەنی بگاتە دەستی هاوڵاتیانی شاری سلێمانی و قەزاو ناحییەکان.
وتیشی: "بەهۆی سەردانکردن و بەدواداچوونکردنیان سەرپێچییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، بەجۆرێک لە ماوەی 849 سەرداندا تەنها 25 پسوڵەی نەوت دەستی بەسەردا گیراوە و سێ شۆفێریش بەهۆی سکاڵای هاوڵاتیانەوە رووبەرووی دادگا کراونەتەوە."
هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد: لیژنەکەیان رێگری دەکات لە فرۆشتنی نەوت و بەنزین بە شێوەیەکی نایاسایی لەم ساڵدا دەست گیراوە بەسەر 830 دەبە بەنزین کە لەسەر شەقامەکان بەشێوەیەکی نایاسایی دەفرۆشرێت.
سەرۆکی لیژنەکە راشیگەیاند: هەرخێزانێک ساڵانە دوو پسوڵە وەردەگرێت و بۆ هەر پسوڵەیەکیش 216 لیتری نەوتی پێدەدرێت و تا ئێستا 790 هەزار و 251 خێزان نەوتی پێگەیشتووە، بری 170 ملیۆن و 686 هەزار و 440 لیتر نەوت دابەشکراوە. بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لەکاتی خۆیدا پری سوتەمەنی دیارکراوی پێبگات گەڕان و بەسەرکردنەوەکانیان بەردەوام دەبێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 596

## سلێمانی.. هەزار و 500 ئاوارەی مەسیحی نیشتەجێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140823141219666 52

پەیوەند جەلال
بەهۆی داگیرکردنی شوێنەکانیان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە، هەزار و 500 ئاوارەی مەسیحی لەچەند شوێنێکی مەسیحییەکان لەسلێمانی نیشتەجێن.
ئەیمەن عەزیز، قەشەی کەنیسەی (مار یوسف) لە سلێمانی بۆ خەندان رایگەیاند: بەهۆی داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی مەسیحییەکان و ناوشاری موسڵ، هەزار و 500 کەسی مەسیحی ئاوارەی شاری سلێمانی بوون و ئێستا لەکەنیسەی (ماریوسف و ئینجیلی و سابونکەران و کۆمەلگەی رۆشنبیری کلدان و قوتابخانەی ئاشتی بۆ راهیبات و کلدان) نیشتەجێکراون.
ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا: لەلایەن رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و خێرخوازانەوە هاوکاری دەکرێن .
هەر لەو چوارچێوەیەشدا ئەمرۆ کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم بەهاوکاری چەند رێکخراوێکی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی چەند پێداویستییەکی بەسەر ئەو خێزانانە دابەشکرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 23-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 597

## سلێمانی: 2554 منداڵ لەدایکبوە و 1014 کەسیش مردون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012012462986579

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی نوسینگەی زانیاری سلێمانی، لەساڵی 2013دا 2554 منداڵ لەدایکبوە و 1014 کەسیش مردون. داهاتی بەڕێوەبەرایەتییەکەش لە و ساڵەدا زیاتر لە 156 ملیۆن دینار بووە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری نوسینگەی زانیاری سلێمانی، عەمید تاڵیب عەبدوڵلا، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لەساڵی 2013دا لەشاری سلێمانی 2554 منداڵ لەدایکبوە و 1014 کەس کۆچی دواییان کردووە.
ناوبراو ڕونیکردەوە کە لەساڵی رابردودا زیاتر لە 17681 هەزار پرۆسەی هاوسەرگیری و 202 جیابونەوەی هاوسەران تۆمارکراوە.
بەڕێوەبەری نوسینگەی زانیاری سلێمانی ئەوەشی وت کە داهاتی ساڵی 2013ی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان زیاتر لە 156 ملیۆن دینار بووە.
عەمید تاڵیب وتیشی، هەر لە و ساڵەدا زیاتر لە 68 هەزار کارتی زانیاری بۆ خێزانەکانی سلێمانی دروستکراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 20-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 598

## سلێمانی: 39% باڵەخانەکان مەرجی سەلامەتیان تێدا نییە

http://www.kurdipedia.org/?q=201410271428277835

بەپێی ئامارێکی لیژنەی سەلامەتی باڵەخانەکان لەقایمقامیەتی قەزای مەڵبەندی سلێمانی لەماوەی 10 مانگی ڕابردوودا سەردانی 639 باڵەخانەی حکومی و ئەهلی و شوێنە گشتییەکانیان کردوە کە 61%ی لەڕووی ڕێنماییەکانی مەرجی سەلامەتییەوە گونجاو بوون، 39% گونجاو نەبوون و دەبێت لەماوەیەکی دیاریکراودا مەرج و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکەن.
زریان محەمەد، ئاوێنەنیوز: لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنەنیوز ئەندازیاری تەلارسازی و سەرۆکی لیژنەی سەلامەتی باڵەخانەکان نیگار محەمەد وتی "لیژنەکەمان لەماوەی دەست بەکاربوونیەوە لە 1/1/2014 تاوەکو 1/10/2014 سەردانی 639 شوێنیان کردوە لە و رێژە 61% لەڕووی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی مەرجی سەلامەتییەوە گونجاو بوون و 39% گونجاو نەبوون، بۆیە ڕێنماییمان پێداون لەکاتی دیاریکراودا جێبەجێی بکەن، بە پێچەوانەوەی پسوڵەی سەرپێچیان بۆ دەکرێت، ئەکەریش بەدەوام بن، ئەوا ئە و شوێنە دادەخرێت و ڕووبەڕوی یاسا دەکرێتەوە ."
لیژنەی سەلامەتی باڵەخانەکان پێکهاتووە لەنوێنەرانی بەڕێوەبەراتییەکانی دابەشکردنی کارەبا و بەگری شارستانی و قائیمقامیەت، یەکێکە لەلیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی لەپێناو پاراستن و سەلامەتی گیان و سامانی هاوڵاتیان دامەزراوە و ڕۆژنە سەردانی باڵەخانەکانی بەشی ناوخۆیی و تەلاری بازرگانی و مارکێت و بانک و دەمودەزگا حکومی و ناوەندەکانی خوێندن و هوتێل و موتێل و بەنزیخانە و نەخۆشخانە و کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون و دایانگە و باخچەی ساوایان و کافتریاو ڕیستۆرانت و شوێنە گشتییەکان دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-10-27

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 599

## سلێمانی: 75% کارگەکانی کەرەستەی بیناسازی پابەندن بە ڕێنماییەکانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061613225685563

خەندان دەروون رەشید

بەپێی ڕاپۆرتێکی لیژنەی بەدواداچونی کارگەکانی بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناسازی قایمقامیەتی سلێمانی، زۆربەی کارگەکان لە سنووری پارێزگای سلێمانی پابەندن بە و مەرج و ڕێنماییانەی کە بۆیان دەستنیشان کراوە، هەروەها ئە و کەرەستە بیناسازیانەشی کە بەرهەم دەهێنرێت لە رووی کوالێتییەوە لە ئاستێکی بەرزدایە.

لە راگەیەندراوێکی قایمقامیەتی سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە و تیایدا رەئوف محەمەد، سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی کارگەکانی بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناسازی لە لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی رایگەیاند: لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا لە رێککەوتی دەستبەکاربوونی لیژنەکەیانەوە، هەزارو 169 سەردانیان بۆ 384 کارگە ئەنجامداوە و رێنمایی پێویستیان پێداوان بۆ ئەوەی باشترین جۆری کەرەستەی بیناسازی بە کوالێتیەکی بەرز لە سنووری پارێزگای سلێمانی بەرهەم بهێنن.

ئاماژەی بەوەشکرد: "لەسەرەتای دروستبەکاربوونی لیژنەکەیانەوە تا ئێستا بەشێکی کەم لە کارگەکان پابەندنەبوون بە مەرجەکانەوە، ئەوانیش 96 کارگەن کە دەکاتە رێژەی 25%، لە و رێژەیەش پسوڵەی سەرپێچی بۆ 51 کارگەیان کراوە."

رەئووف محەمەد وتیشی: "پاش خستنەگەڕی هەوڵەکانیان و پێدانی زانیاری، 75% کارگەکان پابەندن بە رێنماییەکانەوە کە دەکاتە 288 شوێن، ئە و مەوادانەشی کە بەرهەمی دەهێنن کوالێتییەکەی لە ئاستێکی باشدایە."

سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونی کارگەکانی بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناسازی لە لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی باسی لەوەشکرد: "مەبەست لە سەردان و بەدواداچوونەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی جۆر و کوالێتی ئە و مەوادانەیە کە لە کارگەکانی کەرەستەی بیناسازیدا بەرهەم دەهێندرێن، هەر کارگەیەکیش گومان لە جۆر و کوالێتییەکەی بکرێت، بەرهەمەکەی رەوانەی تاقیگەی بیناسازی دەکرێت و پاش دەرچوونی ئەنجامکەی رێنمایی پێویستیان پێدەرێت."

رەئوف محەمەد ئەوەشی خستەروو: "بەهۆی ئە و قەیرانی داراییەی کە هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە کاریگەری زۆری لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی کارگەکان دروست کردووە و هەندێک لە کارگەکان کارکردن تیایاندا راوەستاوە ."

جێی ئاماژەیە بەرێوەبەرایەتی پیشەسازی سلێمانی لە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان و راپەرین 936 کارگەی بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناسازی بوونیان هەیە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 600

## سلێمانی: بەهۆی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە 20 کەس برینداربون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090812234788874

بەپێی ئامارێکی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، لەئەنجامی پێکدادان و ڕوبەڕوبونەوەکانی چەند شەوی ڕابردوی نێوان لایەنگرانی لیستەکانی هەڵبژاردن، 20 کەس بریندارابون. بەوتەی بەرپرسانی تەندروستیش لە و ژمارەیە تەنها یەک برینداریان لەنەخۆشخانە ماوەتەوە و ئەوانی دیکە ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی، د. میران محەمەد، بەئاوێنەنیوزی ڕشاگەیاند، کۆی گشتی ئەو کەسانەی بەهۆی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانەوە بریندارابون 20 بریندارە، لە و ڕێژەیەش جگە لەچوار برینداریان کە دوانیان بەچەقۆ یەکێکیان بەفیشەک بریندارابون، ئەوانی دیکە بەبەرد بریندارابون.
د. میران ئەوەشی خستەڕو کە سەرجەم بریندارەکان ڕەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە و ڕەوشی تەندروستیان باشبووە، تەنها یەک برینداریان کە بەفیشەک بریندارابووە لەنەخۆشخانە ماوەتەوەوچاوەڕوان دەکرێت ئەویش لەدو ڕۆژی داهاتودا نەخۆشخانە جێبهێڵێت.
لەهەفتەی یەکەمی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لەشاری سلێمانی چەندین ڕوداوی ڕوبەڕوبونەوە و پێکدادان تا ئاستی تەقەکردن ڕویدا. سەرەتای گرژییەکانیش لەشەقامی سالم و -سەهۆڵەکە- شەقامی توی مەلیکی سلێمانی سەریهەڵدا .
هەرچەندە بەرپرسانی ئەمنی سلێمانی ئامادەنین لێدوان لەبارەی ناسنامەی تەقەکەرەکانەوە بدەن، بەڵام بەرپرسانی بزوتنەوەی گۆڕان جەختلەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هێرشەکان لایەنگرانی ئەوان دەکاتە ئامانج و "چەکدارەکانی سەر بەیەکێتی تەقە لەلایەنگرانیان دەکەن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 08-09-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 601

## سلێمانی: بەهۆی تەزوی کارەباوە کرێکارێک گیان لەدەستدەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=2013100712323488392

بەهۆی تەزوی کارەباوە کرێکارێک لەکاتی کارکردندا لەشاری سلێمانی گیانی لەدەستدا، بەوەش ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەمساڵدا گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 49 کرێکار.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، عوسمان حەمە ئەمین، ئەوەی بۆ ئاوێنەنیوز ڕونکردەوە کە سەرلەبەیانی ئەمرۆ دوشەممە، لەیەکێک لەپرۆژەکاندا لەشەقامی سالمی سلێمانی، شیشی سەقفی پرۆژەکە بەر هێڵی کارەبای بەردەم پرۆژەکە کەوتوە و تەزوی کارەبا لەکرێکارێکی داوە و بەوهۆیەوە کرێکارە گیانی لەدەستداو.
ناوبراو وتیشی، کرێکارەکە بەڕەگەز عەرەبە و ناوی (ساڵح عادل) تەمەنی 18 ساڵە.
سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان ئەوەشی خستەڕو کە لەمساڵدا چەند ڕوداوێکی لەم شێوە دوبارە بۆتەوە کە بەهۆی تەزوی کارەباوە چەند کرێکارێک لەشوێنی کارکردن گیانیان لەدەستداوە.

عوسمان حەمە ئەمین بەپێویستی دەزانێت کە لەمەودوا هەماهەنگی و تێگەیشتن لەنێوان فەرمانگەکانی کارەباو خاوەنی پرۆژەکاندا هەبێت تا ڕووداوی لە و شێوەیە دوبارە نەبێتەوە و سەلامەتی کرێکاران پارێزراوبێت. لەهەمانکاتدا پێویستە کرێکارانیش وردبین و ئاگاداری سەلامەتی خۆیان بن.
بەپێی ئامارەکانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان تەنها لەمساڵدا 49 کرێکار لەکاتی کارکردندا گیانیان لەدەستداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-10-07

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 602

## سلێمانی: پێنج کورەی خەڵوز و دوو کارگە داخراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20131120161417877731

قایمقامیەتی قەزای ناوەندی سلێمانی ئاماری کارو چالاکی هەرسێ لیژنەی ژینگە و سەلامەتی کرێکارو بەدواداچوونی کارگەی کەسەی بینازی راگەیاند، لەماوەی پێنج مانگیشدا پێنج کورەی خەڵوز و دوو کارگە داخراون.
لە راگەیەندراوێکی قایمقامیەتی سلێمانیدا کە وێنەیەکی بۆ (خەندان) نێردراوە، تیایدا هاتووە: ئەمڕۆچوار شەممە (20ی تشرینی دووەمی2013) ئاوات محەمەد غفور، قایمقامی قەزای ناوەندی سلێمانی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا و بە ئامادەبوونی حاکم سەمەد محەمەد، سەرۆکی دەستەی پاراستن و چاکردنی ژینگەی هەرێم و سەرۆک و ئەندامانی هەرسێ لیژنەی (ژینگە، سەلامەتی کرێکار و بەدواداچوونی کارگەکانی کەرەستەی بیناسازی) ئامارو کارو چالاکییەکانی خستەڕوو.
تیشکیشی خستە سەر رۆڵ و گرنگی کاری هەرسێ لیژنەکە، کە بەمەبەستی رێنمایی سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن کە دەکەونە سنوری پارێزگای سلێمانی و لە چوارچێوەی کاری لیژنەکاندایە، هەندێک لە و شوێنانە دوو بۆ سێ جار سەردانکراون و ئاگادارکراونەتەوە کەپابەندی مەرج و رێنماییەکان بن و لە چوارچێوەی یاسادا کاربکەن.
لە و راگەیەندراوەدا هاتووە: لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا لیژنەی بەدواداچونی کارگەکان بەرهەمهێنانی کەرەستەی بیناسازی لەسنوری شاری سلێمانی و قەزاو ناحیەکانی و ئیدارەی گەرمیان سەردانی 275 کارگەیان کردوە بەمەبەستی رێنمایی کردن و هاندانیان بە بەکارهێنانی مەوادی شکاوی خاوێن بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی کۆنکرێتی ئامادەکراوی وەک بلۆک و گیراوەی قیری و کربستۆن و بیهارتۆن و بەرهەمی کەسارەکان.
هەروەها لیژنەی سەلامەتی کرێکاران سەردانی 163 شوێنییان کردووە 15 شوێن وەسڵی سەرپێچی بۆکراوە و 42 شوێن پابەندی رێنماییەکانبوون، لیژنەی ژینگە لەماوەی دەست بەکاربوونییەوە سەردانی 225 شوێنیان کردووە و 44 شوێن پابەندی مەرج و رێنماییەکان بوون 56 کارگە پابەندی مەرج و رێنماییەکان نەبوون و پێنج کورەی خەڵوز و دوو کارگە داخراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-20

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 603

## سلێمانی: تا ئێستا حەوت هەزار کەس فۆرمی زیندانی سیاسیان

## پڕکردوەتەوە و تەنها 1500 کەسیش پشت ڕاستکراونەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130712152839895

کوردیو سلێمانی نیاز فاروق
بە پێی ئامارێکی لقی سلێمانی کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان تەنها لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا حەوت هەزار کەس فۆرمی زیندانی سیاسیان پڕکردوەتەوە بەڵام لەو ژمارەیە تەنها نزیکەی هەزار و 500 کەسیان ناوەکانیان پشتڕاست کراوەتەوە.
بەهادین عەزیز، بەڕێوەبەری کارگێری لقی سلێمانی کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ کوردیو وتی" لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی دادوەری باڵا پێکهێندراوە بۆ دەستنیشانکردن و پشت ڕاستکردنەوەی ئەو کەسانەی فۆرمی زیندانی سیاسی پردەکەنەوە."
بەڕێوەبەری کارگێری لقی سلێمانی کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان وتیشی" تەنها لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا حەوت هەزار کەس فۆرمی زیندانی سیاسیان پڕکردوەتەوە و ڕەوانەی ئەو لیژنە باڵایە کراون بەڵام لەو ژمارەیە تەنها نزیکەی هەزار و 500 کەسیان ناوەکانیان پشتڕاست کراوەتەوە."
بەڕێوەبەری کارگێری لقی سلێمانی کۆمکاری زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان ئاماژەی بەوەشدا پشتڕاست کردنەوەی ناوی ئەو کەسانەی فۆرم پردەکەنەوە بە پێی کۆمەڵیک مەرجە کە تیایدا پێویست بە بوونی چوارشاهیدی زیندانی دەکات و هاوکات لەبەردەم دادوەریشدا سوێند بخوات.
جێگەی ئاماژە لە ئێستادا ناوی چوار هەزار زیندانی لە هەرێمی کوردستان پشت ڕاستکراونەتەوە و جگەلە 500 هەزار دیناری موچەی مانگانە بۆ هەرساڵێکی زیندانی بونیشیان پری 50 هەزار دینار مینحە وەردەگرن.
أ.م
2013/04/13 10:57AM

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 604

## سلێمانی: دەستبەسەر زیاد لە 580 تەن خۆراکی خراپ و نەشیاو دا دەگیرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080712445489248

خەندان- سۆران کەریم
بەپێی ئامارێکی یەکەی پشکنینی خۆراک لە مەرزی پەرویزخان، لەماوەی مانگی رابردوودا، دەستبەسەر زیاتر لە 580 تەن خۆراکی خراپ و نەشیاودا گیراوە.
عومەر محێدین عەبدوڵڵا، لێپرسراوی یەکەی پشکنینی خۆراک لە مەرزی پەروێزخان، بۆ خەندان راگەیاند:" لەماوەی مانگی تەمموز دا، یەکەکەیان پشکنینی بۆ زیاتر لە (55) هەزار تەن خۆراک و خواردەمەنی و کەرەستە و شمەکی جیاواز کردووە، کە رێژەیەکیان بەهۆی نەشیاویان و دەرنەچونیان لە پشکنینەکان، دەستیان بەسەردا گیراوە."
وتیشی:" پری ئەو خۆراک و شمەکە نەشیاوانە، نزیکەی (587) تەن بوون و جۆرەکانیشیان بریتیی بوون لە: دۆشاوی تەماتە، بابەتەکانی شیرەمەنی، دۆ و ماست، شیرینی و کێک، خوێ، ئایس کرێم و چەند بابەتێکی خۆراکی دیکە."
عومەر محێدین، ئەوەشی خستەروو، ئەو خۆراکە گیراوانە، یان لەناوبراون، یاخود بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران گەڕێنراونەتەوە، رونیشیکردەوە: هەموو خۆراکێک کەلە ئێرانەوە دێت، لەلایەن یەکەکەی ئەوانەوە بە سێ ئاست و لەبوارەکانی: فیزیایی، کیمیایی و بەکترۆلۆجیی، پشکنینی بۆ دەکرێت بەمەبەستی دڵنیابوون لە شیاویان.
هێنانی خواردنی خراپ بوو نەشیاو لەلایەن بازرگانەکان بۆ ناوشاری سلێمانی و پارێزگاکانی دیکەی

هەرێم هێشتا هەڕەشەن بۆ سەر تەندروستی هاوڵاتیان، سەرباری هەوڵە بەردەوامەکانی لایەنە پەیوەندارەکان، بۆ کۆنترۆڵکردن و بەرگرتن لەهێنانی کەرەستە و خۆراکی خراپ .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-07

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 605

## سلێمانی: رۆژانە پێوستی بەزیاتر لە 90 تەن گۆشت هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042215084182709

زریان محەمەد، سلێمانی: جێگری بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، ئاوات ئەحمەد عەلی، ئەمڕۆ، دووشەممە، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، "لەکەرتی پەلەوەردا 376 پرۆژەمان هەیە کە لەتوانایدایە بۆ یەک وەجبە زیاتر لە چوار ملیۆن جوجک بەخێوبکاتو 25 پرۆژەی ئاژەڵداریمان هەیە کە پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕو بزنو گوێرەکەو مانگای شیرە."
وتیشی، "134 پرۆژەی پەلەوەر دروستکراوە کە 85 دانەیان قەرزیان دراوەتێ بەبڕی 2 ملیارو 104 ملیۆنو 72500 دینارو 49 پرۆژەیش چاوەڕوانی قەرزن بۆ ئەمساڵ."
ئاوات ئەحمەد، ئاماژەی بەوەشدا، بڕی 450 ملیۆن دراوە بە 140 کێڵگەی پەلەوەری بۆ هاوکاریکردنی کێڵگەکانو تائێستا 103 پرۆژەی پەلەوەری قەرزیان دراوەتێ کەبەبڕی 7 ملیارو 291 ملیۆنو 746،500 دینار.
لەبارەی پێداویستی گۆشتی سپیو سور بۆ هاووڵاتیان جێگری بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ وتی، "لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا رۆژانە بۆ گۆشتی سپی زیاتر لە 60 تەنو مانگانە زیاد لە 25 هەزار تەنمان پێویستە. سەبارەت بەگۆشتی سور رۆژانە پێویستمان بە 30 تەنە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-04-22

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 606

## سلێمانی: رێژەی توشبوان بەنەخۆشی شەکرە بەرەو زیادبون چووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140207103141218852

لەساڵی ڕابردودا توشبوانی نەخۆشی شەکرە زیادیکروەو لێپرسراوی سەنتەری شەکرەش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات ساڵانە ژمارە توشبوان بەرەو زیادبون دەچێت.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: لێپرسراوی سەنتەری شەکرەی سلێمانی، د. تەها مەحوی، لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنەنیوز وتی، لەساڵی پاردا 2500 کەس بەهۆی نەخۆشی شەکرەوە لەسەنتەرەکەمان تۆمارکراوە کە لەچاو ساڵی 2012 ڕێژەکە زیادی کردوە.
ئاماژەی بەوەشدا، لەئێستادا لەسلێمانی کۆی توشبوان بەشەکرە لە 17 هەزا کەس نزیک بۆتەوە کە ئەمە بەدەر لەو کەسانەی ئەو نەخۆشیەیان هەیەو ناوی خۆیان تۆمارنەکردوە.
نەخۆشی شەکرە بریتیە لەبەرزبوونەوەی ئاستی شەکرە لەخوێندا. لەئەنجامی ئە و گۆڕانکاریانەی بەسەر پەنکریاسدا دێت .
دکتۆر تەها داواشیکرد، ئەو هاوڵاتیانەی لەسەنتەرەکەیان ناوی خۆیان تۆمارنەکردوە سەردانیان بکەن و ناوی خۆیان تۆماربکەن.
بەگشتی شەکرە سێ جۆرە، جۆری یەکەم ئەوانەن کە تەمەنیان لەخوار 15 ساڵیەوەیە و

پەنکریاسیان لەئیش کەوتوە. جۆری دووەم توشی کەسانی سەرو 15 ساڵ دەبێت و ئە و کەسانە ئەنسۆلینی پەنکریاسیان کاری خۆی ناکات. جۆری سێیەم شەکرەی دوو گیانیە و لەکاتی دووگیانی و بەتەواوبوونی ماوەکەی توشی کەسەکان دەبێت. شەکرەی دووگیانییەکە نەخۆشییەکە نامێنێت. بۆ دورکەوتنەوە لەم نەخۆشیە پێویستە دوربکەویتەوە لەخواردنی شیرینی زۆرو چەور و خۆراکە خێراکان، وەرزشکردن و رێکردن بەپێ یەکێکە لەهەرە رێگە باشەکانی خۆپاراستن لەنەخۆشییەکە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-02-07

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 607

## سلێمانی: زیاتر لە سێ تەن دەرمان و مادەی هۆشبەر لەناو بران

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111314114387858

خەندان هۆگر کەمال
دوای ئەوەی دوو رۆژ لەمەوبەر لە لایەن بازگەی بانی مەقان و بازگەکانی دیکەی دەورووبەری شاری سلێمانی دەستبەسەر زیاتر لە سێ تەن دەرمان و مادەی هۆشبەری ساختەدا گیرا، ئەمڕۆ چوارشەممە لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە لەناوبران.
د. دلشاد محەمەد، نوێنەری وەزیری تەندروستی لە شاری سلێمانی و دەوروبەری، بە (خەندان) ی راگەیاند: دوای ئەوەی لەلایەن بازگەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی و رێگە قاچاغەکانەوە، دەستگیرا بەسەر زیاتر لە سێ تەن دەرمان و مادەی هۆشبەر کە بە شامپۆ رووپۆشکرابوون، ئەمڕۆش بە بڕیاری وەزیری تەندروستی لە ناوبران.
وتیشی: "دەرمانەکان لە دەرزی و حەپ و شروب پێکهاتبوون کە بە شامپۆ روپۆشکرابوون، لە ناوەڕاست و باشوری عیراقەوە هێنرابوون، بۆ ئەوەی لە شاری سلێمانی و دەوربەری ساغبکرێتەوە."
نوێنەرەکەی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم لە شاری سلێمانی، باسی لەوەشکرد، ئەگەر ئەو دەرمانانە بەکاربهێنرایە کارەساتی لە شاری سلێمانی و دەوروبەری دروست دەکرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-13

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 608

## سلێمانی: لەشەش مانگی رابردو 10 حاڵەتی لەدایکبونی منداڵی سیانە تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080414370889294

لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 10606 منداڵ لەشاری سلێمانی لەدایکبون کە 5290 لەرەگەزی نێرە و 5316 دیکەیان لەگەزی مێی بوە. هەروەها 180 حاڵەتی لەدایکبونی دوانی و 10 حاڵەتی لەدایکبونی سێ منداڵیش پێکەوە تۆمارکراوە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەرێوەبەری کارگێری نەخۆشخانەی منداڵبونی سلێمانی، مەهدی حەمە ساڵح، ئەمڕۆ، یەکشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، لەماوەی شەش مانگی رابردودا لەنەخۆشخانەی منداڵبونی سلێمانی، 10606 منداڵ لەدایکبون، لە و رێژەیە 5290 منداڵیان

لەرەگەزی نێرە و 5316 منداڵەکەی دیکەیان لەگەزی مێیە.
وتیشی، لەکۆی ئەو منداڵانەی لەماوەی ئەو شەش مانگەدا لەدایکبون، 180یان دوانە -جمک- بوە و 10 حاڵەتیان سێ منداڵ پێکەوە لەدایکبون.
مەهدی حەمە ساڵح، ئاشکراشیکرد، لەماوەی ئەو شەش مانگەدا 6117 نەشتەرگەری جۆراوجۆر بۆ دایکان ئەنجامدراوە، هەروەها 22142 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی منداڵبونی سلێمانی کردوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-08-04

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 609

## سلێمانی: لەشەش مانگی رابردودا 107 کەس بەرووداوی ئۆتومبیل گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071615270489555

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆ لەشەش مانگی رابردوی ئەمساڵ 107 کەس گیانیان لەدەستداوە و بەبەراورد بەساڵی رابردو ئاماری قوربانیانی هاتوچۆ کەمیکردووە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: لەمیانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەهۆڵی پارێزگای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی ئاماری شەش مانگی رابردوی قوربانیانی رووداوەکانی هاتوچۆ و چەند زانیارییەکی تری تایبەت بەبەڕێوەبەرایەتیەکەی خستەڕو.
بەپێی ئامارەکە لەماوەی شەش مانگی رابردوی ئەمساڵدا 107 کەس بەرووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە، لەکاتێکدا لەشەش مانگی سەرەتای ساڵی رابردوو، 120 کەس گیانیان لەدەستداوە و بە و پێیەش بەبەراورد بەساڵی 2012، 13 کەس کەمیکردووە.
هەروەک لەشەش مانگی رابردوی ئەمساڵ 1371 کەس بریندداربون، بەڵام ژمارەی بریندداربوان لەساڵی رابردوو 1886 کەس بوە.
بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی، تاهیر محەمەد، رایگەیاند، پلانیان لەبەردەستدا بۆ ئەوەی لەمساڵدا جەخت بکەنەوە لەسەر مەرجەکانی توندوتۆڵی ئۆتومبیل.
وتیشی، 77 کامیرای نوێی تۆمارکردنی خێرایی ئۆتومبیلیان بۆ هاتوە و دابەشی دەکەن بەسەر قەزا و ناحیەکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی.
سەبارەت بەئاماری دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری راگەیەنرا 24181 مۆڵەتی شۆفێری لەمساڵ دەرهێنراوە کە لەشەش مانگی ساڵی 2012 ژمارەکە 31177 مۆڵەت بووە.
هاوکات لەم شەش مانگەدا 20570 ئۆتومبیلی نوێ تۆمارکراوە کە بەبەراورد بەساڵی رابردوو کەمیکردووە کە 22390 ئۆتومبیل تۆمارکراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-07-16

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 610

## سلێمانی: لەم مانگەدا رێژەی خوێن بەخشین کەمیکردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072214295489513

بەڕێوەبەری سەنتەری خوێن لەسلێمانی رایدەگەیەنێت، لەم مانگەدا رێژەی خوێن بەخشین کەمیکردوە و لە و رەوشەوە داوا لەهاوڵاتیان دەکات، دوای بەربانگ بەخوێن بەخشین هاوکاریان بکەن.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری سەنتەری خوێن لەسلێمانی، کەلسوم رەسول، ئەمڕۆ، دوشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، بەبەراورد بەمانگەکانی پێشو لەم مانگەدا رێژەی خوێن بەخشین لەسەنتەرەکەیان کەمیکردوە. رونیشیکردەوە، پێداویستی مانگانە بریتیە لە سێ هەزار بتڵ خوێن، بەڵام لەم مانگە خوێنەخشین یەک هەزار بتڵ بوە.
کەلسوم رەسول، وتیشی، هاوڵاتیان دوای بەربانگ و نانخواردن دەتوانن سەردانی سەنتەرەکەیان بکەن و بۆ ئەو مەبەستە شەوانە نیوەی کارمەندانیان دەوامدەکەن و دەتوانن کاری هاوڵاتیان رایی بکەن.
راشیگەیاند، دابینکردنی خوێن بۆ زۆرینەی نەخۆشخانەکان لەئەستۆی ئەواندایە.
بەڕێوەبەری سەنتەری خوێن داواشی لەهاوڵاتیان کرد لەرێی بەخشینی خوێنەوە بەهانای ئەوان و نەخۆشەکانەوە بچن و دوپاتیشی کردەوە، هاوڵاتی لەپاش نان خواردن هیچ مەترسییەی لەسەر نابێت کاتێک بیەوێت خوێن ببەخشێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 22-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 611

## سلێمانی: لەمانگی رابردودا 171 ماڵ ئاوی خواردنەوەیان بڕاوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131002092515884433

لەماوەی مانگی ئەیلولدا هەزار و 283 ماڵ بەهۆی زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوەوە سزادراون و 171 ماڵیش بە شێوەی کاتی هاوبەشەکانیان پردراوە
.
ئامانج جەلال، بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بە (خەندان)ی راگەیاند: تیمەکانی بەشی زیادەڕەوی لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی لە مانگی رابردودا ئەیلول، هەزار و 283 ماڵ و دوکان و شوێنیان، بەهۆی زیادەڕەوی کردن لە بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوەوە سزاداوە، کە کۆی گشتی پارەی غەرامەکەش نۆ ملیۆن و 625 هەزار و 500 دینارە
.
راشیگەیاند: 171 شوێن بەهۆی بە فیڕۆدانی ئاو و نەبوونی تەوافە و شکانی بۆری ماڵەکانیان و دووبارە بوونەوەی بە فیڕۆدانی ئاوی خواردنەوە، هاوبەشەکانیان بۆ ماوەیەکی کاتی پردراوە.
داواشی لە هاوڵاتیان کرد، پابەندبن بە رێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەیانەوە و ئاوی خواردنەوە بە فیڕۆ نەدەن، بۆ ئەوەی هەموان بەبێ کەموکوری ئاوی خواردنەوەیان بەر بکەوێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 02-10-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 612

## سلێمانی: لەماوەی 2 مانگدا 7 کرێکار گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013030913430282516

بەپێی ئامارێکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی سلێمانی، لەماوەی دو مانگی رابردودا حەوت کرێکار گیانیان لەدەستداوە، سەندیکای ناوبراویش داوای ئەنجامدانی کۆبونەوەی بەپەلەی پەرلەمانی کوردستان دەکات بۆ دەرکردنی بریاری تایبەت بەپاراستنی سەلامەتی پیشەیی کرێکاران.

زریان محەمەد، سلێمانی: لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە ئەمرۆ، شەممە، بەرێوەچو، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی سلێمانی، عوسمان حەمە سەعید، رایگەیاند، وێرای ئەرکو ماندوبونێکی زۆر تائێستا کرێکاران بێبەشن لەزۆربەی مافە یاساییو کۆمەڵایەتییەکانیانەوە. ناوبراو وتیشی، سەربارى ئەوەش کرێکاران رۆژانە روبەروی روداوی کار دەبنەوە لەناوەندەکانی کارکرندا، بەجۆرێک تەنها لەدو مانگی رابردودا لەسنوری پارێزگای سلێمانی حەوت کرێکار گیانیان لەدەستداوە.

ئەنجامدانی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکە پاش ئەوە هات کە دوێنێ، هەینی، لەکاتی کارکردندا لەپرۆژەی شاری دایک لەبناری گۆیژەی شاری سلێمانی لەئەنجامی کەوتنی کرێنێک، سێ کرێکار گیانیان لەدەستداو کرێکارێکی دیکەش برینداربوو.

لەیاداشتێکیشدا کە ئاراستەی حکومەتو پەرلەمانی کوردستانی کردووە، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکاران داوا دەکات "حکومەتی هەرێم کاری جدی بکات بۆ دەرکردنی ئەو پەیرەوەی کە لەهەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینو بیمەی کۆمەڵایەتی ژمارە 39ی ساڵی 1977و مادەی 9و 10ە یاساکە داهاتووە، چونکە رۆژانە کرێکارانی بیناسازی توشی کارەساتی مردنو کەمئەندامبون دەبنەوەو هیچ خانەنشینییەک نایانگرێتەوە.

هاوکات سەندیکای کرێکارانی بیناسازی داوا لەپەرلەمانی کوردستانیش دەکات کۆبونەوەیەکی بەپەلە سازبکات لەبارەی ئەو روداوانەی رۆژانە لەکوردستان دوبارە دەبنەوەو کرێکاران تێیدا دەبنە قوربانی، بەمەبەستی دەرکردنی بریارو راسپاردەی تایبەت بەسەلامەتیپیشەییو تەندروستی بۆ کرێکاران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-03-09

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 613

## سلێمانی: هاتنی گەشتیاران روی لەزیادبون کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101711385188297

بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی رایدەگەیەنێت، سەرەڕای روداوە ئەمنیەکەی هەولێر و وەرزی سارد و سەرما هاتنی گەشتیار بۆ سلێمانی روی لەزیادبون کردوە.

سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری راگەیاندنی گەشتوگوزاری سلێمانی، ئارام شوانی، ئەمرۆ پێنجشەممە، رایگەیاند، لەبەرواری 11 ی مانگەوە تاکو 15ی مانگ واتە لەماوەی تەنها پێنج رۆژدا 23584 گەشتیار رویان لەشاری سلێمانی کردوە و چاوەڕوانی رێژەیەکی زیادترین.

وتیشی، لەرۆژانی داهاتودا ئاماری نوێتر دەخەینەڕو.

هاتنی ئەو ژمارەیەی گەشتیاران لەکاتێکدایە دوابەدوای ئەو بارە نائەمنیەی لەشاری هەولێر رویدا هاوکات لەگەڵ هاتنی وەرزی سارد و سەرما و دەستپێکردنی وەرزی نوێی خوێندن ئەگەری ئەوەهەبو هاتنی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان ڕو لەکەمبونەوە بکات، بەڵام ئاماری گەشتیاران ئەوەی سەلماند هاتنی گەشتیاران زیادیکردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-10-17

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 614

## سلێمانی، لەسەرەتای ڕەمەزانەوە تاوەکو ئەمڕۆ 125 تۆمەتبار دەستگیرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081117541789187

خەندان – هۆگر کەمال

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئامارەکانی جەژنی ڕەمەزانی ڕاگەیاند: "لە ڕۆژی عارفەوە تاوەکو دوای جەژن پێنج حاڵەتی دزیکردن لەماڵان لەناو شاری سلێمانی هەبووە، سێ حاڵەتیان ئاشکرا بووە و تۆمەتبارەکانیش دەستگیر کراون، کە چوار تۆمەتبارن."

وتیشی: "لەسەرەتای مانگی ڕەمەزانەوە تاوەکو ئەمڕۆ 125 تۆمەتبار کە فەرمانی دەستگیرکردنیان هەبووە لە بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان بە تۆمەتی جیا جیا دەستگیرکراون."

وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، ئاماژەی بەوەشکرد کە لە جەژنی ڕەمەزاندا 13 حاڵەتی شەڕکردن تۆمارکراوە، کە سیانیان بە چەقۆ بووە و برینداری تێدا بووە، ئەمە جگەلەوەی پێنج حاڵەتی هەڕەشەلێکردنیش تۆمارکراوە.

سەرکەوت ئەحمەد، ئەوەشی خستەڕوو، لە و سێ ڕۆژەی جەژندا دەست بەسەر 100 پارچە تەقەمەنی و 60 دەمانچەی موروی منداڵاندا گیراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 615

## سوریا.. لەسەرەتای ئەمساڵەوە 1917 زیندانی لەژێر ئەشکەنجەدا مردون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014110311520577863

ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، پاش کشانەوەی چەند کەتیبەیەکی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن لەناوچەکە، لەناوچەی ڕیفی ئیدلب لەخۆرئاوای سوریا، بەرەی نوسرە چەند شارۆچکەیەکی نوێی کۆنتڕۆڵکرد، ئەمەش پاش ڕۆژێک دێت لەدەستبەسەرداگرتنی مۆڵگەی یەکێک لەگەورەترین هێزە سەربازییەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا.

هاوکات ژمارەی ئە و بەرمیلە بۆمبڕێژکراوانەی فڕۆکەکانی ڕژێمی ئەسەد لەناوچەکانی سوریا دەیانخەنە خوارەوە، تەنها لەماوەی دوو هەفتەدا 400 بەرمیلی تێپەڕاندو بەهۆی ئەوانەوە لانیکەم 232 هاوڵاتی مەدەنی کوژراون کە 74 یان منداڵ و 48یشیان ژنن .

هەر بەگوێرەی ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ، لەسەرەتای ئەمساڵەوە 1917 دەستگیرکراوی زیندان و لقەکانی هەواڵگری ڕژێمی ئەسەد، لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەستداوە .

ڕوانگەکە باس لەوەش دەکات بەرەی نوسرە کۆنترۆڵی چەند شارۆچکەیەکی نوێی کردووە لە ئیدلب لەخۆرئاوای سوریا. ڕۆژی شەممە شارۆچکەی خان سوبول-ی کۆنترۆڵکردووە کە دەکەوێتە سەر ئە و ڕێگا سەرەکییەی پارێزگای ئیدلب بە حەڵەب دەبەستێتەوە، ئەمەش پاش کشانەوەی بزوتنەوەی حەزم دێت کە یەکێکە لەلایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لەشارۆچکەکە. دواتریش پاش ئەوەی چەند لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن و ئیسلامی و بزوتنەوەی حەزم کشاوەتەوە، نوسرە کۆنتاوڵی خۆی بەسەر شارۆچکەکانی مەعەرشورین و مەعسەران و دادیخ و کفر بەتیخ و کفرومەی نزیک

لەشارۆچکەی خان سوبل لەباشوری خۆرئاوای شاری ئیدلب سەپاندووە .
کۆنترۆڵکردنی ئەم شارۆچکانە لەلایەن بەرەی نوسرە و کشانەوەی کەتیبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە و شارۆچکانە، پاش چەند سەعاتێکی کەم دێت لەسەرکەوتنی ئە و رێکخراوە توندڕەوە لەدەرکردنی بەرەی شۆرشگێرانی سوریا کە یەکێکە لە گەورەترین هێزە سەربازییەکانی سوریا لەشاری دێر سونبل کە مۆڵگەی سەرەکیی ئە و لایەنەیە لەناوچەی جەبەل زاویە لەپارێزگای ئیدلب، ئەمەش پاش شەش رۆژ دێت لەجەنگی خوێناویی نێوان هەردوو لایەنەکە لەناوچەکە کە تێیدا نوسرە توانی کۆنترۆڵی حەوت گوندو شارۆچکە لە جەبەل زاویە بکات کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی ئیدلبەوە. بەوەش زۆربەی گوندو شارۆچکەکانی باشورو خۆرئاواو خۆرهەڵاتی ئیدلب لەباکوری خۆرئاوای سوریا کەوتونەتە ژێر کۆنترۆڵی بەرەی نوسرەوە.
ئەم پێکدادانانە بە هۆکاری نەزانراو لە 26ی مانگی رابردوو دەستیانپێکردو دوو رۆژی خایاند، پاش ئە و دوو رۆژەش هەردوو لایەنەکە شەوی پێنجشەممەی رابردوو لەسەر هەینی گەیشتنە رێکەوتنێک لەسەر بڵاوکردنەوەی هێزێکی سوڵحی پێکهاتوو لە 15 لایەنی سەربازی لە جەبەل زاویە، لە و لایەنانەش چەند لایەنێکی ئیسلامی تێدا بوو. بەڵام پێش بڵاوکردنەوەی هێزەکان، پێکدادانەکان دەستیانپێکردەوە.
جەنگاوەرانی بەرەی شۆرشگێرانی سوریاو حەزم بە پشتگیریکردنیان بۆ سوریای عیلمانی و دیموکراسی و رەخنەگرتنیان لە کەتیبە ئیسلامییەکان ناسراون. لەسەرەتای شۆرشکەی سوریاوە هەموو ئەم لایانەنانە پێکەوە لەدژی رژێمی ئەسەد دەجەنگان. ریفی ئیدلب یەکەم ناوچە بووە کە جەنگاوەرانی ئۆپۆزسیۆن توانییان هێزەکانی رژێمی تێدا وەدەرنێن. لەمانگەکانی یەکەمی جەنگەکەدا. گەشتی یەکەمی جەنگەکانی نێوان بەرەی نوسرە و جەنگاوەرانی کەتیبەکان لەمانگی تەموزدا رویداوە بەڵام دواتر ماوەیەک هێوربووەوە.
لەلایەکی ترەوە رژێمی سوریا لەم هەفتانەی دواییدا بۆمبارانکردنی بە بەرمیلی بۆمبڕێژکراو لەرێگەی فڕۆکەوە چڕکردەووەتەوە بۆ سەر شارو شارۆچکەکانی سوریاو تێیدا بەهۆیەوە سەدان کەس کوژراون. بەپێی روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ لەماوەی کەمتر لەدوو هەفتەدا فڕۆکەکانی رژێمی ئەسەد زیاتر لە 400 بەرمیلی بۆمبڕێژکراویان لە و ناوچانە هەڵداوەتە خوارەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا نین لەپارێزگاکانی حومس و حەماو ئیدلب و دەرعاو لازقیە و قونەیتەرە و حەلەب و دیمەشق.
لەلایەن خۆیەوە چالاکوان یاسین ئەبو رائید لەماڵەکەی خۆیەوە لەناوچەی عەندان لەپارێزگای حەلەب لەباکور بە ئاژانسی رۆژنامەوانی فەرەنسی راگەیاند، "مەرگ ئابڵوقەی داوین و کەسیش گوێی پێ نادات. بەرمیل خۆشەویستانمان دەکوژێت، ماڵ و خەون و یادەوەریمان خاپوردەکات، وامان لێدەکات هیوای ئەوەمان نەبێت کە رۆژێک دێت کوشتن کۆتایی دێت."
دەشڵێت: "هەموو ئەمانە رودەدەن و کەسیش هاوارمان نابیستێ"، ئاماژەی بەوەش دا کە ماڵەکەی تائێستا سێ جار بە بەرمیلی بۆمبڕێژکراو بۆمبارانکراوە و لەئەنجامی هێرشی سێیەمدا بەتەواوەتی وێران بووە.
داتاکانی روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکەن کە لەنێوان 20ی ئۆکتۆبەرو ناوەڕاستی شەوی هەینی لەسەر شەممە. بەرمیلە بۆمبڕێژکراوەکان و هێرشەکانی تر بونەتەهۆی کوژرانی 232 هاوڵاتی مەدەنی کە لانیکەم کە 74یان منداڵ و 48یان ژنن.
رژێمی سوریا لەکۆتاییەکانی ساڵی 2012ەوە دەستیکردووە بەهەڵدانەخوارەوەی بەرمیلی بۆمبڕێکژکراو بەڵام لەمساڵدا ئە و کارەی چڕترکردووەتەوە و بەشێوەیەک تەنها شەپۆلێکی گەورەی ئەم جۆرە هێرشانە لەمانی شوباتی رابردوو، سەدان کەسی لەناوچە جیاکانی سوریا کوشتووە.
لەبەرامبەردا حکومەتی سوریا جەختدەکاتەوە کە ئەم بەرمیلە بۆمڕێژکراوانە تەنها لەدژی تیرۆریستان بەکاردەهێنێت. رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤیش واتە هیومان رایتس وۆچ چەندین جار رەخنەی لەدیمەشق گرتووە لەبەرامبەر بەکارهێنانی نایاسایی ئەم بەرمیلانە و پێشی وایە هەوڵێکی نێودەوڵەتی راستەقینە نیە بۆ لێپرسینەوە لەحکومەتی ئەسەد.
لەلایەن خۆیەوە بەڕێوەبەری روانگەی مافەکانی مرۆڤ رامی عەبدولڕەحمان ئاماژە بەوە دەدات کە "ژمارەی ئە و هێرشە ئاسمانییانەی رژێم ئەنجامی دەدەن و بەرمیلی بۆمبڕێژکراو لەخۆدەگرن، لەم ماوانەی دواییدا زیادیانکردووە."
بەوتەی رامی، سەرباری هێرشی بەرمیلە بۆمڕێژکراوەکان، هێزە ئاسمانییەکانی ئەسەد 472 هێرشی تری لەماوەی کەمتر لەدوو هەفتەدا ئەنجامداوە و دیمەشقی بەوە تۆمەتبارکرد کە فۆکەسی نێودەڵەتی لەسەر روبەڕوبونەوەی داعش بۆ چڕکردنەوەی هێرشەکانی لەسەر

ناوچەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆی، بەهەل قۆستۆتەوە.
لەعەرەبییەوە: والی عەلی
سەرچاوە aawsat.com :
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: سووریا SY
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 616
**سوید.. ئەنجامی دەنگەکانی گۆڕان و یەکێتی و پارتی**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140505204745760079
خەندان هێڤی خالید
بەپێی ئەنجامی بەرایی جیاکردنەوەی دەنگدەکان لە وڵاتی سوید، لە چەند پارێزگایەکی ئە و وڵاتە ئەنجامی دەنگی هەریەکە لە پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بەم جۆرەیە:
ستۆکهۆڵم:
گۆڕان: 838 دەنگ
یەکێتی: 787 دەنگ
پارتی: 602 دەنگ
نۆربرۆ :
پارتی: 208
گۆڕان: 138 دەنگ
یەکێتی: 129 دەنگ
یۆتۆبۆری:
گۆڕان: 683 دەنگ
یەکێتی: 565 دەنگ
پارتی: 515 دەنگ
مالمۆ :
گۆڕان: 326 دەنگ
پارتی: 172 دەنگ
یەکێتی: 122
کۆی گشتی:
گۆڕان: 1982
یەکێتی: 1606
پارتی: 1497
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-05

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 617

## سکای نیوز: نرخی خانوبەرە لە کوردستان 50% دادەبەزێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082700514585912

بەپێی هەواڵی سکای نیوز کەرتی خانوبەرە لەهەرێمی کوردستان بەتەواوی رو لەداکشانەو نرخی خانو لەماوەی یەک ساڵی رابردودا 50% دابەزیوە.
ئاوێنە: تۆری میدیایی سکای نیوز ئاماژە بەوە دەکات کە نرخی خانوبەرە لەهەرێمی کوردستان خراپترین دۆخ بەسەردەبات، هۆکارەکەشی بەپرواى ئابورىناسان زياتر لەچەند فاکتەرێکە، لەوانە "ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، درێژەکێشانی شەڕی نێوان هێزەکانی پێمەرگەو چەکدارانی داعش، هەروەها ناکۆکی حزبە کوردییەکان و رێکنەکەوتنیان سەبارەت بەپرسی سەرۆکایەتی هەرێم."
ئەمە لەکاتێکدایە کە حکومەتی هەرێم وەک سکای نیوز دەڵێت "زیاتر لە 20 ملیار دۆلار قەرزارە، ئەمەش وایکردوە کە زۆربەی پرۆژەکانی بیناسازی بوەستین. ئابوریناسانیش هۆشداری دەدەن کە کەرتی خانوبەرە لەساڵی داهاتودا خراپتر دەبێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 26-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 618

## سۆران : ئەمساڵ 268 کەس دەچنە ماڵی خوا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072912362889398

یەک شەممە، 28 تەمموز 2013 08:02

ZKW : بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران دەڵێت، ئەمساڵ 268 کەس لە سنووری هەرچوار قەزای سۆران فەریزەی حەج جێبەجێ دەکەن، ئێستا ئامادەکاری بۆ چوونی حاجیان و خولی رێنمایی بۆیان دەکەینەوە و لە ناوەڕاستی مانگی 9 حاجیانی سۆران بەرەو سعودیە بەرێ دەکەون.

بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران وەیسی سەعید بۆ رادیۆی زاری کرمانجی گوتی: لە ناوەڕاستی مانگی 9 حاجیانی سنووری هەرچوار قەزای سۆران، مێرگەسۆر، چۆمان، رواندز کە 268 کەسن، لە نێوانیان دا 70 ئافرەتن لە رێگەی فڕۆکەخانەی نێو دەولەتی هەولێر بەرەو سعودیە بەرێ دەکەون.

بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران ئەوەشی گوت، ساڵانە پێش چوونی حاجیانی سۆران ئێمە خولی رێنمایی جۆراو جۆر لە بوارەکانی ئیداری و شەرعی بۆیان دەکەینەوە بۆ ئەوەی لە کاتی چوونیان بۆ سعودیە بتوانن بە ئاسانی بگەنە هەموو شوێنەکان، لەگەڵ ئەوەیش سەرجەم پێداویستیەکانی حەجمان بۆ دابین کردووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 619

## سۆران: لەماوەی شەش مانگدا روداوەکانی هاتوچۆ 135 هاوڵاتی کردوەتە قوربانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070813011989648

ئاکۆ حەمەد رابی، سۆران: بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی سۆران، ئیبراهیم ئەحمەد، ئەمڕۆ، دوشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، لەماوەی شەش مانگی ئەمساڵدا لەسنوری قەزاکانی سۆران- چۆمان- رەواندزو مێرگەسۆردا 85 روداوی جۆراوجۆری هاتوچۆ رویانداوە و لەئەنجامیشدا135 هاوڵاتی بونەتە قوربانی. کە لە و ژمارەیە 15 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و 120 هاوڵاتیش بریندارو کەمئەندامبون.
ئەوەشی رونکردەوە کە زۆربەی روداوەکانی هاتوچۆ لەرێگەی، هاملْتۆن، لەسنوری قەزای چۆمان رویانداوە و تەنها لەهەفتەی رابردودا 5 هاوڵاتی لە و رێگەیەدا گیانیان لەدەستداوە.
بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی سۆران هۆکارەکانی زۆری روداوەکانی هاتوچۆی لەناوچەکەدا گەڕاندەوە بۆ خراپی رێگە و بانەکان و خێرایی لێخورین و پابەندنەبونی شوفێران بەمەرج و رێنماییەکانی هاتوچۆ.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 08-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 620

## سۆران، زیاتر لە 200 کور و کچی شەهید دیاریی هاوسەر گیریان وەرگرتوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010612405086797

خەندان - راماڵ قەسرەیی
لە ساڵی 2013 چەندین خزمەتگوزاریی جۆراو جۆر پێشکەش بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی دەڤەری سۆران و رەواندز و باڵەکایەتی کراوە، کەسوکاری شەهیدانیش داوا دەکەن خزمەتگوزاری زیاتریان پێشکەش بکرێت و جیاوازیان لەنێواندا نەکرێت.
ئەشقی مەلا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی سۆران بەخەندانی راگەیاند: لە سنووری قەزای سۆران
2623شەهیدەی سەنگەر و 2012 شەهیدی هاوڵاتی و 220 ئەنفال و جینۆسایدیش ن هەیە.
ئەشقی مەلا وتیشی: لە ساڵی 2013 دا 220 پارچە زەوی نیشتەجێبوون بەسەر کەسوکاری ئەنفالکراواکان دابەشکردووە و چەکی خانوی خۆکردیش بەبڕی 27 ملیۆن و 500هەزار دینار وەک دیاری پێدراون.
وتیشی: "هەر لە ساڵی رابردودا 300پارچە زەویمان لەشاری هەولێر بەکەسوکاری شەهیدان داوە،100کەسیش لەوارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان خەرجیی نەشتەرگەریان بۆ کراوە و بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆرانیش لە زۆربەی بنکەکانی تەندروستیەکان بەشێکی تایبەت بەکەسوکاری شەهیدان کراوەتەوە.
بەڕێوەبەری شەهیدانی سۆران وتیشی: هەر لەساڵی 2013 دا 200 خوێندکاری کور و کچی شەهید لەسەر ئەرکی خۆمان رەوانەی زانکۆ ئەهلییەکان و پەیمانگاکانی ئێوارانی حکومی کردوە بۆ درێژەدان بەخوێندن، هەر لە ساڵی رابردودا 220 کور و کچی شەهید پێنچ ملیۆن دیناریان وەک دیاری هاوسەر گیری پێدراوە و 400 دایک و باوکی شەهیدی سەنگەریش مووچەی بەخێوکەریان بۆ پراوەتەوە کە بۆ هەریەکەیان مانگانە بڕی 75هەزار دینار بووە.
ئەشقی مەلا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی سۆران ئاشکرایکرد کە لە سۆران 20 گەڕەکی تایبەت بەکەس کاری شەهیدان هەیە کە زۆربەیان سەربە سەنتەری قەزای سۆرانن.
بۆ پلانیش ئەمساڵیش وتی: لەسەر ئاستی هەر سێ قەزای سۆران و چۆمان و رەواندز بە

ئامادەبوونی هەرسێ قائیمقام و سەرجەم بەڕێوەبەری ناحیە و فەرمانگە حکومییەکان و چەند وەزیرێکی پەیوەندیدار و نوێنەری حزب و لایەنە سیاسییەکان، بەنیازین کۆنفرانسێک لە سۆران ببەستین بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی کەسو کاری شەهیدان و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ ئەوەی کەسوکاری شەهیدان ئاسانتر لەجاران کارەکانیان لە فەرمانگە حکومییەکان بۆ رایبکرێت.
وتیشی، هەر لەبەرنامەمان دایە بۆ قۆناغی هەشت، ئەمساڵ زەوی بەسەر ئە و وارسی شەهیدانە دابەشبکەین کە تائێستا زەویان وەرنەگرتووە کە ژمارەیان لە سەرووی 400 شەهید دەبێت .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-06

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 621

## سی ئای ئەی ژمارەی چەکدارانی داعش ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140912125829774000

ئاژانسی ناوەندی هەواڵگری ئەمریکا CIA ئاشکرایدەکات، لە 80 وڵات زیاتر لە 15 هەزار چەکدار لە سووریا چوونەتە نێو داعش، لەو ڕێژەیەش 2 هەزار چەکدار لە وڵاتانی رۆژئاواوە هاتوون.
ریان تراپانی، گوتەبێژی CIA رایگەیاند، ئێستا ژمارەی چەکدارانی داعش لە نێوان 20 هەزار بۆ 31 هەزار و 500 چەکدار دەبێت، ئەمە لەکاتێکدا بەرپرسانی باڵای ئەمریکا و شرۆڤەکاران پێیانوابوو بەلایەنی زۆرەوە چەکدارانی داعش 10 هەزار چەکدار دەبن.
بە گوتەی تراپانی، لە مانگی حوزەیرانەوە تاوەکو ئێستا ژمارەی ئەو چەکدارانەی دەبنە داعش رووی لە زیادبوون کردووە، بەپێی گوتەکانی ئەو هێزی داعش دوو هێند بووە.
بەرپرسانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا راگەیاندووە، لە ئێستاوە فڕۆکە هەواڵگرییەکان بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەستیان بە گەڕان کردووە لە ئاسمانی سووریا. هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن گورزە گەورەکە بەم نزیکانە دەستپێناکات، بەڵام هەر کە کات و شوێنی خۆی هات ئەمریکا دەستپێدەکات.
دوێنێ پێنجشەممە 2014/08/11 باراک ئۆباما، سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا وتارە چاوەڕوانکراوەکەی خۆی پێشکەشکرد و چوار هەنگاوی سەرەکی بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی لە داعش راگەیاند.
ئۆباما گوتی: "داعش دەوڵەت نییە و لقێکی قاعیدەیە، هیچ روانگەیەکیشی نییە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، لە هەرێمێکدا کە پشێوییەکی زۆر هەیە توندوتیژی بەکارهێناوە و ژن و منداڵی کوشتووە، خەڵکی بێگوناهی کوشتووە و جینۆسایدی ئەنجامداوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-09-12

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 622

## سێ هەزار خوێندکاری ئەنبار لە کوردستان دەخوێنن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140514155546763009

ئەمڕۆ چوارشەممە 14ی ئایاری 2014، د. عیسمەت محەمەد، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی خاتوو لیقا، ئەندام پەرلەمانی عیراق، قوتابخانەی ئاوارەکانی پارێزگای ئەنباری لە شاری هەولێر بەسەرکردەوە.

لە میانەی سەردانەکەیدا وەزیری پەروەردە ژووری مامۆستایان و هۆڵەکانی خوێندنی هەردوو قوتابخانەی دواناوەندی سەیوانی تێکەڵاو و کاژوانی بنەڕەتی، کە تایبەتن بە ئاوارەکانی پارێزگای ئەنبار لە شاری هەولێر بەسەرکردەوە و گوێی لە سەرنج و تێبینی مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکان گرت و بەڵێنی پێدان هەموو پێداویستیەکانی خوێندنیان بۆ دابین بکات.
لە وتەیەکیدا وەزیری پەروەردە وتی: "ئێمە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئاسانکارییەک بۆ ئاوارەکان دەکەین بۆ ئەوەی ئەم ساڵی خوێندنیان بە فیرۆ نەچێت وبەردەوام دەبین لەگەڵیان تا دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان ."
لە هەرێمی کوردستان چوار قوتابخانە بۆ ئاوارەکانی پارێزگای ئەنبار تەرخان کراوە، کە دووانیان لە شاری هەولێرن و دووانیش لە شارۆچکەی شەقڵاوە، کە نزیکەی 3000 قوتابی لە خۆ دەگرن و پرۆگرامی خوێندنی وەزارەتی پەروەردەی عێراق دەخوێنن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 14-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ئێراقIQ |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 623

## سێ کرێکاری تر لە هەولێر گیانیان لەدەست دا

http://www.kurdipedia.org/?q=20131120155633877734

دوای ئەوەی دوێنێ سێ کرێکار لە سنوری پارێزگای هەولێر گیانیان لەدەست دا، ئەمڕۆش بەهەمانشێوە سێ کرێکاری تر بەرووداوی جۆراوجۆر گیانیان لەدەست دا، بەمەش لەماوەی نۆ رۆژدا نۆ کرێکار لە هەولێر گیانیان لەدەست داوە."
حەسەن رەمەزان لێپرسراوی راگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: ئەمڕۆ 20 سێ کرێکار بە رووداوی جۆراوجۆر گیانیان لەدەست دا.
حەسەن رەمەزان وتی: "یەکێک لە و کرێکارانە لە گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر بەهۆی تەزووی کارەبا گیانی لەدەست دا"، ئاماژەی بەوەشدا کە دوو کەسەکەی تر کە برای یەکترن لەسەر رێگای هەولێر گوێر لەناو کارگەیەکی دروستکردنی شیشی خانوو گیانیان لەدەست داوە.
لێپرسراوی راگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان ئەوەشی خستەڕوو کە: ئەو رووداوە لەکاتێکدایە دوێنێ سێ کرێکاری تر لەناو پاڵاوگەیەکی نەوت گیانیان لەدەست دا، بەمەش لەماوەی نۆ رۆژی رابردوودا نۆ کرێکار بەشێوەی جۆراوجۆر لە هەولێر و دەوروبەری گیانیان لەدەست داوە، لەماوەی ئەمساڵدا 28 کرێکار لە هەولێر گیانیان لەدەست داوە.
روونیشیکردەوە کە نوێنەری لقی هەولێری سەندیکای کرێکاران سەردانی شوێنی روداوەکانی کردووە و بۆ ئەو مەبەستە لیژنەی تایبەتی پێکهێناوە، لەماوەی رابردووش چەندین کۆمپانیای داوەتە دادگا بەهۆی خراپی شوێنی کارکردنی کرێکاران.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 20-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 624

## سێیەم حاجی هەرێم لە سعودیە کۆچی دوایی کرد

http://www.kurdipedia.org/?q=20131022091806882 48

دوای تێپەربوونی 20 کاتژمێر بەسەر کۆچی دوایی دووەم حاجی هەرێمی کوردستان لەشاری مەککە سێیەم حاجی هەرێمی کوردستان بەناوی (عەبدولکەریم عەبدوڵلا قادر) لەدایک بووی سالی 1961 دانیشتووی تۆبزاوەی شاری هەولیر، کۆچی دوایی کرد.
بەپێی راگەیندراوێکی تیمی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە مەککە، کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، دکتۆر نورەدین، سەرۆکی تیمی پزیشکی لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند:" حاجییە کۆچکردووەکە نەخۆشی سەرەتانی لە جەرگ دا هەبووە و خۆشی زانیاری هەبوو بەر لەهاتنی بۆ سەفەر و پێشتر نەخۆشیەکەی دیاری کراوە ."
جێگەی ئاماژە پیدانە، کە سێ هەزار و (717) حاجی هەرێمی کوردستان لە شاری مەککەی عەرەبستانی سعودیە چاوەرێی هاتنی وادەیی گەرانەوەیان دەکەن بۆ هەرێمی کوردستان، لەماوەی رابردووشدا، سێ حاجی کورد لە مەککە کۆچی دوایی یان کرد، کە ئەوانیش بریتین لە (تاهیر سالح سەعید) دانیشتووی شاری هەولێر (نەریمان غەفور شەریف) دانیشتووی تەکیەی سلێمانی و (عەبدولکەریم عەبدولا قادر) دانیشتووی شاری هەوێر.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 625

## سەدا 90ی پێنجوێن لە مین و تەقەمەنی پاک نەکراوەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140913180112 77443

جەمال سەرگەتی
قایمقامی قەزای پێنجوێن رایگەیاند، رووبەرێکی زۆر مین لە قەزاکەدا بوونی هەیە بەڵام تا ئێستا سەدا 10ی قەزاکەدا پاکراوەتەوە و سەدا 90ی ماوە، هەوڵیش دەدرێت ئە و رووبەرەی کەماوە پاک بکرێتەوە.
عەلی رەئوف، قایمقامی قەزای پێنجوێن بە خەندانی راگەیاند: ئەگەر چی قەزای پێنجوێن لە سالأنی رابردوودا بووبووە مەنزڵگایەک بۆ شەڕی عیراق –ئێران و شەڕی هەشت ساڵەی تیادا ئەنجامدرا ئەوەش بووە هۆی ئەوەی رووبەرێکی زۆر لە قەزاکە و دەوروبەری قەزاکە مین و تەقەمەنی تێدا هەبێت قەزاکە مین رێژ کرابوو تا ئێستاش ئە و مین و تەقەمەنیانە بوونیان هەیە لە ناوچەکەدا.
وتیشی: "تا ئێستا بەهاوکاری لایەنی پەیوەندیدار توانیومانە لە 10 % ئە و ناوچانە پاک بکەینەوە کە مینی تیادایە و لە 90 % کێڵگەکانی مین و تەقەمەنی ماون کە پاک بکرێنەوە، ئەمەش رێژەیەکی زۆرە و پێویستە حکومەتی هەرێم و لایەنی پەیوەندیدار بایەخی زیاتر بدەن بە ناوچەکە تا ئە و رووبەرەی کە ماوە لە مین و تەقەمەنی پاک بکرێتەوە."
قایمقامی پێنجوێن راشیگەیاند: هەوڵ دەدەن ئە و رووبەرەی کە ماوە و مین و تەقەمەنی تێدایە کێڵگەکانیان پاک بکرێنەوە و زەوییەکانیان رادەستی خاوەنەکانیان بکەنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | پێنجوێن |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 626

**سەرۆکایەتی پەرلەمان لەساڵی 2013 زیاد لە 36 ملیار دیناری خەرجکردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140603100422765 78

پەرلەمانی کوردستان، بێجگە لە موچەی پەرلەمانتاران، پڕی 36 ملیار و 678 ملیۆن دیناری لەساڵی 2013 خەرجکردووە، ئەمەش ناڕەزایی بەشێک لەپەرلەمانتارانی لێکەوتەوە و بەزیادەڕۆیی ئێجگار زۆر ناوی دەبەن .

ڕۆژنامەی هاوڵاتی لەژمارەی ئەمڕۆیدا سێشەممە (3 حوزەیران 2014) بڵاویکردەوە، بەپێی بودجەی خیتامی ساڵی 2013، پەرلەمانی کوردستان زیاتر لە 48 ملیار دیناری خەرجکردووە، 11 ملیار و 322 ملیۆنی بۆ موچەی پەرلەمانتاران و ئەوی دیکەشی کە دەکاتە 36 ملیار و 678 ملیۆن دینار بۆ خەرجیەکانی پەرلەمان و ئیفاد و بانگهێشتنامە و راوێژکارانی پەرلەمان خەرجکردووە .

دلێر مەحمود، ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان لە لیژنەی دارایی و ئابوری ئاماژە بەزیادەڕۆیی خەرجیەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکات لە ساڵی 2013، بەتایبەت لە ئیفاد و داوەتکردندا، بۆ ئە و مەبەستەش لیژنەی دارایی سەرۆکایەتی خولی رابردووی پەرلەمانی ئاگادار کردۆتەوە .

بەوتەی دلێر مەحمود، " کۆمەڵێک پارە لەپەرلەمان خەرجدەکرێت مەسائیلی سیاسییە"، وتیشی: ئێمە ئە و کاتە (خولی رابردوو) بەسەرۆکایەتی پەرلەمانمان وت کە زیادەڕۆیی ئێجگار زۆر لەئیفاد و داوەتکردندا هەیە، تەئکیدمان کردەوە کەکەمبکرێتەوە بەتایبەت داوەتە تایبەتەکان .

لەکۆی 49 ملیار دیناری بودجەی پەرلەمان زیاد لە 48 ملیار دیناری لەلایەن پەرلەمانەوە خەرجکراوە ساڵی 2013 ئە و کاتەی ئەرسەلان بایز، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بوو

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 627

**سەرۆکی شارەوانی سوری ئامەد ئاشکرای دەکات تائێستا 38 سەرۆک شارەوانی کورد لەزیندانەکانی تورکیادا ماونەتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130210175626756 91



سەرۆکی شارەوانی سوری ئامەد ئاشکرای دەکات تائێستا 38 سەرۆک شارەوانی کورد لەزیندانەکانی تورکیادا ماونەتەوە و هیچ کەسێکیش ئازادنەکراوە، ئەوەش دوای دەرچوونی بڕیاری بێتاوانی 98 سەرۆک شارەوانی دێت کە لەماوەی رابردوودا بەتۆمەتی سیاسی دادگاییکران.
لەچەند رۆژی رابردوودا، دادگای کۆماری تورکیا 98 سەرۆک شارەوانی کوردی لەباکوری کوردستان بەبێ تاوان دەکرد، کە لەسەر چەند دۆسیەیەکی سیاسی رووبەڕووی دادگا کرابوونەوە
دەستبەسەرنەکرابوون، بەڵام جگە لەوان، هێشتا دەیان سەرۆک شارەوانی تر دۆسیەکانیان یەکلاییەنەکراوەتەوە لەزیندانەکاندا بەندکراون.
عەبدوڵڵا دەمیرباش، سەرۆکی شارەوانی سوری ئامەد، بەهاوڵاتی وت «راستە بەشێکیان بێتاوان دەرچوون، بەڵام تەنیا گەورەکردنی راگەیاندنو جێگای بایەخ نیە، چونکە ئێمە 38 سەرۆک شارەوانیمان لەزیندانەو تائێستا ئازادنەکراون.»
دەمیرباش ئەوەشی خستەڕوو کە زۆرینەیان ئەو سەرۆک شارەوانیانەی لەزینداندان بەتۆمەتی کاری سیاسی گیراون، لەکاتێکدا تەنیا تاوانیان کوردایەتی بووەو بەهەموو توانایانەوە خزمەتی هاوڵاتیانیان کردووە.
سەرباری سەرۆک شارەوانیەکان، زیندانەکانی تورکیا بەهەزاران کوردی باکور پڕکراونەتەوەو چارەنووسی دۆسیەکانیشیان دیارنیە.
محەمەد تەمیزیوز، بەڕێوەبەری رێکخراوی زیندانیانی باکوری کوردستان، بەهاوڵاتی وت «لەباکور زیاتر لە12 هەزار زیندانی هەیە بەژنو منداڵو پیاو چالاکوانەوە، کە لە 81 زیندانی تورکیاو باکوردا دەستبەسەرن.»
ناوبراو جەختیکردەوە تائێستا هیچ زیندانیەک ئازادنەکراوەو وتیشی «تورکیا تەنیا پاگەندەی راگەیاندن دەکاتو باوەڕمان نیە تاوەکو زیندانیەک رزگاری نەبێت.»
سەرچاوە: دانا رەزگەیی - ماڵپەڕی هاوڵاتی - 10-02-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 628

## سەرۆکی دەستەی دەسپاکی: لەحەوت مانگدا 100 سکاڵامان لەسەر گەندەڵی بۆ هاتوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032416564584983

هەمواری پەرلەمان سەبارەت بەکاروبارەکانی دەستەی دەسپاکی هەرێم هێشتا ئیشی پێناکرێت، سەرۆکی دەستەی گشتی دەسپاکی وا دەڵێت.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی گشتی دەسپاکی هەرێم سەبارەت بەکاری دەستەکەیان لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە رایدەگەیەنێت، لایەنی یەکەم کە قۆناغی پڕکردنەوەی فۆرمەکانە تەواومان کردوە، بەڵام لایەنێکی تر کە پشکنینە، تائێستاش گرفتمان ئەوەیە دوای ئە و هەموارکردنەوەی لەپەرلەمان ئەنجامدرا، بەمەبەستی دانانی سەلاحیەت بۆ دامەزراندنی موحەقیق هێشتا بەباشی نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە و ئیشی پێناکرێت.
دەشڵێت، هەریەک لەوەزیرانی پێشمەرگە و سامانە سروشتیەکان هێشتا فۆرمی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانی خۆیان نەگەڕاندوەتەوە.
حاکم ئەحمەد، ئاماژەشدەدات، ئامارێکمان نییە سەبارەت بەرێژەی گەندەڵی، چونکە ئەمە تاوانێکە لەتاریکیدا بەڕێوەدەچێت و رەنگە هەموی سکاڵای لەدژ تۆمارنەکرێت، بەڵام لەشەش تا حەوت مانگی رابردودا 100 سکاڵامان بۆ هاتوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-03-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 629

## سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە ئاماری کاروچالاکیەکانی دەخاتەڕوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2014123110183784458

جەمال سەرگەتی
سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماری کار و چالاکییەکانی ساڵی 2014 دەخاتەروو، راشیدەگەیەنێت، بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانراوە سەرجەم پرۆژەکان جێ بەجێ بکرێن.
خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بە خەندانی راگەیاند، ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا سەرجەم کار و چالاکییەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجەیان راگەیاند، کە لە ساڵی 2014 ئەنجامدراون.
وتیشی: "سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە بەپێی 95 ملیار دینار لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە، پرۆژەی خزمەتگوزاری جێبەجێ کردووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە بەشێکی زۆری ئە و پرۆژانە لەکارکردن وەستاون بەشێکی تریان جێ بەجێ کراون.
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، ئەمساڵ وەک شارەوانی هەڵەبجە توانیویانە زیاتر لە هەزار و 500 پارچە زەوی بەسەر سەرجەم چین و توێژەکانی شاری هەڵەبجە دابەش بکەن و سودمەندیان بکەن لە زەوی وەرگرتن.
ئەوەشی خستەڕوو: "600 پارچە زەویمان دابەش کردووە بەسەر وارسی شەهیدان، گرفتی تاپۆی زەویمان چارەسەر کردوە، بەشێک لە و گرفتە ماوە ئەویش چارەسەر دەکەین."
سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە راشیگەیاند: "هەر لەمساڵدا کارمان کردووە بۆ ئەوەی قەرەبووی جوتیاران بکەینەوە، کارمان کردووە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی دەرەوە گرنگی پێ بدەین."
خدر کەریم وتیشی: "ئەگەر قەیرانی دارایی لە ساڵی 2015 چارەسەر بکرێت، ئەوا پلانمان هەیە بۆ ئەوەی پرۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر جێ بەجێ بکەین و هەروەها ئەوانەی زەویان وەرنەگرتووە زەویان پێ بدرێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 630

## سەرەڕای بارانی زۆر، ئاوی بەنداوی دوکان کەمی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032416532784982

هەڵوان جەلال
سەرەڕای ئە و بارانە زۆرەی کە ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان باری، بەڵام بارودۆخی ئاو لە وەرزی گەرمای ئەمساڵدا باش نابێت، بەتایبەت ئە و ناوچانەی سوود لە ئاوی بەنداوی دوکان وەردەگرن، هەرچەندە ساڵی پار لەچاو ئەمساڵ باران 100 ملم کەمتر باریوە، بەڵام ساڵی رابردوو بارودۆخی بەنداوی دوکان باشتر بووە لەچاو ئەمساڵ.
لە و بارەیەوە حەمە تاهیر جەلال عەزیز بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ خەندان روونیکردەوە، "وەرزی ئاو لە کوردستان لە مانگی 10ەوە دەست پێ دەکات تا کۆتایی مانگی 5، ئەوماوەیە هەڵگرتنی ئاوی باراناوە، لە مساڵدا تا ئێستا بەنداوی دوکان تەنها 5 مەتر و 48 سانتیم ئاوەکەی بەرزبۆتەوە لە ئاستی خۆی، ئەمە لە کاتێکدایە کە نزیکەی دوو مانگ ماوە لە وەرزی هەڵگرتنی ئاو و هێشتا بەفری کوێستانەکان ماون بتوێنەوە، کە ئەمەش رێژەیەکی دیکە لە ئاو بەدەست دەهێنێت بۆ بەنداوەکە."
بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان ئەوەشی خستەڕوو، "ئاستی دەریاچەی دوکان لەڕووی دەریاوە 511م بەرزە، بەڵام ئێستا 487.68 مەتر بەرزە، واتا هێشتا نزیکەی 24 مەتر ماوە بەنداوی دوکان ئاوەکەی بەرزبکاتەوە."
هەرچەندە ئەمساڵ رێژەی باران 100 ملم زیاتر باریوە لە چاو ساڵی رابردوو، بەڵام هێشتا بەنداوی دوکان 2 مەترو 44 سانتیم نزمترە لە و ئاستەی کە ساڵی رابردوو بەنداوەکە هەیبووە، بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان هۆکارەکەی بۆ چەند خاڵێک دەگێڕێتەوە، کە "لەماوەی وەرزی کۆکردنەوەی ئاودا رێژەیەکی زۆریان لە ئاوی بەنداوەکە بەرداوەتەوە لەبەر پێویستی و هەروەها بۆ بەکارخستنی وێستگەکانی کارەبا، جگە لەم هۆکارانەش رێژەی هاتنی ئاوی زێی بچوک لە ئێرانەوە کەمی کردووە، وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات هۆکارەکەی نەزانراوە، بەڵام دەنگۆی ئەوە هەیە کۆماری ئیسلامی ئێران دوو بەنداوی لەسەر روباری زێی بچوک دروست کردبێت، بۆ ئەوەی روباری ورمێی پێ ببوژێنێەوە."
دەشڵێت: "تائێستا چەند لیژنەیەک لە هەرێمی کوردستانەوە چوون بۆ ئێران بەڵام هیچ زانیارییەکیان دەست نەکەوتووە."
سەبارەت بە کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر کارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکەی، حەمە جەلال عەزیز رونیکردەوە، "بێگومان کاریگەری زۆری دروست کردووە، هەموو ئە و بودجانەی کە بۆ کارەکانمان دانرابوون ئێستا پردراوە، تەنانەت ئێمە داوای 10 ملیۆن دینار دەکەین بۆ کاری سیانە، بەڵام وەزارەتی دارایی دەڵێت پارەمان نییە، بەڵام ئەگەر یەک ئامێرمان بشکێت زیاتر لە 100 ملیۆن دیناری تێدەچێت."
جێی باسە بەنداوی دوکان یەکێکە لە بەنداوە گەورەکان لە کوردستان و عیراق، توانای هەڵگرتنی 7 ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە، کە لە ئێستادا تەنها 2.2 ملیار مەتر سێجا ئاوی تیایە، رووبەری بەنداوەکە بەپری، 270 کیلۆمەتر دوجا دەبێت، بەڵام ئێستا نزیکەی 110 کیلۆمەتر دوجایە، چاوەڕوان دەکرێت لەم دوو مانگەدا بەهۆی توانەوەی بەفری کوێستانەکان ئەم رێژەیە زیاتر بێت، بەنداوی دوکان 140 کارمەندو ئەندازیار و شارەزا کاری تیادا دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 631

**سەعدیە و جەلەولا... تەرمی 12 پێشمەرگە دۆزراونەتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150218095943847\u200985

هێمن محەمەد
لەدوای کۆتاییهاتنی شەڕ لە جەلەولا و سەعدییە و وەدەرنانی چەکدارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە و ناوچانە، لە حەوت گۆڕی بەکۆمەڵدا تەرمی 12 پێشمەرگە و دەیان هاوڵاتی و ژن و منداڵ لە و ناوچانە دۆزراونەتەوە.
جەبار محەمەد، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان بە خەندانی ڕاگەیاند: "دوای وەدەرنانی چەکدارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە جەلەولا و سەعدییە، تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە حکومەتی هەرێم و تیمێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراق، لە ڕۆژی 7 ی کانونی دووەمی ئەمساڵ دەستمانکرد بە دۆزینەوە و هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئە و دوو ناوچەیە."
وتیشی: "لە سێ گۆڕدا تەرمی 12 پێشمەرگە-مان دۆزیوەتەوە و دوای پشکنینی پزیشکیی سەرجەمیان ڕادەستی خێزانەکانیان کراونەتەوە".
بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی گەرمیان، ئاماژەی بەوەشکرد: "ئێستا لە و ناوچانە تەرمی نەدۆزراوەی پێشمەرگە نییە و سەرجەمی ئە و پێشمەرگانەی لە سەعدییە و جەلەولا شەهید بوون تەرمەکانیان گەیەندراوەتەوە کەسوکاریان."
ئەوەشی خستەڕوو: "سەرەتا کە ڕۆیشتووینەتە ناوچەکە میلیشیاکانی عەسائیب ئەهلی حەق-ی شیعەی تێدا بوون و لە سەرەتاوە ویستوویانە ڕێگرییمان لێبکەن، بەڵام دواتر ئێمە داوای هێزی پێشمەرگەمان کرد، پاش ئەوەی پەنجا پێشمەرگەیان بۆ ناردین ئە و میلیشیایانە ڕێگرییان لە کارەکانمان نەکردووە."
باسی لەوەشکرد، لە و حەوت گۆڕە بە کۆمەڵەدا تەرمی دەیان ژن و منداڵیش دۆزراونەتەوە، تەرمی تێدا بووە خەڵکی موسڵ و ناوچەکانی تری ئە و پارێزگایە بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-02-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💣تاوانی جەنگ
شارەکان: خانەقین
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 632

## سەعدیە؛ تەنها ئەم مانگە 100 خێزان ئاوارەبوون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122411193587102

بەڕێوەبەری ناحیەی سەعدیە ڕایگەیاند: تەنها ئەم مانگە زیاتر لە 100 خێزان لەسەعدیە ئاوارەبوون و زۆرترینیشیان کوردن.
ئەحمەد زەرگۆشی بەڕێوەبەری ناحیەی سەعدیە ڕاشیگەیاند: بەهۆی هەڕەشەی تیرۆریستانەوە ئەمساڵ زیاتر لە 600 خێزان لەسەعدیە ئاوارەبوون، هەروەها ئەنوەر حسێن بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولاش بەکوردستانی نوێ-ی ڕاگەیاند: لە 2008ـەوە تائەمساڵ زیاتر لە هەزارو 600 خێزان، کە 50% یان کوردن، سنوری جەلەولایان جێهێشتووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 24-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 633

## سەنتەری میترۆ ئاماری پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنانووسان رادەگەیەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014033100400796321

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی رۆژنامەنوسان، لە یادی سەدو شازدە ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا، وێرای پیرۆزبایی لە رۆژنامەنوسانی کوردستان رایدەگەیەنێت، دەزگا بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێم هەنگاوی جدییان نەناوە بۆ سەروەری یاسا، دیاردەی دەربازبوون لە سزا باڵی بەسەر ژینگەی ئازادی رۆژنامەگەریدا کێشاوە.

لە راگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان رایدەگەیەنێت: "ئەمڕۆ بەڕێزەوە لەبەردەم کاروانی شەهیدانی رۆژنامەگەری کوردیدا، دەوەستین و سەر رێزو نەوازش دادەنوێنین بۆ ئەوانەی لە پێناوی راگەیاندنی راستیدا، گیانیان لەدەستدا. دەپرسین کێ سۆرانی مامە حەمەی تیرۆر کرد؟. کوا بکوژانی سەردەشت عوسمان؟. بۆ بەرژەوەندی کێ (ئامەد)ی کوڕی رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی بێ باوک کرا؟. وەڵامی ئەم پرسیارانەش تا هەنوکە بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، بکوژانی رۆژنامەنووس یان دیار نین، یان دیارن و دەستی یاسا نایانگاتێ ."

هەروەها هاتووە: "سبەینێ یادی 116 ساڵەی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی دەکەینەوە، سەنتەرەکەمان سەرنجی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان، بەلای ئە و ژینگەدا رادەکێشێت کە رۆژنامەنوسان کاری تێدا دەکەن، ژینگەیەک کە توندوتیژی و رێگرییەکانی رۆژانەی بەردەم کارەکان، پێنەدانی زانیاری و جیاوازیکردن لە پێدانی زانیاری، دەربازبوون لە سزا لە تاوانەکانی بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان، گرنگترین ناونیشانەکانییەتی."

سەنتەری متیرۆ ئەوەشدەڵێت: "یاساکانی کاری رۆژنامەنووسی و پێدانی زانیاری، لەمپەری زۆری لەبەردەمدایە زانیارییە رەسمیی و گرنگەکان روناکی ناگاتێ پیشێلکارییەکان بەرامبەر ئازادی رۆژنامەگەری، لە لایەن هێزی ئەمنی و عەسکەری بە بەرگی رەسمییەوە، یان هێزی بێ کۆنترۆڵی حزبەکان بەبەرگی مەدەنییەوە، ئەنجام دەدرێن."

لێکۆڵینەوەکان لە کەیسی توندوتیژی و روداوی کوشتن، یان ئەنجامیان نایێت، یاخود ئە و دەرئەنجامانە قایلکەرو مونسیف نین بۆ قوربانییەکان. ژینگەیەک کە لە راپۆرتی پێشوماندا ناومان نا بوو "تاوانەکان بە بێ سزا"، تێدەپەڕن.

لەماوەی چوار مانگی رابردوودا سەنتەری میترۆ 60 کەیسی بۆ رۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی راگەیاندنی کردوەتەوە، لەناو ئەم کەیسانەدا، 72 پێشێلکاری تۆمار کراون، لێدان و دەستبەسەرکردن و کامێرا شکاندن، رێگری و پێنەدانی زانیاری، دەسبەسەرکردن و هەڕەشەی تێدایە، سەرباری سەرهەڵدانەوەی هەوڵەکانی تەشویش لەسەر کەناڵی ئۆپۆزسیۆن و هاککردنی وێب سایتە ئەهلی و سەربەخۆکان.

پێشێلکاریەکانیش بەم شێوەیە بوون:

لێدان: 22

زوتکرکردنی کەلەپەلی رۆژنامەوانی: 12

رێگری لە روماڵکردن : 12

دەسبەسەرکردن: 9

هەڕەشەکردن: 6

شکاندنی کامێرا : 5

هەوڵی تەشویش لەسەر کەناڵ و هاکردنی پێگەکان: 6

دەربازبوونی کارمەندانی یاساشکێن لەناو هێزە ئەمنییەکان، پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە و پاسەوانی کۆمپانیاکان کۆتایی نەهاتووە. بەردەوامبونیشی متمانەی هاوڵاتیان بە سەروەریی یاسا لاواز دەکات و شکۆی یاساکانی پەرلەمانی کوردستانیش، دەشکێنێت.

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسان رایدەگەینێت، هەرێمی کوردستان ژینگەیەکی لەبارە بۆ دەربازبوون لە سزا، تاوانەکانی بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان بە بێ سزا تێدەپەڕن. ئەم دیاردەیەش ئەزمونی حوکڕانی کوردستانی خستۆتە بەردەم پرسیاری دەیان رێکخراوی بەناوبانگی جیهانی و ناوخۆیی.

میترۆ لەم رۆژەدا داوادەکات، " توندوتیژی و هەڕەشە و بەربەست دانان بەرامبەر بە کاری رۆژنامەنووسی کۆتایی پێبێت. تۆمەتبارانی کەیسیەکانی کوشتن و هێرشکردنە سەر رۆژنامەنووسان وەک تاوان تەماشا بکرێت وبەبێ سزا تێنەپەڕێن."

میترۆ ئەمساڵ، وەک هاوبەشێک بەشداره لە پرۆژەی کۆتایی هێنان بە دیاردەی (دەربازبون لە سزا)، کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیری (UNESCO) رایگەیاندوە. ئەم پرۆژەیەی (METRO) بە هاوکاری ڕێکخراوی پاڵپشتی میدیای نێودەوڵەتی(IMS)، جێبەجێی دەکات. داوای هاوکاری هەموتان دەکەین.
سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان، ڕێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە لە ناوەراستی ئابی ساڵی 2009 لە شاری سلێمانی لە لایەن، کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوس و پارێزەر(رازاو شەریف، هیوا عوسمان، عمار الشابندر، توانا عوسمان، رەحمان غەریب) دامەزراوە، مۆڵەتی رەسمی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتوە. تا کۆتایی ساڵی 2010 لەلایەن پەیمانگای رۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی (IWPR) پاڵپشتی کراوە. لە تەموزی ساڵی 2010 لە کۆنفرانسێکدا لە شاری هەولێر ئەندامانی بۆردی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردران. سڵانی 2011 و 2012 و 2013 راپۆرتی ساڵانەی لەسر رەوشی ئازادی رۆژنامەنوسی لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 634

## سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەروونی کەلار، پێشوازی کردووە لە 540 نەخۆش

http://www.kurdipedia.org/?q=20150505132658852 32

لەمساڵدا سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەروونی کەلار، پێشوازی کردووە لە 540 نەخۆش زیاتر کە چارەسەرو رێنمایی تەندروستی پێشکەش کردوون، هەروەها بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلاریش زۆرترین هاوڵاتی بۆ نەخۆشی شەکرە سەردانی ئە و نەخۆشخانەیان کردووە.
سەنتەری راهێنان و چارەسەری دەروونی کەلار، یەکێکە لە سەنتەرەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، کەماوەی کەمتر لە دووساڵە دامەزراوە و یەکەم سەنتەری لەوشێوەیەیە کەلە دەرەوەی سەنتەری پارێزگاکان کراوەتەوە.
بەپێی ئامارەکانیان، ئەم سەنتەرە لەماوەی چوار مانگی ئەمساڵدا، 544 نەخۆش سەردانی کردوون و ئەوانیش چارەسەری پێویستیان بۆ کردوون و رێنماییان پێشکەشکردوون.
سەنتەرەکە جگە لە بینین و چارەسەری نەخۆش، چەندین چالاکی هۆشیاریی ئەنجام دەدات، لەوچوارچێوەیەشدا، لە و چوار مانگەدا، 218 سیمیناری لە باخچەکانی ساوایان و قوتابخانەکان و نووسینگەکانی شۆفێری ئەنجامداوە، هەروەک 15 بەرنامەی رادیۆیی و 2 بەرنامەی تەلەفزیۆنی سازداوە، لەگەڵ ئەنجامدانی 12 خولی راهێنان بۆ کارمەندانی تەندروستی.
هاوکات، بە پێی راگەیەندراوێکی بەشی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لەماوەی مانگی رابردوودا، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار، پێشوازیی لە (7540) حاڵەتی نەخۆشی جۆراوجۆر کردووە، نەخۆشییەکانی شەکرە لەپێشەوەی نەخۆشیەکانی دیکەیە کە بەهۆیەوە هاوڵاتیان سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردووە.
بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار، لە مانگی نیسان دا، (7540) هاوڵاتی نەخۆش سەردانی کردوون، لە و رێژەیەش: (45) نەخۆشی کۆئەندامی هەرسیان هەبووە، هەروەک (79) نەخۆشی کۆئەندامی هەناسەدان و (101) نەخۆشی کۆئەندامی سوری خوێن و (5) نەخۆشی کۆئەندامی دەمار هەبوون.
هەربەپێی ئامارەکە، (6) نەخۆشیی بواری کۆئەندامی عەقڵیی و (115) نەخۆشی کۆئەندامی میزەڕۆ هەبووە، هەروەک (290) هاوڵاتی نەخۆشی شەکرەیان هەبووە.

لەبارەی ڕووداوەکانیشەوە، لەمانگی نیساندا لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار، (233) حاڵەتی شکاوی، (152) حاڵەتی برینداربوون، (43) حاڵەتی سوتاویی، (2) حاڵەتی ژاراویی بوون تۆمارکراوە.
هەروەها (65) حاڵەتی برینداربوون بەرووداوی هاتوچۆ، (13) حاڵەتی کەوتنەخوارەوە، (13) حاڵەتی برینداربوون بە فیشەک و ئامێری تیژ، تۆمارکراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 🖊تەندروستی

شارەکان: کەلار (گەرمیان(

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 635

## سەندیکای رۆژنامەنووسان راپۆرتی شەش مانگی پێشێلکارییەکانی بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011114201886722

خەندان رەهێل سەمەد
بڕیارە لەچەند ڕۆژی داهاتوو دوازدە هەمین ڕاپۆرتی شەش مانگی پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان بڵاو بکرێتەوە و بە گوێرەی وتەی بەرپرسان سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لەم ڕاپۆرتەدا دزینی بابەتی ڕۆژنامەنووسی لە لایەن کاڵەکان لە یەکتر بە پێشێلکاری هەژمار دەکرێت، ئاماژە بەوەدەشکرێت پێشێلکارییەکانی شەش مانگی رابردوو زیادیکردووە.
حەمید بەدرخان، سەرۆکی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان بە خەندانی ڕاگەیاند: ئامادەکارییەکان بۆ ڕاگەیاندنی دوا ڕاپۆرتی شەش مانگی 2013 کە بە ڕاپۆرتی 12 دادەنرێت، لەبارەی پێشێلکارییەکانیشەوە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان تەواوکراوە و لەچەند ڕۆژی داهاتوودا ئە و ئامارانە ڕادەگەیەنن.
حەمید بەدرخان وتیشی: "ڕێژەی پێشێلکارییەکانی شەش مانگی رابردوو بە بەراورد بە شەش مانگی پێشتر زیادیکردەوە، ئەویش زیاتر لە مانگی ئەیلولی 2013 تۆمارکراوە، کە مانگی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو."
سەرۆکی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان ئەوەشی خستەروو: "ڕاپۆرتی ئەمجارە جیاواز دەبێت لە ڕاپۆرتەکانی دیکە، چونکە لەم ڕاپۆرتە دزینی بابەتی ڕۆژنامەوانی لەنێوان کەناڵەکان بە پێشێلکاری هەژماردەکرێت، بۆ ئەمەش لە ڕاپۆرتەکە باسی لێوە دەکرێت."
بەدرخان ئاماژە بەوەشدەکات: هاوکات پێشێلکاری خودی کەناڵەکان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان بە هەمانشێوە بە پێشێلکاری دانراوە و لە و ڕاپۆرتەی بڵاوی دەکەنەوە ئاماژە بە و کەناڵانە دەکەن کە پێشێلکاریان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجامداوە.
لە ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2013 کە بەڕاپۆرتی 11 دەناسرێت، 20 پێشێلکاری بەرامبەر 30 ڕۆژنامەنووس ئەنجامدراوە، لە و 20 پێشێلکارییە، سێ حاڵەتی دەستگیرکردن و شەش حاڵەتی لێدان و هەشت حاڵەتی ڕێگەنەدان و سێ حاڵەتی هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسان تۆمارکراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 636

## سەندیکای ڕۆژنامەنووسان: لە 10 ڕۆژدا لە هەولێر 3 حاڵەتی هەڕەشە و توندوتیژی ئەنجام دراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130722090391438

لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕایگەیاند کە تەنیا لە ماوەی (10) ڕۆژی رابردوودا لە هەولێر (3) حاڵەتی هەڕەشە و توندوتیژی بەرامبەر بە دوو ڕۆژنامەنووس و نووسەرێک ئەنجامدراوە، داواش لە لایەنی پەیوەندیدار دەکات بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوانە بکەن و کەسانی سەرپێچیکار سزا بدرێن.
لە راگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە لقی هەولێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان رایگەیاند کە تەنیا لە ماوەی (10) ڕۆژی رابردوودا لە هەولێر (3) حاڵەتی هەڕەشە و توندوتیژی بەرامبەر بە دوو ڕۆژنامەنووس و نووسەرێک ئەنجامدراوە.
لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە "یەکەمیان لە شەوی 7/8 لە لایەن کەسێکەوە بە ژمارەیەکی نەناسراو هەڕەشە لە هاوکار حەمەد پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی پەیام لە هەولێر کراوە."
ئاماژە بەوەشدراوە کە "ڕۆژی 7/15 پێش لە کاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی نوێنەرانی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەران پەلاماری هۆشمەند سادق پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی (k.n.n) لە هەولێر دراوە."
ئەوەش خراوەتەڕوو کە "نیوەڕۆی ڕۆژی 7/17 لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە لایەند چەند کەسێکی نەناسراو و بە ئامێری بریندارکەر پەلاماری دکتۆر مستەفا زەنگەنە نووسەرو ئەدەیب و مامۆستای زانکۆ دراوە و بریندار کراوە."
لە راگەیەندراوەکەدا لقی هەولێری سەندیکا و لیژنەی داکۆکی لە ماف و ئازادی ڕۆژنامەنووسان، وێڕای ئیدانەکردنی هەموو ئەو هێرش و پێشێلکاریانەی لەم ماوەی ئەم 10 ڕۆژدا کراونەتە سەر نووسەران و ڕۆژنامەنووسان داوا لە لایەنی پەیوەندیدار دەکەن لە چوارچێوەی یاسادا بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوانە بکەن و کەسانی سەرپێچیکار سزا بدرێن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-22

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 637

## سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئاماری پێشێلکارییەکان بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140210115027233322

خەندان-رەهێل سەمەد
ئەمرۆ دووشەمە 10ی شوباتی 2014، سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی نەقیبی ڕۆژنامەنوسان وسەرۆکی لیژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنوسی و مافی ڕۆژنامەنوسان و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا، ڕاپۆتی شەش مانگی کۆتایی ساڵی رابردووی لە ماوەی نێوان 2013/7/1 بۆ 2013/12/31 ی تایبەت بە پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنوسانی راگەیاند.
لاپەرەکانی ڕاپۆرتەکە کە بە وێنەی شەهید کاوە گەرمیانی دەستپێدەکات، حاڵەتەکانی تیرۆرکردن و هەوڵی تیرۆرکردن و لێدان و ڕێگانەدان و هەڕەشە و دەستگیرکردن و سوکایەتی لەخۆ دەگرێت،

بە گوێرەی ئە و راپۆرتە لە ماوەی 2013/7/1 بۆ 2013/12/31 یەک حاڵەتی تیرۆرکردن تۆمارکراوە ئەویش رۆژنامەنووس، کاوە گەرمیانیە، لەگەڵ حاڵەتێکی هەوڵی کوشتن بەرامبەر رۆژنامەنوس رەنجدەر ئیبراهیم.
هەرلە راپۆرتەکەدا هاتووە، لە و ماوەی ئە و شەش مانگەدا هەشت حاڵەتی لێدان بەرامبەر بە 20 رۆژنامەنوس و کامێرامان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، لەگەڵ پێنج حاڵەتی رێگانەدان و نۆ حاڵەتی هەرەشەکردن و دوو حاڵەتی سوکایەتی و و یەک حاڵەتی دەستگیرکردن تۆمارکراوە .
بە بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە، کۆی گشتیی رێژەی پێشێلکاریەکان لەماوەی شەش مانگی کۆتایی ساڵی رابردوو بەرامبەر بەر رۆژنامەنوسان، دەگاتە 27 حاڵەت بەرامبەر بە 42 رۆژنامەنووس، ئەمە لەکاتێکدا لەشەش مانگی یەکەم 20 پێشلکاری بەرامبەر 30 رۆژنامەنوس ئەنجامدرابوو، ئەمە جگەلە هەندێک حاڵەتی دیکە کە تۆمار نەکراون، بەمەش رێژەی پێشێلکارییەکان بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان لەشەش مانگی دووەم بەرامبەر شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو، زیادی کردووە.
دوای کۆنگرەی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنوسان کە لە کۆتایی ساڵی 2007 بەرێوەچوو، سەندیکا هەرشەش مانگ جارێک راپۆرتێک لە بارەی پێشێلکارییەکانی بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان بڵاو دەکاتەوە و ئاراستەی لایەنی پەیوەندار و رای گشتی دەکات، تائێستاش 12 راپۆرتی لە و جۆرە بڵاوکراوەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-02-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 638

## سەیرانی ئەمساڵ هەژارانە دەبێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20140320101550311101

ئەمساڵ بەپریاری دەستەی باڵای گەشتوگوزاری هەرێم، فیستیڤاڵی سەرەکی یەکەم رۆژی بەهار لەقەشقۆڵی بەسپۆنسەریی کۆمپانیای بابیلۆن سازدەکرێ، ئابوریناسێکیش پێیوایە قەیرانی دواکەوتنی موچە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر بازاڕی گەشتوگوزاری نەورۆز دەبێت "سەیرانی ئەمساڵ هەژارانە دەبێت."
ئا: عەباس رەسوڵ، جوتیار حەمەدۆک
ئابورناس محەمەد ئاراس دەربارەی نەریتی مەسرەفگەری و کاریگەریی قەیرانی موچە لەلێدوانێکدا بەئاوێنەی وت "بێگومان سەیرانکردن هەر لەخانەی پێداویستییە تەرفیهییەکانە و لەم دۆخەدا هاوڵاتیان بە و پرە پارە کەمەی کە هەیانە هەر خەرجیی رۆژانە و خۆراک و کرێی خانو دەخەنە پێش سەیران". هەر بەڕای ئە و ئابورناسە وڵات لەکارەسات و گرانیی گەورەدا نییە کە خەڵک نەتوانێ سەیران بکات، بەڵام "کوالیتی سەیرانی ئەمساڵ لاوازتر دەبێ". وتیشی ئەوانەی بەموچە دەژین موچەکە هێندە دەبێ کە بەمانگێک ژیانیان دانەڕمێ و بەشی زۆری خەڵکییش سەرەڕای موچە کارو پیشەیەکی لاوەکییان هەیە. بەڵام هاوڵاتی ئامانج ئەحمەد تەمەن 31ساڵ پێیوایە هەندێ چین و توێژ و تازە دامەزراوەکان ناتوانن سەیران بکەن و "سەیرانکەرانی ئەم نەورۆزە بەژمارە کەمتر دەبن."
شەوی بەپێنجسەد دۆلار
لەدوکان بۆ 2شەوی نەورۆز بەر لەچەند مانگێک کابینەکان حیجز دەکرێن و لەهەندێک پرۆژە بۆ شەوێک 500$ لەهەندێکی تر بۆ 2شە و 500 $، ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەمساڵ باس لەپەیدابونی دیاردەیەکی سەیرتر دەکرێ "هەندێ کەس پێش چەند مانگێک چەندین کابینەیان

بەپارەی حازر لەخاوەن پرۆژەکان قۆنتەرات کردوە بە 200دۆلار و ئێستا ئەوانن نرخیان کردۆتە 500$".
لەمبارەیەوە ئەندازیار مەولود بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری دوکان وتی "بەدواداچونمان کردوە، بەڵام بەڵگەی تەواو و یاسایی دەستناکەوێ."
دەربارەی جیاوازیی نرخەکانیش ڕێبوار حامید خاوەنی گوندی نەوای گەشتیاری وتی"نزمترین نرخی کابینە لەوەرزی بێ بازاڕییدا 40هەزار دینار و بەرزترینیش لەشەوی نەورۆزە کە دەکاتە 500$ بۆ 2شەو."
هەروەها نرخی کەپریش بۆ ڕۆژێک 20هەزار تا 50هەزارە، لەبارەی هەمو نرخەکانیشەوە بەڕێوەبەری گەشتوگوزار وتی "تا ئێستا نەمانتوانیوە کێشەی نرخەکان چارەسەربکەین و هەوڵماندا‌وە لانیکەم سەقفێک بۆ نرخ دابنێین، بەڵام بۆماننەکراوە ."
بازاڕی گەشتیاریی لاوازە
ڕێبوار حامید، خاوەنی پرۆژەی نەوای گەشتیاریی لەدوکان دەربارەی ئاستەنگەکانی بازاڕی گەشتیاریی بۆ ئاوێنە وتی "بازاڕەکەمان تا بڵێی ناجێگیرە و لێتێگەیشتنی قورسە، ئێمە ئەوەندی لێیتێگەیشتوین ئەگەر گەشتیاری عەرەب نەبێ کە تەنها هاوینان دێن، ئەوا دەبێ پرۆژەکان دابخەین" ئە و خاوەن پرۆژەیە باسی لەوەشکرد کە ناجێگیریی بازاڕەکە وای کردوە ژمارەی ئە و کرێکارانەش کە لەپرۆژەکان کاردەکەن ناجێگیربێ، "بەهار و هاوین 8کرێکار لامان کاردەکات و زستانیش 2کرێکار لەکاتێکدا 22 کابینەیان هەیە" ڕێبوار لەکارو بازاڕەکەی خۆیدا هۆشیار دەردەکەوت دەیوت "هەر ساڵەی شتێک کاریگەریی سلبی لەسەر بازاڕی گەشتیاریی هەیە" بەبەڵگە و ئاماریش دەیوت "کورد بەهاران سەیران دەکەن و عەرەبیش هاوینان."
سەیران هەلی کارکردن زۆر دەبێت
سەرەڕای ئەوەی ئاماری بەگەڕخستنی دەستی کار لەکەرتی گەشتیاریی و بەتایبەت لەناوچەی دوکان لەبەردەست نیە، بەڵام بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لەوەرزی گەشتوگوزاردا ژمارەی ئە و کەسانەی لەپرۆژە و کابینەکان کاریان دەستدەکەوێت دەگاتە زیاتر لە100کەس و لەدەرەوە پرۆژەکانیش 200کەسیتر بەفرۆشگای کاتیی و فرۆشتنی سەهۆڵ و دارو خەڵوز و میوە و کاری بەلەمەوە سەرقاڵ دەبن.
بەڕای ئابوریناس محەمەد ئاراس "گەشانەوەیەکی رێژەیی دەخاتە بازاری شارۆچکەکە" جێی سەرنجیشە کە هیچ کام لەپرۆژە گەشتیارییەکان خاوەنەکانیان خەڵکی ناوچەی دوکان نین .
دەرودەشت بەرتەنگ دەبێتەوە
ساڵ بەساڵ ڕوبەری زەوی و مەزرای ئازاد بۆ سەیران لەناوچەی دوکان کەمتر دەبێتەوە، لەکاتێکدا کە بەیاسای بەنداو و ڕوبارەکان "دەبێ 2مەتر دورتر لەزۆرترین ئاستی مەنسوب و ڕێرەوی زێیەکە هیچ پرۆژەیەکی تیادا نەبێت". دەربارەی ئەم دیاردانەش بەڕێوەبەری گەشتیاری دوکان مەولود محەمەد وتی "زیادەڕەوی زۆر کراونە سەر سنوری گەشتیاریی و دەسەڵاتەکانی سەرو خۆمان لەوردو درشتی کێشەکان ئاگادارکردۆتەوە". ئە و بەڕێوەبەرە وتیشی "ناوچە گەشتیارییە کۆنەکە ئەوپەڕی 50%ی ئە و قەرەباڵغییە هەڵدەگرێ کە ڕودەکەنە دوکان". عەبدولرەحمان حوسێن ئاغا هاولاتیەکی شارۆچکەی دوکانە دەربارەی زیادەڕەوییەکانی سەیرانگاکە وتی "بەشۆفڵ و ئامێری گەورە زێیەکە پردەکەنەوە ڕێرەو و جوانیەکەی دەشێوێنن و حکومەت بێدەنگ و بێهەڵوێستە ."
فەرمانگەی گەشتوگوزاریی دوکانیش ئەنجامدانی پرۆژەی کۆڕنیش و زێرابی سندوقی بەپێی ماستەرپلان بەسەرەتا و دەستپێکی چارەسەر دەزانن بۆ ڕامالینی زیادەڕەوییەکان.
"کورد نازانێ سەیران بکا"
هەمو ساڵێ دەشت و دەری دوکان و ناوچە گەشتیارییەکان دەبێتە زبڵدانێکی گەورە و زۆربەی شوێنەکان بەجۆرێک پیس دەکرێن کە تا کۆتایی بەهار ئە و شوێنە بۆ سەیرانکردن بەکەڵک نامێنێ.
لەم بارەیەوە هێمن حاجی، پسپۆر و توێژەری ژینگە بەئاوێنەی وت "پیسکردنی سەیرانگاو دەشت و دەر جۆرێکی ترە لەبەفیرۆدانی سامان، دەترسین لەنەورۆزدا شارۆچکەکەمان ببێتە زبڵدان ."
دەربارەی دەرونی و سایکۆلۆژیای سەیرانکردن، سنور حەمە سدیق پسپۆری دەروناسیی بەئاوێنەی وت "ئەوە قەرەباڵغیی و جەنجەجاڵ و پیسییەی لەسەیرانگاکاندا بەدیدەکرێ نیشانەی ئەوەیە، ئێمە هێشتا نازانن سەیران بکەین". ئە و توێژەرە کۆمەڵایەتییە باسی ئەوەشی کرد کە سەیرانی نەورۆزانی دوکان هێندە قەرەباڵغە بەهای سەیرانکردن ناهێڵێ و جەنجەجاڵیی و قەرەباڵغیی پەشیمانیی بۆ گەشتیاران دروست دەکەن.
ڕێبوار حامیدیش وەک خاوەن پرۆژەیەکی گەشتیاریی و خاوەنی کابینە دەڵێ "کوردی خۆمان نازانن سەیران بکەن و کە هاوین هات کەس نایەت بۆ سەیران."

هاوڵاتییەکیش بەناوی جەمال حەسەن دەربارە هەمان باس وتی "سەیرانی دوکان هیچ مەعنایەکی نیە، خێزانێک پشتی بەخێزانێکی ترەوە داوە". ئە و هاوڵاتییە باسی لەکێشەکانی سەرئاو و تەوالێت کرد و وتی "ناشیرینترین دیاردەی کۆمەڵایەتی و ژینگەییە کە دەشت و دەر و پەنا دەوەن گابەردەکان و بنپردەکان پیس دەکرێن."

بۆ نزیکەی ملیۆنێک گەشتیار 22 تەوالێت هەیە

بەوتەی ئەندازیار مەولود بەڕێوەبەری گەشتوگوزاریی دوکان ساڵانە لەڕۆژی نەورۆزدا ژمارەی سەیرانکەران دەکاتە نزیکەی ملیۆنێک کەس، دەربارەی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆش وتی "22 تەوالێت لەدەرەوەی پرۆژەکان هەیە". قایمقامی دوکانیش ئاسۆ بەکر مستەفا بەئاوێنەی وت "لێژنەی ئەمنی و زۆری عەمەلیاتی ئیدارەی کەرنەڤاڵی نەورۆز لەسەیرانگای دوکان ئامادەکراوە و تیمەکانی ئاسایش و پۆلیسی فریاکەوتن و پۆلیسی غەواس و پۆلیسی هاتوچۆ و بنکەی تەندروستی گەڕۆک بۆ خزمەتی گەشتیارانی نەورۆز ئامادەکراوە."

سەیرانگای دوکان

ناوچەی گەشتیاریی دوکان بریتیە لە41 پرۆژەی گەشتیاریی کە بەکۆی هەموان 200کابینە و 80 کەپری مۆدێرنە لەگەڵ 2 هۆتێل یەکیان 100 ژور و دوەمیان تەنها 10 ژورە و لەدەرەوەی پرۆژە گەشتیارییەکانیش نزیکەی 600 کەپری میللی هەیە. لەساڵانی شەستی سەدەی ڕابردووەوە ناوچەی دوکان و قەشقۆڵی جێگای سەیرانی بەهارەی خەڵکی سلێمانی بوە و ئەم نەریتە تا ئێستاش بەردەوامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-03-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 639

## شاری کرماشان 3500 حاڵەتی ئایدزی تێدایە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150613115300855544

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئیسنای ئێرانی شاری کرماشان 3500 حاڵەتی ئایدزی تێدایە و بەمەش یەکەمین شاری کوردی دەبێت کەزۆرترین ئایدزی تێدابێت.

بەپێی لێدوانێکی عەلی کماسی بەرپرسی تەندروستی شاری کرماشان تا ئێستا 3500 حاڵەتی ئایدزی تێدایە. لەوانە 1200 مردوون و 2300 نەخۆشیش ماوەتەوە. ئەو بەرپرسەی تەندروستی روونی کردۆتەوە پێشتر 95% تووشبوون لەو شارە بەهۆی دەرزی ماددە هۆشبەرەکان گوزاروەتەوە. بەڵام ئێستا ئەو رێژەیە دابەزیوە و 30% بەهۆی سێکسەوەیە. ئەو شارە کوردییە لەساڵی 1994 یەکەم حاڵەتی ئایدزی تێدا تۆمارکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی

شارەکان: کرماشان

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 640

## شارەزوور، پرۆژەکانی ساڵی ئایندەی ڕاگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122310543187110

خەندان محەمەد بەختیار

قایمقامی قەزای شارەزوور پرۆژەکانی قەزاکەی بۆ ساڵی داهاتوو ڕاگەیاند، کە داوای 14 ملیار و 506 ملیۆن دیناریان کردوە، بۆ ئەوەی چەند پرۆژەیەکی گرنگی پێ ئەنجام بدەن، لە ساڵی 2013 شدا بە بڕی زیاتر لە 18 ملیار دینار پرۆژە بۆ قەزاکە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئەمڕۆ دووشەممە لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری شارەزوور سازیدا، سۆران عەلی، قایمقامی قەزای شارەزوور پرۆژەکانی ساڵی 2014 ڕاگەیاند و ئاماژەی بەوەکرد: داوای 14 ملیار و 506 ملیۆن دیناریان کردوە بۆ ئەوەی چەندین پرۆژەی پێ جێبەجێ بکەن.

لە و کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەدا قایمقامی شارەزووری مژدەی کردنەوەی کۆلێژێکی لە مەڵبەندی قەزاکە لە ساڵی 2014 دا ڕاگەیاند وتیشی: "هەموو هەوڵێک دەخەینەگەڕ تاباشترین شێوە پرۆژەکان بچنە بواری جێبەجێکردنەوە."

ڕوونیشیکردەوە: لەساڵی 2013دا بەبڕی 18 ملیار و 745 ملیۆن و 852 هەزار دینار پرۆژە جێبەجێکراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 23-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 641

## شارەزوور، لەمساڵدا 21 تەن خواردن و خواردنەوە سوتێنراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122520370387076

خەندان – محەمەد بەختیار

بەپێی لەراگەیانراوێکی قایمقامیەتی شارەزوور لەماوەی ئەم ساڵدا لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی قەزای شارەزوور دەستیان بەسەر (21)تەن خواردن و خواردنەوەی ماوەبەسەرچوو و موادی جوانکاری ئافرەتان و شامپۆ و ئۆتکلۆن(موعەتر)داگرتووە و بە ئامادەبونی ئەندامانی لیژنەکانی سوتێنراون.

سۆران علی قایمقامی قەزای شارەزوور بەخەندانی ڕاگەیاند" ڕۆژانە لیژنەکانمان سەرجەم شوێنەکانی ناو قەزای شارەزوور ناحییەی وارماوەو کوشتارگەکان بەسەردەکەنەوەو وە ئەم لیژنەش لەگەڵ دەستبەکاربونی مندا پێک هاتووە وە سوپاسی هاوڵاتیانیش دەکەین کە بەردەوم هاوکارمانن."

لەراگەیانراوەکەی قایمقامیەتی شارەزووردا هاتووە، لەمساڵدا سەرجەم مزگەوتەکان بەسەرکراوەتەوە بەبێ ئەوەی ئاماژەبەبوونی مەرجی تەندروستی بکرێت تێیاندا.

بەڵام سەرچاوەیەک لەلیژنەکانی قایمقامیەتەوە بەخەندان-ی ڕاگەیاند " زۆربەی مزگەوتەکان لەکاتی سەردانماندا مەرجی تەندروستی تێدانەبووە"

سۆران علی لە لیژنەی قایمقامیەتی شارەزوور لەم بارەیەوە وتی، ئێمە سەرجەم مزگەوتەکانمان بەنوسراوی فەرمی ئاگادارکردۆتەوە لەسەرجەم کەمو کورییەکانیان بەپێچەوانەوە ئیجرائاتی یاسای خۆمان دەکەین پێویستە مزگەوتەکانیش مەرجی تەندروستی تێدابێت.

لەو ڕاگەیانراوەشدا هاتووە کە (54)پەنجاوچوار پیشەوەر بەهۆی پابەند نەبوونیان بەڕێنمایەکانی تەندروستییەوە بەبڕی(1545000)یەک میۆن و پێنجسەدوچل و پێنج هەزار غەرامەکراون وە (722) پێناسی تەندروستی و (290) مۆڵەتی تەندروستی بە پیشەوەرەکان دراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 642

## شارەوانی سلێمانی: زیانی شەڕە ئاوەکە 500 ملیۆن دینارە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081211520989178

بەپێی هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکانی شارەوانی سلێمانی، زیانە ماددییەکانی فیستیڤاڵی شەرە ئاوەکەی دوێنێی پارکی ئازادی، 500 ملیۆن دینارە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: دوێنێ یەکشەممە، بەبەشداری سەدان هاوڵاتی لەپارکی ئازادی شاری سلێمانی فیستیڤاڵی شەڕە ئاو ئەنجامدرا.
لەبارەی زیانە ماددییەکانی ئەو فیستیڤاڵەوە، یوسف یاسین، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، لەگەڵ ئەوەی خۆشحاڵە بەوەی ئەمجۆرە چالاکیە لەسنوری شارەوانیەکەیدا کراوە، بەڵام ئاماژە بەوەش دەکات کە زیانێکی مادی زۆریان لێکەوتوە.
بەپێی هەڵسەنگاندنە سەرەتاییەکانیش کە بۆ زیانەکانی کاتی ئەنجامدانی فیستیڤاڵەکە کراوە، وەک سەرۆکی شارەوانی ئاماژەی پێدەکات پێشبینی دەکرێت 500 ملیۆن دینار زیانی مادی لەدوای خۆی بەجێهێشتبێت.
سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، لەلێدوانێکیدا بۆ هاوڵاتی راگەیاندووە، لیژنەمان پێکهێناوە و زیانەکان هەموی هەژمارکراون کە بەهۆی فیستیڤاڵەکەوە لەپارکی ئازادی زیانی 500 ملیۆن دینارمان لێکەوتوە، زۆربەی حەوزەکانی ناو پارکەکە و زۆرینەی بۆریە ئاوەکانی پارکەکە شکێنراوە، چیمەن و سەوزایی باخچەکانیش زیانی پێگەیشتوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-08-12

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 643

## شۆڕشی سێکسی هەڕەشە لەعەرشی حوکمی ئاینی دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060814593278335

سەرچاوە Foreign Policy :
هەرچەندە ئێران وەک دەوڵەتێکی ئاینی موحافیزکار بەرگێکی ئاینی پۆشیوە، بەڵام واقعیی ئەو وڵاتە زۆر جیاوازە لەگەڵ تیۆرو ئەو دروشمانەی هەڵیگرتوە، بەردەوام رێژەی پەیوەندی سێکسی ناشەرعیو لەشفرۆشی ئاشکرا لەبەرزبونەوەدایە، لەهەمان کاتدا کۆماری ئیسلامی دوچاری گرفتی دابەزینی ئاستی منداڵ بون هاتوە، هۆکارەکەشی بەڕێژەی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژنانەی کەنایانەوێت منالیان بێت.
بەپێی وتارێکی گۆڤاری (Foreign Policy) کە ئەفشین شاهی مامۆستای زانکۆ لە بەریتانیا ئامادەی کردوە، کۆماری ئیسلامی لەبەردەم شۆڕشێکی سێکسیدایەو بۆتە مایەی هەڕەشە بۆسەر سیستمی ئیسلامی، گۆڤارەکە ئاماژەی بەوەداوە کۆماری ئیسلامی شێوازێکی تایبەتی ژیانی بەسەر خەڵکیدا سەپاندوەو بەردەوام بانگەشەی بێگەردی ئەو سیستمە دەکات، بەڵام ئەو سیستمە بەپێچەوانەوەیەو بۆتە لادانی رەوشتیو هۆکاری بڵاوبونەوەی لەشفرۆشی بەشێوەیەکی ئاشکرا.
بەپێچەوانەی ئەو وێنە باوەی راگەیاندنی رۆژئاوا بۆ ئێران هەیەتی، ئێران لەماوەی 30 ساڵی رابردودا گۆڕانکاری ریشەیی بەخۆوە بینیوە لەڕوی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەوە، بەشێوەیەک کاتێک

کۆچبەرانی ئێرانی دەگەڕێنەوە بۆ تارانی پایتەخت هەست بەسەرسامی دەکەن لەو گۆرانکاریانەی رویداوە، تەنانەت پێیانوایە (لەندەن شارێکی موحافیزکارە!) بەبەراورد لەگەڵ تاراندا.
ئێران لەئێستادا لەسەر شێوازی بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەنگاو دەنێت بگرە زۆر خێراتر لەوەی چاوەڕوان دەکرێت، بەپێی ئامارە حکومیەکان، ئێران لە ماوەی 20 ساڵی رابردودا، دابەزینێکی زۆر خێرای تۆمارکردوە لەبواری منداڵبوندا، بەشێوەیەک رێژەی زیادبونی دانیشتوان 1.2% بوە لەساڵی 2012دا، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 1986 رێژەی زیادبونی دانیشتوان 3.9% بوە، جگەلەوەش زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئێران تەمەنیان لەخوار 35 ساڵیەوەیە.
لەهەمانکاتدا لەماوەی 30 ساڵی رابردودا تێکڕای تەمەنی هاوسەرگیری لای پیاوان بەرزبۆتەوە لە 20 بۆ 28 ساڵی، هەروەها ئامارەکانی ئێران ئاماژە بەوەدەدەن کە زۆرینەی هاوسەرگیریەکان لای ژنانی ئەو وڵاتە لەماوەی نێوان تەمەنی 24 بۆ 30 ساڵیدایە.
بەپێی ئامارە فەرمیەکان، رێژەی تەڵاقدان بەشێوەیەکی بەرچاو روی لەزیادبون کردوە، بۆنمونە لەساڵی 2000دا 50 هەزار حاڵەتی تەڵاق هەبوە، بەڵام لەساڵی 2010دا ئەو ژمارەیە زیادیکردوە بۆ 150 هەزار حاڵەت، ژمارەکان ئاماژە بەوەدەدەن کە لەکۆی 7 هاوسەرگیری لەسەرتاسەری وڵاتدا، یەکێکیان جیادەبێتەوەو زۆربەی ئەو حاڵەتانەش لەشارە گەورەکاندایە.
بۆنمونە لەشاری تاراندا، لەکۆی سێ هاوسەرگیری یەکێکیان جیادەبێتەوەو بەتەڵاق کۆتایی دێت، ئەوەش مانای ئەوەیە رێژەی تەڵاق زۆر نزیکە لەو رێژەیەی کە لەوڵاتی بەریتانیا هەیە.
دیدوبۆچونی خەڵکی بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری گۆڕاوە، هەروەها بۆچونیان لەسەر پەیوەندیی و سێکس بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاوە، بەپێی ئامارێک کە لەلایەن بەرپرسانی وەزارەتی لاوانی ئێرانەوە لەساڵی 2008دا ئەنجامدراوە، زۆربەی ئەو پیاوانەی بەشداری ئەو راپرسیەیان کردوە بەر لەژنهێنانیان سێکسیان کردوە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەو جۆرە پەیوەندیانە لەو وڵاتە حەرامکراوە.
دەرئەنجامی 13% ئەو حاڵەتە ناشەرعیانە بەبێ خواستی ژنان بۆتە سکپڕیو پاشان لەباربردنی مناڵەکان، ئەمانە هەموی کۆمەڵە ئاماژەیەکی ترسناک بون لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانو ئەو گۆرانکاریە ریشەییانەی لەو کۆمەڵگایە رودەدات بەبەراورد لەگەڵ نەوەی پێش خۆیان.
لەلایەکی ترەوە پیشەسازی سێکس لەماوەی بیست ساڵی رابردودا گەشەیەکی فراوانی بەخۆوە بینیوە، لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردودا پیشەسازی سێکس لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی ئێراندا پەرەیسەندبوو بەتایبەتی لەتارانی پایتەخت، بەڵام ئەوانەی لەم پیشەسازیەدا کاریان دەکرد زۆر بەنهێنی ئەو کارەیان دەکرد.
بەر لە دەساڵ، رۆژنامەی (انتخاب) رایگەیاند ژمارەی ئەو ژنانەی لەپیشەسازی سێکسدا کاردەکەن بەتەنها لەتارانی پایتەختدا 85 هەزارە، ژمارەکان ئەوەیان دەرخستوە لەسەدا 10 تا 12ی ئەو ژنانەی لەو پیشەسازیەدا کاردەکەن خاوەنی مێردن، ئەو ژمارەیەش گەورەو مەترسیدارە.
بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە ئەم پیشەسازیە بەتەنها لەنێو ژناندا قەتیس نەکراوە، بەڵکو پیاوانیش بەشداریەکی بەرچاویان هەیە، نوێترین راپۆرت جەختی لەوە کردۆتەوە کە ژنانی دەوڵەمەندو تێگەیشتو بەشوێن پەیوەندیەکی سێکسی کورتدا دەگەڕێن، بۆ ئەو مەبەستە داوا لەپیاوانی بواری ئەو پیشەسازیە دەکەن کە خزمەتگوزاری تایبەتی ئەو بوارەیان پێشکەش بکەن.
بەپێی گۆڤاری فۆرن پۆلیسی، چەندین هۆکاری ئابوریو کۆمەڵایەتی هەیە بونەتە دروستبونی ئەو دیاردەیە، لەنێویاندا بڵاوبونەوەی هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی خێراو تەکنەلۆژیاو دەرکەوتنی چینێکی نوێی ژنانی خوێندەوار، کە رۆڵی کاریگەریان هەبوە لەسەر گۆرینی دیدو بۆچونی کۆمەڵگا بۆ سێکس.
هەرچەندە ئەو هۆکارانە لەزۆربەی وڵاتانی تردا بونی هەیە، بەڵام وەک ئێران ئەو گۆرانو کاریگەریەیان دروستنەکردوە، بەڵکو لەهەندێک شوێندا بەپێچەوانەوە بوە، یەکێکی تر لەهۆکارە سەرەکیەکان وایکردوە ئێران بەرەو لیبرالیەت هەنگاو بنێت، ئەو یاسایانەی دەوڵەت کە بەزۆر بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندویەتی و بۆتە هۆی چەقبەستنی ژیانی هاوڵاتیان لەشێوازێکی تایبەتدا.
لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانو گەیشتنی ئایەتوڵا خومەینی بەدەسەڵات لەساڵی 1979دا، رژێمی ئێران سەرقاڵی برەودان بوە بەچەمکی رەوشتی کۆمەڵگا، دەوڵەت کۆمەڵێک بنەمای رەوشتی بەزۆر بەسەر خەڵکیدا سەپاندوە کۆمەڵێک بەربەستی داناوە لەنێوان ژیانی تایبەتو گشتیدا، هەمیشە ویستویەتی پارێزگاری لەناسنامەی ئیسلامی بکاتو وەک سەرچاوەیەکی شەریعەت لەوڵات سەیریکردوە، هەموو شەپۆلەکانی ژیانی تایبەتیو گشتی خستۆتە ژێر رکێفی شەریعەتی ئیسلامیەوە.

بەڵام پاش 34 ساڵ لەشۆرشی ئیسلامی، هاوپەیمانەکانی خومەینی شکستیان هێنا لەبونیادنانی کۆمەڵگایەکی بێگەرددا، بەڵکو ئەو رژێمە دوچاری چەندین قەیرانی ئابوریو سیاسی هاتووەو گەیشتۆتە قۆناغی داڕمانی فیکریو (ئیفلاس) نابوت بونی ئەخلاقی، شارەزیان پێیان وایە نەریتە سێکسیەکانی ئێران بۆتە شێوەیەک لەشێوەکانی بەرگریکردن لەو کۆتو بەندانەی دەوڵەت سەپاندویەتی بەسەر خەڵکیدا، ئەوەش وایکردوە (شۆرشی سێکس) ببێتە هەڕەشەیەکی سەرەکی بۆ سەر بنەماکانی فیکری دەوڵەت.
و: نەوشیروان فەتاح
سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - 08-06-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 644

## شەقڵاوە؛ لە شەو و رۆژێکدا حەوت کەس بونە قوربانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20131116165537819

لە شەو و رۆژێکدا و لە ئەنجامی دو روداوی هاتوچۆ لە شەقڵاوە، حەوت کەس بونە قوربانی.
د.سەدرەدین عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری تەندروستی شەقڵاوە، لەبارەی ئەو روداوانە و قوربانیەکانییانەوە بە (سبەی) راگەیاند: سەعات (7)ی شەوی رابردو لە روداوێکی هاتوچۆدا لە نزیک ناحیەی هەریر لە ئەنجامی پێکدادانی دو ئۆتۆمبێل شوفێری یەکێکیان کە ئافرەت بو گیانی لەدەستدا و سەرنشینێکی هەمان ئۆتۆمبێلیش بە سەختی برینداربو.
ئەوەشی خستەڕو کە بەرەبەیانی ئەمڕۆش لە ئەنجامی پێکدادانی دو ئۆتۆمۆبێلی دیکە کە یەکێکیان بارهەڵگربو پێنج سەرنشین برینداربون کە برینی سێ کەسیان سەخت بو بەوهۆیەشەوە رەوانەی نەخۆشخانەی گشتی شەقڵاوە کران .
هاوڵاتیانی سنورەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەهۆی خراپی رێگاوبان و تەسکی رێگای گشتی شەقڵاوە و هەریرەوە بەدەیان کەس دەبنە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ و تائێستاش لایەنە پەیوەندیدارەکان نەیانتوانیوە چارەسەرێکی گونجاوی ئەو دۆخە بکەن.
ئا/ ئەحمەد باڵەکی
سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - 16-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 645

## شەهیدانی گوندی قاڕنێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20130222135727823

رەحمان ئابزەن
سەید محەمەد تاهیری
رەحیم خوسرەوی
مراد خوسرەوی
حاجی شەریف ئەبرووشی
سەید کەریم ئەروەندی
مەحموود شەپرەو
رەسول خوسرەوی

مەحییەدین ئەبرووشی
مولا مەحموود بێتەرزادە - پێشنوێژی مزگەوت
سلێمان ەەمزە پوور
سەعید خوسرەوی
محەمەد عەزیزی
قادر سلێمانی
ئیبراەیم رەسوولی
مستەفا خوسرەوی
مستەفا عەزیزی
کەریم سلێمانی 31 عەلی - شوانی گوند
ئەبوبەکر شیشمان
عوسمان شەریفی ئازەر
رەحمان سلێمانی
خوسرەو ئەفشین
عەلی شیشمان
ئامینە شەریفی ئازەر
رەحیم سلێمانی
حەسەن - 93 سان
عەزیز مەرزەنگ
حاجی رەحمان شەریفی ئازەر
عەبدوا ئەحمەدپوور
کەریم رامینی
ئەحمەد سەعادەت پوور
حاجی سەعید تاەیری
ەبووبەکر ئەحمەدپوور
ئەحمەد رامینی
جافر شیشمان
سەید قادر تاەیری
عوسمان ئەحمەدپوور
زەینەب رامینی
عەبدوا خوسرەوی
سەید فەتاح تاەیری
جەعفەر بواسی
خاتووزین رامینی
سەید ئیسماعیل تاەیری
عومەر بواسی
ئیبراەیم پویا
سەید رەحمان تاەیری
مستەفا بواسی
رەحمان رامینی

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 646

**عیراق زۆرترین خەرجی سەربازیی لەناوچەکەدا تۆمارکردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140414152449758340
عیراق یەکێکە لە و وڵاتانەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کەزۆرترین خەرجیی لەبورای سەربازیی تۆمارکردووە، بەگوێرەی راپۆرتێکی پەیمانگای ستۆکهۆڵم بۆ توێژینەوەی نێودەوڵەتیی بۆ تاتوێکردنی ئاشتیی .
بەپێی راپۆرتەکە، عیراق لەسەرەوەی وڵاتانی عەرەبیە لەبورای خەرجی سەربازیی هێزە ئەمنیەکانی بەسەرجەم بەشەکانیەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە، تێچوونی سەربازیی لەوڵاتانی خۆرئاوا کەمبۆتەوە بەبەراورد بەپێشووتر .
راپۆرتەکەی پەیمانگای ستۆکهۆڵم ئەوەشی خستەڕوو کە، " تێچوونی سەربازیی لەخۆرئاوا لەدابەزیندایە لەکاتێکدا کە لەشوێنەکانی دیکەی جیهان رووی لەبەرزبوونەوەی کردوووە"، ئەوەشی تێدا هاتووە کە،" کۆی تێچوونی سەربازیی لەجیهان پارساڵ گەیشتۆتە 1 ترلیۆن و 750 ملیۆن دۆلار، ئەمەش بەبەراورد بەساڵی 2012 کەمیکردووە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوەیە کەوڵاتانی خۆرئاوا تێچوونی سەربازییان، بەتایبەت ئەمریکا دابەزاندووە ."
لەراپۆرتەکەدا هاتووە، تێچوونی سەربازیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرزبۆتەوە بەنزیکەی سەدا 4 لەساڵی 2013، بەمەش ئاستی سەرجەم تێچوونەکان لە و بوارە گەیشتۆتە نزیکەی 150 ملیار دۆلار، هەروەک لەم لایەنەوە عیراق لەپێش وڵاتانی عەرەبیەوە .
راپۆرتەکە ئەوەشی تێدا هاتووەکە، " عیراق لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکا سەرپشککراوە بۆ دەستخستنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و ئەپاچی وF16 ، هەروەک ئەمریکا بەپەلە چەکی گەیاندە دەستی عیراق بەپێی رێکەوتنی ستراتیجی نێوان عیراق و ئەمریکا."
لەمانگی هەشتی رابردووشدا، واشنتۆن رەزامەندیی پیشاندا لەسەر پێدانی جۆرێک لە سیستمی بەرگریی موشەک بەبەهای 2.6 ملیار دۆلار و فڕۆکەی جۆری F16 بەعیراق بە و مەرجەی لەپایزی ئەمساڵ بگاتە دەست هێزەکانی سوپای عیراق .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 14-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 647

## عیراق لە ململانێی نەوتدا لەگەڵ هەرێم 16 ملیار دۆلار زیانی پێگەیشتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140826165747683800
هەڵوێست ئەنوەر
وەزارەتی نەوتی عیراق رایگەیاند: حکومەتی فیدڕاڵی لە ململانێی نەوت لەسەر پرسی هەناردەکردنی ئە و وزەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا 16 ملیار دۆلار زیانی پێگەیشتووە.
عاسیم جیهاد وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عیراق ڕایگەیاند: کە لەئەنجامی ململانێکانی حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەناردەکردنی نەوت، عیراق 16 ملیار دۆلار زیانی پێگەیشتووە.
عاسیم جیهاد ئەوەشی خستووەتە ڕوو، لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا بەهۆی کردەوە توندوتیژییەکان و هێرشی تیرۆرستان بۆ سەر بۆرییە نەوتییەکانی نێوان کەرکوک و تورکیا ڕۆژانە 300-400 هەزار بەرمیل نەوتی لەدەست داوە.
عاسیم جیهاد دەشڵێت: ناچاربوون کە وازبهێنن لە داهاتی ئە و برە نەوتەی کە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە دەیفرۆشێت.
ئەم لێدوانەی ئە و بەرپرسەی وەزارەتی نەوتی عیراق لە کاتێکدایە ئەمرۆ دادگای تەکساس بڕیاری دەستبەسەراگرتنی کەشتیی نەوتی یونیاد کالاڤرڤتای هەڵوەشاندەوە کە زیاتر لە ملیۆنێک بەرمیل نەوتی هەرێمی پێیە و بەپێی نرخی بازاڕە جیهانییەکان بەهاکەی دەگاتە نزیکەی 100

ملیۆن دۆلار.
ئەگەر پارێزەرەکانی حکومەتی عیراق لە ماوەی 10 ڕۆژدا لە دادگای تەکساس تانە لە بڕیارەکەی دادگا نەدەن ئەوا هەرێم دەتوانێت نەوتەکەی بفرۆشێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 26-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: IQئێراق
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 648
## عیراق.. 30 هەزار قوربانی لەسەرەتای ئەمساڵەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20141119103815779883
نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، لەسەرەتای ئەمساڵەوە لە عیراق 10 هەزار کەس کوژراون و 20 هەزاری تریش برینداربون.
زەید بن رەعد حسێن کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لەنەتەوە یەکگرتووەکان لەمیانەی دانیشتنێکی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا سەبارەت بە عیراق، رایگەیاند، رێکخراوی داعش تاوانگەلێکی ئەنجامداوە رەتکردنەوەی مەحاڵە.
پێداگریشی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئە و تاوانانەی لەعیراقدا ئەنجامدراون، بە قەبارەی پرۆسەی کۆمەڵکوژین، هاوکات ئامادەیی کۆمسیۆنەکەشی نیشاندا لیژنەیەک بنێرێتە عیراق بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەتاوانەکانی رێکخراوی داعش، بکات.
حسێن وتیشی، تاوانەکانی داعش کوشتن و ئەتککردن و لاقەکردن و فرۆشتنی ژن و کچی منداڵ لەخۆدەگرێت، هەروەک بەمەبەست مافی کەمینەکانی پێشێل کردووە چونکە ئە و گروپە تیرۆریستییە دان بە هیچ مافێکی بنچینەیی مرۆڤدا نانێت.
ئاماژەی بەوەش دا کە کچانی خوار تەمەن 12 ساڵ لەلایەن ئە و گروپەوە فرۆشراون و منداڵان ناچارکراون دیمەنی لەسێدارەدان ببینن و بۆ جەنگ نێردراون.
لەلایەن خۆیەوە نیکۆلای ملادینۆف نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، رەوشی ئەم وڵاتە بەرە و خراپتر هەنگاودەنێت، پێویستە ستراتیژی لەناوبردنی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی گۆرانی بەسەردا بکرێت .
هاوکات ملادینۆف پێشوازیکرد لەپەیوەندیکردنی هۆزە عیراقییەکان بە جەنگی دژە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامییەوە.
لەعەرەبییەوە: والی عەلی
سەرچاوە: faceiraq.com
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 19-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 649

## عیراق: مانگی رابردوو 2032 کەس کوژراو و بریندارببوون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120210015687498

نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عیراق، (یونامی)، ئاماری کوژراوو برینداراانی مانگی رابردووی کردە خۆکوژییەکانی ناوخۆی عیراقی بڵاوکردەوەو بەپێی ئەو ئامارە، مانگی رابردوو، 659 کەس کوژران و 1373 ی دیکەش برینداربوون .
بەپێی راپۆرتێکی یۆنامی، کە خەندان وێنەیەکی دەستخستووە، ژمارەی کوژراوان لەریزی هاوڵاتیانی مەدەنیی، گەیشتۆتە 565 کەس، هەروەک ژمارەی برینداربووان گەیشتۆتە 1186 کەس، جگە لەوەش 49 کەس لەئەندامانی سەربەهێزە ئەمنیەکانی عیراق کوژراون و 187 کەسی دیکەشیان لێبرینداربووە .
نیکۆلای میلادینۆڤ، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەککگرتووەکان لەعیراق رایگەیاند،" لەگەڵ بەردەوامی کردە هەڕەمەکیە تیرۆریستیەکان و رشتنی خوێنی هاوڵاتیانی بێدیفاع، ئاستی توندوتیژییەکانی ئەم ماوەیەی رابردوو رووی لەهەڵکشان کردووە ."
بەوتەی میلادینۆڤ، "پێویستە دەسەڵاتدارانی عیراق هەرچی زووە پەلەبکەن لەگرتنەبەری هەنگاوی خێرا بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران و گرتنەبەری میکانیزمی توندوتۆڵ بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان ."
هەر لەبەیاننامەکەی یونامی ئەوەش خراوەتەڕوو کە،" پارێزگای بەغدا زۆرترین کردە توندوتیژییەکانی تێدا ئەنجامدراوەو ژمارەی قوربانیان لەو پارێزگایە لەمانگی رابردوو گەیشتۆتە 623 کەس، کە 224 یان کوژراون و 300 ی دیکەشیان برینداربوون، لە پارێزگای نەینوا، (107 کوژراوو 224 بریندار) و لەپارێزگای سەلاحەدین، (88 کوژراوو 230 بریندار) و لەدیالە - ش (82کوژراوو151 بریندار) تۆمار کراوە .
کۆی گشتیی کوژراوو برینداارانی هێزە ئەمنیەکانی عیراق، لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا مانگی رابردوو، گەیشتۆتە 7157 کوژراوو 952 بریندار .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 02-12-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 650

## عیماد ئەحمەد : لە سلێمانی 225 پرۆژەی جۆراوجۆر بە بڕی 10 ملیار دۆلار جێبەجێکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013110721071988017

عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئەمڕۆ پێنچشەممە بەشداریی کرد لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی کۆمەڵگەی شیراتۆنی جیهانی لە شاری سلێمانی و لە وتارێکدا رایگەیاند کە لە ژێر سایەی یاسای وەبەرهێنان، تەنها لە سلێمانی 225 پرۆژەی جۆراوجۆر بە سەرمایەی 10 ملیار دۆلار جێبەجێکراون.
بەپێی راگەیەندراوێکی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، عیماد ئەحمەد لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە گرنگی یاسای وەبەرهێنان کرد کە دەرفەتی رەخساندووە بۆ سەرمایەداران و خاوەن کاری بیانی و ناوخۆیی تا سەرمایەکانیان لە هەرێم بخەنەگەڕ و شانبەشانی حکومەت بەشدار بن لە ئاوەدانکردنەوەی هەرێم و پێشخستنی ژێرخانی ئابووری و نیشتەجێکردن و گەشتیاری.
جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی سیاسیی هەرێم،

هەڵوێستەی کرد لەسەر بەرنامەی حکومەت بۆ پێشخستنی کەرتی تایبەت و بووژاندنەوە ئەو لایەنە گرنگە و وتی: بەبێ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران ناتوانین هەرێمێکی پێشکەوتوو بهێنینە کایەوە، لەبەر ئەوە هەمیشە حکومەت هەوڵی داوە کارئاسانی بۆ سەرمایەداران بکات تا سەرمایەکانیان لە پرۆژە و سێکتەرە جۆراو جۆرەکاندا بخەنە گەڕ کە لە و رووەشەوە هەنگاوی باشیان ناو توانیان خزمەتی هەرێم بکەن و تەنها لە ژێر سایەی یاسای وەبەرهێنان لە سلێمانی 225 پرۆژەی جۆراوجۆر بە سەرمایەی 10 ملیار دۆلار جێبەجێکراون کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستێکی باش بووە بۆ ئاوەدانی و رەخساندنی هەلی کار و گەشەپێدانی رەوتی ئابووری و بازرگانی و گەشتیاری".
سەبارەت بە دەستی ئاوەدانی و بوژاندنەوە ی کەرتی گەشتیاری وپیشەسازی و کشتوکاڵی و گرنگی ئەم لایەنانە بۆ هەرێم، عیماد ئەحمەد رایگەیاند : "ئە و سێکتەرانە لەمڕۆدا بۆ سەرچاوەی داهات و پێشخستنی لایەنە ژیارییەکان و رەخساندنی هەلی کار گرنگن، بۆیە حکومەت پلانی ستراتیژیی درێژخایەنی دانا بۆ بوژاندنەوەی ئەم لایەنانە و پێشخستنی، چونکە هەرێمی کوردستان لە رووی هەڵکەوتەی شوێن و جوگرافییەوە لەبارە بۆ هەرێمێکی گەشتیاری و پێشخستنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی کە بۆ ئەوەش پێویستمان بە هاوکاریی زیاتری سەرمایەداران هەیە تا بتوانین هەرێمەکەمان زیاتر پێشبخەین و ئاوەدانتری بکەینەوە".
هاوکات جێگری سەرۆکی حکومەت بنیادنانی پرۆژەی (کۆمەڵگەی شیراتۆنی جیهانیی لە سێمانی بە هەنگاوێکی گرنگی وەسفکرد بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری و ئابووری و رەخساندی هەلی کاری زیاتر لە سلێمانی و داوای لە وەبەرهێنەرانیش کرد کاری باشتر و هەنگاوی جدی تر بنێن بۆ خزمەتکردنی شارەکەیان.
پرۆژەی کۆمەڵگەی شیراتۆنی جیهانی لە چەند پرۆژەیەکی گەشتیاری و بازرگانی و نیشتەجێکردن کە بە سەرمایەی کەرتی تایبەت بەبری 1 ملیار دۆلار بنیاد دەنرێت و پێکهاتووە لە دوو هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی و 3 ئەستێرەیی و چەند تاوەرێکی بازرگانی و نیشتەجێکردن و باڵەخانەی خزمەتگوزاری و ریستۆرانت و مۆڵ کە لەسەر رووبەری نزیکەی 190 دۆنم زووی جێبەجێدەکرێت.
هەر لە شاری سلێمانی و لە بینای پارێزگای سلێمانی عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداریی کرد لە رێورەسمی ئیمزاکردنی گرێبەستی پرۆژەی ریسایکلینی خۆڵ و خاشاکی سلێمانی کە لەلایەن بەهرۆز محەمەد ساڵح پارێزگاری سلێمانی و هەردوو کۆمپانیای (لافارج) ی فەرەنسی و گرپی کۆمپانیاکانی فاروق بەرێوەچوو.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 07-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 651

## فاروقی مەلا مستەفا: ژمارەی بەشداربووانمان گەیشتۆتە زیاتر لە یانزە ملێۆن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140305131252233849



سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوبردنی کۆمپانیای ئاسیا سێل، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە ژمارەی بەشداربووانی تۆڕی مۆبایلی ئاسیا سێل گەیشتۆتە زیاتر لە 11 ملێۆن بەشداربوو لەگەڵیشیدا رۆژانە لەزیادبووندایە.
ئەمرۆ فاروقی مەلا مستەفا لەچوارچێوەی پرۆگرامەکانی دیداری سلێمانی زانکۆی سلێمانی بەشداریکردوو، بەدورو درێژی باسی دروستبوونی کۆمپانیای ئاسیا سێلی بۆ ئامادەبووان کردو جگە لەوەش تیشکی خستە سەر بەرە و پێشچوونی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەشاری سلێمانی نموونەی نەخۆشخانە نێودەوڵەتی (فاروق)ی هێنایەوە کە لەئێستادا لەتەواوبوندایە.
فاروقی مەلا مستەفا تیشکی خستە سەر ئەوەی لە ئێستادا تۆڕی پەیوەندییەکانی کۆمپانیای ئاسیا سێل لەعێراقدا لەسەدا نەوت و حەوتی ئە و ناوچانەی داپۆشیوە کە دانیشتوانی تیادایە و ئاماژەی بۆ بەرزبونەوەی بەشداربوونی ئە و تۆڕە پەیوەندییەکرد بۆ زیاتر لە 11 ملێۆن بەشداربوو.
کۆمپانیای ئاسیا سیل یەکەمین تۆڕی پەیوەندی مۆبایلی عێراقە و لەساڵی 1999 لەسەردەستی سەرمایەداری ناسراو فاروقی مەلا مستەفا لەشاری سلێمانی دامەزراو دواتریش لەساڵی 2003 توانی خزمەتگوزارییەکانی عێراق بگەیەنێتە شارەکانی تری عێراق و پاشان بۆ بەشێکی زۆری وولاتانی جیهان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 05-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 652
## فرۆشی کارگەکانی چیمەنتۆ بۆ 75% دابەزیوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20140823213830666660
ئاسۆ سەراوی
بەرپرسانی کارگەکانی چیمەنتۆی (بازیان و تاسڵوجە و ماس) باس لەدابەزینی ئاستی فرۆشی بەرهەمەکانیان دەکەن بەجۆرێک پێشتر بەرهەمی رۆژانەی ئە و سێ کارگەیە بەیەکەوە نزیکەی 45هەزار تەن بوە، بەڵام لەئێستادا بەرهەمی رۆژانەیان ناگاتە 15هەزار تەنیش. خراپیی دۆخی ئەمنیی ناوەڕاست و باشوری عێراق دەستبەسەردا گرتنی هەندێ ناوچەی عێراق وەک موسڵولەلایەن چەکدارانی داعشەوە کاریگەری راستەوخۆی هەبوە لەسەر دابەزینی فرۆشی ئەوان.
75%ی بەرهەمەکەیان بۆ ناوەڕاست و خواری عێراق بوە
بەڕێوەبەری کارگێریی و سەرچاوە مرۆیەکان لەهەردو کارگەی (بازیان، تاسڵوجە) کاروان مەحمود ئەحمەدئاماژە بەوە دەکات بەهۆی ئە و دۆخە ناجێگرەی بەمدوایە لەعێراقدا دروستبوە بەتایبەت دوای گرتنی شاری موسڵ لەلایەن چەکدارانی داعشەوە فرۆشی ئەوان 75% دابەزیوە، "پێشتر رۆژانە زیاتر لە18هەزار تەن چیمەنتۆمان دەفرۆشت، ئێستا 5هەزار تەنێک دەفرۆشین". پێشتر 75%ی بەرهەمی ئە و دو کارگەیە بۆ ناوەڕاست و خواری عێراق بوە کە لە45% ئەوەش لەهەردو شاری موسڵ و سەلاحەدین فرۆشراوە، 30%ی بۆ ناوچەکانی تری خواروی عێراق چوە، "بەڵام لەئێستابەهۆی گرتنی رێگاکانەوە کەمترین پری چیمەنتۆ لەسلێمانیەوە دەچێت بۆ ناوەڕاست و خواروی عێراق پێشتر رۆژانە نزیکەی 15هەزارتەن چیمەنتۆ هەر دەچوە بەغدا، بەڵام ئێستا ئەگەر هەزار تەن بچێت، جگەلەوە لەناوخۆی هەرێمیشدا نافرۆشرێ، چونکە زۆرینەی پرۆژەکان وەستاون".
بەپێی زانیاریەکانی ئە و بەڕێوەبەرە نەچونی چیمەنتۆ بۆ ناوچەکانی تری عێراق نرخی تەنێک

چیمەنتۆی لە و ناوچانە لە70$ بەرزکردۆتەوە بۆ نزیکەی 100$.
هۆکارێکی بێبازاڕییان هاوردەکردنی چیمەنتۆی بیانییە
هۆکارێکی تری بێبازاڕیی ئە و کارگانە وەک کاروان ئاماژەی پێدەکات هاوردەکردنی پرێکی زۆری چیمەنتۆی بیانیە وەک ئە و دەڵێت "رۆژانە نزیکەی 10هەزار تەن چیمەنتۆی ئێرانی بەنرخی تەنی بە60$ دێتە سلێمانیەوە، هەرچەندە لەوانەیە ئێستا ئەویش کەمیکردبێت، بەڵام بەراستی ئەوانەش هۆکارێکن بۆ ئەوەی بەرهەمی ناوخۆ فرۆشی کەمبێت، پێویستە گومرگ لەسەر بەرهەمی دەرەکی زیادبکرێت، بۆ پاڵپشتیکردنی بەرهەمی ناوخۆیی".هەرچەندە لەئێستا هەردو کارگەکە بەتەواوەتی بەرهەمیان کەمیکردوە و بەناڕاستەوخۆ کارەکانیان راگرتوە، بەڵام هیچ یەکێک لەکرێکارەکانیان دەرنەکردوە "داهاتی نزیکەی 5هەزار خێزان لەسەر ئەم دو کارگەیەیە بۆیە هیچ کرێکارێکمان دەرنەکردوە بەئومێدی ئەوەین ئەم دۆخە باش بێت."
بەرهەمیان لە25هەزار تەنەوە بۆ 8هەزار تەن دابەزیوە
کارگەی (ماس)یش کە بەهەمانشێوە کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆیە لەسلێمانی بەرهەم و فرۆشی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردوە،ئاراس عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری کارگێڕیی کارگەکە ئەوە دەخاتەرو کە پێش ئە و بارودۆخە نوێیەی عێراق بەرهەمی رۆژانەی کارگەکەیان نزیکەی 25هەزار تەن بوە، بەڵام لەئێستادا بۆ 8 هەزار تەن دابەزیوە، بۆ کەمکردنەوەی گرفتەکانیان ئە و بەڕێوەبەرە دو پێشنیار دەکات یەک بۆ پاڵپشتیی بەرهەمی ناوخۆیی رێگە بگیرێت لەهاوردەکردنی چیمەنتۆی بیانی"چونکە لەئێستا هەرێم دەتوانێ بەرهەمی ناوخۆیی خۆی لەچیمەنتۆ دابین بکات". دو نرخی نەوتی رەشیشیان لەسەر هەرزان بکرێت.
پرۆژەکانی تریش هەڕەشەیان لەسەرە
بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی فەرمان غەریب ئاماژە بە و دەکات کە پێشتر ناوەڕاست و خواروی عێراق بازاڕێکی باش بوە بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی کارگەکانی چیمەنتۆ لەسلێمانی، بەڵام خراپیی رێگاکانی هەرێم و بەغدا بەمدوایە بۆتە هۆی بێبازاڕیی‌ئە و کارگانە و ئە و وتی "لەئێستادا بەرهەمی کارگەکانی چیمەنتۆ لەسلێمانی 60% تا70%دابەزیوە".ناوبراو ئەوەش دەخاتەرو کە هەر بەهۆی ئە و دۆخە نائارامەی دروستبوە زۆرێک لەپرۆژەکانی تریشیان روبەروی گرفت بونەتەوە و وتی "لەبەشێک لەپرۆژەکانی وەبەرهێنانەوە نوسراومان بۆ دەکرێت بۆ راوەستاندنی کارەکانیان". ئە و هاوراشە لەسەر ئەوەی بەرهەمی چیمەنتۆی دەرەکی گومرگی زۆری بخرێتە سەر "ئەمەش وەک پاڵشتیکردنێک بۆ بەرهەمی چیمەنتۆی ناوخۆیی."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 23-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 653
**فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ئاماری 2013ی خستەڕوو**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140114210845866689




خەندان- هێڤی خالید
ئەمڕۆ سێ شەممە، 14یکانوونی دووەم، لە بەڕێوبەرایەتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ئاماری ساڵی 2013یان خستەڕوو کە باسیان لە چۆنیەتی گەشتەکان و سەرنیشین و وردەکاری ناوفڕۆکەخانەیان خستە ڕوو.
لە ئامارەکەدا هاتووە لە ساڵی 2013دا، 372هەزار هاوڵاتی فڕۆکەخانەیان بەکارهێناوە بۆ سەفەر کردن ئەوڕێژەیەش لە30% زیادیکردووە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2012دا.بە پێی ئە و ئامارە، 75پەساپۆرتی ساختەدەستی بەسەردا گیراوە، 101کەس سنورداشکراوەتەوە بۆ سلێمانی، 85کەسیش سنورداشکراونەتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، 838هاوڵاتی بە یەکجاری گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان، 5269هاوڵاتی ڤیزەی وەرگرتووە بۆ داخڵ بوون بۆ کوردستان لەڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە.
تاهیر عەبدوڵڵا بەڕێوبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: سیستمێکی کەشناسی پێشکەوتوو هەیە بۆ بواری کەشناسی فڕۆکەوانی بەپری 1ملیارو532ملیۆن دینار ئەچێتەبواری جێ بەجێکردنەوە، کۆی ئە و پارانەی تەرخانکراوە لەسەر بودجەی وەزارەت 15ملیار و466ملیۆن دینارە.
ئەوەشی ڕاگەیاند:"نۆ بەڕێوبەرایەتی لەناو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیدا هەیە، بەرێوبەرایەتی ئاسایشی، گومرگ، بنکەی نیشینگە، بانک، دەروازە، بنکەی هاتوچۆ، پۆلیس، تەندروستی، بەرگری شارستانی، بَیجگەلە بەڕێوبەرایەتی فڕۆکەخانە ئەم بەڕێوبەرایەتیانە لەناو فڕۆکەخانەدا کاردەکەن."
وتیشی"بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2012 کارەکانی فڕۆکەخانە 296% زیادی کردووە گەشەسەندنێکی زۆر هەیە لە کارەکانی فڕۆکەخانەدا."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 14-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 654

## قایمقامی هەڵەبجە: 30 تا 40 گەنجی سنوری هەڵەبجە چونەتە سوریا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121014021687340

قایمقامی هەڵەبجە رایدەگەیەنێت، ژمارەی ئە و گەنجانەی لەسنوری ناوچەکەیان بەناوی "جیهادکردن" بۆ سوریا رۆیشتون لەنێوان 30 بۆ 40 گەنجن و لەنێویشیاندا ژمارەیەکیان گەڕاونەتەوە.
یاسین محەمەد، ئاوێنەنیوز: لەسەروبەندی ئاڵۆزبونی بارودۆخی سوریا، چەندین گروپی جیهادی لە و وڵاتەدا خۆیان راگەیاندوە، لەهەرێمی کوردستانیش ژمارەیەک گەنج پەیوەندیان بە و گروپانەوە کردوە و تائێستاش چەند گەنجێکی کورد لەبەرەکانی جەنگدا کوژراون.
قایمقامی قەزای هەڵەبجە، گۆران ئەدهەم، ئەمڕۆ سێشەممە بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، ئە و کەسانە بەناوی گەشتیارەوە دەچنە تورکیا و لەوێشەوە رودەکەنە سوریا. وتیشی، لەونێو ئە و گەنجانەی تائێستا لەسنوری قەزای هەڵەبجە چونەتە سوریا 14 یان گەراونەتەوە و حەوتیشیان کوژراون.
پێشتر هەفتەنامەی ئاوێنە لەسەر زاری سەرچاوەیەکەوە بڵاویکردەوە، لەماوەکانی رابردودا دو گەنج لەقەزای سۆران و سێ گەنجی قەزای چۆمان لەگەڵ خێزانەکانیان بەمەبەستی جەنگ لەپێناو خودا (جیهاد)، خۆیان گەیاندوەتە سوریا.
سەبارەت بەوەی کێ هانی گەنجان دەدات، گۆران ئەدهەم، وتی، تائێستا هیچ لایەن و کەسێکی دیاریکراو نیە کە هاندەری ئەوان بێت بۆ ئە و کارە .

بەشێک لە و گروپانەی کە لەسوریا دروستبون، جگە لەشەڕکردنیان لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسەد، زۆربەی کاتیش لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) کە باڵی سەربازی پەیەدەی نزیک لەپەکەکەیە، روبەرو دەبنەوە، بە و هۆیەوەش ژمارەیەکی زۆری چەکدار لەنێوان هەردولا کوژراون.
لە 2ی ئەم مانگە ئاسایشی سلێمانی لەرونکردنەوەیەکدا ئاشکرایکرد، بەپێی زانیارییەکان (63) گەنج رۆشتونەتە ناو هێزە ئیسلامییە توندڕەوەکان لەسوریا و لە و ژمارەیەش تائێستا 16 کەس بەتۆمەتی "تیرۆر" دەستگیرکراون و روبەڕوی دادگا کراونەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-12-10

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 655

## قایمقامییەتی سلێمانی داهاتی غەرامەی مانگی شوباتی 2015ی ڕاگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031009454284859

لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی رایدەگەیەنێت، لە ماوەی مانگی شوباتدا سەردانی سێ هەزار و 100 شوێنیان کردووە و بەهۆی پابەند نەبوونیان بە مەرج و ڕێنماییەکانیشەوە 269 شوێن پسوڵەی سەرپێچیان بۆ کراوە و 18 شوێنیش داخراون، هەروەک داهاتی غەرامەی سەرپێچییەکانیش 38 ملیۆن و 775 هەزار دینار بووە.
لە راگەیەندراوێکی لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامییەتی سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: لە پێناو پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان و ڕێگری کردن لە سەرپێچییەکان لە 1-2 تا 28-2-2015 لیژنەکانیان سێ هەزار و 103 شوێنیان بەسەرکردووەتەوە و بەووردی بەدواداچوونیان کردووە بۆ جێبەجێ کردنی مەرج و ڕێنماییەکان، لە کۆی ئە و شوێنانەی کە بەسەرکراونەتەوە 269 شوێن بەهۆی پابەند نەبوونیان بە مەرج و ڕێنماییەکانەوە پسوڵەی سەرپێچیان بۆ کراوە و 18 شوێنیش بەهۆی جۆری سەرپێچییەکانیانەوە بڕیاری داخستنیان دراوە، یەک شوێنیش رووبەرووی دادگا کراوەتەوە.
هەر بەپێی ئامارەکەی لیژنەهاوبەشەکان لە و مانگەدا 48 تەن و 340 کیلۆگرام خواردن و مەوادی بەسەرچوو زیان بەخش دەستی بەسەردا گیراوە و لەناو براوە، هەروەک پری ئە و غەرامانەی کە لە ئەنجامی سەرپێچی شوێنەکان کراوە، 38 ملیۆن و775 هەزار دینار بووە و بەپێی یاساو ڕێنماییەکانیش ئە و پارەیە دەچێتە سەر داهاتی گشتی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 656

## قایمقامیەتی سلێمانی ئاماری کار و چالاکییەکانی بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014081211435165304

لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی بۆ بەرچاو روونی زیاتری هاوڵاتیان ئاماری کار و چالاکییەکان و هەروەها پری پارەی غەرامەکراوی مانگی تەمموز بۆ رای گشتی بڵاودەکاتەوە.
بەپێی ئامارەکە لە 1-7 تا 31-7-2014، لە پێناو پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان و رێگری کردن لە سەرپێچییەکان لیژنەکان سێ هەزار و 797 شوێنیان بەسەرکردووەتەوە و بە وردی بەدواداچونیان کردووە بۆ جێبەجێ کردنی مەرج و رێنماییەکان.
هەروەها هاتووە: لە کۆی ئە و شوێنانەی کە بەسەرکراونەتەوە 299 شوێن بەهۆی وەک پێویست پابەند نەبوونیان بە مەرج و رێنماییەکانەوە پسوڵەی سەرپێچیان بۆ کراوە و دوو شوێنیش بەهۆی جۆری سەرپێچییەکانیانەوە بڕیاری داخستنیان دراوە و دوو شوێنیش رووبەڕووی دادگا کراوەتەوە.
بەپێی ئامارەکەی لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی لە و مانگەدا سێ هەزار و 550 کیلۆ گرام خواردن و مەوادی بەسەرچوو و زیان بەخش پاش دەست بەسەراگرتنی لەناو براوە.
هەروەها پری ئە و غەرامانەی کە لە ئەنجامی سەرپێچی شوێنەکان کراوە 10 ملیۆن و 125 هەزار دینارە و بەپێی یاساو رێنماییەکانیش ئە و پارەیە دەچێتە سەر داهاتی گشتی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 12-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 657

## قوربانیان و ئاوارەکانی شۆرشەکەی سوریا 4 ملیۆنی تێپەڕاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20150807145285818

نوێترین ئاماری روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکات کە لەماوەی چوار ساڵی شۆرشی وڵاتەکەیدا زیاتر لە 240 هەزار کەس کوژراون و 30 هەزاری تر بێسەروشوێن بوون کە 12 هەزاریان منداڵن. ئەمە جگەلە کە ئاوارەبوونی چوار ملیۆن هاوڵاتیی تر.
روانگەکە کە بارەگاکەی لە بەریتانیایە رونیکردووەتەوە، لەماوەی دوو مانگدا ژمارەی کوژراوەکان 10 هەزار کەس زیادیکردووە،
دوێنێ پێنجشەممە رامی عەبدولڕەحمان بەڕێوبەری روانگەکە بە ئاژانسی فرانسپرسی راگەیاند: "لەدەستپێکی شۆرشەکەوە دژ بە رژێمی بەشار ئەسەد لە مانگی ئازاری ساڵی 2011، 240 هەزارو 381 کوژراو، ئامارکراوە."
سەبارەت بە کوژراوانی هاوڵاتیانی مەدەنی، ئامارەکەی روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکردووە کە لە و ماوەیەدا ژمارەکە زیادیکردووە و بۆ 71 هەزارو 781 کەس بەرزبووەتەوە کە 11 هەزارو 964یان منداڵن.
هەر لەناو ئە و ئامادارەدا هاتووە کە 42 هەزارو 384 کوژراو لەڕیزی گروپەکانی دژبە دەسەڵاتی بەشار ئەسەدن، هلە ئۆپۆزسیۆن و هەڵگەڕاوەکانی دژی بەشارو توندڕەوەکان و هاوڵاتیانی کورد.
ژمارەی ئە و توندڕەوە بیانییانەش کە لە سوریا کوژراون، گەیشتووەتە 34 هەزارو 375 هەزار کوژراو.
بەگوێرەی روانگەکە، کوژراوانی سەربە هێزەکانی رژێمی ئەسەد پشکی شێریان بەرکەوتووە کە 88 هەزارو 616 کوژراون واتە سێیەکی کۆی کوژراوەکان پێکدەهێنن، لەوانەش 50 هەزارو 570یان سەربازو 33 هەزارو 839 کوژراویان لەهێزەکانی بەرگری نیشتمانی و 903یان لەچەکدارانی حزبوڵڵای لوبنانی و سێ هەزار و 304یان لە و میلیشیا شیعانەن کە لە وڵاتانی ترەوە هێنراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 07-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش

جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: SYسووریا
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 658

## قوربانیانی روداوەکانی مین کەمیکردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012812312368250

ساڵی رابردو پاککردنەوەی کێڵگە مینرێژکراوەکان بەبەراورد بە 2013 بەڕێژەی 45% کەمیکردوە وەک ئەوەی بەڕێوەبەری کاروباری مین رایدەگەیەنێت، دەشڵێت، لەهەمان کاتدا قوربانیانی روداوەکانی مین کەمیکردوە.
زریان محەمەد، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لەسلێمانی، سەباح حەمەخان ئەمڕۆ چوارشەممە، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند، تیمەکانی ڕوپێوی تەکنیکی ئامادەکاری لە 358 ناوچەی پیسبو بەڕوبەری 47 ملیۆن مەتر دووجا کاریانکردوە و 20 ملیۆن مەتر دوجا لەڕوبەری مەترسیدار ئازادکردوە و دەتوانێت سودی لێوەربگیرێت و بەبەراورد بە 2013 بەرهەمەکە بەڕێژەی 43% زیادیکردوە.
وتیشی، ساڵی 2014 ئە و کێڵگانەی پاککراونەتەوە 19 دانەیە بەڕوبەری 400،000 مەتر دوجا، بەڵام لەساڵی 2013 ئە و کێڵگانەی پاککراونەتەوە 23 دانەیە بەڕوبەری 722.000 مەتر دوجا بەرهەمەکە بەڕێژەی 45% کەمی کردوە هۆکارەکەشی قەیرانی دارایی و دواکەوتنی گرێبەستی ئۆتۆمبێلەکانی تیمەکان.
سەبارەت بەژمارەی قوربانیان بەڕێوەبەری کاروباری مین وتی، لەساڵی 2014 قوربانیانی مین و تەقەمەنی بریتیبوە لە 11 قوربانی کە 9 دانەیان هاوڵاتین و دوانیان کارمەندی بواری پاکسازی مین بون، بەڵام ساڵی 2013 قوربانیان 30 کەس بوە.
لەسنوری پارێزگای سلێمانی و گەرمیان بەگشتی تائێستا 9221 قوربانی مین هەیە لە و ڕێژەیە 4050 کەسیان گیانی لەدەستداوە و 5171یشیان برینداره.
دەربارەی بەناوچە مەترسیدارەکانی کوردستانیش سەباح حەمەخان وتی، پێنجوێن 52 ملیۆن مەتر دوجا زەوی ماوە پاکبکرێتەوە بەڕێژەی 14%، شارباژێر 42 ملیۆن مەتر دوجای ماوە بە ڕێژەی 25%، پشدەر 23 مەتر دوجا بەڕێژەی 28%، هەڵەبجە 14 ملیۆن مەتر دوجا بەرێژەی 49% ماوە پاکبکرێتەوە.
ئاماژەی بەوەشدا بەشداریانکردوە لەبەرەکانی جەنگدا بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەکاتی هەبونی هەر مینێکی چێندراودا و کاریانکردوە بۆ لابردنی و ئامادەشن بەردەوامبن لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 28-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 659

## قوربانییانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە کۆیە دوو هێندە زیادیکردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070115233989715

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی کۆیە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ژمارەی ڕوداوەکانی هاتوچۆ بەراورد بە ساڵی ڕابردو لە زیادبوندایە و ژمارەی قوربانیان و ئەو کەسانەی بەهۆی ئەو ڕوداوانەوە گیانیان لەدەستداوە دو هێندەی ساڵی ڕابردوە.
ئەمڕۆ دو شەممە، مقەدەم شۆرش کاکە، بەڕێوبەری هاتوچۆی کۆیە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماری ڕوداوەکانی هاتوچۆی شەش مانگی یەکەمی ساڵی (2013) خستەڕو، کە تێیدا (115) ڕوداوی هاتوچۆ لە سنوری قەزاکە تۆمار کراوە و بونەتە هۆی گیانلەدەستدانی (13) هاوڵاتی.
ئەوەشی خستەڕو لە و ڕوداوانەدا (130) هاوڵاتی بە شۆفێر و سەرنشین بریندارىون و (609) ئۆتۆمۆبێلیش دەستیان بەسەردا گیراوە و بە پری (189) ملیۆن دینار سزادراون.
بەپێی ئامارەکانی هەمان بەڕێوەبەریەتی ژمارەی ڕوداوەکان لە هەڵکشاندان بەشێوەیەک کە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردودا (105) ڕوداو تۆمار کراون تێیاندا حەوت هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و (102)ی دیکەش برینداربون.
ئا/ ئاری سابیر
سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - 2013-07-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 660

## قەرەتەپە.. 700 خێزان ئاوارە دەبن وشارۆچکەی سەعدیەش چۆڵ بوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2014062910205276834

سۆران کەریم
قەرەتەپە داوای هاوکاری لە حکومەتی هەرێم و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەکات بۆ هاوکاریکردنی ئە و 700 خێزانەی بەهۆی شەڕەوە لە ناوچەکانی تری دیالەوە ئاوارە بوون، سەعدییەش سەدا 99ی دانیشتووانەکەی ماڵ و حاڵیان لە ترسی داعش بەجێهێشت .
محەمەد حاجی عومەر، لێپرسراوی کۆمیتەی قەرەتەپەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە خەندانی ڕاگەیاند: "بەهۆی ئە و شەڕ و پێکدادانەی لە ناوچەکانی تری دیالە دروستبووە لە نێوان چەکدارانی داعش و سوپای عیراق، خێزانێکی زۆر ڕووی کردووەتە ناوچەکەمان ."
ئاماژەی بەوەشدا، کە زیاتر لە 700 خێزانی ئاوارەی ناوچەکان، لە قەرەتەپەدان، وتیشی: "ماڵ هەیە 10 خێزانی لە خۆ گرتووە، ئێمەش سەرجەم قوتابخانەکانمان تەرخانکردووە بۆ ئە و خێزانانە ."
داواشیکرد، حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بچن بەهانای ئە و خێزانە ئاوارانەوە، چونکە ئەوان توانای هاوکاریکردنی زیاتریان نییە .
هاوکات، سەرچاوەیەک لە ناحیەی سەعدییە بە خەندانی ڕاگەیاند: "بەهۆی ئەوەی شارۆچکەکە لەلایەن چەکدارانی داعش_ەوە کۆنترۆڵ کراوە، لە ئێستادا نزیکەی سەدا 99ی خێزانەکان ماڵ و حاڵی خۆیانیان جێهێشتووە ."
ئەوەشی خستەڕووە، کە دوو هاوڵاتی بە گوللەی چەکدارانی داعش لە کاتی دەرچوونیان لە شارۆچکەکە بریندارکران، وتیشی: "داعش مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ دانیشتووانی سەعدییە دەکات، بۆیە هەموو پێکهاتەکان شارۆچکەکەیان جێهێشتووە بە کورد و تورکمان و عەرەبەوە و ڕوویانکردووەتە شار و شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 661

## قەرەهەنجیر.. لە سێ مانگدا 105 کەس بەهۆی راوکردنەوە دەستگیرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122613533087073

خەندان هەڵۆ نەجات
لەماوەی سێ مانگی رابردوودا لە سنووری قەزای قەرەهەنجیر لە لایەن پۆلیسی دارستان و ژینگەی قەرەهەنجیرەوە 105 کەس بەهۆی راوکردنەوە دەستگیرکراون و پری ئە و غەرامەیەش کە لە و کەسانە وەرگیراوە زیاتر لە شەش ملیۆن دینار بووە.
نەقیب شوان حسێن، بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی قەرەهەنجیر بە خەندانی راگەیاند: لە ماوەی سێ مانگدا توانیویانە 105 کەس بەتۆمەتی راوکردن لە و سنوورە دەستگیر بکەن و پری شەش ملیۆن و 500 هەزار دینار غەرامەیان بکەن.
وتیشی: "ژمارەیەک ئاسکی کێوی و باڵندەمان لەدەست راوچیەکان ئازاد کردوە، بەپێی وتەی بەڕێوەبەری پۆلیسی دارستان و ژینگەی ناحییەی قەرەهەنجیر بە بەراوردلەگەڵ ساڵی 2012 رێژەی راوکردن لە و سنوورە کەم بوونەوەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 26-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 662

## قەڵادزێ، لەهەشت مانگی رابردو 176 حاڵەتی پێوەدانی مار و دووپشک تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092416135188526



لە ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ ئاماژە بەوەکراوە، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو مانگی ئابی رابردوو، 176 حاڵەتی پێوەدانی مار و دووپشک تۆمارکراوە.
لە ئامارەکەدا کە وێنەیەکی بە (خەندان) گەیشتووە، ئاماژە بەوەکراوە، لە کۆی ئەو 176 حاڵەتە 165 پێوەدانی دوپشک بووە و، 11 حاڵەتی دیکەش مار پێوەدان بووە.
لە درێژەی ئامارەکەدا هاتووە، ئەو هاووڵاتییانەی دووچاری پێوەدانی دووپشک بوونەتەوە، چارەسەری پێویستیان وەرگرتووە، بەڵام دوو هاووڵاتی مار پێوەی دابوون، بەهۆی زۆری رێژەی ژەهرو کەمی بەرگری جەستەیانەوە گیانیان لەدەستداوە.
لە ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتی رانییەش هاتووە، لە ماوەی هەشت مانگی رابردوودا، 142 حاڵەتی گیان لەدەستدان بە هۆکاری جیاواز لە و نەخۆشخانەیە تۆمارکراون، مردنی 58 هاوڵاتیان بەهۆی نەخۆشیەکانی دڵەوە بووە، گیانلەدەستدانی 24 کەسیشیان بەهۆی نەخۆشیەکانی مێشکەوە بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-09-24

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 663

## قەیرانی دارایی ئەم پرۆژانەی شارەوانی سلێمانی وەستاندووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031320191671109

هەڵوان جەلال

قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی فراوان کاریگەریی دروست کردووە، لەسەر پرۆژەکانی شارەوانی سلێمانی، بەجۆرێک لە 90% ی پرۆژە جۆراوجۆرەکانی شارەوانی وەستاندووە.

ئەبوبەکر تەیب حەسەن بەڕێوەبەری پرۆژەکانی شارەوانی سلێمانی، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ خەندان ئەو زانیارییەی پشت ڕاست کردەوەو رایگەیاند " بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی لەماوەی یەک ساڵی رابردوودا دروست بووە، بە نزیکەیی 50 پرۆژەمان وەستاوە کە دەکاتە 90% ی پرۆژەکانی شارەوانی سلێمانی، هەندێک لەو پرۆژانەش لە قۆناغی کۆتایدان، بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجەوە کارکردن لەو پرۆژانەدا وەستێنراون".

بەڕێوەبەری پرۆژەکانی شارەوانی سلێمانی، روونیشی کردەوە لە رابردوودا بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان چەکی پارە دەدرا بە ئەو کۆمپانیایانەی کە پرۆژەکانیان جێبەجێ دەکرد، بەڵام لە ئێستادا ئەو چەکانەش خەرج ناکرێت، بۆیە کۆمپانیا و بەڵێندەرەکان کارکردنیان لە پرۆژەکاندا راگرتووە.

پرۆژە ڕاگیراوەکانیش، بریتین لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی دروست کردنی ئاوو ئاوەرۆ و شەقام بۆ کۆڵانەکانی شاری سلێمانی بەتایبەت لە دەرەوەی شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود و گەرەکەکانی بەکرەجۆ و راپەڕین، لەگەڵ دروست کردنی یەکتریرەکان کە لەماوەی رابردوودا کار لە دروست کردنی سێ یەکتربردا دەکرا، بەڵام لە ئێستادا کارکردن لەو یەکتربرانەشدا وەستێنراوە بەهۆی نەبوونی پارەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە ماوەی رابردوودا سەرۆکی شارەوانی سلێمانی پێشنیازی کرد لە داهاتەکانی خۆیان کار لەسەر پرۆژەکان بکرێت و موچەی کارمەندەکانیشیان بدەن، بەڵام تائێستا رەزامەندی لەسەر نەدراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💰 ئابووری |
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 664

## گرنگترین ئاماری هاتوچۆی سلێمانی بۆ ساڵی 2013

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011522080786673




...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 665

## گروپی ژیان: ژمارەی ئەو ژنانەی لە 23 ساڵی رابردوودا کوژراون، سێ ئەوەندەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041115113069876

چالاکوانێکی مەدەنی دەڵێت، ژمارەی ئەو ژنانەی لە 23 ساڵی ڕابردوودا لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کوژراون، سێ ئەوەندەی ژمارەی ئەو کەسە بێ تاوانەن کە لە ساڵی 1988 لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا بوونە قوربانی.

چالاکوانێکی مەدەنی دەڵێت، ژمارەی ئەو ژنانەی لە 23 ساڵی ڕابردوودا لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کوژراون، سێ ئەوەندەی ژمارەی ئەو کەسە بێ تاوانەن کە لە ساڵی 1988 لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا بوونە قوربانی.

سلێمانی،ئاوێنەنیوز: بەرپرسی ڕێکخراوی ژیان، بەهار مونزیر، لە لێدوانێکدا ئەمڕۆ(هەینی) بە ئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، وەک گروپی ژیان بەشداریامنکردووە لە کۆنفرانسێک لە پەرلەمانی ئەوروپا (بەلجیکا)کە تایبەت بوو بە ڕێگریە یاسایی و دادوەریەکانی بەردەم بەدیهاتنی مافەکانی ژنان لە کوردستانی عێراق و لەوێ ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ڕەوشی ژنانی پێشکەشکراوە.

لە راپۆرتەکەدا بەهار رایگەیاندووە، "گروپی ژیان کوشتاری بەردەوامی ژنان بە کەمپینی ئەنفالکردنی ژنان ناو دەبات و وا دەزانین کە ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە ماوەی 23 ساڵی ڕابردوودا کوژراون سێ بەرابەری ژمارەی ئەو کەسە بێ تاوانەن کە لە ساڵی 1988 لە هەڵەبجەدا بوونە قوربانی".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 11-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 666

## گواستنەوەی گشتی لەسلێمانی چۆنە؟

http://www.kurdipedia.org/?q=201407311809023276

ژمارەی هێڵەکانی گواستنەوەی پاس لەناو شاردا 26 هێڵە، ژمارەی پاسەکانیان 1708 پاسە.
هێڵەکانی گواستنەوەی پاس لەدەرەوەی شار ژمارەیان 23 هێڵە و زیاتر لە 460 پاسیان هەیە،
ژمارەی تەکسی لەناو شاری سلێمانیدا 22 هەزارو 750 تەکسیە و هیچ یەکێک لەوانە بەفەرمی هێڵیان نییە بەناو شاردا بۆ دەستکەوتنی نەفەر دەسوڕێنەوە، ژمارەی تەکسی کە لەهێڵەکانی

دەرەوەی شاری سلێمانی کار دەکەن 1600 تەکسین.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-07-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 667
## گوزەرانی نزیکەی نێوەی منداڵانی باکووری کوردستان لە دژوارترین ئاستدایە
http://www.kurdipedia.org/?q=20140423140255759‌41
خەندان - شاسوار مامە – ئامەد
بەپێی ڕاپۆرت و ئاماری ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان، تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی ژیانی منداڵان تێیدا لە دژوارترین ئاستدایە و منداڵانی کوردیش لە باکووری کوردستان لە نالەبارترین بارودۆخدا دەژین.
بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤی تورکیا، زیاتر لە 9 ملیۆن منداڵ لەتورکیا کاردەکەن و نزیکەی 5 ملیۆن منداڵ لەناو هەژاریدا گەورە دەبن، لەو ڕێژەیە پشکی شێر بەر باکووری کوردستان کەوتووە.
بەپێی راپۆرتەکە، سەدا 42 منداڵانی باکووری کوردستان هەژارن، لەو ڕێژەیەش نزیکەی ملیۆن و نیوێکیان تواناى دابینکردنی پێداویستییەکانیان نییە.
هەرچەندە تورکیا لە ساڵی 1990 پەیمانی نێودەوڵەتی مافی منداڵانی ئیمزاکردووە، بەڵام لەماوەی 24 ساڵی رابردوودا لە تورکیا 569 منداڵ لەلایەن پۆلیس و سەرباز و دامەزراوە ئەمنییەکانی تورکیا کوژراون و هەزارانیش دەستگیرکراون و ئەشکەنجە دراون کە زۆرینەیان کوردن.
لە ئێستادا سەدان منداڵ لە ئەنجامی شەڕی کورد و حکومەتی تورکیا، لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورکیادان و بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤی تورکیا چەندین جار دەستدرێژی و ئەشکەنجەدانی ئەو منداڵانە تۆمارکراوە.
ئەمڕۆ 23 نیسان، جەژنی فەرمی منداڵانە لە تورکیا، بەڵام کوردان شین دەگێرن بۆ ئەو سەدان منداڵەی لە ساڵانی ڕابردوو لە ئەنجامی پێکدادانەکان لەلایەن دەوڵەتی تورکیا کوژراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باکووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 668
## گۆڕان شەش هێندەی جاران بودجەکەی زیادکرا
http://www.kurdipedia.org/?q=20140725134822771‌31
سۆران کەریم
یاسای بودجەی حزبەکان، کە دوێنێ پەرلەمانی کوردستان پەسەندیکرد و چاوەڕێ سەرۆکی

هەرێم دەکرێت بۆ پەسەندکردنی و دواتر جێبەجێکردنی، بە وتەی پەرلەمانتارێک، پێچەوانەی یاساکانی 192 وڵاتی جیهانە و ئەوەی لە و یاسایەدا هەیە، لە هیچ کام لە یاساکانی ئە و وڵاتانەدا، نییە.
بێستوون فایەق، پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، بە خەندانی راگەیاند :" یاسای حزبەکان کە دوێنێ لە پەرلەمان پەسەند کرا، پێچەوانەی یاسای بودجەی حزبەکانی 192 وڵاتی جیهانە، کە ئێمە بەدواداچوونمان بۆی کردووە و یاسای لە و شێوەیە لە هیچ وڵاتێکدا نییە."
ئەوەشی خستەڕوو، لە بەندەکانی یاساکەدا هاتووە، بودجەی هەر حزبێک بەپێی ژمارەی کورسییەکانی ئەم خولە و خولی رابردوو دەبێت، وتیشی :" ئەم بڕگەیە لە هیچکام لە یاساکانی دونیادا نییە، خولی رابردوو چ پەیوەندییەکی بەم خولەوە هەیە."
پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، کە وەک خۆی ئاماژەی پێدا بڕوانامەکەی لە بواری زانستی سایسییە و تایبەتمەندە لە بوارەکەدا، وتیشی :" لەدنیادا دووپێوەر بۆ بودجەی حزب هەیە، یان لەسەر ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەمان، یان بەپێی رێژەی دەنگەکانی لە هەڵبژاردندا."
ئاماژەی بەوەشدا، لە بڕگەیەکی تر لە یاساکەدا هاتووە، هەر حزبێک بەشداریی شۆڕشی کردبێت، نابێت بودجەکەی لە 300 ملیۆن دینار بۆ مانگێک، کەمتر بێت، وتیشی :" ئەم بڕگەیەش لە هیچکام لە یاساکانی ئە و 192 وڵاتەدا نییە و ئەمە تەنها بۆ رازیکردنی دڵی حزبە بچووکەکانە."
بەپێی یاساکە، بودجەی بزوتنەوەی گۆڕان لە 600 ملیۆن دینارەوە بۆ سێ ملیارو 600 ملیۆن دینار زیادکرا، بودجەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە چوار ملیارو 800 ملیۆن دینارەوە بۆ سێ ملیارو 600 ملیۆن دینار کەمکرایەوە.
هەر بەپێی یاسا نوێیەکەی بودجەی حزبەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشتر چوار ملیارو 800 ملیۆن دیناری وەردەگرت، بودجەکەی بۆ چوار ملیارو 320 ملیۆن دینار کەمکراوەتەوە، بودجەی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانیش لە 450 ملیۆن دینارەوەو بووەتە ملیارێک و 140 ملیۆن دینار، هاوکات بودجەی کۆمەڵی ئیسلامیش لە 350 ملیۆن دینارەوە بۆ 780 ملیۆن دینار زیادکراوە.
سەبارەت بە و حزبانەش کە کورسییان لە پەرلەمانی کوردستاندا نییە، پەرلەمانتارەکەی گۆڕان، وتی :" ئەوەی ژمارەی دەنگەکانی لە نیو کورسی زیاترە، بودجەی دوو کورسیی پەرلەمانی پێدەدرێت."
لە دوای پەسەندکردنی یاساکە، سەعید مەسیفی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: دوای رێککەونی فراکسیۆنەکان لەسەر یاسای بودجەی حزبەکان، لەکۆبوونەوەی رۆژی پێنجشەممەی پەرلەمان ئە و یاسایە پەسەندکرا و دوای پەسەندکردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێم و بڵاوکردنەوەی لەلایەن وەقائیعی کوردستان دەچێتە بواری جێبەجێکردن.
وتیشی: بەگوێرەی یاساکە پێوەرێک دانراوە ئەویش (0.000175 ) کە دەکاتە نزیکەی 50 تا 55ملیۆن دینار بۆ هەر کورسییەک هەژمار دەکرێت لەسەر ئە و بنەمایە حزبەکان بودجەیان پێدەدرێت.
وتیشی: بەگوێرەی ماددەکانی تری ئە و یاسایە ئە و حزبانەی پێشتر کورسیان لە پەرلەمان هەبووە یان بەشدارییان لە خەباتی رزگاری گەلی کوردستان کردووە بودجەیان پێدەدرێت، هاوکات پێکهاتەکان بە رێژیەک ئەوانیش بودجە وەردەگرن.
سەبارەت بە پێنەدانی بودجەی حزبەکان لەماوەری رابردوو وتی: ئە و مینحەیەی پێشتر بە حزبەکان دەدرا و لەماوەی رابردوو بەهۆی قەیرانی دارایی نەدراوە، ئەوا بەهەمانشێوەی مووچەی فەرمانبەران نافەوتێ، بەڵکو پێیان دەدرێت.
لەماوی رابردوو بەهۆی نەبوونی یاسا لە ودجەی گشتی ساڵانە 185 ملیار دیناریان بۆ حزبەکان تەرخان دەکرد، بەڵام لەمەودوا بە یاسا ئە و پارەیە خەرجدەکرێت و لەلایەن دیوانی چاودێری دارایەوە چاودێری چۆنیەتی خەرجکردنی دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 669

## گۆڕان لە چاو هەڵبژاردنی رابردودا چەندە زیادیکردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092214472988556

بەپێی هەواڵێکی سایتی سبەی سەر بە بزوتنەوەی گۆڕان، بە گوێرەی ئەنجامە بەراییەکان، گۆڕان براوەی دووەمی هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی کوردستانە و بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی رابردوو زیاتر لە 100 هەزار دەنگ زیادیکردوە و لەسلێمانی و قەزا و ناحیەکانی دەروبەری لەپلەی یەکەمدایە و لەهەولێریش بەقەزاو ناحیەکانییەوە، گۆڕان پلەی دووەمی بەدەستهێناوە.
سایتی سبەی ئەوەشی نوسیوە، بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە دوێنێ لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان و بە بەشدارییی لە 73.9% دەنگدەرانی هەرێم بەڕێوەچو، لیستی 117ی بزوتنەوەی گۆڕان، لە ناوەندی شاری سلێمانی و قەزای کەلار و کفری و دەربەندیخان و چەمچەماڵ و خانەقین (قۆرەتو ومەیدان) و هەڵەبجەی تازە و سەیدسادق و هەڵەبجەی شەهید و پێنجوێن و قەرەداخ و پشدەر و رانیە و دوکان، لە پلەی یەکەمدایە و بەرێژەیەکی بەرزیش لەپێش لیستەکانی دیکەوەیە.
هەر بەپێی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لیستی 117 بزوتنەوەی گۆڕان، لە پارێزگای هەولێر بە قەزاو ناحیەکانییەوە، پلەی دووەمی بەدەستهێناوە و بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی رابردوش گۆڕان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 100 هەزار دەنگ زیادی کردوە.
لە لایەکی دیکەوە بەپێی ئامارە نا رەسمیەکان، ئەنجامی بەرایی سەدا 90ی سندوقەکانی دەنگدان لە سلێمانی، بەم جۆرەی خوارەوە قەوارەکان دەنگیان هێناوە:
گۆڕان 312603
یەکێتی 178282
یەکگرتوو 82473
پارتی 81465
کۆمەڵ 66404
سۆسیالیست 6818
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-09-22

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 670

## گۆڕان: لەسێ سەعاتدا زیاتر لە 45 هەزار بەرمیل نەوت دەنێردرێت بۆ ئێران

http://www.kurdipedia.org/?q=2014060415221776588

فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان لەکۆبونەوەکەی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەکان، ئەوە دەخاتەڕوو لەسێ سەعاتدا زیاتر لە45 هەزار بەرمیل رەوانەی ئێران کراوە.
ئاوێنەنیوز، هەولێر:سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، رابون مەعروف، ئاماژەی بەوەدا پشتگیری لەسیاسەتی هەناردەکردنی نەوت دەکەن پشتگیر هەرێم دەکەن و لەگەڵ هاوردەکردنی نەوتدان و رەخنەی لەئامادەنەبونی وەزیری دارایی و جێگری سەرۆکی حکومەت، عیماد ئەحمەد کرد.
ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا تەنها لەماوەی سێ سەعاتدا 45 هەزارو 126 بەرمیل نەوت بۆ وڵاتی ئێران دەنێردرێت و وتی "پارەی ئەمە چی لێهاتووە ."
لەبەرامبەریشدا وەک وەڵامێک بۆ سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت، وتی پرسیار بەشێوازی خۆی دەکرێت و موزایەدەی سیاسی لەسەر تەلەفیزیۆن جێگای

قبوڵ نیە.
وەزیری سامانە سروشتیەکانیش وتی "هاتوین هیچ شتێک بەشارەوەیی نەهێڵینەوە". و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانشی، یوسف محەمەد وتی "باشترە لەکەشێکی هێمنتر ەم پرۆسەیە بەڕێوە بەرین و دەبێت بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵبگرین ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-06-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 671

## گیان لەدەستدان و برینداربوون بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ زیادی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015083112480168749

ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی خێرای نەشتەرگەری دەریدەخەن کە حاڵەتەکانی برینداربوون و گیان لەدەستدان بە ڕووداوی هاتوچۆ لە شاری سلێمانی و دەوروبەری ڕووی لە زیادبوون کردووە .
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی کە وێنەیەکی دەست خەندان کەوتووە تێیدا هاتووە: "لە ئامارەکەدا حەوت مانگی ئەمساڵی 2015 بەراورد بە حەوت مانگی ساڵی ڕابردوو وەرگیراوە بەشێوەیەک تێیدا هاتووە لە 1-1-2015 بۆ 31-7-2015، 21 هەزار و 199 کەس داخلی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی خێرا کراون، لە و ڕێژەیەش هەزار و 651 یان برینداری ڕووداوەکانی هاتوچۆ بوون لە و ماوەیەشدا 44 حاڵەت بە و هۆیەوە گیانیان لە دەستداوە."
هەروەک هاتووە: "ئەمە لەکاتێکدایە ساڵی ڕابردوو ڕێژەکان کەمتر بووە بەراورد بە ساڵی 2015، بەشێوەیەک هەزار و 414 حاڵەتی برینداری ڕووداوی هاتوچۆ تۆمارکراوە، هەر لە و ماوەیەشدا 36 کەس گیانیان لەدەست داوە."
زیادبوونی ڕێژەی گیان لەدەستدان و برینداربوون بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ دەگەڕێتەوە بۆ پابەند نەبوونی بەشێک لە شۆفێران و هاوڵاتیان بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ و خراپی بەشێک لە شەقام و ڕێگاوبانەکان .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ڕووداوی هاتووچۆ
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 672

## گیرانی 72 سواڵکەر

http://www.kurdipedia.org/?q=2013022116393582340

لەماوەی مانگی یەکی 2013 لە سلێمانی لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی دیاردەی سواڵکردن 72

سوالکەر دەستگیراون و زۆرینەشیان منداڵن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - 21-02-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 673
## گەرمیان ئاماری رووداوی هاتوچۆ و قوربانیانی نۆ مانگی بڵاو کردەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20131004091438884 11

خەندان- سۆران کەریم
لە نۆ مانگی رابردوودا، تەنها لە سنووری گەرمیان (266) رووداوی هاتوچۆ روویانداوەو،کە بەهۆیانەوە (36) کەس گیانی لەدەستداوە و (273)کەسی دیکەش بریندار بوون.
ملازمی یەک کارزان مەجید، بەرپرسی راگەیاندنی هاتوچۆی گەرمیان بۆ خەندان، راگەیاند:" بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیمان، لە نۆ مانگی رابردووی ئەمساڵدا، (266) رووداوی هاتوچۆ لە سنوری ئیدارەی گەرمیان روویانداوە."
بەپێی ئامارەکە، بەهۆی ئەو رووداوانەی ئەمساڵەوە (36) کەس گیانیان لەدەستداوە و (273) کەسی دیکەش برینداربوون، ملازم کارزان، وتیشی :" لە چاو ساڵی رابردوودا رووداوەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە."
رونیشکردەوە، رووداوەکان (96)یان لە ناو شارەکاندا روویانداوە و (170) دیکەش لە دەرەوەی شار بوون، جۆری رووداوەکانیش بریتین لە پێکدادان و شێلان و وەرگەڕان.
بەرپرسەکەی راگەیاندنی هاتوچۆی گەرمیان ئەوەشی خستەروو کە، لە هاتۆچۆی ئیدارەی گەرمیان لە نۆ مانگی رابردوودا زیاتر لە (82) هەزار (866) چالاکی جۆراوجۆر تۆمارکراون کە بریتی بوون لە نەبوونی مۆڵەتی شۆفێری و تۆمارەکانی کامێرای چاودێری و دەستگیرکردن و لێخورینی خێرا، وتیشی "لە ماوەی ئەمساڵدا بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان زیاتر لە(13) هەزار مۆڵەتی داوە بە شۆفێران، بەجۆرێک چوار هەزار و(964)مۆڵەتی گشتی و دووهەزار و600ی مۆڵەتی تایبەت و شەش هەزار و 403 مۆڵەتی ماتۆر سکیل بووە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 04-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 674
## گەرمیان. 572 پرۆژەی خزمەتگوزاری لەماوەی چوارساڵدا جێبەجێکراوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20150102143644844 76

رۆژنیوز ئارێز گەرمیانی
لە ماوەی چوارساڵی رابردوودا لە سنوری ئیدارەی گەرمیان زیاتر لە 500 پرۆژە لە سێکترە جیاوازەکان ئەنجامدراون وئەو قەیرانە ئابوریەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە کاریگەری لە سەر گەرمیانیش دروست کردووە لە ئەنجام نەدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری زیاتر .
لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە قائیمقامی قەزاکانی گەرمیان و ژمارەیەک بەڕێوەبەری گشتی تێدا ئامادەبوون، یونس ئەحمەد جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان رایگەیاند" لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا واتە لە نێوان سالانی (2011 بۆ2014) حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاروچکە و شارەدێیەکانی گەرمیان لە سێکترە جیاوازەکاندا و (یەک تریلۆن و 243ملیون و 184 )هەزار دیناری عێراقی بۆ تەرخان کراوە و لەو پرۆژانەدا سەرفکراوە ."

وتیشی" ئەو (527) پرۆژەیەی کە لە ناوچە جیاجیاکانی گەرمیان ئەنجامدراوە، (297) پرۆژەی بری (248 ملیار و 131ملیون)دیناری عێراقی تێچووە و (230) پرۆژەی خزمەتگوزاری تریشی لە ئێستادا لە بواری جێ بەجێکردندایە و زیاتر لە 750 ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە ."
جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان ئاماژەی بەوەشدا" کۆی ئەو برە پارەیەی بۆ پرۆژە جیاجیاکانی ئیدارەی گەرمیان دابینکراوە لە سێکترە جیاوازەکان لە بودجەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و پەرەپێدانی پارێزگاکان و وەبەرهێنان و تەواوکاری نەوتی یەک و دوو و بوژانەوەی گەرمیان و پەرەپێدانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان" .
یونس ئەحمەد ئەوەشی خستە ڕوو کە ئەو قەیرانە دارایەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە کاریگەری لە سەرئیدارەی گەرمیانیش هەبوو لە ڕوو خزمەتگوزاریەوە، چونکە لە ئێستادا بەو هۆیەوە چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری راوەستاون و لە لایەکی تریشەوە شەری داعش کاریگەری خۆی هەبووە."

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 675

## گەرمیان.. رێژەی گیان لەدەستدان و بریندار بوونی 2014 دەخرێتەڕوو

http://www.kurdipedia.org/?q=20141231101953844459

هێمن محەمەد
بەپێی ئاماری ساڵی 2014 ی بەشی پزیشکی دادوەریی کەلار کە بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا 353 حاڵەتی گیانلەدەستدان و شەهیدبوون تۆمار کراون، هاوکات لە ئاماری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلاریشدا ئە و حاڵەت و رووداوانە خراونەتەڕوو کە نەگەیشتوونەتە ئاستی مردن و چارەسەرییان بۆ کراوە.
بەپێی ئاماری بەشی پزیشکی دادوەریی کەلار 353 حاڵەتی گیان لەدەستدان و شەهیدبوون لە 2014 دا تۆمار کراون، لە و رێژەیەش 284 یان لە رەگەزی نێر، 69 یان لە رەگەزی مێ- ن، کە دیارترینیان دەخەینەڕوو، بەمشێوەیە:
لە رووداوی ئۆتۆمبێلدا 72 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە، 56 یان لە رەگەزی نێر، 16 یان لە رەگەزی مێ، بوون. 78 پێشمەرگە و ئاسایش و هاوڵاتی لە شەڕەکانی دژ بە داعش و بە گوللە شەهید بوون، تیایدا 69 شەهیدیان لە رەگەزی نێر و 9 ی دیکە رەگەزی مێ بوون.
هەر لە ئامارەکەدا، حاڵەتەکانی مردن بە هۆکارە جیاوازەکانی دیکە خراونەتەڕوو، بەمشێوەیە:
گیانلەدەستدان و شەهید بوون بەهۆی تەقینەوەی تیرۆریستی و تەقینەوەی جۆراوجۆر 97 حاڵەتی تیادا تۆمار کراوە، کە 90 یان لە رەگەزی نێر بوون.
15کەس لە ئاودا خنکاون، 10 کەسیان لە رەگەزی نێر بوون، پێنج حاڵەتی گیانلەدەستدان بەهۆی خۆ هەڵواسینەوە تۆمار کراون، لە و رێژەیەش چواریان لە رەگەزی نێر و یەک کەس لە رەگەز مێ بووە.
هەشت هاوڵاتی بە تەزووی کارەبا گیانیان لەدەستداوە، چوار پیاو و چوار ئافرەت بوون.
دوو کرێکار لە کاتی کارکردندا و بەهۆی کەوتنە خوارەوەیان لەسەر بینا، گیانیان لەدەستداوە.56 هاوڵاتی بە نەخۆشیی گیانیان لەدەستداوە و دواتر لە پزیشکی دادوەریی پشکنین لە هۆکاری مردنەکەیان کراوە.
بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلاریش، لە ساڵی 2014 دا، 822 بریندار لە هاوڵاتی و پێشمەرگە و ئاسایش تۆمار کراون کە لە شەڕەکانی دژ بە داعش و تەقینەوەکاندا بوونەتە قوربانیی.
لە ئامارەکەدا هاتووە، 554 برینداری رووداوی هاتوچۆ، 219 رووداوی ماتۆر، 35 رووداوی تەزووی کارەبا، 21 هەوڵی خۆ کوشتن کە حەوتیان لەرێگەی حەب خواردن بووە، 282 حاڵەتی پێوەدانی

دووپشک و 24 حاڵەتی پێوەدانی مار، تۆمار کراون، سەرجەمی ئە و ژمارانەش چارەسەریان بۆ کراوە نەگەیشتوونەتە حاڵەتی مردن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 31-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کەلار (گەرمیان(
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 676
## گەرمیان... لە 2014 زیاتر لە 500 کەس بوونەتە قوربانی رووداوی هاتوچۆ
http://www.kurdipedia.org/?q=20150105140653845 31
هێمن محەمەد
بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی گەرمیان، لە ساڵی 2014 دا (549) کەس بوونەتە قوربانی رووداوەکان، لە و ژمارەیەش چل و هەشت کەسیان گیانیان لەدەستداوە، ئەوانی دیکەش بریندار بوون.
ئەمڕۆ 5 ی کانونی دووەمی 2015، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی گەرمیان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماری قوربانیانی رووداوەکانی هاتووچۆ و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بۆ ساڵی 2014 خستەڕوو کە تیایدا عەمید ناسر ئەحمەد بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی گەرمیان رایگەیاند: "لە ساڵی 2014 دا (340) رووداوی هاتووچۆ لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان تۆمارکراون، کە (91) رووداویان وەرگەڕان بوون و (191) رووداوی پێکدادانی ئۆتۆمبێل بووە و (58) ی دیکەیان شێلان بوون، تیایاندا (501) هاوڵاتی بریندار و (48) هاوڵاتی تر گیانیان لەدەستداوە."
بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی گەرمیان روونیشیکردەوە لە و کەسانەی گیانیان لەدەستداوە چوار قوربانییان تەمەنیان لەنێوان (1-15) ساڵ، (30) کەسی تریان تەمەنیان لەنێوان (15-30) ساڵ بووە، لە و ژمارانەش (32) قوربانییان لە رەگەزی نێر و ئەوانی تریش لە رەگەزی مێ بوون، بریندارەکانیش کە (501) کەس بوون (394) یان لە رەگەزی نێر و (107) قوربانیی تر لە رەگەزی مێ بوون".
وتیشی: "شەست و سێ رووداو لەڕێگای کەلار-سلێمانی، حەفتا و یەک رووداو لە رێگای کەلار-کفری و سی و سێ رووداویش لەڕێگای کەلار-خانەقین روویان داوە، چوار رووداویش لەڕێگای کەلار- جەلەولا تۆمار کراون، (314) لە و ئۆتۆمبێلانەی تووشی رووداو بوون لە جۆری تایبەت، (143) یان بارهەڵگر، (48) یان تاکسی، (44)یشیان مۆتۆرسکیل بوون، زۆربەی رووداوەکانیش بەهۆی خێرایی زۆرەوە بووە."
ئەوەشی خستەڕوو: "لە 2014 نزیکەی 74 هەزار سەرپێچی جۆراوجۆر ئەنجامدراون، تیایدا هەزار و 770 شۆفێر دەستگیر کراون و ئەوانی تریش غەرامە کراون."
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد لە چاو ساڵی 2013 دا رووداوەکان روویان لە کەمبوونەوە کردووە.
لای خۆشیەوە، رائید عەبدولڕەزاق عومەر، بەرپرسی هۆبەی هونەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی گەرمیان، رایگەیاند: "لە 2014 دا هەژدە مۆڵەتی لێخورین پوچەڵکراونەتەوە کە چواردەیان لە جۆری تایبەت بوون."
وتیشی: "لە و ساڵەدا هەشت هەزار و 837 مۆڵەت بە هاوڵاتیان دراوە، تیایاندا بیست و شەش ئافرەت مۆڵەتی گشتییان پێدراوە، 974 ئافرەتی تر مۆڵەتی جۆری تایبەتیان پێدراوە، ئەوەش لەچاو ساڵانی پێشوودا رووی لە زیاد بوون کردووە".
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 05-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 🚗رووداوی هاتووچۆ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 677

## گەرمیان: 2014 زیاتر لە300 فرۆشیار سزادراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010209231966493

لەماوەی ساڵی 2014دا لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی گەرمیان، پشکنینیان بۆ زیاتر لە8 هەزار فرۆشگا کردووە و بەهۆی سەرپێچی و پابەندنەبوون بەڕێنماییەکانەوە زیاتر لە300 فرۆشیار سزادراون، لە126 فرۆشگاaدا دەستگیراوە بەسەر خۆراک dماوەبەسەرچووداو خاوەنەکانیان غەرامەکراون.
ئاودێر محەمەد، ئاوێنەنیوز: لە و بارەیەوە یاریدەدەری بەرێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان یادگار فەتاح بۆ ئاوێنەنیوز وتی "لەماوەی ساڵی 2014دا، لیژنەکانمان لەسنووری ئیدارەی گەرمیان پشکنینیان بۆ 8 هەزار و 376 فرۆشگاو شوێنی کار کردووە و لە و چوار چێوەیەشدا، لە126 فرۆشگادا دەستگیراوە بەسەر خۆراک و کەرەستەی ماوەبەسەرچووداو خاوەنەکانیان غەرامەکراون.
یاریدەدەری بەرێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان وتیشی "هەر لەماوەی 2014دا بەهۆی گرانی نرخ و هەڵنەواسینی نرخی شمەکەکانیانەوە 140 فرۆشیار سزادراون و بەهۆی سەرپێچی جۆراوجۆریشەوە 40 فرۆشیار و خاوەنکاری تر غەرامەکراون.
فەتاح ئاماژەی بەوەشکرد بەهۆی سەرپێچیکردنی ڕێنماییەکانەوە بەپریاری قائیمقامی قەزای کەلار لەلایەن لیژنەکانمانەوە 19 فرۆشگا بۆماوەیەکی دیاریکراو داخراون.
هەر بەپێی ئاماری چاودێری بازرگانی لەمساڵدا ڕێژەی ئە و کەسانەی هاوکاری لیژنەکانیان کردووە بەرادەستکردنی خۆراکی خراپ و ماوەبەسەرچوو زیادیکردووە، کە هەزارو 293 فرۆشیار خۆراکی خراپ و ماوەبەسەرچوویان ڕادەستی لیژنەکانمان کردووە و بەراورد بە و فرۆشگایانەی خۆراکی بەسەرچوویان تێدا دەست بەسەراگیراوە دەکاتە زیاتر لەدە ئەوەندە.
یاریدەدەری بەرێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان ڕاشیگەیان هەر لەماوەی ئە و ساڵەدا بری 204 تۆن خۆراک و سەوزە و میوە ڕادەستی لیژنەکان کراوە و دەستیان بەسەردا گیراوە و بری 13 ملیۆن و 835 هەزار دینار غەرامەی سەرپێچیکاران کراوە.
سەبارەت بە ژمارەی سەرپێچییەکان بەراورد بە ساڵی پار، بەرێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان وتی "ڕێژەی سەرپێچیکاران 38% کەمی کردووە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-01-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 678

## گەرمیان: 457 راوچی دەستگیردەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010114425186975
بەپێی ئامارێکی فەرمی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی دارستانی گەرمیان، تەنها لەماوەی ئەمساڵدا لەگەرمیان 457 کەس لەکاتی راوکردندا دەستگیرکراون.
ئاراز محەمەد، گەرمیان: بەڕێوبەری پۆلیسی دارستانی گەرمیان، عەقید شوان محەمەد، ئەمڕۆ چوارشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، بەپێی ئە و ئامارانەی لەبەردەستماندایە لەسنوری بەڕێوەبەرایەتیمان کە ناوچەکانی کفری و کەلارو خانەقین دەگرێتەوە تەنها لەمساڵدا 475 کەس لەکاتی راوکردندا دەستگیرکراون.
وتیشی، لەلایەن هێزەکانیانەوە دەست بەسەر 142 پارچە چەکی جۆراوجۆردا گیراوە
عەقید شوان، ئاشکراشیکرد، هەر لەمساڵدا 19 ملیۆن و 780 هەزار دینار غەرامە بۆ ئە و کەسانە کراوە کە بەتۆمەتی راوکردن دەستگیرکراون و دواتر سزادراون.
لەهەرێمی کوردستان راوکردن بەتایبەتیش لەهەندێک لەوەرزەکان و بۆ جۆرە دەگمەنەکانی باڵندە و گیانداران بەپێی یاسا قەدەغەکراوە و سەرپێچیکارانیش روبەروی دادگا دەکرێنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 679

## گەرمیان: 96 کەس بەمادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012007560286583
بەگوێرەی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی گەرمیان، لەساڵی ڕابردوودا، (96) کەس بەمادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراون، دەستیش بەسەر چەندین پارچە چەک و تەقەمەنی و مادەی هۆشبەردا گرتووە.
ئارازمحەمەد، گەرمیان: بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئاسایشی گەرمیان، عوسمان عەبدولکەریم، ئەمڕۆ(یەک شەممە) بەئاوینەنیوزی ڕاگەیاند، لەساڵی ڕابردوودا، پری (969،9) گرام ترياكو حەشيش، (340،13) دانە حەپی هۆشبەر لەجۆری ترامادۆڵ و وەردی و کلۆنازیپام دەستیان بەسەرداگیراوە، هەورەها دوو هەزارو (38) دانە حەپ و (16) دەرزی ترامادۆڵ و (701،7) گرام ترياك لەناوبراون.
ناوبراو وتیشی، هەر لەماوەی ئە و ساڵەدا (96) کەس لەسەر مادەی هۆشبەر دەستگیرکراون، کە (68)یان هاوڵاتی عێراقی و (28) هاوڵاتی بیانیبوون، هاوکات کەسانی حوکمدراو لەسەر مادەی هۆشبەر (45) کەس بووە، کە (21) کەسیان بەبڕیاری دادوەر ئازادکراون، (10) کەسیان ڕەوانەی دادگای تاوانەکان کراون،(20) کەسیش لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا بەردەوامە.
عوسمان ئەوەشی خستەڕوو کە شەش حاڵەتی ساختەی دراوو یەک حاڵەتی ساختەی کارتی نیشتەجێبوون تۆمارکراون، بەتۆمەتی ساختەکاریش (21) کەس دەستگیرکراون، لە و ژمارەیەش حەوت کەسیان حوکمدراون."
وتیشی، لە و ساڵەدا لەلایەن هێزەکانیانەوە، سێ هەزار فیشەک، سێ دەمانچە، (24) تاپڕ، یەک قەناس، سێ پرنەو، دوو کلاشینکۆف و یەک (RBK) دەستیان بەسەرداگیراوە، هاوکات حەوت کەس بەتۆمەتی مامەڵەکردن بەچەک و تەقەمەنییەوە دەستگیرکراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-19

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 680

## گەرمیان: تا دێت سەرپێچیکردن کەمدەبێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131031153788111

بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکانەوە، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی گەرمیانەوە لەسەرەتای ئەمساڵەوە 440 سەرپێچیکار سزادراون، بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتیەش ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، لە دوو مانگی کۆتاییدا کەمترین سەرپێچی تۆمارکراوە.
حیکمەت ئەحمەد، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان بە (خەندان)ی ڕاگەیاند: لە لایەن لیژنەکانەوە و لەسەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو کۆتایی ئەم مانگە، لە سنووری ئیدارەی گەرمیان پشکنین بۆ حەوت هەزار و 300 شوێنکار کراوە و لە و چوارچێوەیەشدا، 440 سەرپێچیکار سزادراون.
ئاماژەی بەوەشدا: لە و ماوەیەدا بەهۆی هەڵئاوسینی نرخەوە، 173 فرۆشیار و بەهۆی بوونی خۆراکی بەسەرچووەوە 242 شوێنکار سزادراون، هەروەک بەهۆی گرانی نرخەوە 14 فرۆشیار سزادراون.
بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان وتیشی:"هەر لە و ماوەیەدا 11 سەرپێچی جۆراوجۆر تۆمارکراون و شەش شوێنکاریش داخراون.
حیکمەت ئەحمەد، ئەوەشی خستەڕوو: تێبینی کراوە لە دوو مانگی کۆتاییدا کەمترین سەرپێچی لەلایەن فرۆشیارانەوە ئەنجامدراوە، بەشێوەیەک لە مانگی ئەیلولدا، تەنها 10 سەرپێچی و لەمانگی تشرینی یەکەمدا تەنها 11 سەرپێچی ئەنجامدراوە، لەکاتێکدا لەمانگی کانونی دووەمدا زیاتر لە 60 سەرپێچی و لەمانگی شوباتدا نزیکەی 80 سەرپێچی لە لایەن فرۆشیارانەوە ئەنجامدراون.
بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان، هۆکاری کەمبونەوەی سەرپێچییەکانی گەڕاندەوە بۆ ڕێنماییپێدانی زیاتری هاوڵاتیان فرۆشیاران لەلایەن لیژنەکانیانەوە و هاوکات بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری هاوڵاتیان بەرامبەر بە پابەند بوون بەڕێنماییەکان و ڕێگەگرتن لە خۆراکی خراپ و بەسەرچوو.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-10-31

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 681

## گەرمیان: زۆرینەی ئەومنداڵانەی لەمساڵدا لە دایکبوون کورن

http://www.kurdipedia.org/?q=20131119124325877757

لەماوەی 10 مانگدا لە سنووری ئیدارەی گەرمیان، پێنج هەزار و 512 منداڵ لەدایکبون کە زۆرینەیان لە ڕەگەزی نێرن.
بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و مناڵبوون لە کەلار، لەماوەی 10 مانگی ئەمساڵ دا، پێنج هەزار و 512 حاڵەتی لە دایکبونی مناڵان تۆمارکراوە، لە و ڕێژەیەش: دوو هەزار و 842 مناڵ لە ڕەگەزی نێر و دوو هەزار و 670 مناڵیان لە ڕەگەزی مێن.
مەحمود جیهانگیر سەیفوڵا، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و مناڵبوون لە کەلار، بە (خەندان) ی ڕاگەیاند: لەمانگی ئایار دا زۆرترین مناڵ لەدایکبوون کە ژمارەیان 668 منداڵە، هەروەک زۆرینەی مناڵەکانیش بەشێوەی سروشتی هاتونەتە دونیاوە و یەک هەزار و 790 منداڵیشیان بە نەشتەرگەری قەیسەریی لەدایک بوون.
هەر بەپێی ئامارەکە، 45 منداڵ بە مردووی لەدایکبون و هیچ حاڵەتێکی مردنی دایکانیش لەکاتی مناڵبون تۆمارنەکراوە، هەروەها 341 حاڵەتی لەبارچوونی مناڵان تۆمارکراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-19

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 682

## گەرمیان: لە یەک ساڵدا 32 حاڵەتی کوشتن و خۆکۆشتن تۆمار کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010610223586808

خەندان- سۆران کەریم

بەپێی ئامارێکی سەنتەری هەماهەنگی هاوبەش لە کەلار (JCC) لە ماوەی ساڵی رابردوو لەلایەن سەنتەرەکەیانەوە دوو هەزار و 324 کێشە و رووداو تۆمارکراون.

لە ئامارەکەدا، کە وێنەیەکی دراوە بە خەندان، روونکراوەتەوە، ساڵی 2013 لەلایەن سەنتەری (JCC)ی کەلارەوە 380 رووداوی هاتوچۆ تۆمارکراون، بەهۆی ئە و رووداوانەشەوە 516 کەس بریندداربوون و 72ی دیکەش گیانیان لەدەستداوە.

هەر لە و ساڵەدا 24 تاوانی کوشتن و هەشت حاڵەتی خۆکوشتن و 26 هەوڵی خۆکوشتن تۆمارکراون، ئەمە جگەلە 15 حاڵەتی سووتانی ژنان یان خۆسووتاندنیان، هەروەها 13 حاڵەتی خنکان لە ئاودا تۆمارکراوە و چوار مردنیش بەهۆی تەزووی کارەباوە، لەگەڵ پێدانی هەواڵی 22 حاڵەتی زیانلێکەوتن بەهۆی لافاوەوە.

ئامارەکە ئەوەش دەخاتەڕوو، کە ساڵی 2013 لە سنووری سەنتەری هەماهەنگیی هاوبەشی کەلار 104 رووداوی سووتانی ماڵ و 204 سووتانی جۆراوجۆر لە گەڵ سووتانی 17 ئۆتۆمبیل تۆمارکراوە.

هەر لە و ئامارەدا، 41 حاڵەتی ونبوونی هاوڵاتیان تۆمار کراوە، لە گەڵ 129 کێشەی شەڕکردن و 26 کێشەی کۆمەڵایەتی و 76 کێشەی کارەبا، لە گەڵ 433 رووداوی جۆراوجۆری دیکەدا.

لەبارەی دزییکردنیشەوە، لەماوەی ساڵی رابردوودا 32 دزی ئاسایی و9 دزینی ئۆتۆمبیل تۆمارکراون، لەگەڵ بوونی 52 ئۆتۆمبیلی گومانلێکراو و 19 کەسی گومانلێکراو.

سەنتەری هەماهەنگی هاوبەش لەکەلار، لە ساڵی 2013دا لەسنووری سەنتەرەکەیاندا 29 گردبوونەوەی ناڕەزاییان تۆمارکردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-06

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 683

## گەرمیان: هاتنی گەشتیاران بەڕێژەی 50% کەمیکردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032413591384978

ساڵانە هاتنی گەشتیاران بۆ گەرمیان بەتایبەت و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی رو لەکەمبونەوەیە، بەرێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیانیش دەڵێت، ئەمساڵ رێژەکە نیواو نیو دابەزیوە.

ئاودێر محەمەد، ئاوێنەنیوز: بەرێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان، پشتیوان عەبدولکەریم ئەمڕۆ سێشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، بەهۆی جەنگی سەپێنراوی تیرۆریستانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی و بەهۆکاری دواکەوتنی موچە و ئە و قەیرانە دارایەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتوە هاتنی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیاریەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردوە.

وتیشی، پلانی ئێمە بۆ پێشوازی لەگەشتیاران هاوشێوەی ساڵانی پێشتر گەرم و گوڕ بوە و

تیمەکانمان بەهاوکاری تیمە تەندروستیەکان و هێزە ئەمنیەکان لەپێشوازی گەشتیاراندا بون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەبەروارد بەساڵانی پێشتر هاتنی گەشتیاران لە 50% کەمیکردوە.
بەپێی ئامارێکی بەرێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان لەساڵی 2013دا 480 هەزار گەشتیار سەردانی ناوچە گەشتیاریەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیانیان کردوە، بەڵام لەساڵی 2014 ئە و ژمارە دابەزیوە بۆ 150 هەزار گەشتیار و لەمساڵیشدا تائێستا تەنها 30 هەزار گەشتیار لەمەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان و بازگەکانی نێوان ئیدارەی گەرمیان و ناوەڕاستی عێراق سەردانی ناوچەکەیان کردوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 24-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰 ئابووری

شارەکان: کەلار (گەرمیان(

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 684

## گەرمیان: هەزار و 303 حاڵەتی نەخۆشی شەکرە هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111410094487847

لەرۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی نەخۆشی شەکرەدا بەپێی ئامارەکان هەزارو 303 حاڵەتی نەخۆشیەکە لەسنوری تەندروستی گەرمیاندا هەیە کە مانگانە چارەسەری پزیشکی وەردەگرن.
گەرمیان، ئاوێنەنیوز: لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، رۆژی 14ی مانگی تشرینی دووەم، وەکو رۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی نەخۆشی شەکرە دیاریکراوە.
دیاریکردنی 14ی تشرینی دووەمیش بەرۆژی جیهانەی نەخۆشی شەکرە، دەگەرێتەوە بۆ دۆزینەوەی دەرزی ئەنسۆلین کە چارەسەری سەرەکی نەخۆشیەکەیە لەلایەن زانای پزیشکی فریدریک بانتیک.
بەپێی دواین راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، رێژەی ئەو کەسانەی لەسەرتاسەری جیهان دوچاری ئەم نەخۆشیە بون، دەگاتە 347 ملیۆن کەس، رێژەکەش رو لەزیادبونە.
لەسەرئاستی ناوچەی گەرمیانیش، دەزگا فەرمیەکان رایدەگەیەنن لەسنورەکەدا، 1303 هاوڵاتی لەهەردو شاری کەلارو کفری ناونوسکراون کە مانگانە چارەسەری پزیشکی وەردەگرن.
بەرێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، د. حەسەن رەمەزان ناسر، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، "لە و رێژەیە، 1025 یان لەکەلار و 278 یان لەکفرین. ئاماژەی بەوەشکرد ئەمە تەنها رێژەی ئەو کەسانەیە کە ناویان تۆمارکراوە و پسوڵەیان بۆ کراوە و مانگانە لەنەخۆشخانەکان چارەسەر وەردەگرن، رەنگە کەسی تریش هەبن کەخۆیان ناونوس نەکردبێت.
نەخۆشی شەکرە یەکێکە لەنەخۆشییە درێژخایەنەکان و بریتیە لەبەرزبونەوەی ئاستی ڕێژەی شەکر بۆ سەرووی ڕێژەی سروشتی لەخوێنداو لەئەنجامی کەمی یا نەبوونی دەردانی هۆرمۆنی ئینسۆلین لەخوێندا ڕوودەدات.
هۆکاری بۆماوەیی، هەوکردنی ڤایرۆسیی و تێکچوون لەسیستمی بەرگری لەش فاکتەرن بۆ تووشبوون بەنەخۆشی شەکرە.
زۆر میزکردن و شکبونی ناوپۆشی دەم و هەستکردن بەتینویەتی و ماندوو بوون و دابەزینی کیشی لەش، لەدیارترین نیشانەکانی نەخۆشی شەکرەن .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 14-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 685

**گەرمیان، 46% ی هاوڵاتیان هێزە ئەمنیەکان بە هێزی نیشتیمانی نازانن**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082516261985906

سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان لە قەزای کەلار، ئەنجامی راپرسییەک ئاشکرادەکات سەبارەت بە مامەڵەی دەزگا ئەمنیەکان لەگەڵ هاوڵاتیان. ئەمڕۆ سێ شەمە، لە هۆڵی بەڕیوبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیان لە قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان ئەنجامی راپرسیەک لەسەر هەڵسوکەوتی هێزە ئەمنییەکان بەرامبەر هاوڵاتیان راگەیەنرا. ئامانج محەمەد، لە راگەیاندنی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان ئۆفیسی کەلار بە ڕۆژنیوزی راگەیاند:" لەچوارچێوەی پرۆژەی پاراستنی مافی مرۆڤ، سەنتەرەکەمان راپرسیەکی لە شارۆکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان ئەنجامداوە، بۆ زانینی ئاستی رەزامەندی هاوڵاتیان لە دەزگا ئەمنییەکان و بە مەبەستی باشتر کردن و بەرەو پێشبردنی شێوازی مامەڵەی هێزە ئەمنییەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ." دواتر، گۆران عەباس، بەربرسی رێکخراوی گەشەپێدانی لاوان لەکوردستان دەرئەنجامی راپرسیەکەی بەم جۆرە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن خستە روو:" لەکۆی 105 فۆرم لە 70%ی لە رەگەزی نێر و 35%لە رەگەزی مێ وەڵامیان داوەتەوە و زۆینەشیان کە لە 44%دەکات لەدایک بووانی تەمەنی 18 – 25 ساڵ وەڵامیان داوەتەوە، هاوکات لە 45%یان دەرچووی ئامادەیی بۆسەرەوە بوون و لە 31%یان خوێندکار بوون." هەروەها وتی:" لەبارەی ئاستی پاراستنی مافی مرۆڤ لە کەلار، 42% ی بەشداربووان پێیان وایە مام ناوەندە و لە 10% پێیان وایە لە ئاستێکی خراپدایە." لەبارەی متمانەی هاوڵاتیان بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەو شارە 39% بە تا رادەیەک وەڵامیان داوەتەوەو لە 12% بە زۆر کەم، هاوکات لە 46%ی هاوڵاتیان هێزە ئەمنیەکان زۆر بە کەمی بە هێزێکی نیشتمانی دەناسێنن و لە 7% زۆر بەهێزێکی نیشتمانی دەناسێنن، هەر بەپێی ئەو راپرسیە، لە 36%ی هاوڵاتیان پێیان وایە هێزە ئەمنیەکان هەندێک جار توندوتیژی بەرامبەر هاوڵاتیان بەکاردەهێنن و لە 27%پێیان وایە هەمیشە هێزە ئەمنیەکان توندتیژی بەرامبەر بە هاوڵاتیان بەکاردێنن. گۆران عەباس، وتیشی:" لە 45%ی بەشداربوانی راپرسیەکە جەختیان لەوەکردووەتەوە، کە هێزە ئەمنییەکان بێلایەنی خۆیان ناپارێزن لەکاتی گرژی و ناکۆکی سیاسیدا، و لە 64%ی هاوڵاتیان ئامادەییان تێدایە تارادەیەکی زۆر هاوکاری هێزە ئەمنیەکان بکەن و لە 44%ی بەشداربوان ئامادەن وەک هێزە ئەمنیەکان تێکەڵ بەو هێزە بن." بەرپرسی رێکخراوی گەشەپێدانی لاوان، هێمای بۆئەوەشکرد:" کە بەپێی راپرسیەکە، لە 74%ی هێزە ئەمنیەکان سەرکەوتوون لە پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و 26%ی بەشداربوانیش هێزە ئەمنیەکان بەسەرکەوتوو نازانن، هەروەها لە 23% هاوڵاتیان دەمارگیری حزبی بەهۆکاری لاوازی هێزە ئەمنیەکان دەزانن لە گەرمیان." پاشان چالاکوان و پۆلیس و بەرپرسانی حکومی گەرمیان، لە هۆڵی رۆشنبیری گەرمیان لە شارۆچەی کەلار گفتوگۆیانکرد لەسەر دەرئەنجامی راپرسیەکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی

شارەکان: کەلار (گەرمیان(

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 686
## گەرمیان، ئاماری کوشتن و خۆکوشتن وسووتانی ژنان بڵاو دەکرێتەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014033100400793150
بەپێی ئامارێکی سەنتەری هەماهەنگی هاوبەشی کەلار، کە وێنەیەکی دراوەتە خەندان، لە ماوەی سێ مانگی رابردوودا 563 رووداو، تۆمارکراون، کە بریتین لە رووداوی کوشتن و هاتوچۆ و سووتانی ژنان و چەندین رووداوی دیکە.
بەپێی ئامارەکە، لەماوەی سێ مانگدا 116 رووداوی هاتوچۆ لە سنوورەکەدا تۆمارکراوە کە بەهۆیانەوە 155 کەس برینداربوون و 20 کەسی دیکەش گیانیان لەدەستداوە، ئەمەش لە کاتێکدایە لە سێ مانگی یەکەمی ساڵی 2013 تەنها 101 رووداو تۆمارکرا.
هەر لە و سێ مانگەدا پێنج کەس کوژراون و دوو کەسیش خۆیان کوشتووە و شەش کەسی دیکەش هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، هەر لە و ماوەیەدا شەش ژن لە سنوورەکەدا سووتاون، هاوکات 17 ماڵ و دوکان سووتاون و یەک ئۆتۆمبێلیش گڕی تێبەربوو، ئەمەش لە کاتێکدایە لە ساڵی 2013 و لە یەکەم سێ مانگدا شەش کەس کوژراون و یەک کەسیش خۆی کوشت، بەڵام نۆ کەس هەوڵی خۆکوشتنیان دا.
لە ئامارەکەدا، روونکراوەتەوە، کە لە مانگەکانی کانوونی دووەم و شوبات و ئازاری ئەمساڵ، حەوت هاوڵاتی ونبوون و 24 رووداوی شەڕکردنیش روویداوە لەگەڵ پێنج دزیکردنی ماڵان و یەک دزیکردنی ئۆتۆمبێل.
هاوکات پێنج لافاو کەوتوونەتەوە و سێ کەس لە ئاودا خنکاون و یەک کەسیش بەهۆی شۆرتی کارەباوە گیانی لەدەستداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 687
## گەرمیان، دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنان پەرەی سەندووە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014112610015778059
رۆژنیوز ئارێز گەرمیانی
ئاستی کێشەکانی ژنان لە گەرمیان لە چاو ساڵانی رابردوو دەخرێتە روو، بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی گەرمیان، ئاشکرایدەکات کوشتنی ژنان کەمی کردوە و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان زیادی کردوە.
بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان، موقەدەم لەمیعە محەمەد دەربارەی کێشەکانی ژنان لەگەرمیان لە چاو ساڵانی رابردوو بە (رۆژنیوز)ی راگەیاند" ئەوەی دەیخەینە ڕوو ئامارەکانی دە مانگی رابردووی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان کە تێدا بەشێک لە شێوازی توندوتیژییەکان زیادی کردوە و بەشێکیشی کەم بووەتەوە و هەروەها هەندێکیش چارەسەری بۆ کراوە."
لە بارەی ئامارەکانەوە، لەمیعە محەمەد ووتی " یەکێک لەو حاڵەتانەی توندوتیژی کە زیادی کردووە دەستدرێژی سێکسیە کە لەم ساڵدا لە بەرێوەبەرایەتیەکەمان (9) حاڵەت تۆمارکراوە بەراورد بە ساڵی پار کە (6) حالەت بووە زیادی کردووە. لە لایەکی تریشەوە حاڵەتی کوشتنی ژنان کەمی کردووە بە جۆرێک ساڵ پارە (5)حاڵەت تۆمارکراوە، بەڵام ئەمساڵ بوەتە (2) حاڵەت."
ئەو بەڕێوەبەر هەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاشکرایکرد "لە ماوەی ئەم دە مانگەی رابردوودا (19) ئافرەت سوتاون و (7) حاڵەتی خۆسوتاندنی ئافرەت هەبووە."
بەرێوەبەری توندوتیژی دژ بە ژنان لە گەرمیان ئەوەشی خستەڕوو " لە ئەمساڵدا 750 ژن و کچ

سکاڵایان تۆمارکردووە دژ بەو کەسانەی کە توندوتیژیان بەرامبەریان کردوە و ئێمەش وەک بەڕێوەبەرایەتی (250) حاڵەتمان لەو ڕێژەیە چارەسەر کردووە."

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 688

## گەشت و گوزاری سلێمانی ئاماری 7 ساڵی گەشتیارانی راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101421075088319

هەرێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی ئاماری 7 ساڵی هاتنی گەشتیارانی بۆ شارەکە راگەیاند، بەوتەی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گەشت و گوزاری سلێمانی-ش ئامارەکە ئەوە دەسەلمێنێت کە ساڵ بە ساڵ ئەم هەرێمە و بە تایبەت شاری سلێمانی هەنگاو دەنێت بەرە و بوون بە شارێکی گەشتیاری لە ناوچەکەدا.
ئارام شوانی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گەشت و گوزاری سلێمانی لە کۆنگرەیەکی رۆژناتمەنووسیدا لە هۆتێل رامادا ئاماری هاتنی حەوت ساڵی ڕابردووی گەشتیارانی بۆ شاری سلێمانی راگەیاند.
لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکەدا ئارام شوانی ئاماژەی بە ڕێژەی زیادبوونی هاتنی گەشتیاران دا بە بەراوردکردن لەگەڵ حەوت ساڵی ڕابردوو کە ساڵ بە ساڵ خۆشبەختانە ڕوو لە زیادبوون بووە.
بەگوێرەی ئامارەکەی گەشتوگوزاری سلێمانی ساڵی 2008 بەراورد بە ساڵی 2007 هاتنی گەشتیاران بە ڕێژەی 53% زیادیکردووە و ساڵی 2009 بەراورد بە ساڵی 2008 هاتنی گەشتیاران بە ڕێژەی 35% زیادیکردووە.
ئەوەش خراوەتەڕوو کە ساڵی 2010 بەراورد بە ساڵی 2009 هاتنی گەشتیاران بە ڕێژەی 41% زیادیکردووە و ساڵی 2011 هاتنی گەشتیاران بەراورد بە ساڵی 2010 بە ڕێژەی 37% زیادیکردووە و ساڵی 2012 بەراورد بە ساڵی 2011 هاتنی گەشتیاران بەڕێژەی 18% زیادیکردووە.
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گەشت و گوزاری سلێمانی وتیشی: "کۆی گشتی هاتنی گەشتیاران لە1/1/2013 وە تا 31/8/2013بریتی بووە لە دووسەد و پەنجا و دووهەزار و سەد و پەنجا ودوو گەشتیار.
راشیگەیاند کە "ئەگەر ساڵی 2012 بە نموونە وەربگرین بەراورد بە ساڵی 2007 ئەوا ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بە ڕێژەی 380% زیادیکردووە کە ئەمەش ڕێژەیەکی دڵخۆشکەرە و ئەوە دەسەلمێنێت کە ساڵ بە ساڵ ئەم هەرێمە و بە تایبەت شاری سلێمانی هەنگاو دەنێت بەرە و بوون بە شارێکی گەشتیاری لە ناوچەکەدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-10-14

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 689

## گەورەترین کارگەی ئاسنی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە سلێمانی دەکەوێتە کار

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051211224376263



پارێزگای سلێمانی، 30%ی سەرجەم پیشەسازیی عیراقی لە خۆی گرتووە، لە ڕێگەی وەبەرهێنانیشەوە ژمارەیەک کارگەی گەورە لە پارێزگاکەدا کراونەتەوە کە لە بەرهەم و قەبارەدا لە سەر ئاستی عیراق و ناوچەکە دەگمەنن.
چەندین کارگەی گەورەش لە ئاستی عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پارێزگای سلێمانیدا دروست کراون و لەمساڵدا هەندێکیان بەرهەمەکانیان دەکەوێتە بازارەوە.
کارگەی ئاسن و پۆڵای ماس، یەکێکە لە کارگە گەورەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئاسن و پۆڵا، ئەم کارگەیە دەکەوێتە ناوچەی بازیان لە شاری سلێمانی و بە گەورەترین کارگەی پۆڵا دادنرێت لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە رووی رووبەر و جۆری تەکنۆلۆژیای بەکارهاتوو تیایدا.
کارگەی ئاسن و پۆڵای ماس، ئێستا هێڵی یەکەمی بەرهەمهێنانی نزیکبووتەوە لە تەواو بووندایە و بریارە مانگی ئابی داهاتوو دەست بە بەرهەمهێنان بکات .
پری تێچوونی سەرجەم کارگەکە بە زیاتر لە ملیارێک دۆلار دەخەمڵێنرێت و تا ئێستا نزیکە 500 ملیۆن دۆلاری تێدا خەرج کراوە .
کارگەکە لە قۆناغی بەرهەمهێناندا ساڵانە پری یەک ملیۆن و 250 هەزار تەن ئاسن بە قاڵبی جۆراو جۆر بەرهەم دەهێنێت.
کارگەکە بۆ دەستەبەرکردنی کەرەستەی خاو، لەسەرەتاوە پشت بە ئاسنی بەکارهاتوو دەبەستێت و دواتر خۆڵی ئاسن بەکاردەهێنێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاسن، هەروەک کارگەکە نزیکەی هەزار هەلی کار دەستەبەر دەکات.
لە چوار ساڵی رابردوودا وەبەرهێنان لە پارێزگای سلێمانی، بە تایبەت لە کەرتەکانی غەیری نیشتەجێ بوون، گەشەکردنێکی زۆری بە خۆیەوە بینیووە و تەنیا لە ساڵی 2013، وەبەرهێنان لە سلێمانی ریکۆردێکی نوێی تۆمار کرد بەوەی بەپری زیاتر لە 5 ملیار و 50 ملیون دۆلار، مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە .
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 12-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 690

## گەورەترین کانگای زێری ئاسیای ناوەڕاست لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کرایەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111812130677977

جەبار گوڵانەیی
لەشاری تیکاپ لەڕۆژهەڵاتی کوردستان گەورەترین کانگای زێری ئاسیایی ناوەڕاست دەستی بەکار کرد.
کانگای زێری (زەرشۆران) کە ساڵانە توانای بەرهەمهێنانی 3تەن زێری هەیە واتە 2 بەرانبەر تەواوی زێری ئێرانی و بەپێی سەرچاوەکان 110 تۆن زێری تیایە، دەکەوێتە 30 کیلومەتری شاری

تیکاب سەر بە پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لەدوو ڕۆژی ڕابردوودا بەئامادەبوونی ئیسحاق جەهانگیری جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری ئێران و هەروەها وەزیری کانگاکانی ئێران، ئە و کانە زێڕە کرایەوە.
مەهدی کەرباسیان بەرپرسی نۆژەن کردنەوەی کانگاکانی ئێران لەپەراوێزی کردنەوەی کانگای زەرشۆران بەئاماژە بەوەی بەرهەمهێنانی زێڕی ئێران بەکردنەوەی ئەم کانگایە دوو بەرانبەر بوەتەوە ڕایگەیاند: بەهاوکاری ئەندازیارانی ئینگلیزی و کەنەدی، بە 170ملیار تمەن لەماوەی چوار ساڵ کارەکانی بەرهەمهێنان لەم ناوەندە دەستی پێکردووە.
شایانی باسە هەر پێش کردنەوەی ئەم ناوەندە کانگای زێڕی (ئاقدەرە) هەر لە 30 کیلومەتری تیکاب بە بەرهەمهێنانی ساڵانە 2 تەن زێڕ گەورەترین کانگای زێری ئێران بوو، کەبەم شێوەیە شاری تیکاب بەتەنیا نزیکەی 80 لەسەدی زێڕی ئێران بەرهەمدێنێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 17-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 691

## لافاو زیانی 150 ملیۆن دینار لە هەڵەبجە دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20141105103437787



هەڵەبجە 4 تشرینی دووەم / نۆڤەمبەر -(PNA) سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە ئاشکرای کرد بەهۆی لافاو و بارانبارینەکەی شەوی ڕابردووی پارێزگای هەڵەبجەوە پری زیاتر لە 150 ملیۆن دینار زیانی لێکەوتوەتەوە هاوکات لیژنەیەک پێکهاتوە بۆخەمڵاندنی زەرەرو زیانەکانی هاوولاتیان بۆئەوەی لەداهاتودا قەرەبو بکرێنەوە .
خدر کەریم سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە بەئاژانسی هەواڵی پەیامنێری ڕاگەیاند بەهۆی ئەو شەپۆلە بارانبارینەی کە چەند ڕۆژێکە ڕووی لەناوچەکە کردوە و بووە هۆی بارینی پرێکی زۆر باران بەتایبەت شەوی ڕابردو لەزۆربەی گەڕەکەکانی هەڵەبجە لافاو دروستبوو.
ڕونیشی کردەوە بەهۆی لافاوەوە زیاتر لە 30 ماڵ زیانیان پێگەیشتوەو هاوکات لەڕووی ماددیشەوە پری زیاتر لە 50 ملیۆن دینار زیان بەهاوولاتیان وپری زیاتر لە 100 ملیۆن دیناریش زیانی بەرشەقام و ڕێگا گشتەیەکان گەیان گەیاندوە .
سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەگوتیشی: لیژنەیەک پێکهاتوە بۆخەمڵاندنی زەرەرو زیانەکانی هاوولاتیان بۆئەوەی لەداهاتودا قەرەبو بکرێنەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: هەڵەبجە
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 692

**لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان، نهێنیەکانیان ئاشکرادەکات**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130725103858989469

ئا: ئاسۆ سەراوی

دوای ئەوەی لەچەند رۆژی رابردودا سەرۆکی هەرێم یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لەهەرێمی کوردستان واژۆکرد، وەک هەنگاوی یەکەم بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسان لەرێگای سکرتێری لقەکەیانەوە زۆرترین زانیاری لەسەر کارو چالاک و بودجەی داهاتی لقەکەیان دەخاتەرو.

پشتبەستن بەزۆری ئەندام و فراوانی سنوری جوگرافی، پێدەچێت لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسان گەورەترین لقی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان بێت، چونکە سەندیکای رۆژنامەنوسان نزیکەی 7هەزار ئەندامی هەیە، زیاد لە 2هەزار ئەندامیان لەسنوری ئەو لقەدایە و لەئێستاشدا وەک سکرتێرەکەی باسی دەکات 700 کەسی تر داواکاری بون بەئەندامیان پێشکەش کردوە.

دروست ژمارەی ئەندامانی ئەم لقە 2031 ئەندامە لە و ژمارەیەش 1451ئەندامی کارایە و 429 بەشدارەو83 شی مەشقکارە. هەر یەکێک لە و ئەندامانە سالانە بەرێژەیەک ئابونەی سالانە دەدەن، بۆ ئەندامی کارا سالانە 25هەزار دینارە و هەر یەک لەئەندامی بەشدار و مەشقکاریش سالانە 15هەزار دینار ئابونەی سالانە دەدەن.

لەمسالدا لەکۆی 1451 ئەندامی کارە 566 کەس ئابونەی سالانەی داوە و لە429 ئەندامی بەشداریش 62 ئەندام ئابونەی داوە، لە83 ئەندامی مەشقکاریش 10 کەسیان ئابونەیان داوە و کۆی داهاتی ئابونەی ئەمسالی ئەم لقە تا ناوەڕاستی مانگی 7 برتییبوە لە 23ملیۆن و 140 هەزار دینار. کە وەک فەرمانبەری ژمێریاری لقەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە هەموی دەچێتەوە بۆ سەندیکای رۆژنامەنوسان لەهەولێر.

بەپێی پرەنسیپەکانی کارکردنی ئەم سەندیکایە، ئەندامی کار دەبێت فەرمانبەری دەوڵەت نەبێت، هاوکات ژیان و بژێویشی لەسەر پیشەی رۆژنامەنوسی بێت. ئەندامی بەشداریش پیشەی رۆژنامەنوسی کاری دوەمی بێت، هەرچی ئەندامی مەشقکاریشە ئەو کەسانەن کە دو ساڵ کەمتر کاری رۆژنامەنوسیان کردوە، بەپێی چالاکییان بەرزدەبنەوە بۆ پلەکانی تر.

لەکۆنگرەی سێی سەندیکای رۆژنامەنوسان، ئەندامانی ئەنجومەنی هەر سێ حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکەی کوردستان (گۆران، یەکگرتو، کۆمەڵ) دەستیان لەکارکێشایەوە، بەڵام بەوتەی کاروان ئەنوەری سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکا، ئەندامە ئاساییەکانی ئەو سێ حیزبە زۆر چالاکانە لەسەندیکادا کار دەکەن و دەستیان لەکارنەکێشاوەتەوە، کاروان دەڵێت "دەتوانم بڵێم لەلقی سلێمانی ئەندامە رۆژنامەنوسەکانی هەرسێ حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکە، لەئەندامانی هەردو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان چالاکترن، هۆکاری ئەوەش ئەوەیە ئێمە لەم لقەدا مۆرکی حیزبایەتیمان سڕیوەتەوە و بۆ هەموان وەک یەک کار دەکەین، ئەگەر کەسێک ئەندامی ئێمەش نەبێت هەر رۆژنامەنوس بێت لەسەر کاری رۆژنامەنوسی توشی گرفت بێت، بەدواداچون بۆ گرفتەکەی دەکەین."

ئەم لقە مانگانە 7ملیۆن لەسەندیکای رۆژنامەنوسان وەردەگرێ، زۆرترینی ئەو پارەیە مانگانە بۆ دەرماڵەی سکرتێر و کارمەند و ئەندام لقەکان دەڕوات، سکرتێری لق مانگانە 400 هەزار دینار وەردەگرێ لەهەفتەیەکدا 5رۆژ دەوام دەکات، دوای ئەویش 5 کارمەندی لقەکە کە هەفتانە 5رۆژ دەوام دەکەن مانگانە 300 هەزار دینار وەردەگرن، هەریەک لەئەندام لقەکانیش کە 8ئەندام لقن هەفتانە 2تا3 رۆژ دەوام دەکەن مانگانە پری 200 هەزار دینار وەردەگرن. بەم جۆرە مانگانە 3ملیۆن 500 هەزار دینار لە7ملیۆنەکە بۆ دەرماڵە دەڕوات، جگە لەوە مانگانە 1ملیۆن 200 هەزار دینار بۆ کرێ خانوی لقەکەیە، پارەکەی تریش بەپێی خشتەیەک کە وێنەیەکی لەلای ئاوێنەیە بۆ خەرجی رۆژانە دەڕوات لەئێستاشدا ئەم لقە نزیکەی 10ملیۆن دینارێکی لەبانکدا هەیە.

کاروان ئەنوەر باس لەوەش دەکات، کە لەهیچ ولاتێک رێگە بەرۆژنامەنوس نادرێت کاری رۆژنامەنوسی بکات تا ئەندامی سەندیکایەکی رۆژنامەنوسی نەبێت "بەڵام ئێمە چاومان لەوە پۆشیوە". لەبارەی دورەپەرێزی رۆژنامە ئەهلیەکانیش لەم سەندیکایە، ناوبراو ئەوە دەخاتەرو کە هەریەکێک لە و رۆژنامە ئەهلیانە لەکاتی دەرهێنانی مۆڵەت، دەبێت مۆڵەت لەسەندیکای رۆژنامەنوسان وەربگرن "ئەوە خۆی لەخۆیدا دانپیانەنە بەشەرعیەتی سەندیکا، هەر رۆژنامەنوسێکیش نەبوبێت بەئەندام ئێمە زۆریمان لەکەس نەکردوە."

هەر بەپێی ئامارەکانی ئەم لقە، لەکۆی 1451 ئەندامی کارای سەندیکا، تائێستا 278رۆژنامەنوس کە فەرمانبەری حکومەتن خزمەتی کاری رۆژنامەنوسییان بردۆتەوە بۆ فەرمانگەکانیان، بەمەش لەئەندامی کاراوە دەبنە ئەندامی بەشدار.
لەبارەی ئیمتیازی ئەوانیش بۆ ئەندامەکانیان کاروان باسی لەوە کرد کە تائێستاش لەهەوڵی دابینکردنی زەوین بۆ 169رۆژنامەنوس، کە ماوەی چەندین ساڵە بریارە پێیانبدرێت، بەدەر لەوە هەمو جۆرە چارەسەر و نەشتەرگەریەک لەنەخۆشخانەکانی شۆرش بۆ رۆژنامەنوسان و کەسە پلە یەکەکانیان بەبێ بەرامبەر دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی داشکاندنێکی تایبەت بۆ گەشتەکانیان بەفرۆکە کراوە.
دروستکردنی سەندیکایەکی تر یان هەر رێکخراوێکی تر رۆژنامەنوسی، کە ماوەیەک کۆمەڵێک لەرۆژنامەنوسان خەریکی دروستکردنی بون، بەوتەی کاروان لەیاسادا رێگەی پێنەدراوە. لەبارەی ژمارەی بڵاوکراوە کاغەزیەکانیش ئەو بەرپرسەی سەندیکا وتی "لەئێستادا لەسەرجەم هەرێمی کوردستاندا 750 تا800 بڵاوکراوەی کاغەزی هەیە."
لەبارەی ئەوەش کام لەبەرپرسانی حکومی و حیزبی ئەندامی لقەکەی ئەوانن، سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسان هێمای بەوەدا هەریەک لەئازاد جوندیانی بەسیفەتی بەرپرسی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن و مەلا بەختیار وەک سەرنوسەری رۆژنامەی چاودێر و ئەرسەلان بایزی سەرۆکی پەرلەمانیش کە پێشتر سەرنوسەری کوردستانی نوێ بوە، ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنوسانن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 25-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 693

## لە 60% ژنانی کورد لە کەرکوک نەخوێندەوارن

http://www.kurdipedia.org/?q=20141202221102781118

رۆژنیوز - ئەلەند کەرکوکی
ماوەی دووساڵە وەزارەتی پەروەردەی عیراق، پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ژنان و پیاوانی نەخویندەوار لە کەرکوک دەست پێکردوە، بەڕێوبەری نەهێشتنی نەخویندەواری لەشارەکە رایگەیاند، ئێستا ژن و پیاوی نەخوێندەواری شارەکە دەتوانن بچنە بنکەکانی نەخوێندەواری بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکمانی و کلد و ئاشوری بخوێنن.
قەیس محەمەد ئەحمەد، بەڕێوبەری هۆبەی نەخوێندەواری لە شاری کەرکوک بە (رۆژنیوز)ی راگەیاند: لەشاری کەرکوک پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری کراوەتەوە، ماوەی دووساڵە بەردەوامی هەیە.
قەیس محەمەد، وتیشی: بنکەی نەخوێندەواری بە زمانی دایک کراوەتەوە، ئەمەش لەناوەندی کەرکوک و قەزاو ناحیەکانی بۆ کورد، عەرەب، تورکمان و کلدو ئاشور هەیە کە تێیدا بخوێنن.
بەڕێوبەری هۆبەی نەخوێندەواری لە کەرکوک، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە 90 بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ زمانی کوردی، 100 بنکە بۆزمانی عەرەبی، 20 بنکە بۆ تورکمانی، دوو بنکە بۆکلد و ئاشوری کراونەتەوە.
راشیگەیاند: ساڵی پار 400 خوێندکار ئەو پرۆسەیە یان تەواو کرد و، بروانامەیان پێ بەخشرا، کە بروانامەکان لە ئاستی شەشی بنەڕەتی دایە، بەڵام بریار وایە مانگانە برێک هاوکاری بدرێتە نەخوێندەوارەکان، بەهۆی قەیرانی دارایی تەنها دوومانگیان بۆ خەرج کرا.
سرود فالح، چالاکوانێکی بواری ژنانە لەشاری کەرکوک بە (رۆژنیوز)ی وت: بەپێی زانیارییەکان لە 60% ژنانی کوردی کەرکوک نەخوێندەوارن.
وتیشی: بەهۆی ئاوارەبوون و ماڵ وێرانی و دەربەدەری ژنانی کورد لەو شارە لە خوێندن دابران و لە خوێندن بێ بەشبوون، بەڵام ئێستا زیاتر ژنانی کورد هەوڵی قەرەبووکردنەوەی نەخوێندەواری

سالانی بەعس دەدەنەوە، بەگشتی هەوڵی پرۆسەی خویندن دەدەن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 694

## لە کەوتنی موسڵەوە تائێستا، عیراق نزیکەی 75 هەزار قوربانی داوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150610135537855222

دوێنێ سێشەممە رێکخراوێکی عیراقی ناحکومی رایگەیاند، نزیکەی 46 هەزار کەس لەماوەی ساڵی رابردوودا لە و جەنگانەدا کوژراون کە لە دژی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە پارێزگاکانی خۆرهەڵات و باکوور و خۆرئاوای وڵات ئەنجامدراون.
کەمپینی جەماوەری نیشتمانی بۆ خستنەناوی تەقینەوەکانی عیراق بۆ ناو لیستی تاوانەکانی جینۆساید کە بە حەشد ناسراوە لەبەیاننامەیەکدا کە بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر کەوتنی موسڵەوە بڵاویکردەوە رایگەیاند، قەبارەی ئە و زیانانەی هێزە ئەمنییە عیراقییەکان و هێزەکانی حەشدی شەعبی لە مێژووی کەوتنی موسڵ لە 10ی حوەزیرانی ساڵی رابردووەوە پێشکەشیان کردووە گەیشتووەتە نزیکەی 40 هەزار شەهید و 25 هەزار بریندار و سێ هەزار بێسەروشوێن.
هەر لە و بەیاننامەیەدا هاتووە کە زیانەکانی هێزەکانی پێشمەرگەش گەیشتووەتە سێ هەزار شەهید و نزیکەی 7500 بریندار و نزیکەی 250 بێسەروشوێن و چارەنووس نادیاریشیان هەیە .
ئاماژەی بەوەش داوە کە هەر لە و ماوەیەدا قوربانییەکانی هێزەکانی سەحوە و چەکدارانی هۆزەکانیش، گەیشتووەتە سێ هەزار شەهید و نزیکەی 500 بێسەروشوێن.
ئە و کەمپینە لەمیانەی بەیاننامەکەدا ئاماژەی بەوەش داوە کە عیراق لە و ماوەیەدا خراپترین قەیرانی مرۆیی لە مێژوویدا بەخۆیەوە بینووە کە ئەویش گەورەترین کۆچپێکردنە لەماوەی 100 ساڵی رابردوودا و ژمارەی ئاوارەکانی پارێزگا و شارەکان لە چوار ملیۆن نزیک بووەتەوە.
لە عەرەبییەوە: والی عەلی
سەرچاوەtoday-news.org :
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-10

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 695

## لە 20%ی بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر پۆلیسی فریاکەوتن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013062710432978255

بەڕێوەبەری هۆبەی نەهێشتنی مادەهۆشبەرەکان لەپۆلیسی کەرکوک رایدەگەیەنێت کە لە 20%ی بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان لەپارێزگاکە پۆلیسی فریاکەوتن.
ئومێد سامی، کەرکوک: ئەو وتەیەی عەقید نەوزاد سەلاحەدین بەڕێوەبەری هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان دوای خستنەڕوی ئاماری شەش مانگی رابردوی هۆبەکەیان هات کە تیایدا ئاماژە بەوە دەکات رێژەی بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکانی زیادیکردوە.
عەقید نەوزاد وتی، "لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی شەش 46 دۆسیەی تایبەت بەبەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان لەهۆبەکەمان کراوەتەوەو 63 کەس دەستگیرکراوە بەتۆمەتی بەکارهێنان و مامەڵەکردن بەمادە هۆشبەرەکانەوە".
ناوبراو وتیشی، هەر لەو ماوەیەدا دەستبەسەر 9 هەزارو 468 دەنک حەبی ئارتین و 300ملم گرام مادەی هۆشبەردا گیراوە.
بەڕێوەبەری هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان رونیکردەوە کە بەگوێرەی ئامارەکانیان "20%ی بەکارهێنەرانی مادەهۆشبەرەکان لەپارێزگای کەرکوک پۆلیسی فریاکەوتن." لەگەڵ ئاماژەدان بەوەی رێژەی بەکارهێنەرانی مادە هۆشبەرەکان لەو پارێزگایە لە هەڵکشاندایە.
س: کەرکوک ناو
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-06-27

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 696

## لە هەرێمی کوردستان 5 پەیمانگای زانستی ئیسلامی هەن کە یەکیان ئێوارانە، زیاتر لە سێ هەزار و 616 قوتابی تێیدا دەخوێنن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020822592784730

لە هەرێمی کوردستان 5 پەیمانگای زانستی ئیسلامی هەن کە یەکیان ئێوارانە، زیاتر لە سێ هەزار و 616 قوتابی تێیدا دەخوێنن، لە پارێزگای هەولێر 604 قوتابی، لە پارێزگای سلێمانی 434 قوتابی و لە ناوەندی پارێزگای دهۆک 451 قوتابی و لە ئاکرێ-ش 127 قوتابی لەم بوارەدا دەخوێنن .

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2015-02-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 697

## لە هەرێمی کوردستان دەنگدانی گشتی بۆ پرکردنەوەی 111 کورسی پەرلەمانی کوردستان دەستپێکرد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092110420688616

دەنگدانی گشتی بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەکاتێکدایە کە رۆژی 19 ئەم مانگە پرۆسەی دەنگدانی

تایبەت لەسەرجەم هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو کە تیایدا ڕێژەیەکی بەرز لە دەنگدان تۆمار کرا، لە و دەنگدانە ڕێژەی دەنگدان بە 93.95% تۆمار کراوە، لەوانەش لە سلێمانی 95.6% و لە هەولێر 93.7 و لە دهۆک 91.5% بووە، واتا لە کۆی نزیکەی 153 هەزار کەس لە هێزەکانی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش زیاتر لە 144هەزار کەس دەنگی داوە.
بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، عەبدولرەحمان خەلیفە بۆ خەندان، ڕایگەیاند لەدەنگدانی گشتیدا زیاتر لە دوو ملیۆن و (650) هەزار کەس بۆیان هەیە لە دەنگداندا بەشداری بکەن، کە لەکاتژمێر (7:00)ی وە پرۆسەکە دەستپێدەکات و تا (5:00) ئێوارە بەردەوام دەبێت، دوای تەواوبوونی دەنگدانیش، دەنگەکان ڕاستەوخۆ جیا دەکرێنەوە، مۆری ئەلیکترۆنیش بەکار دەهێنرێت.
عەبدولرەحمان خەلیفە، ڕایگەیاند :" زیاتر لە دوو ملیۆن و (650) هەزار کەس بۆیان هەیە بەشداری لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ پەرلەمانی کوردستان بکەن."
ئاماژەی بەوەشدا، کە کۆی ژمارەی دەنگدەرانی کوردستان، زیاتر لە دوو ملیۆن و (803) هەزار دەنگدەر بووە، وتیشی :" نزیکەی (153) هەزار دەنگدەر، ناویان لە دەنگدانی تایبەت هاتبووەوە، کە کارمەندی هێزەکانی ناوخۆ و هێزی پێشمەرگەن."
سەبارەت بە مۆرە ئەلیکترۆنییەکە، کە لە هەڵبژاردنی تایبەتدا لە زۆربەی بنکەکان کێشەی دروستکردبوو، عەبدولرەحمان خەلیفە، وتی:" ئەو ئامێرە یەکەمجارە لە هەڵبژاردنەکانی عیراق و هەرێمی کوردستاندا بەکار دەهێنرێت، بۆیە لە دەنگدانی تایبەتدا لە هەندێک شوێن کێشەی دروستکردبوو، بەڵام کێشەکان چارەسەرکران و بۆ سبەینێش ئامادەکاری کراوە بۆ ئەوەی ئەگەر کێشە دروستبوو، خێرا چارەسەر بکرێت."
ڕوونیکردەوە، کە لە بنکەکاندا ئامێری یەدەگ دانراوە، دەکرێت لە نێوان دوو بنکەی نزیک لە یەکیش هاوکاری یەکدی بکەن، وتیشی:" پێناچێت سبەینێ بەهەمان شێوەی دەنگدانی تایبەت مۆرە ئەلیکترۆنییەکە کێشە دروست بکات، هەرچەندە ڕەنگە تۆزێک خاوی لە پرۆسەکەدا دروست بکات، بەڵام زۆر لەوە باشترە ساختە بکرێت."
تەئکیدیشیکردەوە، کە بوونی مۆرە ئەلیکترۆنییەکە و چەند میکانیزمێکی دیکە، ڕێگرن لەبەردەم ساختەکردن، وتیشی:" چاودێرانیش پێیانوابووە، دەنگدانە تایبەتەکە بەشێوەیەکی ئیجابی و باش بەڕێوەچووە."
سەبارەت بە وادەی هەڵبژاردنەکە، بەڕێوەبەری پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، وتی:" سبەینێ لە کاتژمێر (7:00)ی بەیانییەوە دەست پێدەکات و تا کاتژمێر (5:00)ی ئێوارە بەردەوام دەبێت، ئەگەر پێویستیش بکات، بەپێی پێویستییەکە وادەکە درێژ دەکرێتەوە."
ئاشکراشیکرد، لە هەموو بنکەکان، دەنگەکان بەبەرچاوی نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانەوە جیا دەکرێنەوە
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-09-21

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 698

## لیژنەی ئەمنی سلێمانی: بەهۆی داپۆشینی تابلۆکانیان 40 ئۆتۆمبێل و 20 ماتۆرسکیل دەستبەسەرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20130902110000088986



لیژنەی ئەمنی سلێمانی لەکۆبونەوەیەکدا هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنیان تاوتوێکرد و دوپاتیانکردەوە رێگە بەدەستدرێژی نادرێت.
ئاشکراشکرا، بەهۆی داپۆشینی تابلۆکانیان 40 ئۆتۆمبێل و 20 ماتۆرسکیل دەستبەسەرکراون.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەهرۆز محەمەد ساڵح، پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند، پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بۆ ئێمە وەک بۆنەیەکی نەتەوەییەو دەبێت هەموو هەوڵێک بخەینەگەڕ بۆ سەرکەوتنی. وتیشی، لەسلێمانی هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن گەرموگوری زیاتری پێوە دیارەو ئەمەش پێویستی بەماندوبونی زیاتر هێزەکانی پۆلیسە بۆ پاراستنی ئارامی شارەکە.
ئە و وتانەی پارێزگار لەمیانەی کۆبونەوەی لیژنەی ئەمنی سلێمانی بو کە بەئامادەبونی، ئاوات محەمەد، قائیمقامی سلێمانی و یوسف یاسین، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و بەرێوەبەری گشتی پۆلیسی سلێمانی و بەرێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی و فەرماندەی لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی و ژمارەیەک لەئەفسەرانی پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی چالاکییە مەدەنییەکان، بەڕێوەچو.
پارێزگار دوپاتیکردەوە کە هێزەکانی پۆلیس دەبێت بێلایەن بن لەمامەڵەیاندا لەگەڵ هەر سەرپێچی کارێکداو وتی، دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو لایەک رەخساوە تا بەئازادی بانگەشە بۆ لیستەکانیان بکەن، بەڵام رێگە نادرێت هیچ لایەک دەستدرێژی بکاتە سەر لایەنێکی ترو ئەو مەودایە کەمبکاتەوە.
هەر لەکۆبوونەوەکەدا جەخت لەجێبەجێکردنی رێنمایەکانی کۆمیسیۆن و لیژنەی ئەمنی سلێمانی کرایەوە
بریاریشدرا هەماهەنگی نێوان هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش زیاتربکرێت بۆ روبەرونەوەی هەر حاڵەتێکی نەخوازراو.
بەرێوەبەری هاتوچۆی سلێمانیش رایگەیاند، رێوشوێنی توندیان بەرامبەر ئەو کەسانە گرتوتەبەر کە پێشێلی یاساکانی هاتوچۆ دەکەن و رایگەیاند، تائێستا 40 ئۆتۆمبێل و 20 ماتۆرسکیلیان دەستبەسەرکردوە بەهۆی داپۆشینی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکانیان بەئاڵاو ئاڕم و دروشمی لیستەکانیان و 7000 پسوڵەی سەرپێچیشیان کردوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-09-02

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 699

## لیستی بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070810001689655

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 700

## لە (24) کاتژمێری رابردوو لە کوبانێ (72) چەتەی داعش کوژران

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091811440377516

ناوەندی چاپەمەنی YPG ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی (24) کاتژمێری رابردوو لە کوبانێ راگەیاند و دەستنیشانیکرد کە (72) ئەندامی گروپە چەتەکانی داعش کوژراون و دەیانی دیکەش بریندار بوون و (4) ئۆتۆمبیلی چەتەکانیش تێکشکێندرا. ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) سەبارەت بە شەڕ و پێکدادانەکانی 24 کاتژمێری رابردوو لە دژی گروپە چەتەکانی داعش لە هەرێمی کوبانی لێدوانێکی نوسراوەی بلاو کردەوە. بە پێی لێدوانەکەی YPG کە لە ماڵپەری فەرمی خۆیدا بڵاوی کردوتەوەدا هاتووە:" لە دژی گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و بیلادی شام(داعش) لە دوو رۆژ پێش ئێستاوە لە بەرەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوبانی هێرش ئەنجام دەدەن، بەرخۆدانی هێزەکانمان بەردەوامە ."

YPGراشیگەیاند کە لە و چوارچێوەیەدا هێزەکانیان دوێنێ لە کاتژمێر 13:00 لە دژی گروپە چەتەکانی داعش کە لە گوندی بۆراز خۆیان جێگیر کردبوو چالاکییەکیان ئەنجامداوە. لە دوای چالاکییەکە لە گوندەکەدا شەڕ و پێکدادانی دژوار روویداوە و لە ئەنجامدا (8) ئەندامی گروپە چەتەکانی داعش کوژراون و دەیانی دیکەش برینددار بوون. هەروەها یەکینەکانمان لە کاتژمێر 14:00 بەرپەرچێکی توندی چەتەکانی داعش دەدەنەوە کە دەیانەویست هێرش بکەنە سەر گوندی دوغیرمانی رۆژئاوای کوبانێ و لە ئەنجامدا شەڕ و پێکدادان روودەدات و لە ئاکامدا (12) ئەندامی چەتەکانی داعش کوژران و ژمارەیەکیش برینددار بوون. لەم چالاکییەدا رێ هەڤاڵێکمان بە قارەمانێتی شەڕ دەکات و بەشداری کاروانی شەهیدان دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە هێزێکی پاڵپشتی گروپە چەتەکانی داعش کە بە هانای هێزەکانیانەوە لە گوندی گۆبرلیکەوە دەچوو، دەکەوێتە بۆسەی شەڕڤانانی YPG ەوە و لە ئەنجامدا (13) ئەندامی گروپە چەتەکانی داعش دەکوژرێن و ئۆتۆمبیلێکی چەتەکانیش تێکشکێندرا. هەروەها لە نێوانگوندەکانی زۆرمێخار و زیارەتی رۆژئاوای کوبانێش لە دژی گروپە چەتەکانی داعش چالاکییەک ئەنجامدراوە و لە ئەکامدا (3) ئۆتۆمبیلی چەتەکان تێکشکێندراوە و (15) ئەندامی چەتەکانی داعشیش کوژران.

هاوکات لە نزیک گوندی مەحمودیەش هێزەکانی YPG لە دژی گروپە چەتەکانی داعش بۆسە دەنێنە و و لە بۆسەکەدا (4) ئەندامی چەتەکان کوژراون .YPG راشیگەیاند کە هێزەکانیان لە گوندەکانی قز عەلی، جرن، سەرزۆرێ، پرکەتژ، زرک، سەرێنج، دەنایک، هوریە و ئاشمێ لە دژی گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و بیلادی شام(داعش) چالاکیان ئەنجامداوە و شەڕ و پێکدادان دژوار روویداوە و دەیان ئەندامی چەتەکانی داعش کوژران و ژمارەیەکی زۆریش برینددار بوون. شەڕ و پێکدادانەکان بەردەوام دەکات و چالاکی ئەنجامدراوە و بە گوێرەی زانیارییەکان تا ئێستا (72) ئەندامی چەتەکانی داعش کوژراون."

سەرچاوە: ماڵپەری فرات نیوز - 18-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کۆبانی

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 701

## لە 10 رۆژدا زیاتر لە 6 هەزار کەس دەگەڕێنەوە بۆ کۆبانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2015033011022585039

رۆژنیوز ناوەندی هەواڵەکان

گەڕانەوەی هاوڵاتیانی کۆبانێ کە بەهۆی هێرشی چەتەکانی داعش بۆ سەریان ئاوارەی باکوری کوردستان ببوون، بەردەوامە. لەنێوان 10 رۆژی کۆتاییدا تەنیا لە رێگای فەرمی 5520 کەس

گەڕاونەتەوە کۆبانێ. لە نێوان 20 بۆ 2015/3/29 لەو هاوڵاتیانەی کە چووبوونە باکوری کوردستان، 5520 کەس لە ڕێگای سنوری مورشیتپنارەوە گەڕاونەتەوە کۆبانێ، ئەو هاوڵاتیانە بەپێی ئەو پلانەی کە ماڵی گەل ڕێکیخستبوو، لەو گوندانەی کە رزگار کراون و ئەو ماڵانەی کە خراب نەبوون نیشتەجێ کراون. زۆرێک لەو گەنجانەی کە تازە گەڕاونەتەوە بەشداری ریزەکانی یەپەگە بوون. هەروەها هەندێکیشیان جێگای خۆیان لە پاراستنی گوندەکاندا دەگرن و هەندێکیشیان بەشداری خەباتی ناوەندەکانی تر بوون. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە بەڕێوەبەرانی هەرێمی کۆبانێ دەست ئاژانسی هەواڵی هاوار کەوتووە، ئەو ڕێژەیە تەنیا ئەو هاوڵاتیانەن کە لە ڕێگای فەرمی گەڕاونەتەوە و ئەوانەی کە لەڕێگای دەرگای سنورییەوە تێپەڕیوون، بەڵام لە دەرەوەی ئەوان بە هەزاران هاوڵاتی لە ڕێگاکانی قاچاغەوە گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵ خۆیان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

شارەکان: کۆبانی

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 702

## لە 10 ساڵی رابردوودا نرخی زەوی لە هەولێر 45 بەرابەر بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014073008191777176

کەرتی خانووبەرە یەکێک لە کەرتە گرنگەکانی ئابووریی هەر وڵاتێکە کە زۆر هەستیارە بە رووداوە سیاسی و ئابوورییەکانی. ئەو کەرتە لە دیاریکردنی ڕێچکەی ئابووریی وڵاتاندا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە زۆر لە شارەزایانی ئابووری، هۆکاری داڕمانی ئابووریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2008 بۆ دابەزینی سەرسووڕهێنەرەی نرخی خانووبەرە لەو وڵاتە دەگێڕنەوە. دیارە سستیی ئابووریی ئەمریکاش پاش 2008 کاریگەری نەرێنی زۆری لە ئابووریی وڵاتانی دیکەی جیهان دانا، بەو پێیەی کە بە یەکەم ئابووریی جیهان دادەنرێت.

بۆ زانینی ئاراستەی خانووبەرە لە باشووری کوردستان لە 10 ساڵی رابردوودا، (رووداو) ماوەی سێ مانگە لەگەڵ کۆمپانیایەکی تایبەت بە خانووبەرە کە 10 لقی لە هەولێر هەیە، سەرقاڵی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکانی پەیوەست بە نرخی زەوی بووە.

کۆمپانیای باغی شەقڵاوە تایبەت بە خانووبەرە، هەموو زانیارییەکان و گرێبەستەکانی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەی داوەتە (تۆڕی میدیایی رووداو) و ئەو داتایانەش لە دیسکی ئابووریی رووداو شیکارییان بۆ کراوەو هەوڵ دراوە بزانرێت ئاراستەی نرخی زەوی لە 10 ساڵی رابردوودا پاش پرۆسەی ئازادیی عێراق چۆن گۆڕاوەو چ رووداوگەلێک کاری تێکردووە.

گرنگترین ئەو خاڵی وەرچەرخانانەی کە لە ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکانی کڕین و فرۆشتنی زەوی تێبینی کراون، دەستپێکردنی گەشەی نرخی زەویە لە ساڵی 2008 و بەردەوامبوونی تا ساڵی 2011.

هەروەها دابەزینی نرخی زەوییە لە ساڵی 2012 و بەرزبوونەوەی لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2013 و دووبارە دابەزینی لە نیوەی دووەمی ساڵی 2013.

هۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لە ساڵی 2008 دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی داهاتی نیشتمانیی باشووری کوردستان لەو ساڵەدا بەراورد بە ساڵی پێشووتری.

داهاتی ساڵانەی تاکەکەس لە 1500 دۆلاری ساڵی 2007ەوە لە باشووری کوردستان بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکەی سێ بەرابەر، واتا 4300 دۆلار لە ساڵی 2008دا، ئەوەش بزوێنەری سەرەکی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی بووە.

بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس لەساڵی 2008 ەوە دەستپێدەکات و تا 2011 دەگاتە نزیکەی 5000 دۆلار، بەهەمان شێواز نرخی زەوی تا ئەو ساڵە بەردەوامە لە بەرزبوونەوە.

هۆکاری سەرەکیش لە پشت بەرزبوونەوەی داهاتی نیشتمانیی باشووری کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاش پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز لە ساڵی 2007 و بەرزبوونەوەی چالاکیی کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت، وەبەرهێنانێکی بەرچاو لەلایەن ئەو کۆمپانیایانەوە دەستپێدەکات.
لە ساڵی 2007 بەدواوە تا ساڵی 2014، کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت زیاتر لە 20 ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە باشووری کوردستان کردووەو ئەوەش خاڵی وەرچەرخانێک بووە بۆ گۆرینی سیمای ئابووریی باشووری کوردستان.
بەهۆی گەشانەوەی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان و گەرموگوربوونی بازاڕی باشووری کوردستان لە دوای 2008، ژمارەیەکی زۆر بازرگان و کەسانی شارەزاو کرێکاری بیانیش روو لە کوردستان دەکەن و بەهۆی بەرزبوونەوەی خواست لەسەر نیشتەجێبوون نرخی کرێی خانوو بەرزدەبێتەوەو هەر ئەوەش هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی زەوی و خانووبەرەیە.
بەرزبوونەوەی کرێی خانوو، وەبەرهێنانێکی زۆر لە کەرتی خانووبەرە بۆ خۆی رادەکێشێت و ئەوەش هۆکارێکی دیکەی گرانبوونی نرخی زەوییە لە باشووری کوردستان.
گەرموگوریی بازاڕی خانووبەرە لە 2008 بەدواوە بەردەوام دەبێت تا 17 ی شوباتی 2011. بەهۆی دروستبوونی نیگەرانی لە بارودۆخی ئەمنی، وەبەرهێنان لە کەرتی خانووبەرە خاودەبێتەوە و قەبارەی مامەڵەکان لەو کەرتەدا بچووک دەبێتەوە.
سستبوونی بازرگانی و وەبەرهێنان لە کەرتی خانووبەرە دەستبەجێ کار ناکاتە سەر دابەزاندنی نرخی زەوی تا ساڵی 2012. بەڵام بەردەوامیی ئەو بارودۆخە لە ساڵی 2012 هاوشێوەی ساڵی پیشووتری دابەزینی نرخی زەوی لێدەکەوێتەوە.
لە کۆتایی ساڵی 2012 و دەسپێکی ساڵی 2013 نرخی زەوی ئاراستەکەی دەگۆڕێت و بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.
ئەو بەرزبوونەوەیە بەهۆی دەسپێکی هەڵبژاردنەکان لە باشووری کوردستان و دواکەوتنی دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی شەش مانگ رادەوەستێ و دووبارە نرخی زەوی دادەبەزێ و لە کۆتایی ساڵی 2013 و نیوەی ئەمساڵدا ئەو دابەزینە هەر بەردەوامە.
ئەو گۆڕانکارییە ئەمنییانەی کە لە عێراق هاتوونەتە ئاراوە پاش دەستبەسەرداگرتنی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی، بووە هۆکاری ئەوەی کە بازاڕی خانووبەرە سست بێتەوەو نرخەکانی زەویش بەردەوام بن لە دابەزین.
بۆ ئەوەی زیاتر بازاڕی زەوی لە 10 ساڵی رابردوودا لە باشووری کوردستان تاوتوێ بکەین، داتاکانی چوار گەڕەکی: سەربەستی، نازناز، بەختیاری و وەزیران لە شاری هەولێر کە تایبەتمەندیی گەشەسەندنیان هەبووە دەخەینەڕوو.
زەوی نیشتەجێبوون
لە گەڕەکی سەربەستی کە بە 32ی پارک ناسراوە، نرخی هەر مەتر زەوی لە ساڵی 2004 دا، 42 دۆلار بووە کە نرخەکەی لە ساڵی 2014 بەرزدەبێتەوە بۆ مەترێک 900 دۆلار، ئەوەش بەو مانایە دێت کە پاش 10 ساڵ نرخی زەوی لەو گەڕەکە بەرزدەبێتەوە بۆ 21 بەرابەری نرخە سەرەتاییەکەی.
نرخی زەوی لە گەڕەکی سەربەستی لە 2004 ەوە تا 2009 بە رێژەی ساڵانە 81% بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت و لە 2009 تا 2012 بەڕێژەی 104% بەرزدەبێتەوە .
ئەوە لە کاتێکدایە لە کۆتایی ساڵی 2012 تا سەرەتای ساڵی 2013 بەڕێژەی 370% دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ قوڵبوونەوەی کێشەی سیاسی نێوان باشووری کوردستان و بەغدا.
لە 2013ەوە تا سەرەتای ساڵی 2014 بە رێژەی 47% بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵام لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی 2014 ئاراستەکەی بەڕێژەی 60% دیسان دادەبەزێت.
لە نێوان مانگی 3 تا سەرەتای مانگی 6 ی 2014 بە رێژەی لەسەدا 40 بەرزبوونەوە بە خۆیەوە دەبینێت، بەڵام لە نیوەی مانگی شەشەوە تا مانگی 7 بەهۆی قەیرانی ئەمنیی عێراق و دەستبەسەرداگرتنی مووسڵ لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بە رێژەی 240% دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت.
لە گەڕەکی نازناز کە بە 284 ناسراوە، نرخی هەر مەترێک زەوی لە 2004 دا، 55 دۆلار بووە کە ئەو نرخە لە ساڵی 2014 دا بەرزدەبێتەوە بۆ 2500 دۆلار. بەو پێیەش نرخی هەر مەتر زەوی لە گەڕەکی نازناز 45 بەرابەر بووە.
لەو گەڕەکە لە 2004 تا 2009 بەرێژەی 85% نرخی زەوی بەرزدەبێتەوە. لە 2010 تا 2013 رێژەی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لەو گەڕەکە دەگاتە 93%.

لە مانگی شوباتی 2013 تا مانگی ئایاری هەمان ساڵ نرخی زەوی لە گەڕەکی نازناز بە ڕێژەی 19% دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت، ئەوەش بەهۆی ئەو سستییەی کە ساڵی رابردوو لە کەرتی خانووبەرە لە باشووری کوردستان دروست بوو.
سەرەڕای ئەو سستییەی لە 2013 دەکەوێتە بازاڕی خانووبەرە لە زۆربەی گەڕەکەکانی هەولێر، لە دوو گەڕەکی بەختیاری و وەزیران لەبەر ئەوەی دوو گەڕەکی دەوڵەمەندنشینی پایتەختی هەرێمی کوردستانن و لە بازاڕدا برەوەیان زۆرە، نرخەکان دانەبەزیون. ئەوەش وەک وڵاتانی دیکەی جیهانە. بۆ نموونە لە گەڕەکی کێنسینگتۆنی لەندەن، نرخی خانووبەرە هیچ دابەزین بەخۆیەوە نابینێت تەنانەت لە ئەوپەڕی سستیی بازاڕدا.
زەوی بازرگانی
لە گەڕەکێکی وەک سەربەستی، لە ساڵی 2004 نرخی یەک مەتر زەوی بازرگانی 279 دۆلار بووەو لە ساڵی 2014 بەرزدەبێتەوە بۆ 5000 دۆلار. بەوپێیەش لە ماوەی 10 ساڵدا نرخەکەی 18 بەرابەر بەرزدەبێتەوە.
لە ساڵی 2006 ەوە نرخی زەوی بازرگانی لە گەڕەکی سەربەستی ساڵانە بە ڕێژەی 120% بەرزبووەتەوە و سستیی خانووبەرە لە ساڵی رابردوو، هیچ کاریگەرییەکی نەکردووەتە سەر نرخەکان.
نرخی زەوی بازرگانی لەگەڕەکێکی دیکەی هەولێر وەک گەڕەکی نازناز لە ساڵی 2004، مەترێک بە 79 دۆلار بووە، لە کاتێکدا ئەو نرخە لە ساڵی 2014 دا بەرزدەبێتەوە بۆ 4100 دۆلار. بەوپێیەش لە ماوەی 10 ساڵدا، نزیکەی 50 بەرابەر بووە.
لە گەڕەکی نازناز نرخی زەوی بازرگانی لە نێوان ساڵانی 2006 تا ساڵی 2010 تەنیا بە ڕێژەی 32% بەرزدەبێتەوە، لە کاتێکدا لە نێوان ساڵانی 2010 و 2011 بە ڕێژەی 343% بەرزبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت.
نرخی خانووبەرەو بەتایبەت زەوی لە پایتەختی باشووری کوردستان لەبەر پێشهاتە ئەمنییەکانی نوێی عێراق دیار نییە بە چ ئاراستەیەک دەڕوات، ئەوەی کە لە داتاکان دەرکەوتووە ئەوەیە لە هەندێ گەڕەکی هەولێر نرخی پارچەیەک زەوی تا 30 هەزار دۆلار دابەزینی بەخۆیەوە بینیوەو ئەوەش کاریگەری کردووەتە سەر راوەستانی جموجوڵی وەبەرهێنان لەو کەرتەدا.
قەبارەی مامەڵەکردن بە زەوی لە مانگی رابردوو بەدواوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 30-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| جۆری پەرتووک: | راپۆرت |
| زمان - شێوەزار: | TRتورکی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 703

## لە 2 مانگ و نیوودا 32 هەزار کەس هەرێمی کوردستانیان جێهێشتوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150906121037785967

رۆژمیوز ـ فوئاد زیندانی
ئەمرۆ شەممە لە هۆڵی هوتێل (هەولێر ئینتەرناشناڵ - شیراتوون) ی شاری هەولێر دیداری نیشتمانی لەژێر دروشمی "خەمی هاووڵاتی و داهاتووی نیشتمان " بەبەشداری دەیان کەسایەتی و نوێنەری ڕێکخراوەکان و لایەنەکان و ئامادەبوونی ژمارەیەک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن سازکرا. تێیدا ئەوە خرایە روو کە لە 2 مانگ و 18 ڕۆژدا 32 هەزار کەس تەنیا کە هەرێمی

کوردستان کۆچپانکردووە – وولاتیان جێهێشتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 704
**لە 2007ەوە تا 2013 لە خانەقین 129 باخ لە سنووری شارەکەدا سووتاوە**
http://www.kurdipedia.org/?q=20130511153537828344
...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 705
**لە 2007ەوە عیراق حەوت تریلیۆن دینار قەرزاری پێشمەرگەیە**
http://www.kurdipedia.org/?q=20131128000823875799
نوێنەرێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق لەهاوپەیمانی کوردستان، رایگەیاند، پێویستە کورد پەلە بکات لەرێی لیژنەکانی نێوان خۆی و بەغدا تا پێشگەیشتنی بودجە بۆ پەرلەمان کێشەکانی خۆی لەگەڵ بەغداد بگەنە رێکەوتن بۆ ئەوەی لەبودجەی عێراقدا کۆسپ و فشار بۆ کورد دروست نەکەن و عیراق حەوت تریلیۆن دینار قەرزاری پێشمەرگەیە.
ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق لەهاوپەیمانی کوردستان، د.ئەشواق جاف، بە (خەندان)ی راگەیاند "داواکارم لەو لیژنەکانی کە لەدوای دواترین رێکەوتننامەی نێوان هەردوو سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی ناوەند و حکوومەتی عێراق پێکهاتن کاری خۆیان بکەن بۆ چارەسەری ئەو کێشە هەڵواسراوانەی نێوان هەرێم و بەغدا تا ئێش ئەوەی بودجەی 2014 عێراق بێتە پەرلەمان ناوەند کێشە بۆ بەشی هەرێم دروست نەکات."
وتیشی، هۆکاری داواکارییەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەگەری زۆر زۆر هەیە بودجەی پێشمەرگە و قەرەبووی کەسوکاری زیانلێکەوتوانی دەستی رژێم و ماددەی 140 و پارەی کۆمپانیا نەوتییەکان بکرێنە کارتی فشار بەرامبەر بەهەرێم کوردستان.دوای شکست هێنانی کاربەدەستانی بەغداد لەدابینکردنی ئاسایش و پێشکەش نەکردنی کەمترین خزمەتگوزاری بینیمان لەساڵی رابردوودا بەشە بودجەی هەرێم کەلەسەدا 17ی بودجەی عێراقە کردیانە کارتی فشاری سیاسی بەرامبەر بەکورد بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن.
جەختی کردەوە، پێویستە لەسەر کورد بۆ ئەوەی سیناریۆی ساڵی رابردوو بەرامبەر بەکورد دووبارە نەبێتەوە لەبودجەی عێراقدا پێویستە ئەو لیژنانەی نێوان هەرێم و بەغداد کاری جددی خۆیان بکەن، پێش ئەوەی بودجەی عێراق لەحکوومەتەوە بگاتە پەرلەمانی عێراق، ئەویش بەوهۆیەی کورد بە58 دەنگەوە ناتوانێ رێگر بێ بەرامبەر بەو دەنگەزۆرەی دژی کورد، کەهەموو ساڵێ 3 کارتی فشار بەرامبەر بەکورد بەکار دەهێنرێ ئەوانیش ماددەی 140، پێشمەرگە، بەشی کورد لەبودجەی عێراق .
ئەشواق جاف دەڵێت"لەساڵی 2007ەوە تا ئێستا حکوومەتی عیراقی پری 7 تریلیۆن دینار قەرزاری پێشمەرگەیە، ئەمە جگە لە قەرزاری بابەتی ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی لەهەرێمی کوردستان کار

دەکەن، پێویستیشە لەسەر حکوومەتی عێراق پەلەبکات لەزیادکردنی بودجەی ماددەی 140ی عێراق تاوەکو قۆناغی یەکەمی ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-28

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 706

## له 2013دا 60 هەزار کەس لەکوردستان سەفەری عومرە دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013031214550082551

لەماوەی سێ هەفتەی رابردوودا نزیکەی 4700 کەس لەهەرێمی کوردستانەوە سەفەری عومرەیان کردووە و پێشبینی دەکرێت ژمارەی ئەوانەی ئەمساڵ لەکوردستانەوە دەچنە سەفەری عومرە بگاتە 60 هەزار کەس.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: بەرێوەبەری راگەیاندن لەوەزارەتی ئەوقاف، مەریوان نەقشبەندی بەئاوێنە نیوزی راگەیاند، لەسەرەتای دەستپێکردنی سەفەری عومرەی ئەمساڵەوە لە17ی شوبات، هەتا 10 ئازاری 2013 نزیکەی 4700 کەس لەفڕۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانیەوە سەفەری عومرەیان کردوە. ناوبراو رونیشیکردەوە زۆربەی هەرەزۆری ئەو عومرەکارانەش بەرێگای وڵاتی سێیەم (ترانزێت) گەشتیان ئەنجام داوەو وتیشی "لەم رۆژانەدا گەشتە راستەوخۆکانی عومرە لەفڕۆکەخانەکانی کوردستانەوە بۆ سعودیە زیاتر دەبێتو ئەوەش گرفتی مانەوەو دواکەوتنی عومرەکارانی هەرێم لەفرۆکەخانەکانی عەمان و قاهیرە چارەسەر دەکات."
مەریوان نەقشبەندی پێشبینی کرد لەوەرزی عومرەی ئەمساڵدا زیاتر لە 60 هەزار کەس لەهەرێمی کوردستانەوە گەشتی عومرە بکەن بۆ شوێنە پیرۆزەکان لەعەرەبستانی سعودیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-03-12

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 707

## له 2013دا زیاتر لە 26 هەزار کەس لەعێراقدا کوژراون و برینداربون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010909061986760

ئا: بارام سوبحی
-کانونی دوەم: لەم مانگەدا (246) هاوڵاتی و سی پۆلیس و (18) سەربازو دو چەکداری سەحوە کوژراون، هەروەها (735) هاوڵاتی و (31) پۆلیس و (26) سەرباز بریندار بون. تەنها لەرۆژانی (15 – 1/17)دا (88) کەس کوژراون. زۆربەی تەقینەوەکانیش لەشاری بەغدا رویداوە.
-شوبات: لەم مانگەدا (136) هاوڵاتی و (26) پۆلیس و (22) سەرباز کوژراون، هەروەها (123) هاوڵاتی و (65) پۆلیس و چل سەرباز برینداربون، تەنها لەرۆژی هەشتی شوباتدا بەهۆی تەقینەوەی پێنج ئۆتۆمبێل لەبەغدا (33) کەس کوژران و زیاتر لەسەد کەس برینداربون.
-ئازار: لەم مانگەدا (229) هاوڵاتی کوژران و (883) دیکە برینداربون، هەروەها لەهێزە ئەمنیەکان (227) کوژراوو (300) بریندار هەبوە. واتە تێکرا (1609) کەس بونەتە قوربانی.
-نیسان: لەم مانگەدا (595) هاوڵاتی و (161) پۆلیس کوژراون، هەروەها (1481) هاوڵاتی و (290) پۆلیس بریندار بون. لەمانگی حوزەیرانی (2008)ەوە خوێناویترین مانگ بوە، تەنها لەبەغدا (211) کوژراوو (486) بریندار هەبوە. رۆژی (4/15) خوێناویترین رۆژ بوە.
-ئایار: لەم مانگەدا (82) ئۆتۆمبێلی مینرێژکراو تەقیوەتەوە، بەهۆیەوە (963) هاوڵاتی و (181)

پۆلیس کوژراون و (2191) هاوڵاتی و (359) پۆلیس بریندار بون. تەنها لەبەغدا (532) کوژراو (1285) بریندار هەبوە.
-حوزەیران: لەم مانگەدا (785) هاوڵاتی و (131) پۆلیس کوژراون و (1610) هاوڵاتی و (221) پۆلیس برینداربون، لەهێزە ئەمنیەکانی دیکەی عێراق (76) کوژراو و (161) بریندار هەبوە. تەنها لەبەغدا (258) کوژراو (692) بریندار هەبوە.
-تەمموز: لەم مانگەدا (928) هاوڵاتی و (204) پۆلیس کوژران و (2109) هاوڵاتی و (338) پۆلیس بریندار بون، لەهێزە ئەمنیەکانی دیکەش (129) کوژراو و (217) بریندار هەبوە. تەنها لەبەغدا (238) کوژراوو (719) بریندار هەبوە. بەڵام ئامارە فەرمیەکانی حکومەت ئاماژە بەکوژران و برینداربونی (2556) کەس دەدەن. لەپێنج ساڵی رابردودا خوێناویترین مانگ بوە.
-ئاب: لەم مانگەدا (716) هاوڵاتی و (106) پۆلیس کوژراون و (1936) هاوڵاتی و (195) پۆلیس بریندار بون. لەهێزە ئەمنیەکانی دیکەش (88) کوژراو (94) بریندار هەبوە. تەنها لەبەغدا (317) کوژراوو (955) بریندار هەبوە.
-ئەیلول: لەم مانگەدا (887) هاوڵاتی و (127) پۆلیس کوژراون و (1957) هاوڵاتی و (199) پۆلیس بریندار بون، لەهێزە ئەمنیەکانی دیکەش (92) کوژراوو (176) بریندار هەبوە. تەنها لەبەغدا (418) کوژراوو (1011) بریندار هەبوە.
-تشرینی یەکەم: لەم مانگەدا (852) هاوڵاتی و (158) پۆلیس کوژراون و (1793) هاوڵاتی و (218) پۆلیس بریندار بون. لەهێزەکانی ئەمنیەکانی دیکەش (127) کوژراو (109) بریندار هەبوە. تەنها لەبەغدا (411) کوژراو (925) بریندار هەبوە.
-تشرینی دووەم: لەم مانگەدا (565) هاوڵاتی و (120) پۆلیس کوژراون و (1186) هاوڵاتی و (239) پۆلیس بریندار بون. لەهێزەکانی ئەمنیەکانی دیکەش (94) کوژراو (187) بریندار هەبوە. تەنها لەبەغدا (224) هاوڵاتی کوژراوە و (399) بریندار هەبوە. کەچی ئاماری فەرمی حکومەت دەڵێ (948) کەس کوژراون.
-کانونی یەکەم: لەکۆتا مانگی ساڵیشدا (1828) کوژراو بریندار لەشارەکانی تکریت و کەرکوک و بەغداو رومادی هەبوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-09

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 708

## لە 2013ـەدا لە چۆمان بە گوژمەی 50 ملیار دینار پرۆژە خزمەتگوزارییەکان خراونەتە واری جێبەجێ کردن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010215062286909

ZKW : لە ساڵی 2013ـەدا لە قەزای چۆمان بە گوژمەی 50 ملیار دینار زیاتر لە 30 پرۆژەی خزمەتگوزاری خراونە واری جێبەجێ کردن، هەندێک لەو پرۆژانە تەواو کراون، هەندێکیشیان لە قۆناغی جێبەجێ کردندانە.
قایمقامی چۆمان عەبدالواحید گوانی بۆ ماڵپەڕی زاری کرمانجی گوتی، لە سنووری قەزای چۆمان بە ناحیە و گوند و ئاوابیەکانەوە 30 پرۆژەی خزمەتگوزاری بە گوژمەی 50 ملیار دینار خراونەتە واری جێبەجێ کردن، هەندێک لەو پرۆژانە تەواو بوونە، هەندێکی تریش لە قۆناغی جێبەجێ کردندانە، پرۆژەکانیش جۆراو جۆرن، لەوانە پرۆژەکانی کۆنکریتی کۆڵانەکان و گەیاندنی تۆڕی کارەبا بە گوند و ئاوابیەکان و دروست کردنی چەند بینایێکی قوتابخانە لە ناوچەکە لە خۆ دەگرێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 709

**لە 24 کاتژمێری رابردوودا داعش 100 خانووی کاکەییەکانی تەقاندۆتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061213490385531

چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا زیاتر لە سەد ماڵی کوردانی کاکەیی-یان لە ناحیەی نەمرود تەقاندۆتەوە، هەروەها پێشتریش تەواوی ماڵەکانیان تالانکردبوو.
غەیاس سورچی، بەرپرسی راگەیاندنی مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە موسڵ بە خەندانی راگەیاند: "دوای داگیرکردنی ناوچە داپڕێندراوەکانی سەر بە پارێزگای نەینەوا لەلایەن چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، حەوت گوندی برایانی کاکەیی کە کوردی رەسەنن کەوتوونەتە ژێرکونترۆڵی ئەو رێکخراوە تیرۆریستیە."
وتیشی: "ئەو حەوت گوندە سەر بەناحیەی نەمرودن کە سەر بە قەزای حەمدانیەیە."
ئەوەشی خستەڕوو: "کاکەییەکان وەک مەسیحی و کوردانی ئێزدی و شەبەک، روویان لە هەرێمی کوردستان کردووەو گوندەکانیان چۆڵکردووە و موڵک و ماڵیشیان لەلایەن چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە تالانکراوە."
بەرپرسی راگەیاندنی مەڵبەندی یەکێتیی لە موسڵ باسی لەوەشکرد کە، "بەپێ ئەو زانیاریانەی گەیشتوونەتە دەستمان لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێری رابردوودا زیاتر لە 100 خانووی کاکەییەکان تەقێندراونەتەوە."
غەیاس سورچی، راشیگەیاند: "هۆکاری تەقاندنەوەی ئەو خانوانەش ئەوەیە کە تەنها ئەوانە کوردن لە ناوچەکە، چونکە چەندین گوندیتر لە دەوروبەری هەن نەتەقێنراونەتەوە تالانیش نەکراون."
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 2015-06-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | تاوانی جەنگ |
| شارەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 710

**لە 250 گەنجی کورد، تائێستا کەمتر لە 100 گەنجی هەرێم لەناو ریزەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، ماون**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041516184766065

مەریوان نەقشبەندی، شارەزا لەکاروباری گروپە ئیسلامیە توندڕەوەکان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بە خەندانی راگەیاند: "بە پێی تازەترین زانیاری و ئاماری نهێنی کوردەکانی ناو داعش لەتەنگژەیەکی راستەقینەدان".
تەئکیدیش دەکاتەوە، دوای کوژرانی زیاتر لە 250 گەنجی هەرێمی کوردستان لەماوەی 16 مانگی رابردودا لەناو ریزەکانی ئە و رێکخراوە تیرۆریستییە، ئێستا کەمتر لە 100 گەنجی هەرێم لەناو ریزەکانی داعش ماون.
بەپێی زانیارییەکانی ئە و شارەزایە، هەر لەم ساڵدا زیاتر لە 100 چەکداری کوردی ناو داعش بەشێوازی جۆراوجۆر هەڵاتوون یاخود خۆیان حەشارداوە و بەدوای هەلێکدا دەگەڕێن تا بەیەکجاری عیراق و ناوچەکە جێبهێڵن.
مەریوان نەقشبەندی، ئاماژە بەوەش دەدات، کە داعش بە شەهیدکردنی هیشام سورچی کە

یەکێک بوو لە پێشمەرگە دیلەکان، لەسەر دەستی چەکدارێکی تیرۆریستی کوردی ڕێکخراوەکە، ویستی دوژمنایەتی لە نێوان هۆزو عەشیرەتەکانی کوردستان دروست بکات، بەڵام هەوڵەکەی شکستی خوارد.
ئەوەش دەخاتەڕوو، کە :" کاتێک ئەم پلانەشیان سەرینەگرت، مەلایەکی قەزەمی وەک (مەلا شوان)یان کردە ئەکتەرێکی تری شانۆگەریە ئیعلامیەکانیان و جارێک هەڕەشەی داگیرکردنی کەرکوک دەکات و جارێکی تر پیشاندانی چەند دیمەنێکی پێشمەرگە دیلەکان لەناو قەفەسدا و گێرانیان بەناو خەڵکی حەویجە و موقابەلەکردنیان لەلایەن مەلا قەزەمە کوردەکەی ناو داعشەوە."
لە دوا هەوڵیشیاندا، لەدیمەنێکی تری ڤیدیۆییدا مەلا شوان و چەند گەنجێکی کوردیان ناچا کرد بەجلی کوردیە چەند دیلێکی حەشدی شەعبی سەربڕن "بەڵام ئەم پلانەشیان سەرکەوتوو نەبوو کاردانەوەی ئەوتۆی شیعەکانیشی لێنەکەوتەوە بۆیە ئێستا داعش و بەتایبەتیش کوردەکانی ناو داعش لەتەنگژەیەکی راستەقینەدان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 711

## لە 3 مانگی یەکەمی 2013 نزیکەی 16 هەزار پێناس و نزیکەی 22 هەزار رەگەزنامە دەرهێنراون

http://www.kurdipedia.org/?q=201303112233582541

بەرپرسی بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەو باری شارستانی سلێمانی ئاشکرای دەکات، لە ماوەی دوو مانگی سەرەتای ئەمساڵدا نزیکەی 22 هەزار رەگەزنامەو 16 هەزار پێناسیان تەواوکردووە بۆ هاوڵاتیان، لەدوای ئەو بڕیارەی دەبێت رەگەزنامەو پێناسی باری شارستانی فسفۆر بێت.
سەلاحەدین خالید، بەرپرسی بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامە و باری شارستانی سلێمانی بە(خەندان)ی راگەیاند: لەدوای دەرچونی ئەو بڕیارەی کە دەبێت رەگەزنامەو پێناسی باری شارستانی فسفۆری پێوەبێت، نزیکەی 294 هەزار رەگەزنامە و نزیکەی 70 هەزار پێناسی باری شارستانیمان بۆ هاوڵاتیان دەرهێناوەو نوێکردووەتەوە.
سەلاحەدین وتیشی: تەنها لەم دوو مانگەی ساڵی 2013 دا نزیکەی 16 هەزار پێناسی باری شارستانی و نزیکەی 22 هەزار رەگەزنامەی عێراقی تەواوبووە.
بەپرسی بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی رەگەزنامەو باری شارستانی سلێمانی ئاماژەی بەوەشکرد، رۆژانە 600 رەگەزنامە و پێناس بۆ هاوڵاتیان تەواو دەکەن و 200 دانەیان بۆ ئەو کەسانەیە کە زۆر پێویستیان پێیەتی و زوو کارەکانیان بۆ دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-03-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 712

## لە 4 ساڵی رابردودا هێندەی 40 ساڵ ئۆتۆمبێل هاوردەی هەرێم کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121710223687191

بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، لەماوەی چوار ساڵی رابردودا زیاتر لە 500 هەزار ئۆتۆمبێل هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە، ئەم ژمارەیەش هێندەی زیادبونی ژمارەی ئۆتۆمبێلە لەماوەی 40 ساڵی رابردودا.
ئا: شوان بەرزنجی
بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێم کە هەفتەنامەی باس بڵاویکردۆتەوە، ژمارەی ئۆتۆمبێلی تایبەت تا 2009/12/31 لەهەولێر 144 هەزار بووە، لەسلێمانی 60 هەزار بووە لەدهۆکیش 56 هەزار بووە، واتە لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێم بەگشتی 260 هەزارو 490 ئۆتۆمبێلی تایبەتی هەبووە، بەڵام تا 2013/10/31 ژمارەی ئۆتۆمبێلی تایبەتی گەیشتۆتە نزیکەی 576 هەزار.
بەپێی ئامارەکە، لەنزیکەی چوار ساڵدا 315416 ئۆتۆمبێلی تایبەتی زیادیکردووە، بەگشتی ژمارەی ئۆتۆمبێل لەهەموو جۆرەکان لەکوردستان گەیشتۆتە (1 ملیۆن و 137 هەزارو 63 ئۆتۆمبێل) کە تەنیا لەماوەی چوار ساڵدا واتە لە 2009/12/31 بۆ 2013/10/31 - 528307 ئۆتۆمبێل هاتۆتە ناو هەرێمی کوردستانەوە کە ئە و زیادبونەش هێندەی 40 ساڵ بووە .
پشت بەستن بەشیکردنەوەی ئە و داتایانە ساڵانە 80 هەزار ئۆتۆمبێل دێتە هەرێمی کوردستان کە زۆربەیان بۆ هەولێرە.
عەمید قادر سدیق بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی گشتی هاتوچۆی هەرێم بەهەفتەنامەکەی راگەیاندووە، زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێل وایکردووە روداوەکانی هاتوچۆ زیاد بێت.
ناوبراو وتییشی، هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بە و رێژە زۆرە قەرەباڵغییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە و رێگاوبانەکان لەتوانایاندا نییە ئەم هەموو ئۆتۆمبێلە تێیدا هاتوچۆ بکەن.
عەمید قادر ئەوەشی وتووە کە بەپێویستی دەزانێت کە حکومەت پرۆژەی ستراتیژیی هەبێت بۆ زیادکردنی شەقام و فراوانکردن و دروستکردنی پردو تونێل و شوێنی پەرینەوەی هاوڵاتیان و گرنگیدانی زیاتر بەدیزاینی رێگاوبانەکان .
بەباوەری عەمید قادر سدیق، هێنانی بێسەروبەری ئۆتۆمبێل و زیادبونی ژمارەکەی لەئاست شەقام و رێگاوبانەکان نییە، ئە و دەڵێت، "ئەگەر بەمشێوە هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل بەردەوام بێت لەئایندەیەکی نزیکدا کێشەی خنکانی شەقامەکانی لێدەکەوێتەوە".
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 17-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 713

## لە 40 رۆژدا 14 حاڵەتی کوشتن و خۆکوشتن لە راپەڕین تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014081109312263772

کامەران عەبدە ساڵح
بەپێی ئاماری دەزگا پەیوەندیدارەکان، لەماوەی 40 رۆژی رابردوودا، 14 حاڵەتی خۆکوشتن و کوشتن لەسنوری ئیدارەی راپەڕین تۆمارکراوە.
ڕائید مستەفا محەمەد، لێپرسراوی راگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین، بە خەندان-ی راگەیاند: لە سەرەتای مانگی تەمموزی رابردووەوە تا ئەمڕۆ یەکشەممە 10ی ئابی 2014، چواردە حاڵەتی جیاجیای خۆکوشتن و کوشتن لە سنوری هەردوو قەزای پشدەرو بیتوێن تۆمارکراون.
وتیشی: "لەکۆی ئە و ژمارەیە، 4 حاڵەتی کوشتن و، 6 حاڵەتی خۆکوشتن کە چواریان بە فیشەک و دوانیان خۆخنکاندن بووە،بەدیدەکرێن."

ئاماژەشی بەوەدا کە"کەسێکیش خۆی سوتاندووە و دوو کەسی تریش لە ئاوی زێ و روبارەکاندا خنکاون، هۆکاری کوژرانی یەکێکیشیان نادیارە."
رائید مستەفا ئەوەشی خستەڕوو کە "تەواوی قوربانییەکانی ئە و 40 رۆژە، لە توێژی گەنجان و دۆسیەی هەندێک لە تاوانەکان لای پۆلیس یەکلا کراونەتەوە و دۆسیەی هەندێکیشیان تائێستا کاریان لەسەردەکرێت ."
ئاشکراشیکرد، کەسێک کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا تۆمەتبارە بە کوشتنی هاوسەرەکەی، لە دەست یاسا رایکردووە و تائێستا نەتوانراوە دەستگیربکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: رانیە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 714

## لە 6 ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵیی هەرێم، ملیۆن و نیوێکی زیادەڕەویی کراوەتە سەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20140309104301345 76

ئا: ئاسۆ سەراوی
لە18ملیۆن دۆنم زەوی هەرێم، 6ملیۆنی بۆ کشتوکاڵکردن گونجاوە، لەماوەی ساڵانی ڕابردو، زیادەڕەوەی کراوەتە سەر یەک ملیۆن و نیو دۆنمی، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات هەوڵەکانیان بەردەوامە بۆ ئەوەی ئە و زەوییانەی ماونەتەوە بەباشترین شێوە سودیان لێوەربگیرێت "جگە لەگرنگیدان بەبەرهەمی زیاتر، ئەمساڵ ساڵی چککردنی کوایتی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیش دەبێت."
جگێری بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی رزگار حەمەد خدر لەدیدارێکی ئاوێنەدا باس لەچۆنێتی خەرجکردنی بەشە بودجەی ساڵی پێشوی بەڕێوەبەرایەتیەکەیان دەکات، ئەوەش دەخاتەرو کە بەشێوەیەکی گشتی بەشە بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ لەهەرێمدا لە2% ی بوجەی گشتی زیاتر نییە، لەکاتێکدا لەوڵاتانی پێشکەوتوی دنیا لە10% کەمتر نییە.
پرۆژەکانی ساڵی 2013 چی بوە؟
لەساڵی 2013دا بەشە بودجەی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی 18 ملیار و 222 ملیۆن دینار بوە، کە 13 ملیار و 322 ملیۆن دیناری بۆ پرۆژە نوێکانی ئە و ساڵە بوە، 4 ملیار و 900 ملیۆن دیناریشی بۆ پرۆژە تەواونەکراوەکان بوە، " لە2013دا 72%ی پرۆژەکان ئیحالە کراوە و 62%ی جێبەجێکراوە."
لەگرنگترین ئە و پرۆژانەش کە لە و ساڵەدا کراون، 4 هەزار و 700 بنەتۆی گەنم بەنرخێکی داشکێنراو بەڕێژەی 45% دراوەتە زیاد لە 9 هەزار جوتیار، هاوکات 4 ملیارو230 ملیۆن دینار بۆ کڕینی ئاڵفی ئاژەڵ خەرجکراوە و بایی 11 هەزارو 561 تەن جۆ بۆ خاوەن ئاژەڵەکان کڕدراوە و بەنیوەی نرخەکەی پێیاندراوەتەوە، 100 تەن ئالف بۆ پرۆژەکانی حەوزی ماسی کڕدراوە کە بریتی بوە لە 4 هەزارو 800 تەن ئاڵف. "ئەمە جگە لەچەندین پرۆژەی تر و نۆژەنکردنەوە و دروستکردنی چەندەها باخ بەشێوەیەکی زانستیی نوێ". هەر لە و ساڵەدا لە5%ی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دراوەتە بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی، پرۆژەیەکی تریان دروستکردنی گەنجینەیەک بوە بۆ هەڵگرتنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی دروستکردنی تاقیگەیەکی گشتی بۆ پشکنینی بەرهەم و سەوزەمەنیەکان، هەر لەبودجەی ئە و ساڵەدا بایی 161 ملیۆن دینار پەتاتەی تۆوی هۆڵەندی کە 180 تەن بوە کڕدراوە، بەسەر جوتیارانی ئە و بوارەدا دابەشکراوە،
ناوچەکان بەپێی گرنگیی بەرهەمەکانیان دابەشکراون

جێگری بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سلێمانی ئەوەش ئاشکرا دەکات کە لەکاتی پێگەیشتنی سەوزە و میوەی بەرهەمی ناوخۆیی توانیویانە بەرێژەی لە30% تا 50% پێداویستیەکانی بازاڕی ناوخۆی هەرێم دابین بکەن، هەر لەم دیدارەی ئاوێنەدا رزگار حەمەد خدر هێما بەوەش دەکات کە بەپێی تایبەتمەندی و زۆریی و باشیی بەرهەمیان ناوچەکانی سلێمانییان بۆ چەند زۆنێک دابەشکردوە، لەوانە هەڵەبجە بۆ سێو و هەنار، پێنجوێن بۆ تەماتە و شوتی، شارباژێر بۆ ترێ، بتوێن بۆ شیر و پەنیر و پیاز، شارەزور بۆ گەنم و جۆ، دوکان و دەربەندیخان بۆ پرۆژەکانی ماسی، چەمچەماڵ بۆ گەنمەشامی و پەتاتە .

پلانی پێنج ساڵەکە چی کرد؟

هەرچەندە پلانی پێنج ساڵەی کشتوکاڵی کە لەکۆتایی 2013 تەواوبو، بۆ گەیشتن بو بەئاسایشی خۆراک لەهەریم بۆ بەرهەمەکانی (گەنم و جۆ و گەنمەشامی و پەتاتە و سەوزە و میوە و ماسی و هەنگوین) وەک بەشێک لەشارەزایانی بواری کشتوکاڵ ئاماژەی پێدەکەن، ئە و پلانە شکستیخوارد و نەگەیشتۆتە ئامانجی خۆی، بەڵام ئە و بەرپرسەی کشتوکاڵی سلێمانی بۆچونێکی تری هەیە و دەڵێت "من ناڵێم پلانی پێنج ساڵەی کشتوکاڵ شکستیهێناوە، بەڵام دەکرێت بڵێین لە100% ئامانجی نەپێکا، لانیکەم کەموکوریی و گرفتە سەرەکیەکانی ئە و کەرتە بەئامار خرایەرو، کە ئەمەش گۆڕانکارییەکی باش بو لەکەرتی کشتوکاڵدا ."

6دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە

ئە و بەرپرسەی کشتوکاڵ ئەوەشی رونکردەوە کە لە 6ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵیی هەرێم پێنج ملیۆن دۆنمی کەوتۆتە سنوری پارێزگای سلێمانیەوە کە 200 هەزار دۆنمی زەوی بەراوە و یەک ملیۆن دۆنمی گەنم و جۆی تێدا دەکرێت و 2 ملیۆن دۆنمی لەوەڕگای سروشتیە و 1 ملیۆنو600 هەزار دۆنمی دارستانی سروشتیە و 25 هەزار دۆنمی دارستانی دەستکردە و 878 هەزار دۆنمی لەوەڕگای دەستکردە.

گرنگی بەزیادکردنی بەرهەمی پەتاتە دەدەن

لەبارەی ئەوەش کە وەک بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی بۆ ئەمساڵ چاویان لەسەر گەشەکردنی چ بوارێکە؟ رزگار حەمەد خدر ئەوەی خستەرو کە ئەمساڵ لەگەڵ زیادکردنی بەرهەمدا هاوکات گرنگیی بەکوالیتی بەرهەمەکانیش دەدەن، ئەوەشی بەنمونە هێنایەوە کە ساڵی پێشو 181 تەن تۆوی پەتاتەیان دابەشکردبو، بەڵام ئەمساڵ 309 تەنیان دابەشکردوە، لەبواری گرنگیدا بەبەرهەمەکانی خانوی پلاستیکیش کە 4 هەزار و 500 خانویان هەیە، وەک ئە و وتی "ئەمساڵ گرنگی بەچاکردنی بەرهەمی خانوە پلاستیکیەکان دەدەین، ئەمەش بەچەندەها شێوە وەک کردنەوەی دەورە بۆ جوتیاران و دابینکردنی دەرمانی پێویست بۆ ئە و جۆرە نەخۆشیانەی توشی بەرهەمەکانیان دەبێت، هەوڵدەدەین ئەمساڵ کرێی گواستنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دابین بکەینەوە کە ساڵی پێشو بڕابو."

لەبارەی داواکردنی بەشە بودجەشیان بۆ ساڵی 2014، ئە و وتی "بەپێی رێژەی 43% کە بەر سلێمانی و گەرمیان دەکەوێت، داوای 20 ملیار دینارمان کردوە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 715

## لە 72 کاتژمێری رابردوودا لە سنووری سۆران 7 رووداوی ئاگرکەتنەوە تۆمار کراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082613072089101

یەک شەممە، 25 ئاب 2013 08:46

ZKW : له ماوەی 72 کاتژمێری ڕابردوودا 7 ڕووداوی جۆراوجۆر له سنووری قەزاکانی سۆران تۆمار کراون، لەوانه 3 ڕووداوی سوتانی پوش و پەلاش بووه و 4 ڕووداوەکەی تریش جۆراو جۆر بوونه.
بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران له ماڵپەڕی فەیسبوک بڵاو کردەوه له ماوەی 72 کاتژمێری ڕابردوودا له سنووری هەر چوار قەزاکانی سۆران، مێرگەسۆر، چۆمان، ڕواندز 3 ڕووداوی سوتانی پوش و پلاش تۆمار کراون دوای ئاگادارکردنەوەمان توانیومانه له ماوەیێکی زوودا بگەینه سەر ڕووداوەکان بێ ئەوەی زیانی گیانی و ماددی هەبێت ڕووداوەکان کۆنتڕۆڵ کران.
4ڕووداوەکەی تریش بریتی نه له ڕووداوێکی هاتوچۆ له حاجی ئۆمەران به هۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێلی جۆری تەکسی و تانکەرێک دوای گەیشتنی تیمەکانی ئێمه بۆ شوێنی ڕووداوەکه توانیان ڕووداوەکه کۆنتڕۆڵ بکەن و خاوەنی تەکسیەکه به سەختی بریندار بوو و زیانێکی زۆری ماددیش بەر ئۆتۆمبێلەکان کەوتن، ڕووداوەکەی دووەم بریتی بوو له گڕگرتن له سندوقی کارەبای له مزگەوتی حاجی عومەر له سە ڕێگەی ڕواندز دوای یەک خولەک دوای دەرچوونی بنکەی بەرگری شارستانی سۆران توانیان ئاگرەکه کۆنتڕۆڵ بکەن، جگه له زیانی ماددی زیانی گیانی نەبوو، ڕووداوی سێیەم بەهۆی کارێکی نادیار باخچەی ساوایان له سۆران سووتا و جگه دوای 10 خولەک تیمەکانی ئێمه توانیان ئاگرەکه کۆنتڕۆڵ بکەن، زیانی ماددی سووتانی چەند بنەدارێک بوو، ڕووداوی چوارەم و کۆتایی بریتی بوو له سووتانی پاشماوەی شارەوانی چۆمان دوای ئاگادار کردنەوەی تیمەکانمان له چۆمان و گەیشتنه شوێنی ڕووداوەکه و توانیان دوای 5 خولەک ئاگرەکه کۆنتڕۆڵ بکەن بێ ئەوەی زیانی هەبێت.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 716

## له 73%ی زەوییه مینڕێژکراوەکانی سلێمانی هێشتا پاک نەکراونەتەوه

http://www.kurdipedia.org/?q=2013040620270882665

سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین، لەسلێمانی 2 هەزارو 920 ناوچەی مین ڕێژکراو هەیه که لەو ژمارەیە تا ئێستا تەنیا هەزارو 128 ناوچه پاک کراوەتەوەو هەزار 478 ناوچەش دەستیانلێنەدراوە. هاوکات تا ئێستا 228 ملیۆن مەتر چواگۆشه زەویی بەمین چێنراو لەپارێزگای سلێمانی ماوە.
لای خۆیەوە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لەسلێمانی، سەباح حوسێن حەمەخان، رونیکردەوە که بەپێی ئەو مەسحەی تا ئێستا کراوە، توانراوە لەماوەی 20 ساڵی رابردودا 27%ی زەوییه مینڕێژکراوەکان پاک بکرێتەوە، بەوەش 330 هەزار مینو تەقەمەنی جۆراوجۆر لەناو براوە .
ڕۆژی 4ی نیسان، ڕۆژی جیهانی هۆشیارکردنەوەو پاڵپشتیکردنی چالاکی مینەو لەم ڕۆژەدا لەشاری سلێمانی چەند چالاکییەکی هەمەجۆر ئەنجامدران، لەنێویاندا کردنەوەی پێشانگەیەکی فۆتۆو پێشانگەیەکی پێی -قاچ- دەستکرد .
هاوکات هەر لەم یادەدا دیماینەرەکانی مین -مینهەڵگرەوەکان- داوای باشترکردنی گوزەرانیان دەکەن. دیماینەر کاروان ئیسماعیل دەڵێت "15 ساڵه لەبواری مینهەڵگرتنەوەدا کار دەکەم، بەڵام تا ئێستا هەر بەگرێبەست کارمکردووەو هیوادارم بکرێمه هەمیشەیی".
کاروان ئەوەشی خستەرو که یەکێک لەداواکارییەکانیان، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبونه که هیچ لایەنێک خۆی بەبەرپرسیار نازانێت له ژیانیان.
هاوکات فازڵ نوری که دیماینەرێکی تره وتی "ئەو موچەیەی وەریدەگرین لەئاستی ئەو مەترسیو ئەو ناڕەحتیانەدا نییه که بەهۆی کارەکانمانەوە توشمان دەبێت ".
لەبەرامبەردا بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مین لەسلێمانی پێیوایه که داواکاریی دیماینەرەکان، داواکاریی ئەوانیشە، ناوبراو بەپێویستی دەزانێت که رەوشی ژیانی مینهەڵگرەوەکان باشتر بکرێتو بۆ ئەو مەبەستە هەوڵدەدەن ساڵ بەساڵ رەوشی گوزەرانیان باشتر بکەن .

سەباح حوسێن ئەوەشی خستەرو کە بۆ ساڵی 2013 تەنیا 26 ملیار دینار بۆ کارو چالاکییەکانیان تەرخانکراوە کە بەوتەی ئەو ئەو بودجە پرێکی زۆر کەمە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 06-04-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 717
## لە 8 مانگدا زیاتر لە 12 هەزار کەس لە کوردستانەوە چونەتە ئەوروپا
http://www.kurdipedia.org/?q=20150901182035859 35

بەپێی زانیاریەکانی فدراسیۆنی پەنابەران لە هەرێمی کوردستاندا، لەماوەی 8 مانگی رابردودا زیاتر لە 12 هەزار کەس کوردستانیان جێ هێشتوە.
زریان محەمەد، ئاوێنە: ئامانج عەبدوڵا بەرپرسی فدراسیۆنی پەنابەران لقی سلێمانی لەلێدوانێکدا بە ئاوێنەی راگەیاند "لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتای مانگی هەشت بەپێی ئە و ئامارە نافەرمیانەی کۆمان کردۆتەوە زیاتر لە 12 هەزار کەس لە هەرسێ پارێزگاکای سلێمانی و هەولێر و دهۆک کوردستانیان جێ هێشتووە."
وتیشی" بەپێی ئامارەکانیش لەکاتی ڕۆشتن زیاتر لە 15 کەس گیانیان لەدەستداوە بەهۆی خراپی ئە و ڕێگایانەی پیایدا رۆیشتون."
بەرپرسی ئە و فدراسیۆنە ئاماژە بەوەشدەکات کە سیاسەتی حکومەت و لایەنە سیاسیەکان هۆکارێکی سەرەکین کە ڕۆژانە گەنجان کوردستان جێ دەهێڵن و خراپی خزمەتگوزاری و نوبونی کار هۆکارێکی دیکەی ڕۆشتنی گەنجانە بۆ دەرەوەی وڵات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 01-09-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 718
## لە 89% دانیشتوانی کوردستان: گەندەڵی بۆتە دیاردە
http://www.kurdipedia.org/?q=20141209114005781 74

بەپێی راپرسیەک کە ئەمرۆ لەرۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بڵاوکراوەتەوە لە 89% ی هاووڵاتیانی هەرێم، پێیانوایە گەندەڵی بووە بەدیاردە.
زریان محەمەد، سلێمانی: شڤان زەنگەنە، سەرۆکی ڕێکخراوی سکاڵاو چاودێری لە شاری سلێمانی بەئاوێنەی ڕاگەیاند "ڕاپرسیەکمان لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر ئەنجامداوە کە تیایدا 89% هاووڵاتیان پێیانوایە گەندەڵی بۆتە دیاردە وە ڕێژەکەش زۆر بەرزە"
وتیشی" ئێمە وەک ڕێکخراوەکەمان بەردەوام چاودێری دامودەزگاکان دەکەین و چاودێرین بەسەر ئە و شوێنانەی گەندەڵی تیایدا دەکرێت"
بڕیاروایە هەر لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی کاتژمێر 2 لەڕێگەی شەش پەرەشووتەوان ڕێنمایی بەسەر ئاسمانی شاری سلێمانیدا بڵاو بکریتەوە لەسەر جۆرەکانی گەندەڵی و زیانەکانی و هۆکار و چارەسەرەکانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 719

## لە 9 ساڵدا کورد 75 ملیار دۆلاری لە بەغداد وەرگرتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040910091785096



ئامادەکردنی: محەمەد ڕەئوف

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 720

## لە 9 مانگدا زیاتر لە 5 هەزار توندوتیژی بەرامبەر ژنان ئەنجامدراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112223091678019

ڕۆژنیوز دلێر عەبدولڕەحمان
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان، لەماوەی 9 مانگی سەرەتای ئەمساڵدا زیاتر لە 5 هەزار حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان تۆمارکراوە.
بەپێی ئەو ئامارە کەوێنەیەکی دەست (ڕۆژنیوز) کەوتوە " لەماوەی 9 مانگی سەرەتای ئەمساڵدا 5519 حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان تۆمارکراوە کە 2087 یان لەپارێزگای هەولێر و 1285 یان لەپارێزگای دهۆک و 934 یان لەپارێزگای سلێمانی و 727 یان لەئیدارەی گەرمیان و 361 یان لەئیدارەی ڕاپەڕین و 162 حاڵەتیشیان لەسنوری ئیدارەی سۆران تۆمارکراون."
بەپێی ئامارەکە حاڵەتەکانی توندوتیژی لەماوەی ئەو 9 مانگەدا بریتین لە "30 حاڵەتی کوشتن و 29 حاڵەتی خۆکوشتن و 165 حاڵەتی سوتان و 67 حاڵەتی خۆسوتاندن و 105 حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی و 5123 حاڵەتی سکالا تۆمارکردن."
لەئامارەکەدا دەردەکەوێت کە" مانگی ئەیلول زۆرترین ڕێژەی توندوتیژی تێدا تۆمارکراوە کە 781 حاڵەتەوە و بەپێچەوانەشەوە مانگی کانوونی دووەم کەمترین ڕێژەی تێدا تۆمارکراوە کە 471 حاڵەتی توندوتیژیە."
بەپێی ئامارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان بەبەراورد بەساڵی 2013 زۆر زیادیکردوە بەڕادەیەک لەماوەی 12 مانگی ساڵی 2013 دا 5307 حاڵەتی توندزوتیژی بەرامبەر بەژنان تۆمارکراون، کەچی تەنها لەماوەی 9 مانگی ئەمساڵدا ڕێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ 5519 حاڵەتی

توندوتیژی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 721
## لە ئامێدی نزیکەی نیومەتر بەفر باریوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20131212085703873O6
خەندان- رەڤەند گوهەرزی
ئە و شەپۆلی بەفرو بارانەی هەرێمی کوردستانی گرتووتەوە لە دەڤەری ئامێدی رێژەیەکی بەرچاوی بەفر باریوە و بە و هۆیەوە رێگای هاتوچۆی ناحیەکانی سەربە قەزای ئامێدی پەکی کەوتووە.
بەرێوبەری کەشناسی و بومەلەرزە لە قەزای ئامێدی رێژەی بەفر بارینی 24 سەعات بەم شێوەیە بۆ خەندان رایگەیاند :
ئامێدی: 47 سەنتیمەتری بەفر باریوە
ناحیەی سەرسنک: 40 سەنتیمەتری بەفر باریوە
ناحیەی بامەرنێ: 44 سەنتیمەتری بەفر باریوە
ناحیەی کانی ماسی: 55 سەنتیمەتری بەفر باریوە
ناحیەی دێرالوک: 13 سەنتیمەتری بەفر باریوە
ناحیەی چەمانکی: 50 سەنتیمەتری بەفر باریوە
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 12-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 722
## لە ئامەد 600 هەزار ئیمزا بۆ ئازادی ئۆجەلان کۆکراوەتەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20140327211924656310
خەندان شاسوار مامە – ئامەد
کەمپینی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان کە لە 15ی شوباتی 2014 دەستپێکردووە، هەتا ئیستا 600 هەزار ئیمزای کۆکردووەتەوە.
ئەشرەڤ مەمەد ئۆغلو، جێگری هاوسەرۆکی لقی بەدەپە لە ئامەد لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: کەمپینی کۆکردنەوەی ئیمزا لە 15ی شوباتەوە هەتا ئێستا 600 هەزار ئیمزای بۆ ئازادی عەبدوڵلا ئۆجەلان کۆکردۆتەوە و مەبەستیانە هەڵمەتەکە بگەیەننە ملیۆنێک و 200 هەزار ئیمزا لەو شارە.
جێگری هاوسەرۆکی لقی بەدەپە لە ئامەد وتیشی؛ کەمپینەکە تا 4ی نیسان بەردەوام دەبێت.
هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ ئازادیی ئۆجەلان لە ئامەد لەلایەن حکومەتی تورکیا ڕێگەی پێنەدراوە، هەر لەبەر ئەوە کەمپینەکە بەشێوەیەکی نهێنی و نافەرمی ئیمزا لە کوچە و کۆڵانەکان کۆدەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 27-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: ئامەد
وڵات: باکووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 723

## لە ئێستادا دوو هەزار و 300 ڕێکخراوی ناوخۆیی و بیانی و عیراقی لە هەرێمی کوردستان هەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150616163000085564

خەندان – هۆگر کەمال
سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان رایدەگەیەنێت کە لە ئێستادا دوو هەزار و 300 ڕێکخراوی ناوخۆیی و بیانی و عیراقی لە هەرێمی کوردستان هەن، ئاماژە بەوەش دەکات: "کاری سەرجەم ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بەهۆی قەیرانی داراییەوە وەستاوە و بەهۆی ئەوەی پارەی نەختینەش لە بانک نیە ناتوانین هیچ پرە پارەیەک بۆ ڕێکخراوەکان خەرج بکەین."
ئەمڕۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری سلێمانی، ئەکرەم مزوری سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، وتی: "لە ئێسادا ژمارەی ئە و ڕێکخراوانەی لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، زیاتر لە دوو هەزار و 300 ڕێکخراون."
وتیشی: "لە و ڕێژەیەشدا 150 ڕێکخراوییان بیانی و 50 ڕێکخراوی دیکەیان عیراقین ئەوانەن کە لە بەغدا تۆمارکراون و لە هەرێم کاردەکەن، ئەمە جگەلەوەی دوو هەزار و 100 ڕێکخراوی ناوخۆیی (لۆکاڵی) یش لە هەرێمی کوردستان هەن، لەگەڵ 30 تۆری هاوبەشی ئە و ڕێکخراوانە."
ئاماژەی بەوەشدا: "تائێستا تەنها دوو ڕێکخراو بەرپرسەکانیان هەڵیانوەشاندونەتەوە، بەڵام لە توانای فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکاندا نیە هیچ ڕێکخراوێک هەڵبوەشێنێتەوە، تەنها دادگا ئە و دەسەڵاتەی هەیە."
ئەکرەم مزوری، باسی لەوەشکرد، کە "ساڵی 2013 پەرلەمانی کوردستان دابینکردنی پری 15 ملیار دیناری لەسەر بنەمای پرۆژە بۆ ڕێکخراوەکان پەسەندکرد، دوای ئە و پریارەش حکومەتی هەرێم ئە و پرە پارەیەی دابینکرد."
ئەوەشی خستەڕوو: "لە بەرواری 2013/1/1 تا 2013/5/1 وەزارەتی دارایی هەڵسوکەوتی بە پرە پارەکەی ڕێکخراوەکانەوە کرد، لە و ماوەیەشدا پری چوار ملیار و 273 ملیۆن و 265 هەزار دیناری وەک سیستمی مینحەی مانگانەی کۆن بەخشیە ڕێکخراوەکان."
مزوری، هێمای بۆ ئەوەشکرد، کە "لە 2013/6/1 تا 2014/6/1، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە ڕێگەی لیژنەوە لەسەر بنەمای پرۆژە پری نۆ ملیار و 276 ملیۆن و 923 هەزار دینار بۆ 423 پرۆژەی 500 ڕێکخراوی ناوخۆیی خەرجکرا."
رونیشیکردەوە: "پری یەک ملیار و 449 ملیۆن و 811 هەزار دینار لە و پارەیە ماوە کە پەرلەمان پریاری لەسەردا، بەڵام بەهۆی ئەوەی پارەی نەختینە لە بانق نیە ناتوانین ئە و پارەیە بۆ ڕێکخراوەکان خەرج بکەین."
سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، تەئکیدیشی کردەوە، کە بەهۆی ئە و قەیرانە داراییەی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، سەرجەم ڕێکخراوە ناوخۆییەکان کار و پرۆژەکانیان وەستاوە.
بەپێی یاسای ژمارە (1) ی ساڵی 2011 فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە پەرلەمانی کوردستان دامەزراندنی پەسەندکرا و لە مانگی شوباتی ساڵی 2013 دامەزراندنی ئە و فەرمانگەیە ڕاگەیەندرا، کە سەرپەرشتی کاری سەرجەم ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای کەرکوک و ناوچە داپڕێندراوەکانیش دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 724

## لە ئێستادا زیاتر لە 22 هەزار کارگەی پیشەسازی لە شار و ناوچە جیاجیاکانی هەرێمدا بەپێی مۆڵەتی ڕەسمی کاردەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140324122735604779

بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا زیاتر لە 22 هەزار کارگەی پیشەسازی لە شار و ناوچە جیاجیاکانی هەرێمدا بەپێی مۆڵەتی ڕەسمی کاردەکەن، کە هەموویان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە سەرپەرشتی دەکرێن. لەکاتیکدا پێش پرۆسەی ئازادی عێراق، کەمتر لە (700) کارگەی پیشەسازی لە هەرێمدا هەبووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 725

## لە بۆنەکاندا کەمترین گەشتیاری بیانی ڕوو لە پشدەر و بیتوێن دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140324122252604333

خەندان – کامەران عەبدە ساڵح
لە بۆنەکاندا کەمترین ڕێژەی گەشتیاری بیانی ڕوو لە ناوچە گەشتیارییەکانی سنووری بیتوێن و پشدەر دەکەن، لایەنی پەیوەندیداریش هۆکارەکەی بۆ کەمیی خزمەتگوزاریی گەشتیاری لە ناوچەکەدا دەگەڕێنێتەوە.
دیاری سەعدی بەڕێوەبەری بنکەی گەشتوگوزاری ڕانیە، بە خەندانی ڕاگەیاند: ئەوەندەی تێبینی کراوە، لەکاتی بۆنە و ئاهەنگەکاندا، کەمترین گەشتیاری بیانی ڕوودەکەنە ناوچە گەشتیارییەکانی پشدەر و بیتوێن.
ڕوونیشیکردەوە، هاتنی گەشتیاری عەرەب بۆ ناوچەکە ڕێژەی لەسەدا سفرەو، تەنها ژمارەیەکی کەم لە کوردانی ڕۆژهەڵات سەردانی دەکەن، ئەوانیش بەهۆی بوونی خزم و کەسوکارییانەوەیە لەو ناوچەیەدا.
دیاری سەعدی، ئەوەشی خستەڕوو، کە هەرچەندە لە سنوورەکە دەیان ناوچەی دڵگیر و دڵڕفێن هەن، بەڵام سەرجەم ئەو ناوچانە کەمترین دەستی خزمەتگوزارییان پێگەیشتووە.
وتیشی: گەر گەشتیارێکی بیانی ڕوو لە پشدەر و بیتوێن بکات، لە یەککاتدا ڕووبەڕووی چەندین گرفتی وەک نەبوونی هوتێل و چێشتخانە و کابینە و کەپری گەشتیاری دەبێتەوە.
بە وتەی بەڕێوەبەری بنکەی گەشتوگوزاری ڕانیە، دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە گەشتیارییەکان ئەرکی کەرتی تایبەتە، بەڵام زۆربەی سەرمایەدارانی ناوچەکە ئامادەنین لەڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵگەی گەشتیاری و پرۆژە جۆراوجۆرەکانی دیکەی، کەرتی گەشتیاریی

ناوچەکەیان بپوژێننەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | رانیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 726

## لە پشووەکانی نەورۆزی 2013دا 31 سەرپێچیکار دەستگیرکراون و هەشت کەس-یش لە خنکان رزگارکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20130328102353826 22

خەندان
هێزەکانی پۆلیسی دارستانی پارێزگای سلێمانی لە رۆژانی جەژنی نەورۆزدا 31 کەسیان دەستگیرکردووەو هەشت کەسیشیان لە خنکان رزگار کردووە.
لە راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستانی سلێمانیدا، کە وێنەیەکی بۆ (خەندان) نێردراوە، تیایدا مقەدەم هێمن کەمەرخان، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی دارستانی پارێزگای سلێمانی رایگەیاندووە: هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستانی پارێزگای سلێمانی لە سەرجەم بەشەکانیان لە رێگەی خاڵی چاودێری و مەفرەزە گەڕۆکەکانیان بەردەوام بوون لە جێبەجێکردنی ئەرک و فەرمانەکان و پارێزگاریکردن لە سروشت و ژینگەی کوردستان و قەدەغەکردنی دیاردەکانی راوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و راوکردنی ماسی و پرینی داری دارستانەکان.
ئاماژەی بەوەشکرد: لەماوەی پێنج رۆژی پشوەکانی جەژنی نەورۆزدا سەرەڕای ئەرکی پاراستنی ئاسایش و سەروماڵی هاوڵاتیان لەگەڵ هێزەکانی ناوخۆ، هاوکات لە سنوری بەشەکانی (سلێمانی، پێنجوێن، دوکان، قەرەداغ، دەربەندیخان، هەڵەبجە، شارەزوور) هەروەها بنکەکانی (وارماوا، خەلەکان، سیروان، بنگرد، سیتەک، خدران، بێتواتە، سەیدسادق) توانراوە 31 هاوڵاتی لەسەر دیاردەی راوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و راوکردنی ماسی هەروەها پرینی داری دارستانە سروشتییەکان و دروستکردنی خەڵوز بەرێگەی نایاسایی دەستگیرکراون.
راشیگەیاند: لەماوەی ئەو پێنج رۆژەدا 19 هاوڵاتی لەسەر دیاردەی راوکردنی ماسی و حەوت هاوڵاتی لەسەر دیاردەی راوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی هەروەها پێنج هاوڵاتی لەسەر دیاردەی پرینی داری دارستانەکان دەستگیرکراون، هەروەها دەستگیراوە بەسەر 263 کیلۆ ماسی، کەلە راوچیەکان سەندراوونەتەوە، هەروەها 132 تۆڕی راوکردنی ماسی و 11 شەداو و سێ چەکی جۆری بادی و یەک چەکی جۆری کلاشینکۆف و حەوت فەردە خەڵوز و شەش باڵندەی کێوی لە جۆری (کەو.(
مقەدەم هێمن، ئاماژەی بەوەشکرد: لەکاتی گەشتو سەیرانی هاوڵاتییان لە سنوری بەڕێوبەرێتی پۆلیسی دارستانی دوکان ئەفسەر و کارمەندانی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە توانیویانە هەشت هاوڵاتی، کە سیانیان بەرەگەز عەرەب بوون لە خنکان رزگار بکەن، کاتێک لەناو دەریاچەی دوکان مەلەیان کردووە، بەڵام دوچاری تەنگەژە بونەتەوە و هێزەکانی پۆلیسی دارستان فریایان کەوتوون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 727

## لە پێنج مانگی رابردوودا داهاتی فرۆشتنی چیمەنتۆ زیاتر لەچوار ملیار دینار بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062313191785605

داهاتی فرۆشتنی بەشە چیمەنتۆی حکومی لەکارگەی تاسلۆجە لەپێنج مانگی رابردودا زیاتر لەچوار ملیار دینار بوە، بەڕێوەبەری فرۆشتنی چیمەنتۆش دەڵێت، بەهۆی قەیرانی داراییەوە لەئێستادا چیمەنتۆ زۆرە و خواست کەمە.
ئا: شیروان شەریف
لەساڵی 2006وەوەکارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە بەپێی گرێبەستێک کە ماوەکەی 10 ساڵە دراوە بەکەرتی تایبەت و کارگەکە لەلایەن کۆمپانیای لاڤاجی فەرەنسییەوە بەڕێوەدەبرێت و لەبەرامبەریشدا کۆمپانیاکە بەشێک لەچیمەنتۆی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم دابیندەکات.
بەڕێوەبەری فرۆشتنی چیمەنتۆی سلێمانی، ئاوێزە غەریب بەئاوێنەی راگەیاند، بەپێی گرێبەستەکە کۆمپانیای ناوبراو رۆژانە هەزار تەن چیمەنتۆ بەحکومەت دەدات و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی فرۆشتنەوە دەدرێتە هاوڵاتیان. ئاماژەشیدا، ئە و پڕە چیمەنتۆیە رێژەی 43%ی بۆ سلێمانی، 37%ی بۆ هەولێر، 20%ی بۆ دهۆک تەرخاندەکرێت.
دەربارەی مەرجەکانی پێدان و فرۆشتنەوەی بەهاوڵاتیانیش وتی، هەر هاوڵاتیەک مۆڵەتی دروستکردنی بینای وەرگرتبێت دەتوانێت داوای وەرگرتنی چیمەنتۆ بکات، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکەشیانەوە پاش دەرچونی لیژنەی پشکنین و خەمڵاندن بڕی پێویستی چیمەنتۆی پێدەدرێت.
ئەوەشی وت، لیژنەی پشکنین بۆ هەر مەتر دوجایەک 150 کیلۆ دادەنێت و پاش کۆتایی هاتنی خەمڵاندنیش هەر تەنێک لەچیمەنتۆ بە 60 هەزار دینار دەفرۆشرێتە هاوڵاتی.
بەپێی بڕیاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هاوڵاتیانی نیشتەجێی ناو شارەکان مافی سودمەندبونیان هەیە هەتا بڕی 25 تەن، نیشتەجێبوانی شارۆچکەکانیش هەتا 20 تەن و گوندنشینانیش هەتا 15 تەنیان پێدەدرێت و سەرجەم پارێزگاکانیش وەک یەک دەبن و چیمەنتۆکەشیان لەلایەن کارگەی تاسلوجەوە بۆ دابیندەکرێت کە بەوتەی ئاوێزە غەریب، "کوالێتی چیمەنتۆکە زۆر باشە و وەک ئەوەی شارەزایان باسیدەکەن باشترین جۆرە بۆ سەقفی بینا بەکاربهێنرێت."
ئەگەرچی لەساڵانی رابردودا هاوڵاتیان بۆ وەرگرتنی بڕە چیمەنتۆی بڕیاردراو چەند مانگێک لەچاوەڕوانیدا دەمانەوە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی بارودۆخی ئابوری و وەستاندنی پێشینەی خانوبەرە لەلایەن حکومەتەوە هاوکێشەکە پێچەوانە بوەتەوە و وەک بەڕێوەبەری فرۆشتنی چیمەنتۆ وتی، لەئێستادا چیمەتۆ زۆرە و خواست کەمە. رونیشیکردەوە، ئە و جموجوڵی بیناسازییەی لەسلێمانی هەیە، لەهەولێر و دهۆک نیە.
سەبارەت بەداهاتی چەند مانگی رابردوش ئاوێزە غەریب رایگەیاند، لەپێنج مانگی رابردودا کۆی داهاتی فرۆشتنی چیمەنتۆ لەهەرسێ پارێزگاکە گەیشتوەتە چوار ملیار و 183 ملیۆن و 660 هەزار دینار.
رونیشیکردەوە، داهاتی چیمەنتۆی فرۆشراو لەمانگی کانونی دوەم 410 ملیۆن و 340 هەزار دینار، شوبات 504 ملیۆن و 960 هەزار، ئازار 282 ملیۆن و 480 هەزار، نیسان دو ملیار و 393 ملیۆن و 200 هەزار دینار و ئایار 592 ملیۆن و 680 هەزار دینار بوە.
سەرەڕای ئە و داهاتانە بەڕێوەبەرایەتیەکە کەمترین بڕە نەسرییەی بۆ تەرخانکراوە و وەک بەڕێوەبەرەکەی رایگەیاند، نەسریەی مانگانەمان 800 هەزار دینارە و وتیشی، بەهۆیەوە پشکنینی دەرەوەی شاریان راگرتوە.
کۆتایی ساڵی رابردو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بڕیارێکی نوێی دەرکرد کە لەیەکێک لەخاڵەکانیدا هاتوە هەر هاوڵاتییەک پێنج ساڵ تێپەڕبوبێت بەسەر سودمەندبونی بەوەرگرتنی چیمەنتۆی حکومی مافی دوبارە وەرگرتنەوەی چیمەنتۆی هەیە بۆ هەمان مۆڵک یان هەر مۆڵکێکی تر.
بەڵام ئاوێزە غەریب وتی، چەند داواکارییەکیان بەرزکردوەتەوە بەمەبەستی کارئاسانی زیاتر بۆ هاوڵاتیان لەوانە داواکراوە نرخی فرۆشتنەوە بەهاوڵاتیان دابەزێنرێت، هەروەها مەرجەکان بۆ ئە و هاوڵاتیانەی پێنج ساڵ بەسەر وەرگرتنی چیمەنتۆی یەکەمیاندا تێپەڕبوە کەمبکرێتەوە تا بڕێکی زیاتر

بەئاسانکاری زیاترەوە بدرێتە خوازیاران.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-06-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰 ئابووری
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 728

## لە پێنجوێن و قەرەداغ 28 کەس دەستگیر دەکرێن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150112212848845599

هۆگر کەمال
وتەبێژی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی رایدەگەیەنێت کە هێزەکانیان توانیویانە لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا لە ناوچەکانی پێنجوێن و قەرەداغ 28 کەس دەستگیربکەن، کە سەرقاڵی راوی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی بوون.
عەقید هێمن کەمەرخان، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی، بە خەندانی راگەیاند: لە کاتێکدا ئێمەوە وەک پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی، داواکارین لە هاوڵاتیانی پارێزگای سلێمانی لە و ناوچانەی بەفر داپۆشیووە، ئە و خواردنانەی لە خۆیان زیاد دەبێت لە سەربانی ماڵەکانیان دابنێن یاخود لە نزیکی کەژ و کێوەکان دایبنێن، بۆئەوەی ئاژەڵ و باڵندەکان لەناو نەچن، بەڵام بەداخەوە بەشێک لە هاوڵاتیان راوی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی دەکەن.
وتیشی: "لە 24 کاتژمێری رابردوودا هێزەکانی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن توانیویانە 22 هاوڵاتی سەرپێچیکار دەستگیر بکەن، کە سەرقاڵی راوی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی بوون."
عەقید هێمن ئاماژەی بەوەشدا کە هێزەکانی پۆلیسی دارستانی پێنجوێن لەکاتی دەستگیرکردنی ئە و سەرپێچیکارانە، دەستیشیان گرتووە بەسەر هەشت چەکی جۆری (تاپر) و یەک چەکی کلاشینکۆف و یەک چەکی جۆری (بادی)، ئەمە جگەلەوەی دەستیشیانگرتووە بەسەر 11 سمۆرەدا کە بەشێکیان سەرپراو بوون."
وتەبێژی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی، ئەوەشی خستەڕوو کە "لەلایەکی دیکەشەوە هێزەکانی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی قەرەداغ لە چەند دەرچوونێکیان بۆ گوندەکانی سنورەکەیان توانیان شەش هاوڵاتی سەرپێچیکار دەستگیر بکەن، کە سەرقاڵی راوی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی بوون."
باسی لەوەشکرد کە لەکاتی دەستگیرکردنی ئە و سەرپێچیکارانەدا دەستیشگیراوە بەسەر هەموو ئە و کەرەستانەی بۆ راوکردن بەکاریانهێناوە.
کەمەرخان رونیشیکردەوە: "سەرجەم ئە و کەسانەی دەستگیرکراون رووبەڕووی یاسا دەکرێنەوە بۆئەوەی سزای یاسایی وەربگرن ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: پێنجوێن
شارەکان: قەرەداغ
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 729

**لە تەقتەق 2 هەزار و 55 تۆن بەروبومی خۆماڵی بەرهەم هاتووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071012143466860

ئاراس ئیلنجاغی

بەپێی ئاماری هۆبەی کشتوکاڵی تەقتەق لە1-1ەوە تاوەکو 24-6-2014 پری 2 هەزار و 55 تۆن بەروبومی زستانە و بەهارە و هاوینەی خۆماڵی بۆ هەر مانگێک لەو شەش مانگەی ڕابردوو تۆمار کردووە.

وێنەیەک لەو ئامارە دەست "وشە" کەوتووە و تێیدا هاتووە، بۆ مانگی یەک و دوو زیاتر بەروبومەکانی زستانە بوون وەک (پیازی سەوز وکەڵەم و قەرنابیت و خاس و سلق و گێزەر)، ئەو بەرهەمانەی کە لەعلوە تۆمارکراون بۆ مانگی یەکەم پری 134 تۆن و 500 کیلۆ و بۆ مانگی شوبات 124 تۆن بووە. بۆ بەرهەمەکانی بەهارەش درێژکراوەی بەروبومەکانی زستانە و بەهارەیە کە لە مانگەکانی (ئازار و نیسان) بەرهەم هاتوون وەک (پاقلە و سلق و خاس و پیازی سەوز) بۆ مانگی ئازار 131 تۆن و 100 کیلۆ و بۆ مانگی نیسان 103 تۆن و 200 کیلۆ لەو بەروبومانە بەرهەم هاتوون. ئەوەی تێبینی کراوە بەروبومەکانی هاوینە لە هەردوو مانگی ئایار و حوزەیران نزیکەی 1561 تۆنە و 75%ی بەرهەمی هەر شەش مانگەکە پێک دێنن، کە جگە لە میوەکانی قەیسی و هەنجیر و خۆخ و هەرمێ بەروبومەکانی شوتی و بامیە و باینجان و لۆبیا و کودی و تەماتە و پیازی سەوز و سپی دەگرێتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 730

**لە چوار مانگی رابردوودا داهاتی پۆلیسی هاتووچۆی سلێمانی بەمشێوەیە بووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050516315885234

بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی لەچوارچێوەی هەفتەی هاتووچۆدا، پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ 5ی ئایاری 2015، بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەکەناڵەکانی راگەیاندن کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بۆ وتەبێژی هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی رێکخست و لەهەمانکاتیشدا فەرمانبەرێک و ئەفسەرێک و کارمەندێکی هاتووچۆی ساڵانی پەنجاکانی خەڵات کران.

نەقیب کاروان محەمەد صدیق وتەبێژی هاتووچۆی سلێمانی تیشکی خستەسەر چالاکیەکانی هەفتەی هاتووچۆو ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، لە دوێنێ نیوەڕۆ 4ی ئایار تاکو کاتژمێر 1ی شە و سزای دارایی شۆفێران راگیراوە و مەفرەزەکان و کارمەندانی هاتووچۆ تەنها رێنمایی شۆفێرانیان کردوە.

وتیشی: "شەوی رابردوو بەبەشداری ژمارەیەک لەئۆتۆمبێلەکان و ماتۆرەکانی هاتووچۆ مانۆرێکی سەربازی لەسنووری شەقامی مەلیک مەحمود ئەنجام دراوە."

راشیگەیاند: "خولێکی تایبەتیان بۆ ژمارەیەک لەرێپێدراوانی هاتووچۆ کردۆتەوە"، وتەبێژی هاتووچۆ، تیشکی خستەسەر رووداوەکانی چوار مانگی رابردووی ئەمساڵ و وتی: "لەماوەی ئە و چوار مانگەدا (356) رووداوی هاتووچۆ روویانداوە و بەوهۆیەشەوە (447) هاوڵاتی برینداربوون و (59)

هاوڵاتیش گیانیان لەدەستداوە."
ناوبراو هۆکاری بەرزبوونەوەی ئە و ئامارەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی قەزای چەمچەماڵ بۆ سەر سنووری ئیدارە و هاتووچۆی سلێمانی گواستراوەتەوە کە پێشتر سەر بە هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان بووە.
لەبەشێکی دیکەی کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەدا وتەبێژی هاتووچۆ ئاماژەی بۆ داهاتی هاتووچۆ کردوو وتی: "داهاتی ئەم چوار مانگەی هاتووچۆ بیست و یەک ملیارو سەدو حەفتاو هەشت ملیۆن و حەوسەد وهەشتاو نۆ هەزار دیناربووە"، هەروەها ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد "لەم چوارمانگەی رابردوودا (7719) شۆفێر بەهۆی نەبوونی مەرجی توندو تۆڵی و (548) شۆفێر بەهۆی پەردە و هەروەها (618) شۆفێریش لەسەر جامی تاریک و(738) شۆفێر بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل و(440) شۆفێر بەهۆی لەئیشارەت دانەوە سزادراوون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 🚗رووداوی هاتووچۆ

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 731

## لە چەمچەماڵ 16 کەس بەهۆکاری جیاواز کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010812090169761

هەرێم عەبدوڵلا
لەماوەی ساڵی 2014 دا لە قەزای چەمچەماڵ 16 حاڵەتی کوشتن تۆمارکراوە، لەگەڵ 43 حاڵەتی هەوڵی کوشتن و 210 تاوانی دزیکردنیش هەبووە.
نەقیبی ماف پەروەر جەلال محەمەد، وتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ لەوبارەیەوە بە خەندانی راگەیاند: "لەساڵی 2014دا دوو هەزار و 903 کێشەی جۆراو تۆمارکراوە، لەکۆی ئەوکێشانە 16 تاوانی کوشتن تۆمارکراوە و 43 هەوڵی کوشتن و 210 تاوانی دزیکردن تۆمارکراوە.
وتیشی: "لەکۆی ئە و تاوانانەی کەلە سنوورەکەدا روویانداوە توانراوە لە 80% تۆمەتباران دەستگیر بکرێن."
راشیگەیاند: گەر بەراوردێکی تاوانەکانی 2014 بە ساڵی 2013 بکرێت ئەوەیان بۆ دەردەکەوێت کەلە ساڵی 2013دا، تەنها هەزار و 700 کێشە تۆمارکراوە و شەش تاوانی کوشتنیش هەبووە، واتا تاوانەکان لەساڵی 2014 روویان لەزیادبون کردوە، ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ خراپی ئە و بارودۆخەی رووی لە هەرێمی کوردستان کرد لەساڵی 2014دا.
مقەدەم عومەر عەلی، بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی چەمچەماڵ رایگەیاند: لەساڵی 2014دا 329 رووداوی جۆراوجۆر روویانداوە، لەکۆی ئە و رووداوانە 22 کەس گیانیان لەدەستداوە 153 کەسی تریش بریندارببوون.
وتیشی: "لەساڵی 2013 تەنها 20 کەس بەرووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە."
سەبارەت بە زیادبونی رێژەکانی سەرپێچی ناوبراو وتی: "لەمساڵدا رێژەی سەرپێچیەکان کەمی کردوە هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ پابەندبوونی شۆفێران بەرێنمایەکانی هاتوچۆوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
شارەکان: چەمچەماڵ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 732

## لە چەمچەماڵ لە یەک مانگدا چوار کەس بە فیشەک کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061409403685311

ڕۆژنیوز - سەروەر سەعدوڵا
لە مانگی ئایاری رابردوودا لە سنوری قەزای چەمچەماڵ چوار کەس بە فیشەک کوژراون و وتەبێژی پۆلیسی قەزاکەش ڕایدەگەیێت: بەشێک لە تۆمەتبارەکان دەستگیر نەکراون. جەلال محەمەد، وتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ بۆ ڕاگەیاندنەکەن رایگەیاند: لە مانگی ئایاری ڕابردوودا لە سنوری قەزای چەمچەماڵ چوار کەس بە فیشەک کوژراون، بێئەوەی بەشێک لە تۆمەتبارەکان دەستگیر کرابن. ناوبراو، هۆکاری دەسگیرنەکردنی ئەو تۆمەتبارانەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە بەشێک لەو تۆمەتبارانە ئەندامی هێزەکانی پێشمەرگەن. وتەبێژی پۆلیسی چەمچەماڵ، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: گرتنی ئەو تۆمەتبارانە پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی پێشمەرگە هەیە و بەم هۆیەشەوە نووسراومان ئاراستە کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
شارەکان: چەمچەماڵ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 733

## لە حەوت مانگدا 48 کرێکار گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080614155189262

لە ناوچەی مێرگەپان کرێکارێک گیانی لەدەستدەدات، بەمەش ڕێژەی ئەو کرێکارانەی لەماوەی ئەمساڵدا لەکاتی کارکردندا لە هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 48 کرێکار.
رەحمان رەسول رەحیم بەرپرسی سەلامەتی شوێنی کار لە رێکخراوی کرێکارانی بیناسازی کوردستان - لقی سلێمانی بە PUKmedia ی راگەیاند: ئەمڕۆ 6-8 کرێکارێک لە شوێنی کارەکەی کەوتووەتە خوارەوەو گیانی لەدەستداوە، هۆکاری کەوتنەخوارەوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مەرجەکانی سەلامەتی شوێنی کار لەو جێگەیەی کاری تێداکردووە.
ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە تائێستا 48 کرێکار لەکاتی کارکردندا لە هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە.
PUKmediaسلێمانی - دانا حامید
سەرچاوە: ماڵپەڕی‌PUKmedia - 06-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 734

**لە دهۆک 19 کرێکار لە سەر کار گیانیان لە دەست داوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122621561587063

خەندان- رەڤەند گوهەرزی

سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی کوردستان لقی دهۆک ئاماری گیانلە دەستدانی کرێکاران و ئە و زەرەرو زیانە گیانیانەی بەر کرێکاران کەوتوون لەمساڵدا لە و پارێزگایە ئاشکراکردو راگەیاند، لەماوەی ئەمساڵدا 19 کرێکار لەسەرکار گیانیان لەدەستداوە.

لە کونگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، عیسا نەسری، سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی کوردستان لقی دهۆک، رایگەیاند، " لەمساڵدا 144 کرێکار لە دهۆک خانەنشین کراون و 19 کرێکاریش لە سەرکار گیانیان لە دەست داوە و 30 کرێکاریش بریندار بوون."

ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو کە،" لەمساڵدا، سەندیکا 15 هەزار و 902 ناسنامەی بو کرێکارانی ناوخۆو بیانی دروست کردووە"، وتیشی: لەئێستادا 815 کرێکاری ژن لە دهۆکە کاردەکەن.

عیسا نەسری، ئاماژەی بەوەشکرد کە،" سەندیکا لەماوەی ئەمساڵدا 167 کەیسی کێشەی کرێکارانی چارەسەر کردووە و ئە و کەیسانەشی کە ماون رەوانەی دادگای کردوون.

بەهۆی نەبوونی مەرجی پاراستنی گیانی کرێکاران لەکاتي کارکردن لەپرۆژەکاندا، ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەکرێکار لەهەرێمی کوردستان گیان لەدەست دەدەن، هەروەک ژمارەیەکی دیکەشیان دووچاری زیانبەرکەوتنی جەستەیی و تەندروستیی دەبنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-26

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 735

**لە دهۆک 258 هەزار منداڵ دەکوترێن**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091413443577451

نژیار نێروەیی - رەڤەند گوهەرزی

ئەمرۆ لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتی کوتان دژی نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵان دەستپێکرد و لە پارێزگای دهۆکیش 258 هەزار منداڵ دەکوترێن.

دکتور لوما حازم، سەرپەرشتی هەڵمەتی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیج لە پارێزگای دهۆک بە خەندانی رایگەیاند: ئەمرۆ یەکشەممە 14ی ئەیلولی 2014، لەپارێزگای دهۆک هەڵمەتی (کوتان دژی نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵان) دەستپێکردوە، بۆ ئە و مەبەستەش 637 تیم بەشداردەبن، لەوانەش 590تیمی گەڕۆکن و ئەوی دیکەش لەناو بنکەکاندا پرۆسەکە دەگرنەئەستۆ.

وتیشی:، ئەم هەلمَەتە بۆ ماوەی پێنج رۆژ بەردەوام دەبێت و هەڵمەتەکە زیاتر لە 65 هەزار منداڵی ئاوارەکانی شنگال و زوممارو دەوروبەری و هەزار و 300 منداڵی ئاوارەی رۆژئاوای کوردستانیش دەگرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: دهۆک

ولّات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 736
## لە دهۆک 31 هەزار خوێندکار بێبەشبوون لە خوێندن
http://www.kurdipedia.org/?q=2015021322140384771

بەهۆی ئاوارەبوونیانەوە بۆ هەرێمی کوردستان 67 هەزار خوێندکار چوونەتە پارێزگای دهۆک و تائێستاش 31 هەزار لەو ڕێژەیە بێبەشبوون لە خوێندن و 36 هەزار خوێندکاریش لە قوتابخانەکانی پارێزگای دهۆکدا درێژە بە خوێندن دەدەن.
عەبدا یوسف ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆک بە ماڵپەری فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند" 67 هەزار خوێندکار چوونەتە پارێزگای دهۆک و تائێستاش 31 هەزار لەو ڕێژەیە بێبەش بوون لە خوێندن و 36 هەزار خوێندکاریش لە قوتابخانەکانی ئارێزگای دهۆکدا درێژەیان بە خوێندن دەدەن و تائێستاش خوێندنگا لە کەمپەکانی پارێزگاکەدا دروست نەکراوە".
دەشڵێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی خوێندن لە کەمپەکاندا چەندین خوێندنگا ئێستا لە قۆناغی دروستکردندان و لە ماوەیەکی کورتدا ئەو خوێندنگایانە دەکرێنەوە.
بەڕێوەبەری پەروەردەی دهۆک ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە کار ئاسانیان کردووە بۆ وەرگرتنی خوێندکارەکان لە خوێندنگاکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە هەرێمدا.
سەبارەت بەو بابەتانەی کە خوێندکارە ئاوارەکان دەیخوێنن دەڵێت هەمان بابەتەکانی خوێندنگاکانی هەرێم دەخوێنن، بەڵام خوێندکارە عەرەب و تورکمانانەی کە خوێندنگاکانیان لە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستانەو هەمان بەرنامەی خوێندنیان نیە لە هەوڵدان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگای موسڵ بۆ ئەوەی ئەو خوێندکارانەش بێبەش نەبن لە خوێندن.
لە پارێزگای هەولێریش 20 هەزارو 732 خوێندکار لە 36 خوێندنگای تایبەتیان بۆ کراوەتووە لە پارێزگای سلێمانیش15 هەزارو 714 خوێندکاری ئاوارە هەیە و 28 خوێندنگایان بۆ کراوەتەوە لە دەرەوەی کەمپەکان بۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی بۆ ئەوەی لە خوێندن دانەبڕێن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
شارەکان: دهۆک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 737
## لە دوای سلێمانی هەڵەبجە زۆرترین جیابوونەوەی هاوسەرگیریی بەخۆوە بینیووە
http://www.kurdipedia.org/?q=2013051923314578515

ڕێکخراوی خێزانی بەختەوەر رایدەگەیەنێت هەڵەبجە یەکەمین قەزای پارێزگای سلێمانییە کە زۆرترین جیابوونەوەی بەخۆوە بینیووە لە ماوەی رابردوودا.
بە پێی ئامارە نافەرمیەکان لە سێ ساڵی رابردوودا لە قەزای زیاتر لە چوار هەزار گرێبەستی

هاوسەرگیری ئەنجامدراوە، بەڵام زیاتر لە حەوتسەد حاڵەتی جیابوونەوەش هەبووە و زۆرترینیشیان لە ساڵی 2010دا بووە.
دڵشاد محەمەد، لێپرسراوی لقی هەڵەبجەی ڕێکخراوی خێزانی بەختەوەر ڕایگەیاند بە پێی زیانیارییەکانی ڕێکخراوەکەیان هەڵەبجە لە دوای ناوەندی سلێمانیەوە بە یەکەم قەزا دادەنرێت لە سنوری پارێزگاکەدا کە زۆرترین ڕێژەی جیابوونەوە تێیدا ڕوویداوە.
لە هەرێمی کوردستان شانبەشانی پرۆسەی هاوسەرگیری ژمارەیەکی زۆر حاڵەتی جیابونەوە لە دادگاکاندا تۆمارکراون بە جۆرێک لەساڵی ڕابردوودا 50 هەزار و 41 گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامدراون، بەڵام لەبەرامبەردا تەڵاق زیاتر لە 5 هەزار حاڵەت هەبووە.
PUKCC 18:57:36 2013-05-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: کۆمەڵایەتی
شارەکان: سلێمانی
شارەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 738

## لە دوایین شەپۆلی ئاوارەبووندا، زیاترلە 850 هەزار کەس هاتوونەتە کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140830214444470538

لە دوایین شەپۆلی ئاوارەبووندا زیاتر لە 850،000 کەس ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، نزیکەی 1،800،000 کەسیش لە عیراقدا ئاوارەبوون لە ساڵی 2014.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: لە ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا، هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ(شەممە) ڕایانگەیاند کە لە دوایین شەپۆلی ئاوارەبووندا زیاتر لە 850،000 کەس ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، نزیکەی 1،800،000 کەسیش ئاوارەبوون لە عیراقدا لە ساڵی 2014.
حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوەیەکگرتووەکان پرۆسەیەکی هاوبەشیان ئەنجامدا بە مەبەستی زانینی ژمارەی سەرەتایی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان، و دەرکەوت کە هەر لە سەرەتای ساڵی 2014 تاکو ئێستا نزیکەی 850،000 کەس لە ناوچە جیاجیاکانی عیراق بۆ هەرێمی کوردستان ئاوارەبوون، بەشی زۆری ئەم ژمارەیە لە پارێزگای دهۆک نیشتەجێبوونە کە ڕێژەی 64% لە کۆی ژمارەی ئاوارەکان پێکدەهێنێت .
لە کۆی 1،800،000 ئاوارە لە عیراقدا، زیاتر لە 600،000 تەنها لە مانگی ئابدا ئاوارەبوون. ئە و زیادبوونە هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژی و ناجێگیری بارودۆخی ئەمنی لە ناوچە جیاجیاکانی عیراقدا بە تایبەتی لە پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە و ئەنبار.
دوایین ژمارەکانی کۆکراونەتەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر سەرپەرشتی وەزیری پلاندانان و ڕێکخراوی کۆچی جیهانی (IOM) دەریان خستووە کە ئاوارەکان لە زیاتر لە 1000 شوێن لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا نیشتەجێکراون .
هاتنی زیاتر لە 850،000 کەس بۆ هەرێمی کوردستان لە دوای هاتنی نزیکەی 226،000 پەناهەندەی سووری کە لە لایەن ڕێکخراوی پەنابەرانی جیهانی (UNHCR) تۆمارکراون، و نزیکەی 325،000 کەس لە ناوچەکانی عیراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان بەر لە 2014 کە کۆی گشتیان دەگاتە نزیکەی 1،400،000 کەس، ئەمەش بێ گومان بارگرانیەکی زۆر دەخاتە سەر خەڵک و حکومەتی هەرێمی کوردستان .
پارێزگای دهۆک بە هەر 7 قەزاکەیەوە زیاتر لە نیو ملیۆن ئاوارە لە خۆدەگرێت کە پێویستیان بە

شوێنی حەوانەوە، خواردن، ئاو، دەرمان و پاراستن هەیە دوای ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش قەزای شەنگال و چەند ناوچەیەکی تری داگیرکرد. تەنها لە مانگی ئابدا، 89% ی کۆی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستان روویان لە پارێزگای دهۆک کردووە .
بەهۆی خێرایی و کەورەیی قەبارەی ئەم شەپۆلانەی ئاوارەبوون و دابەشبوونیان بەسەر زۆر شوێنی جیاجیا لە هەرێمی کوردستان، پرۆسەی ژماردنی ئاوارەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کارێکی ئەستەم بوو. هەر چەندە ئەنجامدانی پرۆسەی ژماردن لە 10 رۆژی رابردوودا ژمارەیەکی نزیک لە ژمارەی راستەقینەدا خستە بەردەست، بەڵام وەزارەتی پلاندانان بەرنامەی داڕشتووە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی (سەرژمێری سەرتاسەری ئاوارەکان و پەناهەندان لە هەرێمی کوردستان) لە چەند مانگی داهاتودا بۆ بەدەستهێنانی داتای تەواو لە ژمارە و پێداویستیەکانی ئاوارەکان. ئەم پرۆسەیەش بە هاوکاری تەواوی دارایی و تەکنیکی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجام دەدرێت .
لە بارەی ئەم پرۆسەیەوە، د. علی سندی، وەزیری پلاندانان رایگەیاند کە "ئەمە یەکەم هەنگاوە کە زۆر کرنگە بۆ دابینکردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیان بۆ ئە و کەسانەی کە لە رەوشێکی زۆر دژواردان. ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەین بۆ دیاریکردنی ئەوەی لە تواناماندایە لەگەڵ هاوکارانمان ئەنجامی بدەین. لە چەند هەفتەی داهاتوودا، ستراتیجیەتێکی تەواو روونمان دەبێت بەڵام راستیەکەی ئەرکەکان زۆر سەختە. لە ئێستادا بەردەوام دەبین لە دروستکردنی کەمپ بۆ زۆرترین ژمارەی ئاوارەکان."
نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکاری حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات لە دابینکردن و گەیاندنی هاوکاری بە پەلە بۆ ئاوارەکان، و هەوڵەکانی چڕتر کردووە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ ئاوارەکان لە سەرتاسەری عیراق.
کێڤن کەنەدی، جێگری ڕێکخەری کاروباری مرۆیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عیراق دەڵێت: "ئەمە ئەرکێکی سەختە، و نەتەوەیەکگرتووەکان و هاوبەشەکانی لە ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان بە تەواوی پابەندن بە بەدەنگەوەهاتنی ئەم بارودۆخە. هەزاران تەن هاوکاری گەیندراوە بۆ ئاوارەکان و سەدان کارمەندی UN گەیشتوون بۆ هەرێمی کوردستان لەم قەیرانەی ئیستای عیراقدا. پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی کارێکی ئاسان نییە لە عیراق لەبەر بارودۆخی ئەمنی، و گەورەیی قەبارەی ئاوارەبوون، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای هاوکاری بێ وێنە و لە نزیکەوە سەرپەرشتی کردنی کارەکان زۆر یارمەتیمان دەدات. ئەم قەیرانەی ئاواربوون هاوشێوەی کۆرەوی ساڵی 1991 سەخت و دژوارە، بۆیە پێویستە هەموو لایەک بە هەستێکی لێپرسراویەتی بەدەنگەوەی بێت بەمەبەستی ڕێکخستن و گەیاندنی یارمەتی مرۆیی پێویست ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 30-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ئێراقIQ |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 739

## لە دوو رۆژدا 44 کەس دەستگیرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011412443084609

لەماوەی دوو رۆژی ڕابردوودا لە ناوچە جیا جیاکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، 44 کەس بە هۆی راوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و خەڵوزکردن، بە ڕێگەی نا ئاسایی، دەستگیرکراون.
لە لێدوانێکی نووسراودا کە وێنەیەکی بۆ خەندان ناردووە، عەقید هێمن کەمەرخان، بەڕێوەبەری هۆبەی راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی رایگەیاند: "لە هەموو کات و ساتێکدا هێزەکانی پۆلیسی دارستان لەئامادەباشیدان لەکاتە پێویستەکاندا مەفرەزەکان و

خاڵی چاودێرییەکان زیاتر چڕدەکەینەوە هەربۆیە لەماوەی 48 کاتژمێری ڕابردوودا مەفرەزەکانمان 44 هاوڵاتی سەرپێچی کاریان دەستگیرکردووە هاوکات دەستگیراوە بەسەر چەندین کەل و پەل کەلەسەرپێچیەکاندا بەکاریان هێنابوو ."
عەقید هێمن، ئاماژەی بەوەشکرد لە 48 کاتژمێری ڕابردوودا لەسنوورەکانی بەشی (ماوەت، قەرەداغ، پێنجوێن شارەزوور، هەڵەبجە) لەسەردیاریدەکانی ڕاوکردنی ئاژەڵ و باڵندەی کێوی و خەڵوزکردن بە ڕێگەی نایاسایی 44 هاوڵاتی لەلایەن مەفرەزەکانی پۆلیسی دارستان دەستگیرکراون.
راشیگەیاند: "مەفرەزەکانیان دەستیانگرتووە بەسەر 18 چەکی تاپڕ و 25 فیشەکی تاپڕ، یەک ماتۆرسکیل، چوار چەکی جۆری کلاشنکۆف، یەک چەکی جۆری بادی، 10 سمۆرەی کوژراو و یەک سمۆرەی زیندوو، دوو دووربین و سێ چەکی جۆری ژێرسە و تێکدانی پێنج کورەی خەڵوزکە بەنایاسایی دروست کرابوون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 740
## لە دوو مانگدا زیاتر لەحەوت هەزار هاوبەشی نوێ کارەبا لەسلێمانی وەردەگرن
http://www.kurdipedia.org/?q=2014100115592077678
هۆگر کەمال
لەماوەی دوو مانگدا لەسنووری پارێزگای سلێمانی زیاتر لە حەوت هەزار هاوبەشی نوێ کارەبای پێدراوە و لە و ژمارەیەش زیاتر لە شەش هەزاریان هاوبەشی ماڵانە.
بەپێی ئامارێکی بەشی فرۆشتنی وزەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی، لەسنووری پارێزگای سلێمانی لە ناو شار و دەرەوەی شاردا، جگە لەسنووری ئیدارەی گەرمیان، حەوت هەزار و 122 هاوبەشی نوێی کارەبا زیادیکردووە، لە و ژمارەیەش شەش هەزار و 233 هاوبەشی ماڵانە و 697 ی هاوبەشی بازرگانییە و 29 هاوبەشی دیکەشیان پیشەسازییە و 93 هاوبەشیشیان کشتوکاڵییە و 70 هاوبەشیشیان حکومین.
هەر بەگوێرەی ئامارەکە بەگشتی لەسنووری پارێزگای سلێمانی 468 هەزار و 829 هاوبەشی کارەبا هەیە و (86%)ی هاوبەشەکان ماڵانە و (10%)ی بازرگانی و (1%) پیشەسازییە و (1%) کشتوکاڵیە و (2%)ی حکومییە.
بەپێی ئەم ئامارە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرەڕای وەستاندنی پێشینەی خانووبەرە و پێشینەکانی تر بەگشتی بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام خواست لەسەر کارەبا بە بەردەوامی لەزیادبووندایە و ئەمەش ئەرک و بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم زیاتر دەکات، هەروەها کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی دابەشکردنی کارەبا لەزیادبووندایە و ئەوەش پێویستی بەبودجەی زیاتر هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی

ولآت: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 741
## لە دوو مانگی یەکەمی 2013دا 11 کرێکار کەمئەندام بوون
http://www.kurdipedia.org/?q=20130311125555082542
نوێنەری لقی سلێمانی سەندیکای کرێکاران رایدەگەیەنێت، تەنها لەم دوومانگەدا 11 کرێکار کەمئەندام بوون لەسەر کارەکانیان لەساڵی رابردوشدا 25 کرێکار گیانیان لەدەستداوە لە شوێنی کارەکانیان.
ئەمڕۆ نوێنەری لقی سلێمانی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان و نوێنەری سەندیکای کرێکاران لقی سلێمانی بۆ قسەکردن لەسەر داواکاری و پێداویستییەکانیان سەردانی نوسینەگەی سلێمانی پەرلەمانیان کرد.
رەهێڵ فەرەیدون، نوێنەری یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: لەدوای ئەوەی چەندین کارەساتی دڵتەزێن لە شاری سلێمانی رووبەرووی کرێکاران بووەتەوە، بۆیە پێمان باش بوو یاداشتێک ئاراستەی پەرلەمان بکەین، یاداشتەکە لە نۆ خاڵ پێکهاتووە.
رەهێڵ وتیشی: لە یاداشتەکەدا پێشنیازمان کردووە بۆ حکومەت بڕیارێک دەربکات، کە هەر کرێکارێک کە خاوەنکاری هەمیشەیی نیە توشی رووداوی کاربوون حکومەت مانگانە بڕێک پارەی بۆ ببڕێتەوە.
لەلایەکی دیکەوە عوسمان حەمە سەعید، سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، بۆ خەندان ئاماژەی بەوەکرد، تەنها لەمانگی یەک و دووی(2013) 11 کرێکار بەهۆی رووداوەوە کەمئەندام بوون .
عوسمان وتیشی: "هەشت کۆمپانیامان لەشاری سلێمانی ئاگادارکردووەتەوە، کە لە پرۆژەکانیان مەرجی سەلامەتی تێدا نییە بۆ کرێکار، ئەگەر لەماوەیەکی کورتدا مەرجەکان جێبەجێ نەکەن رووبەرووی دادگایان دەکەینەوە."
سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان روونیشیکردەوە، ساڵی پار 25 کرێکار گیانیان لەدەستداوە لەشاری سلێمانی، کە یەکێکیان بیانی بووە .
لەبەرامبەردا رێکخراوی کرێکارانی بیناسازی لە کوردستانیش یاداشتێکی حەوت خاڵییان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کردووەو تێیدا داوای مافەکانی کرێکار و بەفەرمی ناساندنی رێکخراوی کرێکارانی بیناسازی لە کوردستان دەکەن.
هاوکات سەردار رەشید، ئەندامی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی کوردستان بە(خەندان)ی راگەیاند: بەداخەوە بەدوو وەفدی جیاواز سەندیکای کرێکارانی کوردستان و سەندیکای کرێکارانی بیناسازی لە کوردستان سەردانی نوسینگەی سلێمانی پەررلەمانی کوردستانیان کرد.
وتیشی: کۆمەڵێک لە داواکان کە لەیاداشتەکاندا هاتووە ئێمە کاریان لەسەر دەکەینو داواکارین لایەنی جێبەجێکار، کە حکومەتە مافەکانی کرێکاران دابین بکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-03-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 742
## لە دوو هەفتەدا 15 راوچی لە چیاکانی باڵەکایەتی دەستگیرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111812095492623
خەندان راماڵ قەسرەیی
لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرماو بارینی بەفرو باران و هاتنەخوارەوەی ئاژەڵ و پەلەوەرە کێوییەکان لەچیا سەختەکان بۆ نزیک گوند و ئاوایەکان دیاردەی راوکردن لەناوچەی باڵەکایەتی رووی لەزیادبوون کردوە و لە و ماوەیەشدا هێزەکانی ژینگەپارێزی 15 راوچیان دەستگیرکردوە.
نەقیب ئیسماعیل حەسەن، بەرپرسی لقی پێنجی ژینگەپارێزی باڵەکایەتی بە (خەندان) ی راگەیاند: لە دوو هەفتەی رابردوودا لە کوێستانەکانی باڵەکایەتی زیاتر لە 15 کەسیان دەستگیر کردووە کە خەریکی راوکردن بوون.
وتیشی: "لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرما و بارینی بەفر لە چیاکان ئاژەڵ و پەلەوەری کێوی بەتایبەتی کەو، لە لوتکە چیا و شوێنە بەرزەکاندا کۆچیان کردووە بۆ شوێنی گەرمتر و نزیک گوند و ئاواییەکان، ئەمەش بوەتە هۆکار بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی راو دەکەن ئەم هەلە بقۆزنەوە و بە نیوەشە و بگەڕێن و ئەم ئاژەڵ و کەوانە راو بکەن، بەڵام ئێمە شەوانە مەفرەزەمان هەیە و بۆ شوێنە جیاجیاکان دەردەچین بۆ پارێزگاریکردن لە سروشتی کوردستان و گیانی ئاژەڵ و باڵندە کێوییەکان."
نەقیب ئیسماعیل راشیگەیاند: لەکاتی دەستگیرکردنی راوچییەکاندا دەستیان بەسەر کۆمەڵێک کەل و پەلی راوکردندا گرتووە، کە بریتین لە شەش چەکی تاپر و زیاتر لە 200 گوللەی چەکی تاپر و چەند بلاجکتۆرێک.
بەرپرسی لقی پێنجی ژینگە پارێزی چۆمان ئاشکراشیکرد: ئەوکەسانەی کە دەستگیر کراون پەڕاوەکانیان لە دادگای بەرایی چۆمانە و داراونەتە دەستی یاسا بۆ ئەوەی ئیجرائاتییان لەگەڵ بکرێت، هەندێکیش کە تەنها لەرێگا و بانەکان و کوێستانەکان گومانیان لێ کراوە، دەستگیریان کردوون بەڵێننامەیان لێ وەرگیراوە کە دووبارە نەڕۆنەوە بۆ راوکردن، دواتر ئازاد کراون.
هەڵکەوتەی جوگرافیا و بەرفراوانی سنورەکە و هەبوونی چەندین چیای بەرز و سەخت و کوێستان و دارستان وایکردوە کە بەرێژەیەکی زۆر باڵندە و ئاژەڵی کێوی لەناوچەی باڵەکایەتی بژین، بەڵام بەهۆی راوکردنیانەوە بەردەوام ئەم ئاژەڵ و پەلەوەرە کێویانە لەژێر هەرەشەدان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەهاوکاری چەند وڵاتێکی بیانی لەبەرنامەیدایە پرۆژەی ناشناڵ پارکی هەڵگرد سەکران لە و ناوچەیە ئەنجام بدات کە پرۆژەیەکی جیهانیە و بەهێزترین بنەمای ئەو پرۆژەیەش پاراستنی ئاژەڵ و باڵەندی کێوین.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 743
## لە دوو هەفتەدا بەپری زیاتر لە 8 ملیۆن دینار غەرامەی سەرپێچیکار کراوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014120815273878169
پەیوەند جەلال
تەنها لەماوەی دوو هەفتەی کۆتایی مانگی رابردوودا لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی بە پری زیاتر لەهەشت ملیۆن دینار غەرامەی سەرپێچیکارانیان کردووە.
سۆران عەبدولغەفور سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی بەخەندانی راگەیاند: کە لەماوەی (16-11 هەتا 30-11) لیژنەکانیان سەردانی هەزار و (227) شوێنیان کردووە و (182) پسوڵەی غەرامەیان بۆ سەرپێچیکاران کردووە و چوار شوێنیشیان داخستووە و سێ شوێنیش دراونەتە دادگا.
سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکان ئاشکرایکرد: کە هەر لە و ماوەیەدا بەپری هەشت ملیۆن و (550) هەزار دینار غەرامەی سەرپێچیکاران کراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 08-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 744

## لە دیاربەکر 13 هەزار و 23 قوتابی بۆ ساڵی نوێی خوێندن وانەی کوردییان هەڵبژارد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013110609553388026

بۆ ساڵی خوێندنی 2013 بۆ 2014 لە شاری دیاربەکری کوردستان، 13 هەزار و 23 قوتابی خوێندنی وانەی زمانی کوردییان هەڵبژاردووە.
لە قۆناخی 5 و 6 دا 75 هەزار قوتابی وانەی ئایین، 28 هەزار و 760 قوتابی وانەی بیرکاری، 26 هەزار و 315 قوتابی وانەی ژیانی پێغەمبەر، و 24 هەزار و 655 قوتابی وانەی فێربوونی قورئانی پیرۆز، و 17 هەزار و 623 وانەی زمانی بێگانە و 13 هەزار 23 قوتابیش وانەی زمانی کوردییان هەڵبژارد.
بە گوێرەی یاسای وەزارەتی پەروەردەی تورکیا قوتابیان دەتوانن لە هەفتەیەکدا ماوەی دوو سەعات وانەی هەلبژاردە وەربگرن.
محەمەد حادی ئاخرباش بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتیی پەروەردەی دیاربەکر گوتی: لە دیاربەکر لە قۆناخی 5 و 6 دا، 75 هەزار قوتابیمان هەیە، هەفتانە دوو سەعەت وانەی هەلبژاردەیان هەیە و رێژەی خوێندنی وانەی کوردی لە ناو وانەکانیتردا 20% ە. قوتابی ئەم دوو قۆناغە زیاتر دەیانەوێ وانەی بیرکاری بخوێنن..
لەبارەی مامۆستای زمانی کوردیشەوە ئاخرباش گوتی: "تا ئێستە هیچ مامۆستەیەکی پسپۆریان لە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان نییە، ئەو مامۆستایانەی زمانی کوردی دەڵێنەوە پسپۆری زمانی کوردی نین، هیواداریین لە ئایندەیەکی کورتدا دەرچووانی بەشی زمانی کوردی دەست بە وتنەوەی وانەی زمانی کوردی بکەن"..
فەدلی زامان یەکێک لە مامۆستایانی وانەی کوردی بۆ ئانادۆلو گوتی:هەندێ خێزانی قوتابیان دەیانەوێ مندالیان فێری کوردی ببێ و هەندێ قوتابیش هیچ کوردی نازانن و دەیانەوێ فێر زمانی دایک ببن
سادیە بایکان قوتابی وانەی کوردی گوتی: زمانی دایکم زۆر خۆش دەوێ. لەبەرئەوەی دەمەوێ زمانی کوردی فێرببم .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: ئامەد
وڵات: باکووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 745

## لە دەربەندیخان لە ماوەی 11 مانگدا حاڵەتی کوشتنی ژنان و خۆسوتاندن

**روینەداوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141128132449780900

ڕۆژنیوز ئارێز گەرمیانی

بە پێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، لەقەزای دەربەندیخان توندوتیژییەکان رووی لە کەمبونەوە کردوە و، هەندێ حاڵەتیش هەن لە ساڵانی رابردوو بونە، بەڵام ئەمساڵ دوبارە نەبوونەتەوە .

نەقیب شەهاب ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بە (ڕۆژنیوز)ی ڕاگەیاند:" لە ماوەی 11 مانگی رابردووی ئەمساڵدا، لە سنوری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان تەنها 68 حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ژنان تۆمارکراوە، لەو ژمارەیە 51 حاڵەت چارەسەرکراوە و 17 حاڵەتیشیی لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە ."

وتیشی:" ئەمساڵ بە هیچ شێوەیەک حاڵەتی خۆسوتان، خۆکوشتن، کوشتنی ژنان لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان تۆمار نەکراوە و، ئەو حاڵەتانەی لای ئێمە تۆمارکراون، سەرچاوەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی نێوان هاوسەرەکان و خوشک، براکان، خێزان و دراوسێکان ."

رونیشکردەوە " بە شێوەیەکی گشتی رێژەی توندوتیژی لە قەزای دەربەندیخان کەمی کردووە و ساڵی رابردوو 79 حاڵەت هەبووە ئەمساڵ بووەتە 68."

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: توندوتیژی

شارەکان: دەربەندیخان

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 746

**لە دەڤەری ڕاپەڕین دەست بەسەر 113 ماتۆرسکیلدا دەگیرێت**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140328150520663711

خەندان کامەران عەبدە ساڵح

ژمارەی ماتۆرسواری سەرشەقامەکان تادێت ڕوو لەزیادبوونە، لایەنی پەیوەندیداریش ڕایدەگەیەنێت هاوڵاتیان لێخورینی ماتۆرسکیل بە کەمبایەخ سەیردەکەن و، ئامادەنین مۆڵەتی لێخورینی بۆ وەربگرن.

نەقیب سامان ئیبراهیم، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ڕاپەڕین، بە خەندانی ڕاگەیاند: هەرچەندە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەکارهێنانی ماتۆرسکیل لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین ڕوو لەزیادبوونە، بەڵام لەساڵی 2013 – ەوە تا ئەمڕۆ (28ی ئاداری 2014) تەنها یەک کەس لەوسنورە داوای پێدانی لێخورینی ماتۆرسکیلی کردووە.

وتیشی: "بەهۆی پابەندنەبوون بەڕێنماییەکانەوە، لەساڵی ڕابردووەوە دەست بەسەر 113 ماتۆرسکیلدا گیراوە، کە ژمارەیەکیان تائێستاش نەدراونەتەوە بە خاوەنەکانیان."

ئاشکراشیکرد، پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان لەلایەن ماتۆرسوارەکانەوە، زیانی گیانی زۆری لێکەوتۆتەوەو، 90 لەسەدای ئە و ماتۆرسکیلانەی تووشی ڕوداوی هاتوچۆ دەبن، شۆفێرەکانیان گیان لەدەست دەدەن."

ئاماژەی بەوەشدا، بەپێی یاسا هەر ماتۆرسکیلێک هاوشێوەی ئۆتۆمبێل دەبێت تۆمارکرابێت و، تابلۆی لێدرابێت و، شوفێرەکەشی مۆڵەتی لێخورین دەربهێنێت، بەپێچەوانەوە دەست بەسەر

ماتۆرسکیلەکەیدا دەگیرێت، هەرکەسێکیش داوای تۆمارکردنی ماتۆرسکیلەکەی بکات، دوای لێکۆڵینەوە ئەگەر ماتۆرسکیلەکان شیاو بن ئەوا خاوەنەکانیان ئاگاداردەکرێنەوە کە تۆماریان بکەن و مۆڵەتی لێخورین دەربهێنن، بەپێچەوانەوە ئەگەر بزانرێت ماتۆرسکیلەکان بێپێشینە و مەنەفێستن، هەڵدەوەشێنرێن و پارچەکانیان دەدرێتەوە بە خاوەنەکانیان.
نەقیب سامان ڕوونیکردەوە، "بەهۆی نەبوونی تابلۆی تایبەت بە ماتۆرسکیلەکان، لەماوەی رابردوودا نەمانتوانی تابلۆیان پێبدەین، لەکاتی هاوردەکردنیاندا بۆ هەرێمی کوردستان وەک ئۆتۆمبێلی ئاسایی تابلۆیەکی کاتییان پێدەدرا و بەوشێوەیەش مابوونەوە، بەڵام دواتر جۆرێک تابلۆمان پێگەیشت کە تایبەتە بە ماتۆرسکیلەکان."
وەک نەقیب سامان باسیکرد، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ بڕیاریداوە، دەست بەسەر ئە و ماتۆرسکیلانەدا بگرێت کە بەهۆی نەسوتانی سوتەمەنی و خراپی بزوێنەرەکانیان ژینگە پیس دەکەن.
داواشی لە ماتۆرسوارەکان کرد، گرنگی بدەن بەباری بزوێنەری ماتۆرسکیلەکانیان و، هەر کەموکورییەکیان هەیە چارەسەری بکەن، بۆ ئەوەی ئە و دوکەڵ و گازەی لە ئەنجامی نەسوتانی سوتەمەنیەکان دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە چارەسەر ببێت، بۆ ئەوەی دواجار تووشی سزای یاسایی نەبن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: رانیە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 747
## لە دەڤەری سۆران 22 ئۆتۆمبێل و بەنزینخانەیەک سوتاون
http://www.kurdipedia.org/?q=2014112311052978026

رۆژنیوز- زاهیرئیبراهیم
ئەم ساڵ لەدەڤەری سۆران 22 ئۆتۆمبێڵ و بەنزینخانەیەک لەمێرگەسۆرسوتاون، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سۆرانیش رایگەیدەگەیەنێت"بە بەراورد بەساڵی رابردوو، رووداوی سوتانی ئۆتۆمبێل و بەنزینخانەکەمی کردووە.
عقید عوسمان محەمەد، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی قەزای سۆران بە (رۆژنیوز)ی راگەیاند:"لەسەرەتای ئەم ساڵەوە لەسنوری دەڤەری سۆران، بەهۆی چەند رووداوێکی لە ناکاوەوە 22 ئۆتومبێلی جۆراوجۆرسوتاون، کە لەنێویاندا تانکەری سوتەمەنیش هەبووە.
بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی سۆران راشیگەیاند: ئەم ساڵ بەنزینخانەیەکیش لە گوندی بلێ ی سەربەقەزای مێرگەسۆرسوتاوە.
ناوبراو، وتیشی:" تائێستا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو رووداوی سوتانی بەنزینخانە و ئۆتۆمبێڵ کەمی کردووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 748

## لە رانیە 19 حاڵەتی پەلاماردانی پۆلیسی هاتوچۆ تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140116095415866 71

خەندان کامەران عەبدە ساڵح

لە سەرەتای ساڵی رابردووەوە تائێستا، 19 حاڵەتی پەلاماردانی پۆلیسی هاتوچۆ لە لایەن شۆفێرانەوە، لە سنووری ئیدارەی راپەڕین تۆمارکراوە، لایەنی پەیوەندیداریش رایدەگەیەنێت کە سەرپێچیکاران بە دوو شێواز سزادەدرێن.

نەقیب سامان ئیبراهیم، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی راپەڕین، بە خەندانی راگەیاند: زۆربەی رووداوەکانی پەلاماردانی پۆلیسی هاتوچۆ لەسنوری رانیە و پشدەر، بەهۆی تورەیی و ناحاڵیبوونی هەندێک لە شۆفێرانەوە دروستدەبن.

وتیشی: "زۆرجار پۆلیسی هاتوچۆ بەشێوەی ترسناک لێیدراوەو، خەڵتانی خوێن کراوە، دەیان حاڵەتی ئیهانەکردن و بەکارهێنانی وشەی نەشیاویش بەرامبەریان تائێستا تۆمارکراوە."

ئاماژەی بەوەشدا، ئە و کەسانەی هێرش دەکەنە سەر کارمەندانی هاتوچۆ، سەرەڕای ئەوەی دۆسیەکەیان رەوانەی دادگا دەکرێت، دواتریش لەڕێگەی لیژنەیەکی تایبەتەوە گفتوگۆ لەگەڵ فەرمانگەکانیان و ئە و شوێنانەدا دەکرێت کە کاری لێدەکەن، بۆ ئەوەی ئەوانیش لای خۆیانەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن.

وەک وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ڕاپەڕین باسیکرد، هەرکەسێک هێرش بکاتە سەر کارمەندانی هاتوچۆ، لە هەر پلە و پۆستێکدا بێت لێی خۆش نابن و، سکاڵای یاسایی لەسەر تۆمار دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 16-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 749

## لە رۆژانی جەژن 316 هەزار گەشتیار سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130813143641891 66

لە رۆژانی جەژنی رەمەزانی ئەمساڵدا 316 هەزار گەشتیار سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، بەوتەی وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمیش بەراورد بە ساڵی رابردوو رێژەی گەشتیاران سەدا 21 زیادیکردووە.

ئامار و ژمارە یەکێکە لە پێوەرەکانی رێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە ساڵانە بڵاوی دەکاتەوە و هەڵسەنگاندنی وڵاتە گەشتیارییەکانی لەسەر دەکات و ریزبەندییان دەکات، لەم روانگەیەوە هەرێمی کوردستان بەردەوام ئاماری گەشتیاران لە بۆنە و ساڵەکان دەخاتە بەردەست راگەیاندن و پلانی ساڵانەی بۆ ساڵی داهاتوو لەسەر بوونیاد دەنێت.

نادر رۆستی وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێم لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک رایگەیاند کە بە پێی ئامارەکان ژمارەی گەشتیاران و وەبەرهێنان لە کەرتی تایبەت و گشتی گەشتوگوزار لە گەشەکردن و پەرەپێداندایە و ساڵ دوای ساڵ و جەژن دوای جەژن ژمارەکان لە زیادبووندان.

نادر رۆستی وتی: "لە جەژنی رەمەزانی ئەمساڵدا ژمارەی گەشتیاران بریتی بووە لە 316 هەزار گەشتیار کە بە بەراورد بە جەژنی رەمەزانی ساڵی 2012 کە 261 هەزار گەشتیار بووە، بە رێژەی 21% زیادی کردووە."

نادر رۆستی ئاماژەی بەوەداوە کە زۆربەی گەشتیارەکان لە ناوەراست و خوارووی عیراق هاتوون، لە دوای ئەوەش لە وڵاتە دراوسێکان و لە فرۆکەخانەکان هاتوون.

وتیشی: "گەشتیاری وڵاتانی دراوسێ و بیانی سەدا 25 زیادی کردووە و گەشتیاری خواروو

ناوەڕاست سەدا 11 زیادی کردووە."
وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێم ئەوەشی خستووەتەڕوو کە ئەم ئامارانە لە بازگەکان و خاڵە سنووریەکان و فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان رۆژانە وەرگیراون و لە ئاماری دەستەی گەشتوگوزار رێکخراون و پشتڕاستکراونەتەوە "لێرەوە دەستخۆشی لەسەرجەم بەرپرس و فەرمانبەرانی ئەم شوێنانە دەکەین کە هاوکارمانن و زانیاریەکان دەخەنە بەردەست ئێمە و راگەیەندنەکان."
حکومەتی هەرێم لە رێگەی دەستەی گەشتوگوزار پاڵپشتی پەرەپێدانی گەشتوگوزارە و ئەم بارودۆخە ئارامەی هەرێمی کوردستان و ئەم پێشکەوتنانەی کە بۆتە هۆی راکێشانی گەشتیاران بۆ هەرێم بەرهەمی رەنجی گشت وەزارەت و پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکان و کەرتی تایبەت و دەزگاکانی راگەیاندنە کە بەردەوام هاوکاری و پشگیری دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 750

## لە رۆژانی جەژن 5 روداوی هاتوچۆ لەکەرکوک رویداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081116320389190

لەسێ رۆژی جەژندا 5 روداوی هاتوچۆ لەشاری کەرکوک و دەوروبەری رویانداوە و بەهۆیانەوە 8 کەس بریندارbون.
شاخەوان ناسیح، کەرکوک: بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆی کەرکوک، عەمید عومەر جەعفەر، ئەمرۆ، یەکشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، لەسێ رۆژی جەژندا پێنج روداوی هاتوچۆ لەشاری کەرکوک ودەوروبەری رویانداوە، روداوێکی هاتوچۆ لەسەر رێگای کەرکوک – سلێمانی لەنزیک ناحیەی قەرەهەنجیر رویداوە و بەهۆیەوە پێنج کەس بریندارbون، لەسەر رێگای بەغدادو لەنزیک قەزای داقوقیش لەروداوێکی هاتوچۆدا دوو کەس بریندارbون، لەناو شاری کەرکوکیش سێ روداو رویداوە و بەهۆیەوە یەک کەس بریندارbوە.
لەلایەکی ترەوە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فێرکاری ئازادی، دکتۆر گەیلان قادر، ئاماری روداوەکانی سێ رۆژی جەژنی بەئاوێنەنیوزی راگەیاندو وتی، لە و سێ رۆژەدا 12 کەس مردون و 29 کەس بریندارbون کە 12 یان منداڵن.
ئاشکراشیکرد، 30 نەشتەگەری ئەنجامدراوە و 1700 کەسیش داخلی نەخۆشخانەی فریاکەوتن کراون و 79 حاڵەتی لەدایکبون-یش هەبوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 11-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 751

## لە رۆژانی نەورۆزی 2013، 200 هەزار گەشتیار روویان لە هەرێم کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013032311055582604

وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، لە رۆژانی جەژنی نەورۆزدا نزیکەی 200 هەزار کەس روویان لە ناوچە گەشتیاریەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان، هاوکات هیچ گرفتێک لە میوانخانە و چێشتخانەکان نەبوە بۆ پێشوازیکردن

لەو گەشیارانە.
نادر رۆستی، وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە (خەندان)ی راگەیاند: لە ماوەی رۆژانی جەژنی نەورۆزدا ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاری ناوچەکانی دیکەی عیراق و وڵاتانی دراوسێ روویان لە ناوچەکانی گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان کردوە .
وتیشی: "ئەگەرچی ئامارێکی دروست دەرنەکەوتووە، بەڵام زانیارییە سەرەتاییەکان دەریدەخەن کە نزیکەی 200 هەزار کەس هاتوونەتە هەرێمی کوردستانەوە."
ئەوەشی خستەروو: لە رۆژانی جەژندا میوانخانە و چێشتخانەکان پێشوازییەکی باشیان لە گەشتیاران کردوە، لەو رووەوە هیچ گرفتێکیان نەبووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 752

## لە رۆژی دەستپێکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردنەوە پێشێلکاری بەرامبەر بە 40 رۆژنامەنوس کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013092016080088630

سەنتەری میترۆ دەڵێت، لە رۆژی دەستپێکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردنەوە دەیان پێشێلکاری جۆراوجۆر بەرامبەر (40) رۆژنامەنوس کراوە لەلایەن جەماوەری لیستە رکابەرەکان و هێزە ئەمنییەکانەوە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ ئاوێنەنیووز ناردووە، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان ئەمڕۆ(هەینی) رایگەیاند، لە رۆژی دەستپێکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردنەوە، 28ی ئابی 2013، تا 19ی ئەیلول رۆژی کۆتایی هاتنی دەیان پێشێلکاری جۆراوجۆر بەرامبەر (40) رۆژنامەنوس لەلایەن جەماوەری لیستە رکابەرەکان و هێزە ئەمنییەکانەوە ئەنجامدراون، هەندێک پێشێلکاریش لە دەرەوەی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بوون.
لەبەیاننامەکەدا هاتووە، سەنتەری میترۆ لە رۆژی دەنگدانی تایبەت کە رۆژی پێنج شەممە 19ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو چەندین پێشێلکاری بەرامبەر بە مافی رۆژنامەنوسان تۆمارکردوە.
پێشێلکاریەکانی دەنگدانی تایبەت و دەنگدانی گشتی لە راپۆرتێکی جیاوازدا پاش کۆتایی دەنگدان لە هەفتەی ئایندەدا، بڵاودەکاتەوە.
سەنتەری میترۆ ئیدانەی توندوتیژی و سوکایەتی و رێگری و بەرامبەر رۆژنامەنوسان دەکات، رایدەگەیەنێت "ئە و رۆژنامەنوسانە باجی نەریتی ناشارستانی جەماوەری لیستە رکابەرەکان دەدەن و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆش رۆژنامەنوسان ناپارێزن."
دەقی بەیاننامەکە بخوێنەرەوە :
سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان
بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی
رۆژنامەنوسان باجی نەریتی ناشارستانیی لیستە رکابەرەکان دەدەن
حکومەتیش یان بەشداربوون یان تەماشاکەر
20ی ئەیلولی 2013، هەرێمی کوردستان: سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان ئیدانەی دەستدرێژیکردنە سەر تیمەکانی کەناڵەکانی راگەیاندن دەکات رایدەگەیەنێت رۆژنامەنوسان باجی نەریتی ناشارستانی لیستە رکابەرەکان دەدەن و هێزی ئەمنیش یان تەماشاکەربوون یان بەشداربوون لە و توندوتیژیانەدا.
سەنتەری میترۆ رایدەگەیەنێت لە رۆژی دەستپێکردنی بانگەشەکانی هەڵبژاردن کە لە 28ی ئابی 2013 دەستپێکرد و لە 19ی ئەیلول کۆتایی هات دەیان پێشێلکاری جۆراوجۆر بەرامبەر (40) رۆژنامەنوس لەلایەن جەماوەری لیستە رکابەرەکان و هێزە ئەمنییەکانەوە ئەنجامدراون، هەندێک پێشێلکاریش لە دەرەوەی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بوون.

سەنتەری میترۆ لە رۆژی دەنگدانی تایبەت کە رۆژی پێنج شەممە 19ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو چەندین پێشێلکاری بەرامبەر بە مافی رۆژنامەنوسان تۆمارکردوە. پێشێلکاریەکانی دەنگدانی تایبەت و دەنگدانی گشتی لە راپۆرتێکی جیاوازدا پاش کۆتایی دەنگدان لە هەفتەی ئایندەدا، بڵاودەکاتەوە. رێگریکردن لە رواڵکردنی هەواڵ پێشێلکردنێکی ئاشکرای یاسای کاری رۆژنامەگەری هەرێمی کوردستانە. لە پرگەی (4)ی ماددەی(7)ی یاسای کاری رۆژنامەگەری ژمارە 35ی ساڵی 2007 دا هاتووە "رۆژنامەنووس مافی ئامادەبوونی لە کۆنگرە و چالاکییە گشتییەکاندا هەیە."

سەنتەری میترۆ ئیدانەی توندوتیژی و سوکایەتی و رێگری و بەرامبەر رۆژنامەنوسان دەکات، رایدەگەیەنێت "ئە و رۆژنامەنوسانە باجی نەریتی ناشارستانی جەماوەری لیستە رکابەرەکان دەدەن و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆش رۆژنامەنوسان ناپارێزن."

میترۆ جەختدەکاتەوە لە و کەیسانەدا کە لە سەنتەری میترۆ تۆمار کراون، توندوتیژی بەرامبەر بە پەیامنێرو وێنەگرانی کەناڵەکانی راگەیاندن ئەنجامدراوە، هێزەکانی ئاسیشی ناوخۆی حکومەتی هەرێمیش یان بەشداربوون یان تەماشاکەر.

ئەمەش سەرجەم ئەو کەیسانەن کە لە نێوان 28ی ئاب- 19ی ئەیلول پەیوەندییان بە(بەشی تۆمارکردن)ی سەنتەری میترۆوە کردووە.

•ئێوارەی رۆژی چوارشەممە 28ی ئاب سەرنوسەری گۆڤاری باشور بە سەنتەری میترۆی راگەیاند "رۆژنامەنوسێکمان بە ناوی نزار بێجان، لەکاتی سەردانی ئاسایشی زاخۆ دەستبەسەرکراوە. شێروان شێروانی بە میترۆی وت" پێشتر نە سەندیکاو نە گۆڤارەکەمان ئاگادارنەکراوە لەسەر ئەو تۆمەتەی کە ئاراستەی نزار کراوە". لەمادەی هەشتەمی یاسای رۆژنامەگەری لەکوردستاندا لە کاتی گرتنەبەری رێکاری یاسای بەرامبەر بە رۆژنامەنوسان کە بەکارێک تۆمەتبار دەکرێ پەیوەندی بە پیشەکەیەوە هەیە، سەندیکای لێ ئاگادار ئەکرێتەوە .

•زمناکۆ ئیسماعیل، پەیامنێری سایتی سبەی وتی کاتژمێر 6ی ئێوارەی رۆژی هەینی 30ی ئابی 2013 لە گەڕەکی وڵوبەی شاری سلێمانی، لە کاتی کردنەوەی مەکۆیەکی بزوتنەوەی گۆڕان کۆمەڵێک گەنج هەڕەشەیان لێکردم." جەختیکردەوە" میلی چەکیان لێ هێنامەوە جنێویان پێدام". بە پێ قسەکانی زمناکۆ تیمی کەناڵ KNN لە شوێنی روداوەکە بوون و شاهێدن بەسەر وردەکاری روداوەکە. هەروەها وتیشی "رۆژی شەممە 31ی ئاب لە گەڕەکی توی مەلیک لەکاتی وێنەگرتندا رێگریم لێکراوە".

•حسێن حەسەن پەیامنێری کەناڵی KNN لە زاخۆ رایگەیاند کاتژمێر 11ی شەوی هەینی، رێکەوتی 30ی ئاب، لەکاتی وێنەگرتنی هەڵمەتی هەڵبژاردن هێرشکرایە سەرمان جەختیکردەوە" کۆمەڵێک بە بێ هۆ پەلاماریان داین و نەیانهێشت وێنەبگرین". عەبدوڵڵا ئەحمەد وێنەگری کەناڵەکە بە میترۆی وت"لە ئەنجامی ئەو توندوتیژییەی بەرامبەرمان ئەنجامدرا کامێراکەمان شکا".

•هادی ئەحمەد، پەیامنێری رۆژنامەی کوردستانی نوێ بە میترۆی راگەیاند شەوی هەینی 30ی ئاب، لەکاتی پەلاماردانی بنکەیەکی یەکێتی بریندارکرام. هادی وتی "پەلاماردەران دەیانزانی من رۆژنامەنوسم بەڵام بە بەبەرد هێرشیان بۆ هێنام و بریندار بوم دەیانوت دەبێت وێنەکان بسڕیتەوە".

•ئامانج ئیسماعیل پەیامنێری KNN بە میترۆی راگەیاند رۆژی هەینی 30ی ئاب لەکاتێکدا لەگەڵ وێنەگری کەناڵەکەیان سەرقاڵی روماڵکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن بوون لە لایەن چەند لایەنگرێکی لیستێکی هەڵبژاردنەوە لە ناو بازاڕی قەزای رانیە هەرەشەیان لێکراوە و رێگریان لێکردون وێنە بگرن وتی"پێیان وتین وێنەگرتن قەدەغەیە و لاچن لەم ناوە ئەمە وێڕای هەشەکردن".

•ئاراس عوسمان، پەیامنێری سایتی ئاوێنە بە میترۆی راگەیاند سەرلە بەیانی رۆژی شەممە 31ی ئاب، لە کاتی وێنەگرتنی بارەگای سەرکردایەتی پارتی لە شاری سلێمانی نزیکەی کاتژمێرێک دەستبەسەرکرام. وتی "دوو چەکدار پاش رێگریکردن، لەناو ئۆتۆمبێلێکدا بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دەستبەسریانکردم".

•ئەبوبەکرحسێن پەیامنێری کەناڵی KNN لە قەزای سەید سادق، بە میترۆی راگەیاند کاتژمێری 11ی پێش نیوەرۆی سێ شەممە 3 ی ئەیلول لە بانکی سیقەوە وێنەی کۆمیتەی یەکێتیمان دەگرت، بەرپرسانی ئەو بانکە رێگریان لێکردین وێنە بگرین. هەوەها هەلۆ سەعدولا وێنەگری کەناڵی KNN کە لەگەڵ ئەبوبەکر لەهەمان شوێندا بون بە میترۆی ووت"فشاریان بۆ دەهێناین کە ئەو گرتانە بسڕینەوە کە وێنەمان گرتون".

•عەبدولرەحمان ئەبوبکر پەیامنێری کەناڵی KNN لە شاری سلێمانی بە سەنتەری میترۆی راگەیاند کاتژمێر 9:15 دەقیقەی شەوی سێ شەممە 3ی ئەیلول لەکاتی پەلاماردانی بنکەی هەڵبژاردنی بزوتنەوەی گۆڕان من لەگەڵ تەلان کۆسرەتی وێنگری کەناڵەکەمان لەوێ بوین. وتی "

به دەبە و دار هێرشکرایە سەرم دەموچاوم بریندار کرا ".
•دڵشاد شەمسەدین پەیامنێری کەناڵی رێگا لەشاری دهۆک بە میترۆی راگەیاند رۆژی چوارشەممە 4ی ئەیلول لەگەڵ وێنەگری کەناڵەکەیان موشتاق نازم سەرقاڵی ئامادەکردنی هەواڵی بانگەشە هەڵبژاردن بوین کاتێک ئۆتمبێلێکی بێ ژمارە چەند کەسێکی تێدا بووە هەڵی کوتاوەتە سەریان. دڵشاد وتی"بۆتان نییە راپۆرت بکەن ئێرە دەوڵەتی پارتییە". موشتاق وتی "پەلامایان داین مایکی کامێراکەیان لێسەندین".
•بەختیار ئەحمەد پەیامنێری کەناڵی زاگرۆس و رادیۆی دەنگی کوردستان، بە میترۆی راگەیاند کاتژمێر 1:30 شەوی پێنج شەممە 5ی ئەیلول، لەکاتی روماڵکردنی روداوی تەقەکردنەکەی شەقامی توی مەلیک پەلامار دراوە. بەختیار وتی "جامی سەیارەکەیان شکاندم و چەند شوێنێکی تری سەیارەکەم زەرەری بەرکەوتوە" جەختیکردەوە" پەلاماردەران ئێمەیان دەناسی".
•هاوکار یاسین پەیامنێری کەناڵی گەلی کوردستان بە میترۆی راگەیاند کاتژمێر 9:45 شەوی هەینی 6 ئەیلول. لەگەڵ بەڵێن واحید وێنەگر لە کاتی روماڵکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن لە سەهۆڵەکە کۆمەڵێک کە ئالای لیستێکی دیارکراویان پێ بوو هێرشیان بۆ هێناین. وتی"بۆ ئەوەی گرفت دروست نەبێت لە و شوێنە نەماین بەڵام ئەوان وازیان نەدەهێنا".
•تارا بایز ئاغا پەیامنێری کەناڵی زاگرۆس بە میترۆی راگەیاند شەوی هەینی 6ی ئەیلول لەگەڵ وێنەگری کەناڵەکەیان بە ناوی دانەر عەبدولخالق بە دەبەی ئاو هێرشکراوەتە سەریان پاشان لێیان دراوە. تارا وتی" ئێستاش شوێنی دەبە ئاوەکان بە گیانی خۆم و وێنەگرەکەمانەوە دیارە".
•ئاوات محەمەد وێنەگری کەناڵی گەلی کوردستان بە میترۆی راگەیاند شەوی هەینی 6ی ئەیلول لە کاتی بەرنامەی راستەوخۆی کەناڵەکەمان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن، ئۆتۆمبێلێکی جۆری ئۆپترا دوو گەنجی تیا بوو تەقەیان بەسەرماندا کرد، پاشان خۆیان رایانکردو ئۆتۆمبێلەکەیان جێهێشت. هەروەها سۆزان ئومێد پەیامنێری هەمان کەناڵ سوکایەتی پێکراوە بە میترۆی وت" فشاریان بۆ هێنام سوکایەتیم پێکرا".
•ئاراس عوسمان کەریم، پەیامنێری سایتی ئاوێنە بە میترۆی راگەیاند شەوی چوارشەممە 11ی ئەیلولی لەبەردەم بارەگای لقی چواری پارتی لە شاری سلێمانی رێگری لێکراوە وتی" هێرشیان بۆ هێنام پێیان راگەیاندم بە هیچ شێوەیەک لەم شوێنەدا رەسم مەگرە".
•بەختیار ئەحمەد کاکە پەیامنێری کەناڵی KNN لە کەلار بە میترۆی راگەیاند رۆژی دوو شەممە 9ی ئەیلول لەگەڵ وێنەگری کەناڵەکەیان کەمال ئەحمەد محەمەد لە لایەن پۆلیسەوە لە نەخۆشخانەی کەلار دەستبەسەرکراون. بەختیار وتی" ئێمە بۆ راپۆرت لەسەر خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان چوبوین، رێگریان لێکردین ئینجا دەستبەسەر کریان". وێنەگری کەناڵکە بە میترۆی وت "بە ئەمری پۆلیس دەستبەسەر کراین و سوکایەتیمان پێکرا".
•مەریوان حەسەن پەیامنێری کەناڵی NRT لە شاری کەلار بە میترۆی راگەیاند رۆژی دوو شەممە 9ی ئەیلول لەگەڵ وێنەگری کەناڵکەیان عەلی عەبدوڵڵا چوون بۆ ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان لە نەخۆشخانەی کەلار لەوێ دەستبەسەر کراون. مەریوان وتی" پۆلیس هەڵسوکەوتی توندوتیژ بوو لەگەڵماندا، پشان وتیان بە ئەمری بەڕێوەبەر مەمنوعە روماڵی ئەو هەواڵە بکەن" وێنەگری کەناڵەکە بە میترۆی وت"دەرکراینە دەرەوەی نەخۆشخانە و سوکایەتیمان پێکرا".
•کامەران محەمەد سابیر پەیامنێری کەناڵی ئەلعیراقیە بە میترۆی راگەیاند رۆژی پێنج شەممە 12ی ئەیلول لەگەڵ هاوکارم ئارام عەبدولغەنی تەها وێنەگری کەناڵەکە لە ناو ئۆفیسی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان سوکایەتیان پێکردین و زانیاریان پێنەداین. کامەران وتی "تەنها داوام لێکردن ودەکاریمان پێبدات، بە ناشرینی وەڵامی داینەوە کە ئیتر نەچینە ناو کۆمسیۆن". ئارام وێنەگری کەناڵەکە جەختی لە زانیارییەکانی کامەران کردەوە بە میترۆی وت" زانیاریان پێنەداین مامەڵەکەیان ناشارستانی بوو ".
•عەبدو حەسەن پەیامنێری کەناڵی NRT لە قەزای سۆران، بە میترۆ راگەیاند رۆژی پێنج شەممە 12ی ئەیلول لەگەڵ وێنەگری هەمان کەناڵ محەمەد عەبدوڵڵا عەبدولرەحمان لە بازگەی سارداو دەست بەسەر کراون. عەبدە وتی"بە مەبەستی ئامادەکردنی راپۆرتێک لەسەر بانگەشەی هەڵبژاردن چوینە ئەو ناوچەیە پاش گەڕانەوەمان بەهەمان بازگەدا بۆ ماوەیەک دەست بەسەر کراین". محەمەد عەبدوڵڵا وێنگری کەناڵەکە جەختیکردەوە "پاش نیو کاتژمێر دەست بەسەرکراین تا پەیوەندی کرا بە قائیمقامی سۆران ئەوسا ئازادیان کردین".
•رەفعەت محەمەد قادر وێنەگری کەناڵی سپێدە لە قەزای سۆران بە میترۆی راگەیاند ڕۆژی پێنج

شەممە 12ی ئەیلول لە بازگەی سارداو دەست بەسەر کراون. وتی"لەبازگەکە دەست بەسەرکراین وتیان نابێت بە بێ ئاگاداری ئاسیش راپۆرت بکەن".
•دڵشاد ئەنوەرحەسەن پەیامنێری کەناڵی NRT لە دهۆک بە میترۆی راگەیاند رۆژی شەممە 14ی ئەیلول چوین بۆ روماڵکردنی خۆپیشاندانێکی خەڵک قەزای بەردەڕەش دژ بە کۆمپانیایەکی نەوت. راگەیاند ڕێنەدراین نزیکی خۆپیشاندەران بینەوە. دڵشاد وتی"هێزە ئەمنییەکان ڕێگریان لێکردین تەنها ئەو کەناڵانە روماڵیان دەکرد کە نزیک بون لە دەسەڵات".
•ئەیهان سەعید عومەر پەیامنێری کەناڵ KNN لە شاری دهۆک بە میترۆ راگەیاند رۆژی یەک شەممە 15ی ئەیلول لەبەردەم پارێزگای دهۆک لەگەڵ محەمەد سدقی ئەحمەد وێنەگری کەناڵی KNNلە ناو بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی دهۆک بۆ ماوەی 20 خولەک دەستبەسەرکراون. ئەیهان وتی"بەرپرسێکی پۆلیس قسەی ناشرینی پێ وتین پاشان بۆ ماوەی 20 خولەک دەستبەسەرکراین". محەمەد سدقی ئەحمەد بە میترۆی وت"تا دڵنیا بوون کە وێنەمان نەگرتوە ئینجا ئازادکراین".
•کەمال ئیبراهیم پەیامنێری کەناڵی کوردسات لە شاری سۆران بە میترۆی راگەیاند بە یاوەری هاوکارم جوتیار ئیسماعیل حسێن وێنەگری کەناڵی کوردسات لەشاری سۆران رۆژی دوو شەممە 16ی ئەیلول لەبەردەم یاریگای شارەکە رێگریان لێکراوە بەهەڕەشە لە و شوێنە دورخراونەتەوە. کەمال وتی"هێزە ئەمنییەکان هەڵیان کوتایە سەرمان بە هەڕەشەکردن وتیان نابێت وێنە بگرن." جەخیتکردەوە" شەوی 3ی ئەیلولیش لەناو شاری سۆران جامی ئۆتۆمبێلەکەیان شکاندم". وینەگری کەناڵەکەش بە میترۆی وت" ئێمە باجی رەسمیمان پێبوو ئەوان هەر رێگر بون لەوەی رەسم بگرین".
•میهڤان فەتاح پەیامنێری کەناڵی سپێدە بە میترۆی راگەیاند رۆژی یەک شەممە 15ئەیلول لەبەردەم پارێزگای دهۆک لەگەڵ ئازاد جلالەدین ئیبراهیم وێنەگری کەناڵەکیان دەستبەسەر کراون. میهڤان وتی" بەپاڵ و فشار براینە ناو دائیرەی پۆلیس پاش 20 دەقیقە ئینجا وازیان لێهێناین". ئازاد پرسیاریکرد"خۆ لە و شوێنە نەنوسراوە وێنەگرتن قەغەیە ئیتر بۆ مەنع دەکرێین" باسیلەوەشکرد ئەوان چون بۆ روماڵکردنی خۆپیشاندانی ئەو هاولاتیانەی داوای قەرەبودەکەنەوە لە فڕۆکەخانەی دهۆک دەکەن.
•ئەرکان فەتاح پەیامنێری کەناڵی رووداو لە سلێمانی بە میترۆی راگەیاند شەوی 15ی ئەیلول لەبەردە لقی چواری پارتی پاسەوانەکان کامێرایان لە وێنەگرکەیان رێباز قادر مستەفا سەندوە و وێنەکانیان سڕیوەتەوە. ئەرکان وتی"کامێراکەیان بە زەبری هێز برد مایک و ئینارکەشیان شکاند". رێباز بە میترۆی وت" کامێراکەیان بردو گرتەکانیان سڕیەوە ئینجا کامێراکەیان بۆ گەڕاندمەوە ".
•سیپان ئامێدی پەیامنێری کەناڵی NRT لە شاری دهۆک بە میترۆی راگەیاند رۆژی یەک شەممە 15ی ئەیلول لەگەڵ وێنەگری کەناڵەکەیان شۆڕشڤان سالم حەسەن چون بۆ روماڵکردنی خۆپیشاندانی ئەو هاولاتیانەی داوای قەرەبودەکەنەوە لە فرۆکەخانەی دهۆک پۆلیس هێرشی بۆ بردون. سیپان وتی" خۆپیشاندانەکە لەبەردەم بەڕێوەبەرێتی پۆلیس بوو پۆلیسەکان لێان داین نەیانهێشت وێنەبگرین" شۆرشڤان وتی" ئازاریان داین و کامێراکەیشم لەکار کەوت"
سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنوسان، ڕێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە لە ساڵی 2009 لە شاری سلێمانی لە لایەن کۆمەڵێک ڕۆژنامەنوسەوە دامەزراوە، لە ساڵی 2010 لە کۆنفرانسێکدا لە شاری هەولێر ئەندامانی بۆردی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردران .
بۆ پەیوەندیکردن:
ئاوات عەلی ڕێکخەری سەنتەری میترۆ – 07701435822
بەشی تۆمارکردن : 07708079999
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 20-09-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری بڵاوکراوە: | گۆڤار |
| زمان - شێوەزار: | کرمانجیی باکوور - تیپی لاتینی |
| وڵات: | TRتورکیا |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 753

## لە ساڵی 2008 تا کۆتایی 2013 لە سنووری سۆران 11 هەزار و 170 هاووڵاتی پێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122614490687065

بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی سنووری هەر چوار قەزای سۆران دەڵێت، لە ساڵی 2008 بانکی خانووبەرە لە سۆران کراوەتەوە و تا ئێستا 11 هەزار و 170 هاووڵاتی سنووری ئەو چوار قەزایە پێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتووە، بەڵام ئێستا بە بڕیارێکی فەرمی تا ساڵی نوێ و پەسەندکردنی بوودجەی 2014 پێشینەکان لە کوردستان ڕاگیراون.

بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرەی سۆران فەرهاد جەلال بە ماڵپەڕی زاری کرمانجی ڕایگەیاند، ئەمساڵ لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران،

مێرگەسوور، چۆمان، ڕواندز دوو هەزار و 159 هاووڵاتی پێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتووە، لە ساڵی 2008 بانکی خانووبەرە لە سۆران کراوەتەوە، لەو ساڵەوە تا ئێستا لە سنووری ئەو چوار قەزایە 11 هەزار و 170 هاووڵاتی پێشینەی خانووبەرەیان وەرگرتووە، بەڵام بە بڕیارێکی فەرمی دانی پێشینەکان ڕاگیراون تا ساڵی نوێ.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 754

## لە ساڵی 2012دا 89 ژن لە هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە و 357ی دیکەش سوتاون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013021808482082318

بەپێی ئامارێک، لە ساڵی 2012دا 89 ژن لە هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوەو 357ی دیکەش سوتاون.
هەولێر، ئاوێنەنیوز:بەپێی ئاماری مانگانەیبەڕێوبەرایەتیگشتی روبەڕوبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، کە لەلایەن سایتی وارڤینەوە کۆکراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی 2012دا 89 ژن لە هەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە و 357ی دیکەش سوتاون.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 755

## لە ساڵی 2013 لە کۆشتارگەی سۆران 11 هەزار و 936 ئاژەڵ سەر براون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010814362586774

چوار شەممە، 08 کانونی دووەم 2014 07:48
:ZKWبەرپرسی بنکەی ڤیتەرنەری سۆران دەڵێت، لە ساڵی 2013 لە کۆشتارگەی سۆران 11 هەزار و 936 ئاژەل سەر براون، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2012 ڕێژەی کۆشتنەوەی ئاژەڵ زۆر زیاد بووە.
بەرپرسی بنکەی ڤیتەرنەری سۆران دکتۆر سەیدەوان عومەر بۆ ماڵپەری زاری کرمانجی گوتی، لە ساڵی 2013 لە کۆشتارگەی سۆران هەزار و 618 مەڕ، 5 هەزار و 934 بزن 4 هەزار و 384 ڕەشەولاغ سەر پراون، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2012 ڕێژەی کۆشتەوەی ئاژەڵ لە کۆشتارگەی سۆران زۆر زیادی کردووە، هۆکاری زیادبوونەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە بۆنەکان ڕێژەیێکی زۆر لە ئاژەڵ دێنە کۆشتارگەی سۆران و دەکوژرێنەوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 756

## لە ساڵی 2013ـەدا لە سنووری قەزاکانی سۆران 10 پیاو کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140102150455586910

: ZKWلە ساڵی 2013ـەدا لە سنووری قەزاکانی سۆران 10 پیاو کوژراون، لەوانە 5 پیاو خۆیان کوشتووە، 4 حاڵەتی کوشتنی پیاو لەلایەن هاووڵاتیانی ترەوە بووە، حاڵەتەکەیش تریش بە هەڵە پیاوێک کوژراوە.
بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سۆران نەقیب محەمەد عەلی بە ماڵپەری زاری کرمانجی ڕایگەیاند، لە ساڵی 2013ـەدا لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران، چۆمان، مێرگەسۆر، ڕواندز، 10 پیاو کوژراون، لەوانە 5 پیاو خۆیان کوشتووە و 3 حاڵەت ئاشکرا کراون، کوشتنی پیاو 4 حاڵەت بووە، هەر چواریان ئاشکرا کراون، کۆشتنی بەهەڵە یەک حاڵەتە و ئەوەیش ئاشکرا کراوە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 757

## لە ساڵی 2014 کەمترین رێژەی توشبوون بە نەخۆشی سیل لە هەرێم تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032413055184976

وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، بەپێی ئامارەکان لەساڵی 2014دا کەمترین رێژەی توشبوون بە نەخۆشی سیل لەهەرێم تۆمارکراوە بەبەراورد بە پێنج ساڵی رابردوو.
بەپێی هەواڵێکی راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە تێیایدا هاتووە، پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ 24ی ئازاری 2015 لەشاری هەولێر بەئامادەبوونی د.رێکەوت حەمە رەشید، وەزیری تەندروستی و بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێرو پزیشکان و شارەزایان رۆژی جیهانی نەخۆشی سیل بەڕێوەچوو.
هەروەک هاتووە لەو مەراسیمەدا وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەپلان و بەرنامەی وەزارەت کرد بۆپێشگیری و کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی سیل لە هەرێم، بەتایبەت دانانی پرۆگرامێکی تۆکمە لەناوپەنابەران.
وتیشی: "نەخۆشی سیل یەکێکە لە هەڕەشەکانی سەر تەندروستی گشتی لە جیهان و

هۆکاری سەرەکی مردنە بەنەخۆشیە گوازراوەکان لە جیهان، بەگوێرەی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەساڵی 2013 دا 9 ملیۆن کەس لە جیهان توشی ئەو نەخۆشیە بونەو زیاتر لە 1،5 ملیۆن کەس بەو هۆیەوە مردوون ئەمە وتەی وەزیری تەندروستی بوو لەمیانی بەشداری کردنی لەمەراسیمەکەدا.
لە بەشێکی تری وتەکەیدا د. ڕێکەوت حەمە ڕەشید وەزیری تەندروستی ڕایگەیاند: "ئەگەر بەراوردی ئاماری ساڵەکانی ڕابردوو بکەین، خۆشبەختانە دەردەکەوێت ئەو نەخۆشییە ڕوو لەکەمبونەوەیەو کۆنترۆڵکردنی قورس نییە.
وتیشی: "لە ساڵی 2014 تەنها 944 حاڵەتی نەخۆشی سیل تۆمارکراووە لەکاتێکدا لە (5) ساڵی ڕابردوو ژمارەکە لە نێوان (1200_1100) نەخۆش بووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: تەندروستی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 758

## لە ساڵی ڕابردوو بە بڕی زیاتر لە 8 ملیار دینار لە ناحیەی دیانا چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری خراونەتە واری جێبەجێ کردن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140108141707867766

سێ شەممە، 07 کانونی دووەم 2014 08:44

ZKW : لە ساڵی 2013 لە سنووری ناحیەی دیانا بە بڕی 8 ملیار دینار پرۆژە خزمەتگوزارییەکان خراونەتە واری جێبەجێ کردن، هەندێک لەو پڕۆژانە کەوتوونەتە خزمەتی هاووڵاتیان و هەندێکی تریش لە قۆناغی جێبەجێ کردندانە و پرۆژەکانیش جۆراو جۆرن.
قایمقامی قەزای سۆران کرمانج عزەت بە ماڵپەڕی زاری کرمانجی ڕایگەیاند، دەستی ئاوەدانی بۆ قەزای سۆران و ناحیەکانی دەوروبەر بەردەوامە، تەنیا لە ساڵی 2013 لە سنووری ناحیەی دیانا بە گۆژمەی زیاتر لە 8 ملیار دینار کۆمەڵێک پرۆژەی خزمەتگوزاری خراونەتە واری جێبەجێ کردن، پرۆژەکانیش جۆراوجۆرن، لەوانە دروست کردنی ڕێگەوبانەکان و قیرتاوکردنی کۆڵانەکان و دروستکردنی قوتابخانە و گەیاندنی تۆری ئاوی خواردنەوە بۆ چەندین گەڕەکی ناحیەکە، کە هەندێک لەو پرۆژانە خراونەتە خزمەتی هاووڵاتیان و هەندێکی تریش لە قۆناغی کۆتایی دانە.

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 759

## لە ساڵی ڕابردوو بە گوژمەی زیاتر لە 10 ملیار دینار پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە خەلیفان خراونەتە واری جێبەجێ کردن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140102150739869088

پێنج شەممە، 02 کانونی دووەم 2014 08:38

ZKW : قایمقامی سۆران دەڵێت، لە ساڵی 2013 بە گوژمەی زیاتر لە 10 ملیار دینار کۆمەڵێک

پرۆژەی خزمەتگوزاری لە بوارە جیاجیەکان لە سنووری ناحیەی خەلیفان جێبەجێ کراون.
قایمقامی سۆران کرمانج عزەت بۆ ماڵپەڕی زاری کرمانجی گوتی، دەستی ئاوەدانی حکومەتی هەرێم بۆ گوند و ئاواییەکان بەردەوامە، ئەمساڵ تەنیا لە سنووری ناحیەی خەلیفان بە گوژمەی زیاتر لە 10 ملیار دینار کۆمەڵێک پرۆژەی خزمەتگوزاری لە بواری ڕێگەوبان و دروست کردنی پرد و گەیاندنی کارەبا و ڕاکێشانی تۆری ئاوی خواردنەوە لە سنووری خەلیفان خراونەتە واری جێبەجێ کردن.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 760

## لە ساڵی ڕابردوو زیاتر لە 485 هەزار گەشتیار سەرەدانی شوێنە گەشت و گوزارییەکانی سۆرانیان کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140108143656866773

چوار شەممە، 08 کانونی دووەم 2014 09:17

ZKW : بەڕێوەبەری گەشت و گوزاری سۆران دەڵێت، لە ساڵی 2013ـدا 485 هەزار و 119 گەشتیار سەرەدانی شوێنە گەشت و گوزارییەکانی سنووری هەر چوار شارۆچکەی سۆرانیان کردووە و ماونەتەوە، زۆربەی گەشتیارانیش لە ناوەڕاست و خوارووی عێراوە هاتوونە.
بەڕێوەبەری گەشت و گوزاری سۆران بارزان محەمەد بە ماڵپەڕی زاری کرمانجی ڕایگەیاند، لە ساڵی 2013 ڕێژەیێکی زۆر لە گەشتیاران سەرەدانی شوێنە گەشت و گوزارییەکانی سنووری هەر چوار شارۆچکەی سۆران، چۆمان، ڕواندز، مێرگەسۆریان کردووە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2012 ڕێژەی هاتنی گەشتیاران بۆ ناوچەکە 40% زیادی کردووە.
بارزان ڕوونیشی کردەوە، ئێستا لە سۆران و ڕواندز زیاتر لە 16 هۆتێل و مۆتێلی گەشتیاری دروست دەکرێن بە تەواو بوونیان ڕێژەی مانەوەی گەشتیاران لە ناوچەکە ڕوو لە زیاد بوون دەکات.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 761

## لە سلێمانی 2 ڕوداوی خۆخنکاندن تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130606104706783466

سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەپێی ئەو ئامارە کە ئەمرۆ، پێنجشەممە، وێنەیەکی تایبەت بۆ ئاوێنەنیوز نێردراوە، هاتووە، لەمانگی ئایاری ڕابردودا ئەم ڕوداوانە تۆمارکراوە، "شەڕکردن 335حاڵەت، دزیکردن 17حاڵەت، ئاگرکەوتنەوە هەشت حاڵەت، ڕوداوی هاتوچۆ 55حاڵەت، کوشتن بەڕوداوی جیاجیا سێ حاڵەت، نەخۆش 18حاڵەت، نەوجەوانان 19حاڵەت، دۆزینەوەی مرۆڤ 16حاڵەت، بریندداربون 12حاڵەت، ونبونی مرۆڤ دو حاڵەت، هاوکاری 78حاڵەت، جێبەجێکردنی فەرمانی دەستگیرکردن 11حاڵەت، دەست بەسەرداگرتنی کلاشینکۆف پێنج حاڵەت، دەستبەسەرداگرتنی دەمانچە شەش حاڵەت، خۆخنکاندن دو حاڵەت."
هەر بەپێی ئامارەکەی بەشی پۆلیسی فریاکەوتنی سلێمانی، لەمانگی ڕابردودا ئەم ڕوداوانە تۆمارکراوە، "دەستگیرکردنی سواڵکەر 35حاڵەت، گومانلێکراو دو حاڵەت، بەهانەوەچونی هاوڵاتیان 776حاڵەت، گیانلەدەستدان یەک حاڵەت، بێلانە دو حاڵەت، دەستبەسەراگرتنی ماتۆرسکیل دو حاڵەت، گردبونەوە سێ حاڵەت، دەستبەسەراگرتنی چەکی جۆری بادی دو حاڵەت، توندوتیژی

خێزانی دو حاڵەت، لافاو لەچوار گەڕەکدا تۆمارکراوە، دۆزینەوەی کەلوپەلی جۆراوجۆر دو حاڵەت و سەرپێچی هاتوچۆ دو حاڵەت تۆمارکراوە".
"هێزەکانی بەشی پۆلیسی فریاکەوتنی سلێمانی بەبەردەوامی و لەشە و رۆژدا مەفرەزەکانیان بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەرجەم شەقامەکانی شاری سلێمانی لەئامادەباشیدان لەکاتی رودانی هەر حاڵەتێک هاوڵاتیان دەتوانن لەڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی (104)بەبەردەوامی پەیوەندی بەم بەشەوە بکەن".
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-06-06

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 762

## لە سلێمانی 67 مەلەوانگە سزادراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111114015877910

بەپێی ئاماری شەش مانگی رابردووی لیژنەی مەلەوانگاکانی قایمقامیەتی سلێمانی سەردانی 818 شوێنیان کردووە و 67 پسوڵەی سەرپێچیان کردوە شوێنیشیان داخستوە.
لە لێدوانێکی نووسراودا کە وێنەیەکی بۆ خەندان ناردوە، بژار سابر سەلیم، سەرۆکی لیژنەی مەلەوانگاکان لە قایمقامیەتی سلێمانی رایگەیاندوە: لەماوەی شەش مانگدا لیژنەکەیان سەردانی 818 شوێنیان کردووە لە (مەلەوانگە، هۆڵی بلیارد، گەرماو، قومارخانە، یاریگاکان، غسل، هۆڵی لەش جوانی) بۆ دڵنیابون لە کارەکانیان لە رووی تەندروستی و نرخ و مۆڵەتی کارکردنەوە.
راشیگەیاندوە: بەردەوام رێنمایی دەدەنە خاوەنی ئە و شوێنانە کەپابەندی مەرج و رێنماییەکان بن کە مەبەست پاراستنی ئە و کەسانەیە کە رۆژانە سەردانیان ئە و شوێنانە دەکەن لە رووی پاک و خاوێنی و مۆڵەتی کارکردن و نرخەوە گونجاوبن، لەگەڵ داخستنی ئە و شوێنانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی کاری قوماری تێدا دەکرێت .
وتیشی: "مەبەستی لیژنەکەمان پاراستنی سەلامەتی هاوڵاتیان و کارئاسانی کردنی خاوەن شوێنەکانە کەخۆشبەختانە لە ئێستادا زۆربەی شوێنەکان مەرج و رێنماییەکان جێبەجێ دەکەن کە لەکۆی 818 سەردان 67 پسوڵەی سەرپێچی و دوو داخستن هەبوە لەبەرئەوەی پابەندی مەرجەکانی کارکردن نەبوون، ئەنجامی ئاماراکە دڵخۆشکەرە لەبەرئەوەی بەردەوام سەرپێچەکانیش لە کەمبونەوەدان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 763

## لە سلێمانی تا ئێستا 143 تەن گەنم وەرگیراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111109402987926

خەندان هێقی خالید
لە سلێمانی کۆتایی بە وەرگرتنی گەنم لە جوتیاران هات و تا ئێستا 143 تەن گەنم وەرگیراوە، کە

80 هەزار تەنی لە دەرەوەی سلێمانی و 63 هەزار تەنی لە ناو شاری سلێمانی بووە، بە سێ پلەش گەنم لە جوتیاران وەرگیراوە .
جەمال ئیسماعیل، بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی بە (خەندان) ی راگەیاند: لە ساڵی 2013 دا لە سنووری پارێزگای سلێمانی 143 تەن گەنم لە ڕێگەی پێنج بنکەوە لە جوتیاران وەرگیراوە، بنکەی سلێمانی کە سایلۆ بووە، بکەی سیروان، بکەی کەلار، بنکەی شارەزوور و بنکەی رانیە.
وتیشی: "لە بنکەکانی دەرەوەی شاری سلێمانی 80 هەزار تەن گەنم وەرگیراوە، لەبنکەی سایلۆی سلێمانیش 63 هەزار تەن وەرگیراوە، لە رۆژی پێنجشەممەوە گەنم لە گۆڕەپانی سایلۆی سلێمانیدا نەماوە، باران زیانی پێنەگەیاندوە، هەمووی براوەتە گەنجینەکانەوە و بەردەوام دەنێردرێت بۆ ئاشەکان."
راشیگەیاند: سێ پلەی گەنم هەیە، هەر پلەی بە نرخێکە، پلە یەکی تەنی بە 792 هەزار دینارە، پلە دووی 682 هەزار دینار، پلە سێی 572 هەزار دینارە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 764

## لە سلێمانی زیاتر لە 450 کۆمپانیای بیانی هەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140423205051759 45

خەندان- هێڤی خالید
لە شاری سلێمانی زیاتر 150 لقی کۆمپانیای تورکی و ئێرانی و زیاتر لە 300 کۆمپانیای بیانی هەن ئە و کۆمپانیایانەی لەوڵاتانی ئێران و تورکیادا کاردەکەن و گرنگی بە شاری سلێمانی دەدەن و لقیان هێناوەتە شاری سلێمانی زیاتر لە 150 کۆمپانیایە و 300 کۆمپانیایی بیانیش بونیان هەیە.
بەپێی ئامارێکی ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی کە تۆمار کراوە و وێنەیەکی بۆ (خەندان) نێردراوە ئاماژە بەوەدەکات " ژمارەی لقی کۆمپانیا تورکییەکانی شاری سلێمانی تا 2014/3/13 بریتییە لە 90 کۆمپانیا. کە لە بوارەکانی (بیناسازی، بەڵێندەرایەتی، وەبەرهێنانی خانوبەرە، پیشەسازی، کارەبایی، کەرەستەخۆراکی) کارەکانیان ئەنجام دەدەن، وە ژمارەی لقی کۆمپانیا ئێرانییەکان لە شاری سلێمانی تا 2014/3/13 بریتییە لە 84 کۆمپانیا لە بوارەکانی (خۆراکی، پیشەسازی، بیناسازی، کارەبایی)کاردەکەن".
هەر بەپێی ئامارەکە لە شاری سلێمانیدا" ژمارەی لقی کۆمپانیا بیانییەکان کە تا ئێستا لە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی تۆمارکراون 317 کۆمپانیایە."
لەئامارەکەی ژوری بازرگانیدا ئاماژە بەوەدەکات، کە ژمارەی ئە و کۆمپانیا بیانیانەی کە ئێستا لە شاری سلێمانیدا هەن لەم ژمارەیە زیاترە، ژمارەیەکیان ناویان تۆمارکردووە و کارەکانیان تەواو نەبووە، وەژمارەیەکیشیان لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی سلێمانییەوە تا ئێستا ئەوەلیاتیانمان بەدەست نەگەیشتووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 23-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 765

## لە سلێمانی لە ماوەی دوو مانگدا نزیکەی 14 هەزار تابلۆی ئۆتۆمبێل بە هاوڵاتیان دراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130317274182432

خەندان هەستیار
لەماوەی دوو مانگدا 13 هەزار و 909 تابلۆی ئۆتۆمبێل دراوە بە هاوڵاتیان و سەدا 50ی ئەو تابلۆیانەش بە ئۆتۆمبێلی جۆری تایبەت دراوە.
نەقیب مەریوان محەمەد ئەمین، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی سلێمانی بە (خەندان)ی ڕاگەیاند: لەماوەی دوو مانگدا بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی 13 هەزار و 909 تابلۆی ئۆتۆمبێلی داوە بە هاوڵاتیان، ئاماژەی بەوەشکرد، کە 50%ی ئەو تابلۆیانەش دراوە بە ئۆتۆمبێلی جۆری تایبەت.
ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو: لە ئێستادا بەردەوامن لە پێدانی تابلۆ بە هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبێل و لە سەرەتای ئەم مانگەشەوە رسوماتی ئۆتۆمبێل و گواستنەوەی خاوەندارێتی و نوێکردنەوەی ساڵانە بە ڕێژەی 5% زیادیکردوە، ئەو پرە رسوماتە زیادکراوەش دەخرێتە سەر سندوقی چارەسەرکردنی نەخۆشیی شێرپەنجە لە هەرێمی کوردستان .
لەلایەکی دیکەوە، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی لە ئاگادارینامەیەکدا، سەرجەم ئەو خاوەن ئۆتۆمبێل و ماتۆڕە دەست بەسەرداگیراوانە ئاگادار دەکاتەوە کە تاکو ئێستا ئۆتۆمبێل و ماتۆڕەکانیان لە گەراجی دەستبەسەرداگرتنە و مامەڵەی یاساییان بۆ نەکراوە بۆ وەرگرتنەوەیان و کاری یاسایی، لەماوەی مانگێکدا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بکەن بە پێچەوانەوە ئۆتۆمبێلەکانیان لە لایەن لیژنەیەکەوە هەڵدەوەشێنرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-03-03

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 766

## لە سلێمانی 34 هەزار کرێکاری دەستەبەرکراو هەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052822111676526

لەپارێزگای سلێمانی نزیکەی 34هەزار کرێکاری (زەمانکراو) دەستەبەرکراو هەن، لەکاتێکدا ژمارەی کرێکاران "زۆر لەوە زیاترە". بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/ سلێمانی، ئەوە روندەکاتەوە بەهۆی کەمیی رۆشنبیرییان هەندێجار کرێکاران خۆیان ڕێگردەبن لەوەی دەستەبەر بکرێن "دیارە ئەوەیان لەلا رون نییە ئەوەی قازانج دەکات لەدەستەبەرکردن، هەر کرێکاران خۆیانن."
ئا: ئاسۆ سەراوی
کرێکاری بیانیش دەستەبەر کراوە
بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/ سلێمانی ژمارەی کرێکاری دەستەبەرکراو، لەسنوری پارێزگای سلێمانی 33هەزار و 938 کرێکارە، زۆرینەی ئە و کرێکارانەش لەرەگەزی نێرن کە ژمارەیان 26هەزار 937 کرێکارە،هەرچی کرێکاری دەستەبەرکراوی رەگەزی مێینەشە ژمارەیان4هەزار646کرێکارە هاوکات ژمارەی کرێکارانی بیانیش کە دەستەبەرکراون بریتیە لە2هەزار355کرێکار.
بەپێی ئە و یاسایەی کرێکاری پێ دەستەبەر دەکرێت، کە بەیاسای خانەنشینی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ناسراوە،مانگانە 17%ی موچەی کرێکاران دەدرێتە بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران، کە12%یخاوەنکار دەیدات و 5%شی کرێکارەکەخۆی دەیدات.
17%ی موچەی کرێکارەکە بۆ دەستەبەرکردنە
بەپێی وتەی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران/ سلێمانی، شیروان

مەجید سادق،ئە و 17%ی کرێکاران مانگانە دەخرێتە ژمارەیەکی حسابی تایبەتەوە و لەسندوقێکدا هەڵدەگیرێتوبەهیچ جۆرێک حکومەت دەستکاری ئە و پارەیە ناکات "ئەوەی هەیە بۆ دروستکردنی بیناکەی خۆمان پارەمان لێدەرهێناوە وەک پرۆژەیەکی وەبەرهێنان، کە بەشێکمان لێداوەتە کرێ و پارەکەشی دەچێتەوە هەمان سندوق."
سودمەندیەکانی کرێکار لەدەستەبەرکردن
لەبەرامبەر ئە و 17%ی لەپارەی کرێکار وەردەگیرێ، کرێکاران کۆمەڵێک سودمەندبونیان هەیە، سەرەکیترنیان خانەنشینکردنیانە لە سێ حاڵەتدا. یەکەمیان ئەگەر کرێکارەکە لەکاتی کارکردندا گیانی لەدەستدا ئەوا راستەوخۆ خانەنشینی بۆ خێزانەکەی دەپردرێتەوە، دووەم حاڵەت، ئەگەر ئە و کرێکارە بەهۆی کارکردنەوە 35%ی جەستەی کەمئەندام بو ئەوا خانەنشینی بۆ دەپردرێتەوە، سێیەم حاڵەتیش ئەگەر کرێکارەکە گەیشتە تەمەنی خانەنشینی ئەوا وەکو فەرمانبەری دەوڵەت بۆی هەیە داوای خانەنشینبون بکات، ئەگەر کرێکارەکە لەکەرتی گشتی (حکومی) دامەزرا،ئەوا ئە و کاتە دەتوانێ داوای گواستنەوەی خزمەتەکەی بکات بۆسەر ئە و فەرمانگەیەی لێیدادەمەزرێ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کەمیی ئە و خانەنشینیەیە کە بۆ کرێکاران دەپردرێتەوە بەجۆرێک بەرزترین موچەی خانەنشینی 270هەزار دینارە و نزمترینیشی 200هەزار دینارە، تائێستا لەسنوری پارێزگای سلێمانی بەپێی وتەی ئە و بەڕیوەبەرە،189کرێکار خانەنشینیان بۆکراوەکە 137یان لەناو هەرێم بونو52 کرێکاریشیان لەدەرەوەی هەرێم بون "ئێمەش باش دەزانین ئە و پارەیەی کرێکاری پێ خانەنشین دەکرێت زۆر کەمە، بەڵام بەپێی یاسا هەر ئەوەندە دەکرێت."
ئەوانەی خاوەنکاریان نییە دەستەبەر ناکرێن
هەر بەپێی یاسای خانشینی کرێکاران، ئە و کرێکارانەی خاوەنکاریان نییە، دەستەبەرناکرێن، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری کرێکاران لەهەرێمدا خاوەن کاریان نییە، بەمەش بێبەش دەبن لەمافی دەستەبەرکردن، تائێستاش وەک شیروان مەجید دەڵێت "ئەوە گرفتێکە ماوە و پێویستی بەچارەسەکردن هەیە، چونکە ئەگەر کرێکار خاوەن کاری نەبێت، ئەی کێ 12%ی بدات، خۆ کرێکار خۆی ناتوانێ هەموی بدات."
شیروان مەجید ئەوەش روندەکاتەوە کە 8لیژنەیان هەیە،رۆژانە چواریان بەدواداچون بۆ کاری دەستبەرکردنی کرێکاران دەکەن ئە و دەڵێت "ئە و پرۆژانەی تائێستا دەستەبەرکراون ژمارەیان 13هەزار206پرۆژەیە."
کەی خاوەنکار دەدرێتە دادگا؟
ئەگەر خاوەنکارێک ئامادە نەبو کرێکارەکانی دەستەبەر بکات،ئەوا دواییەک دو جار ئاگادارکردنەوە، وەک ئە و بەڕیوەبەرە جەختی لەسەر دەکاتەوە "دەدرێتە دادگای کار".دەستەبەرکردنی کرێکار نەک بەتەنها بۆ خودی کرێکار،بەڵکو وەک شیروان مەجید ئاماژەی پێدەکات، بۆ خاوەنکاریش سودمەندی هەیە، ئە و دەڵێت"ئەگەر کرێکاربەهۆی کارەکەیەوە توشی روداوێک بووبەهۆیەوە گیانی لەدەستدا ئەوا ئە و کاتە ئەگەر هۆکارەکانی سەلامەتی کاری بۆ دابینکرابو بەرپرسیارێتی گەورە ناکەوێتە ئەستۆی خاوەنکارەکە، جگەلەوەش ئە و کرێکارە لەلایەن حکومەتەوە خانەنشینی بۆ دەپردرێتەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 28-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 767

**لە سنوری ڕاپەڕین ڕێژەی توندوتیژی خێزانی و خۆسووتاندنی ژنان زیادیکردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140711161100076965

کامەران عەبدە ساڵح
بەپێی تازەترین ئامارەکانی پۆلیسی راپەرین، لەسنوری رانیە و ناوچەکانی دیکەی سنوری ئیدارەی راپەرین، رێژەی خۆسوتاندن و توندوتیژیی خێزانی دژ بە ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە.
نەقیب مستەفا محەمەد، وتەبێژی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەرین، بە خەندان-ی راگەیاند: لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، 283 حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ژنان تۆمارکراون.
نەقیب مستەفا ڕوونیشیکردەوە، لەنێو ئاماری توندوتیژیدا دژ بە ژنان لە و شەش مانگەدا، 14 حاڵەتی سوتان و خۆسوتاندن، 86 حاڵەتی شەڕکردن و لێدان، 58 حاڵەتی هەڕەشەلێکردن و 10 حاڵەتی دەرمانخواردکردن بەدیدەکرێن.
وتیشی: لەکۆی 13 روداوی کوشتن کە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لەسنوری بیتوێن و پشدەر تۆمارکراون، دوان لە قوربانییەکان ژن بوون .
ئاماژەی بەوەشدا، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی حوزەیران، 7 دۆسیەی ناپاکیی خێزانیی لای بنکەکانی پۆلیس تۆمارکراون، کە بەشێکیان تائێستا یەکلا نەکراونەتەوە.
وتەبێژی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەرین ئاشکرایکرد، بەهۆی سەرجەم روداوەکانی شەش مانگی رابردووی سنوری راپەڕین، 1140 کەس دەستگیرکراون و ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵ کراوە.
رونیشیکردەوە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2013، روداوەکانی پەیوەست بە توندوتیژی دژ بە ژنان لە ناوچەکە زیادیکردووە، بەوپێیەی لە 12 مانگی ساڵی رابردوو، 272 روداو تۆمارکراون، بەڵام ئەمساڵ تەنها لە شەش مانگدا 283 ڕوداو هەبووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

| | |
|---|---|
| شارەکان: | رانیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 768

## لە سنووری ئیدارەی راپەڕین نزیکەی 10 تەن لە گەنمی وەرگیراوی جوتیاران لە ناوەندی وەرگرتنی گەنم و جۆ لە ناحیەی چوارقوڕنە تەڕ دەبێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150908143549885988



خەندان - هەردی حەسەن
بە هۆی باران بارینەوە لە سنووری ئیدارەی راپەڕین نزیکەی 10 تەن لە گەنمی وەرگیراوی جوتیاران لە ناوەندی وەرگرتنی گەنم و جۆ لە ناحیەی چوارقوڕنە تەڕ دەبێت.
ئەندازیاری کشتوکاڵی ساڵح حسێن بەڕێوبەری کشتوکاڵی رانیە بە خەندانی راگەیاند: "لە سنوری ئیدارەی راپەڕین لە ماوەی دوو رۆژدا 36 کاتژمێر باران باریووە کە کۆی گشتی ئە و بارانە 17 ملم بووە بە و هۆیەشەوە لە کۆی 25000 تەن گەنم نزیکەی 10 تەنی لە ناوەندی وەرگرتنی گەنم و جۆ لە ناحیەی چوارقوڕنە تەڕبووە."
وتیشی: "لە سەرەتای پرۆسەی وەرگرتنی گەنم و جۆ لە جوتیاران 48500 تەن گەنم لەم ناوەندەدا وەرگیراوە کە خۆشبەختانە 23500 تەن گەنم رەوانەی ئاشەکانی سلێمانی کراوە، بەڵام تەواونەکردنی سایلۆی چوارقوڕنە بۆتە هۆکار کە ئەم برە گەنمە لە و دەشتەدا کۆکراوەتەوە کە مەترسی خراپ بوونی لێ دەکرێت و بە هۆی بارانی چەند رۆژی

رابردووەوە بەشێکی لێ تەڕبووە."
بەڕێوبەری کشتوکاڵی رانیە ئاماژەی بەوەشکرد کە، "سایلۆی چوارقورنە لە 90%ی کارەکانی تەواو بووە بە هۆی قەیرانی داراییەوە کارەکان تێیدا راگیراوە بۆیە پێویستە ئیدارەی ناوچەکە هەوڵی جدی بدەن کە بودجەیەک بۆتەواوکردنی سایلۆکە پەیدابکەن بۆئەوەی لە داهاتوودا بەهۆی بارانەوە ئە و ڕەگەنمەی کە ماوە تەڕنەبێت."
جێی باسە دوێنێش خەندان لە هەواڵێکی وێنەییدا ئەوەی بڵاوکردەوە کە لە قەزای سەیدسادق بەهەمانشێوە بەهۆی باران بارینەوە پرێکی زۆر لە گەنمی جوتیاران زیانی بەرکەوتووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-09-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
شارەکان: رانیە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 769

## لە سنووری هەرچوار قەزای سۆران 360 مزگەوت و 300 وتاربێژ بوونیان هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130711160129896O6

بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران دەڵێت، لە سنووری هەرچوار قەزای سۆران 360 مزگەوت بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی بۆتە کێشە بۆ ئێمە کەمی مامۆستای وتار بێژە لە مزگەوتەکان.
بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران مامۆستا وەیسی سەعید بۆ ماڵپەڕی زاری کرمانجی دەڵێت، لە سنووری هەر چوار قەزای سۆران، چۆمان، رواندز، مێرگەسۆر، 360 مزگەوت دەبینرێن، لەو رێژەیە تەنیا لە رۆژی هەینی لە 300 مزگەوتدا وتاری هەینی بەڕێوە دەچن، لە 60 مزگەوتدا بەهۆی نەبوونی وتار بێژی باش تا ئێستا نەمان توانیوە وتار تێدا بخوێنینەوە، بەڵام لە هەوڵداین ئەگەر مامرستای ئاینیشمان بە دەست نەکەوت، کەسانی شارەزا لە ئایین بهێنین و لەو مزگەوتانە وتار بلێنەوە، چونکە لە هندێک گوند مزگەوت هەیە، وتار بێژ نیە، بۆیە خەڵکەکەی ئەو گوندە ناچارن بۆ نوێژی هەینی بچنە گوندێکی تر، بۆیە داوامان کردووە ئەگەر مامۆستایش نەبێت، کەسانی شارەزا لە دین بۆ ئەو مزگەوتانە دابین بکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی زاری کرمانجی - 2013-07-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 770

## لە سێ رۆژدا 12 ڕووداوی هاتووچۆ لە دهۆک روویداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150330212411185064

ڕەڤەند گوهەرزی
بەرپرسی راگەیاندنی هاتووچۆی پارێزگای دهۆک: لە ماوەی سێ رۆژدا 12 ڕووداوی هاتووچۆ لە

سنووری پارێزگاکە روویداوە و 28 قوربانی لێکەوتووتەوە و دوو لەوانە دایکێک و کچەکەی بوون .
رائید ئازاد تەها، بەرپرسی راگەیاندنی هاتووچۆی پارێزگای دهۆک، بە خەندانی راگەیاند: "لە ماوەی سێ رۆژدا لە سنووری پارێزگای دهۆک 12 رووداوی هاووچۆ روووویانداوە و زەرەروزیانی گیانی و ماددی زۆری لێکەوتووتەوە."
رائید ئازاد تەها وتی: "لە رۆژانی 25-26-27ی ئەم مانگە لە دەووروووبەری شاری دهۆک دوازدە رووداوی هاتووچۆ روووویاندوە کە زۆربەی ئە و ئۆتۆمبێلانە بارهەڵگر و تەکسی بوون."
وتیشی: "زۆربەی ئە و رووداوانە بە هۆی پابەندنەبوونی شۆفێران بە رێنماییەکانی هاتووچۆ روویانداوە."
بەرپرسی راگەیاندنی هاتووچۆی پارێزگای دهۆک، رایشیگەیاند : "بە داخەوە لە ئەنجامی ئە و رووداوانەدا شەش کەش گیانیان لە دەستدا کە دوانیان پیاو بوون و چواری تریش ژن بوون، دوو لەوانە دایکێک و کچەکەی بوون و 22 کەسیش بریندارببوون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | 🚗رووداوی هاتووچۆ |
| جۆری ئامار و راپرسی: | سەرپێچی |
| شارەکان: | دهۆک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 771

## لە سێ مانگدا 28 گەریلا و 66 سەربازی تورکیا کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013032822242380032

هاوڵاتی
بەپێی ئامارێکی هێزەکانی پاراستنی گەل هەپەگە (باڵی سەربازی پەکەکە) لەسەرەتای ئەمساڵەوە 28 گەریلا گیانیان لەدەستداوە و 66 سەربازی تورکیاش کوژراون، لەمیانەی شەرو پێکدادانەکاندا.
ئاژانسی فورات نیوز لەهەواڵێکدا بڵاویکردوەتەوە کە ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل ئەمرۆ پێنج شەممە ئاماری شەرو پێکدادانەکانی سێ مانگی رابردووی ئەمساڵی بڵاوکردوە، بەپێی ئامارەکە سوپای تورکیا19 ئۆپەراسیۆنی زەمینی، 17 هێرشی ئاسمانی، 17 هێرشی تۆپباران و جارێکیش بە کۆپتەر هێرشی کردوەتە سەر هەرێمەکانی گەریلا.
هەربەپێی ئامارەکە لە سەرجەم شەڕ و ئۆپەراسیۆنەکاندا (66) سەرباز و پۆلیسی تورک کوژراون و لە سەرجەم پێکدادان و هێرشە ئاسمانییەکانی سوپای تورکیاشدا (28) گەریلا گیانیان لەدەستداوە.”
.28ئازار 2013 18:49

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 772

## لە سێ مانگی رابردوو هەشت هەزار پەنابەری خۆرئاوا روویان لە هەرێم

**کردووە**
http://www.kurdipedia.org/?q=20140410152903100389
خەندان-ڕەهێل سەمەد
بەوتەی بەرپرسانی هەرێم لەکاتی ئێستا ڕێژەی پەنابەرانی خۆرئاوا لەهەرێمی کوردستان دەگاتە 226 هەزار کەس، کە بەتەنها لەماوەی سێ مانگی رابردووی ئەمساڵ هەشت هەزاریان روویان لە هەرێمی کوردستانەوە و ڕۆژانەش هاتنی پەنابەران بەردەوامە.
ئەمڕۆ(10ی نیسانی 2014)لەشای هەولێر کۆبونەوەیەک لە نێوان بەرپرسانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم وun لەبارەی پەنابەران بەڕێوەچوو.
دوابەدوای کۆبونەوەکەش د.دیندار زێباری جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ کاروباری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند: کۆبونەوەکەی ئەمرۆیان بەمەبەستی هاوکاریکردنی زیاتری ئاوارەکان بوو لەلایەن حکومەتی هەرێم و نەتەوە یەکگرتوەکانەوە و لە و کۆبونەوەیە باس لەکێشە و گرفتەکان کرا.
وتیشی، دواین ڕێژەی پەنابەرانی ئاوارەکانی خۆرئاوای کوردستان لەهەرێمی کوردستان دەگاتە 226هەزار کەس کە بەتەنها لەمساڵدا هەشت هەزاریان هاتونەتە هەرێمی کوردستانەوە و ڕۆژانەش هاتنی پەنابەران بەردەوامە.
د.دیندار زێباری وتیشی، لەکۆبونەوەکەدا باس لە دەروازەی سنوری فیشخابور کراوە کە هەمیشە کراوەبوە بەرووی پەنابەران، بەجۆرێک بەتەنها لەم مانگەدا 800کەس لە و سنورەوە هاتونەتە هەرێمی کوردستان.
ئەوەشی خستەروو، ئەمرۆ لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتوەکان باسیان لە کاریگەریەکانی ئە و قەیرانە داراییە کردوە کە بەهۆی خراپی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ناوەند و رووی لەهەرێمی کوردستانکردوە، ئەوەشیان بۆروونکراوەتەوە کە حکومەتی ناوەند هیچ هاوکاری ئاوارەکان ناکات و داوی هاوکاری لە نەتەوە یەکگرتوەکان کراوە هاوکاری هەرێم بکات لە و بارەیەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 773
## لە سەرپێچیدا سلێمانی لە ریزی پێشەوەی پارێزگاکانی دیکەیە
http://www.kurdipedia.org/?q=20140419114946758797
خەندان عەلی ناجی
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاشکرایکرد کە پارێزگای سلێمانی لە سەرپێچیکردنی بانگەشەی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە پێش پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستانەوەیە.
قاسم دەراجی، یاریدەدەری سەرۆکی بازنەی هەڵبژاردن بۆ کاروباری هونەری و سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: لیژنە هەمیشەییەکانی تایبەت بە چاودێریکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، سەرجەم پێشێلکارییەکانی ئە و بانگەشەیەی چاودێری کردووە و بەپێی ئامارەکانی بەردەستی، تا 12ی ئەم مانگە 37 سەرپێچی لە پارێزگای سلێمانی تۆمار کراوە و لەپێش پارێزگاکانی دیکەی هەرێمەوەیە.
سەبارەت بە پارێزگا و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، قاسم دەراجی بەپێی ئامارەکانی بەردەستی لیژنە هەمیشەییەکانی تایبەت بە چاودێریکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی

پارێزگاکان ئاشکرایکرد کە لە پارێزگای دهۆک 31 و لە هەولێری پایتەختیش 18 سەرپێچی تۆمار کراون.
سەرپرشتیاری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان وتیشی کە لیژنە هەمیشییەکانیان بەردەوامن لە چاودێریکردن و تۆمارکردنی سەرپێچی و پێشێلکارییەکان و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی کۆمسیاران تا پری ئە و سزا ماددییە دیاری بۆ ئە و لایەنە دیاری بکرێت کە سەرپێچیی کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 774

## لە شارەزوور 29 کەس بە مادەی هۆشبەرەوە گیراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010512521584528



لەماوەی ساڵی 2014 دا لە ناوچەکانی سەر بە قەزای شارەزوور، 29 کەس کە تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 30 ساڵیدا بووە بە مادەی 14 موخەدەرات دەستگیرکراون.
بە گوێرەی راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: لەماوەی ساڵی 2014 دا 29 کەس کە سەرجەمیان لە رەگەزی نێربوون و تەمەنیان لە نێوان 15 بۆ 25 ساڵیدابووە بە مادەی 14 مخەدەرات دەستگیرکراون.
راشیگەیاندوە، ئە و تۆمەتبارانەی دەستگیرکراون 20یان کوردی عیراقین و نۆ کەسیان ئێرانی بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 775

## لە شەش مانگدا 13 کەسی بەتۆمەتی کێشانی تلیاک دەستگیرکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013063012394789755

هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزوور، لەماوەی شەش مانگی رابردودا 13 کەسیان بە تۆمەتی کێشان و بازرگانی کردن بە مادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکردوە، کە پێنجیان ئێران و هەشت کەسیان عیراقین.
لە راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەزووردا کە وێنەیەکی بۆ (خەندان) نێردراوە، تیایدا هاتووە: لەماوە شەش مانگی رابردودا لە سنووری قەزای شارەزوور 13 کەس بە تۆمەتی کێشان و بازرگانی کردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە بەپریاری دادوەری لێکۆڵینەوەی

بەڕێوەبەرایەتیەکەیان بەپێی مادەی 14 موخەدەرات دەستگیرکراون کە پێنجیان بە رەگەز ئێرانین و هەشتیان عیراقین.
هەروەک لە راگەیەندراوەکەدا هاتووە: دوای رەوانەکردنی دۆسیەکەیان بۆ دادگای تاوانەکانی سلێمانی، سەرجەمیان سزادراون بە جۆرێک هەشت لە و تۆمەتبارانە سزادراون بە زیندانی کردنیان لە نێوان چوار مانگ بۆ دوو ساڵ، پری ئەو مادەیەش دەستی بەسەردا گیراوە 12 گرام و 61 سەنت بووە.
سەرچاوە:ماڵپەڕی خەندان - 2013-06-30

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 776

## لە شەش مانگدا 19 پێشێلکاری بەرامبەر بەرۆژنامەنوسان کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141209212508781 81

هێمن مامەند
سەرۆکی لیژنەی داکۆیکردن لەمافی رۆژنامەنوسان رایدەگەیەنێت لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ 19 حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر بەرۆژنامەنوسان کراوە و لەنێویشیاندا هەرەشەی کوشتن و داخستنی کەناڵیشی تێدایە و ئاماژەش بەوە دەکات هێشتا راپۆرتی شەش مانگی کۆتایی ئەمساڵیان نەنوسیووە.
جەمال حسێن، سەرۆکی لیژنەی بەرگریکردن لەمافی رۆژنامەنوسان تایبەت بەخەندانی راگەیاند" لەشەش مانگی ئەمساڵدا واتە لە2014/1/1 تا 2014/6/30، نۆزدە حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر بە 38 رۆژنامەنوس کراوە."
جەمال حسێن ئاماژەی بەوەشکرد" لەکۆی ئە و ژمارەیە دوو حاڵەتی کوشتن و پێنج حاڵەتی راگرتن (توقیف) هەیە و داخستنی کەناڵی ئاژانسی دیجلە و گۆڤاری رۆژی وڵات-یش هەن.
سەبارەت بەهۆکاری بڵاونەکردنەوەی راپۆرتەکانی پێشێلکاری لەماوەی ئەمساڵدا، جەمال حسێن وتی" هۆکارەکە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێک لەوانەی پێشێلکارییان بەرامبەر رۆژنامەنوسان کردووە، ناویان هاتووە و ئێستا لە بەرکانی جەنگن و ئەمەش نەدەکرا لە و کات و ساتەدا و لە و دۆخە ئەمنیە، ئە و راپۆرتە بڵاوبکەینەوە".
لەبارەی راپۆرتی کۆتایی شەش مانگی ئەمساڵیش وتی کە هێشتا راپۆرتەکە نەنوسراوە، بەڵام بەم نزیکانە ئامادەی دەکەن .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 777

## لە شەش مانگدا زیاتر لە سێ هەزار منداڵ لە دایک دەبن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150712134741857 28

رۆژنیوز - زاهیر ئیبراهیم

بەڕێوبەرایەتی نەخۆشخانەی لە دایک بوون و منداڵانی سۆران، ئاماری شەش مانگی ڕابردووی لەدایکبوون و مردنی لە نەخۆشخانەکەیان ڕاگەیاند. بەپێی ئامارەکەی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی سۆران، لە ماوەی شەش مانگی سەرەتای ساڵی 2015 دا 3006 منداڵ لەدایکبوون، کە لەو ژمارەیە 1553 منداڵیان لە ڕەگەزی نێر و 1453 منداڵیشیان لە ڕەگەزی مێ بوون." هەر بەپێی ئامارەکەی نەخۆشخانەی لەدایکبوونی سۆران، 792 منداڵ بە نەشتەرگەری لە دایکبوون و 48 منداڵیش بەمردوویی لە دایکبوون، 37 منداڵیش بە دووانە لە دایکبوون. ئەگەرچی بەرپرسانی تەندروستی سۆران رایدەگەیەنن، تاڕادەیەک گرفتی کەمی دەرمان لە نەخۆشخانەی لە دایکبوون چارەسەربووە، بەڵام ئەوهاوڵاتیانەی سەردانی نەخۆشخانەکە دەکەن، ئاماژە بۆئەوەدەکەن کە دەرمانێکی زۆرکەم لەو نەخۆشخانە هەیە و بۆچەند جۆرێکی سەرەتایی روو لەبازاردەکەن. جێگای باسە هەفتەی ڕابردوو رۆژنیوز لە چەند راپۆرتێکدا ئاماژەی بە کێشەتەندروستیەکانی سۆران کردوو بەرپرسانی هێنایە دەنگ، ئەمە وێڕای ئەوەی وەزیری تەندروستی لەسەر ناڕەزایی هاوڵاتیان سەردانی ئەو شارەی کرد و لە نزیکەوە چاوی کەوت بەبەرپرسانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان و بەڵێنی چارەسەرکردنی بەهاوڵاتیاندا.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: ✎تەندروستی

شارەکان: سۆران

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 778

## لە شەش مانگی رابردودا 365 هەزار سەر ئاژەڵ لە هەرێمی کوردستان سەرپڕاون

http://www.kurdipedia.org/?q=20130718124728895540

بەتەنها لەشەش مانگی رابردودا زیاتر لە 365 هەزار سەر ئاژەڵی جۆراوجۆر لەسەرجەم گۆشتگەکانی هەرێمی کوردستان سەرپڕاون و زیاتر لە 30 هەزار تۆن گۆشتی سور بەرهەم هاتوە.
ئاوێنەنیوز: بەرێوەبەری راگەیاندن لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری، د.ئازاد خۆشناو، ئەمڕۆ، پێنجشەمە، ئاشکرایکرد، پارێزگای سلێمانی پشکی شێری بەرکەوتوە لەبەرهەمی گۆشتی ئەم ئاژەڵە سەرپڕاوانەدا بەجۆرێک کەتەنها لەگۆشتگەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا 166 هەزار سەر ئاژەڵی جۆراوجۆر سەرپڕاوە. وتیشی، پشکی دوەم بەر هاوڵاتیانی شاری هەولێر کەوتوە بەجۆرێک کە 115 هەزار سەر ئاژەڵی جۆراوجۆر لەسەرجەم گۆشتگەکانی سنوری پارێزگای هەولێر سەرپڕاون و لەبازارەکانی شارەکەدا ساغ کراونەتەوە.
د. ئازاد راشیگەیاند، پشکی سێیەم بەر هاوڵاتیانی شاری دهۆک کەوتوە و لە و شەش مانگەدا 92 هەزار سەر ئاژەڵی جۆراوجۆر سەرپڕاوە، بچوکترین پشکیش بەر هاوڵاتیانی دەڤەری گەرمیان کەوتوە کە 18 هەزار سەر ئاژەڵ سەرپڕاوە.
بەرێوەبەری راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری وتیشی، لەشەش مانگی رابردودا 312 لاشەی ئاژەڵی جۆراوجۆر کە بۆ خواردنی مرۆڤ نەشیاوە لەسەرجەم گۆشتگەکانی هەرێمی کوردستاندا رەفزکراونەتەوە و سوتێندراون.
لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەئیدارەی گەرمیانەوە 27 گۆشتگەی ئاژەڵی هەیە کە سێ لە و گۆشتگانە مۆدێرنن و دەکەونە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 18-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 779

**لە شەش مانگی رابردوودا لە کۆیە 15 کەس گیانیان لە دەست داوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140709161643769 39

کاردۆ محەمەد

لە شەش مانگی رابردوودا و بەهۆی رووداوە جۆربەجۆرەکانەوە، لە سنووری قەزی کۆیە 15 کەس گیانیان لە دەست داوە.

ئەمڕۆ لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، شۆرش کاکە بەڕێوەبەری هاتوچۆی کۆیە وتی: "لەماوەی شەش مانگی رابردوودا لەسنوری قەزای کۆیە 139 رووداوی هاتووچۆ روویداوە."

وتیشی: "بەم هۆیەوە 10 هاوڵاتی گیانیان لەدەست داوە و 153 کەسی تریش برینداربوون."

شۆرش کاکە ئاشراشیکرد کە "رووداوەکانی هاتوچۆ لەچاو شەش مانگی ساڵی رابردوو کەمی کردووە، بەڵام بەداخەوە ژمارەی گیان لەدەست دان زیادی کردووە."

لەلایەکی ترەوە عەمید محەمەد سەعید بەڕێوەبەری بەشی بەرگری شارستانی کۆیە لە لێدوانێکدا بۆ خەندان وتی: "لەماوەی شەش مانگی رابردوودا 267 روداوی ئاگرکەوتنەوە لە سنورەکەمان رویداوە."

عەمید محەمەد وتیشی: "بەم هۆیەوە 5 هاوڵاتی گیانیان لەدەست داوە و 12 هاوڵاتی ترش برینداربوون، سەرەڕای سوتانی 515 دۆنم زەوی لە پوش و پاوەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: کۆیە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 780

**لە شەڕی نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و داعش کە 112 رۆژی خایاند، بەپێی ئامارەکانی روانگە 1313 چەکدار لە هەردوولادا کوژراون**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150126155855676 29

بەپێی راگەیەندراوێکی روانگەی مافەکانی مرۆڤ لە سوریا، لە 6ی تشرینی یەکەمی 2014، داعش بۆ یەکەمجار ئاڵا رەشەکەیان لە دەوروبەری کۆبانێ هەڵکرد و لە شەڕی نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و داعش کە 112 رۆژی خایاند، بەپێی ئامارەکانی روانگە 1313 چەکدار لە هەردوولادا کوژراون، کە 979یان چەکداری داعشن و لەوانەش 38 چەکداریان کردەوەی خۆکوژییان ئەنجامداوە، لەبەرانبەریشدا 324 شەڕەڤانی یەپەگە شەهیدبوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش

جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ

شارەکان: کۆبانی
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 781
## لە قەڵادزێ تا ئێستە 7 گەنجی ئەو شارە چوونەتە نێو داعش و 10 بەو تۆمەتە گیراون
http://www.kurdipedia.org/?q=2014082412593466945



هەفتەی ڕابردوو 2 برا و خێزانی یەکێ لەو برایانە کە دانیشتووی قەڵادزێن، لە ڕێگەی هەولێرەوە پێوەندی بە چەکدارانی داعشەوە دەکەن و بۆ جیهادکردن دەچنە موسڵ.
ڕەحیم عەلی و ڕۆستەم عەلی بران، تەمەنیان لە نێوان 20-30 ساڵیدایە، دەچنە نێو داعش، جگە لەوەی ڕۆستەم خێزاندارە، خێزانەکەشی لەگەڵ خۆی دەبات.
سەرچاوەیەکی نزیک لەو دوو برایە بە(باسنیوز)ی ڕاگەیاند 'ئەو دوو برایە کە دانیشتووی گەڕەکی (مام قاسم)ن، خاوەنی کتێبخانەی (جودی) بوون لە ناو بازاڕی گشتی قەڵادزێ و زیاتر بیروباوڕێکی توندڕەوی ئاینیان هەبووە، هەفتەی ڕابردووش لە شاری هەولێرەوە چوونەتە موسڵ و لەوێشەوە پێوەندی بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش دەکەن.'
گوتیشی 'ئەو دوو برایە ماوەیەک پێش ئەوەی بچنە نێو داعش، چوونەتە ناحیەی پیرەمەگرون و لەوێشەوە بەرەو هەولێر هاتوون، دواتر لە سنووری پارێزگای هەولێرەوە چوونەتە شاری موسڵ.'
سەرچاوەیەکیش لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی قەڵادزێ بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند 'ئێستە 10 گەنجی قەڵادزێ بەهۆی هەوڵدانیان بۆ چوونە نێو داعش دەستگیر کراون و 7 گەنجی قەڵادزێش ئێستە لەناو چەکدارانی داعشن.'
)باسنیوز) بۆ ئەم مەبەستە پێوەندی بە مەلا موسا عەلی براکەیانەوە کرد 'بەڵام پێوەندییەکەی بەردەست نەبوو.
باسنیوز

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 782
## لە گەرمیان 23 کەس بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2015060713522569561
ڕۆژنیوز ـ هۆشمەند کوردی

پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان ئاماری پێنج مانگی ڕابردووی ڕووداوەکانی هاتووچۆی گەرمیان ئاشکرا دەکات و ڕاشی دەگەیەنێت: هاتنی ئاوارە عەرەبەکان لۆدێکی زۆریان خستووەتە سەر ڕێگا و بانەکانی گەرمیان کە بووەتە هۆی زۆری ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە دەڤەرەکە .نەقیب کارزان مەجید، بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان ئاماری پێنج مانگی ڕابردووی بەڕێوەبەرایەتیەکەیانی بۆ ڕۆژنامەنوسان ڕاگەیاند و وتی:" لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا لە سنوری گەرمیان 144 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویانداوە کە بە هۆی 244 ئۆتۆمبیلی گەورەو بچوکەوە ڕوویانداوە و لەو ئامارە 89 ئۆتۆمبیل توشی ڕووداوی پێکدادان بوون و سێ ڕووداوی وەرگەڕانیش هەبووە لەگەڵ 32 شێلان و لەم ڕووداوانەدا 263 کەس بونەتە قوربانی کە تێدا 23 کەس گیانی لە دەستداوە و 240 هاوڵاتیش برینداربوونە و ئەوانەشی گیانیان لە دەستداوە 16 لە ڕەگەزی نیر و 7 لە رەگەزی مێیە." نەقیب کارزان، وتیشی: ئەو 23 هاوڵاتیەی گیانیان لەدەستداوە شەش کەسیان تەمەنیان لەنێوان یەک بۆ 15 ساڵیدایە و چواردەکەسیان 15 بۆ 30 ساڵ و سێ کەسیشیان لە 30 ساڵ بەرەوژورن. بەرپرسەکەی هاتوچۆی گەرمیان ئاماژەی بەوەشدا:" بە هۆی سەرپێچی کردنی شۆفێرانەوە لە ماوەی پێنج مانگی ئەمساڵدا 758 ئۆتۆمبیل دەستیان بەسەردا گیراوە و 256 شۆفێریان مۆڵەتیان پێ نەبووە و لەبەرامبەریشدا دراونەتە دادگا و سزاکەشیان لە یەک مانگەوە بۆ شەش مانگە. نەقیب کارزان هۆکاری زۆری ڕووداوەکانیشی خستەڕوو، وتی:" خراپی ڕێگاوبانەکانی سنوری گەرمیان هۆکاری سەرەکین و لەگەڵ ئەوەشدا شۆفێران پابەندی ڕێنماییەکانی هاتۆچۆ نابن و هاتنی ئاوارە عەرەبەکانیش لۆدێکی زۆریان خستووەتە سەر ڕێگا و بانەکان گەرمیان کە بووەتە هۆی زۆری ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە گەرمیان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 🚗ڕووداوی هاتووچۆ

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

شارەکان: کەلار (گەرمیان(

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 783

## لە گەرمیان بازرگانیکردن بە گورچیلە زیادیکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015071315583985759

ڕۆژنیوز ـ هۆشمەند کوردی

بەدواداچونێکی نوسینگەی گەرمیانی مافی مرۆڤ ئاشکرایدەکات لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا 35 حاڵەتی چاندنی گورچیلە کە بە پێی یاسا دەچێتە خانەی بازرگانیکردن بە جەستەی مرۆڤەوە لە گەرمیان ئەنجام دراوە و هەریەک گورچیلە سی وپێنج ملێۆن دیناری تێدەچێت .خەبات رەشید، بەرپرسی نوسینگەی گەرمیانی مافی مرۆڤ بە ڕۆژنیوزی وت "لە ماوەی ڕابردودا چەند فەرمانبەرێکی نوسینگەکەمان بەشداری خولێکیان کرد کە ریکخراوی(IOM) ی نەرویجی لە شاری هەولێر لە سەر بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، دوای ئەوە سەردانی گەرمیانیان کرد داوایان لە نوسینگەکەمان کرد کە ڕێگەیان پێ بدەین بەدواداچونێک بۆ تۆمارکردنی حاڵەتەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە لە سنوری گەرمیان ئەنجام بدەن". وتیشی: دوای بەدواداچوونی ئەو فەرمانبەرانە بۆ ڕوپێوکردنی حاڵەتی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە توانیان راپۆتێکی 21 لاپەرەی ئامادەبکەن و ئەوە بخەنە ڕوو کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردودا 35 حاڵەتی چاندنی گورچیلە کە بە پێی یاسا دەچێتە خانەی بازرگانیکردن بە جەستەی مرۆڤەوە لە گەرمیان ئەنجامدراوە. بەرپرسی نەسینگەی گەرمیانی مافی مرۆڤ ئەوەشی خستە ڕوو: "حاڵەتەکانی بازرگانیکردن بە جەستەی مرۆڤ بریتی بووە کڕینی گورچیلە لەلایەن هاوڵاتیانی دانیشتووی شارۆچکەی کەلارەوە لە ڕێگای دەلاڵەکانەوە کڕاوە و بەشێکیان لە بەغدای پایتەخت و هەندێکی تریان لە شاری هەولیر بۆیان دانراوە بە ڕێگەی

نەشتەرگەری و بۆ هەر گورچیلەیەک 35 ملیۆن دیناری عێراقی تێچووە". خەبات رەشید ئاماژەی بەوەشدا: "کڕین و فرۆشتنی گورچیلە کە ئێستا مشت و مڕو بابەتێکی گەرمە و گرنگی تایبەتی پێ دەدرێت و خۆشبەختانە ئێستا بە یاسا خەریکە ڕێکدەخرێت لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە."

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💊تەندروستی
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی
شارەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 784

## لە گەرمیان چارەسەر بۆ پەنجا و هەشت هەزار نەخۆش دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051311035785285

ڕۆژنیوز ـ هۆشمەند کوردی
لە ماوەی چوار مانگدا زیاتر لە 58 هەزار نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانی سنوری گەرمیانیان کردووە و زیاتر لە دوو هەزار نەشتەرگەری جۆراوجۆریش ئەنجامدراوە. بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، لە ڕاگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ ڕۆژنیوز نێردراوە، ئاماری چوار مانگی ڕابردووی نەخۆشخانەکانی سنوری گەرمیان، دەخاتەڕوو. بەپێی ئەو ئامارە "لە چوار مانگی ئەمساڵ دا 58 هەزار و 32 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانی سنووری گەرمیانی کردووە و چارەسەری پێویستیان بۆ کراوە." هەروەها، لە ئامارەکەدا هاتووە:" سێ هەزار و 52 نەخۆش بەهۆی خراپی باری تەندروستیانەوە، داخل بە نەخۆشخانەکان کراون و خەوێنراون، هەروەک دوو هەزار و 210 نەشتەرگەری جۆراوجۆریش بۆ هاوڵاتیان ئەنجام دراوە." بەشێکی تری ڕاگەیەنراوەکەی تەندروستی گەرمیان، ئاماری لەدایکبوون و مردنی ماوەی چوار مانگی ڕابردوو ڕادەگەیەنێت کە" دووهەزار و 320 منداڵ لە هەردوو ڕەگەز لە دایکبوون و 164 حاڵەتی مردنیش لە هەردوو ڕەگەز تۆمارکراوە." بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، لە سنوورەکەدا چوار نەخۆشخانەی هەیە، کە دوانیان نەخۆشخانەی گشتی-ن و دانەیەکیان تایبەتە بە ژنان و منداڵبوون و دانەیەکیش تایبەتە بە فریاکەوتن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💊تەندروستی
شارەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 785

## لە گەرمیان چواردە کەس دەخنکێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082708585689088

لەماوەی ساڵی 2012 هەتا مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، چواردە هاوڵاتی لە رووباری سیروان و بەنداوی باوەشاسوار و ناحیەی قادر کەرەم، لە گەرمیان خنکاون و سەرجەمیان لە تەمەنی گەنجێتیدا بوون.
نیعمەت عەلی، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان بە خەندانی وت: "لە ساڵی 2012 دا چوار کەس و لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵیشدا دە کەس لە رووباری سیروان و چەند شوێنێکی تر لە گەرمیان خنکاون، سەرجەمیشیان گەنج بوون."
وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان ئاماژەی بەوەدا کە چوار خنکاوەکەی ساڵی 2012 دانیشتووی شاری کەلار بوون و لەسەر رووباری سیروان خنکاون، لە شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵیشدا چوار کەس لە ناحیەی قادر کەرەم، یەک کەس لە بەنداوی باوە شاسوار لە کفری و پێنج کەسی تر لەسەر رووباری سیروان لە کەلار خنکاون.
ئەوەشی خستەڕوو کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە ئاستی قوڵیی ئاوی رووباری سیروان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنیکی تر، بۆ ئەوەش ئەو گەشتیارانە ئاگادار دەکاتەوە لەکاتی سەردانکردنی رووبارەکەدا ئاگاداری ئەو جیاوازییە بن.
بەهۆی گەرمییە کەموێنەکەی هاوین و کەمیی مەلەوانگە لە سنورەکەدا، دانیشتووانی سنورەکە ساڵانە لە و وەرزەدا روو لە رووباری سیروان دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-27

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 786

## لە گەرمیان خۆراکی ماوە بەرچوو بەرەو نەمان دەڕوات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050512333885231

ڕۆژنیوز ـ هۆشمەند کوردی
جیاواز لە شار و شارۆچکەکانی تر، شوێنکارە جیاجیاکان خۆیان بە دوردەگرن لە خۆراکی بەسەرچوو و نموونەش تەنها لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا بە پێی راپۆرتی مانگانەی چاودێری بازرگانی گەرمیان لە کۆی 700 شوێنکار تەنها حەوت شوێن سزا دراون .حیکمەت ئەحمەد بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی چاودیری بازرگانی گەرمیان بە رۆژنیوزی راگەیاند" تەنها لە ماوەیی مانگی نیسانی ئەمساڵدا لە سنوری گەرمیان پشکنین بۆ نزیکەی 700 شوێنکراوە و تەنها یەک شوێنکار بە هۆی خوراکی ماوە بەسەرچوو سزادراوە و شەش شوێنی تریش بە هۆی هەڵنەواسینی نرخەوە سزادراون، لە بەرامبەریشدا 131 فرۆشیار خۆیان خۆراکە بەسەرچوەکەنیان رادەستی لیژنەکانی چاودێری بازرگانی کردووە .وتیشی : لیژنەکانی چاودێری بازرگانی نزیکەی تەن و نیوێک خوراکی بەسەرچویان گرتووە کە بەشێکیان فرۆشیاران خۆیان رادەستی لیژنەکەیان کردووە و 230 هەزار دینار پارە لە سەرپێچیکاران کۆکراوەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: کەلار (گەرمیان(
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 787

## له گەرمیان دارستانی دەستکرد دروستدەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112421265087646

خەندان - هێمن محەمەد
لەمساڵدا لە گەرمیان نزیکەی 160 هەزار نەمامی جۆراوجۆر بەرهەمهێنراوە و لە ساڵی داهاتووشدا دارستانی دەستکرد لە ناوچەکانی سەر بە ئیدارەی گەرمیان دروستدەکرێت.
هەژار غازی، بەڕێوەبەری دارستان و پاوانی گەرمیان بۆ خەندان) باسی لەوە کرد کە "هەتا ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵی 2013، زیاتر لە 160 هەزار نەمامی جۆراوجۆر لە رێگەی (نەمامگەی کفری)یەوە بەرهەمهێنراون.
هەژار غازی وتی: "لە ساڵی داهاتوودا و بە رووبەری جیاواز دارستانی دەستکرد لە قەزا و ناحییەکانی سنوری گەرمیان دروستدەکرێن."
وتیشی: "لە ساڵانی رابردوودا نزیکەی 150هەزار نەمام بەرهەمهێنراون، بەڵام لە تەواوی ساڵی 2013 دا ئەو رێژەیە بۆ 200 هەزار زیاد دەکات و هەتا ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ نزیکەی 160 هەزار نەمامی جۆراوجۆر بەرهەمهاتوون."
هەژار غازی، روونیشیکردەوە، نەمامە بەرهەمهێنراوەکانی ئەمساڵ بریتین لە جۆرەکانی (کالبتوس، واشنتونیا، دەدۆنیا، ئەلبیزیا، گازۆلینا، ژالە، کنار توو.(
سەبارەت بە سەوزایی ناوچەی گەرمیانیش، وتی: "لەمساڵدا پشتێنەیەکی سەوزایی بە درێژی 10 کیلۆمەتر لە رێگای قاسم ئاغا هەتا گوندی سەید خەلیل تەواو بووە کە 10 هەزار نەمام لەخۆ دەگرێت و پانییەکەی 21 مەترە، بەرزی دارەکان یەک مەتر بۆ یەک مەترو نیوە و سەرجەمیان بە سیستەمی دڵۆپاندن پێگەیشتوون."
بەڕێوەبەری دارستان و پاوانی گەرمیان، ئاشکراشیکرد کە " بۆ ساڵی 2014 دارستانی دەستکرد لە ناوچەکانی (کەلار، خانەقین، کفری، رزگاری، مەیدان) دروستدەکەین، ئەویش لە رووبەری 50 یان 100 دۆنم بە گوێرەی هەڵکەوتە و فراوانی ناوچەکە دەبێت."
وتیشی: "لەمساڵیشداو لە رۆژی 14 ی 4 کە یادی ئەنفالە، لە رووبەری 50 دۆنمدا، دروستکردنی دارستانێکی دەستکرد لە گوندی دێبنە تەواو بووە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 788

## له گەرمیان ژمارەی گیانلەدەستدان دوو هێندەی پاربووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071414150577007

سۆران کەریم
بەپێی ئامارێکی سەرنتەری هەماهەنگی هاوبەش لە کەلار، لە ماوەی شەش مانگی رابردوو، لە و سنووره یەک هەزار و (285) رووداو، روویانداوە، بە و هۆیەشەوە (141) کەس لە و ماوەیەدا بە شێوازی جیاجیا گیانیان لەدەستداوە یان کوژراون، لەگەڵ ژمارەی خۆ کوشتن و سووتان، بەمەش ژمارەی مردن دوو هێندەی پارە کە لە و ماوەیەدا تەنها 74 کەس گیانیان لەدەستدابوو بێ لە سووتان .
بەپێی ئامارەکە، لە شەش مانگی رابردوودا (247) رووداوی هاتوچۆ بووە، ئەمە لە کاتێکدا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2013 تەنها (183) رووداو بووە، بەهۆی رووداوەکانی ئەمساڵیش 52 کەس گیانیان لە دەستداوە و 328 کەسیش بریندراربوون، لە کاتێکدا لەشەش مانگی ساڵی 2013 تەنها 28 کەس بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستدا و 258 کەسیش بریندراربوون.
لەمساڵدا و لە ماوەی شەش مانگی یەکەمدا 9 کەس کوژراون، چوار کەسیش خۆی کوشتووە، هاوکات حەوت کەسیش هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، هاوکات 9 ئافرەتیش سووتاون، بەڵام

لەشەش مانگی ساڵی پاردا 11 کەس کوژران و سێ کەس خۆیان کوشت، بەڵام 21 کەس هەوڵی خۆکوشتنیان دا و 10 ئافرەتیش سووتان.
لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵدا، لە سنوورەکە 49 ماڵ و دوکان سووتان و 150 سووتانی جۆراوجۆریش تۆمار کرا، لەگەڵ سووتانی 7 ئۆتۆمبیل، بەڵام لە نیوەی یەکەمی ساڵی پاردا 67 ماڵ و دوکان ئاگریان تێبەربوو، لە گەڵ 84 سووتانی جۆراوجۆر و سووتانی 17 ئۆتۆمبیل.
کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش بەم شێوەیە بووە: لە شەش مانگی یەکەمدا 16 کێشە تۆمار کراوە لەگەڵ 43 شەڕکردن و ئاگادارکردنەوە لە ونبوونی 15 هاوڵاتی، هەروەها 24 کێشە بەهۆی کارەبا، بەڵام لە ساڵی پاردا، کێشە کۆمەڵایەتییەکان 9 کێشە تۆمارکراوە، بەڵام 81 شەڕکردن هەبووە و 39 کێشەی کارەبا، جگە لە تۆمارکردن ونبوونی 19 هاوڵاتی.
بەپێی ئامارەکەی سەنتەری هەماهەنگی هاوبەش لە کەلار، لەماوەی شەش مانگی ئەمساڵدا 8 دزی ئاسایی و 34 دزی ئۆتۆمبێل تۆمارکراوە، بەڵام لە ساڵی پاردا ولەهەمان شەش مانگدا 19 دزی ئاسایی و سێ دزینی ئۆتۆمبێل تۆمارکراون.
هەر لە و ماوەیەدا، هەشت کەس لە ئاودا خنکاون و چوار کەسیش بە هۆی کارەباوە گیانیان لەدەستداوە، ئاگادارکردنەوە لە دروستبوونی پێنج لافاویش تۆمارکراوە، بەڵام لە شەش مانگی ساڵی 2013 پێنج کەس لە ئاودا خنکاون و یەک کەس بە هۆی کارەباوە گیانی لەدەستداوە، هاوکات 12 جار ئاگادار کراونەتەوە لە بوونی لافاو.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 14-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 789

## لە گەرمیان لە دایکبوونی منداڵی نێر لە مێینە زیاترە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150722222855857 66

بەپێی راگەیەندراوێکی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، لەنیوەی یەکەمی ئەمساڵدا لە گەرمیان، 3 هەزارو 320 مناڵ لەدایکبوون، زۆرینەیان لە رەگەزی نێرن.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، کە وێنەی بۆ خەندان نێردراوە، لەماوەی شەش مانگی ئەمساڵدا لە نەخۆشخانەکانی سنوورەکە، لەدایکبوونی (3) هەزار و (320) مناڵ تۆمارکراون.
ئەوەش دەخرێتە روو کە زۆرینەی مناڵەکان بە سروشتی هاتوونەتە دونیاوە، هەروەها (32) مناڵیش بە مردوویی لەدایکبوون یان لە بارچوون.
لەبارەی رەگەزی مناڵەکانیشەوە، ئامارەکە رونیدەکاتەوە: لەمساڵدا هەزار و (690) مناڵ لە رەگەزی نێر و هەزار و (630) مناڵ لە رەگەزی مێ لە دایکبوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-07-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
شارەکان: کەلار (گەرمیان)
ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 790

# لە گەرمیان، توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کەمبووەتەوە و دەستدرێژی سێکسیش تۆمار کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015011413221884612

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان ئامار و کار و چالاکی ساڵی 2014 ی خستەڕوو، بە پێی ئامارەکە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە گەرمیان بەتایبەتی لەڕووی تاوانە گەورەکان رووی لە کەمبوونەوە کردووە.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، کە لەلایەن بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەگەرمیان بە وەکالەت، نەقیب رۆکان هیدایەت، بەڕێوەچوو، ئامار و کار و چالاکی ساڵی 2014 بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن خرایەڕوو کە بەمشێوەیەیە: 946 حاڵەتی جۆراوجۆر تۆمارکراون و لە ناو ئە و حاڵەتانەش دوو حاڵەتی کوشتن، سێ خۆکوشتن، 20 سوتان، 11 خۆسوتاندن، 10 حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی، 900 سکاڵاش تۆمارکراوە.

نەقیب رۆکان وتیشی :" هەر بەپێی ئامارەکە بەراورد بە ساڵی 2013، حاڵەتەکانی توندوتیژی بەشێوەیەکی گشتی کەمیکردووە بە و پێیەی لە و ساڵەدا شەش حاڵەتی کوشتن، پێنج خۆکوشتن، 25 سوتان، حەوت خۆسوتاندن، حەوت حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی، 505 ساکاڵا هەبووە کە کۆی گشتی 555 حاڵەتی جۆراو جۆرە.

ناوبراو ئەوەشی خستەڕوو، کە :" راستە لە ساڵی 2014 لەڕووی سکاڵاوە حاڵەتەکان بە رێژەیەکی بەرچاو رووی لە زیادبوون کردووە، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەیە لەوانە: "کردنەوەی نوسینگەی خانەقین و کەلار و هۆبەی رزگاری کە سنوری ئیشوکارەکانی فراوانتر کردووە."

ئاماژەی بەوەشدا، کە هاوکات هوشیاری کۆمەڵگا بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لایەنێکی ترەوە و لە لایەکی دیکەشەوە، لە مانگی 7ی ساڵی 2014، دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە درا بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی و لە توندوتیژی دژ بەرەگەزی مێینەوە بواری کارکردن فراوانترکرا بۆ چوارچێوەی خێزان بۆ نموونە یەکێک لە کوژراوەکانی ساڵی 2014 لە رەگەزی نێرە و بەشێکی سکالاکانیش لەلایەن رەگەزی نێرەوە تۆمارکراوە.

ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکە هەر توندوتیژییەک بچێتە چوارچێوەی خێزانەوە کاری لەسەر دەکات و وەکو دۆسیە وەریدەگرێت.

هەر لە گۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا، نەقیب رۆکان کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیانی خستەڕوو، لەوانەش ئەنجامدانی 109 چالاکی جۆراوجۆر کە ئامانج تیایدا کەمکردنەوەی توندوتیژی بووە و ئەنجامدانی ئەم چالاکییانەش لەکاتێکدایە کە گرفتی قەیرانی دارایی کێشەی گەورەی لەبەردەم ئیشوکارەکان دروستکردبوو.

لەلایەکی دیکەشەوە لەلایەن لیژنەی ئاشتەواییەوە کە بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان ئەندامە لە لیژنەکە 54 سکاڵا وەرگیراوە و لە و ژمارەیەش 48 دۆسیەیان چارەسەرکراوە.

هەر بەپێی ئامارەکە لە ساڵی 2014، لەلایەن بەشی بەدواداچوونی بەڕێوەبەرایەتیی و نوسینگەکانەوە، 291 بەدواداچوون بۆ کێشەکان کراوە، 156 کێشەیان چارەسەر بووە، 51ی داخراوە، 36 حاڵەتی ئیحالە کراوە و 48 کێشەش بەردەوامە.

هەروەها لە و ساڵەدا، بەهۆی مەترسی لەسەر ژیانیان 44 ئافرەت داڵدە دراون کە زۆربەیان لە سنووری شاری کەلار بووە، لە و ژمارەیەش 34 کەسیان کێشەکەیان چارەسەر بووە، 10 ئافرەتیش دۆسییەکانیان لە ژێر لێکۆڵینەوەدان.

لەکۆتاییدا بەهۆی هاوکاری و یارمەتیدانی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە رووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و هەروەها هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بۆ دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی، ژمارەیەک رێکخراو و مامۆستای زانکۆ و ئایینی و چالاکی مەدەنی و نوسینگەکانی سەر بەڕێوەبەرایەتی گەرمیان، خەڵاتی رێزلێنانیان پێبەخشرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: کۆمەڵایەتی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 791

## لە گەرمیان، دەستبەسەر کریستاڵ و حەشیشدا دەگیرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020212335084699

لیژنەیەکی تەندروستی گەرمیان، ڕێک مادەی هۆشبەر لەناو دەبات کە لەماوەی شەش مانگدا لەلایەن ئاسایشی گەرمیانەوە دەستی بەسەردا گیراوە.
جەلال غەریب، بەرپرسی بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، بە خەندان_ی ڕاگەیاند:" شەش مانگ جارێک کۆی کۆکراوەی مادە هۆشبەرە دەستبەسەراگیراوەکانی سنوورەکە، بەفەرمانی دادگا لە ئاسایشی گەرمیانەوە ڕەوانەی ئێمە دەکرێت بەمەبەستی لەناو بردنی .
ڕونیشیکردەوە: "لەم ڕۆژانەدا کۆکراوەی شەش مانگی مادەی هۆشبەری دەستبەسەراگیراویان لەلایەن لیژنەیەکەوە لەناو برا.
جەلال غەریب، ئاماژەی بەوەشدا، کە کۆی ئە و مادە هۆشبەرانەی کەلەناو بران بریتیی بوون لە:
"نزیکەی (335) گرام حەشیش، (188) گرام کریستاڵ، (1467) حەپ کە بۆ بێهۆشیی بەکاردەبرێت، لەگەڵ (2) گرام تریاک و (38) گرام هاڕاوەی حەپی بێهۆشکەر ."
ئاماژەی بەوەشدا کە ئەم مادانە لەلایەن ئاسایشی گەرمیانەوە بە(19) هاوڵاتیەوە گیراون، وتیشی: "ئە و پرە مادانە لەگەڵ ئە و کەرەستانەی کە بۆ کێشان و بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بەکارهێنرابون و دەستیان بەسەردا گیرابوو، لەلایەن لیژنەیەکەمانەوە لەناو بران."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی
شارەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 792

## لە گەرمیان، کۆمپانیای قەیوان کارو پرۆژە خێرخوازی یەکانی بە داتا ڕاگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032312012765468



لە درێژەی کارە خێرخوازیەکانی گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان لەسنوری گەرمیان وگەرمەسێردا لەماوەی مانگی 1و2ی 2015 هاوکاری خێزانە هەژارو کەمەرامەتی کردووە.
هەروەک جگە لەدابەشکردنی مووچە کەبەردەوامە هاوکاری هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستانی کردووە لەگەڵ هاوکاری کردنی هێزەکانی پێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگ لەسنوری گەرمەسێرو جەلەولا و داقوق.
قەیوان بەبەردەوامی و هاوکاری کەرتی تەندروستی بەتایبەتی ئیدارەی گەرمیانی کردوە بەدابینکردنی دەرمان وهەموو ئە و پێویستی یانەی کەبۆژیانی ڕۆژانەی هاوولاتیان پێویستە.
جگە لە هاوکاریە بەردەوامەکانی گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان لە سنوری گەرمیاندا مانگانە هاوکاری زیاتر لە هەزار خێزانی سنوری گەرمیان دەکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 23-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 793
## لە مانگی ئابدا چەند شوێنی گەشتیاری سزادراون
http://www.kurdipedia.org/?q=20130904101821889 46

لەماوەی مانگی ئابی رابردودا لیژنەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی 226 شوێنیان بەسەر کردوەتەوە و حەوت جێگەیان داخستووە و هەشت شوێنیشیان بە پری 750 هەزار دینار سزاداوە.
لە هەواڵێکدا کە لە پەیجی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاوکراوەتەوە، تیایدا هاتووە: لە درێژەی کاروچالاکیەکانی بەرێوەبەرایەتی پشکنینی سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی، لە مانگی ئابدا سەردانی 226 شوێنیان کردوە، لە و بەسەرکردنەوەیەدا حەوت جێگەیان داخستوە و هەشت شوێن بە هۆی سەرپێچی لە ڕێنماییەکان و هەبوونی کەموکوری بە پری 750 هەزار دینار سزادراون.
ئەوەش هاتووە: رۆژانە تیمەکانی بەرێوەبەرایەتی پشکنین لە دووکاتدا سەردانی شوێنە گەشتیارییەکان سنوری شاری سلێمانی دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 04-09-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 794
## لە مانگی ئابی ئەمساڵ چەند کوژراو و بریندار هەبووە؟
http://www.kurdipedia.org/?q=20130902093601889 88

نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یارمەتی عیراق(یۆنامی) ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی مانگی ئابی سەرجەم عیراقیان بڵاوکردۆتەوە.

بە پێی هەواڵێکی پێگەی ئەلیکترۆنی "سۆمەرییە نیوز" نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یارمەتی عیراق داتاییەکان لەو بارەییەوە بڵاوکردۆتەوە، لە مانگی ئابی رابردوودا 822 کەس کوژراون و 2030 کەسی دیکەش بریندار بوون.
لە درێژەی ئەو هەواڵەدا هاتووە، لە نێوان کوژراوەکاندا 716کەس لەوانە هاوڵاتیانی سڤیل بوون و 106 کەس لە هێزەکانی پۆلیس بوون و ژمارەی بریندارانیش 1936 کەس هاوڵاتیانی سڤیلن و 195 کەسیان لە هێزەکانی پۆلیسن. هەروەها 88 کەس لە هێزە ئەمنیەکان کوژراون و 94 کەسی دیکەشیان بریندار بوون.
مانگی ئابی ئەمساڵ،شەپۆلێکی توندوتیژی و تەقینەوە لەسەرجەم پارێزگاکانی عیراق سەریهەڵدا و بەو هۆییشەوە بە سەدان کەس کوژراو و برینداربوون ئەمە جگە لەوەی زیانی ماددی زۆر بەو شوێنانە کەوتووە کە تەقینەوەکانی تێدا ئەنجامدراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-09-02

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 795

## لە مانگی تەمموزدا هاوڵاتیانی هەرێم چەند هەزار سەر ئاژەڵیان خواردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081310324389173

بە پێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری، لە سەرەتای مانگی تەممووزە تا رۆژی بەر لە جەژنی رەمەزانی پیرۆز، لە گشت کوشتارگەکانی ئاژەڵی لە هەرێم زیاتر لە 82 هەزار سەر ئاژەڵی بچوک و نزیکەی 12 هەزار سەر رەشەوڵاخ سەربڕاون، کە پشکی زۆری بەر هاوڵاتیانی پارێزگای سلێمانی دەکەوێت.
د. ئازاد خۆشناو، بەرێوەبەری راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری هەرێم لەلێدوانێکی نوسراودا کە وێنەیەکی بۆ (خەندان) ناردوە دەڵێت: "لە سەرەتای مانگی تەممووزەوە تا رۆژی بەر لە جەژنی رەمەزانی پیرۆز کەبەشێکی زۆری سەربرینەکە بەهۆی نزیکبوونەوەی جەژنی رەمەزانەوە دەکەوێتە ماوەی رۆژانی کۆتایی مانگی رەمەزاندا، لە گشت کوشتارگاکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 82 هەزار سەر ئاژەڵی بچووک و نزیکەی 12 هەزار گەورە، سەربڕاون.
راشیگەیاندوە: پارێزگای سلێمانی پشکی شێری بەرکەوتووە لە بەرهەمی گۆشتی ئەم ئاژەڵە سەربڕاوانەدا بەجۆرێک کە تەنها لە کوشتارگەکانی سنووری پارێزگای سلێمانیدا زیاتر لە 47 هەزار سەر ئاژەلی بچووک و زیاتر لە شەش هەزار ئاژەڵی گەورە سەربڕاوە و لەبازارەکانی ئەم پارێزگایەدا ساغ کراونەتەوە .
ئازاد خۆشناو ئەوەشی وتووە: "پشکی دووەم لە خواردنی گۆشتدا بەر هاوڵاتیانی پارێزگای هەولێر کەوتووە، بەجۆرێک نزیکەی 25 هەزار سەر ئاژەڵی بچووک و زیاتر لە چوار هەزار ئاژەڵی گەورە سەربڕاوە و لە بازارەکانی ئەم پارێزگایەدا ساغ کراونەتەوە، پشکی سێهەمیش بەر هاوڵاتیانی پارێزگای دهۆک کەوتووە بەجۆرێک زیاتر لە 16 هەزار سەر ئاژەڵی بچووک و سێ هەزار ئاژەڵی گەورە لەگشت کوشتارگەکانی سنوری پارێزگای دهۆک سەربڕاوە و لەبازارەکانی ئەم پارێزگایەدا ساغ کراونەتەوە .
ئەوەشیخستووەتەڕوو: بچوکترین پشکیش بەر هاوڵاتیانی ناوچەی گەرمیان کەوتووە بەجۆرێک کە نزیکەی شەش هەزار سەر ئاژەڵی بچووک و تەنها 400 ئاژەڵی گەورە سەربڕاوە و لە بازارەکانی ئەم پارێزگایەدا ساغ کراونەتەوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-13

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 796

**لە مانگی نیساندا ئەم ژمارە ماڵ و دوکانە سزادراون**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050410374069993

لەماوەی مانگی نیساندا لە سلێمانی 440 ماڵ و دوکان و شوێنی گشتی بەهۆی زیادەڕەوی کردن لەسەر ئاوی خواردنەوە بەپری سێ ملیۆن و 562 هەزار دینار سزادراون.
ئامانج جەلال، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: تیمەکانی بەشی زیادەڕەوی لەبەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی لەمانگی نیساندا 440 ماڵ و دوکان و شوێنی گشتی سزا دراون، 92 ماڵ و دوکان و شوێنی گشتی ئاگادار کردوەتەوە و کۆی گشتی غەرامە سێ ملیۆن و 562 دیناربووە.
راشیگەیاند: 210 هاوبەشی بەشێوەیەکی کاتی پراوە بەهۆی بەفیرۆدان و شکاوی هاوبەشەکانیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 797

**لە مانگێکدا 17 حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی لە هەرێم تۆماردەکرێت**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071014390191167

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، تەنها لەمانگی ئایاری ئەمساڵدا نزیکەی 600 حاڵەتی توندوتیژی جۆراوجۆر دژی ژنان لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە و لە و ژمارەیەش چوار حاڵەتی کوشتن و 17 حاڵەتی دەستدرێژی سێکسییە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەپێی ئامارەکەی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، لەمانگی ئایاری رابردودا کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەناوچە جیاجیاکاندا 589 حاڵەت بووە کە بریتییە لە:
کوشتن (4) حاڵەت، خۆکوشتن (6)، سوتان (24)، خۆسوتاندن (11)، سکاڵا (536)، دەستدرێژی سێکسی (17).
بەبەراورد بەمانگی ئایاری ساڵی رابردو، ژمارەو رێژەی توندوتیژییەکان زیادیانکردووە، بەجۆرێک ساڵی رابردو، لەمانگی ئایاردا 428 حاڵەت تۆمارکراوە، بەڵام ئەمساڵ ژمارەکە بۆ 589 حاڵەت بەرزبۆتەوە.
بەگوێرەی ئامارەکە کە ماڵپەری وارڤین بڵاویکردۆتەوە، حاڵەتەکانی توندوتیژی بەم شێوەیەیە:
هەولێر:
لەسنوری پارێزگای هەولێر زۆرترین حاڵەتی توندوتیژی تۆمارکراون و کۆی گشتی حاڵەتەکان (198) حاڵەتەو ئەوانیش بەم شێوەیەن: کوشتن (3) حاڵەت، خۆکوشتن (3)، سوتان (7)، خۆسوتان (4)، سکاڵا (179)، دەستدرێژی سێکسی (2).

سلێمانی:
لەروی ژمارەی حاڵەتەکانی توندوتیژییە بەچوارەم ناوچەی سنوری ئیدارەی هەرێم هەژمار دەکرێت و کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەسنوری ئەو پارێزگایەدا، (93) حاڵەت بووە، بەم شێوەیە:
کوشتن (0) حاڵەت، خۆکوشتن (2)، سوتان (2)، خۆسوتان (3)، سکاڵا (79)، دەستدرێژی سێکسی (7)، بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا، لەسلێمانی دەستدرێژی سێکسی پلەی یەکەمی بەرکەوتووە.
دهۆک:
کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەسنوری ئەو پارێزگایەدا (108) حاڵەت بووە، بەم شێوەیە:
کوشتن (0) حاڵەت، خۆکوشتن (0)، سوتان (3)، خۆسوتان (3)، سکاڵا (101)، دەستدرێژی سێکسی (1).
ئیدارەی گەرمیان:
کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەسنوری ئیدارەی گەرمیاندا، بەرادەیەکی بەرچاو کەمبونەتەوەو تەنیا (48) حاڵەت تۆمار کراون و ئەوانیش دابەشبون بەسەر ئەم شێوازانەی توندوتیژیدا: کوشتن (0) حاڵەت، خۆکوشتن (1)، سوتان (0)، خۆسوتان (0)، سکاڵا (47)، دەستدرێژی سێکسی (0).
ئیدارەی راپەڕین:
کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەسنوری راپەڕیندا، روی لەهەڵکشانەو بەدووەم ناوچەی سنوری ئیدارەی هەرێم هەژمار دەکرێت لەروی زۆری حاڵەتەکانی توندوتیژیەوەو کۆی گشتی حاڵەتەکانیش لەماوەی مانگی ئاياری رابردودا (151) حاڵەتەو دابەشبون بەسەر ئەم شێوازانەی توندوتیژیدا: کوشتن (1) حاڵەت، خۆکوشتن (0)، سوتان (12)، خۆسوتان (1)، سکاڵا (130)، دەستدرێژی سێکسی (7).
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-07-10

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 798

## لە ماوەی 6 مانگی رابردوو زیاتر لە 52 تۆن زێر هاوردە کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130711160319911169

سەرچاوە: ماڵپەڕی زاری کرمانجی - 2013-07-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 799

## لە ماوەی چوار مانگدا، 80 کەس دژی گیرانی ئۆجەلان خۆیان سوتاندووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140213123035929908

خەندان شاسوار مامە
لەماوەی چوار مانگدا لە زیندانەکانی تورکیا 80 کەس دژی گیرانی ئۆجەلان ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە.
لە مانگی 10ی 1998 عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری پەکەکە ناچارکرا سوریا بەرە و ئەوروپا جێبێڵێت و لە پیلانگێرییەکی نێودەوڵەتیدا کە زیاتر لە چوار مانگی خایاند، سەرەنجام لە 15ی شوباتی 1999 لە نەیروبی پایتەختی کینیا دەستگیرکرا و رادەستی تورکیا کرایەوە، بەپێی ئە و زانیارییانەی

خەندان لە سەرچاوەکانی نزیک لە پەکەکە دەستیکەوتووە، لە نێوان 9 ی 10ی 1998 بۆ15ی شوباتی 1999 لە دژی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان.
لە چەندین ناوچەی کوردستان بە تایبەت لە زیندانەکانی تورکیا نزیکەی 80 کەس ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە یان کردەی خۆکوژییان بە و هۆیەوە ئەنجامداوە و بە و شێوەیە لە دژی دەستگیرکردنی ئۆجەلان وەستانەوە، خۆسوتاندنی گەنجان لە دژی دەستگیرکردنی ئۆجەلان هەرتەشەنەی دەکرد تا لە زیندانەوە ئۆجەلان پەیامێکی نارد و داوای کرد هیچ کەس ئە و چالاکییە نەکات و لە بری ئەوە دەست بە خەبات بکەن.
وێڕای بانگەوازییەکەی رێبەری پەکەکە، بەڵام لە و کاتەشەوە تائێستا چەندین کەسی دیکە بە و هۆیەوە ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە لە هەردوو رەگەز لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئە و کەسانەی خۆیان سوتاندووە، لەدوای خۆیان پەیامێکیان جێهێشتووە و ئە و کارەیان وەک چالاکی ناودێر دەکەن .
دواترین خۆسوتاندنیش لە رۆژئاوای کوردستان بوو، کە لە رۆژانی رابردوو گەنجێکی شاری کۆبانی لە یادی دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.
بەشێک لە و کەسانەی خۆیان سوتاندووە:
محەمەد خالد ئۆزال 1998 / 10 / 9 زیندانی مەرەش
موراد کایا 1998 / 10 /18 زیندانی بارتن
محەمەد گوڵ 1998 / 10 / 19 زیندانی ئەماسیا
عەلی ئایدن 1998 / 10 / 20 زیندانی بارتن
مەرال کاشۆتوراجاک 1998 / 10 /20 زیندانی چەناک قالە
بولەند بایرام 1998 / 10 /21 زیندانی ئادیەمان
عیسمەت ئینانج 1998 / 10 /22 زیندانی یۆزگات
حەسەن عیسا حەسەن 1998 / 10 / 22 قامیشلی
فەتاح قەرە تاش 1998 / 10 /22 ئامەد
سەلامەت مەنتەش 1998 / 10 /22 زیندانی میدیات
ئاینور ئارتان 1998 / 10 /23 زیندانی میدیات
محەمەد باریانک 1998 / 10 /23 زیندانی ئەلەبستان مەڕەش
جەننەت گونەش 1998 / 10 /24 زیندانی عەنتاب
سەیری ئیپەک 1998 / 10 /24 زیندانی ساکاریا
ئایسەل جەیلان 1998 / 10 /24 زیندانی ساکاریا
سەمەد ئۆکتای 1998 / 10 /24 زیندانی کۆنیا
میرزا سەڤیملی 1998 / 10 / 26 زیندانی ئەرزرۆم
موسلیم موحەمەد 1998 / 10 / 26 زیندانی عەنتاب
کەنعان قەرە حەسەنۆ- لی 1998 / 10 / 26 زیندانی ئەرزرۆم
بەرزان ئۆزتورک 1998 / 11 / 1 ئەڵمانیا (لە 1999 / 1 / 4دا شەهید بوو(
محەمەد ئایدن 1998 / 11 /13 زیندانی چەناک قالە
ئەرداڵ چەکەن 1998 / 11 / 13 زیندانی ماردین
عەباس سەرتکایا 1998 / 11 / 14 زیندانی عومرانی
عیسمەت ئاکای 1998 / 11 / 14 زیندانی ئادیەمان
موحەییەدین سەڤیملی 1998 / 11 / 15 زیندانی ئامەد
عومەر شەن 1998 / 11 / 15 زیندانی عومرانی
عەدنان ئۆزجان 1998 / 11 / 15 زیندانی بورسا
قادری ئیلهان 1998 / 11 / 16 زیندانی سێرت
سیراجەدین حەسەن 1998 / 11 / 16 زیندانی بورسا
رەمەزان مالکۆچ 1998 / 11 / 16 زیندانی عومرانی
عەزیمە ئینان 1998 / 11 / 16 زیندانی باتمان
رەمزیە زەنگین 1998 / 11 / 16 زیندانی باتمان
ئیدریس باشاران 1998 / 11 / 16 زیندانی جەیهان
حانیفی کوزو 1998 / 11 / 16 زیندانی سێرت
حەمدوڵڵا داشجی 1998 / 11 / 16 زیندانی ماردین

عەلی ئەربەک 1998 / 11 / 16 زیندانی ماردین
مستەفا شاهین 1998 / 11 / 16 ئەڵمانیا
ئەحمەد یڵدرم 1998 / 11 / 17 مۆسکۆ
محەمەد تورگای 1998 / 11 / 17 زیندانی کۆنیا
زەینەب عەرەب 1998 / 11 / 17 زیندانی عەنتاب
رەمەزان ئدیەللی 1998 / 11 / 17 زیندانی کۆنیا
رەمزی ئاککوش 1998 / 11 /17 مۆسکۆ
فاتمە ئۆزەن رۆژبین 1998 / 11 / 17 یوکسەک ئۆڤا چالاکی فیدائی
ئەمروڵڵا داملایجی 1998 / 11 / 18 قامیشلی
سولەیمان گولتەکین 1998 / 11 / 18 زیندانی ترابزۆن
سەیت بایرام 1998 / 11 / 18 دێرک باشووری رۆژئاوا
زولکیف یڵماز 1998 / 11 / 18 رۆما
فەتحیە عەبدوڵڵا 1998 / 11 / 18 زیندانی مەڵاتیە
عوسمان تینیت 1998 / 11 / 18 زیندانی مەڵاتیە
فازل سولوک 1998 / 11 / 19 زیندانی عەنتاب
خەلیل ئاکنجی 1998 / 11 / 19 زیندانی بورسا
جەنگیز کایا 1998 / 11 / 19 زندانی ئاگری
حەمید چاکر 19/11/1998 ئامەد، لە ئەنجامی ئەشکەنجەدا شەهید بوو
مەتین یورتسەڤەر 1998 / 20/11 کۆجائەلی لە ئەنجامی ئەشکەنجەدا شەهید بوو
زەهرا رزگار 1998 / 11 / 27 رۆژهەڵاتی کوردستان
نوری ئاجار 1998 / 11 / 27 زیندانی ئۆردو
میرزا چوبوکچو 1998 / 11 /27 زیندانی باتمان لەئەنجامی مانگرتن شەهیدبوو
جەمیل ئۆزاڵپ 1998 / 11 / 27 ئامەد
حوسنییە ئۆروچ بنەوش 1998 / 12 / 1 لیجە چالاکی فیدائی
حەسەن تاشکن 1998 / 12/ 3 ئەڵمانیا
جیهاد شێخۆ 1998 / 12/ 10 قوبروس
تاقیبە گولتەکین 1998 / 12/12 زیندانی سیواس
خەدیجە فالای 1998 / 12 / 13 ئەستەمبوڵ
گولستان تاش 1998 / 16/12 باتمان
تایلان ئۆزگور قەهرەمان 1998 / 21/12 ئەڵمانیا
محێدین ئشک 1998 / 24/12 عەنتاب
حەمدییە کاپان بەروار 1998 / 12 / 24 وان چالاکی فیدائی
ئەرداڵ ئاکسو 1998 / 10 / 29 لەچالاکی رفاندنی فرۆکەدا .
سیروان رەئوف 17-2-1999 سلێمانی
فەلات قادر 25/2/1999 یوکسەک ئۆڤا چالاکی فیدائی
نورەدین شاهین فەرهاد بەروار 1999 /5/3 باشکەلە چالاکی فیدائی
شاهین حوسێن عاکیف 1999 / 3 / 10 دهۆک چالاکی فیدائی
دیلان گەڤەر حوزەیران /1999 ئەرزرۆم چالاکی فیدائی
باقی تاتڵی باران شاهین 1999 / 4 / 5 چالاکی گیانبازی لەسەر پارێزگاری بینگۆل
نەزهات باراجی شەهرستان بۆتان 1999
یاڤوز گوزەل 1999 / 11 / 30 زیندانی بارتن خۆی سووتاند و لە 6/12/1999 لە نەخۆشخانە شەهیدبوو .
حوکمیە سەیهان رووکەن بێریتان 1999 / 12 یەکێتی سۆڤیەت.
رێناس 30-6-1999 زیندانی ورمێ
سیپان 1999 زیندانی ئاکرێ - باشووری کوردستان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-02-13

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 800

**لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا 12 هەزار کەس هەرێمی کوردستانیان بەجێهێشتووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015090815244585990

ڕۆژنیوز - زاگرۆس رۆژهەڵات
فیدراسیۆنی پەنابەران ئاشکرای دەکات کە ڕێژەی کۆچبەری لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ هەندەران زیاتر بووە و تا ئێستاش 35 کەس لەوانە لە ئاوەکاندا خنکاون. ئەمڕۆ دووشەمە 08.09.2015 ئەندامی فیدراسیونی سەرانسەری پەنابەرانی عێراقی - لقی کوردستان (دەشتی جەماڵ) لە هۆڵی سینەما دڵشاد لە راند گەلەری شاری سلێمانی، سەبارەت بە کۆچکردنی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات لێدوانێکی چاپەمەنی دا. ناوبراو سەبارەت بە هۆکاری کۆچ کردنی گەنجانی هەرێم روون کردنەوەی داو و رایگەیاند:" هۆکاری سەرەکەی ئەم لێشاوی کۆچەی دەستی پێکردووە و رووکردنیان بۆ ئەوروپا، بۆ ئەو گێژاوە سیاسیەی ئێستای هەرێم و بێ بەرپرسیارەتی و بایەخنەدانی کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم بە ژیان و ئایندەی خەڵک دەگەرێتەوە". هەروەها وتی:" لە ژمارەی کە تاکوو ئێستا کۆچیان کردوە 35 کەسیان لە ئاوەکاندا خنکاون. هۆکارێکی تری زیادبوونی کۆچکردن لە ماوەی دووساڵی رابردوودا مەترسی کۆنەپەرستانی داعشە، هاوکات لە گەڵ ئەمەدا دەسەڵاتداران و حیزبە بێ بەرپرسیارەکانی هەرێم کە زیادتر لە 24 ساڵە ژیان و ئایندەی خەڵکی کوردستانیان داوتە دەستی قەدەر بوونەتە هۆکاری نائومێدی لە نێو دانشتوانی هەرێمدا. خەڵک هیوایەکیان بە پلان و پرۆژەی لایەنە دەسەڵاتدارەکان نەماوە، لەبەر ئەوەش رۆژانە بە سەدان گەنج هەرێمی کوردستان جێدەهێڵن. دەشتی جەمال روونی کردوە کەلە سەدا 80 ی رێژەی ئەو کەسانەی هەرێم بە جێدێڵن و پەنابەردەبن گەنجن، لە سەدا 20یان خێزانن. لە ماوەی نێوان دوو مانگدا زۆربەی ئەو کەسانەی پێوەندیان بە ئێمەوە کردووە بە خێزانی هاتوونەتە دەرەوە. دەشتی جەماڵ لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ئاشکرای کرد کە لە 11 گرتووخانەی جیاوازی ئەوروپادا 20 گرتووی خەڵکی هەرێمی کوردستان هەن، کە ئێمە پێداگریمان لە سەر ئیش و کاریان کردوە و لەماوەی 11مانگدا لە لەندەن تەنها 350 کەس پەیوەندیان بە نووسینگەکەمانەوە کردووە .فدراسیونی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی- لقی کوردستان پرۆژە پریارێکی چارەسەرکردنی کێشەکانی پەنابەرانی دیپۆرتکراوەی رادەستی پەرلەمانی هەرێم کردووە کە بریتیە لە 16خاڵی چارەسەری. تیایدا تێشک خراوەتە سەر زۆرتر بایەخدان بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و باشترکردنی خزمەتگوزاریەکانیان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 801

**لە ماوەی حەوت مانگدا زیاتر لە 15 هەزار دۆنم پوش و پەڵاش سوتاوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072411561589483



ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە یەکێکە لە و دیاردانەی ساڵانە زۆرترین زیان بە سروشت و ژینگەی کوردستان دەگەیەنێت، ئەمساڵیش بەدەر نەبووە لە زیانەکانی ئاگرو تا ئێستا بە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەوە رووبەری نزیکەی 15 هەزار دۆنم پوش و پاوان و داری سروشتی سوتاون و زیان بە رەزو باخی هاوڵاتیان گەیشتووە.
لە راپۆرتێکدا کە وێنەیەکی بۆ (خەندان) نێردراوە، تیایدا مقەدەم هێمن کەمەرخان، بەڕێوەبەری هۆبەی راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی رایگەیاندوە: ساڵانە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە پێدەشت و چیاکاندا ڕوودەدەن و دووبارە دەبنەوە و زیانێکی زۆر بە سروشت و ژینگەی کوردستان دەگەیەنن.
پلانی پێش وەخت
ئاماژەی بەوەشکرد: لەگەڵ ئەوەی ساڵانە پێش وەخت لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگاداردەکەنەوە کە هەوڵی دروستکردنی ئاگر پربدرێت یاخود کەلوپەل و پێداویستی تایبەت بە کوژانەوەیان بۆ دابین بکرێت، چونکە هەمیشە لەکاتی کوژانەوەی ئاگرەکاندا ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە.
هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان
مقەدەم هێمن کەمەرخان، باس لە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان دەکات و ئاماژە بەوە دەکات: بەشێک لە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان دەگەڕێتەوە بۆ پابەند نەبوونی هاوڵاتیان بە ڕێنماییەکانی پۆلیسی دارستان، ئەمەش لەکاتی گەشتوسەیرانەکانیان پشکۆ و ئاگری نەکوژاوە جێدەهێڵن، یاخود لەکاتی پاککردنەوەی رەزو باخەکانیان یان شوانەکان لەکاتی ئاگرکردنەوەدا کۆنتڕۆڵ لەدەست دەدەن و ئاگرەکان تەشەنەدەکات یاخود هەندێ جار بەهۆی تەقینەوەی مین بەئاژەڵە کێویەکاندا ئاگر دەکەوێتەوە یان (شۆرتی تەزووی کارەبا) یان هەندێک جار ڕوودەدات ڕووداووی ئاگرکەوتنەوەکان لە ناوچە سنوریەکانەوە دێنە هەرێمی کوردستانەوە.
زیانەکان
دیارە هیچ ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە بەبێ زیان نابێت، زۆر جار جگە لە زیانی سروشتی زیانی مرۆیی لێدەکەوێتەوە، مقەدەم هێمن، باس لەوە دەکات هەموو روداوێکی ئاگرکەوتنەوە تا ئەو کاتەی بەتەواوی کۆنترۆڵ دەکرێت زیانی سروشتی لێدەکەوێتەوە و رووبەری پوش و پاوان و داری سروشتی دەسوتێت، هەندێک جار بەهۆی بوونی مین لەناوچە شاخاویی و سنوریەکان یاخود زۆری روبەرە ئاگرکەوتنەوەکان و زۆری ڕێژەی (دووکەڵ) و گازە ژەهراویەکان مەترسی زۆر بۆسەر ژیان و تەندروستی ئەفسەر و کارمەندەکانیان دروست بوە و لەماوەی رابردودا تەقینەوەی مین زیانی بەجەستەی ئەفسەر و کارمەندانیان گەیاندوە و بریندار کردوون.
هەروەها چەند کارمەندیان بەهۆی (دوکەڵ) و گازە ژەهراویەکانەوە لەهۆش خۆیان چوون و تەندروستیان تێکچووە.
رێگر و ئاستەنگی لەبەردەم کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکان
مقەدەم هێمن کەمەرخان، دەڵێت: "لەگەڵ ئەوەی لە یەکەم ساتی ئاگاداربون لە روداوی ئاگرکەوتنەوەکان مەفرەزەکانمان دەست بەجێ دەگەنە شوێنی روداوەکە و بەهاوکاری لەگەڵ یەکە ئیداریەکان و هاوڵاتیان و گوند نشینەکان هەوڵی کوژاندنەوە و کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکان دەدرێت، بەڵام هەندێ جار دووری شوێن و سەختی ئەو ناوچانەی ئاگرەکانی لێدەکەوێتەوە یان ڕێژەی ئەو (مین) و پاشماوەی تەقەمەنیانەی لەناوچە سنوری و شاخاویەکان بونیان هەیە، رێگر و ئاستەنگ دروست دەکەن لە زوو کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکان.
ئاماری ڕووداوی ئاگر کەوتنەوەکان

لەبارەی ئامار و روداوەکانی ئاگر کەوتنەوە ئاماژە دەکات: لەماوەی (2013/1/1 تا 2013/7/1) تەنها چەند روداوێکی کەمی ئاگرکەوتنەوە روویان داوە و بەوهۆکارەشەوە روبەری 900 دۆنم پوش پاوان سوتاون، بەڵام لەماوەی (1/ 7/ 2013 تا ئەم بەوارە) بەهۆی روداوەکانی ئاگر کەوتنەوەوە زیاتر لە (14) هەزار دۆنم پوش و پاوان و داری سروشتی سووتاون، کە زۆرترین ڕێژە و روبەری سوتاوی دەکەوێتە سنوری قەزای دوکان لە سنوری ناحیەی بنگرد، کە زیاتر لە نۆ هەزار دۆنم پوش و پاوان لە و سنورە سوتاوە و بەگشتی زیانی زۆر بە کێڵگە و لەوەڕگاکان و رەز و باخی هاوڵاتیان گەیاندوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-24

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 802

## لە ماوەی حەوت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، 138 کەس لەهەردوو رەگەز، لە هەرێمی کوردستان خۆیان کوشتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131214085242887263

بەپێی ئاماری هەریەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان و یەکێتی پیاوانی کوردستان، لە ماوەی حەوت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، 138 کەس لەهەردوو رەگەز، لە هەرێمی کوردستان خۆیان کوشتووە، کە زۆربەیان لە توێژی گەنجان بوون، لەکۆی ئەو ژمارەیە، 104یان لە رەگەزی مێ-ن و، زۆربەیان لە رێگەی خۆسووتاندنەوە کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوە، 34 کەسیشیان لە پیاوان بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-14

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 803

## لە ماوەی دوو مانگدا 13 ژن کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150828113220688588

رۆژنیوز - شرام هەورامی
بەهۆی خراپی باری گوزەرانیان و نەبوونی هەلی کار و کێشەی کۆمەڵایەتی، لەماوەی دوومانگدا 18 کەس لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆتاییان بەژیانی خۆیان هێناوە و لەو ژمارەیەش 13 کەسیان ژنن. بەگوێرەی ئەوئامارانەی لەڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەست ڕۆژنیوز کەوتوون، تەنها لە سەرەتای وەرزی هاوینی ئەمساڵەوە تا ئێستا 18 حاڵەتی خۆکوژی لەشارە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمارکراون، دواین حاڵەتیش خۆخنکاندنی گەنجێکی کوردی دانیشتوی شاری کامیاران-ە بەناوی میلاد ڕەحمانی، کە تەمەنی 21 ساڵە و لە ڕێگەی خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. هەربە گوێرەی ئەو ئامارە، لەکۆی گشتیی ئەو کەسانەی کە دەستیان داوەتە خۆکوژی 13کەسیان ژن و پێنجی دیکەشیان پیاو بوون، ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەپێی ئامارە فەرمییەکان رۆژانە زیاتر لە 20 کەس هەوڵی خۆکوژی دەدەن لەوژمارەیەش 11 کەسیان لە هەوڵەکانیان سەرکەوتوو دەبن وکۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن. هەروەها، بەگوێرەی

ئامارەکانی تایبەت بە خۆکوشتن پارێزگاکانی ئیلام، خوزستان، لورستان، کرماشان و گوڵستان لەو پارێزگایانەی ئێرانن کە زۆرترین حاڵەتی خۆکوژی تێیاندا تۆماردەکرێت. ئامارە جیهانییەکانیش باس لەوە دەکەن، لە وڵاتانی رۆژئاوایی لەو کەسانەی کە هەوڵی خۆکوژی دەدەن تەنیا یەک کەسیان سەرکەوتوو دەبێت بەڵام حاڵەتەکە لەئێران بەگشتی و لەڕۆژهەڵاتی کوردستان تایبەتی پێچەوانە بوەتەوە، چونکە خۆکوژی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە بە دیاردە و رۆژانە مانشێتی بەشێک لەمیدیاکان بۆ ئەو بابەتە تەرخان کراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 804

## لە ماوەی زیاتر لە دوو هەفتە 90 چەکداری توندەڕە و لە خۆرئاوای کوردستان کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20130924161457885 25

پاش ئەنجامدانی شەڕێکی قورسی نێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل و گروپەچەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام و چەکدارانی بەرەی نوسرە، ژمارەیەکی بەرچاو لە و چەکدارانە کوژران.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی "فورات نیوز" لەشاری حەلەب و پاش ئەوەی هێرشی گروپە چەکدارەکان بۆ سەر گەڕەکە کوردنشینەکان. شەڕ و پێکدادان لەنێوان گرووپە چەکدارەکان و هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل"یەپەگە" و بەرەی ئەکراد هەڵگیرساوە.

لە درێژەی هەواڵەکەدا هاتووە، یەکینەکانی پاراستنی گەل بڵاویانکردۆتەوە، لەشەڕ و پێکدادانێکی 17 رۆژەیدا زیاتر لە (90) ئەندامی گرووپە چەکدارەکان کوژراون و بە دەیان دیکەش بریندار بوون 12 چەکداری دیکەش بە دیل گیراون.

هەروەها تێیدا هاتووە، لەشەڕ و پێکدادنەکەدا لەگەڕەکی شێخ مەقسوود، ئەشرەفیە، سەکن شەبابی و شقێف کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، ژمارەیەکی زۆری چەکدار کوژراون.هەروەها لەهێرشەکەدا گرووپە چەکدارەکان ماڵی هاوڵاتیانیان بە تانک و هاوەن بۆمباران کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-09-24

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 805

## لە ماوەی مانگی 4ی 2013دا 70 شوێنکار لە گەرمیان سزادراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20130503005340827 61

لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی گەرمیان رایانگەیاند: لەماوەی مانگی رابردوودا 70 شوێنکار بەهۆی پابەند نەبوونیان بە رێنمایەکانیانی لیژنەکەیانەوە لە سنوری گەرمیان سزادراون.

حیکمەت ئەحمەد بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان بە ئێن ئاڕتی راگەیاند: لە مانگی رابردوودا لەلایەن لیژنەکانیانەوە پشکنین بۆ 597 دوکان و شوێنکار کراوەو لە 52 دوکاندا

دەستبەسەر خۆراک و کەرەستەی بەسەرچووددا گیراوەو سەرجەمیان غەرامە کراون.
وتیشی: هەر لەو ماوەیەدا بەهۆی لێکردنەوەی نرخی شمەکەکانیانەوە 15 شوێنکار و دوکان غەرامە کراون.
بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: بەهۆی هەڵە خوێندنەوە لە ژمێرەرەکانیاندا، دوو بەنزینخانەی سنورەکە سزادراون و کێڵگەیەکی پەلەوەریش بەهۆی سەرپێچیکردنی ڕێنماییەکانەوە غەرامە کرا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئێن ئاڕ تی

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 806

## لە ماوەی مانگی تەمموزی 2015 دا 825 ماڵ و دوکان و شوێنی گشتی بەهۆی بەفیڕۆدانی ئاواوە سزادراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150811134247858861

لەماوەی مانگی تەمموزی 2015 دا 825 ماڵ و دوکان و شوێنی گشتی بەهۆی بەفیڕۆدانی ئاواوە سزادراون و داهاتی غەرامەکەش پێنج ملیۆن و 897 دینار بووە.
بە گوێرەی راگەیەندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: تیمەکانی بەشی زیادەڕەوی لەبەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، لە مانگی تەممووزدا 825 ماڵ و دوکان و شوێنی گشتی سزادراوە، بەهۆی بەفیڕۆدانی ئاوی خواردنەوەوە.
ئەوەش هاتووە: "کۆی گشتی غەرامەکە پێنج ملیۆن و 897 هەزار دینار بووە، هاوکات 208 هاوبەشی پڕاوە بەشێوەی کاتی بەهۆی دووبارە بەفیڕۆدانی ئاوی خواردنەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 807

## لە ماوەی یانزە مانگی رابردووی ئەمساڵدا دەستیان بەسەر زیاتر لە 500 تەن دەرمانی خراپدا گرتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131201163925875520

خەندان هۆگر کەمال
نوێنەری وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە سلێمانی و دەوروبەری رایدەگەیەنێت، لە ماوەی یانزە مانگی رابردووی ئەمساڵدا دەستیان بەسەر زیاتر لە 500 تەن دەرمانی خراپدا گرتووە و لەناویان بردووە.
د. دڵشاد محەمەد، نوێنەری وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەشاری سلێمانی و دەوروبەری، بە (خەندان) ی راگەیاند: لەماوەی یانزە مانگی رابردوودا بازگەکانی

سلێمانی و دەوروبەری و ڕێگا قاچاغەکانەوە دەستیان گرتووە بەسەر زیاتر لە 500 تەن دەرمانی خراپ و پێداویستی پزیشکی و لەناویان بردوون.
وتیشی: "ئەو دەرمانانە پێکهاتبوون لە دەرمانی هۆشبەر و دەرمانی نەخۆشییە درێژخایانەکان و چەندین جۆر دەرزیشی تێدابووە، کە نەشیاو بووە بۆ بەکارهێنان و بەشێکی زۆر لەو دەرمانانەش بە شامپۆ و جوانکاری خانمان رووپۆش کرابوون."
د. دڵشاد محەمەد، ئەوەشی خستەڕوو: دەرمانەکان لە ناوەڕاست و باشووری عیراقەوە هێنراون، کە هەوڵدراوە لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی سلێمانی ساغبکرێنەوە، کە سەرجەمیان بێ مۆڵەت بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 01-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 808

## لە ماوەی یەک ساڵ نزیکەی یەک ملیۆن و 650 هەزار کەس لە تورکمان و کورد و عەرەب لە سووریاوە بۆ تورکیا هاتوون

http://www.kurdipedia.org/?q=20141127153237807

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی ئانادۆڵ، داودئۆغلو ئاماژەی بەوە دا کە لە ماوەی یەک ساڵ نزیکەی یەک ملیۆن و 650 هەزار کەس لە تورکمان و کورد و عەرەب لە سووریاوە بۆ تورکیا هاتوون بەتایبەتی لە 17-19ی تشرینی یەکەم نزیکەی 134 هەزار کەس لە کۆبانێوە بەرە و تورکیا هەڵاتوون و ئەوانیش بەگەرمییەوە پێشوازیان لێ کردوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 27-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 809

## لە مەهاباد زۆرتر پیاوان دەمرن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140102145203869

ڕێژەی مردن لە نێو پیاوانی شاری مهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرترە لە ژنان، بەڵام ڕێژەی لە دایکبوون لەو شارە 6 بەرامبەری ڕێژەی مردنە. بەرپرسی تۆماری باری کەسێتی مهاباد، ڕۆژی چوارشەممە بە ئاژانسی فەرمی حکومەتی ئێرانی ڕاگەیاند:"بەپێی ئامارەکان لە کۆی گشتی ئەو مردنانەی لەو شارە تۆمارکراون، لەسەدا 57-ی مردنەکان پیاوانن و لە سەدا47- ی ژنان." یوسف میکائیلی، بەرپرسی تۆماری باری کەسێتی مهاباد گوتیشی: لە ساڵی رابردوو لەو شارە 416 پیاو گیانیان لەدەستداوە، کە لە بەرامبەردا مردنی 310 ژن تۆمارکراوە، لەو ڕێژەیەش 521 کەس لە ناو شار و 205 کەسیش لە گوندەکان بوون". هەروەها میکائیلی زیاتر گوتی:"بە تێکرا، لە هەر 24 کاژێرێکدا 2.68 کەس لەو شارەدا گیانیان لەدەست دەدەن، بەڵام ڕێژەی لە دایک بوون لەو شارەدا 6 بەرامبەری ئەو ڕێژەیەیە". ژمارەی دانیشتووانی شاری مەهاباد 215 هەزار کەسە و لەو ژمارەیەش، 67 هەزاریان لە گوندەکان نیشتەجێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-01-02

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 810

## لە نەخۆشخانەی لە دایک بوون و منداڵانی سۆران ساڵی رابردوو نزیکەی 6 هەزار منداڵ لە دایک بوونە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150111131419118732

بەرپرسی راگەیاندنی تەندروستی سۆران رایگەیاند، لە ساڵی 2014ـ ە 20 هەزار و 552 ئافرەت سەردانی راوێژکاری بەشی ئافرەتانیان کردووە و نزیکەی 6 هەزار منداڵیش لە دایک بوونە، لەو ڕێژەیە 148 مندالە دوانە بوونە.

مینا تەها بەرپرسی راگەیاندنی تەندروستی سۆران بۆ ماڵپەڕی زاری کرمانجی گوتی، لە نەخۆشخانەی لە دایک بوون و منداڵانی سۆران نزیکەی 6 هەزار منداڵ لە دایک بوونە، لەو ڕێژەیە 3028 لە ڕەگەزی نێر و 2877 لە ڕەگەزی مێ، 148 مندال بە دوانە واتە "جمک" لە دایک بوونە و 60 منداڵ بە مردووی و 84 منداڵیش لە خێزانە ئاوارەبووەکانی ناوچەکە لە دایک بوونە.

مینا ئاشکراشی کرد، 20 هەزار و 552 ئافرەت سەردانی راوێژکاری بەشی ئافرەتانیان کردووە و 19 هەزار و 607 سەردانی بەشی راوێژکاری بەشی منداڵانی کردوونە، 2067 منداڵ خەوێندراون و 1037 منداڵیش لە بەشی ناکامەکان بوونە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی (زاری کرمانجی(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی

شارەکان: سۆران

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 811

## لە نەورۆزدا ئەم رووداوانە لە هەولێر روویانداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150324102904849 72

رەهێڵ سەمەد

راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ئاماری رووداوەکانی سێ رۆژی جەژنی نەورۆز رادەگەیەنێت، ئاماژە بەوەشدەکات رووداوەکانی ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی رابردوو کەمی کردووە.

فازڵ حاجی وتەبێژی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر بە رۆژنامەنوسانی رایگەیاند: "ئەگەرچی ئە و بەرنامە و پلانەی هاتووچۆی هەولێر بۆ رۆژانی جەژنی نەورۆزی دانابوو تاڕادەیەکی باش جێبەجێکرا، بەڵام ژمارەیەک رووداوی هاتووچۆ روویدا و بەهۆیەوە قوربانی لێکەوتەوە."

وتیشی: "لە سێ رۆژی جەژنی نەورۆزدا پێنج رووداوی هاتووچۆ لە سنوری پارێزگای هەولێر تۆمارکراوە، لەکۆی ئە و پێنج رووداوە 7 کەس گیانیان لەدەستداوە و 18 کەسی تریش بریندار بوون."

ئاماژەی بەوەشکرد: "ئە و رووداوانە بەراورد بە ساڵی رابردوو کەمی کردووە، چونکە لە نەورۆزی

2014دا 12 ڕووداو تۆمارکرا بوو."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🚗ڕووداوی هاتووچۆ
شارەکان: ♖هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 812
## لە نەورۆزی 2013، بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە زیاتر لە 40 کەس بوونەتە قوربانی
http://www.kurdipedia.org/?q=2013032409254782607
خەندان ڕەهێل سەمەد
بەگوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان، لە ماوەی سێ ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە سێ کەس گیانیان لە دەستداوەو 38 ی دیکەش لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێم بریندارببوون.
عەمید قادر سدیق، بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان بە (خەندان) ی ڕاگەیاند: لە ماوەی سێ ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا واتە لە 20-22ی ئازار، لە هەرێمی کوردستان بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆ و پابەند نەبوونی شوفێران بە ڕێنماییەکانی هاتوچۆوە سێ هاوڵاتی گیانیان لە دەستداوە و 38 کەسی تریش بریندارببوون.
وتیشی: "ڕووداوەکان بەو جۆرەبوون، هەولێر 13 بریندار و یەک کەس گیانی لە دەستداوە، لە سنوری گەرمیان حەوت بریندار و لە پارێزگای دهۆک حەوت بریندار و سلێمانی 11 و دوو کەس گیانی لە دەستداوە."

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 813
## لە هەر 100 هەزار کەسی کوردستان 96 کەس توشی شێرپەنجە دەبێت
http://www.kurdipedia.org/?q=2014021309391624543
هەرچەندە ساڵ لەدوای ساڵ ڕێژەی توشبوان بەنەخۆشی شێرپەنجە زیاد دەبێت، بەڵام ئاماری چاکبونەوەکانیش ڕو لەزیادبونن، بەجۆرێک لە60%ی نەخۆشەکانمان بەتەواوەتی چاکدەبنەوە".
بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا بۆ نەخۆشیەکانی خوێن و شێرپەنجە وەها دەڵێت.
ئا: ئاسۆ سەراوی
37%ی نەخۆشەکان خەڵکی ناوەڕاست و خواروی عێراقن
یان بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا بۆ نەخۆشیەکانی خوێن و شێرپەنجە د. دۆستی نەجات عوسمان ئاماژە بەوە دەکات لەسەرەتای دروستبونی نەخۆشخانەکەیانەوە لەساڵی 2007 وە تاوەکو ئێستا زیاتر لە10هەزار نەخۆشیان تۆمارکردوە، بەڵام ئە و ئامارە بەتەنها لەپارێزگای سلێمانیدا نییە، بەڵکو وەک ئە و باسی دەکات لە37%ی نەخۆشەکانیان خەڵکی ناوچەکانی

ناوەڕاست و خواروی عێراقن و نزیکەی 7 هەزار نەخۆشێکیشیان خەڵکی ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و گەرمیان و شارەزور و پشدەرن .
"ئامارەکان مەترسیدار نین"
لەبارەی ئاماری توشبوان لەساڵی 2013 ئە و رونیکردەوە کە لە و ساڵەدا 2300 نەخۆش نوێ لەنەخۆشخانەکەیان تۆمارکراوە کە1666 خەڵکی شاری سلێمانی بو دەوروبەری بون ئەمەش بەبەراورد بەساڵێک پێش خۆی زیادیکردوە، چونکە لەساڵی 2012دا تەنها 1900 نەخۆشی نوێی شێرپەنجە لەنەخۆشخانەکەیاندا تۆمارکراوە، هۆکاری ئەوەش بەپرِوای ئە و بەشێکی بۆ زیادبونی ژمارەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، بەڵام سەرباری ئەوەش وەک ئە و جەختی لەسەر دەکاتەوە هێشتا ئە و ئامارانە بەبەراورد بەوڵاتانی پێشکەوتوی دنیا هێشتا زۆر نییە "لەهەرێمی کوردستان لەهەر 100 هەزار کەسێک 96کەس توشی شێرپەنجە دەبێت، بەڵام لەوڵاتێکی وەکو بەریتانیا لە100هەزار کەس 256کەس توشی شێرپەنجە دەبێت بۆیە دەڵێم لەوڵاتی ئێمە هێشتا ئامارەکان بە و جۆرە مەترسیدار نین، بەڵام سەرباری ئەوەش لەهەوڵەکانمان بەردەوامین بۆ چارەسەرکردن و رێگریکردن لەتەشەنەسەندنی نەخۆشیەکە ."
60%"نەخۆشەکان چاکدەبنەوە"
بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی هیوا مژدەی ئەوەش دەدات کە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکە لەلای ئەوان زۆر پێشکەوتوە بەجۆرێک وەک دەڵێت"بەشێوەیەکی گشتی 60% نەخۆشیەکانمان بەتەواوەتی چاکدەبنەوە، لە40% یان چارەسەرەکردنیان درێژخایەن دەبێت یاخود گیان لەدەست دەدەن". ئە و ئاماژەی بەوەشدا کە لەلایەن خەڵکانی خێرخوازەوە یارمەتیەکی زۆری نەخۆشخانەکەیان دەدرێت و وتی "تەنها لەشەش مانگی رابردودا نزیکەی 2ملیۆنو500 هەزار دۆلار بەخشراوەتە نەخۆشخانەکەمان کە زۆرینەی ئە و پارەیە بۆ دروستکردنی بینایەک بوە لەتەنیشت نەخۆشخانەکەمان."
"پاشەڕۆی کۆمپانیا نەوتیەکان یەکێکە لەهۆکارەکانی توشبون"
یەکێک لەهۆکارەکانی توشبون بەنەخۆشی شێرپەنجە ئە و گازە ژەهراویانەیە کە لەدەرەنجامی کارکردنی کۆمپانیا نەوتیەکانەوە دروست دەبێت، ئابوریناس رێکەوت زەکی، ئاماژە بەوە دەکات کە بەپێی یاسای ژمارەی22ساڵی 2007ی نەوت و گازی هەرێم دەبێت ئە و کۆمپانیایانەی لەهەرێمدا کاری دەرهێنانی نەوت دەکەن دۆستی ژینگە بن، بەڵام ئە و هیچ گەشبین نییە لەوبارەوە، چونکە وەک ئە و جەختی لەسەر دەکاتەوە بەشێک لە و کۆمپانیایانە نەک دۆستی ژینگە نین، بەڵکو پاشەڕۆکانی خۆشیان بەشێوەیەکی زانستییانە لەناوانابەن بەجۆرێک کە زیانی بۆ ژینگە نەبێت "بۆیە ئەگەر لەئێستاوە لێپێچینەوە لە و کۆمپانیایانە نەکرێت، ئەوا لە10 بۆ15 ساڵی ئاییندە کە بەشێکی زۆرتری کۆمپانیا نەوتیەکان لەهەرێمدا دەکەونە کارکردن ئەوا رێگرییکردنیان ئاسان نابێت نەخۆشیەکە زۆر لەوە زیاتر دەبێت کە ئێستا هەیە."
"نەخۆش تەنها بەدەرمان چاکنابێتەوە"
سەرۆکی رێکخراوی کوردستان بۆ هاریکاری نەخۆشانی شێرپەنجە د.ئەختەر نەجمەدین سەرباری دەستخۆشی لەخێرخوازان بەوەی یارمەتی نەخۆشخانەی هیوا دەدەن، بەڵام ئەوەش روندەکاتەوە، کە پێویستە ئە و خێرخوازانە لایەکیش لەسەنتەری سلێمانی بۆ چارەسەر بەتیشک بدەنەوە تا بتوانن ئامێری پێشکەوتو بکرن بۆ چارەسەری نەخۆشیەکە بەتیشک و ئە و وتی "نەخۆشی شێرپەنجە بەتەنها بەدەرمان چاکنابێتەوە، بەڵکو پێویستی بەچارەسەری تیشکیش هەیە، بۆیە پێویستە خێرخوازان رو لە و سەنتەرەش بکەن، بەشێک لەپێداویستیەکانیان بۆ دابین بکەن".
لەبارەی هاوکاری رێکخراوەکەشیان ئە و باس لەوە کرد کە نزیکەی500 کەسێک مانگانە بەپری 10هەزار دینار یارمەتییان دەدەن.
بەپێی وتەی د.مەجید حەمە ئەمین وەزیری تەندروستی عێراق لەسەرجەم عێراقدا 30 هەزار و 500 کەس توشی نەخۆشی شێرپەنجە بون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 13-02-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 814

**لە هەرێمی کوردستان 117 هەزار هونەرمەند هەیە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015053115213085428


ئەنوەر قەرەداغی

لەهەرێمی کوردستان ١١٧ هەزار هونەرمەند هەیە

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 815

**لە هەرێمی کوردستان 141 ژن سووتاون و 63 ژنیش خۆیان سووتاندووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102616541368015

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە 2014/1/1 تاوەکو 2014/8/31 لە هەرێمی کوردستان 141 ژن سووتاون و 63 ژنیش خۆیان سووتاندووە. لەوانەش 14 ژن لە سنووری ئیدارەی راپەڕین سووتان و 9 ژنیش خۆیان سووتاندووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 816

**لە هەرێمی کوردستان 240 ژن کوژراون**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031416360951991

بە پێی ئامارێکی فەرمی لە هەرێمی کوردستان، لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا 240 ژن کوژراون. چالاکوانێکی بواری ژنانیش ئاماژە بەوە دەکات، کە لە هەندێ کەیسدا هەبووە، بکوژ وتوویەتی لەسەر شەرەف ئافرەتێکی کوشتووە، کەچی لەسەر کێشەی تر بووە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان، تەنها لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا 240 ژن لەهەرێمی کوردستان کوژراون.

لای خۆیەوە، موقەدەم لەمیعە محەمەد بەرێوبەری بەڕیوبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانی کوردستان لە گەرمیان لەو بارەییەوە بە خەندانی راگەیاند" بەداخەوە کەلتوری ئێمە، هێشتا گیانی تۆڵەکردنەوە لە گیانماندا ماوە، دەبینین کاتێک کچێک کورێکی خۆشدەوێت، کەسوکارەکەی پەنا بۆ

کوشتنی دەبەن، یاخود هەندێک جار لە پێناو ئەوەی پیاوێک لە ژنەکەی جیابێتەوە تۆمەتی ئەخلاقی دەداتە پاڵ تاوەکو تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە."
وتیشی، پێویستە لە ناو خێزانەکاندا هۆشیاری هەبێت بەوەی ئەگەر کچێک حەز لە کورێک دەکات، ئەو کچە دابنرێت تاوەکو تێبگەیەنرێت ئەو پەیوەندییە سود چیە و زیانی کامەیە.
موقەدەم لەمیعە جەختیشی لەوەکردووە، ئەگەر هەر پیاوێک باس لە وە دەکات ژنەکەی خیانەتی کردووە و ئەگەر بە پێی بەڵگە بێت، ئەوا دەتوانێت سکاڵای لێبکات و لە دادگا ئەو ژنە سزای زیندانی بەسەردا دەسەپێنرێت.
نەجیبە مەحمود ژنە ڕاگەیاندکار و چالاکوانی بواری ژنان سەبارەت بە ژن کوشتن بە خەندانی ڕاگەیاند" جێگەی داخە کەلتوری ئێمە هێشتا بیر لە ژن کوشتن دەکەنەوە، چونکە شەرەفی ژن تەنها جەستەی نییە، بەڵکو ڕاستگۆی و پاکیەتی بەرامبەر دەوربەر."
وتیشی"یاسای هەرێمی کوردستان پاڵپشتی کوشتنی ژنن، چونکە زۆر جار دەبینین تاوانباران یاخود بکوژانی ژن ئازاد دەکرێن، یاخود با بڵێن زۆر کەیس هەبووە کە برایەک لەگەڵ خوشکەکەی یان مێردێک لە ژنەکەیدا لەسەر مەسەلەی لایەنی ئابوری بووە، ژنە یاخود کچە کوژراو و دواتر وتویەتی لەسەر مەسەلەی شەرەف کوشتوومە، بۆیە دەبێت لە ڕێگەی یاساوە سنورێک بۆ ژن کوشتن دابنرێت".
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 817
## لە هەرێمی کوردستان 562 پرۆژە دراونەتە دادگا
http://www.kurdipedia.org/?q=2013050212180682758
وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بە هۆی پێشێلکردنی مافی کرێکارانەوە 562 پرۆژە دراونەتە دادگاو ئاماژەش بەوە دەکات کە لە هەرێمی کورد 46 هەزار کرێکار زەمان کراون.
لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیدا کە وێنەیەکی بۆ (خەندان) نێردراوە، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاسۆس نەجیب، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم پەیامی وەزارەتەکەی دووپاتکردەوە بۆ خزمەتکردنی بەردەوامی کرێکاران و باشکردنی ژیانی کرێکاران لەڕێگەی یاساو ڕێنماییەکان و هاوکاری و هەماهەنگی سەندیکای کرێکاران و لایەنە پەیوەندیدارەکان.
ئاسۆس نەجیب، پرۆژەو کارەکانی وەزارەتەکەی خستەڕوو بۆ خزمەتکردن بەکرێکاران لەکوردستان بەتایبەت هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەبەرژەوەندی کرێکاران و کارکردن بۆ داڕشتنی یاسای کاری تایبەت بەکوردستان.
لە بارەی زەمانکردنی کرێکارانەوە، وەزیری کار ڕایگەیاند: بەپێی ئامارەکان لە ئێستادا نزیکەی 46 هەزار کرێکار لەکوردستان دەستەبەر (زەمان) کراون و بڕگەو مادەکانی یاسا بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت و مافەکانیان بۆ دەستەبەر دەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا چەندین کرێکار هەیە کە لەپرۆژەکان کاردەکەن کەچی زەمان نەکراون و خاوەن کارەکان کەمتەرخەمن لەبەرامبەر مافەکانیان و لەکاتی دروست بوونی ڕووداویش مافەکانیان ناپارێزرێت. بۆ ئەمەش وەزیری کار هۆشیاری دایە کرێکاران کە داکۆکی لەمافەکانیان بکەن لەشوێنی کارکردن و خاوەن کارەکانیان ناچار بکەن کە چمان بکرێن بۆ ئەوەی داهاتوویان ڕۆشن و مسۆگەر بێت.
لە بارەی ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر کرێکار لەپرۆژەکاندا لەلایەن خاوەن کارەوە دەکرێت، وەزیری کار ڕایگەیاند: هەر کۆمپانیاو پرۆژەیەک مافەکانی کرێکار پێشێل بکات بەپێی یاسا دەدرێت بەدادگا، بۆ ئەمەش تائێستا وەزارەت 562 پرۆژەی داوەتە دادگا لەبەرامبەر پێشێلکردنی مافەکانی کرێکار،

تەنها لەماوەی سێ مانگی ئەمساڵدا 25 پرۆژە دراوەتە دادگاو لێکۆڵینەوەی یاساییان لەدادگای کارلەگەڵدا کراوە.
ئاسۆس نەجیب، راشیگەیاند: بەمەبەستی پێدانی ڕێنمایی بەپرۆژەکان بۆ تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی بۆ کرێکاران، تیمەکانی وەزارەت تەنها لەماوەی چوار مانگی ئەمساڵ سەردانی 204 پرۆژەیان کردووە و خاوەن کارو کرێکارەکانیان لەتەندروستی و سەلامەتی پیشەیی ئاگادارکردۆتەوەو ڕێنمایی پێویستیان کردوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 818

## لە هەرێمی کوردستان 650 توشبوی ئۆتیزم هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013040213433079026

هێمن مامەند، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری راگەیاندنی کۆمەڵەی ئۆتیزم، فەرەیدون بێوار، ئەمڕۆ، سێشەممە، لە لێدوانێکدا بۆ ئاوێنەنیوز رەخنەی توندی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بەهۆی بایەخ نەدان بەنەخۆشییەکە.

ئۆتیزم، یان (خود تەنهایی – دایرانو گۆشەگیری) نەخۆشییەکە لە تەمەنی 2 تا 3 ساڵی لە منداڵدا دەردەکەوێتو تیایدا گەشەی عەقی منداڵ لاوازو هێواش دەبێتو بەمەش لەگەڵ گەشەی عەقلی مرۆڤی ئاسایی جیاواز دەبێت.

لە ساڵی 2007ەوە رێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریدا ساڵانە رۆژێک تایبەت بکرێت بەنەخۆشی ئۆتیزمو پاش دەستنیشانکردنی (2 ی نیسان)یش وەک رۆژی جیهانی ئۆتیزم لە ساڵی 2008ەوە ئەو یادە لەسەر ئاستی جیهان دەکرێتەوە.

بێوار، وتیشی، لەرووی پەروەردەییەوە هیچ بایەخێک بەتوشبوانی ئۆتیزم نەدراوە بەهۆی نەبوونی پەیمانگاو تەنانەت قوتابخانەی بنەڕەتیش لە شارەکانی کوردستاندا. وتیشی، ئەوەی هەیە تەنها دوو سەنتەرە لە شارەکانی سلێمانیو هەولێر کە 50 منداڵ زیاتر لەخۆناگرێت لەکاتێکدا کۆی گشتی توشبوانی ئۆتیزم لە هەرێمی کوردستان 650 کەسن.

ئاشکراشیکرد، تا ئەم ساتە هیچ نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەئۆتیزمو پسپۆری تایبەت بەنەخۆشیەکە لە کوردستاندا نییە.

بەڕێوەبەری راگەیاندنی کۆمەڵەی ئۆتیزم، هێمای بۆ ئەوەشکرد، توشبوانی نەخۆشیەکە دوو مانگ جارێک پری 300 هەزار دینار وەردەگرن کە پرێکی زۆر کەمە.

سەبارەت بەچاودێرانی نەخۆشیەکە کە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان ئەگەر رێژەی نەخۆشییەکە 90% بێت ئینجا مووچە بۆ چاودێرەکەی دابین دەکرێت، بێوار، وتی، ئەو یاسایە هەڵەیە، چونکە ئەگەر حاڵەتی نەخۆشیەکە بگاتە 90%و سەروتر پێویستە نەخۆشەکە بەتوندی ببەستیتەوەو بەچوار کەسیش چاودێری ناکرێت نەک یەک کەس.

ئۆتیزم وشەیەکی یۆنانییە واتە دایرانو گۆشەگیری، بریتییە لە تێکچوونێکی ئاڵۆزی گەشە لەئەنجامی تێکچونی فەرمانەکانی مێشکو دەمارو کاریگەری توندی دەبێت لەروی تێکەڵاوبونی کۆمەڵایەتی.
رێژەی توشبوون نزیکەی (3-4) لە 10000 منداڵدایەو لەنێریەندا بەرێژەی 1/3 لەمێینە زیاترە.
لەساڵی 1940وە لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا دەستنیشانکراوە.،

تائێستا لە 90% ی هۆکارەکانی تووشبونی ئۆتیزم نەزاندراوە، لە 10% شی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار لەوانە هۆکاری بۆماوەیو پێکهاتەی کیمیایی مێشکو پیسبونی ژینگەو زیادبونی هەندێ مادەی ژەهراوی لەجەستەی منداڵدا.

لە رابوردوشدا زانایانی زانکۆی کالیفۆرنیای باشور لێکۆڵینەوەیان لەبارەی کاریگەری پیسی کەشوهەوا لەسەر نەخۆشی ئۆتیزم لە منداڵاندا ئەنجامداوەو بەو ئەنجامە گەیشتون کە پیسی کەشوهەوا دەتوانێت هۆکارێکی توشبون بەم نەخۆشییە بێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 02-04-2013

کویک ریسپۆنس کۆد: 

---

بابەتی ژمارە: 819

## لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە پێنج هەزار کانیاو هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130625191721782 65

بە دروشمی (بەرە و دابین کردنی ئاسایشی خۆراک و ئاو لە هەرێمی کوردستان) و بە چاودێریی سیروان بابان، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و ئامادەبوونی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و راوێژکاران ژمارەیەک لە ئەکادیمی و مامۆستایانی زانکۆ و کۆلێژەکان و نوێنەرانی سەندیکاو کۆمەڵەکان و میوانێکی زۆر، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سەرچاوەکانی ئاو لە هۆڵی کۆلێژی ئەندازیاریی زانکۆی سەلاحەدین مینی کۆنفرانسی خۆی سازکرد.
سەرەتا محەمەد ئەمین فارس، بەڕێوەبەری گشتیی سەرچاوەکانی ئاو ئاماژەی بە گرنگیی سەرچاوەکانی ئاو کرد و ئامانجەکانی بەستنی کۆنفرانسەکەی روونکردەوە کە بریتییە لەدابین کردنی ئاسایشی خۆراک و ئاو، دواتر ئاماژەی بە گرنگیی ئاو کرد لە ژیانی مرۆڤایەتی و مێژووی چالاکییەکانی مرۆڤی لەم رووەوە روون کردەوە، بە تایبەتیش لە شاری هەولێر کە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە ئەویش پرۆژەی راکێشانی ئاوی سەنحاریبە لە دەرەوەی هەولێر بۆ ناو شار.
دواتر هاتە سەر ئەو پرۆژانەی کەلە ماوەی رابردوودا جێبەجێکراون لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە.
هەر لە کۆنفرانسەکەدا، پرۆفیسۆر سیروان بابان، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە وتەیەکدا ئاماژەی بەوەکرد: وەزارەت بڕیاری داوە کۆنفڕانسەکان لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان ببەسترێن، تاکو راستەوخۆ پێداویستی و پرۆژە و تێبینییەکانیان لەبەرچاو بگیرێت، ئامانجی سەرەکیی سیاسەتی وەزارەتیش لە بەستنی ئەم کۆنفرانسانەی بە چەند رێنماییەک خستەڕوو، لەوانە گرتنەبەری پرەنسیبی شەراکەت لە نێوان وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدار و زانکۆکان بۆ بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و ئاودێری، هاوکات بایەخدانی وەزارەتی روون کردەوە بە پرۆسەی تەواوکاریی گشتی لە بەرهەمهێناندا لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا.
ئاماژەشی بە پێویستی لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا کرد کە کاریگەریی بەردەوامی بۆسەر ئەم کەرتە هەیە، دووپاتیشی کردەوە: وەزارەت لە سیاسەتی خۆیدا جەخت دەکاتەوە لە سەر بەرهەمهێنان لە یەکەی گەورەدا لە رێگای کۆمپانیاو کۆمەڵەکانەوە.
هاوکات ئاماژەشی بە گرتنەبەری هەنگاوی پێویست کرد بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا لە رووی بەبیابانبوون و وشکەساڵی، هەروەها هانی بواری وەبەرهێنانی دا لە پرۆژەکانی ئاودێریدا، رۆڵی ئافرەتیشی لە داڕشتنی پلانی کشتوکاڵی بە گرنگ لە قەڵەمدا لە ناو فەرمانگەکانی وەزارەت و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری.
ئەوەشی روون کردەوە: ئامانجی وەزارەت دابینکردنی خۆراک و ئاوە بۆ هەرێمی کوردستان کە وا چاوەڕوان دەکرێت ژمارەی دانیشتوانەکەی لە ساڵی 2018 بگاتە 6.4 ملیۆن کەس.

لە تەوەرێکی دیکەی مینی کۆنفڕانسەکەدا بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو لە پرێزنتەیشنێکدا بەتێروتەسەلی باسی لە پرۆژەکانی ئاودێری کرد لە پۆندو کارێزو کانیاوەکان و لەم رووەوە دووپاتی کردەوە کە پتر لە پێنج هەزار کانیاو و 897 کارێز و 175 پۆند لە هەرێمی کوردستاندا هەن، جگە لە 167 بەربەستی خاکی کە لە لایەن جووتیارانەوە لەسەر ئەرکی خۆیان جێبەجێ کراون، دواتر هاتەسەر ئەو پرۆژانەی کە لە پێنج ساڵی رابردووی پلانی 2009-2013 ئەنجام دراون کە کۆی گشتییان دەکاتە 853 پرۆژە و بەم شێوەیەش توانراوە 156،783 دۆنم زەوی بەراو بکرێت.
راگەیەندراوی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-06-25

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 820

## لە هەشت مانگی ئەمساڵدا 731 هاوڵاتی بە رووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131119133887755

خەندان رەهێل سەمەد

بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندنی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، تەنها لە هەشت مانگی ئەمساڵدا بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆوە 731 هاوڵاتی بە رووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لە دەستداوە و هەشت هەزار هاوڵاتیش برینداربوون.
ئەمڕۆ سێشەممە (19ی تشرینی دووەمی 2013) لە شاری هەولێر رێکخراوی پەرەپێدانی دیموکراسی و رێکخراوی دوا رۆژ بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی لاوان بە هاوکاری فەرمانگەی رێکخراوە نا حکومیەکان، کۆنفراسی کێشەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان و پێشنیازەکان بۆ چارەسەرکردنیان رێکخست.
لە و کۆنفراسەدا کە ژمارەیەک لە ئەفسەران و بەڕێوەبەرانی هاتوچۆ و شارەزایان و پسپۆرانی هاتو چۆ و چالاکوانانی کۆمەڵی مەدەنی ئامادەی بوون، عەمید عەبدولقادر سدیق، بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندنی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: تەنها لە هەشت مانگی ئەمساڵدا بە هۆی رووداوەکانی هاتوچۆوە 731 هاوڵاتی گیان لە دەست داوە لەگەڵ برینداربوونی هەشت هەزار هاوڵاتی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا.
وتیشی: " لە ساڵی 2008 تا 2011، سێ هەزار 734 کەس بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە و 28 هەزار و 536 کەسیش برینداربوون."
ئەوەش خرایەڕوو: لە ساڵی 2010 تا 2012، یەک ملیۆن و 648 هەزار و 287 مۆڵەتی تایبەت دراوە بە هاوڵاتیان، هەروەک لە و دوو ساڵەدا یەک ملیۆن و 442 هەزار و 680 مۆڵەتی گشتی دراوە بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.
هەر لە و کۆنفراسەدا چەند توێژینەوەیەکی زانستی پێشکەش کرا بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستان و دۆزینەوەی رێگا چارەی گونجاو بۆیان، هەروەک لە و توێژینەوانە پێشنیاز کرا کە سندوقی (پشتیوانی کردنی هاتوچۆ و چاکردنەوەی رێگاکان) دابمەزرێت و داهاتەکەشی لە رێگای باج و سەرپێچیەکانی هاتوچۆ کۆبکرێتەوە لەگەڵ باجی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێل.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-19

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 821

## لە هەولێر 122 شوێن بەهۆی پابەندنەبوونیان بە ڕێنماییەکان داخراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140108000031686782

خەندان - ڕەهێڵ سەمەد

بەوتەی بەرپرسانی پارێزگای هەولێر لەماوە ساڵی ڕابردوودا لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونەوە 961 شوێنی گشتی بەسەرکراوەتەوە و لە و ژمارەیە 122 شوێن بەهۆی پابەندنەبوونیان بە ڕێنماییەکان داخراون.

هێرش حسێن جێگری قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بە خەندانی ڕاگەیاند: لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا واتا لە (2013/1/1 - 2013/12/31) لەلایەن لیژنەی بەدواداچوونی پارێزگای هەولێر 961 شوێنی وەک چێشتخانە و سوپەرمارکێت و فرۆشگاکانی جۆراوجۆری تر بەسەر کراونەتەوە.

هێرش حسێن وتی: "لە ئەنجامی پشکنین و بەدواداچوونی ئە و شوێنانە لەلایەن لیژنەکەوە دەرکەوت 241 شوێن سەرپێچییان هەبووە، لەناو ئە و ژمارەیە 122 شوێن بە بڕیاری لیژنەی بەدواداچوونی پارێزگای هەولێر داخراون."

جێگری قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر ئەوەشی خستەڕوو کە هەر لەمیانەی بەسەرکردنەوەی ئە و شوێنانە 720 شوێن کێشەیان نەبووە و لەرووی پاک و خاوێنی و کوالیتی کەلوپەلەکانیان هیچ گرفتیان نەبووە، بۆیە لەلایەن لیژنەکەوە دەستخۆشییان لێکراوە.

بەوتەی بەرپرسانی پارێزگا هەولێر بوونی لیژنەیەکی لەوجۆرە بۆ چاودێریکردنی شوێنە گشتییەکان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە خواردەمەنییەوە هەیە، کاریگەری باشی هەبووە لەسەر پاکڕاگرتنی ئە و شوێنانە و پابەندبوونیان بە ڕێنماییەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 822

## لە هەولێر 80 کەس خۆیان دەکوژن

http://www.kurdipedia.org/?q=20131117160812877795

پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنێت،لەسەرەتای ئەمساڵەوە لەشاری هەولێر 80حاڵەتی خۆسوتاندن و خۆکوشتن تۆمارکراوە.

هێمن مامەند، هەولێر: وتەبێژی پۆلیسی هەولێر، ڕائید کاروان عەبدولکەریم، بەئاوێنە نیوزی ڕاگەیاند" لەسەرەتای ئەمساڵەوە تائەمڕۆ 80 حاڵەتی خۆکوشتن و خۆسوتاندن تۆمارکراوە، کە48 حاڵەتی تایبەت بووە بە ژنان کە 37 حاڵەتیان خۆسوتاندن بووە و 11 حاڵەتیان خۆکوشتن بووە و هەروەها 30 حاڵەتەکەی دیکە تایبەتە بە پیاوان و لە و ڕێژەیە 21 حاڵەتی خۆکوشتن بووە و 9 حاڵەتی خۆسوتاندن بووە."

ڕائید کاروان وتیشی" دوو حاڵەتی دیکە تایبەتە بە منداڵان تۆمارکراوە، ئەوانیش بەهۆی لاسایی کردنەوەی دراما دۆبلاژکراوەکانەوە و خۆیان کوشتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-11-17

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 823

## لە هەولێر زێڕ دەبێتە قۆندەرە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120913233287348




بەهۆی باشبوونی گوزەرانی بەشێک خەڵکی هەرێمی کوردستان، خواست لەسەر کڕینی خشڵ و زێڕ زیاد دەکات و لە ئێستادا گەیشتووەتە رادەیەک کە ژنانی کورد دەیانەوێت جگە لە دەست و ملیان قاچیشیان بە زێڕ بڕازێننەوە، زەڕنگەرانی هەولێریش ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئێستادا خواست لەسەر پێڵاوی زێڕ زۆر زیاد بووە و پیاوانیش خەنجەر و دەمانچە لە زێڕ هەڵدەکێشن.

بەیار ئەکرەم، زەڕنگەر لە شاری هەولێر دەڵێت: "ئێستا ملوانکەی گرانبەها دروست دەکەین کە کێشی لە 30 مسقاڵەوە دەستپێدەکات تا 60 سقاڵ، بازن دروست دەکەین کە کێشی 15 مسقاڵە و نرخی چوار هەزار و 500 دۆلارە، پاشان ملوانکەی پان دروست دەکرێت کە ئێستا خواستی زۆر لەسەرە و لە هیندستانەوە بۆیان دێت، چونکە لێرە ناتوانین دروستی بکەین و وردەکاری زۆری تێدایە و نرخی 10 هەزار دۆلارە، گۆ بەرۆک و پشتێنی ژنانیش نرخیان لە سەروو 10 هەزار دۆلارە و خواستی زۆری لەسەرە."

بە وتەی ئە و زەڕنگەرە، ئێستا خواست لەسەر پێڵاو لە لایەن ژنانەوە زیادی کردوە، لە و رووەوە دەڵێت: "تازەترین پارچە زێڕ کە ئێستا مۆدێلە و خواستی لەسەرە و خۆمان دروستی دەکەین، پڵاوی ژنانە کە 40 مسقاڵ زێڕی تیادا بەکار هاتووە و نرخەکەی 18 هەزار و 500 دۆلارە."

لای خۆیەوە دیار عەزیز، زەڕنگەر لە بازاڕی شاری هەولێر دەڵێت: "بەشێک لە ماڵە ئاغاکان دێن و دەمانچە و کلاشینکۆف و خەنجەریشیان بۆ ئاو زێڕ دەکەین، نرخەکەشی بەپێی داواکارییەکەیە ئایا دەیەوێت تێچووی زۆر بێت یان نا، بەڵام بە گشتی ئاوزێڕکردنی خەنجەر 1000 دۆلار تا 40 هەزار دۆلاری تێدەچێت."

بەپێی زانیارییەکان لەماوەی 10 مانگی ئەمساڵدا نزیکەی 96 تەن زێڕ هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە، کە 58 تەن و 847 کیلۆی لە بازاڕەکانی سلێمانی ساغ کراوەتەوە و 38 تەن و 814 کیلۆ لە شاری هەولێر و یەک تەن و 671 کیلۆی لە بازاڕەکانی دهۆک ساغ کراوەتەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بەشێک لە و زێرە بۆ پارێزگاکانی خواروی عیراق دەڕوات.

سەرچاوە: هەفتەنامەی رووداو

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-09

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 824

## لە هەولێر کرێی خانوو ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات

سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان دەڵێت بەهۆی بەردەوامیی هاتنی عەرەب بۆ شاری هەولێر، نرخی کرێی خانوو ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە و بە ڕێژەی 100% زیادبووە.
مەحمود ئیسماعیل، سەرۆکی لقی هەولێری کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان، بۆ بەرزبوونەوەی نرخی کرێی خانوو بەهۆی هاتنی ئاوارەی عەرەبەوە، خانوویەکی 100 مەتری دوو نهۆمی بەنموونە دێنێتەوە و دەڵێت پێشتر کرێیەکەی 250 – 300 دۆلار بوو، بەڵام ئێستا بووەتە 600 – 700 دۆلار.
کۆمەڵەکەی مەحموود لە ساڵی 2013 تەنیا 12 هەزار کرێنیشنی لەلای خۆی تۆمارکردبوو، بەڵام لە ماوەی ساڵێک و پێنج مانگی رابردوودا 5 هەزار کرێنشینی دیکەی بۆ زیادبووە.
مەحمود ئیسماعیل دەڵێت "بەهۆی هاتنی ئاوارەی عەرەب بە لێشاو نرخی کرێی خانوو بەردەوام لە هەڵکشان دایە، بەم هۆیەشەوە گرفت کەوتووەتە نێوان کرێنشین و خاوەن خانوو، بەدەیان کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە."
ئەم کۆمەڵەیە یاداشتێکی ئاراستەی سەرۆکی پەلەمان و ئیدارەی پارێزگاری هەولێر و لایەن پەیوەندارەکان کردووە، بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ بەرزبوونەوەی نرخ و نیشتەجێبوونی ئاوارەی عەرەب لەنێو شار دابنرێ، ئەگەرنا لە داهاتوودا کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر دەبێ.
92هەزار خێزانی ئاوارە لە هەولێرن
بەپێی ئاماری پارێزگای هەولێر زیاتر لە 92 هەزار خێزانی عەرەب و مەسیحی لە پارێزگاکانی نەینەوا، ئەنبار، بەغدا، سەڵاحەددین و فەللوجە لە شاری هەولێر و دەوروبەری نیشتەجێن، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر گرانبوونی نرخی کەلوپەلی خۆراک و کرێ خانوو بەتایبەت دروستکردووە.
نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، لە بەرنامەی رووداوی ئەمرۆی کەناڵی (رووداو) گوتی "بەپێی مافە دەستورییەکان ئێمە ناتوانین رێ لەنیشتەجێبوونی ئاوارە عەرەبەکان لەشاری هەولێر بگرین، بۆیە ئەوانەی توانای بەکرێگرتنی خانوویان هەبووە لەنێو شار و شارۆچکەکان خانوویان بەکرێ گرتووە، ئەوانی دیکەش لەکەمپەکان نیشتەجێبوون کە ژمارەیان نزیکەی 7هەزار کەس دەبێ ". گوتیشی "راستە ئەوان کاریگەریان لەسەر بەرزبوونەوەی کرێ خانوو داناوە، بەڵام مانای ئەوە نییە ئەوان بەشێکی گەورەی گرفتی نیشتەجێبوون بن."
داتایان نییە
بەپێی ئاماری پارێزگای هەولێر لە 10 ساڵی رابردوودا زیاتر لە 265 هەزار خانوو لە شاری هەولێر دروستکراون. ملیارێک و شەش ملیۆن دۆلاریش وەک پێشینەی خانووبەرە بەخەڵک دراوە، بەڵام هێشتا نەتواندراوە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکرێت.
بەگوێرەی پێشبینییەکانی سەرۆکی لقی هەولێر کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینان، لەپارێزگای هەولێر لەژمارەی کرێنشینانی هەولێر لە سەرووی 35 هەزار کرێنشینەوەیە، بەڵام پارێزگاری هەولێر ئەم ژمارەیە بە "ناڕاست" وەسف دەکات و دەڵێت "بەهۆی ئەنجامنەدانی سەرژمێری و رووپێویی بۆ ژمارەی کرێنشینان هیچ داتاییەکی وردمان لەسەر ژمارەی راستەقینەی کرێنشینان نییە، ئەو ژمارانەشی لەلایەن کۆمەڵەکانی کرێنشینان دەخرێتە روو راست نین، بەڵام پێشبینی دەکەین 12 تاوەکو 15 هەزار کرێنشین لە هەولێر هەبن."
پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بەوەدا بۆ کەمکردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون هەر لەماوەی 10 ساڵی رابردوودا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر 140 هەزار و 683 پارچە زەوی دابەشکردووە، شارەوانی قەزاو ناحیەکانیش 55 هەزار و 168 پارچە زەویان دابەشکردووە. هەروەها 18 هەزار پارچە زەوی لە قەزا و ناحیەکان بەکرێنیشان دراوە، عەقاراتی دەوڵەتیش 5739 پارچە زەوی دابەشکردووە کە سەرجەمیان دەکاتە 219 هەزار و 590 پارچە زەوی نیشتەجێبوون."
هەر بەپێی زانیارییەکانی نەوزاد هادی، لەرێگەی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون 77 هەزار و972 یەکەی نیشتەجێبوون مۆڵەتیان وەرگرتووە کە بەشێکی زۆریان تەواو بوون، لەم ژمارەیەش 8 هەزار و 536 یەکەیان لەرێگەی سندوقی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دروستکراون، 1452 شوقە دراوەتە خەڵکی کەمدەرامەت، 5000 خانووی کۆری بۆ خەڵکی کرێنشین لەژێر دروست کردن دان، رێگەیان بەدروستکردنی زیاتر لە30 هەزار خانوو لە گەڕەکەکانی مامزاوە، تووڕەق، سێبەردان و حەسارۆک داوە، دوای ئەوەی بەپێی ماستەر پلان کەوتنە نێو سنووری شارەوانییەکانی هەولێر.
سەرەرای دابەشکردنی هەزاران پارچە زەوی و دروستکردنی هەزاران یەکەی نیشتەجێبوون، بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا بەرزبوونەوەی نرخی کرێی خانوو لەسێ ساڵی رابردوودا لە شاری هەولێر ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردووە، شارەزایانی ئەم بوارەش هۆکارەکەی بۆ لێشاوی هاتنی خێزانە ئاوارە عەرەبەکان دەگەڕێننەوە.
سەیفەددین قادر، خاوەنی نووسینگەی سەحەر بۆ کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی خانوو لە هەولێر گوتی "بەهۆی هاتنی لێشاوی ئاوارە بۆ شاری هەولێر خواستێکی زۆر لەسەر خانووی کرێ هەیە، رۆژانە چەندین کەس روومان تێدەکەن بۆ خانووی کرێ، دەتوانم بڵێم 90%یان عەرەبن."
بەهۆی زیادبوونی بەردەوامی کرێی خانوو، بەشی زۆری خاوەن خانووەکان تەنیا شەش مانگ گرێبەست لەگەڵ کرێنشین دەکەن، بۆ ئەوەی هەر کاتێک کرێ زیادبوو، کرێکەیان لەسەر زیاد بکەن، یان لە خانووەکانیان دەربکەن. نووسینگەکانیش بۆ هەر گرێبەستێک 300 دۆلار لەهەردوولا وەردەگرن، بۆیە زوو زوو خاوەن خانووەکان لە بەرزبوونەوەی نرخ ئاگادار دەکەنەوە.
سەیفەددین دەڵێت "پێشتر بەردەوام 10 بۆ 15 خانووی کرێم لا هەبوو، بەڵام ئێستا لەبەر ئاوارەی عەرەب خانووی کرێ بەرناکەوێت."
لە دوای هەر هێرشێکی داعش بۆ سەر پارێزگا سوننەنشینەکان، لێشاوی هاتنی ئاوارەی عەرەب بۆ کوردستان زیاد دەکات. پارێزگاری هەولێر گوتی "تەنیا لەدوای گرتنی ئەنبار لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێر 13 هەزار و 250 کەس هاتوونەتە کوردستان."
کرێی خانوو لە هەندێک گەڕەکی شاری هەولێر:
-کرێی خانووی 100 -125 مەتر لە گەڕەکەکانی 94ی گوڵان، کارێزان، فەرمانبەران، 99ی زانکۆ و رۆشنبیری لە نێوان 500 – 600 دۆلار دایە.
-کرێی خانووی 150 – 200 مەتری لەو گەڕەکانە لە نێوان 800 تاوەکو 1000 دۆلار دایە.
-لە گەڕەکە راقیەکان کە زۆربەی خانووەکانیان 150 – 250 مەترە، کرێی خانوو لە نێوان 1500 – 2500 دۆلار دایە.
-لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون وەک ئاشتی، لاوان، هیران ستی، ئایندە و..هتد. لە نێوان 600 – 800 دۆلار دایە.
زانیاری لەبارەی کرێنشینان و ئاوارەی عەرەب:
92 -هەزار خێزانی عەرەب لە پارێزگای هەولێرن
35 -هەزار کرێنشین لە شاری هەولێر هەن
90% -ی ئەوانەی بەدوای خانووی کرێدا دەگەڕێن عەرەبن
-لە 10 ساڵی رابردوودا 256 هەزار خانوو لە هەولێر دروستکراون
-مۆڵەت بە دروستکردنی 78 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دراوە
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 25-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💣ئاوانی جەنگ
جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
شارەکان: ♖هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 825
## لە هەڵەبجە و شارەزوور زیاتر لە 700 منداڵی بێسەرپەرشت هەن
http://www.kurdipedia.org/?q=20150604133838885478
ڕۆژنیوز - ئومێد دارا
بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی شارەزوور دەڵێت، 776 منداڵی بێسەرپەرشت لە

بەڕێوەبەرایەتییەکان تۆمار کراون. سالار فەتاح بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی شارەزوور بە ڕۆژنیوزی ڕاگەیاند:" لەو ڕێژەیە 328 منداڵیان بەهۆی جیابوونەوەی دایک و باوکیان بێسەرپەرشت بوون و 446 منداڵیشیان بەهۆی مردنی دایک یان باوکیانەوە بێسەرپەرشت بوون .
بەڕێوەبەری چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی شارەزوور وتیشی:" تێکڕای سودمەندانی خاوەن پێداویستی تایبەت کە لەخوار 18 ساڵەوەن بریتیە لە 1023 منداڵ، لەگەڵ 55 سودمەندی چاودێری خێزان کە لەخوار 18 ساڵەوەن". ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە چاودێری و گەشەپێدانە، واتە ئەرکی ئێمە ئەوەنیە تەنها کۆمەکێکی ماددی بەو کەسانە ببەخشین، ئێمە دەمانەوێت وابکەین خەڵکانێک کە هەژارن و توانای پەیداکردنی داهاتێکیان نیە، ئەو ڕێکارانەی لەگەڵ بەکاربهێنین بۆ ئەوەی لەسەرپێی خۆی بووەستێت و گەشە بەتواناکانی بدات و خۆی بتوانێت زیاد لەوەش کە حکومەت پێی دەدات دابینی بکات بۆخۆی، هاوشێوەی ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتیانەی لەجیهاندا هەن، نەک خۆیان بەخێودەکەن بەڵکو سەرچاوەی داهاتیان ئەوەندەیە ئومێد بە خەڵکی تریش دەبەخشن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

شارەکان: هەڵەبجە

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 826

## لە ورمێ 327 تووشبووی ئایدز هەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122016511887147

ڕۆژهەڵاتی کوردستان (باسنیوز) ئیدریس ئەحمەد-

لە پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 327 کەس تووشی نەخۆشی ئایدز بوون.

د. ڕەسوڵ ئینتزار مەهدی جێگری بەڕێوەبەرایەتی زانکۆی پزیشکی ورمێ رایگەیاند نەخۆشی ئایدز لە پارێزگای ورمێ خەریکی تەشەنەکردنە و ژمارەی نەخۆشەکان لەچاو ساڵی پار زیادبوونی فراوانی بەخۆوە دیوە. لە و ژمارە نەخۆشە 22 کەسیان ژن و 305 کەسیشیان پیاون و تا ئێستەش 179 کەس بەهۆی ئە و نەخۆشییەوە گیانیان لەدەست داوە.

ئە و بەرپرسە ئاشکراشی کرد تەمەنی تووشبوان لە نێوان 25 بۆ 35 ساڵە بەڵام 41 لە تووشبوان تەمەنیان لەنێوان 15 بۆ 24 ساڵە کە ئەوە هێمایە ئەوەیە تەمەنی تووشبوان لە دابەزیندایە و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر کۆمەڵگە.

ئە و دکتۆرە نەیشاردەوە کە زیاترین ئە و تووشبوانە لە رێی کرداری سێکسییەوە نەخۆشی ئایدزیان گرتووە.

زیاترین رێژەی تووشبوان بە نەخۆشی ئایدز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران تایبەتە بە شاری کرماشان کە بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان زیاتر لە 3300 تووشبوو بە نەخۆشی ئایدز لە و شارەدا دەژین کە بەهۆی هاوسنووربوونی هەڕەشەیە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
20-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 827

## لە ڕۆژانی جەژندا 22 روداو لەسنوری ڕاپەڕین تۆمارکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140731203000020560

کامەران عەبدە سالح

لەماوەی ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزاندا، 22 ڕوداوی جۆراوجۆر لەسنووری ئیدارەی ڕاپەڕین تۆمارکراون و تەنها کەسێک گیانی لەدەستداوە.

نەقیب مستەفا محەمەد، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، بە خەندانی ڕاگەیاند:

لەماوەی هەر سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا، 22 ڕووداوی جۆراوجۆر لەسنووری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین تۆمارکراون.

وتیشی: لەناو ڕووداوەکاندا، یەک ڕووداوی کوشتن، سێ ڕووداوی هاتوچۆ، یەک حاڵەتی سوتان، سێ ڕووداوی سوتانی شوێن تۆمارکراون.

ئاماژەی بەوەشدا، هەر لەماوەی جەژندا، پێنج حاڵەتی بەربوونەوە و حاڵەتێکی حەپخواردن و سێ حاڵەتی دزی تۆماکراون، ڕووداوێکی دەستدرێژیکردنە سەر فەرمانبەری حکومی لەکاتی دەوامی ڕەسمیدا تۆمارکراوە.

ڕوونیشیکردەوە، بەشێک لە ڕووداوەکان، لای پۆلیس دۆسیەی یاساییان بۆ کراوەتەوە، ژمارەیەکیشان دۆسییەکانیان کۆتایی هاتووە و داخراون.

سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، لە 2 قەزا و 9 ناحیە پێکدێت و ناوەندی ئیدارەکەش سەنتەری قەزای ڕانیەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | رانیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 828

## لە کاتژمێرەکانی یەکەمی ساڵی نوێدا 17 منداڵ لەسلێمانی لەدایکبون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010114532384468

لەکاتژمێرەکانی یەکەمی ساڵی نوێی 2015 لەسلێمانی 17 منداڵ لەدایکبون و کەتیایدا رەگەزی مێ بەرامبەر بەنێر زیاتر لەدوو هێندەیە.

زریان محەمەد، سلێمانی: کارمەندێکی نەخۆشخانەی منداڵبونی سلێمانی ئەمڕۆ پێنجشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، لەدوای کاتژمێر 12 شەوی رابردووەوە تا کاتژمێر 8 بەیانی ئەمڕۆ 17 منداڵ لەسلێمانی لەدایکبون.

وتیشی، لەدایکبوان 12یان کچ و 5یان کور بون.

ئە و کارمەندە ئاماژەی بەوەشدا، لەناو ئە و منداڵانەدا 4یان عەرەب و یەک شەنگالی تێدابو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-01-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 829

## لە کوبانێ زیاتر لە 65 هەزار ئاوارە تەنها لە 24 کاتژمێردا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092110513977574

هاوراز ئەحمەد
دوای ئەوە چەکدارانی داعش، هێرشەکانیان لە ناوخاکی سوریادا چڕکردەوە و دەستیان گرت بەسەر چەند گوندێکی دەوروبەری کۆبانی دا، نزیکەی 66 هەزار هاوڵاتی کە بەشێکی زۆریان کوردی سوریان، لەترسی چەکدارانی داعش ئاوارەی تورکیا بوون.
دوای ئەوەی رۆژی هەینی وڵاتی تورکیا سنوورەکانی بەڕووی کوبانی دا کردەوە، بە دەیان هەزار کوردی رۆژئاوا لە ترسی هێرشەکانی چەکدارانی داعش، ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتوو ئاوارەی تورکیا بوون.
رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش باس لەوە دەکات بەهۆی زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکانەوە هەوڵەکانیان چڕکردوەتەوە بۆ گەیاندنی هاوکاری مرۆیی.
لە کاتی سەرهەڵدانی شۆرشەکانی سوریاوە لە دژی رژێمەکەی بەشار ئەسەد، نزیکەی 847 هەزار هاوڵاتی ئاوارەی تورکیابوون، بەڵام کردنەوەی سنوورەکانی تورکیا بەڕووی ئاوارەکانی سوریا بووە هۆی ئەوەی تەنیا لەماوەی 24 کاتژمێردا، زیاد لە 60 هەزار کوردی سوریا پڕۆنە ناو خاکی تورکیاوە.
رۆژی شەممە، نوعمان کورتوڵمش، جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند کە "تەنیا لەماوەی 24 کاتژمێردا زیاد لە 60 هەزار کوردی سوریا هاتوونەتە ناو خاکی تورکیاوە."
سەرچاوەیەکی رەسمی لە حکومەتی تورکیاوە بە کەناڵی BBC راگەیاندووە کە ژمارەکە نزیکبۆتەوە لە 66 هەزار ئاوارە.
سەرچاوە BBC :
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کۆبانی
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 830

## لە کەرکووک 213 سکاڵا دژی گێچەڵی سێکسی تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090922514488827

بە گوێرەی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک، لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا، (213) سکاڵا لە دژی گێچەڵی سێکسی لە شوێنە گشتییەکانی کەرکووک، تۆمار کراوون.
لە ناو شوێنە گشتییەکانی کەرکووکدا، گێچەڵکردن بە ژنان بووەتە دیاردە و وێرای تۆمارنەکردنی سکاڵا لە لایەن زۆرێک لە ژنانەوە، بەڵام سەرچاوەیەک لە بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک

ڕایگەیاند، لە سەرەتای ئەمساڵەوە، (213) سکاڵا لە لایەن ژنانەوە دژی دیاردەی گێچەڵی سێکسی تۆمارکراون.
بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و کارکردن بەو پەندەی (کاسە بشکێت نەک بزرێت)، زۆرێک لەو ژنانەی رووبەڕووی پەلامار و گێچەڵی سێکسی دەبنەوە، ناتوانن سکاڵا تۆمار بکەن و لای کەسوکاریشیان ناتوانن باسی بکەن.
لە لێدوانێکیدا، چالاکی بواری مافەکانی ژن لە شاری کەرکووک (پەیمان حوسێن) ڕایگەیاند، ئێمە وەک ڕێکخراوەکانی ژنان و چالاکان کارمان لەسەر ئەوەکردووە، کە گرنگی بەو مەسەلەیە بدەین و کاری جدی لەسەر بکەین.
گوتیشی: "پۆلیسی کەرکووک هێندەی سەرقاڵی باردۆخی ئەمنییە، ئەوەندە نەیان توانیوە گرنگی بەو دیاردانە بدەن و ڕەوشی بازار کۆنترۆڵ بکەن و ڕێگری لە دیاردەی گێچەڵکردن بە ژنان بکەن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی گەڕان - 2013-09-09

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 831
## لە یەک مانگدا ئاگر زیانی زیاتر لە 600 ملیۆن دیناری بە ڕاپەڕین گەیاندووە
http://www.kurdipedia.org/?q=20140716112521770l5
کامەران عەبدە ساڵح
تەنها لەماوەی یەک مانگدا، لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین، ئاگرکەوتنەوە زیانی 623 ملیۆن دیناری بە جوتیاران و هاوڵاتییانی ناوچەکە گەیاندووە، لایەنی پەیوەندیداریش دەڵێت ئەگەر لەکاتی پێویستدا ئاگرکەوتنەوەکان کۆنترۆڵ نەکرابان، زیانەکان زۆر لەوە زیاتر دەبوون.
نەقیب حسێن عەبدوڵلا، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی ڕاپەڕین بە خەندانی ڕاگەیاند، "تەنها لەماوەی مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا، 181 ڕوداوی ئاگرکەوتنەوە لەسنوری بەڕێوەبەرایەتییەکەیان تۆمارکراوە، کە زۆربەیان سوتانی دانەوێڵەی جوتیاران و دارستان و پوش و پاوانی جوتیارانن."
وتیشی: بەپێی بەدواداچوون و خەمڵاندنمان، زیانە مادییەکانی ڕوداوەکانی ئاگرکەوتنەوە لە مانگی ڕابردوودا، بە زیاتر لە 623 ملیۆن دینار مەزەندە کراوە.
ئاماژەی بەوەشدا، کە تیمەکانی بەرگری شارستانی، لەکاتی پێویستدا ئاگرکەوتنەوەکانیان کۆنترۆڵکردووە، ئەگینا زیانەکان زۆر لەوەی ئێستا زیاتر دەبوون.
ئەمە لەکاتێکدایە، کە بەپێی دوایین ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی، لەماوەی 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا نزیکەی 11 هەزار و 850 دۆنم پوشوپاوان و دارستانی سروشتی لەسنوری پارێزگای سلێمانی سوتاون، بەوهۆیەشەوە 7 کەس دەستگیرکراون و ڕووبەڕووی یاسا کراونەتەوە.
بەپێی بەدواداچوونێکی خەندان، ماوەیەکە لە هەندێک لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، سوتانی پووشوپاوانی جوتیاران وەک دیاردەیەک بەدیدەکرێت، کە بەپێی بۆچوونی شارەزایانی بواری ئابووری، کارێکی لەوجۆرە زیانی گەورە بە ژێرخانی ئابووریی هەرێم دەگەیەنێت و، پێویستە بەدواداچوونی ورد بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی بکرێت و کەسی تاوانبار بەتوندی سزا بدرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 832

## لە یەکەم چوار مانگی 2013دا زیاتر لە 100 هەزار گەشتیار روویان لە سلێمانی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013042417205682717

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی لەماوەی چوار مانگی رابردوودا نزیکەی 105 هەزار گەشتیار روویان لە پارێزگای سلێمانی کردووە، هاوکات هاتنی گەشتیاران لە نەورۆزی ئەمساڵ بەبەراورد بەساڵی رابردوو بەڕێژەی 18% بەرزبوەتەوە.
زریان محەمەد، سلێمانی: بەڕێوەبەری راگەیاندنی گەشتوگوزاری سلێمانی، نەزیرە مەجید، ئەمڕۆ، چوارشەممە، رایگەیاند، دەستەی گەشتوگوزار پلانێکی ستراتیجی هەیە بۆ زیادکردنی رێژەی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێم. بۆ ئەم مەبەستەش لەمساڵدا بەپری 15 ملیۆن دینار لەسەر بودجەی وەبەرهێنان بۆ کەرتی گەشتیاری تەرخانکراوە.
رونیشیکردەوە، هەوڵەکان خۆی لە گرنگیدانو نۆژەنکردنەوەی بەشێک لە شوێنەوارەکانو شوێنە گەشتیاریەکان دەبینێتەوە.
نەزیرە مەجید، ئەوەشی خستەڕوو، بەپێی بەرنامەیەکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم بڕیاردراوە لە ئایندەدا لە بۆنە دیارەکاندا کەمپینی گەشتیاری بەشێوازێکی مۆدێرن لە شوێنە گشتیەکاندا زیادبکرێت بەتەواوی پێداویستیەکانەوە.
بەڕێوەبەری راگەیاندنی گەشتوگوزاری سلێمانی وتی، هاتنی گەشتیاران لە فرۆکەخانەکانو بازگەو مەرزەکانەوە ساڵ بەساڵ روو لەزیادبوون دەکاتو ئەمەش نیشانەی پێشکەوتنی کەرتی گەشتیارییە لەهەرێم بەگشتیو شاری سلێمانی بەتایبەتی.
رونیشیکردەوە، لەچوار مانگی رابردوودا نزیکەی 105 هەزار گەشتیار روویان لە پارێزگای سلێمانی کردووە، هەروەها هاتنی گەشتیاران لە نەورۆزی ئەمساڵ بەبەراورد بەنەورۆزی ساڵی رابردوو بەڕێژەی 18% بەرزبوەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-04-24

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 833

## لە یەکەم ساتەکانی 2014دا 17 منداڵ لەسلێمانی لەدایکبون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140101103540869983

لەکاتژمێر 12ی شەوی 2014/1/1دا 17 منداڵ لەنەخۆشخانەی لەدایکبونی سلێمانی لەدایکبون.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: کارمەندێک لەنەخۆشخانەی منداڵبونی سلێمانی بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، لەکاتژمێر 12ی شەوی ڕابردووەوە تا کاتژمێر 8ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە، 17 منداڵ لەنەخۆشخانەی لەدایکبونی سلێمانی لەدایکبون.
ئە و کارمەندە کە ئامادەنەبو ناوی بنوسرێت، وتیشی، لە و 17 منداڵە سیانیان لەڕەگەزی نێرن و 14یان لەڕەگەزی مێ-ن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 834
## لە2013دا 500 شەبەک لەموسڵ کوژراون
http://www.kurdipedia.org/?q=2014013012295486526

شەبەکەکان روبەروی کوشتارو راگواستنی زۆرەملێ بونەتەوە لەناو شاری موسڵدا، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ دەڵێت "لەساڵی 2013دا زیاتر لە500 شەبەک لەموسڵ کوژراون و 700 ماڵیش ئە و شارەیان جێهێشتووە."
ئا: ئاوێنە
هەفتەی رابردو، کاسبکارێکی شەبەک بەناوی عارف حسێن جەرجیس لەبازاڕی ئاژەڵان "گەراج شیمالی جاران" لەناو موسڵ کوژرا، شەبەکەکان ئۆباڵی کوشتنەکەی دەخەنە ئەستۆی لایەنە "تیرۆریستە توندڕەوە ئیسلامیەکان"، ئەندامی شەبەکی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ "غەزوان حامد حەمید" لەبلاوکراوەیەکدا وێڕای ئەوەی داوا لەلایەنە بەرپرسەکان دەکات بەرپرسیاریەتی پاراستنی سەرو گیانی هاوڵاتیانی شەبەک لەناو موسڵدا ئەستۆ بگرن، لەهەمانکاتیشدا داوا لەهەموو هاوڵاتیانی شەبەک دەکات کە ئاگایان لەخۆیان بێت بەهۆی تێکچونی باری ئەمنیەوە لە و شارەدا.
غەزوان حامید حەمید کە خۆی بەنوێنەری شەبەک و کاکەییەکانی پارێزگای موسڵ ناودەبات، ئاماژە بەوە دەکات کە لە2006ەوە تا ئێستا زیاتر لە12 هەزارو 997 شەبەک لەپارێزگای موسڵدا کوژراون، لە2006ەوە تا ئێستاش زیاتر لە7 هەزار ماڵ شاری موسڵیان لەترسی گیانی خۆیان جێهێشتووە، ناوبراو لەپەیوەندیەکدا بەئاوێنەی راگەیاند کە "تەنها لەساڵی 2013دا زیاتر لە500 شەبەک لەموسڵ کوژراون و 700 ماڵیش ئە و شارەیان جێهێشتووە."
ئێستا لەڕوی دابەشبونی جوگرافییەوە زۆربەی شەبەکەکان لەناحیەی بەرتەلە و قەزای حەمدانیەدا کە دەکەوێتە دەشتی موسڵەوە نیشتەجێن، هەرچەندە لەزۆربەی شوێنەکاندا لەگەڵ مەسیحیەکان تێکەڵن، بەڵام نزیکەی 60 گوندی دەروبەری بەرتەلە و حەمدانیە کوردن.
غەزوان باس لەوە دەکات کە شەبەکەکان لەچەند عەشرەتێک پێکدێن کە گەورەترینیان "باجەلان" و "داودی" و "زەنگەنە"یە، ئە و وتی "لەڕوی دابەشبونی ئاینزاشەوە شەبەکەکان 70%یان شیعە و 30%یان سوننەیە، ئێمەی شەبەک وەک دابونەریت لەکاکەییەکانەوە نزیکین و وەکو شێوەزاریش لەهەورامیەکان."
وتیشی "شەبەک ناوی ناوچەیە نەک عەشرەت، ئێمە هەمیشە کورد بوین و هەر کوردیش دەبین، ئێمە لەکاتی شۆڕشی ئەیلولدا پشتوپەنای بەهێزی شۆڕش بوین، هەربۆیە لەسەردەمی سەدامەوە تا ئێستا هەمیشە بەعس و گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکان بەردەوام فشاریان لەسەر ئێمەیە بۆ ئەوەی حاشا لەکوردبونی خۆمان بکەین."
غەزوان ئاماژە بەوە دەکات کە سەرەڕای ئە و کوشتارو فشارە گەورەیەی بەدرێژایی لەسەر شەبەکەکان بووە، بەڵام ئەوان نەیانویستوە وڵاتی خۆیان بەجێبهێڵن، کە ناوچەکەیان لەدەشتی موسڵ ناوچەیەکی بەرهەمهێنەری بەپیت و بەرەکەتە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.
ئە و جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەدەست چەند گرفتێکەوە گیرۆدەن، لەپێشیانەوە ئەوەی کە هەرچەندە زۆربەی دەڤەرەکەیان لەلایەن پێشمەرگەوە دەپارێزرێت، بەڵام هێشتا ژمارەیەک لەگوندەکانیان لەژێردەستی سوپای عێراقدایە و ئەمەش مایەی مەترسی و نیگەرانی ئەوانە، چونکە لە و جێگایانەدا روبەروی کوشت و کوشتار دەبنەوە،
هەربۆیە زۆربەی هەرە زۆری شەبەکەکان لەگەڵ گەڕانەوەی ناوچەکانیانن بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
دوەمیشیان ئە و هەلومەرجە ئابوریە قورس و نالەبارەیە کە ئێستا شەبەکەکانی تیا دەژین، بەتایبەتی گەنجەکانیان،

کە زۆربەی هەرە زۆریان بێکارن و دەکرێت لەڕێگەی دامەزراندنیانەوە لەناو هێزی پێشمەرگە و پۆلیسدا چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە نایانەوێت بچنە ناو سوپای عێراقەوە.
غەزوان وتی "زۆر دەمێکە ئێمە خوازیارین کە راوێژکارێک بۆ کاروباری شەبەکەکان لەئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دابنرێت، بەڵام کەس گوێمان لێناگرێت."
وتیشی "سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری شەبەکەکانیش لەگەڵ پارتین کەچی نەک لەئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی شەبەکمان نییە، بەڵکو لەلقەکانی موسڵ و حەمدانیەش کارگێڕێکمان نییە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-30

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 835

## لە24 سەعاتدا 3 حاڵەتی مارپێوەدان لە سنوری سۆران تۆمار کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140419165112759 01

خەندان - ئەمین ئەحمەد
بەوپێەی لە بەهاراندا زۆرترین خەڵک دەچنە چیاکان بۆ دەستخستنی گیای بەهاران کە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنەوەی گیاندارە ژەهراویەکان، لە ماوەی 24 سەعاتی رابردوودا 3 حاڵەتی مار پێوەدان لە سنوری قەزای سۆران و دەوروبەری تۆمار کراون و چارەسەری پێویست بۆ دوو لە و حاڵەتانە کراوە .
مینا تەها بەرپرسی راگەیاندنی تەندروستی سۆران بە خەندانی راگەیاند: لە ماوەی 24 سەعاتی رابردوودا 3 حاڵەتی مار پێوەدا لە سنوری قەزای سۆران و دەوروبەری تۆمار کراون."
مینا تەها وتی: "چارەسەری پێویست بۆ دوو لە و حاڵەتانە کراوە و سێەمیشیان ئەم نیوەڕۆیە هاتووە."
شایەتحاڵێک رایگەیاند: "دوای چەند کاتژمێرێک لە گەیاندنی ژنێک لە ناحیەی مەزنێی سەر بە قەزای مێرگەسور بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سۆران کە مار پێوەی دابوو، بە بیانوی ئەوەی دەرزی پێویستیان نەبووە چارەسەرەکەی دواکەوتوە."
مینا تەها لەوبارەوە وتی: "لە ئێستادا سەرقاڵی هێنانی دەرزی پێویستین تابتوانین چارەسەری پێویستیی بۆ بکەین ."
بەرپرسەکەی تەندروستی سۆران داوای لە هاوڵاتیان کرد کە لەم وەرزەدا ئاگاداری خۆیان بن لە گیاندارە ژەهراوییەکان و ئەگەر هەر حاڵەتێکی لە و جۆرەش روویدا دەبێ بە پەلە بگەێندرێنە نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردن .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 836

## لەئێران رێژەی لەسێدارەدان بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو زیاتر بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140910134813773
له‌ نیوه‌ی مانگی ئابی ئه‌مساڵه‌وه‌ به‌ به‌راورد له‌ گه‌ڵ ساڵی رابردوو، ڕێژه‌ی سزای دژه‌مرۆڤانه‌ی له‌سێداره‌دان له‌ ئێران له‌ سه‌دا (50) زیادی کردووه‌ و، ئه‌مه‌ش نیگه‌رانی لای چالاکوانانی مافی مرۆڤ درووست کردووه‌.
ناوه‌ندی چالاکوانانی مافی مرۆڤ له‌ ئێران هه‌رانا، له‌ ڕاپۆرتێک دا ڕایگه‌یاند که‌ له‌ دوو هه‌فته‌ی سه‌ره‌تای مانگی ئابی ئه‌مساڵه‌وه‌، (32)که‌س له‌ ئێران له‌سێداره‌دراون که‌ (2)ژنیش له‌ناویاندابووه‌ .

هاوکات سزای (20) که‌س له‌ و (32) که‌سه‌ به‌ شێوه‌یه‌کی نهێنی و به‌ بێ ڕاگه‌یاندراوی ناوه‌ندی قه‌زایی و ئه‌منی جێبه‌جێ کراوه‌. ته‌نیا له‌سێداره‌دانی (12) که‌س له‌ لایه‌ن ده‌وڵه‌ته‌وه‌ ڕاگه‌یه‌ندراوه‌ و (4) یان له‌به‌رچاوی هاووڵاتیان و ڕای گشتی له‌سێداره‌ دراون.
به‌راوردێک له‌ گه‌ڵ نیوه‌ی مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو نیشانی ده‌دا که‌،(13) که‌س له‌سێداره‌دراون و له‌وانه‌ (3) که‌سیان به‌ شێوه‌یه‌کی نهێنی بووه‌.
به‌ پێی ئه‌ و ئاماره‌، به‌ ئاسانی ده‌رده‌که‌وێت که‌ جێبه‌جێکردنی سزای سێداره‌ سه‌ره‌ڕای داوای ناوه‌نده‌ نێوده‌وڵه‌تی و مافه‌کانی مرۆڤ له‌ ئێران به‌رده‌وامه‌ و ته‌نانه‌ت ڕێژه‌که‌ی به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ ساڵی پار سه‌دا (50) زیادی کردووه‌.
هه‌روه‌ها ده‌رده‌که‌وێ که‌ ڕژێم تا دێ له‌ تاریکیدا مرۆڤه‌کان له‌سێداره‌ ده‌دا، ئه‌مه‌ش گومانی ڕای گشتی له‌ بێتاوانیی له‌سێداره‌دراوان زیادتر ده‌کات.
جێی ئاماژه‌یه‌ ئێران دوای ووڵاتی چین له‌ پله‌ی دووه‌م دایه‌ بۆ له‌سێداره‌دانی مرۆڤه‌کان و، به‌ به‌راوردکردنی ئاماره‌کان به‌ گوێره‌ی ڕێژه‌ی دانیشتوانی هه‌ر دوو ووڵات، پله‌ی یه‌که‌م به‌ر ئێران ده‌که‌وێت.
سه‌رچاوه‌: ماڵپه‌ڕی فرات نیوز - 10-09-2014

تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی بابه‌ت
وڵات: IRئێران
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابه‌تی ژماره‌: 837

## له‌پاش روخانی به‌عسه‌وه‌، زیاتر له‌ 500 که‌س له‌خورماتو کوژراون و زۆرینه‌شیان کوردن

http://www.kurdipedia.org/?q=20130811160711891941
وته‌بێژی ئه‌نجومه‌نی قه‌زای دوزخورماتو ئاشکرایده‌کات له‌پاش ساڵی 2003ه‌وه‌ کرده‌وه‌ی "تیرۆریستی" و ته‌قینه‌وه‌ به‌رۆکی قه‌زاکه‌یانی به‌رنه‌داوه‌ و به‌هۆیه‌وه‌ له‌کوشتندا کورد و له‌برینداربوندا تورکمان پشکی شێری به‌رکه‌وتوه‌.
ئاودێر محه‌مه‌د، ئاوێنه‌نیوز: وته‌بێژی ئه‌نجومه‌نی قه‌زای دوزخورماتو، سه‌باح جومعه‌، ئه‌مرۆ، یه‌کشه‌ممه‌، به‌ئاوێنه‌نیوزی راگه‌یاند، "له‌پاش ساڵی 2003 وه‌ دۆخی ئه‌منی له‌دوزخورماتو تێکچوه‌ و سالانێکه‌ کوشتن و کردوه‌ی تیرۆریستی به‌رۆکی قه‌زاکه‌یانی به‌رنه‌داوه‌."
وتیشی، به‌پێی ئه‌و ئامارانه‌ی لای ئێمه‌یه‌ له‌ماوه‌ی نێوان سالانی 2003 تا 2013 به‌هۆی کرده‌وه‌ "تیرۆریستیه‌کانه‌وه‌" زیاتر له‌ 550 هاولاتی کوژراوان، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌برینداربونی سه‌دانی دیکه‌.
وته‌بێژه‌که‌ی ئه‌نجومه‌ن ئاشکراشیکرد، زۆرینه‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی گیانیان له‌ده‌ستداوه‌ له‌نه‌ته‌وه‌ی کوردن و زۆرینه‌ی ئه‌وانه‌ش که‌ بریندارب‌ون له‌نه‌ته‌وه‌ی تورکمانن .
سه‌رچاوه‌: ماڵپه‌ڕی ئاوێنه‌ - 11-08-2013

تایبه‌تمه‌ندییه‌کانی بابه‌ت
جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جه‌نگ

شارەکان: خورماتوو
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 838

## لەپەروێزخان زیاترلە (470) تۆن خۆراکی ماوەبەسەرچوو دەستی بەسەرداگیرا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140605210807766603

خەڵک- وریا جەمال
لەماوەی یەک مانگدا لە یەکەی پشکنینی خۆراکی مەرزی پەروێزخان، "زیاتر لە(477) تۆن خۆراکی خراپ و ماوە بەسەرچوو دەستی بەسەرداگیراوە."
هێمن ئەحمەد، لێپرسراوی یەکەی تایبەتی پشکنینی خۆراکی لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان رایگەیاند " لەو رێژە خۆراکە کە لەمانگی ئایاردا پشکنیمان بۆ کردوون، (477) تەن خۆراکیان لە پشکنین دەرنەچوون، هەربۆیە یان گەڕاندومانەتەوە بۆ ئێران، یاخود لەلایەن تیمەکانمانەوە لەناو براون."
وتیشی "هەر خۆراکێک کە لەو مەرزەوە دێتە ناو خاکی هەرێم، پشکنینی بەسێ ئاست بۆ دەکرێت، کە بریتییە لە پشکنینەکانی: بەکترۆلۆجی، کیمیایی و فیزیایی،لەماوەی مانگی رابردوودا، یەکەکە پشکنینی بۆ زیاتر لە (60) هەزارو (489) تۆن خۆراکی جۆراوجۆر کردووە."
بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان کەسەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیانە، لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان، یەکەیەکی تایبەتی پشکنینی خۆراکی هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەڵک - 2014-06-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 839

## لەترسی چەکدارانی داعش زیاتر لە 300 خێزان سەعدیە جێدەهێڵن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140221104342268O9

بەهۆی نزیکبونەوەی چەکدارانی داعش لەناوچەکەیان و بەردەوامی پێکدادانەکانیان لەگەڵ هێزەکانی سوپا، زیاتر لە 300 خێزانی کورد و عەرەب شارۆچکەی سەعدیە بەرە و ناوچە ئارامەکان جێدەهێڵن.
ئاودێر محەمەد، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری ناحیەی سەعدیە، ئەحمەد زرگوشی ئەمرۆ هەینی، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، بەهۆکاری خراپی دۆخی ئەمنی چەند رۆژێکە دەوامی فەرمانگەکان راگیراوە و زیاتر لە 300 خێزان کورد و عەرەب ناحیەکەیان جێهێشتوە.
پێشتر سەرچاوەیەک ئەمنی بەرپرس لەناحیەی سەعدیە رایگەیاند، شەوی پێنجشەممە لەکاتژمێر 2ی شە و بۆ 6ی بەیانی پێکدادان لەنێوان یەکەکانی سوپای عێراق و چەکدارانی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام (داعش) رویداوە.
لای خۆیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی خانەقین، سەمیر محەمەد، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند،

لێشاوی کۆچی خەڵکی ناوچەکانی دیالە بەتایبەت ئە و جێگانەی دۆخی ئەمنیان دژوارە گرفتی جۆربەجۆری بۆ دروستکردون بەتایبەتیش گرفتی نیشتەجێبون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-02-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 840
## لەچوار ساڵدا 220 هەزار کەس لەسوریا کوژراون
http://www.kurdipedia.org/?q=20150417113042685401

کۆی کوژراون لەسەرەتای ئاڵۆزییەکانی سوریا کە لەئاداری 2011ەوە دەستیپێکردوە، گەیشتۆتە 220 هەزار کەس کە تێیاندا 11 هەزار منداڵ هەن.
ئاوێنەنیوز: بەپێی راپۆرتی روانگەی مافەکانی مرۆڤی سوریی، لەسەرەتای دەستپێکردنی ئاڵۆزییەکانی سوریاوە 220 هەزارو 271 کەس کوژراون، کە یەکەمین کوژراو لەشاری درعابوە لە18ی ئازاری 20 11دواین کوژراویش لە15ی نیسانی 2015 تۆمارکراوە.
وردەکاریی کوژراوەکانیش بەپێی راپۆرتەکەی ئە و رێکخراوە بەم شێوەیەیە: 67 هەزار 293 کەسی مەدەنیی، 39 هەزارو 848 چەکداری ئۆپۆزسیۆن، 28 هەزارو 253 جیهادیی، 46 هەزارو 843 چەکداری دەوڵەت، 34 هەزارو 872 چەکداری سەر بەئەسەد هەروەها 3 هەزارو 162 کەس کە شوناسیان دیار نەبوە.
ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤی سوریی رێکخراوێکی چاودێریی نزیک لەئۆپۆزسیۆنی سوریایە و بنکەکەیان لەلەندەنە و ئە و زانیارییانەی لەرێی تۆرێکی فراوان لەئەندامانی و چالاکوان و سەرچاوەی سەربازیی و پزیشکیی سوریی وەرگرتوە.
لەنێو ئە و کوژراوانەشدا، 11 هەزارو 21 منداڵ هەن، هەروەها 7 هەزارو 49 ژن لەسەرو تەمەنی 18 ساڵەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-04-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
وڵات: SYسووریا
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 841
## لەچوار مانگدا ژنان 2153 سکاڵا تۆماردەکەن
http://www.kurdipedia.org/?q=20150610093500855516

لەهەرێمی کوردستان و تەنها لەچوار مانگی یەکەمی ساڵی 2015دا زیاتر لەدوو هەزار جۆر توندوتیژی تۆمارکراوە و لەبەرامبەریشدا ژنان 2153 سکاڵایان تۆمارکردوە.
تایبەت، ئاوێنە: بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەهەمو کوردستاندا،

تەنها لەمانگی یەک و دوو سێ و چوار، 80 ژن سوتاون، کە 28 ژنیان لەهەولێرو 18 لەدهۆک و 17 لەسلێمانی و پێنج لەگەرمیان و حەوت لەسۆران و پێنج لەراپەڕین، هەروەها 43 ژنیش خۆیان سوتاندوە.
هەر بەپێی ئە و ئامارە لەشارەکانی هەرێم 21 ژن کوژراون و 26ی دیکە خۆیان کوشتوە، هەروەها 2149 سکاڵاش تۆمارکراوە.
بەراورد بەساڵی رابردوش، لەکۆی چوار مانگی سەرەتای ساڵی 2014دا کە 2111 جۆر توندوتیژی لەجۆری کوشتن و خۆکوشتن و سوتان و خۆسوتاندن و تاوانی سێکسی و سکاڵا تۆمارکراوە، ئەمساڵ توندوتیژی زیادیکردوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 10-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 842

## لەچوار مانگی رابردوو 37 هەزار کەس گەشتی عومرەیان بەجێهێناوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140514104650763

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەماوەی چوار مانگی ڕابردوودا دەیان هەزار کەس سەردانی سعودیەیان کردووە بۆ بەجێهێنانی گەشتی عومرە.
)مەریوان نەقشبەندی) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ ڕۆژنامەنووسان رایگەیاندووە، لەماوەی چوار مانگی ڕابردوودا (37) هەزار کەس گەشتی عومرەیان بەجێهێناوە.
نەقشبەندی راشیگەیاندووە، لەئێستاشدا سێ هەزار هاوڵاتی هەرێمی کوردستان لەووڵاتی سعودیەن بۆ بەجێهێنانی گەشتی عومرە.
ئەمەو تاکو ئێستاش هیچ هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان و عێراق تووشی نەخۆشی کۆرۆنا بەبووە، بەڵام هەرێمی کوردستان لەترسی ئەو پەتایە بەشێوەیەکی کاتی گەشتی عومرەی راگرتووە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 843

## لەدوای هاتنی داعش نۆ هەزار ئاوارە روویان لەسلێمانی کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140716112054770

لەدوای هاتنی چەکدارانی داعش بۆ شاری موسڵ و ناوچەکانی تر، نۆ هەزار ئاوەرەی تر روویان لەشاری سلێمانی کردووە .

زریان محەمەد، سلێمانی: بەڕێوبەری کۆچ و کۆچبەرانی سلێمانی، عوسمان مستەفا، رایدەگەیەنێت سلێمانی تائێستا لەهاوکاری رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بێبەشە بۆ ئاوارەکان بێبەشە و پێویستە بەزوترین کات یارمەتی رێکخراوە جیهانیەکانیان بگاتێ.
ئەو دەلێت "هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان بوەتە بارگرانی بەسەر خەڵکەکەوەو قەیرانیان درووستکردوە هەر لەگرتنی ماڵ و خانو بەکرێ و گەران بەدوای کاردا لەبازارەکاندهەموو فشارن بۆ سەر خەڵی شارەکە، لەکاتێکدا حکومەتی عێراقی لەجیاتی هاوکاری گەمارۆی ئابوری گەورەی خستۆتە سەر هەرێمی کوردستان ."
لەبارەی ژمارەی ئەو ئاوارنەشی لەدوای هاتنی چەکدارانی داعشەوە بۆ شاری موسڵ و ناوچەکانی تر روویان لەسلێمانی کردووە وتی " 9نۆ هەزار ئاوارەیە ."
لەئێستا ژمارەیەکی زۆر ئاوارەی کوردستانی خۆرئاوا ناوچەکانی تری عێراق روویان لەهەرێمی کوردستان کردووە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 16-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 844

## لەدوو مانگی رابردوودا، سلێمانی ئارامترین شار بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140827165505569068

پەیوەند جەلال
ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئاشکرایدەکات، لەماوەی دوو مانگی رابردوودا، شاری سلێمانی ئارامترین شار بووە بە و پێیەی هیچ حاڵەتێکی کوشتنی بە "ئەنقەست" تێیدا روونەداوە.
بەپێی ئامارێکی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی کە تایبەت دراوە بە (خەندان) دەرکەوتووە لە ماوەی (1-7 تا ئەمڕۆ 27-8) هیچ رووداوێکی کوشتنی بە (ئەنقەست) لەناوشاری سلێمانی روونەداوە، بەڵکو تەنها پێنج رووداو هەبوون کە ئەوەش بەپێی "لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان"ی پۆلیس پێدەچێت رووداوی "خۆکوشتن" بن، بەڵام بۆ دەرەنجامی کۆتایی، چاوەڕێی راپۆرتی کۆتایی پزیشکی دادوەرین."
نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: هۆکاری کەمبوونەوەی رووداوەکانی کوشتنی بەئەنقەست زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی ئەمدواییەی داعش کە خەڵک پێوەی سەرقاڵ بوون، هەروەها هاتنی ئە و ژمارە زۆرەی ئاوارە بۆ شاری سلێمانی خەڵک کەمتر بیر لە تۆڵەکردن دەکەنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 27-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 845

## لەدەنگدانی تایبەتدا گۆران یەکەم و پارتی دووەم

http://www.kurdipedia.org/?q=20130921215037885 72

بەپێی ئەوزانیارییانەی لە ئەنجامە بەراییەکانی دەنگدانی تایبەتەوە دەست لڤین پرێس کەوتووە پارتی دیموکراتی کوردستان پلەی دووەم بەدەست هێناوەو بزوتنەوەی گۆران پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە جیاوازی نێوان دەنگەکانیشیان تەنها (255)دەنگە.
دەنگدانی تایبەت ژمارەی دەنگ وریژەکانی لە پرۆسەی دەنگدانی تایبەی بەم جۆرە بوو
پارتی : 49565 کە دەکاتە ریژەی 34،31%
یەکیتی: 36500 کە دەکاتە ریژەی 25،2%
گۆران : 49820 کە دەکاتە ریژەی 34،5%
لایەنەکانی تر: 8934 دەکاتە ریژەی 06%
لەکۆی 153739 کەس، 144434 کەس دەنگیان داوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - 21-09-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 846

## لەرۆژانی جەژندا 8 کەس لە هەولێر گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130811160424891 95

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، رایدەگەیەنێت لەسێ رۆژی جەژنی رەمەزاندا لەهەولێر وێرای خنکانی مێردمنداڵێک لەزێی خەبات، حەوت هاوڵاتی بەهۆی روداوی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە و 39 کەسی تریش بریندداربون.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: وتەبێژی فەرمی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، رائید کاروان عەبدولکەریم، ئەمڕۆ، یەکشەممە، ئاشکرایکرد، لەهەرسێ رۆژی جەژنی رەمەزاندا 12 روداوی هاتوچۆ لەسنوری پارێزگای هەولێرو دەوروبەری بەهەموو قەزاو ناحیەکانەوە رویانداوە و بەهۆیانەوە حەوت هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و 39 کەسیش برینداربون.
وتیشی "لەرۆژانی جەژندا جگە لەوەی کە سێ حاڵەتی دزیکردن هەبوە، دوو منداڵ بەهۆی کردنەوەی ئاگرەوە سوتاون و ئافرەتێکیش خۆی سوتاندوە، هەروەها سێ حاڵەتی شەڕکردن تۆمارکراوە لەگەڵ خنکانی مێردمنداڵێک لەزێی خەبات."
وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، ئەوەشی خستەڕو کە پلانە ئەمنییەکەیان زۆر سەرکەوتو بوە، چونکە ئەم جەژنە جیاواز لەجەژنەکانی پێشو تایبەتمەندیی خۆی هەبوو بە و پێیەی زیاتر لە 40 هەزار ئاوارەی رۆژئاوای کوردستان لەهەولێر نیشتەجێن، ئەمە جگە لەوەی بەهەزاران گەشتیار لەناوەڕاست و خواروی عێراقەوە بۆ بەسەربردنی پشوی جەژنی رەمەزان لەهەولێر بون.
لەشاری سلێمانی-یش بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییە جیاجیاکانی شارەکە لەرۆژانی جەژندا سێ کەس بەهۆی روداوی هاتوچۆوە گیانیان لەدەستداوە و پێنج حاڵەتی دزیکردنیش تۆمارکراوە.
هاوکات 43 هەزار گەشتیار سەردانی هاوینەهەوارو شوێنە گەشتیارییەکانی سلێمانیان کردوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 11-08-2013

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 🚗رووداوی هاتووچۆ

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 847
## لەرێژەی دەرچوندا سلێمانی لەسەر ئاستی هەرێم لەپلەی یەکەمدایە
http://www.kurdipedia.org/?q=2013071513461789562

بەپێی ئەو ئەنجامانەی وەزارەتی پەروەردە و بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بڵاویانکردۆتەوە، رێژەی دەرچوان بەسەرجەم بەشەکانیەوە لە24.7 % بووە، بەشی زانستی 21.20 % و بەشی وێژەیی 27.50 بووە و بەشی پیشەیش 29.56%. هاوکات لەسەر ئاستی هەرێم لەڕوی رێژەی دەرچونەوە پارێزگای سلێمانی لەپلەی یەکەمدایە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: ئەمڕۆ دوشەممە، ئەنجامی کۆتایی ئەزمونە گشتییەکانی قۆناغی 12ی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی 2012- 2013 راگەیەنراو بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، رێژەی دەرچون بەهەمو بەشەکانیەوە لە 24.7 % بووە، بەشی زانستی 21.20و بەشی وێژەیی 27.50 بووە و بەشی پیشەیش 29.56 بووە.
بەپێی ئامارەکە بۆ بەشەکانی زانستی و پیشەیی، لەپەروەردەی هەولێر رێژەی دەرچون 35.15% بووە، لەپەروەردەی سلێمانی 43.85%، پەروەردەی دهۆک 30.86% و پەروەردەی گەرمیان 33.85% بووە.
بۆ بەشی وێژەیش لەسەر ئاستی هەرێم رێژەی دەرچون لە 34.56% بووە، بەجۆرێک لەپەروەردەی هەولێر 31.49%، پەروەردەی سلێمانی 44.36%، پەروەردەی دهۆک 29.36% و پەروەردەی گەرمیان 40.30% بووە.
لەلایەکی دیکەوە بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی، نەجمەدین عەلی، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، پەروەردەی سلێمانی لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم لەڕوی رێژەی دەرچونەوە لەپلەی یەکەمدایە بەمجۆرە:
رێژەی دەرچوانی وێژەیی لە 34.11%، رێژەی دەرچوانی زانستی 22.94%و رێژەی دەرچوانی پیشەییش لە 36.30% بووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 15-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 848
## لەزیندانی ورمێ (10) کەسی دیکە لەسێدارەدران
http://www.kurdipedia.org/?q=2014061913284576739

رژێمی ئێران لە زیندانی ناوەندی ورمێ (10) زیندانی لەسێدارەدا و بەمشێوەیە لە ماوەی هەفتەی دواییدا رێژی زیندانیانی لەسێدارەدراو لە ورمێ گەیشتە (13) کەس. هەندێک سەرچاوەش رایانگەیاندوە کە لە ماوەی یەک ساڵی سەردەمی سەرۆک کۆماری حەسەن روحانی زیاتر لە (700) کەس لەسێدارە دراون.
بە پێی هەواڵێکی هەرانا، دوێنی (10) زیندانی کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرابوو، بۆ جێبەجێ کردنی سزاکانیان رەوانەی ژوورە تاکەکەسییەکانی زیندانی ناوەندی ورمێ کراون و تا کاتژمێر 12 ی شە و سزای هەر (10) کەسیان جێبەجێ کراوە.
چوار کەس لەوانە کورد و خەڵکی شاری ورمێ و سەلماس و دوو کەسی دیکەش ئازەری بوون و

خەڵکی نەغەدە و ورمێ بوون. تۆمەتی ئە و (10) زیندانییەش قاچاغی مادە هۆشبەرەکان بووە.
جێگای ئاماژەیە ڕۆژی یەکشەممەش چوار کەسی دیکە لە هەمان زیندان لەسێدارە درابوون.
چالاکوانانی مافی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکەن کە لەماوەی یەک ساڵی حکومڕانی حەسەن ڕوحانیدا، زیاتر لە (745) کەس لە زیندانەکاندا سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ کراوە و ئەمەش لە کاتێکدایە کە دامودەزگای چاپەمەنی و فەرمییەکانی ئە و وڵاتە تەنیا (319) حالەتی لەسێدارەدانیان ڕاگەیاندوە و ئەوانەی دیکە لەلایەن هاوڵاتیانەوە ڕاگەیەندراوە.
لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە (38) زیندانی سیاسی لە زیندانەکانی جیاجیای وڵات لەسێدارە دراون کە زۆربەشیان کورد، بەلوچ و عەرەبی ئەحوازی بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی فورات نیوز - 19-06-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 849

## لەساڵی (2014) زۆرترین هاووڵاتی مەدەنی لە عێراق کراونەتە ئامانجی کردەوە تیرۆریستەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010209481568212

بەپێی دوا ئاماری هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عێراق، ساڵی 2014 خوێناویترین ساڵ بووە بۆ هاوڵاتیانی عێراق، کە قوربانیەکانی دەستی تیرۆر و ڕفاندن.لە ئامارەکانی هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عێراق بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی (2014) (15) هەزار و (538)هاوڵاتی لە کردەوە تیرۆریستەکان کوژراون و زیاتر لە (22)هەزرا هاوڵاتیش بریندداربوون، و ئەو ژمارەیەش زیاتر لە قوربانیەکانی ساڵی(2007).بەپێی دوائامارەکان لەو ڕێژەیە شاری بەغداد پشکی شێری لە قوربانیەکانی دەستی تیرۆر بەرکەوتووە، زۆرتین کردەووەی خۆی کوژی تێدا ئەنجامدراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 02-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: توندوتیژی
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 850

## لەساڵی ڕابردوو نزیکەی سێ هەزار کەس لە هەرێم گیانیان لە دەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012912132486532

ئەمرۆ چوارشەممە 29ی کانونی دووەمی 2014، پەیمانگای پزیشکی دادوەری هەرێمی کوردستان ئاماری گیانلەدەستدانی ساڵی ڕابردووی لە هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد.
لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا کە لەشاری هەولێر بەئامادەبوونی وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، د. یاسین کەریم بەڕێوەبەری پەیمانگای پزیشکی دادوەری هەرێم ڕایگەیاند:

ساڵی رابردوو دوو هەزار و 950 کەس بە هۆکاری جۆراوجۆر گیانیان لەدەستداوە، لە و ژمارەیەش 969 کەس کە دەکاتە زۆرترین ڕێژە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە بووە .
ئەوەشی روونکردەوە: بەشێوەیەکی گشتی لە هەولێر زۆرترین ڕێژە تۆمار کراوە کە دەگاتە 887 حاڵەتی گیانلەدەستدان، شاری سلێمانیش بەپلەی دووەم دێت کە 825 حاڵەتی مردن هەبووە و 646 حاڵەتیش لەشاری دهۆک تۆمارکراوە، ئەوەی دەمێنێتەوە لەهەریەکە لەقەزاکانی کۆیە و سۆران و رانیە و کەلار و دەربەندیخان و شارەزور و قەڵادزێ تۆمارکراون.
بەڕێوەبەری پەیمانگای پزیشکی دادوەری وتیشی: لە و ڕێژەیەی گیانیان لەدەستداوە دوو هەزار و 13 کەسیان رەگەزی نێرن و 937ی دیکەش لەرەگەزی مێن.
جگە لە رووداوەکانی هاتوچۆش، حاڵەتەکانی سووتان و مردن بە گوللە و خنکان و چەندین هۆکاری دیکە لە و ڕێژەی گیانلەدەستدانەدا تۆمار کراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 29-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 851

## لەساڵی 2014دا گەشتیارانی فڕۆکەخانەی سلێمانی بەڕێژەی 39% زیادیکردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010112090584466

سەرەڕای ئاستەنگی ئەمنی و قەیرانی دارایی لەمساڵدا ڕێژەی گەشتیارانی فڕۆکەخانەی نێودوڵەتی سلێمانی زیادیکردوە، هەروەک 70 هەزار تەن شتومەک لەڕێی فڕۆکەخانەکەوە گەیەندراوەتە سلێمانی.
زریان محەمەد، سلێمانی: ساڵی 2014 بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان ساڵی پر قەیرانی ئەمنی و دارایی بون بەتایبەتیش لەشەش مانگی کۆتایدا، بەڵام لەروی گەشتی فڕۆکەوانیەوە ئە و ئاستەنگانە بەدیناکرێت.
بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، تاهیر عەبدوڵلا ئەمڕۆ چوارشەممە، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لەساڵی 2014دا 518 هەزارو 891 گەشتیار لەڕێی فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە گەشتی هاتن و رۆشتنیان ئەنجامداوە و بەبەراورد بەساڵی 2013 بەڕێژەی 39% زیادیکردوە کە ئە و ساڵە ژمارەی گەشتیاران نزیکەی 373 هەزار کەس بوە.
وتیشی، لەمساڵدا 6907 گەشتی فڕۆکە هەبوە، بەڵام لەساڵی رابردو 5965 گەشتکراوە.
بەهۆی ناکۆکیەکانی نێوان هەولێر و بەغداد، لەمانگی شوباتی ئەمساڵەوە حکومەتی ناوەند ناردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی راگت و بەهۆیەوە قەیرانی دارایی و دواکەوتنی بودجەی پرۆژەکان و موچەی فەرمانبەرانی و گرانکردنی سوتەمەنی و شمەکی بەدوای خۆیدا هێنا.
هەروەک لە10ی حوزەیرانی رابردو رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی هێرشەکانی بۆ دەستبەسەراگرتنی ژمارەیەک لەشار و شارۆچکەکانی عێراق دەستپێکرد و دواتریش شەڕی روبەڕوو راستەخۆی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە هەڵایساند.
سەبارەت بەدەستبەسەراگرتنی بەڵگەنامەی ساختە و گەڕاندەوەی هاوڵاتیان، تاهیر عەبدوڵلا وتی، لەساڵی 2014 توانراوە 106 بەڵگەنامەی ساختە دەستی بەسەردابگیرێت و 128 کەسیش بۆ وڵاتەکانی خۆیان سنورداش بکرێنەوە بەهۆی ئەوەی بەڵگەنامەکانیان تەواونەبوە و 94 کەسیش لەسلێمانیەوە سنورداشکراونەتەوە و 5005 کەسیش بەفیزای فڕۆکەخانە هاتونەتە ناو سلێمانیەوە.
دەربارەی شمەکیش رایگەیاند، لەرێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانیەوە 70 هەزار تەن شتومەک هاتونەتە ناو سلێمانی و 164 ئاژەڵی جۆراوجۆرو 23 پەلەوەر بەپێی رێنمایی هێنراونەتە شارەکەوە.
بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی ئاماژەی بەوەشدا، لەمساڵدا هیچ فڕۆکەیەکی بارهەڵگری چەک و تەقەمەنی لەفرۆکەخانەکەیان نەنیشتۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-01-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 852

## لەسلێمانی 72 کەس دەبنە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=20140329074810 66567

لەپارێزگای سلێمانی 35 روداوی هاتوچۆ رویانداوەو بەو هۆیەشەوە 65 کەس برینداربوون و 7 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.

ئاوێنەنیوز، سلێمانی: ئێوارەی ئەمڕۆ (هەینی) ئۆتۆمبێلێکی جۆری نیسان پاترۆڵ لەسەر چیای ئەزمەڕ لەشاری سلێمانی شۆفێرەکەی کەلەدایکبوی 1982ەو خەڵکی ئەو شارەیە کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلەکەی لەدەستداوەو دەکەوێتە دۆڵێکەوە، بەهۆی سەختیی شوێنەکەوە تیمەکانی فریاکەوتن توانیویانە دوای کاتژمێر و نیوێک شۆفێرەکە لەئۆتۆمبێلەکەی دەربهێنن. دوای چارەسەری سەرەتایی بۆی، لەرێگای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە بەهۆی سەختی برینەکەیەو گیان لەدەستدەدات.

بەهۆی هاتنە دەرەوەی ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیان لەماڵەکانیان بۆ گەشت لەپارێزگای سلێمانی پێناچێت ئەمە دواهەمین قوربانی رووداوەکانی هاتوچۆ بێت لەو پارێزگایە .

سایتی سبەیش لەزاری پزیشکێکی نەشتەرگەری لەفریاکەوتنی سلێمانی بلاویکردۆتەوە لەبەیانی ئەمڕۆوە تائێستا 35 روداوی هاتوچۆ لەپارێزگای سلێمانی روویداوە کەبەهۆیەوە 65 کەس بریندار هەبووەو 7 کەسیش گیانی لەدەستداوە، لەکۆی ئەو رووداوانەشی کەئەمڕۆ رویداوە 16 شۆفێریان ژن بووە .

پیش رووداوی کەوتنە خوارەوەی گەنجەکە لەچیای ئەزمەڕ پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ژمارەیەک لەرۆژنامەنوس و فۆتۆگرافەری سایتی سبەی و سایتی کەی ئێن ئێن توشی روداوی هاتوچۆ دەبن، لەو روداوەدا سێ رۆژنامەنوس بریندار دەبێت، پاش چارەسەرکردنیان لەنەخۆشخانە باری تەندروستیان جێگیر دەبێت و رەوانەی ماڵەوە دەکرێنەوە .

قورسترین رووداوی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل لەپارێزگای سلێمانی لەدەستدانی 4 ئەندامی یەک خێزان بووە لەئۆتۆمبێلێکدا. بەیانی ئەمڕۆش پاسێکی نەفەرهەڵگر لەچەمی رێزان بەکۆمەڵێک سەرنشینەوە کەسەرجەمیان خوێندکاری زانکۆ بوون وەردەگەڕێت و بەهۆیەوە خوێندکارێک گیان لەدەستدەدات .

پاسەکە لە جۆری تویتا بووە و خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵی تێدابوە لەناوچەی گەورەدێ هاتووە بەرە و سەیرانگای چەمی رێزان لێپرسراوانی هاتوچۆ ئاماژە بەوە دەدەن پاسەکە ئیستۆپی تێدا نەماوەو لەئەنجامدا خۆی کێشاوە بەتاشەبەردێکدا بەو هۆیەشەوە خوێندکارێکی کور کە لەتەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشتوە دەردەپەرێت و دەکەوێت ژێر پاسەکەو گیان لەدەستدەدات لەو روداوەدا 15 خوێندکاری تر برینداربوون.

هەفتەی رابردو پارێزگای سلێمانی کەمترین روداوی هاتوچۆی تێدا رویدا بەراود بەسەجەم پارێزگاکانی تری هەرێم و هیچ قوربانیەک نەبوو، ئەوەش بەهۆی پلانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگاکەوە بوو بۆ رۆژانی جەژنی نەورۆز .

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-03-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 853
## لەسلێمانی 77 هاوڵاتی بە روداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20140721115303770

ئەمرۆ بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند لەماوەی 6 مانگی رابردوو 77 هاوڵاتی لەپارێزگای سلێمانی بەرووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 21-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 854
## لەسنوری پارێزگای سلێمانی 40 هەزار خوێندکار بۆ پۆلی یەک داخڵکراون
http://www.kurdipedia.org/?q=20140909110855773

پەیوەند جەلال
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی ئامادەکاریی کردووە بۆ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، بۆ ئەمساڵیش نزیکەی 40 هەزار خوێندکار بۆ پۆلی یەکی بنەڕەتی داخڵکراون.
نەجمەدین عەلی، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: ئامادەکاری تەواومان بۆ کردنەوەی ساڵی نوێی خوێندن لەسنووری پارێزگای سلێمانی کردووە و جەختیشیکردەوە کە بۆ ساڵی نوێی خوێندن نزیکەی 40 هەزار خوێندکاری قۆناغی یەکی بنەڕەتی داخڵکراون.
سەبارەت بە و خوێندنگایانەش کە هەتا ئێستا ئاوارەکانی تێدایە، ناوبراو روونیکردەوە: لەئێستادا لەسنووری قەزای دوکان و رانیە نزیکەی 45 قوتابخانە ئاوارەیان تێدا ماوە.
هەفتەی رابردووش نوعمان عوسمان، بەڕێوەبەری کۆگاکانی پەروەردەی سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: بەپێی ئە و ئامارەی داوامان کردووە و هەتا ئێستا بەشێکی زۆری کتێبانەمان بۆ دابینکراوە و بەگشتیش وەزارەتی پەروەردە بۆ باخچەی ساوایان و پۆلەکانی (یەک و دوو و سێ)ی بنەڕەتی لە 100% کتێبی دابینکردووە و بۆ قۆناغەکانی دیکەش 50% ی دابینکردووە.
وتیشی: "داوامان لەسەرجەم پەروەردەکان کردووە سوود لەکتێبەکانی ساڵی رابردوو وەربگرن بۆ قۆناغەکانی دیکە."
نوعمان عوسمان روونیکردەوە: دابینکردنی ئە و 50% یە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە وەزارەت ساڵانە بەڕێژەیەک کتێب دابین دەکات، بۆ نموونە ساڵی رابردوو 100% بوو، ئەمساڵ 50% یە، چونکە هەندێک کتێبیش هەیە تەمەنی بۆ دوو ساڵ دەبێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 855
## لەسنوری پارێزگای کەرکوک 315 بنکەی دەنگدان کراونەتەوە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014043011583876021
سەرچاوەیەک لەئۆفیسی کەرکوکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعیراق بە PUKmediaی ڕاگەیاند: لەکەرکوک 841،634 کەس مافی دەنگدانی هەیە و لەسنوری پارێزگای کەرکوک 315 بنکەی دەنگدان کراونەتەوە کەزیاتر لە1800 وێستگەی دەنگدان هەیە.
سەرچاوەکە وتیشی: لەکەرکوک 314 پاڵیوراو هەیە بۆ هەڵبژاردنەکە و 33 لیست و قەوارەی سیاسی بەشداری هەڵبژاردنەکەیان کردوە کەحەوتیان کوردن، لەنێو پاڵێوراوانی کەرکوک 226 یان پیاون و 88 یان لەرەگەزی مێینەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 30-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 856
## لەسنوری قەزای مەخموور دەنگدان بەمجۆرە بوو
http://www.kurdipedia.org/?q=2014050209280266754
خەندان-رەهێل سەمەد
ئەنجامە بەراییەکانی دەنگدان لە سنوری قەزای مەخموور وای دەردەخەن کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان کەپێکهاتووە لە (پارتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ و زەحمەتکیشان و سۆسیالیست) لەپێش لیستەکانی ترەوەیە لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دا.
رەشاد خدر پیرۆت، لێپرسراوی کۆمیتەی مەخمووری (ی ن ک) بەخەندانی راگەیاند،" بەگوێرەی ئەنجامی بەرایی دەنگەکانی سنوری قەزای مەخموور، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 9هەزار و 660 دەنگ و هاوپەیمانی کوردستان(پارتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ و زەحمەتکیشان و سۆسیالیست)12هەزار و 641دەنگیان بەدەستهێناوە."
ئەنجامە بەراییەکانی بەپێی ناوچەکانی سەر بەقەزای مەخموور بەم جۆرە خراونەتەڕوو :
ناوەندی قەزای مەخموور:
یەکێتی: 4 هەزار و 446
پارتی: 3هەزار و 396
ناحیەی گوێر:
یەکێتی: 3هەزار و 539
پارتی: 6هەزار و 334

ناحیەی دیبەگە:
یەكێتی: 360
هاپەیمانی كوردستان: 807
ناحیەی قەراج:
یەكێتی هەزار و 315
هاوپەیمانی 2هەزار و 104
لەسنوری قەزای مەخموور لیستی موتەحیدون بەسەرۆكایەتی ئوسامە نوجەیفی پارێزگاری نەینەوا، دەنگی زۆری نەهێناوە لەكاتێكدا كە لەناوچەكانی دیكەی ئە و پارێزگایە، لیستەكەی نوجەیفی یەكەم بووە، هەروەک لیستی گۆڕان هیچ كاندیدێكی لە و ناوچەیە نەبووە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | مەخموور |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 857

**لەسوریا لەماوەی ساڵ و نیوێكدا (158) هەزار هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014092314012777612

بە هۆی شەڕ و پێكدادانەكانی سێ ساڵ و نیوی رابردوو لە سوریا زیاتر لە (158) هەزار هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە.
رێكخراوی روانگەی مافەكانی مرۆڤ لە سوریا ئامارێكی بڵاو كردەوە و رایگەیاندوە لە ماوەی سێ ساڵ و نیوی رابردوو بە هۆی شەڕ و پێكدادانەكانی نێوان سوپای سوریا، چەتەكانی داعش و ئۆپۆزسیۆنی سوریا زیاتر لە (158) هەزار هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە.
لە راپۆرتەكەی رێكخراوەكەدا ئاماژە بەوەش كراوە كە بە هۆی هێرشەكانی سوپای سوریا (124) هەزار و (752) پیاو، (17) هەزار و (139) منداڵ و (15) هەزار و (278) ژن گیانیان لەدەستداوە.
لەسەرەتای دەستپێكردنی شەڕی ناوخۆیی لە ساڵی 2011 وە تا ئێستا ژمارەی قوربانیان بە گشتی گەیشتوتە (158) هەزار و (218) كەس.
سەرچاوە: ماڵپەڕی فرات نیوز - 2014-09-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | SYسووریا |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 858

**لەسەدا 22ی ناوچە مین رێژكراوەكانی هەرێم پاككراوەتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121023002187331

خەندان - ڕەهێل سەمەد
دوای 10 ڕۆژ لە بەڕێوەچوونی سیمینار و ووڕکشۆپ بەمەبەستی چۆنیەتی دانانی پلانی ساڵی 2014 بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترسیەکانی مین، ئەمڕۆ ئە و پلانە ڕاگەیەندرا، بەرپرسێکی دەزگای مینیش ڕایدەگەیەنێت لە 22ساڵی ڕابردوو 20% ناوچە مین ڕێکراوەکانی هەرێم پاککراوەتەوە.
ئاکۆ عەزیز بەڕێوەبەری هۆشیارکردنەوە لە دەزگای گشتی کاروباری مین بە خەندانی ڕاگەیاند: لە چوارچێوەی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەمین و تەقەمەنی ئەمڕۆ لە شاری هەولێر کۆتایی بە ۆورکشۆپێکی ئامادەکردنی پلانی ساڵی داهاتوو بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترسیەکانی مین هات و پلانەکە ڕاگەیەندرا.
ئاکۆ عەزیز وتیشی: پلانەکە لەلایەن ڕێکخراوی (هاندی کاپی) نێودەوڵەتی بەهاوکاری دەزگای گشتی کاروباری مینی هەرێمی کوردستان و بەپاڵپشتی دارایی ڕێکخراوی uncif ئامادەکراوە بەمەبەست لە و پلانە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیانە لە مەترسیەکانی مین، بە و ئامانجەی هاوڵاتیان خۆیان بپارێز لە و مین و تەقەمەنیانەی لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان هەن تا ئە و کاتەی هەڵمەتەکانی پاککردنەوە کارەکانی خۆیان دەکەن.
بەڕێوەبەری هۆشیارکردنەوە لە دەزگای گشتی کاروباری مین ئەوەشی خستەڕوو: هەرچەندە لەماوەی 22ساڵی ڕابردوو 20% ناوچە مین ڕێژکراوەکان پاککراوەتەوە، بەڵام لەکاتی ئێستا زیاتر لە سێ هەزار ناوچەی ترماوە لەمین و تەقەمەنی پاککبکرێتەوە.
بەهۆی جەنگەکانی ڕژێمی بەعسی لەناوچوو لەگەڵ وڵاتی ئێران و هێزەکانی پێشمەرگە ناوچە سنوریەکانی نێوان عێراق و ئێرانی مین ڕێژکرد، کە بەشێکی زۆری دەکەوێتە سنوری هەرێمی کوردستان، بەهۆی تەقینەوەی هەندێک لەوانە چەندین کەس بونەتە قوربانی و کەمئەندام بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 859

## لەسەرەتای ئەمسا ڵەوە (8) هەزار و (500) هاوڵاتی ئێراقی بوونەتە قوربانی توندوتیژییەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140926093330776393

لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا نزیکەی (8) هەزار و (500) هاوڵاتی ئێراقی بە هۆی توندوتیژییەکانەوە بوونەتە قوربانی .
فلافیا بانسێری، جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا نزیکەی (8) هەزار و (500) هاوڵاتی ئێراقی بە هۆی توندوتیژییەکانەوە بوونەتە قوربانی و نیوەی ئە و ڕێژەیەش لەنێوان مانگەکانی حوزەیران و ئابدا بەهۆی هێرش و پەلاماری گروپە چەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و بیلادی شام(داعش) بۆ سەر ناوچەکانی باکووری ئێراق بووە .
بانسێری جەختیشیکردەوە کە بە گوێرەی ئەوان ڕێژەی قوربانیانی توندوتیژییەکان زۆر لەوە زیاترە، بەڵام تەنیا ئە و زانیاریانەیان لەبەردەستدایە و ئە و ناچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی چەتەکانی داعشدایە، زانیاریمان لەسەری نییە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی فرات نیوز - 26-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 860

## لەسەرەتای ئەمساڵەوە 45 کرێکار لەهەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013090409333088947



سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی لەسلێمانی رایدەگەیەنێت، لەسەرەتای ئەمساڵەوە تائێستا 45 کرێکار لەسەر کار گیانیان لەدەستداوە، ئاماژەشیدا، یاداشتێکیان داوەتە سەرۆکی حکومەت، بەڵام تائێستا وەڵام نەدراونەتەوە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی لەسلێمانی، عوسمان حەمەسەعید، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا رایگەیاند، دوێنێ لەکاتی کارکردنیدا لەکارگەیەکی بلۆک لەناوچەی حاجی ئۆمەران کرێکارێک بەناوی، لوقمان رسول حمدامین، لەدایکبونی 1982 لەکاتی هەوڵدان بۆ چاکردنەوەی خەباتەی چیمەنتۆ بەهۆی کارەباوە گیانی لەدەستداوە.
ئاشکراشیکرد، ژمارەی قوربانیانی کرێکار لەسەرەتای ئەمساڵەوە گەیشتوەتە 45 کرێکار کە سیانیان لەدهۆک و 19یان لەهەولێر و 24یان لەسلێمانی گیانیان لەدەستداوە.
سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی رەخنەی لەپەرلەمانی کوردستان گرت کە نەیتوانیوە کاری پێویست بۆ زامنکردنی ژیان و سەلامەتی کرێکاران بکەن و لە و رووەشەوە داوای لەخولی ئایندەی پەرلەمان کرد یەکێک لەئەولەویەتی کارەکانیان دەرکردنی یاسایەکی نوێ بێت تایبەت بەماف و ئیمتیازی کرێکار و زامنکردنی سەلامەتی کرێکار لەگەڵ چاودێریکردن و بەدواداچونی شوێنی کاری کرێکاران.
عوسمان حەمەسەعید، رەخنەشی لەسەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرت بەهۆی ئەوەی لەرابردودا یاداشتێکیان لەبارەی رەوشی کرێکاران و رێگاکانی چارەسەر رادەستکردوە، بەڵام پشتگوێخراوە و وەڵامنەدراوەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەری ئاوێنە - 2013-09-04

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 861

## لەسەرەتای ئەمساڵەوە 75 راوچی لەگەرمیان دەستگیرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150401223037048

لەسەرەتای ساڵی 2015ەوە لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، 70 راوچی دەستگیکراوە جگە دەستبەسەرداگرتنی چەندین چەکی تایبەت بەڕاوکردن.
ئاودێر محەمەد، ئاوێنەنیوز: وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی گەرمیان، نەقیب ئیبراهیم محەمەد بەئاوێنەنیوزی راگەیاند کە لەماوەی 3 مانگی ئەمساڵدا دا لەلایەن مەفرەزەکانی

بەڕێوەبەرایەتییەکەیانەوە، لەسنوری گەرمیاندا توانراوە 75 راوچی دەستگیربکرێت لەکاتی راوکردندا، ئە و ڕاوچیانەش "بەپری ملیۆنێک و 830 هەزار دینار غەرامەکراون."
لەبارەی ئە و چەکانەی کە بۆ ڕاوکردن بەکاردێن و لەماوەی ئە و سێ مانگەدا دەستیان بەسەردا گیراوە، نەقیب ئیبراهیم ئاشکرای کرد کە دەستگیراوە بەسەر 24 تاپرو کلاشینکۆفێک و 3 ساچمەزەن و 115 فیشەک و 18 لایت و 3 لۆکس و 3 داو و 1 تەورداس 8 قەفەس و دوربینێک.
وتەبێژی پۆلیسی دارستان ئەوەیشی ڕونکردەوە کە بەردەوام مەفرەزەکانیان بەشەوو رۆژ هەوڵی دەستگیرکردنی سەرپێچیکارانی ژینگە دەدەن و لەکەس قبوڵ ناکەن سەرپێچی ژینگەیی بکات، یاخود راوی گیانلەبەران بکات.
لەساڵی 2014 لەسنوری گەرمیاندا 200 راوچی دەستگیرکرابون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-04-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 862

## لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا، 884 کرێکاری بیانی ڤیزای بۆ کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140721141117763

بەپێی زانیارییەکانی ئاوێنە، لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا، 884 کرێکاری بیانی ڤیزای بۆ کراوە بۆ ئەوەی بێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە، لە و ژمارەیەش 175 کەسیان لەرەگەزی نێر بون کە خەریکی پیشەی کرێکارین و 708 کەسیشیان لەرەگەزی مێن و زۆرینەیان وەک خزمەتکاری ماڵان کاردەکەن .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-07-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 863

## لەسەرەتای بانگەشەوە لەسلێمانی 50 ئۆتۆمبێل دەستی بەسەردا گیراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041410090775825

لەماوەی 14 رۆژی رابردودا لەسلێمانی 50 ئوتومبیل دەستیان بەسەرداگیراوە بەهۆی سەرپێچیکردنی یاساکانی هەڵبژاردن و هاتوچۆ، وتەبێژی هاتوچۆی سلێمانیش رایدەگەیەنێت، رێکاری یاسایی بەرامبەر ئە و کەسانە و هەر کەسێکی تر لەداهاتودا دەگیرێتەبەر.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەهمەن عەبدوڵڵا، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ئەمڕۆ دوشەممە، لەلێدوانێکدا بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، لەسەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنەوە 50 ئۆتۆمبێل

بەهۆی سەرپێچیکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ دەستی بەسەرداگیراوە.
وتیشی، فەرمانی دەستگیرکردن و ڕاوەستانی مامەڵەی کڕین و فرۆشتن بۆ زۆرێک لەئۆتۆمبێل دەرچوە کە بەکامێراکانی هاتوچۆ تۆمارکراون و نزیکەی 200 پسوڵەی ئاگادارکردنەوەش لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا بۆ ئە و ئۆتۆمبێلانە کراوە کە پێچەوانەی یاسای بانگەشەی هەڵبژاردن و یاسای هاتوچۆ هەڵسوکەوتیان کردوە.
لەسەرەتای دەستپێکردنی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەوە لیژنەی ئەمنی شاری سلێمانی بڕیاریدا کە نابێت هیچ ئۆتۆمبیلێک بەپێچەوانەی ڕێنمایەکانی هاتوچۆ ڕەنگی ئۆتۆمبێلەکەی بگۆڕێت و شەوانە قەڵەباڵغی لەسەر شەقامەکان دروستبکات.
وتەبێژەکەی هاتوچۆ سلێمانی ڕاشیگەیاند، سەرجەمی سەرپێچیکاران ڕێکاری یاساییان لەبەرامبەر دەگیرێتەبەر.
بڕیارە لە 30ی ئەم مانگە هەردو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت، بۆ ئەمەش لەسەرەتای ئەم مانگەوە بانگەشەی هەڵبژاردنی لیست و کاندیدەکانی هەڵبژاردنەکان دەستپێکردوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 14-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 864

## لەشەش مانگدا 194 کەس لەگەرمیان بونەتە قوربانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=2014070916222976942

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان لەماوەی شەش مانگی ڕابردودا 194 کەس بونەتە قوربانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ و لەئێستاشدا زۆرترن ڕوداو لەکاتی بەربانگدا ڕودەدات.
ئاراز محەمەد، گەرمیان: ملازم کارزان مەجید، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی هاتوچۆی گەرمیان ئەمڕۆ چوارشەممە، بۆ ئاوێنەنیوز ڕایگەیاند، بەپێی ئامارەکانیان لەماوەی شەش مانگی ڕابردودا 185 ڕوداوی هاتوچۆ ڕویانداوە کە 71یان لەناوشار و 114شیان لەدەرەوەی شار بوە.
وتیشی، لەئاکامی ئە و ڕوداوانەدا 25 کەس گیانیان لەدەستداوە کە 16 یان پیاوە و شەشیان ئافرەت و سیانیشیان منداڵە .
ملازم کارزان ئەوەشی خستەڕو، 169 کەسیش بەهۆی ئە و ڕوداوانەوە بریندداربون .
ئە و بەرپرسەی هاتوچۆ ئە و کاتەشی ئاشکراکرد کە لەم ماوەیەدا زۆرترین ڕوداوی تیا ڕودەدات و باسی لەوەکرد، لەئێستادا بەهۆی مانگی ڕەمەزانەوە ڕوداوی هاتوچۆ لەکاتی بەربانگ و نزیک بانگی ئێوارەدا زیاتر ڕودەدەن "بەهۆی ئەوەی خەڵک پەلەیەتی بگاتە ماڵەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 865

## لەشەوی سەری ساڵدا لە هەولێر، هاوڵاتیەک گیانی لەدەستدا و سیانی دیکەش برینداربوون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010119352186953

خەندان - رەهێل سەمەد
لەشەوی سەری ساڵی 2014 لەناو شاری هەولێر 14 رووداوی هاتوچۆ روویانداو بەوهۆیەوە هاوڵاتیەک گیانی لەدەستدا و سێ هاوڵاتی تر برینداربوون.
فازڵ حاجی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی هاتوچۆی پارێزگای هەولێر بە خەندانی راگەیاند، " لەگەڵ ئەوەی کارمەندانی پۆلیسی هاتوچۆ کاری باشیان کرد بۆ رێکخستنی ئۆتۆمبێل و ئاسانکاری هاتوچۆی هاوڵاتیان، بەڵام لە شەوی سەری ساڵدا، 13 رووداوی پێکدادان و رووداوێکی شێلان روویدا"، وتیشی:، ئەو رووداوانە لە سەعات حەوتی ئێوارە تا حەوتی بەیانی روویانداوە، بەوهۆیەوە هاوڵاتیەک گیانی لەدەستداوە و سێ هاوڵاتی تر برینداربوون.
فازڵ حاجی ئەوەشی راگەیاند کە، لەشەوی سەری ساڵ ئەرکی رێکخستنی هاتوچۆ و پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی پارێزگای هەولێریان گرتۆتە ئەستۆ و پلانی تۆکمەیان هەبووە بۆ ئەو شەوە، بەڵام بەهۆی بوونی قەرەباڵغیەکی زۆر لەپارێزگای هەولێر ئەو رووداوانە روویانداوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 866

## لەفرۆکەخانەی سلێمانییەوە 85 کەس رەوانەی وڵاتەکانیان کراونەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011609561086670

گەشتەکانی فرۆکەخانەی سلێمانی بەبەراورد بەساڵانی رابردو زیادیکردوە و ساڵی رابردو بەهۆکاری جیاجیا 85 کەس لە و فرۆکەخانەیەوە بۆ وڵاتەکانیان سنورداشکراونەتەوە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی، تاهیر عەبدوڵڵا، رایگەیاند، لەساڵی 2013 372 هەزار هاوڵاتی فڕۆکەخانەی سلێمانیان بۆ گەشتکردن بەکارهێناوە کە بەبەراورد بەساڵی پێشتر گەشتیار بەرێژەی 30% زیادیکردوە.
وتیشی، لەساڵی 2013 دەستگیراوە بەسەر 75 دۆکۆمێنتی ساختە کە سەرجەمیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵداکراوە.
تاهیر عەبدوڵڵا، ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، ساڵی رابردو 101 هاوڵاتی سنورداشکراوەتەوە بۆ سلێمانی و 85 کەس لەکوردستانەوە سنورداشکراونەتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و 838 کەسیش بەتەواوەتی گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان و 5269 کەسیش فیزەیان پێدراوە تا داخڵی کوردستان بن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-16

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 867

## لەم جەژنەدا زیاتر لە17 هەزار سەر ئاژەڵ لە سەنتەری پارێزگاکاندا سەربڕدراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013101922262688271

به پێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری، تەنها لە کوشتارگاکانی ئاژەڵی سەنتەری پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و گەرمیان زیاتر لە 14 هەزار سەر ئاژەڵی بچووک و نزیکەی سێ هەزار سەر رەشەوڵاخ بەهۆی جەژنی قوربانەوە سەربڕدراون.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: پزیشکی ڤێتێرنەری ڕاوێژکارو بەرێوەبەری ڕاگەیاندن لە ب.گ.سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری، د.ئازاد خۆشناو، لەلێدوانێکی رۆژنامەوانیدا ئەمرۆ(شەممە) رایگەیاند، لە سێ ڕِۆژ بەر لە جەژن و چوار ڕۆژی جەژنی قورباندا، لە گشت کوشتارگاکانی هەرێمی کوردستان لەسەنتەری پارێزگاکان بەگەرمیانیشەوە، زیاتر لە ( 14) هەزار سەر ئاژەڵی بچووک و نزیکەی سێ هەزارسەر ئاژەڵی گەورە سەرپراون، ئەمە جگە لەسەربرینی ئاژەڵکی زۆر وەک قوربانی لەلایەن هاووڵاتیانەوە لەماڵەکانی خۆیاندا کە ژمارەکەی لای ئەوان نەزانراوە.
ناوبراو وتیشی، تەنها لە کوشتارگەی قەرەگوڵی سەنتەری پارێزگای سلێمانیدا زیاتر لە چوار هەزار سەر ئاژەلی بچووکو(417) سەر ئاژەلی گەورە سەرپراوە.
لەگۆشتگەی هاوچەرخی سەنتەری پارێزگای هەولێر چوار هەزار سەر ئاژەلی بچووک و زیاتر لە (1500) ئاژەلی گەورە سەرپراوە و لەکوشتارگەکانی پاریزگای دهۆکیش زیاتر لە چوار هەزار سەر ئاژەلی بچووک و (780) ئاژەلی گەورە سەرپراوە، لە کوشتارگەی کەلاریش لە دەڤەری گەرمیان نزیکەی دوو هەزار سەر ئاژەلی بچووک و تەنها (250) ئاژەلی گەورە سەرپراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 19-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 868

## لەم مانگەدا 420 تەن هاوکاری مرۆیی لە هەولێرەوە گەیێندراونەتە سوریا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014022013495826211

بەرپرسی ئاژانسی خۆراکی جیهانی WFP لە هەولێر ئاشکرایدەکات، ئەمساڵ تا ئێستا 420 تەن هاوکاری مرۆییان گەیاندوەتە ئاوارەکانی سوریا و ئاماژە بە بەردەوامی گەیاندنی هاوکارییەکانیشیان دەکات بۆ لێقەوماوانی ئە و وڵاتە.
لەدیدارێکی کە ئەمرۆ پێتنجشەممە لە نێوان د.دیندار زێباری، جێگری بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ کاروباری رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و محەمەد حاج فەرەح، بەرپرسی ئاژانسی خۆراکی جیهانی WFPلە هەولێر و شاندێکی یاوەری، باس لە بەردەوامی پرۆسەی گەیاندنی هاوکاری نێودەوڵەتی مرۆیی بەرێگای فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە بۆ ناوچەی حەسەکەی سوریا کرا.
هەروەها تاوتوێکردنی بارودۆخی پەنابەرانی رۆژئاوا بەگشتی لەناو کەمپەکان لە هەرێمی کوردستان و هاوکاری و هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاژانسی WFP لەبواری زیاتر باشترکردنی رەوشی پەنابەران و پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و بەتایبەتی کەلوپەلی خۆراک تەوەرێکی تری ئەم دیدارەبوو.
لە لایەن خۆیەوە بەرپرسی ئاژانسی WFP لە هەولێر راگەیاند: لەساڵی نوێیەوە گەیاندنی هاوکاری مرۆیی نێودەوڵەتی بۆ ناوچەی حەسەکەی باکووری رۆژهەڵاتی سوریا بەردەوامن و لەسەرەتای مانگی شوباتەوە تائێستا بەپێی ئە و بەرنامەی کە لایەنە نێودەوڵەتییەکان بەهاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دارێژاوە پری 420 تەنی هاوکاری مرۆیی بەرێگای فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە گەیێندراونە ناوچەی حەسەکە و بریار وایە تا رێکەوتی 2014/3/9 پری 1200 تەن لە و هاوکاریە مرۆییانە لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە بگەیەنرێنە ئەم ناوچەیە و نزیکەی 300 هەزار کەس لەم هاوکاریە مرۆییانە سوود مەند دەبن.
لە بەرامبەردا جێگری بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ کاروباری رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی جەختی لەوە کردەوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لەسەر پێشکەش کردنی هەموو هاوکاری و هەماهەنگیەک لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان بەمەبەستی گەیاندنی دەستی هاوکاری مرۆیی بە گەلانی سوریا بەگشتی و ناوچەکانی رۆژئاوا بەتایبەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-02-20

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 869

## لەم هەفتەیەدا دوو کرێکار لەسلێمانی گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091820295877525

هێڤی خالید

سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی لە سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، لەم هەفتەیەدا دوو کرێکار گیانیان لەدەستداوە و جەختیش دەکاتەوە لەوەی ئەمە لەکاتێکدایە کە بەشێکی زۆری کرێکاران لەهەرێمی کوردستان بێکارن.

عوسمان حمە سەعید، سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی لە سلێمانی لە لێدوانێکی تایبەت بەخەندان رایگەیاند: "ئە و دوو کرێکارەی ئەم هەفتەیە لە سلێمانی گیانیان لەدەستداوە، ناویان (مالیک دەحام عەبدوڵڵا) تەمەن 42 ساڵ و (مستەفا عومەر قادر) تەمەنی 42 ساڵە، هەردووکیشیان خێزاندارن ."

وتیشی: کرێکاری یەکەمیان بەهۆی تەزووی کارەباوە لەکاتی کارکردن لە قەزای چەمچەماڵ، 14ی ئەم مانگە و کرێکاری دووەمیشیان 17ی ئەم مانگەدا لە گوندی (کانی بی) لەکاتی بیرهەڵکەندا گیانیان لەدەستداوە .

بەوتەی عوسمان حمە سەعید، " لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوو لەسنوری پارێزگای سلێمانی ژمارەی ئە و کرێکارانەی گیانیان لەدەستداوە ئەمساڵ تا ئێستا گەیشتە (27) کرێکار."

بەهۆی ئە و قەیرانە داراییەی هەرێمی کوردستان گرتۆتەوە، هاوکات شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی بەناو ئیسلامی (داعش)، ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان کارەکانیان ڕاگرتووە و کرێکارەکانیشیان ناردۆتەوە بۆ ماڵەوە، بە و هۆیەشەوە بەشێکی زۆر کرێکار لەهەرێمی کوردستان بێکاربوون .

بەپێی ئامارێکی یەکێتی وەبەرهێنان، زیاتر لە (85)هەزار کرێکار لەهەرێمی کوردستان لە ئێستادا بێکارن، لە و کرێکارانەی لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کاردەکەن .

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 870

## لەمانگی ئایار 800 کەس لە عێراق کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014060217103076576

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق رایگەیاند، بەهۆی کردەوە توندوتیژییەکانەوە تەنها لەماوەی مانگی ئایاری رابردوودا زیاتر لە 2900 کەس لە عێراق کوژراون و بریندداربوون، بەغدای پایتەختیش لە هەموو پارێزگاکانی دیکە زەرەرمەندتربووە. نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند: "ژمارەی کوژراوانی مانگی ئایاری رابردوو لە عێراق گەیشتە 799 کەس،

کە ئەمەش بەرزترین ڕێژەی پێنج مانگی ڕابردووە، لەو ژمارەیە 603 کەسی سڤیل و 196 کەسیشیان سەر بە دەزگا ئەمنییەکانن، هەروەها 1409 کەسیشیان بریندارببوون کە 1108 کەسی سڤیل و 301 کەسیشیان هێزی ئەمنین". وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە، تەنها لە شاری بەغدا 315 کەس کوژراون و 617 کەسیش بریندارببوون، لە پارێزگای نەینەواش 313 کەس کوژراون و 248 کەسیش بریندارببوونە، لە پارێزگای سەلاحەدین 94 کەس کوژراون و 146 کەس بریندارببوونە، لە پارێزگای دیالە 38 کەس کوژراون و 28 کەس بریندارببوونە و لە پارێزگای کەرکووکیش 22 کەس کوژراون و 60 کەسیش بریندارببوونە". بەپێی بەیاننامەی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان دوا ئاماری کوژراوانی مانگی نیسانی ڕابردوو 750 کەس بووە. نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاشکراشیکرد کە ئەم ژمارەیە کوژراو و بریندارانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی سوپای عێراق لە پارێزگای ئەنبار ناگرێتەوە". بە مەبەستی دەرکردنی چەکدارانی سەربەرێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە(داعش) حکومەتی عێراق ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی فراوانی بە درێژایی سنووری ئەنبار سووریا ئوردون دەستپێکردووەو تاوەکو ئێستاش بەردەوامە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 02-06-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 871
## لەمانگێکدا 30 کەس لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار مردوون
http://www.kurdipedia.org/?q=20140908114226773338
تەنها لەماوەی یەک مانگدا لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی قەزای کەلار لەگەرمیان 30 هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە .
ئاراز محەمەد، کەلار: بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار، کەوێنەی بۆ ئاوێنە نێردراوە، لەمانگی ئابی 2014 دا، پێشوازیی لەنۆ هەزار و 175 نەخۆش کراوە، کە بەهۆی بوونی نەخۆشی و ڕووداوی جیاوازی تەندروستیەوە، سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردووە.
بەپێی ئامارەکە، لە ماوەی ئەو مانگەدا، 30 حاڵەتی مردن تۆمارکراوەو 330حاڵەتی تێدا تۆمارکراوە کە 157 بەرکەوتنی فیشەک، 72 حاڵەتی پێوەدانی مارو دووپشک، 60 برینداری ڕووداوی هاتوچۆ، 13 حاڵەتی لێدان و کەرەستەی تیژ، 13 حاڵەتی سووتان، 12 حاڵەتی کەوتن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 08-09-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کەلار (گەرمیان) |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 872
## لەمانگێکدا زیاتر لە سەدو شەست سواڵکەر لە سلێمانی دەستگیرکراون
http://www.kurdipedia.org/?q=20140829224741695338
پەیوەند جەلال
لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی تەنها لەماوەی ئەم مانگەدا زیاتر لە 160 سواڵکەریان دەستگیرکردووە و سەرۆکی لیژنەکەش ڕایدەگەیەنێت، "بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیاردەیە، پێویستە ئەو

یاسایەی سواڵکەری پێ دەستگیر دەکرێت هەموار بکرێتەوە و بۆ ماوەیەک زیندانی بکرێن."
سۆران عەبدولغەفور، سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی بە خەندانی ڕاگەیاند، "هەڵمەتێکی چڕ بۆ دەستگیرکردنی سواڵکەرەکان دەستپێکراوە و هەر ئەمڕۆ 15 سواڵکەر و لەماوەی ئەم مانگەشدا زیاتر لە 160 سواڵکەر دەستگیرکراون."
دەشڵێت: سواڵکەرەکان کورد و ئاوارەی سوری و ئێرانی و قەرەج و عەرەبی ناوەڕاست و باشوریان تێدایە و ئێمەش کە دەستگیریان دەکەین، ئەوانەی کوردی سوریان بن دەیاندەینەوە دەست ئەو ڕێکخراوانەی کە سەرپەرشتیان دەکەن و عەرەبەکانیش دەنێرینەوە بۆ شارەکانی خۆیان، ئەوانەشی خەڵکی دەرەوە بن ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەیان دەکەینەوە، کوردەکانی خۆشمان ئەگەر کەسوکاریان هەبوو دەیاندەینەوە ئەوان و ئەگەریش نەیانبوو دەیاندەینە چاودێری کۆمەڵایەتی و خانەکانی داڵدەدان.
سۆران عەبدولغەفور، پێشنیاریکرد، "بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسای دەستگیرکردنی سواڵکەرەکان هەموار بکاتەوە، چونکە ئەگەر سواڵکەرێک بۆ یەکەمجار دەستگیر بکرێت ئاساییە غەرامەی بکرێت و غەرامەکەش لەنێوان 10 تا 25 هەزار دینارە، بەڵام ئەگەر چەند بارەی کردووە باشتر وایە زیندانی بکرێن بۆ ماوەی شەش مانگ، ڕەنگە بەو شێوەیە دیاردەکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبێتەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-08-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 873

## لەماوەی (5) ڕۆژدا زیاتر لەهەزار هاوڵاتی ئاوارەی شاری عەفرین بوون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014020710354622108

بە هۆی شەڕ و پێکدادان و بۆردومان کردنی شاری حەلەب لەلایەن هێزەکانی ڕژێم بە سەدان کەس ئاوارەی شاری عەفرین بوون. هێزەکانی ئاسایشیش هاوکاری ئاوارەکان دەکەن و هەوڵی تۆمارکردنی ناوەکانیان دەدەن.
لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو بە هۆی شەڕ و پێکدادان لەحەلەب و بۆردومانکردنی شارەکە لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە بە سەدان هاوڵاتی لەگەڕەکەکانی سالحین، سوکەری، سەکنا حەنانۆ و شارۆچکەی یەرموکی حەلەب بەرەو هەرێمی عەفرین ئاوارەبوون بوون. هێزەکانی ئاسایشیش دوای جێبەجێ کردنی ئەرکی پشکنین هاوڵاتیان ڕەوانەی ماڵی کەسوکار و دۆستەکانیان دەکەن لەهەرێمی عەفرین.
هاوکات هێزەکانی ئاسایش ناوی هاوڵاتیان تۆماردەکەن و هەروەها ژمارەیەک ئاوارەش دەیانەوێت لەڕێگای عەفرینەوە دەربازی هەرێمەکانی تری ناوچەکە ببن. لەوبارەیەوە ڕاگەیەندرا کە لەماوەی (5) ڕۆژدا هەزار هاوڵاتی ئاوارەی کانتۆنی عەفرین بوونە .
بەڕێوەبەرانی ئاسایش دەستنیشانیان کرد کە ئەوان ناوی (200) ئاوارەیان تۆمار کردووە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی فورات نیوز - 2014-02-07

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 874

## لەماوەی 2 ساڵدا 250 بەڵێندەر لە هەولێر و سلێمانی مایەپوچبوون

http://www.kurdipedia.org/?q=20130827115447890826

بەشێک لەبەڵێندەرانی هەرێمی کوردستان مایەپوچ -ئیفلاس- دەبن و بەڵێندەرە بیانیەکانیش شوێنی بەڵێندەرانی خۆماڵی دەگرنەوە. سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانیش پێیوایە کێشەیان نەبونی یاسایەکی تایبەتە.
ئا: شوان بەرزنجی
بەپێی ئەو ئامارەی لەیەکێتی بەڵێندەران دەست هەفتەنامەی باس کەوتووە، لەماوەی دو ساڵی رابردودا، زیاتر لە 250 بەڵێندەر مایەپوچبون و ئیفلاسبونی خۆیان راگەیاندووە. بەپێی ئامارەکە تەنها لەشاری سلێمانی 200 کۆمپانیاو لەشاری هەولێریش 50 کۆمپانیا مایەپوچبون. بەوتەی
بەرپرسانی یەکێتی بەڵێندەرانیش هۆکاری سەرەکی ئیفلاسبونی ئەو بەڵێندەرانە بۆ قەرزاربون و تەواونەکردنی پرۆژەکانیان و بەرزو نزمی نرخی دۆلارو کێشەکانی پێوەست بەدادگا دەگەرێتەوە.
بەپێی ئامارەکانی یەکێتی بەڵێندەران زیاتر لە سێ هەزار بەڵێندەر لەهەرێمی کوردستان هەیە کە 1306 بەڵێندەریان لەهەولێرو 1067 بەڵێندەریان لەسلێمانیە و 693 بەڵێندەریان لەدهۆکە و 32 بەڵێندەریان لەگەرمیاندایە.
سەرۆ ئیسماعیل دزەیی سەرۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان رونیدەکاتەوە کە ئیفلاسبون لەنێو بەڵێندەران دیاردەیەکی مەترسیدارە و لە و ماوەیەدا سەری هەڵداوە. ناوبراو دەڵێت، "یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکانی ئیفلاسبونی بەڵێندەران نەبونی یاسایەکی تایبەت بەبەڵێندەرایەتی کە لەزۆربەی وڵاتان بونی هەیە، لە و یاسایە مافی بەڵێندەرو خاوەن کارو پرۆژە دەپارێزێت، بەڵام ئەو یاسایە لێرە بونی نیە، بۆیە ئەو کێشانە روبەرومان دەبنەوە".
سەرۆ ئیسماعیل ئاماژەی بەوەشدا ئەگەر یاسایەکی تایبەت بەبەڵێندەران دەربچێت مافی هەمو لایەک و پرۆژەکانی کەرتی تایبەت و حکومەتیش دەپارێزرێت. لە و روەوە وتی، کاتێک ئەو یاسایە نییە حکومەت پێشینە بەبەڵێندەران نادات، بەڵێندەران پرۆژەکانیان تەواو ناکەن ئەوانەش هەمو کێشەن و بارقورسی لەسەر بەڵێندەر دروست دەکەن، چونکە ئەوانیش دەبێت پارەی کارمەندو کرێکارەکانیان بدەن، بۆیە ئفلاس دەکەن."
لای خۆی محەمەد تاهیر سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی بەڵێندەران باوەریوایە کە "لە 100 % بەڵێندەران لەپرۆژەکاندا زیانیانکردووە، حکومەتی هەرێمیش کارئاسانی بۆ بەڵێندەرانی بیانی دەکات و بەپارەیەکی زۆر زیاتر پرۆژەکانیان دەداتێ ئەمەش وایکردووە بەڵێندەرانی ناوخۆ توشی زیان و مایەپوچبون ببن".
لەماوەی ڕابرودا بەپریارێکی وەزارەتی دارایی هەرێم پێشینەی لە 10 %ی پرۆژەکان بۆ بەڵێندەران ڕاگیرا ئەوەش ناڕەزایی زۆری لێکەوتەوە، تائێستاش زۆربەی وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەت ئامادەنین ئەو پێشینەیە بدەنە بەڵێندەران. لە و روەوە سەرۆ ئیسماعیل وتی، ئەو پریارەش کاریگەری خراپی لەسەر بەڵێندەران داناوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 27-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 875

## لەماوەی 2 مانگدا 2 هەزار و 396 کەس بەتۆمەتی پەکەکە و کەجەکە بوون دەستگیرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150830154557859200



ڕۆژنیوز – ناوەندی هەواڵەکان
دوابەدوای دەستپێکردنی قۆناغی شەڕ لەلایەن ئاکەپەوە تا ئێستا، ناوەندی گشتی مافی مرۆڤی تورکیا ڕاپۆرتێکی لەبارەی ڕووداوەکانی دوومانگی دوایی لە 21 تەموزەوە هەتا 28 ئابی باکوری کوردستان و تورکیای بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەداوە کە گرتن، ئەشکەنجە، کوشتنی کەسانەی مەدەنی و کوشتنی هۆڤانە گەیشتوەتە ئاستی لوتکە. بەپێی ڕاپۆرتەکە لەنێوان دوو مانگدا دوو هەزار و 544 کەس دەستگیرکراون، 338 کەس بڕیاری زیندانی کردنیان بۆ دەرکراوە، 92 سەرباز کوژراون، 38 گەریلا ژیانیان لەدەستداوە، هەروەها 47 کەسی مەدەنی کوژراون. ڕاپۆرتی ناوەندی گشتی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی تورکیا لەشاری ئامەد لەلایەن سەرۆکی گشتی کۆمەڵەکە (ئۆزتورک تورکدۆغان) لە بە لێدوانێکی چاپەمەنی خوێندرایەوە و تیایدا ئاشکرای کرد کەلەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا، لە کوردستان و تورکیا لە ئاکامی ئۆپەراسیۆنی هێزە ئەمنیەکانی تورکیا لەناویدا 111 منداڵ، پێنج ڕۆژنامەنوسی بیانی و بەگشتی دوو هەزار و 544 کەسیان دەستگیرکردوە، لەوانەش 136 کەسیان بە بانگەشەی ئەوەی گوایە داعشن دەستگیر کراون بەڵام تەنها 33 کەسیان زیندانی کراون ئەوانی دیکە ئازادکراون، 22 کەسیش گوایە سەربە جەماعەتی فەتحوڵا گیولەنن دەستگیرکراون لەوانەش 18 کەسیان ئازادکراون تەنها چوار کەسیان لە زینداندا ماون. (دەستگیرکردنی هاوڵاتیان لەلایەن پۆلیسەوە) هەروەها دوو هەزار و 396 کەس بەبانگەشە ئەندام بوونیان لە کەجەکە و پەکەکەدا دەستگیرکراون، زۆربەی گیراوەکان ڕوبەڕووی ئەشکەنجەی توندی دەزگا ئەمنیەکان بوونەتەوە. ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەش کردوە کەلەو ماوەیەکدا 198 کەس بەگرانی بریندار‌بوون. تورکدۆغان وتویەتی: لەماوەی دوومانگی شەڕەکاندا 92 سەرباز و پۆلیس و جاش کوژراون، 166 پۆلیس و سەرباز برینداربوون، لەهەمان ماوەدا 38 گەریلای هەپەگەس ژیانیان لەدەستداوە، کەسێکی مەدەنیش لەنێوان شەڕەکاندا ژیانی لەدەستداوە و 34ی تریش برینداربوون .ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ئاماژەی بەوەش کردوە کەلە چەند شارێکی تورکیا هێرشی تورکە نەژادپەرستەکان بۆسەر کوردان زیادی کردوە. (ئۆپەراسیۆنی جەندرمە و پۆلیس بۆسەر ماڵی هاوڵاتیان و شکاندنی دەرگاکانیان) ئەو خاڵانەی لە ڕاپۆرتەکەدا دەستنیشان کراون بەم شێوەیەن: - بەهۆی بڕیاری قەدەغەی ڕوماڵکردن، مافی پەیامنێران ئاستەنگ کراوە، هەروەها بە بڕیاری دادگا لە زۆرشوێن هێڵی ئینتەرنێت بڕاوە. - هەڕەشە لە ڕاگەیاندنەکانی ئۆپۆزسیۆن کراوە، ڕێگەیان پێنادەن ڕووداوەکان ڕوماڵ بکەن، چەند کەسیان دەستگیرکراون و ئەشکەنجە دراون. - توندوتیژی لەسەر منداڵان زیادی کردوە، بەتایبەتی لە شارەکانی ئامەد و ئەدەنە منداڵان زیاتر لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. - بەبڕیاری وەزارەتەکان و بڕیاری والیەتەکان لە شار و ناوچەکانی، سێرت، شڕناخ، دێرسیم، ئاگری، دیلۆک، قارس، ئامەد، جۆلەمێرت و زۆر جێگەی تر ناوچەی ئەمنی تایبەت ئاواکراون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستانPKK -

جۆری ئامار و ڕاپرسی: توندوتیژی

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: TRتورکیا

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 876

**لەماوەی 2 مانگدا 20 خۆپیشاندانو گردبونەوە ئەنجامدراوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20140215135751251114

تەنها لەماوەی دو مانگی سەرەتای ئەمساڵدا نزیکەی 20 خۆپیشاندان و گردبونەوەی ناڕەزایی لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە و چالاکوانێکیش هۆشداری دەداتە حکومەت بەوەی ئەگەر چارەسەری قەیرانەکان نەکات ئەوا "چاوەڕێی تەقینەوەیەکی گەورەی جەماوەر بێت."
رامان عومەر، سلێمانی، بەهۆی هەڵکشانی ئاستی ناڕەزایەتیەکان و شڵەژانی دۆخی سیاسی لەهەرێمی کوردستان و بۆشایی پێکنەهێنانی حکومەت، لەسەرتای ئەمساڵەوە تا ئێستا زیاتر لە 20 خۆپیشاندان و گردبونەوە لەهەرێم کوردستان ئەنجامدراوە.
ئە و خۆپیشاندانانە لەکاتێکدایە پارە لەبانکەکان نەماوە و موچەی فەرمانبەران بەدرێژایی ئە و دوو مانگە دوا کەوتووە، بەشێکی تر لەخۆپیشاندانەکان بەهۆی نەبونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانەوە بوە و بەشێکی تریش وابەستەیە بەتیرۆری رۆژنامەنوسان و پێشلکاری بەرامبەر بەئازادییەکان.
چەقی ئە و خۆپیشاندان و ناڕەزاییانە پارێزگای سلێمانی بوە و زۆرترین خۆپشاندان و گردبونەوەی تێدا سازکراوە، بەدوای ئەویشدا شاری هەولێر بەپلەی دووەم دێت. دیارترین ئە و خۆپیشاندانانە دژی تیرۆر کردنی رۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی و دواکەوتنی موچە و نەمانی پارە لەبانکەکان و نەبونی خزمەتگوزاری لەقەزای سەیدسادق بووە، لەگەڵ هەندێک داواکاری چین و توێژە جیاوازەکان.
چالاکوانی مەدەنی، شۆرش ئەمین، ئاماژە بەوە دەدات هەرچەندە ئە و خۆپیشاندانانە زۆر سەرەتاین، بەڵام ئەگەر هەیە دۆخی هەرێمی کوردستان بەرە و مەترسی ببات.
ناوبراو بەئاوێنەی وت، حکومەت لەقەیراندایە و حساب بۆ هاوڵاتی خۆی ناکات و تەنها خەریکی پڕکردنی گیرفانی هەندێک کەسە، ئەم خۆپیشاندانەش زۆر سەرەتاین و ئەگەر ئەم قەیرانانە زیاتر بەردەوام بێت "ئەوا ئەگەری هەیە دۆخەکە بەرە و تەقینەوە بچێت، چونکە نەدانی موچە واتە پرینی قوتی خەڵک. سەرەنجامەکەشی خێر نابێت".
لەدوای خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتی 2010وە ئەمە یەکەمجارە بە و بەرفراوانیە خۆپیشاندانی ناڕەزایی سازبکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 15-02-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 877

**لەماوەی 2 مانگدا هاوڵاتیانی کوردستان زیاد لە 15 ملیۆن دۆلاریان لەعومرەدا خەرج کردوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150404122448708002

لەسەرەتای دەستپێکردنی وەرزی عومرەوە لەئەمساڵدا 16 هەزار کەس بۆ ئە و مەبەستە چونەتە سعودییە و کۆمپانیاکانیش بۆ هەر کەسێک پری 925 دۆلار تا 975 دۆلار وەردەگرن، ئەمەش دەکاتە زیاد لە15 ملیۆن دۆلار.

ئاوێنەنیوز: لەسەرەتای مانگی شوباتی ئەمساڵەوە وەرزی عومرە دەستیپێکردوە و وتەبێژی پێشوی وەزارەتی ئەوقافیش رایدەگەیەنێت کە لە و کاتەوە تا ئێستا لەهەرێمی کوردستانەوە نزیکەی 16 هەزار هاوڵاتی گەشتیی سعودییەیان ئەنجامداوە و سەرجەم گەشتەکانیش لەرێگای فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانییەوە بون.
بۆمەبەستی ئەنجامدانی عومرەش، چەندین کۆمپانیا هەن کە هاوڵاتیان لەهەرێمەوە دەگەیەننە هەردو شاری مەککە و مەدینە و بۆ ماوەی 12 رۆژ دەمێننەوە. کۆماپنایاکانیش بۆ هەر عومرەکارێکیش لەنێوان 925 دۆلار تا 975 دۆلار دەسەنن کە ئەویش کرێی فڕۆکە و شوێنی نیشتەجێبون و گواستنەوەکانی نێوان مەککە و مەدینەیە.
کۆی ئە و پرەپارەیەی ئە و 16 هەزار هاوڵاتییەش بەمەبەستی عومەرەکردن داویانە بەکۆماپانیاکان لەسەرەتای مانگی شوباتەوە تا سەرەتای نیسان، زیاد لە 15 ملیۆن دۆلار دەکات.
بڕیاریشە تا کۆتایی مانگی ڕەمەزان پرۆسەی گەشتی عومرەکان بەردەوام بێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-04-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 878

## لەماوەی 24 کاتژمێردا 15 هاوڵاتی دەستگیر دەکرێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032121363956845

خەندان – هۆگر کەمال
بەهۆی راوە ماسی نایاسایی، پۆلیسی دارستان 15 هاوڵاتی دەستگیر کرد، لەسنوری ناحیەی بنگرد و سیروان و روبەڕووی یاسای کردنەوە .
مقدەم هێمن کەمەرخان، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی دراستان و ژینگەی سلێمانی بەخەندانی راگەیاند، " لەماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا، بنکەی پۆلیسی دارستان و هەردوو بنکەی پۆلیسی سیروان و بنگرد لەسنوری ناحیەکانیان، 15 هاوڵاتی سەرپێچیکاریان دەستگیر کرد کە خەریکی راوی ماسی بوون بەشێوەیەکی بەنایاسایی ."
مقدەم هێمن کەمەرخان زیاتر وتی، " چوارکەس لەسەرپێچیکارەکان لەناحیەی بنگرد، پانزەکەی دیکەشیان لەناحیەی سیروان، دەستگیر کراون، هەروەک هێزەکانی پۆلیس دەستیشیان گرتووە بەسەر 37 کیلۆ ماسی راوکراو بەنایاسایی ."
مقدەم هێمن کەمەرخان ئەوەشی خستەڕوو کە، " سەرجەم کەرەستەکانی راوکردنی ئە و سەرپێچیکارانە دەستیان بەسەردا گیراوە و خۆشیان روبەڕووی یاسا کراونەتەوە ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 879

## لەماوەی 5 مانگدا 9 کرێکار گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013060113233478391

هێمن مامەند، هەولێر: بەرپرسی راگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکاری کرێکارانی کوردستان، حەسەن رەمەزان، دوێنێ، هەینی، کرێکارێک لەباڵەخانەیەکی کۆمەڵگای نەورۆز سیتی لەشاری هەولێر لەکاتی کارکرندا کەوتۆتە خوارەوەو گیانی لەدەستداوە، بەوەش ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەسەرەتای ئەمساڵەوە لەکاتی کارکردندا گیانیان لەدەسداوە، گیشتە 9 کرێکار.
حەسەن رەمەزان وتیشی، ئەو کرێکارەی دوێنێ گیانی لەدەستدا ناوی ئەحمەدەو خەڵکی باکوری کوردستانەو خێزاندارەو باوکی دو منداڵ بووە .
سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان زیادبونی رێژەی گیانلەدەستدانی کرێکاران لەشوێنی کارکردندا دەگەرێنێتەوە بۆ "نەبونی یاسایەکی گونجا بۆ کرێکاران لەهەرێمی کوردستان وایکردوە ژمارەیەکی زۆر لەکرێکاران بەتایبەتی کرێکارانی بیناسازی لەمافەکانیان بێبەشبنو زەمان نەیانگرێتەوە، دوای گیان لەدەستدانیان یان کەمئەندام بونیانو نەخۆشی، هیچ مافێکیان مسۆگەر نیە".
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-06-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 880

## لەماوەی 6 مانگدا 26 حاڵەتی پێشێلکاری دژی رۆژنامەنوسان تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072410363389485

بەپێی ئامارەکانی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان لەشەش مانگی یەکەمی 2013دا 26 حاڵەتی پێشێلکاری جۆراوجۆر دژی رۆژنامەنوسان لەهەرێمی کوردستاندا تۆمارکراوە.
هێمن مامەند، هەولێر: پێشنیوەرۆی ئەمرۆ چوارشەممە، سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان راپۆرتی شەش مانگی رابردوی خۆی خستەرو سەبارەت بە و پێشێلکارییانەی لە و ماوەیەدا بەرامبەر رۆژنامەنوسان ئەنجامدراوە.
بریاردەری لیژنەی داکۆکیکردن لەئازادی رۆژنامەنوسان لەسەندیکای رۆژنامەنوسان، جەمال حسێن، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، لەماوەی شەش مانگی رابردودا لەهەرێمی کوردستان شەش حاڵەتی لێدان بەرامبەر 14 رۆژنامەنوس تۆمارکراوە. هاوکات 20 حاڵەتی پێشێلکاری جۆراوجۆری دیکە بەرامبەر 30 رۆژنامەنوس ئەنجامدراوە.
ناوبراو رونیکردەوە کە بەبەراورد بەشەش مانگی سەرەتای ساڵی رابردو ژمارەی پێشێلکارییەکان کەمیکردووە، بەڵام بەداخەوە رێژەی لێدان بەرامبەر رۆژنامەنوسان زیادیکردووە.
بەپێی راپۆرتی نۆیەمی لیژنەی داکۆکی لەئازادی رۆژنامەنوسان کە 18ی تەمموزی رابردو بڵاوکرایەوە، لەشەش مانگی یەکەمی 2012دا 43 پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنوسان ئەنجامدراوە.
بریاردەری لیژنەی داکۆکیکردن لەئازادی رۆژنامەنوسان وتیشی، "ئەوەی نیگەرانی ئێمەیە جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی وەزارەتی ناوخۆو دەزگا ئەمنییەکانە بەرامبەر ئەنجامنەدانی گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی دژی ئەو کەس و لایەنانەی پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنوسان دەکەن".
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-07-24

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 881

## لەماوەی ئەمساڵدا 65 کرێکار گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121009483187341

پاش ئەوەی ئەمڕۆ سێشەممە، لەدو ڕوداوی جیاوازدا دو کرێکار لەکاتی کارکرندا گیانان لەدەستدا، ژمارەی ئە و کرێکارانەی تەنها لەمساڵدا لەهەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 65 کرێکار.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکاری کرێکارانی کوردستان، عوسمان حەمە سەعید، بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، ئەمڕۆ دو کرێکاری دیکە لەسلێمانی گیانیان لەدەستدا کە یەکێکیان ناوی (مارف حەمە ساڵح)ە و تەمەنی 61 ساڵە، لەنهۆمی شەشەمی پرۆژەی دروستکردنی ئوتێلێک لەشاری سلێمانی لەکاتی سەرخستنی بلۆکدا کەوتۆتە خوارەوە و گیانی لەدەستداوە.
عوسمان حەمە سەعید وتی، کرێکاری دووەم ناوی (ستار ڕەحمان)ە و لەخانویەکدا کاریکردوە و سەقفی خانوەکە ڕوخاوە بەسەریا لەگەڕەکی کانی سپیکەی شاری سلێمانی و بەوهۆیەوە گیانی لەدەستداوە.
سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکاری کرێکارانی کوردستان ڕونیکردەوە کە بەگیانلەدەستدانی ئە و دو کرێکارە، ژمارەی ئە و کرێکارانەی تەنها لەمساڵدا لەهەرێمی کوردستان گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 65 کرێکار.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 10-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:



---

بابەتی ژمارە: 882

## لەماوەی ئەمساڵدا هەزار و 400 ڕێکخراوی ناحکومی تۆمارکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122711392987057

خەندان - ڕەهێل سەمەد
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە سەرپەرشتی سەرجەم ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان دەکات لەماوەی ئەمساڵدا هەزار و 400 ڕێکخراوی ناحکومی تۆمارکردووە کە بەشی زۆریان ڕێکخراوی ناوخۆیین.
شوان مەحمود جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: دوای دەستبەکاربونی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان لە مانگی شوباتدا، هەزار و 400 ڕێکخراوی ناحکومی لە و فەرمانگەیە تۆمارکراون، لە و ژمارەیەش 840 ڕێکخراوی ناوخۆییە و ئەوانی تریش عیراقی و بیانین.
شوان مەحمود وتی: "بودجەی ئەمساڵی ڕێکخراوەکان 15 ملیار دینارە، کە لە ڕێگای پێشکەشکردنی پرۆژەکانیان ئە و بودجەیە بە ڕێکخراوەکان دەدرێت."
ئاشکارشیکرد کە لە کۆی ئە و هەزار و 400 ڕێکخراوەی لەماوەی ئەمساڵدا تۆمارکراون، 423 ڕێکخراو بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانیان بەدوو قۆناغ کۆمەکی دارایی کراون.
جێگری لێپرسراوی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئاماژەی بەوەشکرد کە جگە لە هەوڵدان بۆ زیادکردنی بودجەی ڕێکخراوەکان بۆ ساڵی داهاتوو، کاردەکەن بۆ پێداچوونەوە بە ڕێنمایی پێدانی مینحەی ڕێکخراوەکان، چونکە "لەماوەی رابردوودت هەستمان بە هەندێک کەموکوری کرد، بۆیە بە هاوکاری حکومەت و پەرلەمان و خودی ڕێکخراوەکان پێداچوونەوە بە و ڕێنماییانەدا دەکەین."
پێش پەسەندکردنی یاسای ڕێکخراوەکان، پری دوومليۆن دینار و 500 هەزار دینار وەک مینحە بە و ڕێکخراوانە دەدرا، هەروەک دەبوو ئە و ڕێکخراوانە لەڕێگای وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتیان پێدەدرا، بەڵام بە گوێرەی یاسای ئێستای ڕێکخراوەکان تەنها لەڕێگا فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمار دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 27-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 883
**لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن لە تورکیا 3 کەس کوژراون و 365 کەس دەستگیرکراون**
http://www.kurdipedia.org/?q=2014032814170466158
خەندان - شاسوار مامە
لە 1ی ئادار هەتا 27ی ئادار کە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی 30ی ئاداری 2014ی شارەوانییەکانی تورکیا بەڕێوەدەچێت، 3 کەس گیانیان لەدەستداوە و 365 کەسیش دەستگیرکراون و 24 هێرش لە دژی پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە" ئەنجام دراوە.
کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیا (ئیهاد) ڕاپۆرتی چاودێریکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی تورکیای بڵاوکردەوە و بەپێی ڕاپۆرتەکە لە دژی پارتەکان و ئەندامانی پارتەکان پێشێلکاری کراوە.
ئەمڕۆ هەینی لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا، لە کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ئۆزتورک تورکدۆغان، سەرۆکی گشتی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ (ئیهاد) ڕاپۆرتەکەی خوێندەوە، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە؛ لە دژی کاندید و ئەندام و ناوەندەکانی پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە" لە ناوچەی جیاواز 24 هێرش و پەلاماردان تۆمار کراوە.
ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە، لە هەموو ئەو شوێنانەی هەدەپە بانگەشەی هەڵبژاردنی تێدا دەکات، لەلایەن نەژادپەرستانەوە بە "پیلان" هێرش ئەنجامدراوە.
لە ڕاپۆرتەکەی (ئیهاد)دا هاتووە، "کۆبوونەوە و چالاکییەکانی پارتی داد و گەشەپێدان پارێزراو بووە و ڕێوشوێنی توندوتۆڵی ئەمنییان بۆ گیراوەتەبەر و 365 کەس دەستگیرکراون لەکاتی بانگەشەکردنی ئاکەپە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە لە بەرامبەر هێرشەکان تەنها ئاکەپە پارێزراوە و ئەو مامەڵەیە لەگەڵ هەدەپە نەکراوە."
لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەشدراوە کە "لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن دا کە لە دژی بەدەپە، هەدەپە، ئاکەپە، جەهەپە، مەهەپە، سەپە، بەبەپە و هودا پار هێرش ئەنجام دراوە، 3 کەس گیانیان لەدەستداوە."
)ئیهاد) ڕەخنەی توند ئاڕاستەی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران دەکات کە لەکاتی ئەو هێرش و پەلاماردانانە هەڵوێستیان نەبووە، ڕاشیدەگەیەنێت؛ لە ڕۆژی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان کە 30ی ئادار بەڕێوەدەچێت، لە 38 ناوەند چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: TRتورکیا
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 884
**لەماوەی چوار ڕۆژدا 194 هەزار دۆنم پوش و پاوان سوتاوە**
http://www.kurdipedia.org/?q=2015060713010785498
بەهۆی وەرزی گەرما و وشکبونی پوش پاوان و نزیکەی 194 هەزار دۆنم زەوی و پوش و پاوان و رەز و باخ سووتاوە، کە 50 دۆنمیان گەنمی جوتیارێک بووە .
لە لێدوانێکی نووسراودا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا عەقید هێمن کەمەرخان،

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پارێزگای سلێمانی ڕایگەیاند: "بەهۆی وەرزی گەرماو وشکبونی پوش پاوان و زۆر جار کەمتەرخەمی هەندێک لە هاوڵاتیان یاخود جوتیاران ڕۆژانە ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە ڕوو دەدات."
دەشڵێت: "خۆشبەختانە بەهۆی ئامادەباشی هێزەکانی پۆلیسی دارستان توانراوە لەهەر جێگایەک ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە هەبێت، بەزووترین کات بگەنە شوێنی ڕووداوەکە و لە کەمترین ماوەدا ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت."
عەقید هێمن ئاماژەی بەوەشکرد: ئە و ئاگرانەی لەماوەی ئەم چەند ڕۆژیی ڕابردوودا کەوتوەتەوە:
-1زیاتر لە (193.808) سەدوو نەوەدو سێ هەزارو هەشت سەدوو هەشت دۆنم (پوش و پاوان) و داری سروشتی بووە جگە لە 50 دۆنم گەنمی جوتیارێک سووتاوە.
-2سلێمانی سنووری گیارە، عازەبان، پوشێن، دووکانیان
-3هەڵەبجە سنوری، شاخی دارە ڕەش، قاینەجێ، ماوەت، گوندی باناڵێ
-4دووکان گوندی بیران، شێخ زەینەل، ناحیەی سوورداش، دووئاوان، سورقاوشان
وتیشی: "هۆکاری ئاگر کەوتنەوەکان بۆ بۆ هەورە برسکە و کەمترخەمی هاوڵاتیان و فڕێدانی جگەرەیی نەکوژاوە دەگەڕێتەوە."
عەقید هێمن داواشی لە هاوڵاتییان کرد، با بەهەموومان ژینگەی سروشتی کوردستان بپارێزین بەتایبەتی لەم وەرزەدا کە هاوڵاتیان ڕوو دەکەنە دەشت و چیاکان، زۆر دڵنیابن لە پاشماوەی ئە و ئاگرانەی دوای خۆیان بەجێیان دەهێڵن بۆ ئەوەی کارەساتی گەورە ڕوونەدات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 885

## لەماوەی دوو ڕۆژدا (7) هەزار پەنابەری شەنگال ڕوو لەڕۆژئاوای کوردستان دەکەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140808144934075

لە ماوەی دوو ڕۆژدا زیاتر لە (7) هەزار پەنابەری شەنگال چوونەتە ڕۆژئاوای کوردستان و لەم ڕێژەیەش (5) هەزار لە کەمپی نەورۆز لە گوندی باجریقی سەر بە شاری دێرک جێگیر کراون.
لەگەڵ زیادبوونی هاتنی پەنابەران لە دەروازەی سنووری تلکۆچەرەوە، لە ماوەی دوو ڕۆژدا زیاتر لە (7) هەزار پەنابەری شەنگال ڕوویان لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد و لەم ڕێژەیەش (5) هەزاریان لە کەمپی پەنابەرانی نەورۆز لە گوندی باجریقی شاری دێرک جێگیر کراون. هاوڵاتیانی دێرکیش بە گوێرەی دەرفەتەکانیان هاوکاری پەنابەران دەکەن.
حسێن ڕەمەزان بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند کە (5) هەزار پەنابەر لە کەمپی نەورۆز جێگیر کراون و هاوڵاتیانیش بە گوێرەی دەرفەتەکانیان هاوکاریان دەکەن. هاوکات بەرپرسانی کەمپەکە (300) خێوەتیان بۆ ئە و پەنابەرانە وەرگرتوە و بانگەوازیان لە دامودەزگا و ڕێخکراوە نێونەتەوەییەکان کرد کە هاوکاری پەنابەرانی شەنگال بکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی فرات نیوز - 2014-08-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: شنگال

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 886

## لەماوەی دوو هەفتەدا 40 کەس لەسێدارە دراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011818061786620

ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، ئاشکرای کردوە کە لەماوەی دوو هەفتەدا، ئێران 40 کەسی لەسێدارەداوە و زۆرینەی لەسێدارەدانەکانیش، بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە بوون.
بەگوێرەی راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەولەتی کە ڕێکخراوێکی جیهانییە، تەنها لەهەفتەی رابردوودا، حکومەتی ئێران 33 کەسی لە سێدارەداوە و لە سەرەتای ساڵی 2014یشەوە کە ماوەکەی 17ڕۆژ دەکات تا بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکە، 40 کەسی لەسێدارەداوە کە زۆرینەی لە سێدارەدانەکان، بەهۆی ماددەی هۆشبەرەوە بوون.
لەوبارەیەوە، حەسیبە حاجی سەحرایی، یاریدەدەری بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا لە ڕێکخراوەکە، رایگەیاندوە: ژمارەی لە سێدارەدراوان لەئێران لەم مانگەدا، جێگەی نیگەرانییە و هەوڵەکانیش بۆ گۆڕینی روخساری ئێران لەئاستی نێودەوڵەتی، بەم چەشنە کارانە، هیچ مانایەکی نامێنێت و داواشی لە ئێران کرد، کۆتایی بە لەسێدارەدان بهێنێت لە وڵاتەکەیدا.
لەساڵی 2013دا، 602کەس لە ئێران بە هۆکاری جۆراو جۆر، لەسێدارە دراون کە لەناویاندا چەندین چالاکوانی کورد هەبوون .
ئێران و چین، دوو وڵاتن کە بەرزترین ئاستی لە سێدارەدانیان هەیە لە جیهاندا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - 18-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 887

## لەماوەی ساڵێکدا لەسلێمانی 155 بەکارهێنەر و بازرگانی مادە هۆشبەرەکان دەستگیرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120413363187445

بەوتەی بەڕێوەبەری هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان، تەنها لەماوەی ئەمساڵدا لەسلێمانی 155 بەکارهێنەرو بازرگانی مادە هۆشبەرەکان دەستگیرکراون.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئەمڕۆ چوارشەممە لەسلێمانی بەڕێوەچو، بەڕێوەبەری هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لەئاسایشی سلێمانی، عەمید جەلال ئەمین بەگ، ئاماری کاروچالاکییەکانی ساڵی 2013ی هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکانی خستەڕو.
عەمید جەلال وتی، لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا ئەمڕۆ 155 کەس بەتۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەماوە هۆشبەرەکانەوە دەستگیرکراون. ناوبراو وتیشی، عەرەب، فارس، تورک و کورد لەناو ئە و کەسانەدا هەن کە بەتۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەمادە هۆشبەرەوە دەستگیر کراون.
عەمید جەلال ئەمین بەگ ئەوەشی خستەڕو کە لە و ژمارەیە توانراوە بەفەرمانی دادوەر 40 کەس لەوانە سزای خۆیان وەربگرن، 40ی دیکەشیان تۆمەتەکەیان لەسەر ساغ نەبۆتەوە، بۆیە بەفەرمانی دادوەر ئازاد کراون، ئەوانەی دیکەشیان لەژێر لێکۆڵینەوەدان.
بەڕێوەبەری هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان ئەوەشی وت کە دوێنێ سێشەممە، لەبازگەی

عەربەت سلێمانی دەستبەسەر نیو کیلۆ تریاکدا گیراوە کە لەلۆرییەکداو لەناو دەبەی ترشیاتدا گوازرابووەوە، بەڵام خاوەنی لۆریەکە ئاگاداری ئەوە نەبوە کە ئە و مادەیەی تێدایە.
عەمید جەلال وتی، ئە و دەبە ترشیاتەی مادەکەی تێدابوە بەکەسێکدا بۆ پەکێکی دیکە نێردرابو کە دواتر توانیمان بەپلانێک ئە و کەسە بدۆزینەوە و دەستگیری بکەین کە هاوڵاتی هەرێمی کوردستان نیە و بیانییە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-12-04

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 888

## لەماوەی سێ مانگی رابردوودا 33 هەزار هاوڵاتی کورد عومرەیان کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140416133635758444

بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، لەماوەی سێ مانگی رابردوودا 33 هەزار هاوڵاتی لە هەرێمی کوردستانەوە سەردانی ولاتی سعودیەیان کردوە بۆ بەجێگەیاندنی سونەتی عومرە.
مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەکاونتی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک بڵاویکردەوەتەوە: لەم سێ مانگەی رابردوودا کە حکومەتی عیراق هەموو بوجە و مووچەی خەڵک و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی پریوە، نزیکەی 33 هەزار کەس لە هەرێمی کوردستانەوە سونەتی عومرەیان بە جێگەیاندوە و بۆ ئە و مەبەستە نزیکەی 45 ملیۆن دۆلاریان خەرج کردوە و لە و پارەیەش 150 هەزار دۆلار وەک باج و رسومات دراوە بەحکومەتی عیراق.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-16

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 889

## لەماوەی شەش مانگدا زیاتر لە 11 هەزار دۆنم پووش و پاوان سووتاوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140703114952658858



لەماوەی شەش مانگی رابردوودا لە سنووری پارێزگای سلێمانی 11 هەزار و 850 دۆنم پۆش و پاوان و رەزو باخی هاوڵاتیان سووتاوە و بە و هۆیەشەوە حەوت هاوڵاتی دەستگیرکراون.
لە لێدوانێکی نووسراودا کە وێنەیەکی بۆ خەندان ناردوە، تیایدا مقەدەم هێمن کەمەرخان، بەڕێوەبەری هۆبەی راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی سلێمانی رایگەیاند: لەماوەی شەش مانگی رابردوودا نزیکەی 11 هەزار و 850 دۆنم پوش و پاوان و داری سروشتی سوتاون بە و هۆکارەوە حەوت هاوڵاتی دەستگیرکراون .
ئاماژەی بەوەشکرد: هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکان بەگشتی زیاتر(سروشتی بووە یاخود + فڕێدانی جگەرەی نەکوژاوە یان + جوتیاران لەکاتی پاکردنەوەی کێڵگەکان بوەتە هۆی تەشەنکردنی ئاگرەکان، لەگەڵ پابەندنەبوونی گەشتیاران و شۆرتی کارەبا هەروەها چا لێنان و+ بوونی ئاژەڵ لەناو کێڵگەی مین هۆکاربووە) زۆر کاتیش هۆکارەکە نادیاربووە.
مقەدەم هێمن جەخت دەکاتەوە لەوەی پێویستە لەسەر سەرجەم هاوڵاتیان و گەشتیاران و جوتیاران کاتێک دەچنە گەشت و سەیرانەکان، یاخود لەناو کیلگە و رەز باخەکانیان ئاگر دەکەنەوە لەدوای خۆیان دڵنیابن لە تەواو کوژاندنەوەی ئاگر و پشکۆکان، تا رووداوی ئاگرکەوتنەوەکان روو لەزیاد بوون نەکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 03-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 890

## لەماوەی یەک مانگدا 233 شوێن غەرامە کراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20141106123943778884

لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی بۆ بەرچاو روونی زیاتری هاوڵاتیان ئاماری کار و چالاکییەکان و هەروەها پری پارەی غەرامەکراوی مانگی 10 بۆ رای گشتی بڵاودەکاتەوە.
بەپێی ئامارەکە کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، لە 1-10 تا31 -10-2014، لیژنەکانی قایمقامیەت چوار هەزار و 220 شوێنیان بەسەرکردوەتەوە و بەووردی بەدواداچوونیان کردووە بۆ جێبەجێ کردنی مەرج و رێنماییەکان و لە کۆی ئە و شوێنانەی کە بەسەرکراونەتەوە 233 شوێن بەهۆی وەک پێویست پابەند نەبوونیان بە مەرج و رێنماییەکانەوە پسوڵەی سەرپێچیان بۆ کراوە و 19 شوێنیش بەهۆی جۆری سەرپێچییەکانیانەوە بڕیاری داخستنیان دراوە.
بەپێی ئامارەکەی لیژنەهاوبەشەکانی قایمقامیەتی سلێمانی، لە و مانگەدا (20 تەن و 100کیلۆگرام) خواردن و مەوادی بەسەرچوو زیان بەخش پاش دەست بەسەراگرتنی لەناو براوە، هەروەها پری ئە و غەرامانەی کە لە ئەنجامی سەرپێچی شوێنەکان کراوە پری نۆ ملیۆن و870 هەزار دینارە و بەپێی یاساو رێنماییەکانیش ئە و پارەیە دەچێتە سەر داهاتی گشتی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 06-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 891

**لەماوەی 12 مانگدا هەرێم 3 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار نەوتی فرۆشتوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050510353185230

ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق رایدەگەیەنێت، پێمان سەیرە هەرێم دەڵێت ناتوانین موچەی فەرمانبەران دابینبکەین، چونکە بەوتەی ئە و لەئاياری 2014 تا ئاياری ئەمساڵ بەبێ ئاگاداری ناوەند هەرێم بایی سێ ملیار و 500 ملیۆن دۆلار نەوتی بۆ خۆی فرۆشتوە.
ئاوێنەنیوز: سەرۆکی کوتلەی ئیرادە لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، حەنان فەتلاوی ئەمڕۆ دوشەممە، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، وەزیری نەوتی عێراق پێیراگەیاندوە کە هەرێمی کوردستان بەبێ رەزامەندی و رێککەوتنی بەغدا، لە22ی ئاياری 2014وە "لەرێگەی بەندەری جەیهانی تورکییەوە نەوت هەناردە دەکات، لەکاتێکدا ئەمە پێشێلکردنی دەستورە."
باسی لەوەشکرد کە پرسیاری ئاڕاستەی عادل عەبدولمەهدی وەزیری نەوت کردوە و لەوەڵامدا وتویەتی بەڵێ هەرێمی کوردستان بەبێ پرسی ئێمە نەوتی هەناردە کردوە، "بەتایبەت بەرە و ئیسرائیل."
ئە و پەرلەمانتارە سەرسورمانی خۆشی دەربڕی لەوەی هەرێم دەڵێت ناتوانین موچەی فەرمانبەرانمان دابینبکەین و وتی "هەناردەکردنی نەوتی هەرێم هەندێک مانگ گەیشتوەتە حەوت ملیۆن بەرمیل و کۆی گشتی کەمتر لەساڵێکیش گەیشتوەتە زیاتر لە46 ملیۆن بەرمیل، کە دەکاتە زیاتر لەسێ ملیارو نیو دۆلار، بۆیە پێمان سەیرە دەبیستین دەڵێن پارەمان نییە بیدەین بەموچەی فەرمانبەران."
فەتلاوی راشیگەیاند، لەئاياری 2014 تا کانونی یەکەمی 2014 هەناردەی نەوتی هەرێم گەیشتوەتە 33539758 بەرمیل لەرێی بەندەری جیهانی تورکیا. ئاماژەشیدا، هەناردەی نەوت بەبێ ئاگاداری حکومەتی ناوەند لەکانونی دوەمی 2015 تا مانگی ئازاری رابردو گەیشتوەتە 13223846 بەرمیل و کۆی گشتی بۆ هەردو ساڵەکە گەیشتوەتە 46763604 بەرمیل.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-05-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 892

**لەماوەی پێنج رۆژدا زیاتر لە 14 ملیۆن دینار بۆ رۆژئاوای کوردستان کۆدەکرێتەوە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041411534975832



گروپی هاوکاری کوردانی رۆژئاوا کۆتایی هێنان بەهەڵمەتی کۆکردنەوەی هاوکاری رادەگەیەنێت و ئاماژەشدەدات، لەماوەی پێنج رۆژدا زیاتر لە 14 ملیۆن دیناریان کۆکردوەتەوە و پارەکەش ئاراستەی مانگی سوری کوردستان لەرۆژئاوا دەکرێت.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: گروپی هاوکاری کوردانی رۆژئاوا لەراگەیەندراوێکدا کە ئەمرۆ دوشەممە، وێنەیەکی بەئاوێنەنیوز گەیشتوە، راوەستانی کۆکردنەوەی هاوکاری راگەیاند پاش ئەوەی گروپەکە لەرۆژانی 3 تا 7/4 بۆ پشتیوانی لەکانتۆنی لەچەندین ناوچەی جیاوازی سلێمانی سندوقی هاوکاری و کۆمەکی دانا.
گروپەکە راشیدەگەیەنێت، لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان بەبارودۆخی قەیرانی ئابوری تێدەپەرێت و چەند مانگێکە بەشێوەیەکی رێکوپێک موچە نادرێت، بەڵام خەڵک بەپیری بانگەوازەکەوە هاتون و بەپێی توانای خۆیان هاوکاریان پێشکەشکردوە.
لەراگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشدراوە کە توانراوە 13 ملیۆن و سەد و چل و سێ هەزار دینارو 1130 دۆلاری ئەمریکی و 20 پاوەن کۆبکرێتەوە.
گروپەکە رونیشیدەکاتەوە، ئە و پارەیە بەزوترین کات دەگەیەندرێتە دەست رێکخراوی مانگی سوری کوردستان لەرۆژئاوای کوردستان و لەوێشەوە بەنوێنەرایەتی گروپەکەیان شیرو پێداویستی مرۆیی رەوانەی کانتۆنی کوبانی دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەری ئاوێنە - 2014-04-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 893

## لەماوەی چوار مانگدا زیاتر لە شەش هەزار منداڵ لە سلێمانی لەدایکبوون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140526162143764 99

خەندان هۆگر کەمال
بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی لەماوەی چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زیاتر لە شەش هەزار منداڵ لە شاری سلێمانی لەدایکبوون، لە و رێژەیەشدا 96 ژن منداڵی دووانە و 11 ژنیش سیانەیان بووە.
رێژەی منداڵی کچ زیاترە
بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی، کە وێنەیەکی لێدراوە بە "خەندان"، دەرکەوتووە لەماوەی چوار مانگی رابردووی ئەمساڵدا شەش هەزار و 88 منداڵ لەشاری سلێمانی لەدایکبوون، کە تێیدا دەرکەوتووە سێ هەزار و 36 منداڵیان لەرەگەزی نێر بوون و سێ هەزار و 51 منداڵی تریشیان لەرەگەزی مێ بوون، بەجۆرێک کە لەمانگی یەکی ئەمساڵدا 820 منداڵی کور و 826 منداڵی کچ لەدایکبوون، هەروەها لەمانگی شوباتیش 766 منداڵی کور و 720 منداڵی کچ لەدایکبوون، ئەمە جگە لەوەی لەمانگی ئازاریش 777 منداڵی کور و 789 منداڵی کچ لەدایکبوون، لەمانگی نیسانیش 673 منداڵی کور و 716 منداڵی کچ لەدایکبوون، بەپێی ئە و ئامارەش بێ لە و چوار مانگەدا تەنها لەمانگی شوبات منداڵی کور زۆر تر لەدایکبوون، بەڵام لەسێ مانگەکەی تردا منداڵی کچ زیاتر لەمنداڵی کور لەدایکبوون، سەرجەم ئەم منداڵانەش لەناو نەخۆشخانەی

منداڵبوونی سلێمانی لەدایکبوون.
تەنها یەک منداڵی کەمئەندام لەدایکبووە
ئامارەکەی نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی، ئەوەشی دەرخستووە، کە لەماوەی ئە و چوار مانگەدا تەنها لەمانگی نیسان یەک منداڵی کەمئەندام لەدایکبووە.
لەدایکبوون بەسروشتی زۆرترە
هەر بەپێی ئامارەکەی ئە و نەخۆشخانەیە، ئاماژە بەوەکراوە، کە لەناو رێژەی لەدایکبوواندا لەچوار مانگی رابردوودا دوو هەزار و 62 منداڵ لەناو نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی بەنەشتەرگەری لەدایکبوون، کە تێیدا 614 منداڵیان، منداڵی یەکەمی دایکیانن و هەزار و 448 منداڵیشیان منداڵی دوای نۆبەرەی دایکیانن، ئەمەش بەجۆرێک بووە کە لەمانگی یەکی ئەمساڵدا 163 منداڵی نۆبەرە و 377 منداڵی دوای نۆبەرە بەنەشتەرگەری لەدایکبوون، هەروەها لەمانگی شوباتیشدا 153 منداڵی نۆبەرە و 364 منداڵی دوای نۆبەرە بەنەشتەرگەری لەدایکبوون، جگەلەوەش لەمانگی ئازاریشدا 146 منداڵی نۆبەرە و 368 منداڵی دوای نۆبەرە بەنەشتەرگەری لەدایکبوون و لەمانگی نیسانیشدا 152 منداڵی نۆبەرە و 339 منداڵی دوای نۆبەرە بەنەشتەرگەری لەدایکبوون.
لەئامارەکەی نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانیدا ئەوەش رونکراوەتەوە، کە لەناو رێژەی لەدایکبوواندا، سێ هەزار و 951 منداڵیش لەناو نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی بەسرووشتی لەدایکبوون، کە هەزار و 326 منداڵیان نۆبەرە بوون و دوو هەزار و 625 منداڵەکەی دیکەشیان دوای نۆبەرە بوون، بەجۆرێک لەمانگی یەکەمی ئەمساڵدا 364 منداڵی نۆبەرە و 734 منداڵی دوای نۆبەرە بەسرووشتی لەدایکبوون، هەروەها لەمانگی شوباتیشدا 292 منداڵی نۆبەرە و 664 منداڵی دوای نۆبەرە بەسرووشتی لەدایکبوون، ئەمە جگەلەوەی لەمانگی ئازاریشدا 350 منداڵی نۆبەرە و 691 منداڵی دوای نۆبەرە بەسروشتی لەدایکبوون، جگەلەوەش لەمانگی نیسانیشدا 320 منداڵی نۆبەرە و 576 منداڵی دوای نۆبەرە بەسروشتی لەدایکبوون.
زۆرترین دووانە لەدایکبوون
هەر بەپێی ئامارەکە، لەچوار مانگی یەکەمی ساڵی (2014) دا لەناو نەخۆشخانەی منداڵبوونی شاری سلێمانی 96 دایک منداڵی دووانەیان بووە، بەجۆرێک لەمانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا 23 دایک و لەمانگی شوباتیش 25 دایک و لەمانگی ئازاریش 22 دایک و لەمانگی نیسانیشدا 26 دایک منداڵی دووانەیان بووە.
ئامارەکە ئەوەشی دەرخستووە کە لە و چوار مانگەدا 11 دایک سێ منداڵییان بووە لەناو نەخۆشخانەی منداڵبوونی شاری سلێمانی دا، بەجۆرێک لەمانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا پێنج دایک سێ منداڵیان بووە، هەروەها لەمانگی شوباتیش سێ دایک و لەمانگی ئازاریش دوو دایک و لەمانگی نیسانیش تەنها یەک دایک سێ منداڵیان بووە.
تەنها یەک دایک چوار منداڵی بەیەک سک بووە
بەپێی ئامارەکەی نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی لەناو رێژەی منداڵە لەدایکبووەکاندا تەنها لەمانگی ئازاری ئەمساڵدا یەک دایک چوار منداڵی بەیەک سک بووە لەماوەی ئەم چوار مانگەی ئەمساڵدا.
ژمارەیەک منداڵیش بەمردوویی لەدایک بوون
ئامارەکە ئەوەشی رونکردۆتەوە کە لە و چوار مانگەدا 86 ژن منداڵەکانیان بەمردوویی لەدایک بووە، ئەمە جگەلەوەی لە و چوار مانگەدا دوو هەزار و 601 منداڵی لەدایکبوو داخڵی بەشی خودەجی ناو نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی کراون لە و رێژەیش 89 منداڵ لەناو بەشی خودەجدا مردوون.
نزیکەی هەزار دایک منداڵیان لەبارچووە
ئامارەکە ئەوەشی ئاشکرا کردووە، کە لە و چوار مانگەدا 951 دایک منداڵیان لەبارچووە، بەجۆرێک لەمانگی یەکەمی ئەمساڵدا 267 دایک و لەمانگی شوباتیش 213 دایک و لەمانگی ئازاریش 266 دایک و لەمانگی نیسانیش 205 دایک منداڵەکانیان لەناو نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی لەبارچووە.
زۆرترین نەشتەرگەری ئەنجامدراو سەروگەورەیە
لەئامارەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە، کە لەماوەی چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا هەزار و 470 نەشتەرگەری سەروگەورە لەناو نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی بۆ ژنان ئەنجامدراوە، بەجۆرێک لەمانگی یەک 378 نەشتەرگەری و لەمانگی شوبات 367 نەشتەرگەری و لەمانگی ئازاریش 374 نەشتەرگەری و لەمانگی نیسانیش 351 نەشتەرگەری سەروگەورە بۆ ژنان ئەنجامدراوە، هەروەها هەر لە و چوار مانگەدا لەناو ئە و نەخۆشانەیەی شاری سلێمانیدا 925

نەشتەرگەری گەورە بۆ ژنان کراوە، بەجۆرێک لەمانگی کانوونی دووەم 265 نەشتەرگەری و لەمانگی شوباتیش 239 نەشتەرگەری و لەمانگی ئازاریش 196 نەشتەرگەری و لەمانگی نیسانیش 225 نەشتەرگەری گەورە بۆ ژنان کراوە.
ئەمە جگەلەوەی لە و چوار مانگەی ئەمساڵدا لەناو نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی 156 نەشتەرگەری مام ناوەند بۆ ژنان ئەنجامدراوە، بەشێوەیەک کە لەمانگی یەکەمی ئەمساڵدا 41 نەشتەرگەری و لەمانگی شوبات 39 نەشتەرگەری و لەمانگی ئازاریش 35 نەشتەرگەری و لەمانگی نیسانیش 41 نەشتەرگەری مامناوەند بۆ ژنان کراوە، جگەلەوەش لە و چوار مانگەدا 814 نەشتەرگەری بچووک بۆ ژنان ئەنجامدراوە، بەجۆرێک لەمانگی یەکدا 198 نەشتەرگەری و لەمانگی دووی ئەمساڵدا 179 نەشتەرگەری و لەمانگی سێ دا 216 نەشتەرگەری و لەمانگی چواریشدا 221 نەشتەرگەری بچووک لەناو ئە و نەخۆشخانەیدا بۆ ژنان ئەنجامدراوە.
نەخۆشێکی زۆر روویان لەنەخۆشخانەکە کردووە
بەپێی ئامارەکەی نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی، لەماوەی چوار مانگی رابردووی ئەمساڵدا 11 هەزار و 958 نەخۆشی ژن سەردانی ئە و نەخۆشخانەیەی شاری سلێمانیان کردووە، ئەمە جگەلەوەی لە و چوار مانگەدا چوار هەزار و 737 نەخۆشی ژن سەردانی بەشی ئیستشاری نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانیان کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 894

## لەمساڵدا 150 سەرپێچیکار سزادراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140602132432276566

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی گەرمیان، لەمساڵدا پشکنین بۆ زیاتر لە سێ هەزار و 500 شوێنکار کراوە و لە و چوارچێوەیەشدا 150 سەرپێچیکار سزادراون و زیاتر لە 150 فرۆشیاریش خۆراکی خراپ و ماوەبەسەرچوویان ڕادەستی لیژنەکانیان کردووە.
حیکمەت ئەحمەد، بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانی گەرمیان لە راگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی دراوەتە خەندان، ڕاگەیاند: لیژنەکانی بەڕێوەبەرایەتیمان لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی مایس پشکنینیان بۆ زیاتر لە سێ هەزار و 500 شوێنکارکردووە و بەهۆی گرانیی نرخ و هەڵنەواسینی نرخەوە، 64 سەرپێچیکار و بەهۆی سەرپێچی جۆراوجۆریشەوە 37 فرۆشیار سزادراون .
بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان، وتیشی: هەر لە و ماوەیەدا بەهۆی بوونی خۆراکی خراپ و ماوە بەسەرچووەوە 31 شوێنکاری تر سزا دراون و 153 فرۆشیاریش خۆیان خۆراکی خراپ و ماوەبەسەرچوویان ڕادەستی لیژنەکانمان کردووە.
ئاماژەی بەوەشدا، کە بەهاوبەشی لەگەڵ قایمقامیەتی قەزای کەلار و هۆبەی ئابووریی ئاسایشی گەرمیان بەهۆی سەرپێچی لەڕێنماییەکانمان، 18 شوێنکار داخراون کە بریتین لە سۆپەرمارکێت و نانەواخانە و سەمونخانە.
کۆی ئە و خۆراکە خراپ و ماوەبەسەرچوانەش کە دەستیان بەسەرداگیراوە و ڕادەستی لیژنەکانیان کراوە بریتی یە لە زیاتر لە 21 تۆن و پری 5 ملیۆن و 850 هەزاریش غەرامەی سەرپێچیکاران کراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 895

## لەمساڵدا 184 ڕووداوی هاتوچۆ لە سنوری ڕاپەڕین تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014060415255776589

خەندان کامەران عەبدە ساڵح
بەپێی ئاماری لایەنەپەیوەندارەکان، لەمساڵدا 250 هاوڵاتیی دانیشتووی سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، بوونەتە قوربانیی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، کە ژمارەیەکیان گیانیان لەدەستداوە.
نەقیب سامان ئیبراهیم، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ڕاپەڕین، بە خەندانی ڕاگەیاند: لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا کۆتایی مانگی ئایاری ڕابردوو، 184 ڕووداوی هاتوچۆ لە ناوچە جیاجیاکانی ئیدارەی ڕاپەڕین تۆمارکراون، کە 111 ڕووداویان لە ڕێگاکانی دەرەوەی شارو، 73 ڕووداویش لەناو شاردا بووە، زۆربەی ڕووداوەکانیش بەهۆی تیژڕەوی و پابەندنەبوونی شۆفێرانەوە بووە بە یاساکانی هاتوچۆ.
وتیشی: "بەهۆی ئە و ڕووداوانەوە، 234 کەس بەشێوەی جیاواز بریندارو کەمئەندام بوون، 16 کەسیش گیانیان لەدەستداوە."
ئەم ئامارە لەکاتێکدایە، کە لەماوەی ساڵی ڕابردوودا، 459 ڕووداوی هاتوچۆ لە و سنوورە تۆمارکراوە، بەهۆی ئە و ڕوداوانەوە، 443 کەس بریندارو، 35 کەسیش گیانیان لەدەستداوە.
نەقیب سامان، ئاماژەی بەوەدا، لەئێستادا ژمارەی ئە و کەسانەی بەبێ بوونی مۆڵەتی شۆفێری لە ناوچەکەدا ئۆتۆمبێل لێدەخورن، تاڕادەیەکی بەرچاو کەمیکردووە، لەساڵی ڕابردووشدا 2789 کەس داوای وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێرییان کردووە، کە داواکاریی 1709 کەسیان بۆ مۆڵەتی گشتی و، 838 داواکاری بۆ مۆڵەتی تایبەت و، 221 مۆڵەتی گێرئۆتۆماتیک و، داواکاریی 21 کەسیش بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی لێخوڕینی ماتۆرسکیل بووە.
سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین، لە دوو قەزا و نۆ ناحیە پێکدێت و، بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی ڕاپەڕین، جگە لە ئۆتۆمبێلە تۆمارکراوەکان، زیاتر لە بیست هەزار ئۆتۆمبێلی بێپێشینەش لە و ناوچەیەدا هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: ڕانیە
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 896

## لەمساڵدا 62 کۆمپانیا و خاوەن پرۆژە دراونەتە دادگا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082711570089081

وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایدەگەیەنێت، ڕەشنوسی یاسای کار مافەکانی کرێکارانی لەخۆگرتوە. ئاماژەشدەدات، بەهۆی پابەندنەبون بەپاراستنی سەلامەتی، لەمساڵدا 62 کۆمپانیا و خاوەن پرۆژە دراونەتە دادگا،
هێمن مامەند، هەولێر: ئاسۆس نەجیب، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی

کوردستان ئەمرۆ، سێشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، "رەشنوسی یاسای کار کە ماوەی چەند ساڵێکە کاری لەسەر دەکەن، یەکێکە لە و رەشنوسە یاساییانەی بەدەرچونی تەواوی مافەکان و چارەسەرکردنی کێشەی کرێکاران و زامنکردنی ماف و ئیمتیازاتەکانیان لەخۆدەگرێت ."
وتیشی "بەهۆی پابەندنەبونیان بەپاراستنی سەلامەتی کرێکار لەشوێنی کار، لەماوەی ئەمساڵدا 62 کۆمپانیاو خاوەن پرۆژە دراونەتە دادگاو زۆربەی کەیسەکانیش لەبەرژەوەندی کرێکاران یەکلابۆتەوە."
ئاسۆس نەجیب، ئەوەشی خستەڕو کە "تائێستا لەهەرێمی کوردستان زیاتر لە 50 هەزار کرێکار لەلایەن وەزارەتی کارەوە زەمان کراون و مافەکانیان پارێزراوە."
لێدوانەکەی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لەکاتێکدایە تادێت ژمارەی قوربانیانی کرێکار لەشوێنی کاردا بەهۆی نەبونی مەرجەکانی سەلامەتی رو لەزیادبون دەکات. لە و بارەیەشەوە چەندین جار سەندیکاکانی کرێکاران داوایان لەکۆمپانیا و خاوەن پرۆژەکان کردوە کە پێویستە سەرجەم مەرجەکانی سەلامەتی و تەندروستی و شوێنی حەوانەوە و نانخواردن لەسەر پرۆژەکانیان بۆ کرێکاران فەراهەم بکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 27-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 897

## لەمساڵدا چاندنی گوێ بۆ ئەم ژمارە نەخۆشە کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150811140336858 62

وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لەماوەی ئەمساڵدا 110 نەخۆش چاندنی گوێی ناوەوەی بۆ کراوە.
رێکەوت حەمە رەشید، وەزیری تەندروستی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: "پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ سێشەممە 8ی ئابی 2015، بەئامادەبونی راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی و بەڕێوەبەری سەنتەرەکانی چاندنی گوێی ناوەوە و نوێنەری ئە و کۆمپانیایەی کە گرێبەستی هێنانی ئامێری گوێی ناوەوەی لەگەڵ کراوە کۆبووینەوە."
وتیشی: "لەم کۆبونەوەیەدا باس لە چۆنیەتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری گوێی ناوەوە و گرنگی ئە و پرۆژەیە بۆخزمەتکردنی ئە و کەسانەی پێویستیان بەچارەسەری بیستن هەیە کرا."
ئاماژەی بەوەشکرد: "لەماوەی ئەمساڵدا 110 نەخۆش چاندنی گوێی ناوەوەی بۆکراوە و تاکۆتایی ئەمساڵیش 160 نەخۆشی دیکە چاندنی گوێی ناوەوەی بۆدەکرێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 898

## لەمساڵدا حەوت کەس لەسنوری ڕاپەڕین خۆیان کوشتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140724213305771 26

کامەران عەبدەساڵح
لەمساڵدا لەسنوری ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین، حەوت کەس خۆیان کوشتووە، چالاکەوانێکی کۆمەڵگەی مەدەنیش ڕەخنەی ئەوە لە ڕاگەیاندنەکان دەگرێت کە وەک پێویست لایەنە سلبی و دەرهاویشتە خراپەکانی خۆکوشتنییان بۆ هاوڵاتییان ڕوونەکردۆتەوە.
نەقیب مستەفا محەمەد وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە خەندانی ڕاگەیاند: لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئەمڕۆ (24ی تەمموزی 2014) لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین، 7 کەس خۆیان کوشتووە، کە یەکێک لە قوربانییەکان لە ڕەگەزی مێ-یە و بە خۆسوتاندن کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.
وتیشی: هەر لەماوەی ئەمساڵدا، 7 کەسی تریش هەوڵی خۆکوشتنیان داوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، ئاماژەی بەوەشدا، کە هۆکاری ڕوداوەکانی خۆکوشتن جیاوازن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی بوونی گرفت و فشاری دەروونییەوە ڕوویانداوە.
حسێن مستەفا، چالاکەوانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەربارەی حاڵەتەکانی خۆکوشتن، لە لێدوانێکدا بە خەندانی راگەیاند: "گرفت لەوەدایە کە ڕوداوەکانی خۆکوشتنی گەنجان لەهەرێمی کوردستاندا، تەنها وەک هەواڵێکی ئاسایی لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکان بڵاودەکرێنەوە، وەک پێویست ئاماژە بەوە نادرێت کە بۆچی ئەو ڕوداوانە سەرهەڵدەدەن، چ هۆکارێکیان لەپشتەو چارەسەر چییە، بۆئەوەی بتوانرێت میکانیزمی گونجاو بگیرێتەبەر."
حسێن، داواشیکرد، کارێک بکرێت بەهەوڵی لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەرچی زووترە ڕێگە لە تەشەنەکردنی خۆکوشتن بگیرێت، یان بەلانی کەمەوە کاربکرێت بۆ کەمکردنەوەی دەرهاویشتە پڕ لە زەرەرو زیانەکانی، بۆئەوەی نەبێتە مۆدێکی کۆمەڵایەتی و چارەنووسی کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر ببات .
بەپێی بەدواداچوونی خەندان، هەموو ئەوانەی لەمساڵدا لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین خۆیان کوشتووە یان هەوڵی خۆکوشتنی داوە، لە توێژی گەنجان بوون، بۆ کۆتایی هێنان بە ژیانی خۆیان پەنایان بۆ بەکارهێنانی دەمانچە، خۆخنکاندن لەڕێگەی پەت و خۆسوتاندن بردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: رانیە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 899

## لەمیانەی هەڵبژاردندا 15 پێشێلکاری بەرامبەر بەڕۆژنامەنوسان تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130922143954885557

لەکاتی بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردندا بۆ خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، 15 پێشێلکاری بەرامبەر بەڕۆژنامەنوسان لەکاتی ڕوماڵکردنی پرۆسەکەدا تۆمارکران، کە 14 سەرپێچیان لەشاری هەولێرو دەورووبەری بون.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: سکرتێری لیژنەی داکۆکی لەمافی ڕۆژنامەنوسان لەسەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، حەمید بەدرخان، ڕایگەیاند، دوێنی لەشاری هەولێرو ناوچەکانی دەوروبەریدا 14 پێشێلکاری بەرامبەر بەڕۆژنامەنوسان تۆمارکراون، بەڵام تا ئێستا بەنوسراوی فەرمی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان ئاگادارنەکراوەتەوە و تەنها لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە، لەئەنجامدانی پێشێلکاری بەرامبەر بەڕۆژنامەنوسان ئاگادارکراونەتەوە.
لەپرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، 114 ڕاگەیاندنکاری بیانی، هەزارو 452 ڕاگەیاندنکاری ناوخۆیی بەشداریان کرد لەڕوماڵکردنی پرۆسەکە و گواستنەوەی زانیاریەکان، لیژنەی

داکۆکی لەمافی ڕۆژنامەنوسان ئاشکرایکرد، کارئاسانیکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەگوێرەی پێویست نەبو.
حەمید بەدرخان ئەوەیشی خستەڕو کە وەکو سکرتاریەتی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان پشتگیری بۆ مافی بەدەستهێنانی زانیاری ڕۆژنامەنوسان دوپاتدەکەنەوە و وتی "لەڕوماڵکردنی هەڵبژاردنی گشتی و تایبەتدا لەهەرێمی کوردستان بێبەشبون، چونکە لەلایەن کۆمسیۆنەوە ژمارەیەکی کەم بنکە بۆ ڕوماڵکردنی ڕۆژنامەنوسان دەستنیشانکرابون، ئەوانیش تەنها بۆ گواستنەوەی پرۆسەکەبون و هیچی تر."
بەگوێرەی لێدوانی لیژنەی داکۆکی لەمافی ڕۆژنامەنوسان، هەرچەند تا ئێستا بەنوسراوی فەرمی لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە لەئەنجامدانی پێشێلکاری بەرامبەر بەپەیامنێرو ڕۆژنامەنوسەکانیان ئاگادارنەکراونەتەوە، بەڵام لەسنوری پارێزگای هەولێر ئەشکەنجەی ژمارەیەک ڕۆژنامەنوس دراوە و کامێراکانیشیان شکێندراون.
سکرتێرەکەی لیژنەی داکۆکی لەمافی ڕۆژنامەنوسان ڕونیکردەوە کە گەورەترین پێشێلکاری بەرامبەر بەڕۆژنامەنوسانی هەریەک لەکەناڵەکانی (گەلی کوردستان و کەرکوک) کراوە، کە ئازاردراون و کامێراکانیشیان شکێندراون، وەکو سەندیکای ڕۆژنامەنوسانیش بەردەوام پشتگیری لەداواکاریەکانی ڕۆژنامەنوسان دەکەن بۆ ئەوەی بەئازادانە و بەبێ بوونی هیچ سانسۆرێک زانیاریەکان وەربگرن.
هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دوێنی شەممە، بەبەشداری (73%)ی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچو، تێیدا ڕۆژنامەنوسان بەهاوکاری دەزگا ئەمنیەکان توانیان ڕوماڵی بکەن.
سیروان ئەحمەد ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دەڵێت، بنکەی تایبەت بۆ ڕوماڵکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە کراونەتەوە تا بتوانن بەشێوەیەکی ئازادانە و دور لەسانسۆر ڕوماڵی بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەن.
لەپارێزگای سلێمانی 501 بنکەی تایبەت بەپرۆسەی دەنگدان کرانەوە، لەکۆی ئەو بنکانەش شەش بنکەی تایبەت بەڕوماڵکردن لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە کرانەوە.
لەلای خۆیشیەوە، کاروان ئەنوەر سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان وتی، لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، تاوەکو دوای کاتژمێر پێنجی ئێوارەش، تەنها یەک پێشێلکاری لەپارێزگای سلێمانی و دەورووبەری تۆمارکراوە.
کاروان ئەنوەر سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان ئەوەیشیخستەڕو کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە، پێشتر باج کراوە بۆ سەرجەم ئەو ڕۆژنامەنوسانەی دەیانەوێت ڕوماڵی پرۆسەی دەنگدان بکەن، ژمارەیەک بنکەی تایبەتیش دانرا تا لەڕێگەی ئەو بنکانەوە ڕوماڵێکی باشی ئەو پرۆسەی بکرێت لەلایەن ڕۆژنامەنوسانەوە.
سەرچاوە: ماڵپەری ناوخۆ
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-09-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: توندوتیژی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 900
**لەناو شارەکانی هەرێمدا بەفر بارین دەستی پێکرد**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013120510312487432




خەندان رەڤەند گوهەرزی
بەهۆی ئەو شەپۆلی بەفرو بارانەی هەرێمی کوردستانی گرتووە، لە ماوەی 24 کاتژمێری رابردوودا لە سنوری قەزای ئامێدی چوار سانتیمەتر بەفر باریوە و رێژەیەکی دیاریکراوی بارانیش باریوە.
هاشم یەحیا، بەڕێوبەری کەشناسی و بومەلەرزە لە قەزای ئامێدی بە (خەندان) ی راگەیاند: لە ناحیەی کانی ماسێ سەر بەرقەزای ئامێدی چوار سانتیمەتری بەفر باریووە، پلەی گەرما بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزیووە.
هاشم یەحیا، رێژەی بارابارینی ئەم ساڵی لە ناوچەی ئامێدی بەم شێوەیە دیاریکرد:
ئامیدی : هەشت ملم سەرجەمی گشتی 199 ملم باریوە،
ناحیەی سەرسەنگ : 18ملم سەرجەمی گشتی 248 ملم باریوە،
ناحیەی دێرەلوک : نۆملم سەرجەمی گشتی 113 ملم باریوە،
ناحیەی کانی ماسێ : چوار سم بەفر باریوە و شەش ملم سەرجەمی گشتی 163 ملم باریوە.
ناحیەی بامەرنێ : 25ملم سەرجەمی گشتی 179 ملم باریوە
ناحیەی چەمانکێ : 15 ملم سەرجەمی گشتی 193 ملم باریوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 05-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 901

## لەنەخۆشخانەی ئاڤرین زیاتر لە (50) هەزار نەخۆش چارەسەریان بۆکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011912065086608

لەنەخۆشخانەی ئاڤرینی شاری عەفرین لەساڵێکدا (50) هەزار و (100) نەخۆش چارەسەریان بۆکراوە ، (4) هەزار و (110) نەخۆش نەشتەرگەریان بۆ کراوە و (300) نەخۆشیش بە بێ بەرامبەر چارەسەریان بۆ کراوە.
نەخۆشخانەی ئاڤرینی شاری عەفرین لە 5ی کانوونی دووەمی 2013دا کراوەتەوە، یەکێک لەنەخۆشخانە هەرە چالاکەکانی هەرێمی عەفرین و حەلەبە. جیا لە عەفرین هەرێمەکانی دەوروبەری وەک ئەلباب، ئەتاریێی شاری حەلەب ژمارەیەکی زۆری نەخۆش روویان کردۆتە ئەو نەخۆشخانەیە.
(97)پزیشک (24) کاتژمێر کاردەکەن
لەنەخۆشخانەکەدا (97) پزیشکی پسپۆر کار دەکەن لەوانە (14)یان لەدەرەوەی عەفرین هاتوون. هەروەها نزیک (35) کارمەندی تێدایە. نەخۆشخانەکەدا (24) کاتژمێرە کار دەکات و پێکهاتووە لە (9) بەش.
(4)هەزار و (110) نەشتەرگەری تێدا کراوە
بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکە دەربارەی کارو خەباتی نەخۆشخانەکە راياگەیاندووە کە لەماوەی ساڵێکدا (50) هەزار و (100) نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردووە، هەروەها (4) هەزار و (110) نەشتەرگەری کراوە. پزیشکان رایانگەیاند نەشتەرگەریەکان لەنەخۆشخانەی ئاڤرین کراون.
بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکە رایانگەیاندووە کە رووداوی مردن لەرێگای نەخۆشخانەکاندا لەسەدا یەک کەمترە. ئەوەشیان خستۆتەڕوو کە نزیک (200) نەخۆش پێش ئەوەی بگەنە نەخۆشخانەکە گیانیان لەدەست داوە و زۆربەی ئەوانەش تەمەنیان زۆر بووە .
بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکە جەختیان کردۆتەوە کە لەنەخۆشخانەکەدا زیاتر لە (300) نەخۆشی کۆچبەر و هاوڵاتی هەژار بە بێ بەرامبەر چارەسەری پزیشکی یان بۆ دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فورات نیوز - 2014-01-19

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 902

## لەهەرێمدا ساڵانە نزیکەی هەزار کەس بەرِوداوی هاتوچۆ گیان لەدەستدەدەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112410052678039

بەدەستێکی سوکانەکەی گرتبو بەدەستەکەی تریشی خەریکی نامە ناردن بو بۆ یارەکەی کە چاوەڕێی بو لەجێژوان، لەنامەکەیدا نوسیبوی "دڵەکەم سێ دەقەی تر لەلاتم". بەڵام پێش ئەوەی بگات، بەهۆی سەرقاڵیی ناردنی نامەکەوە، ئۆتۆمبیلەکەی وەرگەڕاو گیانی لەدەستدا، یارەکەشی هەر بەوگوڵەی بەدەستیەوەبوو بەنیازبو بیداتێ لەجێژوان، چوە سەر گۆڕەکەی و بەخەمگەینییەکەوە وتی "خۆزگە ئە و کورتنامەیەت نەناردایە، گوڵەکەم بۆ دەهێنای بۆ جێژوان، نەک بۆسەر کێلی گۆرستان."

ئا: ئاسۆ سەراوی

ئەوە کورتە فیلمێک بو کە رێکخراوی ترافیک بەبۆنەی رۆژی جیهانی قوربانییانی هاتوچۆ لەرۆژی 16-11 بۆ کۆمەڵێک رۆژنامەنوسی نمایشکرد. ئەوان وەک خۆیان دەڵێن مەبەستیانە لە و رێگایەوە بەهاوڵاتیان بڵێن دەشێ بەهۆی ناردنی کورتنامەیەک، یان تەلەفونکردنێک لەکاتی شۆفێرییدا دواجار بەمەرگی شۆفێرەکە و کەسانی تریش کۆتایی بێت.

سەرۆکی رێکخراوی ترافیک، سەربەست حسێن لەلێدوانێکیدا بۆ ئاوێنە ئاماژە بەوە دەکات، ئەوەی ئێمە نمایشمانکرد کورتە فیلمێک بو، بەڵام "بەدڵنیاییەوە نمونەی وەها زۆرن کە شۆفێران بەهۆی سەرقاڵبونیان بەبەکارهێنانی مۆبایلەوە گیانیان لەدەستداوە"، ئە و رونیدەکاتەوە کە بەشێک لەشۆفێران وادەزانن کە لەکاتی شۆفێرییدا مۆبایلیان بەکارهێنا و چاویان لەسەر شەقامەکە یان رێگاکە بو ئیتر سەلامەت دەبن، ئە و وتی "کاتێک مۆبایل بەکاردەهێنن هەرچەند چاویشیان لەسەر رێگاکە بێت، بەڵام بیر و هۆشیان لەلای قسەکانیانە و دەشێ بە و هۆیەوە توشی کارەساتی گەورە ببن، بۆیە رێنمایی شۆفێران دەکەین بەهیچ جۆرێک لەکاتی شۆفێرییدا مۆبایل بەکارنەهێنن."

ئە و باس لەوەشدەکات، کە لەوڵاتانی پێشکەوتوی دنیادا ئامارەکانی گیان لەدەستدان ساڵانە بەرێژەیەک کەمدەکات، بەڵام لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ساڵانە رێژەی گیان لەدەستدان بەهۆی روداوی هاتوچۆ لە20% زیاددەکات. سەبارەت بەهەرێمی کوردستانیش بەرپرسی ئە و رێکخراوە هێمای بەوە کرد "ساڵانە لەهەرێمی کوردستان نزیکەی هەزار کەس بەهۆی روداوی هاتوچۆوە گیان لەدەستدەدەن ."

ئەندامێکی بۆردی رێکخراوی ترافیک، هەڵکەوت عەبدوڵڵا لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە ئەوە روندەکاتەوە کە دوای زۆربونی روداوەکانی هاتوچۆ و بەرزبونەوەی رێژەی گیان لەدەستدان لەدنیادا، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە 26-10-2005دا بڕیاریدا سێیەمین یەکشەممەی مانگی یانزەی هەمو ساڵێک بکاتە رۆژی جیهانیی قوربانیانی هاتوچۆ "تا لە و رۆژەدا وڵاتان بەخۆیاندا بچنەوە پلانی چەند ساڵە دابنێن بۆ کەمکردنەوەی ئامارەکانی قوربانیانی هاتوچۆ، بەنمونە وڵاتێکی وەکو سوید لە 2006 تا 2010 پلانێکیان دانا بەمەبەستی ئەوەی رێژەی قوربانیانی هاتوچۆ تا رێژەی 50% کەمبکەنەوە، لەکۆتاییدا بۆیان دەرکەوت توانیویانە بەرێژەیەکی لەوە کەمتر ئە و کارە بکەن ."

ئە و کاتێک دێتە سەر باسی هەرێمی کوردستان خەمبار دەبێت و ئەوەش بەپشتبەستو بەچەند ئامارێک کە لەنەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکانەوە وەریانگرتوە، وەک ئە و باسی دەکات لەساڵی 2011دا 811 کەس بەروداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە، لە 2012دا ئامارەکە بۆتە 845کەس و لەساڵی 2013دا رێژەکە بەرزبۆتەوە بۆ864 کەس، ئە و وتی "بەداخەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان ساڵانە تەنها ئامارەکانی گیان لەدەستدانی قوربانیانی هاتوچۆ بڵاودەکەنەوە، هەڵوێستەیەک لەسەر ئە و ئامارانە ناکەن، نەمانبینی پلانێکی چەند ساڵە هەبێت بۆ بەرگرتن لەزیادبونی ئە و ئامارانە."

ئە و باس لەوەشدەکات کە بەنیازبون لەرۆژی 16-11ی ئەمساڵ لەسەر داوای فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان، کۆنفرانسێک لەبارەیەوە ببەستن، بەڵام لەبەر دو هۆکار ئەوەیان نەکردوە "یەکەم خراپیی بارودۆخی هەرێم کە کێشەی دارایی هەیە و لەشەڕیشدایە، دووەم لایەنی پەیوەندیدار ئامادەنەبوە داتاو زانیاریمان پێبدات، هەر بۆیە بۆ چەند مانگێک دوامانخستوە بەئومێدی ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار لە و رووەوە هاوکاریمان بکات بۆ سەرخستنی ئە و کۆنفرانسە کە دواجار لەخزمەتی گشتییدایە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 24-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 903

## لەهەرێمدا نرخ بەرێژەی 6.5% بەرزبۆتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131204114042874446

بەپێی راپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێم لەماوەی شەش ساڵی رابردودا هەر شمەک و خۆراکێک لەهەرێمدا بەرێژەی 6.5 % نرخەکەی بەرزبۆتەوە، بەپێی وتەی ئابوریناسێکیش ئە و رێژەیە ئاسایی نییە "رێژەی هەڵئاوسان بەپێی ستانداردی جیهانی تا 4% ئاساییە، بەڵام ئەوەی لەکوردستاندا هەیە ئاسایی نییەو، هەرکاتێکیش هەڵئاوسان رویدا مانای وایە نرخ بەرزە و خەڵکی خۆشگوزەران نین."
ئا: رامان عومەر
بەپێی ئە و ئامارە لەهەرێمی کوردستان هەریەک لەخواردن و خواردەمەنی و جلوبەرگ و پێڵاو، کرێی خانو، بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن، ئاوو کارەبا بەرزبونەوەی نرخیان بەخۆیانەوە بینیوە و بەرزترین رێژەش بەر خواردن و خواردەمەنی دەکەوێت بەرێژەی7، 3.%
لەمانگی نۆی ئەمساڵدا رێژەی پێوانەی نرخی بەکاربەر گەیشتە زیاتر لە143% و بەمەش تێکرایی بەرزبونەوەی نرخ لەمانگی ئەیلولدا بەرێژەی 0،8% بەرزبویەوە، ئەم رێژەیەش دو هێندەی هەمان مانگی ساڵی رابردوە .
بەرزبونەوەی نرخ لەهەرێمی کوردستان لەکاتێکدایە کە قەیرانێکی بێکاری توند لەشارەکاندا دەستیپێکردوە، کە بەهەزارەها گەنجی خاوەنبڕوانامە و دەرچوی زانکۆکان هیچ دەرفەتێکی کاریان نیە و بێئیش دەسوڕێنەوە.
لەدوای روخانی دەسەڵاتی بەعسەوە و لەساڵی 2003 وە ئەوە بۆ یەکەمجارە پارێزگای سلێمانی توشی گەورەترین قەیرانی ئابوری بێت و پارە لەدەستی خەڵکدا کەمبێتەوە و کەمترین دەرفەتی کاریش هەبێت، بەم حاڵەتەش وەک بەشێک لەبازرگانان باسی دەکەن نزیکەی چەند مانگێکە بەتەواوی هەستی پێکراوە، ئاڵوگۆڕو بازرگانی لەپارێزگاکەدا بەرە و داخزان دەچێت و زۆربەی پرۆژەکانی کەرتی تایبەت کارەکانیان کەمبۆتەوە .
ئەم حاڵەتە لەپارێزگای هەولێریش هەستی پێدەکرێت بەتایبەت دوای دو تەقینەوە تیرۆرستیەکە کە لە و شاردا رویدا، هەندێک خاوەن پیشە لەئێستا 3/1 داهاتی رۆژانەیان لەچاو جاران کەمبۆتەوە.
هەر بەپێی راپۆرتی دەستەی ئاماری هەرێم، کەرتی رۆشنبیریی زۆرترین رێژەی دابەزینی بەخۆوە بینیوە و لەمانگی ئەیلولدا نزمبونەوەی نرخ لە و کەرتەدا گەیشتۆتە 6.3%. ئەمەش بەهۆی کەمبونەوەی فرۆشی کتێب و رۆژنامە و گۆڤارەکان و دابەزینی بینەری شانۆ و سینەماو مۆزیکەوە.
لەماوەی شەش ساڵی رابردودا هەر شمەک و خۆراکێک لەهەرێمی کوردستان بەرێژەی 6.5 % نرخەکەی بەرزبۆتەوە لەساڵی 2007یشەوە تا 2012 رێژەی هەڵئاوسان لەهەرێمی کوردستان لە39% بوە.پارێزگاری هەولێریش بەرزترین ئاستی بەردەکەوێت، کە لە و ماوەیەدا رێژەی هەڵئاوسان لە و پارێزگایە نزیکەی لە51% بوە، واتە هەر شمەک و خۆراکێک بەرێژەی 48 8% نرخەکەی بەرزبۆتەوە .

پەرلەمانتاری هەرێم و ئابوریناس د. عیزەت سابیر، لە و بارەیەوە دەڵێت ڕێژەی هەڵئاوسان بەپێی ستانداردی جیهانی تا 4 % ئاساییە، بەڵام ئە و ژمارەیە لەکوردستان پێویستی بەهەڵوەستە لەسەر کردنە. هەرکاتێکیش هەڵئاوسان رویدا مانای وایە نرخ بەرزە و خەڵک بە و دۆخە خۆشگوزەران نین.
عیزەت سابیر، ئەوەشی خستەڕو کە پێویستە حکومەتی هەرێم کار بکات بۆ ئەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان لەهەرێمی کوردستان لەوە زیاتر نەبێت و وتیشی "ئەگەر بەرزبێت واتە هەڵئاوسان لەنرخەکاندا هەیە لەئابوری وڵات کە لەبەرژەوەندی دانیشتوانی ئە و ناوچەیەدا نیە، چونکە هەمو بەرزبونەوەیەک لە و نرخانەدا مانای کەمبونەوەی داهاتی ڕاستەقینەی تاک و خێزانەکانە". ناوبراو باس لەوەش دەکات هەتا هەڵئاوسان زیاتر بێت خەڵک کەمتر خۆشگوزەران دەبێت و ئەمەش کاریگەری لەسەر دەرونی خەڵک دەبێت بەوەی کە هەست بەئاسودەیی نەکەن.
بەجیا لەهەرێمی کوردستان، ڕێژەی هەڵئاوسان لەعێراقدا کەمترە و لەڕێژە ستانداردا وەستاوە، پسپۆری ئابوری ئەحمەد ئەبرەهەی بەئاژانسی (ایبا)ی ڕاگەیاندوە، کە تێکڕای ڕێژەی هەڵئاوسان لەعێراق لەپێنج ساڵی رابردودا دابەزیوە و بەپێی ئامارەکانی نێوان ساڵانی 2007 تا 2012 ڕێژەی هەڵاوسان 4،6%و ئەم ڕێژەیەش پێوانەییە لەچاو وڵاتانی تری خاوەن نەوت و تازەگەشەکردودا کە ئەم ڕێژە نزیکەی 8 جار لەڕێژەی هەڵئاوسان لەهەرێمی کوردستان کەمترە .
بەپێی ئامارەکانی دەزگای ئاماری سەر بەوەزارەتی پلاندانانی عێراقیش نرخی شمەک و هەڵئاوسان لەساڵی رابردودا 3،6% بوە ئەوەش کەمترین ڕێژەیە لە2007وە .
هەرێمی کوردستان لەئێستادا بەدۆخێکی نەخوازراوی ئابوریدا تێپەڕ دەبێت، کە بریتیە لەکەمبونەوەی داهاتی مانگانە و ڕۆژانەی تاکەکان و بەردەوامی بەرزبونەوەی نرخەکان، کە ئەوەش تەنها لەزیانی هاوڵاتی کۆتایی دێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 04-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 904

## لەهەرێمی دێرک (3) هەزار بەشداری خوڵی فێربوونی زمانی کوردبوون

http://www.kurdipedia.org/?q=201407022072076876

دەزگای زمانی کوردی (SZK)لە شاری دێرک لە ماوەی سێ ساڵدا زیاتر لە (3) هەزار خوێندکاری فێری نوسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی کردوە.
لقی دەزگای زمانی کوردی (SZK)شاری دێرک کە (218) مامۆستای هەیە و لەسەدا (90) ی ئە و ڕێژەیە مامۆستای ژنن و لە (109) خوێندنگا وانەی زمانی کوردی دەڵێنەوە. دەزگاکە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو زیاتر لە (3) هەزار خوێندکاری لە پێکهاتەکانی عەرەب، سریانی و کورد فێری نوسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی کردوە.
یاسەمین هادی بەرێوەبەری دەزگاکە رایگەیاند کە سەرەڕای هەموو ئاستەنگی و دەرفەتی کەم، دەزگاکەیان هەنگاوێکی مێژووی ناوە و هاوکاری خوێندکاران و هاوڵاتیان ڕێگای لەبەردەم تێپەرکردنی ئاستەنگییەکان کردوە.
ئاماژەی بۆئەوەش کرد کە هەوڵ دەدەن لە شاری دێرک ڕێژەی مامۆستایان زیاتر بکەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانیان بە باشی جێبەجی بکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی فورات نیوز - 02-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: ڕۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 905

## لەهەرێمی کوردستان ئەم ژمارە حاجییە دەچن بۆ حەج - 1015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150304163532848S0

دەروون رەشید، سەروین خەلیل
شێخ قاسم رەسوڵ بەرزنجی بەڕێوبەری گشتی حەج و عەمرە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی تایبەت بەڕێ و شوێنەکانی بەڕێوەچوونی حەجی ئەمساڵ سازدا.
شێخ قاسم رەسوڵ بەرزنجی بەڕێوبەری گشتی حەج و عەمرە رایگەیاند: ژمارەی ئەوحاجیانەی کە دەست نیشانکراون لەدەستەی حەجی عیراقی بۆ هەرێمی کوردستان ژمارەیان 3656حاجیە وەک ساڵی پار ژمارەکە نەزیادو نەکەمی کردووە، لە و ژمارەیەش 3470هاوڵاتی ئاساییە و ئەوانیتریش و فەرمانبەران و خاوەن کۆمپیانیاکان و لیژنەی پزیشکی مورشیدانی ئاینی تێدایە.
وتیشی: ئە و کەسانەی دەیانەوێت سەفەرەکەیان دوابخەن ئێمە دەرگامان بۆیان کردۆتەوە و بەئاسانی دەتوانن سەفەرەکەیان دوابخەن و ساڵێکی تر بچن بۆ حەج بێ ئەوەی مافیان بخورێت، ئەویش بەهۆی ئەم بارە ناهەموارەی هەرێم پێیدا تێپەڕئەبێت، هەر هاوڵاتیەکیش دەبێت بری چوار ملیوێن و دووسەد هەزاردینار بدات.
بەڕێوەبەری گشتی حەج و عەمرەی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتیشدا بە خەندانی راگەیاند:" رۆژی یەکشەممە 8-3-2015 مامەڵەی حاجیانی ئەمساڵ بۆ عەرەبستانی سعودی دەست پێدەکات، دواکات بۆ تەواوبوونی مامەڵەکان رێکەوتی 7-4-2015 دەبێت.
وتیشی:" داوا لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەم بەر لەوەی پارەیان لیوەربگیرێت، سەردانی بنکە تەندروستیەکان بکەن لە شارەکانی هەرێم کە بۆیان دیاری کراوە، بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 906

## لەهەرێمی کوردستان توشبون بەنەخۆشی شەکرە لەزیادبونێکی مەترسیداردایە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131112103039878S9

نەخۆشی شەکرە ساڵ بەساڵ لەهەرێمی کوردستان لەزیادبونە بەشێوەیەک ساڵانە 30 هەزار نەخۆش تۆماردەکرێت. رێکخراوێکی مەدەنیش ئاماژە بەوەدەکات بەهۆی نەبونی هۆشیاری بەهۆی شەکرە چەندین کەس دەست و قاچیان براوەتەوە. وەزارەتی تەندروستیش پێیوایە نەخۆشیەکە کەم ناکرێتەوە.
ئاوێنەنیوز: شایان نورەدین، لەرێکخراوی نۆفا نۆردیسک رایگەیاند، بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردو نەخۆشی شەکرە بەتایبەت لەنێو منداڵان لەزیادبوندایە. وتیشی، لەساڵی 2012 بەگشتی لەعێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە 659 هەزار کەس نەخۆشی شەکرەیان هەیە و زیاتر لەیەک

ملیۆن کەسیش گومانی ئەو نەخۆشیەیان لێدەکرێت، هەوەکو لە و ساڵە زیاتر لە 16 هەزار کەس بەهۆی ئەو نەخۆشیە گیانیان لەدەستداوە.
ڕێکخراوی نۆفا نۆردیسک، ڕێکخراوێکی مەدەنیە بەهاوکاری کۆمەڵەی شەکرەی منداڵانی کوردستان سەرقاڵی بەدواداچونە لەسەر توشبوانی شەکرە.
راپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەوەی دەرخستوە کە ڕێژەی توشبون بەشەکرە لەعێراق 10% و لەهەرێمیش نزیکەی 3 بۆ4.%
لەهەرێمی کوردستان سێ سەنتەری تایبەت بەچارەسەری شەکرە هەیە و لەنەخۆشخانە و بنکە تەندروستیەکانیش حەپ و دەرزی بەتوشبوان دەدرێت. شایان نورەدین، پێیوایە سەنتەرەکانی چارەسەری شەکرە لەکوردستان زۆر بچوکن و لەئاستی نەخۆشەکان نین، وتیشی، وێرای خراپی سەنتەرەکان، پسپۆریش لە و سەنتەرانە کەمە.
لەساڵی 1991وە 14ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانی نەخۆشی شەکرە ناسێندراوە. ئەویش بەهۆی دۆزینەوەی دەرزی ئەنسۆلین.
ئەندامی ڕێکخراوی نۆفا نۆردیسک ئەو مەترسیەی ئاشکراکرد کە بەهۆی نەبونی هۆشیاری و چارەسەری چەندین کەس بەهۆی شەکرە دەست و قاچیان پراوەتەوە "هۆشیاری زۆر گرنگە، چونکە شەکرە نەخۆشیەکی ئاڵۆزە و تەنها پەیوەست نیە بەشیرینی خواردن."
بەپێی ئامارێکی وەزارەتی تەندروستی لەساڵی 2009 تەنها 78 هەزار نەخۆشی شەکرە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، بەڵام لەساڵی 2010 گەیشتە 119 هەزارو لەساڵی 2011 بەرزبوەوە بۆ 144 هەزارو لەساڵی 2012 نزیکی 175 هەزار کەس وەکو نەخۆشی شەکرە تۆمارکراون، لەساڵی 2012 (107) کەس بەهۆی شەکرە گیانیان لەدەستداوە.
بەپێی ئاماری سەنتەری شەکرە لەسلێمانی، لەساڵی 2007 ەوە تا مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ 15 هەزار حاڵەتی شەکرە لە و نەخۆشخانەیە تۆمارکراوە کە نزیکەی هەزار توشبویان منداڵن.
سەندیکای پزیشکانی کوردستانیش رایگەیاندوە، لەهەندێک شوێن ڕێژەی توشبوانی شەکرە گەیشتوەتە 15% تا 20.%
شایان نورەدین ئەوەی رونکردەوە ئامارێکی دروستیان لەسەر نەخۆشیەکە لەکوردستان نیە بۆیە پشت بەئامارەکەی وەزارەتی تەندروستی دەبەستن "بۆماندەرکەوتوە ئەو نەخۆشیە لەزیادبونە بەتایبەت لەنێو منداڵاندا بۆیە لەرێگەی پرۆژەیەک دەستمان بەهەڵمەتێکی هۆشیارکردنە و خۆپارێزی کردوە."
نەخۆشی شەکرەی ئەنسۆلین ناسراو بەشەکرەی یەکەم لەتەمەنی منداڵی یان لەگەنجێتی دەستپێدەکات، هۆیەکەشی دژەتەنەکان، خانەکان لەناو دەبەن کە ئەنسۆلین دەردەکات. کەمتریش بۆماوەییە، بەڵام جۆری دووەم کە بەربڵاوە زۆرجار لەتەمەنی پێگەیشتویی مرۆڤ توشی دەبێت هۆیەکەی ئەنسۆلین بەشێوەیەکی پێویست بەرهەم ناهێنرێت و زیاتریش بۆ ماوەییە.
دێرین ئەحمەد، بەڕێوەبەری کارگێری سەنتەری شەکرە رایگەیاندوە، ساڵانە ڕێژەی نەخۆشی شەکرە لەهەرێمی کوردستان رو لەزیادبونە.
د. خاڵس قادر، وتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لەلێدوانێکدا رایگەیاند، شەکرە، نەخۆشییەکی درێژخایەنە، بەردەوام پێویستیان بەچارەسەر هەیە، لەهەمو جیهانیشدا بەرە و زیادبون دەڕوات و لەعیراق و هەرێمی کوردستانیش ئەو ڕێژەیە لەبەرزبونەوەدایە.
ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە ئەو نەخۆشانەی لەجۆری شەکرەی یەکەمن و تەمەنیشیان لەخوار (18) ساڵیە دەرزی ئەنسۆلین بەکاردەهێنن مانگانە 150 هەزار دیناریان بۆ خەرج بکرێت.
بەرپرسەکەی وەزارەتی تەندروستی ئاشکرایدەکات کە بەشێکی زۆری ئەوانەی شەکرەیان هەیە لەجۆری یەکەمن بەشێکیشیان منداڵن.
شارەزایان دەڵێن، هۆکاری زیادبونی نەخۆشی شەکرە، نەبونی خۆراکی تەندروست و وەرزش نەکردن و نەبونی سیستمێکی خۆراکی ڕێکوپێک، کێشی لەشی زیادو کۆبونەوەی چەوریە لەسکدا.
بەپێی ئامارەکانی یەکێتی نێودەوڵەتی نەخۆشی شەکرە زیاتر لە (382) ملیۆن کەس نەخۆشی شەکرەیان هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە ساڵی پار ڕێژەکە (366) ملیۆن کەس بوە.
د. خالس، جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، نەخۆشی شەکرە کەم نابێتەوە، بەڵکو دەکرێت کۆنترۆڵ بکرێت، وتیشی "وەرزش نەکردن و قەڵەوبون، گۆرانی شێوازی ژیان لەهۆکارەکانی زیادبونی نەخۆشیەکەن."

دکتۆر تەها مەحوی، پسپۆری هەناوو دڵ و شەکرە دەڵێ، پێویستە هەمو کەسێک پابەندبێت بەڕێنمایی پزیشک، خۆراکی تەندروست بێت و بەڕێکوپێکی وەرزش بکات، بەتایبەتی ئەو کەسانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە، چونکە لەکاتی وەرزشکردندا ئەو شەکرە دەسوتێت.
سەرچاوە: باس، شوان بەرزنجی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💉تەندروستی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 907
## لەهەرێمی کوردستان زیاتر لە 11 هەزار کەس لەنێو گرتووخانەکاندان
http://www.kurdipedia.org/?q=2014102915262877851
ڕۆژنیوز دلێر عەبدولڕەحمان
سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێ لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە (11) هەزار کەس لەنێو زینداندایە و سزادراوان و راگیراوان لە هەرێمدا رووی لەزیادبونە .
سۆران عومەر سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بە (رۆژنیوز)ی راگەیاند "لەهەرێمی کوردستاندا 11 هەزارو 300 کەس لەنێو زینداندایە کە نیوەیان سزادراون و نیوەیان راگیراون، نیوەیان لە نێو چاکسازیەکاندان و نیوەکەی تریان لە نێو زیندانەکانی ئاسایشدان ".
هەروەها وتی "بەپێی بەراوردی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵ سزادراوان و راگیراوان لە هەرێمی کوردستاندا رووی لە زیادبونە و راگیراوەکانیش ئەشکەنجە دەدرێن لەنێو گرتوخانەکاندا ".
سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ ئاماژە بەوەش دەدات "چاکسازییەکان هیچ بەرنامەیەکی چاکسازی تێدانیە و رەوشی زیندانیەکان زۆر خراپە لەڕووی مامەڵە و پێداویستیەوە ".
سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژنیوز - 29-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە908 :
## لەهەرێمی کوردستان زیاتر لە 100 سندوق قردێلەی سوریان لێ دەدرێت
http://www.kurdipedia.org/?q=2014050213103276041
سەرچاوەیەکی بەرپرس لەکۆمسێۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەمرۆ هەینی ڕایگەیاند تاوەکو ئیستا لەهەرێمی کوردستان 100 سندوق قردێلەی سوریان لێ دراوە و دوبارە دەبێت پشکنینی بۆ بکرێتەوە و لەکەم و کورییەکانی بکۆڵرێتەوە بزانرێت ئایا تەزویری تیادایە یاخود نا.
بەپێی قسەی ئە و سەرچاوەیە لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بە شێوەی جیاواز جیاواز پشکی سندوقی قردێلە بەسەری سوریان بەردەکەوێت.
هەروەها رونیکردەوە کە لەپارێزگای سلێمانی شەست سندوق و لەپارێزگای هەولێر 20 سەندوق

و له شاری دهۆک 27 سندوق قردێلەی سوری لەسەر کراوە.
ڕۆژی 30 نیسان پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد بەپێی جیاکردنەوەی دەنگەکان لەسەرجەم عێراقدا لەنێو پارتە کوردییەکاندا هەریەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان پلەی یەکەم و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پلەی دووهەم و بزوتنەوەی گۆڕان پلەی سێهەمی بەدەستهێناوە .
ئەمرۆ لە بنکەی کۆکردنەوەی سندوقەکان لەنێو شارەکاندا پرۆسەی ژماردنی دەنگەکان دەستی پێکردووە. تاوەکو ئێستاش لە شاری هەولێر پارتی بەپلەی یەکەم دێت و یەکێتی بەپلەی دووهەم و بزوتنەوەی گۆڕان بەپلەی سێهەم دێت.
لەشاری سلێمانیش بزوتنەوەی گۆڕان بەپلەی یەکەم و یەکێتی بە پلەی دووهەم و پارتی دیموکراتی کوردستان بەپلەی سێهەم دێت.
لەشاری دهۆکیش پارتی یەکەمە و یەکگرتوو دووهەمە و یەکێتی سێهەمە.
بەڵام لەشاری کەرکوک، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەنێو پارتە کوردییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر لەپێشەوەیە و پارتی دیموکراتی کوردستان لەدوای ئە و دێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 909

## لەهەولێر ڕێژەی گیان لەدەستدانی کرێکاران کەمی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102622000677832

ڕەهێل سەمەد
بەراورد بە ساڵی ڕابردوو لە سنوری پارێزگای هەولێر، ڕێژەی ئەو کرێکارانەی لەسەر کارەکانیان گیانیان لەدەستدەدەن، کەمیکردووە.
بەرپرسێکی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان رایدەگەیەنێت: بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمیی پرۆژەکانەوە، ڕووداوەکانی کەوتنی کرێکار و گیان لەدەست کەمبۆتەوە.
حەسەن ڕەمەزان لێپرسراوی ڕاگەیاندنی لقی هەولێری سەندیکاکانی کرێکارنی کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: ڕێژەی ڕووداوەکانی کەوتنی کرێکاران و گیان لەدەستدانیان لەسنوری پارێزگای هەولێر کەمیکردووە ئەویش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە.
حەسەن ڕەمەزان وتیشی: لەساڵی ڕابردوو لە سنوری پارێزگای هەولێر 33 کرێکار لەسەر کارەکانیان گیانی لەدەستدا، بەڵام ئەمساڵ تاکو ئێستا تەنها نۆ کرێکار بەهۆی ڕووداوەکان لەسەر کارەکانیان گیانیان لە دەستداوە.
لێپرسراوی لقی هەولێری ڕاگەیاندنی سەندیکاکانی کرێکاران ئەوەشی خستەڕوو: یەکێک لە هۆکارەکانی کەمبونەوەی ڕووداوەکانی بەربونەوە و کەوتنی کرێکاران بۆ کەمی پرۆژەکان دەگەڕێتەوە کە ئەمساڵ بەهۆی قەیرانی دارایی کەمتر پرۆژەی دروستکردنی باڵەخانە ئەنجامدراوە.
ڕوونیشیکردەوە: هۆکاری دووەم پەیوەندی بە ڕێنمایی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستانەوە هەیە کە پێشتر لەبارەی باشترکردنی شوێنی کاری کرێکاران ئاراستەی خاوەن کار و پرۆژەکانی کردبوو.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: ♖هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 910

## لەهەڵمەتێکی تەندروستیدا 800 هەزار منداڵ دەکوترێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041109220485114

بەمەبەستی بەردەوامیدان بەپاکی هەرێمی کوردستان لەنەخۆشی ئیفلیجی منداڵان، وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵمەتی کوتانی ئیفلیجی منداڵان دەستپێدەکات.
ئاوێنەنیوز: بەگوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی تەندروستی، هەڵمەتەکە لە سبەینێ، یەکشەمە 12ی نیسانەوە دەست پێدەکات و بۆ ماوەی 5 رۆژ بەردەوام دەبێت و سەرجەم منداڵانی هەرێمی کوردستان کە تەمەنیان لەخوار 5 ساڵە دەگرێتەوە.
هەر بەپێی راگەیاندراوەکە، هەڵمەتەکە (765965) منداڵی تەمەن خوار 5 ساڵ دەگرێتەوە و لەلایەن 2201 تیمی پزیشکی دەکوترێن کە ماڵ بە ماڵ دەگەڕێن.
هەڵمەتەکە بە هاوکاری رێکخراوی یونسێف و رێکخراوی تەندروستی جیهانی بەڕێوەدەچێت بە تێچووی (51731500) دۆلار و سەرجەم منداڵە ئاوارە و ڕاگوێزراوەکانیش دەگرێتەوە کە ژمارەیان (140.934) منداڵە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-04-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 911

## لەکۆی 413 بەندکراوی نەخۆشی سیاسی کورد لەزیندانییەکانی تورکیا 120یان لەسەرەمەرگدان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052215361678492

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 912

## لەکەرکوک 85 ئافرەت خۆیان بۆ پەرلەمانی عێراق کاندیدکردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014022323175229650

85ئافرەت لەنێو 28 کیانی سیاسی لەکەرکوک خۆیان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کاندیدکردوە، رێکخراوێکیش رایدەگەیەنێت، لەرێی هاوکاریکردنی کاندید و پەرلەمانتاران هەوڵ بۆ

چارەسەرکردنی کێشەکانی ئافرەت دەدەن.
کەرکوک، ئاوێنەنیوز: بڕیارە لە 30ی نیسانی داهاتو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سازبکرێت، کاندیدانی ئافرەت سەرەڕای ئەرکە سیاسی و ئابورییەکان، خەمی توێژەکەی خۆیان یەکێک دەبێت لەئەرکە بنەڕەتیەکانیان، بۆ سەرکەوتنیشیان لەم بوارەدا لەئێستاوە ڕێکخراوێک قۆڵی لەگەڵ هەڵماڵیون.
ڕێکخراوی هیوای عێراقی کە تایبەتە بەرپرسی ئافرەتان بەهاوکاری ڕێکخراوی (هیبۆسی) هۆڵەندی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەکەرکوک خولێکیان بۆ کاندە ئافرەتەکانی نێو لیست و قەوارە سیاسیەکانی شارەکە ئەنجامدا.
لەشاری کەرکوک 28 کیانی سیاسی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان سازکردوە، لەنێو کاندیدانی ئە و کیانانەشدا 85 کاندیدی ئافرەت لەنەتەوە و توێژە جیاجیاکانی شارەکە بەدیدەکرێت.
سردو محەمەد، بەرپرسی ڕێکخراوی هیوا بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، پرۆژەکە لەسەر ئاستی عێراق ئەنجامدراوە کە لەبەشی یەکەمیدا نزیکەی هەزار ئافرەت بەشداربون. وتیشی، هەوڵدەدەین ئافرەتان سەرکەوتوبن لەپرۆسەکەداو ببنە نمونەیەکی سەرکەوتوو بتوانن سەرنجی ئافرەتانی دیکەش بۆخۆیان ڕاکێشن.
ناوبراو هێمای بۆئەوەکرد، دەمانەوێت لەڕێگای ئەم کاندیدانەوە کە لەداهاتودا بەشێکیان دەبنە پەرلەمانتار پێکەوە بەشێک لەکێشەکانی ئافرەتان و کێشەکانی کۆمەڵگا چارەسەربکەین.
بەپێی یاسا کارپێکراوەکان پێویستە سێ یەکی کاندیدی لیست و قەوارە سیاسیەکان بۆ هەڵبژاردنەکان لەعێراق ئافرەت بن کە بەسیستمی کۆتا ناسراوە و ئامانج لەم کارە جێکردنەوەی ڕۆڵ و جێدەستی ئافرەتانە لەپرۆسەی بەڕێوەبردندا، بەڵام بەرپرسی ڕێکخراوی هیوا رەخنە لەچەند لایەنێکی سیاسی دەگرێت و دەڵێت، "چەند لایەنێک تەنها لەبەر یاسای کۆتا ئافرەتیان لەلیستەکانیاندا داناوە و تەنها بۆشاییان پێپرکراوەتەوە و هەوڵیانەداوە ئەم ئافرەتانە بکەنە نمونەی کەسانی سیاسی سەرکەوتو."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 23-02-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 913

## لەیەک ساڵدا لەهەولێر 88 کچ دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20140203085328162 60

بەپێی ئاماری پەیمانگەی پزیشکی دادوەری لەهەرێمی کوردستان، ساڵی رابردو لەپارێزگای هەولێر 88 کچ دەستدرێژییان کراوەتە سەر، 19 لەو کچانە تەمەنیان لەنێوان 1 – 10 ساڵاندا بووەو بەو هۆیەوە 2 لەو کچانە کچێنییان لەدەستداوە.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: بەپێی ئامارەکە کە ڕۆژنامەی ڕوداو بڵاویکردۆتەوە، ساڵی رابردو 88 کچ کە دەستدرێژییان کراوەتە سەر، بۆ پشکنینی پەردەی کچێنی سەردانی پەیمانگەی پزیشکی دادوەریی هەولێریان کردووە. 19 لەو کچانە تەمەنیان لەنێوان 1 – 10 ساڵاندا بووە و بەو هۆیەوە 2 لەو کچانە کچێنییان لەدەستداوە.
هەروەها 69 کچیش کە تەمەنیان لەنێوان 11 تاوەکو 40 ساڵان بووە هەر بەو هۆیەوە سەردانی پەیمانگەی ناوبراویان کردووە، 15 لەوانە کچێنییان لەدەستداوە.
بەپێی ئاماری پەیمانگاکە، ساڵی رابردو لەشاری هەولێر 313 کەس، کە بەهۆکاری جیا جیا لەشوێنی بەرز کەوتونەتە خوارەوە سەردانی بنکەکانی ئەو پەیمانگەیەیان کردووە بۆ دڵنیابون لەوەی کە کچێنییان ماوە یان نا. زۆربەی ئەوانەی کەوتونەتە خوارەوە کە 235 کچن، تەمەنیان لەنێوان 1- 10 ساڵانە. هەروەها 57 کچی دیکەش کە تەمەنیان لەنێوان 11 تاوەکو 40 ساڵاندا بووەو لەپشکنیندا دەرکەوتووە کە 8یان کچێنییان لەدەستداوە.

پەیمانگاکە بەڵگەنامەیەک بۆ ئەو کچانە دروست دەکات کە بەهۆی کەوتنە خوارەوەوە کچێنییان لەدەستداوە، تاوەکو لەکاتی شوکردندا توشی کێشەی کۆمەڵایەتی نەبنەوە لەگەڵ مێردو کەسوکاریان.
لەئامارەکەی پەیمانگەی پزیشکی دادوەری لەهەرێمدا ئەوەش ڕونکراوەتەوە کە ساڵی رابردو 114 کچ کە شویان کردووەو تەمەنیان لەنێوان 11 تاوەکو 40 ساڵاندا بووە، سەردانی پەیمانگەی دادپزیشکییان کردووە، دوای پشکنین دەرکەوتووە کە 85یان هێشتا کچن.
بەپێی ئامارەکەی پەیمانگەی ناوبراو، 48 کچی دیکە کە 27یان تەمەنیان لەنێوان 1- 11 ساڵاندا بووە، لەبەر "هۆی تر" پشکنینیان بۆ کراوە، دەرکەوتووە چواریان کچێنییان لەدەستداوە کە تەمەنیان لە نێوان 11 تاوەکو 30 ساڵاندا بووە.
ئامارەکە ئەوەش دەخاتەڕو کە پشکنین بۆ 102 کچ کراوە کە لەدواوە سێکسیان لەگەڵ کراوە لەئەنجامدا دەرکەوتووە 36 کچ "کۆم"یان دڕاوە، سێ لەوانەش تەمەنیان لە نێوان 1 تاوەکو 10 ساڵان بووە، 30 لەوانە تەمەنیان لەنێوان 11 تاوەکو 30 ساڵان بووە، هەروەها سێیەکەی دیکەش تەمەنیان لەنێوان 31 تاوەکو 40 ساڵاندا بووە.
دیارترین حاڵەتی دەستدرێژی لەساڵی رابردودا دەستدرێژی گەنجێکی شاری موسڵ بوو کە لەشاری هەولێر کاری دەکردو دەستدرێژی کردبووە سەر چەند منداڵێکی کچ کە تەمەنیان نزیکەی 10 ساڵان بووە، ئەو گەنجە دوای دەستگیرکردنی دانی بەهەموو تاوانەکاندا نا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 03-02-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 914

## لەیەک مەرزەوە زیاتر لە شەش هەزار و 600 تەن هێلکە هاوردەی هەرێم کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140110154016867736

بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری گەرمیان، لیستی ناو و بڕی ئە و مەوادانەی هێنراونەتە هەرێم لە ڕێگەی کەرەنتینەکانی مەرزە سنوورییەکان و بنکەکانی کەرەنتینەی نێوان پارێزگاکانی هەرێم لە سنوورەکە لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق و ژمارەی پشکنینی تاقیگەیی ئەنجامدراو لە ساڵی رابردوودا، لەگەڵ ئە و مەوادانەی ڕەتکراونەتەوە بڵاو دەکاتەوە .
بەپێی ئامارێکی بەشی پلاندانانی بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری گەرمیان کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، لە ماوەی ساڵی رابردوودا لە ڕێی کەرەنتینەکانەوە بڕی نزیکەی 55 هەزار و 557 تەن بەروبوومی شیرەمەنی (شیر، کەرە، پەنیر، مۆتا...هەتد)، لە گەڵ نزیکەی 6 هەزار و 637 تەن هێلکەی خواردن و 47 تەن هێلکەی ترووکاندن، هەروەها زیاتر لە 10 هەزار و 519 تەن مەوادی ئالیک، هێنراونەتە هەرێم.
هاوکات نزیکەی شەش هەزار و 675 تەن گۆشتی مریشک وزیاتر لە 856 تەن گۆشتی ماسی و روبیان، هەروەها زیاتر لە 41 هەزار سەر ئاژەڵی زیندوو، لەگەڵ زیاتر لە 180 هەزار دانە لە جوجکەی یەک ڕۆژە بۆ پرۆژەکانی بەخێوکردنی مریشک، هەروەها هەزار و (534) باڵندەی جوانی، هێنراونەتە هەرێم.
لەماوەی ئە و ساڵەشدا، کەرەنتینەکان لە ڕێگەی تاقیگەکانیانەوە پشکنینیان بۆ زیاتر لە 13 هەزار نمونەی گۆشت و هێلکە و مەوادی دیکە کردووە، لە کۆی ئە و پشکنیناەش زیاتر لە 12 هەزار نموونەیان قبوڵکراون، بەڵام 956 نموونەیان لەئەنجامدا ڕەتکراونەتەوە، بە و هۆیەشەوە زیاتر لە 33 تەن هێلکەی خواردن گەڕێندراونەتەوە بۆ سەرچاوەکە، لەگەڵ زیاتر لە 70 تەن گۆشتی مریشک و بەروبوومی شیرەمەنی، هەروەها زیاتر لە 114 تەن ئالیک و 52 تەن ماسی، کە هەموو ئەوانەی ڕەتکراونەتەوە، ڕێگەیان پێنەدراوە هاوردەی ناو خاکی هەرێم بکەن و ڕەوانەی سەرچاوەکانیان کراونەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-10

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 915

# مادەی هۆشبەر تەشەنەی کردوە بۆ نێو خوێندنگەکانی کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=20131021124304882600

ئا: کاروان ساڵحی

دەروازەکانی کەرکوک بۆ چونەناوەوەی مادە هۆشبەرەکان ناڕاستەوخۆ کراوەن، لەچەند دەرمانخانەیەکی نایاساییش لە لاکۆڵانەکانی شارەکەدا پەرستیاران بازرگانی بەو مادەیەوە دەکەن.

عەقید نەوزاد سەلاحەدین، لێپرسراوی هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان لەپۆلیسی کەرکوک تەشەنەسەندنی مادە هۆشبەرەکان لەکەرکوک بە "دیاردە" ناودەبات و دەڵێت، مادەی هۆشبەر تەشەنەی کردوە بۆ نێو خوێندنگەکان.

چەند جۆرێک لەمادەی هۆبەشەر کە لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا گیراوە فۆتۆ: کاروان ساڵحی

عەقید نەوزاد وتی، "تائێستا سەردانی دوو قوتابخانەمان کردووە کە ئەو دیاردەیەی تێدابووە، بەڵام لەلایەن بەڕێوەبەری ئەو دوو قوتابخانەیەوە ئەو باسە شاردراوەتەوە بۆ ئەوەی قوتابییەکانیان نەدرێن بەدادگا." ناوبراو وتیشی، هێزە ئەمنییەکان وەک پۆلیس و سوپا بێبەش نین لەدیاردەی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر "لەڕیزەکانی پۆلیس و سوپادا خەڵکمان دەستگیرکردوە لەسەر بەکارهێنانیان".

تەنیا لە 10 مانگی ئەمساڵدا (2013) هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان 70 دۆسیەی تایبەتیان بەمادە هۆشبەرەکان کردۆتەوەو 89 کەسیش دوای دەستگیرکردنیان دراونەتە دادگا، لەکاتێکدا لەساڵی رابردو دۆسیەکان کەمتر بون.

هەر لەهەڵمەتەکانی ئەمساڵیاندا هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان دەستیان بەسەر (5گرام) تلیاکدا گرتووە، لەگەڵ 11 هەزارو 517 حەبی ئارتین و (2ملیۆن و هەشتاو دوو) دەنکی حەبی (ترامادۆڵ) کە ئەمانەش جۆرێکی تری مادەی هۆشبەرن.

یاسا بەهەمان شێوەی بازرگانیکردن بەتلیاک مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات کە حەبی جۆری ترامادۆڵ و ئارتینیان پێدەگیرێت، بەپێی وتەی لێپرسراوی هۆبەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان.

ئەو جۆرانە لەمادەی هۆشبەر بەدەروازەکانی کەرکوکدا لەهەردو پارێزگای موسڵ و بەغداوە دەبرێنە ناو شارەوەو ئەو دو پارێزگایە سەرچاوەی تەشەنەسەندنی مادەهۆشبەرەکانن لەپارێزگاکە.

هۆشداریی و ترسی پۆلیس ئەوەیە تائێستا نەیانتوانیووە کۆنترۆڵی بڵاوبونەوەی ئەو دیاردەیە بکەن، کە مەترسی بۆ نەوەی ئایندەو زیادبونی تاوانی جۆراوجۆر هەیە، لەگەڵ ئاماژەدان بەکردەوەی تیرۆریستی.

عەقید نەوزاد ڕونیکردەوە کە "نەمانتوانیووە کۆنترۆڵی بازگەکان بکەین و پۆلیسی لێدابنێین، هەروەها لەڕێگای گەڕان و پشکنین توانیومانە لەنێو گەڕەکەکان چەند پەرستیارێک دەستگیربکەین کە دەیانفرۆشتن و بازرگانیان پێوە دەکردن".

هاوکات ئەوەشی خستەڕو کە "تەشەنەسەندنی ئەم دیاردەیە لەنێو کۆمەڵگەو بەتایبەت لەنێو گەنجان دەبێتە هۆی زیادبونی تاوانی (لاقەکردن، دزیی و تاوانی تری کۆمەڵایەتیی)." زیاتر وتی "لەهەموشی مەترسیدارتر ئەوەیە تیرۆریستان سود لەو کەسانە وەردەگرن کە بێهۆشن بۆ کاری تیرۆریستی و مەرامی خۆیان".

لەئێستادا رێکخراوی خێرخوازی کەرکوک بەهاوبەشی لەگەڵ هۆبەی نەهێشتی مادە هۆشبەرەکان چەند خولێکی هۆشیارکردنەوەیان لەوبارەیەوە دەستپێکردووە کە بڕیارە سێ مانگ بەردەوامبێت.

وەفا محەمەد، لێپرسراوی رێکخراوی خێرخوازی کەرکوک وتی، "لەقوتابخانەو کۆلێژو وپەیمانگەکان خولەکان دەڵێینەوە دەربارەی زیانەکانی مادەی هۆشبەرو خۆپاراستن لەو مادەیەو چۆنێتی هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی لەنێو کۆمەڵگەدا".

وەفا ئەوەشی وت کە "هەستمان بەتەشەنەسندنی مادە هۆشبەرەکان کردووە، لەناو قوتابخانە و دەزگا ئەمنیەکاندا بۆیە دەبێت بەری پێبگیرێت و خەڵک لەو مەترسییە گەورەیە هۆشیار بکەینەوە".
هاوکات عەقید نەوزاد سەلاحەدین ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە "داواکارین بەڕێوەبەری پۆلیس و لێپرسراوەکان هاوکاربن بۆ بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە بەتایبەت لەسلکی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکانی تر".
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 21-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 916

## مافی مرۆڤ: زیاترلە 18%ی دانیشتوانی عیراق لەژێر هێڵی هەژارییەوەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013082422592689110

بەپێی راپۆرتێکی ناوەندی نیشتمانیی مافی مرۆڤ، کەسەر بەوەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقە، زیاتر لە18%ی دانیشتوانی عیراق لەژێر هێڵی هەژارییەوەن،کەدەکاتە (6.4) ملیۆن کەس و زۆربەیان گوندنشینەکانن.
بەغدا، ئاوێنەنیوز: بەگوێرەی بەیاننامەیەکی وەزارەتی ناوبراو کە ئەمڕۆ (شەممە) بڵاوبۆتەوە و وێنەیەکی دەست ئاوێنەنیوز کەوتووە، هاتووە، عیراق یەکێکە لەوڵاتە دەوڵەمەندەکان لەڕووی سامانی نەوتەوە بەڵام ئاستی خەرجیی تاک بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی هاوسێدا زۆر نزمە".
بەپێی ئەو راپۆرتە، ئامارەکان رووندەکەنەوە کە زیاتر لە (18%)ی دانیشتوانی عیراق لەژێر هێڵی هەژاریدا ژیان بەسەردەبەن و ژمارەیان نزیکەی (6.4) ملیۆن کەسە بەتایبەتیش لەگوندەکاندا".
راپۆرتەکەی ناوەندی نیشتمانیی مافی مرۆڤ چەند رێنمایی و راسپاردەیەکی پێشنیارکردووە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی هەژاران لەعیراق وەک "خوێندنی ئیلزامی قۆناغی ناوەندیش بگرێتەوە وەک لەوڵاتە شارستانییەکاندا پەیرەودەکرێت بەمەبەستی رەخساندنی دەرفەت لەبەردەم زۆرترین ژمارەی نێر و مێ بۆ بەردەوام بوون لەخوێندن."
هەروەها لەراسپاردەکانی دیکەی راپۆرتەکە "کۆمەککردنی ئەو کەسانەی توانای کارکردنیان نیە وەک کەمئەندامان و هەتیوان و بێوەژنان لەڕێی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و رێکخراوە مرۆییەکانەوە."
وێرای "ئامادەکردنی چەند پرۆژە یاسایەک دەربارەی رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەچوارچێوەی دەستوری عیراق و رێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکان کە عیراق ئەندامە تێیدا".
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 24-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 917

## مانگانە 141 ملیۆن دینار دەدرێت بەم شوێنانە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021313055884766



سۆران کەریم
بەپێی نووسراوێک کە لە 3-12-2014 بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕێکخراوەکانی سەربە وەزارەتی دارایی بۆ پەرلەمانی ناردووە، مانگانە بڕی 141 ملیۆن دینار بۆ حەوت شوێن خەرج دەکرێت، کە پێکهاتوون لە دەزگای سەردەم و چەند گۆڤارێک.
سۆران عومەر، پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی، لە پەیجی تایبەتی خۆی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی بڵاوکردووەتەوە، کە بە ئیمزای ڕێباز حەملان، وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم دەرچووە.
بەپێی نووسراوەکە، مانگانە بڕی 141 ملیۆن دینار بۆ هەریەک لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بە بڕی 100 ملیۆن دینار، گۆڤاری کلیل بە بڕی 3 ملیۆن دینار، گۆڤاری سلێمانی بە بڕی 4 ملیۆن دینار، کە ئەمانە هەموویان لە گەنجینەی سلێمانی ئە و پرە پارەیە وەردەگرن.
هەروەها بۆ چوار دەزگای پارێزگای دهۆک 34 ملیۆن دینار خەرج دەکرێت کە بریتین لە پەیامنێرانی دهۆک و دەزگای سپێرز بۆ چاپ و دوو دەزگای دیکە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-02-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 918

## مانگانە 250 ملیۆن جگەرە دەکێشرێت لە سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012909540369123

لە بازاڕی جگەرەفرۆشانی سلێمانی زیاتر لە 150 جۆر جگەرە هەیە، مانگانەش زیاتر لە 25 هەزار کارتۆن جگەرە دەفرۆشرێت، هەر کارتۆنێک 50 پارچە جگەرەی تێدایە، هەر پارچەیەکیش 10 پاکەت جگەر لەخۆ دەگرێت، لەهەر پاکەتێکیشدا 20 جگەرە هەیە، بەپێی ئەو ژمارانە مانگانە 250 ملیۆن جگەرە دەکێشرێت لە سلێمانی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 29-01-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💊تەندروستی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 919

## مانگانە زیاتر لە 2 تەن و 500 کیلۆ ئاڵتون دەهێنرێتە سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130425084638827
ئاماری نافەڕمی لە ساڵی 2013دا

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 920

## مانگی 1ی 2013، 403 منداڵ لە سۆران لەدایکبووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013021114271375718

سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی سۆران رایگەیاند، کە لە ماوەی مانگی رابردوودا لە سۆران (403) منداڵ لەدایکبوونە.
لەمبارەیەوە، کاروان هیوا بەرپرسی بەشی راگەیاندن لە نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی سۆران بە زاری کرمانجی راگەیاند، کە لە ماوەی مانگی رابردوودا لە سۆران (403) منداڵ لەدایکبوونە و لەو رێژەیە (180)یان کوڕبوونە و (223)یان کچبوونە و (10)یان دووانە بوونە و (75)یان بە نەشتەرگەری لەدایکبوونە و (9) شیان بە مردوویی لەدایکبوونە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 921

## محەمەدی حاجی مەحمود ئاماری شەهید و بریندارەکانی پێشمەرگەی ئاشکراکرد

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032720225385009

سکرتێری حیزبی سوسیالیست دیموکراتی کوردستان، ئاماری شەهید و بریندارەکانی رووبەروو بوونەوەکانی پێشمەرگەی لەگەڵ رێکخراوی تیرۆریستی داعشدا ئاشکراکردو رایگەیاند " نزیکەی هەزار و 100 پێشمەرگە لە ڕووبەڕوو بوونەوەکاندا شەهیدبوون و زیاتر لە شەش هەزار پێشمەرگەش بریندار و کەمئەندام بوون".
محەمەدی حاجی مەحموود سکرتێری حیزبی سوسیالیست دیموکراتی کوردستان، لە وتەیەکدا لە مەراسیمی رێزلێنانی شەهیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی رێکخراوی تیرۆریستی داعشدا، لە هەولێر رایگەیاند " لە ماوەی شەڕی رێکخراوی تیرۆریستی داعشدا، نزیکەی هەزار و 100 پێشمەرگە شەهیدبوون، زیاتر لە شەش هەزار پێشمەرگەش بریندار و کەمئەندام بوون و لەو چوارچێوەیەشدا، زیاتر لە سێ هەزار منداڵی کوردستان بێ باوک بوون".
وتیشی " قارەمانێتی پێشمەرگە وایکردووە زیاتر لە پەنجا وڵات هاوکاری کوردستان بکەن و پێشمەرگە ناوێکی پیرۆزەو شەونخوونی ئەوان بووەتە هۆی پاراستنی سنورەکانی هەرێمی کوردستان".
لەبارەی تواناکانی هێزی پێشمەرگەشەوە رایگەیاند " هێزەکانی پێشمەرگە رۆژ بە رۆژ لە پێشکەوتنی بەردەوامدان و رۆژانە شوێنی گرنگ لە دەست رێکخراوی تیرۆریستی داعش دەردەهێنن، پاراستنی دەستکەوتەکانیشمان بەبێ قوربانیدان ناکرێت."
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد " ئەمە یەکەم جارە کورد لە رووی سیاسییەوە سەربکەوێت، ئەم شەڕەش دۆستێکی زۆری بۆ کورد هێناوە و کورد سەرکەوتوو بووە لە رووی سیاسی و سەربازیشەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 922

## محەمەدی حاجی مەحمود: 150 هەزار دۆنم زەویمان گەڕاندووەتەوە سەر کەرکوک

http://www.kurdipedia.org/?q=20150311214566 6115

هۆگر کەمال
سکرتێری حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت، لە شەڕی کۆتاییاندا لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە سنوری کەرکوک، زیاتر لە 150 هەزار دۆنم زەوییان گەڕاندۆتەوە سەر کەرکوک.
محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حزبی سۆسیالستی کوردستان، لەمیانی بەشداریکردنی لە سێهەمین دیداری سلێمانی، بەخەندانی راگەیاند " ورەی پێشمەرگە لە ئێستادا زۆر بەرزە و ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، لە کۆتا شەڕدا زەرەرێکی زۆری بەرکەوت."
ئاشکراشیکرد: " لەم شەڕەی کۆتایدا لە سنوری کەرکوک، زیاتر لە 150 هەزار دۆنم زەویمان لە دەستی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش وەرگرتووەتەوەو خراوەتەوە سەر کەرکوک، ئەو زەوییانەش لە ساڵی (1930) یەوە کێشەی لەسەرە، شەڕی 9 ی ئازار تەنها شەڕی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش نەبووە، بەڵکو شەڕی گەڕاندنەوەی زەوی بوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان."
محەمەدی حاجی مەحمود، ئەوەشی خستەڕوو: "ئەمجارە ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ شەڕەکانی تردا، هێزەکانی پێشمەرگە زیانیان کەمتر بەرکەوتووەو نزیکەی نۆ شەهیدمان هەبوو، کە ئەویش زیاتر بەهۆی تەقینەوەوە بوو، بەڵام داعش زەرەرێکی زۆری بەرکەوت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-11


تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
شارەکان: 🔥کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 923

## ملیاردێرەکانی کوردستان چەند کەسن و سەرمایەکیانیان چەندن؟

http://www.kurdipedia.org/?q=20130604223817783 59



کۆمپانیاکانی نزیک لەهەردوو حزبی دەسەڵاتدار لەڕیزی پێشەوەی دەوڵەمەنترین بزنسەکانی کوردستانن کە سەرمایەکەیان ملیارێک دۆلاری تێپەڕاندوەو ژمارەیان بەپێی راپۆرتێکی فەرمی 30 ملیاردێرە .
بەشێکی زۆری ئەو ملیارێرانە لەدوای ساڵی 2013وە سەریان هەڵداوە، دوای ئەوەی یەکەم قۆناغی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، دواتر لە 2006دا یاسای وەبەرهێنان دەرفەتی زیاتری بۆ رەخساندن، یاسای نەوتو گازیش لە 2007دا ئەوەندەی تر هەنگاوەکانی بۆ کورت کردنەوە.
یاسین مەحمود وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بۆ هاوڵاتی ئاشکرا کرد (لەهەرێمی کوردستاندا 30 کەسو کۆمپانیا خاوەنی زیاتر لەملیارێک دۆلارنو 10 هەزارو 800 کەسیش خاوەنی سەرو پێنج ملیۆن دۆلار دەبن.(
هەروەها ئەوەشی خستەڕوو (تەنها لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنو شارەوانیو گەشتوگوزارو دەستەی وەبەرهێنانو وەزارەتی بازرگانیدا بەبەهای 35 ملیار دۆلار مۆڵەت دراوە لەماوەی 2003 بۆ کۆتایی 2012.(
وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد کە پرۆسەی ئازادی عێراق واقعێکی هێناوەتە پێشەوە کە هەندێ کەس ئەو کاتەیان بەفرسەت زانی بۆ کڕینەوەی سەدان دۆنم زەوی لەشوێنی ستراتیژیداو دواتر فرۆشتیانەوە بەقازانجێکی زۆر.
گروپی فاروق کە لەلایەن فاروق مەلا مستەفا خاوەندارێتی دەکرێت، یەکێکە لەگەورەترین کۆمپانیاکانی عێراقو هەرێمی کوردستان، ئەم گروپە چەندین پرۆژەی گەورەی لەهەرێمی کوردستاندا بنیاتناوە، کە یەکێک لەپرۆژە گەورەکانی کۆمپانیای ئاسیاسێڵە بۆ گەیاندن.
کۆمپانیای ئەڵتای فەرەنسی بۆ توێژینەوەی بەبازاڕکردن لەساڵی 2012دا رایگەیاند کە ئاسیاسێڵ براندی بازرگانیی یەکەمە لەعێراقدا.
دواتریش کۆمپانیای ئاسیاسێڵ بەڕەسمی رایگەیاند (25% پشەکانی بەبەهای یەک ملیارو 220 ملیۆن دۆلار فرۆشراوە(. بەم پێیەش سەرمایەی ئەو کۆمپانیایە بەلایەنی کەمەوە چوار ملیارو 880 ملیۆن دۆلار بوە ساڵیک لەمەوبەر.
هاوکات گروپی فاروق خاوەندارێتی هەریەکە لەپرۆژەکانی شاری جوان بەسەرمایەی 400 ملیۆن دۆلارو هۆتێڵ بەرانانو سەنتەری پزیشکی فاروق دەکات.
محەمەد کەریم، ئەندامی مونتەدای ئابوری کوردستان بەهاوڵاتی وت (هەموو ئەوانەی سەرمایەدارنو گەشتونەتە ملیار دۆلار، یان هی حزبە یان ئەشخاسی ناو حزبە، یان کەسێک بەڕەمزی سەرپەرشتی کۆمپانیاکە دەکاتو چەند کەسێکی حزبی لەپشتەوەیە، چونکە تاکە کەس نیە بتوانێت بگاتە ملیاردێر بەبێ پشتیوانی حزبو ئەشخاسەکانی.(
ویشی (دوای فۆرشتنی بەرهەمە نەوتیەکان، سەدان کەس بەهۆی نەوتەوە بونەتە ملیۆنێرو ملیاردێر.(
گروپی کۆمپانیای 77 یەکێکی ترە لەکۆمپانیا زەبەلاحەکانی عێراقو هەرێمی کوردستان، ئەم گروپە لەلایەن هێرش خۆشناو و نیهاد بارزانی برای سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەندارێتی دەکرێت. کە هاوکات نیهاد بارزانی خاوەندارێتی کۆمپانیای کۆرەک تلیکۆم-یش دەکات.
هێرش خۆشناو بەڕێوەبەری جێبەجێکاری گروپی 77 گومانی لەوە هەیە لەهەرێمدا 30 ملیاردێر هەبێت، (چونکە 30 ملیار درێرمان نیە، ئەگەر هەبێت ئەوە هی پارتیو لایەنەکانو هی تاکە شەخس نین.(
ناوبراو پرواى خۆی نیشاندا بەوەی لەهەرێمی کوردستاندا تاکە کەسەکان کە سەرمایەداری گەورەبن نەگەشتونەتە 10 ملیاردێر.

ئاشكراكردنی ناوی ئەم كۆمپانیا زەبەلاحانەی كە سەرمایەی زەبەلەحیان
پێكەوە ناوە لەكاتێكدا كە گومانێكی زۆر هەیە لەوەی لیستە
ئاشكراكراوەكە ناوی هەموو دەوڵەمەندەكانی كوردستانی لەخۆگرتبێت،
بەوپێیەی كەسانێكی زۆرهەن سەرمایەكانیان ئاشكرا نیە لای یەكێتی
وەبەرهێنان.
بەڕێوەبەری جێبەجێكاری گروپی 77 بەهاوڵاتی وت (گروپی كۆمپانیاكانمان
لەماوەی 10 ساڵی رابردودا بەبەهای یەك ملیارو 500 ملیۆن دۆلار كاریان
كردوەو خاوەنی 250 ملیۆن دۆلار پارەی كاش دەبن). بەڵام گروپەكەیان
بەملیاردێر نازانێت.
وتەبێژی یەكێتی وەبەرهێنەرانیش جەختی لەوەكردەوە كە لەناو
ملیاردێرەكانی هەرێمی كوردستاندا (كۆمپانیای حزبی وەكو گروپی
كۆمپانیاكانی نۆكانی سەر بەیەكێتیو گروپی كۆمپانیاكانی زاگرۆسی سەر
بەپارتی بونەتە خاوەنی زیاتر لەملیارێك دۆلار.(
رۆژنامەی هاوڵاتی لیستێكی دەستەی وەبەرهێنانی حكومەتی هەرێمی
دەستكەوتوە، كە تیایدا ناوی زیاتر لە 550 كۆمپانیای لەخۆگرتوە، كە
سەرمایەكانیان لەملیۆنێك دۆلار زیاترەو بەكۆی گشتیان خاوەنی 28
ملیارو 278 ملیۆن دۆلارن.
بەپێی ئامارەكانی دەستەی وەبەرهێنان سەرمایەی پرۆژەكانی كۆمپانیای
ماس چەند ملیار دۆلارێكی تێپەڕاندوە، كە هەریەكە لەكارگەی ئاسنی
ماس بەسەرمایەی یەك ملیارو 78 ملیۆن دۆلارو ویستگەی كارەبای غازی
دهۆك بە سەرمایەی یەك ملیار دۆلار، ئەوە جگە لەویستگەكانی كارەبا
لەهەولێرو سلێمانیو كۆمپانیای بەرهەمهێنانی سەمادی كیمیایی.
كۆمپانیای ماس لەلایەن ئەحمەد ئیسماعیل خاوەندارێتی دەكرێت، كە
یەكێكە لەسەرمایەدارە گەورەكانی عێراقو هەرێمی كوردستان.
هەر بەپێی ئامارەكانی دەستەی وەبەرهێنان (كۆمپانیای كار كە لەلایەن
شێخ باز خاوەندارێتی دەكرێت، سەرمایەی یەكێك لەپرۆژەكانی كە
ویستگەی بەرهەمهێنانی كارەبایە لەخۆرمەلە یەك ملیارو 207 ملیۆنو
299 دۆلارە.)
یاسین مەحمود دەڵێت (وەبەرهێنەر هەبوە لەماوەی یەك ساڵدا 50
ملیۆن دۆلار قازانجی كردووە، لەهەندێك بواریشدا قۆرخكاری كراوە.)
وتەبێژی یەكێتی وەبەرهێنەران وتی (بازرگانی جگەرە ئیحتكار كراوە،
ملیۆن نێر هەیە وەكیلی یەك ماركەی جگەرەیە دەیان ملیۆن دۆلار
قازانجی كردوە، تەنانەت لەناو ئەو دەوڵەمەندانەدا تێدایە بەناشەرعی
پارەی دەستكەوتوە(، بەڵام ناوی هیچ كۆمپانیاو كەسێكی نەهێنا كە
بەوشێوەیە دەوڵەمەندبون.
ئامارەكانی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێم ئەوەش دەخەنەڕوو كە
سەرمایەی پرۆژەی ماسس سیتی كە لەلایەن كۆمپانیا ماسس ئەلعیراق
خاوەندارێتی دەكرێت زیاتر لەدوو ملیارو 137 ملیۆن دۆلارە، هەروەها
كۆمپانیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرمایەكەی تەنها لەهەردوو پرۆژەی
بازاڕی هاوچەرخی هەولێرو دریم سیتی یەك ملیارو 300 ملیۆن دۆلارە.
دارا جەلیل خەیات، سەرۆكی ژورە بازرگانیەكانی هەرێمی كوردستان
یەكێكی ترە لەسەرمایەدارەكانی هەولێرو رەتیدەكاتەوە كە هیچ
زانیاریەكی لەسەر ژمارەی ملیاردێرو ملیۆنێرەكانی كوردستان هەبێت.
جەلیل خەیات بەهاوڵاتی وت (هیچ دیراسەیەكی ورد نیە ئەو ژمارە
زۆرەی دەوڵەمەندەكان هەبێت، ئەگەر بونیشی هەبێت ئاگادارنیم، چونكە
هەموو ئەوانەی لەژورە بازرگانیەكانی كوردستان كار دەكەن نەگەشتونەتە
ملیاردێرو زیاتر لەپێنج ملیۆن دۆلار.(
ئەم وتانەی سەرۆكی ژورە بازرگانیەكانی هەرێم ئەوە دەسەلمێنێت كە
ملیاردێرەكانی هەرێم نایانەوێت سەرمایەكانیان ئاشكرا بێت، هەر

بۆیەش لەژورە بازرگانیو پیشەسازیەکان تۆماری ناکەن.
وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران جەخت لەوەدەکاتەوە (ئەگەر هەرێمی کوردستان وەک وڵاتانی ئەوروپی بوایە، سامانی هەموو دەوڵەمەندەکان ئاشکرا دەکران، بەڵام لەکوردستاندا بەقورسی دادەنێن.(
وتیشی)ڕێکخراوەکان لەئەوروپاو ئەمەریکا ناوی دەوڵەمەندەکان بڵاودەکاتەوە لەجیهاندا، بەڵام لەکوردستاندا تەنها لەڕێگەی سەروەتو موڵکەکانیانەوە گەشتونەتە ئەو ئەنجامە.)
سەرچاوە: ڕۆژنامەی هاوڵاتی

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 924

## ملیۆنێک و 300 هەزار ئۆتۆمبێل لە کوردستان دەکوژێندرێنەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060509403285486

مەحموود یاسین کوردی، سیداد لەشکری
ڕووداو- هەولێر
بڕیارە ڕۆژی هەینی 5-6-2015، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژینگە لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان، بە ئامانجی پاراستنی ژینگە لە پیسبوون ئۆتۆمبێلەکان بۆ ماوەی دوو خولەک بکوژێندرێنەوە.
فازل حاجی حوسێن، گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند " وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی ئەنجوومەنی باڵای ژینگەی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی هەینی کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی ژینگە، بۆماوەی دوو خولەک سەرجەم ئۆتۆمبێلەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەکوژێندرێنەوە."
ئەم کارە بە ئامانجی پاراستنی ژینگەیە لە پیسبوون بەهۆی ئۆتۆمبێلەوە، ئەویش وەک پەیامێک بۆئەوەی هەموو لایەک ئاگاداربن کە ئەو ئۆتۆمبێلانەی بە سووتەمەنی کاردەکەن، هۆکارێکن بۆ پیسبوونی ژینگە. گوتەبێژی هاتووچۆی هەولێر داواشی لە هاونیشتمانییانی هەرێمی کوردستان کرد، هاوکاری پۆلیسی هاتووچۆ بکەن و لەو وادەیەی کە دیاریکراوە، ئۆتۆمبێلەکانیان بکوژێننەوە .
کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە 15ی کانوونی یەکەمی 1972، بڕیاریدا ڕۆژی 5 ی حوزەیرانی هەموو ساڵێک بکاتە ڕۆژی جیهانی ژینگە لە سەرتاسەری جیهان، لەوکاتیشەوە تاوەکو ئێستا بە چەندین چالاکی ئەو مەراسیمە دەکرێتەوە.
لوقمان شێروانی، گوتەبێژی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان بە تۆڕی میدیایی ڕووداو گوت " بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژینگە ئەنجوومەنی پاراستنی ژینگە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان، سبەی هەینی بۆماوەی خوولەکێک یان دوو خولەک لە سەرجەم ترافیکەکانی کوردستان ئۆتۆمبێلەکان دەکوژێندرێنەوە، ئەمەش بۆئەوەی سووتەمەنی نەسووتێندرێت و بۆ ماوەیەکی کەم ژینگەی کوردستان پاک و خاوێن بێت."
لوقمان شێروانی گوتیشی:" ئەو بەشدارییە شتێکی ڕەمزییە، بەڵام بایەخ و گرنگی زۆر هەیە، چونکە ئەگەر ملیۆنێک و 300 هەزار ئۆتۆمبێلی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی دوو خوولەک کارنەکەن، ئەوا خزمەتێکی گەورە بە ژینگەی کوردستان دەکات، پێویستە خوشک و برا شۆفێرەکان ئۆتۆمبێلەکانیان بکوژێنەوە نەک ڕایبگرن، چونکە ئەگەر ڕایبگرن و نەیکوژێننەوە، سوودی نییە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 04-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🖋تەندروستی

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 925

## موچەی یەک مانگی وەزارەتی ناوخۆ زیاترە لەموچەی 19 وەزارەت و دەستە

[http://www.kurdipedia.org/?q=2014071713115077031](http://www.kurdipedia.org/?q=2014071713115077031)

موچەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە موچەی 19 وەزارەت و دەستەو فەرمانگە زیاترەو بۆ هەر مانگێک پری 150 ملیار دینار موچەی ئەو وەزارەتەیە .
ئاوێنەنیوز، هەولێر: وەزارەتی دارایی لەرونکردنەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەدات دەبوو وەزارەتی ناوخۆ دووەم وەزارەت بوایە موچەی مانگی حوزەیرانی وەربگرتایە، بەڵام بەهۆی زۆری موچەکەیانەوە ئەوە نەکراوە.
لەو رونکردنەوەدا هاتووە "دوای بڵاو کردنەوەی خشتەی دابەشکردنی موچەی مانگی حوزەیرانی ئەو وەزارەت و دەستانەی ڕامان گەیاندبوو، دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین کە دەبوایە وەزارەتی ناوەخۆ لە ڕیزبەندی دووەم بوایە لە دوای وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ موچەی مانگانەیان (150) ملیار دینار دەبێت، وە بەهۆی دابین نەکردنی ئەو پڕە پارەیەوە تەنها توانرا موچەی ئەو وەزارت و دەستانە دابەشبکرێت". کەپێشتر وەزارەتی دارایی رایگەیاندبوو رۆژی شەممە موچەیان پێدەدات .
بەم پێیەش بێت تەنها موچەی وەزارەتی ناوخۆ بۆیەک مانگ زیاترە لەموچەی 19 وەزارەت و دەستەو فەرمانگەوە.
بەهەموو"دەزگای گشتی ئاسایش، ئەنجومەنی ئاسایش، وەزارەتەکانی، پلان دانان، شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، بازرگانی و پیشەسازی، ئەوقاف و کاروباری ئاینی، داد، گواستنەوە و گەیاندن، کارو باری کۆمەڵایەتی، ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێبوون، رۆشنبیری و لاوان، دارایی و ئابووری، سامانە سروشتیەکان" دەستەکانی "مافی مرۆڤ، وەبەرهێنان، دەستپاکی، ژینگە، لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی و ناوچە کوردستانی یەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئەنجومەنی دادوەری."
موچەی مانگانەیان 98 ملیار دینارە لەکاتێکدا موچەی وەزارەتی ناوخۆ 150 ملیار دینارە .
وەزارەتی دارایی هەرێم راشیگەیاندووە لەهەوڵی جدی دایە لە ڕێگەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە موچەی ئەو وەزارەتانەی کە ئاماژەمان پێ نەکردبوو بۆیان دابین بکرێت، تا بتوانرێت پێش جەژن موچەکانیان وەربگرن،
مانگانە موچەی گشت فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرەکەی دەگاتە (850) ملیار دینارو بۆ مانگی حوزەیرانیش تەنها موچەی وەزارەتی پێشمەرگە دراوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 17-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 926

## موسڵ.. لە ماوەی ئەمساڵدا 714 کەس کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20131231163111869998

خەندان رەهێل سەمەد
بەگوێرەی ئامارێک لە ماوەی ساڵی 2013، لە سنوری پارێزگای موسڵ 714 کەس بەهۆی کردەوە توندوتیژییەکانەوە کوژراون، لە و ژمارەیەشدا 103 یان کوردن.
سەعید مەموزینی، کارگێری لقی 14ی پارتی لە موسڵ بە خەندانی راگەیاند: ساڵی 2013 ساڵێکی خوێناوی بوو بۆ پارێزگای موسڵ، بە جۆرێک لە ماوەی ئەمساڵدا 714 کەس لەچین و توێژەکانی ئە و پارێزگایە بە رووداوەکانی توندوتیژی و کاری "تیرۆرست"ی کوژراون.
سەعید مەمووزینی وتیشی: "لە و ژمارەیەی لە ماوەی ئەمساڵ کوژراون 103 کوردن، هاوکات شەش رۆژنامەنوس و سێ دکتۆر و دوو ئەندازیار و فرۆکەوانێک لە نێو ئە و کوژراوانەدان، ئاماژە بەوەشدەکات رێژەی کوژراوان زیاترە لە ساڵی رابردوو."
هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرابوو هۆکارەکانی توندوتیژیەکانی ئە و پارێزگایە بۆ زیادبوونی چالاکی "تیرۆرستان" بەتایبەتی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام دەگەڕێتەوە، کە بەهۆی بارودۆخی سوریا رێژەیان لەناوچەکە زیاتر بوە.
هەوەک باس دەکارێت نەبوونی خزمەتگوزاری و کەمتەرخەمیەکانی حکومەتی فیدراڵ لەرووی باشکردنی بارودۆخی ئەمنی چەند هۆکارێکی ترن، وایکردەوە کردەوە "تیرۆرست"یەکان لە موسڵ زیاتر بێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-31

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 927

## موسڵ، دوو کوردی شەبەک کوژران

http://www.kurdipedia.org/?q=20140207165835928886

خەندان - رەهێل سەمەد
دوای نیوەڕۆی ئەمرۆ هەینی 7ی شوباتی 2014 لە شاری موسڵ تەقە لە دوو کوردی شەبەک کرا و هەردووکیان گیانیان لەدەستدا، بەمەش لە ساڵی 2003ەوە تائێستا هەزار و 310 کوردی شەبەک ە و شارە کوژراون.
سەعید مەموزینی کارگێری لقی 14ی پارتی لەموسڵ بە خەندانی راگەیاند: دوای نیوەڕۆی ئەمرۆ هەینی لە بازاڕی (نەبی یونس) لەشاری موسڵ، تەقە لە دوو کوردی شەبەک کرا لە ئەنجامدا هەردووکیان گیانیان لەدەستدا.
سەعید مەموزینی وتیشی: بە کوشتنی ئە و دوو کەسە، ژمارەی ئە و کوردە شەبەکانەی لەساڵی 2003 ەوە کوژراون دەگاتە هەزار و 310 کەس.
کارگێرەکەی لقی 14ی پارتی راشیگەیاند: بە ئامانجکردنی کوردانی شەبەک دەگەڕێتەوە بۆ شیعەبوون و کوردبوونیان، کە ژمارەیان لە پارێزگای موسڵ دەگاتە 400 هەزار کەس.
جگەلە کوشتن، سەدان کوردی شەبەکی دیکەش لە شوێنەکانی خۆیان دەرکراون و روویان لەناوچەکانی دەوروبەری شارەکە و هەرێمی کوردستان کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-02-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| شارەکان: | موسڵ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 928

## موسڵ، لەماوەی یەک هەفتە سێ کوردی شەبەک کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=201401121203086707

خەندان- رەهێل سەمەد
لە ماوەی هەفتەیەک سێ کوردی شەبەک لە پارێزگای موسڵ دەکوژرێن و بەرپرسێکی حزبیش رایدەگەیەنێت کورد بوون و شیعە بوونیان هۆکاری سەرەکیە بۆ تیرۆرکردنی کوردانی شەبەکە.
سەعید مەموزینی کارگێری لقی 14ی پارتی لە موسڵ بەخەندانی راگەیاند: ئێوارەی ئەمرۆ(12ی کانونی دووەمی 2014) لەناوچەی (سوق الغنم)شاری موسڵ کوردێکی شەبەک بەدەمانچەی بێدەنگ دەکوژرێت.
وتیشی: لەماوەی یەک هەفتەی رابردوو سێ کوردی شەبەک بەمجۆرە دەکوژرێن، کە هۆکاری سەرەکی ئەو تیرۆرکردنە بۆ کوردن و شیعە بوونیان دەگەرێتەوە.
سەعید مەموزینی راشیگەیاند: لەسنوری پارێزگای موسڵ زیاتر لە 400 هەزار کوردی شەبەک هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی پارێزگاکە بەشێکی زۆریان ناوشاریان جێهێشتوە و روویان لە ناوچە ئارامەکانی دەوروبەری موسڵ یان شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە.
کارگێرەکەی لقی 14ی پارتی لە موسڵ ئەوەشی خستەروو: هەر ئەمرۆ لە رۆژئاوای شاری موسڵ لەئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێک حەوت سەربازی سوپای عێراق برینداربوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 12-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 929

## میترۆ ئاماری پێشێلکارییەکان بەرامبەر رۆژنامەنووسان بڵاو دەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011511002386683



خەندان هۆگر کەمال
سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی کردن لە مافی رۆژنامەنووسان رایدەگەیەنێت، لە ساڵی 2013 دا 193 پێشێلکاری بەرامبەر بە 167 رۆژنامەنووس لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا کراوە، پێشێلکارییەکانیش خۆیان لە هەڕەشەی کوشتن و هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی کەرەسەی رۆژنامەوانی و رێگریکردن لە کاری رۆژنامەوانی و لێدان بووە.
بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەنووسان و رێکخراوەکانی مەدەنی و عەمید حەسەن نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی، لە هۆڵی هۆتێل تایتانیک لە سلێمانی، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان ئاماری پێشێلکارییەکانی ساڵی 2013ی سەر رۆژنامەنووسانی بڵاو کردەوە.
لە و کۆنگرەیەدا کە هەریەکە لە رەحمان غەریب، رێکخەری گشتی سەنتەری میترۆ و ئاوات عەلی لە سەنتەری میترۆ، ئامارەکە خوێندرایەوە.
بەپێی ئامارەکەی میترۆ کە لەلایەن تیمەکانی خۆیەوە لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم ئامادەکراوە، ساڵی 2013 لە هەرێمی کوردستان 193 حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر بە 167 رۆژنامەنووس لە هەرێم لە کوردستان

تۆمارکراوە.
لە بارەی جۆری پێشێلکارییەکانەوە، ئامارەکە ئاماژەی بەوەداوە: هەر لە هەڕەشە لێکردن و ڕێگری کردن لە کاری ڕۆژنامەوانی و شکاندی کەرەسەی ڕۆژنامەوانی و هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی کەرەسەی ڕۆژنامەوانی و لێدان و چەندین پێشێلکاری دیکەی تێدایە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 15-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 930

## میسر قەبارەی بازرگانی خۆی لەگەڵ هەرێم ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140607150532100640

کۆنسوڵی گشتیی میسر لە هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، قەبارەی ئالوگۆڕی بازرگانیی نێوان وڵاتەکەی و هەرێمی کوردستان لە نێوان 70 تا 100 ملیۆن دۆلارە، ئەم رێژەیەش قابیلی زیادبوونە بۆ دوو بەرامبەر.
بەپێی هەواڵێکی سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سلێمان عوسمان کۆنسوڵی گشتیی میسر لە هەرێمی کوردستان رایگەیاندوە، بۆ ئەمساڵ ئالوگۆڕی میسر و هەرێمی کوردستان دوو بەرامبەر زیاد دەبێت، ئەویش ئەگەر ئە و پرۆژە و رێککەوتنانەی پلانیان بۆ داڕێژراوە جێبەجێ بکرێن.
ئە و لێدوانەی کۆنسوڵ لەمیانەی ڕێورەسمی شەست و دووەمین ساڵیادی رۆژی نیشتمانی میسر هات، کە لە 4ی یونیۆ لە هۆڵی هوتێل رۆتانا لە پایەتختی هەرێم بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی حکومی و ئەندامانی سلکی دیپلۆماسی میسری و ژمارەیەکی زۆری رەوەندی میسری لە هەرێم بەڕێوەچوو.
کونسوڵی میسر ئەوەشی خستەڕوو: ئێستا هەوڵی جیدی لە ئارادان بۆ بە یاساییکردنی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان هەردوولا لە بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی، ئەمەش جگە لە ئیمزاکردنی چەندین گرێبەستی تایبەت بە پرۆژەی بازرگانی لە نێوان هەرێم و میسر.
ئەوەشیخستەڕوو: کەشوهەوای ئارام و سەقامگیر لە هەرێم، هانی کۆمپانیای فرۆکەوانی میسری دا کە لە هەر هەفتەیەکدا چوار گەشتی ئاسمانی لە نێوان هەولێر و قاهیرە بەڕێوە بات.
راشیگەیاند: وڵاتەکەی خەریکی کارکردنە بۆ لابردنی هەموو ئە و تەگەرانەی کە ڕێگە لە ئالوگۆڕی گەشتوگوزاری دەگرن بەتایبەتی لەبارەی چوونی گەشتیارانی کورد بۆ میسر و هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە باڵاکان و کۆمپانیاکانی گەشتوگوزاری لەمبارەیەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 07-06-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 931

## مین زیاتر لە 14 هەزار هاوڵاتی هەرێم دەکاتە قوربانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20150601100626854 38

رۆژنیوز- زاهیر ئیبراهیم

له هەرێمی کوردستان تا ئێستا بەهۆی مین و تەقەمەنیەوە زیاتر لە 14 هەزار هاوڵاتی بوونەتە قوربانی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی دەزگای مینیش ڕایدەگەیەنیت: لەو ژمارەیە کە 105 کەسیان کارمەندی دەزگاکانی مین بوون. زێبار خالید، بەرپرسی راگەیاندنی دەزگای گشتی کاروباری مین بە رۆژنیوزی ڕاگەیاند:" لە دوای ساڵی 1991 ژمارەیەکی زۆری رێکخراو و دەزگای تایبەت بە نەهێشتن و لەناوبردنی مین کاری پاککردنەوە یان کردووە و تائێستاش لەکوردستان ڕووبەرێکی زۆری زەویان پاککردووەتەوە. بەرپرسی راگەیاندنی دەزگای مین، وتیشی:" دەیان کارمەندی دەزگای مین لەکاتی کارکردندا گیان یان لەدەستداوە یان کەم ئەندام بوون و بەهۆی پاککردنەوەی ناوچەکانی ژێردەستی داعشیش، ژمارەیەک کارمەند برینداربوون و ژمارەیەکی تریش شەهیدبوون." زێبارخالید، راشیگەیاند:" لە ساڵی 1991 تا ئێستا 25 کارمەندی دەزگای مین شەهیدبوون و80 کارمەندی ترکەم ئەندام بوون، هەروەها 14هەزارهاوڵاتیش بەرمین کەوتوون و بوونەتەقوربانی و زیانی ماددیش بەرگوندنشینان کەوتووە." بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دەزگای مین کە لە ساڵانی 2004-2006 کراوە دەرکەوتووە لە هەرێمی کوردستان سێ هەزار و 24 ناوچەی مەترسیدار و گومان لێکراو هەیە و لە کۆی رووبەری هەرێمی کوردستانیش نزیکەی 776 کم دووجا بەمین و تەقەمەنی چێندراوە. رژێمی بەعس لە سەرەتای سەرهەڵدانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران دەستی کردبە مین رێژکردنی سنورەکانی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی، بەپێی ئامارە نافەرمیەکانیش لە قۆناغی یەکەم دا حکومەتی عێراق زیاتر لە 22 ملیۆن مین-ی چاندووە و تائێستاش دەیان کێڵگەی ترلە هەرێمی کوردستان ماوە و پاک نەکراوەتەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 932

## مین و بۆمبی چێنراو ئەم ژمارە خەڵکەی شەهید کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150101115200118591

بەهۆی هاتنی داعش و چاندنی بۆمبەوە ژمارەیەک هاوڵاتی و هێزەکانی پێشمەرگە بوونەتە قوربانی و شەهید و بریندار بوون، لەدوای راپەڕینیشەوە زیاتر لە 14 هەزار کەس بەهۆی مین و تەقەمەنییەوە بوونەتە قوربانی کە بەشێکیان گیانیان لەدەستداوە.
ئاکۆ عەزیز، بەڕێوەبەری هوشیاری مین لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر بە خەندانی راگەیاند: "لە سەرەتای ساڵ تا کۆتای 2014 زیاتر لە 35 کەس لە هاوڵاتی و هێزەکانی پێشمەرگە بەهۆی مین و تەقەمەنی و بۆمبی چێنراوەوە کە لەلایەن داعشەوە دانراون گیانیان لەدەستداوە."
راشیگەیاند: "پێشتر قوربانیانی مین و تەقەمەنی تەنیا بەهۆی ئە و پاشماوەی مین و تەقەمەنیانەوە بوو کە لەلایەن رژێمی پێشووی بەعسەوە دانرابوون، بەڵام ئێستا ئەوانەی داعش لە ناوچە تازە ئازادکراوەکان دەیانچێنێت زیانەکانی زۆرترن."
لەبارەی ئاماری گشتی قوربانیانی مینەوە وتی: "لەدوای راپەڕینەوە بەشێوەیەکی گشتی زیاتر لە 14 هەزار هاوڵاتی بوونەتە قوربانی مین و تەقەمەنی و بەشێکیان گیانیان لەدەستداوە و بەشێکی دیکەیان بریندار بوون."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 933

# مەترسییەکی گەورە لەسەر سلێمانی ئاشکرا دەبێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112421282278042

هێرش ئەحمەد :SNN

سێ دەزگای ناوخۆو نێودەوڵەتی مەترسییەکی گەورە لەسەر پارێزگای سلێمانی ئاشکرادەکەن و ڕایدەگەیەنن، ئەگەر بەمشێوازەی ئێستا پڕوات، سلێمانی دەبێتە بچوکترین پارێزگای عیراق.

دەستەی پلاندانانی عیراق و وەزارەتی پلاندانانی هەرێم بەهاوکاری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی وردیان لەبارەی ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی زۆربوون و کەمبوونەوەی خێزانەکان کردووەو دەرکەوتووە، سلێمانی بەپێچەوانەی هەولێرو دهۆک و پارێزگاکانی دیکەی عیراقەوە، کەمترین ڕێژەی زیادبوونی تێدایە.

ئەحمەدی حاجی ڕەشید ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کە شیکردنەوەیەکی وردی بۆ ئەو زانیاریانە کردووە، لەلێدوانێکدا بۆ SNN ئاماژەی بەوەدا، ئەو لێکۆڵینەوەیە زۆر پڕواپێکراوە، چونکە دوو دەزگای ناوخۆو دەزگایەکی نێودەوڵەتی بەشدارییان تێداکردووە.

باسی لەوەشکرد، بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە، سلێمانی لەمەترسییەکی گەورەدایە لەڕووی ژمارەی زیادبوونەوە، چونکە کەمترین زیادبوون لەو پارێزگایەدا هەیە بەبەراورد بەهەولێرو دهۆک، "تەنانەت سلێمانی لەناو سەرجەم 18 پارێزگاکەی عیراقدا، بە یەکەم پارێزگا دێت لەڕووی بچوکی قەبارە، یان ژمارەی خێزانییەوە، کە ڕێژەکەی (4.9)یە."

وتیشی:" ئەم بچوکی قەبارەی خێزانە کە وادەکات بۆ ئایندەیەکی مامناوەند یان ئایندەیەکی درێژ، پارێزگای سلێمانی لەڕووی سەرژمێرییەوە، ببێتە پارێزگایەکی بچوک و دواکەوتوو لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە."

ئەو پەرلەمانتارە کوردە جەختی لەوەشکردەوە، ئەو مەترسییەی کە لەسەر سلێمانی دروستدەبێت، وادەکات دەستی کار لەشارەکەدا کەم ببێتەوەو سلێمانی زیاتر پەنا بۆ دەستی کاری دەرەکی ببات.

لەلێکۆڵینەوەی ئەو سێ دەزگایەدا ئاماژە بەهۆکارەکانی زیادنەبوونی ژمارەی دانیشتووان و بچوکی قەبارەی خێزان لە سلێمانی کراوە، ئەوەش ڕوونکراوەتەوە، خەرجیی مانگانەی یەک کەس لەسلێمانیدا (317) هەزار دینارە، هەروەها خەرجیی خێزانێکی دوو کەسییش دەگاتە 600 هەزار دینار لە مانگێکدا، لەکاتێکدا خەرجی مانگێکی هاوڵاتییەک لە پارێزگایەکی وەک زیقار ناگاتە (90) هەزار دینار.

لەو ڕووەشەوە پەرلەمانتارەکە وتی:" ئەو هۆکارە وایکردووە زۆربەی خێزانەکانی سلێمانی ئێستا لە 4 کەس زیاتر نەبن، ئەگەر زۆر زیادبکات لە 5 کەس تێناپەڕن، کە ئەمەش مەترسییەکی جدیی و گەورەیە لەسەر ڕێژەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە."

باس لەوەشکراوە، کە ژمارەی مامناوەندی خێزان لەپارێزگای هەولێر 6 کەسی تێپەڕاندووەو لەدهۆکیش زیاترە لە 7 کەس، لەکاتێکدا لەزۆربەی پارێزگاکانی عیراق ژمارەو قەبارەی خێزان لەنێوان 9 بۆ 11 کەسە.

ئەحمەدی حاجی ڕەشید ئاشکرایکرد، لەساڵی 2005دا ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ملیۆنێک و 500 هەزار کەس بووە، ئەوکات پارێزگای نەینەواش ملیۆنێک و 900 هەزار کەس بووە، بەڵام ئێستا سلێمانی بۆتە ملیۆنێک و 935 هەزار کەس و نەینەواش بۆتە 2 ملیۆن و 700 هەزار کەس، ئەمەش دەریدەخات هەموو پارێزگاکانی دیکە، لەسلێمانی زیاتر گەشە دەکەن لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە.

لەلێکۆڵینەوەکەدا جەخت لەسەر ئەوەشکراوەتەوە، پارێزگای زیقارو سلێمانی بەراورد کراوە، لەپارێزگای زیقار تاکێک بۆ یەک مانگ پێویستی بە 90 هەزار دینارە، بەڵام سلێمانی بەرزترین ڕێژەی هەیە کە 317 هەزار دینارە، ئەمەش ئەوە دەردەخات مانگانە تاکێک لەسلێمانی چوار ئەوەندەی کەسێک لەزیقار خەرجدەکات.

بەوتەی پەرلەمانتارە کوردەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، ئەوڕاستیانە دەریدەخات بەو خەرجییە زۆرەی مانگانەو بە بچوکبوونەوەی ژمارەی خێزانەکان، لەئایندەدا سلێمانی دەبێتە بچوکترین پارێزگای عیراق و هەرێمی کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 934
## نارێکییەکانی دەنگدەرانی سلێمانی لەگەڵ هەولێر و دهۆک بەئامار
http://www.kurdipedia.org/?q=2013070109274589719
پەرلەمانتاری یەکێتی، گەشە دارا حەفید، رایدەگەیەنێت 94 هەزار ناوی دەنگدەر لەنێوان ناوچە جێناکۆکەکان و هەرێم دوبارە بوەتەوە و بەئامارێش دەیخاتەڕوو "ژمارەی لەدایکبون لەسلێمانی کەمترو مردن زیاترە بەبەراورد بەپارێزگاکانی هەولێرو دهۆک؟."!
ئاوێنەنیوز: لەمیانەی وتارێکدا لەبارەی نامەی کومسیۆنی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتاری یەکێتی، گەشە دارا حەفید، رەخنە لە وەڵامەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق دەگرێت کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە و جەغت لەوەدەکاتەوە "هیچ کارێکی زیادەو گۆرینی نایاسایی لەتۆماری ناوی دەنگدەران روینەداوە."
ئەم پەرلەمانتارە پرسیاری ئەوەش لەکۆمسیۆن دەکات "ئایا کۆمسیۆن چارەسەری لیستی ئەو 94 هەزار ناوەی کردوە کە دوبارە بونەتەوە لەنێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەداپڕاوەکان؟ و دەڵێت "ناووساڵی لەدایکبونی زیاتر لەنەوەدو چوار هەزار کەس دوبارە بۆتەوە، لەگەڵ ناوو ساڵی لەدایک بونی دانیشتوانی موسڵ و کەرکوک کە لەچوارچێوەی ماددەی 140 دا گواستراونەتەوە .
هەروەها ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەماوەی چوار ساڵدا کۆی زیادبوونی دانیشتوان بۆ هەر شارێک بەم شێوەیە:
هەولێر: 143.284
دهۆک: 112.855
سلێمانی: 115.746
لەکاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی لەهەولێرو دهۆک زیاترەو رێژەی منداڵبوون لەسلێمانی زیاترە لەدهۆک .
دواتریش باس لەوە دەکات جیاوازی زۆر لەرێژەی مردنی دانیشتوانی سلێمانی لەگەڵ هەولێرو دهۆکدا هەیە و بەپێی ئامارە فەرمییەکان لەهەردو پارێزگای هەولێر و دهۆک، کە کۆی دانیشتوانیان (2.649.441) کەسە، لەماوەی چوار ساڵدا (2009 تاکو 2012/12/31) لەهەولێر، 3.393 کەس مردوەو لەدهۆک، 10.728 کەس مردوە. کەکۆی گشتی هەردو پارێزگاکە ئەکاتە 14.121. کەچی تەنها لەپارێزگای سلێمانی کە ژمارەی دانیشتوانەکەی (1.751.669) لەماوەی چوار ساڵدا (28.554) کەس مردون؟.!
هەروەها ئەوەش ئاشکرادەکات سەبارەت بەژمارەی زیادبونی کەس، جگە لەمنداڵ، لەدهۆک (69.824)ە، بەڵام لەسلێمانی (54.539)یە لەماوەی چوار ساڵدا؟!
لەبەشێکیتری ئەم وتارە شیکارییەدا، گەشە دارا، ئەوە دەخاتەڕو کە لەماوەی کەمتر لەدوو مانگ لەسلێمانی (412) دەنگدەر کەمی کردوە، لەهەولێر (39.128) دەنگدەر زیادیکردوە، لەدهۆک (58.247) کەس زیادیکردوە. بەکۆی گشتی لەهەردو پارێزگای هەولێرو دهۆک (97.375) دەنگدەر زیادیکردوە.
دواتریش داوای وەڵامی ئەوە لەکۆمسیۆن ئەکات کە کوردانی باکورو رۆژئاواو رۆژهەلات کە فۆرمی خۆراکیان بۆ دروستکراوە چۆن دەنگ ئەدەن لەکاتێکدا کە هاوڵاتی ئەم هەرێمە نین؟ و دەڵێت

"بەڵگەکانیش لەبەر دەستمانن."
هەر لەمیانەی ئەم وتارەدا، گەشە دارا حەفید، جەخت لەوەدەکاتەوە، "ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تر پێویستیان بەوەلامە، تەنهاو تەنهاش لیژنەیەکی پەرلەمانی دەتوانێت بەدواداچوونیان بۆ بکات و سەرجەم لایەنەکانی تێدابێت و بەئەنجام بگات، نەک نوسراوێکی کۆمسیۆن کە بلێت لەئاماری دەنگدەراندا هیچ دەستکارییەک نەکراوە."
هەروەها رەخنە لەداتا ناکۆکەکانی کۆمسیۆن دەگرێت سەبارەت بەرێژەی دەنگدەران کە خودی کۆمسیۆن بەنوسراوی رەسمی لەچەند ماوەیەکی جیاوازدا رایانگەیاندوە "ئەمەش گومانی لەسەر خۆیان دروست کردوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-07-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 935

## ناشتنی هەر تەرمێکی داعش 300 هەزار دەکەوێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021312215984763

ناشتنی هەر تەرمێکی داعش پری 300 هەزار دیناری تێدەچێت، شارەوانی کەرکووکیش ناشتنی ئە و تەرمانەی لە ئەستۆگرتووە کە دەکەونە دەستی پێشمەرگە.
تا ئێستا نزیکەی 100 تەرمی چەکدارانی داعش لە سنووری کەرکووک نێژراون، بەڵام لایەنە پەیوەندیدارەکان تا ئێستا شوێنی ناشتنیانی ئاشکرانەکردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2015-02-13

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش

شارەکان: 🌢کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 936

## ناو و ژمارەی سەرجەم کاندیدە دەرچووەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052010484976368

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

زمان - شێوەزار: SAعەرەبی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 937

## ناوچە داپڕێندراوەکان.. داعش 700 ملیار دینار زیان لە جووتیاران دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20141112221277929

ئێستا وەرزی چاندنی گەنم و جۆیە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە جووتیارانی باشووری کوردستان بە هۆکاری ئەوەی زەوییەکانیان کەوتوونەتە ژێردەستی داعش ناتوانن زەوییەکانیان تۆبکەن، سەلمان محەمەد یەکێکە لە جووتیارەکانی گوندی زمارەی سمبس لە گوێر، کە زیاتر لە 140 دۆنم زەوی لە ژێردەستی داعش و ناوچە مەترسیدارەکانن، سەلمان ساڵانە زەوییەکانی سەوز دەکرد، بەڵام ئەمساڵ دەستەوەستانە و تەنها لە دوورەوە دەتوانێت سەیری زەوییەکانی بکات.

بە پێی ئامارەکانی وەزارەتی کشتووکاڵ لە شنگال و زوممار، مەخموور و گوێر، دوبز و داقوق و حەویجە تا درێژدەبێتەوە بۆ جەلەولاو سەعدیە، نزیکەی ملیۆنێک و 770 هەزار دۆنم زەوی ناتواندرێت یاخود ئەستەمە کشتووکاڵیان تێدابکرێت، بەوەش نزیکەی زیاتر لە 885 هەزار تەن گەنم و جۆ زیان بە جووتیاران دەگات.

بە پێی لێکدانەوەکان 885 هەزار تەن گەنم و جۆ کە نرخەکەی دەکاتە 700 ملیار و 920 ملیۆن دینار، زیان بە جووتیاران دەگات، ئەو ڕێژە گەنم و جۆیەش بەشی ساڵێکی هەرێمی کوردستان و دوو مانگی سەرتاسەری عێراق دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 11-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 938

## ناوچەی باڵەکایەتی لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر بەمەترسیدارترین ناوچە دادەنرێت و زۆرترین کێڵگەی مین ڕێژکراوی لێیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121113105587320

خەندان - راماڵ قەسرەیی

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە پارێزگای هەولێر کاروچالاکیەکانی ماوەی (11) مانگی رابردووی خستەروو.

بەپێی زانیاریەکانی ئە و بەڕێوەبەرایەتیە ناوچەی باڵەکایەتی لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر بەمەترسیدارترین ناوچە دادەنرێت و زۆرترین کێڵگەی مین ڕێژکراوی لێیە.

زێبار خالید بەرپرسی راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی هەولێر بەخەندانی راگەیاند: لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاکو مانگی (11)ی ئەمساڵ تیمەکانی مین هەڵگرەوە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان توانیویانە (11) کێڵگەی مین ڕێژکراو بەتەواوی پاک بکەنەوە کە ڕووبەرەکەیان دەگاتە (503.980)م2 لە و رووبەرەش (1950) مینی جۆراو جۆر و (6383) پارچە تەقەمەنی نەتەقاوەی جۆرا و جۆر لەناوبراون لەگەڵ پوچەڵکردنەوەی (388) مینی دژە کەسی.

وتیشی: رووبەری گشتی پاککراوە دەگاتە (546.043)م2.

لەگەڵ ئەمانەشدا (10) خولی راهێنان لەبوارە جیاوازەکانی مینلابەری بنچینەیی، رووپێوی، دڵنیایی جۆری، هۆشیارکردنەوە لە مین، یاریدەدەری پزیشکی ئەنجامدراون.

زێبار خالید وتیشی: بەپێی دواین ئامار لەسەرەتای ئەم ساڵ تاکو ئێستا لەسنوری پارێزگای هەولێر (10) ڕووداوی مین و تەقەمەنی ڕوویانداون کە بەوهۆیەوە (11) کەس بوونەتە قوربانی، لەکۆی ئەم ڕێژەیەش (3) کەس گیانیان لەدەستداوە و (8)کەسیش کەمئەندام بوون و بەشێکی جەستەیان پەڕیوە.

دەشڵێت: زۆربەی ڕووداوەکان لە ناوچەی باڵەکایەتی تۆمارکراون .

بەرپرسی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مینی هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە: (5) کۆمپانیایی کەرتی تایبەت لەسەر بوودجەی وەبەرهێنان لە سنوری پارێزگای هەولێر لە (5) پرۆژە لە (20) کێڵگەی مین کاری پاکسازی ئەنجام دەدەن.
راشیگەیاند: بەپێی دواین ڕووپێوی ئامادەکاری تەکنیکی لەسنوری پارێزگای هەولێر (337) ناوچەی گومان لێکراو بەمەترسی مین بوونی هەیە، کەرووبەری گشتی دەگاتە (333.1)کم2، لەسنوری قەزای چۆمان بەسەنتەری قەزاو هەرچوار ناحیەکەیەوە، (165) ناوچە هەیە.
هەروەها لەسنوری قەزای سۆران و رواندزیش بە سەنتەری قەزاو ناحیەکانیەوە (100) ناوچە هەیە لە سنوری قەزای مێرگەسۆریش بەناحیەکانیشیەوە (40) ناوچە هەیە، هەروەها لەسنوری پارێزگای هەولێر جگە لە و قەزایانە لە هەریەکە لە قەزاکانی شەقلاوە، کۆیە، مەخموریش ناوچەی گومانلێکراو بە مەترسی مین هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 939

## ناوی خوێندکارە یەکەمەکانی بەشی زانستی - 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071717001277035



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولاّت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 940

## ناوی خوێندکارە یەکەمەکانی بەشی وێژەیی - 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20140717170416115023



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولاّت: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 941

## ناوی دە قوتابخانەی یەکەم لەسەر ئاستی هەرێم لە قۆناغی ئامادەیی وێژەیی - 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071717023977036

رووداو- هەولێر
دهۆک - بەردەرەش قوتابخانەی ئامادەیی گربدەوی تێکەڵاو رێژەی دەرچوون 100%
هەولێر - چۆمان قوتابخانەی ئامادەیی شیوەزووری تێکەڵاو رێژەی دەرچوون 100%
دهۆک - بەردەرەش قوتابخانەی ئامادەیی بەنینانی تێکەڵاو رێژەی دەرچوون 90.91%
هەولێر- کۆیە قوتابخانەی دواناوەندی ئیلنجاغی تێکەڵاو رێژەی دەرچوون 90.0%
سلێمانی - چەمچەماڵ قوتابخانەی ئامادەیی ئاغجەلەر رێژەی دەرچوون 86.36%
سلێمانی - رانیە قوتابخانەی دواناوەندی تێکۆشانی ئێواران رێژەی دەرچوون 82.76%
سلێمانی - قەرەداغ قوتابخانەی ئامادەیی سەرچاوە تێکەڵاو رێژەی دەرچوون 80.0%
هەولێر - مێرگەسوور قوتابخانەی ئامادەیی کۆلەکای تێکەڵاو رێژەی دەرچوون 76.92%
هەولێر - دەشتی هەولێر قوتابخانەی ئامادەیی چواردەغی تێکەڵاو رێژەی دەرچوون 75%
سلێمانی - شارباژێر قوتابخانەی ئامادەیی مالوومە تێکەڵاو رێژەی دەرچوون 72.73%
هەولێر - رواندز قوتابخانەی ئامادەیی بێریشی تێکەڵاو رێژەی دەرچوون 71.43%
هەولێر - دەشتی هەولێر قوتابخانەی ئامادەیی پیرەشی تێکەڵاو رێژەی دەرچوون 71.43%

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 942

## ناوی ئەندامانی نوێی سەرکردایەتی و ئەنجومەنی چاودێری کۆمەڵی ئیسلامی و ژمارەی دەنگەکانیان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060113185585447

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ناوی ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و چاودێری و بەدواداچوونی حزبەکەی بڵاو دەکاتەوە، کە لە کۆنگرەی سێیەمدا هەڵبژێردراون. بەپێی هەواڵی سایتەکانی نزیک لە کۆمەڵی ئیسلامی، ئە و کەسانەی لە کۆنگرەی سێی کۆمەڵی ئیسلامی هەڵبژێدراون بۆ ئەنجومەنی چاودێری و بەدواداچوون کە ئەنجومەنێکی سەربەخۆیە لە کۆمەڵی ئیسلامیدا، ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لەم کەسانەی خوارەوە پێکهاتوون.
ئەنجومەنی چاودێری و بە دواداچون:
-ئەبوبەکر مەلا رەسوڵ (ئەبوبەکر سدیقی) 310 دەنگ
-عەلی ئەحمەد رەسوڵ (مامۆستا نەبەز) 299 دەنگ
-عەبدوڵا رەشید محەمەد 289 دەنگ
-بەدریە ئیسماعیل مەحمود 245 دەنگ
-ئیدریس سدیق کانەبی 199 دەنگ
-سەباح ساڵەح قارەمانی 194 دەنگ
-مرواری محەمەد عەلی 184 دەنگ
ئەندامانی یەدەگ
-سەرباز حەسەن
-محمد جەلال

ئەنجومەنی سەرکردایەتی
-دلێر گەرمیانی 529 دەنگ
-ڕێبوار حەمەد خزر 468 دەنگ
-کامەران بابان زادە 406 دەنگ
-محەمەد حەکیم 402 دەنگ
-مەلا محەمەد بامۆکی 392 دەنگ
-یاسین حەسەن 366 دەنگ
-ئەوەر فەرەج سەنگاوی 347 دەنگ
-فاروق عەلی ئەحمەد 343 دەنگ
-عەبدولستار مەجید 341 دەنگ
-شوان رابەر 321 دەنگ
-ئیبراهیم محەمەد عەزیز 300 دەنگ
-مەلا مەحمودی ئازادی 291 دەنگ
-قومریە شێخ محەمەد بەرزنجی 279 دەنگ
-حەسەن بابەکر ئەحمەد 271 دەنگ
-سەلیم کۆیی 262 دەنگ
-بیلال سلێمان 230 دەنگ
-ئاڤان ئەحمەد 165 دەنگ
ئەندامانی یەدەگ
-ئەحمەد عەزیز (مەلا ئاری)
-مەلا عەبدولمەلیک بلباس
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 943

## ناوی خوێندکارە یەکەمەکانی پۆلی 9 لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=20140701211153673 62

ئەمڕۆ لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلی 9ی بنەڕەتی ڕاگەیەندرا.
ئەمەش ناوی خوێندکارە یەکەمەکانە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان
بێستان راستی جەبار 99.78 % سلێمانی - یەکەم
ئیمان مەهدی مستەفا 99.78 % دهۆک - یەکەم
ئاڤا شێرزاد عەبدولکەریم 99.56% دهۆک - دووەم
رۆژنیا محێدین کەریم 99.44% سلێمانی - سێیەم
ئەڤین فایز ئیدریس 99.44% دهۆک - سێەم
چاوان عوسمان عەبدول 99.11% سلێمانی - چوارەم
محەمەد هشیار محەمەد ساڵح 99.11% دهۆک - چوارەم
هەژین شەعبان نعمان 99.11% دهۆک - چوارەم
رۆژان عەبدولخالق عەبدولقادر 99.11% دهۆک - چوارەم
هۆنیا جەلال عەبدولکەریم 99% سلێمانی - پێنجەم

ڤاڵا جەعفەر عەلی 99% سلێمانی - پێنجەم
نورییە عەلی ئەحمەد 99% سلێمانی - پێنجەم
ئارین نزار سدیق 99% دهۆک - پێنجەم
سیلاڤ عەلی حوسێن 99% سلێمانی - پێنجەم
ناڵین حوسێن عومەر 99% دهۆک - پێنجەم
نەواس ئیسماعیل عەلی 98.89% سلێمانی - شەشەم
گەشبین ئیسماعیل حمەئەمین 98.89% سلێمانی - شەشەم
محەمەد ئەکرەم نەجم 98.89% سلێمانی - شەشەم
بۆکان جەعفەر حەمەد 98.89% سلێمانی - شەشەم
زانکۆ محەمەد ئەحمەد 98.89% سلێمانی - شەشەم
دلارا بەهرۆز 98.89% سلێمانی - شەشەم
پایان یونس محەمەد 98.89% دهۆک - شەشەم
دونیا محەمەد حەسەن قادر 98.78% سلێمانی - حەوتەم
نڤار محەمەد سەلیم 98.89% سلێمانی - حەوتەم
ترێ ئامانج ساڵح 98.89% سلێمانی - حەوتەم
شێرزاد ساڵح محەمەد 98.89% سلێمانی - حەوتەم
ئالاء جەوهەر محەمەد حەسەن 98.89% سلێمانی - حەوتەم
فرمێسک یاسین مەجید 98.67% گەرمیان - هەشتەم
زریان ئەشرەف ئەحمەد ساڵح 98.67% گەرمیان - هەشتەم
ڤانییە ئەبوبەکر ئەمین قادر 98.67% سلێمانی - هەشتەم
نیگار لوقمان غفوور 98.67% سلێمانی - هەشتەم
لاڤین سالم عەبدوڵڵا 98.67% سلێمانی - هەشتەم
یوسف ئیسماعیل ئەمین98.67% سلێمانی - هەشتەم
ئایە غەزبان تەها 98.67% دهۆک - هەشتەم
جەوهەر جمهور رۆستەم 98.56% گەرمیان - نۆیەم
رێسا رێبوار ئەحمەد 98.56% هەولێر - نۆیەم
تەرزە نووری سابیر 98.56% هەولێر - نۆیەم
بێلان میکائیل محەمەد رەزا 98.56% سلێمانی - نۆیەم
لونا عەبدوڵڵا تۆفیق 98.56% سلێمانی - نۆیەم
ژینۆ فاتیح سەعید 98.56% سلێمانی - نۆیەم
هەڕەوە پرهان نامیق 98.56% سلێمانی - نۆیەم
شاریبە شێرکۆ حوسێن 98.56% سلێمانی - نۆیەم
کوێستان عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا 98.56% سلێمانی - نۆیەم
سۆزیار محەمەد رەسول 98.56% سلێمانی - نۆیەم
حەواء جەمال یاسین 98.56% دهۆک - نۆیەم
شەهەنگ محەممە عەلی فەقێ 98.44% سلێمانی - دەیەم
ناز مستەفا سەلیم 98.44% سلێمانی - دەیەم
نیڤار خالید حاجی 98.44% دهۆک - دەیەم
دیدە کەمال محەمەد 98.44% گەرمیان - دەیەم
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 944

# ناوی سەرجەم یەکەمەکانی 12ی ئامادەیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان - 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20140717121677037

ڕەهێل سەمەد

دوای ئەمرۆ پێنجشەممە، 17تەموزی 2014 لەلایەن وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلی 12ی ئامادەیی ڕاگەیەنرا، باپیر بەکر بەڕێوەبەری گشتی ئەزمونەکان لە وەزارەتی پەروەردە ناوی یەکەم و دووەم و سێیەمی هەرسێ بەشەکانی زانستی و پیشەیی و وێژەیی خوێندرایەوە، ئەوانیش بەمجۆرەن:

بەشی زانستی:

یەکەم: هێدی وەلی عەبدولرەحمان، کولیجی فەلا بۆ بەهەرە داران هەولێر جۆری خوێدن ئینگلیزی تیکڕای نمرەکانی 99.86

یەکەمی دووبارە: سانا سدیق حەمە عەزیز سالح دواناوەندی شەهیدی جەباری نمونەیی سلێمانی جۆری خوێندن ئینگلیزی 99.86

یەکەمی دووبارە ئەحمەد جەبار ڕەشید ئامادەیی هەڵکەوتی کوران سلێمانی جۆری خوێندن کوردی 99.86

دووەم : ئۆلیڤیا میخائیل مەنسور دواناوەندی عەنکاوەی نمونەیی هەولێر جۆری خوێندن سریانی 99.75

سێیەم : ڕێژنە فاتخ ڕەشید محەمەد ئامادەیی باخانی کچان هەولێر جۆری خوێندنی کوردی 99.71

سێیەمی دووبارە: نور ئەبوبەکر عەلی محەمەد ئامادەیی هەواری شاری تێکەڵ سلێمانی 99.71

سێیەمی دووبارە :ژوان میدیا ڕەئوق ڕەسوڵ کولیژی ئەزمەر بۆ بەهەرداران، سلێمانی خوێندن ئینگلیزی 99.71

سێیەمی دووبارە : فەرمان حەمە خورشید فەتاح ئامادەیی شوانی تێکەڵ کوردی سلێمانی چەمچەماڵ 99.71

بەشی وێژەیی:

یەکەم: دیدار فاخر محەمەد مەلا هەولێر شەقلاوە خوێندنگای بەدرخانی کوران 97.14

دووەم : سارا ئەحمەد کاکۆ مەولود پارێزگای هەولێر ئامادەیی قەڵای کچان97

سێیەم: هێژا حەسەن محەمەد ئەمین گەرمیان ئامادەیی کفری 96.57

بەشی پیشەیی بازرگانی:

یەکەم : مەهاباد مامەند عەبدولواحید ئاماەیی پیشەیی ئیوارانی کچان هەولێر 94.75

دووەم: پەیمان عەبدولستار عەلی قادر ئامادەیی پیشەسازی ئێوارانی کچان هەولێر91.87

سێیەم : گوڵچین عەبدولرەحمان عەبدولا ئامادەیی پیشەیی ئێوارانی کچان هەولێر 91 سێیەم.

سێیەمی دووبارە : سۆما ئادەم قادر ئامادەیی بازرگانی کچان هەولێر 91.

پیشەسازی:

یەکەم : لاڤە عەلی سالح محەمەد ئامادەیی پیشەیی چەمچەماڵ 91.75

دووەم : مونا عەبدولرەحمان محەمەد سالح ئامادەیی پیشەیی زاخۆ 87.75

سێەم : شەوبۆ ڕەئوف عەبدولا محەمەد ئامادەیی پیشەسازی کچان سلێمانی 86.87

کشتوکاڵ:

یەکەم: مالک واحد ڕەمەزان ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر 90.32

دووەم : ڕێباز مەغدید عەبدوڵلا ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر76.44

سێیەم: ئاسۆ فەرهاد حسێن ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر 75.11

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-17

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 945

# ناکۆکییە نەوتییەکەی نێوان هەولێر و بەغدا بە ژمارە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150512112458852‌77

ڕێژەی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم و کەرکوک بۆ حکومەتی عیراق لە مانگی نیسانی رابردوو، یان 560 یان 450 هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا، جیاوازیی نێوان ئەم دوو ژمارەیەش بووەتە ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر رەوانەکردنی پرە پارەی تەواو بۆ هەرێمی کورستان.

هەرچۆنێک بێت، بەغدا پرە پارەی نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستانی بۆ مانگی نیسان رەوانەکرد، بەڵام هەرێمی کوردستان دەڵێت پارەکە کەمە و ئاشکراش بووە کە جیاوازیی پرە پارەکە 185 ملیار دینارە.

مەسعود حەیدەر، ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق تایبەت بۆ خەندانی روونکردەوە کە بەپێی وەزارەتی نەوتی عیراق، لەمانگی نیساندا هەرێمی کوردستان تەنها 450 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانەی لە رێی کۆمپانیای سۆمۆوە هەناردەکردووە کە ئەمەش دەکاتە 13 ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل لە ماوەی ئە و مانگەدا.

وتیشی، بەپێی وەزارەتی نەوتی عیراق، تێکرای نرخی نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستان بۆ مانگی نیسان، دەکاتە نزیکەی 860 ملیار دینار، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە و ژمارەیە زیاتر دەڵێت کە لە بەغدا راگەیەنراوە .

بەوتەی مەسعود حەیدەر، هەرێمی کوردستان دەڵێت بۆ مانگی نیسان 560 هەزار بەرمیل نەوتی لە رۆژێکدا لە رێگەی کۆمپانیای سۆمۆ هەناردەکردووە کە دەکاتە 16 ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل نەوت لە مانگەکەدا، پری پارەی نەوتەکەش 870 ملیۆن دۆلارە کە دەکاتە نزیکەی یەک تریلیۆن دیناری عیراقی.

بەپێی ژمارەکانی بەردەست ئەندامەکەی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، ناکۆکیی هەرێم و بەغدا بۆ نەوتی هەناردەکراوی مانگی نیسان، سێ ملیۆن و 300 هەزار بەرمیلە کە پارەکەی دەکات 185 ملیار دینار.

لەسەروو هەموو ئەم ژمارانەشەوە، وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، دەڵێت: "دوای ئەوەی حکومەتی عیراق پری 543 ملیار دیناری خستەسەر حسابی بانکی هەرێم، کەکەمتر بوو لە و پرەی کە پێویستبوو بینێرێت، ئەمرۆ 10% لە و پرەشی پریوە و تەنها پری 488 ملیار و 700 ملیۆن دیناری بە شێوەی نەختی بۆ هەرێمی کوردستان ناردووە."

ئەم پرە پارەیەش کە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکردووە، زۆر لە و ژمارانە کەمترە کە هەریەک لە وەزارەتەکانی نەوتی حکومەتی فیدراڵ و سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەزاری مەسعود حەیدەرەوە بڵاویانکردووەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 12-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 946

## نرخی ئاو لە کوردستان هەرزانترین نرخە لە جیهان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071809320077039

بە پێی پرۆژەیاساییەک گۆرانکاری لە نرخی ئاو دەکرێت لە باشووری کوردستان، بەجۆرێک کە بەپێی پێوەر ئاو دەدرێت بە هاوولاتیان و نرخی ئاویش گۆرانی بەسەردادێت، لە کاتێکدا نرخی ئاو ئێستا لە باشووری کوردستان هەرزانترین نرخە لە هەموو جیهان.

بەپێی پرۆژەیاساییەک کە ئێستا لە ئەنجوومەنی وەزیرانە، گۆرانکاری بەسەر سیستمی دابەشکردنی ئاو و دیاریکردنی نرخەکەی دادێت و پێوەر بۆ هەموو ماڵێک دادەنرێت. مەسعود محەمەد، بەڕێوبەری دابەشکردنی ئاوی هەولێر بە تۆری میدیایی رووداوی راگەیاند: "وەزارەی شارەوانی و گەشتووگوزار لە سەرەتای ئەمساڵ پرۆژەیاساییەکی پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە کە بەپێی ئەو پرۆژەیاسایە پێوەر بۆ هەموو ماڵێک دادەنرێت و دابەشکردنی ئاو بەپێی ستاندارە جیهانییەکان دەبێت."

بەپێی ستانداردی جیهانی کە رێکخراوی یونسکۆی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوی WHOی جیهانی دایان ناوە، هەر هاوولاتییەک رۆژانە پێویستی بە 200 لیتر و کەمتر لەو رێژەیەی ئاوی پاک دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی. لە کاتێکدا لە کوردستان ئەو رێژەیە 400 لیترە بۆ هەر هاوولاتیەک و لە تورکیا 160 لیترە، لە سەرجەم ولاتانی جیهانی پێشکەوتوو و پابەند بە سیستمە ستاندارە جیهانییەکان نرخی ئاو بە پێی قەبارەی بەکارهێنانی دیاریدەکرێت کە "مەتر چوارگۆشە ئاوە."

مەسعود محەمەد دەڵێت لە باشووری کوردستان پێچەوانەی ئەو ستانداردە جیهانییەیە بەجۆرێک دابەشکردنی ئاو بەشێوەکی هەڕەمەکییە و نازانرێت بە تەواوی هەر هاوولاتیەک چەند ئاو بەکاردەهێنێت، هەروەها نرخەکەشی بەپێی "مەتر چوارگۆشە زەوی" دیاریدەکرێت کە هەر مەترێکی چوارگۆشە نرخەکەی 50 دیناری عێراقی دەبێت."

ئەمە لە کاتێکداییە کە ئەم نرخەی ئاو لە باشووری کوردستان هەرزانترین نرخی ئاوە لە سەرانسەری جیهان، واتە گەر ماڵێک رووبەری زەوییەکەی 200 مەتر چوارگۆشەبێت ئەوا نرخی ئاوی ئەو ماڵە لە مانگێکدا 10 هەزار دیناری عێراقی دەبێت. بەڵام لە ولاتانی جیهانی نرخی ئاو بە مەتر چوارگۆشەی ئاو دیاریدەکرێت.

بە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە یاساییە نرخ و شێوازی دابەشکردن و بەکاربردنی ئاو لە باشووری کوردستان گۆرانکارییەکی زۆری بەسەردادێت و ئاو کە سامانێکی نیشتمانیە کەمتر لەوەی ئێستا خەرجدەکرێت.

نرخی ئاو لە بەشێک لە ولاتانی جیهان بە پێی مەتر چوارگۆشە

ناوی ولات یەک مەتر چوارگۆشە ئاو

تورکیا 3 دۆلار
ئەڵمانیا 1.91 دۆلار
دانیمارک 1.64 دۆلار
هۆڵەندا 1.25 دۆلار
فەرەنسا 1.23 دۆلار
بەریتانیا 1.18 دۆلار
ئیتالیا 0.76 دۆلار
فیلەندا 0.69 دۆلار
ئێرلەندا 0.64 دۆلار
سوێد 0.58 دۆلار
ئیسپانیا 0.57 دۆلار
ئەمریکا 0.51 دۆلار
ئوستراڵیا 0.50 دۆلار
باشووری ئەفریقیا 0.47 دۆلار
کەنەدا 0.40دۆلار
باشووری کوردستان 0.05 دۆلار

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-07-18

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 947
## نرخی ئەمپێری کارەبای موەلیدە ئەهلیەکان زیادکرا
http://www.kurdipedia.org/?q=2013123011405187005
خەندان هۆگر کەمال
بەپڕیاری وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم، بۆ مانگی یەکی داهاتوو، موەلیدە ئەهلیەکان بۆ هەر ئەمپێرێک کارەبا پری حەوت هەزار دینار وەردەگرن و ئەمەش لە بەرامبەر پێدانی شەش سەعات کارەبا بە هاوڵاتیان.
بەکر ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: دانانی خشتەی نوێی موەلیدە ئەهلییەکان پەیوەندی بە نرخەوە نییە، بەڵکو بەهۆی زۆری لۆدەوە پێدانی کارەبای نیشتمانی کەمیکردوە بۆ 18 سەعات لە شە و و رۆژێکدا، بۆیە پێویستە لەلایەن موەلیدە ئەهلییەکانەوە ئەوەی دەمێنێتەوە پر بکرێتەوە.
راشیگەیاند: لە مانگی رابردودا چوار سەعات پرینی کارەبایان هەبووە، بەڵام مانگی داهاتوو (یەک) شەش سەعات پرینی کارەبایان دەبێت، بۆ ئەوەش نرخی یەک ئەمپێر کارەبای موەلیدە ئەهلییەکان لە سەعاتێکدا 400 دینارە، بۆیە لەماوەی مانگەکەدا نرخەکە دەکاتە حەوت هەزار دینار، بۆیە لەگەڵ پرینی کارەبای نیشتمانیدا نرخی موەلیدە ئەهلییەکان زیاد دەکات.
لەبارەی ئەوەی تا چەندە ئە و نرخی لەگەڵ گوزەرانی خەڵکیدا دەگونجێت، ناوبراو وتی: "خەڵک کارەبای دەوێت، وەزارەتی کارەباش توانای 18 سەعات کارەبای لە شە و و رۆژێکدا هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێت موەلیدە ئەهلییەکان پری بکەنەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 30-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 948
## نرخی دراو و زێڕ و خۆراک لە بازاڕی سلێمانیدا
http://www.kurdipedia.org/?q=2013102309263488235
...

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰 ئابووری
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 949

## نرخی مریشک دادەبەزێت بۆ نزمترین ئاست لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140427112124100468

خەندان- سۆران کەریم

نرخی مریشک بەشێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت بۆ نزمترین ئاست لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی موچە و دابەزینی نرخی مریشک لەم مانگەدا.

سۆران غەفور، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانیی سلێمانی بەخەندانی راگەیاند،" لەئێستادا نرخی مریشک لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیووە و جیاوازییەکی کەمیش هەیە لەنرخی مریشکدا لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ."

بەوتەی سۆران غەفور،" پێداویستی خەڵک و خواست و خستنەڕووی مریشک کاریگەریی لەسەر ئە و جیاوازییە کەمە دەکات کەلەنرخی مریشکدا بەدی دەکرێت لەنێوان شارە گەورە و بچووکەکاندا"، راشیگەیاند،" دوێنی نرخی مریشکی زیندوو لەبازاڕەکانی شاری سلێمانی بۆ یەک کیلۆ تەنها دوو هەزار و 750 دینار بووە .

سۆران غەفور ئەوەشی خستەڕوو کە، " هەموو ساڵێک لەمانگی چوار و پێنج دا نرخی مریشک دادەبەزێت، بەڵام ئەمساڵ بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆوە بینوە"، وتیشی: لەکێلەگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر لەسنوری شاری سلێمانی، نرخی یەک کیلۆ مریشک دابەزیووە بۆ تەنها دوو هەزار و 300 دینار .

هاوکات نوێنەری کێڵگە پەلەوەرییەکانی گەرمیان، باس لەوە دەکات بەهۆی دابەزینی نرخەوە هەر خاوەن کێڵگەیەک لە نێوان 15 تا 20 ملیۆن دینار زیانی پێدەگات.

بەرزان عەلی، نوێنەری کێڵگە پەلەوەرییەکانی گەرمیان و خاوەن کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەری سامان، بە خەندانی راگەیان، " نرخی مریشک لە ئێستا دابەزیوە بۆ نزمترین ئاست، کە لە کێڵگەکاندا کیلۆی بە دوو هەزار و 250 دینار دەفرۆشرێت، ئەم نرخەش لە ماوەی 5 ساڵی رابردوودا نزمترین ئاستی تۆمار کردووە و ئە و کاتەی نەخۆشی ئەنفلەوەنزا بڵاوبووەوە، مریشک نرخی لە ئێستا گرانتر بوو."

نوێنەری کێڵگە پەلەوەرییەکان، ئاماژەی بەوەشدا، کە بەهۆی دابەزینی نرخەوە، خاوەن کێڵگەکان تووشی زیانی ماددی زۆر دەبن، وتیشی : بۆنموونە هەر کێڵگەیەک کە توانای بەخێوکردنی 7 هەزار جوچکی هەبێت لە نێوان 15 تا 20 ملیۆن دینار زیانی پێدەگات.

هۆکاری دابەزینی نرخی مریشکی گەڕاندەوە بۆ دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و گرانی نرخی دەرمان و ئالیک و پێداویستییەکانی تر، وتیشی: هەروەها لە یەککاتدا زۆربەی کێڵگەکان مریشکەکانیان پێگەیشتووە و ئەمەش وایکردووە زیاتر لە پێویست بخرێتە بازاڕەوە.

ئە و خاوەن کێڵگەیە، داوای لە حکومەت کرد هاوکاریی خاوەن کێڵگەکان بکات، هەروەها سیستمێکی تایبەت بۆ کێڵگەکان دابنرێت بۆ ئەوەی هەماهەنگی هەبێت لە تێکردنی جوچک و خستنە بازاڕی مریشک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-27

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 950

## نرخەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان بۆ مانگی ئاب/2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20150315092311119723

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 951

## نرخەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان بۆ مانگی ئەیلول/2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20150315092142119722

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 952

## نرخەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان بۆ مانگی تەمموز/2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20150315092501119724

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 953

## نرخەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان بۆ مانگی کانوونی یەکەم ساڵی 2014

http://www.kurdipedia.org/?q=20150315091552119720

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 954

## نزیکەی 12 هەزار خێزانی ئاوارە لە گەرمیان بوونی هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150908123034859‌83

ڕۆژنیوز ـ هۆشمەند کوردی
بە پێی ئامارێکی نوسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی گەرمیان نزیکەی 12 هەزار خێزانی ئاوارە لە دەڤەرەکە بوونیان هەیە کە لە ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوون .عادل عەلی، بەرپرسی نوسینگەی گەرمیانی کۆچ و کۆچبەران بە ڕۆژنیوزی وت: ژمارەیەکی زۆر ئاوارە بە هۆی شەڕی چەتەکانی داعشەوە دانیشتوانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، دەڤەری گەرمیانیش بێ بەش نەبووە لەوەی کە جێگای ئاوارەکان بکاتەوە و ئێستاش دوو کەمپی ئاوارە لە سنورەکە بوونی هەیە." ناوبراو، وتیشی: لە سنوری گەرمیان 11 هەزار و 446 خێزانی ئاوارە بونیان هەیە و دابەشبوون بەسەر شارۆچکە و شارەدێیەکان کە ژمارەی تاکەکانی ئەو خێزانانە دەکاتە 53 هەزار و 254 کەس، ئەمەش بۆ خۆی ژمارەیەکی زۆرە کە لە ئێستا بوونیان هەیە لە گەرمیان." هەروەها، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکانی گەرمیان لە دێبەتی ڕێکخراوەکانی حکومەت و هاوڵاتیان رایگەیاند:" بە پێی ئامارەکان پێنج هەزار خانووی هاوڵاتیان لەگەرمیان دراوەتە کرێ بە ئاوارەکان، کە سێ هەزاری دەکەوێتە قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیانەوە." بە پێی لێکدانەوەیەکی ڕۆژنیوز ژمارەی تاکی ئاوارە عەرەبەکانی سنوری گەرمیان هێندە و نیوێکی دانیشتوانی شارەدێی ڕزگاری دەبن کە ژمارەیان 32هەزار کەسە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💣تاوانی جەنگ
جۆری ئامار و ڕاپرسی: پەناهاندە
شارەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 955

## نزیکەی 150 رۆژ پشوو هەیە لە ساڵێکدا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140518220513763‌60



عوسمان محەمەد عەبدوڵڵا

عێراق دەبێتە (وڵاتی پشوەکان) و هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا وەک هەرێمێک لەعێراقدا پابەندی زۆربەی ڕۆژەکانی پشوە و بەفەرمی پەیرەوی دەکات. لێرەدا مەبەستمانە شیکردنەوەیەکی ئابوریانە بۆ زیانەکانی ئە و حاڵەتە بکەین.

ئەگەر ساڵێک (365) رۆژ بێت کە دەکاتە 52 هەفتە و لەهەر هەفتەیەکیشدا ڕۆژانی هەینی و شەممە دەوام نەبێت دەکاتە (104) رۆژ ئەمە بەس پشوی هەفتانە، جگە لە(50) رۆژی پشوە فەرمیەکان کە خۆی لەجەژن و بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەیی و جیهانیەکاندا دەبینێتەوە، ئەوە بەدەر لە و پشوانەی کە بەهۆی دۆخی کەش و هەواو باری ئەمنی و پرۆسەی سیاسی وەک هەڵبژاردنەکانەوە دێتە پێش، سەرەڕای ئەوەی هەر فەرمانبەرێک بەپێی یاسا بۆی هەیە لەساڵێکدا (30) ڕۆژ مۆڵەت وەربگرێت، هەروەها مۆڵەتی دایکایەتی و نەخۆشی و حەج و چەندینی تر، ئەگەر بەراورد بکەین بەوڵاتانی تری دونیا کە پلان و کاتیان بەلاوە گرنگە ئەوا رێژەی پشوەکانی ئێرە و ئەوێ ئاسمان و رێسمانە، بۆ نمونە لەم وڵاتانە جگە لەپشوەکانی کۆتایی هەفتە ژمارەی پشوە فەرمیەکان بەم جۆرەیە (کەنەدا و مالیزیا و کۆریای باشور 11 رۆژ، ئەمەریکاو بەرازیل و پاکستان 10 رۆژ، تورکیا 7 رۆژ، ئیسپانیاو ئوستورالیا و ئەڵمانیا و قەتەر 9رۆژ، چین 5 رۆژە، سویسرا 4 رۆژ، تایلاند 40 رۆژ) هەر ڕۆژێک بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی کاتی کارکارکردن بریتیە لە(8)کاتژمێری کار بەم پێیە لەعێراقدا لەماوەی 150 رۆژ پشودا (1200) کاتژمێری کاری بەهەدەر دەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا کار و دەوام لەدام و دەزگا حکومیەکاندا وەک پێویست نیە، رێژەیەکی بەرزی بێکاری شاراوەی تێدایە و سوپایەک فەرمانبەر خراونەتە ناو دامودەزگا جۆراو جۆرەکان بەجۆرێک بەرهەمداری خزمەتگوزارییان لەئاستێکی کەمدایە، بەداخەوە ئێمە لەروی توێژینەوەی زانستی ئابوری و داتاوە زۆر هەژارین نازانین بەرهەمداری فەرمانبەرێک لەدامودەزگاکاندا چەندێکە لەڕۆژێکدا یان لەکاتژمێرێکدا، لەوڵاتێکی وەک ئێراندا کاتی دەوامی ئاسایی (8کاتژمێرە) لەرۆژێکدا بەپێی توێژینەوەکانیان بۆیاندەرکەوتوە هەر فەرمانبەرێکیان لەماوەی ئەوە هەشت کاتژمێرەدا تەنها (65) خولەکە (انتاج الفعلی) یان کاری تەواو دروستی هەیە لەیەکێک لەساڵەکاندا گەیشتۆتە 2کاتژمێر و 6 خولەک واتە ئەگەر کارمەندێک 30ساڵ خزمەتی هەبێت لە و ماوەیەدا (2860) کاتژمێر کاری تەواو ئەنجام ئەدا کە دەکاتە (65) هەفتە واتا لەماوەی ئە و سی ساڵەدا تەنها (سێ) مانگ کاری تەوا دەکات، واتە فەرمانبەرێکی ئێرانی لەساڵێکدا تەنها (800 کاتژمێر) کارئەکات هاوکات فەرمانبەرێکی پاکستانی (2200کاتژمێر) کار دەکات لەساڵێدا فەرمانبەرێکی یابانی (4840 کاتژمێر) کار ئەکات، هەروەها تورکیەک (2660 کاتژمێر) و ئەڵمانیەک (3400 کاتژمێر) هەڵبەت وڵاتێکی خاوەن پیشەسازی خاوەن بنەمای بەرهەمهێنان جیاوازی هەیە لەگەڵ وڵاتێکدا کە وڵاتێکی نەوتی (ریعی) بێت، لەوڵاتە پیشەسازییەکاندا یەک ڕۆژی پشوو (0،6) داهات و بەرهەمی نەتەوەیی ئە و وڵاتە دێنێتە خوارەوە.

دوای تەواوبونی جەنگی دوەمی جیهانی گوزارەیەک باوبو لەوڵاتانی پیشەسازییدا دەیانوت "لەدەستدانی خولەکێک کار لەدەستدانی دەرفەتێک بۆ پێشکەوتن" بەڵام لەوڵاتە نەوت فرۆشەکاندا کە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بەداهانی نەوت دەبەستن نەک 150 رۆژ زیاتریش بکرێتە پشو رەنگە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان نەبێت، چونکە وڵاتێکی بەرخۆر و مەسرەفگەران، بەڵام کاروباری خەڵک دوادەخات و کاری سەرمایەگوزاری و فەرمی پەکدەخات و گرفت بۆ دامەزراوە پەروەردەییەکان دروست دەکات لەڕوی تەواونەکردنی پرۆگرام و

ساردبونەوە و بێزاری خوێندکارو قوتابی...تاد دەگەینە ئەوەی زۆری ڕێژەی پشوەکان لەعێراق و هەرێمدا دەرەنجامی نەبونی سیستەمێکی ئیداری و ئابوری و سیاسی و پەروەردەییە کە گرنگی بەسەرمایەی مرۆیی و کات و کەرەستەکان نادات و لەخەیاڵ پڵاویی و بێ پلانی و وەهمێکی گەورەدا دەژین و سیستەمێکی کلاسیکی کارو رۆتینێکی بێ مانا تەواوی دام و دەزگاکانی گرتۆتەوە.
لەهەرێم و عێراقیش بەشێوەیەکی گشتی نە مافی کرێکار دراوە، نە ئەویش مافی بەکارەکەی داوە لەروی ئامادەبون و بەرهەمداری و تواناو لێهاتویی و ئەبدەیتکردنەوەی زانیاری و ئەزمونەکانی کە بتوانێ هاوزەمان لەگەڵ بازاڕی کاردا خۆی بگونجێنێت، لەهەمانکاتیشدا لەمانای پشوش تێنەگەیشتوین کە میانەیەک بێت بۆ ئارامی و خۆسازدانەوە بۆ سەرلەنوێ چونەوە سەرکار و بەرهەمداربون، بۆیە پێویستە لەهەرێمی کوردستاندا یاسایەکی تایبەت هەبێت کە چەندایەتی و چۆنایەتی پشوەکان رێکبخاتەوە، چونکە بنەمای کات و ئیدارەی کات یەکێکە لەبنەما گرنگە کێبەرکێ کە ئێمە ئەمانەوێ تەبەنی سیستەمی بازاڕی ئازاد بکەین ئەبێت ڕەچاوی خێرایی بکەین لەبەرهەمهێناندا.
هەروەها لە و یاسایەدا ئەوە رێکبخات، ئەگەر ژمارەی پشوەکان زۆر بو قەرەبوی ئە و کاتانە بکرێتەوە کە لەدەستچون، سەرەڕای ئەوەی پشوەکان بەجۆرێک بن ئە و کارمەندانەش بگرێتەوە کە لەکەرتی تایبەتدا کار دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 18-05-1420

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ئێراقIQ |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 956

## نزیکەی 2 ملیۆن هاوڵاتی هەرێمی کوردستان خوێندکارن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013051217185178576

هێمن مامەند، هەولێر: بەڕێوەبەری گشتی ئەزمونەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فازیل مەجید باپیر، ئەمڕۆ، یەکشەممە، لە لێدوانێکدا بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، رۆژی سێشەممەی داهاتوو لەسەرتاسەری هەرێم تاقیکردنەوەی پۆلە ناکۆتاییەکان لە یەکی بنەڕەتی تا 11ی ئامادەیی دەست پێدەکات.
رونیشیکردەوە، یەک ملیۆنو چوار سەدو پەنجا هەزار قوتابیو خوێندکار لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەشداری تاقیکردنەوەی ئەو پۆلانە دەبن.
فازیل مەجید، وتیشی، لە 22ی ئەم مانگە بەهەمان شێوە تاقیکردنەوەکانی پۆلی نۆی بنەڕەتی (سێ) و دوانزەی ئامادەیی (شەش) کە بەبەکالۆری بەناوبانگە بەڕێوەدەچێت.
راشیگەیاند، لە سەرتاسەری هەرێم نزیکەی 100 تا 110 هەزار خوێندکار ئامادەیی بەشداری تاقیکردنەوەکان دەکەنو قوتابیانی سێی بنەڕەتیش ژمارەیان نزیکەی 100 هەزار خوێندکارە.
بەم پێیەش نزیکەی یەک ملیۆنو 650 هەزار خوێندکار لەمساڵدا بەشداری لە تاقیکردنەوەکان دەکەن. هەروەک بەلەبەرچاوگرتنی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکانو ئەو خوێندکارانەی مافی تاقیکردنەوەی کۆتاییان نیە دەردەکەوێت نزیکەی دوو ملیۆن کەس لە هەرێمی کوردستاندا خوێندکارن کە دەکاتە نزیکەی نیوەی کۆی گشتی دانیشتوانی هەرێم.

ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئاماری هەڵبژاردنی ساڵی 2010 کە بەپێی کۆبونی خۆراک هەژمارکراوە، نزیکی 4 ملیۆنو 447 هەزار بوە، بەڵام ئێستا هەندێک ناوەندی فەرمی لەوانە وەزارەتی پلاندانان -وەزیرەکەی سەر بەپارتییە- ئاشکرایدەکات، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لەمساڵدا، گەیشتووەتە پێنج ملیۆنو 500 هەزار کەس.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 12-05-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 957

## نزیکەی 20 هەزار گەشتیار هاتونەتە گەرمیان

http://www.kurdipedia.org/?q=20130811121154892112

لە رۆژانی جەژندا نزیکەی 20 هەزار گەشتیار لە دەروازەی سنوری پەرویزخان و بازگەکانی نزیک لە ناوچەکانی ناوراستی عێراقەوە هاتونەتەگەرمیان .
ئاودێر محەمەد، گەرمیان: بەرێوەبەری گشتی گەشتو گوزاری گەرمیان، پشتیوان عەبدولکەریم، ئەمرۆ(یەک شەممە) بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند، لەماوەی رۆژانی جەژندا 19 هەزار و 500گەشتیار سەردانی ناوچەی گەرمیانیان کردوە .
ئاشکراشیکرد زۆرینەی گەشتیاران بەنەتەوە عەرەب بوون و تەنها 800گەشتیار لە و ژمارەیە لە ئێران و لە رێگای مەرزی نێو دەوڵەتی پەرویزخانەوە هاتبوون.
بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی گشتی کەلار لە رۆژانی جەژندا798 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەی گشتی کەلاریان کردوە یەک حاڵەتی کەوتنەوە خوارەوە لە سەربان، یەک حاڵەتی پێوەدانی مار،دوو حاڵەتی سوتاویش تۆمار کراوە .
لەلایەکی ترەوە کارزان مەجید بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان بۆ ئاوێنەنیوز ئاشکرایکرد لە جەژندا دوو حاڵەتی روداوی ئۆتۆمبیل هەبووە و بریندابوونی دووکەسی لێکەوتۆتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 11-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 958

## نزیکەی 200 حاڵەتی توندوتیژی دژبەژنان تۆماردەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150904133941859557

بەگوێرەی ئامارێکی نوسینگەی شارەزوری بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی دژبەژنان لەماوەی شەش مانگی ڕابردودا لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە و قەزاکانی سەیدسادق و شارەزور پێنجوێن نزیکەی 200 حاڵەتی جۆراوجۆی توندوتیژی دژبەژنان تۆمارکراوە. بەگوێرەی ئامارەکەی نوسینگەی شارەزوری بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی دژبەژنان کەوێنەیەکیان بۆرۆژنیوز ناردووە، ئەوە خراوەتەروو لەماوەی شەش مانگی ڕابردودا بەشێوەیەکی گشتی نزیکەی 200 حاڵەتی جۆراو جۆرتوندوتیژی دژ بەژنان لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە و قەزاکانی شارەزور و سەیدسادق و پێنجوێن تۆمارکراوە، بەشێوەیەک 101 حاڵەتی لێدان لە ژنان و هاوکات 34 حاڵەتی هەڕەشە کردن و لەهەمانکاتدا 20 حاڵەتی جنێودان تۆمارکراوە. هەر لەئامارەکەی نوسینگەی شارەزوری بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی دژبەژنان ئاماژە بۆ ئەوەشکراوە کە، لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا زۆرترین حاڵەتەکانی توندوتیژی دژبەژنان لە قەزای سەیدسادق تۆکارکراوە کە دەگاتە 98 حاڵەتی جۆراوی توندوتیژی.هاوکات

قەزای پێنجوێنیش کەمترین حاڵەتی توندوتیژی تیادا تۆمارکراوە کە دەگاتە 25 حاڵەتی جۆراو جۆری توندوتیژی دژبەژنان. بەگوێرەی ئامارەکە لەماوەی شەش مانگی ڕابردوی ئەمساڵدا هیچ حاڵەتێکی سوتان یاخود خۆخنکاندن لەسنورەکەدا تۆمارنەکراوە. بەڵام چوار حاڵەتی دەرکردن لەماڵ تۆمارکراوەو یەک حاڵەتی ڕێگریش لە گەڕانەوە بۆلای هاوسەر تۆمارکراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

شارەکان: پێنجوێن

شارەکان: هەڵەبجە

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 959

## نزیکەی 250 هەزار کرێنشین لە هەرێمی کوردستان هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141222113138804466

ڕەهێل سەمەد

بەرپرسانی کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان هۆشداری دەدەنە حکومەتی هەرێم و لایەنی پەیوەندیدار لەبارەی قەیرانی نیشتەجێبوون، ئاماژە بەوەشدەکەن زۆربەی زۆری ئەو پرۆژانەی لەبواری نیشتەجێبوون لە هەرێم دروستکراون، لەبەرژەوەندی کرێنشینانی راستەقینە نەبووە.
مەحموود ئیسماعیل مەحموود لێپرسراوی لقی هەولێری کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینانی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: بە گوێرەی دوا ئامارەکان لە هەرێمی کوردستان 80 تا 85 هەزار خێزانی کرێنشین لە کۆمەڵەی داکۆکی لە مافی کرێنشینان تۆمارکراون، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەو ژمارەیە زۆر زیاترە و بەجۆرێک دەگاتە نزیکەی 250 هەزار خێزان.
مەحموود ئیسماعیل وتیشی: بەهۆی چەندین هۆکار تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەتواندراوە کێشەی کرێنشینان کەمبکرێتەوە، لەوانە زۆربەی زۆری ئەو پرۆژانەی لەماوەی رابردوو لە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی نیشتەجێکردن لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دروستکراوە لە بەرژەوەندی کرێنشینانی راستەقینە و کەمدەرامەت نەبووە.
لێپسراوی لقی هەولێری کۆمەڵەکە ئەوەشی خستەروو: بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کرێنشین لە هەرێمی کوردستان ئەوان وەک کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی کرێنشینانی کوردستان کە کۆمەڵەیەکی مەدەنین بەدەیان پرۆژەیان ئاراستەی لایەنی پەیوندیدار کردووە، بۆئەوەی چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر حکومەتی هەرێم هەوڵی چارەسەرکردنی نەدات لەداهاتوو دەبێتە کێشەیەکی زۆرگەورە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 21-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰 ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 960

## نزیکەی 26 تۆن مادەی هایدرۆکسید گەڕێنرایەوە بۆ ئێران

http://www.kurdipedia.org/?q=2015090418294885961

ڕۆژنیوز - شرام هەورامی
لەبەردەوامی دەستبەسەرداگرتنی خۆراک و کەرەستەی پیشەسازی نەشیاو کە لەڕێگەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخەوە ئێران ڕەوانەی هەرێم دەکات، ئەمڕۆ پری نزیکەی 26 تۆن مادەی هایدرۆکسیدی سۆدیۆم دەستی بەسەرەدا گرا. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندێکانی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ کە وێنەیەکیان بۆ ڕۆژنیوز ناردووە، ئەوە خراوەتەڕوو: ئەمڕۆ هەینی بەرواری 2015/9/4 دەستگیرا بەسەر پری 25 تۆن و 980 کیلۆگرام هایدرۆکسیدی سۆدیۆم کە بە پێی مواسفاتی عێراقی نەبوە. ئاماژە بەوەشکراوە، بە نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری سلێمانی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی باشماخ کراوە، کە نابێت ئەو مادەیە هاتنەناوەوەی بۆ بکرێت و پێویستە بگەرێتەوە بۆ خاکی ئێران بۆیە بە لیژنەیەکی هاوبەش گەرێندرایەوە بۆ ئێران. هەرلە ڕاگەیندراوەکەدا ئەوەشخراوەتە ڕوو، لە ڕێگەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخەوە دوێنی لە لایەن لیژنەیەک لە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخەوە (تایبەت بە لەناوبردنی خواردەمەنی نەشیاو) بری (930)کیلۆگرام (گوێزی کاکلەی ئۆزبەکستانی) لەناو برا. ئەمەش پاش ئەوەی لەلایەن یەکەی پشکنینی خۆراکی باشماخەوە ڕەتکرایەوە بەهۆی بوونی دوو بەرواری جیاواز لەسەر کارتونەکەی، کە بەروارێکیان بە حیبر ڕەش کرابوویەوە. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نەگونجانی تایبەتمەندی و نزمی کوالیتیەکەوە پری یەک تۆن و 650 کیلۆگرام (قاپی سەفەری) گەڕێنرایەوە بۆ خاکی ئێران و ڕێگا نەدرا هاوردەی هەرێمی کوردستان بکرێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

شارەکان: پێنجوێن

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 961

## نزیکەی 300 هەزار هاووڵاتیی موسڵ ئاوارەی هەرێم بوون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061121363476653

هەولێر-تایبەت بە kdp.info- یاریدەدەری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەروەی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، تا ئێستا نزیکەی 300هەزار ئاوارەی مووسڵ ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە کە بڕیارە چوار کەمپیان بۆ لە هەولێر و دهۆک دروست بکرێن.

یاریدەدەری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەروەی هەرێمی کوردستان. د. دیندار زێباری لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: بڕیارە سێ کەمپ بۆ ئاوارەکانی پارێزگای مووسڵ لە سنووری پارێزگای دهۆک دروست بکرێن و کەمپێکیش لە سنووری پارێزگای هەولێر لە خازر دروست بکرێت.

زێباری گوتیشی: بەپێی ئەو ئامارانەی بە دەست ئێمە گەیشتووە تاوەکو ئێستا نزیکی 100هەزار ئاوارە هاتوونەتە هەولێر و لە سنووری دهۆکیش نزیکەی 180هەزار ئاوارە لە ڕێگان بۆ ئەوەی بێنە ئەو پارێزگایەوە.

هاوکات گوتی، "داواکاریی ئێمە لە عێراق ئەوەیە هاوکاریی دارایی پێشکەش بکەن و هاوکارمان بن

لە پرۆسەکە و هاوکارییەکەش دوانەکەوێت و هەروەها داوا لەلایەنی نێودەوڵەتی دەکەین ئەو بەرپرسیارەتییە تەنها بە هەرێمی کوردستان ناکرێت، بۆیە پێویستە لایەنی عێراقی و نێودەوڵەتی ئەو بەرپرسیارەتییە لەئەستۆ بگرن.

د.دیندار زێباری ئەوەشی خستەڕوو، هێزەکانی پێشمەرگە و ئەمنییەکان هەموو ڕێوشوێنی ئەمنییان گرتووەتە بەر بۆ پاراستنی هەرێم و ناوچەکانی کوردستانی دەرەوە هەرێمی.

ئەم قسانەی زێباری دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتی و کۆنسوولخانەکان و ئاژانسەکانی یوئێن و یونامی و ڕێکخراوەکانی دیکەی لە هەرێم وجێگری وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق هات، لەبارەی هاوکاریکردنی ئاوارەکانی پارێزگای مووسڵ کە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

بڵند ئیبراهیم

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: موسڵ

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 962

## نزیکەی 500 پیاو ژنی دووەمیان مارەکردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140113143717866695

پیاوانی هەرێمی کوردستان بۆ هاوسەرگیری دووەم و سێیەم روو لە شاری کەرکووک دەکەن و بەپێی یاسای عیراقی هاوسەرگیری دەکەن، تا ئێستا لە دوای قەدەغەکردنی فرەژنییەوە لە کوردستان 500 پیاو لە هەرێمی کوردستانەوە رۆشتوونەتە شاری کەرکووک و ژنی دووەمیان لەوێ مارە کردووە.

بەپێی هەواڵێکی سایتی باس نیوز، زۆرترین ئە و پیاوانەی سەردانی شاری کەرکووکیان کردووە خەڵکی شارەکانی سلێمانی و هەولێرو هەڵەبجەن.

ئە و پیاوانە بە زۆری ژنی دووەم دەهێنن، بەڵام کەسانێکیش هەن کە ژنی سێیەم و زیاتریش دەهێنن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دادگای کەرکووک بە باسنیوزی راگەیاند: لەدوای قەدەغەکردنی فرەژنی لە کوردستان تا ئێستا نزیکەی 500 پیاوی هەرێمی کوردستان بە بەپێی یاسای عیراق لەناو دادگاکانی کەرکووک ژنی دووەم و سێیەمیان لەخۆیان مارە کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-13

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 963

## نزیکەی 90%ی بەشداربوانی راپرسییەک لەسەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە ناڕازین

http://www.kurdipedia.org/?q=2013103113085688112
بەپێی راپرسیەک کە رێکخراوی هەڵویست سەبارەت بەسەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە و شێوازی کارکردنیان ئەنجامیداوە، لە 88% دانیشتوانی هەڵەبجە لەکاروبارەکانی ئەو سەرۆکایەتیە ناڕازین.
میهرەبان سەلام، ئاوێنەنیوز: لێپرسراوی رێکخراوی هەڵویست لەهەڵەبجە، رێباز مەحمود، ئەمڕۆ چوارشەممە، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، راپرسیەکەمان لەسەر شێوەی درێژخایەن بوە و هەموو ئەو کەسانەی گرتۆتەوە کە رۆژانە سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە دەکەن.
وتیشی، ئەمە یەکەم کارمان نییە سەبارەت بەفەرمانگەکانی هەڵەبجە، بەڵکو پێشتریش لەسەر بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی شارەزور راپرسییەکی هاوشێوەمان ئەنجامداوە و بەردەوامیش دەبین لەسەری.
بەوتەی رێباز، ئەنجامی راپرسییەکەیان دەریدەخات کە 88%ی بەشداربوان لەئاستی کارەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە ڕازی نین.
لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی تاچەند هەست بەرۆتین دەکەیت لەبەڕێکردنی کارەکەتدا، 37.41%ی بەشداربوان بەزۆر و 6.65% بەکەم و 19.94% بەتارادەیەک وەڵامیان داوەتەوە.
هەروەک 70.81%ی بەشداربوان لەبەرێکردنی کاروباری هاوڵاتیاندا کەمتەرخەمی بەدی دەکەن و تەنها 4.91%ی بەشداربوان ئەو کەمتەرخەمییە رەتدەکەنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 30-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 964

## نزیکەی 95% مەلاکان لەتاقیکردنەوەدا کەوتن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013052218424578490
هەولێر، ئاوێنەنیوز: وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، مەریوان نەقشبەندی بۆ ئاوێنەنیوزی رونکردەوە، لەکۆی 169 مامۆستای ئاینی کە بەشداریی تاقیکردنەوەی هاوتاکردنی پروانامەیان کردوە تەنها 9 مامۆستا دەرچوون.
رونیشکردەوە، ئەم تاقیکردنەوەیە پاش ئەوە هاتوە کە لەماوەی رابردودا وەزارەتی ئەوقاف هەلی رەخساندوە بۆ ئەو بەڕێزانەی لای زانایانی ئاینی بابەتەکانی شەریعەتیان خوێندوەو ئیجازەی مەلایەتیان وەرگرتوە، تا تاقیکردنەوە بکەن، ئەوانەشی لەم تاقیکردنەوەیەدا دەردەچن پروانامە شەرعیەکانیان کە بە "ئیجازەی مەلایەتی" دەناسریت بۆ بەرامبەر دەکرێت بەبروانامەی شەشی ئامادەیی ئیسلامی.
وتەبێژی ئەوقاف راشیگەیاند "جێگەی سەرسورمان و نیگەرانیە کە لەکۆی 169 کەس کە ئیجازەی زانستی شەرعیان وەرگرتوە لەزانا ئیسلامیە گەورەکانی کوردستان تەنها 9 کەس لەتاقیکردنەوەی ئەمساڵدا دەرچوون کە دەوروبەری 5% رێژەی بەشداربوان دەکات."
وتیشی، هەندێک لەو 9 کەسەش بەپلەیەکی زۆر نزم دەچوون و لەوەزارەتی ئەوقاف هاوکاری کراون بۆ دەرچون، لەکاتێکدا هەموو پرسیارەکان لەچوارچێوەی ئەو بابەتە شەرعی و فیقهیانهدا بووە کە پێشتر خوێندویانە.
نەقشبەندی رونیشیکردەوە "ئەم حاڵەتە پێویستی بەپێداچونەوە هەیە چ لەلای ئەو زانا ئاینیە بەرێزانەی کە باوەڕپێکراون و ئیجازەی عیلمی دەدەن چ لەلایەن وەزارەتی ئەوقافیشەوە."
بەپێی ئامارەکانی ئەوقاف لەئێستادا 4 هەزارو 882 مزگەوت لەکوردستاندا هەیەو بەفەرمیش 2 هەزارو 432 مامۆستای ئاینی وەکو پێشنوێژو وتارخوێن فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقافن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە: 22-05-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 965

## نزیکەی سێ هەزار چەکداری داعش لەکۆبانێ کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014121512183978223

ئاژانسی هەواڵی فورات بۆ هەواڵی کوردی، ئەمڕۆ بڵاویکردۆتەوە، لەماوەی سێ مانگی هێرشی چەکدارانی داعش 2 هەزارو 951 چەکداری داعش لەشاری کۆبانێ لەخۆرئاوای کوردستان بەدەستی شەڕەڤانان کوژراون .
مستەفا عەبدی، کۆبانێ: ئاژانسەکە لەراپۆرتێکیدا بڵاویکردۆتەوە کە بەهۆی دلێرو ئازایەتی شەڕەڤانانی کۆبانێ لەشاری کۆبانێ، ئە و شارە بۆتە گۆرستانی مەرگی چەکدارانی داعش.
نوسیویەتی "لەسەرەتای هێرشەکانی داعشەوە بۆ سەر کۆبانێ، شەرەڤانان 2 هەزارو 951 چەکداریی ئە و رێکخراوە تیرۆریستیەیان کوشتوە و 14 دەبابە و 88 دۆشکەیان تەقاندۆتەوە ."
لەبەرامبەریشدا 248 شەڕەڤان و 15 چەکداری ژوری عەمەلیاتی بورکان فورات و ئەندامێکی هێزەکانی ئاسایشی خۆرئاوا کوژراون .
نزیکەی سێ مانگە چەکدارانی داعش هێرشەکانیان بۆ گرتنی شاری کۆبانێ لەخۆرئاوای کوردستان دەستپێکردووە و شەڕەڤانانیش بۆ پارێزگاری لەداگیرکردنی شارەکە بەتوندترین شێوە روبەرویان بونەتەوە و لەئێستادا زیاتر لە 70ی شارەکەیان کۆنترۆڵکردۆتەوە و لەپێشرەوی زیاتردان .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-12-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | رۆژئاوای کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 966

## نزیکەی ملیۆنێک و 400 هەزار ئاوارە لە باشووری کوردستان دەژین

http://www.kurdipedia.org/?q=2014090311472077234

لەساڵی 2003 وە بەلێشاو عەرەب روو لە باشووری کوردستان دەکەن، بەجۆرێک ژمارەیان بە یەک لەسەر چواری دانیشتووانی کوردستان دەخەمڵێنرێت، دەگوترێت ئەمە تەعریبێکی بێ رووبەڕووبوونەوەیە و رووی لە کوردستان کردووە.
بەگوێرەی ئامارەکان ئێستا یەک ملیۆن و چوارسەد هەزار ئاوارە روویان لە باشووری کوردستان کردووە، هەرچەندە تائێستا هیچ ئامارێک لەبەردەستدا نییە بۆ زانینینی ژمارەی دروستی عەرەبەکان لەناو ئەو ئاوارانەدا .
بەگوتەی شارەزایان ئەو ژمارە زۆرەی عەرەب لە شارەکانی باشووری کوردستان زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر دیموگرافیای کوردستان، ترسی ئەوە هەیە زمانی عەرەبی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە و کاریگەریان هەبێت لەسەر زمان و دابونەریت و کۆمەڵگەی کوردیش، ئەوە جگە لە کاریگەری خراپی سیاسی و ئابووریی ئەوان لەسەر ناوچەکە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-09-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 967
## نزیکەی یەک ملیۆن مەسیحی عیراقیان جێهێشتووە
http://www.kurdipedia.org/?q=2013112009322687743
کەسایەتیەکی مەسیحی لە شاری هەولێر رایدەگەیەنێت کۆچی مەسیحییەکانی عیراق لە ناوەڕاست و باشووری عیراق بۆ هاندەران و شارەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە، ئاماژە بەوەشدەکات لەکۆی یەک ملیۆن و 500 هەزار مەسیحی پێش پرۆسەی ئازادی عیراق تەنها 550 هەزارکەسیان لە عیراق ماونەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 20-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 968
## نزیکەی 1000 شەڕڤانی ژن لەبەرەکانی جەنگدان لەکۆبانێ
http://www.kurdipedia.org/?q=2014110913271177895
سەرکردەیەکی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ئاشکرای کرد کە نزیکەی 1000 شەڕڤانی ژن شانبەشانی چەکدارانی یەپەگە و پێشمەرگە و سوپای سوریای ئازاد لەکۆبانێ دژی داعش دەجەنگن.
مستەفا عەبدی، کۆبانێ، ئاوێنەنیوز: سەرکردە لەیەکینەکانی پاراستنی گەل هبون دێریک لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەکۆبانێ ئاشکرای کرد کە نزیکەی 1000 چەکداری ژن لەنێو یەکینەکانی پاراستنی ژنان (یەپەژە) دژی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەجەنگن لەکۆبانێ، کە دەموچاویان رەنگی ئازایەتی و قارەمانێتی و خۆبەخشیی گرتووە، بەنمونە ئاماژە بە شەهید (ئارین میرکان)ی کردووە.
هەر لە و کۆنگرە رۆژنامەوانییەدا سەرکردەیەکی دیکەی یەپەگە دژوار خەبات رایگەیاند کە لەماوەی دوو مانگی رابوردوودا 3000 چەکداری داعشیان کوشتووە، کە هێزە کوردییەکانی کۆبانێن پێکدێن لەیەپەگە و یەپەژە و پێشمەرگە.
بەهەمانشێوە وتەبێژی فەرمی راگەیاندنی یەپەگە شۆرش حەسەن لەچاوپێکەوتنێکی پێشوویدا جەختی کردبووەوە کە هەموو شەهیدەکانی کورد لەکۆبانێ 200 کەس بووە و ئازایەتی و بەرگریکردنیان لەکۆبانێ شایەتی ئە و راستییەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کۆبانی
ولات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 969

## نزیکەی 110 هەزار کەس لە پارێزگای سلێمانی بێکارن

http://www.kurdipedia.org/?q=20150209195031847373

هێڤی خالید

وتەبێژی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان رایدەگەیەنێت، نزیکەی 110هەزار کەس لە پارێزگای سلێمانی بێکارن کە پێشتر لە کەرتی تایبەت و بەڵێندەراندا کاریان کردووە، ئاماژە بەوەشدەکات، لە دوێنێوە هەموو کۆمپانیاکان هەڵمەتێکی گەورەیان کردۆتە سەر یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و داوا دەکرێت خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام بدرێت.

میران کامیل وتەبێژی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان لە سلێمانی لەلێدوانێکی بۆ خەندان وتی: "دوای ئەوەی وەزارەتی پلاندانان و دارایی پارەی پرۆژەکانیان وەستان، ئێمەش وەکو یەکێتی بەڵێندەران چەند نوسراوێکمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان کرد، کە وەستانی پرۆژەکان کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر دۆخی ئابوری ئەم وڵاتە."

وتیشی: "بەڵێندەر ئامادەبوو بەچەکی بێ پارە بەشێک لە کارەکانی تەواو بکات بەڵام ئەوەشیان وەستاندووە، ئەمەش لە کاتێکدایە پرۆژەکانی پترۆڵ دۆلار بۆ ماوەیەی یەک ساڵە هیچ وەڵامێکی نییە و داخوازییەکانی بەڵێندەران ڕۆژ بەڕۆژ دوادەکەوێت."

ئاشکراشی کرد،" کە لە دوێنێوە هەموو کۆمپانیاکان هەڵمەتێکی گەورەیان کردۆتە سەر یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و داوا دەکرێت خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام بدرێت، هەر لەدوێنێشەوە نزیکەی 120 کۆمپانیا واژۆیان کۆکردۆتەوە."

ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کە، لە ئێستادا چاوەڕوانی ئەوەین وەڵامێکی باشمان دەست بکەوێت و ڕۆژ بەڕۆژ واژۆکان زیاتر دەبێت، بۆیە داوا لە حکومەت دەکەین وەڵامێکی بەڵێندەران بدەنەوە و لەوە زیاتر داواکانمان فەرامۆش نەکرێت.

میران کامل وتەبێژی یەکێتی بەڵێندەران راشیگەیاند کە، "نزیکەی 110هەزار کەس لە پارێزگای سلێمانی بێکارن کە پێشتر لە کەرتی تایبەت و بەڵێندەراندا کاریان کردووە، داوای وەڵامێکی جدی دەکرێت بۆ چارەسەر کردنی ئە و کێشەیە ."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 970

## نزیکەی 160 هەزار مەسیحی ئاوارە بوون

http://www.kurdipedia.org/?q=20141212114921781933

سەرۆکی کوتلەی رافیدەین لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ئاشکرای دەکات تائێستا ژمارەی ئاوارە

مەسیحییەکانی پارێزگای موسڵ گەیشتووەتە 120-160 هەزار کەس، کە بەهۆی کۆنترۆڵکردنی ئە و شارو گوندانە لەلایەن خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی داعشەوە کە زۆرینەی دانیشتوانەکانی مەسیحی بوون.
ئاوێنەنیوز: سەرۆکی کوتلەی رافیدەینی مەسیحییەکان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق یونادەم کنا لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند ئاوارە مەسیحییەکانی لەبەرزاییەکانی موسڵ کەسیان لەلایەن داعشەوە نەڕفێندراون، بەڵکو ئاوارەکان لەگوندەکانەوە بەرە و هەرێمی کوردستان هەڵهاتوون.
بەهۆی ئە و دۆخەوە سەدان خێزانی مەسیحی لەپارێزگای موسڵەوە بەرە و پارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروو و هەرێمی کوردستان ئاوارە بوون پاش ئاوارەبوونیان داعش دەستی گرت بەسەر هەموو ماڵ و سەروەت و سامانەکانیاندا.
لەماوەی پێشوودا وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراق بڵاویکردەوە کە هەندێ لەباڵوێزخانە بیانی و ئەوروپییەکان ئاسانکارییان بۆ کەمە نەتەوەییەکان کردبوو بەمەبەستی پێدانی مافی مانەوەیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 12-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە
شارەکان: موسڵ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 971
## نزیکەی 300 خوێندنگا و پەیمانگەی ئەهلی لەهەرێم هەیە
http://www.kurdipedia.org/?q=2015010419174884509
رەهێل سەمەد
جگە لە خوێندنگا و پەیمانگە حکومییەکانی سەر بە وەزاەتی پەروەردە، زیاتر لە 300 خوێندنگا و پەیمانگەی ئەهلی کە سەر بەهەمان وەزارەتن، لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە و تێیدا خوێندکار بەپارە دەخوێنێت، هەروەک بەرپرسێکی وەزارەتی پەروەردە ئاماژەی بۆ دەکات لەکاتی ناردنی خوێندکار بۆ خوێندنگا ئەهلییەکان، بەخێوکەر لەجیاتی بیر لە پرۆگرام و سیستەم و ئاستی زانستی و پروانامەی مامۆستایان بکەنەوە زیاتر بۆ چاولێکەری و نزیکی لەماڵەکانیان و بۆ فێربوونی زمانێکی بیانییە.
دانا مەحەمد خدر بەڕێوەبەری قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: بەگوێرەی یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2012 ی پەرلەمانی کوردستان هەموو پەیمانگە و قوتابخانە و باخچەکانی ساوایان و سەنتەرەکانی فێرکاری پابەندکراون بە بڕگە و ماددەکانی ئە و یاسایە.
وتیشی: ژمارەی قوتابخانە و پەیمانگە ئەهلییەکان لە هەرێم دەگاتە نزیکەی (300) دەکرێن بە دوو بەش، یەکەمیان قوتابخانە خۆماڵی یەکان (لۆکاڵ) کە هەمان پرۆگرام و سیستەمی وەزارەتی پەروەردە پەیرە و دەکەن .
دووەمیان قوتابخانە نێودەوڵەتی و بیانییەکان کە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، فارسی دەخوێنن و پرۆگرام و سیستەمی وڵاتێکی بیانی یان دەزگایەکی پەروەردەی جیهانی پەیرە و دەکەن.
لەبارەی هۆکارەکانی ناردنی خوێندکار بۆ خوێندنگا ئەهلییەکان لەلایەن بەخێوکەرانەوە وتی: بە داخەوە تاکو ئێستا ڕێژەیەکی زۆری بەخێوکاران لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە منداڵەکانیان دەبەنە قوتابخانە ئەهلییەکان لەوانە (نزیکی لە ماڵەکانیان، چاولێکەری، فێربوونی زمانێکی بیانی بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی.(
ئەمە لەکاتێکدا پێویست وابوو ئە و بەخێوکەرە بیر لە پرۆگرام و سیستەم و ئاستی زانستی و

پروانامەی مامۆستایانی ئە و قوتابخانەیە و جۆری ئە و خزمەت گوزاریە بکەنەوە کەلە و قوتابخانەیە هەیە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 972

## نوسینگەی کۆیەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ئاماری 2013 رادەگەیەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121017023187335

خەندان: دانا جلال
بەگوێرەی ئاماری بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان نوسینگەی کۆیە، لەمساڵدا 131 ڕووداو ڕوویانداوە 119 سکاڵاش تۆمارکراوە لە سنوری شاری کۆیە.
نەقیب دانا حاجی عەبدوڵلا بەرپرسی نوسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کۆیە ڕایگەیاند: ئاماری نوسینگەکەیان لەم ساڵ 131 ڕووداو و 119 سکالا و 4 کرداری سێکسی و 2 ڕوداوی کوشتن و 2 ڕووداوی سوتان و 4 ڕووداوی خۆسوتان لە نوسینگەمان وەک توندو تیژی دژ بەژنان تۆمارکراوە.
بەرپرسی نوسینگەی کۆییەی بەرەنگاربونەوەی توندووتیژی دژی ئافرەتان: بەشی زۆری هۆکاری ڕووداوەکان بۆ خراپ بەکار هێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی گێرایەوە .
بەبەراورد بە ساڵی ڕابردوو ژمارەی ڕووداوەکان کەمی کردوە کە ساڵی پار 180 ڕووداو لە سنوری شاری کۆیە تۆمار کرابوو
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-10

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 973

## نوێترین ئاماری ئاوارەکانی سوریا لە هەرێم راگەیەنرا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014061016164676646

جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ژمارەی پەنابەرانی سوریا لە عیراق ئاشکرا دەکات و رایدەگەیەنێت، 215 هەزار پەنابەر لە عیراقن کە 213 هەزاریان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.
د. دیندار زێباری جێگری بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە رایگەیاند: لەئێستادا تێکرای ژمارەی پەنابەران لە عیراق گەیشتوەتە نزیکەی 215 هەزار پەنابەر و لەکۆی ئە و ژمارەیە 213 هەزار پەنابەر لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.
لەبارەی چۆنیەتی دابەشبوونی پەنابەرانەوە لەهەرسێ شارەکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی، دیندار زێباری رایگەیاند: لە دهۆک، 102 هەزار پەنابەر کەبەشی زۆری لەکەمپی دومیزە بەڕێژەی 69.033 پەنابەر هەیە، هەولێر 82 هەزار و 208 و سلێمانی 22 هەزار و 626، پەنابەر.
روونیکردەوە: ژمارەی کەمپەکان بەمشێوە لە عیراق دابەشبوون کە نزیکەی 10 کەمپن و گەورەترینیان لە دهۆکە بەناوی دومیز و لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش پارێزگای دهۆک رێژەی هەرە

زۆری بەرکەوتووە کە دەکاتە 104 هەزار پەنابەر.
وتیشی: "بەشی زۆری پەنابەران خەڵکی شاری حەسەکەن، بەشی زۆری کوردەکان خەڵکی قامیشلۆن ئەمە جگە لەوەی بەشێکی دیکەی پەنابەران خەڵکی شارەکانی دیکەی وەک دیمەشق و ئەلیپۆن ."
لەسەرەتای ساڵی 2012 بەهۆی نالەباری و تێکچوونی باری ئەمنی لەسوریا ژمارەیەکی زۆری پەنابەران روویان لە وڵاتەکانی تورکیا و ئەردەن و لوبنان و عیراق کردووە بەمەش لەهەرێمی کوردستان، رێکخراوی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران بەهاوکاری دەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەهەوڵی بەردەوام دان بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان بە پەنابەران .
لەلایەکی دیکەوە، بەهۆی بارگرژیەکانی ئەمدواییەی موسڵ و دەستبەسەرداگرتنی شارەکە لە لایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام، رێژەیەکی زۆری دانیشتوانی ئە و وڵاتە روویان لە هەرێمی کوردستان کردوە و چاوەڕواندەکرێت ژمارەی پەنابەران زۆر زیاتر بێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 10-06-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 974

## نوێترین ریزبەندی بۆ ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2015090716041685980


نوێترین ڕیزبەندی بۆ ئاستی زانكۆكانی هەرێمی كوردستان لەسەر ئاستی جیهان
1. زانكۆی هەولێری پزیشكی پلەی 4,417
2. زانكۆی بەغداد پلەی 8,569
3. زانكۆی سۆران پلەی 9,738
4. زانكۆی ئەمەریكی لە سلێمانی پلەی 10,803
5. زانكۆی سلێمانی پلەی 11,322
6. زانكۆی كۆیە پلەی 12,322
7. زانكۆی كوردستان پلەی 13,656
8. زانكۆی كەركوك پلەی 15,510
9. زانكۆی زاخۆ پلەی 18,160
10. زانكۆی سەلاحەدین هەولێر پلەی 18,635
11. زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی پلەی 18,795
12. زانكۆی جیهان پلەی 19,320
13. زانكۆی تیشك پلەی 19,882
14. زانكۆی ڕاپەرین پلەی 20,165
15. زانكۆی لوبنانی فەرەنسی پلەی 21,427
16. زانكۆی پۆلیتەكنیكی سلێمانی پلەی 21,542
17. زانكۆی نەورۆز پلەی 22,909
18. زانكۆی ئەمەریكی لە بەغداد پلەی 23,293

تێبینی: کوردیپێدیا لە دروستیی ئەم ئامارە دڵنیا نییە!

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەندەڵی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 975

## نوێترین زانیاری و داتای رەسمی لەبارەی ئاست و قازانج و داهاتی نەوتی کوردستانەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111812140677978

بە گوێرەی دواڕاپۆرتی رێکخراوی دۆر بۆ زانیاریی نەوتی کوردستان، هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2017 لە رێگەی بۆرییەوە سەرەتا 55 ملیۆن پێ سێجا غازی سرووشتی هەناردەی دەرەوە دەکات و لە 2019-یش، هەناردەی رۆژانەی نەوت دەگاتە 2 ملیۆن بەرمیل.
بەپێی راپۆرتی رێکخراوی دۆر بۆ زانیاریی نەوتی کوردستان، لە ماوەی دە ساڵدا هەرێمی کوردستان 272 ملیۆن و، 645 هەزار و، 911 بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە.
بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئەنادۆل، رێکخراوەکە لە راپۆرتی مانگی نۆڤەمبەری خۆیدا

ئاشکرایکردووە، ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی ساڵی 2014 تا کۆتایی ساڵەکە لە 180 هەزار بەرمیل ڕۆژانەوە بۆ 400 هەزار بەرمیل بەرز دەبێتەوە، هەروەها لە چارەکی یەکەمی ساڵی 2015-یشدا ئە و ڕێژەیە بۆ 500 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد دەکات.
ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە بڕی ئە و نەوتە دەکات کە هەرێم، ئەمساڵ هەناردەی تورکیای کردووە کە 34 ملیۆن و 500 هەزار بەرمیلە، لە و بڕە 21 ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ بەندەری جەیهان ڕەوانە کراوە و 13 ملیۆن بەرمیلیش لە ڕێگەی تەنکەرەوە بە تورکیا فرۆشراوە.
لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە داهاتەکانی نەوتی هەرێم لە ئەمساڵدا کراوە و تێیدا هاتووە، "کۆی داهاتی خەمڵێنراوی ئە و نەوتەی لە ساڵی 2014 لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە فرۆشراوە، دەگاتە 2 ملیار و 87 ملیۆن دۆلار، کۆی پارەی وەرگیراویش بە کاش ملیارێک و 700 ملیۆن دۆلارە، هەرچی 900 ملیۆن دۆلاری دیکەیە وەک کرێی بارکردن و پارەی پێشینە بووە کە بڕی 400 ملیۆن دۆلار کرێی بارکردن و پاداشتی کۆمپانیاکانە، 500 ملیۆن دۆلاریشی پارەیەکە پێشتر وەرگیراوە."
ڕاپۆرتەکە ئەوەش ئاشکرا دەکات کە لە ساڵی 2013 کۆی ئە و نەوتەی بەرهەم هێنراوە لە هەرێم، 78 ملیۆن بەرمیل بووە و ئە و ژمارەیەش بە بەراورد بە ئاستی بەرهەمهێنانی ساڵی 2003 نزیکەی سەدا 200 زیادی کردووە.
هەروەها ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاریی نەوتی کوردستان، ئەوەیشی لە ڕاپۆرتەکەیدا خستووەتە ڕوو کە، ساڵی 2014 بەپێی قۆناغەکان سەرەتا 180 هەزار بەرمیل هەناردە کرا، دواتر ئە و ڕێژەیە بووەتە 340 هەزار بەرمیل، دواتر 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا هەناردە دەکرێت. هەرچی ساڵی 2015-یە ئەوا سەرەتا بەپێی پلان 500 هەزار بەرمیل، دواتر 850 هەزار و لە کۆتایی ئە و ساڵەیشدا یەک ملیۆن و 60 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکرێت.
بەپێی ئە و زانیارییانەی لە سەرچاوە ڕەسمییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمە و، هەروەها ئاژانسی وزەی جیهان و ئاژانسی وزەی ئەمەریکاوە دەست کەوتوون، دەری دەخەن هەرێمی کوردستان لە ماوەی دە ساڵدا واتە لە نێوان ساڵی 2003 بۆ 2013، بڕی 272 ملیۆن و 645 هەزار و 911 بەرمیل نەوتی بەرهەم هێناوە.
ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی دۆر لە بەشێکی دیکەدا دەچێتە سەر پێشبینییەکان بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم و دەڵێت، عێراق ساڵی 2019 ئاستی بەرهەمهێنانی دەگاتە 4 ملیۆن و 500 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، واتە زیادبوون بە ڕێژەی سەدا 60 و، بە ئاستی 1 ملیۆن و 300 هەزار بەرمیل.
ئەوە لە کاتێکدا بەپێی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێم وا بڕیارە لە ساڵی 2019 ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم بگاتە 2 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا واتە نزیکەی سەدا 45-ی ئە و بەرهەمەی ئە و کاتە عێراق بەرهەمی دەهێنێت.
ڕاپۆرتەکە هەروەها ئاماژە بە هەناردەکردنی غازی سرووشتیی هەرێمی کوردستانیش بۆ تورکیا دەکات و، لە و بارەیەوە ئاشکرای کرد کە، لە ساڵی 2017 هەناردەی غازی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تورکیاوە بۆ دەرەوە دەست پێ دەکات، بە جۆرێک لە سەرەتادا 55 ملیۆن پێ سێجا و، دواتر بۆ 120 ملیۆن پێ سێجا و، پاشان بۆ 200 ملیۆن پێ سێجا، بەرز دەبێتەوە.
لە کۆتاییدا ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاریی نەوتی کوردستان، باس لە داهاتەکانیش دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە داهاتی هەرێمی کوردستان لە مانگی 12-ی ئەمساڵ دەبێتە یەک تریلیۆن و 200 ملیار دینار، هەرچی ئە و داهاتەیە لە چارەکی ساڵی 2015 مانگانە دەبێتە یەک تریلیۆن و 500 ملیار دینار.
بەپێی ڕاپۆرتەکەیش ئە و داهاتەی هەرێم لە نەوت دەستی دەکەوێت، هاوشانی ئە و قەرزەیە دەکرێت کە پێنج ملیار دۆلارە و بڕیارە حکوومەت قەرزی بکات تا چارەکی یەکەمی 2015 هەرێم دەگاتە دۆخێک پێویستی بە بەغدا نەبێت بۆ مووچەی فەرمانبەران و بودجەی پرۆژەکان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 976

## نوێترین ژمارەی ئاوارە، لەسنوری پارێزگای سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014102914255677849

پەیوەند جەلال

تازەترین ژمارەی کۆچبەرانی نیشتەجێی سنوری پارێزگای سلێمانی بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی سلێمانی گەیشتۆتە نزیکەی 300 هەزار کەس کەپێکهاتووە لە کوردانی رۆژئاوا و خەڵکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و ئاوارەکانی ناوەراست و باشوری عێراق.
عوسمان مستەفا ئیبراهیم، بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەرانی سلێمانی بەخەندانی راگەیاند کە "لەئێستادا لەسنووری پارێزگای سلێمانی نزیکەی 300 هەزار پەنابەر و کۆچبەر هەن ."
وتیشی: بەشێکی ئە و ئاوارانەی کە لەسەرەتای ئەمساڵەوە لەچەند ناوچە و شارێکی عێراق بەهۆی شەڕی داعشەوە روویان لەسنوری پارێزگای سلێمانی کردووە و ژمارەیان (189 هەزار و 927 کەسە) واتە (31 هەزار و 652 خێزان)، هەروەها 26 هەزار و 383 کەس لەپەنابەرانی رۆژئاوا روویانکردووەتە سلێمانی و دوایەمین کاروانیشیان لەکەمپی عەربەت نیشتەجێن.
ناوبراو ئاشکرایکرد، "نزیکەی 36 هەزار کوردی رۆژهەڵات لەسنووری پارێزگای سلێمانین، لە و ژمارەیە 16 هەزاریان جێگیرن و ئەوانەی دیکەش هاتووچۆ دەکەن"، دەشڵێت: لەدوای رووخانی رژێمی سەدام تا سەرەتای ئەمساڵ، نزیکەی 15 هەزار و 700 خێزان روویان لەسنوری پارێزگای سلێمانی کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 977

## نیشانەکانی درککردن بە گەندەڵی لە عێراق 2003-2013

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032815180066535



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 978

## نیوەی دانیشتوانی سوریا بەرەچەڵەک کوردن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120510280987434

وتەبێژی هاوپەیمانی نیشتیمانی سوریا سەبارەت بە ڕاگەیاندنی هەرێمێکی سەربەخۆ لە بۆ کوردانی سوریا، دەڵێت کوردەکانی سوریا لە یەک شوێن کۆنەبوونەتەوە تاوەکو وەکو کوردستانی باشور هەرێمی سەربەخۆیان هەبێت.
بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی"ئەنادۆل"وتەبێژی هاوپەیمانیی نیشتمانی سوریا لوئەی سافی رایگەیاند: ئەگەر کۆنفرانسی جنێڤ 2 سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا ناوچەکە رووبەرووی دابەشبوونێکی گەورە دەبێ و شەڕ لە سەرانسەری ناوچەکە پەرە دەسێنێ.
لوئەی سافی لە کۆنفرانسی چارەسەری دیموکراتی بۆ سوریا لە زانکۆی بۆسنا، وتی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ قەیرانی سوریا، نزیکە.
سافی لە بارەی کوردانی سوریاوە وتی:" کوردانی سوریا وەکو کوردانی عێراق لە یەک ناوچەی تایبەتدا ناژین، بۆیە ناتوانن بەبێ شەڕ وڵات یا ناوچەیەکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابمەزرێنن. لە باکووری رۆژهەڵاتی سوریا کورد و عەرەب تێکەڵن، بە پێی مێژوو نیوەی زیاتری سورییاییەکان بە رەسەن کوردن، بۆیە راگەیاندنی ناوچە یا دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی زەحمەتە. ئێمە لە و باوەرەداین لە کۆمەڵگەیەکدا کە یاسا سەروەربێ ئەوا هیچ جۆرە جێگەیەک بۆ نەتەوەپەرستی نامێنێ".
وتیشی، زۆربەی ئەندامانی هاوپەیمانیی نیشمانی کورد لە دژی راگەیاندنی ناوچە یا وڵاتێکی سەربەخۆی کوردین. ئیمەیش وەکو هاوپەیمانیی نیشتمانی سوریا داوای سیستمێک دەکەین کە باوەش بۆ هەموو پێکهاتەکان بە شێوەیەکی یەکسان بکاتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-05

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 979

## نەبوونی مووچە قوربانیکردنیش کەمدەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014100313074677686

بەو پێیەی جەژنی قوربان بە سەربڕینی ئاژەڵ قوربانی دەکرێ، بازاڕی فرۆشتنی ئاژەڵان لە رابردوودا گەرمدەبوو و چەندرۆژێک بەر لەجەژن، مەیدانەکانی فرۆشتنی ئاژەڵان جمەیان دەهات لە کڕیار، بەڵام ئەوەی ئەمساڵ لە مەیدانەکان بەدی دەکرێ، کەمی کڕیاری ئاژەڵانە و فرۆشیارانیش نەهاتنی مووچە و نالەباری رەوشەکە بە هۆکار دەزانن.
لە ساڵانی رابردوودا، رێژەی ئاژەڵانی ناوخۆ بەشی بازاڕەکانی باشووری کوردستانی نەدەکرد و لە ناوەڕاستی عێراق و سنوورەکانی تورکیاو و ئێرانیشەوە هاوردە دەکران، بەڵام ئەمساڵ و لەم وەرزەدا زۆرتر پشت بە بەرهەمی ناوخۆ دەبەسترێ و فرۆشیش کەمبووەتەوە، ئەمەش وایکردووە کەمتر هاوردەبکرێ، ئەگەرچی نرخی فرۆشتنی مانگا لە نێر و مێ جیاوازی هەیە، بەڵام لەبازاڕ گۆشتفرۆشان بە یەک نرخ دەیفرۆشن.
فرۆشیارانی ئەم مەیدانەی ئاژەڵفرۆشان دەڵێن ساڵی پار بە هاتن و نزیکبوونەوەی جەژنی قوربان، لەم مەیدانە دا 100 بۆ 150 سەر ئاژەڵ لەرۆژێکدا ساخدەکراونەوە، بەڵام ئەمساڵ فرۆش دابەزیوە بۆ 30 سەر ئاژەڵ لە رۆژێکدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-10-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 980

## نەبوونی سیستمی گلدانەوە 80%ی ئاوی بەفروبارانی هەرێم بەفیڕۆ دەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140327075815653333

خەندان - کامەران عەبدە ساڵح

لەئێستادا بە بڕیارێک لێدانی بیری ئیرتیوازی لەلایەن هاوڵاتیانەوە، لە سنووری ئیدارەی راپەڕین راگیراوە، لایەنی پەیوەندیداریش رایدەگەیەنێت، بۆ کاتی زۆر پێویست هاوڵاتیان دەتوانن رەزامەندی لێدانی بیر لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی ژێرزەوی وەربگرن.

هیوا قەرەنی، قایمقامی قەزای رانیە، بە خەندانی راگەیاند: بەپێی نوسراوێک کە لە سەرووی خۆیانەوە بۆیان هاتووە، ناتوانن رێگە بە لێدانی بیری ئیرتیوازی بدەن.

وتیشی: "پێدانی مۆڵەت بۆ لێدانی بیری ئاو، تەنها لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی ژێرزەوییدایە."

نوسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوی ژێرزەوی، کە بۆ ئیدارەی گشت ناوچەکانی سلێمانی نێردراوە، داوادەکات تەنها بۆ مەبەستی کاری کشتوکاڵی رێگە بدرێت بیری ئاو لێبدرێت، بە و مەرجەی رووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکە لە 20 دۆنم کەمتر نەبێت.

ئەمە لەکاتێکدایە، کە بەپرواى شارەزایانی بواری جیۆلۆجی، لێدانی ژمارەیەکی زۆر لە بیری ئاو، وێڕای ئەوەی کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی دەبێت، ئەگەری روودانی بومەلەرزەش زیاد دەکات.

لایخۆیەوە، ئابووریناس مەحمود جەلیل محەمەد، بۆ خەندان وتی: "لەهەرێمی کوردستاندا 32 حەوزی ئاوی ژێرزەوی هەن، کە 13یان لە پارێزگای هەولێر و، حەوتیان لە پارێزگای سلێمانی و، نۆیان لە پارێزگای دهۆک و، سێ حەوزی تریش لە ناوچەی گەرمیانن، کە بەپێی سەرچاوە جیۆلۆجی و زانستییەکان، هەرسێ حەوزی ئاوی ژێرزەویی دەشتی هەولێر و شارەزوور و ئاکرێ، لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیەوە بەگرنگترین حەوزی گلدانەوەی ئاوی ژێرزەوی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێردرێن."

ئە و ئابووریناسە داوایکرد، رێگە نەدرێت بەهیچ شێوەیەک پاشماوەی خاشاک و پاشەڕۆی پیسی کارگە مادە ژەهراوییەکان لەنزیک شوێنی حەوزەکانی ئاوی ژێرزەوی فڕێ بدرێن، بۆ ئەوەی نەبنە هۆکارێک بۆ زیادبوونی رێژەی مادەی نیترات و پیسکردنی ئاوی ژێرزەوی ئە و ناوچانە.

دەربارەی کاریگەری بارانبارین لەسەر زیادبوونی رێژەی ئاو لەکوردستاندا، مەحمود جەلیل وتی: "لەماوەی رابردوودا بڕێکی باش باران لەناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان باریوە، بەتایبەتی لەسنووری پارێزگای سلێمانی، بەڵام ئە و رێژەیە لە هەندێک شوێن کەمتر بووە، بۆ نموونە رێژەی بارانبارین لەسنووری هەولێر و ناوچەی دەشتاییەکانی دەوروبەری کەمتر بووە، ئەگەر ئەمساڵیش وەک ساڵانی رابردوو، بەفر تەنها لەکوێستان و ناوچە شاخاوییەکان بباریایە، ئاستی ئاوی ژێرزەوی بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزینی بەخۆیەوە دەبینی، کە خۆشبەختانە ئەمە روونەدا و، ئەمساڵ تارادەیەکی دڵخۆشکەر بەفر باری."

ئەوەشی خستەڕوو، لەبنەڕەتدا نابێت تێکرای بڕی بارانبارینی ساڵانە لەناوچەکەدا لە 350 ملیمەتر کەمتر بێت.

بەپێی بەدواداچوونی سەرچاوە کەشناسییەکان، رێژەی بارانبارینی ساڵانە لەهەرێمی کوردستان لەنێوان 350 بۆ 1800 ملم دایە، هەندێ لەچیاکانیش لەزستاندا بۆ ماوەی دوو مانگ بەفر لوتکەکانی دادەپۆشێت، ئەمە سەرەڕای بوونی سەدان چەم و رووباری وەرزی.

هەرێمی کوردستان خاوەنی چوار رووباری سەرەکی و هەمیشەییە، لەگەڵ هەرسێ بەنداوی دوکان و دەربەندیخان و دهۆک، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی پێنج ملیارو 400 ملیۆن مەتر سێجایە لەئاوی ژێرزەوی.

ئابووریناس مەحمود جەلیل ئاشکرایکرد، ساڵانە 80 لە سەدای بەفروبارانی وەرزی داباریین، بەهۆی نەبوونی سیستمی گلدانەوەوە بەفیڕۆ دەچن.

باسی ئەوەشیکرد، شاردنەوەی زبڵ و خاشاکی کۆکراوەی رۆژانە و، دواتر ژێرخاک خستنی، بە هەمانشێوەی سوتاندن و مەترسییەکانی بڵاوبوونەوەی گازە ژەهراوییەکان، هەرەشە لە پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی دەکات، چونکە ئە و خاشاکەی دەخرێتە ژێر خاکەوە،

بەتێکەڵبوونی لەگەڵ مادە نائەندامییەکاندا، کاریگەرییەکان لەسەر ناتەندروستبوونی سەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی زیاتر دەکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-27

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 981

## نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماری کوژراو و بریندارانی مانگی رابردووی عیراقی راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=201408012130563689

نێردەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق ئاماری کوژراو و بریندارانی مانگی رابردووی عیراقی راگەیاند، نیگەرانی خۆشی لە زیادبوونی ژمارەی قوربانییان دەربڕی.
ئەمڕۆ نێردەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق "یۆنامی" لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند کە لە ئەنجامی کردەوە توندوتیژییەکانی ناوچە جیاجیاکانی عیراق جگە لە پارێزگای ئەنبار، 1737 عیراقی کوژراون و 1978ی تریش برینداربوون.
نێردەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق "یۆنامی" ئاماژەشی بەوەدا کە لە و ژمارەیە، 1186یان هاوڵاتی مەدەنی بوون و 551یان لە هێزە ئەمنییەکانی و هێزی تایبەتی سوات و هێزی پێشمەرگە بوون.
یۆنامی ئەوەشی خستەڕوو کە لە مانگی تەمووزی رابردوودا 1511 هاوڵاتی مەدەنی برینداربوون، سەرەڕای 467 ئەندامی هێزە ئەمنییەکان و هێزی تایبەتی سوات و هێزی پێشمەرگە.
لە بەشێکی تری بەیاننامەکەدا نێردەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەڵێت: "مانگی تەمموز 400 رووداو لە ناوچە جیاجیاکانی عیراق روویانداوە کە 62یان هێرشی ئاسمانی بوون و بەهۆیانەوە نزیکەی 823 کەس کوژراون و برینداربوون و 30 رووداویشیان بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و بۆمبی چێنراو و هێرشە خۆکوژییەکانەوە بوون کە بەهۆیانەوە 535 کەس کوژراون و برینداربوون."
نەتەوە یەکگرتووەکانی نیگەرانی خۆشی دەربڕی لە زیادبوونی ژمارەی قوربانییان لە عیراق بەتایبەت کە ژنان و منداڵان زیاتر مەترسییان لەسەرە.
نیکۆلای میلادینۆف نوێنەری تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق داوای لە هەموو لایەنە عیراقییەکان کرد پابەندبن بە پاراستنی هاوڵاتیانی مەدەنی و رێزگرتن لە یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی مرۆڤ.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-08-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: IQئێراق
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 982

# نەتەوە یەکگرتووەکان چەند ئامارێکی گرنگ و سەرسوڕهێن لەسەر سلێمانی ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014120815315978170

لیژنەی ئاڕاستەکردنی پلانی ستراتیژی سلێمانی، ئامارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک داتایەکی رەسمی پەسەند دەکات و بەپێی ئە و ئامارە پلانی ستراتیژی بۆ سێ ساڵی داهاتووی سلێمانی دادەرێژێت.
ئامارەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان وەک پرۆفایلێکی کورتی سلێمانی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بەشی زۆری داتاکانی هی ساڵی 2013یە و تێیدا تیشکی خستووەتە سەر گەلێک لایەنی ژیان لە پارێزگای سلێمانی و ئاستی گەشەکردنی پارێزگاکە بەراورد بە پارێزگاکانی تری عیراق.
بەپێی ئامارەکە لە پارێزگای سلێمانی ئاستی هەژاری دەگاتە نزمترین پێوەر بە بەراورد بە پارێزگاکانی تری عیراق بە گوێرەی ئاماری ساڵی 2013 کە بریتییە لە (0.2%)ی دانیشتوانی پارێزگاکە.
هەروەها لەرووی ئەمنییەوە پارێزگای سلێمانی بە سەقامگیر ترین پارێزگا ناسراوە لە ڕووی ئاسایشەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق بە گوێرەی ڕێژە و ژمارەی ڕووداوە تۆمار کراوەکان کە بریتی بوە لە (1%) ی کۆی ڕووداوەکانی کە لە هەموو عیراق دا ڕوویداوە، کەم بوونەوەی ڕووداوەکان بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی (2008 و 2011)، لەپێنج مانگی یەکەمی ساڵی (2013) تەنها (16) ڕوواو تۆمار کراوە کە ئەمەش کەمترە لە ڕووداوەکانی ساڵی (2012.(
سەبارەت ئاستی خوێندەواریش ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان ئاوا باسی خوێندەواری لە پارێزگای سلێمانی دەکات:
ریژەی خوێندەواری لە پارێزگای سلێمانی دەگاتە (76.6%) کە بەرزترینە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق. رێژەی تۆمارکردن بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان زیادی کردوە لە (96% لەساڵی 2006) بۆ (98% لەساڵی 2008) وە ئەم رێژەیەش بەرزترین رێژەیە لە تێکرای گشتی عیراق کە دەکاتە 90% . ئەم پارێزگایە نمونەیی یە لە کەمی جیاوازی لە تۆمارکردن لەنیوان نێر و مێ دا کە ڕێژەی تۆماری کچان دەگاتە (97.9%) وە رێژەی تۆماری کوران دەگاتە (98%) بەشیوەیەکی گشتی تۆمارکردن لە قوتابخانە ناوەندییەکان زیادی کردوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو کە لە (54.3% لە ساڵی 2006) بۆ (79%)، ئەمەش رێژەی تێکرای نیشتمانی بەزاندوە کە (48.6%) ە. سلێمانی تاکە پارێزگایە کەرێژەی تۆمارکردنی کچان بەرزترە لە کوران (80.5% بۆ 77.7 .(%
سەبارەت بە سێکتەری خزمەتگوزاریش ئامارەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەم جۆرەی خوارەوە باردۆخی خزمەتگوزارییەکان لەپارێزگای سلێمانی دەخەنە روو:
ئاو :
رێژەی (92.3 %) ی دانیشتوان ئاوی خاوێن لە پرۆژکانی ئاوی پارێزگای سلێمانی وەردەگرن.
ئەمە بەرزترە لە تێکرای رێژەی نیشتمانی کە (86.8%) ە، لەلایەکی ترەوە رێژەی (80.9%) ی دانیشتوان خزمەتگوزاری تۆری گشتی ئاوی پاکیان پێ دەگات کە لە ساڵی (2013 ئە و ڕێژەیە بەرز بۆتەوە بۆ (85.5%)، راپۆرتەکان ئەوە دەردەخەن کە (67.1%) ی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ئە و ئاوەی پێیان دەگات و شیاوە بۆ خواردنەوە لایان " باشە بۆ زۆر باشە " . (85.5%) دانیشتوان پشت دەبەستن بە تۆرە گشتیەکانی ئاوە وە وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ ئاوی خواردنەوە، لە کاتێکدا رێژەی (11.9%) ی دانیشتوان پشت دەبەستن بە بیرەکان و کانییەکان، رێژەی (2.1%) ی دانیشتوان پشت دەبەستن بە ئاوی گواستراوە بە تانکەری خاوێن، رێژەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە قەزایەکەوە بۆ قەزایەکی تر دەگۆرێت
ئاوەرۆ :
ڕێژەی (96.9%) ی دانیشتوان پشتدەبەستن بە تۆرەکانی ئاوەڕۆ ئەم رێژەیەش سەروی تێکرای ڕێژەی نیشتمانی یە کە (93.8%) ە. ڕێژەی (85%) ی دانیشتوان پەنا دەبەنە بەر سیستمی تۆرە گشتیەکانی ئاوەرۆ وەک سیستمێکی سەرەکی ئاوەڕۆ، لە کاتێکدا ڕێژەی (15%) ی دانیشتوان پەنا دەبن بۆ کەناڵی داخراو لە دەرەوەی ماڵ.
کارەبا:
ڕێژەی (6.7 %) ی دانیشتوان بەشیوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستن بە تۆری کارەبای نیشتمانی لەکاتێکدا ڕێژەی (72.9%) ی دانیشتوان پەنا دەبەن بۆ تۆری کارەبای گشتی سەرەڕای سەرچاوەی دیکە،ڕێژەی (8.3%) ی دانیشتوان پشت دەبەستن بە تۆرە گشتیە کانی کارەبا سەرباری دوو سەرچاوەی دیکە. تۆری کارەبای گشتی سەرچاوەی سەرەکی یەکەمە بۆ زۆربەی

دانیشتوان کە (93.4%) ە، لە کاتێکدا ڕێژەی (6.5%) ی دانیشتوان سەرچاوەی سەرەکی یەکەمی موەلیدەی کارەبای حکومیە، بەشیوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین جۆری خزمەتگوزاری کارەبا " لە ئاستی پێویست دا نیە"
خۆڵ وخاشاک (پاشماوە(
ڕێژەی (84.5%) ی دانیشتوان خزمەتگوزاری کۆ کردنەوەی خۆڵ و خاشاکیان پێ دەگات لە کاتێکدا ڕێژەی (7.8%) ی دانیشتوان کۆ کردنەوەی خۆڵ و خاشاکیان پێ ناگات و فڕێدەدرێت لە شوێنە کراوەکان، لە قەزای خانەقین و ماوەت (1%) و (13%) ی دانیشتوانەکەیان کۆکردنەوەی خۆڵ وخاشاکیان پێ دەگات بۆیە ڕێژەی (71.4%) ی دانیشوانەکەی خۆڵ وخاشاک لە شوێنە کراوە کاندا فڕێ دەدەن و بەشێوەی گشتی 68% ی دانیشتوان بە لایانەوە خزمەتگوزاری کۆ کردنەوەی خۆڵ و خاشاک " باشە یان زۆر باشە ."
خزمەتگوزاری تەندروستی :
نەخۆشخانەکان بەزۆرترین دامودەزگای تەندروستی دادەنرێت کە دانیشتوان پشتی پێ دەبەستن لەکاتی پێویسدا کە ڕێژەکەی دەگاتە (54.9%) ی دانیشتوان، بنکە تەندروستیەکان بە دوایدادێت بە ڕێژەی (18%)، دواتر کۆمەڵگە تەندروستیە تایبەتەکان بەرێژەی (7.7%) دێت، لە کاتێکدا ڕێژەی (93.8% ) ی دانیشتوان دەتوانن پەیوەندی بکەن بە نزیکترین بنکەی تەندروستی یەوە لە ماوەی کەمتر لە یەک کاتژمێردا. ئاستەنگیە سەرەکییەکان لە پشت بەستن بە نەخۆشخانە گشتییەکان بریتیە لە نەبوونی ئامێری پزیشکی پێشکەوتوو وە دکتۆری پسپۆر سەرەرای ئاستەنگی دابین کردنی هۆکانی گواستنەوە بۆ نەخۆشخانەکان وە گەرانەوەیان یاخود هەر نەبوونی تواناى گواستنەوەیان بۆیە رێژەی (45.3%) ی دانیشتوان دەڵێن خزمەتگوزاری تەندروستی " باشە بۆ زۆر باشە " لە کاتێکدا بە گوێرەی نیشاندەرەکانی گەشەپێدانی هەزارەیی (مؤشرات التنمیە الالفیە) بۆ ساڵی (2013) پارێزگای سلێمانی لە ڕووی خزمەتگوزاری تەندروستی یەوە یەکەمە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق.
لەلایەکی تر چالاکی و کۆبوونەوەکانی لیژنەی پلانی ستراتیژی سێ ساڵەی پارێزگای سلێمانی بەردەوامە و لە دواین کۆبوونەوەی لیژنەکەشدا پەسەندکردنی ئە و ئامارەی سەرەوە وەک بنەمای دانانی پلانی ستراتیژی سێ ساڵەی سلێمانی راگەیەندرا.
لیژنەکە ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد بەپێی داتاکانی ئاماری سلێمانی بارودۆخی سلێمانی باشترە لەوەی ئامارەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژەی بۆ کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لایەنی رەسمی و بێ لایەنە پێشت بە ئامارەکەی ئەوان دەبەسرێت.
لە کۆبوونەوەکەدا لیژنەی ئاراستەکردنی پلانی ستراتیژی سلێمانی، ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد،" پلانەکە بۆیە بۆ ماوەی سێ ساڵ دانراوە و پێنچ ساڵ نییە، چونکە لە ئێستادا گۆڕانکارییەکان لە دنیادا زۆر خێران و دامەزراوەکانی پلان دانان پلانەکانیان کورت و چڕ دەکەنەوە و باوی پلانی 5 ساڵە وەک پێشتر نەماوە"
هەر وەک راگەیەندرا لەرووی مەبدەئیشەوە لیژنەکە ناوەراستی مانگی شوباتی داهاتووی داناوە بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی پلانی ستراتیژی سێ ساڵەی سلێمانی و هەوڵدەدرێت بۆ کۆنفرانسەکە زۆرترین دامەزراوە و رێکخراو بانگێشت بکرێن بۆ ئەوەی هەموو کەس بەشداری پلانەکە بێت و پلانەکە بە هی خۆیان بزانن.
بەشێوەیەکی گشتیش روانگە و روئیای سلێمانی بەم شێوەیە خراوەتەروو کە پلانەکە دەیەوێت بەدی بهێنێت:
سلێمانی، پایەتەختی رۆشنبیرییە، کە هاووڵاتیان تیدا بە ئارامی و ئاسودەی بژین و ژینگەیەکی پێشکەوتوو بێتە ئاراوە بۆ راکێشانی وەبەرهێنان و پاڵپشتی بۆ گەشەسەندن و پێشەنگ بوون، و بەکارهێنانی هەموو سەرچاوە مرۆیی و سروشتی و بەردەستەکان بەشێوەیەکی نمونەی و بەرفراوان لەسەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 08-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 983

**نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەی راستەقینەی ئاوارەکانی عیراق ئاشکرا دەکات**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062216273385597

کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران رایگەیاند، بەهۆی بەردەوامی جەنگ لە دژی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، ژمارەی ئاوارەکان لە عیراقدا گەیشتە چوار ملیۆن کەس .
کۆمیسیۆنی کاروباری پەنابەران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: "نیوەی خێزانە ئاوارەکان پێداویستی سەرەتایی و جێنیشتەجێی گونجاویان نییە و ناچاربوون لە تەلارە چۆڵەکان و شوێنە نەشیاوەکاندا ژیان بەسەر ببەن. ئاماژەی بە بوونی نزیکەی هەشت ملیۆن عیراقیش کرد کە لەئێستادا پێویستیان بە کۆمەک و یارمەتی هەیە .
ئەسغەر موسەوی بریکاریی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عیراق لای خۆیەوە رایگەیاندووە، هاوشان لەگەڵ پشتیوانی هەندێک لە رێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان بۆ بەهاناوەچوونی ئاوارەکان، وەزارەتەکەیان بەردەوامە لە پێشکەشکردنی یارمەتییە خۆراکییەکان بۆ ئە و خێزانانەی لەئێستادا ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە و ئاوارەبوون .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش

جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ

جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 984

**نەتەوە یەکگرتووەکان: جەنگی سوریا 11 ملیۆن کەسی ئاوارە کردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015090612062685966

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، ئەو جەنگەی لە سوریا بۆ ماوەی چوار ساڵە بەردەوامە، بووەتە مایەی ئاوارەکردنی زیاتر لە 11 ملیۆن کەس لە ناوخۆ و دەرەوەی ئەو وڵاتە .
کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ئامارێکیدا ژمارەی ئاوارەکانی سوریای لە وڵاتانی دەوروبەر ئاشکرا کرد و ئاماژەی بە زیادبوونی 4 ملیۆن ئاوارەی تر کرد کە زۆربەیان روویان لە تورکیا کردووە .
کۆمیسیۆنەکە، ژمارەی ئاوارەکانی ناوخۆی سوریاشی لە گوند و شارەکاندا بە 6.2 ملیۆن ئاوارە، مەزەندەکرد .
بەپێی ژمارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران، ژمارەی پەنابەرانی سوریا لە تورکیا بۆ نزیکەی دوو ملیۆن پەنابەر رووی لە زیادبوون کردووە و گەیشتووە 1938999 پەنابەر .

لە لوبنانیش، ژمارەی پەنابەرە سورییەکان گەیشتووەتە 1113941 پەنابەر، لەکاتێکدا ژمارەی ئەو پەنابەرانە لە ئوردن 629245 پەنابەرە، لە عیراقیش ژمارەی پەنابەرە سورییەکان گەیشتووەتە 249463 پەنابەر .
کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران، ئاماژەی بە بوونی 132375 پەنابەری سوری کرد لە میسر، لەکاتێکدا ژمارەی پەنابەرانی سوریا لە وڵاتانی تری باکووری ئەفریقا، 24055 پەنابەرن .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-09-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: SYسووریا
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 985

## نەتەوە یەکگرتووەکان: ساڵی پار 28 هەزار عیراقی بوونەتە قوربانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010114512084467

لەئامارێکیدا نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند: لەساڵی 2014دا زیاتر لە 28 عیراقی بوونەتە قوربانی، لەنێوان کوژراو و بریندارادا.
نەتەوە یەکگرتووەکان لە و ئامارەیدا ئاشکرایکردووە، ئە و هاوڵاتییە عیراقییانە بەهۆی کردەوەکانی خۆکوژی و جەنگەوە بوونەتە قوربانی.
بەپێی راپۆرتە ئامارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان، نزیکەی 11500 هاوڵاتی عیراقی کوژراون، لەهەمان کاتدا نزیکەی 17250 کەس بەهۆی ئە و رووداوانەوە بریندار بوون لەماوەی ساڵی 2014دا.
ئامارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئە و کوژراو و بریندارانەی عیراقییەکان ناگرێتەوە کە بەهۆی جەنگی دژی داعشەوە لەناوچەکانی ئەنبار و ناوەراستی عیراقەوە بوونەتە قوربانی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 986

## نەتەوە یەکگرتووەکان: لە ساڵێکدا 2 ملیۆن و 700 هەزار عێراقی ئاوارەبوون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042215091985132

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند، عێراق لە ساڵی 2014 دوو ملیۆن و 700 هەزار ئاوارەی تۆمارکردووە، جگە لە 114 هەزار ئاوارە کە لە دوو هەفتەی رابردوو لە پارێزگای ئەنبار هەڵاتوون.
ئەدریان ئێدوارد، گوتەبێژی رێکخراوی هاوکاریکردنی پەنابەران کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە لە

ڕاگەیێندراوێکدا دەڵێ: "ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە دوو هەفتەی ڕابردوو لە شاری ڕومادی ناوەندی پارێزگای ئەنبار بەهۆی کردەوە سەربازییەکانەوە هەڵاتوون گەیشتووەتە زۆرتر لە 114 هەزار و ڕێکخراوەکەمان نیگەرانە لەو کێشانەی کە کەڵەکبوون و ڕووبەڕووی ئاوارەکان دەبنەوە."
ئەدریان ئێدوارد دەشڵێ "نزیکەی 54 هەزار ئاوارە ڕوویان لە بەغدا کردووە و 15 هەزاریش ڕوویان کردووەتە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان، نزیکەی 2100 ئاوارە ڕوویان لە پارێزگای بابل کردووە، لەکاتێکدا نزیکەی 8 هەزار ئاوارە لە پارێزگای ئەنباردا گیریان خواردووە."
گوتەبێژی ڕێکخراوی هاوکاریکردنی پەنابەران ئاشکراشیدەکات کە "بەپێی زانیارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان عێراق لە ساڵی 2014 زۆرتر لە دوو ملیۆن و 700 هەزار ئاوارەی تۆمارکردووە، کە نزیکەی 400 هەزاریان لە پارێزگای ئەنبارەوە هەڵاتوون."
ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەڵێن هۆکاری ڕاستەوخۆی ئاوارەبوونی دوو ملیۆن و 700 هەزار کەس لە عێراق بۆ شەڕی چەکدارانی گرووپی داعش دەگەڕێتەوە لەو وڵاتە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 22-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💣تاوانی جەنگ

وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 987

## نەتەوە یەکگرتووەکان: مانگانە 5000 کەس لە سوریا دەکوژرێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071709091889547

توندوتیژیەکانی سوریا بەشێوەیەکی ترسناک پەرەی سەندووە و مانگانە نزیکەی 5000 کەس دەکوژرێن و ڕۆژانە نزیکەی 6000 کەسیش لە و وڵاتە هەڵدێن.
.ئاوێنەنیوز، ئاژانسەکان: سکرتێری یاریدەدەری نەوتەوە یەکگرتووەکان، ئیڤان سیمینۆفیتش، ئەمڕۆ(سێ شەممە) ئەوەی ڕاگەیاند کە توندوتیژیەکانی سوریا بەشێوەیەکی ترسناک پەرەی سەندووە و مانگانە نزیکەی 5000 کەس دەکوژرێن.
هاوکات کۆمیساری باڵای پەنابەران لە نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گۆتیریس، ڕایگەیاندووە نزیکەی 6000 کەس ڕۆژانە لە سوریا هەڵدێن بەهۆی توندوتیژیەکانی ئەو وڵاتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 17-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 988

## نەتەوە یەکگرتوەکان: مانگی ڕابردو لە عێراق 761 کەس کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013070211220691141

نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق (یۆنامی) لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، بەهۆی کردەوە توندوتیژییەکانەوە مانگی حوزەیرانی ڕابردو 761 کەس لە عێراق کوژراون.
ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوەشدەکات، هەر بەهۆی کردەوەی توندوتیژی و تیرۆرەوە لە و مانگەدا 1700 کەس بریندداربون و پارێزگای بەغدای پایتەخت پشکی گەورەی توندوتیژیەکان بەرکەوتوە و لەدوای ئەویش پارێزگاکانی سەلاحەدین و نەینەواو دیالە و ئەنبار.

هەر بەپێی ئەو راپۆرتەی یۆنامی کە نەتەوە یەکگرتوەکان لە ماڵپەڕی خۆی لەسەر تۆری ئینتەرنێت دوێنێ بڵاویکردوەتەوە، لەنێو ئەو کەسانەدا کە مانگی رابردو لە عێراق کوژراون، 685 کەسیان هاوڵاتی مەدەنی و 131 کەسی تر سەربە هێزەکانی پۆلیس و 76 کەسیش سەربە هێزە ئەمنییەکان بون.
نەتەوە یەکگرتوەکان نیگەرانی خۆی نیشان دەدات لەرەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بەهۆی کردەوە توندوتیژییەکانەوە کە دوای ئەو شەپۆلە توندوتیژیە تایەفیەی کە لەماوی ساڵانی 2006 بۆ 2007 عێراق پێدا تێپەری جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - 2013-07-02

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 989

## نەتەوەیەکگرتووەکان: ژمارەی ئاوارەکانی سوریا سێ ملیۆنی تێپەڕاندووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112910210787556

ڕێپێدراوی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان رایگەیاندووە، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی شەڕی ناوخۆی سوریاوە هەڵهاتوون، سێ ملیۆنی تێپەڕاندووە و، لەهەمان کاتدا داواشیکردووە، وڵاتانی خاوەن ماڵ بەشێوەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ ئەو ئاوارانە بکەن.
بەپێی هەواڵێکی پێگەی "mepanorama " ڕێپێدراوی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، ئەنتۆنیۆ جۆتیریس رایگەیاندووە" ڕێکخراوەکەیان ناوی زیاتر لە سێ ملیۆن کەسی ئاوارەی تۆمارکردووە، کە لەسەر تاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڵاوبونەتەوە."
ئەو بەرپرسە وتیشی، ئەو ژمارەیە لە کاتێکدایە، بە هەزاران کەسیش سورییایان جێهێشتووە و ناوی خۆیان وەکو پەنابەر تۆمار نەکردووە.
جۆتیریس لە پایەتەختی عەمانەوە درێژەی بە قسەکانیداوە و ئاماژە بەوە دەکات کۆمەڵانی نێودەوڵەتی ناتوانن هەنگاوی ئەوە هەڵبێنێت کە بەهەزاران ئاوارەی سوری بگرێتە خۆی، ئەگەر بێت و وڵاتانی دراوسێ یارمەتیان نەدەن.
شەڕەکانی سوریا بەردەوامە و کوشتاریش لەو وڵاتە رۆژ بە رۆژ روو لە زیاد بوونە، دوێنێ، بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی"سکای نیوز"ی بەریتانی، کەوتنی موشەکێکی جۆری "سکۆد" بۆتە هۆی کوژرانی 40 کەس و بریندارپوونی 220 کەسی دیکە.
سەرچاوەیەکیش لە شاری روقەوە بە ئاژانسەکەی راگەیاندووە" موشەکەکە بۆتە هۆی وێرانکردنی بەرفراوان لە گەڕەکی "سوق خزار" کە دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-29

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 990

## نەوتی هەرێم داخوازییەکی زۆری لەسەرە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112119444878002

سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەل ئەنەرجی رایگەیاند کە لە بازاڕەکانی وزەی نێودەوڵەتی نەوتی هەرێمی کوردستان داخوازییەکی زۆری لەسەرە.
مەهمەت سەپیل سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەل ئەنەرجی یەکێکە لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وزە لە عیراق و لە بۆرسەی لەندەن کار دەکات، رایگەیاند تورکیا گەرەنتییە و

ئاشتەوایی وزەیە، کە لە نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە.
سەپیل باسی لەوە کرد کە تەواوی نەوتی باکووری عیراق بە نەوتی هەرێمی کوردستان و نەوتی کەرکوکیشەوە لە جوگرافیای ناوچەکەدا تەنیا لە یەک شوێنەوە دەتوانێت بڕوات، ئەویش تورکیایە .
سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەل ئەنەرجی وتی: "بەپێی ئەوەی کۆتایی هێڵی بۆرییەکە لای ئیمەیە و گازی سروشتیش بە و شێوەیە دەبێت، ئەوەش گەرەنتییە بۆ ئابووری تورکیا."
ئەوەشی خستەڕوو کە تورکیا ئە و نەوتەی فرۆشتوویەتی بۆ تەواوی عیراقی فرۆشتووە و کاتیش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، "ئەگەر ڕیگە بە فرۆشتنی ئە و نەوتە نەدرایە، ئێستا زەمینەی ئەم ڕێککەوتنە ئامادە نەدەبوو. لەبەرئەوە بە هەموو واتایەک تورکیا گەرەنتی ئەم کارەیە."
سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەل ئەنەرجی ئەوەشی خستەڕوو کە نەوتی هەرێمی کوردستان لە بازاڕەکانی وزەی نێودەوڵەتی داخوازییەکی زۆری لەسەرە، وتی: "تا ئیستا چەند نەوتمان لە ریگەی بۆرییەوە هەنارده کردبێت فرۆشراوە. لەبەرئەوە کێشەیەک لە داخوازیدا نییە."
جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە ئامانجیانە هەموو ساڵێک توانای هێڵی بۆری نەوتی کەرکوک - جەیهان بەرز بکەنەوە و وتی: "ماوەیەکی زۆرە لە هێڵی بۆری هەرێمی کوردستان- جەیهانەوە ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل نەوت هەنارده دەکرێت. ئەوەش دەکرێتە تانکەرەوە و دەفرۆشرێت. تا کۆتایی ساڵ حکومەتی هەرێمیی کوردستان ئە و یرە بەرز دەکاتەوە بۆ 400 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. حکومەتی هەرێمی ئامانجێتی لە ماوەی دوو ساڵدا پری ئە و نەوتەی لە ریگەی بۆرییەوە هەناردەی تورکیای دەکات بگەیەنێتە یەک ملیۆن بەرمیل. هەروەها بە ئاسانی توانای گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی هێڵی بۆری باکوورەوە لە 500 هەزارەوە دەکرێت بە 750 هەزار."
هاوکات باسی لە گرنگی عادل عەبدولمەهدی کۆبوونەوەی وەزیری نەوتی عیراق و ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە چوارچێوەی لوتکەی کۆبوونەوەی وزە و ئابووری ئەنجومەنی ئەتلانتیک کە لە ئیستانبوڵ بەڕێوەچوو و وتی: "بۆ یەکەم جار لە هەمان کۆڕبەندێدا پێکەوە لە تەنشیت یەکتریدا دانیشتن. لە و باوەڕەدا بووم پێش لوتکەی وزەی ئیستانبوڵ کۆبوونەوەکانی هەردوولا دەستپێکی کۆبوونەوەکان دەبێت، بەڵام کێشەی زۆر گەورەیان لەبەردەمدایە، من وای دەبینم بۆ ئەوەی لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن نییەتی باشیان بەرامبەر یەک هەبێت. هەردوولا ئاماژە بە هەمان کێشە دەکەن."
وتیشی: "عادل عەبدولمەهدی ئاماژەی بەوە کرد کە زیهنییەتی حکومەتی فیدراڵی عیراق لە رابردوودا بە گران کەوتووەتەوە و ڕێگەی لەبەردەم دابەشبووندا کردووەتەوە و لەگەڵ ئەوەبوو بە نێوخۆیی بکرێت، ئەگەر لە بەغدا بتوانرێت ئەوە پەیرە و بکرێت، ڕێگە لەبەردەم گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی زۆر جدی دەکرێتەوە."
مەهمەت سەپیل ئاشکراشیکرد کە پێشتر حکومەتی ناوەندی عیراق وای دەبینی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەوتی باکووری عیراق تەنیا بۆ خۆی دەبات و وتی: "ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە کەرکوکیش بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی بەغدا دەرچووە و لە لایەن کوردەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە، ئەمڕۆ تەواوی نەوتی ئەوێش تەنیا بە یەک شێوە دەتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ تورکیا، کە ئەویش تێپەڕبوونییەتی بە هەرێمی کورددا. تەواوی هێڵە بۆرییەکانی دیکە لە ژێر دەستی داعشدان."
باسی لەوەش کرد کە جیاوازییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو ئاراستەکانییەوە کاتی دەوێت بۆ چارەسەرێکی گشتگیر، "چونکە بەدڵنیاییەوە کێشەکان کێشەیەک نین بە دوو ڕۆژ چارەسەر بکرێن، بەڵام ئەگەر حکومەتی بەغدا بڕیاری وازهێنان لە زیهنییەتی ناوەندێتی بدات، چارەسەر لەوێدایە و چانسێکی گەورەشە."
وتیشی: "لە کێڵگەی تەق تەق ڕۆژانە 130 هەزار بەرمیل نەوت، لە کێڵگەی تاوغیش 110 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێنین. تێکرا لە هەردوو کێڵگەکەدا 240 هەزار بەرمیل بەرهەم دێنین. ئامانجمان بۆ ساڵی داهاتووش ئەوەیە لە کێڵگەی تاوغ 170-200 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بێنین و لە کێڵگەی تەق تەقیش لەسەروو 150 هەزار بەرمیلەوە بەرهەم دێنین. ئومێدمان وایە ساڵی داهاتوو لە و دوو کێڵگەیەدا 330-350 هەزار بەرمیل بەرهەم بێنین. چاوەڕوان دەکەین ڕێژەی بەرهەمهێنان زۆر بەرز بکەینەوە."
کۆمپانیای تورکی" Genel Energy وزەی گشتیی" کە لە ساڵی 2001دا لەگەڵ کۆمپانیای ڤاڵارسی بەریتانی یەکی گرت و ناوی "Genel Energy Plc" لێنرا، بووە یەکەم کۆمپانیای تورکی کە

لە تورکیاوە بچێتە بۆرسەی لەندەنەوە. بە تایبەتی یەکێکە لە و کۆمپانیایانەی لە باکووری عێراق کاری وەبەرهێنان دەکات، کە خاوەنی یەدەکێکی زۆری گاز و نەوتە.
پێشبینی دەکرێت گەنەل ئەنەرجی تێکڕای یەدەکی نەوت لە کێلگەی تەق تەق کە خاوەنی 44%ی یەدەکە لەگەل کێڵگەی تاوغ کە خاوەنی 25% یەدەکە و تێکڕای هەردووکیان 1.3 ملیار بەرمیلە، بگەیەنێتە نزیکەی 1.8 ملیار بەرمیل.
حەفتەی رابردوو گەنەل ئەنەرجی بە پری 150 ملیۆن دۆلار 36%ی بەشەکانی کۆمپانیای OMV ئوسترالی کڕییەوە.
سەرچاوەAA :
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 991

## نەورۆزی 2015 بێ گەشتیار دەبێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150318154619849O5

پێدەچێ ئەم نەورۆزە بێ سەرئێشەترین نەورۆز بێت بۆ بەرپرسانی کەرتی گەشتیاری، چونکە هەر لە ئێستاوە پێشبینی دەکەن لەم نەورۆزەدا کەمترین گەشتیار روو لە کوردستان بکەن.
گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت کە چاوەڕێی هاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار لە نەورۆزی ئەمساڵ بۆ هەرێمی کوردستان ناکەن، بۆیە هیچ ئامادەکارییەکیان بۆ پێشوازی لە گەشتیاران لە رۆژانی نەورۆزدا نەکردووە.
بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، لە 5 ساڵی رابردوودا ساڵ بەساڵ هاتنی گەشتیاران بۆ کوردستان روو لە هەڵکشان بووە، بە جۆرێک لە ساڵی 2008دا 791هەزار گەشتیار هاتبوونە کوردستان، بەڵام لە ساڵی 2013دا ژمارەی گەشتیاران نزیکبووەوە لە 3 ملیۆن کەس. زۆربەی گەشتیارانیش لە بۆنەکان و بە تایبەتی لە جەژنی نەورۆزدا هاتوونەتە کوردستان.
لە ناوەڕاستی ساڵی رابردوودا بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی داعشەوە هاتنی گەشتیار بۆ کوردستان بە رێژەی 60% کەمی کرد، بە تایبەتی گەشتیارانی عەرەب. ئەمساڵ پێشبینی دەکرێت ژمارەی گەشتیاران زۆر لەو رێژەیەش کەمتر بێت.
نادر روستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان گوتی "بەهۆی ئەو بارودۆخەی هەرێمی کوردستان و عێراق پێیدا تێدەپەڕێ، لە نەورۆزی ئەمساڵدا پێشبینی ناکەین ژمارەی بەرچاو لە گەشتیاران بۆ گەشت روو لەشارەکانی کوردستان و ناوچە گەشتیارییەکان بکەن."
نادر روستی، هۆکاری کەمبوونەوەی ژمارەی گەشتیاران لە نەورۆزی ئەمساڵدا بۆ شەڕ و ناسەقامگیریی ئاسایش لە شارەکانی عێراق دەگەڕێنێتەوە "بەشێک لەو گەشتیارانەی ساڵانی رابروو لە شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق لە نەورۆزدا دەهاتنە کوردستان، ئێستا لە کوردستان ئاوارەن، بەشەکەی دیکەشی بەهۆی نەبوونی رێگا و شەڕ و ناسەقامگیریی بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکانیان ناتوانن گەشت بکەن بۆ کوردستان."
ساڵانی رابردوو ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانی ئێرانی و گەشتیارانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان روویان لە هەرێمی کوردستان دەکرد، بە تایبەتی لە نەورۆزدا. نادر رووستی لەو باوەڕەدا نییە ئەوانیش ئەمساڵ گەشت بکەن بۆ کوردستان.
رووستی گوتی "گەشتیارانی ئێرانی و ناوچەکانی دیکەش بەهۆی ئەو شەڕ و ناسەقامگیرییەی ناوچەکە ئارەزووی گەشت ناکەن بۆ کوردستان، بۆیە هیچ ئامادەکارییەکمان بۆ پێشوازی لە گەشتیاران نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێت لە رۆژانی جەژندا بۆ پاکڕاگرتنی ژینگەی ناوچە گەشتیارییەکان، هەندێ رێنمایی بەسەر گەشتیاراندا دابەش دەکەین."

میوانی هوتێلەکان 150% کەمی کردووە.
بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزار، لە نەورۆزی 2013دا زیاتر لە 415 هەزار گەشتیار لە ماوەی 13 رۆژدا روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بەم هۆیەشەوە بەشێکی زۆری گەشتیاران بەهۆی نەبوونی شوێنی مانەوە لە هۆتێلەکان، شەوانە لە قوتابخانەکان و سەر شەقامەکان و نێو پارکەکان دەمانەوە.
جوتیار محەمەد ساڵح، خاوەنی میوانخانەی مەم و زین لە شاری سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "ئەمساڵ ژمارەی گەشتیاران بەراود بە ساڵانی رابردوو بە رێژەی 150% کەمی کردووە، بەجۆرێک ئێستا کە چەند رۆژێکی کەمی ماوە بۆ نەورۆز، تاکە ژوورێکمان حیجز نەکراوە، بەڵام ساڵانی پێشوو زۆربەی ژوورەکانمان لەم کاتەدا حیجزکرابوون."
میوانخانەکەی جوتیار، 84 ژووری نووستنی هەیە، بەڵام وەک جوتیار ئاماژەی بۆ کرد، شەوان 10 ژووریان میوانی تێدایە، ئەوانیش هیچیان گەشتیار نین "زۆربەیان بووک و زاوان، یان دانیشتووی شار و شارۆچکەکانی کوردستانن کە لەگەڵ شاندی حکومی یان رێکخراوە ناحکومییەکان هاتوونەتە نێو شار."
هێرش ئەحمەد، سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت ساڵانی رابردوو لە سەرەتای مانگی ئادارەوە ژووری زۆربەی میوانخانەکان لەلایەن گرووپە گەشتیارییەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە پێشوەختە حیجز دەکران و تەنانەت دەستەی گەشتوگوزار بە هاوکاریی ئیدارەی پارێزگاکان ئامادەکارییان بۆ هەڵدانی خێمەی گەشتیاری لە پارک و شوێنە گەشتیارییەکان دەکرد، بەڵام ئەمساڵ بەپێچەوانەوە 85%ی ژووری هوتێلەکان چۆڵن.
هێرش ئەحمەد پێشبینی ناکات بۆ نەورۆزی ئەمساڵ هیچ گەشتیارێک روو لە هەرێمی کوردستان بکات.
لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر لە 860 هوتێل و موتێل، 1625 رێستورانت و کافتریای گەشتیاری و 74 گوندی گەشتیاری هەن، بەڵام لە ساڵی رابردووەوە بەهۆی قەیرانی دارایی و کەمیی ژمارەی گەشتیاران ژمارەیەکیان داخراون.
هێرش ئەحمەد بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی نەبوونی گەشتیار و بەرزکردنەوەی نرخی کارەبا و باج، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 80 هۆتێل و مۆتێل (36 لە هەولێر، 24 لە سلێمانی و 20 لەدهۆک) داخراون، رۆژ بە رۆژیش ژمارەی ئۆتێل و مۆتێلە داخراوەکان لەزیادبووندایە، تەنانەت هۆتێلی 5 ئەستێرەشیان تێدایە ."
هەروەها گوتی "تاوەکو ئێستا هیچ ژوورێک بەمەبەستی گەشتی نەورۆز لەلایەن کۆمپانیاکانی گەشتیاری و تەنانەت کەسیشەوە حیجز نەکراوە، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەمساڵ کوردستان نەورۆز بەبێ گەشتیار بەڕێدەکات، تەواوی ساڵەکەش ساڵی نەهامەتی دەبێ بۆ کەرتی گەشتیاری ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 18-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰 ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 992

## نەینەوا، ئاماری رووداوەکانی مانگی رابردوو

http://www.kurdipedia.org/?q=20140601233249765557

خەندان-رەهێل سەمەد
بە گوێرەی ئامارەکان لە مانگی رابردوو زیاتر 90 کەسی مەدەنی و سەربازی بە رووداوی جۆراوجۆر لەسنوری پارێزگای نەینەوا کوژراون و ژمارەیەکی تر بریندداربوون.

سەعید مەموزینی کارگێری لقی 14ی پارتی لە موسڵ بە خەندانی ڕاگەیاند: بە گوێرەی ئەو ئامارەی لەلای ئێمە کۆکراوەتەوە لە مانگی ئایاری ڕابردوو بە ڕووداوی جۆراوجۆر 94کەس لە سنوری پارێزگای نەینەوا کوژراون.
سەعید مەموزینی وتیشی: ئەو کەسانەی لەو ڕووداوانە بونەتە قوربانی ژمارەیەکیان لە خەڵکی مەدەنی و بەشێکی تر لە هێزەکانی پۆلیس و سوپای عێراقن، هاوکات بەشێکی تر لە هاوڵاتیانی ئەو سنورە بریندارکراون.
کارگێرەکەی لقی 14ی پارتی ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو ڕوودانەی لەمانگی ڕابردوو ڕوویاندا بەهۆی تەقینەوەی بۆمب و ئۆتۆمبێل و کوشتن بە دەمانچەی بێدەنگ ئەنجامدراون، لەوانەش جگە لە هاوڵاتیانی عەرەبی پارێزگاکە، ژمارەیەک لە کوردانی ئێزیدی و شەبەک و تورکمان کراونەتە ئامانجی تیرۆرستان.
نەینەوا وەک دووەم گەورەترین پارێزگای عێراق کە ژمارەی دانیشتوانی زیاتر لە سێ ملیۆن کەسە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ئارامی و ئاسایشی بە خۆیەوە نەبینوە، بەهۆیەوە نەتوانراوە وەک پێویست کارە خزمەتگوزارییەکان ئەنجامبدرێت.
هەربەهۆی ئەو بارودۆخە ئابوری و ئەمنیەی لەو پارێزگایە دەگوزەرێ باس لە بەهەرێم بوونی نەینەوا دەکرێت، بۆئەمەش هەوڵدەدەن سوود لە ئەزمونی هەرێمی کوردستان وەربگرن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: موسڵ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 993
## هاتنی گەشتیار بۆ شاری سلێمانی لە زیادبووندایە
http://www.kurdipedia.org/?q=2014032009574456369

خەندان هەستیار
تا ئێستا لە ڕێگەی مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ و بازگەکان و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانییەوە، زیاتر لە 30 هەزار گەشتیار ڕوویان لە شاری سلێمانی کردوە و هیچ کێشەیەکیش لە بوونی جێگە و هۆتێلدا نییە.
ئارام شوانی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گەشتوگوزاری سلێمانی بە خەندانی ڕاگەیاند: تا ئەم ساتەی ئێستا ئە و گەشتیارانەی بەمەبەستی بەسەر بردنی جەژنی نەورۆز ڕوویان لە سلێمانی کردوە بەم جۆرەبووە، مەرزی باشماخ 14 هەزار و 233 گەشتیار هاتوون، لە ڕێگەی بازگەکانەوە 14 هەزار و 504 گەشتیار هاتوون، لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانیشەوە دوو هەزار و 133 گەشتیار هاتوون و سەرجەمیان 30 هەزار و 780 گەشتیارن.
راشیگەیاند: زۆرینەی گەشتیارەکان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و ئەوانی دیکەش عەرەب و بیانین.
لەبارەی شوێنی مانەوەی گەشتیاران و کێشەی جێگە و حەوانەوەیان، ناوبراو وتی: "تا ئەم ساتە هیچ کێشەیەک لە سلێمانی نییە بەناوی کێشەی مانەوەی گەشتیار، ئەوانەشی هاتوون خۆیان دابەشبوون بەسەر ناوچە گەشتیارییەکانداو جێگەیان گرتووە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: گەشتوگوزار
شارەکان: سلێمانی

ولات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 994

## هاتنی گەشتیار بۆ هەرێم بەم رێژەیە کەمی کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032421580765679

ژینۆ ئەحمەد
باردۆخی هەرێمی کوردستان و قەیرانی دارایی و بابەتی رێکخراوی تیرۆرستی داعش، تەنها کاریان لەسەر جولەی بازاڕ و سستی و هیجرەتی وەبەرهێنەران نەکردوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر بازاڕی گەشتیاریش دروست کردووە، بەوپێیەی نەورۆزی ئەمساڵ لەچاو ساڵی رابردوودا سەدا 70 کەمی کردووە، بەڵام هاتنی گەشتیاری ئێرانی لەچاو ساڵی رابردوودا کەمبوونەوەیەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە، تەنها گەشتیاری ناوەڕاست و خوارووی عیراق کەمیان کردوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان ئاوارەی شارەکانی هەرێم بوون.
ژمارەکە ئەمەندەیە
ئارام شوانی، بەڕێوەبەری راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: لەماوەی رۆژانی 18 تا 23ی ئەم مانگە 17 هەزار گەشتیار روویان لە ناوچە گەشتیارییەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی کردووە، کە ئەمانە زۆرینەیان لە مەرزی باشماخەوە هاتوون و زۆرترینیان گەشتیاری ئێرانی بوون.
راشیگەیاند: داتاکان بە جۆرێکن رۆژی 18ی مانگ سێ هەزار 108 گەشتیار، رۆژی 19ی مانگ چوار هەزار و شەش گەشتیار، رۆژی 20ی مانگ دوو هەزار و 825 گەشتیار، رۆژی 21ی مانگ دوو هەزار و 287 گەشتیار، رۆژی 22 ی مانگ دوو هەزار و 750 گەشتیار، رۆژی 23ی مانگ دوو هەزار و 640 گەشتیار هاتوونەتە سنووری ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی، کە تێکرایان دەکاتە 17 هەزار و 624 گەشتیار بوون.
لەبارەی سەردانی گەشتیارانی هەرێم بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، ئارام شوانی وتی: "رۆژی 18ی مانگ هەزار 814 گەشتیار، رۆژی 19ی مانگ هەزار و 671 گەشتیار، رۆژی 20ی مانگ هەزار و 75 گەشتیار، رۆژی 21ی مانگ 497 گەشتیار، رۆژی 22ی مانگ 766 گەشتیار، رۆژی 23ی مانگ 941 گەشتیاری هەرێم سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کردووە، کە سەرجەمیان دەکاتە شەش هەزار و 764 گەشتیار."
سەدا 70 کەمی کردوە
لەبارەی رێژەی کەمبوونەوەی گەشتیارانەوە، ئارام شوانی وتی: "ئەم نەورۆزە لە چاو نەورۆزی رابردوو سەدا 70 گەشتیارمان کەمی کردووە، ئەوەی هاتووە زیاتر گەشتیاری ئێرانی بووە، گەشتیاری ناوەڕاست و خوارووی عیراق کەمیان کردووە بەهۆی ئە و وەزعەی داعش خولقاندوویەتی، بۆیە ئەوەشی دێت وەک میوان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت نەک گەشتیار.
داشکاندنی نرخ نییە
ئارام شوانی ئەوەشی خستەڕوو: داشکاندنی هۆتێل و میوانخانەکان کاریگەی لە سەر داهاتی ناوچە گەشتیارییەکان دەبێت، بۆ وێنە لە هەولێر داشکاندنی زۆریان کردبوو، بەڵام لە سلێمانی ئەوە کەمتر بەیدەکرا و داشکاندنی نەبوو، لەولاشەوە کابرای خاوەن پرۆژە هاواری لێبەرزبووەتەوە و دەڵێت بازاڕ نییە.
بەڕێوەبەری راگەیاندنی گەشتوگوزاری سلێمانی وتی: "ئەگەر ناچاری نەبێت زۆربەی هۆتێل و میوانخانەکانی سلێمانی دەبێت هەریەکەیان ئەستێرەیەکیان لێ بسەندرێتەوە، چونکە خزمەتگوزارییەکانیان لە ئاستی ئە و پارەیەدا نییە کە لە گەشتیاری وەردەگرن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: گەشتوگوزار
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 995

## هاتنی گەشتیار بۆ هەرێم کەمی کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131018110422882850

لەماوەی پێنج رۆژی رابردودا 112 هەزار گەشتیاری خواروی عیراق و بیانی بۆ بەسەربردنی پشووی جەژنی قوربان هاتوونەتە هەرێمی کوردستانەوە و بە بەراورد لەچاو ساڵی رابردوشدا 11 هەزاری کەمترە.
مەولەوی جەبار، سەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێم، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە کاتی کردنەوەی پرۆژەی تاقگەی گەلی عەلی بەگ، رایگەیاند: لە ماوەی پێنج رۆژدا 112 هەزار گەشتیار هاتوەتە هەرێمی کوردستانەوە، بەراورد بە هەمان رۆژ و کاتی ساڵی رابردو کە 123 هەزار گەشتیار بووە لە 10% ژمارەی گەشتیاران کەمی کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-10-18

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 996

## هاتنی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان زیاد دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20140323113740573530

لەماوەی رۆژانی 16 تا 21 ی ئەم مانگە، 214 هەزار گەشتیار روویان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کردوە بەمەبەستی بەسەر بردنی رۆژەکانی پشووی نەورۆز، پێشبینی دەکرێت رێژەکە بۆ 400 هەزار گەشتیار بەرز بێتەوە.
نادر رۆستی، وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: لەماوەی رۆژانی 16 تا 21ی ئازاری 2014، 214 هەزار گەشتیار بۆ بەسەر بردنی رۆژەکانی پشووی نەورۆز روویان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کردوە.
راشیگەیاند: چاوەروان دەکرێت بۆ رۆژانی داهاتوو ژمارەکە زۆر بەرزبێتەوە و لە دوارۆژەکانی نەورۆز بگاتە زیاتر لە 400 هەزار گەشتیار.
لە لایەکی دیکەوە ئارام شوانی، لێپرسراوی راگەیاندنی گەشتوگوزاری سلێمانی بە خەندانی راگەیاند: لە رۆژانی نەرۆزدا 52 هەزار گەشتیار روویان لە شاری سلێمانی کردووە و لە و رێژەیەش 28 هەزار گەشتیار لە ناوەرست و خوارووی عیراقەوە هاتوون.
وتیشی: "نزیکەی 20 هەزار گەشتیاریش لە مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ و چوار هەزاریش لە فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی سلێمانیەوە هاتوون."
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: هاتنی ئە و رێژە زۆرەی گەشتیاران لە کاتێکدایە کە لە شاری سلێمانی شوێنی 15 هەزار گەشتیاری هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 997

## هاتنی گەشتیار و ئاوارە بۆ سلێمانی بەم جۆرە بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014072914312377170

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گەشتوگوزاری سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، بەهۆی ئەوەی ئەم جەژنە لە دۆخێکدا هاتووەتە پێش کە چەند پارێزگایەکی عیراق نا ئارامن و ژمارەیەک خەڵکی ئە و پارێزگا نا ئارامانە ڕوویان لە سلێمانی کردوە، هاتنی گەشتیارو ئاوارەیان لێ تێکەڵاو بووە.
ئارام شوانی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی گەشتوگوزاری سلێمانی بە خەندانی ڕاگەیاند: لە ڕۆژی 26 تا 29ی تەمموزی 2014، هاتنی گەشتیار و ئاوارە لە سنوورەکانەوە بۆ شاری سلێمانی بەم جۆرەی خوارەوە بووە."
وتیشی: "مەرزی باشماغ سێ هەزار و 200، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی سێ هەزار و 865، بازگەی تاسڵوجە چوار هەزار و 365، عەربەت دوو هەزار و 715، کۆی گشتی14 هەزار و 141 کەس هاتوونەتە شاری سلێمانیەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 29-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 998

## هاتنی گەشتیار کەمی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061912291957397

وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بۆ مانگی ڕەمەزان هیچ پلانێکیان بۆ شوێنە گەشتیارییەکان نییە، بەڵام وەک ساڵانی ڕابردوو لەم مانگەدا گەشتیار کەم دەبێتەوە.
نادر ڕۆستی، وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە ئاژانسی ئەنادۆڵی ڕاگەیاند: "هەرچەندە ئێمە لە مانگی ڕەمەزان پلانی تایبەتمان نییە، بەڵام لە مانگی ڕەمەزاندا شوێنە گەشتیارییەکانی چوار ئەستێرە و پێنج ئەستێرە بە نۆرماڵ وەک ساڵانی دیکە کار دەکەن. شوێنە گشتییەکانیش پارێزگا بڕیاریان لەسەر دەدات."
لەبارەی کاریگەریی مانگی ڕەمەزان لە سەر ئاستی گەشتوگوزار وتی: "هەر چەندە هەر لە ساڵی ڕابردوو لەگەڵ هاتەوەی داعش گەشتیار زۆر کەم بووەتەوە، مانگی ڕەمەزانیش کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە لەسەر پرۆسەی بەڕێوەچوونی گەشتوگوزار و بە تایبەتی لە وڵاتانی موسڵمان بە جۆرێک گەشتیار ناتوانێت بە ئاسوودەیی گەشت بکات و خواردن بدۆزێتەوە ئەویش بە هۆی ئەوەیە کە ڕێگە پێدراو نییە و سنووردار دەکرێن، ئەمەش جوڵەی گەشتیاری کەم دەکاتەوە."
وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان لەبارەی داخستنی دوکانەکانی مەی و کحول لە مانگی ڕەمەزان وتی: "لە وڵاتانی موسڵمان دەبێ ڕەچاوی بیر و باوەڕی ئایینی هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بکرێت و بڕیارەکان دەبێت بە جۆرێک بێت کە ئازادی تاکێک ئازادی کەسێکی دیکە تێک نەدات و هەموو ڕێنماییەکان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بێت نەک شێواندن."

هەروەها باس لە کاریگەریی ئاوارەکان لەسەر گەشتیار کرد و وتی: "زۆری ئاوارەکان کاریگەریی زۆر نێگەتیڤ دەخاتە سەر گەشتیار چونکە زۆربەی شوێنە گەشتیارییەکان بە ناچاری ئاوارە تێدا نیشتەجێ دەبن، هەر لە هۆتێل و مۆتێل تا پارکەکان. ئەوەش هەمووی وا دەکات کە گەشتیار کەم بکرێتەوە."
لە ساڵانی رابردوودا لە خوارو و ناوەڕاستی عیراق بە پلەی یەکەم زیاتر لە 60% گەشتیارەکان دەهاتنە هەرێم لە نێو شارەکانی هەرێم پلەی دووەم و دواتر بیانییەکان بوون کە لەنێو بیانییەکانیش ئێران و تورکیا یەکەم و دووەم بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 19-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەشتوگوزار
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 999
## هاتنی گروپە گەشتیارییەکان بۆ کوردستان زیادی کردووە
http://www.kurdipedia.org/?q=2015082608542766016
وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت لەدوای جەژنی رەمەزانی ئەمساڵەوە هاتنی گروپە گەشتیارییەکان روویان لە زیادبوون کردووە و هەوڵەکانیش بەمەبەستی بەرزترکردنەوەی رێژەی گەشتیاران بەردەوامە.
نادر رۆستی وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: "دوای هاتنی داعش ژمارەی گەشتیاران دابەزی، بۆ ئەوەی زیاتر دانەبەزێت دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان لەڕێگەی پلانێکی تایبەت ژمارەیەک چالاکی بۆ هێنانی گروپی گەشتیاری دەستپێکرد وەک کۆکردنەوەی کۆمپانیاکانی گەشتیاری هەرێم لەگەڵ کۆمپانیای گەشتیاری تورکیا و ئێران و عیراق، دواتر بەشداری لە چەند پێشانگایەکی جیهانی کرد بۆ پەیوەندیکردن بە دامودەزگاکانی هەرێمەوە و سەرەنجام لە بازگەکان کارئاسانی بۆ هێنانی گروپی گەشتیاری کرا."
رۆستی وتیشی: "دوای ئە و هەوڵ و کارئاسانیانە خۆشبەختانە لەئێستادا بەتایبەت لەدوای جەژنی رەمەزانەوە هاتنی گروپە گەشتیارییەکان روویان لە زیادبوون کردووە و لەهەوڵی ئەوەداین کە رێژەکە زیاتر بکەین."
ئاماژەی بەوەشکرد: "سروشتی کوردستان جوان و سەرنجڕاکێشە و گەشتیاران بە بینینی دڵخۆشن و بەردەوام پرسیار لە گەشتیاران دەکەین زۆربەی گەشتیاران دڵخۆشبوونە بە هاتنیان بۆ کوردستان و پەشیمان نەبوونە ئەمەش مایەی خۆشحاڵی ئێمەیە."
لەدوای دروستبوونی قەیرانە داراییەکان و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند و هەڵگیرسانی شەڕی داعش، هاتنی ژمارەی گەشتیاران بۆ هەرێمی کوردستان رووی لە کەمی کرد.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 26-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: گەشتوگوزار
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1000

## هاتوچۆی سلێمانی ئاماری ڕووداوەکانی یەکساڵ و ژمارەی ئۆتۆمبێل دەخاتەڕوو

http://www.kurdipedia.org/?q=20140115105937866684

خەندان هۆگر کەمال

لەماوەی ساڵی ڕابردوودا لە سنووری پارێزگای سلێمانی، 887 ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویداوە، بە و هۆیەوەشەوە 220 کەس گیانیان لەدەستداوە و دوو هەزار و 835 کەسیش بریندداربوون، هەروەها تا 1-1-2014 لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی 163 هەزار و 425 ئۆتۆمبێلی تایبەت تۆمارکراوە.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئەمڕۆ چوارشەممە (15ی کانوونی دووەمی 2014) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی سلێمانی بەڕێوەچوو، ئاماری ڕووداوەکانی هاتوچۆی ساڵی 2013 هەرێمی کوردستان و ژمارەی ئۆتۆمبێلە تۆمارکراوەکان خوێندرایەوە.

لە کۆنگرەکەدا کە پەیامنێری خەندان ئامادەی بوو، ئەوەخرایەڕوو: لە ساڵی 2013 دا 887 ڕووداوی هاتوچۆ لە هەرێم ڕوویداوە، لە کاتێکدا ساڵی 2012 هەزار و 223 ڕووداوی هاتوچۆ هەبووە.

ئەوەشخرایەروو: ساڵی 2013 بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە 220 کەس گیانی لەدەستداوە، دوو هەزار و 835 کەسیش بریندار بوون، ساڵی 2012 بە ڕووداوی هاتوچۆ 227 کەس گیانی لەدەستداوە و سێ هەزار و 479 کەسیش بریندداربوون.

هەر لە و کۆنگرەیەدا باس لەوەشکرا، تا 1-1-2014 لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی سلێمانی 163 هەزار و 425 ئۆتۆمبێلی تایبەت تۆمارکراوە، هەروەها 27 هەزار و 500 ئۆتۆمبێلی کرێ و 101 هەزار ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و 15 هەزار و 500 ئۆتۆمبێلی کشتوکاڵی تۆمارکراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 15-01-2014

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1001

## هاتوچۆی سلێمانی ئامارەکانی 6 مانگی یەکەمی ساڵی 2015

http://www.kurdipedia.org/?q=20150706191049124756

لەماوەی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە لە سلێمانی زیاتر لە 100 کەس گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە هەزار و 200 کەسیش بریندداربوون.

کاروان محەمەد، وتەبێژی هاتووچۆی سلێمانی لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا 543 ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویداوە، لەو ڕووداوانەدا هەزار و 277 هاوڵاتی بریندار بوون 107 هاوڵاتیش گیانیان لەدەستداوە کە 66یان سەرنشین بوون، هەروەها زۆربەی ڕووداوەکانیشی بۆ تیژرەوی و پابەند نەبوونی شۆفێران بە ڕێنماییەکانی هاتووچۆ گەڕاندەوە."

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، هەرلەوماوەیەدا 14 هەزار و 806 سوارڕەو لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ تۆمارکراون، هەروەها 15هەزار و 872 مۆڵەت بەهەموو جۆرەکانییەوە بە هاوڵاتیان دراوە، هەروەها هەزار و 869 ئۆتۆمبێل بەهۆی سەرپێچی جۆراوجۆرەوە دەستی بەسەرداگیراوە، بەهۆی نەبەستنی پشتوێنی سەلامەتی و پەردەپۆشی و جامی تاریک 10 هەزار و 37 شۆفێر کاری یاسایی لەگەڵ کراوە و 232 حاڵەتی بەگژداچوونەوەی کارمەندانی هاتووچۆش هەبووە.

سەبارەت بەخەرجی و داهاتەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکەیان ڕایگەیاند:" 178 ملیۆن و 420 هەزار دینار

خەرجی هەبووە، هەروەها 26 ملیار و 112 ملیۆن و 370 هەزار دینار داهاتیان هەبووە، وتیشی ئاماری خەرجی و داهاتەکان هی پێنج مانگە."
سەبارەت بە ئیشکردن و ئیشنەکردنی کامێرە جێگیرەکان، ناوبراو بەڕوونی دانی پێدانەنا کە ئیشدەکەن یاخود نا، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوەکرد لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو گرفتانەی کامێرا جێگیرەکان هەیانە چارەسەردەکرێن و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکیان پێکهێناوە و لە کۆتایی جێبەجێکردنی کارەکەدان، ئەوەشی خستەڕوو لە هەرشوێنێکیش کە کامێرە جێگیرەکان کارنەکەن هەوڵیانداوە کامێرە گەڕۆکەکان دابنێن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 🚗رووداوی هاتووچۆ

شارەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1002

## هاتوچۆی هەولێر ئاماری رووداوەکانی شەش مانگی ئەمساڵ رادەگەیەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20130708130713896646

خەندان – رەهێل سەمەد
ئەمرۆ (دووشەممە 8ی تەموزی 2013) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر ئاماری قوربانیەکانی شەش مانگی هاتوچۆی سنوری پارێزگای هەولێری خستەروو، کە بە گوێرەی ئەو ئامارانە ژمارەی قوربانیانی ئەمساڵ بەربەراورد بە ساڵی رابردوو بەهۆی رووداوەکانی هاتوچۆ، زیادی کردووە.
نەقیب فازل حاجی، بەرێوەبەری راگەیاندنی هاتوچۆی هەولێر، رایگەیاند: " لەماوەی شەش مانگی ئەمساڵدا لە سنوری پارێزگای هەولێر (614) رووداوی جۆراجۆری هاتوچۆ تۆمار کراون، بەهۆی ئەو رووداوانەوە (155) کەس گیانیان لە دەست داوە و دوو هەزار و شەش کەسیش بریندار بوون.
ئەوەشیخستەڕوو، کە قوربانیانی هاتوچۆی شەش مانگی ئەمساڵی سنوری پارێزگای هەولێر بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2012 زیادی کردووە، بە و پێیەی لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوودا (549) رووداو تۆمار کراوە، کە بەهۆیەوە (102)کەس گیانیان لەدەستدا و (489) کەسی دیکەش بریندار بوون.
بەرێوەبەری راگەیاندنی هاتوچۆی هەولێر، وتیشی :"ئەمساڵ هەوڵماندا زیاتر پشت بە ئامارەی نەخۆشخانەکان ببەستین بۆ وەرگرتنی ژمارەی قوربانیانی رووداوەکانی هاتوچۆ، بە و پێیەی لەکاتی ئەو رووداوانە قوربانییەکان رەوانەی نەخۆشخانەکان دەکرێن و ناویان تۆمار دەکرێت."
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 2013-07-08

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1003

## هاتوچۆی هەولێر ئاماری رووداوەکانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150709223014857
ئەمڕۆ پێنجشەمە لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا، بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگای هەولێر، ئاماری رووداوەکانی شەش مانگی ئەم ساڵی، خستەروو .
فازل حاجی وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر بە رۆژنامەوانانی راگەیاند:" لەشەش مانگی ئەمساڵدا، 632 رووداوی هاتووچۆ لە سنوری پارێزگای هەولێر تۆمارکراون، ئەمەش کەمترە لە لەگەڵ شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو کە 741 رووداو تۆماکرابوون ."
وتیشی:" لەئەنجامی ئە و روودانەی لەماوەی شەش مانگی ئەمساڵ روویانداوە، 561 کەس بونەتە قوربانی، لەوانە 63 کەسیان لە هەردوو رەگەز، گیانیان لە دەستداوە، بەمەش دەردەکەوێت کە بۆ هەر رۆژێک زیاتر لە سێ رووداوی هاتووچۆ تۆمارکراون ."
وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەلێر ئاماژەی بەوەشکرد، هەرلە و ماوەیە 45 هەزار و 838 سەرپێچی هاتووچۆ لە سنوری پارێزگای هەولێر تۆکارکراون، بەهەمان شێوە، ئاستی سەرپێچی ئەمساڵ لەگەل شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردووە، کەمترە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-07-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 🚗رووداوی هاتووچۆ

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1004

## هاتوچۆی کۆیە ئاماری نۆ مانگی رابردوو رادەگەیەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102013384088264
لەنۆ مانگی ڕابردوودا 192 ڕووداو ڕویان داوە و 212 کەس بریندار بوون و 23 ی دیکەش گیانیان لەدەستداوە کە سیانیان منداڵن.
شۆرش کاکە، بەڕێوەبەری هاتوچۆی کۆیە لە گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماری نۆ مانگی ڕابردووی ڕاگەیاند کە 192 ڕووداو بووە، لە و رووداوانە 79 یان لە ناو شار و 113ی دیکەش لە دەرەوەی شار بوون.
بەڕێوبەری هاتوچۆی کۆیە ڕاشیگەیاند:لە کۆی ئەو ڕووداوانە 212 کەس بریندار بوون کە 48یان ڕەگەزی مێ و 164یان لە ڕەگەزی نێر بوون، بە هۆی ئەم ڕوداوانەوەش 23 کەس گیانیان لەدەستداوە کە سیانیان منداڵن.
بەڕێوبەری هاتوچۆی کۆیە وتیشی لە ڕۆژانی جەژندا ڕێوشوێنێکی ئەمنی توند بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان پەیڕەوکراوە، بەڵام یەک منداڵ بە رووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەستداو شەشی دیکەش برینداربوون.
بەبەراورد بەساڵی رابردوو ڕێژەی رووداوەکان کەمیان کردووە، بەڵام ڕێژەی بریندار بوون و مردن زیادی کردووە، چونکە ساڵی رابردوو تا مانگی تشرینی یەکەم، 210 ڕوداو ڕوویان دابوو، بە و هۆیەشەوە 12 کەس گیانیان لەدەستدا و 209ی دیکەش بریندار بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-10-20

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1005

## هاتوچۆی هەرێم: رۆژانە (63) کەس لەهەرێمی کوردستان دەبنە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=20140402120145685 83

بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێم رایدەگەیەنێت، لەماوەی سێ مانگی رابردوودا نزیکەی دوو هەزار هاوڵاتی لەهەرێمی کوردستان بوونەتە قوربانی رووداوەکانی هاتووچۆ.
بەپێی ئەو ئامارەی هاتوچۆی هەرێم بڵاویکردۆتەوە، لە ماوەی سێ مانگی رابردودا 1892 هاوڵاتی لەهەرێمی کوردستان بونەتە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ.
بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هاتوچۆی هەرێم عەمید قادر سدیق، بە ماڵپەڕی سبەی راگەیاندوە لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا 105 هاوڵاتی بەڕوداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوەو 1787 هاوڵاتی دیکەش بریندار بون، بەوپێیەش رۆژانە 63 هاوڵاتی دەبنە قوربانی.
ئاماژە بەوەش دەکات، هۆکاری روداوەکانی هاوتوچۆ لە هەرێمدا، بریتیە لە پابەند نەبونی شۆفێران و خراپی رێگاوبانەکان و تێکچونی کەش و هەوا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی سبی - 2014-04-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1006

## هاتوچۆی هەولێر ئاماری ڕووداوەکانی نەورۆزی ڕاگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20150322164801849 53

رەهێل سەمەد
لەماوەی دوو رۆژی نەورۆزدا، لە سنوری شاری هەولێر سێ روداوی هاتوچۆ رویداوە، لە ئەنجامدا (5) کەس گیانیان لەدەستداوە و (5) کەسی دیکەش برینداربوون.
فازل حاجی وتەبێژی بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر، بە خەندانی راگەیاند " لە رۆژی یەکەم لەسنوری شاری هەولێر دوو روداوی هاتوچۆ هەبووە، لەروداوی یەکەمدا، لەسەر رێگای هەولێر پیرمام چوار هاوڵاتی کە پێکهاتبوون لە دوو منداڵ و دایک و باوکێک گیانیان لەدەستداوە".
وتەبێژی بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر وتیشی " هەر لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا، لەرووداوێکی دیکەدا هاوڵاتیەکی تر گیانی لەدەستداوە و دوو کەسی تریش برینداربوون، لە دووەم ڕۆژی نەورۆزیشدا، لە روداوێکی هاتوچۆدا سێ کەس برینداربوون".
وتەبێژی هاتوچۆی هەولێر ئاماژەی بەوەشکرد، پۆلیسی هاتوچۆ زۆر بەباشی پلانەکانی خۆی بۆ جەژنی نەورۆز جێبەجێ کردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 🚗رووداوی هاتووچۆ

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان: ♖هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1007
## هاوپەیمانی کوردستانی خاوەنی 300 ملیار دۆلارە
http://www.kurdipedia.org/?q=20141109131127896
سەرچاوەیەیەک لەدەستەی نەزاهەی عێراق ئاشکرایکردووە، بەپێی راپۆرتێکی باڵێوزخانەی ئەمریکا لەعێراق، سامانی فراکسیۆن و سیاسیەکانی عێراق بەزیاتر لە 550 ملیار دۆلار مەزەندە کراوە، کە تیایدا هاوپەیمانی کوردستانی خاوەنی زۆرترین پرە پارەیە کەبە 300 ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت کە زۆربەی ئەو پارەیەش هی 5 بەرپرسی کوردن.
ئاوێنەنیوز، سلێمانی: سەرچاوەکەی نەزاهە ئەوەی راگەیاندووە کە باڵوێزخانەی ئەمریکا راپۆرتێکی ورد و درشتی لەبارەی سامانی سیاسیەکانی عێراق و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی عێراقەوە ئامادەکردووە، کە مەزەندەی سامانی بەشێکیانی بە 550 ملیار دۆلار خەمڵاندوە .
بەپێی راپۆرتەکە سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق، ئوسامە نوجێفی خاوەنی 24 ملیار دۆلارە،راپۆرتەکە سامانی بەرپرسانی عێراقی بەسەرجەم ئەو کۆمپانیا و سەهم و پارەی نەقدی خەمڵاندووە .
بەپێی راپۆرتەکەی باڵێوزخانەی ئەمریکا، هاوپەیمانی کوردستانی و چەند ئەندام پەرلەمانێک و چەند سیاسیەکی کورد خاوەنی زۆرترین پرە پارەن لەعێراقدا، کە مەزندە دەکرێت بە 300 ملیار دۆلار، کە سێیەکی ئەو سامانەش هی 5 بەرپرسی کوردن و ئەوەی تریشی دەمێنێتەوە هی دە ئەندام پەرلەمان و سیاسیە.
لەپلەی دوەمیشدا دەوڵەتی قانون و 24 بەرپرسی ئەو حیزبە دێت، کە خاوەنی 210 ملیار دۆلارە و لیستی عێراقیەش بە 25 سیاسی و پەرلەمانتار خاوەنی 180 ملیار دۆلارە .
سەرچاوەکەی نەزاهە ئەوەشی راگەیاندووە کە لە 60% سیاسیەکانی عێراق ئامادە نین سامانەکانیان بۆ هیچ دەزگایەکی عێراقی ئاشکرا بکەن، لەکاتێکدا یاسا ئەوەی بەسەر هەر بەرپرس و پەرلەمانتارێکدا سەپاندووە کە دەبێت سامانەکانیان ئاشکرا بکەن.
بەجیا لەوە بەشێک لەسیاسیەکان و پەرلەمانتارەکان بەناوی ترەوە خاوەنی چەندین پرۆژە و کۆمپانیان و پارەکانیان لەرێی کەسانی ترەوە دەخەنە بواری بازرگانی و وەبەرهێنانەوە .
بەپێی راپۆرتەکان رێژەی هەژاری لەعێراقدا لە 26%ی دانیشتوانی عێراق کە نۆ ملیۆن کەس دەکات بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن و عێراق لەریزبەندی جیهانیدا بۆ گەشەپێدن لەریزبەندی دواهەمیندایە، بەجیا لەوە ئەم وڵاتە خاوەن سامانی زێری رەشە لەریزبەندی پلەی سێیەمی جیهاندایە بۆ گەندەڵی.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 09-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1008

## هاوسەرگیری کەم و جیابونەوەی زۆر لە ساڵی 2014 دا

http://www.kurdipedia.org/?q=20150206125042119270

وتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری کوردستان، ئومێد موحسین، کە ئامارەکەی خستەڕو رایگەیاند، لەماوەی ساڵی رابردودا لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا 47 هەزارو 453 حاڵەتی مارەبڕین تۆمارکراوە، لەهەمان ساڵدا هەشت هەزارو 777 حاڵەتی جیابونەوەو تۆمارکردنی جیابونەوە هەبوە. بەپێی ئامارەکە بەبەراورد بەساڵی 2013 مارەبڕین لەسەرانسەری کوردستان پێنج هەزارو 326 مامەڵە کەمی کردوە، سەبارەت بەمامەڵەکانی جیابونەش بەپێی ئامارەکە تەنها لەسنوری پارێزگای هەولێر کەمی کردوە، لەبەرامبەردا لەپارێزگاکانی تری هەولێرو دهۆکو ئیدارەی گەرمیان رێژەی جیابونەوە زیادیان کردوە.
سەرچاوە: ئاوێنە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1009

## هێشتا رووبەری 300 کیلۆمەتری چوارگۆشەی هەرێم لە مین پاک نەکراوەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014040317112768772

دەزگای گشتی مین لە هەرێمی کوردستان رادەگەیەنێت، سەرەڕای هەوڵەکانیان بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی مین و تەقەمەنی لە هەرێم، لە ئێستادا رووبەری زیاتر لە 300 کیلۆمەتری چوارگۆشە لە خاکی هەرێمی کوردستان ماوە بۆ ئەوەی لە مین و تەقەمەنی پاک بکرێتەوە.
دەزگای گشتی مین بە بۆنەی 4-4، رۆژی جیهانی "هۆشیارکردنەوە لە مین و پاڵپشتیکردنی کاروباری مین" بەیاننامەیەک بڵاودەکاتەوە و رایدەگەیەنێت: لە هەرێمی کوردستاندا، سەرەڕای زیاتر لە 20 ساڵ کاری لابردنی مین و تەقەمەنی و پێشکەشکردنی دەیان شەهیدی پیشەگەری مین و هەزاران شەهیدی هاوڵاتی، هێشتا رووبەری زیاتر لە 300 کیلۆمەتری چوارگۆشە لە خاکی هەرێمی کوردستان ماوە بۆ ئەوەی لە مین و تەقەمەنی پاک بکرێتەوە.
دەقی بەیاننامەکە:
لەڕۆژی 8ی کانونی یەکەمی ساڵی 2005، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریدا رۆژی 4-4 بکاتە رۆژێکی جیهانی بۆ (هۆشیارکردنەوە لە مین و پاڵپشتیکردنی کاروباری مین.(
لە 4-4-2006 بۆ یەکەمینجار لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆربەی ئە و وڵاتانەی کە گیرۆدەی کێشەی مین و تەقەمەنی بوون، یادی ئە و رۆژە کرایەوە، لە و کاتەوە هەموو ساڵێک لە ئاستی حکومەت و رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان بە ئەنجامدانی چەند چالاکییەک یادی ئە و رۆژە دەکرێتەوە.
لەهەرێمی کوردستاندا، سەرەڕای زیاتر لە 20 ساڵ کاری لابردنی مین و تەقەمەنی و پێشکەشکردنی دەیان شەهیدی پیشەگەری مین و هەزاران شەهیدی هاووڵاتی، هێشتا رووبەری زیاتر لە 300 کیلۆمەتری چوارگۆشە لە خاکی هەرێمی کوردستان ماوە بۆ ئەوەی لە مین و تەقەمەنی پاک بکرێتەوە.
لەهەشتەمین ساڵیادی ئە و بۆنەیەدا، پیرۆزبایی و ماندونەبوون لە سەرجەم پیشەگەرانی کاروباری مین لە سەرتاسەری جیهان بە گشتی و پیشەگەرانی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی دەکەین و بەڵێنیش دووپاتدەکەینەوە کە بەردەوام دەبین لە روبەڕوبونەوەی ئەم مەرگە شاراوەیە تا ئە و کاتەی دوا کێڵگەی مینڕێژکراو بە پاکی رادەستی خاوەنەکەی دەکەینەوە، تا هاونیشتیمانانمان لە ژینگەیەکی سەلامەت بەردەوامی بە ئاوەدانی کوردستان بدەن

و ژیانێکی خۆشگوزەران و ئاسودە بەسەربەرن.
دووبارە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە پیشەگەرانی بواری کاروباری مین دەکەین و داواکارین خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان و کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان
یارمەتیدەرمان بن بۆ ئەوەی ماف و ئیمتیازاتی گونجاو بۆ هەموو پیشەگەرێکی کاروباری مین مسۆگەر بکرێت و ببێتە پاڵنەرمان بۆ زیاتر خزمەتکردنی خاک و نیشتیمان.
کوردستان هەر ئاوەدان و پیشەگەرانی کاروباری مینیش هەر سەلامەت و سەرکەوتوو بن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1010
## هێلی لۆڤ ڕێکۆردێکی نوێ تۆمار دەکات
http://www.kurdipedia.org/?q=20140329073903665445



خانمە گۆرانیبێژی کورد هێلی لۆڤ زۆر دڵخۆشە و رایدەگەیەنێت کە توانیویەتی رێکۆردێکی نوێ تۆمار بکات.
هێلی لۆڤ خانمە گۆرانیبێژی کورد کە لە ماوەی رابردوودا گۆرانییەکی بە ناوی "Risk it all" ە بڵاوکردەوە، رایدەگەیەنێت کە بە کەمتر لە 2 دوو مانگ کلیپەکەی زیاتر لە یەک ملیۆن بینەری هەبووە.
هێلی لۆڤ لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک نووسیویەتی: "زۆر دڵ خۆشم بەوەی کە توانیم ریکۆردێکی نوێ تۆمار بکەم لە ناو ڤیدیۆ و کلیپەکانی کوردیدا لە پێگەی یوتیووب."
لۆڤ دەڵێت: "لە و ماوەیەکی کورتدا کە کەمترە لە دوو مانگ، کلیپەکەم RISK IT ALLزیاتر لە یەک ملیۆن بینەری هەبووە."
هاوکات ئە و خانمە زۆر سوپاسی هەموو بینەرانی کلیپەکەی دەکات و دەڵێت: "گەر ئێوەی ئازیز نەبوونایە نەمدەتوانی ئەم ریکۆردە بشکێنم، سوپاس بۆ هەموو دەزگایەکانی راگەیاندن کە گرنگی بە کار و چالاکیەکانم دەدەن هەربژین و سەرکەوتوو بن."...
لە کلیپە نوێکەی هێلی لۆڤ بەناوی "Risk it all" سێگۆشەیەکی هەڵگەڕاوە دەردەکەوێت، ئەمەش دەنگدانەوەیەکی زۆری لێکەوتەوە و لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک هێرشێکی زۆری کرایەسەر و تۆمەتبار کرا بە برەودان بە ماسۆنیەتی جیهانی و تەنانەت وەک خۆی رایگەیاند هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-29

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1011
## هەپەگە ئاماری سێ مانگی شەڕی باکوور و باشووری کوردستان ئاشکرا

**دەكات**

http://www.kurdipedia.org/?q=20150402095936656635

ڕۆژنیوز – ناوەندی هەواڵەکان
ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) ئاماری سێ مانگی شەڕ و پێکدادانەکانی بۆ ڕایگشتی ئاشکرا کرد. هەپەگە ئاماری شەڕەکانی باکوور و باشووری کوردستانی بڵاوکردوەتەوە. هەپەگە لەبەیاننامەیەکی نوسراودا ڕایگەیاندوە:" قۆناغی ئازادی و دیموکراتیک لە باکوری کوردستان هەنگاو بەهەنگاو لەلایەن ڕێبەرمانەوە ئافرێندراوە و پێشخراوە، بۆیە ئە و قۆناغە خاوەن گرنگیەکی ستراتیژیە، بۆئەوەی قۆناغی ستراتیژی و گرنگ بەردەوامبێت، هێزەکانی گەریلامان لە هەموو ناوەند و هەرێمەکانی لێی دەمێنن، بەبەرپرسیارێتی خۆیان هەستاون و بەپێی هەلومەرجی ئاگربەست هەڵسوکەتیان کردوە، بەڵام سوپای تورک، بە گەمە، تەکتیک و فێڵبازی لە قۆناغەکە نزیک بوەتەوە، بەپێی شەرت و مەرجەکانی ئاگربەست هەڵسوکەتی نەکردوە و بەردەوام بووە لە هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی. هەپەگە ئاماری سێ مانگی شەڕ و پێکدادانی بەم شێوەیە ڕیزکردوە: (باکوری کوردستان) 197 جموجۆڵی کەشفی سوپای تورک 24 ئۆپەراسیۆنی زەمینی سوپای تورک 91 ئۆپەراسیۆنی فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای تورک 2 هێرش بە هەلیکۆپتەری جۆی کۆبرای سوپای تورک 134 هێرش بەتانک و تۆپی سوپای تورک 14 پێکدادانی ناچاری بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورک 2 سەربازی تورک لە پێکدادانەکان کوژراون 2 سەربازی تورک لە پێکدادانەکان برینداربوون 5 ئۆتۆمبێلی تورک لە پێکدادانەکاندا زەبری لێدراوە هەپەگە ڕایگەیاندوە کە ئە و کوژراو و بریندارانەی سوپای تورک پێدەچێت لە و ڕێژەیە زیاتربن. (باشووری کوردستان) لەلێدوانەکەی هەپەگەدا لەسەر شەڕ و پێکدادانەکانی باشووری کوردستان و شارەکانی شەنگال، کەرکوک و مەخموور زانیاری بەم شێوەیەی داوە. " لە باشووری کوردستان بەتایبەت لە شەنگال، کەرکوک و مەخموور، هێزەکانی گەریلامان بەرپرسیارێتی پاراستنی گەلەکەمانیان جێبەجێ کردوە، لە دژی هێرشی چەتەکانی داعش بەرخۆدانی بەهێزیان کردوە، قارەمانێتیێ گەورەیان لە باشووری کوردستاندا نیشانداوە، هەموو هێرشەکانی دوژمنان تێکشکێندران و بەئۆپەراسیۆنی هاوبەش هەنگاوی گرنگ نران و بەریان بە پێشڕەوی چەتەکان گرت بۆسەر خاکی کوردستان". (ئاماری شەنگال) 219 پێکدادان ڕوویداوە 316 چەتەی داعش کوژراون 149 چەتەی داعش برینداربوون 6 ئۆتۆمبێلی چەتەکان تێکشکێندراون 16 ئۆتۆمبێلی چەتەکان زەبری بەرکەوتووە 21 گەریلای هەپەگە شەهیدبوون 2 شەرڤانی یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال (یەبەشە) شەهیدبوون 5 گەریلای هەپەگە برینداربوون هەپەگە ڕایگەیاندوە کە ئە و کوژراو و بریندارانەی چەتەکانی داعش پێدەچێت لە و ڕێژەیە زیاتربن. ئە و چەک و جبەخانانەی دەست گەریلاکان کەوتوون: 17 چەکی کڵاشنکۆف، 14 تاقمی مەخزەن، 32 مەخزەن و 500 فیشەک 2 چەکی قەناس 1 بی کەی سی 1 ئار بی جی و 250 گولە ئار بی جی 1 چەکی جۆری ئێم 16 1 موشەک هاوێژی جۆری بی 7 11 بۆمبی دەست (رومانە) 1 دەمانچە 5 هێلەکی گولەنەپڕ و 1 هێلەکی خۆکوژی 1 دوربین و دووکیلۆ و نیوو ماددەی تەقەمەنی جۆری سی 4 3 جهیازی بێ تەل (بەرەی کەرکوک) 18 چالاکی و پێکدادان 89 چەتەی داعش کوژراون 10 چەتەی داعش برینداربوون 1 گەریلای هەپەگە شەهیدبووە 3 گەریلای هەپەگە برینداربوون هەپەگە ڕایگەیاندوە کە ئە و کوژراو و بریندارانەی چەتەکانی داعش پێدەچێت لە و ڕێژەیە زیاتربن. ئەو چەک و جبەخانانەی کەوتونەتە دەست گەریلاکانی هەپەگە 1 چەکی بی کەی سی لەگەڵ 1 سندوقی بی کەی سی و 1320 فیشەکی 1 ئار بی جی و 2 گولەی ئار بی جی 890 فیشەکی کڵاشنکۆف 235 فیشەکی دۆشکەی 12،5 و 30 فیسەکی دۆشکەی 14،5 1 دوربین 2 جانتا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1012

## هەپەگە کوژرانی 44 سەربازی تورک رادەگەیەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082418011469884

ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هەپەگە سەبارەت بە چالاکییەکانی گەریلا ڕاگەیندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، لە هەفتانین، شرناخ، جۆلەمێرگ، ئامەد و زۆر هەرێمی تر چالاکی کاریگەر پێکهاتووە. ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هەپەگە لە ڕاگەیەندراوەکەیدا، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات لەو چالاکیانەدا لایەنی کەم 44 کەس کوژراوە و ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێلی سەربازیش تێکشکێنراوە. لە ڕاگەیندراوەکەی ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی هەپەگەدا هاتووە، لە شەڕو و پێکدانەکانی هەفتانین-دا لە 23/ئاب گەریلاکانمان ئۆتۆمبێلێکی سەربازی تورک-یان تێکشکاند و 10 سەرباز کە لە ناو ئەو ئۆتۆمبێلەدابووون کوژران. هەروەها لە 21/ئاب لە ناوچەی کێلک لەسەر سنوری هەرێمی حەفتانین شەڕ لەنێوان گەریلاکانی ئێمە و سەربازانی تورکدا ڕوویدا و و ژمارەی کوژرا و بریندارەکان نەزانراوە. لە 21/ئاب/ لە چالاکییەکی تر لە مەیدانی شەهید کەندال گەریلاکانمان بە چەکی قورس هێرشیان کردە سەر سەربازانی تورک و 8 بۆ 10 سەربازی تورکیان کوشت و چەندینی دیکەش برینداربوون .لە 22/ئاب/ گەریلاکانمان لە جۆلەمێرگ چالاکییەکیان ئەندامدا و سێ سەربازیان کوشت و دوو سەربازی تریش بە سەختی برینداربوون. لە 22/ئاب لە ناوچەی شرناخ گەریکانمان چالاکییەکیان ئەنجامدا و تیایدا نۆ سەرباز کوژران و حەوت سەربازی دیکەش برینداربوون .لە 22/ ئاب لە بەرامبەر سەربازانی پاراستنی شارۆچکەی فارقین گەریلا قەناس بەدەستەکان چالاکییەکیان ئەنجامدا و سەربازێکیان کوشت .لە 21/ئاب لە گەڕەکی هوزورەقلەری ناوەندی ئاماد، تیمی یەژاستاری شەهید ئارین میرخان چالاکییەکیان ئەنجامدا و پۆلیسێکیان کوشت و پۆلیسێکی دیکەش برینداربوو. لە 22/ئاب، لە نێوان شاری وان و بەدلیس گەریلاکانمان چالاکییەکیان ئەنجامدا و تیادا سێ پسپۆری سەربازی و پێنج سەرباز کوژران .ڕۆژی 20/ئاب لە ناوچەی سەمسور دوو هەڤاڵی ئێمە کەوتنە کەمینی سەربازە تورکەکان و دوای پێکدادانێکی کورت هەڤاڵانی ئێمە شەهیدبوون و بە گوێرەی زانیارییەکانیشمان دوو سەربازی تورک کوژراون و دووانی تریش برینداربوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی کرێکارانی کوردستانPKK - |
| جۆری ئامار و ڕاپرسی: | توندوتیژی |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1013

## هەر مانگێک لەسلێمانی 10 هەزار تۆن سەوزە دەخورێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112715142878075

مانگانە لەسلێمانی 10 هەزار تۆن سەوزە دەخورێت و تائێستا لەماوەی 10 مانگی ئەمساڵدا 101 تۆن سەوزە لەعەلوەی سلێمانی فرۆشراوە .
ئاوێنەنیوز، سلێمانی: ئەمڕۆ پێنج شەممە 11/27، لە دیوانی قائیمقامیەت ئاوات محەمەد قائیمقامی سلێمانی لەگەڵ لیژنەی دیاری کردنی بەروبومی ناوخۆیی و دەرەکی پارێزگای سلێمانیدا کۆبوویەوە و بڕیاردرا پێداچونەوە بەرێژەی هاوردەکردنی بەروبومی دەرەکیدا بکرێت و بەپێی خواستی هاوڵاتیان و گۆرانکاری وەرز ڕێگە بەهاوردەکردنیان بدرێت و کارئاسانی پێویستیش پێشکەش بە جوتیاران و بازرگانان بکرێت .
بڕیاریش درا لە مانگی 12 دا هاتنەناوەوەی هەنار قەدەغە بکرێت و کاهوو کەلەرم و قەرنابیتیش تا

مانگی 2 قەدەغە بکرێت، چونکە لەم وەرزەدا ئە و بەرهەمە ناوخۆیانە پێداویستی بازاڕ دابین دەکات .
بەپێی ئاماری لیژنەی دیاری کردنی بەروبومی ناوخۆیی و دەرەکیش پارێزگای سلێمانی لە ماوەی 10 مانگی رابردوودا لە عەلوەی سلێمانی (101) هەزار تۆن سەوزە لە بازاڕدا ساخ کراوەتەوە کە لە و پرە 50% بەروبومی ناوخۆیی بووە، هەروەها 53 تۆن میووە ساخ کراوەتەوە کە نزیکەی 20% بەروبومی ناوخۆی بووە و لە ماوەی مانگی (8-10) دا بەپێی گۆرانکاری وەرز بەروبومی ناوخۆی لە 80% پێداویستی بازاڕی دابین کردووە.
بەم پێیەش بێت مانگانە لەسلێمانی زیاتر لە 10 هەزار تۆن سەوزە دەخورێت، کە رۆژانە 336 تۆن دەکات،
لە کۆبوونەوەکەدا پریاردرا جگە لە و بەروبوومانە کە پریار دراوە لە مانگی 12 دا هاتنەناوەوەیان قەدەغە بکرێت رێگە بە هاتنە ناوەوەی هەموو بەروبوومەکانی تر بدرێت بۆ ئەوەی پێداویستی بازاڕ بەپێی خواستی هاوڵاتیان دابین بکرێت، لە بارەی دابین کردن و بەرهەهێنانی قارچکیش ئاماژە بۆ ئەوەشکرا لە مانگی 12 دا دەرفەت لە بەردەم پرۆژە خۆماڵییەکاندا دەرەخسێندرێت بۆ ئەوەی رێژەی بەرهەمی ناوخۆی لەم وەرزەدا دابین بکەن و لە ئەگەری دابین نەکردنی ئە و پرەدا رێگە بەهاتنە ناوەوەی قارچک بدرێت.
لەکۆتای کۆبوونەوەکەشدا قائیمقامی سلێمانی لیژنەکانی راسپارد کە بەبەردەوامی چاودێری نرخی هەموو ئە و خواردن و بەروبوومانە بکرێت کە هاوردە دەکرێن و لەبازارەکاندا ساغ دەکرێنەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 27-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | 💰ئابووری |
| شارەکان: | سلێمانی |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1014

## هەر هاوڵاتیەک لە شەو رۆژێکدا پری (374 - 400) لیتر ئاو خەرج دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042409243485152

لە کۆنفرانسێکدا کە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە بەڕێوەچوو، ئاماژە بەوەکرا کە هەرێمی کوردستان پێویستی بەوە کرا کە پێویستە کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەی ئاو لە هەرێم خاوەنداریتی بکرێت، ئەگەرنا لەماوەی پێنج بۆ 10 ساڵی داهاتوودا هەرێم تووشی کێشەی ئاو دەبێت، ئەوەش باسکرا کە هەر هاوڵاتیەک لە هەرێم لە شە و و رۆژێکدا 400 لیتر ئاو بەکار دەهێنێت.
شوکریە شێخانی، ئەندامی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لە پەرلەمانی کوردستان لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی: "وەک نوێنەری لیژنەی تەندروستی و ژینگە بەشداریم لە سیمینارێک کرد کە تایبەت بوو بە کێشەی ئاو لە هەرێمی کوردستان چۆنیەتی پاراستنی وەک سەرچاوەیەکی نیشتمانی، کە لە باڵەخانەی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە سازکرا."
ئەوەشی نووسیوە: "لەم سیمنارەدا ئاماژە بەوەکرا لە هەرێمی کوردستان کێشەی چۆنیەتی کۆکردنەوە و پاراستن و دابەشکردنی ئاومان هەیە بۆیە پێوستە ئاو خاوەنداریەتی بکرێت، ئەگەرنا دوای (5_ 10) تووشی قەیرانی ئاو دەبین بەتایبەتی ئاوی پاک بۆ خواردنەوە، 2.5% ئاوی ژێر زەوی بە کەڵک خواردنەوە دێت."
شوکریە شێخانی ئاماژە بەوەشدەکات: "هەر هاوڵاتیەک لە شە و رۆژێکدا پری (374 _ 400) لیتر ئاو خەرج دەکات، ئەم پرەش بەپێی ستاندارەدە جیهانییەکان یەکجار زۆرە، هەروەک هەرێمی

کوردستان باشترین جۆری کوالێتی ئاوی هەیە بەتایبەتی ئاوی گوندەکانی گاینج و غرابە دراو."
ئاماژە بەوەشدەکات: "هەردوو وڵاتی دراوسێ ئێران و تورکیا، زۆرترین بەنداویان دروستکردوە کە لە ریزبەندی دووەم و سێەم وڵات دێن لە زۆری بەنداو لەجیهان دا، بەڵام ئێستا لە هەرێمی کوردستان تەنها 10 بەنداو هەیە 36 بەنداوی تر خەریکە دروست دەکرێت، 39 بەنداوی تر پێشنیازکراوە کەپێویستە بەزووترین کات بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت و دروست بکرێن، ئەگەرنا وەک عیراق کە ئێستا بەشێکی زۆری ئاوی تووشی خوێواوی دەبێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1015

## هەرچەندە رێژەی بێکار بە 11% دانراوە، بەڵام ئێستا لە15%شی تێپەڕاندوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130717125606895445

ماوەی زیاتر لەحەوت مانگە بێکارییەکی زۆر لەناو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا سەریهەڵداوە و هەر بەوهۆیەشەوە چەندین کەس لەلایەن خاوەنکارەکانیانەوە (ئیزندراون) و بێکاربون، بەرپرسی رێکخستنەکانی رێکخراوی کرێکارانی کوردستانیش هۆکارەکەی بۆ دەسەڵات دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "دەسەڵات گەمارۆی ئابوری دەخاتە سەر خەڵکی کوردستان و نایەوێت دەرفەتی کار هەبێت."
ئا: رامان عومەر
بەرپرسی رێکخستنەکانی رێکخراوی کرێکارانی کوردستان، حسێن ساڵح، ئاماژە بەوە دەدات لەئێستادا بێکارییەکی زۆر لەشارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بەدی دەکرێت، چینی کرێکارانیش پشکی شێریان لە و بێکاریە بەرکەوتوە و "رۆژانە کرێکاران گلەیی ئەوە دەکەن کە کار نیە و هۆکاری ئەوەش بۆ دەسەڵات دەگەڕێتەوە، چونکە دەسەڵات نایەوێت بەبەردەوامی ئیش هەبێت و گەمارۆی ئابوری دەخاتە سەر خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی ناچاریانبکات دوایان بکەون" سەرۆکی پێشوی رێکخراوی بێکارانی کوردستان و شارەزا لەبواری کاردا، ئەنوەر غەریب، پێیوایە پێنەدانی پێشینەکان وایکردوە رێژەی بێکاری بەرزبێتەوە و بازاڕ بکەوێت، ئەو رەخنە لە و ئامارانەش دەگرێت کە ناوەندە رەسمیەکان و رێکخراوەکان لەبارەی رێژەی بێکارییەوە بڵاوی دەکەنەوە و وتیشی "هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی و ئاماری کوردستان رێژەی بێکارییان بە 11% داناوە، بەدڵنیاییەوە ئێستا ئەو رێژەیە لە15%ی تێپەڕاندوە."
ئەنوەر غەریب، باس لەوەش دەکات دۆزینەوەی دەرفەتی کارو دامەزراندن بۆ دەرچوانی زانکۆکان و دەرچوانی ساڵانەی زانکۆکان هاوتا نیە و وتیشی" ئەوانەشی لەکەرتی تایبەت دادەمەزرێن بە 200هەزار یان 300 هەزار دینار دامەزراون، ئەوەش وەڵامدەرەوە نیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان، لەبەرئەوە سیستەمەکە سیتەمی بازاڕی ئازادو بازاڕی رەشە، کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان چۆن بیانەوێت خەڵک بە و شێوەیە دەچەوسێننەوە."
حەمە ئەمین و عومەر عەبدوڵلا کە دو بران و ماوەی 25 ساڵە کرێکاری بیناسازین ئاماژە بەوە دەدەن، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لەساڵی 2003وە بۆ یەکەمجارە کە هیچ ئیشێکیان نەماوە و ئەوان باس لەوەش دەکەن کە زیاتر لەیەک مانگە لەماڵەوە دانیشتیون، هۆکەشی ئەوەیە پێشینەکان نەماوە و زۆربەی ئەو ئیشانەشی لەمساڵدا کردویانە بەقەرز بوە، "چونکە زۆرینەی هاوڵاتیان پارەیان پێ نیە بەکاش بماندەنێ". شاخەوان محەمەد، کە لەیەکێک لەچاپخانەکانی شاری سلێمانی کاریدەکرد، مانگێک پێش ئێستا لەلایەن خاوەنکارەکەیەوە نێردراوەتەوە بۆ ماڵەوە و

پێیراگەیاندوە کە بەهۆی بێ بازاڕییەوە چیتر ناتوانێت موچەی بداتێ ئەو وتی "دیارە ئەویش ناحەقی نییە چونکە ئیشی زۆر کەمبۆتەوە."
زانا عومەریش کە دوکانی فرۆشتنی یاری منداڵانی هەیە هەمان رای شاخەوانی هەیە و جەخت لەبێبازاڕیی دەکاتەوە، ئەو هێما بەوە دەکات مانگانە 600 هەزار دینار کرێ دوکان دەدات، بەڵام لەئێستادا نیوەی کرێ دوکانەکەشی پەیدا ناکات "ئێستا رۆژانە 10 تا 15 هەزار دینار پەیدا دەکەم، ئەگەر واپڕوات ناچار دەبم وازیلێبێنم چونکە ناکرێت هەر لەزەرەرکردن بەردەوامبم."
شارەزاکەی بواری کار هۆکاری ئەو بێکارییە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەکتیف نەبونی پێشینەکان و کۆنیی سیتەمی کار لەهەرێمداو ئەو وتیشی"لەساڵی 1987ەوە حیزبی بەعس بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی یاسای کاری داناوە و تائێستاش هەر ئەوەیە کە ئەوەش کێشەیە، چونکە لەگەڵ گۆرانکارییەکانی رۆژدا نایەتەوەیەک."
ناوبراو بەپێویستیشی زانی ئەو سیستەمی کارە بگۆردرێت و دەرفەتی کار بۆ خەڵک زیاتر بکرێت و وتیشی "دەتوانرێت سود لەئەزمونی وڵاتانی ئەورپا وەربگیرێت کە خەڵک لەرێگەی نوسینگەکانی کارەوە بچنە سەرکار، ئەو کات دەرفەتی کار بۆ هەموان دەبێت ئەوەش تەنها چارەسەری بەشێک لەکێشەکانە."
لەگەڵ بڵاوبونەوەی رێژەی بێکاری، گرانی و بەرزبونەوەی نرخەکانیش تەنگی بەهاوڵاتیان هەڵچنیوە، شیروان محەمەد، کە دوکاندارە و پێداویستە خۆراکیەکان دەفرۆشێت لەوبارەیەوە دەڵێت "فەردەیەک برنج 13 هەزار دیناری چۆتە سەرو بازاڕیشیان رۆژ بەرۆژ خراپتر دەبێت" ئەو وتیشی "کەس نازانێت هۆکاری بەرزبونەوەی بەردەوامی نرخەکان و کەوتنی بازاڕ چییە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 17-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1016

## هەرێم 27 ملیار زیانی بە فیدڕاڵ گەیاندووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014052710163076511

وەزارەتی نەوتی عیراق، رایدەگەیەنێت، کە هەموو رێکارەکانیان گرتووەتەبەر بۆ رێگەکرتن لە هەناردەی نەوتی هەرێم و لە و چوارچێوەیەشدا سەرجەم کۆمپانیاکان وبازاڕەکانی بواری نەوتی جیهانیان ئاگادارکردووەتەوە، کە مامەڵە بە و نەوتەی هەرێمەوە نەکەن، ئاشکراشیدەکات، کە هەرێمی کوردستان بەهۆی چالاکییەکانی بواری نەوتەوە، لەسەرەتاوە تائێستا پری 27 ملیار دۆلاری ئەمریکی زیانی بە حکومەتی فیدڕاڵ گەیاندووە.
عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عیراق، بە رۆژنامەی "سەباح"ی نیمچە فەرمی، راگەیاند :"وەزارەت چەند رێکارێکی کرتووەتەبەر بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی خۆی، لەوانەش رێکاری یاسایی بەرامبەر لایەنی تورکی، لە و چوارچێوەیەشدا سکاڵا دراوەتە ژووری بازرگانی جیهانی لە پاریس، چونکە رێککەوتنی دوو قۆڵی ساڵی 2010ی نێوان هەردوولای پێشێلکردووە."
ئاماژەی بەوەشدا، کە لە دادگای فیدڕاڵیش سکاڵا دژ بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم تۆمار دەکرێت، هاوکات ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاکان و بازاڕە جیهانییەکانی بواری نەوت کراوەتەوە، کە مامەڵە لە گەڵ نەوتی هەناردەکراوی هەرێمی کوردستاندا، نەکەن.
وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عیراق، وتیشی :"هەرێمی کوردستان لەسەرەتای چالاکییەکانی لە بواری نەوتدا و تا ئێستاش لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵدا ناکۆکی هەیە، ئەوەش بووەتە هۆی زیانپێگەیاندنی 27 ملیار دۆلار.
لای خۆیەوە، عەلی فەیاز، سەرۆکی لیژنەی نەوتوغازی پەرلەمانی، بە رۆژنامەکەی راگەیاند :"هەڵسوکەوتی هەرێم لەبواری نەوتدا، نا بەرپرسانەیە و ناچێتە چوارچێوەی دەستوورەوە، بۆیە پێویستە رێکاری یاسایی بگیرێتەبەر بۆ پاراستنی پارە و داهاتی گشتی."
جەختیشیکردەوە، کە سامانی نەوت موڵکی هیچ لایەنێک نییە، بەڵکو بەپێی مادەی 111 لە دەستوور، موڵکی هەموو گەلی عیراقە."

هاوکات، لەتیف مستەفا، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عیراق، رایگەیاند :"هەناردەکردنی نەوت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانە و مادەی 111 یەکێکە لە بەڵگەکان، کە هەرێم بەپێی دەستوور مافی خۆیەتی نەوت هەنارده بکات."
حکومەتی هەرێمیش پێیوایە، ئە و سکاڵایەی حکومەتی عیراق دژ بە تورکیا تۆماری کردووە لەبارەی نەوتەوە، نا شەرعییە .
لەعەرەبییەوە: سۆران کەریم
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 27-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1017

## هەرێم 9 ملیار دۆلار زیانی لە عیراق داوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014051210394576261

حکومەتی عیراق، جارێکی دیکە داوا لە حکومەتی تورکیا دەکاتەوە پابەندبێت بە رێکەوتنە ئیمزاکراوەکەی ساڵی 2010ی نێوان هەردوولا، کە لە برگەیەکیدا تەئکید دەکرێتەوە، ئە و وڵاتە تەنها لەرێگەی کۆمانیای بەبازاڕکردنی نەوت "سۆمۆ"وە نەوت وەربگرێت.
عاسم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عیراق، رایگەیاند :" لە چوارچێوەی رێکەوتنی نێوان هەردوولا، برگەیەک هەیە ئاماژە بەوە دەکات کە بەرپرسیارێتی هەناردەکردنی نەوتی عیراق لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی وەزارەتی نەوتی فیدراڵییە و لە رێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوت (سۆمۆ)وە دەبێت و ئەویش نرخ و بڕی نەوتی هەناردەکراو دیاری دەکات."
ئاماژەی بەوەشدا، کە وەفدی دانوستکاری حکومەتی فیدراڵ ئە و برگەیەیان بۆ حکومەتی هەرێم روونکردووەتەوە و تەئکیدیان لەوەشکردووەتەوە، کە دەبێت نەوتی بەرهەمهێنراو رادەستی سۆمۆ بکرێت بۆ ئەوەی بڕی هەناردە و داهات وەک یەک بن، بەتایبەت کە داهات دەڕوات بۆ بانکێک ساڵانە بەشێکی لێدەبڕن بۆ ئە و قەرزانەی لەسەر عیراق کۆبووەتەوە.
ئەوەشی خستەڕوو، کە عیراق پابەندە بە چەند رێکەوتنێکی نێودەوڵەتییەوە و ئەندامیشە لە دەستپێشخەری شەفافییەتی پێشەسازییە دەرهێنراوەکان کە عیراق پابەند دەکات بەوەی ورد بێت لە راپۆرتە ساڵانەکانیدا دەربارەی بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو. جەختیشیکردەوە، ئەگەر حکومەتی هەرێم وەک رایگەیاندووە، بە بێ سۆمۆ نەوت هەناردە بکات، ئەوا حکومەتی عیراقی دەخاتە هەڵوێستێکی شەرمکەرەوە لەگەڵ ئە و رێکخراوانەدا، کە پێشتر دەستخۆشییان لە عیراق کردووە بۆ هەوڵەکانی لە بواری شەفافییەتی نەوتیدا.
وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عیراق، روونیکردەوە، زیانی عیراق لە فرۆشتنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە ساڵی 2013 گەیشتە 9 ملیار دۆلار، چونکە لە بودجەی ساڵی رابردوودا تەئکیدکراوەتەوە کە هەرێم رۆژانە بڕی 250 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات، هەروەها بودجەی 2014 حکومەتی هەرێمی پابەندکردووە رۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات، بەڵام هەناردەنەکردنی ئە و نەوتە لەم ساڵدا، چەند ملارێکی دیکە زیانی بە عیراق گەیاندووە .
هیواشی خواست ئە و کێشەیە بە گفتوگۆی نیشتمانییانە لەگەڵ حکومەتی هەرێم چارەسەر بکرێت و بەرژەوەندی نیشتمانی لەبەرچاو بگیرێت، چونکە زەرەرمەندی یەکەم هاوڵاتیانی عیراقن لە هەرێمی کوردستان بن یان پارێزگاکانی دیکە.
لە عەرەبییەوە : سۆران کەریم
سەرچاوەIRAQ DIRECTORY :

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-05-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1018

## هەرێم بۆتە بازاڕێک بۆ ساخکردنەوەی کاڵاکانی ئێران و تورکیا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140602102642765559

ئا: ئاسۆ سەراوی
هەرچەندە کۆمپانیا ئێرانیەکان لەماوەی رابردودا بەشداری زۆرترین پێشانگایان لەهەرێمدا کردوە و کاڵاکانیان نمایشکردوە، بەڵام هێشتا خواست لەسەر بەرهەمی تورکی زۆرترە، ئامارەکانیش ئەوەیان سەلماندوە، ئابوریناسێک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کردنەوەی ئە و پێشانگایانە تەنها مەبەست لێی فرۆشتنی زۆرترین کاڵایە"هیچ کام لە و کۆمپانیایانە ئامادەنین لەکوردستاندا کارگەیەک بکەنەوە."

"پێشانگاکان
کاریگەرییان کەمە"

هەفتەی رابردولەسلێمانی پێشانگایەک بۆ کاڵاکانی زیاترلە 110کۆمپانیای ئێرانی کرایەوە،پێشکردنەوەی پێشانگاکە،بەڵێندەرێک باسی لەوە کرد لەئێستادا ئەوان وەک بەڵێندەر کەمترین کەرەستەی ئێرانی لەکارەکانیادا بەکاردەهێنن. بەڵێندەر پێشەوا عومەر، لەوبارە و باس لەوە دەکات کە وەک بەڵێندەرێک دەمێکە "کڕینی کاڵای ئێرانی لەمێشکی خۆیدا سڕیوەتەوە". هۆکارەکەشی بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێنێتەوە "حکومەت بۆ هیچ پرۆژەیەک رازینابێت کەرەستەی ئێرانی بەکاربهێنین، جگەلەوەش ئێستا کەرەستەی زۆر کوالیتی بەرز لەوڵاتانی ترەوە بەتایبەت تورکیاوە دێتە کوردستان، لەبەرئەوە ئە و پێشانگایانەی ئێستا دەکرێنەوە کەمتر گرنگیی و کاریگەرییان هەیە."

کوالیتی هەمو بەرهەمەکان وەک یەک نییە

لەوبارەیەوە نوێنەری کۆمپانیا ئێرانیەکان قسەی خۆیان هەیە و لە و پروایەدان ئەوەی کە دەوترێ "کاڵا ئێرانیەکان کوالیتیان باش نییە، بۆ هەمو بەرهەمەکانیان راست نییە". نوێنەری کۆمپانیای (بەرهەمی باش) سەعید ئاغایی کە کۆمپانیاکەیان کاری دروستکردنی دەرگا و چەند کارێکی تری تەختە دەکەن، لە و پێشانگایەدا بەشدارییانکردوە باسی لەوە کرد ئە و دەرگایەی ئەوان دروستی دەکەن نەبەئاسانی دەسوتێ نە ئاویش کاریگەریی خراپی دەکاتە سەر "بەڵام خەڵک لێرە هەر دەڵێت بەرهەمی تورکی لەئێرانی باشترە، ئە و قسەیەش بۆ هەمو بەرهەمێک راست نییە". ئە و ئاماژەی بەوەشدا کە بازرگانە تورکەکان لەلایەن وڵاتەکەیانەوە پشتگیرییەکی زۆر دەکرێن، "بەڵام وڵاتەکەی ئێمە بەوجۆرە نییە، پشتگیری و هاوکاری بازرگان کەم دەکات".سەرباری ئەوە، ئە و بازرگانە لەئاستی فرۆشی بەرهەمەکانیان لەهەرێمی کوردستان زۆر رازی بوو وتی "بەرهەمەکانمان 60%ی لەهەرێمی کوردستان دەفرۆشرێ و 40%ی لەئێران."

بەرهەمیان بەناوی تورکیەوە فرۆشراوە

نوێنەری کۆمپانیایەکی بەرد و کاشی بەناوی (ئیلهام ئەفشار) کە کۆمپانیاکەیان بەشداری ئە و پێشانگایەی کردبو باسی لەوەکرد کە لە 10%ی بەرهەمەکانیان لەهەرێمدا دەفرۆشرێ، 70%ی لەئێران و 20%ی دەچێت بۆ چین و وڵاتانی تر،ئەوە بەداخبو بۆ ئەوەی کە لەکوردستاندا وەها بۆچونێک دروستبوە کە بەرهەمی کاڵای ئێرانی کوالیتی نزمە "خۆشمان ئەوەمان زۆر بیستوە، بەڵام ناحەقیە ئە و بۆچونە لەسەر هەمو کەرەستەیەکی ئێران بسەپێ". ئەفشار سوێند لەسەر ئەوە دەخوات، کە بەرهەمی ئەوان چۆتە تورکیا و لەوێوە هاتۆتەوە کوردستان بەناوی ئیتاڵی و

تورکیەوە فرۆشراوەتەوە"بەخوا بەرهەمی کاشی ئێمەی ئێرانی لێرە بەناوی تورکی و ئیتاڵیەوە فرۆشراوە". ئە و باس لەوەش دەکات هەرزانی نرخەکەیان،وەهایکردوە لەهەرێمدا بەشێک لەخەڵکی وەها لەبەرهەمەکەیان پروانن کە کوالیتی باش نەبێت "بەنمونە مەتری بەرهەمێکمان لێرە بە27$ دەفرۆشین، هەر ئەوە دەچێتە ئیسپانیا بە60$ دەفرۆشرێ، زۆرێک لەبەرهەمەکانمان دەچێت بۆ وڵاتی بەرازیل فرۆشێکی زۆری هەیە، بەڵام بەداخەوە خەڵکی لێرە ئە و بۆچونەی لەلا دروستبوە کە بەرهەمی ئێرانی باش نییە."

ئەتەکێتی ئامادەکردن، لەلای تورکەکان باشترە

بەڕای نوێنەری کۆمپانیا و کارگەی شیرەمەنی (هەراز)، محەمەد حسێن کە لە و پێشانگایەدا بەشێک لەبەرهەمەکانی ئە و کارگەیە نمایشکرابو، نەبونی ئەتەکێتی بەرزی ئامادەکردنی بەرهەمەکان، ئە و بۆچونەی دروستکردوە کە بوترێ کاڵای تورکی لەئێرانی باشترە، ئەودەڵێت "بەتایبەت لەبەرهەمی شیرەمەنیدا ئێران وڵاتێکە کە بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمێکی زۆر باشی هەیە، بەڵام کاتێک دەپێچرێتەوە یان لەقوتو دەنرێ،بەشێوازێکی باش ئە و کارە ناکرێت، بەپێچەوانەی بەرهەمی شیرەمەنی تورکی کە بەشێوەیەکی زۆر جوان ئامادە دەکرێت و رەوانەی بازاڕەکان دەکرێت، ئەمە یەکێکە لەهۆکارەکان."

"بەرهەمەکانیان لەئاستی ستانداردی جیهانییدا نین"

ئابوریناس محەمەد کەریم کە ئەندامی رێکخراوی مونتەدای ئابوری کوردستانە، لە و پروایەدایە کردنەوەی ئە و پێشانگایانە، تەنها مەبەست لێی فرۆشتنی زۆرترین بەرهەمە، کەمترین سودی بازرگانی بۆ هەرێم دەبێت، ئە و دەڵێت "هیچ کام لە و کۆمپانیایانە ئامادەنین لەکوردستاندا کارگەیەک بکەنەوە".کاتێک دێتە سەرباسی بەرهەمی تورکی و ئێرانیش ئەوە دەخاتەڕو کەتورکەکان بەهۆی نزیکیانەوە لەئەوروپا زیاتر پابەندی بەرزی کوالیتی بەرهەمەکانیان دەبن، بەپێچەوانەوە ئێران نەک نزیک نییە، بەڵکو چەندین گەمارۆی ئابوریشی لەسەرە"بۆیە زۆرێک لەبەرهەمەکانی ئێرانلەئاستی ستانداردی جیهانییدا نین".ئە و هێما بەوەش دەکات کە هەمو جارێک هەرزانیی نرخی بەرهەمەکانی ئێران مانای خراپی بەرهەمەکانی ناگەیەنێ "بەتایبەت بۆ ئێمە کە سنوری نزیکمان لەگەڵ ئە و وڵاتە هەیە، جگەلەوە بەرزیی ئاستی هەڵئاوسان لە و وڵاتەدا وایکردوە بۆ ئێمە نرخی کاڵاکانیان هەرزانتر بکەوێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کاڵای تورکی نرخی گرانترە و کوالیتیشی بەرزترە."

ئامارەکان لەبەرژەوەندی تورکیایە

ئەندامەکەی رێکخراوی مونتەدای ئابوری کوردستان ئەوەش روندەکاتەوە کە ئامارەکان ئە و راستیە دەسەلمێنن کە ئاڵوگۆری بازرگانی نێوان هەرێم و تورکیا زیاترە بەبەراورد بەوڵاتی ئێران‌و، ئە و وتی "لەساڵی 2013دا ئاڵوگۆری بازرگانی نێوان هەرێم و تورکیا نزیکەی 8ملیار دۆلار بوە، بەڵام لەگەڵ ئێران نزیکەی 6 ملیار دۆلار بوە."

پێشتریش سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان شێخ مستەفا عەبدولرەحمانبەئاوێنەی راگەیاندبو لە1960 کۆمپانیای بیانی، کە لەهەرێمی کوردستاندا کاردەکەن زیاتر لە 900 کۆمپانیایان تورکین، لەبەرامبەریشدا تەنها نزیکەی 400 کۆمپانیای ئێرانی بونیان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-06-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1019

## هەرێم تا کۆتایی ئەمساڵ ئەم برە نەوتە هەناردە دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150407151146695557

ئەندامێکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت، لە حوزەیرانی ئەمساڵدا هەرێم دەتوانێت لەگەڵ کەرکوک رۆژانە 625 هەزار بەرمیل

نەوت هەناردە بکات و تا کۆتایی ئەمساڵیش پرەکە بۆ 700 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا بەرز دەبێتەوە.
دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە ئاژانسی ئەنادۆڵی راگەیاند: "ئێستا هەرێمی کوردستان رۆژانە لەنێوان 500 بۆ 550 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت، لەنێویاندا رۆژانە 150 هەزار بەرمیلییان بەمەبەستی دابینکردنی گازوایل و نەوتی سپی و بەنزین و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بۆ پێداویستی نێوخۆ بەکاردەهێنرێت، جگە لەوەش 250 هەزار بەرمیلی دیکە رۆژانە رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ دەکرێت، ئە و زیادەیەشی دەمێنێتەوەکە لە سەروو 100 هەزار بەرمیلەوەیە بەرامبەر بە و قەرزانەی لە کۆمپانیاکانی کردووە دەیداتێ."
ئاماژەی بەوەشدا: بەپێی هەردوو یاداشتی لێکتێگەیشتی ئیمزاکراو لەنێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا لە بەروارەکانی 8ی کانووی دووەم 2015 و 23ی کانوونی دووەمی 2015 ئاماژە بۆ ئەوە کراوە لەژێر کۆنترۆڵی هەرێم و لە رێگەی ژێرخانەکەیەوە رۆژانە پرى 300 هەزار بەرمیل نەوت لە کێڵگەکانی کەرکووک و 250 هەزار بەرمیلی دیکەی رێگەی خۆشی لە رێگەی سۆمۆوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکی دەکات و ئە و نەوتە لە عەمبارەکانی نەوتی هەرێم لە و بەندەرە هەڵدەگیرێت کە شەش عەمبارن، دواتر دەخرێتە عەمبارەکانی نەوتی کۆمپانیای سۆمۆوە.
سەبارەت بە ئاستی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکیشەوە دڵشاد شەعبان روونیکردەوە: "کەرکووک ئێستا لە نێوان 100 بۆ 200 هەزار بەرمیلی رۆژانە هەناردە دەکات، رۆژ هەیە 120 هەزارە، رۆژی دیکە هەیە 170 هەزارە، بەگشتی لە 200 هەزار بەرمیلی رۆژانە تێپەڕی نەکردووە، هۆکاری ئە و کورتهێنانەش لە و ئاستەی کە بۆی دیاریکرابوو بەپێی رێککەوتنی بەغدا و هەرێم تەکنیکین."
شەعبان وتیشی: "حکومەتی هەرێمی کوردستان شەش ئەمباری هەڵگرتنی نەوتی لە بەندەری جەیهان هەیە کە پێشتر دوو دانە بوون، توانای هەر یەکێکیشیان هەڵگرتنی 600 هەزار بەرمیلە."
راشیگەیاند: "ئێستا بەرهەمی هەرێم روو لە زیادبوونە، پێشبینی دەکرێت لەکۆتایی ئەمساڵ بگاتە 700 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا و لە ناوەڕاستی ساڵی 2016 بگاتە یەک ملیۆن بەرمیل بە مەرجێک هیچ کێشەیەکی دیکەی وەک پەلاماردانی داعش و ئەوانە نەیەتە پێشەوە کە بێتە هۆی تێکدانی بەرقەراریی ئاسایشی هەرێم."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1020

## هەرێم رۆژانە بایی ئەم پرە پارەیە بەنزین بەرهەم دەهێنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014090113043477203

بەپێ سەرچاوە رەسمیەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانی هەرێم، لە پاڵاوگەکانی هەرێمدا رۆژانە سێ ملیۆن و 200 هەزار لیتر بەنزین بەرهەم دەهێنرێت، بەم پێیەش بێت کە نرخی بەنزین بووەتە 900 دینار بۆ هەر لیترێک، حکومەت رۆژانە بایی دوو ملیارو 280 ملیۆن دینار بەنزین بەرهەم دەهێنێت.
د. شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و سامانە سروشتیەکانی پەرلەمانی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: بەپێی نووسراوی رەسمی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانی حکومەتی هەرێم، رۆژانە لە پاڵاوگە رەسمیەکانی هەرێمدا سێ ملیۆن و 200 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنرێت.
راشیگەیاند: لە هەوڵدا دەبن بۆ ئەوەی ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتیەکان

بانگهێشتی پەرلەمان بکەن.
لە لایەکی دیکەوە بەپێی لێدانەوەیەک کە بۆ ئە و سێ ملیۆن و 200 هەزار لیتر بەنزینە کراوە، دەردەکەوێت رۆژانە هەرێم لە بەنزینی پاڵاوگە ناوخۆییەکان ئەگەر لیترێک بەنزین بە 900 دینار بفرۆشێت، رۆژانە بایی دوو ملیار و 280 ملیۆن دینار بەنزین بەرهەم دەهێنێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1021

## هەرێم کوردستان خاوەنی 58 ملیار بەرمیلە نەوتە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150106095730084542

ڕێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتیی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی ساڵی 2014ی تایبەت بەنەوت و غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە و رایدەگەیەنێت یەدەگی هەرێمی کوردستان بەرزبووەتەوە بۆ 58 ملیار بەرمیل.
ئاوێنەنیوز: بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی دۆر کە وێنەیەکی بۆ ئاوێنەنیوز نێردراوە یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرزبووەتەوە بۆ 58 ملیار بەرمیل و ساڵی 2014 پری 10 ملیار بەرمیل نەوتی کەرکوکیش بۆ یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان زیاد بووە.
هاوکات ڕاپۆرتەکە باسی بەرهەمهێنانی کردووە و بەپێی ئامارەکان بێت هەرێمی کوردستان توانیویەتی لەساڵی 2003-2013، 272 ملیۆن و 645 هەزارو 911 بەرمیل بەرهەم بهێنێت، هاوکات لەسەرەتای ساڵی 2014و تاکۆتایی، بەرهەمی ڕاستەقینە پێکهاتووە لە67 ملیۆن و 94 هەزارو 778 بەرمیل.
هەرچی لەبارەی بەرهەمی غازی سروشتییەوەیە ڕاپۆرتەکەی دۆر ئەوەی ڕوونکردوەتەوە "هەرێمی کوردستان ساڵی 2017 بەقەبارەی 55 ملیۆن پێ سێجا غازی سروشتی هەناردە دەستپێدەکات و لە2019 ئە و قەبارەیە بۆ 200 ملیۆن پێ سێجا بەرز دەبێتەوە."
هەروەکو لەبارەی هەناردەکردنەوە ڕاپۆرتەکەی دۆر ئەوەی خستووەتەڕوو "هەرێمی کوردستان لە2003-2014، 145 ملیۆن و 21 هەزارو 248 بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە و داهاتی ئە و هەناردەیەش بەکۆی گشتی هەرێم لە2003 تا کۆتایی 2014، 14 ملیارو 675 ملیۆن دۆلار بووە.
لەبارەی پاڵاوتنیشەوە دۆر ئاماری تەواوی 3003 تا 2014 دەخاتە ڕوو بەشێوەیەکی وورد ئاماژە بەوە دەکات "ساڵی 2014 هەرێمی کوردستان 39 ملیۆن و 460 هەزارو 343 هەزار بەرمیلی پاڵاوتووە."
بەشێکی ڕاپۆرتەکەی دۆر پێکهاتوون لەئاماری بیرو کێڵگە و کرێکار، هاوکات قەیرانی بەنزین و هەناردەی نەوت و شەڕی داعش، "هەرێمی کوردستان توانیویەتی کێشەکانی بەردەم هەناردەی نەوت لاببات."
هاوکات لەبارەی بازرگانی نەوت لەگەڵ داعش ئەوەی ئاشکراکردووە "تائێستا 15 کەس بەهۆی بازرگانی نەوت لەگەڵ داعش دەستگیکراون."
هەرچی لەبارەی قەیرانی بەنزینیشەوە چەندین زانیاری خستووتەڕوو و پێشبینی دەکات "لە2015 بەنزین بۆ 700 دینار کەمبکرێتەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-01-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1022

## هەرێم.. 2 هەزار و 400 رێکخراوی ناحکومی تۆمار کراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010521065684533

رەهێل سەمەد
قەیرانی دارایی و نەناردنی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە کاریگەری لە سەر بودجەی رێکخراوە ناحکومییەکانیش هەیە و وەک بەرپرسانی فەرمانگەی ئە و رێکخراوانە ئاماژەی بۆ دەکەن، لەساڵی رابردوو کار و چالاکییەکانیان بەراورد بەساڵی رابردوو کەمتر بووە، راشیدەگەیەنن بۆ ئەمساڵ بارودۆخەکە جیاواز دەبێت و ئەوان لەچەندین لاوە کار بۆ دابیکردنی بودجە بۆ رێکخراوەکان دەکرێت.
شوان ئەحمەد جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان بە خەندانی راگەیاند: ئێمە وەکو فەرمانگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان لەهەوڵداین بودجەی پاڵپشتی رێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ئەمساڵ دابینبکرێت.
شوان ئەحمەد وتیشی: جگە لەوەی هەوڵی دابینکردنی بودجە دەدەین، کار بۆ زیاد کردنی پرەکەشی دەکەین، چونکە لەماوەی رابردوو پری 15 ملیار دینار لەبودجەی هەرێم بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان دانراوە کە ژمارەی رێکخراوەکان نزیکەی 900 رێکخراو بوو، بەڵام لەکاتی ئێستا ژمارەیان دەگاتە 2 هەزار و 400 رێکخراو کە ناویان تۆمار کراوە.
جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان راشیگەیاند: هەرچەندە کاری رێکخراوەکان خۆبەخشیە و دەتوانن بەبێ بودجە کارەکانی خۆیان بکەن، بەڵام واقیعی هەرێمی کوردستان ئەوەی دەرخستوە کە نەبوونی بودجەی پاڵپشتی رێکخراوەکان جۆرێک لە گرفتی دروست کردووە، هەروەک لەساڵی رابردوو بیندرا، کەبەهۆی قەیرانی دارایی نەتواندرا بودجەیان پێبدرێت.
پێشیوابوو: لە هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا رێکخراوەکان وەکو پێویست نەیانتونیوە کەناڵی دارایی بۆخۆیان دەستەبەر بکەن، بۆیە تاکە کەناڵ بۆدابینکردنی بودجە، فەرمانگەی رێکخراوەکانە بۆیان، لەگەڵ ئەوەش چەندین رێکخراو لەساڵی رابردوو توانیویانە پرۆژەکانی خۆیان لە رێگای رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و کۆمپانیاکان و داموو دەزگاکانی تری حکومەتی هەرێم جێبەجێ بکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-01-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1023

## هەرێم: 200 کۆمپانیای خۆماڵی نەوت دادەمەزرێن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015062309114885598

پەیتا پەیتا کۆمپانیا خۆماڵیەکانی نەوت زیاد دەکەن و لە کۆی 300 کۆمپانیای نەوتی تۆمارکراوی کوردستان 200 کۆمپانیایان خۆماڵین، بەرپرسێکیش ئاشکرایدەکات هەندێک لە و کۆمپانیا خۆماڵیانە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمنپانیا بیانیەکان نەوت دەردەهێنن.
دڵزار ئیسماعیل، بەڕێوەبەری گشتی تۆماری کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارەی ئەمڕۆی هەفتەنامەی (باس)ی راگەیاندوە: "لە ماوەی رابردوودا دەیان کۆمپیای خۆماڵی نەوت مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە، ئاسانکاریش کراوە بۆ

دامەزراندنی کۆمپانیای خۆماڵی لە بواری نەوت، ئە و ئاسانکاریانەش بوونەتەهۆی زیادبوونی دامەزراندنی کۆمپانیای خۆماڵی لە بواری خزمەتگوزاری نەوت، هاوکات بەهۆی کۆمپانیا جیهانییەکان کۆمپانیا خۆماڵییەکان دەتوانن ئەزموونی باش وەربگرن."
دڵزار ئیسماعیل وتیشی: "پێشووتر تەنها کۆمپانیای نەوتی بیانی لە هەرێمی کوردستان تۆمار دەکران و کاریان دەکرد، بەڵام لە ماوەی رابردوودا تا ئێستا کۆمپانیای خۆماڵیش ژمارەیەکی باشیان دامەزراون و کار دەکەن."
بەڕێوەبەری گشتی تۆماری کۆمپانیاکان ئاشکرای کرد زیاتر لە 300 کۆمپانیای بواری نەوت لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون، وتیشی: "لە و 300 کۆمپانیایە 200 کۆمپانیایان خۆماڵین و کار ئاسانی زیاتر دەکەین بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی خۆماڵی بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پشتیان پێ ببەسترێت بۆ پێشخستنی کەرتی وزە لە هەرێمی کوردستاندا."
دڵزار ئیسماعیل جەختی کردەوە هەندێک کۆمپانیای خۆماڵی نەوت لە بواری دەرهێنان و دۆزینەوەی نەوت مۆڵەتیان پێدراوە، بەڵام ئە و کۆمپانیایانە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای تری نەوت کاردەکەن،" ئە و 200 کۆمپانیا خۆماڵەیە بەشی زۆریان لە بواری بەڵێندەرایەتی نەوت و دابینکردنی پێداویستیەکان و خزمەتگوزارییەکانی نەوتن و هەندێکییشیان بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان لە بواری دەرهێنان و دۆزینەوەی نەوت کاردەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1024

## هەرێمی کوردستان بە پێی ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی لە پێش بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانەوەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140622143203768O2

هەڵوێست ئەنوەر
بە پێی ڕاپۆرتێکی یەکەی زانیاری ئابوری (EIU) کە ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ئابورییە هەرێمی کوردستان لە زۆر بواردا لە پێش بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهانەوەیە و زۆریش لە پێش عێراقەوەیە.
چەند زانیارییەکی ڕاپۆرتەکەی یەکەی زانیاری ئابوری (EIU) لە سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، لە راپۆرتەکەدا هەرێمی کوردستان بە پێی چەند پێوەرێکی چەندایەتی و جۆرایەتی لە شەش ڕووەوە بەراورد بەرامبەر بە وڵاتانی جیهان و عێراق هەڵسەنگێنراوە.
یەکێک لە پێوەرەکان،پێوەری (جێگریی سیاسی و ئاسایش) لە کۆی 181 وڵات هەرێمی کوردستان پلەی 81-یەمینی بەدەستهێناوە و عێراقیش پلەی 177.
بە پێی پێوەری (کوالێتی ژیان)یش هەرێمی کوردستان لە کۆی 159 وڵات پلەی 55-یەمین لە جیهاندا هەیە و عێراقیش پلەی 134 .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1025

## هەرێمی کوردستان داوای بیست و چوار تریلیۆن دینار دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012013014086578

گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان رەخنە لە حکومەتی عێراق دەگرێ بەوەی هیچ ساڵێ بودجەی تەواوی نەداوە بە هەرێمی کوردستان.
دلێر تارق، گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق تۆمەتبار دەکا بە پابەند نەبوون رێککەوتنەکان و گەورەکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.
دلێر ئەمرۆ یەکشەممە 19ی کانوونی دووەم بۆ ئاژانسی ئانادۆلو گوتی: "ناکۆکییەکان نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، زیاتر پابەند نەبوونی بەغدایە بەو مادانەی لە دەستووری عێراقدان. هەروەها بودجەی عێراق بەشێکە لەو دەستوورە. لە کاتێکدا 17% ی بودجەی عێراق پشکی هەرێمی کوردستانە، کەچی تائێستا هیچ ساڵێک ئەو بودجەیە بە تەواوی نەهاتووە. هەمیشە بەناوی خەرجییەکانی سیادی و حاکیمە، پارەی لێدەبڕن بەبێ ئەوەی بریارێکی یاسایی بێ".
گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکرد: سەرباری ئەوەی هەموو جارێ نێردراوانی کورد لە بەغدا ئەوە دەدەنەوە بەڕووی کاربەدەستانی بەغدا، بەڵام هیچ ساڵێ زیاتر لە 11% ی بودجەی عێراق نەدراوە بە هەرێم.
لەبارەی موچەو دەرماڵەی پێشمەرگە کە ساڵانێکە یەکێکە لە کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر،.
دلێر تارق گوتی: "پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عێراق،20% سنووری عێراق پێشمەرگە ۆاسی دەکەن، کەچی تائێستا بودجەیان بۆ دابین نەکراوە لە لایەن بەغداوە".
دلێر روونیکردەوە، لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ملیۆنێک موچە خۆری حکومی هەیە:
682هەزار و 849 فەرمانبەر
زیاتر لە 225 هەزار خانەنشین و کەمئەندام .
لە هەرێمی کوردستان، نزمترین موچە 140 هەزار دینارە، بەرزترین موچەیش دەگاتە 948 هەزار دینار کە ئەویش بە پێی پروانامە دەگۆرێ.
خشتەی پری ئەو بودجەیەی سێ ساڵە کە لە بەغداوە هاتۆتە هەرێمی کوردستان .
ساڵی 2012 بودجەی هەرێمی کوردستان 12 ترلیۆن و 604 ملیۆن دینار.
ساڵی 2013 بودجەی هەرێمی کوردستان 13 ترلیۆن و 339 ملیۆن دینار.
بۆ ساڵی 2014 بودجەی گشتی عێراق 163 ترلیۆن دینارە. بەشی هەرێمی کوردستان 16 ترلیۆن و 400 ملیۆن دینار دانراوە، بە گوتەی گوتەبێژی وەزارەتی دارایی و ئابووریی هەرێم، هەولێر داوای 23 تا 24 ترلیۆن دینار دەکات..
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 2014-01-20

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1026

## هەرێمی کوردستان سەدا 17ی نەوتی ئەم جێگایانە دەفرۆشێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112215531878010

خەندان هەستیار
جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و کانزاکان لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرایدەکات، ئەگەر لەگەڵ حکومەتی بەغدا نەگەیشتنە رێککەوتن، ئەوە تا کۆتایی ئەمساڵ هەرێم رۆژانە 450 هەزار

بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات و جگە لەوەش سەدا 17ی نەوتی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەفرۆشێت.
دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و کانزاکان لە پەرلەمانی کوردستان بە خەندانی راگەیاند: بەپێی پێشبینی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، تا کۆتایی ئەمساڵ مووچەی سەرجەم فەرمانبەران دابەشدەکرێت و لە مانگی شوباتیشدا کێشەی دارایی لە هەرێم نامێنێت.
وتیشی: "ئەگەر لەگەڵ بەغدا بگەینە رێککەوتن رەنگە زووتر کێشەکان چارەسەر ببن، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەگەینە رێککەوتن، تا کۆتایی ئەمساڵ ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێم دەگاتە 450 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکداو مووچەی سەرجەم فەرمانبەران دەدرێت."
دڵشاد شەعبان راشیگەیاند: لە مانگی شوباتی ساڵی داهاتوو ئەگەر لەگەڵ بەغدا نەگەنە رێککەوتن، ئەوکات کێشەیەک لە هەرێم بەناوی قەیرانی داراییەوە نامێنێت و هەمووی چارەسەر دەبێت، چونکە جگە لە هەناردە کردنی نەوت بە بەردەوامی، ئە و پێنج ملیار دۆلار قەرزەش دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری، چونکە پارەکە بۆ وەبەرهێنانە نەک مووچە.
لە سەرەتای ساڵی 2014 ەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغداوە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی لێبڕاوە، لەدوای هاتنی عادل عەبدولمەهدی، وەزیری نەوتی عیراق بۆ هەرێم و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رێککەوتن لەسەر ئەوەی تا رێککەوتن لەنێوان هەردوولادا دەکرێت، بەغدا 500 ملیۆن دۆلار وەک سلفە رەوانەی هەرێم بکات و هەرێمیش 150 هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە لە رێگەی بەغداوە بفرۆشێت، ئەمەش تا ئەوکاتەی رێککەوتن دەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1027

## هەرێمی کوردستان هەشتەمی جیهانە لە یەدەگی نەوت و غاز

http://www.kurdipedia.org/?q=20150323125717849666

رێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان راپۆرتێکی لەسەر نەوت و غاز لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردوەتەوە و رایگەیاندوە، هەرێمی کوردستان هەشتەمی جیهانە لە یەدەگی نەوت و غازدا.
بەپێی راپۆرتەکە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2016 دا پری یەک ملیۆن و 65 هەزار بەرمیل نەوت و 10 ملیار پێ سێ جا غاز هەناردەی تورکیا دەکات، هەرێمیش دواین ناوچەی جیهان دەبێت کە نەوتی تێدا تەواو دەبێت.
رێکخراوی دۆر بۆ زانیاری نەوتی کوردستان راپۆرتێکی بە ناونیشانی "نەوتی هەرێم، سیاسەتێکی نا حەکیمانە"ی بڵاوکردەوە کە لە لایەن د. غالب محەمەد عەلی، سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە ئامادەکراوە و تیایدا تیشک خراوەتە سەر کەرتی وزە لە هەرێم.
لە پێشەکی ئە و راپۆرتەدا هاتووە: "ئەوەی هەیە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی گونجاو و لە بارنەبووە لە بواری نەوتدا، ئامار و ژمارەکانی پری هەناردەکردنی نەوت لەگەڵ پارەی گیرفانمان یەک ناگرێتەوە، هەروەها سەرمایە و پری نەوتی ئەم هەرێمەش لەگەڵ چوارچێوەی خۆشگوزەرانی و ژیانی کۆمەڵگەکەماندا یەک ناگرێتەوە."
بەشی یەکەمی راپۆرتەکەی د. غالب محەمەد، کە دکتۆرای لە شیکاری نەوت هەیە تایبەتە بە "نەوت و غازی سروشتی"، هەرچی بەشی دووەمیەتی ئەوا تایبەتە بە "نەوت و غازی سروشتی هەرێمی کوردستان و عیراق"، لە و بەشەدا هاتووە بەپێی تازەترین راپۆرتی رێکخراوی ئۆپێک عیراق خاوەنی پتر لە 150 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی جێگیر و پتر لە 300 ملیار بەرمیل یەدەگی

ناجێگیره، ئەوەش وا دەکات عیراق دووەم بێت لە یەدەگی نەوت لە جیهاندا دوای سعوودیە.
راپۆرتەکە باسی هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عیراق دەکات و دەڵێت، خاوەنی پتر لە 50 ملیار بەرمیل یەدەگی جێگیری نەوت و 80 ملیار بەرمیل یەدەگی ناجێگیره، هەروەها 8 بۆ 10 تریلیۆن مەتر سێ جا غازی سروشتی یەدەگی هەیە، ئەوەش وا دەکات هەرێمی کوردستان لە ریزی هەشتەمی جیهان بێت لە رووی یەدەگی نەوت و غازەوە.
لەبارەی گرنگیی ئە و یەدەگەشەوە لە راپۆرتەکەی سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا هاتووە "ئە و ئامارانە پێمان دەڵێن عیراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانیش لە نێویدا دەتوانێت ببن بە سەرچاوەی وزە بۆ زۆرێک لە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان وەک ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا، ئەوەش وا دەکات عیراق و هەرێمی کوردستان لە دنیادا هەمیشە لە بەرچاو بگیرێت و زۆرێک لە وڵاتان هەوڵبدەن پەیوەندییان لە گەڵیان هەبێت، ئەگەر عیراق و هەرێمیش بەشێوەیەکی ستراتیجییانە و لێزانانە مامەڵە بە و وزەیەوە بکەن کە هەیانە و وەک کارتێکی سیاسی بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی زۆرترین سوودیان بەربکەوێت و زۆرترین دۆستیان هەبێت کە پشتگیری نێونەتەوەییان بکەن."
هەروەها لە و راپۆرتەدا هاتووە: "وڵاتانی کەنداو بە عیراق و هەرێمی کوردستانەوە زیاتر لە 65 لەسەدی نەوت و غازی سروشتی دونیای تێدایە و هەرێمی کوردستانیش ئاخرین وڵات دەبێت یەدەگی نەوتی تێدا تەواو دەبێت، واتە هەرێمی کوردستان کۆتا ناوچە دەبێت چاوی وڵاتانی لەسەر لابچێت بۆ دەستخستنی نەوت و غاز، ئەوەش لە رووی ستراتیجییەوە گرنگی هەرێمی کوردستان دەردەخات و پێمان دەڵێت نەوت و غاز دەتوانن کارتێکی فشاری بەهێز و باش بن بۆ هەرێم تا بتوانێت دۆستەکانی خۆی زیاتر بکات و سەنگی خۆی لە ناوچەکە جێگیرتربکات، هەر بۆیە دەبێت هەرێم زیاتر هۆشیاربێت لە مامەڵەکردن بە نەوت و وەزەکەیەوە، چونکە ئەوانە دەتوانن هەوێنی سەربەخۆیی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانیش بن."
لە و راپۆرتەدا هاتووە هەرێمی کوردستان بە 55 ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتەوە توانیویەتی رێژەی سێ لەسەدی یەدەگی نەوتی جیهانی هەبێت، هەروەها لە ساڵی 2016 ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا دەگاتە یەک ملیۆن و 65 هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، لە ساڵی 2020یشدا هەرێم رۆژانە 10 ملیار پێ سێ جا غازی سروشتی هەناردەی تورکیا دەکات.
لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵ ئامادەکاری راپۆرتەکە د. غالب محەمەد کە پسپۆرە لە شیکاری نەوت دەڵێت "لە راپۆرتەکەدا باس لە یەدەگی نەوتی هەرێم و بایەخەکەی لەسەر ئاستی جیهان کراوە و ئایندەی ئە و گرنگییە، هەروەها باس لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوت و داهاتەکانی لە 10 ساڵی رابردوودا کراوە."
ئە و پسپۆرە وتیشی: "هەرێمی کوردستان لە گرێبەستکردن و دەرهێنان و گواستنەوە و کۆکردنەوەی پارەی نەوتدا نا تەندروستی و نا شەفافیی پێوە دیارە، دەبوو لەساڵی 2008 یاسای نەوت و غاز جێبەجێ بکرابایە کە گرنگترینییان چوار کۆمپانیایە کە مەبەست لێیان بە سیستەم کردنی کەرتی نەوتە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەوە نەکراوە، کێشەی کەرتی نەوت لە هەرێم نا شەفافییە بە پلەی یەکەم، هەروەها ئەوانەی کە کەرتەکە بەڕێوەدەبن وەک پێویست نەیانتوانیوە هاوڵاتییانی کوردستان خێر لە و وزەیە ببینن کە وڵاتەکەیان هەیە، دەبێت نەوت بە سیستەماتیک بکرێت."
د. غالب محەمەد روونیشیکردەوە: "نابێت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خۆی نەوت بفرۆشێت و خۆشی پارەکەی هەڵبگرێت و هەر خۆشی دابەشی بکات، دەبێت داهاتی نەوت بخرێتە بانکی ناوەندیی وڵاتەوە و وەزارەتی دارایی دابەشی بکات، بەڵام ئەمە نەکراوە، پەرلەمانیش دەبوو ئە و چوار کۆمپانیایە دابمەزرێنێت و کەرتی نەوت شەفاف بکرێت، دەبێت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان رۆژانە داتا و ئامارەکانی وزە لە سایتەکەی خۆی بڵاوبکاتەوە، هەروەها بوون بە ئەندام لە رێکخراوی شەفافییەت گرنگە، دەبێت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەیکەلییەتێکی تەواوی هەبایە و زانیاریی لەلابێت."
لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەی ئە و پسپۆرەی بواری نەوت و سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەناونیشانی"سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان، گرێبەستەکان بە نموونە" ئاماژە بۆ ئەوە کراوە لە 10 ساڵی رابردوودا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەرێمی بۆ 57 بلۆکی نەوتی دابەشکردووە و لەگەڵ 25 کۆمپانیای زەبەلاحی بیانی بۆ گەڕان و دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت گرێبەستی کردووە کە یەکێکیان نەبێت، سەرجەم گرێبەستەکان لە جۆری پشکداریین""production sharing agreement "ە.

ئه و پسپۆره له راپۆرته‌كه‌یدا ده‌ڵێت: "له چوارچێوه‌ی گرێبه‌ستی پشكداری خاوه‌نی كۆمپانیا ده‌بێته هاوبه‌ش له داهاتی نه‌وتی بلۆكه‌كانی هه‌رێم، به‌ڵام له گرێبه‌ستی خزمه‌تگوزاری ئه و شته بوونی نییه، هه‌روه‌ها گرێبه‌ستی پشكداری رێژه‌ی 15 له‌سه‌دی داهاتی نه‌وتی ده‌رهێنراو بۆ كۆمپانیاكه‌یه‌وه و زیاتر له 55 له‌سه‌دی ئه و پاره‌یه‌ی كه خه‌رجی كردووه بۆ خۆی ده‌بات له و نه‌وته‌ی كه ده‌یفرۆشێت تا ئه و كاته‌ی پاره خه‌رجكراوه‌كه‌ی خۆی به‌ده‌ست ده‌هێنێته‌وه، دواتریش هه‌ر به هاوبه‌ش ده‌مێنێته‌وه، واته سوودمه‌ندی یه‌كه‌م كۆمپانیا و خاوه‌نه‌كه‌یه‌كی نه‌ك هاوڵاتی، له‌م خاڵه‌شدا هه‌رێم پێچه‌وانه‌ی عیراقه كه گرێبه‌سته‌كانی له جۆری خزمه‌تگوزارییین نه‌ك پشكدار."

له راپۆرته‌كه‌دا هاتووه: "ئه و گرێبه‌ستانه تا ئێستا زیاتر به هه‌ده‌ردان بووه نه‌ك كۆكردنه‌وه‌ی داهات و خۆشگوزه‌رانی هاوڵاتییان، چونكه به پێی داتای مانگی تشرینی دووه‌می 2014ی سامانه سروشتییه‌كان له ساڵی 2007ه‌وه تا كۆتایی 2014 بڕی 263 ملیۆن به‌رمیل نه‌وت ده‌رهێنراوه كه پاره‌كه‌شی به‌پێی شیكارێكی ئه و پسپۆره ده‌گاته 23 ملیار دۆلار، ئه و بڕه‌ش ده‌كاته بودجه‌ی دوو ساڵی هه‌رێم كه له عیراقه‌وه بۆی دێت، یان ده‌كاته موچه‌ی چوار ساڵی فه‌رمانبه‌رانی هه‌رێم."

ره‌خنه له‌وه‌ش گیراوه كه هێشتا 40 له‌سه‌دی خه‌ڵكی وڵاتانی تر بۆ كاری ته‌كنیكی و هونه‌ری به‌كاردێن و لایه‌نه گرنگه‌كانی كه‌رتی وزه‌ی هه‌رێم دراوه‌ته ده‌ست هێزی كاری بیانی نه‌ك ناوخۆیی، ئه‌وه‌ش به‌شێكی زۆری داهاتی ئه و كه‌رته ده‌داته‌وه ده‌ست وڵاتانی بیانی و دانیشتووانی هه‌رێم لێی سودمه‌ند نابن .

به‌پێی هه‌مان راپۆرت له ساڵی 2014دا تێچوو و قازانجی كۆمپانیا نه‌وتییه‌كانی هه‌رێم بریتی بووه له سێ ملیار و 791 ملیۆن دۆلار، هه‌روه‌ها 10 له‌سه‌دی داهاتی موڵكانه و 4،8 له‌سه‌دی سووده كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان و شیرینی گرێبه‌سته‌كان به نادیاری ماونه‌ته‌وه و كه‌س نازانێت چۆن وه‌رگیراون و چۆن خه‌رجكراون.

له راپۆرته‌كه‌دا باس له و رێگایانه‌ش كراوه كه پێویسته بۆ ده‌ربازبوون له نه‌گبه‌تی نه‌وت بگیرێنه‌به‌ر. د. غالب محه‌مه‌د له و رێگایانه باس له پێویستی شه‌فاف بوونی كه‌رتی نه‌وت ده‌كات بۆ ئه‌وه‌ی داهاته‌كانی كۆبكرێته‌وه و بخرێته سندوقێكه‌وه و په‌رله‌مان چاودێری سندوقه‌كه بكات نه‌ك حكومه‌ت، و رۆژانه هاوڵاتییان ئاگاداری جوڵه‌ی نرخ و بڕ و داهاتی نه‌وت بن بۆ ئه‌وه‌ی حكومه‌ت بیسه‌لمێنێت شه‌فافه و ده‌بێت ببێته ئه‌ندام له رێكخراوی نێوده‌وڵه‌تی بۆ شه‌فافییه‌ت كه راپۆرتی ساڵانه‌ی له‌سه‌ر نه‌وت هه‌یه.

هه‌روه‌ها پێشنیازی ئه‌وه ده‌كات چه‌ند بڕگه‌یه‌ك له گرێبه‌سته‌كانی بگۆڕێت بۆ ئه‌وه‌ی له سوودی بۆ حكومه‌ت و هاوڵاتییان بشكێته‌وه، گۆڕینی گرێبه‌سته‌كانی ئاینده له پشكدارییه‌وه بۆ خزمه‌تگوزاری، جگه له به‌كارهێنانی داهاتی نه‌وت بۆ بوژانه‌وه‌ی سێكته‌ره‌كانی دیكه‌ی وه‌ك پیشه‌سازی، بازرگانی، كشتوكاڵ، هه‌روه‌ها باس له دامه‌زراندنی چه‌ند كارگه‌یه‌كی پیشه‌سازیی كراوه كه نه‌وت بۆ كاڵای پترۆكیمیایی ده‌گۆڕن.

سه‌رباری ئه‌وانه له پێشنیازه‌كاندا هاتووه "هه‌وڵبدرێت سه‌ربه‌خۆیی وزه‌مان هه‌بێت له رێگه‌ی دروستكردنی پاڵاوگه‌ی مۆدێرنه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی به‌رهه‌مهێنان و هه‌نارده‌كردنیشی خۆمان بیكه‌ن كه ساڵانه سێ ملیار دۆلار له و بواره‌دا خه‌رج ده‌كرێت، به‌تایبه‌ت له هێنانی گاز و به‌نزین، ئه‌وه وێڕای شاره‌زاكردنی ده‌ستی كاری خۆماڵی له بواری ده‌رهێنانی نه‌وتدا."

له كۆتایی راپۆرته‌كه‌یدا د. غالب محه‌مه‌د، ده‌ڵێت: "له 10 ساڵی رابردوودا سیاسه‌تی نه‌وتی هه‌رێم بۆ هاوڵاتیان به‌رهه‌م دار نه‌بووه، ئه‌وه‌نده‌ی له به‌رژه‌وه‌ندیی گرووپ و تاقمێك بووه، واته داهاتی فرۆشتنی نه‌وت به‌ده‌ستهاتووه نه‌هێنراونه‌ته هه‌رێم، به‌ڵكو بانكه‌كانی ئه‌وروپا و ئه‌مریكا و وڵاتانی دیكه‌ی لێ پڕ كراوه و له چاوی هاوڵاتییانی هه‌رێم شاردراوه‌ته‌وه، تا ئێستاش سیاسه‌تی سه‌ربه‌خۆی وزه‌مان نییه، هێشتا به‌نزین و گاز له وڵاتانه‌وه هاورده ده‌كه‌ین."

له درێژه‌ی راپۆرته‌كه‌دا باس له‌وه‌كراوه كه نه‌وت 90 له‌سه‌دی بودجه‌ی هه‌رێم پێكده‌هێنێت و له هه‌رێمدا هه‌زار و 693 كرێكاری بیانی له كه‌رتی نه‌وتدا كارده‌كه‌ن، هه‌رچی كشتوكاڵیشه ده‌توانێت 45 له‌سه‌دی پێویستی خۆماڵی پڕبكاته‌وه.

سه‌رچاوه: ماڵپه‌ڕی خه‌ندان - 23-03-2015

تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی بابه‌ت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری كوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1028

**هەرێمی کوردستان.. رێژەی تەڵاق بەرزدەبێتەوە و هاوسەرگیری کەم دەکات**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014112609355678058

| سال | هاوسەرگیری | تەڵاق |
|---|---|---|
| 2009 | 40547 | 4237 |
| 2010 | 39414 | 3728 |
| 2011 | 50418 | 4516 |
| 2012 | 56002 | 6079 |
| 2013 | 52749 | 6417 |
| 2014 (9 مانگ) | 35688 | 6085 |

گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، دەڵێت بەهۆی راگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری و دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران گرێبەستی هاوسەرگیری لەدادگاکان کەمی کردووە و تەڵاق و جیابوونەوە لەهەڵکشاندایە. ئەمەشی بەئاماژەیەکی "مەترسیدار" بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان لە کوردستان وەسفکرد.
بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی کوردستان، لەدوو ساڵ و نۆ مانگی رابردوودا ژمارەی گرێبەستی هاوسەرگیری بەردەوام کەمی کردووە، بەجۆرێک لەساڵی 2012دا 56 هەزار گرێبەست تۆمارکراوە، بەڵام لەساڵی رابردوودا ژمارەکە دابەزیوە بۆ 52.749.
هەر بەپێی ئاماری ئەو ئەنجوومەنە، لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 13.548 گرێبەستی هاوسەرگیری کراوە، بەڵام لە سێ مانگی دووەمی ئەمساڵدا ژمارەکە کەمی کردووە بۆ 12.223 گرێبەست، لەو سێ مانگەی کۆتاییشدا کە شەڕی داعش دەستیپێکردووە ژمارەکە زۆر کەمی کردووە، بە جۆرێک لەو سێ مانگەدا تەنیا 9.917 گرێبەست کراوە.
دادوەر ئومێد موحسین حەمەدەمین، گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، دەڵێت هۆکاری کەمبوونەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری فرە رەهەندە، بەڵام ئەمساڵ هۆکارەکەی زیاتر بۆ راگرتنی پێشینەکانی هاوسەرگیری و خانووبەرە، دواکەوتنی مووچەی فەرمانبەران و زیادبوونی کرێی خانوو دەگەڕێتەوە. گوتیشی "رەنگە بێ هیوابوونی گەنجان لەم بارودۆخە نائارامەی بەهۆی هێرشەکانی داعش و ئەو قەیرانی داراییەی بەهۆی پڕینی بودجە لەلایەن بەغداوە دروستبووە، هۆکارێکی دیکەی پاشەکشێی گرێبەستی هاوسەرگیری بێت لە هەرێمی کوردستان."
دادوەر ئومێد موحسین، کەمبوونەوەی هاوسەرگیری بە ئاماژەی زۆر مەترسیدار وەسف دەکات و دەڵێت "ئەم بابەتە زۆر مەترسیدارە، چونکە کێشەی کۆمەڵایەتی زۆری لێدەکەوێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر تێبینی ئامارەکان بکەین دەبینین ئەو تاوانانەی دەچنە چوارچێوەی ئەخلاقەوە بەرەو هەڵکشان چووە، بۆیە پێویستە لەسەر حکومەت و پەرلەمان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بێنە سەر خەت، ئەم بابەتە بەجددی وەربگرن و چارەسەری بۆ بدۆزینەوە."
تەڵاق زیادی کردووە
بە پێچەوانەی گرێبەستی هاوسەرگیری، رێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لەهەڵکشاندایە، بەجۆرێک لەساڵی 2012دا 6.079 حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراوە، بەڵام ساڵی رابردوو ژمارەکە هەڵکشاوە بۆ 6.417.
ئەگەر ئاماری نۆ مانگی رابردووی ئەمساڵیش بەنموونە وەربگرین، دەبینین لە سێ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 1.677 حاڵەتی تەڵاق تۆمارکراوە، لەسێ مانگی دووەمدا رێژەکە بۆ 2.191 حاڵەت هەڵکشاوە، لە سێ مانگی سێیەمیشدا ژمارەکە گەیشتووەتە 2.217 حاڵەت.
سەروین عەباس، توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگای باری کەسی هەولێر،

پێیوایە هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری و هەڵکشانی تەڵاق، بە پلەی یەک بۆ قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، پاشان نەمانی متمانە لە نێو خێزانەکان.
ئەو توێژەرە گوتی "90%ی هۆکارەکانی تەڵاق و جیابوونەوە بەهۆی خیانەتی هاوسەرگیرییە، هۆکاری سەرەکیش بۆ خراپ بەکارهێنانی فەیسبووک و مۆبایل دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی فەیسبووک ڕۆڵێکی زۆر خراپ دەگێڕێ، بۆ نموونە ئەگەر 5 حاڵەتی تەڵاقمان هەبێت، لانیکەم 3 حاڵەتیان پەیوەندی بە فەیسبووکەوە هەیە ."
سەروین عەباس، باسی هۆکارێکی دیکەی زیادبوونی تەڵاق دەکات و دەڵێت "هاتنی ئاوارە عەرەبەکان ڕۆڵێکی زۆر خراپیان گێڕاوە بۆ خیانەتی هاوسەرگیری، چونکە بەشێک لەو ژنە عارەبانەی هاتوونەتە هەولێر تەنیا بۆ ئەوەی مافی نیشتەجێبوون و کردنەوەی ئارایشگایەک وەربگرن بۆ ماوەیەک بەدزی شوو بەکوڕێک یان پیاوێکی خاوەن ژن دەکەن، ئێستا خەریکە ئەم حاڵەتە ببێتە دیاردە و چەندین خێزانیش بەو هۆیەوە هەڵوەشاونەتەوە ."
گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی کوردستان پێیوایە یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان یاسای باری کەسییە، بۆیە بەنیازن یاساکە هەموار بکەنەوە "یاساکە کەموکوریی زۆری تێدایە و یاساناسان وەک پێویست نەیانتوانیوە یاساکە لەگەڵ کەلتوور و دابونەریتی خەڵکی کوردستان بگونجێنن، بۆیە بڕیارمانداوە لەسەرەتای ساڵی ئایندەدا یەکەمین کۆنگرەی دەسەڵاتی دادوەری ببەستین کە یەکێ لەکارەکانی گفتوگۆکردن دەبێ لەبارەی هەمووارکردنەوەی یاسای باری کەسی."
کەژاڵ هادی فەقێ، جێگری سەرۆکی لێژنەی داکۆکی لەمافەکانی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت لێژنەکەیان تێبینی کردووە کە قەیرانی دارایی و ڕاگرتنی پێشینە کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی هاوسەرگیری و هەڵکشانی تەڵاق هەبووە.
ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی "ساڵی ئایندە ئەگەر ئەم قەیرانە بەردەوام بێت، هەوڵ دەدەین حکومەت ناچار بکەین بڕێک پارە بۆ پیشینەکان بەگشتی و پێشینەی هاوسەرگیری بەتایبەت دابین بکات."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 26-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1029

## هەرێمی کوردستان: ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان دەگاتە زیاتر لە هەزار ڕێکخراو

http://www.kurdipedia.org/?q=2013063012270689756

ژمارەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان لە زیادبووندایە و بەگوێرەی ئامارێک دوای دەست ەکاربوونی فەرمانگەی ڕێکخراوەکان زیاتر لە 600 ڕێکخراو لە بوارە جیاجیاکان داواکاریان پێشکەشکردووە، بەمەش ژمارەی تەواوی ئەو ڕێکخراوانە دەگاتە زیاتر لە 1200 ڕێکخراو.
فازل عومەر بەڕێوەبەری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان بە (خەندان)ی

راگەیاند: دوای دەستبەکاربوونی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان لەکۆتایی ساڵی ڕابردوو، 685 ڕێکخراوی نوێ دۆسیەکانیان گەیشتۆتە فەرمانگەکەمان، جگە لەوانە 200 ڕێکخراوی دیکە کە پێشتر هەبوون، خۆیان لەگەڵ یاسای تازەی ڕێکخراوەکان گونجاندووە، ئەمە جگەلە ڕێکخراوە عێراقی و بیانیەکی تر کەژمارەی هەموویان زیارلە 1200 ڕێکخراو دەبێت.
فازل عومەر وتیشی: ئەو ڕێکخراوانەی دواکاریان پێشکەش بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان کردووە، زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، لەوانە بواری (منداڵان و ژنان و ژینگە و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی و ڕۆشنبیری و میدیا و چۆنیەتی بەکارهێنانی کارەبا و ڕێکخراوی تایبەت بە مادده هۆشبەرەکان.(
بەو ڕێکخراوانەی تازە داواکارییان پێشکەشکردووە زیاترلە 1200 ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە پێشتر لەڕێگای وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتیان پێدەدرا، بەڵام بەگوێرەی یاسای ئێستای ڕێکخراوەکان، تەنها لەڕێگا فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ڕێکخاوی نوێ تۆمار دەکرێت کە سەرپەرشتی سەرجەم ڕێکخراوە ناحکومی ناوخۆیی و عێراقی و نێودەوڵەتیەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-06-30

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1030

## هەرێمی کوردستان: لە 9مانگی ڕابردوودا، 44کەس بەهۆی (مین)ەوە کوژراون و بریندار بوون

http://www.kurdipedia.org/?q=20131008203513883379

لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا، 44 کەس لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی (مین)ەوە کوژراون و بریندار بوون.
ئاودێر محەمەد، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری هوشیارکردنەوە و قوربانیانی مین لە دەزگای گشتی کاروباری مین لەهەرێمی کوردستان، ئاکۆ عەزیز، ئەمڕۆ(سێ شەممە) ڕایگەیاند لە 9 مانگی ئەمساڵدا،ئەوەی لەدەزگای گشتی کاروباری مین تۆمار کراوە تا ئەمڕۆ 44 ڕووداوی مین هەبووە و بەوهۆیەوە 44 هاووڵاتی لەهەرێمی کوردستان بونەتە قوربانی.
ووتیشی لە و ژمارەیە،34 هاووڵاتیان بریندار بووە و 10 کەسی تریش گیانیان لەدەست داوە لە سنوری هەولێرو دهۆک و سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان.
ئە و بەرپرسەی دەزگای گشتی کاروباری مین ڕوونی کردوە کە هەندێک لەوانەی بونەتە قوربانی لە ئەنجامی نەزانین چونەتەناوچەی مین ڕێژکراو یان دەستکاری مین و تەقەمەنیان کردوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-10-08

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1031

## هەرێمی کوردستان ئاستی فرۆشتنی نەوت زیاد دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150706224701124760

دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان ئاستی فرۆشتنی نەوتی بە شێوەی سەربەخۆ زیادکرد، ئەمڕۆ دوو شەممە، هەردوو کۆمپانیای (بی بی) و (ئینی)، پرۆسەی بارکردنی چەندان بارە نەوتیان لە

بەندەری جەیهانی تورکیاوە هەڵوەشاندەوە، هۆکارییی ئە و هەنگاوەشیان بۆ کەمی نەوتی خاو لە تەنکەرەکانی سەر بە کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عیراقی (سۆمۆ) گەڕاندەوە .
ئاژانسی رۆیتەرز بڵاویکردەوە، زانیارییەکان دەریانخست، راگرتنی پرۆسەکانی بارکردنی نەوت، نەوتهەڵگرەکانی سینۆسترۆمی سەر بە لاینی ئۆکلاهوما و کۆمپانیای سوکاری حکومی بۆ وزە لە ئازربایجان و باڵتیک گالاکسی سەر بە کۆمپانیای چاینا- ئۆیڵ و نەوتهەڵگری باکۆی سەر بە گروپی ساراس و نەوتهەڵگری ئەفرا لۆریڵی سەر بە ریبسوڵ و نەوتهەڵگری (ئێس کەی ستێلا)ی سەر بە کۆمپانیای بی بی، لەخۆدەگرێت .
واپڕیار بوو ئە و نەوتهەڵگرانە لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا، زیاتر لە چوار ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی کەرکوک بگوێزنەوە، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئە و پرۆسانەش، ژمارەی ئە و بارە نەوتانەی کە نەوتی خاوی کەرکوکن و بارنەکراون، لە مانگی حوزەیراندا گەیشتنە 12 بارە نەوت .
بەپێی زانیارییەکانی ئاژانسی رۆیتەرز، هەرێمی کوردستان لە مانگی حوزەیرانی رابردووەوە فرۆشتنی نەوتی بەشێوەی سەربەخۆ زیادکردووە و هەناردەکردنیشی لەڕێی کۆمپانیای سۆمۆوە، کەمکردووەتەوە .
هەرێمی کوردستان، لانی کەم لە مانگی حوزەیرانەوە تائێستا، 12 ملیۆن بەرمیل نەوتی لەڕێی بەندەری جەیهانەوە فرۆشتووە و لە سەرەتای مانگی حوزەیرانیشەوە، پێنج ملیۆن بەرمیل نەوتی لەڕێی سۆمۆوە هەناردەکردووە .
هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆی بە و رێککەوتنە نەوتییە دووپاتدەکاتەوە کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی رابردوو لەگەڵ بەغدا ئیمزای کرد کە هەرێم پابەند دەکات رۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت لەڕێی کۆمپانیای سۆمۆوە هەناردە بکات تا حکومەتی فیدراڵ 17%ی بودجەی دارایی 2015 رەوانەی هەرێم بکات .
لە سایەی شەڕی دژ بە چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و داڵدەدانی ژمارەیەکی زۆری پەنابەرانی سوریا و عیراق کە وایانکردووە هەرێم پێویستی زۆری بە پارە هەبێت، هەولێر ئاماژە بە پابەندنەبوونی حکومەتی فیدراڵ دەکات بە رێککەوتنە نەوتییەکەی لەگەڵ بەغدا .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-07-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1032

## هەرێمی کوردستان رۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150730141147857787

شێرکۆ جەودەت سەرۆکی لیژنەی نەوت و وزە لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند، هەرێم رۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوت بە شێوەی راستەوخۆ، هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکات .
شێرکۆ جەودەت لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، هەرێم لە سەرەتای مانگی تەممووزەوە، ئە و پرە نەوتەی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کردووە.
بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەنگژەی دارایی، پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا، ئاماژەی بە هەناردەکردنی نەوت کرد بەشێوەی راستەوخۆ و بۆ ئە و مەبەستەش بەپێی بەیاننامەکە، کۆمپانیا جیهانییەکان ئامادەیی خۆیان بۆ هەماهەنگی کردن خستووەتەڕوو .
هەر بەپێی بەیاننامەکەی حکومەتی هەرێم، کوردستان مانگانە پێویستی بە ملیار دۆلار هەیە بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی کە تەنگژەی دارایی کاریگەریی زۆری هەبووە و بووەتە مایەی راگرتنی زیاتر لە شەش هەزار پرۆژە لە هەرێمدا .
حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەناردەکردنی نەوت بەشێوەی راستەوخۆ، بۆ پابەندنەبوونی

حکومەتی فیدراڵ بە و ڕێککەوتنەوە دەگێڕێتەوە کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا لەنێوان هەردوولادا ئیمزاکرا کە تێیدا ئاماژە بە تەرخانکردنی بەشێک لە بودجەی هێزە وشکانییەکانی عیراق دەکات بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و لەبەرانبەردا دەبێت هەرێم ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوت (سۆمۆ)ەوە هەناردە بکات .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-07-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1033
**هەرێمی کوردستان هەناردەی نەوت بۆ زیاتر لە 400 هەزار بەرمیل زیاد دەکات**
http://www.kurdipedia.org/?q=20150402153639674O5
ڕەزاق محێبس، ئەندامی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ڕایگەیاند، بۆ بەدواداچوونی میکانیزمەکانی جێ بەجێ کردنی ڕێککەوتنی نەوتی نێوانیان، حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم، چەند لیژنەیەکی تایبەت، پێک دەهێنن .
محێبس لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: "ئارێز عەبدوڵڵا سەرۆکی لیژنەی نەوت و وزە لە ئەنجومەنی نوێنەران، ژمارەی نوێی پێگەیشتووە کە ئاماژەن بە زیادبوونی هەناردەی نەوتی هەرێم لە مانگی ڕابردوو بۆ زیاتر لە 400 هەزار بەرمیل ."
بە وتەی ئە و ئەندامەی لیژنەی نەوت و وزەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق: "لیژنەکان بۆ بەدواداچوونی میکانیزمەکانی هەناردەکردنی نەوتی خاو لە کێڵگەکانی کەرکوک پێکدەهێنرێن و و نوێنەرایەتی چەند وەزارەتێکی پەیوەندیداری هەر دوو حکومەت دەکەن، لیژنە پەرلەمانییەکانیش لە هەردوو حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم کە پەیوەندیدارن بە نەوت و وزە، سەرپەرشتی کاری ئە و لیژنانە دەکەن.
ڕەزاق محێبس وتیشی: "لیژنەی نەوت و وزەی ئەنجومەنی نوێنەران، بۆ بەدواداچوونی میکانیزمەکانی هەناردەکردنی نەوت و بەئاگابوون لە کەلێنەکانی سیستمی گواستنەوەی نەوتی خاو و هۆکارەکانی ڕاوەستانی هەناردەکردن، سەردانی کێڵگەکانی کەرکوک دەکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1034
**هەرێمی کوردستان... 30 ژن کوژراون و 41 ژنیش خۆیان کوشتووە**
http://www.kurdipedia.org/?q=20141230162632844 55

فەرهەنگ فەرەیدون
بەڕێوبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان رایدەگەیەنێت لەمساڵدا 30 ژن کوژراوە و 41 ژن خۆیکوشتووە و 81 ژنیش خۆی سوتاندووە.
کوردۆ عومەر عەبدوڵلا، بەڕێوبەری گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ ژنان بە خەندانی راگەیاند:"لەمساڵدا 30 ژن کوژراوە و 41 ژنیش خۆیان کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە، 183 ژن بە قەزا و قەدەر سوتاون و 88 ژنیش خۆیان سوتاون، 6 هەزار و 173 سکاڵای یاساییمان لا تۆمارکراوە و لە و رێژەیەش 127 یان گێچەڵی سێکسییە."
وتیشی:" لەمساڵدا 1 هەزار و 784 سکاڵا زیادی کردووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لێکۆڵێنەوە لە توندوتیژی خێزانیش لای ئێمە دەکرێت، بەپێی ئە و یاسایە تا کەسانی پلە چوار دەنێرێت بۆ لای ئێمە، بۆیە داوامان لە دادوەرە بەڕێزەکان کردووە هەموو جۆرە توندوتیژییەک لەلایەن هەرکەسێکی خێزانەوە بێت بنێرێت بۆ بەڕێوبەرایەتییەکەمان."
ئاماژەی بەوەشکرد: "31 ئاداری 2014 لەکۆبوونەیەکدا کە وەزیری ناوخۆ ئامادەبوو، داوامانکرد لێکۆڵەری یاسایی دابنرێت لە نوسینگەکانمان، لە هەولێر و سلێمانی داینناوە، بەڵام تائێستا لە سلێمانی و راپەڕین و گەرمیان و سۆران لێکۆڵەری یاسایی دانەنراوە."
بەڕێوبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان ئەوەشی خستەڕوو: "ئەمساڵ 14 خولمان بۆ ئەفسەرانی بەڕێوبەرایەتییەکەمان کردووەتەوە، شەش لەوانە لە دەرەوەی وڵات بووە، دوو کۆنفرانسمان کردووە، کۆمەڵێ نامیلکەشمان بڵاوکردووەتەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 30-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1035

## هەژدە مەزارگە و شوێنی مێژوویی ئێزدی لەلایەن داعشەوە تێکدراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015032417032884984

رەهێل سەمەد
بەڕێوەبەری کاروباری ئاینی ئێزدی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، "دوای هێرشەکانی داعش بۆ ناوچەکانی سنوری پارێزگای نەینەوا بەتایبەتی قەزای شەنگال هەژە مەزارگە و شوێنی مێژوویی ئێزدی تێکدراون.
خەیری بۆزانی بەڕێوەبەری کاروباری ئاینی ئێزدی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێم بە خەندانی راگەیاند: "بەگوێرەی ئە و ئامارانەی دەستیان کەوتووە هەژدە مەزارگە و شوێنی مێژوویی تایبەت بە ئێزدیەکان لەسەردەستی تیرۆریستانی داعش تێکراون."
وتیشی: "زۆربەی ئەوشوێنانە دەکەوێتە سنوری قەزای شەنگال و پارێزگای نەینەوا بەگشتی، کە ئەوەی دواییان منارەی شەنگال بوو لەلایەن چەکدارانی داعشەوە تەقێندرایەوە."
ئاماژەی بەوەشکرد: "دوای رزگارکردنی ناوچەکانیان بەرنامەیان هەیە هەموو ئەوشوێنانە نۆژەن بکەنەوە، کە تێکدراون."
راشیگەیاند: "ئەوان هەوڵدەدن سوود لە بڕیارە نێودەوڵەتیەکان وەربگرین کە لەبارەی رووداوەکان و تێکدانی شوێنەوارەکان دەرچووە، تاکو لە رێگای رێکخراوی یونسکۆوە کارەکانی نۆژەنکردنەوە ئەنجامبدەن."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
شارەکان: شنگال
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1036

## هەشت هەزار ئاوارە لە ئەنبارەوە هاتونەتە هەرێمی کوردستان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031416380651999

خەندان-عەلی ناجی
لیژنەی کۆچ و کۆچبەران لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ئاشکرایدەکات، ژمارەی ئەو کەسانەی لە پارێزگای ئەنبار ئاوارە بوون گەیشتۆتە 67 هەزار خێزان و تەنها هەشت هەزاریان روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.
سەرۆکی لیژنەی کۆچ و کۆچبەران لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق ژنە پەرلەمانتار لقا وردی بە خەندانی راگەیاند" ژمارەی ئاوارەکانی ئەنبار گەیشتۆتە 67 هەزار خێزان کە لە ناوەوە و دەرەوەی ئەنبار نیشتەجێبوون."
وتیشی، بە پێی ئامارە فەرمییەکان ژمارەی ئاوارەکانی ئەنبار لە هەرێمی کوردستان هەشت هەزارە و زیاتر لە دوو هەزاریان روویان لە پارێزگای سلێمانی کردووە.
ئاماژەشی بەوەکردووە، ئەو پارێزگاییەی کە زۆرترین ئاوارەی لە خۆی گرتووە پارێزگای سەلاحەدینە کە 12 هەزار ئاوارەی تێدا نیشتەجێ کراون.
ئەمرۆ، پارێزگاری ئەنبار ئاشکرایدەکات، ئەندامانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام(داعش) چەندین ماڵیان لە گەرەکە جیاوازەکانی شاری رومادی بۆمبڕێژکردووە و لە هەمان کاتدا شەقام و باڵە خانە حکومیەکانیشیان بۆمبڕێژکردووە.
پارێزگاری ئەنبار ئاماژەشی بەوەکردووە، لە هەردوو گەڕەکەکەدا حەوت ماڵیان بۆمبڕێژکردووە ئەمە جگە لەوەی بە سەدان بۆمبی چێنراویان لە شەقام و کۆڵان و فرۆشگاکان چاندووە، مەبەستیش لەو کارە دەرکردنی خەڵکی ئەو ناوچەییە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 14-03-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1037

## هەنارده و فرۆشتنی نەوتی عیراق و هەرێم لە سێ مانگی ئەمساڵدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2015040909284065816

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە لیژنەی دارایی وردەکاری فرۆشتنی نەوتی عیراق و پشکی هەرێم لەماوەی سێ مانگی رابردوودا ئاشکرا دەکات کە مانگ بۆ مانگ بەهۆی زیادبوونی هەناردەی نەوتی هەرێمەوە رێژەی هەناردەی نەوت زیادی کردوە و لە و سێ مانگەدا بایی 10

ملیار و 757 ملیۆن دۆلار بووە، کە 885 ملیۆن دۆلاری بۆ هەرێم ناردووە.
ئەحمەد حاجی رەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لە ئەکاونتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک نووسیویەتی: "عیراق لەمانگی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ توانیویەتی بڕی 78 ملیۆن و 600 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەبکات بە بڕی سێ ملیار 258 ملیۆن دۆلار کە هەر بەرمیلەی بە بڕی 41 دۆلار و 145 سەنت فرۆشراوە."
ئەوەشی نووسیوە: لە و بڕە نەوتە هەرێم چوار ملیۆن و 500 هەزاری ناردوە کە بایی 203) ملیۆن دۆلارە، لەبەرانبەردا عیراق فیدراڵ بڕی 210 ملیۆن دۆلاری رەوانەی هەرێم کردووە کە دەکاتە 250 ملیار دینار.
دەقی پۆستەکە:
بۆڕای گشتی: وردەکاری فرۆشتنی نەوت و ناردنی پشکی هەرێم
بەپێی ئە و بەدواداچونانەی کەکردومانە بۆ ڕێژەی هەناردەی نەوتی عێراق و هەرێم ئەم زانیاریانە لەبەر دەستن:
-1عیراق لەمانگی کانونی یەکەم واتە مانگی (1) ی 2015 توانیویەتی بڕی (78600000) حەفتاو هەشت ملیۆن و شەسەد هەزار بەرمیل نەوت هەناردەبکات و بیفرۆشێت بە بڕی (3258) سێ ملیارو دوو سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن دۆلار کە هەر بەرمیلەی بە بڕی(4145) چل و یەک دۆلارو چل و پێنج سەنت فرۆشراوە لە و بڕە نەوتە هەرێم (4500000) چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزاری ناردوە کە بایی(203) دوو سەدو سێ ملیۆن دۆلارە .
لەبەرانبەردا عیراقی فیدراڵ بڕی (210) دوو سەدو دە ملیۆن دۆلاری رەوانەی هەرێم کردوە کە دەکاتە (250) دوو سەدو پەنجا ملیار دینار.
-2عیراق لەمانگی شوبات واتە مانگی (2) ی 2015 توانیویەتی بڕی (72700000) حەفتاو دوو ملیۆن و حەوسەد هەزار بەرمیل هەناردە بکات و بیفرۆشێت بەبڕی (3402) سێ ملیارو چوار سەدو دوو ملیۆن دۆلار کە هەربەرمیلەی بەبڕی (46795) چل و شەش دۆلارو حەفتاو نۆ سەنت و نیو فرۆشراوە کە لە و بڕە (8500000) هەشت ملیۆن و پێنج سەد هەزاری هەرێم رادەستی سۆمۆی کردوە کە دەکاتە بڕی (460) چوار سەدو شەست ملیۆن دۆلار بەڵام عیراق بڕی تەنها (420) چوار سەدو بیست ملیۆن دۆلاری ناردوە بۆ هەرێم کە پێدەچێت بوجەی سیادی لێجیاکرابێتەوە لەگەڵ بوجەی حاکمە.
-3عیراق لەمانگی ئازار واتە مانگی (3) ی2015 توانیویەتی بڕی (92401) نەوەدو دوو ملیۆن و چوار سەدو یەک هەزار بەرمیل هەناردە بکات و بیفرۆشێت بە بڕی (4457) چوار ملیارو چوار سەدو پەنجاو حەوت ملیۆن دۆلار کە هەر بەرمیلەی بە بڕی (48224) چل و هەشت دۆلارو بیست و دوو سەنت و لە دەدا چواری سەنتێک کە لە و بڕە (8322) هەشت ملیۆن و دوو سەدو بیست و دوو هەزاری هەرێم رادەستی کۆمپانیایی سۆمۆی کردوە کە بایی (401) چوارسەدو یەک ملیۆن دۆلارە لەبەرانبەردا عیراق بڕی (455) چوار سەدو پەنجاو پێنج ملیۆن دۆلار بنێرێت کە دەکاتە بڕی (530) پێنج سەدو سی ملیار دینار.
بەراورد و شیکارێکی سادە:
یەکەم:
-1مانگی یەکەم واتە (کانونی دووەم) بڕی (78600000) حەفتاو هەشت ملیۆن وشەسەد هەزار بەرمیل هەناردە کراوە کەڕۆژانە دەکاتە (2620000) دوو ملیۆن شەسەدو بیست هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.
-2مانگی دووەم واتە (شوبات) بڕی (72700000) حەفتاو دوو ملیۆن و حەوت سەد هەزار بەرمیل هەناردە کراوە کەدەکاتە (2692000) دوو ملیۆن شەش سەدو نەوەدو دوو هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا.
-3مانگی سێ یەم واتە (ئازار) بڕی (92401000) نەوەدو دوو ملیۆن و چوار سەدو یەک هەزار بەرمیل هەناردەکراوە کە ڕۆژانە دەکاتە (2980000) دوو ملیۆن و نۆسەدو هەشتا هەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا.
دووەم:
-1هەرێم لەمانگی یەکەم واتە (کانونی دووەم) بڕی (4500000) هەزار بەرمیلی هەناردەکردووە کە رۆژانە دەکاتە بڕی (150000) سەدو پەنجا هەزار بەرمیل لەڕۆژیکدا مانگی یەک (30) رۆژە.
-2هەرێم لەمانگی دووەم واتە (شوبات) بڕی (8500000) هەشت ملیۆن و پێنج سەد هەزار بەرمیلی رادەستی سۆمۆ کردوە کە لە هەر رۆژیکدا بڕی(314814) سێ سەدو چواردە هەزارو هەشت سەدو چواردە بەرمیلی ڕۆژانەیە مانگی دوو 27) رۆژ بوە.

-3هەرێم لەمانگی سێیەم واتە(ئازار) بڕی (8322000) هەشت ملیۆن وسێ سەدو بیست و دوو هەزار بەرمیلی رادەستی سۆمۆ کردوە کەدەکاتە بڕی (268451) دوو سەدو شەست و هەشت هەزارو چوار سەدو پەنجاو یەک بەرمیل لە رۆژێکدا مانگی (31) رۆژە.
سێ یەم:
دوو راستی : پێشبینیمان کردبووکە
-1رێژەی هەناردە لە عیراق دا زیاد دەکات کە کراوە
-2نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە بەڵام بە هێواشی بوە 41 بۆ 46 بۆ 48 وا دەرچوو.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1038

## هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا دەبێتە 400 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140904153334683 47

هەڵوێست ئەنور
بەڕێوبەری گەورەترین وەبەرهێنەری نەوت لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند، کە لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵەوە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا دەبێتە 400 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا.
بەپێی چەند سەرچاوەیەک کە دەست خەندان کەوتووە تۆنی هاوارد، بەڕێوبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای گێنێل ئینێرجی تورکی لە میانەی بەشداریکردنی لە سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی نەوت و غاز لە ئیستانبول رایگەیاندووە، کە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵەوە دەبێت بە 400 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا.
ئەمە لە کاتێکدایە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان رۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی تورکیا دەکات.
لە لایەکی ترەوە بەپێی ئاژانسی رویتەرز تۆنی هاوارد رایگەیاندووە، کە تا کۆتایی ئەمساڵ هەرێم ئە و برە نەوتە هەناردەی تورکیا دەکات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-04

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: TRتورکیا
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1039

## هەناردەی رۆژانەی نەوتی هەرێم دەگاتە نیو ملیۆن بەرمیل
http://www.kurdipedia.org/?q=20140528143650765‌23
سەرۆکی حکومەتی کاربەرێکەری هەرێم رایگەیاند ئێستا رۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم دەڕوات بۆ دەرەوە و لەبەرنامەدایە تا کۆتایی 2014 بگاتە رۆژی نزیکەی نیو ملیۆن بەرمیل نەوت.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: لەمیانەی کۆنگرە رۆژنامەوانییە هاوبەشەکەیدا لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان، یوسف محەمەد سادق، سەرۆکی کاربەرێکەری حکومەتی هەرێم و راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەم، نێچیرڤان بارزانی، رایگەیاند حکومەتی هەرێم ئامادەی لێپێچینەوە و لێپرسینەوە و بانگهێشتکردنی پەرلەمانە وەکو دەزگایەکی شەرعی لەم وڵاتە.
هەروەها وتیشی "ئەمەننا دەکەین بگەینە رێککەوتن لەگەڵ بەغدا، بەڵام هەموو دەرگاکان داخرا حکومەت ناتوانێ دەستە و ئەژنۆ دابنیشێت."
نێچیرڤا بارزانی وتیشی "ئێمە لەبەغدا پێمان دەڵێن موچەی ئێمە پراوە بەفەرمانی سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان موچەی ئێوەمان پریوە.. ئیتر چ رێگایەک بۆ چارەسەر دەمێنێتەوە بەدڵنیایی ئێمە بەردەوام دەبین لەدزۆینەوەی رێگەی چارەسەر."
سەبارەت بەداواکاری ئەمەریکاش بۆ راگرتنی هەناردەکردنی نەوت بەشێوەی تاک لایەنە، نێچیرڤان بارزانی وتی "هەڵوێستی ئەمەریکا فشار نییە لەسەر کەس ئەمەریکا ئەیەوێ هەموومان بگەینە چارەسەر لەچوارچێوەیعێراق". هەروەها وتیشی "عێراق شکاتی لەئێمە نەکردووە لەبەینی تورکیاو عێراقە و لەبەرژەوەندیی هەرێمە بگەینە چارەسەرو شکاتی بەغدا بەجددی وەرناگرین."
نێچیرڤان بارزانی وتیشی "بۆ خەڵکی عێراق پرسیار ناکەن بەچ حەقێک موچەی هاوڵاتیانی عێراق دەبڕن مالیکی عێراق دابەش دەکات نەک ئێمە. موچەخۆرانی هەرێم بەشێکن لەعێراق بەپێی یاساو ئە و پەیام ئەنێرێت کە ئەڵێ ئێوە بەشێک نین لەعێراق پرۆن چی دەکەن بۆ خۆتان بیکەن."
ئەمرۆ 28 ئایار پاش ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە میوانداریی کرا، نێچیرڤان بارزانی لەتەلاری پەرلەمان کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیی هاوبەشی لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان رێکخست و رونیکردەوە ئەگەر حکومەتەکەی کاربەڕێکەر نەبوایە ئەوە ئێستا دووچاری لێپێچینەوە و لێپرسینەوە دەهات.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 28-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1040
## هەناردەی نەوتی خاوی هەرێم لە 2010دا زیاتر لە 27 ملیۆن بەرمیل بووە
http://www.kurdipedia.org/?q=20130220160354806‌48
حکومەتی عێراق دووەمین راپۆرت بۆ دەستپێشخەری شەفافیەت لەپیشەسازییەکانی دەرهێنان بەرز دەکاتەوە و بۆ یەکەمجار بەشێکی تایبەت بەهەناردەی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لەراپۆرتەکەدا ئاشکرا دەکرێت، بەپێی راپۆرتەکە هەناردەی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵی 2010دا، زیاتر لە 27 ملیۆن بەرمیل بووە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1041

## هەناردەی نەوتی کوردستان دەبێتە 400 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141025211600778O3

پریارە لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا هەناردەی نەوتی کوردستان لە 250 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بەرزبێتەوە بۆ 400 هەزار بەرمیل.
دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە (باسنیوز)ی ڕاگەیاند: پرۆسەی فرۆشتنی نەوت لە ڕێگەی تورکیاوە بەردەوامە، وتیشی: "پارەی فرۆشتنی ئە و نەوتەش دێتە هەرێمی کوردستان و تاکە سەرچاوەی دابینکردنی مووچەش ئە و داهاتەیە، ئە و زانیاریەش ڕاست نیە کە تورکیا پارەکەی دەست بەسەرکردبێت، پارەکە لە هالک بانکەوە دێتە کوردستان."
دڵشاد شەعبان لە بارەی هەناردی ئێستای نەوت بۆ تورکیا، وتی: "ئێستا ڕۆژانە 240 بۆ 250 هەزار بەرمیل، لە ڕێگەی بۆریەوە هەناردەی تورکیا دەکرێت، پریارە لە ماوەی دوو مانگی داهاتوو بگاتە 400 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە، ئە و کات هەموو پێداویستییەکانی ناوخۆ بە تایبەت مووچە دابین دەکرێت و هیچ کێشەیەک نامێنێت."
لە 22ی ئایارەوە بە فەرمی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تورکیاوە نەوت دەفرۆشێت و تاوەکو ئێستاش 25 کەشتی نەوت کە زیاتر لە 11 ملیۆن بەرمیل بووە لە تورکیاوە بۆ بازارەکانی جیهان هەناردەکراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1042

## هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی هەرێم بۆ 650 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015051720470668943

وەزیری وزەی تورکیا زانیاری لەسەر پری نەوتی هەناردەکراوی هەرێم ئاشکرادەکات و رایدەگەیەنێت، لەئێستادا ڕۆژانە بۆ 650 هەزار بەرمیل بەرزبووەتەوە.
ئەنادۆڵ، ئاوێنەنیوز: وەزیری وزە و دەرامەتەکانی سروشتی تورکیا، تانەر یڵدز ئەمڕۆ یەکشەممە، رایگەیاند، لەمانگی ئاداری 2014 هەرێمی کوردستان ڕۆژانە دو هەزارو 300 بەرمیل نەوتی خاوی هەنارده دەکردو حاڵی حازر ئەو ڕێژەیە بۆ 650 هەزار بەرمیل ڕۆژانە بەرزبووەتەوە.
وتیشی، ئامانجمان ئەوەیە کە ئەو ڕێژەیە بگاتە یەک ملیۆن بەرمیل.
یڵدز لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەنوسان ئاماژەشیدا، لەپێشبینیەکانی تورکیادا هاتبو کە هەرێمی کوردستان چەندە نەوتی خاوو غازی سروشتی پێشکەشی سەرچاوەکانی وزەی وڵات و بازاڕەکانی جیهان بکات ئەوا ئەوەندە بەرەو ئاسایی بونەوە دەڕوات. ئەوەشی وت، لەو پێشبینییەدا سەلماندمان کە نەک تەنیا ناوچەکە، بەڵکو ئەمریکاش سەرەڕای نیگەرانییەکانی، ئەمڕۆ ناچارە ئەو پێشبینییە قبوڵبکات.
وەزیری وزەی تورکیا ئەوەشی وت، لەئێستادا لەڕێگای دوو بۆری نەوتکێشی 40 و 46 ئینجەوە لەهەرێمی کوردستانەوە نەوت هەناردەدەکرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 17-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری

ولّات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1043
## هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی کەرکوک بۆ زیاتر 350 هەزار بەرمیل زیاد دەکات
http://www.kurdipedia.org/?q=20150309170706653111
هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی خاوی کەرکوک لە ڕێی بەندەری جەیهانی تورکیاوە، بۆ زیاتر لە 350 هەزار بەرمیل ڕوو لە بەرزبوونەوە دەکات.
بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)، هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک لە ڕێی بەندەری جەیهانی تورکیاوە، لە هەفتەی ڕابردوودا بۆ زیاتر لە 350 هەزار بەرمیل ڕووی لە زیادبوون کردووە .
هەر بەپێی هەواڵەکە، هەناردەی ڕۆژانەی ئە و کێڵگە نەوتیانە لە مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی ڕابردوودا، لەنێوان 275 بۆ 300 هەزار بەرمیلدا بووە .
هەرێمی کوردستان هیواخوازە لەڕێی زیادکردنمی هەناردەکانی نەوتەوە لە چەند مانگی داهاتوەودا، لە ڕووی ئابورییەوە خۆژییەنی بەدیبهێنێت و کار بۆ ئەوەش دەکات ڕێککەوتنی کۆتایی سەبارەت بە فرۆشتنی نەوت و دابەشکردنی داهاتەکەی، گرێبدات .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-03-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: ئابووری
شارەکان: کەرکوک
ولّات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1044
## هەناری هەڵەبجە بەشی کوردستان دەکات
http://www.kurdipedia.org/?q=2014110312223177865
جەمال سەرگەتی
بەرێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە رایدەگەیەنێت لەچاو ساڵی رابردوو بەرهەمی هەناری هەڵەبجە کەمتربوو،ئەوەشبەهۆی ئە و شەپۆلە سەرماییەی کە لە سەرەتای وەرزی بەهاری رابردوو رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئەگەر حکومەتیش رێگری بکات لە هەناری هاوردە، ئەوا هەناری هەڵەبجە بەشی هەرێمی کوردستان دەکات.
ستار مەحمود، بەرێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە بەخەندانی راگەیاند،بە بەراورد بەساڵی رابردوو، ئەمساڵ بەرهەمی هەنار تا رادەیەک کەمتربوو، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئە و سەرما و سۆڵەیەی کە لە سەرەتای وەرزی بەهاری رابردوو وای کرد کە بەرهەمی هەنار کەمبێت.
بەرێوەبەری کشتوکاڵی هەڵەبجە وتیشی: بەرووبەری حەوت هەزار و 500 سەد دۆنم باخی هەنار لە پارێزگای هەڵەبجە هەیە، هەربۆیە ئە و هەنارەی هەڵەبجە مەزەندە دەکرێت بە 20 هەزار تەن.
ستار مەحمود وتیشی: ئەگەر حکومەت رێگری لە هەناری هاوردە بکات، ئەوا هەناری هەڵەبجە

بەشی هەرێمی کوردستان دەکات.
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد،بەپێی ئە و کەسانەی کە شارەزاییان هەیە لە هەنار و بە و بەراوردەی کە کراوە لەگەڵ هەناری ناوچەکانی تری کوردستان، دەرکەوتووە هەناری هەڵەبجە لە باشترین جۆرەکانی هەنارە و بەوە دەناسرێتەوە کە توێکڵیکی تەنکی هەیە و دەنکەکانی ئاودارە رەنگێکی سوری جوانی هەیە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | هەڵەبجە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1045

## هەندێک جۆری ماسی خۆماڵی مەترسی فەوتانی لەسەرە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050609521085240

لەگەڵ زیادبونی خواست لەسەری، بەرهەمهێنانی ماسی روی لەکەمبونەوە کردوە، بەرپرسێکی ئە و بوارەش رایدەگەیەنێت، ئەگەرچی لەساڵانی رابردووەوە پلانێکیان بۆ پەرەپێدانی ماسی هەبوە بۆ سود وەرگرتن لەشارەزایی ناوچەکانی خواروی عێراق، بەڵام گرفتە ئەمنی و داراییەکان رێگربون.
ئا: شیروان شەریف
ئاشنابونی هاوڵاتیان بەسودە خۆراکییەکانی ماسی تادێت رو لەزیادبون دەکات، بۆیە ساڵانە خواست لەسەر ئە و بەرهەمە زیادیکردوە، بەڵام بەپێچەوانەی خواست، قەیرانی دارایی و نەبونی بەرنامەی پێویست پەرەپێدانی ئە و کەرتەی پەکخستوە.
بەپێی ئامارەکانی بەشی سامانی ماسی لەوەزارەتی کشتوکاڵ ساڵی رابردو لەهەرێمی کوردستاندا 345 حەوزی مۆڵەتپێدراوی بەخێوکردنی ماسی هەبوە کە بەرهەمی ساڵانەیان گەیشتوەتە نزیکەی دو هەزار و 200 تەن لە و ژمارەیەش 72 پرۆژەیان لەسنوری پارێزگای سلێمانی بوە، بەڵام بەدرێژایی ساڵی رابردو بەهۆی قەیرانی دارایی پرۆژەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیانکردوە.
توانا ئیسماعیل، لێپرسراوی هۆبەی سامانی ماسی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی بەئاوێنەی راگەیاند، کۆی پرۆژەکانی حەوزی ماسی لەسلێمانی کە مۆڵەتیان هەیە و لەکاردان نزیکەی 40 پرۆژەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەندێک پرۆژەی مۆڵەتداری تر لەئاکامی وشککردنی ئاو یان زۆری تێچوەکەیەوە راگیراون .
ئاماژەشیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی 25 تا 30 پرۆژەی بێ مۆڵەتیشیمان هەیە کە کاردەکەن و بەرهەمیان دێتە ناو بازاڕەکانەوە.
سەبارەت بەبەرهەمی ئە و حەوزانەش توانا رایگەیاند، بەرهەمی ماسی ناوخۆ ساڵانە لەپرۆژەکانی کەرتی تایبەت دەگاتە نزیکەی 850 تەن کە لەکۆی ئە و پرۆژانەی لەبەردەستدایە بەرهەمدەهێنرێت، هەروەها ئە و ماسییەی لەمەرزەکان و خواروو ناوەڕاستی عێراقەوە هاوردە دەکرێت ساڵانە رەکەی لەنێوان 1200 بۆ 1300 تەن دایە.
زانیارییەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە زۆرترین ماسی هاوردە لەئێرانەوە دەهێنرێت، پاشانیش لەتورکیاوە کە هەریەک لەجۆرەکانی کاربی و سەلەمون لەدیارترینیانن.
ساڵانی رابردو حکومەت بەمەبەستی هاندانی بەرهەمی ماسی هاوکاری و پشتیوانی پرۆژەکانی کەرتی تایبەتی لە و بوارەدا کردوە، بەڵام قەیرانی دارایی ئە و هەنگاوەی پەکخستوە. لە و بارەیەوە بەرپرسی هۆبەی ماسی و کشتوکاڵی سلێمانی رایگەیاند، تا ساڵی پاریش توانیمان دو وەجبە عەلەف دابەشبکەین، بەپاڵپشتی 50% کە خاوەن پرۆژە نیوەی نرخی تێچوی عەلەفەکەی لەسەر دەکەوت و ئەوی تری لەلایەن حکومەتەوە دابیندەکرا و تەنها لەساڵی پاردا توانیمان 600 تەن

عەلەف بەسەر پرۆژەکاندا دابەشبکەین، دروستکردنەکەشی بەپێی ستانداری جیهانی بو بەجۆرێک عەلەفە دروستکراوەکە لەژێر چاودێرییەکی تەواوی خۆماندا بوە، هەم لەپێکهاتەیدا و هەم لەروە تەندروستییەکەیەوە.
وتیشی، جیا لەوەش ساڵانە توانراوە پەنجە ماسی دابەشبکرێت بەسەر ئە و پرۆژانە دەکەونە سنوری گەرمیان و سلێمانی و کۆیە و تەنانەت کەرکوک-یش، بەڵام ئەمساڵ لەبەرئەوەی بودجە نەبوە، نەتوانراوە درێژە بە و بەرنامەیە بدرێت.
سلێمانی بەوە لەشارەکانی تر جیادەکرێتەوە کە خاوەن هەردو دەریاچەی دوکان و دەربەندیخانە، بەڵام سەبارەت بەماسی، ئامارەکان باس لەکەمبونەوە و مەترسی لەناوچونی زۆرێک لەماسییە خۆماڵییەکان دەکەن، توانا ئیسماعیل رایگەیاند، وەکو داتایەکی تەواوەتی بەرهەمی دەریاچەکانمان لەبەردەستدا نیە، بەڵام دەریاچەکان لەبەرئەوەی راوکردنێکی نادروستی تیادەکرێت لەکاتی قەدەغەکردن و لەدەرەوەی کاتی قەدەغەکردنیشدا، بۆیە ئەمە زیانێکی زۆری داوە بەشێوەیەک ماسی خۆماڵیمان زۆر زۆر کەمبوەتەوە و بەتایبەتی لەدەریاچەی دەربەندیخان کە هەندێ ماسیمان خەریکە بەرە و فەوتان دەڕوات، ئەوەش کێشەیەکی گەورەی دروستکردوە هەم بۆ راوچییەکان و هەم بۆ ئەوانەش کە خواستیان لەسەر بەرهەمە ناوخۆییەکان هەیە.
ساڵانە لەیەکی نیسانەوە تا کۆتایی مانگی حوزەیران بەوەرزی قەدەغەکردنی راوەماسی دیاریدەکرێت و بەپێی وتەی شارەزایانی بوارەکە وەرزی گەرادانان دەکەوێتە نێوانی ئە و دو مانگەوە .

دەربارەی هەوڵەکان بۆ رێگرتن لەمەترسییەکانی لەناوچون و کەمبونەوەی ماسی خۆماڵی ئە و بەرپرسەی کشتوکاڵ وتی، بەپێی یاسای ژمارە48ی ساڵی 1976ی هەموارکراو تایبەت بەقەدەغەکردنی راوەماسی لەکاتی وەرزی زاوزێ مامەڵە دەکرێت، کە ئێمە لایەنی سەرپەرشتیاری کارەکەین، لایەنی جێبەجێکاریش بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پاراستنی دارستان و ژینگەی هەرێمە کە هەڵدەستن بەجێبەجێکردنی ئە و بڕیارە و سەرپێچیکاران دەستگیردەکەن و رادەستی دادگایان دەکەن و بەپێی یاساکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.
سەبارەت بەبونی پلانی حکومەتیش بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئە و مەترسییە لەسەر بەرهەمی دەریاچەکان ئەوەی وت، ئێمە پلانی جێگرەوەمان هەبوە و چەند ساڵێکیش لەمەوپێش ئە و پلانەمان پێشکەشکردوە، بەڵام لەبەر کێشەی باری ئەمنی نەمانتوانیوە ئە و پلانە جێبەجێبکەین.
رونیشیکردەوە، لەخواروو ناوەڕاستی عێراق ئە و ماسیە خۆماڵیانە بەشێوەیەکی دەستکرد بەرهەم دەهێنرێت و دەگەیەندرێتە پەنجەماسی و دەستەماسی و دواتر دەخرێتە دەریاچەکانی خۆیانەوە، بۆیە ویستومانە سود لەشارەزایی و ئەزمونی ئەوان وەربگرین چونکە ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە کە ئە و تەکنیک و شارەزاییەمان نییە، بەڵام لەساڵانی رابردو بەهۆی کێشەی ئەمنی نەمانتوانیوە ئە و کارە بکەین و لەم دو ساڵەشدا بەهۆکاری قەیرانی دارایی جارێکی تر نەتوانرا ئەنجامبدرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-05-05

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1046
## هەولێر 1200 شوێنەواری تێدایە
http://www.kurdipedia.org/?q=2013060512034178353
هەولێر – بەهادین سابیر
5/6/2013
لەئەنجامی پشکنینێکدا لەشوێنەواری کلک مشک 83 پارچەی شوێنەواری دۆزرانەوە، بەڕێوەبەری

شوێنەواری شاری هەولێریش رایدەگەیەنێت کەنزیکەی 1200 ناوچەی شوێنەواریی لەسنووری شارەکەدا هەیە.
لەچەند رۆژی رابردوودا بەئامادەبوونی نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی شوێنەوارو راگری کۆلێجی ئەدەبیات و بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێرو سەرۆکی بەشی شوێنەوار لەگردی کلک مشک کۆنگرەیەک سەبارەت بەدۆزینەی چەند پارچەیەکی شوێنەوار رێکخرا.
راهێنانی
خوێندکاران بووە
حەیدەر حەسەن بەڕێوەبەری شوێنەواری شاری هەولێر بۆ کوردستانی نوێ ئەوەی خستەڕوو کە لەئەنجامی هەڵکۆڵینی شوێنەوارییی، کەڕاهێنان بوو تایبەت بەخوێندکارانی بەشی شوێنەواری کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدینو بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری هەولێرو بۆ ماوەی چەند وەرزێکیش دەبێت ئەم خوێندکارانە سەرقاڵی راهێنانن لەگردی کلک مشک، ئەو 83 پارچە ئاسەوارانە دۆزرانەوە، وتیشی: کلک مشک، گردێکی شوێنەوارییەو ئەو پارچە ئاسەوارانەشی دۆزراونەتەوە گرنگو مێژووییو دەگەڕێنەوە بۆ چەند سەردەمێکی جیاواز وەک نەینەوا 5 سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایینو سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست 911تا 1559ی پێش زایینو سەردەمی ئاشووریی نوێ 612تا 911ی پێش زایینو سەردەمەکانی ئیسلام وەک ئەتا بەکی هەولێر 1226تا 1261ی زایین کەگرنگترین سەردەمیان سەردەمی ئاشووری ناوەڕاستەو دەگەڕێتەوە بۆ 1500 ساڵ پێش زایینو بەگشتیش تەمەنی ئەو پارچە ئاسەوارانەی ئێستا دۆزراونەتەوە 3500 ساڵ دەبن.
وەک ناوچەیەکی شوێنەواریی
ئەو بەڕێوەبەرە راشیگەیاند کەگردی کلک مشک لەناوشاری هەولێر لەساڵی 1946دا بۆ یەکەمجار لەلایەن دەستەی گشتیی شوێنەواری عیراقی وەک شوێنێکی (خرابە)ی شوێنەواریی دەستنیشان کراوە، بەڵام هەڵکۆڵینی شوێنەواریی تێیدا ئەنجام نەدراوەو بۆ یەکەمجاریش لەساڵی 2010دا هەڵکۆڵینی شوێنەواریی بۆ ئەنجامدراو وتی: بەڕێوەبەرێتییەکەمان ماوەی سێ وەرزی گرنگە چەندین هەڵکۆڵینمان بەهاوکاریی تیمێکی پسپۆریی شوێنەواری ئەمریکیو فەڕەنسی تێدا ئەنجامداو لەوەرزی چوارەمی هەڵکۆڵینی شوێنەواریشدا لەلایەن تیمێکی زانکۆی سەلاحەدینو بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری هەولێرەوە چەندین کەلوپەلو شوێنەوارو ئاسەواری گرنگ دەرکەوتن، کەژمارەیان 83 پارچەیەو بریتین لەدیواری خانوو و گۆزەی فوخاریو قاپو پەرداخو مەنجەڵ لەگەڵ کۆمەڵە ئێسکێکی مرۆڤو دۆزینەوەی گۆڕی مرۆڤو ژمارەیەک ئامرازی بەردیین وەک سەنارەی دەرگاو چەقۆو کەلوپەلی ناوماڵو لەگرنگترین ئەو کەلوپەلانەشی دۆزراونەتەوە مۆرێکی لوولەیی (ختم)ە لەگەڵ ژمارەیەک بووکەڵەی ئاژەڵیو کەلوپەلی جوانکاریی خانمانو کۆمەڵێک بەردی گرانبەها.
بودجە کێشەی سەرەکییە
وتیشی: لەسەردەمی رژێمی رووخاوی بەعسدا هەمیشە سەرانی رژێم رێگربوون لەبەردەم ئەوەی تاکی کورد هۆشیاریی شوێنەواری لا دروست بێتو وتی: لەدوای راپەڕین ئەو رێگریی تاڕادەیەک نەماو بەشێکی کێشەکان بەرەو چارەسەر بران، بەڵام چەند کێشەو گرفتێک بوونیان هەر ماوە وەک گرفتی بودجە کە بەهۆیەوە نەتوانراوە کار بۆ پاراستنی شوێنەوارەکان بکرێتو ئەوەشی لەڕابردوودا کراوە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بووە، وتیشی: بۆ ئەمساڵ وەک بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری هەولێر بودجەی بۆ تەرخانکراوە، لەنموونەی ئەو پرۆژانەشی لەبەرنامەدان یری 10 ملیار دینار دابینکراوە بۆ دروستکردنی قۆناغی یەکەمی مۆزەخانەی نیشتمانی کە لەناو سایلۆی هەولێردا دروست دەکرێت، هەروەها دابینکردنی یری 700 ملیۆن دینار بۆ چەند پرۆژەیەکی گرنگ لەوانە؛ شوراکردنەوەی دووبارەی شوێنەواری کلک مشک، کەیەکێکە لەشوێنەوارە دیارەکانی کوردستان.
دۆزینەوەی 100 شوێنەوار
بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر ئاشکراشیکرد کە بەهۆی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ چەند زانکۆیەکی جیهانی کراوە، توانراوە چەندین شوێنەوارو ئاسەواری گرنگ بدۆزرێنەوە کەگرنگترینیان ناحیەی شەمامکو بەشێکی ناحیەی گوێر، ئەو وتی: لەگرنگترین ئەنجامی ئەو پشکنینانەش توانیومانە 100 شوێنی گەورەی شوێنەواریی لەژێرزەویدا لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە بدۆزینەوەو وتیشی: لەئەنجامی سەرجەم گەڕانو کارکردن بۆ دۆزینەوەی ناوچە شوێنەوارییەکان توانراوە تائێستا نزیکەی 1200 ناوچەی شوێنەواری لەسنووری شاری هەولێردا دیاری بکرێتو تاڕادەیەکیش کارکراوە بۆ هێشتنەوەیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 2013-06-05

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1047

## هەولێر- لەرۆژانی چەژنی نەورۆزدا 3 کەس گیانی لە دەست داوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032415081960579

خەندان-رەهێل سەمەد

لەرۆژانی جەژنی نەورۆز لەسنووری پارێزگای هەولێرحەوت رووداوی هاتوچۆ تۆمارکراون و سەرجەم رووداوەکانیش 18 قوربانیی لێکەوتەوە.

فازڵ حاجی، وتەبێژی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر بەخەندانی رایگەیاند: لەمیانی گەشتی هاوڵاتیانی سنووری پارێزگای هەولێر لە رۆژانی نەورۆزدا، حەوت رووداوی هاتوچۆ روویانداوە کە بە هۆیەوە 3 کەس گیانیان لەدەستدا و 15ی دیکەش بریندار بووە.

فازل حاجی راشیگەیاند: بە بەراورد بە نەورۆزی رابردوو، رووداوەکان کەمی کردووە، چونکە پارساڵ 12 رووداوی هاتوچۆ تۆمارکرابوون.

وتەبێژی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر ئەوەشی خستەروو: جگە لە و رووداوانەی باسکران پلانی هاتوچۆی پارێزگای هەولێر بەرێژەیەکی زۆرباش جێبەجێکرا، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئۆتۆمبێل لە و بۆنەیەدا لە شەقام و رێگا و سەیرانگاکان بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-24

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1048

## هەولێر لەنیو مانگدا 33 کە بوونەتە قوربانی رووداوی هاتوچۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=2014110612411277885

سەعید محەمەد

لەماوەی نیو مانگدا لە شاری هەولێر و دەوروبەری و قەزاو ناحیەکان و شاری کۆیە 45 رووداوی هاتوچۆ تۆمارکراوە، لە ئەنجامی ئە و روودانەش 33 کەس بوونەتە قوربانی.

رائید فازل حاجی حسێن، وتەبێژی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر، تایبەت بە خەندانی راگەیاند: تەنها لەماوەی 15 رۆژدا لە شاری هەولێر و دەوروبەری 45 رووداوی هاتوچۆ روویداوە کە 33 بریندار بوون لە و ژمارەیەش 28 پیاون پێنجیان ئافرەتن هەروەها سێ کەس گیانیان لە دەست داوە هەر سێک پیاون.

وتیشی: "سەبارەت بە و سەرپێچیانەی لە لایەن پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر تۆمارکراوە لە ناو شاری هەولێر بە گشتی لە و ماوەیە هەشت هەزار و 815 سەرپێچی تۆمار کراوە ئەمە جگە لە کامێرای چاودێر، ئەم سەرپێچیانە وەک جام رەش و بەکارهێنانی مۆبایل و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و شتی تر."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-06

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1049

## هەولێر لەکوشتن و سلێمانیش لەدەستدرێژی سێکسی یەکەمن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013072321100289491

مانگی رابردو لەسنوری هەرێمی کوردستان 488 حاڵەتی توندوتیژی تۆمارکراون و تیایدا هەولێر لەکوشتن و سلێمانیش لەدەستدرێژی سێکسی پلەی یەکەمیان گرتوە.

هەولێر، ئاوێنەنیوز: بەپێی ئامارێکی رەسمی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان لەمانگی حوزەیرانی رابردودا، لەشار و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان 488 حاڵەتی توندوتیژی تۆمارکراون. رونیشیدەکاتەوە، هەولێر لەکوشتن یەکەمە و سلێمانیش لەدەستدرێژی سێکسی یەکەمە. بەپێی سایتی، وارڤین،یش لەئامارەکەدا دیارترین تاوانی ژن کوشتن لەدهۆک بەتوندوتیژی هەژمارنەکراوە..

ئاماری بەڕێوەبەرایەتیەکە کە لەرێگەی نوسینگەکانیەوە بەپشت بەستن بەراپۆرتی پۆلیس و نەخۆشخانە ئامادەی دەکات بەم جۆرەیە:

پارێزگای هەولێر:

117توندوتیژی دژی ژنان ئەنجامدراوە و حاڵەتەکانیش بەم شێوەیەیە:

کوشتن 3، خۆکوشتن 3، سوتان 14، خۆسوتان 8، سکاڵا 148، سێکسی 1.

پارێزگای دهۆک:

109حاڵەتی توندوتیژی تۆمارکراون و حاڵەتەکانیش بەم شێوەیە بون:

کوشتن 0، خۆکوشتن 0، سوتان 2، خۆسوتان 2، سکاڵا 104، سێکسی 1.

پارێزگای سلێمانی:

105حاڵەتی توندوتیژی تۆمارکراون و ئەو پارێزگایە لەروی دەستدرێژی سێکسییەوە وەک چەند مانگی رابردو لەپلەی یەکەمدا ماوەتەوە و حاڵەتەکانی توندوتیژیش بەم شێوەیە بون:

کوشتن 0، خۆکوشتن 0، سوتان 5، خۆسوتان 2، سکاڵا 89، سێکسی 9.

ئیدارەی گەرمیان:

حاڵەتەکانی توندوتیژی رویان لەکەمبون کردوە و ئەو حاڵەتانەی تۆمارکراون بەم شێوەیەیە:

کوشتن 1، خۆکوشتن 1، سوتان 1، خۆسوتان 1، سکاڵا 48، سێکسی 0.

ئیدارەی راپەرین:

کەمترین حاڵەتی توندوتیژی تۆمارکراوە و حاڵەتەکان بەم شێوەیە بون:

کوشتن 0، خۆکوشتن 0، سوتان 2، خۆسوتان 0، سکاڵا 50، سێکسی 0.

کۆی گشتی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەسنوری ئیدارەی هەرێمی کوردستاندا لەمانگی حوزەیران – یۆنیۆی 2013 بەم شێوەیەیە:

کوشتن 4، خۆکوشتن 4، سوتان 24، خۆسوتان 13، سکاڵا 432، دەستدرێژی سێکسی 11و سەرجەمیشیان 488 حاڵەتن.

بەبەراورد لەگەڵ مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردودا، توندوتیژییەکان زیادیانکردوە، هەرچەندە لەئامارەکەی ساڵی رابردودا حاڵەتی ئەشکەنجەدان تۆمارکراوە، بەڵام ئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی ئەشکەنجە تۆمارنەکراوە و بەبەراورد لەگەڵ ئامارەکەی ساڵی رابردو، لەهەولێر توندوتیژی زیادیکردووە، بەو پێیەی ساڵی پار یەک حاڵەتی کوشتن و 110 حاڵەتی توندوتیژی تێدا تۆمارکرابو. هەروەها لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا ساڵی رابردو 191 حاڵەتی توندوتیژی تۆمارکراوە و لەدهۆک

62 حاڵەت و لەگەرمیان 57 حاڵەت بوە.
لەئامارەکەی ئەمساڵی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوە توندوتیژی دژ بەژنان، دیارترین تاوانی کوشتنی دوو ژن لەدهۆک بەتاوانی توندوتیژی دژی ژنان هەژمارنەکراوە.
شەوی چوارشەممە - پێنجشەممە (19 – 20 / حوزەیران – یۆنیۆ / 2013) کاتژمێر 9:00ی شەو، لەنزیک "ماکسی مۆڵ"ی شاری دهۆک، هەڵکەوتو لەرۆژهەڵاتی ئەو شارە، پیاوێک بەناوی (نەزمی م)، کە پلەی عەمید بوە و پێشتر بەرپرسی بەشی ژمێریاری فەرماندەیی دهۆک بوە، بەدەستڕێژی گولە هاوسەرەکەی خۆی و خەسوەکەی و برایەکی هاوسەرەکەی کوشت و کەسێکی دیکەی لەپاسەوانەکانی بریندارکرد و سەرەنجام خۆیشی کوشت.
وەک راگەیەندرا، ئەو تاوانە بەهۆی دەمەقاڵێی خێزانیەوە ئەنجامدرا، بەڵام بەڕێوبەرایەتیەکە ئەوەی وەک تاوانی دژی ژن هەژمار نەکردوە.
"شەرمین زەکی زندی" ماوەی دوو ساڵ بوو ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ "عەمید نەزمی" پێکهێنابوو، دوو منداڵی لێی هەبو.
س: وارڤین
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-07-23

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1050

## هەولێر.. 19 هاوڵاتی بەهۆی رووداوی هاتووچۆوە برینداربوون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150502085321852

ئەمڕۆ 1ی ئایاری 2015، لە ئەنجامی سێ رووداوی هاتووچۆدا لە سنووری پارێزگای هەولێر 19 هاوڵاتی برینداربوون، وتەبێژی فەرمی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێریش رایدەگەیەنێت، رووداوێکیان بەهۆی رۆیشتنی پێچەوانە بووەو دوو رووداوەکەیتریش بەهۆی پێچکردنەوەی هەڵە روویداوە.
رائید فازڵ حسێن، وتەبێژی فەرمی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر تایبەت بە خەندانی راگەیاند: "رووداوی یەکەمیان لەسەر رێگای کانی قرژاڵە - رەشکین بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێلەوە بووە، 6 هاوڵاتی برینداربوون ."
وتیشی: "یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانە بە ئاراستەی پێچەوانە بەرەو رووی ئۆتۆمبێلەکەیتر چووەو لە ئەنجامدا ئەم رووداوەی لێکەوتۆتەوە."
رائید فازڵ راشیگەیاند: "رووداوی دووەمیان لەسەر رێگەی سەرەکی باسرمە – هەریر بووە لە ئەنجامی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێلی تایبەت، 9 هاوڵاتی برینداربوون"
وتیشی: "رووداوی سێهەمیشیان لەسەر رێگەی هەریر – مامەجەرگە روویداوە، لە ئەنجامی پێکدادانی ئۆتۆمبێلێکی جۆری پاسی کۆستەرو ئۆتۆمبێلێکیتر کە 4 هاوڵاتی برینداربوون.
وتەبێژی فەرمی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر ئاشکراشیکرد، هۆکاری ئەم دوو رووداوەی رێگای هەریر بەهۆی پێچکردنەوەی هەڵەوە بووە کە جووت سایدێکی نوێ دروستکراوە و شوفێران بەهەڵە پێچیان کردۆتەوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: رووداوی هاتووچۆ

شارەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1051

## هەولێر.. بەهۆی خراپی جۆری بەنزینەوە ژمارەیەک ئۆتۆمبێل سووتان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150519143041853342

ئەفسەرێکی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر رایدەگەیەنێت، لەماوەی دوو هەفتەی رابردوودا ژمارەیەک ئۆتۆمبێل لەسنوری پارێزگای هەولێر سوتاون هۆکارەکەشی بەهۆی خراپی بەنزینەوە بووە.
کافی عەبدولقادر، ئەفسەر لەبەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر بە خەندانی راگەیاند: "لەماوەی دوو هەفتەی درابردوودا سێ ئۆتۆمبێل لە سنوری پارێزگای هەولێر گڕیانگرتووە هۆکارەکەشی خراپی جۆری بەنزین بووە."
وتیشی: "گڕگرتنی ئە و ئۆتۆمبێلانە لەکاتی گۆڕینی (فیوت پەمپ)ەکانیان بووە، کە بەهۆی خراپی جۆری بەنزینەوە لەکارکەوتوون."
ئە و ئەفسەرەی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر ئاماژەی بەوەشکرد: "لە و رووداوانەدا هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتۆتەوە، بەڵکو تەنها زیان بە ئۆتۆمبێلەکان گەیشتووە."
ماوەیەکە بەهۆی خراپی جۆری بەنزین لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیان لەکارکەوتوون، هۆکارەکەشی بۆ هاتنی بەنزینی خراپ لەدەرەوەی هەرێم و نۆژەنکردنەوەی پاڵاوگەکانی نەوت دەگەڕێتەوە، بۆ ئەومەبەستە حکومەتی پەرلەمان هەوڵەکانیان دەستپێکردوە بۆ چارەسەرکردنی ئە و گرفتە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1052

## هەولێر.. لە ماوەی ساڵی رابردوودا 28 هەزار و 938 منداڵ لەدایکبوون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140104111212086849

خەندان رەهێل سەمەد
بەگوێرەی ئامارێکی نەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەولێر لەماوەی ساڵی 2013دا 28 هەزارو 938 منداڵ لەدایکبووە کە 14 هەزار و 919 یان کورە و 14 هەزار و 19ی کچە.
خوناو حەسەن، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەولێر بە خەندانی راگەیاند: لەماوەی ساڵی 2013 لە نەخۆشخانەی لە دایکبوونی شاری پارێزگای هەولێر 18 هەزار و 279 بەشێوەی ئاسایی لەدایکبووە، ئەوانیش نۆ هەزار و 242 کور و نۆ هەزار 37ی کچە، هەروەها 10هەزار 659 منداڵ بەنەشتەرگەری لەدایکبووە بووە، لەوانەش پێنج هەزار و 677 کور و چوار هەزار 982ی کچە.
وتیشی: "کۆی گشتی ئە و منداڵانەی بەهەردوو شێوازی ئاسایی و نەشتەرگری لەدایکبووە دەگاتە 28 هەزار و 938 منداڵ لەدایکبووە، کە 14هەزار و 919 یان کورە و 14 هەزار و 19ی کچە."
خوناو حەسەن راشیگەیاند: هەر لە و ماوەیە 909 منداڵی دوانە و پێنج حاڵەتی سیانە و یەک

حاڵەتی چوارە، لەگەڵ 318 منداڵی مردوو تۆمارکراوە .
جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی لە دایکبوونی هەولێر ڕاشیگەیاند: لەماوەی 24سەعاتی رۆژی 2014/1/1لە نەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەولێر 98 منداڵ لەدایکبووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-04

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1053

## هەولێر.. هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بەسەر مامۆستایاندا دابەش کرا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140120144509865 77

ئەمرۆ دووشەممە (20ی کانوونی دووەمی 2014) لە ڕێورەسمێکدا تیروپشکی پێدانی خانوو و شووقەی نیشتەجێبوون بەسەر مامۆستایانی سنووری هەولێر دابەشکرا، پڕیاریشە هەمان پرۆسە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان جێبەجێ بکرێت.
ئەحمەد گەرمیانی، جێگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایان کوردستان بە خەندانی ڕاگەیاند: دوای دابەشکردنی فۆرمی یەکەی نیشتەجێبوون بەسەر مامۆستایانی سنووری هەولێر ئەمرۆ دووشەممە (20ی کانوونی دووەمی 2014) لە پرۆسەیەکدا تیروپشک بۆ ئە و مامۆستایانە کرا کە مەرجەکانیان تێدا بوو.
ئەحمەد گەرمیانی وتیشی: "لەکۆی شەش هەزار مامۆستا کە فۆرمی وەرگرتنی شووقە و خانوویان پڕکردبووەوە، هەزار و 13 مامۆستا ئەویەکەیان بۆ دەرچووە، لە و ژمارەیە 533 یان خانووی یەک نهۆمییە و 418 یەکەی تر بەشێوەی شووقە دروستکراوە."
ڕوونیشکردەوە: ماوەی هەشت مانگە دەست بەدروستکردنی ئە و یەکانە کراوە و لە ماوەی سێ ساڵدا پێویستە تەواو بکرێن، بۆ ئەمەش مامۆستایان لەماوەی 100 مانگدا قستەکانیان دەدەنەوە، سەبارەت بە مەرجەکانیش خزمەتی هەرساڵێکی خزمەتی مامۆستا بەیەک خاڵ و خێزاندار دوو خاڵ و ئەوەی هاوسەرەکەی مامۆستابێت چوارخاڵ و منداڵیش خاڵێکی هەژمارکراوە.
دروستکردنی شاری مامۆستایان لە لایەن کەرتی تایبەت و بەقستی درێژخایەن بە و مامۆستایانە دەدرێت کەساڵانی خزمەتی زیاترە و خێزانداره و لە ڕابردوو سوودمەند نەبووە، جگە لە هەولێریش لەهەردوو پارێزگای سلێمانی و دهۆک و ئیدارەی گەرمیانیش دروست دەکرێت، بەڵام هەریەکەیان لەقۆناغی جیاوازدان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-20

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1054

## هەولێر: 13 کەس بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆ دەبنە قوربانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20130809224329892 05

لە دووەم رۆژی جەژنی پیرۆزی رەمەزانی شاری هەولێر و لە چوار ڕووداوی هاتووچۆدا، سێ ژن گیانیان لەدەستدا و 10 کەسی دیکەش بریندار بوون.
رائیدی پۆلیس کاروان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، بە خەندانی ڕاگەیاند: لە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزاندا، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی نێوان دوو بنەماڵەوە، یەکێک لە بنەماڵەکان، کەسێکی بنەماڵەکەی تری بریندار کرد و بریندارەکەش ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا و دۆسیەی لێکۆڵینەوەش بۆ ڕووداوەکە کراوەتەوە.

وتیشی: "ئەمڕۆ هەینی کە دووەم ڕۆژی جەژنە، چوار ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویداوە، ڕووداوی یەکەمیان لەسەر ڕێگای هەولێر – هەریر بووە، کە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (هۆندای ئەلەنترا) بەهۆی تیژڕەوییەوە وەرگەڕاوە و لە ئەنجامدا سێ ژن گیانیانلەدەستدا و ژنێکی دیکەش بە سەختی بریندار بوو، کە باری تەندروستی زۆر جێگیر نیە و لە نەخۆشخانەیە."

رائید کاروان عەبدولکەریم، ئاشکرایکرد هەر ئەمڕۆ "لە ڕووداوێکی هاتووچۆی تردا لە سەر ڕێگای بنەسڵاوە – کەسنەزان، دوو ئۆتۆمبێلی کیای سیراتۆ و پیکابێک پێکیاندا و بەهۆیەوە 5 کەس بریندار بوون."

هەر ئەمڕۆ لە ڕووداوێکی دیکەدا لەسەر ڕێگای هەولێر – بەغدا و لەنزیک گوندی قوشتەپە، ئۆتۆمبێلێک لە جۆری ئۆپترای ڕەنگ سپی کە هاوڵاتی عەرەبی تێدابووە و بۆ گەشت هاتبوونە هەولێر، لەگەڵ ئۆتۆمبێلێکی جۆری سۆناتا پێکیانداوە و بەهۆیەوە سێ کەس بریندار بوون، کە باوکێک و دوو کوڕ بوون .

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، ئاماژەی بەوەشکرد، کە هەر ئەمڕۆ هەینی لە سنوری ناوچەی شەمامکی سەربە پارێزگای هەولێر، ئۆتۆمبێلێکی پیکاب وەرگەڕاوە و بەهۆیەوە کەسێک بریندار بووە و ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-09

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1055

## هەولێر: 67 هەزار هاوڵاتی فۆرمی وەرگرتنی یەکەی نیشتەجێبوونیان پڕ کردوەتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131222151036687124



خەندان ڕەهێل سەمەد

لەماوەی ئەمساڵدا 67 هەزار هاوڵاتی شاری هەولێر فۆرمی وەرگرتانی یەکەکانی نیشتەجێبوونیان پڕکردوەتەوە و سەدا 65ی پرۆژەکانی ئەمساڵیش تەواو کراون.

ئەمڕۆ یەکشەممە (22ی کانوونی یەکەمی 2013) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانوسیدا پارێزگاری هەولێر ئاماری ئەنجامدانی پرۆژەکانی پارێزگای هەولێری بۆ ساڵی 2013 خستەڕوو و ڕایگەیاند: لە پرۆژەکانی ساڵی 2013ی پارێزگای هەولێر توانراوە 65% یان جێ بەجێ بکرێن کە دەکاتە هەزار و 535 پرۆژە و بڕی زیاتر یەک ترلیۆن و 20 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر وتیشی: "ئە و پرۆژانەی جێبەجیکراون بریتین لە دروستکردنی 20 خوێندگا بە بڕی 10 ملیار دینار و قیرتاوکردنی سێ ملیۆن و 500 هەزار مەتر دووجا."

سەبارەت بە پرۆژەی نیشتەجێ بوونی کۆریەکان کە بە خانووی کۆریەکان ناسراوە پارێزگاری هەولێر ڕاگەیاند: لە ماوەی ڕابردوودا 67 هەزار فۆرم بەسەر هاوڵاتیاندا دابەشکراوە، پێنج هەزاریان گەڕاوەتەوە و لە ئێستادا لە ووردبینی و لێکۆڵینەوەدایە کە وا پێشبینی دەکرێت لە پێش سەری ساڵی تیروپشکی ئە و پرۆژەیە بکرێت و بەسەر کرێنشینان دابەش بکرێت.

هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەدا ئەوەش خرایەروو کە تا ئێستا لە سنووری پارێزگای هەولێر 11 گوند کارەبای نیشتیمانیان پێ نەگەیشووە و بێ کارەبان کە ئەوانیش زیاتر لە سنووری کۆیە و سیدەکانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1056

## هەولێر: لە 6 مانگدا 26 ئافرەت کوژراون و 19 پیاویش خۆیان کوشتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130804143419892950

بەگوێرەی ئامارێکی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 26 ئافرەت کوژراون و 19 پیاویش خۆیان کوشتووە. هاوکات 462 حاڵەتی لێدان و ئازاردانی ئافرەتانیش تۆمارکراوە.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری پۆلیسی جوڵانەوە و تاوانی هەولێر، عەقید عەبدولقادر محەمەد، ئەمڕۆ یەکشەممە، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وێرای خستنەڕوی پلانی ئەمنی بۆ رۆژانی جەژنی رەمەزان، ئاماری روداوەکانی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی راگەیاند.
عەقید عەبدولقادر رایگەیاند، لەشەش مانگی رابردودا 26 حاڵەتی کوشتنی ئافرەت تۆمارکراوە و رێژەی 87%ی بکوژەکانیش ئاشکرا بون و ئیجرائاتی یاساییان لەگەڵدا کراوە. ناوبراو رونیکردەوە کە هەر لە و ماوەیەدا 52 ئافرەت خۆیان سوتاندووە کە 92%یان مردون و 32 کەسیش حوکمدراون، هەروەها 462 حاڵەتی لێدان و ئازاردانی ئافرەتانیش تۆمارکراوە.
عەقید عەبدولقادر وتیشی، لە و شەش مانگەدا جگە لەتۆمارکردنی 19حاڵەتی خۆکوشتنی پیاوان، 226 حاڵەتی دزیکردن تۆمارکراوە کە 69% ئاشکرا بون و 389 حاڵەتی فێڵکردنیش هەبووە.
بەڕێوەبەری پۆلیسی جوڵانەوە و تاوانی هەولێر، لەبارەی پلانی ئەمنییەوە بۆ رۆژانی جەژنی رەمەزان، وتی، پلانەکە رۆژێک پێش جەژن دەستپێدەکات کە پۆلیس و ئاسایش و پۆلیسی هاتوچۆو زێرەڤانی بەشداری تێدا دەکەن و بێجگە لەپاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیان لەناوەوە و دەرەوەی شار، هێزە هاوبەشە ئەمنییەکان بەسەر گۆرستانەکانیشدا دابەش دەکرێن.
بە وتەی عەقید عەبدولقادر، پلانە ئەمنییەکە جگە لە هێزە ئەمنییەکانی تر، دو هەزار پۆلیس بەشداری تێدا دەکەن، بەردەوام دەبێت تا پشوی جەژن کۆتاییدێت و هەموو هەوڵێکیش دەخەنە گەڕ تا رێگری لەهەر کارێکی نایاسایی بکەن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 04-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1057

## هەولێر: لە پێنج مانگدا بە رووداوی هاتوچۆ 46 کەس گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150609104558855100

خەندان سەعید محەمەد
لە ماوەی پێنج مانگی رابردوو 497 رووداوی هاتوچۆ لە پارێزگای هەولێر و دەوروبەری تۆمارکراوە لە ئەنجامی ئەم رووداوانەش 46 کەس گیانیان لە دەستداوە و 422 کەس بریندار بوون.
رائید فازل حاجی حسێن، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەولێر بە خەندانی راگەیاند: "لە ماوەی پێنج مانگی رابردوودا 46 کەس بەهۆی رووی هاتوچۆ لە شاری هەولێر و دەوربەری گیانیان لە دەستداوە، هەروەها 422 کەسیش بریندار بوون، ئەمەش لە ئەنجامی 497 رووداوی هاتوچۆ لە شاری هەولێر و دەوربەری تۆمارکراوە.
وتیشی: "رێژەکە لەچاو ساڵانی تر نزیکە لەیەکتری بەرێژەیەکی کەم لە پێش مانگی 1 ی ساڵی

رابردووە ئەویش بەهۆی زۆربوونی ئۆتۆمبێل لە شاری هەولێر و زۆری ماتۆرسکیل دەگەڕێتەوە، چونکە لە کۆی گشتی ئە و 497 ڕووداوەی تۆمار کراوە 52 ڕووداوی بەهۆی ماتۆرسکیل-ەوە بووە."
ئاماژەی بەوەشکرد: "ئێستا بڕیاردراوە دەست بەسەر ئە و ماتۆرسکیلانە بگرێت کە خاوەنەکانیان مۆڵەتی شۆفێریان نیە، کە زیاتر لە هەزار ماتۆرسکیل لە ئێستادا لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر دەستی بەسەرداگیراوە، نادرێتەوە خاوەنەکانیان چونکە مەرجی توندوتۆڵی و مۆڵەتی شۆفێریان نییە."
وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر، وتیشی: "لە ئێستادا هاوردەکردنی ماتۆرسکیل قەدەغەکراوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🚗ڕووداوی هاتووچۆ

جۆری ئامار و ڕاپرسی: سەرپێچی

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1058

## هەولێر: لە ڕۆژانی جەژن ڕووداوەکان کەمیکردووە و سەرپێچی زیادیکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141007230408777713

ڕەهێل سەمەد

بەگوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر لەڕۆژی یەکەم و دووەمی جەژنی قوربان، ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو کەمی کردووە، بە پێچەوانەوە سەرپێچییەکان زیادیکردووە.
فازل حاجی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی هاتوچۆی هەولێر بە خەندانی ڕاگەیاند: لە ڕۆژی یەکەم و دووەمی جەژنی قوربان پێنج ڕووداوی هاتۆچۆ تۆمارکراوە و بەهۆیەوە پێنج کەس بریندارب‌وون.
فازل حاجی وتیشی: لە و ڕووداوانە هیچ کەس گیانی لەدەستنەداوە و ئەمەش دەریدەخات کە ڕوواودەکانی ئەم جەژنە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو کەمتربووە.
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی هاتوچۆی هەولێر ئەوەشی ڕاگەیاند: پێچەوانەی ڕووداوەکان سەرپێچی هاتوچۆ بەتایبەتی تیژڕەوی لەلایەن شوفێرانەوە زیادیکردووە، چونکە تەنها لە دوو ڕۆژی جەژنی قوربان لە سنوری پارێزگای هەولێر چوار هەزار و 400 حاڵەتی سەرپێچی تۆمارکراوە، ئەم ڕێژەیەش لە ڕۆژانی ئاسایی زیاترە .
سەبارەت بە ئاماری ڕووداوەکانی ڕۆژانی سێیەم وچوارەمی جەژن وتی: ئامارەکان ئامادە نەکراوە و هەوڵدەدرێت لەگەڵ تەواوبونی ڕۆژانی جەژن ئامارەکانی هەرچوار ڕۆژەکە ڕابگەیەنن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: ♖هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1059

**هەولێر، لە جەژندا نزیکەی حەوت هەزار کەس سەردانی نەخۆشخانەکانیان کردووە**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130811161405921111

خەندان – ڕەهێل سەمەد
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رایدەگەیەنێت لەماوەی سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا لەسنوری پارێزگای هەولێر حەوت کەس بەهۆی ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێل گیانیان لەدەستداوە و 39کەسی دیکەش بریندار بوون و نزیکەی شەش هەزار کەس ڕوویان لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن کردووە.
کاروان عەبدولکەریم بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر بە (خەندان)ی ڕاگەیاند: "لەماوەی سێ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان لەسنوری پارێزگای هەولێر بە قەزا و ناحیەکانەوە سێ حاڵەتی شەڕکردن و سێ حاڵەتی دزیکردنیش تۆمار کراون.
وتیشی: هەر لە و ماوەیەدا 12 ڕووداوی ئۆتۆمبێل هەبووە بەوەرگەڕان و پێکدادان ڕوویداوە، کە بەهۆیەوە حەوت کەس گیانیان لە دەستداوە و 39 کەسیش بریندار بوون، ئەمەش جگە لەوەی چوار کەس سوتاون و کە یەکێکیان منداڵە.
بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر ئاماژە بەوەشدەکات : لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاوارە لەناوشاری هەولێر توانرا بەشێوەیەکی سەرکەوتوو پلانەکەمان جێبەجێ بکەین و کەمترین حاڵەتی دزی و کێشەی کۆمەڵایەتی دروست بێت.
جگە لە ئامارەکانی پۆلیسی هەولێر بەگوێرەی زانیاری نەخۆشخانەکان لەماوەی ئەو سێ ڕۆژەدا بەهۆی خواردنەوە، شەش هەزار و 965 کەس ڕوویان لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن کردووە و چارەسەری پێویستیان بۆ ئەنجامدراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-11

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1060

**هەولێر؛ لەماوەی (10) مانگدا، (4135) کەس بونەتە قوربانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131205194558874111



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر ئاشکرای دەکات، کە لە (10) مانگی رابردوی ئەمساڵدا (4135) کەس بونەتە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ.
ئەمڕۆ چوارشەممە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، رائید ئەسکەندەر یونس، بەڕێوەبەری هاتوچۆی خۆرهەڵاتی هەولێر، ئاماری (10) مانگی رابردوی روداوەکانی هاتوچۆی پارێزگاکەی ئاشکراکرد و ئاماژەی بەوەکرد، کە لەو ماوەیەدا (4135) کەس بونەتە قوربانی روداوەکانی هاتوچۆ و (12) هەزار مۆبایلیش دەستی بەسەردا گیراوە.
وتیشی: لەو ژمارە قوربانییە (300) کەسیان گیانیان لەدەستداوە و (3835)کەسی دیکەش بریندداربون.
بەڕێوەبەری هاتوچۆی خۆرهەڵاتی هەولێر ئەوەشی خستەڕو، کۆی گشتی روداوەکانی هاتوچۆ لەو ماوەیەدا، (1102) روداو بوە و (500) کەسیشیان دەستگیرکردوە کە مۆڵەتی شۆفێرییان نەبوە و (100) ماتۆرسکیلیش دەستی بەسەرداگیراوە.
ئا/ هەنگاو هاشم
سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی- 04-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1061

## هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیا بە ژمارە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015053114284085426

خەندان محەمەد ئیسماعیل
یەکشەممەی داهاتوو، هاوڵاتیانی تورکیا دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی 550 ئەندامی 25هەمین خولی پەرلەمانی وڵاتەکەیان. پرۆسەی ئەم جارە بە یەکێک لە گرنگترین هەڵبژاردنەکانی مێژووی کۆماری تورکیا دادەنرێت. بە تایبەتی بۆ پارتی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) هەڵبژاردنێکی چارەنوسسازە، چونکە بۆ یەکەم جارە لەبری کاندیدی سەربەخۆ، وەک پارت بەشداری دەکات.
25پارت و 165 کاندیدی سەربەخۆ بەشداری لە هەڵبژاردنەکەدا دەکەن.
هاوڵاتیانی کۆماری تورکیا لە هەر 81 پارێزگاکەی تورکیا و 112 نوێنەرایەتی لە 54 وڵاتی جیهان دەنگ دەدەن.
53ملیۆن و 741 هەزار و 838 دەنگدەر لە ناوخۆی تورکیا و دوو ملیۆن و 867 هەزار و 458 لەدەرەوەی تورکیا مافی دەنگدانیان هەیە.
ملیۆنێک و 47 هەزار و 192 دەنگدەر بۆ یەکەم جار دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان.
رێژەی کاندیدە ژنەکان لەم هەڵبژارنەدا، پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) زۆرترین ژنی کاندید کردووە و مەهەپەش کەمترین کە بەم جۆرەیە.
ئاکپارتی 18% و 99 ژن
جەهەپە 18% و 103 ژن
مەهەپە 9% و 50 ژن
هەدەپە 48% و 248 ژن
لە تورکیا ژنان بۆ یەکەمجار لەساڵی 1935دا بەشدارییان لە پرۆسەی دەنگداندا کرد و کاندیدی تایبەت بە خۆیان هەبوو. لە ساڵی 1935دا 17 و لە 1939دا 16 و 1943دا 16 ژن بوون بە پەرلەمانتار.
رێژەی زۆرترین دەنگدەر لە شار و ناوچەکانی دەنگدان بەم جۆرەیە.
شارەکان:

ئیستانبوڵ 10 ملیۆن و 231 هەزار و 703 دەنگدەر
ئەنکەرا 3 ملیۆن و 703هەزار و 253 دەنگدەر
ئیزمیر 3 ملیۆن و 85 هەزار و 404 دەنگدەر
بورسا 2 ملیۆن 28 هەزار و 417 دەنگدەر
ئەدانا ملیۆنێک و 407 هەزار و 328 دەنگدەر
ناوچەکان :
ناوچەی چانقایای ئەنقەرە 477 هەزار و 894 دەنگدەر
ناوچەی کێچی ئۆرەنی ئەنقەرە 633 هەزار و 679 دەنگدەر
ناوچەی ئۆسمانگازی بورسا 596 هەزار و 48 دەنگدەر
سەیحانی ئەدەنا 529 هەزار و 658 دەنگدەر
کوچوک چەکمەجەی ئیستانبوڵ 529 هەزار و 658 دەنگدەر
ریکۆردی بەشداری کردنی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی مێژووی کۆماری تورکیا
زۆرترین 1978 -_ 93.3%
کەمترین 1969 64.3%
دواین 3 هەڵبژاردن
2014سەرۆکایەتی کۆمار 73.7%
214شارەوانییەکان 89.2%
2011پەرلەمان 87.2%
سەرچاوە: خەبەر تورک
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-31

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | پارتی دیموکراتی گەلانHDP - |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| وڵات: | TRتورکیا |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1062

## هەڵبژاردنی پەرلەمان و پارێزگاکان، ئامار و زانیاری

http://www.kurdipedia.org/?q=2014041711365165621

زیاتر لە (700) کاندید رکابەری لەسەر بەدەستهێنانی نەوەد کورسی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، لەسەرتاسەری عێراقیشدا نزیکەی دە هەزار کاندید هەوڵی بەدەستهێنانی (328) کورسی پەرلەمانی عێراق دەدەن.
ئا: ئاوێنە
نۆ ساڵ لەمەوبەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، بڕیاروایە لەکۆتایی ئەم مانگەدا جارێکیتر ئە و هەڵبژاردنە بەڕێوەبچێت. بەپێی ئاماری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کە پشتی بە داتاکانی وەزارەتی بازرگانی بەستوە، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم پێنج ملیۆن و (169) هەزار کەسە و دوو ملیۆن و (785) هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیە.
ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم نەوەد کورسییە، لە و ژمارەیەش (32) کورسی بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و (30) کورسی بۆ هەولێرو دهۆکیش (28) کورسیە. بۆ بەدەستهێنانی ئە و نەوەد کورسیەش (713) کەس خۆیان کاندید کردوە. هەرچی پشکی ئە و پارێزگایانەیە بۆ پارلەمانی عێراق بەم جۆرەیە: پارێزگای سلێمانی هەژدە کورسی و هەولێر پانزە کورسی و دهۆکیش یانزە کورسیە.

بەپێی ڕاگەیەنراوەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە (328) کورسیە (107) لیست و قەوارە بە (9040) کاندیدەوە بەشداری دەکەن. هەفتەی ڕابردو بانگەشەی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق و پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد و بڕیاروایە تا (4/28) بەردەوام بێت. تائێستاش (667) چاودێری نێودەوڵەتی ناوی خۆیان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکە تۆمارکردوە.
بەپێی داتاکانی کۆمسیۆن، ژمارەی دانیشتوانی عێراق (34) ملیۆن و (800) هەزار کەسە، لە و ژمارەیەش (21) ملیۆن و (592) هەزارو (882) کەس مافی دەنگدانیان هەیە. بۆ ئەم هەڵبژاردنەش کۆمیسیۆن پشتی بەکارتی ئەلیکترۆنی بەستوە کە (21) ملیۆن دانەی لێ چاپکراوە و (126) ملیۆن دۆلاری تێچوە. تائێستا چواردە ملیۆن و نیو کارتی دەنگدان دابەشکراوە، کە دەکاتە ڕێژەی (73%) دەنگدەرانی گشتی و تایبەت و تەنها لەشاری بەغدا زیاتر لە چوار ملیۆن کارت دابەشکراوە. دوایین وادەی دابەشکردنی کارتیش ڕۆژی بیستی نیسانە.
ئەنجامدانی ئە و هەڵبژاردنانە لەکاتێکدایە، پارێزگایەکی وەکو ئەنبار کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی عەرەبی سوننە مەزەبن پێناچێت هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدرێت، چونکە ماوەی زیاتر لە دو مانگە شەڕو پێکدانانی نێوان گروپە چەکدارەکان و سوپای عێراق لەژمارەیەک ناوچەی ئە و پارێزگایە بەردەوامە. بەگوێرەی ئامارەکانی نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکانیش لەعێراق، لەماوەی سێ مانگی ڕابردودا زیاتر لە (2200) کەس لەسەرانسەری عێراقدا بەهۆی تەقینەوە و کارە چەکدارییەکانەوە کوژراون.
دیارترین ئە و گرفتانەی بەرۆکی هاوڵاتیانی عێراقی گرتوە و لایەنە سیاسیەکان لەکاتی هەڵمەتی بانگەشەدا جەختی لێدەکەنەوە، کەمی خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان و زۆربونی ژمارەی کەسانی بێکار و خراپبونی ڕەوشی ئەمنیە.
سەبارەت بە کێبڕکێی نێوان لایەنە سیاسیەکان و دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان، بەوتەی چاودێرانی سیاسی چاوەڕوان دەکرێت لیستی دەوڵەتی قانون بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران، زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، هەرچەندە دو ڕکابەری بەهێزی هەیە، کە یەکێکیان لیستی مەواتنی سەر بەئەنجومەنی باڵای ئیسلامیە کە کە عەممار حەکیم سەرۆکایەتی دەکات، ڕکابەرەکەی دیکەش لیستی ئەحراری سەر بەرەوتی سەدرە کە موقتەدا سەدر ڕێبەرایەتی دەکات .
لەناوچە سوننە نشینەکانی باکورو ڕۆژئاوای عێراقیش، ڕکابەرییەکە لەنێوان ساڵح موتڵەگی جێگری سەرۆک وەزیران و ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پارلەماندایە. هەرچی هەرێمی کوردستانیشە، ڕکابەرییەکە لەنێوان پارتی دیموکرات و بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانیدایە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 17-04-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1063
## هەڵەبجە ساڵانە 20 هەزار تەن بەرهەمی هەناری هەیە
http://www.kurdipedia.org/?q=20141026154838778 23
هەنار و سرکەی هەناری هەڵەبجە ناوبانگێکی تایبەتیان هەیە. لە هەڵەبجە 7500 دۆنم زەوی باخی هەنار هەیە و ساڵانە 20 هەزار تەن هەنار بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام ئەمساڵ لە بەهاردا سەرمایەک لە بەرهەمی هەناری هەورامانی دا و زیانێکی زۆری پێگەیاند.
شارەزایانی بواری کشتوکاڵ لە هەڵەبجە پێشبینی ئەوە دەکەن، کە ئەمساڵ بەهۆی ئە و زیانەوە بەرهەمەکە بۆ 15 هەزار تەن کەم ببێتەوە.
نەبوونی بازاڕ و نەبوونی بەڕاد بۆ هەڵگرتنی هەنار و هاوردەکردنی هەنار لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، زیانێکی زۆریان بە بەرهەمی هەناری خۆماڵی گەیاندووە. بۆیە باخەوانەکان بۆ ئەوەی

نرخێک بدەنە بەرهەمەکانیان، بە ناچاری بەشێک لە هەنارەکانیان دەکەنە سرکەی هەنار.
لە باخە 2 دۆنمە هەنارەکەی لە گوندی هاوار، کە 16 کیلۆمەتر لە رۆژهەڵاتی هەڵەبجەوە دوورە کامیل ساڵی پێشوو2 تەن هەناری هەبوو، بەڵام ئەمساڵ تەنیا نیو تەن هەناری هەیە.
هەنار لەدوای داکوتان و گوشینی، بە ئاگرێکی بەهێز بۆ ماوەی 7 بۆ 8 کاژێر دەکوڵێنرێت و خەست دەکرێتەوە لە 20 کیلۆ هەنار یەک کیلۆ رۆب هەنار دەردەچێت و دەبرێتە بازاڕ بۆ فرۆشتن.
هەڵەبجە و هەورامان بە گوێز و هەنارەکەیان بە ناوبانگن، بەڵام سەرماکەی بەهاری ئەمساڵ زیانی بە هەنارەکە و گوێزەکەش گەیاند.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 26-10-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1064

## هەڵەبجە کەمترین رێژەی توندوتیژی تێدا تۆمارکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010111525684465

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژیی شارەزورو ئاشکراکردنی ئاماری 6 مانگی رابردو لەسنوری پارێزگای هەڵەبجە، تەنها 282 حاڵەت تۆمارکراوە کە هیچ لە و حاڵەتانەش توندوتیژیی دەرونیی و کوشتن و لێدان نەبون، چالاکوانانی ناوچەکەش هۆکارەکەی دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە لەرابردودا ژنان لە و دەقەرە دەسەڵاتداربون و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتیان هەبوە کە دیارترینیان عادیلە خانم بوە.
ئا: میهرەبان سەلام، هەڵەبجە
شیلان مەحمود کە چالاکوانێکی مەدەنیە، باس لەوە دەکات "تا ئێستا هیچ توندوتیژییەک بەرامبەر ژنان نەکراوە و هۆکارەکەش بۆ بەرزیی ئاستی رۆشنبیریی هەردو رەگەزی ژن و پیاو دەگەڕێتەوە کە توانیویانە باوەڕ بەتواناکانی یەکتر بکەن و شان بەشانی یەکتر کار بکەن."
پێکهاتەی دانیشتوانی هەڵەبجە ژمارەیەکی زۆر عەشرەت لەخۆدەگرێت، وەک ئیناخی، رێشاوی، کۆکۆیی، هاواری، بۆینی، نەورۆڵی، گریانی، خەرپانەیی، شەمێرانی و تاویرەیی، جگە لەوەی لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ چەندین پێکهاتەی جیاوازی وەک کاکەییەکان و خێڵەکانی جاف و جولەکەکانی تیادا ژیاوە.
رەنگین سەلام، رۆژنامەنوس، پێیوایە هۆکاری سەرەکی کەمیی توندوتیژیی ئەوەیە کە "پێکهاتەی دانیشتوانی هەڵەبجە زۆری ئە و عەشیرەتانەیە و هەریەک لەوانەش وەک داب و نەریتێکی گشتیی، رێزی زۆریان لەئافرەت گرتوە و شانبەشانی پیاوان توانیویانە لەلادێ و شوێنەکاندا کار بکەن. ئەگەر سەیری زۆربەی دامودەزگا ئیدارییەکانی هەڵەبجەش بکەین، ژنان توانای زاڵبونیان هەیە بەسەر کارەکانیاندا، لەلایەکی تریشەوە زۆری پێکهاتەی ئاینیی لەهەڵەبجە، هۆکارێکە بۆ کەمیی توندوتیژیی و رێزگرتن لەیەکتر."
هاوکات نوخشە ناسیح، بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە بەئاوێنەی راگەیاند، "کەمبونەوەی رێژەکانی توندوتیژیی لەسنوری پارێزگای هەڵەبجە لەخۆوە نیە، بەڵکو هاوڵاتیان و حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنیی هۆکارە کە هەریەکەیان لەڕێگەی ڕێنمایی یان یاساوە کاریانکردوە بۆ کەمبونەوەی توندوتیژیی. سروشتی هەڵەبجە و هەورامان و کارە دەستەجەمعیەکان، ئەوە دەخوازێت کە بەهیچ جۆرێک توندوتیژیی نەبێت."
بەپێی وتەی گوڵستان ئەحمەد، بەرپرسی نوسینگەی مافی مرۆڤ لقی هەڵەبجە، لەئاماری شەش مانگی رابردو تەنها 100 حاڵەت تۆمارکراوە کە هیچیان حاڵەتی کوشتن و لێدان و سوتان و بریندارباون نین، تەنها کێشەی لاوەکی بون و زۆربەی حاڵەتەکان چارەسەریشیان بۆ کراوە. بەپێی

ئاماری بەڕێوەبەرێتیی مافی مرۆڤی شارەزوریش، کۆی گشتیی حاڵەتەکان 282 حاڵەتە کە پێنجوێن 26و هەڵەبجە 62 و سەیدسادق 121 و شارەزور 73 حاڵەتی بەرکەوتوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-01-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: توندوتیژی
شارەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1065

## هەڵەبجە: ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدانی تایبەت 93% بووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014042916013376013

لەپارێزگای هەڵەبجەی شەهید ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدانی تایبەت 93% بووە .
میهرەبان سەلام، هەڵەبجە: ئوسامە عیزەت، بەڕێوەبەری محەتەی 8712 ی هەڵەبجەی شەهید، تایبەت بە ئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ (دووشەممە)پاش ئەوەی دەنگدانی تایبەت دەستی پێکرد بەهۆی چەند کێشەیەکی تەکنیکیەوە ماوەی 2 سەعات دەنگدان دواکەوت.
وتیشی دواتر توانیان ئە و کێشەیەچارەسەر بکەن و کۆی دەنگدەرانی دەنگی تایبەت 1207 دەنگدەر بوە و ڕێژەی بەشداریکردنیش 93% بووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-04-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1066

## هەڵەبجە، 85 بەرکەوتووی چەکی کیمیایی گیان لەدەستەدەن

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042413264785160

ڕۆژنیوز ـ شرام هەورامی
بەهۆی کاریگەری برینەکەیانەوە ناوبەناو بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە گیان لەدەست دەدەن. سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەش دەڵێت ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی بەردی بناغەی دانراوە، تائێستا نەکراوەتەوە. لوقمان عەبدولقادر سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە بۆ ڕۆژنیوز وتی: ماوەی زیاتر لە هەشت ساڵە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە بەردی بناغەی دانراوە، بەڵام تائێستا نەتوانراوە ئەو نەخۆشخانەیە تەواوبکرێت و بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی سودی لێوەربگرن لەکاتێکدا لەساڵانی ڕابردودا حکومەتی هەرێم پرە پارەیەکی زۆری بۆ چارەسەرکردنی ئەو بەرکەوتوانە خەرج دەکرد بۆ ناردنەدەرەوەیان بۆ وڵاتی ئێران. ئاماژەی بەوەش کرد بەهۆی کاریگەری برینەکانیانەوە ناوبەناو ئەو

بەرکەوتوانەی کە لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجەوە ڕزگاریان بووە گیان لەدەست دەدەن هاوکات ژمارەی ئەو بەرکەوتوانەی گیانیان لەدەستداوە لەدوای ساڵی 2003 بەرزبوەتەوە بۆ نزیکەی 85 بەرکەوتوو. سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە وتیشی: بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی پێویستیان بە چاودێری ورد و بەردەوام هەیە، چونکە ئەو کەسانەی بەرکەوتوی چەکی کیمیاین دەبێت بە بەردەوامی پزیشکی پسپۆڕ چاودێری باری تەندروستیان بکات.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

شارەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1067

## هەڵەبجە؛ لە شەڕی داعشدا 18 پێشمەرگە شەهید بوون و 50 ی دیکەش برینداربون

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082922290869537

لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگە و چەکدارانی داعشەوە، 18 پێشمەرگەی سنوری پارێزگای هەڵەبجە، شەهید بوون و 50 پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون، کەسوکاری شەهیدەکانیش ڕایدەگەیەنن: سەربەرزن بەوەی ڕۆڵەکانیان لە پێناو خاکی کوردستان، گیانی خۆیان بەخت کردوە، قایمقامی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجەش دەڵێت: لە ئێستادا زیاتر لە 4 هەزار پێشمەرگەی سنوری پارێزگاکەیان، لەسەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگ، بەرگریی لە خاکی کوردستان دەکەن.
دوای ئەوەی گروپەچەکدارەکانی داعش هێرشەکانیان بۆسەربەشێک لە ناوچە کوردیەکان دەستپێکرد، هێزەکانی پێشمەرگەش لەسەرجەم سنورەکان ڕووبەڕوویان بونەوە و لە ئێستاشدا بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەن.
لەسەرەتای پێکدادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و چەکدارانی داعش تائێستا، 18 پێشمەرگەی سنوری پارێزگای هەڵەبجە لە سەنگەرەکانی پێشەوە شەهیدبون و 50 پێشمەرگەی دیکەش برینداربوون، کەسوکاری شەهیدەکانیش دەڵێن، سەربەرزن بەوەی ڕۆڵەکانیان لە پێناو خاکی کوردستان گیانی خۆیان بەختکردووە.
قایمقامی مەرکەزی پارێزگای هەڵەبجەش ڕایدەگەیەنێت، لە ئێستادا زیاتر لە 4هەزار پێشمەرگەی سنوری قەزاکەیان لەسەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگ بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەن.
هاوڵاتیانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە بەردەوام سەرمەشقی شۆڕشە یەک لەدوایەکەکانی کورد و کوردستان بوون، وەک خۆشیان دەڵێن، بەردەوام دەبن لە خەباتکردن بۆ سەرکەوتنی کوردستان و گەڕانەوەی مافە دەستوری و یاسایەکان بۆ هەرێمی کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1068

## هەڵەبجە... زیاترلە 21 هەزار دۆنم دارستان و گەنم و جۆ دەسوتێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20140520170045763887

کوردیو هەڵەبجە حەیدەر حەمەصاڵح

لە میانەی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنوسیدا قایمقامی ناوندی پارێزگای هەڵەبجە ئاماری ڕوبەری زەوی سوتاوی سنوری پارێزگای هەڵەبجە ئاشکرا دەکات کە 21.890دۆنمە لە ئەنجامی (24) بیست و چوار حاڵەتی ئاگر کەوتنەوە دا.

ئەرکان حەسەن قایمقامی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە لەمیانەی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامە وانیدا ڕایگەیاند " ئاماری حاڵەتەکانی کەوتنەوەی ئاگر لەسنوری پارێزگای هەڵەبجەدا لەماوەی ساڵی 2013دا (24) بیست و چوار حاڵەتی جیاوازدا ڕویان داوە کەبەم شێوەیە : دارستانی سروشتی 9.890 دۆنم، پاوەن 11.674 دۆنم، گەنم 70 دۆنم، نەمامی یەک ساڵ 8 دۆنم، باخی دێم 48دۆنم،لەوەڕگا 300 دۆنمە کە کۆی گشتی ڕووبەری سوتاوی زەوی دەکاتە 21.990بیست و یەک هەزار و نۆصەد و نەوەد دۆنم لە (24)بیست و چوار حاڵەتی جیاوازدا."

هەروەها ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند کە حاڵەتەکان بریتین لە "(18) هەژدە حاڵەتی نەزانراو و (3)سێ حاڵەت بەهۆی شۆرتی کارەباوە بوەوە،(3)سێ حاڵەت بەهۆی تەقەکردنەوە لە سنورەکانی ئیرانەوە بۆ سنورەکانی هەڵەبجە بوە ئاگرەکان کەوتونەتەوە کە ڕوبەرێکی زۆری سوتاندووە."

قایمقامی ناوەندی پارێزگای هەڵەبجە ئەوەشی ئاشکراکرد " بەتۆمەتی کردنەوەی ئەو ئاگرانە (10) کەس دەوستگیر کراون،پلانی(ساڵی 2014)شمان داناوە کە چەند خاڵێک لە خۆ دەگرێت."

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1069

## هەڵەبجەییەکی دیکە لە سوریا کوژرا

http://www.kurdipedia.org/?q=20140113141038866696



ئەمڕۆ دووشەممە گەنجێکی دیکەی کورد کە خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدە لە سوریا کوژرا، کە ئەمە دووەم گەنجی کوردی شاری هەڵەبجەیە لەماوەی ئەم هەفتەیەدا لە سووریا دەکوژرێن.
بەپێی هەواڵێکی سایتی دووربین، نزیک لە مەلا کرێکار، ئەمیری پێشووی رێکخراوی ئەنسارولئیسلام، ئەمڕۆ گەنجێکی دیکەی هەڵەبجەیی لە ریفی قامیشلی لە رۆژئاوای کوردستان کوژراوە، بەمەش لەساڵی نوێدا دوای رابەر هەڵەبجەیی دووەم گەنجی شاری هەڵەبجەیە لە شام دەکوژرێت.
هەر بەپێی زانیارییەکانی هەواڵی ئەو سایتە، مەروان ساڵح هەڵەبجەیی نازناوی ئەبو تەڵحەی کوردی بوە ولەگەڵ رابەر هەڵەبجەییدا پێکەوە لەسەرەتای رەمەزانی 2013 گەشتوونەتە شام و لەدایکبوی ساڵی 1992یە.

هەروەها هاتووە: ناوبراو ئەندامی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق وشام بووە لەشەڕی سوپای ئەسەددا کوژراوە، ماوەی 15 رۆژە لە لایەن ئۆپۆزسیۆنی سوریاوە هێرشێکی بەرفراوان کراوەتە سەر بارەگاکانی سوپای سووریا لە ریفی قامیشلی و لەهەوڵی دەست بەسەرداگرتنی فرۆکەخانەی قامیشلین.
سایتی دووربین ئەوەشدەڵێت: "مەروان و رابەر پێکەوە گەشتنە شام و شەهید بونیان تەنها دوو رۆژی نێوان بووە ."
بەمەش کوژرانی گەنجانی کورد لە سووریا بۆ 18 کەس بەرز دەبێتەوە، کە ژمارەیەکیان خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-13

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1070
## وردەکاری قەرزەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان
http://www.kurdipedia.org/?q=20150408152046653 47

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنانی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند وردەکاری قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو، راشیگەیاند کە
عەلی حەمەساڵح جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنانی پەرلەمانی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵ وتی: "ئێستا هەرێمی کوردستان نزیکەی 17 ملیار دۆلار قەرزارە."
جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان وردەکاری قەرزەکەی بەمشێوەیە خستەڕوو:
-1مووچەی دوو مانگی فەرمانبەران کە دەکاتە تریلیۆنێک و 700 ملیار دینار.
-2پێشینەی خەرج نەکراوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان کە تریلیۆنێک و 450 ملیار دەبێت کە هی کۆمپانیاکانە و وەریان نەگرتووەتەوە.
-3پارەی بانکە ئەهلییە ناحکومییەکانی هەولێر لەلای بانکی ناوەندیی هەولێر کە پێنج تریلیۆن و 648 ملیار دینارە.
-4پارەی بانکە ئەهلییەکانی سلێمانی لای بانکی ناوەندی سلێمانی کە دوو تریلیۆن و 447 ملیار دینارە.
-5پارەی بانکە بازرگانییەکان کە چوار تریلیۆن و 900 ملیار دینارە.
-6خەرجی شایستەی کڕینی کەلوپەل و چەند پێداویستییەکی دیکە کە 300 ملیار دینارە.
وتیشی: "ئەمە سەرباری قەرزی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێم کە خۆی لە سێ ملیار دۆلار دەدات."
عەلی حەمەساڵح روونیشیکردەوە کە بە گشتی وەزارەتی دارایی و سامانە سرووشتیەکانی هەرێم 17 تریلیۆن دینار قەرزارن، وەزارەتی دارایی 16 تریلیۆن دینار و وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانیش سێ ملیار دۆلار کە سەرجەمی دەگاتە 17 ملیار دۆلار."
ئە و پەرلەمانتارە پێیوایە ئە و قەرزانە بارگرانییەکی زۆرن لەسەر حکوومەت، رایگەیاند کە "بە بۆچوونی من ئە و قەرزانە بابەتێکی ئاسایی نییە، چونکە ئە و قەرزانە بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری بەکارنەهێنراوە کە ببێتە هەوێنی ئەوەی داهات بۆ هەرێم بهێنێت، بەڵکو هەمووی یان بەشی هەرەزۆری بۆ بواری بەکاربردن و مووچە رۆیشتووە، هۆکارەکەشی ئەوەبووە لە رابردوودا ئیدارەدانی دارایی و پارە لە هەرێم زۆر لاواز بووە."
ئەوەشی خستەڕوو کە "هەرێم قەرزی لە تورکیا کردووە، پێشتر 500 ملیۆن دۆلاری بە قەرز لێوەرگرتووە، بڕیار بوو 500 ملیۆنی دیکەشی لێ قەرز بکات کە وا بڕیاربوو بەمنزیکانە بگەیشتبایەتە هەرێم، بەڵام دیارنییە بۆچی نەگەیشتووە، ئە و پارەیەش وەکو قەرز دەهێنرێت نەک پارەی نەوتی

فرۆشراوی هەرێم."
عەلی حەمەساڵح جەختیشی لەوە کردەوە کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە رووی داراییەوە نا جێگیرە و وەزارەتی دارایی و حکوومەتیش لەبارەی رەوشی داراییەوە بەرچاویان روون نییە،
وتیشی: "لەلایەک دەبینین حکوومەتی هەرێم پشت بە حکوومەتی ناوەندی دەبەستێت، ئەویش مانگانە نزیکەی 500 ملیۆن دینار دەنێرێت کە بەتەنها بەشی موچەش ناکات، لەکاتێکدا مانگانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە نزیکەی 700 بۆ 800 ملیۆن دۆلارە بۆ ئە و مەبەستە، لە لایەکی دیکەشەوە نازانرێت پشت بە ئابووریی خۆی ببەستێت کە نرخی نەوت لە و ئاستەدایە."
عەلی حەمەساڵح ئاماژەشی بەوەدا کە "بەلای منەوە باشترین بژاردە ئەوەیە کە لەگەڵ حکوومەتی عیراق رێکبکەوین و ئە و پابەندبوونەمان لە پێدانی پری 550 هەزار بەرمیل نەوت جێبەجێ بکەین و ئەوانیش پابەندبوونی دارایی خۆیان بنێرن، چونکە ئێمە جگە لەوەش قەرزێکی زۆری موستەحەقاتی کۆمپانیا نەوتییەکانمان هەیە و ئەرکێکی قورسە."
هێماشی بەوەد کە ئەگەر رێککەوتنەکەی نێوان هەرێم و بەغدا کە لەنێوان هەردوولا ئیمزاکراوە و تایبەتە بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و بوودجەکەی لە بەغداوە جێبەجێ بکرێ ئەوا هەرێم دەتوانێت لە و زیادە نەوتەی کە پرەکەی دەگاتە 200 هەزار بەرمیلی رۆژانە قەرزە داراییەکانی ئەوانەی هی کۆمپانیا نەوتییەکانی بداتەوە .
بەپێی قسەکانی عەلی حەمە ساڵح، لە کاتی جێبەجێ نەکردنی ئە و رێککەوتنە، هەرێمی کوردستان پێویستی بە هەناردەکردنی پری یەک ملیۆن بەرمیل نەوت هەیە تەنها بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کە ئە و پرەشی لە ئێستادا بە ئەستەم زانی.
سەبارەت بە پرۆژەی بوودجەی ساڵی 2015ی هەرێمی کوردستان عەلی حەمە ساڵح وتی: "وەزارەتی دارایی رەشنووسێکی ئامادەکردووە و دەینیرێتە ئەنجوومەنی وەزیران و دوای لەوێ پەسەند دەکرێت و رەوانەی پەرلەمان دەکرێت، باوەڕناکەم ئە و بوودجەیە ورد بێت، چونکە وەزارەتی دارایی و حکوومەتیش بەرچاویان روونی نییە کە پشت بە چی دەبەستن لە داهاتەکاندا، ئەگەر پەسەندیش بکرێت ورد نابێت". پێشبینیشی کرد سەرەتای مانگی ئایاری داهاتوو ئە و پرۆژەیە بگاتە پەرلەمانی کوردستان.
عەلی حەمە ساڵح دەربارەی کەیسەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان کە ئە و یەکێکە لە و پەرلەمانتارانەی زۆرترین بەڵگەی گەندەڵی ئاشکرا دەکات رایگەیاند: "لە ساڵی 2003ەوە تا ئێستا هەرێمی کوردستان لەنێوان 110 بۆ 115 ملیار دۆلار بە داهاتی نەوت و ناوخۆ و پارەی هاتوو بۆی دەستکەتووە، بەشی زۆری بە خراپ و بەگەندەڵی خەرجکراوە لەرێگەی دامەزراندنی خەڵکێکی زۆر بە بێ بەرنامە و خانەنشین کردنی خەڵکانێکی زۆر، جگە لەوە چەندین کۆمپانیا هەن بە هۆی ئە و گەندەڵییانەوە بە هەزاران ملیۆن دۆلاریان قازانج کردووە لە رێگەی نایاساییەوە."
ئاشکراشیکرد: "کەرتی نەوت و کۆمپانیاکانی نەوتی بەتایبەت لە پاڵاوتن و پیشەسازیی نەوت، لەگەڵ زەوی و زار و هەروەها دامەزراندن و خانەنشینکردنی خەڵکێکی زۆر زۆرترین سێ سێکتەرن کە هەزاران ملیۆن دۆلاریان تێدا بەهەدەر دراوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1071

## ورمێ هەنگوینیترین پارێزگای ئێرانە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140102145503869111

هەنگوینیترین پارێزگای ئێران، پارێزگای ورمێیە و شاری خۆی لەو پارێزگایەدا چالاکترین ناوەندی

بەرهەمهێنانی هەنگوینە. بەرپرسی کشتوکاڵی پارێزگای ورمێ رایگەیاند:"ئەو پاریزگایە بە بەرهەمهێنانی 18 هەزارو 500 تەن هەنگوین ئەمساڵیش وەک چەند ساڵی رابردوو نازناوی یەکەمی لە ئاستی وڵاتی ئێران بەدەستهێناوە." عەلی موختاری، بەرپرسی کشتوکاڵی پارێزگای ورمێ گوتی:" رێژەی بەرهەمهێنانی هەنگوین لەو پارێزگایەدا،لەسەدا 29- ی بەرهەمهێنانی هەنگوین بووە لە وڵاتی ئێران". موختاری بە ئاژانسی ئیرنای گوت:" شارەکانی ورمێ، خوی و چایپارە، چالاکترین ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی هەنگوینن لەو پارێزگایە و شاری خۆی بە بەرهەمهێنانی زیاتر لە 9 هەزار و 600 تەن هەنگوین، زیاتر، لەسەدا 50-ی هەنگوینی پارێزگای ورمێی بەرهەمهێناوە". هەروەها ئەو پارێزگایە بە 860 هەزار کەنووی پێشکەوتوو و 90 هەزار کەنووی خۆماڵی، نازناوی یەکەمی بەدەستهێناوە لە رێژەی کەنووی پێشکەوتوو لە ئێراندا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-01-02

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1072

## وشیار بیاوێڵەیی: 3 تەن لوغمیان لێ دزیوم

http://www.kurdipedia.org/?q=2014033019400567620

وشیار علی، ناسراو بە وشیار بیاوێلەیی، لە ساڵی 1986ەوە لە هەڵگرتنەوەی مین بەردەوامە و بەوتەی خۆی نزیکەی سێ تەن (مینی هەڵگیراوە)ی لێ دزراوە.
یاسین محەمەد، ئاوینەنیوز: وشیار بیاوێلەیی، لە لیدوانیکدا بۆ ئاوینەنیوز ئەمڕۆ(بەک شەممە)رایگەیاند، ماوەیەک بەر لە ئیستا سەردانی گوندی بیاوێڵەی کرد، ئە و شوێنەی کە مینە هەڵگیراوەکانی لێداناوە، بەڵام دواتر بۆیدەرکەوتووە،"سێ تەن لوغمیان لێ دزیوم تائیستەش بکەران نەدۆزراونەتەوە".
وتیشی، لە بەرنامەدا هەیە مۆزەخانەیەکی تایبەت بکاتەوە لە بیاوێڵە، کە زێدی خۆیەتی، نزیکەی (1000) مەتر زەوی بۆ داناوە.
وشیار رونیکردەوە کە مۆزخانەکەی لە 14 بەش پێکهاتووە و هەموو ئە و جۆرە مین و تەقەمەنیانەی بەسەر کوردا تاقی کراوەتەوە تیایدا دادەنرێت.
وشیار بیاوێلەیی هەردوو قاچی بە هۆی مینەوە لە دەستداوە، تائیستا زیاتر لە (2386000) مین و لوغمی هەڵگرتۆتەوە(540000) دۆنم زەوی پاک کرۆدۆتەوە 160 تەرمی لەناو کێڵگە مینرێژکراوەکاندا دەرهیناوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-03-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1073

## وێنەکانی مالکی لەسەر شەقامەکان لەوێنەکانی سەدام زیاترن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120213493387495

راپۆرتەهەواڵێکی دەزگاکانی راگەیاند بڵاویانکردەوە، نزیکەی 7 هەزار وێنەی نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عیراق لەشەقامە گشتیەکانی ناوعیراق هەڵواسراون، ئەمە لەکاتێکدا کە سەدام

حسەین سەرۆکی رژێمی پێشوی بەعس، بەپێی ئامارێکی پێشوو، نزیکەی 5 هەزار و 500 وێنەی هەڵواسرابوو.
بەپێی راپۆرتێکی پێشووی رۆژنامەیەکی ئەمریکا، ژمارەی وێنەکانی سەدام حسەین لەکاتی چوونەناوەوەی هێزەکانی ئەمریکا بۆ ناو عیراق ساڵی 2003، نزیکەی 5 هەزار و 500 وێنەبووە، ئەمەش بەبەراورد بە وێنەکانی مالکی لەئێستادا کەمترە .
چاودێرانی سیاسیی لەسەر تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک باس لەوەدەکەن کە، دانانی وێنەی مالکی لەشوێنە گشتیەکان، بەتایبەت لەبەردەم خاڵەکانی پشکنین و شوێنە ئەمنیەکان، پێشێلکارییەکی روونی دەرهەق بە دەستوری عیراق،چاودێران پێشیان وایە،" ئامانج لەهەڵواسینی ئە و وێنانەی مالکی، گەڕانەوەیە بۆ کلتوری رژێمێکی دیکتاتۆری و تاکرەویی لە دەسەڵاتدا ."
هێشتا دیاردەی هەڵواسنی وێنە و پۆستەری سەرۆک و کەسایەتیە سیاسیەکان لە دەزگا حکومی و شوێنە گشتیەکان لەعیراق، بوونی هەیە و چەند لایەنێکی سیاسییش پێیان وایە هەڵواسینی ئە و وێنانە جێی مشتومڕە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-02

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1074

## وەرگرتنی گەنمی جوتیاران لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین

http://www.kurdipedia.org/?q=20140722161400770779

کامەران عەبدە ساڵح
بڕیارە تا ڕۆژی هەینی داهاتوو (25ی تەمموزی 2014) پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جوتیاران لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بەردەوامبێت، لایەنی پەیوەندیداریش دەڵێت کە ئەگەر وادەکە درێژە نەکرێتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە جوتیارانی ناوچەکە بێبەش دەبن لە فرۆشتنی بەرهەمی دانەوێڵەی ئەمساڵیان.
ساڵح حسێن، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی ڕانیە، بە خەندانی ڕاگەیاند، "تا ڕۆژی هەینی پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جوتیاران بەردەوام دەبێت، دیاریش نیە کە ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ دوای پشووی جەژن وادەکە درێژ دەکاتەوە یان نا."
وتیشی: ئەگەر وادەکە درێژە نەکرێتەوە، ئەوا ژمارەیەکی زۆر لە جوتیارانی ناوچەکە بێبەش دەبن لە فرۆشتنی بەرهەمی دانەوێڵەی ئەمساڵیان.
ساڵح حسێن، ئاماژەی بەوەشدا، کە لە هەوڵی بەردەوامدا دەبن بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕازی بکەن چەند ڕۆژێک دوای پشووی جەژن پرۆسەکە دەستپێبکاتەوە، بۆ ئەوەی هیچ جوتیارێک لە زەحمەت و ماندووبوونی ئەمساڵی زەرەرمەند نەبێت.
ڕوونیشیکردەوە، تائێستا زیاتر لە 33 هەزار تەن گەنم لە جوتیارانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین وەرگیراوە و هێشتا بڕێکی زۆریش ماوە کە وەرنەگیرابێت، لەکاتێکدا ساڵی ڕابردوو، بڕی 24 هەزار و 500 تەن وەرگیراوە، ئەمەش دەریدەخات لەمساڵدا ڕێژەی بەرهەمی گەنم لە ناوچەکەدا بەشێوەیەکی چاوەڕوانەکراو زیادیکردووە.
دەشتی ڕانیە، بە یەکێک لە خاکە بەپیتەکانی هەرێمی کوردستان ئەژماردەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی گەنم، خاکی ناوچەکە لە جۆری تاوەری تۆخە کە ئاوێتەی قوڕێکی زۆرە و پێکهاتەی قورینی تێکەڵاو و قورینی لیتەیە، وەک خاکێکی بە پیتی ناوچەی شاخاوی ئەژمار دەکرێت .
لەڕووی داهاتی ئاویشەوە ناوچەیەکی دەوڵەمەندە و زێی بچووک کە بە لای باشووری خۆرهەڵاتیدا تێدەپەڕێت، ئاو بۆ زۆربەی دەشتەکانی دەوروبەری ڕانیە دابین دەکات.
بەشی زۆری کشتوکاڵی ناوچەکە کە لە شێوەی پرۆژەی ئاودێری (لە شێوەی جۆگە) بنیات نراون، سود لەو زێیە وەردەگرن، جگە لەمەش، لەناو ڕانیەدا چەندین سەرچاوەی تری ئاو هەن کە کەم تا زۆر بۆ دابینکردنی ئاو سودییان لێدەبینرێت، گرنگترینیان سەرچاوەی ئاوی (قولە) یە، کە لە کاتژمێرێکدا 224 مەتر ئاوی لێوەردەگیرێت، لە چوار وەرزی ساڵدا ئاوی لەبەر دەڕوات و ڕادەی

بارانبارین لە دەشتی ڕانیە دەگاتە 900 ملم لە ساڵێکدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-22

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1075

## وەزارەتی ئەوقاف ژمارەی حاجیانی ئەمساڵی هەرێم ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015082318261567590

وتەبێژی وەزارەتی ئە و قافی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، رۆژی سێشەممە 25 ی ئابی 2015، یەکەم گەشتی حاجیانی ئەم ساڵ بە مەبەستی جێبەجێ کردنی فەریزەی حەج لە رێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەرە و وڵاتی سعودی بەڕێدەکەون.
سەردار قوربانی وتە بێژی وەزارەتی ئەوقاف لە راگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان ناردووە تیایدا رایدەگەیەنێت: "رۆژی سێشەممە 25ی ئابی 2015، یەکەم گەشتی حاجیانی ئەم ساڵ بە مەبەستی جێبەجێ کردنی فەریزەی حەج لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتیەوە بەرە و وڵاتی شانشینی سعودی بەڕێدەکەون و دوا بە دوای ئەوانیش لە رۆژانی دواتردا گەشتی دووهەم لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتیەوە ئەنجام دەدرێت."
قوربانی راشیگەیاندووە کە، "سەرجەم ژمارەی حاجیانی ئەم ساڵ دەگاتە (3655) حاجی و پێکهاتەکەشیان بەم شێوەیە :
(2638)حاجی لە رەگەزی نێرە.
(1017)حاجی لە رەگەزی مێ یە.
(1291)حاجی لە پارێزگای هەولێر.
(1161)حاجی لە پارێزگای سلێمانی.
(954)حاجی لە پارێزگای دهوک.
(249)حاجی لە ئیدارەی گەرمیان.
(30)مامۆستاو ڕێ پیشاندەری ئاینی.
( 5)مامۆستای ئاینی وەک لیژنەی فەتوا.
(17)پزیشک و کارمەندی تەندروستی یە.
هەروەها وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی هەرێم روونیدەکاتەوە کە، "وەزارەتی ئەوقاف لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عەمرەی کوردستانەوە تەواوی هەوڵەکانی خستۆتە کار لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی حەج و هەوڵی تەواو دەدات بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری شایستە بۆسەرجەم حاجیانی هەرێم وەک دابین کردنی پاسی شایستە لە ناوخۆی هەرێم بۆ گواستنەوەی حاجیان بۆ فرۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی و بەهەمان شێوەش لە ناو سعودیە پاسی شایستەی دابینکردووە بۆ گواستنەوەی حاجیان لە نێوان شارەکانی مەککەی پیرۆز و مەدینەی منەوەرە و مەشاعر و مینا و موزدەلیفە و عەرەفە دا، هەروەها پێشکەشکردنی خواردنی سێ ژەمەی حاجیان لە شاری مەدینە و خواردنی سێ ژەمەی رۆژی عەرەفە و دەستەبەر کردنی خێوەتی گەورەی جۆری ئەلمانی کە ئامێری فێنککەرەوەی تێدا بێت وکردنەوەی دوو نۆرینگەی پزیشکی 24 کاتژمێری تایبەت بە حاجیانی هەرێم و دەستەبەر کردنی میوانخانەیەکی شایستە و نوێ لە شاری مەککەی پیرۆز کە لە توانایدا هەیە سەرجەم حاجیانی هەرێم بگرێتە خۆی لە ناوچەی (محبس جن) کە کەوتۆتە نزیک حەرەمی پیرۆزەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: کۆمەڵایەتی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1076

## وەزارەتی ئەوقاف: 50 فەرمانبەرمان چووەتە نێو داعشەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141218133919782366

وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت لەنێو وەزارەتەکەیاندا دەستیانکردووە بەچاکسازی و ئامارەکانی مزگەوت و ئیمام و وتاربێژانی بڵاوکردەوە کە زیاتر لەپێنج هەزار مزگەوت بوونی هەیە و ژمارەیەکیش لەفەرمانبەرانیان چووەتە نێو داعشەوە.
ئاوێنەنیوز: لەبەرنامەیەکی کەناڵی رووداودا وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمال موسلیم ئاماژەی بەوەکرد لەهەرێمی کوردستاندا 5138 مزگەوت و 2235 ئیمام و وتاربێژ بوونی هەیە.
لەبارەی ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوبراو، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی وتیشی "وەزارەتەکەمان نزیکەی 16 هەزار فەرمانبەر هەیە، کە تائێستا 50 فەرمانبەرمان چوونەتە نێو داعشەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 18-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1077

## وەزارەتی بازرگانی هەرێم: 730 هەزار تەن گەنمی خەزن کراو هەیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141026113431778188

هێمن مامەند
چەند رۆژێکە لەنێو خەڵک هەواڵی ئەوە بڵاو بۆتەوە، کە ئەمساڵ مەترسی کەمبوونی گەنم و بەروبومی دانەوێڵە دەکرێت، بەهۆی ئەوەی زۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکان لەدەست داعشە و ئەمساڵ جوتیاران ناتوانن گەنم و جۆ بچێنن، لەبەرامبەریشدا سەرچاوەیەک لەوەزارەتی بازرگانی رایدەگەیەنێت هیچ مەترسیەک نییە و سایلۆکانی هەرێم بای یەک ساڵ گەنمیان خەزن کردووە.
سەرچاوەیەکی بەرپرس لەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێم کە نەیویست ناوی بهێنرێت تایبەت بە خەندانی راگەیاند: "هەموو خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە، کەهیچ مەترسیەکی کەمبوونی گەنم و دانەوێڵەمان نییە."
ئەوسەرچاوەی ئاماژەی بەوەشکرد: "ساڵی رابردوو 750هەزار تۆن گەنم لەجوتیاران وەرگیراوە و لەسایلۆکان هەڵگیراوە ئەم پرەش بەشی دووساڵی تری هەرێمی کوردستان دەکات، جگە لەمەش زۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکانی کوردستان ئەمساڵ گەنم ودانەوێڵەی تێدا دەچێنرێت، بۆیە هیچ مەترسیەک لەئارادانییە."
جێی ئاماژە بۆکردنە لە ئێستادا زۆربەی ناوچەی کشتوکاڵییەکان لەژێر دەستی چەکدارانی

داعشدان و بەشێک لە جوتیاران نیگەرانن لەوەی کەئەمساڵ لەگەڵ ئەوە بارانێکی باش باریووە، بەڵام ئەگەر داعش بمێنێت ئەوە ناتوانن زەویەکانیان بکێڵن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-10-26

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1078
## وەزارەتی تەندروستی ژمارەی تووشبوانی نەخۆشی ئایدز لە هەرێم ئاشکرا دەکات
http://www.kurdipedia.org/?q=2015083018075067266

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، رەزامەندی درا لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمەوە بۆ خەرجکردنی پری (500،000) پێنج سەد هەزار دینار مانگانە بۆ هەڵگرانی ڤایرۆسی کەمی بەرگری لەش و ئەیدز کە ژمارەیان (20) نەخۆشە لە هەرێمی کوردستان.
ئەمڕۆ 30ی ئابی 2015، لە گەیەندراوێکی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە تیایدا هاتووە: " بە مەبەستی پتەوکردنی رێ و شوێنە خۆپارێزیەکانی پێشگری لە نەخۆشی ئەیدز لە هەرێمی کوردستان و هاوکاری زیاتری توشبوانی نەخۆشیەکە لەگەڵ تیمەکانی پاراستنی تەندروستی و چارەسەکردنی ئە و حاڵەتانەی پێویستیان بە چارەسەرکردنی لەسەر داوای وەزارەتمان رەزامەندی درا لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمەوە بۆ خەرجکردنی پری (500،000) پێنج سەد هەزار دینار مانگانە بۆ هەڵگرانی ڤایرۆسی کەمی بەرگری لەش و ئەیدز کە ژمارەیان (20) نەخۆشە لە هەرێمی کوردستان."
هەروەها ئاماژە بەوەشکراوە کە، "داواکارین نەخۆشان و هەڵگرانی ڤایرۆسی (HIV) پابەندی رێنماییە خۆپارێزیەکانی دەزگا تەندروستیەکان بین و لە کاتە دیاریکراوەکانی سەردان و پشکنین سەردانی هۆبەکانی کۆنترۆلی نەخۆشی ئەیدز بکەن لە پارێزگاکانی هەرێم لە پێناو پاراستنی تەندروستی خۆیان و هاوکاربوون لە کۆنترۆلی نەخۆشیەکە لە کوردستان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-30

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1079
## وەزارەتی تەندروستی کۆتایی هاتنی هەڵمەتی کوتانی راگەیاند
http://www.kurdipedia.org/?q=2015042313505385142

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆتایی هاتنی هەڵمەتی نیشتمانی کوتانی دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان راگەیاند و ئاماژەش بەوە دەکات، خۆشبەختانە لە هەرێمی

کوردستان ڕێژەی کوتان 105،2% بوو.
بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: دوای ئەوەی هەڵمەتی نیشتمانی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان خوولی دووەمی بەهارەی بۆ منداڵانی تەمەن خوار پێنج ساڵ کە لەڕێککەوتی 12-4-2015 دەستی پێکردو و ماوەی پێنج ڕۆژ بەردەوام بوو بەمەبەستی پاراستنی منداڵانی کوردستان لەنەخۆشی ئیفلیجی و دوربن لەم نەخۆشیە بەمنداڵانی پەنابەر و راگوێزراو لەم هەڵمەتە بەشداربوون خۆشبەختانە لەهەرێمی کوردستان ڕێژەی کوتان 105،2% بوو.
لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: لە و هەڵمەتەدا لە پارێزگای هەولێر لە 274284 منداڵ 274577 منداڵ کوتران بەمەش ڕێژەی کوتان 100% بوو. لەپارێزگای سلێمانی لە 237166 منداڵ، 268295 منداڵ، کوتران بەمەش ڕێژەی کوتان 113،13% بوو.
لەپارێزگای دهۆک لە 254183 منداڵ، 190838 منداڵ کوتران بەمەش ڕێژەی کوتان 102،6% بوو، لەکۆی گشتی ئە و منداڵانەی پێویست بوو بکوترێن کە ژمارەیان 765633 منداڵ، 733710 منداڵ کوتران، بەمەش ڕێژەی کوتان بۆمنداڵانی تەمەن خوار پێنج ساڵ لە هەرێمی کوردستان 105،2% بوو.
هەر لەمیانی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی نیشتمانی کوتان جیا لەکوتانی منداڵانی کوردستان 30868 منداڵی ئاوارە ڕۆژئاو و 112213 منداڵی ڕاگوێزراو کوتران.
کۆی گشتی ئە و منداڵاني کە لەم هەڵمەتە کوتران لەهەرسێ پارێزگای هەرێم بەمنداڵانی ئاوارە و ڕاگوێزراو (876791) منداڵ بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 23-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🌶تەندروستی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1080

## وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا ژمارەی چەکدارانی داعش ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2014082816520269285

وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە نوسراوێکدا ژمارەی چەکدارانی داعش ئاشکرا دەکات، کە بە پێی ئە و نوسراوە داعش تەنها 15 هەزار چەکداری لە هەردوو وڵاتی سوریا و عێراق هەیە.
وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا وەڵامی نووسراوێکی پارتی چەپی وڵاتەکەی دایەوە کە لەسەر "کاریگەریەکانی عێراق و سوریا لەسەر جەنگ" پێشکەشی حکومەتی کردبوو و تیایدا ئاماژە بەوەکراوە کە داعش نزیکەی 15 هەزار چەکداریان هەیە.
لە نوسراوەکەشدا هاتووە، کە لە و ژمارە چەکدارەی داعش هەشت هەزاریان لە سوریا و نزیکەی حەوت هەزاریان لە عێراقن .
وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە ڕوونکردنەوەکەیدا ئاماژە بە بوونی جیاوازی ئایدۆلۆژی و ئیداریی دەکا لە نێوان داعش و چەکدارانی دیکەی گروپە ئۆپۆزسیۆنەکان کە لە ناوچەکەدا شەڕ دەکەن.
باسیش لە هەڵوێستی زۆر گروپی سونە کراوە کە بە هەموو شێوەیەک هەڵوێستە توندوتیژەکانی ئەم ماوەیە ڕەتدەکەنەوە و تیایدا هاتووە کە "حکومەتی ئەڵمانیا پێداگری دەکا لە نیشاندانی ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی ڕاستەقینە لە دەرەوەی پشتگیریکردنی گروپە ئیسلامییە سونەکانی ناو عێراق ".
ڕاشیگەیاندووە، کە ئەوە بە قۆناغێکی سیاسی دێتە ئاراوە کە هەموو لایەنەکانی ناو عێراق لەخۆدەگرێ .

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - 2014-08-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: IQئێراق
وڵات: IRئێران
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1081

## وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پڕی هەناردەی نەوتی مانگی ئاب ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150903142138859445

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، لە مانگی ئابی 2015 دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆی 14،657،798 بەرمیل نەوتی خاوی لە رێگەی هێڵی بۆری نەوتەوە لە بەندەری جیهانەوە هەناردە کردووە.
لە راگەیەندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت: "لە مانگی ئابی 2015 دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆی 14،657،798 بەرمیل نەوتی خاوی لە رێگەی هێڵی بۆری نەوتەوە لە بەندەری جیهانەوە هەناردە کردووە. لەم پرەش، 11،356،277 بەرمیل (واتە 366،331 بەرمیلی رۆژانە)ی بەشێوەی بارکردنی راستەوخۆ لە بەندەری جیهانەوە هەناردە کردووە و 1،579،004 بەرمیل واتە (نێکرای 50،935 بەرمیلی رۆژانەی) رادەستی سۆمۆ کردووە."
لە راگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە، "لە مانگی ئابی 2015 دا، بۆری هەناردەکردن بۆ ماوی 9 رۆژ لەکارکەوتووە بەهۆی چەند رووداوێکەوە لە ناو تورکیا کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندایە."
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئاشکراشی دەکات کە، بەمزووانە تەواوی راپۆرتی مانگانەی هەناردەکردن بۆ مانگی ئابی 2015 لەسەر ماڵپەری وەزارەتی سامان سروشتیەکان www.mnr.krg.orgبڵاو دەکرێتەوە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-09-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1082

## وەزارەتی ناوخۆ ژمارەی کوژراوو بریندارانی پۆلیس بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014111113030277908

وەزارەتی ناوخۆی عیراق ئاشکرایکرد، لەسەرەتای شەڕی تیرۆر لەناو عیراق تا ئێستا، 20 هەزار پۆلیس کوژراون و زیاتر لە 40 هەزاری دیکەش بریندار و کەمئەندام بوون .
عەدنان ئەسەدی، بریکاری پێشووی وەزارەتی ناوخۆی عیراق بەڕۆژنامەوانانی ڕاگەیاند، "لەوەتەی ڕژێمی بەعس ڕووخاوە، زیاتر لە 60 هەزار پۆلیس بەهۆی پەلامارە تیرۆریستیەکانەوە بوونەتە قوربانی" وتیشی: تا ئێستا، 20 هەزار پۆلیس کوژراون و زیاتر لە 40 هەزاری دیکەش بریندار و کەمئەندام بوون .
لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی گشتی ڕێکخراوی ئنتەرپوڵ، ئەسەدی ڕایگەیاند، "هێزەکانی پۆلیسی عیراق بەتوندی بەگژ هێرش وپەلامارە دڕندانەکانی تیرۆریستاندا چوونەتەوە و بەوهۆیەوە قوربانی زۆیان داوە ."
هەر لە کۆنگرەکەدا ئەسەدی داوایکرد، پۆلیسی نێودەوڵەتی ئنتەرپوڵ ڕۆڵی کاراتر بگێڕێت بۆ وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر لەدەرەوەی عیراق .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-11-11

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1083

## وەزارەتی کار: ڕێژەی منداڵی ئیشکەر بەڕێژەی 16% کەمی کردوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014033100400798667

وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم منداڵانی کوردستان و جیهان دەکات و بە تایبەتیسش پیرۆزبایی لە و منداڵانە دەکات کە لە کاردان و بێبەشن لە جەژنەکان.
لە بەیاننامەیەکدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بەبۆنەی 1-6 ڕۆژی جیهانی منداڵان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم، پیرۆزبایی هاتنەوەی ئە و جەژنە لەیەکە بەیەکەی منداڵانی جیهان و بەتایبەتیش منداڵانی کوردستان و لەنێویشیاندا پیرۆزبای لە و منداڵانە دەکات کە لەنێو کاردان و بێ بەشن لەجەژنەکەیان.
هەروەها هاتووە: ڕۆژی جیهانی منداڵان هاوکاتە لەگەڵ بوونی ڕەشنووسی یاسای مافی منداڵ کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند لەسەر ئاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە، ئەم ڕەشنووسی یاسایە بەلەبەر چاوگرتنی ڕێککەوتنامە دەولیەکانی تایبەت بەمنداڵ ئامادەکراوە .
بەیانامەکە ڕوونیدەکاتەوە: "کارکردن بۆ دانانی هێڵی گەرم کە ژمارەکەی 116 یە بۆ فریاکەوتنی منداڵ یەکێک بوو لەهەوڵەکانی وەزارەتمان کە ئەم هێڵە یەکێکە لە و ڕێگایانەی وەک ئامرازێکی نوێ لە کوردستان بەکاردێت بۆ پاراستنی منداڵ لەهەرجۆرە توندوتیژی و کێشەیەک کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە و شوێنەی تیایدا دەژی یان دەخوێنێت یان کاردەکات بە پەیوەندی کردن بەهێڵیکی تەلەفۆن بەخۆرایی ."
ئەوەش هاتووە: "ئەم هێڵە لەئێستادا لەپارێزگای هەولێر و سلێمانی دەست بەکاربووە و کاریش دەکەین بۆ بەکارخستنی هەمان هێڵ لە پارێزگای دهۆک. ئەمە جیا لە ئامادەکردنی سیستەمی خێزانی جێگرەوە بۆ ئە و منداڵانەی بێ سەرپەرشتن و لەژێر زەبرو زەنگ و توندوتیژی دان ."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1084

## وەزارەتی کشتوکاڵ چوار هەزار و 400 تەن بنەتۆی پەتاتە دابەش دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015021012464267916

بە مەبەستی پاڵپشتی کردنی جووتیاران و دابین کردنی پرێکی زۆری بەرهەمی پەتاتە لە بازاڕەکانی کوردستان وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ ئەم ساڵ پری 4370 تەن بنەتۆی پەتاتە بۆ جووتیارانی سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی دابین کردووە و لە ئێستاشدا دەست بە دابەشکردنی کراوە.
لە راگەیەنداوێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمدا کە وێنەیەکی خەندان نێراوە تیایدا هاتووە: ئەمڕۆ دووشەممە عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە یاوەریی ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی گشتیی وەزارەت سەردانی کۆگایەکی بنەتۆی پەتاتەی لەسەر رێگای قوشتەپە کرد، لەم سەردانەیدا چاوی بە خاوەنی کۆگاکە کەوت و لەگەڵ ئە و جووتیارانەش قسەی کرد کە بۆ وەرگرتنی بەشی پێویستی خۆیان لەم کۆگایە ئامادەبووبوون.
لەم رووەوە وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دووپاتی کردەوە کە وەزارەت لەپێناو زیادکردن و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی بەردەوام لە پلانیدایە پاڵپشتیی جووتیاران بکات، دەربارەی پرۆسەی دابەشکردنی ئەم بنەتۆ پەتاتەیەش روونی کردەوە کە پێویستە ئەم بنەتۆیە بە و جووتیارانە بدرێت کە بە کردەنی دەیچێنن و بەرهەمەکەی دەهێننە بازاڕەوە، جەختیشی کردەوە کە بەهیچ شێوەیەک رێگە نادرێت بەر لە چاندنی لە بازاڕدا بفرۆشرێتەوە، هاوکات ئاماژەی بەوەکرد کە پێویستە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت بە تایبەتیش بۆ جووتیارانی نموونەیی، دواتر یەکە یەکە بەشەکانی کۆگاکەی بەسەرکردەوە، ئە و بنەتۆیە لەلایەن کۆمپانیاکانی KH و AGROPLANTو نەهرەلئەوراد و ئەرز ئەلسبار و بلۆفێلد و ریف کوردستانەوە لە وڵاتانی هۆڵەنداو فەرەنساو ئێرلەندا هاوردەکراوە و بە پاڵپشتیی 30% ی نرخی هەر تەنێک کە لە نێوان 1.300.000دینار بۆ 1.700.000دینارداپە دەدرێتە جووتیاران.
ئەم بنەتۆیەی پەتاتە بەم شێوەیە دابەش دەکرێت بۆ پارێزگای هەولێر 1500 تەن و سلێمانی 620 تەن و دهۆک 2000 تەن و بۆ ئیدارەی گەرمیان 250 تەن، شایانی باسە ئەم بنەتۆیەی پەتاتە لەلایەن لیژنەی تایبەتی و تەکنیکی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کشتوکاڵی پارێزگاکانەوە دابەش دەکرێت .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰 ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1085

## وەزارەتی کشتوکاڵ زیاتر لە دوو ملیار دینار بۆ کڕینی قرکەری جوتیاران تەرخاندەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20141211111847118262

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی بە پری دوو ملیارو 365 ملیۆن دینار، دەرمانی

قرکەری حەشەرات دەکرێت، بۆ ئە و مەبەستەش چوار گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەک دەدات بۆ دابین کردنی ئە و برە دەرمانە بۆ جوتیارانی هەرێم.
بە گوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، تیایدا هاتووە: ئەمڕۆ پێنجشەممە، عەبدولستار مەجید، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەرانی گشتی دیوان و پان و بەدواداچوونی وەزارەت، چوار گرێبەستی لەگەڵ سمکۆ عەبدوڵلا شەمسەدین، خاوەنی کۆمپانیای (ارچ یونیفیرت کوردستان) بۆ دابین کردنی پێداویستیی جووتیاران لە قرکەری جۆراوجۆر واژۆ کرد.
هەروەک هاتووە: کۆی گشتی بەهای هەر چوار گرێبەستەکە دەگاتە دوو ملیارو 365 ملیۆن دینار، گرێبەستی یەکەم تایبەتە بە دابین کردنی قرکەری جۆری ئەبالۆن بە گوژمەی 159ملیۆن دینار بە بری 5300 لیتر بۆ پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆک و ئیدارەی گەرمیان. دووەمیان بۆ دابین کردنی قرکەری جۆری راووند ئەپ بە گوژمەی 606 ملیۆن دینار، بە بری 50500 لیتر بۆ پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک و ئیدارەی گەرمیان، گرێبەستی سێیەم بریتییە لە دابین کردنی قرکەری جۆری پرۆپلانت بە گوژمەی 57 ملیۆن دینار بە بری 1900 کیلۆگرام بۆ پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، دوا گرێبەستیش بریتییە لە دابین کردنی قرکەری جۆری پالاس بە گوژمەی یەک ملیارو زیاتر لە 543 ملیۆن دینار بە بری 16600 لیتر بۆ پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک و ئیدارەی گەرمیان.
ئەوەش خراوەتەڕوو: ئەم قرکەرانە بە پێی گرێبەستەکە دەبێت لە ماوەی 90 رۆژدا دابین بکرێن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1086

## وەزارەتی ئەوقاف ژمارەی ئەو کوردانە ئاشکرا دەکات کە چوونەتە ناو داعش

http://www.kurdipedia.org/?q=2015042015153865807

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان، نزیکەی 500 کورد چوونەتە نێو رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، 250 چەکداری کوردی رێکخراوەکەش کوژراون.
مەریوان نەقشبەندی بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە ئاژانسی ئانادۆڵی راگەیاندووە " بەپێی ئە و زانیارییانەی کە لە رێگەی دەزگا ئەمنییەکان و سەرچاوە تایبەتەکانمانەوە بەدواداچوونمان بۆ کردووە و دەستمان کەوتوون، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا، نزیکەی 500 گەنج لە هەرێمی کوردستانەوە چوونەتە نێو چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، لە و ژمارەیەش 250 کەسیان لە شەڕ و بۆردومانەکاندا کوژراون."
بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان راشیگەیاند " نزیکەی 100 چەکداری کوردی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، لە سووریا و شوێنەکانی دیکە خۆیان حەشارداوە و دەیانەوێت بچنە دەرەوە، ئەگەر چی ئەوان ناتوانن بڕیارەکەیان ئاشکرا بکەن، لە ترسی کوشتنیان، ناشتوانن بێنەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە نیازییان هەیە بەرە و ئەورووپا بڕۆن".
سەبارەت بە ژمارەی ئە و چەکدارە کوردانەی ئێستا لە ناو رێکخراوی تیرۆریستی داعشدان ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، بەپێی نوێترین زانیاریی بەردەستیان لە و چەکدارە کوردانەی کە پێشتر پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە، تەنها 100 کەسیان ماون.
بەوتەی مەریوان نەقشبەندی، پێش دەستپێکردنی شەڕی راستەوخۆی هەرێمی کوردستان و چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش، نزیکەی 50 گەنج لە نێو رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە

گەڕاونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و 20 کەسیان هیچ گرفتێکیان نەماوە پاش ئازادکردنییان تێکەڵ بە کۆمەڵگە بوونەتەوە، 30 کەسیشیان بۆ دڵنیایی زیاتر هێشتا دەستبەسەرن.
تائێستاش ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش چەندین کوردی ڕیزەکانی خۆی بە تۆمەتی سیخوری بۆ پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان و فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کوشتووە.
بەرپرسەکەی وەزارەتی ئەوقاف دەشڵێت، پاش دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، هیچ کەسێک پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکەوە نەکردووە باسی لەوەشکرد، کە ژمارەیەک لە کوردانی ڕۆژهەڵات و باکووریش چوونەتە نێو ریزەکانی ئە و ڕێکخراوە و بەشێکشیان کوژراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 20-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1087
## وەزارەتی پلاندانان: لە عیراق ڕێژەی هەژاری 22%ی تێپەڕاند
http://www.kurdipedia.org/?q=20150820162527785898
وەزارەتی پلاندانانی عیراق ئەمڕۆ پێنج شەممە رایگەیاند، ڕووبەری هەژاری لە وڵات، ڕووی لە بەرفراوانبوون کردووە و ڕێژەکەی گەیشتووەتە 22.5% کە بەراورد بە ساڵی 2013، بە ڕێژەی 5.5% زیادی کردووە .
عەبدولزەهرە هنداوی وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عیراق رایگەیاند:" وەزارەتەکەیان دەستەواوەژی نوێی لەسەر ڕێژەی هەژاری لە عیراق دەستکەوتووە، بەپێی ئە و دەستەواژانەش، ڕێژەی هەژاری بۆ 22.5% لە ساڵی 2014 ڕووی لە زیادبوون کردووە، ئەوەش دوای ئەوەی ڕێژەکە لە ساڵی 2013دا 17% بوو"، ڕونیشکردەوە، هۆکاریی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاریشی بۆ دابەزینی نرخی نەوت و دەستبەسەرداگرتنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بۆ هەندێک ناوچەی عیراق، گەڕاندەوە .

بەوتەی هنداوی، بەرزترین ڕێژەی هەژاریی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدایە کە گەیشتووەتە 41% و لە پارێزگاکانی باشوور و دیالە و کەرکوک ڕێژەکە 31%، لە پارێزگاکانی ناوەڕاست (کەربەلا و نەجەف و دیوانیە و بابل و واست) 17%یە، لە بەغدای پایەتخت 12.5%ە، لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش، بەپێی وەزارەتی پلاندانانی عیراق بێت، ڕێژەی هەژاریی 12%یە .
وتەبێژی وەزارەتی پلاندانانی عیراق وتیشی: "ڕێژەی هەژاری لەنێو ئاوارەکاندا گەیشتووەتە 36%"، پێشبینیشی کرد، لەدوای ئە و چاکسازیانەی لەم ماوەیەی دواییدا حکومەت دەستیپێکرد و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکران، ڕێژەکە ڕوو لە دابەزین بکات، ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانیشی بە هەوڵێکی تر بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاریی لە عیراقدا، وەسفکرد .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 20-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1088

## وەزارەتی پێشمەرگە ئاماری دەستگیرکراوان لەلایەن ژوورەکانی ئۆپەراسیۆنەوە بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014040108451868133

ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند کە تا کۆتایی ساڵی (2013) لەلایەن ژوورەکانی ئۆپەراسیۆنەوە: (1486) داواکراو لەلایەن دادگاکانەوە دەستگیرکراون و 806 داواکراویش دەستگیر نەکراون.

لە راگەیەنراوێکی رۆژنامەوانیدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، فەریق جەبار یاوەر مەندە ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە کە هاوکات ئەندام و وتەبێژی فەرمی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پاراستنی هەرێمە، ئاماری دەستگیرکردنی داواکراوانی لەلایەن ژورەکانی ئۆپەراسیۆنەوە راگەیاند.

لە راگەیەنراوەکەدا هاتووە "لەسەر ڕۆشنایی نوسراوێکی فەرمی ڕێزدار سەرۆک بارزانی – سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێزان وەزیرانی ناوخۆ و پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی 7 / 2011 بەمەبەستی گرتنە بەری ڕێگای یاسایی بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بڕیاری ژمارە (23)ی ساڵی (2011)ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە هاوکاریکردنی دادگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ دەستگیرکردنی داواکراوان لەلایەن دادگاکانەوە، و لە پاشاندا ڕاسپاردەکردنمان لەگەڵ بەڕێز لیوای مافناس (عەدوڵا خەیلانی – بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێم) بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئە و فەرمان و ئەرکە، ژوورێکی ئۆپەراسیۆنی باڵامان لە نوێنەرانی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی گشتی دامەزراند بۆ دانانی ڕێوشوێن و پلانی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئە و ئەرکە بە شێوەیێکی یاسایی."

فەریق جەبار یاوەر ئاماژەشی بەوەداوە کە "لەپاشاندا (9) نۆ ژوری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشمان لە نوێنەرانی ئە و سێ دامودەزگایە دامەزراند لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان."

ئەوەش خراوەتەڕوو کە لەسەرەتای ساڵی (2012)وە دەست کرا بە کارکردن کە لە و بەروارەوە هەتاکو کۆتایی ساڵی (2013) توانراوە بەشێوەی یاسایی و لەسەر ڕۆشنایی فەرمانی دەستگیر کردن لەلایەن دادگاکان، ژوورەکانی ئۆپەراسیۆنی باڵا وئۆپەراسیۆنی ناوچەکان ئەم ئەنجامەی خوارەوە بەدی بێنن:

1.ژمارەی گشتی داوکراوان بەپێی ئە و لیستەی وەرگیراوە لەلایەن ژووری ئۆپەراسیۆنی باڵاوە لە 19 / 7 / 2011،
(2327)داواکراو بووە لەلایەن دادگاکانەوە.

2.ژمارەی داواکراوی دەستگیرکراو کە ناویان لە لیستی داواکراوان بووە و بە فەرمانی دادگاکان دەستگیر کراون لەلایەن ژوورەکانی ئۆپەراسیۆنەوە تا کۆتایی ساڵی (2013)، (1486) داواکراو بووە لەلایەن دادگاکانەوە.

3.ژمارەی داواکراوانی دەستگیرنەکراو کە ناویان لە لیستی داواکراوان بووە کە (806) داواکراون و زۆربەیان شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستاکەیان دیار نییە، یان لە دەرەوەی هەرێم یان لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن.

ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە جەختیشی لەوە کردووەتەوە کە "بەردەوام ژووری ئۆپەراسیۆنی باڵا و ژورەکانی ئۆپەراسیۆنی ناوچەکان لە هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنیان بەمەبەستی ئامادەکردنیان لە بەردەم دادگاکانی هەرێمی کوردستان."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1089

## وەزارەتی پێشمەرگە ئاماری شەهید و بریندارانی ڕاگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20140615133121766692

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماری شەهید و بریندارانی هێزی پێشمەرگەی خستەڕوو، وتیشی: "ئاگاداری هیچ پلان و هێرشێکی سەربازیی سوپای عیراق نین بۆ سەر موسڵ."

ئەمڕۆ جەبار یاوەر وتەبێژ و ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی ڕەسمی پارتی، وتی: "دەمانەوێت ژوورێکی عەمەلیات دروست بکەین و ئەمڕۆش لە هەوڵی دروستکردنی ئە و ژوورەداین و سەرژمێریی سەرجەم ئە و ئامارانە دەکەین."

جەبار یاوەر وتی: "بە شێوەیەکی گشتی لە سنووری ڕەبیعە لە سەرەتای چۆڵکردنەوە هەندێک تەقە هەبوو دواتر هێزێکمان چووە شوێنەکان بۆ ئەوەی شوێنی سوپای عیراق بگرێتەوە، لەوێ دوو شەهیدمان هەبوو."

وتیشی: "لە کەرکووک لە کاتی چۆڵکردنی بارەگاکانی سوپای عیراق بۆمب بە ئۆتۆمبێلەکانی لیوای سوپای دوودا تەقییەوە، لەوێیش دوو شەهیدمان داوە و چوار برینداریش هەبووە."

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەشی بەوەدا کە "لە و شەڕانەی لە ناوچەکانی دیالە لەگەڵ چەکدارەکاندا کراوە، دوو شەهید هەبووە لەگەڵ 23 بریندار."

وتیشی: "ئەمڕۆ 15/6/2014 لە ناوچەی ڕەبیعەی سنووری پارێزگای موسڵ، بۆمبێک بە فەرماندەی سپیلکدا تەقیوەتەوە، لەوێش شەهیدێک هەیە لەگەڵ دوو بریندار."

جەبار یاوەر ئەوەشی خستەڕوو کە "بە گشتی 6 شەهید و 30 بریندار هەن، جگە لەوەی لە بۆردوومانی فڕۆکەکانی عیراقدا 6 بریندارمان هەبووە."

ڕووداوی بۆردوومانی فڕۆکەکانی عیراقیشی بەمشێوەیە گێڕایەوە: "لە شارەدێی سەعدییەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین، سەرەتا هاوەنێک هاویشتراوە، دواتر کۆپتەری جەنگی بۆردوومانی کردووە، دیارە لە شەڕەکەیشدا هەمووی نزیک لە یەک بوون ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی بازگەی "کۆبرا" بووین بە دیوی خانەقیندا و چەکدارە توندڕەوەکانیش لە دیوی خوارەوە بوون واتە ڕۆژئاوا، بازگەکەیش لە ناوەڕاست بووە، ئیتر لە و شەڕانەدا کۆپتەر هاتووە هاوکاریی چەکداران بکات، بەڵام مووشەکێکی وەشاندووە بەرە و ڕۆژهەڵات هاتووە، بۆیە ئۆتۆمبێلێکی سووتاندووە و 6 پێشمەرگەی بریندار کردووە."

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، ڕوونیشی کردەوە، ئاگاداری هیچ پلانێکی سەربازیی حکومەتی عیراق نین لەبارەی بۆردوومانی شاری موسڵ و ڕاوەدوونانی داعش، "ئەوە شتێکە دەبێت فەرمانەدەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق وەڵامی بداتەوە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-06-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1090

## وەزارەتی پێشمەرگە: 20 بۆ 40 هەزار چەکداری داعش لەعیراق و هەرێم

**هەن**

http://www.kurdipedia.org/?q=20141216194246782227

ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایدەگەیەنێت، ئە و پرە پارەیەی بریارە بەغدا بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی دابین بکات، بەشی مووچەی پێشمەرگە ناکات، دەشڵێت: ئە و پرۆژەیاسایەی بریارە تێبپەڕێنرێت، بەسەر هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ ناکرێت کە باس لە پاسەوانی نیشتمانی دەکات.

فەریق جەبار یاوەر ئەوەشی ئاشکرا کردووە، سنووری جەنگ لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە پێنج پارێزگا دەگرێتەوە لەعیراقدا جگە لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

یاوەر لەبەرنامەی سیجال لەکەناڵی مەدا ئەوەشی راگەیاندووە، کە رزگار کردنی شاری موسڵ بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ خەڵکی نەینەوادا نایەتە دی.

بەوتەی یاوەر، پاش هەرەسهێنانی سوپای عیراق پێشمەرگە جووڵاوە و هەر جوڵەیەکی ئە و هێزانەش بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بووە.

جەبار یاوەر ئەوەشی ئاشکرا کرد، ژمارەی چەکدارانی داعش لەناو خاکی عیراق و هەرێمی کوردستاندا 20 – 40 هەزار چەکدارە، کە ئە و پانتاییەی بەدەستیانەوەیە، لەشاری رەققەوە دەستپێدەکات لەناو خاکی سوریا، تا دەگاتە رومادی لەعیراق و سنووۆری ئوردون.

جەبار یاوەر ئەوەشی خستەڕوو، ئە و ترلیۆن و 200 ملیار دینارەی دانراوە بدرێتە هێزەکانی پێشمەرگە لەچوارچێوەی میزانییەی 2015دا بەشی مووچەی تەواوی هێزەکانمان ناکات.

بەوتەی جەبار یاوەر، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عیراق بەهەماهەنگی لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەۆرێمی کوردستان دەتوانێت جووڵە بەهێزەکانی پێشمەرگە بکات.

وتیشی: "پرۆژەیاسای پاسەوانی نیشتمانی بەسەر هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ ناکرێت."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 16-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| جۆری ئامار و راپرسی: | تاوانی جەنگ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1091

## وەزارەتی سامانە سروشتیەکان راپۆرتی مانگانەی هەناردەی نەوت بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150603204251854668

وەزارەتی سامانە سروشتێیەکان راپۆرتی مانگانەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جیهانی تورکی بڵاودەکاتەوە ئاماژەبەوەشدەکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر رێگەی خۆی ماوەتەوە بۆ بەدیهێنانی پابەندبوونەکانی بۆ هەناردەکردنی نەوت بە پێی یاسای بودجە.

لە راپۆرتەکەی وەزارەتی سامانە سروشتێیەکاندا هاتووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی "ئایار"دا بڕی "17،906،242" بەرمیل نەوتی لە رێی بۆری کوردستانەوە هەناردەی بەندەری "جیهانی" تورکی کردووە، بە تێکڕای رۆژانەی "577،621" بەرمیل.

ئاماژەبەوەشکراوە، لە و پرە نەوتەی کە لە مانگی ئایاردا هەناردە کراوە، گێڵەگەکانی هەرێمی کوردستان بە "12،620،452" بەرمیل واتە بە تێکڕای "407،111" بەرمیللە رۆژێکدا و گێڵگەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوریش بە "5،285،790" بەرمیل و بە تێکڕای رۆژانەی "170،509" بەرمیل لە

ڕۆژێکدا بەشداربوون.
ئەوەش ئاشکراوە، لە مانگی ئایاردا، حکومەتی هەرێمی کوردستان پری "13،915،549" بەرمیل، واتە تێکڕای "448،889" بەرمیلی ڕۆژانەی ڕادەستی سۆمۆ کردووە، بەو 1،344،196 بەرمیلەشەوە کە لە نیساندا ڕادەستی سۆمۆ کرا بەڵام دانی پێدا نەنرا.
لە ڕاپۆرتەکەدا باسلەوەشکراوە، بەهۆی چەند بارودۆخێکەوە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بووە، لە ئایاردا ماوەی 80 کاتژمێر کاتی لە کارکەوتن هەبووە لە هێڵی بۆری هەناردەکردندا. بە ڕەچاوکردنی ئەم لەکارکەوتنانە، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان تێکڕای911،502 بەرمیلی ڕۆژانەی ڕادەستی سۆمۆ کردووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ڕێگەی خۆی ماوەتەوە بۆ بەدیهێنانی پابەندبوونەکانی بۆ هەناردەکردنی نەوت بەپێی بودجەی فیدراڵی 2015 و خۆشحاڵە بەوەی کە پرەکانی هەناردەکردنی حکومەتی هەرێم، کە لە ئێستاوە ئاستی خۆی تۆمارکردووە، بەردەوام لە زیادبووندان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-06-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و ڕاپرسی: | 💰ئابووری |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | TRتورکیا |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1092

## وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی مانگی نیسانی ئاشکرا کرد

http://www.kurdipedia.org/?q=2015050616023085245

وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لە مانگی نیسانی ڕابردوودا ڕۆژانە هەرێمی کوردستان پری پێنج سەد و 62 هەزار و شەش سەد و 33 بەرمیل نەوتی هەناردەی دەرەوە کردووە، لە ڕێگای کۆمپانیای سۆمۆوە.
بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی وەزارەتی سامانە سروشیتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە مانگی نیسانی ڕابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پری 16 ملیۆن و 878 هەزار و 985 بەرمیل نەوتی خاوی هەناردەی دەرەوە کردووە.
تێکڕای هەناردەی ڕۆژانەی نەوتیش دەکاتە 562 هەزار و 633 بەرمیل نەوت کە لە ڕێگای هێڵی بۆری کوردستانەوە هەناردەی بەندەری جیهان کراوە لە تورکیا.
ئە و نەوتەی هەناردەی بەندەری جیهانی تورکیاش کراوە ڕۆژانە پری 415 هەزار و 246 بەرمیلی نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان بووە و 147 هەزار و 387 بەرمیلیش لە کێڵگەکانی کەرکوکەوە هەناردە کراوە.
سەبارەت بە ئاستی نەوتی ئەمبارکراوی حکومەتی هەرێمیش لە بەندەری جیهاندا، پری یەک ملیۆن و 183 هەزار و 94 بەرمیل نەوت لەکۆگاکاندا بووە، کە سەرجەم نەوتەکەش، ڕادەستی سومۆ کراوە و خراوەتە سەر ئە و پرە نەوتەی کە لە ڕێگای بۆریەوە هەناردەی دەرەوە کراوە.
لە هەواڵەکەی ماڵپەڕی وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا، ئاماژە بۆ ئەوەشکراوە، بەپێی ئە و خشتەیەی کە لە 23/1/2015 دا لەنێوان وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری نەوتی حکومەتی فیدراڵدا ڕێککەوتنی لەبارەوە کرا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پابەندبوونی نیشاندا لە نیسانی ئەمساڵدا بەوەی تێکڕای 468 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە ڕادەستی سۆمۆ بکات.
بەپێی ڕاگەیەنراوەکەش پری 66 هەزار و 210 بەرمیل زیاتر لە و ڕێژەیە هەناردە کراوە و هەر لە و

مانگەشدا بۆ ماوەی 22 کاتژمێر بەهۆی بارودۆخێکی دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمەوە، لە کارکەوتن هەبووە، لە هێڵی بۆری هەناردەکردنی نەوتدا.
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی ڕێککەوتنی هەناردەکردنی نەوتە بەپێی بودجەی عیراق بۆ ساڵی 2015.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 06-05-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1093
## وەزارەتی نەوتی عیراق، بڕی هەناردە و داهاتی نەوتی مانگی شوباتی رابردووی ئاشکرا کرد .
http://www.kurdipedia.org/?q=20150325160216849888
وەزارەتی نەوتی عیراق رایگەیاند: ئە و برە نەوتەی لە مانگی شوباتی رابرووددا لەلایەن کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عیراقەوە (سۆمۆ) هەناردەکراوە 72 ملیۆن و حەوت سەر هەزار بەرمیل بووە و داهاتەکەشی 3 ملیار و چوارسەد و دوو ملیۆن دۆلار بووە .
عاسم جیهاد وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عیراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: "لە رێی بەندەرەکانی باشوور لە بەسرە 64 ملیۆن و دووسەد هەزار بەرمیل نەوت هەناردەکراوە و داهاتەکەشی 2 ملیار و 942 ملیۆن دۆلار بووە، هەناردەکردنی نەوتی کەرکوکیش 8 ملیۆن و پێنج سەد هەزار بەرمیل بووە و داهاتەکەشی 460 ملیۆن دۆلار بووە ."
عاسم جیهاد، ئاماژەی بە تێکڕای نرخی نەوتی فرۆشراو کرد کە بۆ هەر بەرمیلێک (46.795) دۆلار بووە، رونیشکردەوە، ئە و نەوتەی هەناردەکراوە لەلایەن کۆمپانیا جیاوازەکانەوە کردراوە و لە بەندەرەکانی بەسرە و خور عەمیە و بەندەری جەیهانی تورکیاوە، هەناردەی دەرەوە کراوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-03-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
شارەکان: 🔥کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1094
## وەزیری بازرگانی: بەرهەمی ئەمساڵی گەنمی عێراق دەگاتە 3 ملیۆن و 500 هەزار تەن
http://www.kurdipedia.org/?q=20130728110411189427



ئا: ئاسۆ سەراوی
وەزیری بازرگانی عێراق: زیادبونەکە پێشبینی نەکرابو
وەزیری بازرگانی عێراق د.خەیروڵا بابەکر لەلێدوانێکدا بۆ ئاوێنە، ئاماژە بەوە دەکات زیادبونی بەرهەمی گەنمي عێراق لەمساڵدا لەپێشبینی ئەوانیشدا نەبوە، بەجۆرێک، لەگەڵ ئەوەی تائێستاش جگە لەهەرێمی کوردستان لەهەردو پارێزگای موسڵ و کەرکوکیش، وەرگرتنی گەنم بەردەوامە، بەڵام ئەو رێژە گەنمەی تائێستا وەگیراوە بەبەراورد بەساڵی پێشو 700 هەزار تەن زیاترە، چونکە ساڵی پێشو لەسەرجەم عێراقدا 2ملیۆن و 500 هەزار تەن گەنم وەرگیراوە، بەڵام ئەمساڵ تائێستا 3ملیۆن و 200 هەزار تەن وەگیراوەو، ئەو دەڵێت "پێشبینی دەکەین تا کۆتا رۆژی وەرگرتن بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ بگاتە نزیکەی 3ملیۆن و 500 هەزار تەن."
ئە و جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ساڵ بەساڵ بەرهەمی دانەوێڵە لەعێراقدا زیادی کردوە، بەنمونەش باس لەساڵی 2003 دەکات کە بەرهەمی گەنم لەسەرتاسەری عێراقدا تەنها 600 هەزار تەن بوە، بەڵام ئە و رێژەیە ساڵ بەساڵ زیادیکردوە، هەر وەک ئەو پێشبینی دەکات، ئەو زیادبونە بەجۆرێک بەردەوام بێت بگاتە ئاستی ئەوەی عێراق پێویستی بەبەرهەمی دەرەکی گەنم نەبێت، "پێداویستی عێراق بەگەنم ساڵانە 4ملیۆن500 هەزار تەنە، پێشبینی دەکرێت بەرهەمی ئەمساڵ بگاتە3 ملیۆن و 500 هەزار تەن، ئەمەش بەڕاستی شتێکی دڵخۆشکەرە."
"هەرچەند گەنم زۆربێت دەبێت رێژەیەک هەر هاوردە بکەین"
ئە و وەزیرەی حکومەتی عێراقی باس لەوەش دەکات، کە هەرچەندە بەرهەمی گەنمی ناوخۆیی زۆر بێت هێشتا ئەوان ناچارن گەنمی دەرەکی هاوردە بکەن، هۆکارەکەشی وەک خۆی رونیدەکاتەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەنمی ناوخۆیی بەتەنها بۆ کردن بەنان باش نییە "وەک لای خۆمان دەڵێن هەویرەکەی بۆ نانکردن پێزی نیە و بەکەڵک نایە، چونکە گەنمی عێراقی رێژەی مادەی (گیلۆتین) کەمترە کە پێویستە ئەو رێژەیە لەگەنمدا لە28% کەمتر نەبێت، بۆیە پێویستە بەرێژەیەک گەنم لەدەرەوە هەر هاوردە بکەین و تێکەڵاوی گەنمی ناوخۆی بکەین، باشترین گەنمیش کە ئێمە هاوردەی دەکەین گەنمی ئوستورالی و ئەمەریکي و کەنەدییە."
نەک بەتەنها رێژەی گەنم زیادیکردوە، بەڵکو وەک د. خەیروڵا دەیخاتەرو، بەرهەمی (جۆ)ش زیادیکردوە، بەجۆرێک "ساڵی پێشو لەسەرجەم عێراقدا 180هەزار تەن جۆ لەجوتیاران وەرگیراوە، بەڵام ئەمساڵ تائێستا385 هەزار تەن وەرگیراوە."
لەسلێمانی زیاد لە125هەزار تەن وەرگیراوە
لەپارێزگای سلێمانیش وەکو زۆرینەی پارێزگاکانی تری عێراق، بەرهەمی گەنم بەجۆرێک زیادیکردوە وەک بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانی جەمال ئیسماعیل کەریم ئاماژەی پێدەکات، لەسەرجەم ساڵی رابردودا 96هەزارو 500 تەن گەنمیان وەرگرتوە، بەڵام ئەمساڵ کە هێشتا وەرگرتن بەردەوامە زیاتر لە125هەزار تەن گەنمیان وەرگرتوە، کێشەی سەرەکی کە ساڵانە دوبارە دەبێتە لەپارێزگای سلێمانی نەبونی سایلۆیەکی پێویستە بۆ عەمبارکردنی گەنم، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ساڵانە گەنمێکی زۆر لەگۆرەپانی سایلۆی سلێمانی دابنرێ لەئێستاشدا وەک جەمال ئیسماعیل دەڵێت "لەبەر نەبونی شوێن زیاد لە 35هەزار تەن گەنم لەگۆرەپانی سایلۆی سلێمانی دانراوە، بۆیە ناچاربوین بەکەمی گەنم وەربگرین ئەگەر مەترسی نەبونی شوێنمان نەبوایە تائێستا 20هەزار تەن گەنمی ترمان وەرگرتبو، ئەو گەنمەی کە لەگۆرەپانەکەدایە مەترسی خراپبونیشی تەنها لەکاتی باران باریندایە، ئەمەش ئەگەرێکی دور نییە، چونکە ساڵانی پێشو لە 14/ تەممووزدا باران باریوە، ئێمە وەک پیشەی

ساڵانەمان لە 9/5 گەنمی گۆرەپانەکە دادەپۆشین."
وەرگرتنی گەنم لەپارێزگای سلێمانی، جگە لەناوەندی شارەکە لەچوار بنکەی تری وەک رانیە، کەلار، سەیدسادق، سیروانەوە دەبێت، ئەوەی مایەی خۆشحاڵی بەڕێوەبەری سایلۆی سلێمانیە، جگە لەزیادبونی بەرهەمی گەنم، وەک ئەو دەڵێت "لە125 هەزار تەن گەنمی ئەمساڵ زیاد لە 100هەزار تەنی پلە یەکە."
لەساڵانی رابردو درەنگ گەیشتنی پارەی گەنمی جوتیاران گرفتێک بو، بەڵام بەوتەی جەمال ئیسماعیل ئەو گرفتە لەمساڵدا نابێت، چونکە تائێستا 40ملیار دیناریان بۆ هاتوە ئەمەش بەشی ئەو گەنمە دەکات کە لەمانگی شەشدا وەریانگرتوە "بۆ مانگی حەوتیش لەنزیک جەژن پارەی ترمان بۆ دێت."
بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ و کاریگەری لەسەر زیادبونی بەرهەم
لەپێناو زیادبونی بەرهەمی گەنمی جوتیاران، جێگری بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی رزگار حەمەد خدر ئاماژە بەوە دەکات، ساڵانە بەپێی پێداویستی هەر جوتیارێک (بنەتۆ)ی گەنم یان پێدەدەن، هەروەها ئەو وتیشی "ئەمساڵ تائێستا 4هەزار تەن گەنمی بنەتۆ لەجوتیارانی سنورەکە وەرگیراوەتەوە."
ئە و باس لەوەش دەکات کە ساڵی رابردو 4هەزار تەن سەمادیان بەسەر جوتیارانی سنوری پارێزگای سلێمانی دابەشکردوە، بۆ ئەمساڵیش نیازیان هەیە6هەزار تەن سەماد دابەش بکەن. جگێری بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی ئەوەش دەخاتەرو کە پێویستی هەرێم بەگەنم ساڵانە 600هەزار تەنە. ئەو وتی "ئەگەر ئێمە لەسلێمانی 150تا200 هەزار تەن گەنممان بەرهەمهێنا دەگەینە ئەوەی پێویستیمان بەگەنمی دەرەکی نابێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 28-07-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1095

## وەزیری تەندروستی: 14 ساڵە لە هەرێمی کوردستان نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان تۆمارنەکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032512314164109

بەمەبەستی بەرگرتن لە نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان و ئالیەتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی نیشتمانی کوتان دژی نەخۆشیەکە، ئەمڕۆ سێشەمە (25-3-2014) د.ڕێکەوت حەمە رەشید، وەزیری تەندروستی بە ئامادەبونی بەڕێوەبەرانی گشتی تەندروستی پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ نوێنەری هەر دوو رێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونسیف کۆبووە.
لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا باس لەرەوشی تەندروستی منداڵانی کوردستان کرا بەتایبەت ئە و هەڵمەتانەی بۆبەرگرتن لە نەخۆشیە گوازراوەکان بەڕێوەدەچێت لەگەڵ دانانی ئالیەتی سەرخستنی پلانی نیشتمانی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان.
لەتەوەرێکی دیکەی کۆبونەوەکەدا تاووتوێی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان ئامادەبون کرا بەتایبەت بۆبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری دایکان و باوکان بۆ کوتانی منداڵەکانیان، بۆئەمەش وەزیری تەندروستی داوای لە ئامادەبوان کرد بەدڵسۆزیەوە کاربکەن بۆئەوەی کۆنترۆڵی ئە و نەخۆشیە بکرێت کەماوەی زیاتر لە 14 ساڵە لە عیراق و هەرێمی کوردستان تۆمارنەکراوە.
وتیشی: "بەپێویستی دەزانین تەواوی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ بکوترێن کە خۆشبەختانە لە هەڵمەتی رابردوو 97%ی منداڵان دژی نەخۆشی ئیفلیجی کوتراون و بڕیارە لە 6-4-2014

هەڵمەتی دووەم بەڕێوەبچێت."
لە و چوارچێوەیەشدا د.ڕێکەوت حەمە رەشید، وەزیری تەندروستی رایگەیاند: بەپێی دواین راپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کە ئەمڕۆ بڵاوکراوەتەوە، گومان دەکرێت کە یەک حاڵەتی ئیفلیجی منداڵان لەشاری بەغدا تۆمارکرابێت، وتیشی لە ئێستادا تەواوی ئامادەکارییەکان کراوە بۆ چۆنیەتی بەرگرتن لە و نەخۆشیە لە هەرێمی کوردستان.
وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەوەشکرد: لە ئێستادا زیاتر لە 250 هەزار منداڵ لە خۆرئاوای کوردستان روویان لە هەرێم کردوە لەگەڵ هاتنی زیاتر لە 35 هەزار خێزانی باشوور و ناوەراستی عیراق، هەروەها د.ڕێکەوت حەمە رەشید داوای لە و کەسانەکرد کە تائێستا کارتی کوتانی منداڵانیان نیە سەردانی نزیکترین بنکەی تەندروستی بکەن بەمەبەستی دروست کردنی کارتی کوتان و دڵنیا بوون لە تەندروستی منداڵەکانیان.
هەر لەکۆبونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان هەر دوو رێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونسێف کرا لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆکۆنترۆڵکردنی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان و بەرگرتن لێی لەگەڵ بڵاوکردنەوی هۆشیاری و رۆشنبیری تەندروستی بۆدایکان و باوکان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-25

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

ولات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1096

## وەزیری دارایی: داهاتی هەرێمی کوردستان 70% کەمیکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141014181234116997

وەزیری دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان رایگەیاند، "داهاتەکانی هەرێمی کوردستان بە رێژەی 70% کەمبووەتەوە، بەڵام وەزارەتی دارایی توانیویەتی بەردەوام بێت لە ئیش و کارەکانی خۆی و پێدانی مووچە".
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-10-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1097

## وەزیری وزەی تورکیا ناردنی دوازدەیەمین کەشتییە نەوتی باشووری کوردستانی راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20140829204225694443

وەزیری وزەی تورکیا رایگەیاند، کە دوازدەیەمین کەشتییە نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان بارکرا و تاوەکو ئێستاش 8.8 ملیۆن بەرمیل نەوت رەوانەکراون.
تانەر یلدز، وەزیری وزەی تورکیا لەگەڵ وەزیری گەیاندنی ڤەنزوێلا کۆبووەوە و دوای کۆبوونەوەکە لە

کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا وەڵامی رۆژنامەنووسانی دایەوە و ئاشکرایکرد: "12هەمین کەشتییە نەوتی هەرێمی کوردستان لە بەندەری جەیهانەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان بارکرا و تاوەکو ئێستاش 8.8 ملیۆن بەرمیل نەوت رەوانەکراون."
یلْدز ئەوەشی ئاشکراکرد، کە رۆژانە 180-190 هەزار بەرمیل نەوت لە رێگەی بۆری کەرکووک - یەرمووک هەناردە دەرکرێت، 2 هەفتە بەر لە ئێستاش بەهۆی ئەو چاککارییانەی لە بۆرییەکەدا کراون دەتوانرێ توانای هەناردەکردنی ئەو هێڵە نەوتییە بۆ 200-220 هەزار بەرمیل بەرز بکرێتەوە.
وەزیری وزەی تورکیا گوتیشی، "لەنێو عەمبارەکانی بەندەری جەیهان 300-350 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان هەیە و ئێستا ئەو پرەش ئامادەیە بۆ هەناردەکردن."
دوێنێش 11هەمین کەشتی لە بەندەری جەیهانەوە رەوانە کراو، پرۆسەی هەناردەکارییەکەش لە مانگی 5 ی ئەمساڵەوە دەستیپێکردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 29-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ووڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: TRتورکیا

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1098

## وەزیری تەندروستی: 15 ساڵە هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان تۆمارنەکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015041315293169119

ئەمڕۆ 13-4-2015 بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی و پارێزگاری هەولێرو بەڕێوەبەری رێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونسیف لە عیراق و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر لەبنکەی تەندروستی شادی شاری هەولێر هەڵمەتی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان بەڕێوەچوو.
لە وتەیەکیشدا وەزیری تەندروستی ئاماژەی بەگرنگی بەڕێوەچوونی هەلمَەتەکە کرد بۆ هێشتنەوەی هەرێم بە پاکی و دوور لە نەخۆشی ئیفلیجی و نەخۆشیە گوازراوەکان.
وتیشی: "خۆشبەختانە لەساڵی 2001 وە تائیستا هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان تۆمارنەکراوە ئەمەش ئەوە دەردەخات لایەنی هۆشیاری و رۆشنبیری خێزانەکان بەرزبۆتەوە و دەزگاکانی راگەیاندنیش رۆڵی گرنگیان گێراوە لەم بوارە."
وەزیری تەندروستی راشیگەیاند: "ئەم هەلمَەتە منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ دەگرێتەوە کە ژمارەیان (765965) منداڵی هەرێمی کوردستانە، لەگەڵ (140934) منداڵی راگوێزراو پەنابەر."
لە رێگەی (2201) تیمی پزیشکی ئەم هەڵمەتە ئەنجامدەدرێت کە پارەی تێچووی (51731500) دۆلارە بەهاوکاری هەردوو رێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونسف.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 13-04-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی

ووڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1099

## وەزیری تەندروستی: ساڵانە 500 هەزار تەن خۆراک هاوردە دەکرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150428151251 85175

وەزیری تەندروستی رایگەیاند: ساڵانە پێنج سەد هەزار تەن خۆراک هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت و پێویستە رێوشوێنی کۆنترۆڵکردنی خۆراکیش لەهەرێمدا توندوتۆڵ بکرێتەوە.
رێکەوت حەمە رەشید وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئاسایشی خۆراکەوە رایگەیاند: " سەلامەتی خۆراک یەکێکە لە گرفتە تەندروستییەکانی جیهان کە ساڵانە بەهۆی خراپی خۆراکەوە نزیکەی دوو ملیون کەس گیان لە دەست دەدەن و زیاتر لە دوو سەد جۆری نەخۆشی گواستراوە بڵاودەبێتەوە".
وتیشی " سەلامەتی خۆراک لە لای ئێمە زۆر گرنگە و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بڕیاری داوە کە بایەخی زیاتر بەچاودێری و پشکنین و کۆنترۆڵی خۆراک بدات".
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد " لە هەرێمی کوردستان خۆراکێکی زۆر لە دەرەوە هاوردە دەکرێت کە ساڵانە زیاتر لە پێنج سەد هەزار تەن خۆراک هاوردەی هەرێم دەکرێت، ئەوەش وا دەکات کە هەوڵ و کۆششی زیاتر بخەینەڕوو بۆ کونترۆڵ و پشکنینی ئە و خۆراکانە."
سەرچاوە: ئەنادۆڵ
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-04-28

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1100

## ڕاپەڕین، لەمساڵدا پێنج کەس لە ئاوی زێ و ڕووبارەکاندا خنکاون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140718101343 77040

کامەران عەبدە ساڵح
ڕووداوەکانی خنکانی هاوڵاتیان لە ئاوی زێ و ڕووبارەکاندا بەردەوامە، شارەزایانی ئەو بوارەش، وێڕای ئەوەی هۆکاری دروستبوونی زۆربەی ئەو ڕووداوانە بۆ ناشارەزایی لە مەلەکردندا دەگەڕێننەوە، داوا لە دەزگا پەیوەندیدارەکانیش دەکەن کەرەستە و پێداویستیی پێشکەوتوو بۆ ئەو تیمە فریاگوزارییانە دابینبکرێت کە ئەرکی فریاکەوتنی ئەو کەسانەیان پێسپێردراوە کە دەکەونە ئاوەوە.
نەقیب مستەفا محەمەد، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، بە خەندان-ی ڕاگەیاند: لەمساڵدا 5 هاوڵاتی لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین، لە ئاوی زێ و ڕووبارەکاندا خنکاون.
وتیشی: دوایین قوربانیی خنکان لە ئاودا، گەنجێکی تەمەن 18 ساڵی دانیشتووی شارۆچکەی حاجیاوا بووە، کە ڕۆژی 14ی ئەم مانگە لە قوڵاییەکانی دەربەندی ڕانیە لەکاتی مەلەکردندا گیانی لەدەستدا.
بەپێی بەدواداچوونێکی خەندان، زۆربەی ڕووداوەکانی خنکان بەهۆی ناشارەزایی یاخود کەمشارەزایی لە مەلەکردندا دروستدەبن، زۆرێک لەو کەسانەی پەنا بۆ مەلەکردن دەبەن، شارەزاییەکی ئەوتۆیان نیە، هەر بۆیەشە لەکاتی هاتنەپێشی بچووکترین گرفتدا توانای ڕزگاربوونی گیانی خۆیان نامێنێت و دەبنە قوربانی، لە هەمانکاتدا دەزگا پەیوەندیدارەکان لەڕووی بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەوە بۆ هاوڵاتیان و گەشتیاران بۆ خۆپاراستن لە ڕووداوەکانی خنکان، وەک پێویست هەنگاویان نەناوە، لەڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، کەمترین هۆشیارکردنەوە لەوبارەیەوە دەدرێتە هاوڵاتیان.
لای خۆیەوە، محەمەد بڵباس شارەزا لەبواری کارە فریاگوزارییەکان، بۆ خەندان وتی: هەرچەندە

تیمی مەلەوانی و تیمەکانی تری فریاکەوتن کە لە نزیک ئاوی زێ و ڕووبارەکان جێگیرکراون، تائێستا توانیویانە هاوکاری زۆرێک لەو کەسانە بکەن کە کەوتوونەتە ئاوەوە و لە مردن ڕزگار کراون، بەڵام پێویستە لەسەر وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداویستیی زیاتر بۆ ئەو تیمانە دابینبکات.
محەمەد بڵباس، ڕوونیکردەوە، ئەو تیمانە پێویستیان بە بەلەمی ڕزگارکردن، ئۆتۆمبێل و جلوبەرگی تایبەتی چوونە ناو ئاو و چەندین پێداویستی دیکە هەیە، کە پێویستە بۆیان دابینکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر بتوانن ئەرکەکانیان بە ئەنجام بگەیەنن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 18-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شارەکان: رانیە

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1101

## ڕۆژانە لە کەرکوک 13 و لە سلێمانیش 3 ژن لەلایەن مێردەکەیەوە تەلاق دەدرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013122714040887048

پێنوسەکان...
یەک شەممە، 22 کانونی یەکەم 2013 23:51

بەپێی ئاماری دادگاکان، رۆژانە لە کەرکوک 13 ژن و لە سلێمانی 3 ژن بەهۆکاری جۆراوجۆر تەلاق دەدرێن و لە هاوسەرەکانیان جیادەبنەوە، توێژەرێکی کۆمەڵایەتیش لە دادگای باری کەسێتی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە جیابوونەوەکان زیاتر لە هۆکارێکیان هەیە و ئەوان ناتوانن لە دادگا چارەسەری هەموو کێشەکان بکەن.

بەپێی ئامارەکانی دادگای باری کەسێتی سلێمانی لە سەرەتای ئەمساڵەوە شەش هەزار و (413) گرێبەستی هاوسەرگیریی تۆمارکراون، لەبەرامبەریشدا (704) داوای جیابوونەوە تۆمار کراون کە بۆ ماوەی حەوت مانگی ئەمساڵ رۆژانە دەکاتە زیاتر لە 3 کەیسی تەڵاق تەنها لە پایزگای سلێمانی. لەهەمانکاتدا دادگای کەرکوکیش ئاشکرای دەکات کە جیابوونەوە لە رۆژێکدا لەو شارە 13حاڵەتە.

سەبارەت بە هۆکارەکانی زیادبوونی رێژەی جیابوونەوە "شۆخان مەحمود" توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگای باری کەسێتی سلێمانی، پێیوایە هۆکاری جیابوونەوەکان زۆرن وەک: (خواردنەوەی مادە کحولییەکان لەلایەن پیاوەوە، بەشداری کەسی سێیەم لای ژنەکەوە بێت یان پیاوەکە، لایەنی ئابووریی. هەروەها سەرەکیترین هۆکاری جیابوونەوە خراپ هەڵبژاردنی هاوسەرە کە ئاستی رۆشنبیریی یەکتری رەچاو ناکەن، هەروەها تەمەن، ئەو قۆناغەی تەمەن کە شیاوە بۆ هاوسەرگیریی نایخوێننەوە و لەبەرچاوی ناگرن بەوەی کە لەئێستادا ماوەیەکە زەواجی منداڵ زۆر زیادیکردووە بەجۆرێک لە تەمەنی 15 ساڵییەوە دەست پێدەکات.

ئەو فەرمانبەرەی دادگای سلێمانی دووپاتیدەکاتەوە کە رێژەی جیابوونەوە ساڵ دوای ساڵ زیاد دەکات رایدەگەیەنێت تەڵاق ساڵی 2012 لە ساڵی 2011 زیاتر بووە.

شۆخانی توێژەر ئامۆژگاری هاوسەرەکان دەکات بۆ پرۆسەی هاوسەرگیریی و دەڵێت: (دەبێت

ژیانی هاوسەرێتی لەسە ربنەمای ڕاست و دروست بێت بۆئەوەی ئەو پەیوەندییە تاسەر بەردەوام بێت، ئارامگرتن و ددان بەخۆداگرتن گرنگە، چونکە ئەو دوو هاوسەرە لە دوو خێزانەوە هاتوون کە لە زۆر ڕووەوە لەیەکتر جیاوازن، دەبێت بەیەکەوە ڕێکبکەون و لەکاتی هەڵەدا لێبوردەییان هەبێت بۆ یەکتری، ئارامبگرن لەبەرامبەر یەکتریدا.

هەروەها، ناوبراو ئاماژەی بەوەش کرد ئەو ژن و مێردانەی لەکاتی توڕەیی کەمێک ئاگایان لەخۆیان بێت و یەکتری بەجێبێڵن، ئەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق، هەروەها نەهێڵن کەسوکاریان بەشداری لە ژیانیاندا بکەن. "ئەوکێشانەی دێنە دادگا و دەبنە هۆی ئەوەی ژن و پیاو لەیەکتر جیاببنەوە هەر ئەو کێشانەن کە زۆرێک لە ژنانی تر هەیانە، بەڵام ئەوکەسانە زیاتر ددان بەخۆیاندا دەگرن و پەیوەندی ژن و مێردایەتییەکەیان زۆر لەوە بە پیرۆزتر دەزانن تاوەکو جیاببنەوە.."

ئەو توێژەرە پێیوایە حاڵەتی جیابوونەوەکان دەتوانرێت چارەسەریان بۆ بکرێت و دەیوت: "ڕاستە هەندێک تەڵاق چارەسەری نییە، بەڵام هەندێکی تریان دەتوانرێت ئیشیان لەسەر بکرێت و چارەسەر بکرێن و کار نەگاتە جیابونەوە."

بەپێی یاسا و شەرع تەڵاق تەنها یەک جۆری نییە، بەڵکو تەڵاق و جیابوونەوە سێ جۆری هەیە، یەک لەو جۆرانە تەڵاقی (خلع) پێدەڵێن، ئەم جۆرە تەڵاقە ئەوەیە کە ژن و مێرد خۆیان ڕێکدەکەون بەجۆرێک کە ژنەکە لە هەندێک مافی خۆی خۆش دەبێت، بۆ نمونە وەکو مارەیی پاشەکی، ئەم زانیاریانەی سەرەوە "بەناز عومەر" یاریدەدەری دادوەر لە دادگای سلێمانی پشتڕاستیدەکاتەوە و باس لە جۆری دووەمی تەڵاق دەکات ک ەپێی دەوترێت تەڵاقی بەزۆر یان (تعسف) و دەڵێت: "ئەم جۆرەیان تەنها پیاو دەتوانێت تەڵاقی تەعەسوفی بدات، ئەگەر بە ناهەق تەڵاقی دابوو ئەوا ژن لەم حاڵەتەدا کۆمەڵێک مافی دەکەوێت، یەکێک لەو مافانە قەرەبووی تەڵاقە لەو زەرەرە ماددی و مەعنەوییەی کە لێیکەوتوە، مافی مارەیی پاشەکی هەیە، پێشەکییەکە هی خۆیەتی و وەریگرتووە، هەروەها بۆی هەیە داوای نەفەقەی عیدە بکات، ژن تا سێ مانگ لە نەفەقەی عیدەدا دەبێت."

جۆری سێیەمیشیان تەفریقی پێدەوترێت، هەردوولایان بۆیان هەیە داوای جیابوونەوە بکەن، ئەمەیان تەڵاق نییە، هەردوکیان داوا بەرزدەکەنەوە داوای تەڵاق دەکەن چ ژن بێت یان پیاو."

سەبارەت بە بوونی تەڵاق بەدەستی ژن یاریدەدەری دادوەر ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو جۆرە چەند حاڵەتێکی کەمە، لەو کاتەشدا کە تەڵاق دەدرێتە دەست ژن، پیاو سێ تەڵاقی بەدەستە، یەک تەڵاقیان دەدرێتە دەست ژن، لەوکاتەدا ژنەکە ناڵێت تەڵاقی تۆ لە من کەوتبێت، بەڵکو دەڵێت تەڵاقی من لە تۆ کەوتبێت،.واتە تەڵاقەکە هەر هی پیاوە، بەڵام ژنەکە مافی ئەوەی هەیە بە تەڵاق خۆی لە پیاوەکە جیابکاتەوە.

کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1102

## **ڕۆژانە هەرێم 400 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت**

http://www.kurdipedia.org/?q=2015020919514984738

هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و 250 هەزار بەرمیل نەوتی بۆ ڕێکەوتنەکەی نێوان بەغدا و هەرێمە و 150 هەزار بەرمیلیش بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکاردەهێنرێت.
شێرکۆ جەودەت سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکانی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەنوسیدا ڕایگەیاند" ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی

کوردستان گەیشتووەتە 400 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکداو لە و پرەش 250 هەزار بەرمیل لە و ڕێژەیەش بۆ ڕێکەوتنەکەی نێوان بەغداو هەرێمە و 150 هەزار بەملیش بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکاردەهێنرێت".
سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکانی پەرلەمانی کوردستان وتیشی، ئەگەر توانای بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم زیادبکرێت ئەوا بۆ قەرەبوو کردنەوە و قەرزی کۆمپانیا نەوتیەکان بەکاردەهێنرێت.
بەپێی ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق، ڕۆژانە هەرێمی کوردستان پری 250 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم و 300 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکوک لەڕێگای کۆمپانیای سۆمۆوە دەنێردرێتە دەرەوە و لەبەرامبەریشدا حکومەتی ناوەندی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دەنێرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-02-09

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1103

## ڕێژەی کوتانی منالان لە گەرمیان زیاتر بوە لە چاوەڕوانیەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20150312111310234449

ڕۆژنیوز – ناوەندی هەواڵەکان لەگەرمیان ڕێژەی کوتانی مناڵان، زیاتر بووە لە چاوەڕوانیەکان و 113%ی مناڵان کوتراون. لەماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا، هەڵمەتی کوتانی مناڵان، دژ بە نەخۆشیەکانی ئیفلیجی و سورێژە بەڕێوەچوو لە چوارچێوەی هەڵمەتی سەرانسەریی کوتان.
بەپێی راگەیەنراوێکی تەندروستی گەرمیان، کەوێنەی بۆ (ڕۆژنیوز) نێردراوە: لەگەرمیان، 40 تیم بە ئەنجامدانی هەڵمەتەکە هەستاون و ئامانجی هەڵمەتەکەش کوتانی نزیکەی 32 هەزار مناڵ بووە، بەڵام لەو ڕێژەیە زۆر زیاتر مناڵا کوتراوە کە گەیشتوەتە 35 هەزار و 769 مناڵ، بەمپێیەش ڕێژەی کوتانەکە دەگاتە 113.5%. ئەم زیادەیە لە ڕێژەی کوتان، پەیوەندیی هەیە بە کوتانی ئەو مناڵە ئاوارانەی کەلە سنوورەکەدا نیشتەجێن و کوتانیان بۆ کراوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی

شارەکان: کەلار (گەرمیان(

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1104

## ڕێگە بە 12 نەخۆشی ئایدز نادرێت بێنە سلێمانییەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014012010513486580

بەپێە ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی، لەساڵی 2013دا ڕێگری لەهاتنە ناوەوەی 12

کەس کراوە بۆ شاری سلێمانی کە هەڵگری ڤایرۆسی(HIV) بون. هاوکات هەر لە و ساڵەدا زیاتر لە 100 کەس دیپۆرتی سلێمانی کراونەتەوە.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی، سالار عەبدوڵلا، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە نیوەڕۆی ئەمرۆ دو شەممە، بەڕێوەچو ئاماری کارو چالاکییەکانی ساڵی ڕابردوی بەڕێوەبەرایەتییەکەی خستەڕو.
سالار عەبدوڵلا وتی، ساڵی ڕابردو زیاتر لە 571 نەخۆش کە 12یان نەخۆشی ئایدزیان هەبووە پاش پشکنینی پزیشکی بۆیان ڕەوانەی وڵاتەکانی خۆیان کراونەتەوە. هەر لەساڵی رابردودا 37 تەرم لەسلێمانییەوە ڕەوانەی دەرەوە کراوە و لەبەرامبەردا 49 تەرمیش هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی.
ناوبراو ڕونیکردەوە کە لەساڵی 2013دا 876 کەسیان دیپۆرتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە و 103 کەسیش لەدەرەوەی هەرێمەوە دیپۆرتی سلێمانی کراوەتەوە. هەروەها 45 خێزانی سلێمانیش لەوڵاتانی دەرەوە گەڕاونەتەوە.
هەر لەساڵی 2013داو بۆ مەبەستی جۆروجۆر زیاتر لە 60 هەزار کەس هاتونەتە سلێمانی. زیاتر لە 13 هەزار پەنابەری سوری و 400 پەنابەری ئێرانیش هاتونەتە شارەکە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 20-01-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💊تەندروستی
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1105
## کازاخییەکان داوای جوجەڵەی کوردستان دەکەن
http://www.kurdipedia.org/?q=20150402095453619945
کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی جوجەڵە کە لە ساڵی 2008ەوە بەرهەمی هەیە، سەرەتا بەرهەمی ساڵانەی 750 هەزار جوجەڵەی دایکانە بوو، بەڵام ساڵی رابردوو دوای تەواوکردنی بەشی دووەمی پرۆژەکە، بەرهەمی بۆ ملیۆنێک و 550 هەزار جوجەڵەی دایکانە و ملیۆنێک و 500 هەزار جوجەڵەی گۆشت بەرز بووەوە.
دکتۆر سەلاح مستەفا بەکر، خاوەنی گرووپی ڤانۆ، دەڵێت "گرووپەکەمان خاوەنی تاکە پرۆژەی بەخێوکردنی جوجەڵەی دایکانەیە لە عێراق و کوردستان کە جوجەڵەی دایکانە لە جۆری (Ross308)بۆ پرۆژەکانی کوردستان و عێراق دابین دەکات و لە90% ئەو مریشکانەی لەعێراق و کوردستان بەرهەم دەهێنرێن بەجۆرێک لەجۆرەکان بەرهەمی پرۆژەکەی ئێمەیە."
دکتۆر سەلاح مستەفا دەڵێت: بەهۆی "بەرزیی کوالێتی و هەرزانیی نرخ"ی بەرهەمەکانیان "خواستێکی زۆر" لەسەر جوجەڵەکانیان هەیە لە چەند وڵاتێکی ئاسیا و ئەفریقاوە "بۆ نموونە کازاخستان داوای هەناردەکردنی جوجەڵەی لێکردووین، بەڵام ئێمە بەهۆی گرفتی فڕۆکە تاوەکو لە کوردستان و عێراق بازاڕمان هەبێت بە دەرەوەی نافرۆشین، بۆیە تاوەکو ئێستا تەنیا 111 هەزار جوجەڵەمان هەناردە کردووە بۆ لوبنان."
تێچووی هاوردەکردنی هەر جوجەڵەیەک لە کۆمپانیای دایکەوە بۆ کوردستان 42 دۆلار لەسەر گرووپی ڤانۆ دەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکە بەردەوامە لەسەر هاوردەکردنی.
دکتۆر سەلاح دەڵێت "کۆمپانیای(Ross) ، جوجەڵە بە جۆرێک لە تایبەتمەندی بەرهەمدێنێ کە بەماوەیەکی زۆر کورت و بە ئالیکێکی کەم کێشی زیاد بێت، بۆیە ئێمە 17 هەفتە جارێک وەجبەیەک جوجەڵە لە کۆمپانیای دایک دەهێنین."
هەرێمی کوردستان خاوەنی 1165 کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەری گۆشت، 15 پرۆژەی بەخێوکردنی مریشکی دایکانە و 32 پرۆژەی هەڵهێنەری جوجەڵەیە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، پێویستی هەرێمی کوردستان بەگۆشتی مریشک لەساڵی 2019 دەگاتە نزیکە 140 هەزار تۆن لە ساڵێکدا، ئێستاش پرۆژە خۆماڵییەکان 70%ی پێداویستی ناوخۆ دابین دەکەن.
ڕەمەزان محەمەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەر لەدامەزراندنی ئەم پرۆژەیە، پرۆژەکانی دایکانەی ناوخۆ ساڵانە نزیکەی نیو ملیۆن جوجەڵەیان بە نرخی زۆر گرانتر لەوەی ئێستا هاوردە دەکرد کە زۆرجار دەبووە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لە نێو کێڵگەکانی پەلەوەر."
دکتۆر سەلاح مستەفا ئاشکرای کرد بۆ زیادکردنی بەرهەمی کۆمپانیاکەیان بەنیازن پرۆژەیەکی هاوشێوە لە سلێمانی بۆ بەرهەمهێنانی جوجەڵە لە جۆری(Cobb) ی ئەمەریکی دابمەزرێنن،
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 2015-04-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1106

## کاسبکارانی سلێمانی لە گیانلەدەستدان لە ڕووداوی هاتوچۆدا لەپلەی یەکەمدان

http://www.kurdipedia.org/?q=2014091913125277534

پەیوەند جەلال
لەشاری سلێمانی لەماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا زۆرترین ئە و توێژانەی بەڕووداوەکانی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە کاسبکارانن و دوای ئەوانیش خوێندکاران.
مولازمی یەک بەهمەن عەبدوڵڵا وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی بە خەندانی ڕاگەیاند: بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیمان، لە هەشت مانگی ڕابردوودا 54 کاسبکار بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە کە زۆرترین توێژن بەتایبەتیش لەمانگی حوزەیراندا کە 14 کاسبکار گیانیان لەدەستداوە.
مولازم بەهمەن وتی: "جگە لەخەڵکانی کاسبکار، لای ئێمە شۆفێرانی تەکسی و بارهەڵگریش هەر بەکاسبکار هەژمار دەکرێن، جگە لەوەش زۆربەی ئە و کەسانەی ڕوو لەکاروباری فەرمانگەکان دەکەن خۆیان بەکاسبکار دەناسێنن."
وتیشی: "دوای ئەوانیش خوێندکاران دێن کە لە هەشت مانگدا 12 خوێندکار گیانیان لەدەست داوە و پاشانیش منداڵان بە پلەی سێیەم دێن کە 13 منداڵ بوون."
بەپێی ئامارەکەی هاتوچۆی سلێمانی، کەمترین ئە و توێژانەی لە و ماوەیەدا بەڕوداوی هاتوچۆ گیانیان لەدەستداوە (پزیشک و پارێزەر و ئاسایش و پاسەوان)ن کە لە هەر توێژێک تەنها کەسێک گیانی لەدەستداوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-09-19

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🚗ڕووداوی هاتووچۆ
شارەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1107

## کردەوە تیرۆریستییەکان لە دوزخورماتوو 80% کەمی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141123175818780033

...حەسەن جومعە

بەپێ ئاماری دەزگا ئەمنییەکان پێشتر قەزای دوزخورماتوو یەکێک بووە لە و ناوچانەی کە لە عیراقدا زۆرترین کردەوەی تیرۆریستی تێدا ئەنجام دراوە، بەڵام ئەمساڵ لەگەڵ چوونی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ قەزاکە، کردەوە تیرۆریتسییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیان کردووە و رەوشی ئەمنی قەزاکە تا رادەیەکی باش ئارامی بە خۆیەوە بینیووە.

نەقیب فاروق ئەحمەد، بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزای دوزخورماتوو بە خەندانی راگەیاند: "بەپێ ئاماری دەزگا ئەمنییەکان پێشووتر قەزای خورماتوو یەکێک بووە لە ناوچانەی کە لە عیراقدا زۆرتری کردەوەی تیرۆریستی تێدا ئەنجامدراوە، بەڵام ئەم ساڵ لەگەڵ چوونی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ قەزاکە کردەوە تیرۆریستییەکان زۆر کەمیان کردووە و رەوشی ئەمنیش تا رادەیەکی باش ئارامی بەخۆیەوە بینیوە."

نەقیب فاروق وتی: "بەپێی ئاماری ئاسایشی قەزای خورماتوو پێش ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە روو بکەنە خورماتوو لە مانگی 1 تا مانگی 6ی ئەم ساڵ زیاتر لە (120) کردەوەی تیرۆریستی جۆاروجۆر روویانداوە، وەک کردەوەی تیرۆریستی (تەقینەوە و رفاندن و تەقە کردن.")

وتیشی: "دواتر و کاتێک هێزەکانی پێشمەرگە روویانکردەقەزاکە بۆ پاراستنی لە دەست چەکدارانی داعش، کردەوە تیرۆریستییەکان تا ئاستێکی زۆر باش کەم بوونەوە و هەر بەپێی ئاماری ئاسایشی دوزخورماتوو لە دوای مانگی 6 تا مانگی 11ی ئەم ساڵ (53) کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامدراون."

وتیشی: "بەپێی ئە و بەراوردکارییە بۆمان دەرکەوتووە لەگەڵ هاتنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ قەزای دوزخورماتوو، کردەوە تیرۆریستییەکان لە 80% کەمیان کردووە کە ئەمەش جێگەی خۆشحاڵییە بۆ دانیشتووانی قەزای خورماتوو ."

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 23-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1108

## کرێکاران بەمجۆرە لە شوێنی کاردا دەبنە قوربانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20140103094115586890

خەندان - کامەران عەبدە ساڵح

بەپێی ئاماری لقی رانیەی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، لەماوەی ساڵی 2013دا، هەشت کرێکاری ناوچەکە، لەکاتی کارکردنیان لەشوێنی کارەکانیان گیانیان لەدەستداوە، کە مردنی پێنج کرێکاریان بەهۆی بەرکەوتنی تەزووی کارەباوە بووە، شەش کرێکاری تریش بەشێوەی جیاجیا کەمئەندام و برینداربوون، بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری زۆربەی ڕوداوەکان پابەندنەبوونە بە مەرجەکانی سەلامەتی لەکاتی کارکردندا.

ئەم ئامارە دەریدەخات، بەبەراورد بەساڵی 2012، ژمارەی کرێکارانی قوربانی لەسنورەکە

زیادیکردووە، چونکە لەوساڵەدا دوو کرێکار لەشوێنی کارەکانیان گیانیان لەدەستداوەو، سێ کرێکاریش بریندارببوون .
بەپێی بەدواداچوونی خەندان، بەشێک لە کرێکارەکان، بەمجۆرەی خوارەوە بوونەتە قوربانیی بژێوی ژیانیان:
دوایین کرێکار کە ساڵی ڕابردوو لەسنوری ڕانیە بۆتە قوربانی، گەنجێکی دانیشتووی حاجیاوایە، ڕۆژی 26ی کانونی دووەم لەکاتی کارکردن لەدروستکردنی مزگەوتێکدا لە ناحیەی حاجیاوا، بەسەختی بریندارببوە و، لە مردنێکی مسۆگەر ڕزگاری بووە.
ئە و گەنجە لەوکاتەدا دەبێتە قوربانی، کە سەقفی مزگەوتەکە تێدەکرێت، لەپڕێکدا تەواوی بینای مزگەوتەکە بەسەر کرێکارەکاندا دەڕوخێت.
وەک لە دۆسیەی پۆلیسدا ڕوونکراوەتەوە، هۆکاری سەرەکی رووداوەکە بۆ بێئەزمونی وەستا و کرێکارانی مزگەوتەکە دەگەڕێتەوە لەگەڵ دەزگای مێکسەر، کە کاری تێکردنی چیمەنتۆیە، چونکە لەماوەیەکی زۆرکەمتر لە وادەی ئاسایی خۆی، سەقفی بیناکەیان تێکردووە، کە بریتیبووە لە 25 تۆن چیمەنتۆ، ئەمەش وایکردووە قورسایی بکەوێتە سەر تەختە و دارەکان و بشکێن، دواجاریش ئە و ڕووداوەی لێبکەوێتەوە.
کرێکارێکی دیکەی ناوچەکە، ئێوارەی رۆژی 22ی ئەیلول گیانی لەدەستداوە، تەمەنی 20 ساڵ و ناوی دیار ئەبوبەکر محەمەد بووە، لەکاتی کارکردنیدا لە خانوویەکی سێ نهۆمی لە گەرەکی کارەبا لە قەڵادزێ، تەزووی کارەبای بەرکەوتووە و، بەوهۆیەوە دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە.
بەپێی زانیارییەکانی نەقیب مستەفا محەمەد وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، کە دەربارەی ڕووداوەکە داویەتییە خەندان، دیار لەکاتی لەبغکردنی دیواری خانووەکەدا، دەستی بەر وایەری کارەبا کەوتووە.
هەر لەمانگی ئەیلول و لەڕۆژی 3ی ئە و مانگەدا، کرێکارێکی دیکە لەکاتی کارکردنیدا لە یەکێک لەکارگەکانی دروستکردنی بلۆکی بیناسازی، گیانی لەدەستداوە.
لەوبارەیەشەوە، وتەبێژی پۆلیسی راپەرین بۆ خەندان ئاماژە بەوە دەکات، ئە و ڕۆژە لەلایەن بنکەی پۆلیسی ماکۆک لە شارۆچکەی حاجیاوا لە روداوی گیانلەدەستدانی کرێکارێک لە کارگەی بلۆکی "لەنیا" لەگوندی گردجان ئاگادارکراونەتەوە.
لێکۆڵینەوەکانیش دەریانخستووە، کرێکارەکە تەمەنی 41 ساڵ بووە، لەکاتی خاوێنکردنەوەی گۆلی چیمەنتۆ لە کارگەی بلۆکی لەنیا کەوتۆتە ناو خەباتەی کارگەکەوە، بەهۆیەوە دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە .
ئە و ڕۆژەی کرێکارەکە تیایدا بووە قوربانی، هەمان ئەوڕۆژە لە کارگەکە دامەزرابوو، دوای خۆیشی،هاوسەرەکەی و منداڵێکی سێ مانگی جێهێشت کە لەخانووی کرێدا نیشتەجێن .
ئەوەی جێگەی سەرنجە، تائێستا دەرنەکەوتووە کە ئاخۆ لەلایەن سەرپەرشتیاری کارگەکەوە کەمتەرمی هەبووە لەڕووی دابینکردنی مەرجەکانی سەلامەتی کرێکارانەوە یان نا، لەبەرئەوە هیچکەسێک بەهۆی ئەو روداوەوە دەستگیر نەکراوە.
کرێکارێکی دیکەی ناوچەکە، کە هەر لەساڵی ڕابردوودا بۆتە فوربانی، ناوی خدر وسو-ە، ئە و پیاوە بەشێک لە ئەندامانی جەستەی بەخشیوە بە پارووەیەک نان.
بەپێی دۆسیەی ئە و کرێکارە لە پۆلیس، لەکاتێکدا سەرقاڵی تەقینەوەی پرێک مادەی تیئێنتی بووە بەمەبەستی بەکارهێنانی لە پرۆژەی فراوانکردنی جاددەی نێوان خاڵی سنووری کێلێ – قەڵادزێ، تیئێنتییەکە بەخۆیدا تەقیوەتەوە، لەو ڕوداوەدا، جگە لە لەناوچوونی تەواوی پەنجەکانی دەستی، زیانێکی زۆر بە چاوەکانیشی گەیشتووە.
خاڵی سنووری کێلێ، 22 کیلۆمەتر لە قەڵادزێ-ی ناوەندی قەزای پشدەر و 180 کیلۆمەتر لە ناوەندی پارێزگای سلێمانیەوە دوورە.
حسێن محەمەد، هەڵسوراوی بواری مافەکانی مرۆڤ و، داکۆکیکار لەمافەکانی کرێکاران، لەڕێگەی خەندانەوە، دوو داواکاری ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، کە پێویستە بەزووترین کات جێبەجێ بکرێن، ئەویش لەپێناو پاراستنی ماف و گیانی کرێکاراندا.
داواکاریی یەکەمی حسێن محەمەد، پێکهێنانی لیژنەیەکە لە پسپۆرانی بواری سەلامەتی کار، کە نوێنەری هەڵبژێردراوی کرێکاران لە ناوەندە جیاوازەکانی کاردا لەخۆبگرێت، کاربکات بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرجەم ناوەندەکانی کار بۆ پابەندبوونیان بەمەرجەکانی سەلامەتی کار و زەمانەتی ژیان، کە نەبوونی بۆتە هۆی کارەسات بۆ گیانی کرێکاران و خێزانەکانیان .
لە دووەم داواکاریشیدا، ئە و داکۆکیکارەی مافەکانی کرێکاران داوادەکات، حکومەتی هەرێم کاربکات

بۆ قەرەبووکردنەوەی خێزانەکانی کرێکارانی گیانبەختکردوو، ئەویش بەدابینکرنی مووچەیەک بەگوێرەی پێداویستیەکانی ژیانیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1109

## کرێکارێک لەشارەزور گیان لەدەستدەدات

http://www.kurdipedia.org/?q=20130918132208873 2

لەکاتی کارکرندا کرێکارێک لەدەڤەری شارەزور گیانی لەدەستداو بەوەش ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەسەرەتای ئەمساڵەوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 47 کرێکار.
سلێمانی، ئاوێنەنیوز: لێپرسراوی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، عوسمان زیندانی، بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، بەداخەوە جارێکی ترو لەڕوداوێکی تری نەخوازراودا کرێکارێک بەناوی (ئومێد ئەحمەد یاوەر) لەشەوداو لەکاتی کارکردنداو بەهۆی بەرکەوتنی ئامێری کۆمپرێسەر بەقاچی، بەسەختی برینداربو، ئەمرۆ چوارشەممە، گیانی لەدەسدا.
ناوبراو وتیشی، "ئێمە وەک سەندیکای کرێکاران پێمانباشە و داوامانکردووە کارکردنی کرێکاران لەشەواندا ڕابگیرێت". ئەو راشیگەیاند، کە بەگیانلەدەستدانی ئەو کرێکارە، ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەسەرەتای ئەمساڵەوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 47 کرێکار.
لێپرسراوی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان ئەوەشی خستەڕو کە ئەو کرێکارە خەڵکی دەڤەری شارەزورە و خێزانداره و خاوەنی سێ منداڵە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2013-09-18

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1110

## کرێی ئۆتۆمبیل بۆ شاری موسڵ سێ بەرامبەر زیادی کردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=20140826172146838 5

هێڤی خالید
بازرگانی لەگەڵ شاری موسڵ دا بە ڕێژەی 30% دابەزیوە و کرێی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی بازرگانی و ناردنی هەر کۆنتێنەرێک بە ڕێژەی سێ ئەوەندەی کرێی خۆی زیادی کردووە، ئەندامێکی ئەنجومەنی ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانیش دەڵێت، لە ئێستادا بە ڕێژەی 30%، ناردنی شتومەک کەمیکردووە بەهۆی نەبونی ڕێگا و خراپی ناوچەکەوە.
بورهان عەلی عەبدوڵلا ئەندامی ئەنجومەنی ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی لە لێدوانێکی تایبەت بەخەندان ڕایگەیاند: لە ئێستادا ناردنی شت و مەک و خۆراک و پێداویستیەکانی هاووڵاتیان بۆ شارەکانی خوارووی عێراق بەتەواوی پەکی کەوتووە و کرێی ناردن زۆر زیادی کردووە و مەترسی لەسەر ئە و بارانە هەیە کە دەنێردرێن بۆ ئە و شارانە.
وتیشی" لەپێش دروستبونی شەڕی داعش ڕۆشتنی ئۆتۆمبێل بۆ موسڵ کرێکەی 1700دۆلار بوو،

بەڵام ئێستا بووە بە 4500 دۆلار، بۆ شاری بەغداد 750 دۆلار بوو ئێستا بووە بە 2500 دۆلار، بەهەمان شێوە بۆ شاری نەجەف هەر کۆنتێنەرێک بە 1300 دۆلار دەنێردرا، بەڵام ئێستا بووە بە 3500 دۆلار، بەم شێوازەش مەترسی لەسەر ئە و بارانە هەیە و زۆرجار ڕووبەڕوی مەترسی گەورە دەبنەوە"
ئەندامەکەی ئەنجومەنی ژوری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، کە لە ئێستادا بە ڕێژەی 30%، ناردنی شتومەک کەمیکردووە بەهۆی نەبونی ڕێگا و خراپی ناوچەکەوە،لەئێستادا بەهۆی ئە و شەڕەی لە عێراقدا دروستبووە لە نێوان سوپای عێراقی و تیرۆرستانی داعش ئاڵۆزیەک لەسەرجەم بوارەکاندا دروستبووە بەجۆرێک ژیانی شارەکانی خواروی عێراق بەردەوام ڕوو لەخراپی دەکات.
بورهان عەلی ئەوەشی ئاشکراکرد، کە بازرگانانی شارەکانی خواروی عێراق ڕۆژانە پەیوەندییان پێوەدەکەن و باس لەوەدەکەن زۆرێک لە مەوادەکانی وەک "برنج، ڕۆن، شەکر، ئارد"، بەردەوام ڕولەنەمان دەکەن و هاووڵاتیانیش پارەیان پێنەماوە لەبەرئەوەی هیچ موچەیەک نادرێت لەوشارەدا.
لەئێستادا شاری موسڵ لەژێر کۆنترۆلی ڕێکخراوی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)دایە و هاووڵاتیانی ئە و شارەش ڕەوشی گوزەرانی ڕۆژانەیان ڕوو لەخراپی دەکات بەهۆی نەبونی موچە و خۆراک و پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 26-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | IQئێراق |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1111

## کشتوکاڵی کەرکوک: وەرگرتنی 40 هەزار تۆن لە گەنمەشامی

http://www.kurdipedia.org/?q=20131205130743874 21

کەرکوک 2 کانوونی یەکەم/دیسەمبەر -(PNA) کشتوکاڵی کەرکوک رایگەیاند، لە یەکەم رۆژی وەرگرتنی گەنمەشامیی زەرد، 40 هەزار تۆن گەنمەشامی لە جووتیاران وەرگیراوە و بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق، کەرکوک لە بەرهەمهێنانی گەنمەشامی یەکەمە .
بەڕێوبەری کشتوکاڵی کەرکوک "مەهدی کاکەیی" بەئاژانسی هەواڵی پەیامنێر راگەیاند: ئەمڕۆ 40هەزار تۆن گەنمەشامی زەرد لە جووتیاران وەرگیراوە.
مەهدی کاکەیی گوتی: وەرگرتنی گەنمەشامی لە ئەمساڵ لە جووتیاران بەردەوام دەبێت ئەمساڵ بەرهەمی گەنمەشامی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.
کاکەیی روونی کردەوە: ئەمساڵ زیاتر لە 145 هەزار دۆنم لە گەنمەشامی زەرد چێندراوە کە لە ئاستی عێراق شاری کەرکوک یەکەمە.
جەمشید زەنگەنە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| جۆری ئامار و راپرسی: | ئابووری |
| شارەکان: | کەرکوک |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1112

## کورد لە کەرکوک لەپلەی یەکەمدایە لەخەتەنەکردنی مێینەدا

http://www.kurdipedia.org/?q=2013020713495775645



بە پێی تازەترین راپۆرتی رێکخراوی تەندروستی جیهانی، لەناو پێکهاتەکانی شاری کەرکوکدا کورد لە پلەی یەکەمدایە لە زۆری رێژەی خەتەنەکردنی مێینەدا.
رۆژی 6ی شوبات لە ساڵرۆژی جیهانی بەرەنگاربووونەوەی تاوانی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە، سەنتەری (پەنا) لە شاری کەرکوک یاداشتێکی ئاراستەی ناوەندەکانی بڕیارە لە بەغدا کرد و داوایکرد، بەغدا بە یاسا ئەو تاوانە قەدەغە بکات.
هەر چەند خەتەنەکردن لە گەلاڵەنامەکانی مافی مرۆڤ، رێکخراوی تەندروستی جیهانی، یونیسێف و فەتوای زانکۆی ئەلەزهەر قەدەغە کراوە، بەڵام لە زۆر شوێنی جیهان و لەوانە کوردستانیش ئەو دیاردەیە بن بڕ نەبووە.
سەنتەری (پەنا) لەهەرێمی کوردستان ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردەوە و رایگەیاند کە لە ساڵی 2012دا لە (38.2%) مێینەی سەرو تەمەن (14) ساڵ لە کۆی (1212) مێینە کە توێژینەوەکەیان لەسەر کراوە لەناو ناوەندی کەرکوک و قەزاو ناحیە و گوندەکان خەتەنەکراون.
ئەو سەنتەرە رایدەگەیەنێت "سەرەرای زەحمەتی و ئاڵۆزی ئەم هەوڵانە بەپێی ئەم دەرئەنجامانە بوونی ئەم دیاردەیە لەنێوان کورد (65.4%) و عەرەب (25.7% ) و تورکمان (12.3%) لەسەر ئاستی باوەڕی ئاینیش لەنێوان سونە (40.9%) و لەنێوان شیعە (23.4%) و لەنێوان کاکەیی (42.9%) لەنێوان مەسیحی و کلدۆ ئاشوریەکان هیچ ڕێژەیەک تۆمار نەکراوە".
لەهەرێمی کوردستان لە (2011) بە یاسای ژمارە (8)ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی خەتەنەکردن قەدەغەکرا، سزای یاسای بۆ دانراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی - 2013-02-07

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1113

## کوژرانی 500 چەکداری قاعیدە لە عەفرین

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120222531187485

لەشەروپێکدادانەکانی دوو مانگی رابردوو لەهەرێمی عەفرین کە لەنێوان یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG و گرووپە چەتە و چەکدارەکانی ئەلنوسرا، دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و شامی سەر بە رێکخراوی ئەلقاعیدە روویداون، (500) ئەندامی ئەو گروپە چەتانە کوژراون و هەروەها چەندین چەک و جبەخانەش لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG دەستیان بەسەردا گیراوە.
هەروەها زۆربەی هێرشی ئەو گروپە چەتانە بۆسەر گوندی قەستەل جندۆ سەربە ناوچەی شێراوا،

گوندەکانی یازی باغ و معرین کە دەکەونە نێوان عەزاز و جندرێس، گوندەکانی زیارات، جلبرێ و بەنێ سەربە شێراوا ئەنجامدراون، هەربۆیە زۆرترین شەروپێکداداان لەهەرێمانە روویداوە.
لەئەنجامی ئەو شەروپێکدادانەدا بەگشتی (500) ئەندامی گرووپە چەتە و چەکدارەکانی ئەلنوسرا، دەوڵەتی ئیسلامی ئێراق و شامی سەر بە رێکخراوی ئەلقاعیدە کوژراون. بەگوێرەی سەرچاوەکان، لەناو ئەو کوژراوانەدا (3) سەرکردەی ئەو چەتانە بەناوەکانی (ئەبو ئومەتوللە ئەلمیسری، ئەبو ئوسامە ئوردەنی و سەلاحەدینی چارامین) هەبوونە. راگەیەندرا کە ئەو (3) سەرکردانەی گروپە چەتەکان لەدەوروبەری گوندی قەستەل جندۆ کوژراون .
هەروەها (2) تانک، (14) ئۆتۆمبێلی دۆشکە بەسەر بەیەکجاری رووخێندراون. (25) چەکی کلاشینکۆف، (2) دۆشکە، (2) تۆپ، هاوەنێکی (120)، (2) بیکەیسی، (2) ئاربیجی، (2) قەناس، پانزێرەک، (7) ئۆتۆمبێل، (60) بۆمبی دەست و ژمارەیەکی زۆر گوللەی کلاشینکۆف و بیکەیسی، بەدەیان گوللەی هاوەن لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل YPG دەستیان بەسەرداگیراوە.
لەوشەروپێکدادانەشدا (13) ئەندامی YPG و YPJ گیانیان لەدەستدا .
سەرچاوەهەرێمییەکان دەستنیشانیان کرد کە گروپە چەتەکان پشتیوانی خۆیان لەتورکیا وەردەگرن و زۆربەشیان لەکەمپی ئەتما لەسەر سنووری تورکیا و دەروازەی باب ئەلسەلام دەکەونە ناو هەرێمەکەوە. هەموو پێویستیەکانیان و چەکی گران بەرێگەی ئەو دەروازەیە دەبەنە ئەو هەرێمە.
هەروەها سەرچاوەکان راشیانگەیاند کە دەروازەی سنووری ئەلسەلام بەشەو بۆ چەتەکان دەکرێتەوە کە بەئاسانی هەموو پێداویستیەکانیان دەبەنە هەرێمەکە.
فورات

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1114

## کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لەهەرێم نزمترین ئاستی تۆمارکردووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071221203876989

رەهێل سەمەد
بەهۆی بارودۆخی ئێستای هەرێم و عیراق کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لەئێستادا نزمترین ئاست بەخۆیەوە دەبینێت، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتیش دەڵێن هاتنە ناوەوەی ئۆتۆمبێل بەربەست نیە .
حسێن حەمەد، خاوەنی کۆمپانیای (خوادە) بۆ هێنانی ئۆتۆمبێل لەشاری هەولێر بە خەندانی راگەیاند: بەهۆی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق ئاستەنگ بۆ هێنانی ئۆتۆمبێل بۆ ناو هەرێمی کوردستان دروستبووە، بەتایبەت لەرێی دەروازە سنووریەکانی ئێرانەوە .
حسێن حەمەد وتیشی: بەهۆی هەرزانی تێچونی گواستنەوە لە کاتی ئێستا زۆربەی زۆری ئەو ئۆتۆمبێلانەی دێنە هەرێم لە رێی مەرزە نێودەوڵەتیەکانی هاوبەش لەگەڵ وڵاتی ئێرانەوەیە، بۆیە بە داخستنی سنورەکان هاتنی بەشێکی زۆر لەو ئۆتۆمبێلانە راگیراوە.
ئەو خاوەن کۆمپانیایە ئاماژەی بەوەشکرد، "هەرچەندە رێگاگرتن لە هێنانی هەرکاڵایەک وادەکات نرخەکەی بەرزبێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا خواستی کڕین لەسەر ئۆتۆمبێل کەمە پێشبینی ناکرێت نرخی ئۆتۆمبێل بەهۆی داخستنی سنورەکان بەرزبێتەوە."
هاوکات، بەشدار ئیسماعیل، خاوەنی پێشانگاکانی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لەشاری هەولێر وتی: نەهاتنی ئۆتۆمبێل بۆ ناو هەرێم بەشێوەیەک لەشێوەکان وادەکات نرخی ئۆتۆمبێل گران ببێت، چونکە لەرابردوو ئەو ئەزموونە هەبووە.
راشیگەیاند، "بەهۆی ئەو بارودۆخەوە لەکاتی ئێستا کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە، بەجۆرێک هیچ بارودۆخێک هێندەی ئەمجارە کاریگەریی لەسەر بازاڕ دروستنەکردووە."
سەبارەت بە هۆکارەکان بەشدار ئیسماعیل وتی: گرنگترین هۆکار ئەوەیە پێشتر زۆربەی کڕیارەکانی ئۆتۆمبێل لە هەرێم هاوڵاتیانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بوون، بەڵام ئێستا ئەوان

نایەن، دووەم کێشەی بەنزین وایکردوە خەڵک مەیلی بەلای ئۆتۆمبێل نەچێت، لەوانەش گرنگتر بارودۆخی ئێستایە کە لەلای هاوڵاتیان دیارنیە بەچ ئاکامێک دەگات، بۆیە خەڵکی ئامادەنیە پارەیەکی زۆر بە ئۆتۆمبێل بدات.
لەبەرامبەردا، فەتحی محەمەد، راوێژکار لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخەندانی راگەیاند، " تا ئێستا هیچ نوسراوێکی رەسمی نیە لەبارەی داخستنی سنوورەکان و هەرکاتێک بڕیارێکی لەو جۆرە هەبێت، ئەوا بۆ سەرجەم کەلوپەلە هاوردەکان دەبێت نەک بەتەنیا بۆ ئۆتۆمبێل ."
وتیشی: لەحاڵێکدا ئێران مەرزەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دابخات، ئەوا حکومەت هەناردەی ئۆتۆمبێل لەڕێی تورکیاوە بەئەنجام دەگەیەنێت، تەئکیدیشی کردەوە، " حکومەت بۆ هاتنەناوەی کەلوپەل و پێداویستی لەنێویشیاندا ئۆتۆمبێل، رێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر ."
بەگوێرەی ئامارەکانی هاتوچۆی هەرێم لەکاتی ئێستا زیاتر لە یەک ملیۆن و 200هەزار ئۆتۆمبێل بە هەموو جۆرەکانیەوە لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون و زۆربەشیان دوای 2003 هاتوون، بەهۆی زۆری ئەو ژمارەیەش ژمارەی رووداوەکانی هاتوچۆ زیادیکردوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 12-07-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1115

## کۆبانێ دوای سێ مانگ؛ خەندان، ئامارێکی تایبەت بە بەرخودانی کۆبانێ بڵاودەکاتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20141214134028782I3

سۆران کەریم
بەرخودانی شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" لە کۆبانێ بەرامبەر بە چەکدارانی گروپی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش سێ مانگی تەواوی تێپەڕاند، بە پێی ئامارەکانیش نزیکەی سێ هەزار چەکداری داعش کوژراون.
یەپەگە ئەنجامی بەرخودانی سێ مانگی رابردووی راگەیاند، کە تیایدا بەپێی ئامارە نافەرمییەکان تا ئێستا دوو هەزار و 951 چەکداری داعش کوژران و لە نێو کوژراوەکاندا چوار سەرکردە هەن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر ئەمیر .
ئاری هەرکی، چالاکوان و ئاگادار لە دۆخی کۆبانێ، بە خەندانی راگەیاند: "لەماوەی سێ مانگی رابردووی بەرخوداندا لە کۆبانێ، توانراوە 14 تانک و 88 ئۆتۆمبێلی سەربازی کە زۆربەیان دۆشکەیان لەسەر بووە تێک بشکێنرێن."
ئاماژەی بەوەشدا، کە هاوکات 18 دۆشکەی خۆجێ و 23 مۆتۆرسکلیش تێکشکێندراون.
ئاری هەرکی، وتیشی: "25 هێرشی خۆکوژی کە 17 دانەیان لە رێگای کامیۆن و سەیارەی بۆمبڕێژکراوەوە بوون، تێکشکێندراون."
لە و سێ مانگەی بەرخۆدانی شەڕڤانانی یەپەگە و بەم دواییانەش هێزی پێشمەرگە، دەست بەسەر ئەم کەلوپەلە سەربازی و چەک و تەقەمەنییانەدا گیراوە :
170چەکی کلاشینکۆف
24بی کەی سی
32ئاربیجی
3چەکیM16
20دووربین
21چەکی کەسان

3دەمانچە
7ڕێتەل
هەروەها پڕێکی زۆر لە تەقەمەنی.
بەپێی زانیارییەکانی ئە و چالاکوانە، لە بەرامبەردا 263 شەڕڤان شەهید بوون کە لەنێویاندا 5 شەڕڤان بە چالاکی فیدایی شەهیدبوون و دیارترینیان ژنە فەرماندارى ئەفسانەیی ئارین میرکان بوو، لە و 263 شەهیدە، 15یان لە شەڕڤانەکانی بورکانی فورات و ئاسایش بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-12-14

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| شارەکان: | کۆبانی |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1116

## کۆتایی ئەم مانگە هەرێمی کوردستان 600 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەدەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031209472633414

وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند کە لە کۆتایی ئەم مانگە هەرێمی کوردستان بە نەوتی کەرکووکەوە دەتوانێت ڕۆژانە پری 600 هەزار بەرمیل نەوت لەڕێی بەغداوە هەناردەی دەرەوە بکات.
سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سرووشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (تۆڕی میدیایی ڕووداو) گوتی: " بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستی ئێمەیە ئێستا هەرێمی کوردستان بەبێ نەوتی کەرکووک، ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت هەناردەدەکات، بەو پێیە ئیتر بەغدا بیانووی نەماوە و دەبێت بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان وەک ئەوەی لە بودجە هەیە بینێرێت". ئێستا کە هەرێمی کوردستان بەشەکەی خۆی لە ڕێککەوتنەکە جێبەجێکردووە بەغداش دەبێت بەشەکەی خۆی جێبەجێ بکات.
شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سرووشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە نەوتی کەرکووک گوتی: " بەپێی وتەی وەزیری سامانە سرووشتییەکان، هەندێ کێشەی تەکنیکی هەیە لە نەوتی کەرکووک، کە هێشتا چارەسەر نەکراوە، بەڵام ئەوە نابێتە بەربەست لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، چونکە نەوتی کەرکووک لە ژێر چاودێریی کۆمپانیای نەوتی باکوور هەناردە دەکرێت و ئەوان ئاگایان لە کێشە تەکنیکییەکان هەیە."
بەپێی ڕاگەیاندنی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، بڕیارە بە کۆی گشتی هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە تا کۆتایی ئەم مانگە بگاتە ڕۆژانە 600 هەزار بەرمیل نەوت.
بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا، هەرێمی کوردستان بە نەوتی کەرکووکەوە دەبێت ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات و لەبەرامبەریشدا لە بودجەی ساڵی 2015-ی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بە لەسەدا 17 جێگیرکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا بودجەی هەرێمی کوردستان نەدراوە بە بیانووی ئەوەی نەیتوانیوە ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی بگەیەنێتە 550 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - 2015-03-12

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری

وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1117
## کۆمپانیای دانەغاز و هیلال رۆژانە 900 تەن غازی شل بەرهەمدەهێنن
http://www.kurdipedia.org/?q=20130723211348948 9

کۆمپانیای دانەغاز و کۆمپانیای نەوتی هیلالی هاوبەشی رایانگەیاند لە ئێستادا کارەکانی دووبارە بنیادنانەوە و نوێکردنەوەی کارگەکانی بارکردن و گواستنەوەی غازی سروشتی لە کێڵگەی غازی خۆر مۆر لە هەرێمی کوردستان کۆتایی پێهاتووە.
ڕۆژنامەی بەیانی چاپی ئیمارات بڵاویکردەوە: کۆمپانیای دانەغاز کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بواری غازی سروشتیدا کاردەکات و هەروەها هاوبەشەکەی کۆمپانیای (هیلال) تەواوبوونی کارەکانی بنیادنانەوە و نوێکردنەوەی کارگەکانی بارکردن و گواستنەوەی کێڵگەی غازی شلی خۆرمۆر لە هەرێمی کوردستان کە پێشتر لەساڵی رابردوودا بەهۆی رووداوی بارهەڵگرێکەوە زیانی پێگەیشتبوو بە پری پانزە ملیۆن دۆلار بنیادنراوەتەوە، بەمەش هەردوو کۆمپانیا دەتوانن رۆژانە پری 900 تەن غازی شل لە کێڵگەکە بەرهەمبهێنن.
لەلای خۆشییەوە مەجید جەعفەر بەڕێوبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای نەوتی هیلال و ئەندامی ئەنجومەنی دانەغاز رایەگەیاند: " ئێمە شانازی دەکەین بەوەی کە پێشەنگی وەبەرهێنەرەکانی بواری وزەین لە هەرێمی کوردستان، ئەمەش متمانەی وەبەرهێنەرەکانی کەنداوی عەرەب بە یاساکانی هەرێمی کوردستان پیشاندەدات".
هاوکات راشد جەروان بەڕێوبەری جێبەجێکار کۆمپانیای دانەغاز سوپاسی وەزارەتی سەرچاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات بەوەی کە یارمەتیدەریان بوون.
لە عەرەبییەوە: هەڵوێست ئەنوەر
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-23

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1118
## کۆمسیۆن ژمارەی قەوارە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان رادەگەیەنێت
http://www.kurdipedia.org/?q=20140116220812866 62

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن ژمارەی قەوارە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان راگەیاند.
هەولێر، ئاوێنەنیوز: راگەیاندنی ژمارەی لیست و قەوارە سیاسیەکان، ئەمڕۆ پێنجشەممە، لەمیانەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا بو کە لەشاری هەولێر بەڕێوەچو.
ژمارەی لیست و قەوارەکان بەمجۆرەیە :
کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان 75
پارتی دیموکراتی کوردستان 76
یەکێتی نیشتیمانی کوردستان 77
بزوتنەوەی گۆڕان 78
بزوتنەوەی ئیسلامی 79

هاوپەیمانی دیموکراتی (شیوعی و سۆسیالیست و زەحمەتکێشان) 80
یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان 81
بڕیارە هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە 30ی نیسانی داهاتو بەڕێوەبچێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-16

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1119

## کۆمسیۆن غەرامەی سەرپیچی لیستەکان بڵاو دەکاتەوە، پارتی زۆرترین و شیوعیش هیچ سەرپێچیەکی لەسەر نییە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013091719573188742



کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان عرامەی سەرپێچی لیستەکانی لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی 2013 بڵاو کردەوە. کە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین سەرپێچی کردوە و دوای ئەویش یەکێتی نیشتیمانی و پاشان بزوتنەوەی گۆران و پاشان لیستەکەی محەمەد بازیانی و دواتریش کۆمەڵ و یەکگرتوو، حیزبی شیوعی هیچ غرامەیەکی لەسەر نییە.
ژمارەی قەوارە..ناوی قەوارە..بری غەرامە
105یەکگرتوی ئیسلامی 500000
113پارتی چارەسەر 500000
115ئاراستەی سێیەم 500000
116مافی گەل 500000
118لیستی مافەکانی خەلک 500000
119لیستی سەربەخۆکان 500000
111حزبی سۆسیالیست 1000000
104کۆمەڵی ئیسلامی 1500000
108ئایندە 2000000
106چاکسازی و گەشە 2500000
117گۆران 3000000
102یەکێتی نیشتمانی 8500000
110پارتی دیموکرات 12500000
کۆی گشتی 34000000

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1120

## کۆمسیۆن، رێژەی بەشداریکردن و ژمارەی دەنگدەرانی هەڵبژاردنی راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=2014050115251576032

سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردن لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، رایدەگەیەنێت، ڕێژەی بەشداریکردن لە دەنگدانی گشتی ئەنجومەنی نوێنەران گەشتە 60 لە سەد،
لەوچوارچێوەیشدا 12 ملیۆن و 101 هەزار و 965 دەنگدەر، دەنگیان دا.
میقداد شەریفی، سەرۆکی فەرمانگەی هەڵبژاردن، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، رایگەیاند :"ئەنجومەنی کۆمسیاران رووبەڕووی فشارێکی سیاسی هەموجۆر بۆراگرتنی کارتی ئەلیکترۆنی بووە و داواکرا کار بە میکانیزمە سەرەتاییەکان بکرێت.
ئە و بەرپرسەی کۆمسیۆن، روونشیکردەوە، کۆمسیۆن بەردەوام بوو لە کارەکەی خۆی و ئەنجامە ئیجابییەکەی بینرا.
ئەوەشی خستەڕوو، کە ڕێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران،گەشتە سەدا 60 و لە پرۆسەی دەنگدانی شتیدا 12 ملیۆن و 101 هەزار و 965 دەنگدار، دەنگیان دا .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 01-05-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1121

## کۆی ڕێژەی باران و بەفر کە لەماوەی 24 کاتژمێری رابردودا باریوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131214163331187246

شاری هەولێر: لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (9.8) ملیم باران باریوە و بەفری نەبووە، لەمساڵیشدا (80.3) ملیمەتر باران باریوە.
پیرمام: لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (10) ملیم باران باریوە و (10) سانتیمەتر بەفریش باریوە، لەمساڵیشدا (172) ملیمەتر باران باریوە.
شەمامک: لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (9) ملیم باران باریوە و بەفری نەبووە، (79.6) ملیم بارانیش لەمساڵدا باریوە.
مەخمور: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (6.2) ملیم بووە و بەفری نەبووە، لەمساڵیشدا (53.5) ملیمەتر باران باریوە.
شاری سلێمانی: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (10.4) ملیمەتر بووە و لەمساڵیشدا (333.1) ملیم باران باریوە، بەفریش باریوە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەم.
چەمچەماڵ: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (5.4) ملیمەتر بووە، کۆی گشتی بارانبارینیش لەمساڵدا (182.8) ملیمەترە.
کەلار: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا تەنها سێ ملیم باران باریوە، لەمساڵیشدا (197.9) ملیم باران باریوە.
هەڵەبجە: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (12.8) ملیم باریوە، کۆی گشتی بارانبارینیش لەمساڵدا (232.6) ملیم بووە.
شاری دهۆک: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (5.4) ملیم باریوە، کۆی گشتی بارانبارین لەمساڵدا (103.6) ملیمەترە.
زاخۆ: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (2.2) ملیم باریوە، لەمساڵیشدا کۆی گشتی بارانبارین لەزاخۆ گەیشتۆتە (223.8) ملیم.
شاری کەرکوک: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (4.6) ملیم باران باریوە.
خانەقین: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (0.5) ملیم بووە.
شەنگال: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (20.2) ملیم باران باریوە و بەفریش (7) سانتیمەتر باریوە.
تەلەعفەر: ڕێژەی بارانبارین لە (24) کاتژمێری ڕابردودا (17.2) ملیم باران باریوە و بەفریش هەبووە بەڵام بەڕێژەیەکی کەم.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 14-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1122

## کۆی گشتی بارانبارین لە هەرێمی کوردستان 2014-01-15

http://www.kurdipedia.org/?q=20140115110326866682



بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان ڕێژەی بارانبارینی 24 سەعاتی ڕابردو و کۆی گشتی بارانبارین لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بڵاو دەکاتەوە، کە بەپێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دیاریکراوە:
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-15

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1123

## کۆی گشتی بارانبارینی هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=20131110091118887997

بەهۆی بەردەوامی ئەو شەپۆلی بارانبارینەی هەرێمی کوردستانی گرتوەتەوە، لە ماوەی 24 سەعاتی ڕابردودا لە شاری سلێمانی 77 ملم باران باریوە و کۆی گشتی گەیاندوەتە 123 ملم، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کەشناسی سلێمانیش ڕایدەگەیەنێت، لە سلێمانی پەڵەی داوە.
دارا حەسەن فەرەج، بەڕێوەبەری فەرمانگەی کەشناسی و بومەلەرزەی سلێمانی بە (خەندان)ی ڕاگەیاند: لە ماوەی 24 سەعاتی ڕابردودا 77 ملم باران لە سلێمانی و دەوروبەری باریوە و کۆی گشتی گەیاندوەتە 123 ملم باران، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر باشە و پار ئەم کاتە 36 ملم بارانبارییوو.
وتیشی: "ئە و بارانەی تا ئێستا لە سلێمانی باریوە ڕێژەیەکی باشە و تا سبەینێ دووشەممەش بەردەوام دەبێت، بۆیە وەک دەڵێن لە ئێستادا پەڵەی داوە."
لە لایەکی دیکەوە، سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەرزەزانی هەرێمی کوردستان بە (خەندان) ی ڕاگەیاند: لە ماوەی 24 سەعاتی ڕابردودا لە هەولێر نۆ ملم باران باریوە، پیرمام 13 ملم، شەمامک 12 ملم، مەخمور سێ ملم، خەبات 24 ملم، سۆران 18 ملم، چەمچەماڵ 50 ملم، هەڵەبجە 22 ملم، هەڵشۆ 51 ملم، مەیدان 36 ملم، دهۆک شەش ملم، زاخۆ 18 ملم، ئاکرێ 25 ملم، مەندێش 18 ملم، کەرکوک 12 ملم، خانەقین 27 ملم، دوزخورماتوو 81 ملم، تەلەعفەر حەوت ملم.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-11-10

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1124

## کۆیە : بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی بەرگری شارستانی ئاماری 2013 رادەگەیەنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013123122141586990

خەندان دانا جەلال

بەڕێوبەری بەرگری شارستانی کۆیە ڕایگەیاند لە ساڵی 2013دا 762 ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە بەهۆکاری جیاواز ڕوویانداوە و سێ کەسیش لە زێی بچوک خنکاون و 33 ڕووداوی لافاویش هەبووە.

ئەمڕۆ سێشەمە 31ی کانوونی یەکەمی 2013، عەمید محەمەد سەعید قادر، بەڕێوبەری بەشی بەرگریی شارستانی کۆیە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماری 2013 ڕاگەیاند :لە ساڵی 2013دا 762 ڕووداوی ئاگر کەوتنەوە ڕوویانداوە کە بەچەند هۆکارێکی جیاواز بووە و 14 تەنکەری گوێزەرەوەی سوتەمەنی لەمساڵدا سوتاون و شەش کەسیش بە هۆکاری جیاواز گیانیان لەدەستداوە.

بەڕێوبەری بەرگریی شارستانی کۆیە وتیشی: زیانی ماددیی لەمساڵدا بە 433 ملیۆن و 845 هەزار دینار مەزەندە دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 31-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1125

## کۆیە... ڕێژەی تەڵاق و هاوسەرگیری دەخرێتەڕوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2014071711192977030

لەماوەی شەش مانگی ڕابردوودا لەسنووری قەزای کۆیە (566) حاڵەتی پرۆسەی هاوسەرگیری و لەیەک جیابوونەوەی خێزانی تۆمارکراوە.

)شیرن عەبدولوەهاب) لەبەشی باری کەسێتی دادگای قەزای کۆیە بەکوردیوی ڕاگەیاند: لە شەش مانگی ڕابردوودا (566) حاڵەتی هاوسەرگیری و لەیەک جیابوونەوەی خێزانی هەبووە، کە (441) یان هاوسەرگیریەو (125) حاڵەتیش لەیەک جیابوونەوە بووە.

شیرین زیاتر ڕوونیکردەوەو گوتی : حاڵەتی لەیەک جیابوونەوەکان لە سێ مانگی یەکەم زیاتربووە بەبەراورد لەگەڵ سێ مانگی کۆتایی بەجۆرێک لە سێ مانگی سەرەتا (70) جیابوونەوە هەبووە، بەڵام لە سێ مانگی کۆتایی (55) حاڵەتی جیابوونەوە هەبووە.

لەبارەی پرۆسەی هاوسەرگیری، رایگەیاند: بەپێچەوانەوە لەسێ مانگی کۆتاییدا زیاترە بەڕێژەیەک لە سێ مانگی سەرەتا (205) گرێبەستی هاوسەرگیری هەبووە، بەڵام لە سێ مانگی کۆتایی (236) گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجامدراوە.

)شیرین عەبدولوەهاب) سەبارەت بەهۆکارەکانی لێکجیابوونەوە گوتی : زۆربەی لێکجیابوونەوەکان و تەڵاق نەگونجانە لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ خەیانەتی هاوسەرگیری و نەخۆشی و کێشەی کۆمەڵایەتی.

سەبارەت بە ناو گۆرین ناوبراو گوتی : (43) حاڵەتی ناو گۆرین هەبووە لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ کە زۆربەیان کورن ئەوانەی ناویان دەگۆرن و تەمەنیان لەسەروی (18) ساڵیەو لەسەر ئارەزووی

خۆیان ناویان دەگۆڕن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| شارەکان: | کۆیە |
| وڵات: | باشووری کوردستان |

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1126

## کۆیە، جەژنی لە ئەمساڵدا کەمترین رووداو روویانداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013081117351089189

جەژنی ئەمساڵی رەمەزان پاکترین جەژن بووە لەکۆیە و کەمترین رووداو روویانداوە تەنیا یەک منداڵ بەرووداوی ئۆتۆمبیل گیان لەدەست دەدات وچوار ئافرەتیش بریندار دەبن ئەو ئامارەش بەبەراورد بەساڵانی رابردوو رێژەیەکی زۆر کەم روداو رویانداوە.
لەلای خۆشیەوە، ئیبراهیم مەناف بەرێوبەری پۆلیسی نەهێشتنی تاوان لەکۆیە بە(خەندان)ی راگەیاند:"ئەم جەژنەپاکترین جەژنە لە چاو ساڵانی رابردوو هیچ روداوێکی نەخوازراو روویان نەداوە و کەسیش بەتۆمەتی ئەنجامدانی تاوان دەستگیر نەکراوە."
بەرێوبەری پۆلیسی کۆیەش عەقید شوکروڵا بە(خەندان) راگەیاندووە:"بۆجەژنی ئەمساڵ پلانێکی تۆکمەمان دانابوو بۆ پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیان و سەرجەم هێزەکانمان بەشە و و بەرۆژ خزمەتی هاوڵاتیانیان دەکرد."
لەدرێژەی قسەکانیدا بەرێوبەری پۆلیسی کۆیە وتیشی:بەهاوکاری دەزگا ئەمنیەکان و هۆشیاربونەوەی هاوڵاتیان کەمترین رووداو رویان داوە.
بەرێوبەری پۆلیسی هاتوچۆی کۆیە شۆرش کاکە بە(خەندان)ی راگەیاند:سوپاس بۆخودا لەم جەژنەدا روداوی هاتوچۆ زۆر کەم رویانداوە. تەنیا لە سێیەم رۆژی جەژن ئۆتۆمبیلێک لە رێگای تەق تەق-کۆیە وەرگەرا چوار ئافرەت بریندار دەبن و منداڵێکی تەمەن دوو ساڵان دەمرێت کە سەرجەمیان ئەندامی یەک خێزانن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 11-08-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1127

## کێشەکانی چەمچەماڵ لە ساڵی 2013 کەمیانکرد

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010114375986977

خەندان - هەڵۆ نەجات
بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی چەمچەماڵ، ئاماژەیدا بەوەی سەرەڕای هەبوونی کێشە لە ساڵی 2013 لەچەمچەماڵ، بەڵام بەبەراورد بە ساڵی 2012 کێشەکان کەمیانکردووە .
لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، نەقیبی مافپەروەر (جەلال محەمەد)، وتەبێژیی پۆلیسی چەمچەماڵ رایگەیاند، کیشەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمیانکردووە لەساڵی 2013 بەبەراورد بەساڵی 2012، وتیشی: هاوڵاتیان هاوکارێکی باشی هیزەکانی پۆلیس و ئاسایشن .
نەقیب جەلال محەمەد ئەوەشی خستەڕوو کە لە ساڵی 2012، 2 هەزار و 537 کێشە لە چەمچەماڵ روویانداوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ساڵی 2013 تەنها هەزار و 700 کێشە هەبووە،

ئەوەشی ڕاگەیاند کە، ساڵی 2012 16 حاڵەتی کوشتن هەبووە، ئەمە لەکاتێکدا کە لە ساڵی 2013 تەنها 6 حاڵەتی کوشتن تۆمار کراون .
بەوتەی نەقیب جەلال محەمەد، زۆربەی حاڵەتەکانی دەستگیر کردن لەچەمچەماڵ لەساڵی 2013 دەرهەق بەوانە بووە کە تاوانیان ئەنجامداوە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-01

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1128

## کەرتی گەشتوگوزار لە 6 مانگدا 85 ملیۆن دۆلار زیانی بەرکەوتوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015012122490684673

سەرۆکی کۆمەڵەو میوانخانەکانەو چێشتخانەکانی کوردستان ئاماژە بەخراپی دۆخی گەشتیاریی لەهەرێمی کوردستان دەکات و ڕایگەیەنێت کە داخستنی میوانخانەکان ڕوولەزیادبوونە و ڕۆژانە بەردەوامی هەیە.
ئاوێنەنیوز، زریان محەمەد: هێرش ئەحمەد کەریم سەرۆکی کۆمەڵەو میوانخانەکانەو چێشتخانەکانی کوردستان بەئاوێنەنیوزی ڕاگەیاند کە جگە لەهۆکارە دیارەکانی وەک قەیرانی دارایی و گرتنی بازگەکان و شەڕی داعش، هاوکات هۆکارێکی دیکەی کەمبونەوەی گەشتیار بۆ کوردستان بە و ڕێژە گەورەیە بەشێکی پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە ڕاگەیاندنە بیانییەکان کوردستانیان وەک شوێنێکی نائاسایی پیشانداوە کە شەڕی تێدایە.
ژمارەی ئەو ئۆتێل و مۆتێلانەی لەسەرەتای ساڵی 2014ەوە داخراون 72 دانەیەو ڕێژەکەش بەردەوام زیاد دەکات، "ئەوانەی شوێنەکانیشیان دانەخستوە 50% کارمەندەکانی کەمکردۆتەوە."
هێرش ئەحمەد ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە تا ئیستاش هیچ کارێکی بەرچاو نەکراوە کە بتوانرێت ئەو ژێرخانە بەرزکەینەوە "بەنوسراوی فەرمی داوامان لەوەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارکردووە فریای ئەو قەیرانە بکەون و ڕێگەچارەیەک بدۆزنەوە بەڵام تا ئێستا بەدەممانەوە نەهاتون."
سەرۆکی کۆمەڵەو میوانخانەکانەو چێشتخانەکانی کوردستان ئاماژەی بەوەشدا زۆرترین ئوتێل و مۆتێل لە شاری هەولێرداخراون و لە سلێمانیش ڕێژەیکی بەرچاوداخراون کە ئۆتێلی پێنج ئەستێرەش لەخۆدەگرێت ئەوانەی داش نەخراون بەڕێژەی 12% میوانیان نیە.
سەبارەت بەو زیانانەی بەر کەرتی گەشتوگوزار کەوتووە ئاماژەی بەوەدا "زیانی گەشتوگوزار لە شەش مانگی کۆتایدا 85 ملیۆن دۆلاربوە و ئەگەر ئەم قەیرانە وایروات ڕێژەکە زیاتر دەبێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2015-01-21

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: داعش
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1129

## کەرکووک.. لەساڵێکدا 11 مەلا چوونەتە نێو داعش

http://www.kurdipedia.org/?q=2015061114555926945

لە ساڵێکدا 11 مەلا لە سنووری کەرکووک چوونەتە نێو رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و سێ لەو مەلایانەش بەدەستی پێشمەرگە کوژراوان .
پێنج مەلای دیکە بەرلەوەی بچنە ریزی داعش دەستگیرکراون، ئەو مەلایانە بەشێکیان خەڵکی شارەکەن و بەشێکی دیکەیشیان لە ئەنبار و ناوچەکانی دیکەوە هاتبوونە کەرکووک.
بەگوتەی بەرپرسانی وەقفی سوننە لە کەرکووک هێشتا هەندێک مەلا لە کەرکووک هەن لایەنگری داعش دەکەن، ئەوان لە هاوئاهەنگیدان لەگەڵ دەزگا ئەمنییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسەکە.
ئەمە لەکاتێکدایە، کە بەشێکی مەلاکان پێشتر لەریزی رێکخراوی قاعیدە بوون و دوای داعش چوونەتە ریزەکانی رێکخراوەکە.
پۆلیسی کەرکووکیش ناوی چەند کەسێک لەوانە بۆ رووداو ئاشکرا دەکات، کە خۆیان وەک مامۆستای ئایینی ناساندووە و بوونەتە داعش، لەوانەش مەلا جاسم، مەلا مەجید، مەلا تەها، مەلا محێدین، کە خەڵکی دیاربوون و پێشتر لە نێو قاعیدە بوون لەم دواییانەش لەگەڵ داعش لە سنووری حەویجە بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 11-06-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: داعش

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

شارەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1130

## کەرکوک.. 25 هەزار خێزانی ئاوارەی عەرەب گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانیان

http://www.kurdipedia.org/?q=201508221380966548

لە ماوەی یەک هەفتەدا لە شاری کەرکوک 25 هەزار خێزانی ئاوارەی عەرەب گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان، قائیمقامی شارەکەش رایدەگەیەنێت، ئاوارە عەرەبەکان بوونەتە مایەی بەرزبوونەوەی نرخی بازاڕو خانوو و دروستبوونی بێکاری.
کامیل ساڵەیی، قائیمقامی کەرکوک بە خەندانی راگەیاند: "بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی شاری کەرکوک لە ماوەی یەک هەفتەدا لە شارەکە 25 هەزار خێزانی ئاوارەی عەرەب گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان."
وتیشی: "سەرجەم ئاوارەکانی کەرکوک لە ئێستادا، بەپێ ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی کەرکوک، 110 هەزار خێزانی عەرەب لە شارەکەدا نیشتەجێن."
ئاماژەی بەوەشکرد، "سەرجەم ئە و خێزانە عەرەبانەی هەفتەی رابردوو گەڕاونەتەوە بۆ شارەکانی سەڵاحەدین و تکریت و ئەنبار."
راشیگەیاند: "ئاوارە عەرەبەکانی کەرکوک کاریگەریان خستۆتە سەر بەرزبونەوەی نرخی بازاڕو کاڵا و شمەک، لە هەمانکاتدا نرخی خانوو و زەوی گران بووە جگە لەوەش بێکاریی رووی لە شارەکە کردووە."
قائیمقامی کەرکوک روونیشکردەوە، "ئەگەر بە بەردەوامی ئاوارە عەرەبەکان بگەڕێنەوە بۆ شارو ناچەکانی خۆیان، کەرکوک لە هەموو روویەکەوە بوژانەوە بە خۆیەوە دەبینێت، بازاڕیش وەک پێشووتر ئاسایی دەبێتەوە و کێشەی بێکاریش چارەسەر دەبێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: پەناهاندە
شارەکان: 🌢 کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: IQئێراق
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1131
**کەرکوک.. ئاماری توندوتیژییەکان دژ بە ژنان لە ماوەی 10 مانگدا**
http://www.kurdipedia.org/?q=2014112514165278046
حەسەن جومعە
بەپێی ئاماری گروپی (نا بۆ توندوتیژی دژ بە ژنان) لە شاری کەرکوک لە ماوەی دە مانگی رابردوودا چەندین کاری توندوتیژی جۆراوجۆر دژ بە ژنانی کەرکوک ئەنجامدراوە و بە و هۆیەشەوە چەندین ئافرەت کراونەتە قوربانی .
سرود محەمەد، ئەندامی گروپی (نا بۆ توندو تیی دژ بە ژنان) و چالاکوانی بواری ژنان بە خەندانی راگەیاند: "بەپێی ئاماری گروپی نا بۆ توندوتیی دژ بە ژنان لە شاری کەرکوک لە ماوەی دە مانگی رابردوودا چەندین کردەوەی جۆراو جۆر دژ بە ژنانی کەرکوک ئەنجامدراوە و بە و هۆیشەوە چەندین ئافرەت کراونەتە قوربانی بەبێ ئەوەی هەوڵێکی جدی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان."
وتی: "هەر لە شاری کەرکوک لە ماوەی 10 مانگی رابردوودا 24 حاڵەتی کوشتنی بە ئەنقەست دژ بە ژنان ئەنجامدراوە، لە هەمانکاتدا 53 حاڵەتی سووتاندنی ژنان تۆمار کراوە لەگەڵ ئەوەشدا 5 حاڵەتی کوشتن بە لێدان تۆمار کراوە، هەروەها 2 حاڵەتی رفاندنی ئافرەت تۆمار کراوە و دواتر تەرمەکانیان دۆزراونەتەوە، بۆیە لە کۆی ئە و توندوتیژیانەی کە لە ماوەی دە مانگی رابردوود دژ بە ژنانی کەرکوک ئەنجامدراوە 84 ژن بوونەتە قوربانی و گیانیان لەدەستداوە."
سرود محەمەد راشیگەیاند: "بۆ ئەوەی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان لەشاری کەرکوکدا کەم بکرێنەوە، دەبێت دادگایەکی تایبەت دابمەزرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان و هەروەها پەناگەیەک بکرێتەوە بۆ ئە و ژنانەی کە توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێت لەگەڵ ئەوەشدا یاسایەک دەربکرێت بۆ نەهێشتنی گرێبەستی هاوسەرگیری لە دەرەوەی داداگاکان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-11-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: 🌢 کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1132
**کەرکوک.. ئاماری رووداوەکانی هاتوچۆ لە ماوەی شەش مانگدا**
http://www.kurdipedia.org/?q=2015080316262885803
بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی شاری کەرکوک لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا چەندین حاڵەتی جۆراو جۆری رووداوی هاتوچۆ لە ناوی شاری کەرکوک روویانداوە و هەر

لە ئەنجامی ئە و رووداوانەشدا چەندین زیانی گیانی و مادی سەریان هەڵداوە.
عەمید محەمەد تاهیر، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هاتوچۆی شاری کەرکوک بە خەندانی راگەیاند: "بەپێ ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی شاری کەرکوک لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا چەندین حاڵەتی جۆراو جۆری هاتوچۆ روویانداوە و بە هۆی ئە و رووداوانەشەوە ژمارەیەک زیانی گیانی و مادی تۆمار کراون."
وتیشی: "لە ناوی شاری کەرکوک لە ماوەش ئە و شەش مانگەدا 151 حاڵەتی پێکدادان وەرگەڕان لە نێوان ئۆتۆمبێلەکاندا روویانداوە."
ئاماژەی بەوەشکرد: "لە کۆی ئە و رووداوانەدا هەشت هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوە و لە هەمانکاتدا 83 هاوڵاتی تریش بریندار بوون."
ئەوەشی خستەڕوو کە، هۆکاری زۆربەی رووداوەکانی هاتوچۆ ناو شاری کەرکوک بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە خراپی رێگە و بانەکانەوە هەیە، هەروەها لەلایەکی ترەوە پەیوەندی بە خودی شۆفێرانەوە هەیە کە مەرجەکانی شۆفێری و هاتۆچۆ کردن جێبەجێ ناکەن.
روونیشی کردەوە کە، لە کەرکوک لە ماوەی ئە و شەش مانگدا 16391 حاڵەتی سەرپێچی شۆفێران تۆمار کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەست بەسەر 122 ئۆتۆمبێلی جام رەشدا گیراوە، جگەلەوەش 28 ماتۆرسکیل دەست بەسەرکراون و بەشێکی زۆر لە و سەرپێچیانەش رەوانەی دادگا کراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-08-03

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: رووداوی هاتووچۆ

جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی

شارەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1133

## کەرکوک.. لە 10 مانگی ڕابردوودا 740 کەس گیانیان لەدەستداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014121813375678235

بەپێی تۆماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کەرکوک، لە ماوەی 10 مانگی رابردوودا، 740 کەس گیانیان لەدەستداوە و 2066 کەسیش بریندار بوون، کە زۆرینەیان دانیشتوی کەرکوکن‌و ئەوانی تریش خەڵکی پارێزگاکانی دیکەن.
دکتۆر سەباح ئەمین، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی کەرکوک، لە لێدوانێکی دا بەنەوای ڕاگەیاند: بەهۆی ڕووداوە جۆراوجۆرەکانەوە، چ تەقینەوەی ئۆتۆمبیل، یان بۆمبی تەوقیتکراو، یان هەر حاڵەتێکی تری کوشتن بێت، 740 شەهید لە بەڕێوەبەرایەتیەکەیان تۆمارکراوە.
ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا: لەو ژمارەیە 501 کەسیان کەرکوکین‌و 228 کەسپشیان دانیشتوی پارێزگای سەڵاحەدینن، ئەوانی تریش دانیشتوی پارێزگاکانی دیالە و موسڵ و ئەنبارن‌و، ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی کەرکوک کراون.
بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی کەرکوک، ئاشکراشیکرد: لەماوەی 10 مانگی ڕابردوو، 2066 بریندار تۆمارکراوە، کە لە کارە تیرۆریستیەکاندا بریندار بوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی

شارەکان: کەرکوک

وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1134
## کەرکوک.. لە مانگی ئابدا 1260 منداڵ لە دایکبوون
http://www.kurdipedia.org/?q=20150908153810859 93
بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک رایدەگەیەنێت، بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک لە ماوەی مانگی ئابی رابردوودا 1260 منداڵ لە دایکبوونە و لە هەمانکاتدا 22 حاڵەتی دوانەش بوونیان هەیە.
دکتۆر سەباح ئەمین، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک بە خەندانی راگەیاند: "بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک، لە ماوەی مانگی ئابی رابردوودا 1260 منداڵ لە دایکبوون و 22 منداڵی دوانەش لە دایکبوون."
وتیشی: "لە و 1260 منداڵەی کە لە دایکبوون 625 کەسیان کورن، هەروەها 629 کەسی تریشیان کچن، هەر بە و پێیەش هەموو رۆژێک 42 منداڵ لە کەرکوک لە دایکبوون."
ئاماژەی بەوەشکرد، لە هەمانکاتدا لە کۆی سەرجەم پرۆسەکەدا 380 منداڵیان لە رێگەی نەشتەرگەرییەوە لە دایکبوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-09-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: تەندروستی
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1135
## کەرکوک.. لە ماوەی یەک مانگدا 99 تیرۆریست و داواکراو دەستگیرکراون
http://www.kurdipedia.org/?q=20150907152514859 79
وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک رایدەگەیەنێت، لە ماوەی یەک مانگدا لە ناو شاری کەرکوک هێزەکانی ئاسایش توانیویانە 99 تیرۆریست و داواکراو دەستگیر بکەن.
فەرهاد حەمە عەلی، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک بە خەندانی راگەیاند: "هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک لە 1ی ئابی 2015، تاکو کۆتایی هەمان مانگ توانیویانە لە ناو شارەکەدا 99 تیرۆریست و داواکراو دەستگیر بکەن."
وتیشی: "دەتسگیرکراوەکان بریتین لە باندەکانی چەکدارانی داعش و رفاندن و کوشتن و دزی، هەروەها بەشێکی زۆریش لە دەستگیرکراوەکان بەپێی مادەی 4ی تیرۆر داواکراون."
ئاماژەی بەوەشکرد، سەرجەم دەستگیرکراوەکان رەوانەی دادگای شاری کەرکوک کراون بە مەبەستی داداگایی کردن و سزادان."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-09-07

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1136

## کەرکوک.. لەماوەی چوار مانگدا شەش ژن کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140512161856762 68

خەندان- محەمەد کەرکوکی
بە پێی ئامارێکی تایبەت لە ماوەی چوار مانگی رابردوودا لە شاری کەرکوک و دەوروبەری شەش ژن کوژراون یان خۆیان کوشتووە، کچێکیش رفێنراوە، ئەمەش لە کاتێکدا کە دوێنێ بەڕێوەبەری توندوتیژی دژی ژنان ئاماژەی بەوەدابوو کە لەماوەی چوار مانگدا هیچ ژنێک نە کوژراوە.
بە پێی ئامارێکی باوەر پێکراو کە وێنەیەکی دەست خەندان کەوتووە، لە ماوەی چوار مانگی رابردوو لە شاری کەرکوک و دەوروبەری شەش ژن کۆتاییان بە ژیانیان هاتووە.
هەر بە پێی ئامارەکە هاتووە لە قەزای داقوقی سەر بە پارێزگای کەرکوک لە لایەن دووکەسەوە دەچنە سەرماڵی هاوڵاتییەک و دەیاندەنە بەر دەسترێژی گوللە و لە و دەسترێژەدا ژنێک کوژراوە.
لە گەڕەکی ئەسرای شاری کەرکوکیش لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە ژنێکی تەمەن 62 بە ناوی (س) دەکوژرێت.
لە گوندی (عەوادییە)ی سەر بە ناحییەی رەشاد لە لایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە ماڵی هاوڵاتیەک دەدرێتە بەر دەسترێژی گوللە و بە هۆیەوە ژنێک بە ناوی (ن) دەکوژرێت.
هەر بە پێی ئامارەکە لە گەرەکی عروبەی شاری کەرکوک ژنێک بە ناوی (ئ) لە لایەن هاوسەرەکەیەوە لە ژێر ناوی شەرەف دەسوتێنرێت و کوتایی بە ژیانی دێت.
لە گەرەکی رەحیماوای شاری کەرکوک ژنێکی تەمەن 19 ساڵ لە ماڵەکەی خۆیاندا لە رێگەی چەکەوە گوللەیەک دەنێ بە خۆیەوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.
لە شاری کەرکوک و لە گەڕەکی پەنجا عەلی ژنێکی دیکەی تەمەن 18 ساڵ ئەویش لە ماڵەکەی خۆیانداو لە رێگەی حەبلەوە خۆی دەخنکێنێت و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێت.
سەرچاوەیەکی ئاگاداریش بە خەندانی راگەیاند: لە لایەن دوو کەسەوە کچێکی تەمەن 17 ساڵ لە بەردەم ماڵەکەی خۆیان لە گەرەکی ئەسرای شاری کەرکوک دەرفێنرێت و دواتر دووکەسەکە دەستگیر دەکرێن و کچەکەش رادەستی خانەوادەکەی دەکرێتەوە .
ئەم ئامارە لە کاتێکدایە کە بەرێوبەری توندوتیژی دژ بە ژنان لە شاری کەرکوک رایگەیاندبوو، ماوەی چوار مانگە هیچ حاڵەتێکی ژن کوشتن تۆمار نەکراوە، ئەوەش یەکەمینجارە لە کەرکوک و دوای تێپەڕبوونی چوار مانگ ژن نەکوژرا بێت.
بە پێی هەواڵێکی پێگەی ئەلیکترۆنی(کەرکوک ناو) عەقید غەریب ئەنوەر، بەڕێوەبەری توندوتیژی دژ بەژنان لە بەڕێوبەراتی پۆلیسی کەرکوک رایگەیاندبوو: لە ماوەی چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵی 2014 دا لە پارێزگای کەرکوک لەلایەن ژنانەوە 54 سکاڵا لەسەر پیاوان تۆمارکراوە.
وتیشی: "لە ناو ئەو سکاڵایانەدا 33 حاڵەتیان دژی ئەو پیاوانەیە کە لە ژنەکانیان داوە هەروەها هەشت حاڵەتیشیان تێیدا پیاوەکان هەڕەشەی کوشتنیان لە هاوسەرەکانیان کردووە."
بەڕێوەبەری توندوتیژی دژ بەژنان خۆشحاڵی خۆی نیشاندابوو بەوەی بە بەراورد بە ساڵی رابردوو لە چوار مانگی سەرەتای ئەمساڵدا هیچ حاڵەتێکی "کوشتن و بریندارکردن و رفاندنی" ژنان لە کەرکوک تۆمارنەکراوە.
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 12-05-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: کەرکوک

---

وڵات:                باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1137
## کەرکوک.. لەماوەی مانگێدا 15 حاڵەتی دزیکردن ئەنجام دراوە
http://www.kurdipedia.org/?q=20150908153639859992
لە ناو شاری کەرکوک دزیکردن بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە و لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا لە شارەکە 15 حاڵەتی دزیکردن ئەنجام دراوە، بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوانەکانی کەرکوکیش رایدەگەیەنێت، هۆکارەکەی بۆ دیاردەی بێکاری دەگەڕێتەوە.
عەقید رەزوان شوکر، بەڕێوبەری نەهێشتنی تاوانەکانی شاری کەرکوک بە خەندانی راگەیاند: "ماوەیەکە دزیکردن لە ناو شاری کەرکوک بە شێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە و رێژەکەش لە هەڵکشاندایە لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا لە شارەکەدا 15 حاڵەتی دزیکردن ئەنجام دراوە."
وتیشی: "کۆی ئە و 15 دزیینانەی کە ئەنجام دراون لە ماوەی یەک مانگی رابردوودا، چەند کەسێک هەستاون بە ئەنجامدانیان و سەرجەمیان دەستگیرکراون دانیان ناوە بە تاوانەکانیاندا."
ئاماژەی بەوەشکر، لە ناو دەزکاندا گروپێک دەستگیرکراون کە چەندین ئۆتۆمبێلیان دزیووە، هەروەها سێ کەسی تریان لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا 18 جار دزیان کردووە لە گەڕەکانی (ئیسکان و گورگەچاڵ و شۆراو."
روونیشیکردەوە، کە هۆکاری دزیکردن لە شاری کەرکوک دەگەڕێتەوە بۆ دیاردەی بێکاری و بەپێی ئە و ئامارانەشی کە بەردەستن دەربارەی کۆمپانیا و کارگەکانی شارەکە، کارگە هەیە 300 کرێکاری هەبووە کەچی ئێستاکە تەنها دوو پاسەوانی هەیە، هەر ئەوەش وایکردووە رۆژ دوای رۆژ دزیکردن بەرە و زیادبوون بچێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-09-08

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: سەرپێچی
شارەکان:              کەرکوک
وڵات:                باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1138
## کەرکوک..740 کەس بەهۆی کردەوەی تیرۆریستییەوە کوژراون
http://www.kurdipedia.org/?q=20141231102107844460
حەسەن جومعە
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک، لە سەرەتای ئەم ساڵەوە تا مانگی 10 بەهۆی ئەنجامدانی تەقینەوە و کردەوە تیرۆریستییە جۆر بە جۆرەکانەوە لە شاری کەرکوک 740 کەس کوژراون و 2067 کەسی تریش بریندار بوون و لەناو بریندارەکانشیدا چەندین کەس کەمئەندام بوون .
د. سەباح ئەمین، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک بە خەندانی راگەیاند: "بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکەیان، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا مانگی 10 بەهۆی ئەنجامدانی تەقینەوە

و کردەوە تیرۆریستییە جۆر بە جۆرەکانەوە لە شاری کەرکوک 740 کەس کوژراون و 2067 کەسی تریش بریندار بوون."
وتیشی: "ئە و 740 کەسەی کە کوژراون بەهۆی تەقینەوە و کردەوە تیرۆریستییەکانەوە، تەنها 501 کەسیان دانیشتووی شاری کەرکوکن، سەرجەم ئەوانی تر خەڵکی دەرەوەی شاری کەرکوکن."
راشیگەیاند: "لە ناو بریندارەکانیشدا چەندین کەس کەمئەندام بوون، بەڵام بە ژمارە تۆمار نەکراون."
ئەوەشی خستەڕوو کە، بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی تەندروستی کەرکوک توانیویەتی بەشێوەیەکی زۆر باش چارەسەری بەشێکی زۆر لە بریندارەکان بکات، بەڵام هەندێک جاریش بە هۆی نەبوونی پێداویستی تایبەتەوە بریندارەکان رەوانەی نەخۆشخانەکانی هەولێر و سلێمانی کراون .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 31-12-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1139

## کەرکوک: لە سێ رووداوی هاتووچۆدا پێنج کەس بوونە قوربانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102411565988215

لە سێ رووداوی هاتووچۆدا لە شاری کەرکوک و دەوروبەری هاوڵاتییەک گیانی لە دەستداو چواری دیکەش بریندار بوون.
سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی کەرکوک بە (خەندان) ی راگەیاند: بەرە بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە لە ئاکامی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێکی جۆری (بی ئێم) لە سەر رێگای گشتی کەرکوک هەولێر بە هۆیەوە شۆفێرەکەی گیانی لە دەستدا.
وتیشی: "هەر بەهۆی ئەو رووداوەوە ئۆتۆمبێلەکە سوتاوە."
هەمان سەرچاوە رایگەیاند: بەهۆی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێلی (هۆندای ئەلەنترا و ئۆپڵ ئۆمیگاوە) لە سەر رێگای فرۆکەخانەی کەرکوک چوارکەس بریندار بوون.
ئاماژەی بەوەشکرد لە ناوچەی رێگەی بەغدای شاری کەرکوکیش دوو ئۆتۆمبێل پێکیاندا داوە و جگە لە زیانی مادی گیانی بە دواوە نەبووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 24-10-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1140

## کەرکوک، ساڵی رابردوو 25 کەس خۆیان کوشتووە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011014194886741

خەندان- محەمەد کەرکوکی
بە پێی ئامارێکی باوەر پێکراو لە ساڵی رابردوو لە پارێزگای کەرکوک و دەوروبەر ی(25) کەس خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر کوشتووە. سەرچاوەیەکی ئاگاداریش رایدەگەیەنێت کە چەند کەسێکیش

هەوڵی خۆ کوشتنیان داوە بەڵام رزگاریان بووە.
سەرچاوەیەکی ئاگادار بە خەندانی راگەیاند "بە پێی ئامارێکی باوەڕ پێکراو لە ساڵی رابردوو واتە (2013) لە شاری کەرکوک و دەوروبەری (25) کەس خۆیان کوشتووەو کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە".
سەرچاوەکە وتیشی، بە پێی ئەو ئامارە لە کۆی ئەو (25) کەسە (16)یان لە رەگەزی نێرن هەروەک وتیشی لە نیویاندا ئەفسەرو پۆلیس و خوێندکارو پێشمەرگەش هەیە. وتیشی (9) کەسەکەی دیکە لە رەگەزی بەرامبەرە واتە مێیە.
ئەو سەرچاوەیە ئەوەشی وت " ئەو(25) کەسە بە شێوەی جۆراو جۆر کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە چ لە رێگەی چەکەوە بێت یاخود خنکاندن بێت یان سوتاندن.".
بە پێی ئامارەکە (5) کەسی دیکە ش لە هەردوو رەگەز هەوڵی خۆ کوشتنیان داوە، بەڵام رزگاریان بووەو لە نەخۆشخانە چارەسەریان بۆ کراوە.
سەرچاوەکە ئەوەشی ئاشکراکرد پێدەچێت رێژەکە لەوە زیاتر بێت بەڵام لەوانەیە تۆمار نەکرابێت یاخود بە جۆرێکی دیکە پەردە پۆش کرابێت...
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-10

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1141

## کەرکوک؛ لەبودجەی ساڵی رابردوو 500 ملیار دینار بۆ پرۆژەکان خەرجکراوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130924125827885 28

ئیدارەی کەرکوک لەبودجەی ساڵی رابردوو 500 ملیار دیناری بۆ پرۆژەکانی کەرکوک خەرجکردووە و لەماوەی دوو ساڵی رابردووشدا 228 خوێندنگە لەسنووری پارێزگاکە دروستکراون یان نۆژەنکراونەتەوە .
دوێنێ لەکۆبوونەوەیەکی پارێزگاری کەرکوک لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەکاندا بڕیاردرا لیژنەیەک بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییەی کەرکوک پێکبهێنرێت، هەروەها تەئکید لەسەر فراوانکردنی رووبەری سەوزایی لەکەرکوک کرایەوە و لەلایەن پارێزگاریشەوە پێشنیازێک پەسەندکرا بۆ دروستکردنی چەند کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون بۆ خێزانە هەژارو کەمدەرامەتەکان.
سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - 2013-09-24

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1142

## کەرکوک... لە ماوەی مانگێکدا 58 تۆمەتبار دەستگیرکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150819165532753 97

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک لە راگەیاندراوێکدا کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە رایدەگەیەنێت، کە لە ماوەی مانگێکدا 58 تۆمەتباریان دەستیگرکردووە لە بوارە جیاوازەکانی تاواندا.
لە راگەیاندراوەکەدا هاتووە: "بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکوک لە ماوەی مانگێکدا 58 کەسیان دەستگیر کردووە کە سەرجەمیان دانیان بە تاوانەکانیاندا ناوە."

ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە، کە ئە و تاوانانەی ئەنجام دراون لەلایەن ئە و 58 کەسەوە ئەمانەن (تێوەگلان لە کاری کوشتن، رفاندن و هەڕەشە کردن، بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، کاری قاچاغ کردن بە ڕێگەی نایاسایی، جگە لەوەش بەشێکی تریان لەلایەن دادگاوە داواکراون بەپێی مادەی 4ی تیرۆر."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 19-08-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و راپرسی: توندوتیژی
شارەکان: کەرکوک
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1143
## کەرکوکو خورماتو ساڵێکی خوێناوییان بەڕێکرد
http://www.kurdipedia.org/?q=20140116095720866669
ئاماری تەقینەوە و کردەوە خۆکوژییەکانی ساڵی رابردو، دەریدەخات لەماوەی ساڵی رابردودا (392) کەس لەکەرکوک کوژراون و (619) کەسیش برینداربون. بەڕای شارەزایەکی بواری ئەمنی کرانەوەی سنورەکانی سوریاو نەبونی پلانێکی ئەمنی تۆکمە بوەتە هۆی زیادبونی تەقینەوەکان و هەڵکشانی ژمارەی قوربانیەکان.
ئا: سۆران کامەران
بەپێی ئامارێک کە وێنەیەکی دەست ئاوێنە کەوتوە، لەماوەی ساڵی (2013)دا لەسنوری شاری کەرکوک (72) ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوو (645) بۆمب تەقیوەتەوە، بەهۆی ئە و کردەوانەشەوە (392) کەس کوژراون و (619) کەسیش برینداربون. هەر لە و ئامارەدا (150) حاڵەتی رفاندنی هاوڵاتیانی شارەکە تۆمارکراوە.
قەزای خورماتو، ساڵی رابردوی ساڵێکی خوێناوی بو، بەجۆرێک کەم رۆژ هەبو هەواڵی تەقینەوەکانی ئە و قەزایە نەبێتە سەردێڕی هەواڵی میدیا عێراقی و جیهانیەکان. ئاماری روداوەکانی خورماتو ئاشکرای دەکات لەسەر ئاستی هەمو عێراق زۆرترین رێژەی قوربانی تۆمارکردوە و تائێستا هیچ قەزایەک هێندەی خورماتوو قوربانی نەداوە.
بەگوێرەی ئامارەکە، لەساڵی رابردودا (145) تەقینەوە لە و قەزایە رویداوە و بوەتە هۆی کوژرانی (270) کەس و برینداربونی (790) کەس. بەبەراورد بەساڵانی رابردوو، رێژەی تەقینەوەکان و ژمارەی قوربانیەکان بۆ چوار هێندە زیادیکردوە، بەمەش قەزای خورماتو بەخوێناویترین قەزا لەسەر ئاستی عێراق دادەنرێت.
هەر بەپێی ئە و زانیارییانەی لەسەرچاوەیەکی ئەمنیەوە دەست ئاوێنە کەوتوە، لەماوەی ساڵی رابردودا لەسەرجەم ناوچە دابڕاوەکانی کوردستاندا، رێژەی سەرجەم قوربانیەکان گەیشتۆتە (2071) کوژراوو بریندار.
لەبارەی زۆربونی تەقینەوەکان و هەڵکشانی ژمارەی قوربانیەکانەوە، پسپۆڕی بواری ئەمنی شاخەوان عەبدوڵلا دەلۆیی، بە ئاوێنەی راگەیاند هۆکاری سەرەکی زیادبونی کردەوە چەکدارییەکان و تەقینەوەکان "کردنەوەی سنورەکانی سوریایە بەڕوی عێراقدا، تێکچونی دۆخی سوریاش بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری زۆری هەبووە."
بەڕای دەلۆیی، لەکەرکوک کەرەستەی چاکبونی دۆخی ئەمنی هەیە، بەڵام لەهەمانکاتدا رایدەگەیەنێت نەبونی پلانی ئەمنی هۆکارێکە بۆ خراپبونی دۆخەکە، هەروەها دەڵێت "یەکێکی دیکە لەهۆکارەکان ئەوەیە لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە بەشێوەیەکی دڵسۆزانە کار ناکرێت."
بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ئەمنی کەرکوک، دەلۆیی پێشنیار دەکات بازگەکان رادەستی کەسانی پسپۆڕ بکرێت و بۆ ئە و مەبەستەش سود لەهێزەکانی ئاسایش وەربگیرێت، داواشدەکات لەمەودوا

ئیدارەی کەرکوک زۆر خۆی پەیوەست نەکات بەحکومەتی ناوەندییەوە، چونکە "حکومەتی ناوەندی زۆر لاوازە و دەتوانرێت هەنگاوی کرداری زۆر بۆ باشکردنی دۆخەکە بنرێت."
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 2014-01-16

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1144

## کەس نازانێت بودجەی قەزای خانەقین بۆ گیرفانی کێ دەچێت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071616020189553

خەندان سۆران کەریم
سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین، رایدەگەیەنێت، لە ساڵی 2011ەوە تەنها یەک پرۆژە بۆ قەزای خانەقین جێبەجێکراوە، ئەوەشدەخاتەڕوو، کە کەس نازانێت بودجەی خانەقین چی بەسەر دێت و بۆ (گیرفانی) کێ دەچێت.
سەمیر محەمەد نور، سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین، بە (خەندان) ی راگەیاند: حکومەتی ناوخۆیی دیالە ستەم لە قەزای خانەقین دەکات و بەشێوەیەکی بەرچاو پەراوێزی خستووە.
وتیشی: "لە ساڵی 2011ەوە تا ئێستا تەنها یەک پرۆژە بۆ قەزاکە جێبەجێکراوە، کەس نازانێت پشکی قەزاکەمان لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، بۆ (گیرفانی) کێ دەچێت و ناشزانین لە کێ بپرسینەوە."
ئەوەشی خستەڕوو: ساڵی 2008 بڕی 12 ملیار و 500 ملیۆنیان بۆ خانەقین تەرخانکرد، ساڵی 2009 یەک دینار دانەنرا، ساڵی 2010 نزیکەی شەش ملیار تەرخانکرا، بەڵام تا ئێستاش نیوەی ئەو پارەیە خەرج نەکراوە، وتیشی :"لە ئەنجومەنی ماوەتەواوبووی پارێزگاکە شەش ئەندامامان هەبوو، کە یەکێکیان بوو بەسەرۆکی ئەنجومەن، بەڵام رۆڵی کاریگەریان نەبوو بۆ خانەقین، ڕەنگە ئەوانیش بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاریان کردبێت، بۆیە لەم خولەدا لە شەش کورسییەوە، کورد توانی تەنها سێ کورسی بەدەست بهێنێت."
سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای خانەقین، ئاشکراشیکرد: لە لایەن پارێزگای دیالەوە یەک دینار بۆ ئیدارەی قەزاکە خەرج ناکرێت، وتیشی :" قایمقام دینارێکی لە بەردەستدا نییە بۆ خەرجکردنی و دەسەڵاتی ئەوەی نییە لەسەر پارەی حکومەت ماتۆڕێکی ئاو گەر خراپ ببێت، چاکی بکاتەوە."
سەمیر محەمەد نور، لەبارەی ئەو پرۆژانەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ خانەقین جێبەجێکراون، وتی: "ئێمە بە سوپاسەوە ئەڕوانینە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم، پرۆژەی باشیان ئەنجامداوە، هەرچەندە تەنها پابەندبوونێکی ئەخلاقی و نەتەوەییان هەیە بە قەزاکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕێی زیاتریان لێدەکەین، چونکە پرۆژەکانیان بەپێی تموحی ئێمە نییە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-16

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1145

## کەلار.. هەشت کەس بەهۆی پێوەدانی دووپشکەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کران

http://www.kurdipedia.org/?q=2015052715250685400

شەوی رابردوو سێشەممە 26ی ئایاری 2015، هەشت کەس بەهۆی پێوەدانی دووپشکەوە

ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار کران.
سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار بە خەندانی ڕاگەیاند: "شەوی سێشەممەی ڕابردوو با و تەپوتۆزێکی زۆر لە کەلار هەڵیکرد و خۆڵ ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشی، لە و کاتەشدا هەشت هاووڵاتی دانیشتووی کەلار و لادێکانی دەورووبەری کە دووپشک پێوەی دابوون، ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار کران."
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، سێ لە و کەسانەی دووپشک پێوەی دابوون ئافرەت بوون، یەکێکیشیان کە دانیشتووی کەلاری کۆن بوو، بەهۆی خراپی تەندروستیەوە تووشی گەشکە و لەهۆشچوون بوو، دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کرا.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-27

تایبەتمەندییەکانی بابەت
جۆری ئامار و ڕاپرسی: 🩹تەندروستی
شارەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1146
## کەلار، 14 نانەواخانە و سەمونخانە سزا دران
http://www.kurdipedia.org/?q=2014022013454625931
کاتژمێر پێنجی بەرەبەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ نانەواخانە و سەمونخانەکانی شاری کەلار، هەریەک لە قایمقامی قەزای کەلار و بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان، لەگەڵ چەند لیژنەیەکی هاوبەشی چاودێری بازرگانی و ئابووری ئاسایش سەردانی نانەواخانە و سەمونخانەکانیان کرد.
لە ڕاگەیندراوێکدا، کە وێنەیەکی بۆ خەندان نێردراوە، حیکمەت ئەحمەد، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان ڕاگەیاند: "بۆ بەدواداچوونی کاری نانەواخانە و سەمونخانەکانی سنووری شاری کەلار، بەسەر پەرشتی جەلال نوری قایمقامی قەزای کەلار و چەند لیژنەیەک سەردانی زیاتر لە 30 نانەواخانە و سەمونخانەمان کرد و پشکنینی پێویستمان بۆکردن لەڕووی کێش و مەرجەکانی ترەوە."
بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان، وتیشی: "بەهۆی سەرپێچی کردن لە کێشی گونکی نان و سەمونەکانیان پسولەی بانگهێشتمان بۆ 14 نانەواخانە و سەمونخانە کردووە و غەرامەکراون.
حیکمەت ئەحمەد، ئاماژەی بەوەشدا: پێشتر لەگەڵ نوێنەری سەرجەم نانەواخانە و سەمونخانەکان پری کێشی گونک بۆ نان و سەمون دیاریکراوە و خۆیان ڕازی بوون لەسەری، بەڵام بەشێکیان لە و کێشە کەمتر دەیفرۆشن بە هاوڵاتیان.
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: بەپێی ڕێنماییەکان، دەبێت لە هەموو نانەواخانە و سەمونخانەکاندا، 1000 گرام، هەویر کە دەکرێت بەنان یان سەمون بە 1000 دینار بفرۆشرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-02-20

تایبەتمەندییەکانی بابەت
وڵات: باشووری کوردستان
کویک ڕیسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1147

**کەلارییەکان، زۆرترین گۆشتی سوور دەخۆن**

http://www.kurdipedia.org/?q=20130807163414892343

بە پێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری گەرمیان، لە رۆژانی کۆتایی مانگی پیرۆزی رەمەزاندا و بەهۆی نزیکبوونەوەی جەژنەوە، لە کوشتارگاکاندا دوو هەزار و (258) سەر ئاژەڵی بچووک و (136) سەر رەشەوڵاخ، سەربڕاون، کە پشکی زۆری بەر شاری کەلار دەکەوێت.
بە پێی ئامارێکی هۆبەی پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتی ڤێتێرنەری گەرمیان، لە ماوەی رۆژانی کۆتایی مانگی رەمەزاندا و بەهۆی نزیکبوونەوەی جەژنی رەمەزانەوە، لە کوشتارگاکانی سنووری گەرمیان، لە (1ی ئاب)ەوە تا ئەمڕۆ چوارشەممە (7ی ئاب) یەک هەزار و (43) سەر ئاژەڵی سپی و یەک هەزار و (215) ئاژەڵی رەش و (136) رەشە وڵاخ، سەربڕاون.
د. ئارام ئەحمەد، لێپرسراوی هۆبەی پلاندانان، بۆ خەندان رایگەیاند :" لە و رۆژانەدا، تەنها لە شاری کەلار (795) سەر ئاژەڵی سپی و (733) سەر ئاژەڵی رەش و (83) سەر رەشەوڵاخ، سەربڕاون."
هەر بە پێی ئامارەکە، لە مانگی تەمووزی رابردوودا، لە کوشتارگاکانی گەرمیان، یەک هەزار و (706) سەر ئاژەڵی سپی و یەک هەزار و (670) سەر ئاژەڵی رەش و (262) سەر رەشە وڵاخ، سەر بڕاون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-07

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1148

**پانزەهەمین گەنجی کورد لەسوریا کوژرا**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131218122646927444




گەنجێکی تری کورد بەناوی (عوسمان) کە نازناوەکەی خالید کوردی-یە، لەسوریا کوژراوە و ئەمڕۆش ماڵپەڕێکی نزیک لە مەلا کرێکار ئەمیری پێشووی ئەنسار ئیسلام بڵاویکردەوە.
بەپێی زانیارییەکانی ماڵپەری دوربین، ئە و گەنجە لە یەکەم رۆژی رەمەزان گەیشتۆتە سوریا بەمەبەستی جیهاد کردن و هەر لەوێش پەیوەندی کردووە بە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق – شام کە لەئێستادا بە داعش ناویان دەرکردووە.
بەپێی ماڵپەری دوربین، ئە و گەنجە خەڵکی قەزای هەڵەبجەیە و لەشەڕو پێکدادانەکانی شاری دێرزور کە بەناوچەیەکی گەرمی شەڕی نێوان چەکدارە توندرەوە ئیسلامییەکان و حکومەتی سوریا ناوزەد دەکرێت کوژراوە.
بەپێی زانیارییەکانی دەزگاکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان نزیکەی 200 گەنجە لەهەرێمی کوردستانەوە بەرە و سوریا بە مەبەستی "جیهادکردن" رۆشتوون و لە و مەیدانەشدا تاوەکو ئێستا پانزە گەنجیان لێ کوژراوە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-18

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1149

## یونامی: مانگی ئاب زیاتر لە 1420 کەس لە عێراق کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20140331004007992250

فەرمانگەی هاوکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ناسراو بە یونامی ئەمڕۆ دووشەممە ئاشکرایکرد، کە لە مانگی رابردوودا لانیکەم 1420 کەس بەهۆی تیرۆر و توندوتیژییەوە لە عێراق کوژراون و 1370 کەسیش بریندار بوون.
لەو ژمارانە 1265 لە کوژراوەکان و 1198 لە بریندارەکانیش خەڵکی مەدەنی بوون. نیکۆلای میلادینۆف، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: "لە مانگی ئابدا بەپێی خەمڵاندنی نەتەوەیەکگرتووەکان 600 هەزار کەس ئاوارە بوون و هەزاران کەسیش لەلایەن داعش و گرووپە هاوپەیمانەکانیان دەکرێنە ئامانج و دەکوژرێن تەنیا لەبەر هۆکاری ئایینی و تایفی".
لە راگەیێندراوەکەی یۆنامیدا ئەوەش هاتووە کە ئەو داتایە کوژراوان و بریندارانی پارێزگای ئەنبار لەخۆ ناگرێت، چونکە هێشتا بە دواداچوونی تەواو نەکراوە بۆ ئەو داتایەی ئەنبار کە بە دەستیان گەیشتووە.
بەپێی داتای بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی ئەنبار کە پشتڕاستنەکراونەتەوە تا 31 ی مانگی پێشوو 268 کەس لە ئەنبار کوژراون و 796 بریندار کەسیش بریندار‌بوون.
ژمارەی کوژراو و بریندارى مەدەنی بەپێی پارێزگا: بەغدا: 246 کوژراو و 611 بریندار نەینەوا: 625 کەس کوژراو و 70 بریندار کەرکووک: 95 کوژراو و 248 بریندار دیالە: 140 کوژراو و 94 بریندار سەلاحەدین: 105 کوژراو و 103 بریندار
سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - 2014-09-01

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: IQئێراق


ولات: باشووری کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1150

## یۆنامی: رۆژانە (31) کەس لەعێراق دەکوژرێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20131104091405880490




بەگوێرەی ئاماری قوربانیانی تەقینەوە و کردەوە توندوتیژییەکانی چوار مانگی رابردوی عێراق، رۆژانە (31) کەس دەکوژرێت و (70) کەسیش بریندار دەبێ.
ئاوێنە نیوز، سایتی کل العراق: نێردەی عێراقی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان -یۆنامی- ئاشکرای دەکات بەهۆی تەقینەوە و کردەوە توندوتیژییەکانی عێراقەوە، لەمانگی تەموزی رابردودا (3383) هاوڵاتی بونەتە قوربانی، لەمانگی ئابدا (2834) کەس و لەئەیلولدا (3112) کەس و لەتشرینی یەکەمیشدا (2881) کەس بونەتە قوربانی.
یۆنامی ئاماژە بەوەدەکات لەمانگی تەموزدا (1058) کەس و لەئابدا (804) کەس و لەئەیلولدا (979) کەس و لەتشرینی یەکەمیشدا (979) کەس کوژراون. سەبارەت بەژمارەی ئەو کەسانەشی بریندار بون، یۆنامی رایدەگەیەنێت لەمانگی تەموزدا (2326) کەس و لەئابدا (2030) کەس و لەئەیلولدا (2133) کەس و لەتشرینی یەکەمیشدا (1902) کەس بریندار‌بون.

بەگوێرەی ئامارەکەی یۆنامی، لەماوەی چوار مانگی رابردودا (12.210) کەس بونەتە قوربانی: (3819) کوژراوو (8391) بریندار. ئەگەر بێتو ژمارەی قوربانیان دابەشی رۆژەکانی ئەو چوار مانگە بکرێت، ئەوا تێکرا لەهەر رۆژێکدا (101) هاوڵاتی بونەتە قوربانی، واتە رۆژانە (31) کەس کوژراون و (70) کەسیش برینداربون.
ئامارەکەی یۆنامی دەریدەخات لەمانگی تەموزدا (724) هاوڵاتی و لەئابدا (610) و لە ئەیلولدا (760) و لەتشرینی یەکەمیشدا (694) هاوڵاتی کوژراون، کە تێکرا دەکاتە (2788) هاوڵاتی. هەر لە و چوار مانگەدا (1031) پۆلیس و سەربازو ئەندامانی هێزە ئەمنیەکان کوژراون، بەجۆرێک لەمانگی تەموزدا (333) کەس و لەئابدا (194) کەس و لەئەیلولدا (219) کەس و لەتشرینی یەکەمیشدا (285) کەس کوژراون.
لەماوەی چوار مانگی رابردوی ئەمساڵدا، تەنها لەشاری بەغدا (1384) کەس کوژراون، کە دەکاتە (36%) کۆی کوژراوانی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق. لەلایەن خۆیەوە وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق ئاشکرای کرد لەنێوان ساڵانی (2004 - 2013)دا (276) هەزارو (664) کەس کوژراون و بریندار بون. بەجۆرێک (68.389) کەس کوژراون، (191.810) کەس بریندار بون و (16.465) کەسیش بێسەرو شوێن بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - 04-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1151

## یەپەگە 532 چەتە لە جزیرە کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=20150527202445121226

وتەبێژی فەرماندارى گشتی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) رێدور خەلیل و فەرماندارى ئەنجومەنی سەربازی سوریانیەکان هەورۆ کنۆ گابریال، ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی کانتۆنی جزیرەیان ئاشکراکرد. لە ئامارەکەدا راگەیاندراوە 211 گوند رزگارکراون 532 چەتەش کوژراون. هەروەها 46 شەرڤانیش لە دوای شەرێکی قارەمانانە گەیشتوونەتە کاروانی شەهیدان. وتەبێژی یەپەگە رێدوور خەلیل و فەرماندارى ئەنجومەنی سەربازی سوریانیەکان هەورۆ کنۆ گابریال، بە لێدوانێکی چاپەمەنی هاوبەش ئەنجامی هەنگاوی یەکەمینی فەرماندار رووبار قامیشلۆیان ئاشکرا کرد. بەپێی لێدوانەکە لە یەکەمین هەنگاوی فەرماندار رووبار قامیشلۆ، بە ئامانجی رزگارکردنی گوند و پێدەشتەکانی رۆژئاوای کوردستان دەستی پێکرابوو، بە شێوازێکی سەرکەوتوو کۆتایی پێهات. لە هەنگاوی دووەمیشدا شارۆچکەی مەبروکە رزگارکرا. لە هەرێمەکەدا بە فراوانی 1100 کیلۆمەتر و 221 گوند و رزگارکران. لە شەری 15 رۆژەدا، بەپێی ئامارەکان 532 چەتە کوژراون و تەرمی 146 چەتە کەوتۆتە دەستی شەرڤانانی یەپەگە و دوو چەتەش بە زیندوویی دەستگیر کراون. هەروەها ژمارەیەکی بەرفراوان چەک و جبەخانە دەستیان بەسەردا گیراوە. هەرلەو شەڕانەدا 53 ئۆتۆمبێلی چەتەکان بە تەواوی چەتەو جبەخانەکانی ناویەوە تێکشکێندراون .
سەرچاوە: ڕۆژنیوز – ناوەندی هەواڵەکان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: تاوانی جەنگ

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1152

# یەپەگە ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی خۆرئاوای کوردستانیان بۆ ساڵی 2013 بڵاو کردەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131222174731871l5

ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل لە راگەیێندراوێکدا ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی ساڵی 2013 بۆ ڕای گشتی بڵاوکردۆتەوە.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی"فورات نیوز" ناوەندی چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بڵاویانکردۆتەوە، لە ماوەی ساڵێکدا (376) سەربازی رژێمی بەعس ودوو هەزار و923 چەکداری بەرەی نوسرە و دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) کوژراون. لەم شەڕ و پێکدادانانەدا (379) ئەندامی هێزەکانیYPG ، YPJ، و ئاسایشی رۆژئاواش گیانیان لە دەستداوە.

لە درێژەی ئەو هەواڵەدا هاتووە، سەبارەت بە کەسانی دیلەکان راگەیەندراوە:" 790 سەرباز و فەرماندارى ئاسایش و هێزەکانی رژێم بەدیل گیراون. زۆربەیان ئازاد کراون و رادەستی لایەنی پەیوەندیدارەکانیان کراونەتەوە. هەروەها (587) چەکداری دیکەش دیل و بێ کاریگەر کراون.

هەروەها یەپەگە ئاماژەیان بەوە داوە، کە لە ئەنجامی تۆپباران، بۆردومان، تەقینەوە، ئەشکەنجە، شەڕ و پێکدادانەکاندا لە ماوەی ساڵی 2013 دا (379) شەڕڤانی یەپەگە و یەپەژە و هێزەکانی ئاسایش و ئەندامانی ئەنجومەن گیانیان لەدەستداوە.

سەبارەت بە جبەخانەی گروپە چەکدارەکان و هێزەکانی رژێم کە لەلایەن یەپەگە-وە دەستیان بەسەردا گیراوە زانیاری بڵاو کردوەتەوە و رایانگەیاندووە، جبەخانە و کەرەستەی سەربازی کە دەستیان بەسەردا گیراوە بەم شێوەی خوارەوە راگەیەندراوە:

(12) -تانگ
(145) -گوللە تانگ
(7) -ئۆتۆمبیلی زرێپۆشی گواستنەوەی سەربازان
(13) -دۆشکای 12،5 – (17) دۆشکا 14،5 – (4) دۆشکا 23،5
(240) -ئۆتۆمبیل
(43)-ئۆتۆمبیلی سەربازی
(27)-هاوەن
(560)-گوللە هاوەن - 60 میلیم - 82 میلیم – 120 میلیم
(2) -تۆپی (122)
(147)-گوللە تۆپ
- (35) RBG
(980) -مووشەکیRBG
(19) -چەکی نیشانیری
(11) -چەکی جۆریM16
(38) -چەکی جۆریBKC
(2) -هەزار و (967) چەکی کلاشینکۆڤ
(421) -دەمانچە
(84) -تەن ماددەی مین و تەقەمەنی
(7) -کاتیۆشا
(38) -دوربینی شەو
(297) -دوربینی ڕۆژ
(4) -بۆمبە هاوێژ
(5) -تۆپی بە ناوی دۆزەخ
(95) -کەرەستە، موبایل و بێ سیم

(9) -کامێرا
(16) -کۆمپیۆتەری جۆری لاپتۆپ
(2) -هەزار و (900) نارەنجەک
(78) -مووشەکی جۆراو جۆر
(548) -هەزار گوولەی کلاشینکۆف وBKC ، (46)هەزار گوللە دۆشکا، هەروەها ژمارەیەک جبەخانە و کەرەستەی لۆجستیکی دەستیان بەسەردا گیراوە .
هەروەها (9) تانگ، (6) تانگی گواستنەوەی سەربازان و (56) ئۆتۆمبیلی بە دۆشکا تێکشکێنراون'
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 22-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1153

## یەپەگە ئاماری شەڕی مانگی رابردووی راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20150408200223365986

یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" رایگەیاند کە لە رووبەڕووبوونەوەکانی مانگی رابردووی نێوان هێزەکانی یەپەگە و یەپەژە و چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش 1342 چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعش کوژراون.

ئەمڕۆ ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" لە راگەیەندراوێکدا ئاماری شەڕ و بەرخۆدانی هێزەکانی یەپەگە و یەپەژەی مانگی ئاداری لە دژی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لە هەرێمی جزیرەی راگەیاند.

لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەدراوە لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکاندا 1342 چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعش کوژراون و تەرمی 202 چەکداریان کەوتوەتە دەست شەڕڤانان.

ئەوەش خراوەتەڕوو لەو شەڕانەدا پرێکی زۆر لە چەک و جبەخانە و ئۆتۆمبێلی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش کەوتوونەتە دەست شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە.

ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی "یەپەگە" راشیگەیاندووە کە لەماوەی مانگی رابردوودا 61 شەڕڤانی یەپەگە لە بەرخۆدانەکاندا گیانیان لەدەست داوە.

لە راگەیەندراوەکەدا ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە دژی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بەمشێوەیە خراوەتەڕوو:

-هێزەکانمان 74 چالاکی و ئۆپەراسیۆنیان پێکهێناوە.
-هێزەکانمان بەشداری 55 شەڕ و پێکدادانیان کردوە.
- 23چالاکی و هێرش و ئۆپەراسیۆن ئەنجامەکانیان نادیارە.
-دوژمن بە ئۆتۆمبێلی بۆمبرێژکراو دوو هێرشی خۆکوژی ئەنجامداوە.
-1342چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعش کوژراون.
-تەرمی 202 چەکداری داعش کەوتونەتە دەست شەڕڤانان.
- 9چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعش بەدیل گیراون.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، ئەم ئامێر و چەکانەی لەلایەن شەڕڤانانەوە تێکشکێندراون :
- 23ئۆتۆمبێل
- 2چەکی دۆشکە

- 1تانک
- 1ئەمبوڵانس
- 5مۆتۆرسکلێت
- 1هاوەن
- 1تراکتۆر

هاوکات لە راگەیەندراوەکەدا ئاماری ئەو چەک ئامێرانەی لەو مانگەدا کەوتونەتە دەستی شەڕڤانان بەمشێوەیە خراوەتەڕوو:
- 334چەکی کلاشینکۆف و 32 هەزار و 800 فیشەک و 90 مەخزەن.
- 41چەکی بی کەی سی و 14 هەزار و 700 فیشەک.
40 -چەکی ئار بی جی جۆری بی.7
– 212رومانە.
- 1هاوەنی 120 ملم.
– 11ئۆتۆمبێل.
– 5هامەر.
- 2ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری بچووک.
– 3بارهەڵگری گەورە .
– 1ئەمبوڵانس.
– 14کۆمپیوتەر.
- 16چەکی ڕنەو.
- 5دۆشکەی 12 و نیوو
- 2دۆشکەی 14 و نیوو
- 540گولەی دۆشکە
- 51تاقمی مەخزەن
- 16جیهازی بێتەل
- 5سندوق گولەی دۆشکەی 12 و نیوو
- 4چەکی قەناس
- 2دووربین
- 10جانتای تەندروستی
4 -مۆتۆرسکێڵت
- 466مین
- 1تۆپی جۆری 57 ملم
- 2مینوبوس
- 2ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو
- 3چەکی جۆری ئێم 16
- 3تاپڕ
- 8دەمانچە
- 4تەلەفۆن
- 1بەرهەڵگری پڕ لە دەرمان
- 8موشەکی گراند
- 3تراکتۆر

سەرچاوە: رۆژنیوز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل - YPG ژنان - YPJ شەنگال(YBŞ)

جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ

جۆری کەس: قوربانیی داعش

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1154

## یەپەگە کوژرانی 53 چەتە لە رۆژئاوا ئاشکرا دەکات

http://www.kurdipedia.org/?q=20150908123344859 84

ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی یەپەگە ئەنجامەکانی شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی ئابی رابردووی نێوان شەڕڤانەکانیان لەگەڵ چەتەکانی داعش ئاشکرا کرد. ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لەسەر ماڵپەڕی فەرمی خۆیان بەیانامەیەکیان لەسەر ئامارەکانی مانگی ئاب بڵاوکردەوە و رایانگەیاندوە کە لە شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی ئابدا لەنێوان شەڕڤانانیان و چەتەکانی داعشدا 53 چەتە کوژراون و 8 شەڕڤانیشیان دوای بەرخۆدانێکی گەورە ژیانیان لەدەست داوە. لە بەیانامەکەی ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی هێزەکانی یەپەگەدا ئەو زانیاریانەش بڵاوکراوەتەوە: - ئەو هێرش و ئۆپەڕاسیۆنانەی کە یەپەگە لە دژی چەتەکان ئەنجامیداوە 6 چالاکی بوون. - 8 پێکدادان لە نێوان چەتەکان و شەڕڤانان روویداوە - ئەو پێکدادان و شەڕانەی کە لەنێوان چەتەکان و شەڕڤانان ئەنجامدراون و ئەنجامەکانیان نەزانراون 4 چالاکین - 2 هێرشی خۆکوژی لەلایەن چەتەکانەوە بە ئۆتۆمبێل ئەنجامدراوە - کوژراوانی چەتەکانی داعش 53 کوژراوە - ئەو ئۆتۆمبێلە سەربازیانەی کە لەلایەن شەڕڤانانەوە تێکشکێندراون 2 دانەن - ئەو تەرمانەی چەتەکان کە کەوتوونەتە دەست شەڕڤانان 5 تەرمە - ئەو چەک و جەبەخانەیەی کە شەڕڤانان دەستیان بەسەردا گرتووە بریتین لە: 13 کڵاشینکۆف، 950 فیشەکی کڵاشینکۆف، 3 بی کەی سی، 1350 فیشەکی بی کەی سی، گوللە نەپرێک، چەکیکی ب7، چەکێکی سەکڤان، بێ تەلیک، 3 سندوقی تری پڕ لە کەلوپەلی سەربازی و زرێپۆشێک. - ئەو شەڕڤانانەی یەپەگە کە دوای بەرخۆدانیکی مەزن گیانی خۆیان لەدەستداوە 8 شەڕڤانن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل - YPG ژنان - YPJ شەنگال(YBŞ)

پارت / لایەن: داعش

جۆری ئامار و راپرسی: 💣تاوانی جەنگ

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1155

## یەپەگە کوژرانی 497 چەکداری داعشی لە مانگی نیساندا راگەیاند

http://www.kurdipedia.org/?q=20150502203152 85217

ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) رایگەیاند کە تەنیا لە مانگی نیساندا 497 چەکداری رێکخراوی تیرۆریستی داعش کوژراون.
ئەمڕۆ ناوەندی ڕاگەیاندن و چاپەمەنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی نیسانی 2015 ی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا کرد.
بەپێی ڕاگەیاندراوەکە ئاماری مانگی نیسان بەمشێوەیەیە:
•چالاکی و ئۆپەراسیۆنەکانی یەپەگە 45 چالاکی.

•پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەکان 33 جار.
•چالاکی وەک (هێرش، ئۆپەراسیۆن و ڕووبەڕووبوونەوە) کە ئەنجامەکانی نادیارن 16 جار.
•هێرشی خۆکوژی دوژمن بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو 10 جار.
•ژمارەی کوژراوی چەکدارانی داعش 497 چەکدار.
•ژمارەی تەرمی چەکدارانی داعش کە کەوتوونەتە دەست شەڕڤانان 160 تەرم.
•ژمارەی دیلەکانی داعش کەوتوونەتە دەست شەڕڤانان 4 چەکدار.
ئە و ئامێرانەی کەوتوونەتە دەست شەڕڤانان:
22 •ئۆتۆمبێل
1 •دۆشکەی جۆری 14 و نیوو
1 •دۆشکەی جۆری 12 و نیوو
1 •بلدۆزەی بچووک
2 •مۆتۆرسکیلت
5 •ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو
190 •چەکی کلاشینکۆف
2 •هەزار و 900 فیشەکی کلاشینکۆف
174 •مەخزەنی کلاشینکۆف
13 •چەکی بی کەی سی
17 •ئار بی جی جۆری بی7
7 •گولەی ئاڕ بی جی
31 •بۆمبی دەستی (رومانە(
1 •هاوەنی جۆری 120
24 •گولەهاوەن
1 •ئۆتۆمپێلی سەرباز گواستنەوە
1 •بارهەڵگر (شاحینە(
1 •چەکی پرنەو
22 •جیهازی بێ تەل
1 •دووبرین
1 •دەمانچە
8 •موشەکی کاتیۆشا
1 •زرێپۆش
2 •چەکی جۆری ئێم16
یەکینەکانی پاراستنی گەل ئاماژەشی بەوەدا کە کەلە مانگی نیساندا 62 شەڕڤان لەبەرگری و بەرخۆدانەکاندا قارەمانانە بەرگرییان کردووە و گەیشتونەتە کاروانی شەهیدان.
سەرچاوە: ڕۆژنیوز
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2015-05-02

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل - YPG ژنان - YPJ شەنگال(YBŞ) |
| پارت / لایەن: | داعش |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1156

## یەپەگە: لەمانگی گوڵاندا 1005 چەتە کوژراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2015060320351685466
ڕۆژنیوز – ناوەندی هەواڵەکان
ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ڕایگەیاند کەلە مانگی گوڵاندا 1005 چەتە کوژراون و لاشەی 353 چەتەش کەوتوەتە دەست شەرڤانان، ئاشکراشی کردوە کەلە ماوەی یەک مانگی شەڕەکاندا 86 شەرڤانی یەپەگە و یەپەژە شەهیدبوون. هەپەگە ئاماری شەڕەکانی مانگی گوڵانی لەسەر ماڵپەڕی ڕەسمی خۆیان بڵاوکردەوە، بەپێی ڕاگەیەنراوەکە یەپەگە لەو مانگەدا 73 ئۆپەراسیۆنی ئەنجامداوە، بەگشتی 1005 چەتە کوژراون، لاشەی 353 چەتەش کەوتوەتە دەست شەرڤانان و دوو چەتەش بەدیل گیراون. دەربارەی دەستکەوتەکانی دیکە یەپەگە ئاشکرای کردوە کە توانیوانە دەست بەسەر 59 ئۆتۆمبێلی سەربازی، 11 ئۆتۆمبێلی دۆشکە لەسەر، 21 ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو، 3 تانک، 2 پانزێر 1 بارهەڵگر، 1 لۆری و 1 ترکتۆری چەتەکاندا بگرن. ڕاشیگەیاندوە کە ژمارەیەکی زۆر چەک و جبەخانەش کەوتوەتە دەست شەرڤانەکانیان، و جوغرافیایەکی مەزنیان لە چەتەکان پاککردوەتەوە. لەکۆتاییدا ئاماژەی بەوەش کردوە کە لەماوەی شەڕی مانگی گوڵاندا 86 شەرڤانی یەپەگە و یەپەژە بەقارەمانانە شەهیدبوون.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| پارت / لایەن: | داعش |
| پارت / لایەن: | یەکینەکانی پاراستن (گەل - YPG ژنان - YPJ شەنگال(YBŞ) |
| جۆری ئامار و ڕاپرسی: | 💣تاوانی جەنگ |
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| وڵات: | ڕۆژئاوای کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1157
## یەپەگە، ئاماری 15 رۆژی کوژرانی چەکدارانی داعش رادەگەیەنێت
http://www.kurdipedia.org/?q=2014032311470957386
خەندان شاسوار مامە
یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" رایدەگەیەنێت لەماوەی 15 رۆژی شەڕوپێکدادانیان لەگەڵ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام لە کانتۆنی کۆبانی رۆژئاوای کوردستان 150 چەکداری داعش کوژراون و لە بەرامبەریشدا نۆ چەکداریان کوژراوە.
یەپەگە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوودا شاری کۆبانی و دەوروبەری بە رەوشێکی دژواردا دەرباز بووە و لە چەندین لاوە چەکدارانی داعش هێرش دەکەن، بەڵام بەهۆی بەرگری یەکینەکانیان نەیانتوانیوە بەرەو پێش بێن.
یەپەگە راشیدەگەیەنێت، ئامانجی ئەو هێرشانە پچرانی پەیوەندییە لەنێوان کۆبانی، عەفرین و حەلەب.
یەپەگە هێما بۆ ئەوە دەکات زۆرترین شەڕوپێکدادان لە شارۆچکەی سیرینی سەر بە کۆبانی بووە، لە 19ی مانگی ئازاریشەوە رەوشەکە دژوارتر بووە و ئەو ناوچانەی شەڕ تیایاندا هەیە نزیکن لە سنووری تورکیا.
یەکینەکانی پاراستنی گەل "یەپەگە" ئاشکرای دەکات: لە ئەنجامی بەرگری کردن لە رۆژئاوای کوردستان و وەڵامدانەوەی هێرشەکانی داعش لە 15 رۆژی رابردوودا نۆ شەڕڤانی یەپەگە کوژراون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-23

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: باشووری کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1158
**یەپەگە، ژمارەی شەڕڤانە ئێزدیەکان و شەهیدەکانی لەشنگال ئاشکرادەکات**
http://www.kurdipedia.org/?q=2014081211482065310
ڕامالّ قەسرەیی
وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) رایدەگەیەنێت، پێش گرتنی شنگال لەلایەن چەکدارانی داعش، زیاتر لە (500) گەنجی ئێزدی پەیوەندیان پێوەکردوون و مەشق و راهێنانیان پێکراوە و ئێستا لەناوچەکانی شنگال و دەوروبەری دژی داعش دەجەنگن، دەشڵێت: لە کوردستانی باشوور (10) شەهیدمان داوە.
پۆلات جان، وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) لە لێدوانێکی تایبەت بەخەندانی راگەیاند، "دوابەدوای رووداوەکانی شنگال، (یەپەگە) بەمەبەستی ئازادکردنی دانیشتوانەکەی و روبەڕوبوونەوەی چەکدارانی (داعش) رۆڵی بەرچاومان گێرا."
وتیشی: هەردوای رووداوەکان کۆمەڵێک گەنجی شنگال لەوانەی توانای چەک هەڵگرتنیان هەیە، هێزێکیان درووستکرد بەناوی (یەکینەکانی پاراستنی شنگال) کە رۆژ لەدوای رۆژ ژمارەیان لەزیادبووندایە، ئێستاش ژمارەیان زیاتر لە (100) کەس دەبێت و لە لەلایان ئێمەوە رێنوێنی و هاوکاری دەکرێن .
پۆلات جان، ئەوەشی خستەڕوو، "دوای ئارام بوونەوەی رەوشی ناوچەی شنگال ئە و گەنجانە ئازادن ئاخۆ لەناو یەپەگە دەمێننەوە یان سەرقاڵی کاروباریخۆیان دەبن."
وتیشی: چەند مانگێک لەمە و بەر نزیکەی 500 گەنجی شنگال هاتنە ناو ریزەکانی یەپەگە مەشق و راهێنانییان پێکراوە و ئێستا لەناو ریزەکانی یەپەگە وەک شەڕڤان لەناوچەی شنگال و رەبیعە لەبەرەکانی شەردان دژی چەکدارانی داعش.
پۆلات جان ئاشکرایکرد، "لە و ماوەیەدا لەسنوری شنگال و دەوروبەری (10) شەڕڤان لە روبەروبونەوەکانی دژی چەکدارانی داعش شەهید بوون"، وتیشی: یەپەگە توانیویەتی لەرێی رۆژئاواوە زیاتر لە (150) هەزار کەس لە چیا شنگال بەرە و زاخۆ و دهۆک دەرباز بکات، جگە لەمەش هەر بەهەوڵی (یەپەگە) زیاتر لە (25) هەزار ئاوارەی شنگال لە ئێستادا لەکوردستانی رۆژئاوا لەکەمپی نەورۆز جێگیر بوون.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 12-08-2014

تایبەتمەندییەکانی بابەت
شارەکان: شنگال
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: رۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1159
**یەدەگی نەوتی هەرێم زیاتر لە 90 ملیار بەرمیل دەبێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=201310102225488352

بریكاری پێشووی وەزارەتی نەوتی عیراق پێشبینی دەكات یەدەگی نەوتی هەرێم دوو هێندەی ئەو رێژەیەی ئێستایێت كە بە 45 ملیار بەرمیل دەخەملێنرێ لەئێستادا و پێی وایە راستی و دروستی ئەو رێژەیە كاتێک دەردەكەوێت كە رووپێوی تەواو بكرێت .
ئەحمەد عەبدولئەمیر شەماع بریكاری پێشووی وەزارەتی نەوتی عیراق بەئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵی راگەیاند، هەرێمی كوردستان لەپیشەسازیی نەوتیدا لە گەشەسەندندایە بەهۆی پەیداكردنی پسپۆڕی و بوونی كادری باشی پیشەسازیی نەوتیی لە عیراق و هاتنی كۆمپانیا بیانیە زەبەلاحەكانی نەوت، وتیشی:" ئەگەر رووپێوی تەواو باش بۆ هەموو پێكهاتە نەوتیەكانی هەرێمی كوردستان بكرێت ئەوا ئەو یەدەگەی ئێستا راگەیەنراوە بۆ دوو هێندە زیاد دەكات ."
بەوتەی شەماع، زیاتر لە (30) ساڵە رووپێوی نەوت نەكراوە لەعیراق و دواین هەڵمەتی رووپێوكردنی جیۆلۆجیی بۆ دۆزینەوەی نەوت دەگەڕێتەوە بۆ حەفتاكانی سەدەی رابردوو .
بەپێی هەواڵەكە یەدەگی نەوتیی هەرێم لەسێ پارێزگاكەی هەولێر، سلێمانی، دهۆک بە (45) ملیار بەرمیل دەخەملێنرێت.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-10-10

كویک ریسپۆنس كۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1160

## یەدەگی هەرێم زیاد دەكات ئاستی هەناردەكردنی نەوتی خاو بۆ دوو ملیۆن بەرز دەبێتەوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131228131919887029

هەرێمی كوردستان خاوەنی زیاتر لە 60 ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگە، بەڵام بەهۆی كەمی پشكنینەكانەوە نەتوانراوە هەموو پرە پشتڕاست بكرێتەوە، تەنها 45 ملیار بەرمیل نەوتی پشتراستكراوەتەوە راوێژكاری ئاسایشی ئابووری هەرێمیش رایدەگەیەنێت، ساڵی 2020 حكومەتی هەرێم دەتوانێت دوو ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە بكات.
د. بێوار خەنسی، راوێژكاری ئاسایشی ئابووری هەرێم لە لێدوانێكدا بۆ بەشی كوردی ئاژانسی ئەنادۆڵ وتی: "ئەگەر كۆمپانیا بیانییەكانی نەوت و غاز رووپێوی زیاتر بۆ نەوت و غازی هەرێم بكەن، پێشبینی دەكەین یەدەگی نەوت بۆ زیاتر لە 60 ملیار بەرمیل بەرزبێتەوە، ئەگەر لەئاییندەدا كەركوک و ناوچە كێشە لەسەرەكانی دیكەی نێوان عیراق و هەرێم بگەڕێنەوە سەر ئیدارەی هەرێمی كوردستان، یەدەگی نەوت بۆ دوو هێندە بەرز دەبێتەوە."
خەنسی كە بەیەكێک لە دیارترین شارەزا جیۆلۆجییەكانی نەوت و غازی هەرێم دادەنرێت و بەشێک لەپسپۆرییەكانی لەزانكۆكانی هۆڵەندا تەواوكردووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: "ژمارەی كۆمپانیا بیانییەكانی نەوت و غاز ئەوانەی لە هەرێم كاردەكەن 52 كۆمپانیایە، بە رووپێوی جیۆلۆجی و جیۆفیزیایی و پێكهاتەی جیۆلۆجی و ستراتیگرافی و هەڵسەنگاندنی ئەمباری نەوت، گەیشتوونەتە ئەوەی كە یەدەگی نەوتی هەرێم 45 ملیار بەرمیل دەبێت و ئەمەش ئەنجامی كاركردنی پێنج ساڵمانە".
خەنسی پاساوی زانستیشی بۆ شیكردنەوەكانی دە هێنێتەوە و بەبێ دوودڵی وتی: "ئە و كۆمپانیایانە بەقوڵایی سێ هەزار و 700 مەتر بەدوای نەوتدا دەگەڕێن و دەریدە هێنن، بەڵام گەر لە قوڵاییەكی زیاتر لێگەڕان ئەنجام بدرێ ئەوا رێژەیەكی زیاتری نەوت لە هەرسێ پارێزگاكەی هەرێم دەدۆزرێتەوە و پێشبینی دەكەم هەرێم زیاتر لە 60 ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی هەبێت."
ئە و پسپۆڕە جیۆلۆجییە لەدرێژەی قسەكانیدا وتی: "لە هەرێمی كوردستان لەكۆی 46 بلۆكی نەوتی، ئێستا كۆمپانیا بیانییەكان لە 14 كێڵگەدا نەوت بەر هەم دەهێنن كە رۆژانە دەتوانرێت 300 هەزار بەرمیل بەرهەم بهێنرێت."
باس لەوەش دەكات كە بە هاتنی ساڵی 2020 هەرێمی كوردستان دەتوانێت ئاستی بەر هەم هێنانی نەوت بۆ دوو ملیۆن بەرمیل لە رۆژێكدا بەرز بكاتەوە.
ئە و قسانەی خەنسێ لەكاتێكدایە كە چوارشەممەی رابردوو بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی نێوان

حکومەتی ناوەند و هەرێم لەناویاندا دۆسییەی نەوت و غاز، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە بەغدا لەگەڵ مالیکیدا کۆبووەوە و دواتر هەردوولا ئاشکرایانکرد کە لەسەر ئە و دۆسیە گەیشتونەتەوە رێککەوتنێک.
راوێژکاری ئاسایشی هەرێم لە بارەی بۆریی گواستنەوەی نەوت و غازیشەوە دەڵێ، تورکیا هاتووەتە سەر خەت بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەوتییەکانی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم و چاوەڕوان دەکرێت چارەسەر ببێ و وتی: "پاش سەرکەوتنی راکێشانی بۆری یەکەمی گواستنەوەی نەوت و غاز، ئێستا حکومەتی هەرێم کار بۆ راکێشانی دوو بۆریی دیکە بۆ تورکیا دەکا کە یەکێکیان بۆ هەناردەکردنی نەوت و ئەوی دیکەشیان بۆ غاز دەبێت، پاش ئەوەی دەدرێتە کۆمپانیاکان، لە ساڵی 2016 راکێشانی ئە و بۆرییانە تەواودەبێت".
بێوار خەنسی ئەوەشی گوت کە هەرێمی کوردستان جگە لە نەوت، لە غازیشدا دەوڵەمەندە کە ئەوەی مەزەندەکراوە سێ تا شەش ملیار مەتری سێجا غازی هەیە و وتی: "هەرێمی کوردستان رۆڵی لە هێڵی نابۆکۆ دەبێ بە دابینکردنی پرێکی باشی غازی سروشتیی بۆ ئەوروپا".
بێوار خەنسی ئاشکراشیکرد تا ئێستا حکومتی هەرێم 52 گرێبەستی نەوت و غازی لەگەڵ زیاتر لە 27 کۆمپانیای بیانی لە 27 وڵات ئیمزاکردووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 28-12-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1161

## یەدەگی نەوتی هەرێم و رۆژئاوای کوردستان، 3%ی یەدەگی جیهان پێکدەهێنێت

http://www.kurdipedia.org/?q=20150225105516848O2

یەدەگی نەوتی باشوور و رۆژئاوای کوردستان پێکەوە، رێژەی لە 3%ی یەدەگی نەوتی جیهان پێکدەهێنێت، کە بە 58 ملیار بەرمیل و 6 تریلیۆن مەتر سێجا مەزەندە دەکرێت.
رێکخراوی دۆر کە گرنگی بە کەرتی سامانە سروشتییەکان دەدات لە راپۆرتێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە باشوور و رۆژئاوای کوردستان بە کەرکوکیشەوە خاوەنی 58 ملیار بەرمیل نەوت و 6 تریلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتین، ئەمەش دەکاتە رێژەی 3%ی یەدەگی جیهان.
بەپێی راپۆرتەکە نیوەی یەدەگی نەوتی سوریا دەکەوێتە رۆژئاوای کوردستان، کە لە 7 کێڵگە پێکهاتوون و خاوەنی یەک هەزار و 270 بیری نەوتن، لەگەڵ 25 بیری گازی سروشتی.
لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە گەر باشوور و رۆژئاوای کوردستان بەیەکەوە نەوت هەناردە بکەن، لە کۆتایی ساڵی 2015 دەتوانن ملیۆنێک و 310 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکەن.
سەرچاوە: گۆڤاری بازرگانی و پیشەسازی
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 25-02-2015

تایبەتمەندییەکانی بابەت

جۆری ئامار و راپرسی: 💰ئابووری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: رۆژئاوای کوردستان
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1162

## یەک ملیۆن 199 هەزار گەشتیار هاتونەتە هەرێم

http://www.kurdipedia.org/?q=2013080513052989277

خەندان رەهێل سەمەد

ئەمرۆ (5ی ئابی 2013) لە شاری هەولێر ئامادەکاریەکانی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکانی کوردستان بۆ رۆژانی چەژنی رەمەزان خرایەروو، بەگوێرەی ئەو ئامادەکاریانە خاوەن چێشتخانە و میوانخانەکان ئاگادار کراونەتەوە کە پێشوازی لە گەشتیاران بکەن، هاوکات ئەوەشیان ئاشکرا کرد کە دووەم رۆژی چەژن ئەستێرەکانی عەرەب ئایدل لە هەولێر دەبن.

لە و کۆنگرەیەدا هێرش محەمەد، سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان راگەیاند: بۆ رۆژانی چەژن هەموو خاوەن هۆتێل و میوانخانەکان ئاگادارکراونەتەوە بۆ ئەوەی خزمەتێکی باشی گەشتیاران بکەن و بەوپەڕی رێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، هەروەک بۆ رۆژانی چەژن کۆمەڵەکەیان ژمارەیەکی بڵاوکردوەتەوە بۆ ئەوەی گەشتیاران لە هەر شوێنێک دووچاری کێشە بوونەوە کۆمەڵەکەیان بە هانایەوە بچن.

سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان وتیشی: "لە دووەمین رۆژی چەژندا بۆ یەکەمین جار بەرنامەی (عەرەب ئایدڵ) لە دوای کۆتایی هاتنی بەرنامەکانیان دێنە هەرێمی کوردستان و لە پارکی سامی عەبدلڕەحمان ئاهەنگێک ساز دەکەن و لەویش شاری هەولێر وەک پایتەختی گەشتیاری عەرەبی بۆ ساڵی 2014 رادەگەیێنن."

هەر لە و کۆنگرە رۆژنامەوانیەدا هێرش ئەحمەد، ئەوەی راگەیاند: بە هۆی پێشخستنی کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان و گرنگی پێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە و سێکتەرە لە ئێستادا ژمارەی میوانخانە و چێشتخانە و کۆمەڵەکە گەشتیارییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

راشیگەیاند: لە ساڵی 2007 لە هەرێمی کوردستان تەنها 106 هۆتێل هەبوو، بەڵام لە ساڵی 2013 ژمارەکەی بووەتە 482 هۆتێل، هەروەک لە 49 مۆتێلەوە بووە بە 256 مۆتێل، 29 گوندی گەشتیاری بووە بە 66 گوند، 129 رێستۆرانت بووە بە هەزار و 520 رێستۆرانتی گەشتیاری، هەروەک لە ساڵی 2007 نزیکەی 10 هەزار و 451 قەرەوێلە هەبووە، بەڵام لە ساڵی 2013 بووە بە 34 هەزار و 493 قەرەوەێلە، هەروەک لە ئێستا زیاتر لە 18 هەزار ژوور هەیە لە میوانخانە و هۆتێلەکاندا.

سەبارەت بە رێژەیی گەشتیاران، ئەوە روونکرایەوە: کە لە 2012/6/30تا بەرواری 2013/6/30 ژمارەی گەشتیاران گەشتۆتە یەک ملیۆن 199 هەزار گەشتیار کە بەپێی ئامارەکە هاتنی گەشتیاران بۆ هەرێم بە رێژەی 29% زیادیکردووە.

سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان هەر لە و کۆنگرەیەدا رێژەیی قازانجی میوانخانە و چێشتخانەکانی بۆ ساڵی 2012 خستەڕوو کە نزیکەی 650 ملیۆن دۆلار بووە، هەرچەندە پێشبینی دەکەین ئەو رێژەیە بۆ ساڵی 2015 بگاتە یەک ملیار و 500 هەزار دۆلار.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-08-05

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1163

## یەک ملیۆن ئاژەڵی جۆراوجۆر لە هەرێم ژمارەکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111713230687807

خەندان – رەهێڵ سەمەد

بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری هەرێم رایدەگەیەنێت پرۆژەی ژماردنی ئاژەڵ لە عیراق بە هەرێمی کوردستان دەستپێکردووە، بۆ ئەو مەبەستەش 17 ملیار دینار تەرخانکراوە و تائێستا نزیکەی یەک ملیۆن ئاژەڵی جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستان ژمارە کراون.

د.ئازاد خۆشناو بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ و ڤێتێرنەری هەرێم بە خەندانی رایکەیاند: لەچوارچێوەی پرۆژەی هەڵمەتی نیشتمانی سەرژمێری سامانی ئاژەڵ لە سەرتاسەری پارێزگاکانی عیراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە پرۆژەی تەرقیمکردنی سامانی ئاژەڵ بەپری (17) ملیار دینار لە سەر بودجەی سیادی حکومەتی فیدراڵ ئەنجام دەدرێت.
د. ئازاد وتی: "بۆ ئەو مەبەستە (670) لیژنە پێکهاتووە بە بەشداری نزیکەی (3) هەزار ئەندام بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە"، ئاماژەشی بەوەدا کە پرۆژەیەکی شارستانی و ئابووریی گرنگە و ئاسانکارییەکە بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی ئاژەڵ لە عیراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی پلانی ساڵانەی دەرمان و ڤاکسین و ئالیک و پێداویستیەکانی سامانی ئاژەڵ و ئاسانکارییەکە بۆ رێکخستنی کرداری سەربڕینی ئاژەڵ لە سەربڕینخانەکان و رێگا دەگرێت لە کرداری بە قاچاغبردنی ئاژەڵ بەمەش رێگا لە کەمبونی سامانی ئاژەڵ دەگیرێت.
بەڕێوەبەری راگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵ ئەوەشی روونکردەوە کە ئەم پرۆژەیە ئەلیکترۆنی و سەردەمیانەیە بەجۆرێک کە لەسەر ئەم ژمارانەدا بەڕەمز ناوی هەریەک لە (وولات، پارێزگا، شاروشارۆچکە و جۆر و رەگەزی ئاژەڵ و ژمارەکەی) دیاریکراوە و لەگوێچکەی ئاژەڵەکە دەدرێت و توانای مانەوەی هەیە لەگەڵ تەمەنی ئاژەڵەکە و خۆراگرە و بەئاسانی تێکناچێت .
وتیشی: "بەپێی راپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵی لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکەمان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان تائێستا نزیکەی یەک ملیۆن ئاژەڵی جۆراوجۆر ژمارە کراون ."
بە گوێرەی زانیارییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ لە کاتی ئێستادا بەپێ هەڵمەتەکانی کوتان بۆ ئاژەڵان دەرکەوتووە کە زیاتر لە 3 ملیۆن و 500 هەزار ئاژەڵی بچوک و 370 هەزار رەشەوڵاخ و 280 هەزار گامێش لە هەرێمی کوردستاندا هەن .
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 17-11-2013

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1164

## ئامارا هاتنا گەشتیاران بو جهێن گەشتیاری ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ راگەهاندن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011309360786700

خەندان- رەڤەند گوهەرزی
دکونگرەکێ روژنامەڤانی دارێڤەبەریا گشتی یا گەشتوگوزارێ ل پارێزگەها دهوکێ ئامارا هاتنا گەشتیاران بو جهێن گەشتیاری ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ راگەهاندن کو لسەر دوو ئامارێن ژێک جودا هاتینە تومارکرن ، دچوار هەلکەڤتێن سالا 2013ێ دا 314هزارو 574گەشتیارا سەرەدانا جهێن گەشتیاری کریە و بەرامبەر سالا 2012ێ 41% زێدەبویە ، ئەو گەشتیارێن ل ئوتێل و موتێلان نقستین 444هزارو 414 گەشتیاربوون ئەڤ رێژەیەژی زێدەبویە و گەهشتیە 45.%
عوبەیدولا دادو رێڤەبەرێ گشتی یێ گەشتوگوزارێ ل پارێزگەها دهوکێ گوت: چ کێشە بو چ گەشتیاران دروست نەبوینە ئەڤ یەکە ژی ژبو بەلاڤکرنا نەخشێ شینوار و گەشت و گوزاریێ ل پارێزگەها دهوکێ دگەل رێبەرێ زانیارێن گەشتوگوزاری بسەر گەشتیاران دا دزڤریت.
رێڤەبەرێ گشتی یێ گەشتوگوزارێ ل پارێزگەها دهوکێ دیارکر: 53 جهێن گەشتیاری هاتینە سزادان ژبەر خەمساریا وان دکاری دا، لێ دبەرامبەر دا رێزگرتن بو 10 جهان ژی هەبوویە، ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ 115ئوتێل و موتێل و 43خارنگەهـ هەنە.
عوبەیدولا دادو گوت ژی: دسالا 2013ێ دا کوژمێ 10ملیار دینار ل سەر بودجا گەشەپێدانا هەرێما بو 19 پروژێن گەشتیاری یێن رێڤەبەریا گەشتوگوزارا دهوک هاتبونە تەرخانکرن . ئەوژی ئاڤاکرنا گوندێن گەشتیاری و دروستکرنا پارکاو نویژەنکرنا جهێن ئایینی و خزمەتێن گشتی.
رێڤەبەرێ گشتی یێ گەشتوگوزارێ ل پارێزگەها دهوکێئامارژە دا وێ یەکێ ژی: "7 ملیار دینار ژی

هاتبونەتەرخانكرن بو قەرزێن گەشتیاری و مامەلێن 36 وەلاتیان هاتبونە برێڤەبرن و 17خولێن مەشق و راهێنانێ هاتبونە سازكرن بو كارمەندێن گەشتیاری."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-13

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1165

## ئاماری شەش مانگی رابردوی رووداوی هاتوچۆی دهۆک

http://www.kurdipedia.org/?q=20130724104919894844

خەندان رەڤەند گوهەرزی
رێڤەبەریا هاتن و چوونا پارێزگەها دهوكێ ئامارا شەش هەیڤێن بوری یێن رویدانێن ترافیكێ ب هەمێ جوران (لێكدان و وەرگەریان و لێدانا كەسان) راگەهاندن و ئاشكەراكر" دشەش هەیڤێن بوریدا ٥٧٦ رویدا ل پارێزگەها دهوكێ ل پەی بونە و ١١٠ كەسان گیانێ خو ژدەست دایە."
ئازاد تاها، بەرپرسێ راگەهاندنا رێڤەبەریا هاتن و چوونا پارێزگەها دهوكێ دیاركر: دشەش هەیڤێن بوری دا ل پارێزگەها دهوكێ ٥٧٦ رویدانێن "لێكدان و وەرگەریان و لێدانا كەسان" چێبوینە و بوینە ئەگەرێ بریندا بوونا ١٨٨٥ كەسا و گیان ژدەست دانا ١١٠ كەسان."
ئازاد تاها گوت ژی : كوی گشتی یێ ترومبێلێت هاتینە تومارکرن بهەمی جورێن خوڤە ل پارێزگەها دهوكێ ١٣٣٤٦ ترومبێل بوینە وژ وانا ٩٠٣٣ ترومبیل تایبەت و ٦٤٥ كرێ و ٢٩٥١ بارهەلگیر.
بەرپرسێ راگەهاندنا هاتن و چوونا پارێزگەها دهوكێ دیار كر ژی: كوی گشتی یێ دەستویردانێن هاتینە بەخشین بو شوفێران ١١٨٦٠ دەستویردان بوینە و ژ وانا ٤٣٦٠ دەستویردانێن تایبەت و ٦٢٩٨ دەستویردانێن گشتی و ٣٤ دەستویردانێن ماتورسیكلا و ٧٥ دەستویردانێن چاندنێ و ٦٣ دەستویردانێن ئامیرێن گران و ١٠٣٠ دەستویردانێن ئافرەتان.
ناڤهاتی ئەو ژی گوت: ژمارا وان سەرپێچیێن هاتینە تومارکرن ١٠٦٣٦٩ سەرپێچی بوینە و ١٤٩٢ شوفێرێن بێ دەستویری هاتینە رەوانەكرن بو دادگەهێ و ٢٩٣٦ ترومبێل هاتنە دەستەسەركرن و ب رێكا گومركا ئیبراهیم خەلیل ٤٢٥٠٠ تومبێل هاتینە ناڤ هەرێما كوردستانێ.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-07-24

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1166

## ئاكرێ، 16كە سان ب روودانێن هاتن وچوونێ جان ژ دەست دایە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150107101326845541

رۆژنیوز - خەتاب عومەر
رێڤەبەریا هاتن و چونا قەزا ئاكرێ ئامارا سالا 2014 یا وێ قەزایێ دكونگرەیەكی رۆژنامەڤانیدا راگەهاندن.
نەقیب كاوە ئەحمەد بەرپرسێ هوبا یاسایێ دیاركر كو ، 97 ریدانێن هاتن و چوونێ بوون ل سەرجەمێ وان 164 برینداربووینە و 16 كەسان گیانێ خو ژ دەستدایە ژ وان ریدانان 56 لێكدان بووینە، 19 وەرگەران بووینە، 12 لێدان بووینە سەرپێچیێن هاتینە تومارکرن.
گوتژی: دناڤ پشكا هاتن وچووونا بازێری ل سەنتەرێ قەزا ئاكرێ 1666 مولەتێن هاژوتنێ هاتینە وەرگرتن ژوان شوفێرێن سەرپێچی كرین 835 سالنامە لێ هاتینە وەرگرتن 310 ترومبێل یێن هاتینە دەستەسەركرن ئەوژی سەرپێچی یا هاتیە كرن لدەف وان 27 ماتورسیكل هاتینە دەستەسەركرن

195شوفێر لدیف بەندێ 21 یاسایا مرورێ یا راستڤەکری 2008 مەیێن داینە دادگەهێ.
ژلایێ خوەژی ڤە رائید ئومێد سدیق بەرپرسێ پشکا دەستیردانێ ل رێڤبەریا هاتن و چونا قەزا ئاکرێ گوتی: سالا 2004 نزیکی 4672 مولەتا بدەینە هاولاتیان ئەوێن سەرەدانا مە کری و شیاین هەمی رێکێن یاسایی ببرن ژ وان 36697 هاولاتیا سەرەدانا مە کربو ب مەرەما بدەست ئێخستنا مولەتا گشتی ژوان 3015 کەس شیان مولەتێ بدەست خوڤە بینن.
رائید ئومێد سدیق خستە بەرچاڤ کو مولەتا تایبەتی 1909 کەسا داخاز لێ کربو تەنها 1657 کەس شیان مولەتا تایبەتی بدەست خوڤە بینن.

تایبەتمەندیێن بابەتی

| | |
|---|---|
| باژێر: | ئاکرێ |
| جورا ئامار و راپرسیا: | 🚗رووداوێن هاتوچو |
| وڵات: | باشوورا کوردستانێ |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1167

## پتر ژ 35 هزار گەشتیارێن کۆ ڤیایی بۆ جەژنا نەورۆزێ ل هەرێما کوردستانێ بن، ب رێیا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل هاتینە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014032420300160916

خەندان- رەڤەند گوهەرزی
پتر ژ 35 هزار گەشتیارێن کۆ ڤیایی بۆ جەژنا نەورۆزێ ل هەرێما کوردستانێ بن، ب رێیا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل هاتینە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا.
نەجمەددین نێروەیی، بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل بۆ خەندان دیار کر: "ل دیڤ ئامارا نفیسینگەها ئاکنجیبوون و پاسپورتا ئیبراهیم خەلیل، د رۆژێن جەژنا نەورۆزێ دا و ژ رێکەڤتی 2014/3/18ێ، هەتا دوماهیا رۆژا 2014/3/23ێ، 35 هزار و 313 رێڤینگ ب رێیا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل هاتینە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا. "
نەجمەددین نێروەیی ئە و ژی دیار کر : "ژ 35 هزار و 313 رێڤینگێن هاتینە دناڤ هەرێما کوردستانێ، 9 هزار و 156 رێڤینگ هەلگرێن پاسپورتێن عراقی، 24 هزار و 586 رێڤینگ هەلگرێن پاسپورتێن تورکی و هزار و 571 رێڤینگ ژی هەلگرێن پاسپورتێن جوراوجور بووینە."
بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل ئاماژە دا وێ یەکێ ژی: "ژ 32 هزار و 700 رێڤینگێن ب رێیا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل بەرەڤ وەلاتێ تورکیا و وەلاتێن دیتر چووین، 25 هزار و 354 رێڤینگ هەلگرێن پاسپورتێن تورکی، 6 هزار و 632 رێڤینگ هەلگرێن پاسپورتێن عراقی و 714 رێڤینگ ژی هەلگرێن پاسپورتێن جوراوجور بوووینە."
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-03-24

تایبەتمەندیێن بابەتی

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشوورا کوردستانێ |
| وڵات: | باکووری کوردستان |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1168

## ترومبێلا 200 کەسی د هەشت مەهان دا کوشتینە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120121421387513

01.12.2013

دهۆک (باسنیوز) نەوزاد مەجید-

رائیدێ مافپەروەر ئازاد تاها، بەرپرسێ راگەهاندن و پەیوەندیان ل رێڤەبەریا هاتن و چوونا دهۆکێ راگەهاند، د هەشت مەهێن بووری دا ژ ئەڤ سالە 200 وەلاتیێن دهۆکێ بووینە قوربانیێن رویدانێن ترومبێلان و گیانێ خۆ ژ دەست دایە و 2798 وەلاتیێن دهۆکێ ژی ب هەمان رویدان بریندارببووینە.

ئازا تاها بو (باسنیوز) ئاشکرا کر کو هەکە هەر ل سەر ڤی شێوەی بچیت، رەنگە رویدانێن ترومبێلان یێن ئەڤ سالە ژ سالا بووری پتر بن و گۆت: ئەو کەسێن ل دهۆکێ بووینە قوربانی پتریا وان ژن و زارۆکن.

ژ ئالێ خۆڤە رێڤەبەریا گشتیا هاتن و چوونێ هەرێما کوردستانێ د ئامارەکا خۆ دا راگەهاندیە کو ب تنێ د مەها 11 یا بووری دا، 90 وەلاتی ل هەرێما کوردستانێ بووینە قوربانی رویدانێن هاتن و چوونێ و گیانێ خۆ ژ دەست دایە.

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1169

## د سالا 2013ێ دا رێڤەبەریا وان پتر ژ 488 تەنێن کەرستەیێن جورا و جور دەستەسەرکرینە

http://www.kurdipedia.org/?q=2014011521423986675

خەندان-رەڤەند گوهەرزی

ئەڤرۆ (15 کانوونا دوویێ یا 2014) دکونگرەیەکێ روژنامەڤانی دا رێڤەبەریا چاڤدێریا بازرگانی ل پارێزگەها دهوکێ دیارکر د سالا 2013ێ دا رێڤەبەریا وان پتر ژ 488 تەنێن کەرستەیێن جورا و جور دەستەسەرکرینە.

عەبدولا ماسیکی رێڤەبەرێ چاڤدێریا بازرگانی ل پارێزگەها دهوکێ ئاشکەرا کر : چەند برنج هاتیە دەستەسەرکرن ژبەرکو بو مروڤی نەیێ باش بۆ بهێتە بکارئینان ، لەوما ب رازەمەندیا ساخلەمیێ بو ئالڤێ ئاژەلی هاتیە بکاردئینان.

عەبدولا ماسیکی ئاماژە ب وێ یەکێ ژی کر : هندەک کەرستەیێن خوارنێ ژی یێن زارووکان هاتینە دەستەرکرن و هند کەرستەیێن شل و ئاهێن خوارنێ و شرینیێن هەمە جور و کەرستەیێن جوانکاریێ و کوتلکێن کارگەهێن ناڤخویی بون.

رێڤەبەرێ چاڤدێریا بازرگانی ل پارێزگەها دهوکێ گوت ژی : بو پاراستنا زارووکان چاڤدێریا بازرگانی دسالا بوری دا دەست ب سەر چەندین یارییێن ئاگری دا گرتیە کو دگەهنەپتر ژ 103 هزار پارچێن یارییێن ئاگری کو کارتێکرنەکا خراپ لسەر زاروویی دکەن وەکی تیروکفان و قوسکا و لدەڤ زاروویی ئەڤ یاریە توندوتیژیێ پەیدادکەن و زیانێ دگەهینە جەستەیی وی.

ل دوماهیا وی کونگرێ رۆژناڤەنی دا عەبدولا ماسیکی دیارکر : 106 جهـ هاتینە داخستن سەرا سەرپێچیێن جورەو جورو و 819 جهـ ژی هاتینە سزادان ب پارەی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 15-01-2014

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1170

## د شەش هەیڤێن ئەڤ سالەدا، ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 9442 تەن و 848 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن بۆ وی جهێ ژێ هاتی

http://www.kurdipedia.org/?q=2014070609350076907

رەڤەند گوهەرزی
د شەش هەیڤێن ئەڤ سالەدا، ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 9442 تەن و 848 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن بۆ وی جهێ ژێ هاتی.
نەجمەددین نێروەیی، بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل بۆ خەندان دیارکر: د شەش هەیڤێن بوری یێن ئەڤ سالەدا، ل ئیبراهیم خەلیل شیاینە 9442 تەن و 848 کیلۆیێن کەرەستەیان ژناڤ ببەن و بزڤرینن بۆ وی وەلاتێ کەرەستە ژێ هاتین.
بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل گۆت ژێ: ژ ڤانا ژی 835 تەن و 866 کیلۆ هاتینە ژناڤبرن و 8606 تەن و 982 کیلۆ ژی هاتینە زڤراندن.
نەجمەددین نێروەیی، ئە و یەك ژی تەکەسکر: کۆ ئەگەرێ زڤراندن و ژناڤبرنا پتریا ڤانا ژی، ڤەدگەریت بۆ وێ چەندێ کۆ ژ پشکنیناندا بسەر نەکەڤتینە و دگەل رێنما و مەرجێن پێدڤی نەگونجینە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-07-06

تایبەتمەندیێن بابەتی

| | |
|---|---|
| باژێر: | زاخۆ |
| وڵات: | باشوورا کوردستانێ |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1171

## د ماوێ سالا 2013ێ دا، پتری 2 ملیون رێڤینگان ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل هاتن و چوون کری یە بۆ وەلاتێ تورکیا و وەلاتێن دیتر

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010800041186781

خەندان- رەڤەند گوهەرزی
ل دیڤ ئامارا نڤیسینگەها ئاکنجیبوون و پاسپورتا ئیبراهیم خەلیل، د ماوێ سالا 2013ێ دا، پتری 2 ملیون رێڤینگان ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل هاتن و چوون کری یە بۆ وەلاتێ تورکیا و وەلاتێن دیتر.
نەجمەددین نێروەیی، بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل بو خەندان دیارکر : د ماوێ سالا 2013ێ دا، ب رێیا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 2 ملیون و 151 هزار و 580 رێڤینگان هاتن و چوون کری یە، کۆ ژ وانا 1 ملیون و 181 هزار و 452 رێڤینگ هاتینە دناڤ هەرێما کوردستانێ و 970 هزار و 128 رێڤینگ ژی ژ هەرێما کوردستانێ بەرەڤ تورکیا و وەلاتێن دیتر چووینە.
بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل ئەو ژی دیار کر :
سەرجەمێ وان رێڤینگێن هاتینە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا، 668 هزار و 771 رێڤینگ، هەلگرێن پاسپورتێن عراقی، 451 هزار و 46 رێڤینگ ژی هەلگرێن پاسپورتێن تورکی و 61 هزار و 635 رێڤینگ ژی هەلگرێن پاسپورتێن جورا و جور بووینە.
نەجمەددین نێروەیی ئاماژە ب وێ ئێکێ ژی کر : سەرجەم ئەو رێڤینگێن ل هەرێما کوردستانێ چووین 414 هزار و 895 رێڤینگ هەلگرێن پاسپورتا عراقی، 498 هزار و 860 رێڤینگ هەلگرێن

پاسپورتێن تورکی و 56 هزار و 373 رێڤینگ ژی هەلگرێن پاسپورتێن جوراوجور بووینە.
بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل گوت ژی : سەرجەمێ وان رێڤینگێن ل ئیبراهیم خەلیل هاتن و چوون کری، 1 ملیون و 83 هزار و 666 رێڤینگ هەلگرێن پاسپورتێن عیراقی بووینە و 1 ملیون 67 هزار و 914 رێڤینگ ژی هەلگرێن پاسپورتێن بیانی بووینە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-08

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1172

## د ماوێ سالا 2013ێ ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 537 کیلۆیێن دەرمانان کۆ ب قاچاغی ب نیاز بوون بینە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010816515386770

د ماوێ سالا 2013ێ ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 537 کیلۆیێن دەرمانان کۆ ب قاچاغی ب نیاز بوون بینە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا، ژ لایێ هوبا دیڤچوونا گشتی و هوبا لێگەریانێ هاتینە دەستەسەرکرن.
نەجمەددین نێروەیی، بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل بو خەندان گوت : د ماوێ سالا 2013ێ، هوبا دیڤچوونا گشتی و هوبا لێگەریانێ ل کومەلگەهێ، 537 کیلۆیێن دەرمانان کۆ هندەک شوڤێر ب ڤشارتن ب رێکێن قاچاغ و نە یاسایی بهێنە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا دەستەسەرکری نە، ژ واناژی هوبا دیڤچوونا گشتی شیاینە 420 کیلۆیان و هوبا لێگەریانێ ژی 117 کیلۆیان دەستەسەر بکەن..
نەجمەددین نێروەیی گوت ژی : ئەڤ دەرمانە ل چەندین ترۆمبێلێن بارهەلگر یێن تورکی دا هاتینە گرتن و شوڤێرێن ترۆمبێلان هەول داینە ب رێکەکا قاچاغ و ب رەنگەکێ ڤەشارتی دناڤ ترۆمبێلێ دا، وان دەرمانان دەربازی ناڤ هەرێما کوردستانێ بکەن، لێ خۆشبەختانە ئەو هەموو ژ لایێ کارمەندێن هوبا دیڤچوونا گشتی و هوبا لێگەریانێ ل کومەلگەهێ هاتینە دەستەسەرکرن.
بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل ئەو ژی دیار کر : کۆ ئەڤ دەرمانە د جوراو جور بوون و هندەک ژ وانا وەکۆ مێژۆ د دروست بوون، لێ چونکۆ ب شێوێ قاچاغ ب ڤان بوون بینە دناڤ هەرێما کوردستانێ دا، رێک بۆ نەهاتیە دان و هاتینە دەستەسەر کرن.
سەبارەت سزادانا وان کەسێن ب کریارا قاچاغ ئینانا دەرمانان رابووین، نەجمەددین نێروەیی گۆت: هەموو ئەو کەس ل دیڤ یاسایێن گومرکی هاتینە سزا دان و دەرمان ژی هاتینە ژناڤبرن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-08

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1173

## د ماوێ سالا 2013ێ، ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 22 هزار و 241 تەن و 144 کیلۆ، ژ کەرەستەیێن جوراوجور هاتینە ژناڤبرن

http://www.kurdipedia.org/?q=2014010122065686943

خەندان- رەڤەند گوهەرزی

د ماوێ سالا 2013ێ، ل كومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 22 هزار و 241 تەن و 144 كیلۆ، ژ كەرەستەیێن جوراوجور هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن بۆ ئەو جهێ كەرەستە ژێ هاتین.
نەجمەددین نێروەیی ، بەرپرسێ راگەهاندنا كومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل دیار كر : ل 2013/1/1ێ هەتا 2013/12/31ێ، ل كومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 22 هزار و 241 تەن و 144 كیلۆ یێن كەرەستەیێن كۆ كێر ب خوارن و بكارئینانێ نەهاتین و ل دیڤ رێنمایێن گومركێ نەگونجاین، هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن . بۆ ئەو جهێ كەرەستە ژێ هاتین.
نەجمەددین نێروەیی ، ئەو یەك ژی ئاشكەرا كر : ب شێوەیەكێ گشتی ، د ئەڤ سالەدا ئەو كەرەستەیێن هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن، بەراورد دگەل سالا پار، رێژا 7.6% زێدەتر لێهاتیە، ئەوژی ل سالا 2012ێ بتنێ 16 هزار و 553 تەن و 369 كیلۆ هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن.
ناڤبری گۆت ژی : پتریا وان كەرەستەیێن هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن، كەرەستەیێن خوارن و ڤەخوارنێ بوون، كۆ ژ لایێ گەرەنتینا چاندنێ و بنگەهێ ساخلەمیێ هاتینە زڤراندن.
بەرپرسێ راگەهاندنا كومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل دیار كر كۆ ئەو كەرەستەیێن ل 2013ێ هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن، ب ڤی رەنگی بووینە:
لیژنا ژناڤبرنێ رابووینە ب ژناڤبرنا : 1002 تەن و 50 كیلۆیێن كەرەستەیێن جوراوجور.
گەرەنتینا چاندنێ : 8 هزار و 756 تەن و 438 كیلۆیێن كەرەستەیان زڤراندینە.
گەرەنتینا ڤیتەرنەری : 1039 تەن و 859 كیلۆیێن كەرەستەیان زڤراندینە.
كونترۆلا جوری : 1734 تەن و 345 كیلۆیێن كەرەستەیان زڤراندینە.
تاقیگەها بیناسازی : 1498 تەن و 275 كیلۆیێن كەرەستەیان زڤرادینە.
بنگەهێ ساخلەمیێ : 8 هزار و 210تەن و 177 كیلۆیێن كەرەستەیان زڤراندینە، هەروەسا شیاینە 605 هزار و 941 لەترێن كەرەستەیان ژی ب زڤرینن.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-01-01

كویک ریسپۆنس كۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1174

## د هەیڤا ئێک یا ئەڤ سالە، ل كومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 794 تەن و 155 كیلۆیێن كەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن

http://www.kurdipedia.org/?q=20140206114542156

خەندان رەڤەند گوهەرزی
د هەیڤا ئێک یا ئەڤ سالە، ل كومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 794 تەن و 155 كیلۆیێن كەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن بۆ وی جهێ ژێ هاتی.
نەجمەددین نێروەیی، بەرپرسێ راگەهاندنا كومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل بو خەندان دیاركر: ل دەسپێكا سالا نوو یا ئەڤ سالە، د هەیڤا ئێكدا، ل ئیبراهیم خەلیل شیاینە 794 تەن و 155 كیلۆیێن كەرەستەیان ژناڤ ببەن و ب زڤرینن بۆ وی وەلاتێ كەرەستە ژێ هاتین.
بەرپرسێ راگەهاندنا كومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل گۆت ژی: ژ وان كەرستێن هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن 160 تەن و 91 كیلۆ هاتینە ژناڤبرن و 634 تەن و 9 كیلۆ ژی هاتینە زڤراندن.
نەجمەددین نێروەیی ئەو ژی ئاشكەرا كر: ئەگەرێ زڤراندن و ژناڤبرنا پتریا ڤانا ژی، ڤەدگەریت بۆ وێ چەندێ كۆ ژ پشكنیناندا بسەر نەكەڤتینە و دگەل رێنما و مەرجێن پێدڤی نەگونجینە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-02-06

كویک ریسپۆنس كۆد:

بابەتی ژمارە: 1175

**د هەیڤا دوو یا ئەڤ سالەدا ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 1609 تەن و 406 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014030612072233986



خەندان رەڤەند گوهەرزی
د هەیڤا دوو یا ئەڤ سالەدا ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 1609 تەن و 406 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن بۆ وی جهێ ژێ هاتی.
نەجمەددین نێروەیی، بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل بو خەندان راگەهاند: د ماوێ هەیڤا دوو یا ئەڤ سالە دا ل ئیبراهیم خەلیل شیاینە 1609 تەن و 406 کیلۆیێن کەرەستەیان ژناڤ ببەن و ب زڤرینن بۆ وی وەلاتێ کەرەستە ژێ هاتین.
بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل ئە و ژی دیارکر: ژ وان کەرستێن هاتینە ژناڤبرن 127 تەن و 128 کیلۆ هاتینە ژناڤبرن و 1482 تەن و 278 کیلۆ ژی هاتینە زڤراندن.
نەجمەددین نێروەیی گۆت ژی: ئەگەرێ زڤراندن و ژناڤبرنا پتریا ڤانا ژی، ڤەدگەریت بۆ وێ چەندێ کۆ ژ پشکنینااندا بسەر نەکەڤتینە و دگەل رێنما و مەرجێن پێدڤی نەگونجینە.
ئاماژە ب وێ چەندێ ژی کر: بارا پتر ژ وان کەرستێن دهێنە ناڤ هەرێما کوردستانێ ژ وەلاتێ تورکیا دهێن کەرستێن کو ماوێ وان بسەر ڤەچووی دهێنە ژناڤبرن و هند ژی دهێنە زڤراندن بو وی وەلاتێ کەرستە ژێ هاتی
سەرچاوە: ماڵپەری خەندان - 2014-03-06

تایبەتمەندیێن بابەتی

ولات: باشوورا کوردستانێ

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1176

**د هەیڤا سێ یا ئەڤ سالە، ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 1645 تەن و 100 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن بۆ وی جهێ ژێ هاتی**

http://www.kurdipedia.org/?q=2014040210104968445

خەندان-رەڤەند گورهەزی
د هەیڤا سێ یا ئەڤ سالە، ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل، 1645 تەن و 100 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن بۆ وی جهێ ژێ هاتی.
نەجمەدین نێروەیی، بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل بو خەندان دیار کر : د ماوێ هەیڤا سێ یا ئەڤ سالە، ل ئیبراهیم خەلیل شیاینە 1645 تەن و 100 کیلۆیێن کەرەستەیان ژناڤ ببەن و ب زڤرینن بۆ وی وەلاتێ کەرەستە ژێ هاتین.
بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل ئە و ژی گۆت: ژ وانا ژی 178 تەن و 316 کیلۆ هاتینە ژناڤبرن و 1466 تەن و 784 کیلۆ ژی هاتینە زڤراندن.
ل دور ئەگەرێن زڤراندن و ژناڤبرنا وان کەرستەیان نەجمەددین نێروەیی ئاشکەرا کر: ئەگەرێ زڤراندن و ژناڤبرنا پتریا ڤانا ژی، ڤەدگەریت بۆ وێ چەندێ کۆ ژ پشکنینااندا بسەر نەکەڤتینە و دگەل

رێنما و مەرجێن پێدڤی نەگونجینە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2014-04-02

تایبەتمەندیێن بابەتی
ولات: باشوورا کوردستانێ
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1177

## دهۆک، 35% رووداێن بەرەڤانیا باژاری کێم کرنە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150106100659118670

رۆژنیوز - خەتاب عومەر
دهوک
ئامارێن رێڤەبەریا بەرەڤانیا باژارێ دهوکێ، نیشان ددن کو سالا 2014 ل هەمبەر سالا 2013 رووداݩ بەر ب کێمیێ چونە، دکونگرەکە روژنامەڤانی دە ئامارێن خوە بەلاڤکرن و، دا دیارکرن سەرجەمێ رووداناݩ ل سالا بوری 2508 رووداݩ بونە.
نەقیب بێوار عەبدوالعەزیز، رێڤەبەرێ خولێن بەرەڤانیا باژارێ دهوکێ راگەهاند: ل سالا 2014 ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ، 2508 رووداݩ پەیدا بونە کو 893 ژرووداناݩ لافاو بونە و 1615 رووداݩ شەوات، هەڤدەم 141 روووداێن شەواتا ترومبێلا هاتنە تومارکرن.
نەقیب بێوار، خویاکر د رووداێن 2014 دە 123 کەس بونە قوربانی کو 38 کەس ژواناݩ جانێ خوە ژدەست دانە، 24 کەس ژی خەنقینە و 14 کەس ژی شەوتینە و 85 کەس ژی بریندار بونە.
رێڤەبەرێ خولێن بەرەڤانیا باژاری، دیارکر ژی ل سالا بوری رێڤەبەریا واݩ 81 خولێن فێرکرنێ و هوشیاریا وەلاتیاݩ ڤەکرنە، وپتریا وانژی ژبو ئاوارەیاݩ بونە.
ل سەر زیاێن تەڤایا رووداناݩ، ژی نەقیب بێوار گوت: 9 ملیار و 430 هەزار دیناری ئێراقی زیاݩ ب وەلاتیاݩ گەهشتیە، ل هەمبەر سالا 2013 رێژەیا رووداێن سوتنێ و لافاوێن ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ 35% کێم کریە.

تایبەتمەندیێن بابەتی
باژێر: دهۆک
جورا ئامار و راپرسیا: توندوتیژی
ولات: باشوورا کوردستانێ
کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1178

## ل دهوکێ 79 کەس هاتنە کوشتن و 31 کەساݩ ژی خوە کوشتیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010610050284550

رۆژنیوز - خەتاب عومەر
د کونگرەکە روژنامەڤانی دە رێڤەبەریا پۆلیسێن پارێزگەها دهۆکێ ئامارا سالا 2014 راگەهاند و تێدە 79 حالەتێن کوشتنا ژن و زەلاماݩ هەبوینە و 31حالەتێن خوەکوشتنێ ژی هاتنە تومارکرن و سالا 2014ل هەمبەر 2013رێژەیا تاواناݩ کێم بویە ل دهوکێ.

هێمن سلێمان بەرپرسێ راگەهاندنا رێڤەبەریا پولیسێن پارێزگەها دهوکێ د کونگرەکە رونامەڤانی دە راگەهاند: دسالا 2014 ل پارێزگەها دهوکێ 79حالەتێن کوشتنا ژن وزەلامان هەبوینە وژوان 46 ب خەلەتی ڤە هاتنە کوشتن و 31حالەتێن خوە کوشتنێ ژی ل جەم وان هاتنە تومارکرن کوژ وان 19زەلام و 12ژن بونە، بەرپرسێ راگەهاندنا پولیسان داخوەیاکرن ژی 158کەسان ب ئەگەرێ بویەرێن ترافیکێ جانێ خوە ژ دەست دایەو 55 کەس ژی ب ئەگەرێ سوتنێ ژیان ژدەست دایە کو ژوان 23زەلام و 32ژنن ، دناڤا ئاماران دە 1116حالەتێن شەری و 178حالەتێن دزیێ ژوان 4حالەت دزیا مالێ بن دەست بویە و 25حالەت ژی هەولا دزیێ هاتیە دان و 13حالەتێن بەرتیلان ژی هەبوینە، ل رێڤەبەریا پولیسێن دهوکێ 487تاوانێن خراب ب کارئانینا موبایلێ و 121تاوانێن قوماریَ‌و 79تاوانێن توندوتیژیا خێزانی و 642حالەتێن مەی ڤەخوارنێ و 1462حالەتێن تەشقەلان و 397حالەتێن سەختەکاریێ ژی هاتنە تومارکرن دسالا 2014.
جهێ ئاماژێ سەرجەمێ کێشەێن ل رێڤەبەریا پولیسێن دهوکێ هاتینە تومارکرن دسالا 2014دە 13551کێشە بوینە و ل هەمبەر سالا 2013کو سەرجەمێ کێشەیان 11581بون و رێژەیا تومارکرنا کێشەیان دسالا 2014 دا هەمبەر 2013 زێدە بویە.

تایبەتمەندیێن بابەتی

| | |
|---|---|
| باژێر: | دهۆک |
| جورا ئامار و راپرسیا: | توندوتیژی |
| وڵات: | باشوورا کوردستانێ |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1179

## ل دهوکێ 99 هەلگرێن نە خوشیا هیموفیلیایێ هەنە

http://www.kurdipedia.org/?q=20150418214938667851

ڕۆژنیوز - ئاراز حسێن
ئەڤرو 4/18 روژا جیهانیا نەخوشیا هیموفیلیا یێ ل پارێزگەها دهوکێ هاتە ساخکرن ژ بوی وێ یەکی کو پتر گرنگی ب هەلگرێن ڤێ نەخوشیێ بهێتە دان و رەوشەنبیریا چەوانیا سەرەدەریێ دگەل وان دناڤا هاولاتیان دا پەیدا ببیت. ئەمین حەجی بەرپرسێ لقا دهوك یا کومەلا هیموفیلیایی ل دهوك] ژی دازانین کو ل سەرانسەی پارێزگەها دهوکێ 102 هەلگرێن نەخوشیا هیموفیلیایێ هەبوینە لێ دپار سال دا سێ ژوان گیانێ خو ژ دەست دایە ونها 99 هەلگرێن ڤێ نەخوشیێ ل پارێزگەها دهوکێ هەنە .د.نزار عسمەت رێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەها دهوکێ ژی خوەیاکر: کو ل ئایندەیەکێ نێزیك سەنتەرەك بو نەخوشیا تەلاسیمیایێ و نەخوشیێن خوین بەربونێ و نەخوشیا پەنجە شێرا زاروکان دێ ل دهوکێ هێتە ڤەکرن و ئەڤ سەنتەرە دێ پتر خزمەتا نەخوشێن هیموفیلیایێ ژی کەتن .نەخوشیا هیموفیلیایێ نە خوشیەکا بو ماوەیی یە و تانها ل سەرانسەری جیهانێ چارەسەریا ب ئێك جاری بو نە هاتیە دیتن و هەلگرێن وێ ژی پێتڤی ب چارەسەریێن بەردەوامن.

تایبەتمەندیێن بابەتی

| | |
|---|---|
| باژێر: | دهۆک |
| جورا ئامار و راپرسیا: | ✐ساخلەمی |
| وڵات: | باشوورا کوردستانێ |

کویک ریسپۆنس کۆد:

بابەتی ژمارە: 1180

## ل زاخۆ 20 وەلاتی ل سالا 2014 دە خەنقینە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015010610014984548

رۆژنیوز - خەتاب عومەر

ل سنورێ قەزایا زاخۆ دسالا 2014 دە 524 روودانێن جودا هاتنە تومارکرن ل رێڤەبەریا بارەڤانیا باژارێ زاخۆ و دسالا 2014 دە 20 وەلاتی ل سنورێ زاخۆ خەنقینە.

ئەڤیندار عزەت بەرپرسێ پشکا راگەهاندنا ئاگر ڤەمراندنێ ل قەزایا زاخۆ راگەهاند: دسالا بوری دە ل سنورێ قەزایا زاخۆ 524 روودانێن جودا ل رێڤەبەریا بەرەڤانیا باژارێ زاخۆ هاتنە تومارکرن ، گوت ژی دسالا بوری دە 22 حالەتێن خەنقینێ ل زاخۆ پەیدا بونە و ژوان ژی 20 کەسان جانێ خوە ژ دەست دایە.

ئەڤیندار داخویاکرن 205 لافاو ل قەزایا زاخۆ دسالا بوری دە دروست بونە کو هەر یەک ژ بنگەهێ زاخۆ و رزگاری و گەلیێ زاخو و باتیفا ب خوە ڤە دگرە، ئەشکەرژی کر پتریا روودانان ب ئەگەرێ کارەبێ بونە کو 91 حالەت پەیدا بوون.

بەرپرسێ پشکا بارەڤانیا باژارێ زاخۆ ئاماژە ب روودانێن دن ی کرو گوت 87 روودان ب دەستێ زارویان بونە و 144 روودان ژی ئاگر بەربون بون ب گەنم و دەخلێ وەلاتیان کو ئەگەر نە دیارن ، سوتنا 75 ترومبێلا و 24 بیستانا و خوەندنگەهەک و 6 دوکان و 2 بەنزینخانا و 5 کوگەهان و 210 پیشێ بەردای ژی دئامارێن واندە هاتنە تومارکرن ل سالا 2014.

تایبەتمەندیێن بابەتی

| | |
|---|---|
| باژێر: | زاخۆ |
| وڵات: | باشوورا کوردستانێ |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

بابەتی ژمارە: 1181

## لە قەزای بەردەرەش 11 حالەتی دزیکردن تومارکراون

http://www.kurdipedia.org/?q=2013123000262587016

خەندان-رەڤەند گوهەرزی

د کونفرانسەکێ رۆژنامەڤانیدا رێڤەبەرێ پشکا پۆلیسین قەزا بەردەرەش ئامارێن سالا 2013 راگەهاندن و دیارکر " دئەڤ سالە دا 1120 بۆیەرین هەمەجور تومارکرینە بێ کو ئەڤ سال چ کوشتن و خوکوشتن بهێنە تومارکرن دگەل بۆنا 11 بۆیەرێن دزی کرنێ و دوو حالەتێن مرنێ .

عەقید زێدان زەکریا رێڤەبەرێ پشکا پۆلیسین قەزا بەردەرەش گوت : 89 رویدانێن بشەر چوونێ چێبوونە و 116 ساختەکاری ل ناوچەیێ ل پەی بوونە .

رێڤەبەرێ پشکا پۆلیسین قەزا بەردەرەش ئاماژە ب وێ یەکێ ژی کر : خرابیا رێکێن هاتن و چۆنێ و زوریا ترۆمبیلان ئێک سایدیا رێیێن گشتی بۆیەرین تەرافیکێ ل قەزا بەردەرەش زێدەتر بووینە ل پارسال .

عەقید زێدان زەکریا ل سەر وان روویدانێن هاتن و چۆنێ یێن ل قەزا بەردەرەش ل پەی بوی گوتی : دئەڤ سالەدا 127 روودانێن تەرافیکێ دروست بۆینە و 47 کەسان گیانێ خو ژدەستدایە و 190 کەسان بۆینە بریندار بوینە ترافیکێ لسەر رێیێن گشتی یێن قەزا بەردەرەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-30

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1182

## نێزیکی 400 کچ و ژنان ژ دەستێ داعش رزگاربوینە

http://www.kurdipedia.org/?q=2015031009301570689

ئاراس حسێن - دهۆک
ل دویڤ داخوازا چەند ئەندامێن جڤاتا پارێزگەها نەینەوا جڤاتێ بریار دا مهانە کوژمێ 250 هزار دینارێن عیراقی بو هەر کچ و ژنەکا ژ دەستێ داعش قورتال بوی بهێنە خەرج کرن . سەیدو چەتو سەروکێ لیستا برایەتی وپێکڤە ژیان ل جڤاتا پارێزگەها نەینەوا راگەهاند : چەند ئەندامێن جڤاتا پارێزگەها نەینەوا د جڤینەکێ دا داخواز ژ پارێزگارێ نەینەوا و سەروکێ جڤاتا پارێزگەها نەینەوا کرینە کو هاریکاریا وان کچ و ژنان بکەن یێن ژ دەستێ داعش رزگاربوین چونکە ئە و توشی گەلەک نەخوشی و تراژیدیا بوینە . ناڤ هاتی خوەیاکر ژی کو پشتی گەنگەشەکا بەرفرەه بریار هاتە دان هەر کچ و ژنەکا ژ دەستێ داعش رزگاربوی مەهانە کوژمێ 250 هزار دینارێن عیراقی بو بهێنە خەرجکرن و دا زانین ژی کو ل دەسپێکا مەها بهێت ئەڤ بریارە دێ کەڤیتە د بوارێ جێبەجێکرنێ دا سەیدو چەتو دیارکرژی کو تانها نێزیکی 400 کچ و ژنان ژ دەستێ داعش رزگاربوینە .
سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژ نیوز - 2015-03-10

تایبەتمەندیێن بابەتی

| | |
|---|---|
| باژێر: | شنگال |
| پارتی: | ISIS |
| جورا ئامار و راپرسیا: | 💣تاوانێت جەنگ |
| وڵات: | باشوورا کوردستانێ |
| کویک ریسپۆنس کۆد: | |

---

بابەتی ژمارە: 1183

## هزار و 206 تەن و 376 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن

http://www.kurdipedia.org/?q=2013120221275687490

خەندان- رەڤەند گوهەرزی
د هەیڤا 11 یا ئەڤ سالە دا ، ل کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتیێ ئیبراهیم خەلیل ، هزار و 206 تەن و 376 کیلۆیێن کەرەستەیان هاتینە ژناڤبرن و زڤراندن بۆ وی جهێ ژێ هاتی.
نەجمەددین نێروەیی بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل دیار کر : وەکۆ هەموو هەیڤێن دی د هەیڤا 11ێ یا ئەڤ سالە دا ل ئیبراهیم خەلیل شیاینە هزار و 206 تەن و 376 کیلۆیێن کەرەستەیان ژناڤ ببەن و ب زڤرینن بۆ وی وەلاتێ کەرەستە ژێ هاتین.
نەجمەدین نێرووەی گوت ژی : ژ وان کەرستان ژی 56 تەن و 627 کیلۆ هاتینە ژناڤبرن و هزار و 497 تەن و 749 کیلۆ ژی هاتینە زڤراندن.
بەرپرسێ راگەهاندنا کومەلگەها دەروازێ نیڤدەولەتی ئیبراهیم خەلیل ئاماژە ب وێ یەکێ ژی کر : ئەگەرێ زڤراندن و ژناڤبرنا پتریا ڤانا ڤەدگەریت بۆ وێ چەندێ کۆ ژ پشکنینناندا بسەر نەکەڤتینە و

دگەل ڕێنما و مەرجێن پێدڤی نەگونجینە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی خەندان - 2013-12-02

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1184

**Erbil Hotel Market Overview**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013112609260087619

...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1185

**Opinions and Trends in the Kurdistan Region & Kirkuk**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013111115371687901

IIST IRAQ SURVEY Report - 2012

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1186

**أحصاء السكاني لعام 1957 في كركوك**

http://www.kurdipedia.org/?q=201305220023107850
5



...

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1187

## الأمم المتحدة: مليون و800 ألف لاجئ في العراق

http://www.kurdipedia.org/?q=2014090114410577209

أفاد مكتب تنسيق شؤون اللاجئين في الأمم المتحدة أنَّ عدد العراقيين الذي تركوا منازلهم جراء الصراع الدائر في البلاد، بلغ مليونا و800 ألف عراقي، وذلك في تقرير صادر عنه اليوم الأحد.
وذكر التقرير أنَّ 850 ألف شخص لجؤوا إلى إقليم شمال العراق، موزعين على أكثر من 1000 نقطة لجوء. وأشار التقرير إلى وجود 216 ألف لاجئ سوري ووجود 335 ألف عراقي قبيل عام 2014 ليبلغ إجمالي عدد اللاجئين مليون و400 ألف لاجئ.
وأوضح التقرير أنَّ محافظات ديالى ونينوى والأنبار شهدت نزوح 600 ألف شخص خلال الشهر الجاري. كما لفت التقرير إلى أنَّ مدينة دهوك في إقليم شمال العراق يحوي أكثر من 500 ألف لاجئ.

خصائص السجل

الأقليم: عراقIQ

الأقليم: جنوب كردستان

نوع الاحصائيات: لاجئ


كويك ريسپۆنس كۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1188

## المناطق والاقاليم الكردية التقليدية

http://www.kurdipedia.org/?q=201509021241016967
4



...

كويك ريسپۆنس كۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1189

## نيجيرفان بارزاني.. حكومة تنهض من الرماد

http://www.kurdipedia.org/?q=2013071110374489612

POiNT
www.pointnumber.com
منظمة بوينت لأستطلاعات الرأي والدراسات الأستراتيجية
(p00pss)
(NO. 26)
نيجيرفان بارزاني.. حكومة تنهض من الرماد
)أستطلاع رأي (
(june – 2013)
point@pointnumber.com
(00964) (07504479839) (07701629888)
المقدمة
لم تشهد كوردستان منذ قيام تجربتها مطلع عام (1991) حركة عمرانية وحضارية واستثمارية كالتي شهدتها على مدى سنوات رئاسة نيجيرفان بارزاني الأولى لحكومتها (1999-2009).
يعتقد العديد من المراقبين بأن نيجيرفان بارزاني لم يكن يوما رئيسا اعتياديا، بل كان أكثر من ذلك بسبب طموحه الكبير لبناء تجربة سياسية وادارية تضاهي تجارب الدول المتقدمة وخصوصا بلدان الخليج وعلى راسها الأمارات العربية المتحدة (UAE) وتحديدا في مجالات الاستثمار وتشييد البنية التحتية لكوردستان عموما واربيل العاصمة تحديدا.
هناك رجال سياسة وهناك رجال دولة، ونيجيرفان بارزاني حسب المراقبين هو رجل دولة وليس مجرد رجل سياسة، فالسياسي يريد ادارة تجربة سياسية ناجحة، فيما يطمح رجل الدولة الى تشييد تجربة أستراتيجية تشمل جميع مناحي الحياة بما فيها السياسة.
فرضت الأتفاقية الاستراتيجية بين الحزبين الرئيسين في كوردستان الديمقراطي الكوردستاني والوطني الكوردستاني تسليم رئاسة الحكومة للاتحاد الوطني الكوردستاني في عامي (2009-2011) وحسب هذه الأتفاقية أنسحب نيجيرفان بارزاني من رئاسة الحكومة في تلك المرحلة، لكنه في عام (2011) وعقب مرور عامين على غيابه عاد رجل الدولة هذا الى واجهة الأحداث بعودته الى كرسي رئاسة الوزراء، ولكن وحسب المراقبين لم تجري الرياح بما تشتهي سفن نيجيرفان بارزانى هذه المرة، فطموحه الرامي الى بناء حكومة وطنية تشارك فيها جميع الأحزاب السياسية في كوردستان لم يتحقق بشكل كبير، وعملية النمو والتطور المحمومة التي بدأها خلال فترة رئاسته السابقة لم تجري بنفس الوتيرة بسبب تأزم الوضع بين بغداد وأربيل من جهة وتأزم العلاقات الوطنية بين أحزاب المعارضة والسلطة من جهة أخرى.
في هذا الأستطلاع الذي أجريناه بحيادية تامة وبعلمية دقيقة؛ والذي شمل (500) شخص من كافة الأعمار والطبقات والأديان والمذاهب والطوائف والقوميات (الكوردية، التركمانية، الكلدوآشورية، العربية وغيرها) ومن كلا الجنسين في (5) محافظات هي (أربيل، السليمانية، كركوك، دهوك، الموصل) حاولنا أن نقرأ رأي الشارع الكوردستاني أزاء فترة رئاسة نيجيرفان بارزاني الحالية لحكومة كوردستان ومدى الآمال التي كان يعلقها هذا الشارع على هذه الحكومة التي أعتقد البعض قبل عامين بأنها ستكون بقوة نهوض العنقاء من رمادها الأزلي، في محاولة جادة منا لفهم طبيعة هذا الرأي والأسباب التي تقف وراءه، مساهمة منا في بلورة فهم واضح لتلك العودة التي أعتقد الكثيرون بأنها ستشكل أنعطافة في مسار حكم الدولة في كوردستان.
النتائج
-01هل تعتقد بأن نيجيرفان بارزاني حقق مكاسب وانجازات حقيقية خلال رئاسته الحالية للوزراء؟

نعم: 34.5%
لا: 56.8%
لا أعرف: 08.7%
-02هل تعتقد بأن نيجيرفان بارزاني تمكن من أنقاذ حكومته الحالية من طوق التحزب؟
نعم: 22.4%
لا: 71.1%
لا أعرف: 06.5%
-03هل تعتقد بأن نيجيرفان بارزاني تمكن خلال رئاسته الحالية للحكومة من تحقيق تقدم على صعيد حلحلة الخلافات القائمة بين أربيل وبغداد؟
نعم: 44.5%
لا: 52.6%
لا أعرف: 2.90%

الخلاصة

لقد أظهرت نتائج هذا الأستطلاع بأن نسبة كبيرة من الشارع الكوردستاني وصلت الى (56.8%) تعتقد بأن حكومة نيجيرفان بارزاني لم تتمكن خلال العامين المنصرمين من تحقيق أنجازات كبيرة وحقيقية، وربما كان سبب هذا الأعتقاد هو ان الشارع الكوردستاني يقارن بين ما حققه الرجل خلال سنوات حكمه السابقة وتلك المكاسب التي حققها في ولايته الحالية؛ والتي يبدو بأن المقارنة بينهما تظهر مدى تراجع قوة أداء هذه الحكومة، فالشارع الكوردستاني ما زال يتذكر أنجازات نيجيرفان بارزاني التي تحققت أبان رئاسته السابقة للحكومة والتي يبدو بأنها ستظل مقياسا حتميا لكل ما يمكن لهذا الرجل أن يحققه اليوم أو في المستقبل.

ويبدو بأن أحد أسباب تراجع أداء هذه الحكومة عن مستوى أدائها السابق يعود الى عجز نيجيرفان بارزاني عن أنقاذ حكومته الحالية من طوق الحزبين الرئيسين في كوردستان وظلال الأتفاقية الاستراتيجية بينهما والتي تقضي بمناصفة المقاعد والمناصب الحساسة في هيكلية الدولة، فالشارع الكوردستاني يدرک جيدا قوة هذين الحزبين وأصرارهما على السيطرة على مقاليد الحكومة، ومن هنا فقد أكد (71.1%) من المشاركين في هذا الاستطلاع بأن نيجيرفان بارزاني لم يتمكن من أنقاذ حكومته الحالية من طوق التحزب، وربما كان هذا هو السبب وراء تخوف احزاب المعارضة من المشاركة في هذه الحكومة، فعلى الرغم من ثقة الشارع الكوردستاني وعدد كبير من الأحزاب المعارضة بقدرات نيجيرفان بارزاني وتوجهاته القريبة من الليبرالية؛ ألا أنهم يدركون أيضا مدى قوة وسيطرة المكتبين لسياسيين للحزبين الحاكمين على أية حكومة يتم تشكيلها في كوردستان.

لقد أظهرت نتائج هذا الأستطلاع بأن الشارع الكوردستاني غير متفق على بشأن قوة وتأثير ما أنجزه نيجيرفان بارزاني خلال العامين المنصرمين على صعيد حلحلة المشاكل والمعوقات والخلافات التي ما زالت تعصف الى حد كبير بالعلاقة بين أربيل وبغداد، فقد أكد (44.5%) من المشاركين في هذا الاستطلاع بأن نيجيرفان بارزاني تمكن من تحقيق تقدم على هذا الصعيد، فيما أكدت النسبة الأعظم (52.6%) من المشاركين بأنه لم يتمكن من تحقيق هكذا أنجاز، في اشارة واضحة الى وجود خلاف في أوساط الشارع الكوردستاني أزاء هذا الموضوع الذي بات يمثل منذ سنوات عديدة أرقا للطرفين اللذين يحرصان على عدم تفويت أية فرصة لأظهار عدم ألتزام الطرف المقابل بالقواعد الدولية التي تنص عليها القوانين والمواثيق الدولية التي تختص بتنظيم العلاقة بين المركز والأقليم في الدول الأتحادية.

لقد أظهرت نتائج هذا الأستطلاع بشكل عام بأن حكومة نيجيرفان بارزاني الحالية والتي أعتقد الكثيرون بأنها ستنهض من الرماد بشكل مؤثر وملفت للنظر قد خيبت الى حد كبير آمال معظم هؤلاء، حتى صار العديد من المراقبين يعتقدون في وصفهم وتقييمهم لأداء الحكومة الحالية بأنها ربما حاولت ان تكون مثل تلك العنقاء الناهضة من الرماد لكنها لم تتمكن من نفض الرماد عن كاهلها والتحليق في كبد السماء كما كان يأمل الكثيرون.!!

کویک ریسپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1190

## ۶۵ درصد سهم آب کردستان را برای نجات دریاچه ارومیه کاهش دادند

http://www.kurdipedia.org/?q=20150312233056678888

به گزارش روز پنجشنبه ۲۱ اسفند ماه خبرگزاری مهر، آقای بیگلری گفت: «این کار، احتمال نجات دریاچه ارومیه و مرگ کردستان را به دنبال خواهد داشت.»
به گفته وی، شهر سنندج در شرایط بحرانی آب قرار دارد و هم اکنون «از قسمت مرده سد برای تامین آب سنندج استفاده می‌شود و این حاکی از بحران آب در این شهرستان است.»
این نماینده مجلس با اشاره به اینکه حداقل ۵۰ درصد روستاها و شهرهای کردستان با مشکل کم آبی مواجه هستند، اظهار داشت: «در گذشته خواهان واگذاری مدیریت سدهای کردستان به مسئولان خود استان بودیم ولی اکنون خواهان این هستیم که آب شرب استان را تامین کنند و سپس مازاد آب استان را به سایر استان ها اختصاص دهند.»
معصومه ابتکار، رییس سازمان حفاظت محیط زیست ایران، روز دوم اسفندماه اعلام کرده بود که «تاکنون ۸۸ درصد از دریاچه ارومیه خشک شده است.»
دیگر مقامات و نمایندگان مجلس نیز در اظهارنظرهای متفاوتی، از کاهش «بیش از ۹۰ درصدی آب دریاچه ارومیه» خبر داده‌اند، اما گزارش‌ها حاکی است که بارندگی‌های ماه‌های اخیر، تا حدودی در افزایش آب دریاچه تاثیر مثبت داشته است.
به گزارش خبرگزاری دانشجویان ایران، ایسنا، خانم ابتکار گفته بود: «اگر سطح تراز آب به زیر یک هزار و ۲۷۰ متر افت کند، در این صورت تقریبا تمام مساحت نیمه جنوبی دریاچه خشک شده و عواقب و اثرات طوفان‌های نمکی غیرقابل کنترل خواهد بود.»
وی افزوده بود: «از این‌رو بازنگری و اصلاح طرح‌های توسعه منابع آب و برنامه‌ریزی برای کاهش مصرف آب به میزان ۴۰ درصد حجم آب تولیدی در حوضه، راه حل نهایی احیاء دریاچه ارومیه و جلوگیری از بحران‌های آتی است.»
از طرف دیگر، حمید چیت‌چیان، وزیر نیروی ایران، ۱۸ اسفند ماه گفت که «ساخت سه سد در حوضه آبریز دریاچه ارومیه متوقف و همچنین مقدار قابل توجهی آب از چهار سد به سمت دریاچه ارومیه رها سازی شده است.»
آذرماه امسال محسن سلیمانی روزبهانی، مدیر طرح حفاظت از تالاب‌های ایران، گفت که بارندگی‌ها اخیر سبب آبگیری و تغییر وضعیت «بسیار بحرانی» دریاچه ارومیه به «بحرانی» شده و «در صورت استفاده از شرایط به وجود آمده» می‌توان «وضعیت را به شرایط بهتری» رساند.
وی افزوده بود: این بارندگی ها باعث شده است که آب دریاچه ۳۰ سانتی متر بالاتر برود، اما برای رسیدن به تراز زیست محیطی، لازم است که سطح آب دریاچه حداقل چهار متر بالاتر برود.
به گفته روزبهانی، جبران چنین کمبودی به «۱۲ تا ۱۵ میلیارد متر مکعب آب» نیاز دارد.

خواص ایتم

اقلیم: جنوب کردستان

شـهرها: اورمیه
کویک ریسـپۆنس کۆد:

---

بابەتی ژمارە: 1191

## Kurdistanin parlamenttivaalien alustavat tulokset - 2013

http://www.kurdipedia.org/?q=20150302142117848



...

Kohdetta Kiinteistövälitys

Maa - Alue:

کویک ریسـپۆنس کۆد:

---